# واتە

4
کۆوارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە
تشرینی دووەم ٢٠١٠

هەواڵنامەی کتێب

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964

**واتە بۆ ئەوانەیە کە**

**دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان**

هەواڵنامەی کتێب

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب

راوێژکار: ئەحمەد تاقانە

سەرنووسیار: یوسف لەتیف

جێگری سەرنووسیار: سەباح ئیسماعیل

بەڕێوەبەری نووسیاری: چنوور نامیق

نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم

هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد، بۆکان نووری، ئاریان ئەحمەد

# کۆمەڵگەی شاراوە

یودیت نورینک

ئەو ئەخلاقییاتە توندەی لە هەرێمی کوردستاندا لەبارەی سێکسەوە هەیە کاریگەریی خراپی بەسەر کۆمەڵگەوە هەیە، چونکە دەبێتە هۆی دروستبوون و گەشەکردنی کۆمەڵگەیەکی شاراوە شان بەشانی کۆمەڵگەیەکی ئاشکرا کە ئەمەش دڵی کۆمەڵگە، کە دەگوترێ هاوسەرکارییە، لەناو دەبات.

" فرێم دایە دەرەوە" ئافرەتێکی پاککەرەوە بە شانازییەوە وا دەڵێ. ئەو مەبەستی کچەکەی خۆیەتی کە ملی نەداوە مێرد بەو پیاوە بکا دایکی بۆی هەڵبژاردووە. ئەو پیاوە لە ماڵباتێکی دەوڵەمەندی کەرکووکە کە ژنە دەیەوێ کچەکەی مێردی پێ بکا، بۆ ئەوەی لە پاڵ دەوڵەمەندیی کابرا بحەوێتەوە و چی تر ناچار نەبێ کاری پاککردنەوەی ماڵی خەڵکی بکا بۆ پەیداکردنی پارە. بەڵام کچە بەبێ سێ و دوو ڕەتی کردووەتەوە و هەڵبژاردنی دایکی بەدڵ نییە. بێجگە لەمە ئەو دەیەوێ خۆی هاوسەری خۆی هەڵبژێرێ کە ئەمەش بەگژداچوونەوەی دایکایەتی. دایکی پێی وایە کچەکەی منەتبارییەتی و دەبێ بەدڵی دایکی شوو بە پیاوێکی دەوڵەمەند بکا بۆ ئەوەی ژیانێکی ئاسوودە، کە ئەو پێی وایە شایانیەتی، بەدەست بێنێ.

ژنە پێی وایە مافی خۆیەتی دوای ئەوەی کچەکەی خۆی بەخێو کردووە و گەورەی کردووە، هەروەکو زۆر لە دایک و باوکان لە هەرێمی کوردستاندا، پێی وایە کە کچەکەی دەبێ ڕەزامەندی لەسەر ئەو پێشنیازانە دەربڕێ کە ئەو بۆ کچەکەی هەڵی دەبژێرێ نەک ئەوەی خۆی کەسێک هەڵبژێرێ. بیرۆکەی سەرەکیی هاوسەرکاری لە کوردستان لەوەوە هاتووە کە دایک و باوک باشتر دەزانن چ بۆ منداڵەکانیان باشترە، بەتایبەتی لە مەسەلەی هاوسەرکاریدا. ئەوە تەنیا بە قسەیەکی

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلزییەوە: ڕابەر یونس

قۆڕی ڕۆئاوایی دێتە ئەژمارکردن کە هاوسەرکاری تەنیا بۆ منداڵ و وەچەنانەوە نییە بگرە بۆ ئەوەشە کە هەریەک لە پیاو یان ژن هاوبەشێکی دەست بکەوێ خۆشی بوێ بۆ ئەوەی هەموو شتێکی لە ژیاندا لەگەڵ بەش بکا.

"منداڵ بۆ باوک بەهەشتن لەسەر زەوی" باپیرەیەکی تەمەن ٨٥ ساڵی وای گوت بۆ ئەوەی داکۆکی لە بیرۆکەی هاوسەرکاری بکا بۆ گەنجان. ئەو وەسپی خێزانی یەکێ لە نەوەکانی خۆی دەکرد کە جوانە و هاوبەشێکی باشە بۆ نەوەکەی. پەیامەکەی ئەو وەکو زۆر لە خەڵکی لە هەرێمی کوردستان تەنیا ئەوە بوو: پیاوان و ژنان دەبێ هاوسەرکاری بکەن لەبەرئەوەی دەبێ منداڵیان هەبێت. ئەو تێگەیشتنەش لە چۆنیەتیی هەڵکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی و (عێراقی)یەوە سەرچاوەی گرتووە. گەنجان بەئەستەم دەتوانن چاویان بەیەک بکەوێ و ژوان ببەستن. ژن و پیاو بەهۆی ئەخلاقییاتی توندی کوردییەوە دوور لەیەک دەژین. کوڕ و کچ هەر تەنیا لەنێو ماڵباتەکەی خۆیاندا دەتوانن چاویان بە ڕەگەزی بەرامبەر بکەوێ. لە شوێنی تر، دەتوانن تەنیا تەماشای یەکتر بکەن. پاشان دوای تەمەنێکی دیاریکراو دەتوانن حەزی خۆیان دەرببڕن بۆ نموونە بە پێشاندانی پەنجەیەکی بێ ئەڵقە.

تەنانەت لە زانکۆش، کە لەوێ دەتوانن بە ئاشکرا چاویان بە یەکتر بکەوێ، بەرکەوتنی ڕاستەقینە لە نێوان ڕەگەزەکاندا شیاو نییە. کوڕێک و کچێک کە دەزگیران نەبن یان ژن و مێرد نەبن نابێ بەتەنیا بن. ئەگەر وا بکەن خەڵک دەست بە قسەوقسەلۆک دەکەن داخۆ چی لە گۆڕێ هەبێت، لەوانەیە ئەو کچە چی تر کچ نەمابێت! ئاخر گەنجان چۆن بتوانن بەباشی یەکتر بناسن تا بڕیار بدەن ئاخۆ دەیانەوێ تەواوی ژیانیان لەگەڵ کەسی بەرامبەردا بەسەر ببەن یان نا؟ تەنیا بە نهێنی دەتوانن ئەو کارە بکەن، لە کاتی نهێنیشدا هەموو ئەو شتانە ڕوو دەدەن کە مەبەست لە لێک جیاکردنەوەی ئەو دوو ڕەگەزەدا ڕێگە لێگرتنیانە. ئەخلاقییات ئەوە نییە کە دەردەکەوێ، یان ئەوەی وا دەردەکەوێ کە تەنیا بۆ کۆمەڵە کەسانێک بێ. لە هەرێمی کوردستاندا کۆمەڵگەیەکی شاراوە خەریکە سەر هەڵدەدات شان بەشانی ئەو کۆمەڵگەیەی هەمووان دەتوانن بیبینن.

پیاوی کورد دەتوانێ لافی هەبوونی یار و دۆستی کچ لێ بدا و بۆی هەیە لە هەمان کاتدا زیاتر لە یەکیشی هەبێ، بەڵام ژن ناتوانێ بە چرپەش باسی بکا لەبەرئەوەی ئەگەر یەکێک بزانێتەوە قسەوقسەلۆک هەلی هاوسەرکاریی لێ تێک دەدا (وە لە هەندێ ناوچەی کۆمەڵگەدا، ئەو کارە بۆی هەیە بەهۆی نامووسپەرستییەوە کوشتنی کچەکەی لێ بکەوێتەوە) یان بۆی هەیە هاوسەرکارییەکەی لێ تێک بدا ئەگەر هاوسەردار بێ کە ئەمەش زۆر ڕێی تێ دەچێت لەبەرئەوەی پیاوان زیاتر حەزیان لە ژنانی هاوسەردارە بۆ پێوەندییە سۆزدارییەکانیان لەبەرئەوەی ئەوان ناچاریان ناکەن بیانهێنن وەک چۆن کچان هەوڵ دەدەن.

سادەترین شێوەی نهێنی لە نێوان کەسانی گەنج برێتییە لە "سێکسی کورتەنامە": ئەو کورتەنامانەی لە نێوان دوو مۆبایلدا ئاڵوگۆڕ دەکرێن و بەکارهێنەرەکانیان دەورووژێنێ. هەندێ

کەس تەنانەت ئەمەیان کردووە بە هونەرێک: هەڵدەستن بەشێوەیەکی هەڕەمەکی کورتەنامە دەنێرن بۆ ژماران و بەختی خۆیان تاقی دەکەنەوە. هەندێک جار وەڵامیان دەدرێتەوە و یارییەکە بەردەوام دەبێ. هەندێک جار ژمارە تەلەفۆن بەهۆی برادەرانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ لایەنێکی پێوەندیدار. کێشەکە لەوەدایە کاتێک هاوسەرکاری بۆ یەکێک لە لایەنەکانی کورتەنامەکە ڕێک دەکەوێ، کۆنە دۆستی کورتەنامەکان دەستبەرداری چالاکییەکانی نابێ. بۆ ئەوەی کێشەکە بنبر بکرێ، زۆر لەوانەی تازە پێیان ناوەتە نێو هاوسەرکارییەوە بە ژمارە تەلەفۆنێکی نوێوە دەچنە نێو پرۆسەی هاوسەرکارییەوە. کۆمپانیاکانی مۆبایل بەهۆی ئەو پێوەندییانەوە بازاڕیان گەرمە.

کاتێک پێوەندییەکی هاوسەرکاری باش نەبێ، سێکسی کورتەنامە، وەک پێ دەچێ، ڕێگەیەکی سادەیە و بێ زیانە بۆ ئەوەی پیاو و ژنی هاوسەردار هەندێ خۆشی بەدەست بێنن. بەڵام کاتێک تەڵاق دێتە گۆڕێ، ئەوەی زەرەرمەندە ژنە، لەبەرئەوەی مێردەکانیان ئەو پێوەندیی کورتەنامەیە بە خیانەت لە قەڵەم دەدەن، وەک ئەوەی مولْکێکیان دەستدرێژیی کرابێتە سەر هەرچەندە بەریەککەوتنێکی سێکسیی ڕاستەقینەش لە ئارادا نییە، پیاوەکە بۆی هەیە ژنەکەی تەڵاق بدا و منداڵەکان زەوت بکا.

بەڵام زۆرجار ئەو پێوەندیی کورتەنامانە شتی زیاتری لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە ژوانێک لە یەکێک لەو قاوەخانانەی کە ڕێگە بۆ ئەمە خۆش دەکەن، یان پیاسەیەک بە سەیارە بۆ ئەزمەڕ یان شوێنی ژوانێکی تر، یان چوونە ماڵی برادەرێک کە لە ماڵ نییە. کێشەی ئەو پێوەندییانە ئەوەیە وا دەردەکەون کە تەنیا بۆ سێکس هەن. پێوەندییەکی ڕاستەقینە بە ئەستەم لەسەر ئەو پێوەندییانەدا دادەنرێ لەبەرئەوەی هەموو شتێک دەبێت بە دزییەوە ڕوو بدا.

ئەوەی گرینگە بەقەد ئەو ئەخلاقیاتە دووفاقیە سەرنجی لێ بدرێت شێوازی پەروەردەکردنی کوڕان و کچانە لەبارەی بۆچوونی ئەو دوو ڕەگەزە بۆ یەکتری. دایکان بە کچەکانیان دەڵێن "کوڕ تەنیا سێکسیان دەوێ. بۆیە وا بکە بتهێنێت پێش ئەوەی شتێک ڕوو بدا دەنا وازت لێ دێنێ و هەموو شتێکت لێ تێک دەچێ". ئەگەر تەنیا ڕێگەی چاوپێکەوتن بە نهێنی بێ ئەمە بۆی هەیە بەئاسانی ببێتە هۆی سێکس لەبەرئەوەی زۆربەی گەنجان لە ڕووی سێکسەوە تێر نەبوونە.

لەبەر ئەمە، کوڕ و کچی گەنج پێویستە ڕێگەیان پێ بدرێ یەکتر ببینن بێ ئەوەی یەکێک نێوانیان بێ و گوێیان لێ بگرێ و تەماشایان بکا. پێویستە ڕێگەیان پێ بدرێ بە ئاشکرا لەگەڵ یەک بن بۆ ئەوەی یەکتر بناسن. ئەوان پێویستیان بە کاتە بۆ ئەوەی بزانن کەسایەتییان و بەرژەوەندییەکانیان تێک دەکەنەوە یان نا، ئاخۆ دەتوانن بگونجێن و هاوبەش بن لە ژیاندا، یان دەتوانن بەیەکەوە گرفتەکانیان چارەسەر بکەن یان نا. هەروەها پێویستە ڕێگەیان پێ بدرێ هەڵە بکەن، لێک بتۆرێن و چاویان بە کەسانی تر بکەوێ بێ ئەوەی کۆمەڵگە دەهۆڵیان لەدو لێ بدا.

یەکێک لە کێشەکان ئەوەیە، لەبەرئەوەی ئەو دوو ڕەگەزە ئەوەندە لەیەک دوور دەژین، کاتێک کاتی هاوسەرکاری دێت ئەوان زۆر بە خراپی لێک حاڵی دەبن. دایکان کچەکانی خۆیان وا فێر کردووە

کە لە کوڕان دوور کەونەوە و لەگەڵیان ڕووخۆش نەبن، هەروەها بەدڵنیاییەوە بە ڕوویاندا پێ نەکەنن. لە هەندێ ناوچەی کوردستان ئەو ئامۆژگارییە ئەنجامی خراپی بۆ دوای هاوسەرکاری هەیە. من پیاوێکی هاوسەردار دەناسم کە بە ئەستەم زەردەخەنەی ژنەکەی خۆی بینیوە. "من گوێم لێبییە کە پێ دەکەنێت کاتێک لە دەرەوەی ماڵەکەمم، بەڵام هەر کە سەر بە ژووریدا دەکەم یەکسەر ڕووە گرژەکەی وەردەگرێتەوە" ئەو پیاوە وا دەڵێ.

کچان نازانن دوای هاوسەرکاری چاوەڕوانی چی بکەن. یەکێک لەو کچانە داوای لەو کوڕە کردووە، کە ماڵباتەکەی بۆیان هەڵبژرادووە مێردی پێ بکا، جگەرە نەکێشێت و نەخواتەوە، ڕۆژی پێنج جاران نوێژ بکا و لە هەمان کاتیشدا نابێ حەقی بەسەر ئەوەوە هەبێ ئەگەر ئەو بۆ خۆی جلی تەسک لەبەر بکا. لەم کۆمەڵگەیەدا پیاو فێر نەبوونە متمانە بە ژنان بکەن. بۆیە دوای هاوسەرکاری، هێشتا هەر لەگەڵ برادەرە پیاوەکانیان دەچنە دەرەوە و چای لە چایخانەکان فڕ دەکەن، یان بیرە و ویسکی لە دەشت و دەر یان لە بەشی پیاوانی خواردنگەکان دەخۆنەوە و باسی کێشەکانی خۆیان دەکەن و سوالفەی دنیا دەکەن. کەچی ژنان لە ماڵەوە دەمێننەوە جا یان چاویان بە برادەرە ژنەکانیان دەکەوێ یان چاودێریی منداڵەکانیان دەکەن. تەنانەت خواردنگەکانیش ژنان لە پیاوان لە باڵی تایبەت بە خێزان و ئافرەتاندا جیا دەکەنەوە. باشە چ شتێک ژن و مێرد کۆ دەکاتەوە، بێجگە لە سەرجێ، ئایا تەنیا منداڵ و هەندێ جەمی خواردنە؟

لە کۆمەڵگەی کوردیدا پیاوان پێیان دەگوترێ کە تەنیا ئەو ژنانە بێنن کە هیچ ئارەزوویەکیان نییە پێش هاوسەرکاری سێکس بکەن، لەبەرئەوەی ئەگەر سێکس بکەن ئەو کات ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئاخۆ لەگەڵ چەند پیاوی تریش سێکسیان کردووە، ئەمەش بەزۆری ژیانێکی خۆشەویستیی خراپی لێ دەکەوێتەوە. پیاوان نایانەوێ داوای ئەو کردارە سێکسییانە لە ژنەکانیان بکەن کە دڵڕفێنە لەبەرئەوەی پێیان وایە ژنەکانیان زۆر پیرۆزترن لەوەی داوای ئەو سێکسە دڵڕفێنەیان لێ بکرێ. ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەو سەرکەشییانەی لە دەرەوەی ژیانی هاوسەرکاریدا پیاوان هەیانە: دۆستە ژنەکانیان دەتوانن بەکەیفی خۆیان چۆنیان بوێ ئاوا سێکس بکەن لەبەرئەوەی ئەوان هیچ وێنەیەکی پیرۆزیان نییە تا لە دەستی بدەن. بەڵام هەر لەبەر ئەمە، پیاوان دوودڵن لە پێکهێنانی هاوسەرکاری لەگەڵ ئەو کچانەی کە دەتوانن لە ڕووی سێکسییەوە ئاسوودەیان بکەن: ئەو جۆرە ژنە هەرگیز ناتوانێ ببێتە دایکێکی باش بۆ منداڵەکانیان.

زۆر خەڵک پێیان وایە ئەو ئەخلاقییاتانە لە قورئانەوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام لە ڕاستیدا بەشێوەیەکی سەرەکی کولتوور بەرپرسە. ئەگەر خەڵک واز لە قسەوقسەلۆک بێنن و واز لە خەڵکی تر بێنن بۆ خۆیان ژیانی خۆیان بژین بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەوێ، زۆر شت ئاسانتر دەبێ.

کاتێک خەڵک دەکاتە دەنگودۆڵ کە کچەکەت لەگەڵ کوڕێک بینراوە، دەبێ کارێک بکەیت بۆ ئەوەی پاریزگاری لە وێنەی خۆت بکەیت، هەروەها ئەگەر وێنەکەت لەکەدار بووبێ ئەوا دەبێ نازناوی بنەماڵەکەت بپارێزی. ئەمە زۆر کەمی پێوەندیی بە ئیسلامەوە هەیە، و زۆر زیاتری پێوەندیی بە

کۆمەڵگەوە هەیە کە قسەوقسەلۆکی کردووە بە هونەرێکی ڕاستەقینە.

ئەویَ ڕۆژێ یەکێک پێی گوتم "مەرج دەکەم کە حاڵەتی تەڵاقدان لە وڵاتی ئێوە زۆر زیاترە لێرە". ئەو ئەمەی گوت لەبەرئەوەی لە ڕۆئاوا کچ و کوڕ پێکەوە دەژین پێش ئەوەی ببنە هاوسەر کە هەلی لێک جیابوونەوەیان زیاترە. زۆربەی ئەو کچ و کوڕانەی من دەیانناسم یەکەم جار پێکەوە ژیانیان تاقی کردووەتەوە بۆ ماوەی ساڵێک یان چەندان ساڵ پێش ئەوەی ببنە هاوسەر. دواتر کڕینی خانوویەک یان بوونی منداڵ دەبێتە هۆی هاوسەرکارییان. بینیومە زۆر لەو هاوسەرکارییانەی لەو شێوەیەن درێژەیان کێشاوە لەبەرئەوەی ئەوان دەزانن چی دەکەن کاتێک پێ دەنێنە نێو هاوسەرکارییەوە. بیگومان هەندێ لەو خەڵکانەی پێکەوە دەژین پێش هاوسەرکاری لێک جیا دەبنەوە، بەڵام زۆربەی جارەکان ئەمە پێش ئەوەی منداڵیان ببێ ڕوو دەدا بۆیە زەرەرەکە کەمترە لەوەی ئەگەر ڕاستەوخۆ هاوسەرکارییان بکردایە و دەستیان بە دروستکردنی خێزانێک بکردایە.

بەشێوەیەک لە شێوەکان، کەس باسی ئاکامی ژیانی ئەو منداڵانە ناکات کە لەگەڵ دایک و باوکێکدا دەژین کە هەردەم شەڕیانە یان هەر بەئەستەم قسە لەگەڵ یەکتری دەکەن. منداڵ پێویستە لە گەنجێتیدا فێری خۆشەویستی ببن بە تەماشاکردنی چۆنیەتیی پێکەوەژیانی دایک و باوکیان لەگەڵ یەکتری. ئەگەر وا نەبێ زۆر زەحمەتتر دەبێ بۆیان کە دواتر لە ژیانیاندا پێوەندییەکی بەختەوەر درێژە پێ بدەن. دووانەی بەختەوەر جێگیری دەخەنە ژیانی منداڵەکانیانەوە کە ئەمەش بناخەی دروستبوونی کەسایەتییەکی جێگیرە.

ئەنجامی ئەو ئەخلاقییاتە بەرتەسکانە لە کوردستان ئەو شتە نییە کە دەبێ وا بێ کە خێزانی بەختەوەر و بەرپرسیارە. ئەنجامەکەی نائومێدی و پێوەندیی دەرەوەی هاوسەرکاری و هاوسەرکاریی خراپە و نانەوەی ئەو منداڵانەیە کە لەنێو خێزانێکدا گەورە بوونە کە دایک و باوکیان هەردەم شەڕیان بووە. ئەو نائومێدییە تەنانەت لەسەر شەقامەکانیش دەردەکەوێ. هیچ شوێنێک لە کوردستان بە قەد شەقامەکان تێیاندا چاو نابڕدرێتە کچان. چەند ساڵێک لەمەوبەر برادەرێکی من کە کابۆی تەسکی لەبەربوو بەردەوام لە دواوە قسەی ناشیرینی پێ دەگوترا. ئێستە ئەو تانە و تەشەرانە کەم بوونەتەوە، بەڵام تەماشاکردنەکان نا. ئەگەر پیاوان لە کوردستان بیانتوانیبایە بە چاوەکانیان سێکس بکەن ئەوا دەیانکرد. بەڵام کۆمەڵگەی شاراوە لێرەوە دەست پێ دەکات. کوردستان کراوەیە بۆ گەشەسەندنی ئابووری و گۆڕان و ژیانێکی باشتر. لە کۆمەڵگەیەکی ئاوادا، کونجی شاراوە شوێنی نابێتەوە. بەڵام ئەو کونجانە تەنیا کاتێک نامێنن کە گۆڕان لە عەقڵیەتی خەڵکەکە ڕوو بدا، کاتێک کە نوێگەری ڕێگەی پێ بدرێت هەروەها کاتێک کە پەروەردەیەکی باش بۆ هەمووان هەبێ.

* یودیت نورینک ڕۆژنامەوانێکی هۆڵەندایییە و لە هەرێمی کوردستان ژیان بەسەر دەبات. ئەو ماوەی ٢٥ ساڵ ڕۆژنامەوانیی کردووە و دوو کتێبی بڵاو کردووەتەوە کە هەردووکیان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی.

# کەسێتیی تاکی عێراقی

باقرِ یاسین

بەشی یەکەم:

## دژایەتی و زاڵبوون و توندوتیژیی خوێناوی لە ڕەفتاری کەسێتیی عێراقیدا

ئێمە دەزانین هەندێک لەم دێر و بڕیارانەی ئەم بەشە پەنجە لەسەر بڕێک برین و خەم و هەستی سۆزداری و جۆشخواردنی شاراوە لە ناخی کەسایەتیی مرۆیی عێراقیدا دادەنێن و لە دەروونیدا ڕێڕۆیشتنێکی درێژ لە خەم و پەژارە و ئێش و ئازار و یادەوەریی پڕ لە خەم و کەسەر دەورووژێنن. لەوانەیە عێراقییەک لە هەندێک لەو وەسفە ڕاستگۆیانەی هۆکارە ڕەوشتییەکانی کەسایەتیی عێراقی هەوڵێکی دەستئەنقەست ببینێتەوە بۆ خراپکردنی و پەردە هەڵماڵین بەڕووی ئەوەی دەیشارێتەوە، یاخۆ داڵدەی دەدا لەو سیفەت و خووخدە نەرێنییانەی لە کەسایەتییدا هەن، کە زۆرجار بەدژایەتی و هەڵگەڕانەوەی هەڵچوون ئامێزی ڕەق لە زەوق و قەناعەت و بیروڕا دەناسرێتەوە، هەروەها گۆڕانی توند لە هەڵوێستەکاندا لە چوارچێوەی ڕەوشت و کردارەکانی لە بەرابەر ئەوانی تر و ڕاستییە ژیانییەکانی ئێستادا.. ئەمەش یەکێک لەو سیفەت و ڕەفتارانەیە، کە بەدرێژاییی دەیان سەدە بەزۆر کەسایەتیی تاکی عێراقی گرتەوە، کە نە دەست و نە بەرپرسیاریەتیی ئەوی تێدا بوو.

ڕەنگە ئەوەندە پێویستمان بە درێژدادڕی لە وردەکاریی سیفەتە ئەرێنییە باشەکانی ڕەوشتی کەسایەتیی عێراقیدا نەبێ، هێندەی ئاتاجی زانینی سیفەتە نەرێنییەکانین، کە پاڵنەرە بنچینەییەکانی (دەروونی و ڕەوشتی) سەرجەم دیاردە و کردار و خووخدە و ئەو سیفەتە

........................................................................

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

نەرێنییانەی ڕۆڵی بەرچاویان لە نووسینەوەی خراپترین لاپەڕەی ڕووداوەکانی مێژووی عێراقدا هەبوو، پێک دەهێنن، وەکو ڕووداوی توندوتیژی و کوشتار و شەڕ و چەوسانەوە و زۆرداری.

سیفەتە ئەرێنییەکانی کەسێتیی عێراقی:

لە گشت حاڵەتەکاندا ئەگەر بمانەوێ شیکردنەوەی کەسێتیی تاکی عێراقی بکەین و لە ڕەگوڕیشەی ڕۆشنبیرییە کۆمەڵایەتی و ململانێ دەروونی و ڕەوشتییەکانی بەشێوازی بێلایەنانە و بابەتییانە وردبینەوە، دوور لە تاوان دانە پاڵ و خراپەکاری و هەڵچوون و بەمیتۆدێکی زانستیی بەدەر لە دروشمگەلی پڕ لە جۆش و خرۆشی نەتەوەیی، یاخۆ خۆهەڵکێشانی نیشتمانی، بەم شێوەیە کەسێتییەکی دژواری سەرسووڕهێنەرمان دەستدەکەوێت، لە هەمان کاتدا بەدیارکراوی ژمارەیەک سیفەتی دژ بەیەک و لەیەک دوور کۆ دەکاتەوە. ئێمە دەتوانین لەم کەسێتییەدا تایبەتمەندیی ئەرێنیی باش، بگرە دڵگیری وەک بەخشندەیی و دڵفراوانی و ئازایەتی و شێلگیری و حەز بەئازادیی خۆیی بدۆزینەوە، کە زۆرجار لە سەرکێشی و دوورکەوتنەوە و سەربەرزی و سەربەخۆیی تاکەکەسی و زەحمەتیی ملدان و سەردانەنواندن بۆ کۆت و بەند و دیسپلینەکاندا خۆی بەرجەستە دەکات.

هەروەها بەتوانا بەرزە ئاوارتەییەکەی دەناسرێتەوە، بۆ وەرگرتن و فێربوونی کاری ئاڵۆز و هونەرە وردەکانی ژیان و خێرایی لە وەرگرتنی شارەزایی لە بوارە زانستی و هزری و پیشەیی ورددا، وێڕای پتەوی و خۆگرتن و هێزی بەرگەگرتن و توانای گوزەرانکردن لەگەڵ هەلومەرجی قورس و نیمچە ئەستەمدا.

هەروەها لە کەسێتیی عێراقیدا سیفاتی تری ئەرێنی و نیمچە خۆڕسکی وەکو ڕەوشت و جوامێری و پیاوەتی و سوارچاکی و کارلێککردنی ئەرێنیی بێ مەرج و پابەندبوون لەگەڵ ئەوانی تردا و دوور لە حیسابی قازانج و دەسکەوت. هەروەها دەبینین بەتوندی قەناعەتی خۆیی، جا چ ڕاست بێ یا هەڵە، بەسەریدا زاڵە، هەندێک جاریش سووربوون لەسەر هەڵوێستێکی پێوەند بەبیروباوەڕەوە لای ئەم کەسێتییە دەگاتە ڕادەی کەللەڕەقی و شێوە یاخیبوونێکی بەرچاو و ڕەچاونەکردنی هێزی توانای خود. هەرچی سادە و ساکارییە بەرچاوەکەیەتی، کە هەندێک جار لە ساویلکەیی نزیک دەبێتەوە، ئەوە پاشماوەی دڵباشی و سیفەتە خۆڕسکەکانن، کە تاکو ئێستاش کەسێتیی عێراقی لە ڕۆژگاری دڵڕەقی و بەها گۆڕاوەکانەوە لای خۆی هەڵی گرتوون.

ڕەنگە قسەکردن لق و پۆپی لێ ببێتەوە و زۆر درێژە بکێشێت، ئەگەر بمانەوێت قووڵبینەوە لە وەسفی سیفەتە باشەکان و دەرخستنی لایەنە ئەرێنییەکانی کەسێتیی عێراقی، کە بەهێزی جۆرایەتی و بەردەوامی و دژواریی سەرسوڕهێنەر لەسەر گشت ئاستەکاندا جیا دەکرێتەوە.

سێ سیفەتی نەرێنیی مەترسیدار:

کەچی لەلایەکی ترەوە دەتوانین سێ سیفەتی نەرێنیی مەترسیدار بدۆزینەوە، کە بەرۆکی ئەم کەسێتییەیان گرتووە و لە ڕەوشتی گشتیی تاکی عێراقی و هەڵسوکەوت و ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتی و سیاسییدا بەرجەستە دەبن، ئەوانیش:

١- دژایەتی

٢- خۆسەپاندن

٣- توندوتیژیی خوێناوی

مایەی خەمە، کە دەرکەوتن و ئامادەیی ئەم سێ سیفەتە نەرێنییانە بەهێزن و بەسەر کەسێتیی عێراقیدا زاڵن، تا ئەو ڕادەیەی ڕەنگدانەوەکانی لە کەسێتیی تاکی عێراقیدا پتر لە هەموو سیفەتە ئەرێنییە جۆراوجۆرەکانی تر بەرچاون، بەڕادەیەک وای لێ هاتووە ڕەوشت و هەڵسووکەوتی بەتەواوی لەو دەکات. خەریکە سیفەتی دژایەتی و خۆسەپاندنی تاکرەوی و توندوتیژیی خوێناوی و دوور نەبینی لە ئەنجام و تووڕەیی لە ئارەزوو و زوو تووڕەبوون و هەڵچوون، لە نیشانە باوەکانن لە هزری خەڵکیدا لەبارەی ڕەوشت و سروشت و هەڵسوکەوتی تاکی عێراقی، بەتایبەت لەناو کۆمەڵگە و ئەو میللەتانەی نزیکن لە عێراقەوە.

ڕەنگە بتوانین هەندێک سیفەتی تاکی عێراقی لەو پێناسەیەی دەروونزانی لە وەسفی تاکی نەخۆشی عێراقی لەلایەنی دەروونییەوە بەدی بکەین، کە بەکەسێتیی سایکۆباتی ناوی دەبات، لە پێناسەکەدا هاتووە "کەسێتیی سایکۆباتی کەسێتیی ئەو تاکەیە گیرۆدەی نەبوونی سەقامگیریی سۆزدارییە تا ئەو ڕادەیەی لە دۆخی نەخۆشی نزیک دەبێتەوە. کەسێتیی سایکۆباتی تووشی پێنەگەییویی سۆزداری دێت، کەم سەرنجی ئەنجامی کارەکان دەدا، چیکڵدانەتەنگ و زوو تووڕە دەبێ و هەڵدەچێت"(١).

وێڕای ئەمانەش هێشتا ئەم کەسێتییە سەرەڕای هۆیەکانی تێکشکان و وێرانکردنی ڕابردوو هۆکار و سیفەتی ڕەسەنی ئەرێنیی هەمەجۆری زۆر بەهێز و گرینگی وای پاراستوون، بەدڵنیاییەوە ئامادەی چاکبوونەوەی دەکات و تەندروستیی دەروونی و ڕەوشتیی ساغی بۆ دەگەڕێنێتەوە، سەرلەنوێش بەرەو ئاسمانی بەرفراوانی بەخشندەیی و پشکداریی کاریگەر لە ژیاری مرۆییی هاوچەرخدا بەرەڵای دەکات.

ئێمە دەتوانین بیسەلمێنین و جەخت لە ڕاستیی ئەم سەرەنجامە و وردیی ئەم بڕیارە بکەینەوە، ئەمەش لە میانەی شیکردنەوەی بەراوردکاری پاڵپشت بەبەڵگە و نموونە و ڕووداو و پێش چاوخستنی بەرفراوان، کە لە بەشەکانی تردا دەیانخەینە ڕوو، ئەمەش لەمیانەی شیکردنەوە وردەکانمانەوە بۆ سێ سیفەتە سەرەکییەکەی پێشتر ناومان هێنان، دژایەتی، خۆسەپاندن، توندوتیژیی خوێناوی، کە کەسێتیی عێراقی بەدەستیانەوە دەناڵێنێ.

**هەر یەکێک لەم وشانەش ناونیشانی بەشێکی تەواوی ئەم کتێبە داگیر دەکات**

هۆیەکانی دژایەتی و خۆسەپاندن و توندوتیژیی خوێناوی لە ڕەوشتی کەسێتیی عێراقیدا

پێوەندیی هۆکاریی دوا بەدوای یەک لە نێوان شکست و نائومێدی و بێبەریبووندا، هەروەها لە نێوان دژایەتی و خۆسەپاندن و توندوتیژیی خوێناویدا:

زانستی دەروون و پزیشکیی دەروونی وای دەبینن، کە شکست و نائومێدی و بێبەریبوون هۆیلێکن لە دوای سەرهەڵدانی ڕەوشتی دوژمنکاری و توندوتیژی و خۆبەسەردا سەپاندن و یاخیبوون لە کۆمەڵگە و ئەو شتە خراپانەی بەدوایاندا دێن دەوەستنەوە، چونکە وای دەبینن ئەم نموونانە واتە دژایەتی و خۆسەپاندنی دیکتاتۆری و خوێنڕێژی وەڵامدانەوەی سروشتی و کاردانەوەی خۆییە، کە مرۆڤ ڕووبەڕووی شکست و نائومێدی و بێبەریبوون دەبێتەوە، ئەمەش بەتەواوی لەگەڵ ڕەوشتی کۆمەڵگەی عێراقی و کۆژانە زۆرەکانیدا لەگەڵ دۆخی وادا و بۆ کاتێکی مێژوویی درێژماوەدا دێتەوە، بۆیە لەسەرمانە لەو تاکانەی ماوەیەکی درێژە بەدەست شکست و نائومێدی و بێبەریبوونەوە دەناڵێنن، تەنیا چاوەڕێی هەڵسوکەوتی دڵڕەقانە و ڕەوشتی پڕ لە ئاڵۆزی و تووڕەیی و یاخیبوونی نیمچە بەردەوام و هەڵچوون و ڕەفتاری تێکەڵ بەحەزی وێرانکردن و دوژمنکاری (بەشێوەیەکی گشتی) بکەین.

پێناسە و وەسفی شکست و نائومێدی و بێبەری خەریکە لە زۆربەی کتێب و سەرچاوە و توێژینەوەکانی دەروونزانی و پزیشکیی دەروونی زۆر لەیەک دەچن و دووبارەن، ئەوەتا شکست ئاوا پێناسە دەکەن:

"ئاستەنگ خستنە بەردەم کەسێک بۆ گەیشتن بەئامانجێک و داخستنی ئەو ڕێگەیەی گرتبوویە بەر بۆ گەیشتن بەئامانجەکەی، جا ئیتر کۆششەکەی بەرەو ئەو ئامانجە لە هۆشیارییەوە بێ، یاخۆ لە ناهۆشیارییەوە"(٢).

پێناسەی نائومێدییش بەم شێوەیە دەکات:

"لەمپەر دانان لە بەرابەر ڕەوتی بوونەوەرێکی زیندوو لە گەیشتن بەئامانج و بەرگرتن لە هەوڵەکەی"(٣).

ئەگەر شکستەکە پشتشکێن و بەردەوام بوو، ئەوا دوور نییە مرۆڤ بگەیەنێتە دۆخێک لە بێ هیوایی، کە زۆرجار ئەگەری کاردانەوەی ڕەوشتی وێرانکارانە و بێ ئومێدیی بەدەر لە کۆنترۆڵ، یاخۆ بەرزەفت، یان ئاراستەکردنی لێ دەبێتەوە، هەروەها ئەو پەرچەکردارانە، یاخۆ بەوەڵام هاتنانە پێچەوانانەی لە نائومێدی و بێبەریبوونەوە بەرهەم دێن بەڕادەیەکی زۆر لە هەمان ئەو هۆکارانە دەکەن، کە لە ئەنجامی شکستەوە دروست دەبن.

ئەگەر زانیمان بەرگەی تاک بۆ دۆخی نائومێدی و شکست و بێبەری پێویست بەخۆگرتن دەکات لە بەرابەر هەستەکانی تووڕەیی و دڵەڕاوکێ و لە ناوەوە کوڵان و دان بەخۆدا نەگرتن و بێ ئارامی و ئاڵۆزی... کە سەرهەڵدەدەن و ڕۆژانە دەیگرنەوە بەهۆی ئەو سێ فاکتەرە و لە ئاکامی سەرنەکەوتن و بێ توانایی لە تێرکردنی حەزە تاکەکەسی و غەریزەییەکانیدا، وەک خواردن و خواردنەوە و ئارامی و ژیانی سەربەرزانە و سەقامگیری، وێڕای دەستەپاچەیی لە نەگەیشتنی بە حەز و ئارەزووەکانی تری، درک دەکات بەقەوارەی کۆژانە بەرباد و سەختەکانی و هەستی تووڕەبوون و دڵتەنگی و ئەو بارگرژییەی تێیدا ژیا و مرۆڤ لە عێراقدا تێیدا دەگوزەرێ، کە بەدرێژایی سەدەکان و ساڵان و ڕۆژەکان لە هەزارەی سێیەمی بەر لە زاینەوە تاکو ئێستا ڕژاونەتە ناو ڕوح و ڕەوشتییەوە.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم گوتەزا و بڕیارە کورت و چڕکراوانەی کە دەروونزانی دەریان دەکات، هەوڵ دەدەین مانا و مەبەستەکانی لێک بدەینەوە و بەشێوەیەک ئاسانیان بکەینەوە، بۆ هەمووان، گشت ئاستە ڕۆشنبیرییەکان لێی بگەن.

شکست ئەو هەستەیە کە مرۆڤ دەگرێتەوە، هەینێ سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ و دەستەپاچە دەبێ لە بەدیهێنانی ئامانجەکەی، یاخۆ کۆمەڵێک ئامانج، کە بۆ بەدیهاتنی دەکۆشا، لە سۆنگەی لەمپەری جیا جیاوە، دەشێ ئەو ئاستەنگانە کەسێتی یان گشتی بن پێوەندبن بەکۆمەڵگە و ئەو ژینگەیەی دەوری تاکی داوە، هەندێک بیروڕا لە پزیشکیی دەروونی وای دەبینێت شەڕ و قەیرانەکان و ناسەقامگیری لە کۆمەڵگەدا لە هۆیەکانی گەشەکردنی شکستن "بێگومان شەڕ و قەیرانەکان و ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتی، سەرچەمیان لەمپەرن و دەبنە شیمانەی شکستخواردن"[٤].

هەروەها هەموو ئەوانەی بەسەر دۆخی شکستدا دەسەپێن، ئەوا لە پێوەندیی هۆکارییەوە لەسەر ئاستی ڕەوشتی کەسێتیی تاک بەسەر دۆخی بێبەریبوونیشدا پراکتیزە دەکرێن.

هەرچی نائومێدییە خەریکە دەبێتە وشەیەکی هاوواتەی نوشوستی، کە هیوابڕاویی هەوڵەکانی تاک دەگەیەنێ لە جێبەجێکردنی هەندێک لە ئامانجەکانی "هەروەها ئاستەنگ دانان لە بەردەم هەوڵەکانیدا بۆ مەبەستێک، جا ئەگەر کۆششەکەی لە هۆشیارییەوە بێ، یان لە ناهۆشیارییەوە".

بەم ئاوایە ئێستا قەبارەی کاریگەریی وێرانکارییانەیمان بۆ ڕوون بووەوە، کە دەشێ شکست و نائومێدی و بێبەری دەینێنەوە لە دیارکردنی ڕەوشتی تاک و ئاراستەکردنی چالاکی و پێوەندییەکانی لە کۆمەڵگەدا. ئەگەر مێژووی عێراقمان لە قۆناخە جیا جیاکانیدا هێنایە بەرچاوی خۆمان، ئەوا دەبینین ئەو ژینگەیەی عێراقییەکان، یاخۆ "دانیشتووانی دۆڵی ڕافیدەین" لە هەزاران ساڵەوە تا ئەمڕۆ تێیدا ژیاون، ژینگەیەکە خوڵقێنەری شکستە، واتە ژینگەیەکە بەردەوام ڕەوش و

هۆکاری پەرەسەندنی هەستی نوشوستی لای تاکەکان بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە و تراجیدی و لێک دانەبڕاو تێدا باو بووە و بڵاوبووەتەوە...

له پێناو جەختکردنەوە لە ڕاستیی ئەم شیکردنەوەیە خشتەیەک دەخەینە ڕوو، گرینگترین کارەسات و ڕووداوە خوێناوییە گەورەکان دەگرێتە خۆ، کە لە عێراق و بەغدا و بەتایبەت لە سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا ڕوویان داوە و بەمێژووی زاینی تۆمار کراون:

| | |
|---|---|
| ١٦٢١ | برسێتی |
| ١٦٢٣ | فارسەکان "سەدان هەزار" لە سوننەکان سەر دەبڕن و بە"هەزاران"یان وەک کۆیلە لێ دەفرۆشن. |
| ١٦٣٣ | لافاو |
| ١٦٣٥ | نەخۆشی |
| ١٦٣٨ | کوشتارێکی گشتی تورکەکان ئەنجامیان دا، ٣٠ هەزار کەس بوونە قوربانی، زۆربەیان فارس بوون. |
| ١٦٥٦ | لافاو |
| ١٦٨٩ | برسێتی و نەخۆشی |
| ١٧٣٣ | ئابڵووقەی فارسی: "پتر لە ١٠٠ هەزار لە برساندا مردن"- تاعوون. |
| ١٨٧٨-١٨٧٧ | ناوەخۆ لە بەغدا |
| ١٧٨٦ | لافاو - بەروبووم پێنەگەیشت - برسێتی - پشێویی مەدەنی |
| ١٨٠٣-١٨٠٢ | نەخۆشی - لەناوچوون "زۆربەی دانیشتووانی عێراق (؟!)" |
| ١٨٢٢ | نەخۆشی - لافاو |
| ١٨٣١ | نەخۆشی - لافاو - ئابڵوقە - برسێتی - ژمارەی دانیشتووانی خەڵکەکە لە ٨٠ هەزارەوە گەیشتە ٢٧ هەزار. |
| ١٨٧٨-١٨٧٧ | نەخۆشی - برسێتی |
| ١٨٩٢ | لافاو |
| ١٨٩٥ | لافاو(٥) |

ئەگەر بەردەوامیی شەڕ زۆرە یەک بەدوای یەکەکان و کوشتارە خوێناوییەکان و کارەساتە سروشتییەکانی وەک لافاوە وێرانکەرەکان و مەینەتی و دەردە کوشندەکانی وەکو ڕشانەوە و ئاوڵە و هیی تریش، هەروەها هێرشی سوپای بێگانەی چاوچنۆک و ڕاگوێزانی بەکۆمەڵی دانیشتوان و زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارە زۆردارەکان و ڕێژیمە دیکتاتۆرییە ستەمکارەکان و ئەوانەی ماڵوێرانی و کارەسات و پێشێلکردنی بەردەوامیی دەروون و چارەنووسی خەڵک و ئابڕووییانیان لە پاش خۆیان

جێ هێشتووە و هیوا و ئاواتیان تێک شکاندوون و ڕێیان لە بەدیهێنانی ئامانجە مرۆیی و ڕۆژانەییەکانیان گرتووە، دەڵێم ئەگەر گشت ئەمانە و هیی تریش لەوانەی لەسەر زەویی عێراق، سەرەڕای کودەتا سەربازییە خوێناوییەکان و ئەنجامە ماڵوێرانکەرەکانی لە سەدەی بیستدا بیر خۆمان بێنینەوە، ئەوا دەرک بەوە دەکەین، کە بوونی شکست و نائومێدی و بێبەری لە ژیانی عێراقییەکاندا خەریکە دەبێتە شتێکی بەردەوامی ئامادە و هەبوو بەدرێژاییی ڕۆژ و ساڵەکان، ئەویش ئەو هەلومەرجە خراپەیە، کە لە زۆربەی قۆناخە مێژووییەکاندا بەدرێژاییی پێنج هەزار ساڵ و تا ئەمڕۆش بەرۆکی ژیانی مرۆڤی کۆمەڵگەی عێراقی بەرنادات، بۆیە سروشتییە ئەگەر ڕەوشتێک لە شکست و بێبەرییەوە سەری هەڵدابێ لای زۆربەی تاکی عێراقی هەبێ، ڕەنگە ئەمەش وامان لێ بکات تێبگەین و بەشێوەیەکی ڕوونتر دەرک بەو پاڵنەر و هۆ و پاساوانە بکەین، کە کارێکی وایان کرد ڕەوشتی تاکی عێراقی گەلێک جار هاوشان بێ بەکرژی و دژایەتی و توندوتیژی و تاکڕەوی و ئارەزووی زاڵبوون و سەپاندنی ئەو واقیعەی کە هەیە. کۆژانی مرۆڤی عێراقی و سکالاکانی بەدەست برسێتی و بێبەریبوون لە وڵاتێکدا خێر و ئاوی زۆرە ڕاستییەکی مێژووییە و زۆرێک لە دەقە بزمارییە کۆنەکان و سۆمەری و ئەکەدی و بابلییە هەڵکۆڵراوەکانی سەر تەختە قوڕینەکان جەختیان لەسەر کردووەتەوە، کە وەسفی ئەو ستەمکاری و ئێش و ئازار و بێبەرییەی لە هەزارەی سێیەمی بەر لە زاین ڕووبەڕووی دانیشتوانی وڵاتی دوو ڕووبار دەبوونەوە، دەکات و چەندان جار ئەم دۆخە پڕ لە ئێشە لەو کاتەوە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ دووبارە دەبێتەوە و بەردەوامیی هەیە(٦).

دیمەن و وەسفی کەسێتیی دیکتاتۆری، کە دەروونزانی بەکەسێتیی زاڵی ناو دەبات، هەروەها ئەو کەسێتییەی ڕێگەی دڵڕەقی و زەبروزەنگی خوێناویێ دەگرێتە بەر، کە دەروونزانی بەکەسێتیی دوژمنکاری ناودەبات، ئەوە سروشت و وەسفێلێکن بەشێوەیەکی بەرفراوان لە ڕەوشتی تاکی عێراقیدا بەڕوونی بوونیان هەیە، بەتایبەت ئەگەر دیاردەی بڵاوبوونەوەی حەزی لەخۆوەیی لە بەرچاو بگرین بەپابەندبوون بەسەپاندنی تاقە ڕایەک، واتە (سەپاندنی دیکتاتۆرییانەی تاقەکەس) لە نێوان حزب و قەوارە و کۆبوونەوە سیاسی و ئاینی و ئاینزا و نەتەوەییەکانی عێراقدا، سەرەڕای بوونیان لەسەر ئاستی تاکی عێراقیدا، دەروونزانی و پزیشکیی دەروونی وای بۆ دەچن، کە: (شکست و نائومێدی و بێبەری) لە هۆیە ڕاستەوخۆکانی دەرکەوتنی سیمای (کەسێتیی خۆسەپێنەر) و (کەسێتیی شەڕانگێزن) لای تاک، بەڵام بەهۆی دژایەتیی هۆکارە ڕەوشتییەکانی ناوەوەی لەو کاتی ڕەوشتی کەسێتیی خۆسەپێنەر (واتە دیکتاتۆری) و ڕەوشتی کەسێتیی شەڕانگێز (واتە کەسێتیی خوێنڕێژ) بەسەر یەکێکی تردا پێڕەو دەکات، ئەوا لە هەمان کاتدا وەڵام بەبەرزخوازی و سەپاندن و پاڵەپەستۆی زۆرلێکردن و سەرشۆڕکردن دەداتەوە و ملکەچیان دەبێت و پەنا بۆ زۆرداری و شێوازی دڵڕەقانە و دیکتاتۆرییانە دەبات، کە بەزۆر لەلایەن ئەوانی تر، یاخۆ دەوڵەتەوە (کە شێوازەکانی دەسەڵاتی ستەمکاریی بەدەستەوەن و بەوانە فەرمانڕەوایی بەسەردا

دەكات و زاڵ دەبێ) بەسەریدا دەسەپێنرێ.. دووریش نییە پێی سەرسام بووبێت و لەگەڵیدا دەست و پەنجەی نەرم كردبێ و ڕەوشت و ڕەفتارەكانی بنوێنێ.

ئەم شیكردنەوەیە خەریكە زۆربەی سەرچاوە و بیردۆزەكانی دەروونزانی لەسەری تەبا بن، كە هەیە و لە گەلێك لە كتێب و ئینسكلۆپیدیاكانی دەروونزانی و پزیشكیی دەروونیدا هاتووە. كە وەسفێكی ورد و دروستی ئەو كۆژانەیە كۆمەڵگەی عێراقی و گەلی عێراق لە مێژووی كۆن و نوێیدا بەدەستییەوە دەناڵێنێ. ئەگەر تەشەنەكردن و بڵاوبوونەوەی ڕەوشتی توندوتیژیی خوێناوی و ڕەوشتی خۆسەپاندنی دیكتاتۆرییانە بەدرێژاییی چەندان سەدە و تاكو ئەمڕۆ لە ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەكان بن لە مێژووی كۆمەڵگەی عێراقیدا، ڕەنگە پێویستمان بەلێكۆڵینەوە نەبێ لە بوونی ئەو دیاردەیە، یا سەلماندنی بوونی بەبەڵگە و دەق، بگرە بەهێنانەوەی هەندێك پێناسەی كورت كورتی ڕاگوزەر لێ دەبینەوە، كە دەروونزانی و پزیشكیی دەروونی پێشكێشی دەكەن و بەو ئومێدەی یارمەتیی تێگەیشتنی لایەنە گرینگەكەی بابەتەكەمان بدات، ئەویش ناسینی ئەو هۆ و پاڵنەرە دەروونییانەن، كە لەودیو ئەم جۆرە ڕەوشتە خوێناوی و دیكتاتۆرییە وێرانكەرەوە وەستاون، كە لە نێوەندەكانی گەلی عێراقدا باون و لە پابەندبوونی بەردەوام بەمیتۆدی زەبروزەنگی خوێناوی و ڕەوشتی خۆسەپێنەری دیكتاتۆری و سەپاندنی یەك ڕایی بەشێوەیەكی بەرچاو خۆیان دەبیننەوە، لەوەش باوترە كە لای گەلانی تری ناوچەكەدا هەیە.

پاشان لە هەمان كاتدا ملكەچكردن و ملدان بۆ ئەو دیكتاتۆرە خوێنمژانەی فەرمانڕەواییی ئەویان كرد و ئەو دەسەڵاتدارە ستەمكارانەی حوكمیان كرد و یارییان بەچارەنووسی كرد، دەروونزانی و پزیشكیی دەروونی وای دەبینن، كە: (شكست و نائومێدی و بێبەری) هۆی سەرەكین بۆ سەرهەڵدانی ڕەوشتی دیكتاتۆریی تاكەكەسی و توندوتیژیی خوێناوی.

لە وەسفكردنی كەسێتیی شەڕانگێزدا (واتە كەسێتیی خوێنڕێژ) دەروونزانی وای دەبینێ، كە "ئەو وەڵامدانەوەیەیە كە مرۆڤ بەرپەرچی شكست و نائومێدی و بێبەریبوونی پێ دەداتەوە، بەوەی هێرش بباتە سەر سەرچاوەی نائومێدی، یاخۆ ئەڵتەرناتیڤەكەی"(٧).

هەروەها پێی وایە كە "دوژمنكاری دیمەنێكە لەمیانەیەوە توانای هێز و دەسەڵاتی بەسەر ئەوانی تردا دەردەكەوێ"(٨).

"هەڵبەت كاریگەریی دۆخە سیاسییەكە وەكو هۆكارێك بۆ دوژمنكاری چەسپیوە، تاكەكان لەو كۆمەڵگانەی حكوومەتی ستەمكاریان بەسەرەوەیە، ڕەنگە دوژمنكاری لاواز بكەن و ڕای نەگەیەنن، لە كۆمەڵگە پڕ لە ئاشووبەكانیشدا، كە خەڵكەكە ڕابەر و ئاراستەكردن لەدەست دەدەن، وزەی دوژمنكارانەیان، كە نوشوستی نوێی دەكاتەوە لە شەڕكردن لەگەڵ یەكتردا بەخەرجی دەدەن"(٩).

"ئەوی مایەی سەرسوڕمانی توێژەرانی دەروونزانییە ئەوەیە، دوور نییە تاقە هەڵوێست ببێتە شیمانەی وەڵامدانەوەی جیاجیا لەلایەن تاكەكانەوە. ئەو نوشوستییەی زۆربەی زۆری خەڵك

بەدوژمنکاری وەڵامی دەدەنەوە، ڕەنگە وا لە هەندێک بکات تووشی شێوە سستی و گێلی و گوێ نەدان، یاخۆ کشانەوە و لە چالاکی کەوتن و پشتگوێ خستن، بەمە تاک دەری دەخات بەرەنگاری بێ کەڵکە و ئەوسا لە بری پەنا بۆ تووڕەیی و هێرشبردن ببات، خۆی لەو هەڵوێستە دادەماڵێ و شێوە گەمژەییەک دەنوێنێ"(١٠).

کاتێک نوشوستی و نائومێدی و بێبەری ئەو بنەما و پاڵنەرانە بوون، کە دەبوونە هۆی دەرکەوتنی ئەم جۆرە ڕەوشتانە (مەبەستمان ڕەوشتی توندوتیژی و خۆسەپاندن و دیکتاتۆریەتە لای تاک) هەینێ توندوتیژی و خۆسەپاندن و دیکتاتۆرییەت دەبنە ئەگەری دەرکەوتن و بوونی نوشوستی و نائومێدی و بێبەری، چونکە ئەو لەمپەرانە دروست دەکەن، کە ڕێ لە تاک دەگرن ئامانجەکانی بەدی بهێنێت، بەهۆی هێنانەکایە و خوڵقاندنی زوڵم و ستەمکاری و شەڕ، هەروەها کاولکردن و دەستبەسەراگرتنی ماف و جیاوازییە چینایەتییەکان و ئێش و ئازار و کارەسات و هەرەسهێنانی هیوا و ئاواتەکان و... هتد.

لەبەر هەندێ دەبینین لە بازنەیەکی داخراودا دەخوولێینەوە هۆ و ئەنجامەکان دەچنە ناو یەکەوە و لەگەڵ یەکتردا زیاد دەکەن. ئەگەر نوشوستی و نائومێدی و بێبەری هەڵهێنەری توندوتیژی و خۆسەپاندن و دیکتاتۆری بن وەکو بینیمان، ئەوا سەرەنجام توندوتیژی و خۆسەپاندن و دیکتاتۆرین نوشوستی و نائومێدی و بێبەری دێننە کایەوە.. ئیدی بەم شێوەیە...

ئەمەش شتێکی دروست و واقیعییە. ئا لێرەدا دەتوانین بڵێین دەستمان لەسەر گرینگترین نهێنی و مەتەڵە سەرسوڕهێنەرەکەی پێکهاتەی تاکی عێراقیدا دانا، واتە هۆکانی سەرهەڵدانی توندوتیژیی خوێناوی و دیکتاتۆرییە بەردەوامەکانی بەسەر کۆمەڵگەی عێراقییەوە بوون لە کۆن و ئێستادا، مێژووی عێراق لێوانلێو و سیخناخە لەو ڕووداو و گۆڕانکارییانەی نوشوستی و نائومێدی و بێبەری لە کۆمەڵگەی عێراقیدا دەدۆزنەوە، ئەمەش ئەنجامێکی سروشتییە کە کوشتاری خوێناوی و شەڕ و دیکتاتۆرەکان و داگیرکردنی سەربازی و کاولکردنی شارەکان و ڕاگواستنی دانیشتوان جێی دەهێڵن، هەروەها ئەوی لێی دەبێتەوە لە ستەم و هیوابڕان و ناچارکردن و بێبەری و کڵۆڵی و کارەسات، کە لە کۆتاییدا یەکسان دەبن بەنوشوستی و نائومێدی و بێبەری، کە ئەمانیش بەخۆیان ئامادە دەبن بۆ دووبارە هێنانە کایەی ڕەوشتی بەکۆمەڵی تایبەتمەند بەتوندوتیژی و خۆسەپاندن و دیکتاتۆری.

کاتێک ئەم گێژاوە تێکشکێنەرە، یاخۆ ئەم پرۆسە یەک لە دوای یەکەی نێوان ئەو هۆیەی ئەنجام دروست دەکات و ئەو ئەنجامەی هۆیەکە دێنێتە کایەوە، بێگومان بەهەزاران جار لە قۆناخی جیاجیای مێژووی عێراقدا دووبارە بووەتەوە، ئەمەش لە سۆنگەی دێرینیی ژیاری مەدەنیی وڵاتی ڕافیدەینە، چونکە تەمەنی ژیاری مەدەنی لەم وڵاتەدا پتر لە پێنج هەزار ساڵە، بۆیە ئاسانە ئەو هۆ و پاڵنەرە واقیعییانە بدۆزینەوە و بیانناسین، کە لەودیوی ئەم دیاردەیەوەن لە ڕەوشتی سەیر و

وێرانکردن، کە تاک و میللەت و کۆمەڵگەی عێراقی پێکەوە تا ئەمڕۆ لەگەڵیدا دەژین و بەدەستییەوە دەناڵێنن، مەبەستمان لەمەش ڕەوشتی دژ بەیەک و بەزۆر خۆسەپاندنی خوێناوییە.

لە بەرابەر ئەم ئەنجامە ئەرێنییەدا لە توانادا هەیە چارەسەرە کرداری و زانستی و میتۆدییەکان دەستنیشان و دیار بکرێن، کە دەتوانن چارەی ئەم ناتەواوییە گشتییە بکەن و ڕەوشتی کەسێتیی عێراقی بگەڕێننەوە سەر ڕەوتی ڕاستەقینەی خۆی.

تەنانەت ئەگەر بمانەوێ شیکردنەوە بۆ دیاردەکانی توندوتیژیی خوێناوی و خۆسەپاندن و دژایەتی لە کەسێتیی تاک لە وڵاتی ڕافیدەیندا بکەین، بەو پێیەی ڕەنگدانەوەی هۆ و پاڵنەری سیاسین، نەک ڕەنگدانەوەی هیچ شتێکی تر، وەک چۆن هەندێک لە سیاسی و لێکۆڵەران حەزیان لێیە دوور لە یاساکانی دەروونزانی و بیردۆزەکانی ئەم شیکردنەوەیە بگرنە بەر، خراپترین ئەنجام دەشێت لەم لێکدانەوەیەدا پێی بگەین، ئەوەیە کە ستەم و بۆڵەبۆڵ و ڕقە کەڵەکەبووەکان لە دەروونی ڕۆڵەکانی گەلدا دژ بەفەرمانڕەواکانیان و سیاسەتی ڕێژیمە خۆماڵییەکان، کە گەمە بەچارەنووسیان دەکەن و وڵات بەپێی میتۆدی خۆسەپاندن و چەپاندن و بێبەریکردن بەڕێوە دەبەن، ئەوا کارێکی گرینگ و زیندوویان لە ژیانی خەڵکی وڵاتەکە خستە پشێوییەوە و بەونکردنیان دا و سڕییانەوە، ئەویش لاوازکردنی ڕوحی بەرگری و چالاکیی نیشتمانیی دژ بەدەستێوەردانی دەرەکی و پاشەکشەکردنی کەفوکوڵە لە بەرگریکردن لە وڵات دژ بەداگیرکاریی بێگانە. هەروەها بووە هۆی دابڕانی ڕێژیمە خۆماڵییەکان و ڕق لێبوونەوەی میللەت لێی لەو چۆکدادانە پڕ لە ڕیسواییەی گشت جارێک لە بەرابەر داگیرکاران و سوپای داگیرکاردا دەینوێنێ، ئەمەش چەندان جار لە عێراقدا لە سەرجەم قۆناخە مێژووییەکاندا دووبارە بووەتەوە.

باسی هەندێ وێستگەی سەرەکیی یەکلاکەرەوە دەکەین، کە وڵات کەوتە ژێر دەست داگیرکاری بێگانەوە بێ ئەوەی خەڵکەکە هیچ ڕۆڵێکی نیشتمانییان هەبێت لە بەرگریکردن لە وڵاتەکەیان، ئەمەش لە سۆنگەی تەریک کەوتنەوەی ڕێژیمەکە و ڕق و تووڕەییی میللەت لە بەرابەریدا، چونکە فەرمانڕەوایی و دەسەڵات و ڕێژیمە سیاسییەکە لە ناوەخۆی وڵاتدا شیمانەی دەمکوتکردنی میللەت و چاوپۆشیکردنیەتی لە داگیرکار و بەرگری نەکردنی لە دەست تێوەردانی بێگانە، چونکە ئەم ڕێژیمە خۆماڵییانە گەلێک جار خۆسەپێنەر و ستەمکارن، بەهەمان شێوەش لەلایەن خەڵکی وڵاتەوە تەریک و نەویستراوە، لە ئەتمۆسفیرێکی ناوەخۆی پڕ لە بۆڵەبۆڵ و ناڕەزاییی میللی و بێ هیوایی و ستەمی زۆر و بێبەری و ئارەزووی ڕزگاربوون و ئازادبوون، هەر لەبەر ئەمانەیە حەزی گەل و دانیشتوانەکە لە بەرگری دژ بەداگیرکار و ڕووبەڕووبوونەوەیان لاواز دەبێ، یاخۆ نیمچە نەبوو دەبێ، بۆیە دەبینین پرۆسەی داگیرکردن لە زۆربەی جارەکاندا بێ بەرهەڵستیی شێلگیرانەی دانیشتوانی وڵات ئەنجام دەدرێ.

لەو نموونە و بەڵگانەی ئەم ڕاستییە تاڵ و خەمهێنەرەی مێژووی عێراق دەسەلمێنن، کەوتنی بابلە

بێ کوشتار یاخۆ بەرهەڵستی، لە ساڵی ٥٣٩ی بەر لە زاین بەدەستی شا کۆرشی دووەم (دامەزرێنەری ئیمپراتۆریای ئەخمینیی فارسی)، ئەمەش لە سەردەمی نابونیدسی شای بابلیدا بوو، کە لەوە دەکات لاواز و تەنیا بووبێ (مێرگێکی لە باکوری حیجاز هەڵبژارد و لێی نیشتەجێ بوو، کاروباری وڵاتیشی دایە دەست "بلشاسر"ی کوڕییەوە، کە ئامادەییی فەرمانڕەوایی تێدا نەبوو، بلشاسری جێنشینی لاو کۆشکە گەورەکەی "نەبوخوزنەسر"ی کردە جێ نشینگەی خۆی و نوقمی ژیانی پڕ لە ڕابواردن و کات بەفیڕۆ دان و شەراب خواردنەوە بوو)[١١]. بابل ڕووخا و کۆرشی دووەم توانی لە ساڵی حەڤدەیەمی فەرمانڕەواییی شا نابۆنیدسدا داگیری بکا، پاش ئەوەی (فێڵی لێ کرد و نەتەوەیەکی لە خەڵکی بابل لە دژ هاندان و بەپاشاکەیان ڕازی نەبوون، مەزەندە دەکرێ جوو بووبن)[١٢]، چونکە لەمیانەی ئەم تێکستەوە وا دیارە دانیشتووانی وڵاتەکە، یان بەلای کەمەوە بەشێکی زۆریان و لە نێویاندا ئەو جوولەکانەی بەهەزارانیان بەدیل لێ هێنان و لێیان گەڕان لەنێو خەڵکەکەدا بژین، بەحوکم و دەسەڵاتی وڵات ڕازی نەبوون، لەبەر ئەمە بوو بابل، دوای ئەوەی فەرمانڕەوایی جیهانی پێشکەوتووی ئەو سەردەمەی دەکرد بێ کوشتار و بەرهەڵستی گیرا، وەک ئەنجامێکی ئەم داگیرکارییەش وڵاتی نوێی بابل بوونی نەما و بابلییەکانیش پتر لە دووسەد ساڵ لەژێر داگیرکاریی فارسیدا مانەوە، تاکو لە ساڵی ٣٣٠پ. ز ئەسکەندەری مەکدۆنی لەشکری ئیمپراتۆریای فارسی لە شەڕی کوکمێلەی بەناوبانگ لە دەڤەری دەشتی هەولێر (نزیکەی ٦٠کم لە ڕۆژئاوای شاری هەولێر) لە باکوری وڵاتی ڕافیدەیندا (کوردستانی عێراقی ئێستا) تێک شکاند، کە بەرابەری داریوشی شای نێوداری فارس بوو. ئەوە بوو داریوش لەو شەڕەدا لە بەرابەر ئەسکەندەر هەڵهات و سوپاکەی پرش و بڵاو بووەوە و شەڕەکەی دۆڕاند، ئەمەش وای لە ئەسکەندەر کرد دوای ئەوە ڕوو لە بابل بکا و داگیری بکا، ئەوە بوو دیسانەوە بێ کوشتار خۆیان دایە دەستەوە، چونکە لە بناخەدا داگیر کرابوون. لە ساڵی ١٢٥٨ی پاش زاینیش (واتە زیاد لە ١٧٠٠ ساڵ دوای داگیرکردنی بابل لەلایەن ئەسکەندەرەوە) شاری بەغدا، کە پایتەختی عێراق و پایتەختی خەلافەتی ئیسلامی بوو بەدەستی مەغۆلەوە، کە لەژێر فەرمانڕەواییی هۆلاکۆدا بوون و داگیرکردنی جارێکی تریش بێ شەڕکردن و بەرهەڵستی بوو، ئەمەش لە سەردەمی موستەعسەمی خەلیفەی عەباسیدا بوو، کە زۆربەی ئەندامانی لەشکری ئیسلامی بەرەڵا کردن، لە سۆنگەی پیسکەیی و نانکوێری و لاوازی و ڕابواردن و حەزنەکردن بەخەرجکردنی پارە بۆ سوپا، لە هەندێک سەرچاوەدا هاتووە، ئاماری سوپای عەباسی (کە لەشکری دەوڵەتی بەربڵاوی ئیسلامی بوو) لە سەردەمی ئەم خەلیفەیەدا لە دە هەزار سەرباز پتر نەبوو، بەڕادەیەک تەنانەت مووچەشیان وەرنەدەگرت.

ئیبن کەسیری مێژوونووس لە نووسینەوەی ڕووداوەکانی هەرەسهێنانی بەغدادا بەدەستی مەغۆل، دەڵێ: (لەلای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە دەوری بەغدایان دا، سوپای بەغداش لەوپەڕی کەمی و زەبوونیدا بوو، نەدەگەیشتە دە هەزار سوار و هەموویان مووچەکەیان وەستابوو، تا زۆریان لە بازاڕ و بەردەرکی مزگەوتەکان کەوتنە دەرۆزەکردن. شاعیرەکان گەلێک هۆنراوەیان بەسەردا

هەڵدان لە نێوانیاندا بۆیان دەلالانەوە و خەفەتیان بۆ ئیسلام و خەڵکەکەی دەخوارد)[١٣].

لەمیانەی ئەم دەقە مێژووییەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە سوپای عەباسی هەر ژمارەیان کەم نەبووە، بگرە برسیش بوونە، پاش ئەوەی خەلیفە مووچەی ئەوانی لەم سوپایەدا ماونەتەوە ڕاگرتووە، ئیدی وایان لێ هاتووە لە بازاڕ و لە بەردەرکی مزگەوتەکاندا سواڵیان لە خەڵکەکە کردووە. هەموو ئەمانەش بەهۆی سیاسەتی دەستگرتن بەپارەوە بووە، کە ئەو ڕێژیمە سیاسییە گرتبوویە بەر، کە بەمەمرە و مەژی و ڕژدی و لاوازی ناسرابوو و خەلیفە موستەعسم نوێنەرایەتی دەکرد.

ئیتر بەم ڕەوشە شوورەییهێنەر و بەرەلاییەوە موستەعسم دەیویست ڕووبەڕووی کشانی سوپای مەغۆل ببێتەوە، کە لەگەڵ پێشکەوتنیدا بەرەو عێراق و بەر لە گەیشتنی بە بەغدا و ئابڵووقەدانی لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلاتەوە زۆربەی ولاتانی ئاسیای تێک شکاند، پاشان بۆ ماوەی چل ڕۆژ ڕێگە دەدا کوشتارە خوێناوییە بەناوبانگەکە بکەن.

ڕەنگە ئێستا بپرسین: ئایا دوای خوێندنەوەی دەقەکەی ئیبن کەسیری مێژوونووس خوێنەر حەزی خۆبەخۆی لە دەروونیدا ناجووڵێ بەراوردی دۆخی سوپای عەباسی لە سەردەمی خەلیفە موستەعسم لەلایەنی مووچە و مەعنەوییەوە بکا، لەگەڵ ڕەوشی سەربازەکانی سوپای عێراق لە لایەنی مووچەوە بەر لە گیرانی بەغدا لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایندا؟ داخۆ لە ناخیدا بەهەزاران چیرۆکی کارەسات ئامێزی بەمێشکدا نایەت، لەبارەی خراپیی دۆخی مووچەی دەیان هەزار سەرباز و ئەفسەری عێراقی، لەوانەی مووچەی هەر یەکێکیان پێش ساڵی ٢٠٠٣ بەشی کڕینی جووتێک پێڵاوی نەدەکرد؟

وێڕای ئەوەی ئەندامانی ئەم سوپایە بەدەستییەوە دەیانناڵاند لە جیاوازیی توێژی و حزبی و کارگێڕی و دارایی، کە ئەو یاسا سەیروسەمەرانە سەپاندبوویان و ڕێژیم بەشێوەیەکی ناڕەوا لەناو سوپای عێراقدا پێڕەوی کردن؟

ئاسایی بوو عێراق لە کاتی موستەعسمدا بێ کوشتار و بەرگری بەدەستی مەغۆل بڕووخێ، چونکە ڕێژیمی تەریک کەوتوو و هەڵوەشاوەی سیاسی بوو ولاتی گەیاندە ئەو کارەساتە خوێناوییە لە ڕووخانی بەغدا بەدەستی هۆلاکۆ.

شتێکی سروشتی بوو لەبەر هەمان هۆ، بەغدا لە ساڵی ٢٠٠٣دا بەهەمان شێوە بێ کوشت و کوشتار بەدەستی ئەمەریکاییەکان بڕووخێت. هەرچی ئەو هەرەسهێنانە یەک لە دوای یەکانەن کە بەغدا دوای ڕووخانی یەکەم لە سەدەکانی دواییدا بەخۆوەی بینین، جارێک بەدەستی سوپا فارسە ئێرانییەکانەوە و جارێکیش بەدەستی لەشکری عوسمانییەوە، ئەوا گشت جارێک بێ بەرهەڵستی و بەرەزامەندی و ڕازیبوون و بەپێشەوەچوونی ژمارەیەک لە دانیشتوانی ولاتەکە بەڕێوە دەچوو، زۆرجاریش عێراقی هەبوون لە هەر شالاوێک لە شالاوەکانی داگیرکردنی بەغدایا جا ئیتر

عوسمانی بووبن، یاخۆ فارسی، لەگەڵ سوپای داگیرکەردا بوونە و چاوساغییان بۆ کردوون، هەڵبەت دابەشبوونی تایفیی نێوان دانیشتوانەکە یارمەتیی بەرجەستەکردنی ئەم دیاردە نانیشتمانییەی داوە...

لە ساڵی ١٩١٤ی زایندا، واتە دوای ٦٥٦ ساڵ بەسەر هەرەسهێنانی بەغدادا بەدەستی مەغۆل، دیسانەوە بێ خوێنڕشتن و بەرگریکردن لەلایەن خەڵکەکەیەوە، بەغدا کەوتە دەستی ئینگلیزەوە، چونکە لەژێر دەستی حوکمی عوسمانیدا بوو و خەڵکی وڵات خورتە و بۆڵەیان بوو، بگرە لەمەش پتر عێراقییەکان لە زیاد لە شەڕێکدا و لە زۆربەی شارەکاندا لەگەڵ لەشکری موسڵمانی عوسمانیدا یاریدەی هێزە بەریتانییەکانیان دا و پەیکەریان بۆ جەنەراڵ مۆدی فەرماندەی بەریتانی کرد، کە عێراقی داگیر کرد، لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایندا جارێکی تر بەغدا بێ کوشتار و بەرگریکردنی شێلگیرانە داگیر کرایەوە، ئەو ڕێژیمە سیاسییە شەکەت و تەریک کەوتووەی پتر لە سی ساڵ میللەتی عێراقی بەر قامچی دەدا، بووە سۆنگەی ڕووخانە شەرمهێنەرەکەی بەغدا و عێراقی ژێر دەسەڵاتی داگیرکەر.

سەرنجام و لەسەر بنەمای ئەو بەڵگە مێژووییە زەق و پڕ لە شۆکانەی خستماننە بەرچاو، هیچ زەحمەتییەک لە گەیشتن بەو ئەنجامە نیمچە پڕ لە دڵنیاییەدا نابینینەوە، کە ڕێبازی خۆسەپاندن و ستەمکاری و دڵڕەقی و ئەو جیاوازیکردنەی هەر دەسەڵاتدارێک، یاخۆ ڕێژیمێکی سیاسی دەیگرێتە وا لە خەڵک دەکات لە تووڕەیی هەڵچوو و بۆڵەبۆڵی تونددا بن، کە لە کۆتاییدا پابەندبوون بەئینتیمای نیشتمانی لای ئەو گەلە دەسڕێتەوە، کە تەنانەت ڕێ لە بەرگریکردن لە نیشتمانەکەیشی دەگرێت و دووریش نییە لە داگیرکەردا وێنەی فریادڕەس و بەهانا هاتوو ببینێتەوە، ئەمەش لەوەوە دێت کە بەدەستی فەرمانڕەوا خۆییەکانەوە دەیچێژێ، لە گەندەڵی و دووبەرەکی و دڵڕەقی و بێبەری و جەور و ستەمی تۆقێنەر و سزای بەردەوامی خوێناوی.

نکووڵی لێکردن بێ داد نادات:

لە هەوڵێکدا حەماس و دەمارگیریی نیشتمانی و نەتەوەیی بەسەریدا زاڵ بێ، هەندێک لە لێکۆڵەران دەیانەوێ سیفەتی توندوتیژیی خوێناوی لە کۆمەڵگەی عێراقی و کەسایەتیی عێراقی دوور بخەنەوە، ئەمەش بەڕەتکردنەوەی هەر تایبەتمەندییەکی توندوتیژیی خوێناوی لە عێراقدا نە بەقەوارە و نەیش بەدڵڕەقیی ئاوارتە، لەگەڵ هەوڵی ڕەتکردنەوەی هەر پێوەندییەک لە کەسێتیی عێراقی بەزەبروزەنگەوە، بگرە دەکۆشن بۆ بێ گوناهکردنی لە هەموو ئەمانە، لە ڕێگەی تێکەڵکردنی کارەکان و بەهانە هێنانەوەی بوونی توندوتیژیی خوێناوی لە گشت وڵاتانی دنیادا و تەشەنەکردنی بەناو هەموو کۆمەڵگەکاندا بێ ئاوارتە و دەرکەوتنی لە گشت قۆناخە مێژووییەکاندا، هەندێک جاریش کێشەی توندوتیژیی خوێناوی لە عێراقدا بچووک و ئاسان دەکرێتەوە، ئەمەش بەفڕێدانی تۆمەت و بەرپرسیاریەتیی ئەم بابەتە بەسەر ماوەیەکی زەوینیدا،

یاخۆ بەسەر قۆناخێکی سیاسیی دیارکراودا بێ ئەوانی تر، وەک ئەوەی قۆناخە سیاسی، یان مێژوویییەکانی تر لە عێراقدا خاڵی بن لە توندوتیژیی خوێناوی، هەندێک جاریش بەرپرسیاریەتی ئەم بابەتە مێژووییە ترسناکە دەخرێتە ئەستۆی فەرمانڕەوایەکی دیارکراو، یان توێژێک، یا حزبێک، یاخۆ باوەڕێک، یاخۆ لایەنێکی بیانی و زۆرجاریش لەودیو ئەم شیکردنەوە بابەتییانەوە پاڵنەر و مەبەستی سیاسی و دەستەیی و حزبی هەن، بۆیە گەلێک جار دادپەروەرانە نین.

بۆ ئەوەی بەرپەرچی ئەم بیر و بۆچوونە هەڵە و لایەنگر و نا زانستییانە بدەینەوە و تاکو بایەخی پێویست بەم بابەتە دژوار و ئاڵۆزە بەوەڵامی ڕاشکاو و ڕوون و چەسپیو بدەینەوە، وای دەبینین پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوە بدەینەوە:

ئایا توندوتیژیی خوێناوی لە کۆمەڵگەی عێراقیدا تایبەتمەندی و سیمای جیاکارانەی خۆی هەیە...؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ڕاستگۆیانە و ڕاستەوخۆیە دەڵێین:

بەڵێ تایبەتمەندی و سیما هەن توندوتیژیی خوێناوی لە عێراقدا لەو توندوتیژییە جیا دەکاتەوە، کە پێشتر یاخۆ ئێستا لە کۆمەڵگەکانی تردا ئەنجام دراوە.

لە گرینگترین ئەو سیمایانەی توندوتیژیی خوێناویی عێراقی جیا دەکاتەوە، ئەمانەن:

١- توندوتیژیی خوێناوی لە عێراقدا تایبەتمەندیی لەپێشبوونی (اسبقیە) زەمەنی هەیە، چونکە کاری خوێنڕشتن و کوشتنی بەکۆمەڵ و شەڕی قەڵاچۆکردن لەسەر ئاستێکی بەرفراوان و ڕێکخراو لە نێوان وڵاتانی دێریندا لە دۆڵی ڕافیدەین لە سەرەتای هەزارەی سێیەمی بەر لە زاینەوە بەردەوامیی هەبووە، دەکرێ پرۆسەی هەڵلووشینی شارەکان لەناو خۆیاندا، لە سۆنگەی شەڕ و داگیرکارییە سەربازییەکان و لەناودانی دانیشتوان وەکو بەڵگەیەکی مێژوویی زانستی بەنموونە بهێنینەوە، کە بەر لە سێ هەزار ساڵ لە لەدایکبوونی مەسیح جەخت لەسەر بوونی ئەم دیاردەیە دەکاتەوە.

گشت ئەمانە لە کاتێکدا ڕوویان دا ژیاری مرۆیی لە بەراییەکانی یەکەمیدا بوو، تا ئەو کاتە چەندان نەتەوە و کۆمەڵگە و ئیمپراتۆریەتی ناسراو و ناودار، کە دوای چەندان سەدە ناوبانگیان دەرکرد، وەکو نەتەوەی فارس و یۆنانی و ڕۆمانی و ئەوانی تر نەبوون، یا نەخولقابوون، یاخۆ پێک نەهاتبوون، بۆیە هیچ ڕوویەکی بەراوردکردن نییە لە ڕووی پێشینەییەوە لە کاتدا لە نێوان ئەوی لە دۆڵی ڕافیدەیندا ڕووی دەدا، لە توندوتیژیی خوێناوی لە سەرەتاکانی هەزارەی سێیەمی بەر لە زاین و ئەو توندوتیژییە خوێناوییەی لە ئەوروپا، یا لە شوێنی تردا لە سەدەکانی دواییدا ڕووی دا، جا لە سەردەمی یۆنانییەکاندا بێ، یا ڕۆمانەکان، یان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.

٢- توندوتیژیی خوێناوی لە عێراقدا لە پێنج هەزار ساڵەوە بێ بڕان توندوتیژییەکی بەردەوامە. ڕەنگە ئەم سیفەتەی توندوتیژیی خوێناوییە لە هیچ وڵاتێکی دنیادا نەبێ، توندوتیژی لە زۆرێک لە وڵاتاندا بۆ چەندان دەیە، یاخۆ سەدە بەردەوامی هەبوو، پاشان وەستا، یاخۆ پچڕا و کۆمەڵگە گەڕایەوە دۆخی سەقامگیری و ئارامی، ڕەنگە توندوتیژی لە شێوەی شەپۆلی کورت و کاتیی جیا جیا بۆ ئەو وڵاتانە گەڕابێتەوە، بەڵام توندوتیژییەکی خوێناوی لە تاقە وڵاتێکدا بێ پسانەوە، یاخۆ وەستان بۆ ماوەی پەنجا سەدە بەردەوامیی هەبێت، لە عێراقدا نەبێ لە هیچ شوێنێکدا نایبینینەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش دەڵێین:

مێژووی ڕاستی ژیاریی مەدەنی و لە دنیادا تۆمار کرا و لە وڵاتی ڕافیدەیندا و لەلایەنی زانستی و شوێنەوارییەوە بڕیاری لەسەر درابێ درێژ دەبێتەوە بۆ نزیکەی پەنجا سەدە، واتە پێنج هەزار ساڵ، (وەکو ئێمە بزانین) تاقە سەدەیەک نییە لەم مێژووەدا خاڵی بێ لە شەڕ، یاخۆ کوشتار، یان ڕووداوێکی گەورەی خوێناوی لە توندوتیژی سەرتاسەری لەگەڵ ئەو بوویەرە خوێناوییە ئاساییە باوانەی تر. ئەمەش تایبەتمەندییەکە توندوتیژیی خوێناوی لە عێراق دای پێ جیا دەکرێتەوە.

٣- لەم دوو تایبەتمەندییەی پێشووەوە (پێشینەیی زەمەنی و بەردەوامی) توندوتیژیی خوێناوی لە عێراقدا بەپێی ئەمە بەزۆری و قەوارە و چەندێتیی ژمارەیی، کە لە چاو وڵاتەوە زۆرە و ئەمەش تایبەتمەندێتییەکی ترە.

٤- هەرچی دڵڕەقیی داهێنراو و بە دڕندەیی و توندی جێبەجێکردنی کاری توندوتیژیی خوێناوی لە عێراقدا، کە بەکێوییەتی و دزێوی و ئاوارتەیی و گاڵتە پێداهاتن بەڕۆحە مرۆییەکان ناسراوە، ئەمەش تایبەتمەندییەکی تەواوە، خوێنەر لەم کتێبەدا بەدەیان نموونە و بەڵگەی یەکلاکەرەوە لەسەریان دەبینێ، کە لە ناوجەرگەی ڕووداوەکانی مێژووی عێراقەوە دەرهێنراون.

٥- هەرچی دوا تایبەتمەندییە، ئەوە خراپترین و ناقۆڵاترینیانە لەنێو تایبەتمەندییەکانی توندوتیژیی خوێناوی لە عێراقدا، ئەم توندوتیژییە کورت نابێتەوە لەسەر ڕەوشتی دەسەڵاتدارەکان و ئیمپراتۆر و پاشا و خەلیفە و فەرماندە و میر و ئەو جێبەجێکارانەی خودان کارەکەن، بگرە درێژ دەبێتەوە و ڕەوشتی تاکە ئاساییەکانی کۆمەڵگەی عێراقی لەسەر ئاستێکی بەرفراوان دەگرێتەوە، ئەمەش یەکێک لەو دژوارییە هەژێنەرانەیە لە کەسێتیی عێراقیدا، کە پێویست دەکات هەڵوێستەی لەسەر بکەین و لێی بڕوانین و لێی بکۆڵینەوە، لە توانادا هەیە بەدەیان نموونە و بەڵگە لەبارەی ئەم دیاردەیەوە بهێنینەوە، کە جەخت لەسەر بوونی نەخۆشی لە بنیاتی کەسێتیی عێراقیدا دەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەم نەخۆشکەوتنە، بەهۆی دۆخە دەرەکییە خراپە واقیعی و بابەتی و مێژووییەکانیشەوە سەپێنرابێ و وەرگیرابێ، نەک نەخۆشییەکی بنیاتیی پێکهاتەیی لە خودی کەسێتیی عێراقیدا.

بۆیە ڕەتکردنەوەی بوونی توندوتیژیی خوێناوی لە عێراقدا، یاخۆ ڕەتکردنەوەی بوونی تایبەتمەندییە تاکڕەوییەکانی توندوتیژیی خوێناوی لە عێراقدا بەپاساوی بەرگری لە گەلی عێراق، یاخۆ بەتەنگەوە هاتنی ناو و ناوبانگی کەسێتیی عێراقی تەنیا تێکەڵکردنی کاغەزەکان و هەڵاتنە لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو گرفتەی هەر بەڕاستی بوونی هەیە و بەم دواییە دنیا بەسەرسوڕمانەوە لەمیانەی وێنە زیندووەکانەوە، کە کەناڵە ئاسمانییە جیهانییەکان بڵاوی دەکەنەوە، تەماشای بەشە شەرمهێن و دزێوە خوێناوییە کارەساتبارەکانی دەکات. کە پێویست دەکات سەرنج بدرێ و بەقووڵی و سەرتاسەری شیکردنەوەی ئەنگێزەکانی بکرێ، بۆ دۆزینەوەی چارەسەری واقیعییانەی هەمیشەیی بۆیان و کارکردن بۆ لابردنی لە ژیانی کۆمەڵگەی عێراقی و لە ڕەوشتی کەسێتیی عێراقیدا.

هۆێلی سەربار بۆ دەرکەوتنی دژایەتی و خۆسەپاندن و خوێناوی:

وێڕای ئەو دەستنیشانکردنە وردەی پێی گەیشتین بەپشتبەستن بەو لێکدانەوەیەی دەروونزانی دەستنیشانی دەکات لە هۆیەکانی دەرکەوتنی ڕەوشتی دژایەتی و خۆسەپاندن (دیکتاتۆری) و خوێناوی لە کەسێتیی عێراقیدا، ئەوا هۆیەلی تر هەن ڕەنگە یارمەتیدەر و بەشدار بووبن لە دەرکەوتنی ئەم سیفەتانە لە ڕەوشتی تاکی عێراقیدا، بەرجەستەترینیشیان ئەمانەن:

یەکەم: پیت و فەڕ و سامان و چاوتێبڕینە دەرەکییەکان:

دەبێ خۆمان لەو هۆیە سەربارانەی تر گێل نەکەین، کە لە ماوە مێژووییە دێرینەکانی عێراقدا سەریان هەڵدا، ئەویش بوونی پیت و فەڕ و دەرامەت و هۆیەکانی دەوڵەمەندبوونن لە خاکی ڕافیدەیندا (عێراق)، کە چاوتێبڕین و شەڕ و لەشکرکێشی و داگیرکردنیان لەگەڵ خۆدا هێنا، کە سوپا و نەتەوە و وڵاتانی دەوروبەری دۆڵی ڕافیدەین ئەنجامیان دا، ئەمانەش چەوسانەوە و کاولکاری و ستەم و شەڕ و کوشتاری خوێناوی و بێبەری و کۆچ پێکردنی خەڵکی وڵاتەکەی بەدواوە بوو، ئەمەش دۆخێکی ئایدیاڵی ڕەخساند بۆ گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی دۆخێلی نوشوستی و نائومێدی و بێبەری... کە هۆیە سەرەکییەکانیان پێک هێنا لە گەشەکردن و سەرهەڵدانی دیکتاتۆریەتە خوێناوییە یەک لە دوای یەکە تاک بڕواکان و تاودانی کاری پڕ لە توندوتیژی و بەپەندبردن و دڵڕەقی، کە عێراق و بەتایبەتییش گەلەکەی لە سەرەتای سەدەی بیستەوە تا ئەمڕۆ بەدەستیانەوە داخ بوونە، ناتوانین تەنانەت ڕێژیمی پاشایەتییش لەم سیفەتە ڕەوشتییە دیکتاتۆرییە دەستەییە پاک دەربکەین، کە لە ساڵی ١٩٢١ەوە تا ٣٧ ساڵ بەردەوام بوو (١٩٢١ _ ١٩٥٨)، کار و پۆستەکانیش لە دەوڵەتدا دابەش دەکران بەسەر وەچەی خێزانە ئەرستۆکراتی و دەرەبەگ و دەوڵەمەندە ناسراوەکانی سەر بەڕێژیمی پاشایەتی، یاخۆ ئەوی سەر بەخێزانێکی کۆن و ناودارە و لە بناخەدا پارە و ناوبانگی لەمیانەی هاوکاریکردن و دڵسۆزی بۆ دەسەڵاتی عوسمانی، یا لەمیانەی داگیرکردنی بەریتانیاوە ساڵی ١٩١٤ لە سەرەتای سەدەی

بیستی پێشووەوە بۆ عێراق دڵسۆزی و هاوکاریی لەگەڵ ئینگلیزدا هەبووە. ئەمەش بووە هۆی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات و سامان بەدەستی توێژێکی کەمی گەلی عێراقەوە و بێبەریبوونی زۆربەی زۆریش لێیان. بەمە زۆربەی میللەتی عێراق کەوتە ناو بازنەی نوشوستی و نائومێدی و بێبەرییەوە.

بەم شێوەیە دەبینین گەلی عێراق بەدرێژاییی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەک لە هەمان گێژەڵۆکەدا دەخوولێتەوە، کە پشت بەو شیکردنەوەیە دەبەستێت پێشتر باسمان کرد لە نوشوستی و نائومێدی و بێبەری، کە توندوتیژیی خوێناوی و سەپاندن و دیکتاتۆرییەت دەخوڵقێنن و بەرهەمیان دێنن.

ئەم ئەنجامانەش لە شوێنی خۆیانەوە نوشوستی و نائومێدی و بێبەری دەخوڵقێنن...

بەم ئاوایە هێشتا لە هەمان گێژەڵۆکەدا دەسووڕێینەوە، تاکو ئێستاش ڕابەرێک، یا هێزێکی سیاسی لە ڕیزی عێراقییەکاندا دەرنەکەوتووە دەرک بەم ڕاستییە بکا و کار بۆ وەستاندنی ئەم ڕەوڕەوە تۆقێنەرە لە خوولانەوە کاولکەرەکەی بکا.

دووەم: بیردۆزی مافی وەرگیراو لە پاوانکردنی فەرمانڕەواییدا:

لەسەرمانە هۆیەکی سەرباری تر پشتگوێ نەخەین، کە بەدیارکراوی لە سەدەی بیستدا بەدیار کەوت، دەکرێ ناوی بنێین مافی وەرگیراو لە کۆنترۆڵکردنی فەرمانڕەوایی و دەسەڵاتی سیاسی و پۆستی باڵا لە دەوڵەتدا، کە ڕەوشەکەی لەبار کرد بۆ سەرهەڵدانی دیکتاتۆریی تاکڕایی و یەک بیروڕایی، هەموومان دەزانین بیردۆزی مافی وەرگیراو لە پاوانکردنی فەرمانڕەوایی لە عێراقدا باو بوو و بەدرێژاییی فەرمانڕەواییی عەباسییەکان، کە پتر لە پێنج سەدە بەردەوام بوو، لە ساڵی ٧٥٠ز دەستی پێ کرد تاکو ساڵی ١٢٥٨ز، ئەمەش مێژووی ڕووخانی بەغدایە بەدەست مەغۆڵەوە، کە دەبوو فەرمانڕەوا، یاخۆ خەلیفە لە عێراقدا سەر بەخێزانێکی عەباسی بووایا، بەچاوپۆشی لە توانا خودی یا ڕابەرییەکەی، هەروەها لەسەری بوو بیسەلمێنێ زنجیرەی ڕەگەز و ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە سەر عەباسی مامی محەمەد پێغەمبەر (د.خ)، ئیتر بەپێی ئەم داوونەریتە بەزۆر و باوە کەسانێک لەوپەڕی بێ نرخی و نەزانیدا بوون لە بەغدا گەیشتنە پایەی فەرمانڕەوایی، یاخود خەلافەتی. کە لەو هۆکارانە بوون فەرمانڕەوایی و ژیاری عەرەبییان ڕووخاند. کەچی دوای ئەوەی ئەم ڕووداوە خوێناوییە ترسناکانە چوونە سەر، کە عێراق بەخۆوەی بینی و هێرشی لەشکرە شەڕکەرەکان لە پێناو دەستبەسەرداگرتنی فەرمانڕەوایی لە عێراقی دەوڵەمەندا بەردەوام بوو، ئەم بیردۆزە خرایە ژێر پێوە و توورڕدرایە خانەی پشتگوێخستن و بیرچوونەوەوە.

بەڵام بیردۆزی مافی وەرگیراو لە دەستبەسەرداگرتنی ڕێژیمی سیاسی لە سەدەی بیستدا سەرلەنوێ سەری هەڵدایەوە، هەڵبەت بەتەواوی جیا بوو لەگەڵ ئەوەی لە چەرخی عەباسیدا باو

بوو، بەچوارچێوەیەکی نوێ و ترسناکەوە گەڕایەوە، دۆخەکەی خۆش کرد دیکتاتۆرییەتی تاک ڕایی و یەک بیروڕایی پشت بەستوو بەمامەڵەی کوودەتای سەرکەوتووی سەربازیی خوێناویی، سەر هەڵبدەن.

ئەو ستەمەی کۆمۆنیستەکان بۆ نموونە لە سەردەمی پاشایەتیدا لە عێراق تووشی هاتن، هەستی هەبوونی پاساو و مافی وەرگیراویان لا دروست بوو لە بەتەنیا کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات، یاخۆ وەرگرتنی گرینگترین کار و پۆست لە دەوڵەتدا، ئەمەشمان دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٥٨دا بەڕوونی و بەڕووداو تێبینی کرد و بینیمان، تا وای لێ هات لای کۆمۆنیستەکان بۆ نموونە ڕوحی شانازیکردن و بەخۆوە نازین و بانگەشەی لەوانی تر لە پێشترن بۆ پۆست وەرگرتن و کاری دەوڵەتیی گەورە زیادی کرد، تا ئەو ڕادەیەی لە ڕێگەی دروشمی (حزبی شیوعی لە دەسەڵاتدا داوایەکی ڕەوایە) داوای گرتنە دەسەڵاتی دەوڵەتیان کرد، هیچ ناوێکی فەرمانڕەوایی بەرەیی، یان هاوپەیمانیی نیشتمانی، یا ژیانی دەستووریی پەرلەمانی، یاخۆ فرەییی سیاسییان نەهێنا، لە سۆنگەی ئەم میتۆدەوە دەسەڵاتی حزبییانەیان بەسەر سەرجەم بوارەکانی دەوڵەتدا سەپاند و دیکتاتۆریەتی تاکڕایی، یا تاقە بیروباوەڕی تایبەت بەخۆیان کردە باو، کاتێک نەتەوەپەرست و بەعسییەکان لە دوای ڕووخانی عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٦٣دا دەسەڵاتیان گرتە دەست و بەکودەتای ٧ی شوباتی ١٩٦٣ هەژموونی حزبی شیوعییان لابرد و ئەو مافە وەرگیراوەیان بەخۆیان و لایەنگرانیان دا بەتەنیا کۆنترۆڵی تەواوی دەسەڵاتی سیاسی و پۆست و مەڵبەندەکانی فەرمانڕەوایی بکەن، بەو پاساوەی لە هەمووان پتر بەدەستی کۆمۆنیستەکانەوە تووشی ڕاوەدوونان و پەند پێدان هاتن، ئەمەش وای لێ کردن بەتەنیا حوکم بگرنە دەست و دیکتاتۆریەتی تاکڕایی و یەک بڕوایی تایبەت بەخۆیان ئەنجام بدەن، هەینێ ناسرییەکان بەکودەتا سەرکەوتووەکەی ١٩٦٣/١١/١٨ بەعسییەکانیان لە سەنتەری سەرەکیی دەسەڵات لابرد و بیردۆزی مافی وەرگیراویان لە کۆنترۆڵکردنی مەڵبەندەکانی دەسەڵات و پایە گەورەکان ئەنجام دا، لایەنگر و ئەندامەکانی خۆیانیان تێدا چاند و لایەنگرانی ئەوانی تریان لە هێزە سیاسییەکان دوور خستەوە، کاتێک ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و سەدام حوسێن پاش ڕووخانی عەبدوڕەحمان عارف بەکودەتا سەرکەوتووانەکەیان دەسەڵاتیان گرتە دەست، بیردۆزی مافی وەرگیراویان بۆ دەسەڵات گرتنەدەست خستە ڕوو و بەشێوەیەکی توندوتیژانە ئەنجامیان دا و گشت پۆست و کارە حکوومییەکانیان بۆ لایەنگر و ئەندامانی ڕێکخراوەکەیان قۆرخ کرد و زۆر بەزەحمەت عێراقییەک کاری دەست دەکەوت، ئەگەر سەر بەحزب و ڕێکخراوەکەیان نەبووایا، یان بەلای کەمەوە لەسەری ڕازی بن، یان دەزگایەکی حزبی یاخۆ ئەمنی پشتگیری بکا، ئەمانیش دیکتاتۆریەتی یەک حزبی، یاخۆ یەک بیروباوەڕییان سەپاند و سەرجەم ئەوانی تریان دوور خستەوە، ئەودەمی ڕێژیمەکە دوای داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا، ئیسلامییەکان لە سۆنگەی ئەو ئازار و ستەمەی بەدەستی ڕێژیمی پێشووەوە چێشتبوویان، بەهەمان پاساوەوە بیردۆزی مافی وەرگیراویان لە پاوانکردنی

تەواوی دەسەڵات و کاروبارەکاندا پیادە کرد و بەسەر لایەنگرەکانیاندا دابەشیان کرد، ئەگەر ئەو هێزە بیانییانە نەبوونایە، کە ڕێژیمیان لەناو برد و داواین کرد ئەوانی تریش (نائیسلامییەکان) لە پەراوێزەوە لە کاروبارەکاندا بەشدار بن، دوور نەبوو ئیسلامییەکان بەیەکجار کاروباری دەوڵەتیان بگرتایەتە دەست، لە هەر جارێک لەو جارانەی پێشتر باسمان کردن، کە لە ساڵی ١٩٥٧ەوە درێژ بووەوە تاکو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت دەستدرێژی بۆ سەر مافەکان و ستەم و بێبەری و نائومێدی لای زۆرێک دروست بووە، بەهۆی پیادەکردنی ئەم بیردۆزە دیکتاتۆرییەوە لە کۆنترۆڵکردنی تاکڕەوانە، یاخۆ بەشبەشۆکێ لەسەر دەسەڵات و حوکم، لەمەوە هەستی نوشوستی و نائومێدی و بێبەری لە نێوان ڕۆڵەکانی گەلی عێراقدا لەدایک بوو.

ئەمەش هەڕەشەی گەڕانەوەی بەزۆری ئەمانە دەکات، تاکو پابەندی ڕەوشتێک بن ناڕەزایی و یاخیبوون و بێزاری و تووڕەیی و هەڵچوون و ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە و لە یاسا دەرچوون و... هتد لە خۆ بگرێ. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ هەمان گێژەڵۆکە بگەڕێتەوە و سەرلەنوێ بەردەوام بێ لە خوولانەوە لە نێوان ئەوانەی بەتەواوی دەسەڵات و سامانیان بەدەستەوە گرتووە، لەگەڵ ئەوانەی بێبەش کراون لێی... ئیتر بەم شێوەیە.

سێیەم: توێژی ستایشکاران و چەپڵەلێدەران:

هەر جارێک دیکتاتۆرییەتی تازە بەشێواز و ستایلی دەستەگەری (کە پێشتر باسمان کرد) سەرهەڵبدات، سەدان هەزار لە چەپڵەکوت و ستایشکار و بایەخدەر و هەلپەرست و سوودوەرگر دەچنە پاڵی، لەوانەی وا دەنوێنن پشتگیری دەکەن و بەجۆش و خرۆشن و خۆبردنە پێشەوەی پڕ لە زێدەڕۆیی دەکەن بۆ نزیکبوونەوە لە بەرپرسانی نوێ و بەهەیان هەزار ماستاوچییان لەگەڵە، لەوانەی گشت ئەو کارانەی بەخراپی ئەنجامی دەدەن و مایەی شەرمەزارین، بۆ بەرپرسە نەشارەزاکانیان دەڕازێننەوە و پاساو بۆ بڕیار و کارە دزێو و تۆڵەسێنەر و نایاساییەکانیان دەهێننەوە، هەموو ئەمانەش لەسەر حیسابی بەها و نەگۆڕە ڕاستەکان دەبێ، کە لەسەر ئاستێکی فراوان تووشی خراپەکاری و ماڵوێرانی و وێرانکاری دەبن، تاکو وا دیار بدا سەرپاکی گەلی عێراق بەو خراپەکاری و سەرپێچییانەوە گلاوە و هەر بەخۆیشی ئەم ڕەوشتە ناپەسندە سایکۆباتییە جێبەجێ دەکات، جار دوای جاریش کۆمەڵێکی تر لە ڕۆڵەکانی میللەتی عێراق لەم شۆڕش و کودەتا خوێناوییە و ئەم ڕەفتارە دیکتاتۆرییە دەستەییە بەشدار دەبن، ئیدی بەم ئاوایە پلە بەپلە و یەک لە دوای یەک توێژێکی فراوان لە گەلی عێراق بەم کردارە نابەجێ و ڕەوشتە دیکتاتۆری و دڵڕەقی و خوێنڕێژییە پیس بوون.

ئەگەر بەمەبەستەوە بەمێژووی عێراقدا بچینەوە، ئەوا دەبینین چەندان سەدەی کۆنی تر، کە پێش سەدەی بیست کەوتوون، خاڵی نەبوو لەم چەشنە ڕەوشتە شێواوە... ڕەنگە بمانتوانیایە بڵێین ئەم دۆخە سایکۆلۆجی و ڕەوشتییە خراپە دووبارە بووەوەیە لە مێژووی عێراقدا هۆیەلێک بوون

لەودیو سەرهەڵدانی دیاردەی ئەدەبی خراپ و ڕۆشنبیریی ئاست نزمی پشت بەستوو بەپیاهەڵدان و ڕیایی و ستایشی لە ڕادەبەدەر و بەخواکردنی کەسەکان و فەرمانڕەوایان لە هونەرەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیریی هەمەڕەنگی وەکو شیعر و پەخشان و ڕۆمان و گۆرانی و هونەرەکانی تری داهێنان.

ڕەنگە پێویستمان بەگەڕانەوە بۆ سەدە لەمێژینەکان نەبێ تاکو قەوارەی ئەو ماڵوێرانی و شێواندن و خراپەکارییە ڕوون بکەینەوە، کە بەدەستی ڕێژیمە دیکتاتۆری و دەسەڵاتدارە ستەمکارەکان لە عێراقدا سەرجەم لقەکانی ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیرییان گرتەوە، چونکە ئەوی لە سەدەی بیست و بەدیارکراوی لە نیوەی دووەمیدا لەم بوارەدا ڕووی دا، گەواهێکی زیندووە لەسەر سووربوونی دەسەڵاتدار و ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان بۆ شێواندن و بچووککردنەوە و دەست بەسەرداگرتنی کەلەپوور و داهێنان و تەرخانکردنیان بۆ خزمەتی مەبەستە کەسێتی و خودییەکان.

چوارەم: وێرانیی کارەساتباری ڕەوشتی کۆمەڵایەتی:

لە سۆنگەی سیاسەتی دوورخستنەوە و برسیکردن و ترس و تۆقاندن و لەناودانی خوێناویی بەکۆمەڵ، کە ڕێژیمە دیکتاتۆرییە خوێنڕێژە یەک لە دوای یەکەکان بەرابەر بەگەلی ستەمدیدەی عێراق پیادەیان کرد، ئاستی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و داوونەریتەکان و ڕەفتاری جوان و جوانکرداریی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی بەرچاو لەناو سەرجەم توێژەکانی میللەتی عێراقدا وێران بوون و دابەزیون.

ئەو گەلەی جۆرەکانی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی تێیدا دەگاتە ئاستێکی نزم و بەها دواکەوتوو و کێوییە بەراییەکانی تێدا تەشەنە دەکەن، بەدڵنیاییەوە دەکرێ ببێتە فاکتەرێکی یارمەتیدەر و ئەرێنی و هاندەر بۆ دروستبوون و سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەتی خوێناوی، ئەمەش لە عێراقدا لەسەر ئاستی گشتیی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕووی دا، ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان و بەتایبەتیش لە سەدەی بیستدا و دوای ئەوە هانی بڵاوبوونەوەی داوونەریت و ڕەفتاری خراپی شەرمهێنی کۆمەڵایەتی دا لەسەر فراوانترین ئاست لە ڕیزەکانی گەلی عێراقدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یا ناڕاستەوخۆ و بەبڕوبیانوو و بەهانەی بێ مانا، ئەمەش بەهاندانی بەها دزێوەکانی وەک غەدر و زمان لێ دان لە برادەران بۆ بەرژەوەندیی ئاسایش و دەسەڵات و هەڵگەڕانەوە لە پێوەندیی خێزانی و دڵڕەقی و بەکارهێنانی قسەی ناشرین و لە پەیمان هەڵگەڕانەوە و داونانەوە و بەپەنددانی خزم و ناسیاوان... هتد.

لە بەرابەردا باوبوون و بڵاوبوونەوەی بەها و داوونەریت و کردەوەی دزێوی سەرەتایی و دواکەوتووانە لە نێوەندەکانی گەلدا، یارمەتی و پشتگیریی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکانیان کرد نەک تەنیا بۆ سەرکەوتن و بەردەوامبوون، بگرە بۆ بەجێگەیاندنی بەرنامە خراپە پڕ لە وێرانکاری و تاوانکارییە ماڵوێرانییەکانی، کە مرۆڤ و بەرد و هەموو لایەنەکانی ژیانیان لە وڵاتدا گرتەوە.

میللەتی هەژار و برسی و ترساو و چەوساوە و خەمبار بۆ گیراو و شەهیدەکانی، هەموو کات و لە گشت سەردەمێکدا ناتوانێت گرینگی بەخۆی یا کەشخەیی یان بەجلوبەرگی بدا، یاخۆ بەبنەما و سرووتەکانی جوانکرداریی کۆمەڵایەتی و خێزانی، بۆیە زۆربەی بەها و ڕێوڕەسمە کۆنە کۆمەڵایەتییە ناسراو و باوەکان پاشەکشەیان کرد و گەڕانە دواوە، (زۆر بەداخەوە ) دەتوانین بڵێین ئێستا لە داوونەریتی جوانکرداریی کۆمەڵایەتی و ژیانیی لە عێراقدا لە وڵاتانی ناوچەکە لە هەموویان دواکەوتووترە، لە کاتێکدا میللەتی عێراق لەم بوارەدا لە پێشەوەی ئەو میللەتانە بوو.

سەرکەوتنی هێزە شۆڕشگێڕ و کودەتاچییەکان و هەژموونی بەردەوامیان بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا لە دوای ساڵی ١٩٥٨ەوە، بووە هۆی نالەباریی ئاستی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و داوونەریتی جوانکرداریی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی دزێو لە ڕیزەکانی گەلی عێراقدا بەگشتی، ئەمەش بەهۆی گاڵتە پێکردن و سووکایەتی پێکردنی ئەم هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕ و کودەتاچییانە بەبابەتی داوونەریتی پێشکەوتوو و جوانکرداریی کۆمەڵایەتیی گشتی و تایبەت و هاندانیان بۆ ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتیی سەرەتایی و دواکەوتووانە و خراپ، بەبیانووی دژوەستانەوەی ئەرستۆکراتی و هاندانی نەریتە میللی و شۆڕشگێڕییەکان، ئیدی دەستیان کرد بەسووک و ڕیسواکردنی داوونەریتی بەهاکان و ڕەوشتی کۆمەڵایەتیی باڵا و پێشکەوتوو، کە لەلایەنی خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگ و گفتوگۆ و زمانی ڕۆژانە و پێوەندییە گشتییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بوونیان هەبوو و بۆ نەریتی خراپ و دزێو و دواکەوتوو گۆڕان.

لەبەر ئەمە ڕێژیم و حکوومەتەکان، هەروەها هێز و حزبە سیاسییەکان بەرپرسی گەورە و ڕاستەوخۆی ئەوماڵوێرانییەن، کە لەم لایەنەوە ڕوویان دا، هەڵیش نەسان بەهیچ ئەرکێکی میتۆدیی ئاراستەکراو بۆ هۆشیارکردنەوەی میللەت و نەوە نوێیەکان و ڕۆشنبیرکردنیان بەڕۆشنبیرییەکی کۆمەڵایەتی و ژیاریی هاوچەرخ و پێشکەوتوو، کە لەگەڵ ڕابردووی پڕ شکۆی گەلی عێراقدا بگونجێ.

کەس قسەیەکی خۆش، گفتوگۆیەک، وانەیەک، بەرنامەیەکی ڕادیۆیی یا تەلەفزیۆنی ئاراستەی ئەم گەلە نەکردووە ڕێنوێنی یا هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی تێدا بێ، لەبارەی ئەو شتانەی بەدڵیانە و شیاوە، یا ئەوانەی ناشرینن و شوورەیین لە شێوەکانی ڕەوشت و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی... و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و قسە و دەستەواژەی هەڵبژێرراو لە زمانی قسەکردنی ڕۆژانەدا... نەوەی تازە لە عێراقییەکان هاتن و بەتایبەت ئەوی لە سەردەمی شەڕ و قەیران و حزبە شۆڕشگێڕەکاندا سەری هەڵدا و پێگەیشت، نازانێ چی شیاوە و چیش نەشیاوە، بۆیە لەگەڵ تێگەیشتن و دەرککردنیدا باش و خراپ لە نەریت و هەڵسوکەوتی تایبەت بەجوانکرداریی کەسێتی و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی تێکەڵ بوون، هەروەها بەرنامە فێرکاری و پەروەردەییە فەرمییەکان هیچ گرینگییەکیان بەم بابەتە نەداوە و هیچ ئەرکێکیان تێدا نەنواندووە.

ڕەنگە خراپترین شت لە هەمــوو ئەمــانەدا لەم بوارەدا ڕووی دابێ، بڵاوبوونەوەی دیاردەی هەڵگەڕانەوەی ڕاستییەکان و بەهاکانە، چونکە کەسی پابەند بەبنەماکانی پاک و پوختەیی و جوانکرداری و خۆ ڕێکخستن و داوونەریتی باڵا لە ڕەفتاری کەسێتیدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تووشی ڕەخنە و سووکایەتی و جنێودان دەبێ، وەکو ئەوەی گوناهێک یا ناتەواوییەکی کردبێ، کەچی ستایش و پیاهەڵدان بەو نەریتە خراپانە و ڕەفتارە ناشرینانە دواکەوتوو و درندانانەدا دەگوترێ، بەبەهانەی پابەندبوون بەنەریتە میللی و شۆڕشگێرییەکان، هەڵبەت تێکەڵکردنێکی سەیر لە چەمک و ناوەکاندا هەیە، وای لێ هاتووە بەچی دواکەوتوو و قێزەون و پۆخڵە دەگوترێ... لەمەشدا ستەم و خراپەکاریی لە ڕادەبەدەر بەرابەر بەمیللەت لەگۆڕێدایە، نەشیاوە چی دواکەوتوویی و خراپی و پیس و قێزەون هەیە بیاندەینە پاڵ میللەتی عێراق.

ستەمێکی توندە لە هەزاران ساڵەوە بەرابەر بەم گەلە بەشمەینەتە دەکرێ.

بەم شێوەیە لە کۆتاییدا دەبینین دیاردەیلێ نوشوستی و نائومێدی و بێبەری، کە دۆڵی ڕافیدەین تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ ژینگەیەکی ئایدیاڵە بۆ بوونیان و بڵاوبوونەوەی بەردەوامیان، وێڕای ئەو پیت و فەڕە و دەوڵەمەندی و سامان و داهاتی زۆرە، کە کاری وایان کردووە سوپای داگیرکەران چاوی تێ ببڕن، سەرەڕای دەرکەوتنی بیردۆزی مافی وەرگیراوی حزب و ڕێکخراوە نهێنی و بارستە کودەتاچییەکان لە دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و تاکڕەوی لە حوکمکردندا بەتایبەتی لە دەیەکانی سەدەی بیستدا...

ئەمە و زۆر هۆی تریش هاوکار بوون لە دەرکەوتنی ئەو جۆرە ڕێژیمە سیاسییە، کە پشتی بەدیکتاتۆرییەتی تاک ڕایی و تاقە بیر و بڕوا و یەک حزبی بەست. ئەمەش بەڕۆڵی خۆی بووە هۆی بەردەوامیی دیاردەی ستەم و ڕێژیمە سەرکوتکەرەکان، بەمەش خواستی دەستەیی خۆسەپاندنی دیکتاتۆریی خوێناوی لە ناخی کەسێتیی عێراقیدا توندتر بوو، کە دەتوانین بەسێ ناتەواویی دەروونی و ڕەوشتی کورتی بکەینەوە، کە دەوری ئەو کەسێتییەیان داوە، ئەویش دژایەتی و خۆسەپاندن و خوێنڕشتنن.

پەراوێزەکان:

(١) موسوعة علم النفس. د. اسعد رزوق. ص ١٦٧ المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

(٢) موسوعة علم النفس. اعداد د.اسعد رزوق. ص ١٢٦ المئسسة العربية للدراسات والنشر.

(٣) نفس المصدر ص١٢

(٤) موسوعة الطب النفسي. د. عبدالمنعم الحفني. المجلد الاول ص١٤ مكتبة مدبولي. القاهرة.

(٥) ئەم خشتەیەمان وەکو خۆی لە کتێبی: حنا بطاطو/ العراق (الكتاب الاول) ص ٣٤ ترجمة: عفيف الرزاز. مؤسسە الابحاث العربيە، وەرگرتووە.

(٦) دوکتۆر سەروەت عەکاشە لە کتێبە ئینسکلۆپیدییەکەیدا: تاریخ الفن العراقي القديم/ سومر وبابل واشــور، لە ل١٦ و بەدواوە نـاوی کـۆمـەڵێک تێکست و هۆنراوە و پـارچە پەخـشــان و نزای نووســراو بەخـەتی بزمـاری لەســەر قـوڕ و شـوێنەواری سـۆمـەری و ئەکەدی و بابلی دەهێنـێ، کە باس لە کۆژانی دانیـشتوانـەکە دەکەن، بەدەست برسێتی و چەوسانەوە و زۆرداریـیەوە، هەروەهـا یەکێک لە هۆنراوەکان وەسـفی ڕەوشی مـندڵان و کـۆژانە پڕ لە سـوێیـەکـانیـان دەکـات بەدەست بێـبـەریبـوون و برسـێـتی و هەژارییەوە لە سۆنگەی شـەڕە ناوەخۆیییەکانەوە لە نێوان شـارەکان و بەهۆی هێرشی ئەو نەتەوە دڕندە دواکەوتووانەی شارەکانـی عێراقیان کاول و بەرووبووم و سامـانەکەیان تاڵان دەکرد، ئەم تێکستـانەش جـەخت لەسـەر ئەوە دەکەنەوە، کە ئەو مـاڵوێرانی و کۆژانەی دانیـشتـوانی دۆڵی ڕافیـدەین ڕووبەڕووی دەبنەوە هێشـتا بەدرێژاییی هەزارەی سـێیەمی بەر لە زاینەوە تا ئێستا بەردەوامیی هەیە، واتە لە پێنج هـەزار ســاڵەوە تا ئەمــڕۆ، ئەمـەش کـارێکە هـەلومـەرجی گـونجـاو دەســازێنێ بۆ دۆخـێلی شکست و نائومێدی و بێبەریبـوون لای تاک لەم وڵاتەدا، ئەمەش ڕاسـتیی ڕا و شیکردنەوەکانمان دەسەلمێنێ، کە ڕەوشــەکـە لە دۆڵی ڕافـیـدەیندا هـەمـوو کـات ژینگەیەکی گـونجـاو بووە بۆ دەرکـەوتنی نوشـوسـتی و نائومێدی و بێبـەریبوون و ئەوی لەو ڕەنگدانەوانەی لێی دەبنەوە بەسەر پێکهاتەی دەروونی و ڕەوشتیی مرۆڤی عێراقیدا.

(٧) موسوعة علم النفس. ص٢٠٦: د. اسعد رزوق. المؤسسة العربية للدراسات والنشر.

(٨) نفس المصدر. ص ٢٠٦.

(٩) موسوعة الطب النفسي. المجلد الثاني. ص ٨٥٣ د. عبدالمنعم الحفني. مكتبة مدبولي.

(١٠) الدوافع النفسية. د. مصطفي فهمي. ص ١٣٤ مكتبة مصر. دار مصر للطباعة.

(١١) خمسة الاف سنة من تاريخ الشرق الادنى. د. فيليب حتي. المجلد الاول. ص٧٢ الدار المتحدة للنشر.

(١٢) هارفي بورتر. موسوعة مختصر التاريخ القديم. مكتبة مدبولي. القاهرة. ص١٥٤.

(١٣) ابن كثير. البداية والنهاية. ج ١٣، ص ٢٣٤ دار احياء التراث العربي.

سەرچاوە:

باقر ياسين. شخصية الفرد العراقي. دار اراس للطباعة والنشر. اربيل ٢٠١٠ ص٢٣- ٥١.

هەولێری کتێب

# فەلسەفەی تاویزم و
# فەلسەفەی سۆفیزمی هاوشێوەی

د. عەبدولحوسێن شەعبان

**وشـەیەکی پێویسـت:**

وا دیارە دیالۆگی عەرەبی – چینی لەخۆوە بەهەڵبژاردن نەبوو، بگرە پێویستییەک بوو، بەتایبەت بەبوونی زۆرێک لە هاوبەشییە عەرەبی – چینییەکان، وێڕای گرینگیی گۆڕینەوەی بۆچوونەکان، نەک تەنیا لەبارەی ڕەوشی ڕابردووەوە، بگرە لەبارەی دۆخی ئێستا و داهاتووشەوە، چونکە هێشتا زۆربەی زۆری ڕووناکبیرانی عەرەب (بەپێی زانیاریم) گەلێک شت لە هەمبەر ژیاری چین و فەلسەفە و زانستەکانی نازانن، بەهەمان شێوەش وا دەزانم زۆرێک لە ڕۆشنبیرانی چین گەلێک شت لەبارەی ژیاری کۆنی سۆمەری و ئاشووری و بابلی و ژیاری دۆڵی نیلەوە شارەزا نین، وێڕای شارستانیی عەرەبی – ئیسلامی، جگە لە ئاگەدارنەبوونی هیچ لایەنێکیان بەشێوەیەکی تەواو لەسەر ئەدەب و ڕۆشنبیریی هاوچەرخی ئەوی تر، نەخوازە لەگەڵ لاوازیی بزاڤی وەرگێڕان تایبەت لە بوارەکانی ئەدەب و ڕۆشنبیری و هونەر و بەشێوەیەکی گشتییش بەردەوامی نەبوون.

هەرچەندە لەم بیست و چەند ساڵەی دواییدا پێوەندیی ئابووری و بازرگانی و تەکنۆلۆجی و زانستی لە نێوان وڵاتانی عەرەب و چیندا پێشکەوتنێکی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە، نەخوازە دوای بزووتنەوەی چاکسازی و کرانەوەی چینی و پاش گۆڕانکارییە گەورەکان لە ڕەوشی نێودەوڵەتیدا، تەوەری ڕۆشنبیری تا سنوورێک بەهەژاری و کاڵی مایەوە. لەبەر ئەمە پێویستی بەدیالۆگ دەکرد، چونکە پێویستییەکی ڕۆشنبیری و ئەپستمۆلۆجیی پێک دەهێنا، وەک چۆن ئاتاجێکی بوونیی پێوەستە بەپێوەندییەکان و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و سوودی بەرابەر، کە دوور نییە لایەنی ئابووری و سیاسی و زانستی و مێژووییان لێ ببێتەوە، کە دەکۆشم ڕۆشنایی بخەمە سەر،

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

بەتایبەت لە نزیککردنەوەی فەلسەفەی تاویزم و فەلسەفەی سۆفیگەریی هاوشێوەی لە ژیاری عەرەبی – ئیسلامیدا، ئەمەش لە ڕێگەی گەڕان بەدوای ڕەگوڕیشەکان و ئەوی پێوەندیی بەهاوبەشیی مرۆییەوە هەیە.

**

لەودەمی ژیاری ئاشووری و کلدانی و ئارامی و پاشان موسڵمانان لەگەڵ ژیاری چینیدا هاوکات بوون، ئێمە هێندەمان لەسەر چین و فەلسەفەکانی نەدەزانی، لە کاتێکدا هەندێکمان زانیاریی لەسەر فەلسەفەکانی یۆنان هەبوو، کە عەرەبە موسڵمانەکان خوێندیان و پاراستیان و لێیان گواستەوە، تا لە ڕێگەی ئەوانەوە گەیشتە ئەوروپا و لەوێشەوە بۆ سەرتاپای دنیا.

ڕەنگە فەرموودەکەی پێغەمبەر(د.خ) "داوای زانست بکەن ئەگەر لە چینیش بێ" بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەیە لەسەر ئەو ناوبانگە زانستی و ناوە ئەرێنییەی چین پێیان گەیشتبوو، ئێمەش تەنیا بەشێوەیەکی سادە و دیارکراو بەمێژووی هاوچەرخیشەوە لێی نزیک بووینەتەوە، نەخاسمە لەژێر سێبەری هەژموونی "ڕۆئاوا" و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕەوتەکانی دواییمان و بەتایبەتییش ڕۆشنبیری. هەرچەندە چینی نوێ لە سەرکەوتنی شۆڕشە مەزنەکەیەوە بەڕابەریی ماوتسی تۆنگ لە ساڵی ١٩٤٩دا، کە کۆڕەوە هەزار ملیلییەکەی بەهەنگاوێک دەست پێ کرد، بایەخی عەرەبیی پێ دراوە. بەڵام پێوەندییە عەرەبی – چینییەکان بەسنووورداری مانەوە، تاکو لە مانگی ئەپریلی ساڵی ١٩٥٥دا دوای کۆنگرەی باوندۆنگ وەرچەرخانێکی مێژوویی ڕووی دا، ئەوە بوو میسر لە ساڵی ١٩٥٦دا دانی بەچینی میللیدا نا، پاش ئەویش عێراق لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووز لە ساڵی ١٩٥٨دا دانی پێدا نا و چینیش پشتگیریی لێ کرد، کە ڕێگەی بۆ گەشەکردنە نوێیەکان لەسەر ئاستی پێوەندییەکانی عەرەبی – چینی خۆش کرد.

ئیتر لە دوای ئەم مێژووەوە وڵاتانی عەرەبی دەستیان کرد بەدانپێدانان بەکۆماری چینی میللی، کە لە ساڵی ١٩٧٣دا وەکو ئەندامێکی هەمیشەیی کورسییە ئاساییەکەی خۆی لە ئەنجومەنی ئاسایش بەدەست هێنایەوە و چین پێوەندیی دیپلۆماسیی خۆی لە ساڵی ١٩٩٠دا لەگەڵ وڵاتە عەرەبییەکاندا بەتەواوی گرێ دا.

سەردانی عەبدولڵ بن عەبدولعەزیزی شای سعوودیە بۆ چین و واژۆکردنی پەیماننامە ئابووری و بازرگانییەکان هەنگاوێکی گرینگ بوو بۆ بەشداریکردن لە گەشەسەندنی پێوەندییەکان لە نێوان چین و وڵاتە عەرەبییەکاندا، لە چوارچێوەی هاوبەشی و بەپایان گەیشتن، بەتایبەتیش لە بوارەکانی ئابووری و وەبەرهێنانی زانستی و تەکنۆلۆجیدا.

ئەم گەشەسەندنەش لە پاش ئەو سەرکەوتنە مەزنانەوە هاتن، کە چین لە سێ دەیەی ڕابردوودا بەدەستی هێنان، بەپێڕەوکردنی سیاسەتەکانی چاکسازی و کرانەوە و هەوڵ و کۆششی بەردەوامی بۆ تازەکردنەوەی ژێرخان و پشتبەستن بەشێوازی نوێی ئابووری و کارگێڕی، ئەمەش وای کرد ببێتە وڵاتێکی پێشکەوتوو، وێڕای پێداگرتنی لەسەر ئەو قسەیەی هێشتا "وڵاتێکی

تازەپێگەیشتووە"[١].

بەپێی زانیاریم ئەو ئافەرینە بۆ دوکتۆر فەیسەڵ ئەلسامری مێژوونووسی ناوداری عێراقی دەگەڕێتەوە، لە بەراییی هەوڵەکانیدا بۆ ڕووناکی خستنە سەر پێوەندیی عەرەبی – چینی، لە ڕێگەی توێژینەوەکەیەوە لەسەر کەلەپووری ڕۆژهەڵات و ژیاری ئیسلامی لە ڕۆهەڵاتی دوور[٢] لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، دوای ئەوە عەبدولموعین ئەلملوحی نووسەری کتێبی "مێژووی شیعری چینی"ی بەهەردوو بەشەکەیەوە ساڵی ١٩٦٨ _ ١٩٧٩ وەرگێڕا و محەمەد شبلی نووسەری میسرییش کتێبێکی بەناوی "حكمة الصين"ـەوە دەرکرد، هەروەها هادی عەلەوی ساڵی ١٩٨٠ "کتێبی تاو"ی وەرگێڕا و کتێبی "المستطرف الصيني"شی لە کاتێکی تردا دانا، پاشان "کتێبی تاوی" بەچاپێکی فراوانتر بڵاو کردەوە، ناوی لاوتسەی دامەزرێنەری تاو و چوانگ تسەی مامۆستای دووەمی لەخۆ گرتبوو[٣].

دوای ئەوەی لە هەشتاکاندا وتارێک و چەند کۆمێنتێکم (تعليق) لەسەر کتێبی تاو خوێندەوە، بایەخ پێدانم بۆ زانینی شتێک لەبارەی فەلسەفەی تاویزم بەتایبەت و چینی بەگشتی پەرەی سەند.

سێ هاوەڵ و ناسیاوێک چ بەنووسین و چ بەسەرزارەکی هەر یەک و بەڕێگەی خۆی لە باسکردن و خستنە بەرچاویدا، سەرنجیان بۆ فەلسەفەی تاویزم ڕاکێشام، ئەو چوار جیاوازە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ی عێراقی لە چین ژیاون، دوای دەست پێکردنی پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان عێراق و چین، هەندێکیان لەوێ خوێندیان و وانەشیان تێدا گوتەوە و گرینگیدان و بەشداریی هزری و ئەدەبییان هەبوو، ڕابەری شیوعیی عێراق عامر عەبدولڵێ لە سەردانی چیندا پێشیان کەوت و سەرکردە ماوتسی تۆنگی بینی، وەکو پێی گوتم ئەودەم زۆر کاریگەریی ئەزموونی هاوچەرخی چین و فەلسەفە دێرینەکەیی بەسەرەوە بوو.[٤]

هەروەها لە دوادواییەکانی ساڵانی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی پێشوودا هەندێک کتێبی وەرگێڕراوی ماوتسی تۆنگ و لیۆ چاوچی و ئەوانی تر بڵاو بوونەوە، بڕێک لەو کتێب و نامیلکە چینییانە لە بەراییی شەستەکان و ناوەڕاستیدا ڕەواجێکی سنووردداریان پەیدا کرد، نەخاسمە لە ماوەی ڕووبەڕووبوونەوەی ناکۆکیی سۆڤێتی – چینی، ڕووکاری گشتییان سیاسی و پڕوپاگەندە ئامێز بوو، وێڕای ئەوەی لە هەندێک لەو کۆوارە چینییانەدا دەمانخوێندەوە، کە بەدەستمان دەگەیشتن و بەعەرەبی بڵاو دەبوونەوە، هەروەها ئەوی لە ئاژانسی دەنگوباسی چینەوە (شینخوا) پێمان دەگەیشت.

شۆڕشی ڕۆشنبیریی چینی لە ساڵی ١٩٦٥ەوە زۆرێک لە ڕووناکبیرانی عەرەبی بەخۆوە سەرقاڵ کردبوو، هەرچەندە لە بەرابەریدا جیاواز بوون لە نێوان لایەنگر و دژوەستاو، بەڵام ڕەوتە گشتییەکە بەگومان و قەناعەت پێ نەبوونەوە لێیان دەڕوانی.

**

لە پێناسەی ئەو چوار کەسایەتییەوە دەست پێ دەکەم، کە ناویانم بردن، ئەوانیش:

یەکەم: شێخ محەمەد حەسەن ئەلسووەریی خاوەنی ڕۆژنامەی (الحضارة)، ئەم نووسەرە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە چیندا ژیا، لە پەکین ئەدەبی عەرەبیی خوێند.

کەسایەتیی دووەمیش: کازم ئەلسەماویی شاعیرە، ئەو چەپڕەوە ناسراوەی لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو و بەشێک لە حەفتاکانیدا لە پەکیندا ژیا، کاریگەریی ژیان و فەلسەفەی کۆنی ئەوێی بەسەرەوە بوو، نەخوازە فەلسەفەی کۆنفوشیۆسی و فەلسەفەی تاویزم.

هاوەڵی سێیەمیش: هادی عەلەویی توێژەری کەلەپوورییە، ئەو کەسەی پرۆژەی فەیلەسووف بوو و لە هەموویان پتر کاریگەر بوو بەفەلسەفەی تاویزمەوە بەشێوەیەکی تایبەت و فەلسەفەی چینی بەشێوەیەکی گشتی، ئەو خۆی وا دانابوو نەوەی هەردوو ژیاری عەرەبی – ئیسلامی و تاوی – چینییە، لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیێلێکی گرینگ و خودان مۆرکی ئیشکالیی پێشکێش بەجیهانی عەرەبی کرد، جا پێوەند بەفەلسەفەی عەرەبی – ئیسلامییەوە بێ، یاخۆ فەلسەفەی تاویزم و پێوەندیی بەفەلسەفەی سۆفیگەرییەوە، ئەو تا سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووش هەر هاتوچۆی چینی دەکرد.(٥)

هەرچی هاوەڵی چوارەمە: هونەرمەندی شێوەکار رافع ئەلناسرییە، کە بەیەکێک لە کۆڵەکەکانی هونەری هاوچەرخی عێراقی دادەنرێ، ئەو تاقە کەسە ناوی دێنم و هێشتا لە ژیاندا ماوە، ئەو ئێستا لە عەماندا دەژێ، هیوای تەمەندرێژی و داهێنانی زیاتری بۆ دەخوازم.

**

هەواڵنامەی کتێب

## لە گۆڕەپانی فەلسەفەدا:

پێویستە ئەوی لێکۆڵینەوە لەسەر فەلسەفەی چینی دەکات سێ بیر و بڕوای سەرەکی باس بکا، وێڕای لێکدووری مێژووییان، دەچنە ناو یەکترییەوە، هەرچەندە هەریەکەو لە بوارێکی سنووردراردا کار دەکات، ئەو سێ بیر و بڕوایەش ئەمانەن:

١– فەلسەفەی کۆنفوشیۆسی:

لە پێوەندیی تاک بەکۆمەڵگە و دەوڵەت دەکۆڵێتەوە، چۆنیەتیی پیادەکردنی سیستەمی گشتی فێری مرۆڤ دەکات، ئەم فەلسەفەیە بەر لە نزیکەی ٢٥٠٠ ساڵ بێ جیاکاری بایەخێکی تایبەتی بەفێرکردن داوە، هەروەها گرینگی بەخێزان و ڕۆڵی لە بنیاتنانی کۆمەڵگەدا داوە، ئەمەش لە ڕێگەی ڕێزگرتنی باووباپیران و بانگهێشتکردن بۆ لێکگەیشتن و هاوکاریی خێزانی، چونکە چەندێک خێزان سەقامگیر بێ هێندە کۆمەڵگە سەقامگیرە.

کۆنفوشیۆسیزم لێهاتوویی و تێکۆشانی بەهەند وەرگرتوون، چونکە کۆششی مرۆڤ زۆر گرینگە بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن، هەروەها بەرژەوەندیی وڵاتی لە سەرووی بەرژەوەندیی کەسێتی و هەر شتێکی ترەوە داناوە، بۆیە فەلسەفەی هاوچەرخی چینی لە چوارچێوەی کارلێککردن و بەردەوامی

لە نێوان کەلەپوور و نوێگەریدا، هەوڵی دا بۆ لێکدانی ڕابردوو بەئێستاوە ئیلهام لەم پرەنسیپانەوە وەرگرێ، لەگەڵ هەندێک خۆپارێزی سەبارەت بەلایەنە نەرێنییەکانی کۆنفوشیۆسیزم.

٢- فەلسەفەی بوودی:

ئەمیان جەخت دەکاتە سەر پێوەندیی مرۆڤ بەخودی خۆی و پەروەردگارەوە. بوودا ویستی هۆشیاری لە نێوان خەڵکیدا بڵاو بکاتەوە و بێگەردی لە دەروونی مرۆڤەکاندا بچێنێ، ڕاستی لای ئەو نەگۆڕە: سپی یاخۆ ڕەش، هەرگیز نابێتە خۆڵەمێشی.

بوودا لەبارەی خوا و سیفەتە جوانەکانییەوە نەدواوە، وەک چۆن باسی بەهەشتیشی نەکردووە، ئەمەی بۆ مرۆڤەکان هەڵگرت خۆیان بیدۆزنەوە، نەکو ئیرادەی لێ بسێنێ و مانای خود (من)ی لەدەست بکاتەوە، هەروەها نەیشی ویست بیرۆکەی "بردن" لە سەردا بڕوێنێ (ژنم هێنا، خانووم کڕی، نیوەڕۆ خەوێکم کرد...) بگرە هاوسەریم پێک هێنا، سەرخەوێکم شکاند، ئیتر بەم شێوەیە.

هەروەها بوودا داوای ڕووحانییەتێک دەکات بۆنوبەرامەی تایبەتی هەبێ، بۆنوبەرامی نا "جیهانێکی تر" و نا "جیهانی دنیایی"، ئەمەش ڕووحانییەتێکی بێدارە، چەندێک هۆشیار بێت ئەوەندە دەبینی و دەبیستیت، چەندێکیش دەرک بەڕاستی بکەیت هێندە لەگەڵ خۆتدا دەگونجێی و هۆشیارتر دەبیت.

ئەوە هۆشیارییە بوونت پێ دەدا و ناهۆشیارییش لەناوی دەبات و دەیسڕێتەوە، بەم ئاوایە پەیامی فەلسەفەی بوودی بانگەوازە بۆ دەرککردنی هۆشیاری، چونکە بەهۆشیاری سەرلەنوێ لەدایک دەبیتەوە...

"بەپاک و بێ گەردی دێیتە دنیاوە، بێ "من" دەبیت، کە بێیتە دنیاوە ئامادە دەبیت تاکو ئازاد بیت نەک کۆیلە"، لەسەر ئەم بنەمایە بانگەوازی کوشتنی ئارەزووەکان و وازهێنان لە غەریزەکان دەکات، واتە ئەوی پێی دەڵێن "نێرڤانا"، تاکو نەبیتە کۆیلەی ئارەزوو و غەریزەکانت، "نێرڤانا" وشەیەکی هیندییە بەمانای کوژاندنەوەی مۆمەکە (کوشتنی حەز و غەریزەکان)، واتا کوژاندنەوەی گڕەکان تا کڵپەیان دامرکێتەوە، ئەمەش بەکانگەی جوانی دادەنرێ، چونکە ئارەزوو و غەریزەکان سەرچاوەی کوێرەوەری و هۆکاری ئازار و بەدبەختین.(٦)

٣- فەلسەفەی تاویزم:

فەلسەفەیەکە چارەسەری پێوەندیی مرۆڤ بەبوون و ژیانەوە دەکات، نەخوازەلێ لە کاتی گونجانی تێکڕایی لە نێوان ناوەوەی مرۆڤ و دەرەوەیدا، تا دەگاتە سازانی تێکڕایی، واتا بۆ قۆناخی "تاو"، کە گەیشتنە بەپلەی هاوسەنگی و تەواوکاری لە نێوان هەردوو وزەی بووندا، یاخۆ دووانەکانی، ئەمەش لە ڕێگەی ین و یانەوە (یانگ)، (پێوەندیی نێوان داڕن و خۆگر "سالب و موجب")، کە لە دووانەی نێر و مێ، یاخۆ سارد و گەرم ڕوو دەدا، چونکە یەکیان بێ ئەوی تر هیچ مانایەکی نییە، شەو بێ ڕۆژ مانای نییە، نێریش بێ مێ واتا ناگەیەنێ... ئیدی بەم شێوەیە لە

سنوور دەردەچێ و هاوسەنگ دەبێ و دژەکان لە هارمۆنیایەکی دیالەکتیکی دەست لێ بەرنەدراودا تەواوکار دەبن.

ئەگەر "یان" نیشانەی سیفەتی نێرینە بێ، ئەوا "ین" سیفەتی مێیینەیە.

لاوتسە یا لاوتسۆ بەدامەزرێنەری فەلسەفەی تاوی دادەنرێ، لاویش مانای "مامۆستا" دەگەیەنێ، لاوتسە هاوسەردەمی کۆنفوشیۆس بووە، هەندێک دەڵێن، لاوتسە بەنزیکەی پەنجا ساڵ لە کۆنفوشیۆس گەورەتر بووە، بۆیە بەیەکەمین فەیلەسووفی دادەنێن.(٧)

ئەگەر فەلسەفەی کۆنفوشیۆسی دیمەنی دەرەوەی چینییەکان بێ، ئەوا ڕوحیان فەلسەفەی تاویزمە، ڕەنگە ژیاری چینی بەدیمەن و ڕوحییەوە سێگۆشەیەکی هاوسەنگ بێ، بەتایبەت کە بەشێوەی شیعری هاتووە. بەبۆچوونی زۆرێک فەلسەفەی تاویزم Taoism دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی نێوان هەردوو سەدەی چوارەم و شەشەمی پێش زاین، هەندێکیش بۆ ئەوە دەچن کە بەر لەم مێژووەش هاتبێتە کایەوە، لێ زۆربەی زۆری سەرچاوەکان کتێبی تاو بۆ "خێزانی هان"ی پاشایی دەگەڕێننەوە، کە قوتابخانە فەلسەفییەکانیان لە یەک قوتابخانەدا یەکخست، بۆ ڕەوایی خێزانی پاشایی و دەسەڵاتە ناوەندەکەی، هەیشە دەیکات بەچەند قۆناخێکەوە، قۆناخی یاوچوو کە پێش لاوتسە کەوتووە، ئەو یاسایانەی دەسەڵاتیان بەسەر شتەکاندا هەن بەو سیفەتەی جێگیرن دەریان خست شتەکان لە گۆڕاندان، پاشان ڕۆڵی چوانگ تسە دێت، کە بانگەشەی یەکسانی و هەڵوەشاندنەوەی جیاوازیی نێوان شتەکانی کرد، لە نێوان ژان و مردن و خود و ئەوی تردا، لەپێناوی جیهان برین بەرەو جیهانێکی تر، دەروونی مرۆڤەکان تێیدا دەستەمۆ دەبن و بێ ئەوەی پێویستیان بەگۆشەنشینی یاخۆ خەڵوەت بێ، بەپێی وتەی هادی عەلەوی.

دوایی تاویزم دابەش بوو بۆ تاویزمی فەلسەفی (تاوجینا) و تاویزمی ئاینی (تاوجیاو)، تاویزمیش مانای ڕێگە دەگەیەنێ وەک چۆن لە فەلسەفە، یاخۆ ڕۆشنبیری، یا پرەنسیپ و ئەنجام، کە گشت شتەکان لەوەوە دێن و هەر بۆ ئەویش دەگەڕێنەوە، تاو یاسای سروشتییە، یاخۆ دەسەڵاتی خۆیی شتەکانە، ئازادکردنیش بنەمایە لە تاودا.

تاویزم وەک هەر باوەڕێکی تر لە کرۆکی هزری پێک دێت، هەروەها پراکتیک کە لە سرووت و حەکایەتی ڕەمزیدا خۆی دەنوێنێ، تاویزم بانگەشەی شانازی بەخۆووەکردن و فەرامۆشیی ژیانی گشتی و گرتنەبەری ڕێبازێک لە سۆفیگەری و ڕامان پەرستی، کە پێوەندە بەیۆگای تایبەت بەخۆی.

واتا میتۆدێک یاخۆ ڕێبازێکە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێ ڕێنوێنیی بکرێ بۆ یەکەتیی گشتیی ڕەهای بوون، کە هەموو بووەکان دەگرێتەوە، هەر لە گالاکسییە (مجرە) ئاسمانییەکانەوە، ئەستێرە و هەسارەکان تا دەگاتە مرۆڤەکان، ئەم بنەمایەشە خوڵقاندنی شتەکان و دەست پێکردن و گۆڕانەکانیان لە زەمەندا لێک دەداتەوە. میتۆدێکە دەچێتە ناو کرۆک و گەوهەرەوە، پێویستیشی بەئامادەکردن و ڕاهێنان و ڕامان و زوو حاڵیبوون و ئەزموونە، لەمەدا تاویزم سوودی لە فەلسەفەی زین بوودی Zen Buddhism و لە سرووتە کۆنوشیۆسییەکان وەرگرت، بەمەبەستی سازدانی ئاوەزی

ناوەکی کە یارمەتیی تێگەیشتن و دەرککردن دەدا.

ئەگەر دووانەی دژایەتیی وەک چاکە و خراپە، جوانی و ناشرینی هەبن، ئەوا تاویزم وەکو دووانەی تەواوکاری (ین + یان) مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، واتا چاکە گونجان و تەواوکارییە لە دووانەکاندا، هەر زیادەڕۆییەکیش لە ڕۆڵی هەر یەکێکیاندا، بێگومان لاسەنگییەک لە هاوسەنگی دەگەیەنێ لەسەر حیسێبی لایەکەی تر، (پیاو و ژن، دین و دنیا، فەرمانڕەوا و ژێردەستە، تاک و کۆمەڵ)، لە تاویزمدا هاوسەنگی چاکە دەگەیەنێ، هەرچی زاڵبوونی یەکیان بەسەر ئەویتریان، جگە لە خراپە زیاتر ناگەیەنێ (ئاگر و ڕووناکی کرۆکی بوونن).

**

### یەکەتیی بوون:

یەکەتیی بوون، مرۆڤ لەگەڵ جیهانی ڕەهادا جووت دەکات، کە بەپێی فەلسەفەی تاویزم وێنەی مرۆڤی تەواو کەماڵ، ئەوپەڕی مرۆڤایەتییە، ڕەنگدانەوەی ئەمەش لە زۆرێک لە فەلسەفە و ئاینەکانی تردا دەدۆزینەوە، وەکو لە مەسیحییەت و فەلسەفەی عەرەبی – ئیسلامی، ئەمەش لە چەمکێلی یەکەتیی بوون و مەعییەت (الله معکم اینما کنتم – خواتان لە پشت بێ لە هەر کوێیەک بن).

تاو لەسەر هێزی مادی لە بووەکاندا وەستاوە، ئەمەش ئەوەیە کە سەدرەدین شیرازی وای کرد خوا ئامادەبوونی فیعلی لە بووەکاندا هەبێ، لەسەر بنەمای ڕێبازی "حولوولییە" (گروە و تاقمێکی سۆفی بوون – وەرگێڕ)!.

تاویزم بڕوای بەیەکەتیی بوون هەیە، واتا پەروەردگار و بوونەوەر (خوڵقێنەر و خوڵقاو) لە یەکدا یەکیان گرتووە، ناکرێ لێک جیا بکرێنەوە، ئەگینا دوایی هاتن ڕوو دەدا. ڕەنگە ئەم نیگایە بۆ خوا نزیکتر بێ لە ڕێبازی حولوولییەوە، کە وادەگەیەنێ پەروەردگار ناتوانێ کار، یاخۆ هەڵسوکەوت بکا مەگەر بە شیبوونەوەی لە شتەکاندا، ئەوەش یاسای مەزنترینە بۆ سەرجەم هەست پێ کراوەکان لە ئاسمان و زەویدا.

دوور نییە سیفاتەکانی سۆفی لەسەر گۆشەگیری و خۆڕازاندنەوە و دەرکەوتن بنیات نرابن، گۆشەگیری لەو شتانەی ئاوەز و ڕوح تێک دەدەن، پاشان خۆڕازاندنەوە بەکرداری چاک، ئینجا دەرکەوتن بەحەقەوە تا دەگاتە خوا، واتا هەڵکردنی ڕەها. گۆشەگیری و خۆڕازاندنەوە لە سیفاتەکانی مرۆڤن "کۆیلە".

بەم پێیە دەرکەوتن ئەنجامی گۆشەگیری و خۆجوانکردنە، ئەمەش لە کارەکانی پەروەردگارە، وەک چۆن هەڵسوکەوتێکی خوایی و کارێکی یەزدانییە، مرۆڤ بەباوەڕێکی بەرزەوە، لە ڕێگەی گۆشەگیری و خۆڕازاندنەوەوە پێی دەگات، بەشێوەیەک خوا ڕووناکیی زانیاری بەسەر ئەو کەسەدا دەڕژێنێ.

گۆشەگیری بەسەختترین و توندترین قۆناخ دادەنرێ، چونکە سەرپێچی و نەشتەرگەری و

بنجبڕکردنی شێواندنە دەروونییەکان و پاککردنەوەی دەروونە لەو خلّتانەی پێوەی نووساون و بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەری ڕاهاتوون.(٨)

بەم ئاوایە یەکەتیی بوون لەسەر بوون بەیەک و هەلّکردن (تماهی) بنیات نراوە، تاکو مرۆڤ لە کەسێکەوە بگۆڕێ بۆ دیاردە، هەروەها لە تاکەوە بۆ جووڵە، نەخوازە ئەگەر پابەند بوو بەدینداری و دەسبەرداری داخوازییەکانی جەستە بوو بۆ تەواوکردنی "کەوی بوون"، ئەمەش ئەو کاتی جەستە دەبێتە خالّی دەرپەڕینی جووڵەی ڕوحی ناکۆتا، بەپێی بیردۆزی سۆفیزم: مرۆڤ نموونەی دنیای گەورەترە، چی لەو دنیایەشدا هەیە ڕەهایە، هیچ دەسەلاّتێک بەسەریەوە نییە، پێوەندییشی بەڕوحی گەردوونەوە، واتا بە تاوەوەیە، لە سۆفیزمیشدا پێوەندیی بەحەقەوە هەیە، لە سۆفیزمدا یەکەتیی پەروەردگار و بوونەوەر لە ڕێگەی بەخواکردنی مرۆڤ و بەمرۆڤکردنی خواوەیە.

کەسی سۆفی لە مردن ناترسێ، چونکە مەرگ لە سۆفیزمدا تەواوکەری گەشەکردنە بەرەو مرۆڤی کامڵ، بەپێی شیرازی هێزێکە ناخ بەگەوهەر وەردەگرێ و تونـدبوونەوەیەتی لە بووندا، هەروەها تاوییەکان ستران بۆ مردووەکان دەچڕن و شیوەنیان بۆ ناکەن، جگە لەوەی سۆفی لە هەژاری ناترسێ، چونکە خۆی نەداریی هەلّبژاردووە، هەژارییش لای ئەو مەرجی ئازادییە، خەمە گشتییەکانیشی بەسەر خەمە تاکەکەسییەکانیدا زاڵ دەبێ، بەشێوەیەک دەبێتە کارا نەک کارلێککراو لە دەوروبەرەکەیەوە.

تاویزم بڕوای بەبازنەیی زەمەن هەیە، واتا نە سەرەتا و نە کۆتاییی شتەکان و مێژوو و بوون، هەموو شتێکیش لەم گەردوونەدا بەخوولێکی تەواودا تێ دەپەڕێ، لە پەیدابوونەوە دەست پێ دەکات، پاشان لە منداڵی و لاوییەوە، تا قۆناخی پێگەیشتن و ئەوپەڕی هێز، ئینجا ئاوابوون و هەلّوەشانەوە تا دەگاتە مردن، تاکو خوولێکی تر دەست پێ بکاتەوە، لە یەک کاتدا تۆوی گەشەسەندن و وێرانکردنی خۆی هەلّدەگرێ، خوولەکەش لە سووڕی یەک ڕۆژییەوە دەست پێ دەکات تا سووڕی وەرزە سالاّنەییەکان، هەروەها لە سووڕی سروشتی، لە پیتاندن و چاندن دواییش پێگەیشتن و وەرین و مردن.

یەکەتیی بوون نایەتە دی تەنیا بەتەواوکاری و هاوسەنگی لە نێوان دوو جەمسەرەکەدا نەبێ (یانی خۆگر و ینی دابڕ) هەینێ یان و ینیش یەکسان دەبن شتەکان دروست و جەستەش ساغ و پیت و فەڕیش گشتی دەبێ، کاتێکیش هاوسەنگی و تەواوکارییەکە تێک دەچن، ملمـلانێ و دابەشبوون و نەخۆشی و خەم و دەردەسەری و برسییەتی و ئاریشە ڕوو دەدەن.

بوون دەرکەوتنی تاوە، کە هاوسەنگی و هاوتابوونە لە نێوان یان و یندا، لە نێوان نێریەتی و مێیەتی و زەوی و ئاسمان و ڕووناکی و تاریکی و گەرمی و ساردیدایە، بوونی یەکێکیان پێویست بەبوونی ئەوی تریشیان دەکات، چونکە تاریکی بێ ڕووناکی نییە، شەویش بێ ڕۆژ بوونی نییە، تەواوکاری و دژایەتی بناخەی بەرهەمهێنانی وزەن، کە بنەمای جووڵەیە.

لە تاویزمدا نهێنیی بوون لە دژایەتیدا خۆی حەشار داوە، دیاردەکانیش بەپێی گۆڕانی وزەی

ناوەکی دەگۆڕێن، کە لە کارلێککردنی یان و ینەوە دێنە کایەوە، لە شەڕدا تۆوی ئاشتی بەدی دەکرێ، پێچەوانەکەشی ڕاستە، تۆوی تەندروستییش لە نەخۆشیدا دەبێ و بەهەمان شێوە پێچەوانەکەشی ڕاستە.

لە بووندا دیاردەیەک نییە لە تاو ئازاد بێ، ئەوە یاسای ئامادەبوون و نائامادەبوونە، بوونیش لە پێنج ڕەگەزی بناخەیی پێک دێت:

**ئاو و ئاسن و ئاگر و خاک و تەختە.**

تاویزم پشت بەیەکبوون و گۆڕان دەبەستێ، نزیکترە لە فەلسەفەی دیالەکتیکەوە لای هیگڵ و بەر لەویش فەلسەفەی یۆنانی، کە ئەویش پشتی بەپێنج ڕەگەز بەستووە: ئاو و هەوا و خاک و ئاگر و بیرۆکە، هیراکلیتۆس گوتوویەتی: گۆڕان لە ئەنجامی ململانێی دژەکانەوە ڕوو دەدا، بەو پێیە دیاردە گەردوونییەکان لێک دەدرێنەوە. بەپێی هیگڵیش ئەوا بنەچەی دیاردەکە لەو بیرۆکەیەدایە، کە دژەکەی لەناو خۆیدایە، ململانێش لە نێوان بیرۆکە و دژەکەی دۆخی سێیەم بەرهەم دەهێنێ، دەگەڕێتەوە تاکو لەگەڵ زەمەندا بەبوونی شتەکە و دژەکەی ناوی ببێتە دۆخی یەکەم، ئەمەش جووڵەی بوون و مێژوو پرۆسەی گۆڕان لێک دەداتەوە، مارکس ئەمەی لە هیگڵەوە وەرگرت و دیالەکتیکە ئایدیاڵەکەی، کە لەسەر بنەمای ڕاستیی ڕەهای بەرجەستە لە خوادا بنیات ناوە، هەڵگەڕاندەوە بۆ ماتریالیزمی دیالەکتیک.

ڕەنگە قوتابخانە فیزیاییە نوێیەکان لە یەکەنییەکی گشتیدا کە بناخەی پێکهێنانی شتەکان دروست دەکەن، پشت بەبیردۆزی هاوسەنگی و کاملّیی نێوان خۆگر و دابڕ ببەستن، گەردیلە لە ناوک پێک هاتووە، ئەویش لە ئەلیکترونی بارگە پۆزەتیڤ و ئەوی تر نەگەتیڤ دروست بووە، هەرچی نیۆترۆنەکانن ئەوا بارگە یەکسانن.

ئامۆژگارییەکانی تاویزم لە بوونی گەردوونییەوە دەست پێ دەکات، وەک چۆن تایبەتە بەکرۆکی مرۆییەوە، تەنانەت پزیشکیی چینی لە پراکتیکەکانییەوە دوور نییە، چونکە جەستەی مرۆڤ لەسەر دوو وزە تەواوکارەکە (یان و ین) بنیات نراوە، واتا سارد و گەرم، تەندروستی و لەش ساغییش تەنیا هاوسەنگین لە نێوان ئەم دوو وزەیەدا، هەرچی نەخۆشییە ئەوە دەگەیەنێ کە تێکچوونێک لە ناهاوسەنگییاندا هەیە، ئەم کارەش بەسەر دەرەوە و ناوەوەی جەستەدا پێڕەو دەکرێ، هەر لە پێیەکانەوە تاکو هەردوو باسک، ئەمانەش یانن، لە پێستیشەوە بۆ ناو هەناو.

تاویزم دەڵێ سەرەتا سەرەتایلی هەیە: بەپێی گوتەی هوای نان: سەرەتایەک هەبوو، بەر لەم سەرەتایە سەرەتایەک هەبوو، هەروەها تەنانەت پێشینەیی ئەم سەرەتایەش هەبوو، بوونێک هەبوو و نابوونیش هەر هەبوو. کەواتە سەرەتا سەرەتا نەبوو، کە هەمەجۆر و یەک بەدوای یەکە.[٩]

نەخۆشی نیشانەی لاوازی نییە، بگرە بانگەوازێکە لە جەستەی مرۆڤەوە بۆ پێداچوونەوەی هاوسەنگییەکەی لە ڕێگەی باشترکردنی خۆراک و دەرمانە گیاییەکەی و دەرزییە چینییەکانییەوە و دانی هەلێکی باشتر بۆ جووڵانەوە بەسەرتاپای جەستەدا و کەمکردنەوەی وزەی زیاد و پترکردنی

وزەی کەم. بیردۆزی تاو دەست دەخاتە نێو چارەسەرکردنی هەندێک نەخۆشی و پارێزکردن لە خواردن بۆ زۆرێک لە نەخۆشییەکان و پزیشکیی دەروونی و شیزۆفرینیا و هیی تریش. ئامادەیی تاو جێگیر و متبووە، بەسروش پەیی پێ نابرێ.

**

## سۆفیزم و تاویزم: مشتومڕ و بەراورد:

پەندێکی کۆنی چینی هەیە دەڵێ: "ئەگەر بەراورد نەکەیت ئەوا نازانیت" بەراورد واتا مشتومڕ و لەیەکچوون و جیاوازی، لە مێژووی نوێی چیندا کەسانێک هەن لەسەر ئەم پەندە دەڕۆن، چون کانج یو وی (١٨٥٨ – ١٩٢٧)ی چاکساز دەڵێ:

پەندی پێشینان بزانە و لەگەڵ سەردەمدا بژی. من لە کاتی پێداچوونەوەی فەلسەفەی تاویزمدا کۆشام لەگەڵ فەلسەفەی سۆفیزمدا بەراوردی بکەم، کە بەبڕوای من هاوشێوەیەتی، ڕەنگە نموونەی هاوچەرخم هادی عەلەویی بیریاری عێراقی بێ، چەندێک بڕوای بەفەلسەفەی سۆفیگەری هەبوو، ئەوا بەمەبەستی تەواوکاری لەگەڵ فەلسەفەی تاویزمدا موتوربەی کرد.

هادی عەلەوی لەژێر کاریگەریی سۆفیزمدا بوو، بەڵام سۆفیزمییەکەی تەنیا لە ڕێگەی تاویزمەوە تەواو بوو، شوێنی لە سۆفیگەریدا پشت بەسێ پایە دەبەستێت: گەشت و غەریبی و تەماشاکردن، ڕۆیشت و غەریب بوو و بینی، ناچاری کۆچکردن بوو، لەلایەنی ڕوحی و هزرییەوە دەربەدەر بوو، لە غوربەتێکی سۆفیزمدا، نەک نامۆیی، چونکە دەربەدەریی سۆفی سەرپشک بوون و ڕێگرییە، هەرچی نامۆییە ئەوا ناچاری و هەژموونە، بەم شێوەیە لێرەدا دەربەدەری پۆزەتیڤە، لە کاتێکدا نامۆیی نەگەتیڤە.

تاویزم تایبەت بەبیرۆکەی یەزدان لەگەڵ ئیسلامدا دێتەوە، کاتێک دەڵێ نە دەنگ و نە وێنەشی هەیە، ئەبەدییە و لەناو ناچێ، بوونی پێش ئەوانی تر کەوتووە، هەر خۆیشی بنەچەی بووەکانە و ڕوحی بەناویاندا دەڕوات. تاو ڕەهای بوونەوەرە، نیازی گەردوونە و جیابووەوە نییە لێی، بگرە لە ناویدایە و گەوهەرییە.(١٠)

ڕەگی پێوەندییش لە نێوان تاو و سۆفیزمدا لەسەر سێ شت بنیات نراوە: دەسەڵات و پارە و سێکس.

عەلەوی لە لاوتسەوە وەری گرتووە و دەڵێ: "مرۆڤی شەڕخواز مردنێکی سروشتی نامرێ" لە فەلسەفەی ئیسلامیشەوە وەری گرتووە "مژدەی کوشتن بەپیاوکوژ بدە". لە فەلسەفەی تاویزمیشدا ئەم پەندە هاتووە: "ئەگەر بزانیت نازانیت، ئەوە ئەوپەڕی حیکمەتە". زانا موسڵمانەکانیش گوتوویانە "نیوەی ئاوەز لەوەدایە بڵێی نازانم".

چی چیی فەیلەسووفی تاوی لە ڕەخنەگرتن لەوانەی بۆ مەرگی لاوتسە شیوەنیان کردووە، گوتوویەتی "هەینێ مامۆستا هات لەبەرئەوە بوو بەهانەی هاتنە دنیای بەدەستەوە بوو، کاتێکیش

کۆچی کرد بۆ ئەوە بوو دوای ڕەوتی سروشت کەوت..."، هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان ئەم گوتەیە و گوتەی کندی لە نامەی (دفع الاحزان)دا "مردن ئەوپەڕی سروشتمانە".

عەلەوی کاتێک دەیەوێ بگاتە ئەنجامدانی هاوسەنگیی ڕوحی و هەستی، ئەوا دەکۆشێ بۆ ئازادکردنی تاک بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەت و ئاین و پارە، واتا لێپرسراویی ڕۆشنبیر بۆ بالابوون بەهۆشیاریی زهنی، کە لە فەلسەفەدا ڕوو دەدا و پێی دەوترێ "سێگۆشەی دەسەلاتەکان"، دوور نییە مەبەستی "سێگۆشەی گوناهەکان" بێ، کە لە بۆشاییە بلندەکاندا مەلە دەکات.

## ڕۆشنبیری گەردوونی:(١١)

مەبەستی هادی عەلەوی لە ڕۆشنبیری گەردوونی چییە؟ داخۆ نموونەی هەیە؟

ڕۆشنبیری گەردوونی بەپێی عەلەوی ئەو سۆفیگەرە، یاخۆ تاوییەیە بەداماڵراوی تەواو و نا کەس و بێ سنووریی ناکۆتا دەناسرێتەوە، پشتیش بەیەکەتیی ڕەها دەبەستێ، بەرەتکردنەوەی مەودای نێوان خولقێنراو و خولقێنەر و یەکبوون لەگەڵیاندا.

عەلەوی سیفەتی تر بۆ "ڕۆشنبیری گەردوونی" زیاد دەکات، کە پێویستە قووڵیی هۆشیاریی زانیاری و کۆمەلایەتیی پێکەوە بەدەست هێنابێ، هەروەها لە هەمان کاتدا قووڵیی ڕوحی، واتا لە بەرابەر خواستەکانی جەستەدا بەهێز بێت و لە سەرووی لاوازییەکانی دەسەلات و پارە و ئاینەوە بێت. عەلەوی هەوڵ دەدات لەمیانەی هەڵکردنەوە لەگەڵ ئەهلی حەق لە ئیسلام و تاوییەکانی چین و مەسیح پێغەمبەر(١٢) نموونەی "ڕۆشنبیری گەردوونی" بخاتە ڕوو، واتا هەڵکردن لەگەڵ ڕوحی پەروەردگار بەدوور لە دەسەلات و پارە، بەوتنەوەی گوتەکەی مەسیح "دەوڵەمەندان لە مەلەکووتەوەن".

عەلەوی ناسنامەی ئۆپۆزسیۆن بەڕۆشنبیرە گەردوونییەکەی دەدا، واتا موتوربە وەکو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەکەسێتی بوون و سنووردارییەتی و بەکۆتاکردن ناوی دەبات، بەمە دەرگە لە بەردەمیدا وا لێ دەکات ڕێگەی خۆی بۆ گەیشتن بەخوا و لایەنگیری دژ بەسەنتراڵیزمی دەوڵەت و ئاینی بەدامەزراوە کراو و دەوڵەمەندان هەڵبژێرێ.

لە پێکهاتەکانی ڕۆشنبیری گەردوونی لای عەلەوی: دوورکەوتنەوە لە چێژەکان، بەشێوەیەک هێندە لە ژیان وەردەگرێ بەردەوامیی بداتێ، لە کاتی پێویستیشدا دەخوات و ئەو کات دەنوێ، کە خەو دایدەگرێ و هیچ شک نابات نەکو شتێک بیکاتە موڵکی خۆی، ئەو کەسێکی مەزن و بەهێز و "دەسەلاتدارە" (مەبەست ئازادە و سەر بۆ دەسەلات شۆڕ ناکات) بچووک یاخۆ لاواز یا لەژێر فەرماندا نییە.

عەلەوی ڕەخنە ئاراستەی ڕۆشنبیرە هاوچەرخەکانی عەرەب دەکات و کەسیان لێ دەرناکات، بەپێی پێوەرەکانیشی: ڕۆشنبیران گرینگی بەو سێ شتە دەدەن و دەیکەنە کرۆکی کارە ڕۆشنبیرییەکانیان، درێژەی پێ دەدا و دەڵێ: ڤلادیمێر لینین لە دژایەتیکردنی ڕۆشنبیر پێش من

کەوتووە و بەسستی و ڕۆحی بۆرژوازییانە تاوانباری کردوون. عەلەوی ناوی "کۆمۆنیزمی ئەفەندییەکان"ی لێ نان (وشەی ئەفەندی بەزمانی تورکی پیاوی گەورە دەگەیەنێ)، مەبەستی عەلەوی لەم جۆرەدا ئەو تیپەیە کە ئایدیۆلۆجیای ڕووت دەگرێتە بەر، داماڵراو لە یۆتۆپیا و دابڕاو لە کایەی ململانێ.[١٣]

وا بزانم عەلەوی لەم تێزانەیدا کاریگەریی کەشوهەوای شۆڕشی ڕۆشنبیریی چینی بەسەرەوە بووە، کە کاتی خۆی چەندان ناوەندی هێزی لە کار خستووە، نەخوازە هەندێک کەسایەتیی ڕۆشنبیری، کە بەسستی و لاوازی و زوو پەککەوتن تاوانبار کران، هەروەها ڕوحی بەرەڵایی و نادیسپلینی دا بەسەریاندا، جگە لە کاریگەریی بیری بۆرژوای نەیار، وێڕای ئەوەی چین کۆشا بەوەی ناوی شۆڕشی ڕۆشنبیریی لێ نرابوو بچێتەوە، کە بۆ ماوەی دە ساڵ نزیکەی لە (١٩٦٥ – ١٩٧٥) گەیشتە پۆپە، بەتایبەت دوای مردنی ماوتسی تۆنگ، پاشان بەهەڵە دەرکردنی ئەم ڕەوتە و خستنی چوار چەتەکە و لە نێویاندا ژنەکەی سەرکردەی کۆچکردوو و تۆمەتبارکردنیان بەوەی لە سەرەتای شۆڕشی ڕۆشنبیریدا ڕووی دا، کەچی هادی عەلەوی بەکردەوە تا مردن پێوەست بوو بەتێزەکەیەوە، تەنانەت ئەوی بەدوایدا هات، نەخاسمە دوای ساڵانی (١٩٧٨ – ١٩٧٩) لە چاکسازی و کرانەوە، ئەو بە لە ڕێ لادان و تێکشکانی تێ گەیشت.[١٤]

ڕۆشنبیری گەردوونی پشت لە چێژ و خۆشی دەکات، بەجیابوونەوەی لە جیهانی ئاین و دوور نییە جیهانی سروشتیش. ئەو بەمە گوزارشت لە خۆ لەبیرکردن و وازهێنان لە مافەکانی دەکات بۆ ئەوی تر، گوتەی عەبدولقادر جیلی دووبارە دەکاتەوە "چاکترین کار ناندانی برسییانە" لە کاتێکدا ئاوات دەخوازێ دنیا موڵکی ئەو بێ، تاکو بەسەر هەژارانی دابەش بکا، ئەوە دید و جیهانبینیی ڕاستەقینەی عەلەوی بوو لە بەرابەر نەداراندا، ئەو نەیدەویست ئیمتیازەکان بە بەشبەشۆکێ لە نێوان "دەوڵەتداران" و "دینداران"دا دابەش بکرێن، بگرە بەیەکسانی لە نێوان هەمووواندا.[١٥]

عەلەوی بەو بڕیارە یەکلاکەرەوەیەوە دەڵێ: بەدەگمەن ڕۆشنبیرێک دەبینم بەبژێویی ڕۆژانە یاخۆ بەتەنیا ئافرەتێک کە ژنەکەیەتی قایل بێ، یان خۆی بەگەورەتر لە ناوبانگ و شکۆیی دابنێ.

ئەوەتا ئەدۆنیسی گەورەترین ڕۆشنبیری هاوچەرخی عەرەب بەپێی قسەکانی کاتێک گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات، ڕەخنە لەوە دەگرێ کە "میدالی" لە سوڵتانێکی عەرەبیی هاوچەرخ (دەسەڵاتدار) وەرگرتووە.

عەلەوی دوژمنانی "ڕۆشنبیری گەردوونی"ی لە چوار بازنەدا داناوە، ناوی لێ ناون چوار نەیارەکە: دەسەڵاتداران و ڕۆشنبیران و سەرمایەداری و کۆڵۆنیالی، لە نووسینە بڵاو و پێوەندییە ڕوحانییەکانییەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان، بەتایبەت ئەو دەمی بەهەزری لەگەڵ گەورە پیاوانی سۆفیزم و تاویزمدا دەژیا، دەیگوت: من لە نێویاندا دەژیم و لەگەڵیاندا دەدوێم هەر لە لاوتسەوە تا محێدین بن عەرەبی، هەروەها من بەردەوام لە خەڵوەتدا لەگەڵ خۆمدا دەدوێم.[١٦]

ڕۆشنبیر لە فەلسەفەی تاویزمدا ئەو "دانا"یەیە، کە ڕزگار بووە لە کۆیلایەتیی شتەکان و حەز و

ئارەزووەکان:

ئەو حەز لە هیچ ناکات و هیچیشی نییە و هیچیش نابات و ئاتاجی هیچ شتێکیش نییە و شانازی بەهیچ شتێکیشەوە ناکات، دانایی سەندنەوەی غەریزە و خووەکانە لە دەسەڵاتداریتییەکەی. وەکو تاو چۆڵەوانییە و لە هەمان کاتیشدا پڕ و لێوانلێوە، پاک بووەتەوە لە خڵتە و هەموو سەرقاڵییەک، تاکو لە ناویدا بۆشاییەک هەبێ، ئەویش تەواوکارییە لە گەیشتن بەلووتکە.

ئەگەر ڕۆشنبیری گەردوونی بەپێی پێوەرەکانی هادی عەلەوی و کاریگەریی بەفەلسەفەی سۆفیزم و تاویزمەوە گران، یاخۆ بەزەحمەت بەدەست بێ، ڕەنگە زیادەڕۆییم نەکردبێ ئەگەر بڵێم ئەوی ئەو مەبەستییەتی، تا سنوورێکی دیارکراو بەسەریدا دەسەپێ، چونکە ئەو وەکو ڕوحانییەک و دنیا نەویستێک، نەدارێک، خاکەڕایەک ژیا، دوور بوو لە هەرسێ ناپەسندەکانەوە، تا ڕادەیەکی زۆریش دەیویست لە نێوان ئەوی دەیڵێ و ئەوی دەینووسێ لەگەڵ ڕەفتار و هەڵسوکەوتیدا گونجانێک دروست بکا، بەشێوەیەک هەندێک جار هەڵی دەکرد یان دەبووە یەکەیەکی گەیەنەر و بەردەوام، ئەگەرچی هەندێک پارادۆکس (مفارقە) هەبێ، ئەوا لێرەدا بواری ئەوەمان نییە قسەیان لەسەر بکەین.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(١) بڕوانە: گەلاڵەنامەی کۆنگرەی چواری دیالۆگی عەرەبی – چینی، پەکین ٢٠–٢٤ی ئەیلوولی ٢٠١٠، تێیدا ئەکادیمییە چینییەکان بەلای ئەوەدا دەیشکێننەوە، کە نابێ زیادەگۆیی لە ڕۆڵی چیندا بکرێت، سەرەڕای ئەوەی پێشکەوتنی گەورەی ئابووریی ئەنجام داوە، کەچی ئینجاش بەڕای خۆیان وڵاتێکی تازەپێگەیشتووە، ئەمەش پتر لە شارەزا و لێکۆڵەرێک دووبارەیان کردەوە، QU XING ی بەڕێوەبەری پەیمانگەی چینی بۆ لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکانی سەر بەوەزارەتی دەرەوە لەوەش واوەتر چووبوو، تا بڵێ چین بۆ بەدیموکراتیزەکردنی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەکۆشێت، ئارەزووی دوو جەمسەرییش ناکات، چونکە وڵاتێکی تازە گەشەسەندووە، هەرچی لێکۆڵەر An Huihouیە بەڕاشکاوییەوە لە بەرپەرچیی تێبینییەکانی ئەو ئەکادیمی و لێکۆڵەرە عەرەبانەی لە چوارەمین دیالۆگی عەرەبی _ چینیدا بەشدار بوون گوتی، چین ناتوانێ ڕۆڵی ڕابەری لەسەر ئاستی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان، یاخۆ لەسەر ئاستی دنیادا بگێڕێ، هەروەها جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە نایەوێ هەمان ڕۆڵی سۆڤیەتی پێشوو بگێڕێ و ئەمەش لەگەڵ "فەلسەفە و حیکمەت و بەرژەوەندیمان"دا نایەتەوە و نامانەوێ لەسەر ئاستی جیهانیدا بۆڕبۆڕێن بکەین، هەروەها نامانەوێ دنیا بۆ دوو جەمسەری بگەڕێتەوە. هەروەها Guo Xiangan ی جێگری بەڕێوەبەری پەیمانگەکە گوتی: چین وڵاتێکی زلهێز نییە و وەک ئەمەریکاش جیهان بەڕێوە نابات.

(٢) بڕوانە: العلوي، هادي – كتاب التاو، دار المدار، دمشق، ط٢، ٢٠٠٧، ص ٧.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٨.

(٤) بڕوانە: شعبان، عبدالحسين – عامر عبدالله: النار ومرارة الامل "فصل ساخن من فصول الحركة

الشيوعية". برگەیەکە لە کتێبێک بەم زووانە دەردەچێ.

بڕوانە: موقع الافق الاشتراکی، ٤ حزیران (یونیو) ٢٠١٠، جريدة الطريق، بغداد، ايلول (سبتمبر)، ٢٠١٠.

(٥) بڕوانە: شعبان، عبدالحسين – سيمينارێک لە چلەی ماتەمینیی هادی عەلەویدا، تێیدا بیریاری ئیسلامیی کۆچکردوو نەسر حامد ئەبوزەید و توێژەری ئابووری د. کازم حەبیب و یاسین نسەیری ڕەخنەنووس بەشدار بوون، ئێمەش لە لاهایەوە (هۆڵەندا) وانەیەکمان بەناوی "المثقف الكوني وادب الحب – من لاوتسة الى الحلاج ومن المسيح الى ماركس" پێشکێش کرد. لە کتێبە ئیشکالییەکانی هادی عەلەوییش، کتێبی: من تاريخ التعذيب في الاسلام، دار المدي، دمشق، ط٣، ٢٠٠١. هەروەها: الاغتيال السياسي في الاسلام، دار المدى، دمشق، ط٣، ٢٠٠١. خلاصات في السياسة والفكر السياسي في الاسلام، دار المدى، دمشق، ط٣، ٢٠٠١.

(٦) بڕوانە: اوشو، لقاءات مع اناس استثنائيين، ترجمة: د. علي الحداد، دار الخيال، بيروت، ط١، ٢٠٠٩، ص١٠-١٦ و دواتریش.

(٧) بڕوانە: العلوي، هادي – كتاب التاو، سەرچاوەی پێشوو، ص١١. هەروەها بڕوانە: العلوي، هادي – حوار الحاضر والمستقبل، اعداد: خالد سليمان و حيدر جواد، دار الطليعة الجديدة، دمشق ١٩٩٩.

(٨) بڕوانە: التيجاني، محمد عبدالله – الفتح الرباني فيما يحتاج اليه المريد التيجاني، المكتبة الثقافية، بيروت، ط١، ص٧. بەراوردی بکە لەگەڵ: الازهري، الشيخ اسامة السيد، الشمائل المحمدية، ص١٦ و دواتریش.

(٩) بڕوانە: كتاب التوهج العظيم، ص٣ لە هادی عەلەوی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩ و ٢٥٤ وەرگیراوە.

(١٠) بەراوردی بکە لەگەڵ: الانباري، شاكر – المثقف الكوني، مقابلة، صحيفة السفير اللبنانية في ١٩٩٨/٩/٢٥.

(١١) بڕوانە: شعبان، عبدالحسين – المثقف والايديولوجيا، مقارنة لفكرة المثقف الكوني لدي هادي العلوي ومحمد السيد سعيد، محاضرة في جامعة ساوس، لندن ٢٠٠٢.

(١٢) بڕوانە: هادي العلوي – مدارات صوفية، دار المدى، دمشق ١٩٩٧.

(١٣) بڕوانە: العلوي، هادي – المرئي واللامرئي في الادب والسياسة، دار الكنوز الادبية، بيروت ١٩٩٨. هەروەها بڕوانە: شعبان، عبدالحسين – الاسلام وحقوق الانسان، مؤسسة حقوق الانسان والحق الانساني، دار بيسان، بيروت ٢٠٠١.

(١٤) گفتوگۆیەکی تایبەت لەگەڵ هادی عەلەویدا، لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا لە دیمەشق، ئەم گفتوگۆیە لە تشرینی دووەمی ١٩٩٣ لە ماڵەکەی خۆیدا لە دیمەشق لەگەڵ ڕیاز نەعمانیی شاعیردا نوێ بووەوە.

(١٥) بڕوانە: العلوي – المرئي واللامرئي في الادب والسياسة، سەرچاوەی پێشوو.

(١٦) بڕوانە: شعبان، عبدالحسين– المثقف والايديولوجيا، مقارنة لفكرة المثقف الكوني لدي هادي العلوي ومحمد السيد سعيد، محاضرة في جامعة ساوس – لندن ٢٠٠٢

* ئەکادیمی و بیریارێکی عێراقییە، بەرهەمێلێکی زۆری هەن، بنەچەی ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەیەک، توێژەر لە کۆنگرەی دیالۆگی عەرەبی – چینی پێشکێشی کرد، کە لە ٢٠-٢٤ی ئەیلوولی ٢٠١٠دا لە پەکین بەڕێوە چوو.

# نامەیەک لەبارەی لێبووردەیییەوە

ڤۆڵتێر

### بەشی پێنجەم
### چۆن لێبووردەیی قبووڵ دەکرێ؟

پێ لە جەرگی خۆم دەنێم و وای دادەنێم وەزیرێکی عەقڵکراوە و مەرد، یان قەشەیەکی مرۆڤدۆست و دانا، یان پاشایەک کە دەرک بەوە بکات بەرژەوەندیی ئەو لە زۆربوونی ژمارەی لایەنگرانی و نەمریشی لە خۆشگوزەرانیی ئەواندایە، ئەو چاکەیە بکات و چاوێک بەم دەقە تێکڕژاو و کەمتاکورتەدا بگێڕێ، لە هزری ڕووناک و کراوەی خۆی چی پێ باشە بیخاتە سەری و خۆی بدوێنێ: باشە چ زەرەر دەکەم گەر ژمارەیەکی زۆرتر خەڵکی زەحمەتکێش کار بکەن لە چاندن و جوانکردنی ئەم خاکەدا، خێڵەکان گەورە بن و ژمارەیان چەند هێندە بێ، وڵات ئاوەدان بێ و بگەشێتەوە؟

ئەمڕۆ ئەڵمانیا، شتێکی تر نەدەبوو، جگە لە بیاوانێکی چۆڵی پڕ لە ئێسک و پرووسکی ئەنجیلییەکان، پرۆتستانتییەکان، کاتۆلیکییەکان و لایەنگرانی نوێکردنەوەی پاکژی، ئەوانەی بەرودوا یەکتریان سەربڕی، ئەگەر ڕێککەوتننامەی ویستڤالیا[١]، ئازادیی بیروباوەڕی بۆ هەمووان دەستەبەر نەکردایە.

جوو لە هەردوو شاری بۆردۆ و میتنەر لە دەڤەری ئەلزاس هەن؛ لۆسەری، مۆلینی[٢]، جانسینییەکان[٣]یشمان هەیە؛ باشە بۆ کاڵفنییەکانیش قبووڵ نەکەین و دەست بەسەریاندا بێنین، ئینگلیزەکان چۆن مامەڵەی کاتۆلیکییەکانی لەندەن دەکەن، ئێمەش ئەوها مامەڵەی کاڵفنییەکانمان

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدوڕەزاق عەلی.

بکەین؟ ئاخر تا ژمارەی تایەفە و تیرەگەل زیاد بن، مەترسییان لەسەر یەکتر کەم دەبێتەوە؛ فرەیی، لاواز و شانوشەوکەتیان لار دەکات، نەخاسمە، گەر هەر هەموویان بێ جیاوازی لە سایەی یاساگەلێکی قەڵغانئاسادا بژین؛ یاساگەلێک گردبوونەوە بەهەڵاوهوریاکان قەدەخە بکات، ڕێ بەجنێو و ئاشووب نەدات، یاساگەلێکی بەکار کە هێزیان لەوەدا بێ وەک یەک بەسەر هەمووواندا جێبەجێ بکرێن.

ئێمە دەزانین چەندان خێزاندار، ئەوانەیان کە بەهەزار دەردەسەریی غەریبایەتی سامانێکی زۆریان پێکەوە ناوە، ئامادەن بگەڕێنەوە نیشتمانەکەیان. ئەوانە تەنیا داوای پاراستنی یاسای سروشتی دەکەن، داوا دەکەن دان بە هاوسەرێتییەکەیان و ڕەوایی منداڵەکانیاندا بنرێ، مافی میراتگریی باوانیان هەبێ و لە ژیانی خۆیان دڵنیا بکرێنەوە. ئەوانە داوای شوێنی گشتی ناکەن بۆ نوێژەکانیان، داوای مافی وەرگرتنی پلە و پایەی حکوومەتییان نەکردووە: ئاخر کاتۆلیکییەکان لە لەندەن و وڵاتگەلێکی تریش لەو مافانە بێبەشن.

لە بنەڕەتیشدا، کەس داوای دەستکەوتی گەورە و مسۆگەر بۆ توێژێک لە توێژەکان ناکات، بەڵکە بوار بدرێ بە گەل بە دڵنیایی و ئاسوودەیی بژی و سنوورێکیش بۆ ئەو یاسا و ڕێوڕەسمە ڕەقوتەقانە دابنرێ کە جاران پێویست بوون، وەلێ نها چ پاساوێکیان نەماوە. ئەرکی ئێمە نییە پێڕەوی حکوومەت داڕێژین و پێی بڵێین چ بکات و چ نەکات، هێندە هەیە، ئێمە بەناوی ئەو لێقەوماوانەوە هانای بۆ دەبەین.

ڕێگە زۆرە بۆ ئەوەی سوود لەو کەسانە وەرگرین و نەهێڵین ببنە سەرچاوەی مەترسی! دانایی وەزارەت و ئەنجوومەن، بەپاڵپشتیی هێز، وا دەکەن بەسانایی ئەو ڕێگەیانە بگرنە بەر کە پێش ئێمە چەندان نەتەوەی تر گرتیانە بەر و بەرێکی چاکیان لێ چنینەوە.

بێگومان، تا ئێستەش لەنێو پیاوە ناودار و زیرەکەکانی کاڵفنییەکاندا، خەڵکێکی دەمارگیر هەن، بەڵام بێ سێ و دوو، ژمارەی دەمارگیران لەنێو ناوداران و پیاوە زیرەکەکانی دەروێشاندا (حاڵ لێهاتووان)(٤)دا زیاترە.

خۆ ئەگەر بگوترێ گەجەروگوجەرە شێتەکانی شاری سان ـ میدار، بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی نەتەوەکەماندا، هەر هیچ نین، دەبێ بشزانین، بەرانبەر بەوە، گەجەروگوجەرە کاڵفنییەکان لە ڕیشەوەڕا کۆمەڵکوژ کران. چاکترین ڕێگەش بۆ کەمکردنەوەی دەمهەراشەکان، ئەگەر تا ئێستە مابێتن، ئەوەیە؛ واز لەو زەینە نەخۆشە بهێنرێ و خەڵک عەقڵ و هۆش بهێننەوە بەرخۆیان، مەبەست، ئەو عەقڵەیە کە لەسەرخۆ و بەرێکوپێکی بەرچاوی مرۆڤەکان ڕووناک دەکاتەوە، ڕووناککردنەوەیەکی هەمیشەیی.

ئەم عەقڵە؛ جوانە، مرۆڤانەیە، هانی مرۆڤ دەدات نەرمونیان بێ، ئاشووب لە بێشکەدا دەخنکێنێ، دەچێتە ژێر باڵی چاکەکاری، گوێڕایەڵی بۆ یاساکان خۆشەویست دەکات زیاتر لە هێز و چاوسوورکردنەوە. دواتر، باشە نابێ ئەوەشمان لە بەرچاو بێ، دەمارگیری و هەڵەشەیی، بوونەتە

مایەی گاڵتەجاڕیی خەڵکە بەشەرەفەکە؟ ئا ئەم گاڵتەجاڕییە، بووەتە ئاستەنگ لە بەردەم ئەو سەرچیخچوون و بێ سەروبەرییەی ئاخری ڕۆژێک هەموو ئەوانەی تێ دەکەوێ کە خۆمانە خۆمانە و مەزەبچێتی دەکەن. لاپەڕەکانی ڕابردوو هەڵدرانەوە، وەک ئەوەی هەر نەبووبن وایە. بۆیە پێویستە لەسەرمان، هەردەم لەو خاڵەوە دەست پێ بکەین کە پێی گەیشتووین، ئەو جێیەی میللەتانی تری پێ گەیشتووە.

ڕۆژێک لە ڕۆژان، دەزگە پێوەندیدارەکان لەو باوەڕەدا بوون، هەر کەسێک لە مەزەبێک فێری خەڵک بکات کە لەگەڵ گوتەکانی ئەرستۆ، لەگەڵ ترس لە چۆڵی و چییەکان و گشتبوونی بەشدا، نەیەتەوە، دەبێ بدرێتە دادگە. لە ئەوروپا زیاتر لە سەد کتێبی ئیجتیهادی قەزاییمان هەیە لەبارەی سیحرەوە، هەروەسا لەبارەی ڕێگەکانی جیاکردنەوەی سیحربازە جادووگەرەکان و سیحربازە ڕاستەقینەکانەوە. زۆرجار گوێمان لێ بووە، کوللە و هەموو ئەو مێروانەی زیان بە بەروبوومی کشتوکاڵی دەگەیەنن، بەر نەفرەتی کڵێسا کەوتوون؛ ئەم نەریتە، لە چەندان سرووتی ئاینیدا ماوەتەوە، بەڵام بەگشتی، ئەو داوونەریتانە، بوونەتە موڵکی ڕابردوو، ئێستە وامان لێ هاتووە، وازمان لە ئەرستۆ هێناوە، هەروەها سیحرباز و کوللە.

نموونەی ئەو سەرلێشێواویانە، ڕۆژگارێک هێندە بەهەڕمێن بوون، نایەنە ژماردن؛ گەر ئێستەش جار ناجارێک، باویان دێتەوە، کەفوکوڵێکە و دادەمرکێتەوە. خۆ ئەگەر کەسێک بیەوێ کاربۆکراتی[٥] یان ئۆتیخی[٦] بێ، یان لەوانە بێ کە باس لە تاک ئیرادەی یان تاک سروشتی دەکەن[٧]، نەستووری یان مانەوی[٨] بێ، چی ڕوو دەدات؟ خەڵک گاڵتەی پێ دەکەن، هەمان ئەو گاڵتەیەی بەکەسێکی دەکەن کە لەم ڕۆژگارەدا، جلکێکی مۆدێلی کۆن لەبەر دەکات.

خەریک بوو خەڵکەکە چاویان دەکرایەوە، لەولاوە، دوو بابی یەسووعی، لوتلیێ[٩] و دوسان[١٠]، ئەو "بێبەریکردنە"یان نووسی کە ناویان لێ نابوو ئونیگنتوس[١١] UNIGENTUS و ناردیان بۆ ڕۆما.

وا سەریان لێ تێک چووبوو، دەتگوت لە سەردەمە تاریکەکاندا دەژین، ئەو ڕۆژەی، گەلان بێ لێکدانەوە و وردبوونەوە، دەکەوتنە دوی ئەو قسە هەرزانانە. ئەو دووانە، ڕێیان بەخۆیان دا و داوایان لە خەڵک کرد دەستبەرداری ئەو بنەوایە بن کە مرۆڤ دەبێ لە هەموو دۆخ و سەردەمەکاندا پارێزگاری لە مرۆڤبوونی خۆی بکات، ئەو بنەوایەی دەڵێ: "نابێ ترس لە نەفرەتی کڵێسا وا لە مرۆڤ بکا ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ نەکا".

ئا ئەم داوایە، وەک فرێدانی عەقڵ و وەلانانی ئازادییەگەلی کڵێسای گالیکانی وابوو، هەروەها بنچینەکانی ئاکاریش.

ئەو دووانە، بەو داوایەیان، وەک ئەوەی بە مرۆڤەیلی دنیا بڵێن: خوا فەرمانتان پێ دەکا، ئەرکەکانتان جێبەجێ مەکەن ئەگەر لە زوڵم و ستەم ترسان. هەرگیز بەو ڕووقایمییەوە تانە لە عەقڵی کامڵ، نەدراوە. بەڵام ڕاوێژکارە لاهووتییەکانی ڕۆما، سەرنجی ئەوەیان نەدا، ئەوە بوو

دەوروبەرەکەی ڤاتیکانیشیان بردە سەر ئەو بڕوایەی گوایە ئەو "بێبەریبوونە" ویستی خەڵکەکەیە. ئەوە بوو؛ ئیمزا کرا، مۆر کرا و بڵاو کرایەوە؛ ئەو ئەنجامانەشی لێ کەوتەوە کە دەیزانین.

بەدڵنیاییەوە، هەر کەسێک مەزەندەی ئەو ئەنجامانەی بکردایە؛ بێبەریبوونەکە، هەموار دەکرا، زمانەکەی نەرمتر دەکرا: ئاخر ئەو مشتومڕ و پێکهەڵپژانەی بەرپای کرد، تا بڵێی توند بوو، هێور و خاویش نەدەبووەوە گەر دووربینی ئەو پاشا پیاوچاکە نەبووایە.

زۆربەی پرسەکانی نێوان ئێمە و پرۆتستانتەکان، هەر وایە: هێندێکیان هیچی وایان لێ ناکەوێتەوە، وەلێ هێندێکی تریان، جێی مەترسین؛ بەڵام ئەو هەلا و شەڕوشۆڕەی لێیان کەوتەوە، ئێستە خاو بووەتەوە تا ئەو ئاستەی پرۆتستانتەکان بۆ خۆیان، زۆر پێ داناگرن لەسەر مشتومڕ و دەمەدەمێ لە هیچ کام لە کڵێساکانیاندا.

کەواتە، ئەم ڕۆژگاری دڵت یەکەلاتن و تێرییەی ئەمڕۆ، یان ڕوونتر بڵێم ئەم ڕۆژگاری عاقڵبوونەی ئەمڕۆ، لەوانەیە هەر بەردەوام بێ، گەر وەک ڕۆژگاری جێگیریی گشتی و زامنی جێگیرییەکە، لێکی بدەینەوە. ئاخر دەردی شەڕەقسە لە دوا قۆناخیدایە؛ ئەم تاعوونەی لێی چاک بووینەوە، لە پارێزێکی کەم زیاتری پێویستە. دواجار، بەرژەوەندیی وڵات بەتایبەتی، پێویستی بەوەیە، کۆچپێکراوان بێ هەراوهوریا بگەڕێنەوە زێدی خۆیان: هەستی مرۆڤانە داوای ئەوە و عەقڵیش وا ڕێنوێنیمان دەکات، سیاسەتیش بەم هەنگاوە، دووچاری هیچ مەترسییەک نابێتەوە.

## بەشی شەشەم
## ئاخۆ دەمارگیری یاسایەکی سروشتی و یاسایەکی مرۆڤانەیە؟

یاسای سروشتی، ئەو یاسایەیە کە سروشت بۆ سەرلەبەری مرۆڤەکانی دادەنێ. هەر کەسێک کوڕەکەی خۆی پەروەردە کرد، ئەو ڕێزەی لێ دەگیرێ کە شایستەی هەموو باوکێکە، لە بەرچاوبوون و وەفا، ئەرکی هەموو مرۆڤێکە بەرانبەر ئەوانەی چاکەیەکیان لەگەڵیدا کردووە؛ ئەوەی پارچەیەک زەویی بەدەست و بازووی خۆی بچێنێ، بەربوومەکەی مافی خۆیەتی؛ ئەوەی بەڵێنێکی دا، دەبێ بیباتە سەر؛ ئەوەی کە بەڵێنێکی پێ درا، مافی خۆیەتی چاوەڕێی جێبەجێکردنی بەڵێنەکە بێ.

یاسای مرۆڤانە، ناتوانرێ دابڕێژرێ بەگوێرەی یاسای سروشتی نەبێ؛ بنەوای هەرە مەزن، بنەوای گشتیی تێکڕای یاساگەلە لە هەموو دنیادا، کە پوختەکەی بریتییە لە: "کارێک بەرانبەر خەڵک مەکە کە ناتەوێ دەرهەقت بکرێ". ڕاستییەکەی، ئێمە تێ ناگەین چۆن مرۆڤ لە سەرینی ئەم بنەوایەوە بە مرۆڤێکی تر بڵێ: "باوەڕ بێنە بەوەی من باوەڕم پێیەتی و بەوەی تۆ باوەڕت پێی نییە، دەنا چارەنووست مردنە". دروست ئا ئەمەیە لە پورتوگال و ئیسپانیا و گوا[١٢] بەخەڵک دەگوترێ. بەڵام لە وڵاتانی تر، هێندە دەگوترێ: "باوەڕ بێنە دەنا دەتبوغزێنم؛ باوەڕ بێنە دەنا چی خراپە پێت دەکەم؛ شتە پیس مادام باوەڕت بەئاینەکەی من نییە، کەواتە بێ ئاینی و حوکمی

پێشوەختە دراوی، بۆیە، هاوسێکانت، شارەکەت، دەڤەرەکەت، ڕقیان لێت دەبێتەوە".

خۆ ئەگەر یاسای سروشتی ڕێگەی بەم جۆرە ڕەوتارە بدایە، دەبوو ژاپۆنی ڕقی لە چینی بێ، ئەو چینییە لای خۆیەوە ڕقی لەو سیامییانە ببێتەوە کە داوا دەکەن لە دوی گانگاریدییەکان[١٣] نەبنەوە، ئەوانیش داخی خۆیان بەدانیشتوانی هیندۆسی دەرێژن؛ هەروەها، مەنگۆلییەکان، چەقۆکەیان لە سنگی یەکەمین مالاباری[١٤] ڕۆکەن کە دەیبینن، مالابارییەکان، فارسەکان سەربڕن، فارسەکان، چی خراپە بە تورکان بکەن؛ هەر هەموویان بکەونە سەروگوێتەڵاکی مەسیحییەکان کە کەمیان بەیەکتر نەکردووە.

ماف لە دەمارگیریدا، مافێکی بەرەڵایانە و هۆڤییانەیە؛ وەک مافی پڵنگانە و لەویش بێزەوەرتر؛ پڵنگ کەڵبەکانی لە گۆشت گیر ناکات بۆ خواردن نەبێ، بەڵام ئێمە یەکتریمان نەهێشت لە پێناو چەند دێڕێکدا کە لێرە و لەوێ نووسراون.

## بەشی حەوتەم

## ئاخۆ ئەغریقییەکان دەمارگیرییان دەزانی؟

بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لە مێژووی گەلان بۆمان ماوەتەوە، هەر هەموویان کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە ئاینە جیاوازەکانیان، وەک ڕایەڵەی نێوانیان بووە: ئاینەکان وەک پردی پێکەوە بەستنەوەی مرۆڤەکان بووە. دەبینین ڕێزگرتنی میوان و میوانداری تەنانەت لە نێوان خوداوەندەکانیشیاندا پێڕەو کراوە وەک چۆن لە نێوان خۆیاندا پێڕەویان کردووە. بۆ نموونە ئەگەر میوانێک سەردانی شاری "تەفەق"ی بکردایە، خوداوەندی ئەوێی دەپەرست. گەلان خوداوەندی دوژمنەکانیشیان بەپیرۆز دەزانی و ڕێزیان لێ دەگرتن. تەروادییەکان، نزا و نوێژەکانیان بۆ هەمان ئەو خوداوەندە بوو کە یارمەتیی ئەغریقییەکانی دەدا لە شەڕدا.

ئەسکەندەری گەورە ڕووی لە ساراکانی لیبیا کرد تا ڕاوێژ بە "ئامون"ی خوداوەند بکات، ئەوەی ئەغریقییەکان "زویس"یان پێ دەگوت و لاتینییەکانیش "جۆبیتێر"، لەگەڵ ئەوەی لای خۆیان "زویس" و "جۆبیتێر"یان هەبوو دەشیانپەرستن. کاتێک سوپایەک گەمارۆی شارێکی دەدا، نوێژ و قوربانییان بۆ خوداوەندەکانی ئەو شارە دەکرد تا لێیان ڕازی بن و پشتیوانییان بکەن. کەواتە، لە گەرمەی شەڕیشدا، ئاین خەڵکی گرد دەکردەوە، هێوری دەکردنەوە، ئەگەرچی جارجارێکیش بووەتە هۆکاری ڕەوتاری نامرۆڤانە و بێزەوەر.

لەوانەیە بەهەڵەدا چووبم؛ بەڵام پێم وایە، گەلێک نییە لە گەلە دێرینە شارستانییەکان، ڕێی لە ئازادیی فیکر گرتبێ. هەر نەتەوە، ئاینی خۆی هەبوو؛ لەو بڕوایەدام ئەو ڕۆژگارە، خەڵکەکە مامەڵەی خوداوەندەکانیان چۆن دەکرد، مامەڵەی یەکتریشیان ئەوها دەکرد: سەرلەبەریان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە خوایەکی باڵادەست هەیە، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر زۆر خوداوەندی لەو خوارتریان دەکردە هاوبەش؛ تەنیا یەک جۆر پەرستن هەبوو، ئەگەرچی ڕێ بەژمارەیەکی لە بن

نەهاتووی شێوازەکانی پەرستن دەدرا.

ئەغریقییەکان، بۆ نموونە، هەرچەندە ئاینیان زۆر قایم بوو، بەڵام هەرگیز ڕێیان لە نکووڵیکردنی پشتیوانیی خوداوەند و بوونی خۆ (نەفس) نەدەکرد. ئەوە باسی ئەو هەموو کۆمەڵە و بنەچانە ناکەم کە هەموویان لەو بیرە ڕاست و ڕەوانە لایان دابوو کە دەبێ مرۆڤ دەرهەق بەخوای پەروەردگار هەیبێ؛ کەچی هەموو ئەو گرووپ و کۆمەڵانە، ڕێگەپێدراو یان چاو لێپۆشراو بوون.

سوکرات، کە گەیشتە بەرزترین پلەکانی خواناسی، باجی ئەوەشی دا، وەک دەگوترێ، سوکرات شەهیدی باڵایی و بێهاوتاییی خوایە: تاکە مرۆڤە کە ئەغریقییەکان سەبارەت بەبۆچوونەکانی کوشتبێتیان. خۆ ئەگەر ئەوە ڕاست بێ، هەرگیز مایەی شکۆمەندی نییە بۆ دەمارگیری، چونکە ئەو کەسەی بەتاقی تەنیا خوای بەباڵادەست و نەمر دەناسی، خراپترین سزا بدرێ، کەچی، بەپێچەوانەوە، ئەوانەی نزمترین چمکیان پێش خوایەتی دەخست، پاداشت بکرێن. بۆیە، بۆ دوژمنەکانی لێبووردەیی، وا چاکە، خۆیان لەو نموونە ناشیرینە ببوێرن کە دادوەرەکانی سوکرات پێشکێشیان کرد.

بێگومان، هەرچۆنێک بێ، سوکرات، بووە قوربانیی گەلەکۆمەکێی خەڵکێکی تووڕە و توند: ئاخر سوکرات، دوژمنێکی زۆری بۆ پەیدا بووبوو لەنێو وتاربێژ و شاعیران و وتەبێژاندا، ئەوانەی لە قوتابخانەکاندا وانەبێژ بوون، تەنانەت لەنێو پەروەردەکارانی منداڵی بنەماڵە خواپێداوەکاندا. سوکرات خۆی دەیگوت لەو وتارەدا کە ئەفلاتوون لە زارییەوە دەیگێڕایەوە، ئەو ماڵ بەماڵ دەگەڕا تا بەو پەروەردەکارانە بڵێ ئێوە نەزانن. ئەڵبەت، ئەو ڕەوتارە لە کەسێک نەدەوەشایەوە کە زانایەک نازناوی "داناترین مرۆڤ"ی لێ نابوو. ئەوە بوو پیاوێکی ئاینی و ڕاوێژکارێکی ئەنجوومەنی پێنجسەدی(١٥)، سەریان کرد بەیەکدا و دەنگیان کرد بەیەک بۆ تۆمەتبارکردنی؛ ناشزانم، تۆمەتەکەی بەڕاستی و بەوردی چ بوو، چونکە دا نیپێدانانەکەی سوکرات خۆی زۆر ڕوون نییە؛ بەکورتی، ئەوەی لەو بەرگری لەخۆکردنەی بەردەم دادوەراندا(١٦) دەردەکەوێ: سوکرات، تۆمەتی بڵاوکردنەوەی بۆچوونی دژ بە ئاین و دەسەڵاتی بەنێو گەنجاندا دراوەتە پاڵ. ئەوەش تۆمەتێکە؛ هەردەم مرۆڤە زمان لێدەر و بوختانچییەکان پەنای بۆ دەبەن لە سەرانسەری دنیادا.

ڕاستییەکەی، دەبێ دادگە پشت بە بەڵگەی ڕوون ببەستێ و ڕەگەزەکانی تاوانبارکردنەکە، دیاریکراو و ورد بن: لە دادگەکردنی سوکراتدا ئەمەمان نەبینی؛ هێندە دەزانین، سەرەتا دووسەد و بیست دەنگ، لایەنی سوکراتیان گرت، ئەمەش مانای وایە، لە ئەنجوومەنێکی پێنجسەد کەسیدا، دووسەد و بیست فەیلەسووف هەن: ئەم ڕێژەیەش، لە هیچ ئەنجوومەنێکی تردا دەست ناکەوێ، بەڵام ئەوە بوو دواجار هەر زۆرینە بڕیاری خۆی دا کە سوکرات ژەهر بخواتەوە. وەلێ نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ، کاتێک دانیشتوانی ئەسینا هاتنەوە هۆش خۆیان، لۆمەی دادوەرەکانیان کرد و نەفرەتیان لە حوکمەکەیان کرد، مالیتس، کە بەرپرسیاری یەکەمی ئەو حوکمە بوو، بەهۆی ئەو ستەمەوە لە سوکراتی کرد، حوکمی مردن درا، ئەوانەشی هاوڕا و هاوکاری بوون، لە ئەسینا

شاربەدەر کران، هەر بەیادی سوکراتیشەوە، پەرستگەیەک لە ئەسینا دروست کرا. ئەم نموونەیەی سوکرات، دواجار، بەهێزترین و تۆقێنەرترین پاساوە بە رووی دەمارگیریدا. ئەسیناییەکان، پەیکەرێکیان هەبوو تایبەت بە خوداوەندە بیانییەکان، واتە؛ بەو خوداوەندەی نەیاندەزانی هەیە. بڵێی بەڵگەیەکی لەوە بەهێزتر هەبێ لەسەر لێبووردەییان بەرانبەر نەتەوەکانی تر، نەک هێندە بگرە رێزگرتنی ئاینەکانی تر؟

کەسێکی سەنگین کە دوژمنی عەقڵ و ئەدەب و پاکێتی و نیشتمان نییە، بەم دواییانە هەر بەئەنقەست، لە میانی پاساوهێنانەوەدا بۆ کۆمەڵکوژییەکەی جەژنی قدیس بارتلیمی، شەڕی "فوقییەکان"(١٧)، بەنموونە دەهێنێتەوە و بە "شەڕی پیرۆز" ناوی دێنێ، وەک ئەوەی ئەو شەڕە بەهۆی ئاین، بیروباوەڕێک یان پاساوگەلێکی لاهووتییەوە، بەرپا بووبێ، ڕاستییەکەی، ئەو شەڕە لەسەر موڵکایەتیی کێڵگەیەک بوو، ئەمەش هۆکاری تێکڕای شەڕەکانە. ئاخر هەرگیز پەڵەگەنمێک، نیشانەی بیروباوەڕێک نییە، ڕاستت دەوێ، یەک شاری ئەغریقی نییە لە پێناو بیر و بۆچووندا شەڕی کردبێ. کەواتە دواجار ئەم پیاوە خاکییە جوانە مەبەستی چییە؟ دەیەوێ شەڕێکی پیرۆز بەرپا بکەین؟

## بەشی هەشتەم

## چی دەبوو گەر ڕۆمانەکان لێبووردە بوونایە؟

لای ڕۆمانە کۆنەکان، لە سەردەمی "ڕۆمۆلۆس"(١٨)ەوە، تا ناکۆکی کەوتە نێوان مەسیحییەکان و کاهینەکانی ئیمپراتۆرییەتەکەوە، هەرگیز مرۆڤێک سەبارەت بە بیر و بۆچوونەکانی نەچەوسێنراوەتەوە. ئەوە شیشرۆن(١٩) بۆ نموونە، گومانی لە هەموو شتێک هەبوو، لۆقراسیۆس(٢٠)، سەرلەبەری شتەکانی ڕەت دەکردەوە، کەچی ساناترین لۆمە نەکران. لەوانیش واوەتر، بلینۆسی(٢١) سروشتناس، پێی لە جەرگی نا و کتێبەکەی بەڕەتکردنەوەی خوا و پێداگرتن لەسەر خوایەتی "ڕۆژ"، دەست پێ کرد. شیشرۆن، لە کاتی قسەکردن لەبارەی شانشینی دنیای ژێرەوە دەڵێ: "یەک گێل نابینی بڕوای بەبوونی هەبێ". لۆینالیس(٢٢) واوەتریش دەڕوا و دەڵێ: "منداڵیش باوەڕی بەوە نییە". سروودبێژانی شانۆی ڕۆما هاواریان دەکرد:

"پاش مردن هیچ شتێک نییە

مردنیش، بۆ خۆی، هیچ نییە"(٢٣).

با وای دابنێین ئەم قسانە زۆر خراپن یان با لێیان خۆش بین لەنێو گەلێکدا کە هێشتا تیشکەکانی ڕووناکی، نەگەیشتبوونە مێشکی؛ با بڵێین هەڵەن و خەڵکیش بەهەڵەدا دەبەن، نەخێر کوفرن، بەڵام دواجار هەر دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ڕۆمانەکان تا دەست هەڵگری، لێبووردە بوون، چونکە ئەو قسانە هیچ دڕدۆنگی و نارەزاییەکی لێ پەیدا نەبوو.

پوختەی بنەوای باڵا بەلای ئەنجومەنی پیران و گەلی ڕۆمانەوە بڕێتی بوو لە: "تەنیا خوداوەند

خۆی پێوەندیدارە بەو سووکایەتییانەی پێی دەکرێ". ئەم گەلە جەربەزەیە، تەنیا بیری لای گرتنی دنیا و حوکمکردنی و دەستگرتنێتی بەرەو شارستانییەت. ڕۆمانەکان، هاوزەمان، داگیرکەر و یاسادانەریشمان بوون؛ قەیسەر[٢٤] کە مەرج و یاسا و یارییەکانی فێر کردین، ناچاری نەکردین لە پێناویدا، دەستبەرداری کاهینەکانمان بین[٢٥]، سەرەڕای ئەوەی پاشای هەرە مەزنی نەتەوەی سەرکاری (أمة سيدة) ئێمە بوو.

ڕۆمانەکان خودانی هەموو ئاینەکان نەبوون، ڕەوایەتیشیان لە هەمووان وەرنەدەگرتەوە؛ بەڵام بێ جیاوازی ڕێیان بەهەموویان دەدا. لە سەردەمی نۆما[٢٦]دا، هیچ بابەتێکی مایەکییان نەبوو بیپەرستن، نە مەزار و نە پەیکەر، بەڵام دواتر نوێژیان بۆ دوازدە خوداوەندەکە دەکرد کە ئەغریقییەکان بۆیان هێنان. ڕاستە یاسای دوازدە تەختی، دەڵێ نابێ خوداوەندێکی بیانی بپەرستی و ئاینی گشتی، تەنیا پەرستنی خوداوەندی مەزنە کە ئەنجوومەنی پیران دانی پێدا ناوە. بەڵام ئەمە ڕێی لەوە نەگرت، ئیزیس، پەرستگەی هەبێ لە ڕۆما، ئەو پەرستگەیە مایەوە تا سەردەمی تیباریۆس[٢٧] کە فەرمانی ڕووخاندنی دا، چونکە کاهینەکانی پەرستگەکە، خۆیان ناپاکییان کرد. ئەوە بوو بەرتیلیان لە مۆندۆس[٢٨] وەرگرت و ڕێیان پێ دا گوایە خوداوەند ئەنۆبیسە، لەنێو پەرستگەکەدا لەگەڵ ئافرەتێک بەنێوی پاولینا بخەوێ. ئەوی ڕاست بێ، تەنیا یۆسیفۆس[٢٩] ئەم چیرۆکەی گێڕاوەتەوە کە تێیدا نەژیاوە و زۆر خۆشباوەڕ و حەزی لە زێدەڕۆییش بووە. ڕاستت دەوێ، کەمێک گرانە بڕوا بکەین ئافرەتێک لە خانەدانانی سەردەمی تیباریۆسی کراوەدا، هێندە گێل بووبێ لەگەڵ پیاوێکدا بخەوێ و پێی وابێ لەگەڵ خوداوەندێکدا دەخەوێ.

جا ئەم چیرۆکە ڕاست بێ یان نا، ئەوەیان ڕاستییە کە پەرستگەیەک لەنێو ڕۆمادا بۆ خوداوەندێکی میسری دروست کراوە و بە ڕەزامەندیی هەموو لایەکیش. لە ڕۆما، جوو، لە ڕۆژگاری شەڕی بوونییەکانەوە[٣٠]، بازرگانییان دەکرد؛ لە سەردەمی ئۆگستۆسدا، کڵێساگەلێکیان بۆ خۆیان بنیات نا، ئەو کڵێسانە تا ڕۆمای نوێش، هەر مانەوە، بڵێی بەڵگەی لەمە ڕوونتر هەبێ کە ڕۆمانەکان، لێبووردەییيان بە بڕگەی هەرە پیرۆزی یاسای ژیان لە قەڵەم دەدا؟

پێمان گوترا مەسیحییەکان لە یەکەمین ڕۆژی دەرکەوتنیانەوە، چەوسێنراونەتەوە، لەلایەن ڕۆمانەکانەوە کە هەرگیز کەسیان نەچەوساندووەتەوە. لای من ڕوون و ئاشکرایە، ئەم قسەیە ڕاست نییە؛ بەڵگەشم، قدیس پۆڵس خۆیەتی. "کارەکانی پەیامبەران"[٣١] پێمان دەڵێ، قدیس یەعقووب پێشنیازی کرد بۆ قدیس پۆڵس (کە جوو تۆمەتباری دەکەن بەوەی هەوڵی داوە بەنێوی یەسووعی مەسیحەوە شەریعەتی مووسایی لە نێو بەرێ)، سەری بتاشێ و لە پەرستگەکەیدا لەگەڵ چوار جوو، خۆی پاکژ بکاتەوە، "تا سەرلەبەری دنیا بزانێ ئەوەی لە بارەتەوە دەگوترێ ڕاست نییە و تۆ تا ئێستە پارێزگاری لە شەریعەتی مووسایی دەکەی".

بەو شێوەیە، پۆڵسی مەسیحی، حەوت ڕۆژان هەرچی سرووتی جوان هەیە جێبەجێی کردن؛ وەلێ بەر لەوەی حەوت ڕۆژەکە تەواو بێ، جوولەکەگەلێکی ئاسیایی ناسییانەوە؛ دەبینن کە دەچێتە

نێو پەرستگەکەوە هەر تەنیا جوو هاوڕێی نین، بەڵکە "غەوارە"[٣٢]شی لەگەڵدان، ئەوەش بەلای ئەوانەوە پێشێلکردنی پیرۆزیی شوێنەکەیە؛ گرتیان و ڕاپێچی بەردەم دادگەی فلیسیان کرد؛ دواتر بۆ بەردەم دادگەی فستۆس[٣٣]. جوو، کۆدەنگ بوون لەسەر لەداردانی؛ فستۆس وەڵامی دانەوە: "ئەوە ڕۆمانەکان نین مرۆڤێک حوکم بدەن، پێش ئەوەی تۆمەتبار بەرەوڕووی تۆمەتکارانی ببێتەوە و دەرفەتی بەرگری لەخۆکردنی پێ بدرێ".

ئا ئەم دەستەواژەیە، گرینگییەکەی لەوەدایە، هی دادوەرێکی ڕۆمانییە کە پۆڵس بەهیچ نازانێ، بگرە بێزی لێ دەبێتەوە: ئەوە بوو خۆی پێ عاقڵ بوو، سەری لێ شێوا و بەشێتی دەزانی، بگرە ڕاستڕاست دەیگوت، ئەوە شێت بووە[٣٤]. کەواتە کاتێک، فستۆس، کابرایەکی نەناسی پاراست، هیچی نەکرد جگە لە پێڕەوکردنی دادپەروەریی شەریعەتی ڕۆمانی نەبێ.

ئەوەتا ڕوحی قودس خۆی ڕای دەگەیەنێ کە ڕۆمانەکان چەوسێنەر نەبوون، بەڵکە بەویژدان بوون. ئاخر جوو، نەک ڕۆمان، لە قدیس پۆڵس هەڵگەڕانەوە، بەفەرمانی جوویەکی سدووقی[٣٥]، نەک بەفەرمانی ڕۆمانییەک، قدیس یەعقووبی برای یەسووع، بەردباران کرا. هەروەسا ئەوە تەنیا جوو بوون، قدیس ئیستیفانیان[٣٦] بەردباران کرد، کە قدیس پۆڵسیش کەلوپەلەکانی جێبەجێکارانی پاراست، بەدڵنیاییەوە وەک هاووڵاتییەکی ڕۆمانی هەڵسوکەوتی نەکردووە.

وا دیارە، مەسیحییە کۆنەکان، ڕکابەرییەکیان لەگەڵ ڕۆمانەکان نەبووە؛ هیچ دوژمنێکیشیان نەبووە، جووەکان نەبێ کە بەرەبەرە لێیان جیا دەبوونەوە. ئاخر هیچ کینەیەک ناگاتە ئەو کینەیەی لایەنگرانی ئاینێک بەرانبەر ئەوانە هەیانە کە لە ئاینەکەیان جیا دەبنەوە. بێگومان، مقۆمقۆیەک کەوتە نێو کلێساکانی ڕۆماوە؛ سویتۆنیۆس[٣٧]، لە کتێبەکەیدا "ژیانی کلاودیۆس"(بەشی بیست و پێنجەم) باسی دەکات. دەڵێ "ئەو جووانە لە ڕۆما دەرکران کە بەدەست لەپشتدانی کەسێک بەناوی مەسیح، بەردەوام یاخی دەبوون"[٣٨].

پێ دەچێ سویتۆنیۆس، بەهەڵەدا چووبوو کە ئەو مقۆمقۆیەی دەخستە ئەستۆی مەسیح: ڕاستییەکەی، نەیدەتوانی ئاگەداری وردەکاریی ژیانی گەلێکی وەک گەلی جوو بێ کە ڕۆما ڕقی لێی دەبووەوە؛ بەڵام، لە بەرانبەردا، لە بارەی هۆکاری ئەو شەڕەوە بەهەڵەدا نەچووبوو. ئاخر سویتۆنیۆس، ئەوەی لە سەردەمی هەدریانۆس[٣٩]دا، نووسیوە، لە سەدەی دووەمی زایندا، واتە؛ ئەو ڕۆژگارەی ڕۆمانەکان هێشتە مەسیحییەکانیان لە جووەکان جیا نەدەکردەوە. ئەو بڕگەیەی وەک نموونە لە کتێبەکەی سویتۆنیۆس هێنامانەوە، بەڕوونی دەری دەخات، ڕۆمانەکان، مەسیحییە کۆنەکانیان نەچەوساندووەتەوە، بگرە بەپێچەوانەوە، لەو جووانەیان دا کە مەسیحییەکانیان دەچەوسانەوە. دوای ئەوە، کلێسای ڕۆما ویستی لێبووردە بێ دەرهەق بەو برایانەی جیا بوونەتەوە، وەک چۆن ئەنجوومەنی پیران، لێبووردە بوو لەگەڵیاندا. ئەوە بوو هەر خێرا جووە دەرکراوەکانی ڕۆما گەڕانەوە، بگرە گەیشتنە پلە و پایەی زۆر بەرز، سەرەڕای ئەوەی یاساکان ڕێگەی پێ نەدەدان: دیۆن کاسیۆس و ئۆلپیانۆس، وا دەگێڕنەوە[٤٠].

باشە دەچێتە عەقڵەوە، پاتریارکەکانی ڕۆما کە پاش وێرانکردنی قودس، پلە و پایەی بەرزیان ڕژاند بەسەر جووەکاندا، مەسیحییەکان بچەوسێننەوە و کردویانن بەخۆراکی خوێنمژ و درندەکان لە کاتێکدا بە بەشێکیان لە جوو دادەنان؟

لەوانەیە بگوترێ نیرۆن مەسیحییەکانی چەوساندووەتەوە؛ وەک تاقیتۆس دەڵێ(٤١)، ئەوانە بە سووتاندنی ڕۆما تۆمەتبار بوون و ڕادەستی گەلێکی تووڕە کران. ئاخۆ تۆمەتبارکردنیان، سەبارەت بەبیروباوەڕیان بوو؟ وا پێ دەچێ، نەخێر. دەکرێ لەبارەی ئەو چینیانەوە، کە هۆڵەندایییەکان پێش چەند ساڵێ لە قەراغ شاری باتاڤیا(٤٢) سەریان بڕین، بڵێین قوربانیی ئاینەکەیان بوون؟ چەند حەزمان لێ بێ خۆمان بەهەڵەدا بەرین، مەحاڵە ئەو کارەساتەی بەسەر هێندێک نیوچە مەسیحی و نیوچە جوودا هات لە سەردەمی نیرۆندا، هۆکارەکەی ئاین بووبێ.

پەڕاوێزەکان:

١- ڕێککەوتننامەی ویستڤالیا: ئەو ڕێککەوتننامە یان بەڵێننامەیەیە کە کۆتای بە شەڕی سی ساڵە و شەڕی هەشتا ساڵەی نێوان وڵاتە کاتۆلیکییەکان و وڵاتانی ئەوروپا هێنا. لە ٢٤ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٦٤٨دا ئیمزا کرا. گرینگترین بڕگەکانی: دانان بوو بەبوونی سێ مەزەب: کاتۆلیکی، لۆسەری، کالڤنی لە ئیمپراتۆرییەتی جێرمانیی ڕۆمانیی پیرۆزدا، دواجار بنەوای (پرەنسیپی) سەروەریی دەوڵەتی نەتەوەیی وەک بنچینەیەک بۆ یاسای نێودەوڵەتی، پەسند کرا، ئەوەش؛ هەڵوەشاندنەوەی بنەوای "مافی دەستێوەردانی بەهێزی لە کاروباری بێ هێزدا"ی لێ کەوتەوە. (و . ع).

٢- مۆلینییەکان: لایەنگرانی یەسووعی ئیسپانیایی لویز مۆلینا ( ١٥٣٥ _ ١٦٠١) کە بۆچوونەکانی لەبارەی خێروبێری خواوە، مەزەبی "دڵنیایی"ی لێ کەوتەوە، دڵنیایی، مەزەبێکی سۆفیزمە کە پێی وایە؛ کەماڵ، لەسەر خۆشەویستیی خوا و ئاسوودەییی دەروون دەوەستێ. (و . ع).

٣- جانسینییەکان: لایەنگرانی لاهووتیی هۆڵەندایی کۆرنیلۆس جانسینیۆس (١٥٨٥ _ ١٦٣٨)، دەیگوت، ڕزگاربوون تەنیا بۆ کۆمەڵێک خەڵکە کە لە خەڵکەکەی تر لە پێشترن. ڕاستە ئەم بزاوە لە هەریەک لە هۆڵەندا و ئیتاڵیا بڵاو بووەوە، بەڵام بنکە سەرەکییەکەی هەر فرەنسا بوو، ئەوە بوو لەگەڵ یەسووعییەکاندا، لێکیان دا. بەهۆی لێهاتوویی و کاریگەریی دێری "بۆر _ ڕۆیال"ەوە، ئەم مەزەبە پەرەی سەند. (و . ع).

٤- دەروێشان یان حاڵلێهاتووان (المختلجين): گرووپێکی ئاینیی مەسیحی بوون کە سرووتە ئاینییەکانیان هێندێک پێڕەوی دەروێشانەی* وەک حاڵلێهاتنی تێدا بوو. شاری سان _ میداری فرەنسا، بنکەی سەرەکییان بوو، لە گۆڕستانەکەی ئەوێندەر گرد دەبوونەوە بۆ ئەنجامدانی سرووتە دەروێشانەکانیان، باسیان لە پێشاندانی هێنێک موجیزە (کەسنەکردە _ معجزە)، دەکرد. (و . ع).

* لە جیاتیی (المختلجين _ اختلاج)، دەروێشان و حاڵلێهاتنم بەکار هێناوە، چونکە وشەیەکی پڕ بەپێست و گونجاوترم نەدۆزییەوە، هەروەها وەک لە لێکدانەوەکەی وەرگێڕی عەرەبی تێگەیشتم، زۆر لە حاڵلێهاتن و دەروێشایەتییەکەی خۆمانەوە نێزیکە، ئەگەر ئەو نەبێ.

٥- کاربۆکراتییەکان: بەناوی کاربۆکراتسی فەیلەسووفەوەیە. کاربۆکراتس، فەیلەسووفێکی عیرفانییە، لە

سەدەی هەشتەمی زایندا لە ئەسکەندەرییە لەدایک بووە، کاربۆکراتییەکان باوەڕیان بەلەبەرگرتنەوە یان دووپاتبوونەوە (تناسخ) هەبوو، پێیان وابوو دنیا دروستکراوی فریشتەگەلێکە، مەسیحیش وەک فیساگۆرس و ئەفلاتوون وایە. (و . ع).

٦- ئۆتیخییەکان: تایەفەیەکن لە لایەنگرانی ڕاهیبێکی مەسیحی بەناوی ئۆتیخا کە دەیگوت: مەسیح تاکسرووشتە؛ ئەوە بوو ساڵی ٤٥٥ی زاین، کۆڕبەندی خلقیدونیی سەرکۆنەی کرد. (و.ع).

٧- مەزهەبی تاکسرووشت یان مۆنۆفیزیکی: مەزهەبێکی لاهووتی بوو، سەدەی پێنجەمی زاین سەری هەڵدا، لایەنگرانی ئەم مەزهەبە هەوڵیان دەدا، ئەو دژبەرییەی لە بڕیارەکانی کۆڕبەندی "نیقیا"دا هەیە لەبارەی سروشتی مەسیحەوە، نەیهێڵن. لە بڕیارەکانیاندا هاتبوو گوایە "کوڕ لەناو کرۆکدا لەگەڵ خوا هاوبەشە". مۆنۆفیزیکییەکان، سروشتی مرۆڤبوونی مەسیحیان ڕەت دەکردەوە و دەیانگوت، مەسیح خاوەنی سروشتێکی خوایانەیە. بەپێچەوانەی نەستوورییەکانەوە کە دەیانگوت، مەسیح هەردوو سروشتەکەی (مرۆڤانە و خوایانە) تێدا کۆبووەتەوە. ساڵی ٤٥١ی زاین، مەزهەبی مۆنۆفیزیکی، لەلایەن کۆڕبەندی خلقیدونییەوە سەرکۆنە کرا. (و . ع).

٨- مانەوییەکان: مەزهەبێکی جووتەیە (دووانە) باوەڕیان بە ململانێی بنەوای خێر و بنەوای شەڕ هەیە، لایەنگرانی ئەم مەزهەبە بڕوایان بە چێژی جەستە نییە، کوشتن و نکووڵیکردن (التجدیف)* بەحەرام دەزانن. ناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ "مانی"ی دامەزرێنەر و خاوەنی "وەسیەتنامە دە خاڵییەکە". لە ئاینی مەسیحیدا، بەگرووپی مانەوی دە نلسرێن. (و . ع).

* نکووڵیکردن (التجدیف): واتە نکووڵیکردنی ڕاستییەک لەبارەی مەسیحەوە. وەک لە ئینجیلیشدا هاتووە، هەموو گوناه و نکووڵیکردنێک، لێخۆشبوونی هەیە، نکووڵیکردن لەبارەی مەسیحەوە نەبێ. (و.ک).

٩- میشێل لوتلیێ: ڕاهیبێکی یەسووعی فرەنسایی (١٦٤٣ _ ١٧١٩)، کاتبباشی یان میرزای شا لویسی چواردەم بوو، دنەی شای دەدا بەدژی جانسینییەکان، ئەوە بوو بەفەرمانی شا، دێرەکەیان لە بۆر _ ڕۆیاڵ ڕووخێنرا. (و . ع).

١٠- لویس دوسان: لە بابە یەسووعییەکانە (١٦٥٢ _ ١٧٢٦)، نووسەری "مێژووی نەستوورییەکان" و "مێژووی ئۆریجانییەکان"، دژایەتییەکی توندی جانسینییەکانی دەکرد، "یاداشتنامەی کورت"یشی بەدژی ئەوانە نووسی. (و . ع).

١١- ئونیگنتوس: ئەو "بێبەریبکردنەیە" کە پاپا کلیمنزۆسی یازدەم بەشا لویسی چواردەمی دا لە ئەیلوول/سێپتەمبەری ١٧١٣دا، لەوێدا، پاپا، جانسینییەکانی بە سەد و یەک پرس سەرکۆنە کرد؛ بێبەریکردنەکە، لە چەندان نێوەندەوە ڕەت کرایەوە، لەوانە دادگەی باڵای پاریس. کەچی دواجار جێبەجێکردنی سەپێنرا و وەک یاسایەکی شانشینی فرەنسا هاتە پەسندکردن. (و . ع).

١٢- ئاینی مەسیحی لە دەڤەری گوای هیندستان بڵاو بووەوە پاش داگیرکردنی لەلایەن پورتوگالەوە کە تا ١٩٦١ی خایاند. ئەو دەڤەرە ئازارێکی زۆری چەشت بەدەست عەقڵییەتی "دادگەکانی پشکنین"ەوە، کە لە دەستقورسییەکەی لە ئیسپانیا و پورتوگال جۆری وڵاتانی تری ئەورووپا نەبوو. (و . ع).

١٣- گانگاریدییەکان: گەلێکی خەیاڵیی ڤۆڵتێرە، لە زۆر نووسیندا وەک گەلێکی نموونەیی کە بەپێی بنەواکانی عەقڵ دەژین، وێنایان دەکات، گەلێک، داشۆراو لە دەمارگیری و ڕا و بۆچوونی پێشوەختە؛

ڤۆلتێر، بەری ڕۆئاوای ڕووباری گەنجی هیندستانی وەک نیشتمانی ئەو گەلە خەیاڵییە داناوە. (و . ع).

١٤- دانیشتوانی ناوچەی مالابار لە هیندستان. (و . ع).

١٥- ئەنجــوومــەنی پێنجــســەدی: ئەنجــوومــەنی فــەرمــانڕەوایی و دادوەریی بـالآی ئەسـینا لە ســەردەمی دیموکراسیدا. لە پێنجسەد ئەندامی هەڵبژێردراو پێ کدەهات، هەر خێڵێک لە دە خێڵەکەی ئەسینا، پەنجا نوێنەری لەو ئەنجوومەنەدا هەبوو. ساڵانە ئەندامێتییان بە هەڵبژاردن تازە دەکرایەوە، مەرج بوو پاڵاوکەکان (مرشحین)، تەمەنی سەروو سی ساڵ بێ و پێشتر ئەندامی ئەنجوومەنەکە نەبووبێ. (و . ع).

١٦- بەرگرییەکە، یان بەرگرییەکەی سوکرات: گفتوگۆیەکە، ئەفلاتوونی قوتابیی سوکرات نووسیویەتییەوە، وردەکاریی داوەریکردن و بەرگری لەخۆکردنی سوکرات دەگێڕێتەوە. (و . ع).

١٧- مـەبەست شاری فۆقیایە، شارێکی کۆنی ئاسیای بچووکە، ڕۆڵێکی بازرگانیی زۆر گەورەی بینیوە لە سەدەی حەوتەمی پێش زایندا؛ فۆقییەکان _ چەند مێژوونووسێک دەڵێ لە فینیقییەکانن _ بەدرێژاییی دەریای سپیی نێوەڕاست بازرگانییان دەکرد و ژمارەیەک سەنتەری بازرگانییـان لە لێوار دەریا بۆ خۆیان دروست کردبوو دواتر ئەو سەنتەرانە چەندان شاری لێوار دەریایان لێ پەیدا بوو، لەوانە شاری مارسیلیای فرەنسایی. (و . ع).

١٨- دامـەزرێنەری داسـتـانیـیـانەی شـاری ڕۆمـا (٧٥٣ پ . ز) و یەکەمین پاشایان بوو، ڕۆمانەکان وەک خوداوەندێک کە شارەکەیان دەپارێزێ، دەیانپەرست. (و . ع).

١٩- مورقس تۆلیۆس شیشرۆن (١٠٦ _ ٤٣ پ . ز): سیاسەتوان و وتارخوێنێکی لاتینی و لە لایەنگرانی مەزهبی گومانکردن بوو. نەوەی خێزانێکی میللی بوو کە زۆر خێرا پایەی کۆمەڵایەتیی هەڵگەڕا؛ کەوتە نێو دنیای سیاسەتەوە بەهێرشکردنە سەر فەرمانـدە و پیاوی دەوڵەتیی ڕۆمانی سـوڵا؛ دواتر بووە کونسوڵ، دوایی بووە لایەنگری بۆمبیۆسی فەرماندە، پێش ئەوەی لاگیریی خۆی بۆ یۆلیۆس قەیسەر ڕابگەیەنێ. پاش کوشتنی قەیسەر، پشتی ئۆکتاڤیۆسی گرت لە دژی مورقس ئەنتۆنیۆس. لە سایەی "حکوومەتی سێقۆڵی"ی دووەمدا، لە ڕۆما شاربەدەر کرا و کوژرا. سیاسەتوانێکی لێهاتوو نەبوو، وەلێ وتارخوێنێکی ڕەوانبێژ بوو، لە کتێبێکدا، گاڵتە بە بیروباوەڕە ئەفسانەیی و پڕوپووچەکانی ڕۆمانەکان دەکات. (و . ع).

٢٠- تیتۆس لۆقراسیۆس کارۆس: شاعیرێکی لاتینیی لەدایکبووی ڕۆما (٩٨ _ ٥٥ پ . ز): لە ئەبیقۆر نێزیک بوو، وای بۆ دەچوو، ترس لە مردن، ئەو ترسەی تەنیا غایلە (هاجس) و وەهمی سیاسی و ئاینی دروست دەکات، سەختترین ئاستەنگی بەردەم خۆشگوزەرانی مرۆڤە. (و . ع).

٢١- بابە بلینۆس: سروشتناس و نووسەرێکی لاتینی، ساڵی ٢٣ی زاین لە کۆمۆ لەدایک بووە، ئەمیراڵی هێزی دەریاوانی بوو، لە تەقینەوەکەی گڕکانی فیزۆف ساڵی (٧٩ ز) تێداچوو. کتێبی "مێژووی سروشت"ی نووسیوە کە کتێبێکی زۆر گەورەیە و ٣٧ بەرگە. (و . ع).

٢٢- لۆینالیس: شاعیرێکی لاتینیی (نێزیکەی ٦٠ _ ١٤٠ ز) ڕەخنەگرە. نووسەری کتێبی "داشۆرینەکان"، لەو کتێبەدا هێرش دەکاتە سەر کەموکورتییەکانی سەردەمەکەی. (و . ع).

٢٣- سینیکا: "تەرِوادە" لە سروودەکانی شانۆی ڕۆما، کۆتاییی بەشی دووەم.

٢٤– مەبەست، داگیرکردنی فرەنسا دەکات کە بەوڵاتی غالییەکان دەناسرا، لەلایەن یۆلیۆس قەیسەرەوە. (و . ع).

٢٥– وشەی "کاهینەکان" لێرەدا، ئاماژەیە بۆ "درۆیدییەکان" واتە؛ کاهینە کلتییەکان. (و . ع).

٢٦– نۆما بۆمبیلیۆس (نێزیکەی ٧١٥ _ ٦٧٢ پ . ز): دووەمین شای داستانییانەی ڕۆما، ڕێکخستنی دامەزراوە ئاینییەکانی ڕۆما لەسەر دەستی ئەم بوو. (و . ع).

٢٧– تیباریۆس یۆلیۆس قەیسەر: ئیمپراتۆرێکی ڕۆمانی بوو (٤٢ پ . ز _ ٣٧ ز)، سیاسەتوانێکی لێهاتوو، کارگێڕێکی دانا؛ وازی لە هێندێ دەسەڵات هێنا بۆ ئەنجوومەنی پیران، بایەخی زۆری بەتۆکمەکردنی سنوورەکانی ئیمپراتۆرییەتەکەی و کاروباری دارایی دەدا. لە پاش خۆی، ئۆگستۆسی کوڕی جێی گرتەوە کە هەڵی گرتبووەوە (تبنی). (و . ع).

٢٨– داقیۆس موندۆس: سوارچاکێکی ڕۆمانی عاشقی ئافرەتێکی خانەدان بووبوو بەنێوی پاولینا کە بەچاکە و وەفاداری بۆ مێردەکەی ناسرابوو. پاولینا، لە ڕێی کارەکەرەکەیەوە کە لە بەندەکانی ئیزیس بوو، بەرتیلی دا بە کاهینەکانی ئەو ئاینە تا ئاسانکاریی بۆ بکەن لەگەڵ مۆنۆس بخەوێ لە پەرستگەکەدا گوایە لەگەڵ ئەنۆبیسی خوداوەند دەخەوێ. کاتێک لێیان بووە هەڵا، سیباریۆس فەرمانی دا، کاهینەکان لە خاچ بدرێن و پەرستگەکە بڕووخێنرێ، مۆندۆسیش شاربەدەر کرا. (و . ع).

٢٩– فلاڤیۆس یوسیفۆس (٣٧ _ ١٠٠ ز): مێژوونووسێکی جووە، بەیۆنانی دەینووسی، بەناوودەنگترین کتێبەکانی: سەردەمە کۆنەکانی جوو. (و . ع).

٣٠– بوونییەکان یان فونیقییەکان: ئەغریقەکان ئەم ناوەیان بەباڵای دانیشتوانی قەرتاجەدا بڕیبوو، مەبەست فینیقییەکانە، شەڕگەلی بوونییەکان بڕێتییە لە شەڕەکانی ڕۆمان و قەرتاجییەکان کە بەشکستی ئەمانەی دوایی کۆتاییی هات. (و . ع).

٣١– بڕوانە "کارەکانی پەیامبەران" هەردوو بەشی ٢١ و ٢٤.

٣٢– غەوارەکان یان "غوییم" بەزمانی عیبری: ناوێکە بەهەر کەسێک دەگوترێ جوو نەبێ، لە مەسیحییەتدا ئەو ناوە بەباڵای وەسەنییەکان بڕا. (و . ع).

٣٣– فستۆس: فەرمانڕەوای وڵاتی جووەکانی ڕۆمان. (و . ع).

٣٤– "کارەکانی پەیامبەران"، بەشی بیست و پێنجەم، ئایەتی ١٦.

٣٥– "کارەکانی پەیامبەران"، بەشی بیست و شەشەم، ئایەتی ٢٤.

٣٦– لەگەڵ ئەوەی جوو مافی "حوکمی شمشێر"یان لێ سەندرابووەوە لەوەتەی ئەرخیلاوس* دوور خرابووەوە بۆ وڵاتی ئەلۆبرۆجییەکان** لەو ڕۆژەوە ئیتر وڵاتی جووان وەک ویلایەتێک لە ویلایەتەکانی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمان حوکم دەکرا، ڕۆمانەکان زۆرجاران چاویان لە جووان دەپۆشی کە حوکمی "نکووڵیکردن – التجدیف"یان دەسەپاند؛ واتە؛ لە کاتی ئاشووبێکی لەناکاودا، بۆ پاراستنی حورمەتی ئاینەکەیان، بەردبارانی ئەو کەسانەیان دەکرد کە لەو باوەڕەدا بوون "نکووڵی"یان کردووە. (و . ع).

* ئەرخیلاوس: فەرمانڕەوای وڵاتی ئیهودا و سامیرە لە ٤ پێش زاینەوە تا ٦ زاینی، ئۆگستۆس بەهۆی نالێهاتوویی کارگێڕییەوە، فەرمانی شاربەدەرکردنی دا. (و . ع).

** ئەلۆبرۆجییەکان: ئێلێکن لە وڵاتی غال، دانیشتووی ئەو دوو دەڤەرەی فرەنسای ئێستەن: دوفینیێ و

ساڤوا. (و . ع).

٣٧- سویتۆنیۆس: مێژوونووسێکی لاتینییە، لە ئۆسیتیان یان هیبۆنای جەزایر لەدایک بووە (نێزیکەی ٦٩ _ ١٢٥ ز)، دانەری کتێبی "ژیاننامەی دوازدە قەیسەرەکە"یە. (و . ع).

٣٨- بەلاتینی لە دەقەکەدا. (و . ع).

٣٩- هەدریانۆس (٧٦ _ ١٣٨ ز): ئیمپراتۆرێکی مەزنی ڕۆمانەکان بوو، هانی ئەدەب و فەلسەفە و هونەرەکانی دەدا، چاکسازی لە کارگێریی ئیمپراتۆرییەتەکەدا ئەنجام دا، کاری دەکرد بۆ یەکخستنی یاساکان و تۆکمەکردنی سنوورەکان بە ڕووی هێرشی خێڵە کێوییەکاندا، ئاگربەستی لەگەڵ فارسدا ڕاگەیاند و بەتوندی شۆڕشی جووانی دامرکاندەوە کە بە سەرکردایەتیی برکۆکبا (١٣٢ _ ١٣٥ ز) وەک نارەزایی دەربرین بەرانبەر دروستکردنی شاری ئایلیا کاپیتۆلینا لە شوێنی ئۆرشەلیم، هەروەها قەدەخەکردنی خەتەنە، شۆڕشەکەیان بەرپا کرد. (و . ع).

٤٠- دیۆن کاسییۆس (نێزیکەی ١٥٥ _ ٢٣٥ ز): مێژوونووسێکی ڕۆمانییە بەیۆنانی دەینووسی، ئۆڵمپیۆس ئۆلپیانۆس (دەوروبەری ٢٢٨ ز): پسپۆڕێکی یاسایی ڕۆمانی بەناوبانگ، لە نەوەی سەیداویی لبنانی بوو، کتێبێکی شەرحی یاسای مەدەنیی ڕۆمانی هەیە پەنجا بەرگە. (و . ع).

٤١- پۆپلیۆس تاقیتۆس (٥٥ _ ١٢٠): مێژوونوس و فەیلەسووفی ڕۆمانی، خزمەتی پاتریارکەکانی دەکرد، هاوکات ڕەخنەی لێ دەگرتن. (و . ع).

٤٢- باتاڤیا: بەپایەتەختی ئێستای ئەندۆنیسی دەگوترا لە کاتی داگیرکاریی هۆڵەندایییەکاندا. (و . ع).

٤٣- تاقیتۆس لە کتێبی (سەربردەکان _ حولیات، بەشی ١٥، ل٤٤)دا دەڵێ: "زەحمەتە ناوی "مەسیحی" ئەوێ ڕۆژێ لە ڕۆما ناسراو بووبێ"، چونکە تاقیتۆس، لە سەردەمی فسباسیانۆس و دۆمیتیانۆسدا (٦٩ _ ٩٦ز فەرمانڕەوا بوون) کتێبەکەی نووسیوە، بۆیە وەک خەڵکی ئەو ڕۆژگارە، باسی مەسیحییەکانی کردووە، پێ لە جەرگی خۆم دەنێم و دەڵێم ئەو دەستەواژەیەی بەکاری هێناوە Odio humani generic convicti لەوانەیە، بەگوێرەی شێوازی تاقیتۆس، مانای ئەوە بێ: "لەو بڕوایەدا بوون کە سەرلەبەری مرۆڤایەتی ڕقی لێیانە" لەوانەشە بەمانای: "لەو بڕوایەدا بوون کە ڕقیان لە هەموو مرۆڤایەتییە" بێ.

ئەرێ یەکەمین پۆستەی بانگەشەکاران خەریکی چی بوون لە ڕۆما؟ هەوڵیان دەدا دڵی خەڵکەکە بەلای خۆیاندا ڕاکێشن، فێری ڕەوشت و ئاکارێکی چاکتریان بکەن؛ دژی هیچ دەسەڵاتێک نەبوون، لە دڵ و دەست و هەڵسوکەوتیاندا، زۆر خاکی بوون. کەس هەر نەیدەناسین، ڕاستت دەوێ هیچیان لە خەڵکە جووەکەی تر جیاواز نەبوو: کەواتە مرۆڤایەتی بۆ ڕقی لێیانە لە کاتێکدا نایانناسێ؟ یان بۆچی ئەوان لە ناخی خۆیاندا ڕقیان لە هەموو مرۆڤایەتی دەبێتەوە؟ کاتێک لەندەن سووتا، پەنجەی تۆمەتباری بۆ کاتۆلیکییەکان درێژ کرا؛ کەچی ئەوە پاش شەڕە ئاینییەکان بوو، پاش پیلانی بارود بوو کە زۆر لەو کاتۆلیکییانەی دەستیان تێدا هەبوو، شایستەی مەزهەبەکەیان نەبوون.

مەسیحییە پێشەنگەکان لە سەردەمی نیرۆندا لە دۆخێکی ئەوهادا نەبوون. ئاخر ڕاستییەکەی زەحمەتە، تاریکستانی مێژوو تەی بکەین؛ تاقیتۆسیش، هیچ بەڵگەیەکمان ناداتێ بیسەلمێنێ ئەوە نیرۆن بوو دەیویست ڕۆما بکاتە خۆڵەمێش. بۆیە، گومانی ئەوەی شا سارلی دووەم دەستی لە

سووتاندنی لەندەندا هەبووبێ، زۆرتر دەچێتە عەقڵەوە: ئاخر خوێنی باوکی کە لە گۆڕەپانی گشتیدا بەپێش چاوی ئەو خەڵکەوەی داوای سەریان دەکرد، دەهێنێ پاساوێک بێ؛ بەڵام نیرۆن، نە بیانووی هەبوو، نە پاساو و نە بەرژەوەندی.

لە هەر وڵاتێکدا، کەسانێک هەن ئەو دەنگۆ نابەجێیانە بەنێو خەڵکدا بڵاو دەکەنەوە، لە هیچ کاتێک وەک ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، دەنگۆگەل هێندە بێ سەروبەر و دوور نەبوون لە ڕاستییەوە.

تاقیتۆس کە پسپۆڕ بوو لە خوێندنەوەی ناخی پاشاکاندا، بەدڵنیاییەوە لە خوێندنەوەی مەیلی خەڵکەکەشدا شارەزا بوو، هەردەم لە خۆڕازی، بۆچوونەکانی توند و ئاوەژوو، هیچی نەدەبینی وەلێ دەیتوانی هەموو شت بڵێ، باوەڕ بەهەموو شتێک بێنێ، زۆر خێرا هەموو شتیش لە بیر بەرێتەوە.

فیلۆن [ئەسکەندەری(و.ع)] لە نامەیەکدا لەبارەی چاکەکاری و پاسادانانەوە بۆ کایۆس، دەڵێ: "سیانۆس لە سەردەمی تیباریۆسدا دەیچەوساندنەوە، بەڵام پاش مردنی سیانۆس، ئیمپراتۆر تێکڕای مافەکانی بۆ گێڕانەوە". کەواتە، هەموو مافەکانی هاووڵاتییانی ڕۆمانیان هەبوو، سەرەڕای بێزاریی هاووڵاتییان لێیان؛ بەشە گەنمی خۆیان وەک خەڵکەکەی تر وەردەگرت، خۆ ئەگەر ڕۆژەی سەرەکەیان بکەوتایەتە ڕۆژی شەمووەوە، بەشە گەنمەکەیان ڕۆژی دواتر وەردەگرت. ڕەنگە ئەمە لە بەرانبەر ئەو پارەیەدا بێ کە بەدەوڵەتیان دەدا، ئاخر ئەوان لە هەموو وڵاتەکاندا، لێبووردەییان دەکرێ، دواتر هەوڵیان دەدا زیانەکەیان بەخێرایی پڕ بکەنەوە.

ئەم بڕگەیەی نامەکەی فیلۆن، زۆر جوان ئەو بڕگەیەی تاقیتۆسمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە دەڵێ: چوار هەزار جوو یان میسری نێردران بۆ سەردینیا، گەر لە سەرماشدا ڕەق هەڵاتنایە، زیانەکە هێجگار وا گەورە نەبوو (سەربوردەکان، بەشی دووەم، ل٨٥).

لەم تێبینییەش واوەتر دەچم، فیلۆن، تیباریۆسی بەپاشایەکی دانا و دادپەروەر دەزانی، بەڵام بەلای منەوە، لەو باوەڕەدام دادپەروەرییەکەی تیباریۆس، تا ئەو جێیە بوو، بەرژەوەندیی خۆی تێدا بێ؛ لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو قسە چاکانەی فیلۆن لەبارەی تیباریۆسەوە، وام لێ دەکەن سووکە گومانێک لەو خراپەکارییانە بکەم کە تاقیتۆس و سویتۆنیۆس دەیگێڕنەوە. ڕاستت دەوێ، عەقڵم نایبڕێ پیرێکی حەفتا ساڵە بەتاقی تەنیا بچێتە دوورگەی کابری و لەوێ چی ناشێ بیکات، ئاخر ئەوە لەگەڵ سروشتیشدا نایەتەوە، پیرێک هەڵسوکەوتی وا بکات تەنانەت لە گەنجە بەرەڵاکانی ڕۆماش نەوەشێتەوە کە بۆ سێکس سەر لە هیچ شتێک ناکەنەوە.

نە تاقیتۆس و نە سویتۆنیۆس، ئەم ئیمپراتۆرەیان نەناسیوە؛ ئەوەی هەیە دەنگۆی سەر زاری خەڵکە و نووسیویانەتەوە. ئۆکتاڤیۆس و تیباریۆس و ئەوانی پاش ئەوانیش لۆمەی زۆر کران، چونکە دەستیان بەسەر گەلێکدا گرت کە پێویست بوو ئازاد بێ؛ مێژوونووسان چێژیان لە ڕیسواکردنیان دەبینی؛ خەڵکەکەش بڕوایان بەمێژوونوسەکان دەکرد، چونکە نە یاداشتنامە، نە ڕۆژنامە و بەڵگەنامە لە ئارادا نەبوون. مێژوونووسان کەسیان بەشایەت نەدەگرت، بۆیە زەحمەت بوو کەس بەرگرییان بکات. خوێنەری دانا دەبێ دەرک بکات ئاخۆ تا چەند بڕوا بەو مێژوونووسانە دەکات، بەهای ئەو هەڵکەوتە و ڕووداوانە چەندە کە نووسەرانێکی سەنگین لەنێو گەلێکی چاوکراوەدا نووسیویانە، سنووری بڕواکردنی خوێنەر بەو چیرۆکانەی ئەو نووسەرانە بێ هیچ بەڵگە و سەلمێنەرێک نووسیویانەتەوە تا کوێیە.

# لێبووردەیی و نالێبووردەیی و جیاکاری
# وەک پێوەرێکی فەلسەفەی سیاسی

د. شێرزاد نەجارِ

"بۆچوونی فەیلەسووفی ئەڵمانیایی هاوسەردەم یۆرگن هابەرماز
وەک نموونەیەکی براوی فەلسەفی لەبارەی لێبووردەیییەوە لە
عێراق"*

لەگەڵ دەستپێکی سەدەی شەشەمی زاین، دەستەواژەی لێبووردەیی Tolerance لە هەردوو زمانی لاتینی و فرەنسایییەوە، هاتنە نێو زمانی ئەڵمانیایییەوە و بەمانا بەرتەسکەکەی بەکار هات، واتە؛ لێبووردەییی ئاینی بەرانبەر مەزهەبە ئاینییەکانی تر[١]. لە سەدەی شازدە و حەڤدەدا، وردە وردە، لێبووردەییی ئاینی، گۆڕا بۆ چمکێکی یاسایی، حکوومەتان فەرمانگەلی لێبووردەیییان[٢] دەرکرد کە فەرمانبەرانی دەوڵەت و دانیشتوان، ئەوانەی باوەڕیان بەحوکمی یاسا هەبوو، ناچار دەکات لە ڕەوتارەکانیاندا لێبووردە بن بەرانبەر کەمینە ئاینییەکانی تر، وەک لۆسەرییەکان[٣] بۆ نموونە.

ئەمڕۆش لە چوارچێوەی بەکارهێنانی نادروستی وشەکەدا، دەشێ وەک هابەرماز[٤] Habermas دەڵێ، دەرک بە بنچینە سیاسییەکەی بکەین، هەروەها دەڵێ، وشەکە تەنیا بۆ باسکردن یان ناساینەوەی مەیلی گشتی بۆ مامەڵەیەکی هێور و لێبووردەیییانەی ئەوانی تر، بەکار نایەت، بگرە ئاماژەیە بۆ چاکەکارییەکی سیاسی political virtue لە مامەڵەکردنماندا لەگەڵ هاووڵاتییە جیاوازەکان یان ئەوانەی نەژادیان جیاوازە[٥].

ئەمڕۆ وەک هابەرماز دووپاتی دەکاتەوە، لێبووردەیی، کرۆکی ڕۆشنبیریی سیاسیی لیبراڵی دەگۆڕێ و وەک چاکەکاریی ڕەوتاری مەدەنی[٦] نییە، لێبووردەیی بەلای هابەرمازەوە، نابێ لەگەڵ

.................................................................

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدوڕەزاق عەلی

ویستی هاریکاری و چارەسەرە نیوانیوەکان تێکەڵ بکرێ، ئاخر بوونی ڕاستییەکی دان پێدانراو بۆ هەر کەسێکی دیاریکراو، جێگە و شایانی دانوستاندن و سازشکاری نییە، کاتێک کەسێکی تر دێ و دەڵێ من خاوەنی ئەو ڕاستییەم[٧].

کەواتە بوونی لێبووردەیی لە بنەڕەتەوە پێویستە، کاتێک مرۆڤ بیروباوەڕەکانی یەکێکی تر ڕەت دەکاتەوە، لێرەدا هابەرماز دەڵێ، ئێمە هەر ئەو کاتە پێویستمان بە لێبووردەیی نییە کە لەگەڵ بیروباوەڕ و ئاراستەکانی ئەوانی تردا یەک ناگرینەوە یان کاتێک ئەوانی تر هەڵدەسەنگێنین[٨]. دواجار، لێبووردەیی ئاینی بەرانبەر بیروباوەڕی ئەوانی تر، بەگشتی لەوەوە پەیدا دەبێ کە دەکرێ ناوی بنێین، لێبووردەیی سیاسی، بەرانبەر ئەوانەی بەشێوەیەکی تر بیر دەکەنەوە. لە هەردوو بارەکەشدا، وەک پرۆفیسۆر Rainer Forst[٩] دەڵێ، پێکهاتەی ڕەتکردنەوە[١٠] component of re-jection گرینگە و بنەڕەتییە.

بەدەربڕینێکی تر، تەنیا ئەو کاتە دەتوانین باسی لێبووردەیی بکەین کە لایەنە هاوبەشەکانی پرسەکە، ڕەتکردنەوەکەی خۆیان لەسەر ناکۆکییەکی هۆشیارانەی نێوان بیروباوەڕ و ئاراستەکان ڕۆنابێ کە هۆکارەکانیان بچێتە عەقڵەوە.

ناکۆکی بەردەوام دەبێ و بێ ئەوەی پێویست بکات بگوترێ و دووپات بکرێتەوە کە مەرج نییە هەموو ڕەتکردنەوەیەک عەقڵ بیبڕێ، لێرەدا پرۆفیسۆر فۆرست دەڵێ، کاتێک، کەسێک ئاینی ڕەشپێستەکان ڕەت دەکاتەوە، نابێ پێی بڵێین لێبووردەیی بنوێنێ بەرانبەر ڕوخسارێکی جیاواز، چونکە لەوانەیە ئەمە ببێتە قبووڵکردنێکی نازاردەر prejudice وەک حوکمێکی ئاکاری و هاوشێوەی باری ڕەتکردنەوەی ئاینە جیاوازەکە وایە. ئاخر کەسی ڕەگەزپەرست نابێ لێبووردە بێ، بگرە دەبێ دەستبەرداری ڕەگەزپەرستییەکەی بێ. لەم دۆخانەدا، وەڵامی ڕاست: خەبات بۆ مافگەلی یەکسانە[١١] نەک بۆ "لێبووردەییی زیاتر "more tolerance بەرانبەر بەو کەسانەی بیرکردنەوەیان جیاوازە یان بیروباوەڕێکی جیاوازیان لە خەڵکی تر هەیە. لێبووردەیی، جێبەجێ ناکرێ تا ئەو زیانانە کۆتای نەیەت کە بەر ئەوانی تر کەوتووە لە ئەنجامی ئەو زیانانەی سەبارەت بەبۆچوون و بیروباوەڕ بەر خۆیان کەوتووە.

لێرەدا هابەرماز دەپرسێ بە چ حەقێک ئەوانە دەخەینە خانەی زیانلێکەوتووانەوە prejudices ئەوانە؛ وەک ئایندار زۆر بنەوانخوازن (اصولی)، ڕەگەزپەرستن، نەتەوەپەرستی دەمارگیرن؟

ئەمرۆ ئێمە ڕێ بەخۆمان دەدەین کە نازناوی بنەوانخواز و ڕەگەزپەرست بەباڵای خەڵک ببڕین، لەبەر ڕووناکیی پرەنسیپی مامەڵەی یەکسانیی هەموو هاووڵاتییان، بەتایبەتی بیرۆکەی مافی هاووڵاتیبوونی تەواو بۆ هەموو کەسێک. ئەم بنەمایەی هاتە ڕیزی هەموو هاووڵاتییەک بەیەکسانی، پێویستە لە دنیادا پەسند بکرێ و لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی سیاسیدا، بەر لەوەی پێشبینیی لێبووردەییی بەرانبەرێنە لەوانی تر بکەین.

لێرەدا هابەرماز دووپاتی دەکاتەوە کە چەمکی مێژوویی لێبووردەیی ئاینی، لە کاتی شیکردنەوەی ڕۆڵی ڕێکخەرانەی ئاین و فرەیی لە کۆمەڵگە ڕۆئاواییەکاندا، بەڵگەیەکمان پێشکێش دەکات لە بارەی ڕۆڵی گرینگیی لێبووردەیی ئاینی لە سەرهەڵدان و پێشڤەچوونی دیموکراسییەتی دەستووریدا[١٢]، لەلایەکی ترەوە، پاساوە فەلسەفییەکانی لێبووردەیی ئاینی لە هەردوو سەدەی حەڤدە و هەژدەدا، ڕێگەیان بۆ عیلمانیبوونی دەوڵەت و شەرعییەتی عیلمانیکردنی دەوڵەت، خۆش کرد. هەروەها دەوڵەتی لیبرالی داوای کرد هەستی ئاینی، هۆشیارانە بخرێتە سیستەمی مافەکانی مرۆڤەوە[١٣]، بەهەردوو باریشدا، خەبات لە پێناوی لێبووردەیی ئاینی، بووە نموونەیەکی فرە کولتووری multiculturalism و چمکێکی دروست لە پێناو پێکەوەژیانی یەکسانیی شێوەگەلێکی جیاوازی کولتوور لەنێو کۆمەڵگەیەکی سیاسیدا.

پاساوە فەلسەفییەکانی لێبووردەیی ئاینی (لە سپینۆزا و لۆکەوە تا بایلی و مۆنتسکییۆ)، بوونە هۆکاری گۆڕینی ئاراستەی دەوڵەتی ڕەها، لە ڕاگەیاندنی یەکلایەنەی لێبووردەیی بۆ چمکێک کە داوای دان پێدانانی بەرانبەرێن دەکات بەو مافە ئاینییانەی هاووڵاتییان خۆیان دەری دەبڕن.

ڕاستییەکەی، پاساودانەوەی لێبووردەیی بەرانبەر کەمینە ئاینییەکان، تەنیا پشتی بەبنچینەیەکی پراگماتی بەستبوو، ئەمەش واتە؛ لەبەر هۆکاری بازرگانی و لە پێناو پاراستنی یاسا و ڕێسادا، یان لەسەر بنچینەی یاسایی، ئاخر پەسندکردنی سۆزییانە هەردەم لە مەرجە یاساییەکان ڕادەکات، یان لەسەر بنچینەیەکی مەعریفەیی (ئیپستیمۆلۆجی)، چونکە دیارە بیری مرۆڤ دەشێ لە خشتە ببرێ[١٤].

تێبینی دەکرێ، داکۆکیکردنی سپینۆزا لە دەربڕینی ئاینی و ئازادیی بیروباوەڕ، بەفیکر و بەکردەوە، لەسەر بنچینەیەکی ئاکاری بوو[١٥]، بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی پییێر بایلی[١٦]دا، وەک هابەرماز دەڵێ، هۆکارە دنیاییەکانی لێبووردەیی بەرەوڕوومان بوونەوە.

بایلی، خەونی بەنموونەگەلێکی تازەوە دەبینی بۆ ناچارکردنی مرۆڤە نالێبووردەکان تا بیر و بۆچوونی ئەوانی تر قبووڵ بکەن، دووپاتیشی دەکردەوە، ئەو هزرانەی ئێمە وەک سروشتێکی کاری مرۆڤەکان تەماشایان دەکەین، هزرگەلێکی دنیایین[١٧].

لەسەر ئەم بنچینەیە، دان پێدانانی بەرانبەر یەکتر بەبنەوانەکانی ڕەوتاری لێبووردەییانە، ڕەنگە چارەسەرێکی ئەو دژبەرەییە بنەڕەتییە بێ کە پاڵی نا بەگۆتەوە Goethe، لێبووردەیی ڕەت بکاتەوە وەک هۆکار و پارێزەری کاری چاکە.

هابەرماز، دووپاتی دەکاتەوە، هەر کارێکی لێبووردەیی، دەبێ تایبەتمەندی و سروشتی ئەوە ڕوون بکاتەوە (هێڵێک بکێشێ circumscribe) ئاخۆ لەسەرمان پێویستە چی قبووڵ بکەین و چیی تریش ناکەوێتە سەر هێڵی نالێبووردەیی[١٨].

هابەرماز، لەم بارەیەوە دەڵێ، نابێ ئەو خەڵکانە دیاری بکرێن کە لێبووردەیی دەیانگرێتەوە -in

clusion، بێ ئەوەی ئەو خەڵکانە دیاری نەکرێن کە لێبووردەیی نایانگرێتەوە(19)exclusion.

کاتێک ئەو هێڵە بەدەسەڵاتێکی تاکلایەنەوە دروست دەکرێ، نیشانەدەری stigma سەپێنراو -ar bitrary یان لامەسەرلایی لە هەموو جۆرەکانی لێبووردەییدا دەمێنێتەوە، لێرەدا تەنیا بەرازیبوونێکی دنیایی (کە هێڵی سنوورەکانی دەوڵەتان ببەزێنێ)، لێبووردەیی، دەتوانێ نالێبووردەیی لاواز بکات، چونکە داوا لە هەموو ئەوانە دەکات کە لێبووردەییان قبووڵ کردووە، ڕێز لە بۆچوونەکانی ئەوانی تر بگرن و بەهەندیان هەڵگرن.

لە پێناو دوورکەوتنەوەی لێبووردەیی لە گومانەکانی دەوروبەری کە گوایە نالێبووردەییە، پێویستە بنەوانەکانی ڕەوتاری لێبووردەیی، لە ڕووی عەقڵانییەوە بێتە قبووڵکردن[٢٠].

بەو پێیە، دژبەرییەکە هاتووەتە چارەسەرکردن، یەکەم، لە ڕێگەی سەرهەڵدانی دیموکراسییەتی نوێوە، ئاخر پێکەوەگرێدانێکی چمکانە لە نێوان ئازادیی ڕادەربڕین و ئاینەکان و دیموکراسییەتدا هەیە. هەر ئەمەشە ئەوەمان بۆ لێک دەداتەوە؛ بۆچی لە ڕووی مێژووییەوە ئازادی وەک ڕێکخەرێکی دیموکراسی، کاری خۆی کردووە.

هابەرماز، وای دەبینێ، دابەشبوون و لێکترازان و ناکۆکییە ئاینییەکان، ڕێگەی گرت لە بنیاتنانی شەرعییەتێکی ڕەگداکوتاو لەنێو ئایندا، بەم شێوازە، شەرعییەت ناچار کرا بگۆڕێ بۆ شەرعییەتێک کە بەرانبەر ئاینگەلێکی جیاواز بێلایەن بێ و سەربەخۆ[٢١]. لێرەوە دنیایی (واتە؛ پێشبینییە بەرانبەرێن و یەکسانەکانی لێبووردەیی)، برێتی دەبێ لە ئاراستەیەک بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەیەکی عیلمانیی تازە بۆ شەرعییەت[٢٢].

بەم شێوازە، لێبووردەییی ئاینی بەرانبەرێن، پێویست دەکات لەسەر هەر تاکێک پابەند بێ بە سنوور و مەرجە دنیاییەکانی لێبووردەییەوە. ئەمەش تەنیا لە کاتی نموونەی ڕاوێژ بەیەکترکردندا دەردەکەوێ، ئاخر هەموو ئەوانەی بەشداریی لێبووردەییەکەن، لەسەریان پێویستە بەشداریی گفتوگۆی هاوبەش بن. هێزی شەرعیەتی ئەو ڕاوێژ بەیەکترکردنە گشتییە و تەنیا لە چوارچێوەی دیموکراتیزەکردندا دادەمەزرێ[٢٣].

لێرەدا هابەرماز دووپاتی دەکاتەوە، ئازادیی ئاینی، بەری پرۆسەیەکی ڕاوێژکردن و شەرعییەتدانە، ئەو پرۆسێسە، دەبێتە بنچینەیەک بۆ پێشبینییە پاساودراوەکانی قبووڵکردنێکی عەقڵانیی ئەنجامەکان.

لە کاتێکدا لێبووردەییی ئاینی، بنچینەی دەوڵەتی دەستووریی دیموکراسییە، بیروباوەڕی ئاینی دووچاری پرۆسێسێکی فێربوون بووە[٢٤] learning process.

مافی ئازادیی ڕادەربڕینی ئاینی وەک پێشەکییەک بۆ لێپرسینەوە لە ماف و ئازادییەکان، لەسەر تێکڕای کۆمەڵگە ئاینییەکانی دەسەپێنێ، ئەو بنەوا دەستوورییەی کە دەڵێ هەمووان یەکسانن، قبووڵ بکەن. تاکەکان ناتوانن لە لێبووردەییی ئەوانی تر سوودمەند بن، بگرە پێویستە گوێ بۆ

پێشبینییە گشتییەکانی لێبووردەیی و تێکرای ئەنجامەکانی، ڕادێرن. دەوڵەتی لیبراڵی، پێشبینی دەکات کە هەست و هۆشیاریی ئاینی لەبارەی دڵسۆزی و ڕاستەڕێییەوە، دەبێتە شتێکی تازە و هاوسەردەم لە ڕێگەی قبووڵکردنی هۆشیارانە و یەکسانیی سروشتیی تاکەکانەوە بۆ یاساکان لە کۆمەڵگەی عیلمانیدا(٢٥).

هەموو ئاینێک لە بنەڕەتدا ئاراستەیەکی دنیاییی هەیە، یان ئەوەی جۆن ڕاوڵز Rawls، ناوی لێ دەنێ بیروباوەڕی گشتگیر، بەو پێیەی ئاین، بانگەشەی دەسەڵاتێک دەکات بۆ ڕۆنانی جۆرێک لە ژیان(٢٦). بەلای هابەرمازەوە، هەر ئاینێک، کە دەبێتە یەکێک لە ئاین و بیروباوەڕەکان، دەبێ واز لەو بانگەشە و ئاراستەیە بێنێ، ئاخر لە چوارچێوەی فرەییدا، ژیان لە کۆمەڵگەی ئاینیدا، پێویستە خۆی لە ژیان لە کۆمەڵگەیەکی بەرفرەوانتری وەک کۆمەڵگەی سیاسی، جیا بکاتەوە(٢٧). ئاینی بالادەست، کاریگەریی سیاسیی خۆی لە دەست دەدات، ئەگەر سیستەمی سیاسی، پێڕەوی بنەوانەکانی ئاین نەکات. ئەمەش (لە پاڵ شتگەلێکی تردا) دەبێتە هۆکاری ڕەتکردنەوەی توندوتیژی و قبووڵکردنی سروشتیی خۆتەرخانکردووانەی گرووپی ئاینی (الطبيعة الطوعية للجماعة الدينية). چیی تر توندوتیژی، وەک کەسەرەیەکی ئاینی بەکار ناهێنرێ بەرەو نێو یان دەری کۆمەڵگە(٢٨).

کاتێک بیروباوەڕی ئاینی سەرچاوەی شەرعییەت دەداتە دەوڵەت، هاوکات "ناسیاسیبوون"یش دەسەپێنێ لە ڕێگەی دووبارە پێناسەکردنەوەی سیاسەت لە سەرینی تێڕوانینی نێوەخۆیی و هەروەسا لە سەرینی پێوەندیی کۆمەڵگەی ئاینی و:

أ- دەوڵەتی لیبرالی.

ب- کۆمەڵگە ئاینییەکانی تر.

ج- کۆمەڵگەی عیلمانی(٢٩).

هابەرماز، ئاماژە بە ڕاوڵز دەکات کە چۆن مەزەندەی مۆدێلێک کە ڕێگەی چەسپاندنی ئاکارێکی مافەکانی مرۆڤی کردووە لە دنیابینییەکانی ئاینگەل و دەڵێ: سەرەڕای ئەوەی مۆدێلەکە بەیارمەتیی عەقڵانییەتی بێلایەن کە پشت بە تێڕوانینێکی دنیاییی تایبەت نابەستێ، زۆر پاک دامەزراوە، کەچی (واتە مۆدێلەکە) لەگەڵ نێوەرۆکی بنەوانی پاساوەکەدا دێتەوە(٣٠).

بەبەراورد لەگەڵ تێگەیشتنی ڕۆشنگەرانە بۆ ئاینێکی عەقڵانیreligion of reason، ئەوەیە؛ تێکرای ئاینەکان لەناو کرۆکی ئاکاریدا هاوبەشن، ئەم مەزەندەیە بۆ مۆدێلەکە، سوودێکی هەیە کە سیستەمەکانی بیرکردنەوە ڕەت ناکاتەوە، ئەو سیستەمانەی لە کاتی بانگەشەی خاوەندارێتیی ڕاستیی ڕەهادا، بەتەواوی دەردەکەون، بۆیە پێویستی بەوە نییە ڕۆڵی هەڵپەهەڵپێکی توندڕەوانە بەرەو لێبووردەیی بگێڕێ(٣١).

هابەرماز، ئاماژە دەدات کە کولتووری بانگەشەکارییانە یان مژدەگەیێنانەی وەک کولتووری

مەسیحییەت و ئیسلام، لەناو کرۆکدا نالێبووردەیە بەرانبەر بیروباوەڕی ئەوانی تر. خۆشەویستی هاوسێیان بریتییە لە بایەخدانی بەکردەوە بەڕزگارکردن و دەرهێنانیان لە زۆنگاوی هەڵە (الخطیئة)، چونکە قوتارکردنی تاهەتایی، وەک تۆما ئەکوینی دەیگوت، دەکەوێتە پێش هەموو چاکەکانی ترەوە. بایەخدان بەڕزگارکردن و دەرهێنانی ئەوانی تر، بۆ خۆی مانای وانییە هێز بەکار نایەت بۆ ڕازیکردنی هێندێک خەڵک بەبیروباوەڕی دروست و پاراستنیان لە (بیدعە) و (هەرتەقە)، وەک توێژەر Perry chmidt _ Leukel لە وەکۆڵینێکدا لەبارەی لێبووردەییەوە[٣٢] دەڵێ، گۆڕانی دۆگماییانە بەرەو لێبووردەیی، بریتییە لە؛ یان ڕەتکردنەوەی پێشەکییەکانی هەڵەی کوشندە the premise of eternal damanation لە مێشکی بێ باوەڕاندا یان بانگەشەی ئەوەی کە ناتوانرێ کەسێکی دیاریکراو ناچاری باوەڕێکی دروست بکرێ، یان ڕاگەیاندنی نەبوونی "گوناهنەکردن" (اللاعصمة)، بۆ ڕێگەگرتن لە کەوتنە نێو دۆگمای متمانە بەخۆبوونەوە[٣٣].

دەسکەوتی بنچینەیی لێبووردەیی ئاینی بریتییە لە ڕاگرتن و بەرگرتن لە داڕووخانی کۆمەڵایەتیی پێک ناکۆکەکان. ئەم سەمتە، نابێ ئەو ڕایەڵە کۆمەڵایەتییە تێک بدات کە باوەڕدارانی ئاینێکی دیاریکراو بەباوەڕدارانی ئاینێکی ترەوە دەبەستێتەوە وەک ئەندام لە هەمان کۆمەڵگەی عیلمانیدا.

هابەرماز دەڵێ دووبارە ڕێکخستنەوەی هۆشیارانەی بیروباوەڕ و ئاراستەکانی کۆمەڵگە ئاینییە سەرەکییەکان، هێشتە لە ڕۆژئاوا تەواو نەبووە و نەگەیشتووەتە کۆتایی.

ئەو وەڵامە وریاکردنەوەیەی ناونرا "بڕیاری خاچ crucifix decision" کە لە دادگەی دەستووریی ئەڵمانیاوە دەرچوو، بەڵگەی بەهێزیی وەڵامەکەیە: هەڵواسینی خاچ لە پۆلەکانی خوێندن لە قوتابخانە ئاینییەکاندا، بڕیارێکی نادەستوورییە. دادگە لەو باوەڕەدایە، بڕیاری هەڵواسینی خاچ لە پۆلەکاندا، بڕیارێکە پێچەوانەی بنەوای بێلایەنی دەوڵەتە لە پرسە ئاینییەکاندا و پێشێلکردنێتی، جگە لەوەی، بڕیارەکە، دژبەرە لەگەڵ ئازادیی دەربڕینی ئاینی بەهەردوو ماناکەیەوە: مانا ئەرێنییەکەی: مرۆڤ بتوانێ بەو بیروباوەڕەوە بژی کە هەیەتی و بەئاشکراش ڕای بگەیەنێ، مانا نەرێنییەکەشی: مرۆڤ ئازاد بێ لەوەی بەشداریی نەکات لەو چالاکی و سرووتانەی بیروباوەڕێک یان ئاینێک کە ئەم باوەڕی پێی نییە[٣٥].

ئەوە بوو لەو وەڵامەدا، دادگە، بوو بەدوو بەشەوە، لایەک زۆرینە بوون – دووپاتیان دەکردەوە دەبێ پێڕەوی بنەوای یەکسانیی نێوان ئاین و مەزهەبەکان بکرێ وەک ئەوەی لە یاسای بنچینەییی ئەڵمانیاییی ١٩٤٩دا هاتووە، هەر ئەوەش بووە بنچینەی بڕیارەکەی دادگە، لایەکی تریش کە بریتی بوون لە ئەندامە ناڕازییەکانی دادگە و ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، ناڕازیبوونەکەی خۆیان وا پاساو دەدایەوە کە خاچ، تەنیا هەر سیمبولی ئاینی مەسیحی نییە، بگرە وەک بەشێکی تەواوکار لە کولتووری ڕۆژئاوایی تەماشا دەکرێ –، ئەم چالاکییانە نەیتوانی بەها ئاکارییەکانی کۆمەڵگەی ئاینی لەو خانەیە جیا بکاتەوە کە پێویستە مرۆڤ، ئەو بنەوا ئاکاری و یاساییانە جێبەجێ بکات

کە پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێو کۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن و ڕێکی دەخەن.

بەم شێوەیە، هابەرماز، بەمتمانە بەخۆبوونەوە دووپاتی دەکاتەوە، ڕایەڵەی نێوان لێبووردەییی ئاینی و دیموکراسی لە دوولاوە دەردەکەوێ: لەلایەنی سیاسییەوە کە بنچینەی شەرعییەت بەرەو فرەیی گۆڕاوە، کەچی لەلایەنی ئاینەوە، تێبینی دەکرێ، ئاین، دەرگای لەسەر بنەوا ئاکاری و یاساییەکانی کۆمەڵگەی عیلمانی کلۆم داوە و گلی داونەتەوە لە سەرو و گیانی گەلەوە[٣٦].

بەڵام بەبۆچوونی هابەرماز، لە ڕێگەی ناسیاسیبوونی ئاین و گرەنتیکردنی پێگەی کەمینەی ئاینی لەنێو سەرلەبەری کۆمەڵگەی سیاسیدا، بڵاوبوونەوەی لێبووردەییی ئاینی، – کە هابەرماز وەک ڕێکخەری بنچینەیی دیموکراسی دەبینی – وەک پێشکێشکردنی مافگەلێکی کولتووریی زیاتر، لەنێو دیموکراسیدا کار دەکات. فرە ئاینی، هەستیاریی ئەو گرووپانەی دووچاری جیاکردنەوە بوونەتەوە بەگوڕتر دەکات و بەرچاویان ڕوون دەکاتەوە[٣٧].

هابەرماز، لەسەری دەڕوا و لەو بڕوایەدایە، گفتوگۆکان لەبارەی کولتووره جیاوازەکانەوە، کەم جاران نەبێ، لەسەر دابەزاندنی یان نزمکردنەوەی پلە و پایەی کەمینە ئاینییەکان ناوەستێ، بەڵکە زیاتر لەسەر جیاکاری (التمیز) دەرهەق گرووپەکانی تر دەوەستێ. پرسەکان لێرەدا، پێوەستن بۆ نموونە بەدیاریکردنی؛ پشووە ڕەسمییەکان، زمان یان زمانگەلە ڕەسمییەکان، ڕاگەیاندنی ڕێنوێنییەکانی قوتابخانە بەزمانی دایک بۆ کەمینە لاتینی و نەتەوەییەکان، هەروەها پێوەستن بەڕێژەی ڕەگەزە نەتەوەییەکان یان جێندەر لە وەزیفە سیاسییەکان، لە زانکۆکان و بازاڕی کاردا بەشێوەیەکی گشتی.

لە سۆنگەی بنەوای یەکسانیی هاووڵاتییانەوە، جیاکاری لەسەر بنچینەی ئاین، تێکەڵ دەبێ لەگەڵ جیاکاری لەسەر بنچینەی کولتوور، زمان، ئەتنی، نەژاد، جێندەر، بەدڵنیاییشەوە وەک هابەرماز دەڵێ، هێڵەکانی سنووری نێوان ئەم ڕەگەزانە، دەبنە هێڵێکی تەمومژاوی و لێڵ[٣٨].

دیسان کە پێوەندیی نێوان ئاینی بالادەست و دەوڵەت بە کولتووره سیاسییەکەیەوە پچڕابوو، ئەوە دەبێتە دەرفەتێک بۆ ئازادیی کەمینە ئاینییەکان.

لەبەر ئەوە هابەرماز دەڵێ، ئازادیی دەربڕینی ئاینی، بووەتە نموونەی فەراهەمکردنی مافە کولتوورییەکانی تر. ئاخر مافە کولتوورییەکان، وەک ئازادیی دەربڕینی بیروباوەڕی ئاینی، خزمەت دەگەیەنێ بەئامانجی گەیشتن بەشێوازی پێوەندیگرتن و تێگەیشتن لە داوونەریتەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە، خەڵکەکەش پێویستییان بەو پێوەندیگرتنە هەیە لە پێناو بەردەوامبوونی پێناسەی تاکێتییاندا. بەڵام هەرچی ئەندامانی کەمینە ڕادیکالە؛ زمانەوانی، نەتەوەیی، ئەتنییەکانە، ئەوا دەرفەتی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی زمانی تایبەتییان یان شێوازی تایبەتی ژیانیان گرینگە، هێندەی گرینگیی ئازادیی بۆ؛ کۆمەڵەکان، خوێندنی مەزهەبی، سرووت و ئاهەنگگەلی کەمینە ئاینییەکان.

لەبەر ئەو هۆکارە، خەبات لە پێناو مافەیلی یەکساندا بۆ هەموو گرووپە ئاینییەکان، بە پێدانی بیرۆکەگەل، هاوکاریی تیۆری سیاسی و یاسا دەکات لە پێناو گەیشتن بە چمکێکی فرەوان بۆ "هاوولاتیی فرە کولتوور multicultural citizenship"[٣٩].

هابەرماز، تێبینیی ئەوە دەکات، لە هەموو کولتوورەکاندا، بیروباوەڕ و ئەرکە ئاینییەکان، کاریگەری تەواویان هەیە لەسەر چۆنیەتیی تێگەیشتنی تاکەکان لە خۆیان، ئاخر داوونەریتەکان و کولتوور و زمان، گرینگییان کەمتر نییە لە پێکهاتن و بەردەوامیی پێناسەی کەسێتی تاکەکان کە هەردەم تێکەڵ بووە بەپێناسە دەستەجەمعییەکان[٤٠].

بەم شێوەیە فەراهەمکردنی مافە کولتوورییەکان، وەک هابەرماز دووپاتی دەکاتەوە، پێویستە لە چوارچێوەی "سیاسەتی دان پێدانان politics of recognition"دا پێشکێش دەکرێن، بەڵام نابێ وەک مافەیلێکی دەستەجەمعی تەماشای ئەم مافانە بکرێ.

لە چوارچێوەی ئازادیی دەربڕینی ئاینیدا، ئەم مافانە، مافەیلێکی تاکەکەسین کە هەوڵ دەدا دڵنیاییی یەکسان بداتە هەر تاکێک تا ببێتە ئەندام لە کۆمەڵگە. ئەم مافانە، دەرفەتی یەکسان بۆ تاکەکان فەراهەم دەکات تا بگەنە ژینگەی کولتووری، پێوەندییەکانی نێوان تاکەکان، داوونەریتەکان، تا ئەو ئاستەی هەموو ئەمانە دادەنرێن بە کەرەسەی پێکهاتن یان بەردەوامبوونی پێناسە کەسێتییەکانیان[٤١].

لەگەڵ ئەوەشدا، گرووپە پەراوێزخراوەکان (یان ئەو گرووپانەی جیاکارییان بەدژ پێڕەو دەکرێ)، وەک هابەرماز دەڵێ، مافەیلی کولتووریی "یەکسان" و خۆراییان نییە[٤٢].

هەر بۆیە، ئەم گرووپانە، بنەوای مەدەنییانە دەکەنە بنچینەی بزووتنیان، تا ببنە ئەندام لە کۆمەڵگە و مافەیلە کولتوورییەکان. هیچ ئاستەنگێکیش نییە لە بەردەم ئەم بزووتنەوانانەدا لە کاتی ئامارکردنی گرووپەکان، وەک گرووپەکانی ئافرەتان، کەمئەندامان... هتد، بەڵام تایبەتمەندێتیی پێکهاتنی ئەو گرووپە کە پرسێکی پێویستییەکی واز لێنەهێنراوە لە پرسی جیاکارییدا، پێوەست نییە بەهێندێک پاشخانی ولتووریی فرەوانەوە، بگرە تەنیا پێوەستە بەگرووپە "بەهێزەکانەوە strong" (وەک کەمینە نەتەوەیی یان ئەتنییەکان، کۆچبەران، یان خودان کولتوورە لاوەکییە ڕەسەنەکان، یان نەوەکانی کولتوورگەلی کۆیلایەتی... هتد) کە لە سەرینی داوونەریتگەلێکی بنچینەییی تایبەت بەخۆیانەوە ڕێک خراون، ئا ئەمانە بەتایبەتی ئەوانەن کە پێناسەی دەستەجەمعی خۆیان پێک دێنن[٤٣].

ئەم گرووپانە، ڕەنگە بەئاسانی دەستیان نەگاتە مەعریفەی پێویست بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ گیانی ناوەوەی internal ethos ئاکارگەلی مافەکانی مرۆڤ کە لە ژینگە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەماندا زیاتر پشتیوانی دەکرێ، وەک لەلای گرووپە ئاینییەکان.

نابێ بەهەڵە لە ڕۆڵی فرە کولتووری تێ بگەین، فرە کولتووریی "کار ناکات بۆ دروستکردنی

شەقامێکی تاکئاراستە (تاکسایدone _ way street" (تا گرووپەکان پێناسەی تایبەت و کولتووری خۆیانی تێدا ببیننەوە. پێکەوەژیانی ئاشتییانە و یەکسانیی شێوە جیاوازەکانی ژیان، پێویستی بەپێکخۆشبوونی (إندماج) هاوولاتییانە _ دانپێدانانی بەرانبەرێنی ئەندامانی کولتووره لاوەکییەکانیان– لە چوارچێوەی کولتوورێکی سیاسیی هاوبەشدا common political cultur(44).

لێرەدا هابەرماز، چەندان دیاردە پێکەوە گرێ دەدا: کۆمەڵگەی فرەیی، دەستووری دیموکراسی، جیاوازیی کولتووری و پێکخۆشبوونی سیاسی، بۆیە دووپاتی دەکاتەوە: "کۆمەڵگەی فرەیی دامەزراو لەسەر بنچینەی دەستوورێکی دیموکراسی، گرەنتی جیاوازیی کولتووری دەکات، بەڵام تەنیا لە سایەی پێکخۆشبوونێکی سیاسیدا"(٤٥).

هەروەها دەڵێ: "ڕێگە بەهاوولاتییانی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە دەدرێ، لە پێناو پێکهێنان و بەردەوامیی تایبەتمەندییە کولتوورییەکەیاندا لە چوارچێوەی گریمانەی ئەوەی لەگەڵ ئەوانی تردا _ ئەمەش واتە یەکانگیر بوون لەگەڵ کولتووره لاوەکییەکاندا– خۆیان بە هاوولاتیی هەمان کۆمەڵگەی سیاسی بزانن"(٤٦). ئا ئەم ڕێگەپێدانە کولتوورییە، بەگوێرەی تێڕوانینی هابەرماز، سوودمەندە لە سۆنگەی دەستوورەوە کە پاساوگەلی مافە کولتوورییەکان پێشکێش دەکات(٤٧).

لە سۆنگەی ئەم بەراوردکارییە جۆراوجۆرانەی نێوان فرە ئاینی و فرە کولتووری و پێوەستییان بە کۆمەڵگەی فرەیی و لێبووردەییەوە، هابەرماز، هەوڵ دەدا، تێزێکی فیکریی گرینگ پێشکێش بکات لە دیاریکردنی چمکی لێبووردەییدا، هەر بۆیە جیاوازییەکی تریش لەو پێناوەدا دەخاتە ڕوو.

هابەرماز، دەنووسێ: "چاکەکاریی مەدەنییانەی لێبووردەیی، تەحەدایەکی لەپێشە لە لایەنی فرە بۆچوونە دنیاییەکانەوە the pluralism of world views، بەڕێگەی جۆراوجۆریش، زیاتر لە تەحەدای فرەییی ڕێگەکانی ژیانەوە the pluralism of way of life، کە بەشێوەیەکی بەرانبەر، ئاراستەگەلێکی بەهای نامۆ لەخۆ دەگرێ بەر لەوەی سیستەمگەلێکی باوەڕی نامۆ(٤٨) لەخۆ بگرێ. هەروەها دەڵێ: "کۆتاییهێنان بەشێوەی جیاکارییەکە، هەرگاڤ ئاماژە نییە بۆ دەستپێکی لێبووردەیی بەرانبەر کەسێک کە ئیتر لێرە بەدواوە جیاکاری بەرانبەری پێڕەو ناکرێ"(٤٩). بەم شێوەیە، ڕەوتاری لێبووردەییانە بەرانبەر ئافرەتان یان کەمئەندامان، وەک پاشکۆیەک بۆ ڕێوشوێنەکانی نەهێشتنی جیاکاری، لەوانەیە ئەو هەموو هەوڵەی جیاکاریی و غەدرلێکردنەی کۆنمان بۆ بخاتەوە ڕوو. ئا لەم دۆخانەدا، دەکرا لێبووردەیی بەئاسانی ببێتە دەربڕینێک لە چاودێریکردنی خێری گشتی، یەکسانییش نابێ لەگەڵ لێبووردەییی بەرانبەرێنی مەزەبگەلێکی ئاینی جیاوازدا، وەک ئەوەی بۆ دەوڵەتێکی لیبراڵی پێویستییەکی واز لێ نەهێنراوە. ناتوانین ئەم جۆرە لێبووردەیییە بێنینە ئارا، بەبێ بوونی دۆخێکی ڕەتکردنەوە، ئاخر لەم دۆخانەدا، دەکرێ باس لە لێبووردەییی جیاکاری پەڕێن بکەین(٥٠). لێرەدا هابەرماز دەنووسێ: "با وای دابنێین ڕۆژێک لە ڕۆژان، جیاکاری دژی قەرەجان، کۆچبەران، گەلە پریمیتیڤەکان... هتد، نامێنێ، سەرەڕای هەموو ئەو گرووپانەی پێناسەیەکی دەستەجەمعی بەهێزیان بۆ خۆیان پێک هێناوە. لێ گەرێ با دۆخێکی

نیوچە نموونەیی بێنینە بەرچاومان کە زۆرینەیەکی کولتووری نەیتوانیوە تەنیا شێوازێکی ژیان modus Vivendi لە پاڵ کەمینە ئەتنی، زمانەوانی، یان نەتەوەیی بدۆزێتەوە، بگرە ئەم کەمینانە هەر لە بنەڕەتدا دەیانەوێ بەمافەیلێکی یەکسانەوە پێکەوە بژین"[٥١]. لێرەدا هابەرماز دەپرسێ: "ئاخۆ پێویستە لەسەرمان وای دانەنێین لە دۆخێکی وەک ئەوەی باسمان کرد، هۆشیاریی خۆدوورگرتن یان پێکخۆشنەبوون، هەر چۆنێک بێ، ون دەبێ و ئاسەواری نامێنێ؟[٥٢].

بەڵام مادام ناکۆکییەکان هەروا بەسانایی لە ئاستی هزرگەلێکی دنیایی دژبەرەوە دابەزین بۆ ئاستی دەربڕینی کردەنییانە بەهاگەلێکی دژبەر، جیاوازییەکی ناو کرۆکی پرسەکە دەمێنی کە پێویستی بەڕوونکردنەوەیە، ناشێ پێشبینیی هەمان کۆدەنگی بکەین سەبارەت بەحوکمی ئاکاریمان بۆ ڕێگەگەلێکی تری ژیان، وەک پێشبینیمان بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی ئاخۆ پرسەکە چییە؟ داتاگەل و ڕوونکردنەوەکانی تر لەبارەی دادپەروەرییەوە چین؟

حوکمی ئاکارییانە هەردەم پێوەستە بەئاماژەدان بەکەسی یەکەم یان ژیننامەی تاک یان شێوازی کولتووریی ژیانی دەستەجەمعی. ئەوەی لێرەدا بۆ کەسێک باش و چاکە بەنێوەرۆکێکی دیاریکراوەوە، ڕەنگە بۆ کەسانێکی تر خراپ بێ بەنێوەڕۆکێکی دیاریکراوی ترەوە.

لەبەر ئەو هۆیە، هابەرماز، دەڵێ، ئەو پێشبینییە پێوەرییانەی وا دەکەن بتوانین لەگەڵ کەسانێکی تردا بژین کە شێوازی ژیان و ئاراستەی بەهاکانیان جیاوازە لە ئێمە، پێشبینیگەلێکن کە سروشتێکی دیاریکراویان هەیە و جیایە لەو گریمانەیەی دەڵێ، پێویستە جیاوازییەکانی نێوان ڕاستییە ئاینییەکان یان دژبەریی نێوان بیر و بۆچوونە دنیاییەکانمان قبوڵ بێ، یان بەواتایەکی تر، قبووڵکردنی لێدوانە دژبەرەکانی بەردەستمان. لە هەردوو بارەکەشدا، ناکۆکیی کێبەرکێ، سەرکێشییەکی بوون و نەبوونە، ئەمەش واتە؛ کارتێکردن لە ئاراستە و جێبەجێکردنەکان.

بەهەر بارێک، وەک هابەرماز جەخت دەکاتەوە: "تەنیا لە دۆخی کێبەرکێی نێوان بۆچوونە دنیاییەکاندا، لێبووردەیی مانای قبووڵکردنی بانگەشەی بەهاگەلی تایبەتیی بەرانبەرە. لەم پێناسەکردنە بەرتەسکەدا، لێبووردەیی _ کە برێتییە لە ڕێزگرتنی یەکسانیی تاکەکان– واتە؛ ویستی وەلانانی کاریگەریی کردەنی هۆشیاریی خۆدوورگرتن، ئەو هۆشیارییەی سەرەڕای هەر شتێک، داوای چارەسەرکردنمان لێ دەکات (واتە چارەسەری ناکۆکییەکان)"[٥٣].

کەواتە بەم هزرانە، هابەرماز، هەوڵی دا وێنەیەکی وردمان بداتێ کە لێبووردەیی دەبێ چۆن بێ و کاریگەرییەکانی چین لەسەر کۆمەڵگەیەکی فرە کولتوور و فرە ئاین. ئەمانە هزرگەلێکن شایستەی ئەوەن گفتوگۆیان لەبارەوە بکرێ و شەنوکەو بکرێن، بۆیە ئەم پرسیارانە دەورووژێنین:

ئاخۆ دەکرێ ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە لێبووردەیی بێتە قبووڵکردن لەو گفتوگۆیانەی لە عێراقدا بەردەوامن لەبارەی لێبووردەییەوە، بەتایبەتی لێبووردەییی ئاینی، لە کاتێکدا کە تێگەیشتنی هابەرمازییانە پشت بەم بنەواگەلە دەبەستێ:

* قبووڵکردنی بەرانبەرێنی یەکتری.

* بێلایەنکردنی رۆڵی ئاین لە بواری سیاسیدا، وەک زەوینەسازییەک بۆ پەسەنکردنی مافە کولتوورییە جیاواز و جۆراوجۆرەکان.

* بنیاتنانی دەوڵەتی لیبراڵی و بوونی دەستوورێکی دیموکراسی، ئەمەش، پێویستی بە ئاراستەی عیلمانیبوونی دەوڵەت هەیە.

ئەم تەحەدییانەیە لە قۆناخی ئێستادا یەخەی دەوڵەتی عێراقیان گرتووە، بۆیە دەبێ ئەم تەحەدییانە، لەسەر ئاستی هزری فەلسەفی بورووژێنرێن و ببزوێنرێن، گفتوگۆی قووڵیان لەبارەوە بکرێ، تا گەیشتن بەخاڵگەلێکی هاوبەش کە لە سایەیدا بتوانرێ کۆمەڵگەیەکی لێبووردە لە عێراقدا بنیات بنرێ.

سەرچاوەکان:

١– لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی tolerance مانای جۆرێک لە رەوتار و جیایە لە toleration کە دەربڕی کارێکی یاسایی و زامنکاری دەداتە کەسەکان تا ئەرک و سرووتە ئاینییەکانی خۆیان بەجێ بگەیەنن، بەڵام لە زمانی ئەڵمانیاییدا، وشەی tolerant بەهەردوو ماناکە دێ، واتە؛ ئاماژەیە بۆ سیستەمێکی یاساییd گەرەنتیکاری لێبووردەی toleration و پێشبینییە پێوانەییەکانی رەوتاری لێبووردەییانە.

بڕوانە: Juergen Habermas,"Intoleranceand Disicrimination" in: I. CON, Vo1.1, No.1, 2003, Pp 2-12 (here p 2 _3)

٢– نموونەی ئەو فەرمانە باڵایانە (مەراسیمانە):

– فەرمانەکانی هینریی چوارەم لە فرەنسا ١٥٩٨ کە پێی دەگوترێ Edict of Nantes

-یاسای لێبووردەیی Toleration Act لەلایەن پاشای ئینگلتەراوە دەرچووە.

٣– لایەنگرانی راهیب مارتن لۆسەر (1546 _ 1483) Luther کە پێشڕەوایەتیی بزاڤێکی چاکسازیی کرد و لە هێندێ پرسدا لە کڵیسا جیا بووەوە، لەوانە: دەسەڵاتی پاپا و قدیسەکان، وەرگێڕانی تەورات بۆ زمانی ئەڵمانی. بڕوانە: المنجد فی الاعلام، بیروت، ١٩٧٦، ص ٦١٥

٤– یۆرگن هابەرماز Juergen Habermas فەیلەسووفێکی ئەڵمانیاییە، یەکێکە لە مەزنترین عەقڵە فیکرییە فەلسەفییەکانی دنیای هاوسەردەم. ساڵی ١٩٢٩ لە شاری دوسڵدۆرفی ئەڵمانیا لەدایک بووە، لە نەوەی دووەمی قوتابخانەی فرانکفۆرت یان قوتابخانەی رەخنەییە، لە ١٩٨٢ەوە مامۆستای فەلسەفەیە لە زانکۆی فرانکفۆرت. لە گرینگترین کتێبەکانی: مەعریفە و بەرژەوەندی، تیۆری پێوەندیگرتن، ڕاستی و کاریگەری، تیۆری و جێبەجێکردن، گۆڕانکارییە پەیکەرییەکانی گۆڕەپانی گشتی.

٥– هابەرماز، سەرچاوەیەکی پێشوو، ل ٣.

٦– هەمان سەرچاوەی سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

٧– هەمان سەرچاوەی سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

٨- هەمان سەرچاوەی سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

٩- مامۆستای فەلسەفە لە هەردوو زانكۆی زانكۆی فرانكفۆرت و كیزنی ئەڵمانیایی.

١٠- بڕوانە وتاری Forst بەناونیشانی "Das schmal grat zwischen albehnungund" akzeptanz" كە لە ڕۆژنامەی Frankfuter Rundschau ی ڕۆژی ٢٠٠١/١/٢٨ بڵاو بووەتەوە.

١١- هابەرماز، سەرچاوەیەكی پێشوو و هەمان لاپەڕە.

١٢- هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل ٤.

١٣- هەمان سەرچاوەی سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

١٤- هابەرماز، سەرچاوەیەكی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

١٥- هەمان سەرچاوەی سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

١٦- فەیلەسووفێكی فەرەنسایییە (١٦٤٧ _ ١٧٠٦) لە پێشەنگانی فیكریی ڕۆشنگەرییە كە لێبڕاوانە داكۆكی لە ئازادیی بۆچوون و خوێندن دەكرد.

١٧- هابەرماز، سەرچاوەیەكی پێشوو، ل ٥.

١٨- هەمان سەرچاوەی سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

١٩- هەمان سەرچاوەی سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

٢٠- هەمان سەرچاوەی سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

٢١- هەمان سەرچاوەی سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

٢٢- هەمان سەرچاوەی سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

٢٣- هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل ٥ _ ٦.

٢٤- هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل ٦

٢٥- هەمان سەرچاوەی سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

٢٦- John Rawls, Political Liberalism, Columbia Univ. Press, N. Y.,2005, p 152 ff.

٢٧- هابەرماز، سەرچاوەیەكی پێشوو، ل ٦.

٢٨- ڕاوڵز، سەرچاوەیەكی پێشوو، هەمان لاپەڕەگەل.

٢٩- هابەرماز، هەمان سەرچاوەی سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

٣٠- ڕاوڵز، سەرچاوەیەكی پێشوو، ل ٧٦ و دواتر.

٣١- هابەرماز، سەرچاوەیەكی پێشوو، ل ٧.

٣٢- Perry Schmidt-Leukel, "Ist das Christentum notwendig intolerant? In: TOLERANZ, 144, FLM, 200, pp 177-213,

٣٣- هابەرماز، سەرچاوەیەكی پێشوو و هەمان لاپەڕە.

٣٤- هەمان سەرچاوەی سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

کتێبخانەی کوردی

٣٥- هابەرماز، سەرچاوەیەکی پێشوو، ل ٨.

٣٦- هەمان سەرچاوەی سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

٣٧- هەمان سەرچاوەی سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

٣٨- هەمان سەرچاوەی سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

٣٩- هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل ٩.

٤٠- هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل ١٠.

٤١- هەمان سەرچاوەی سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

٤٢- هەمان سەرچاوەی سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

٤٣- هەمان سەرچاوەی سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

٤٤- هەمان سەرچاوەی سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

٤٥- هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل ١١.

٤٦- هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل١٠ - ١١.

٤٧- هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل ١١.

٤٨- هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل ١١.

٤٩- هەمان سەرچاوەی سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

٥٠- هەمان سەرچاوەی سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

٥١- هەمان سەرچاوەی سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

٥٢- هەمان سەرچاوەی سەرەوە و هەمان لاپەڕە.

٥٣- هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل ١٢.

* بابەتێکە لە "کۆنگرەی لێبووردەیی ئاینی لە عێراق" پێشکێش کراوە. کۆنگرەکە؛ لەلایەن (وەکۆڵینە عێراقییەکان _ پەیمانگەی وەکۆڵینە ئیستراتیجییەکان _ بەیرووت) بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی (هاینریش بویل)ی ئەڵمانیایی لە ماوەی ٢٦ و ٢٠١٠/٣/٢٧ لە بەیرووت ڕێکخرا.

# ڤۆڵتەر دوژمنی ئاینفرۆشان

ئەحمەد ئیرانی

" لەگەڵ قسەکانتدا نیم، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانی قسەکانت بکەی،
ئامادەم گیانم فیدا بکەم".

ڤۆڵتەر

هەندێ لە نووسەرانی مێژووی شارستانییەت، سەدەی هەژدەمیان وەک سەدەی ڤۆڵتەر ناوزەد کردووە. لە ڤۆڵتەر وەک "وتەبێژی سەدەی هەژدەم"یش باس دەکەن. لە قۆناخی ژیانی ئەم نووسەر و شاعیر و فەیلەسووفە و هەروەها پاش مردنیشی نازناوی زۆریان بۆ داناوە، نازناوەکانی وەک "گەوهەری درەوشاوەی فرەنسا"،"ئیمپراتۆری ئەدەب"،"پەیامهێنەری شۆڕش"،"دوژمنی ئاینفرۆشان" و "گەورەترین نامەنووسی مێژوو". لە ڤۆڵتەر وەک یەکێک لە دیارترین و ماندوونەناسترین نووسەرانی سەرتاسەری مێژوو یاد دەکرێ. لامارتین هۆزانڤانی گەورەی فرەنسایی ئاوا لەسەر ڤۆڵتەر دەدوێ: "ئەگەر پێوانەی نابژیوانیمان سەبارەت بەمرۆڤ کارنامەی ئەوان بێ، ئەوا بەم پێیە ڤۆڵتەر گەورەترین نووسەری ئەورووپای نوێیە". ڤیکتۆر هۆگۆ نووسەری هاوولاتیی ڤۆڵتەریش دەنووسێ: "ناوی ڤۆڵتەر خشتەی تەواوی تایبەتمەندییەکانی سەدەی هەژدەمە".

نووسەرانی بەسەرهاتی ڤۆڵتەر دەڵێن ناوبراو لە سەرتاسەری مێژوودا لە ڕووی نەترسی و ئازایەتی لە خەبات دژی پیاوە ئاینییە دینفرۆشەکان و فێڵبازەکانی مەزهەب بێ هاوتایە و هیچ بیرمەندێکی تری وەک ئەو ئالای شۆڕشی لە دژی پیاوانی ئاینی مەسیحی هەڵنەکردووە. زۆربەی

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: مێهدی مێهرپەروەر

نووسـەرانی ژیاننامـەی ڤۆڵتـەر وەک نوێنەری بێ هاوتای بزووتنـەوەی رووناکبیـری لە سـەرتاسـەری ئەورووپا بەتایبەت فرەنسای دەناسن. ڤۆڵتەر زیاتر لە حـەفتا سـاڵ تەمەنی بۆ کاری نووسین تەرخان کردووە و نەوەد و نۆ دەفتـەر و کتێبی لە ڕۆمـان، نووسینی شـانۆنامـە، شیعـر و رەخنە، مێژوو و فەلسەفەی نووسیوە. بەرهەمەکانی ناوبراو پڕاوپڕن لە وشیاری و تەنزی هێرشبەرانە، ئازایەتی، توانایی و ئامـۆژگاری. لە نووسراوەکـانی ئەم نووسـەرە شـۆڕشگێـڕ و نەریتشکێن و رەوانبێژەدا تێبینیی ورد، تانەوتەشەر و توانجی ژاراوی و پەروەردەکردنی وشیارانە هـەروەک شەپۆلی دەریا لە خرۆشـاندایە. ئاناتۆل فرانس سـەبارەت بە شێوازی نـووسـەریی ڤۆڵتـەر دەڵێ: "قەڵەم لە قـامکەکانی ڤـۆڵتــەر هەڵدێ و پـێ دەکـەنـێ". دالامبــەر وەک هەورەبرووسکەی شــەوانی بێ دەنگی و تاریکیی سەدەی هەژدە دەیناسێنێ. ڤۆڵتەر لە ڕووی کاریگەریی لەسەر بزووتنەوە فیکرییەکانی ئەورووپا و لە فرەنسا وەک مـەشخەڵێک دەزانن کە نزیک بە حـەفتا سـاڵ سـووتا و تیشکی وشیـاری و ڕاپەڕینی بڵاو کـردەوە. گـۆتە شـاعیـری نـاوداری ئەڵمـانی ڤـۆڵتـەر وەک بلیـمـەت ناودەبات بلیـمـەتێک کـە تواناییەکانی لە ڕاگەیاندن، ژیربێژی و فەلسەفە سیحراوییە.

کاریگەریی ڤۆڵتەر لەسەر هەڵدانی شۆڕشی گەورەی فرەنسا لە تەواوی نووسـەرانی خەباتگێڕی سـەردەمی خۆی بەرچاوتر بووە. لەو وەک "باوکی شـۆڕشی فرەنسا" و "باخـەوانی شـۆڕش"یش یاد دەکرێ. دوژمنی لە ئـاشتیی نەهاتووی ئەو ئاین و مـەزهـەبانە بووە کە بە توندی بێ حـورمـەتییـان بە هۆش و هـەست و پێگەی ئینسـان دەکرد. ڤۆڵتـەر ڕێبەرانی ئاینی و گەورەکانی کڵێسـای بە ڕاڕا و دەزگەی ئاین و مـەزهـەبی بە دووکـانی فێڵـبـازان دەزانی. لە سـەرتـاسـەری تەمـەنی درێژی خـۆیدا دەسـتی دابووە خـەباتێکی بێ کۆتایی لەگەڵ پیـاوانـی ئاینیی و هەتا دوایی چرکـەکـانی تەمـەنی بە تەنزی ژاراوی دەیکوتان. بیرمەندێک کە ئیمپراتۆریی بەهێزی پرۆس و شاژنی ڕووسیـای گـەورە شـانـازییـان بەدانیشتن لەگەڵیدا دەکرد. نووسـەرێک کە پاشـاکانی نەمسـا، پۆڵۆنیـا، دانیمـارک و سـوێد شـانـازییان بۆ دۆسـتـایەتیی ئەو دەکرد و دەیانزانی کە داوایان لێدەکا پێش ئیمپراتۆر یان پاشـا بوون، هۆشیـار و عـادڵ بن. یەکێک لە گەورەترین ئاواتـەکانی ڤۆڵتـەر پاش رووخانی دەزگەی ئاین، پیادەکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بوو.

## بلیمـەتێک لـە باسـتیل

ڤۆڵتەر نزیک بە ۳۰۰ ساڵ لەمـەوبەر لە سـاڵی ۱٦۹٤ی زاینی لە پاریس لەدایک بوو. لە بنەماڵەیەکی مـامناوەندی و خـوێندەوار پەروەردە بوو، "فرانسـوا ئارونە"ی باوکی پارێزەرێکی سـەرکەوتوو بوو. "مـاری دومـارد"ی دایکی ژنێکی ئەشرافـزادە بوو، زیرەک و قـسـەخـۆش، جـوان و سـەربزێو، بەڵام تووشی نەخۆشیی سیل بووبوو. مامانەکەی پێی وابوو ڤۆڵتەر لە ساتەکانی یەکەمی ژیانیدا بەهۆی لاوازیی زۆرەوە دەمـرێ و گیـان دەسـپـێـرێ. هەر بۆیە دواتر خـۆی دەنووسـێ هەر لە سـەرەتای

دەستپێکردنی ژیانییەوە مەرگ چاوەڕوانی بووە. کاتێک ئەم منداڵە لاوازە حەفتەی یەکەمی تەمەنی تێپەڕاند، خێزانەکەی وەک شتێکی سەیر لە زیندووبوونەوەکەیان دەڕوانی. ئەگەرچی ئەم منداڵە لاوازە هەشتا و چوار ساڵ ژیا، بەڵام لە سەرتاسەری ژیانیدا هەردەم نەخۆش و لاواز بوو، ئازاری دەچێشت و بەدەست کۆمەڵێک نەخۆشیی جۆراوجۆرەوە دەیناڵاند. هەندێ لە پزیشکان لایان وابوو کە ڤۆڵتەر نەخۆشیی سیلی لە دایکی بەمیرات بردبوو و ئەم نەخۆشییە هەتا کۆتاییی تەمەنی لەگەڵیدا بوو و هەتا مرد دووچاری نەخۆشیی سووتانەوەی سییەکان و تای جۆراوجۆر بوو و بەردەوام هەستی بەسەرما دەکرد.

ڤۆڵتەر جەستەیەکی ورد و روخسارێکی لاواز و ناحەزی بووە. دوای تووشبوون بەنەخۆشیی ئاوڵە روخساری ناشیرینتر بووە. ئەو کەسانەی سەرگوزەشتەی ڤۆڵتەریان نووسیوە دەڵێن، روخساری لە هەمان کاتدا کە بۆ پێکەنین دەبوو، جێگەی ڕێزیش بوو، چاوەکانی درەوشاوە، پرسیارکەر و هۆشیار بوو و لە زەردەخەنەیدا خۆشەویستی و نافەرمانی تێکەڵ دەبوون. روانینەکانی پڕ بوون لە تیشکی بلیمەتی، پێکەوە هەڵکردن و لێبووردن و تەنزێکی فەلسەفی.

پاش فێربوونی خوێندن و نووسین هەر زوو دەستی دایە نووسینی شیعر. باوکی لە ئۆگریی لە ڕادەبەدەری منداڵەکەی بەنووسینی شیعر سەری سووڕمابوو و دەیگوت ئەم کوڕە لە داهاتوودا بێکار و هەژار دەبێ. منداڵی شاعیر لە نۆ تا حەڤدە ساڵی خوێندنی فەرمیی خۆی لە قوتابخانەی سەرەتایی و دواناوەندیی سووعییەکان کە دەستەیەکن لە کریستیانەکان کۆتاییی پێ هێنا. لەم قوتابخانەیەدا لەگەڵ منداڵانی ئەریستۆکراتی فەرەنسا ئاشنا بوو و ئۆگرییەکی زۆری بە ئەدەب، شانۆ و بەتایبەت نووسینی شێعر پەیدا کرد. دوای کۆتاییهاتنی قۆناخی دواناوەندی باوکی داوای لێ دەکا لە بەشی یاسادا درێژە بەخوێندن بدا، بەڵام ڤۆڵتەر ئەدەب هەڵدەبژێرێ، هەر بۆیە لەگەڵ باوکی ناکۆکیی لێ پەیدا دەبێ. بەڵام ئەم شاعیرە ناودارە دەبێ یەکێک لە دەوڵەمەندە گەورەکانیش بێت، لەم سەردەمەدا ڤۆڵتەر بەمجۆرە بیری دەکردەوە کە لێوەشاوەیی بە بێ پارە ئازارهێنەر و پارەش بە بێ لێوەشاوەیی بێ مانایە. ئەو دەیویست ناودارێکی دەوڵەمەند بێت. کەسێک کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ڤۆڵتەری لاو هەبوو شاتۆنۆفی مامۆستای بوو، ئەم پیاوە خۆی بەخواناس بەڵام بێ دین دەناسی و لەسەر هزر و ئەندێشەکانی شاعیری لاو کاریگەرییەکی هەتاهەتاییی بەجێ هێشت.

ڤۆڵتەر لە بیست و سێ ساڵی و لە شێعرێکی ڕەخنەگرانەیدا گاڵتەی بە شازادەی فەرەنسا کرد. پاش بڵاوبوونەوەی شیعرەکەی بۆ ماوەی یازدە مانگ لە زیندانی بەناوبانگی باستیلدا دەستبەسەر کرا و بۆ یەکەم جار تامی ئەدەبی خەڵکی چێشت. لەو سەردەمەی لە باستیل بوو، گەڵاڵەی یەکەمین شانۆنامەی خۆی بەناوی "ئۆدیپ" داڕشت. لەو کاتە بەدواوە بوو کە نازناوی ڤۆڵتەری بۆ خۆی هەڵبژارد و ئەو نازناوە تا کۆتاییی تەمەنی مایەوە و بەو ناوە ئیمزای دەکرد. نووسەرانی ژیانی

ڤۆڵتەر ئەو نازناوەیان بە ڕاز و نهێنی دەزانی، هەندێ دەڵێن "ڤۆڵترا" ناوی شوێنی لەدایکبوونی نووسەرێک بووە کە ڤۆڵتەر لە دەورانی لاوێتیدا ئۆگری تەنزەکانی بووە. هەندێکی تر دەڵێن ڤۆڵتەر ناوەکەی لە موڵکی بنەماڵەکەی بەئیلهام وەرگرتووە.

شانۆگەریی ئۆدیپ لە تەمەنی بیست و چوارساڵیی ڤۆڵتەردا لە پاریس پێشکێش کرا و پێشوازییەکی بێ وێنەی لێ کرا. ئۆدیپ کە بۆ ماوەی چل و پێنج شەو زیاتر لە بیست و پێنج هەزار کەس ئامادەی بینینی بوون، رچەی درێژترین شانۆنامەی شکاند. ئەوش بووە هۆی ناوبانگ دەرکردنی ڤۆڵتەر لە سەرتاسەری فەرەنسا و داهاتێکی یەکجار زۆری لێ وەدەست کەوت. لەو کاتەدا لە ڤۆڵتەر وەک ناودارترین شانۆنامەنووسی فەرەنسا ناسرا. رەخنەگرانی شانۆی فەرەنسا ناوبراویان لەگەڵ کەسانێکی وەک "سۆفۆکل"، "کێرنی" و "راسین" بەراورد دەکرد. پەیامی شانۆنامە ئاشکراکردنی سەرەڕۆییەکانی پیاوانی ئاینی و فێڵبازییەکانیانە و هەر لە تافی لاوێتیدا هونەری خۆی لە دروستکردنی دوژمن دەرخست. بەچوونەسەری ناوبانگی، ئەم نووسەرە بلیمەت و هەلپەرستە زیاتر لە جاران لەگەڵ شازادە و ئەریستۆکراتەکانی پاریس و سەرتاسەری وڵات نزیکیی پەیدا کرد. وەڵامە بەجێ و تەنزە ژاراوی و لێهاتووییەکانی لە شیعر و پەخشاندا بووبووە وێردی سەر زاری خەڵک و پاش ڕزگاربوونی لە زیندانی باستیل بەوپەڕی پاراستنی ئەدەب، بەڵام بەتەنزەوە داوای لە شازادە کرد ئەگەر پێیان باش بێت دەتوانن هەروا خەرجی سێ ژەمی خواردنی رۆژانەی من دابین بکەن، بەڵام ئیزن بدەن لە جیاتیی زیندانی باستیل خۆم شوێنی نیشتەجێبوونم هەڵبژێرم. ڤۆڵتەر بێ ئەوەی پلەی ئەریستۆکراتی هەبێ تەنیا لەبەر ناوبانگی و شارەزاییی لە ئەدەب، لە کۆبوونەوەکانی ئەشرافیدا بەشداریی دەکرد و لە هەموو شوێنێک زاڵبوونی خۆی بەسەر شازادەکان و ئەریستۆکراتەکاندا دەسەلماند. ئەم لاوە نەتەنیا گاڵتەی بە ئەریستۆکرات و پیاوانی دەربار دەکرد، بگرە شازادە و پیاوە ئاینییەکانیش لە چزووی تەنزە ژاراوییەکانی بێ نەسیب نەدەبوون. کاتێک کە شازادە بەهۆی سەرهەڵدانی تەنگژەی ماڵییەوە ویستی نیوەی ئەسپەکانی بەمەبەستی دەست پێوەگرتن بفرۆشێ، ڤۆڵتەر وەبیری هێنایەوە کە باشترین رێگەی دەست پێوەگرتن لەسەرکار لابردنی نیوەی کارەکانی کۆشکە. لە یەکێک لە کۆبوونەوە ئەشرافییەکاندا شازادەیەک روو لە ڤۆڵتەر دەکات و پرسیار دەکات کە ئەم لاوە کێیە بەدەنگی بەرز قسە دەکات و خۆی لە وەڵامدا دەڵێ: "گەورەم، ئەم لاوە کەسێکە کە هەڵگری ناوێکی گەورە نییە، بەڵام لەبەر نازناوێک کە لەسەر خۆی داناوە خەڵکی رێزی لێ دەگرن". بە فەرمانی ئەو پیاوە چەند کەسێک ڕادەسپێردرێن تا لەبەر قسەکانی لێی بدەن، سەردەستەی گرووپەکەش داوا لە بەکرێگیراوانی دەکات لە سەری ڤۆڵتەر نەدەن، چونکە شیمانەی ئەوە لە ئارادایە کە لە داهاتوودا شتی سەرنجڕاکێشی لێ بێتە دەرەوە. چەند رۆژ دواتر ڤۆڵتەر لە شانۆیەکدا ڕووبەڕووی ئەو کەسە دەبێتەوە کە بریندراری کردووە و داوای شەڕی دوو بە دووی لێ دەکات. لەبەرئەوەی ئەو کەسە کە ڤۆڵتەری بریندار کردبوو لە خزمە نزیکەکانی بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس بوو، بۆ جاری دووەم

ڤۆڵتەر رەوانەی زیندانی باستیل دەکرا، دوای دوو حەفتە بە مەرجی بەجێهێشتنی فرەنسا و ڕۆیشتنی بۆ بەریتانیا ئازاد دەکرێ. ئەو بەریتانیای لە باستیل پێ باشتر بوو، بۆیە قۆناخی دوورخستنەوەی دەستی پێ کرد.

## دوورخستنەوە بۆ بەریتانیا

ڤۆڵتەر لە سی و دوو ساڵیدا چووە بەریتانیا و سێ ساڵ لەو وڵاتەدا ژیا. لەم قۆناخەدا بەریتانیا یەکێک لە ئازادترین وڵاتانی دنیا بوو. سەرزەوییەک کە شای لەدار داوە، چاکسازیی لە ئایندا پێک هێناوە و پەرلەمانی نەتەوەیی ناوەندی دەسەڵاتی خەڵکە. ڤۆڵتەر هەر زوو بۆی دەرکەوت کە لە بەریتانیا زیندانێکی وەک باستیل لە ئارادا نییە و بەم ئاسانییە ناتوانن نەیارانی ئاین و دەوڵەت زیندانی بکەن. بیرمەندی فرەنسی لە رێژەی ئازادیی تاکەکەسی، هەڵسوکەوتی لەسەرەخۆی کۆمەڵگە لە هەمبەر نەیاران و ئازادییەکانی ئاینی لەم دوورگەیە کە مەودایەکی زۆری لەگەڵ سەرزەوینی بەلاڵێدراوی خۆی نەبوو، زۆر شادومان و خۆشحاڵ بوو و لە بەراورد لەگەڵ فرەنسا لە ڕووی شارستانییەت، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەندێشەکان، پێشکەوتنی زانست بەتایبەت لە بواری بیرکردنەوەی ئازاد زۆر پێشکەوتووتر دەدی و ستایشی دەکرد. نووسەرێک کە لە نیشتمانی خۆیدا بە بێ موحاکەمە دووجار زیندانی کرابوو و بەهۆی هزر و ئەندێشەیەوە لە زێدی دەرکرابوو، بۆی دەرکەوت کە ئەگەر نووسەرێکی بەریتانی بووایە بەهۆی ئەندێشەکانییەوە نە زیندانی دەکرا و نە دەربەدەری وڵاتانی تریش دەبوو.

ڤۆڵتەر کە وەک شاعیر، شانۆنامەنووس و نووسەرێکی شۆڕشگێڕ ناوبانگی دەرکردبوو، لەگەڵ نووسەران، فەیلەسووفان و گەورەکانی بەریتانیا ئاشناییی پەیدا کرد، زۆر بەباشی زمانی ئینگلیزی فێر بوو و لەگەڵ ناودارانی وەک پۆپ، سویفت، تامسۆن و بێرکلی کەوتە گفتوگۆ. کتێبەکانی فرانسیس بیکەن، جان لاک، شکسپیر و نیوتۆنی خوێندەوە و بە ڕادەیەک رێزی سەرکەوت کە بە دەرباری ئەو وڵاتەیان ناساند. نووسەری دوورەوڵات ڕوانگە و ئەندێشەکانی سەبارەت بە خەڵک و سەرزەوینی بەریتانیا لە بیست و پێنج نامەدا شی کردەوە، کۆکراوەی ئەو یاداشتنامانە دواتر وەک "نامەگەلی فەلسەفی" لە بەریتانیا و فرەنسادا بڵاو بوونەوە و بەتایبەت لە فرەنسا لەگەڵ پێشوازییەکی بێ وێنە بەرەوڕوو بوو.

هەندێک لە نووسەرانی مێژووی فرەنسا لەسەر ئەو بڕوایەن کە بەبڵاوبوونەوەی "نامەگەلی فەلسەفی" لە فرەنسا یەکەمین چەخماخەی شۆڕش لێ درا و یەکەمین تۆوی شۆڕش لەسەر ئەو خاکە چێندرا. ڤۆڵتەر لەم نامانەدا سەرەڕۆییی شاکانی بەڕوونی دەرخست، لە دەزگەی ئاین و دەوڵەتی فرەنسا وەک سەرکوتکەرانی ئازادیی تاکەکەسی و تاڵانچییەکانی کۆمەڵگە باس دەکرد. بەڵام لە بەرامبەردا ستایشی ئازادیی تاکەکەسی لە بەریتانیا، حکوومەتی یاسا، سەربەخۆیی

ئاینی و بایەخدان بەزانست لەو وڵاتە دەکرد. "نامەگەلی فەلسەفی" وێنەیەک لە کۆمەڵگەی بەریتانیا لە دەیەکانی یەکەمی سەدەی هەژدە وەدیار دەخات. ئەو لە نامەکاندا لە کۆمەڵێک دیاردەی کۆمەڵایەتیی وەک حکوومەت و سیاسەت، فەلسەفە و زانست، ئاین و مەزهەب، ئەدەب و هونەر دەدوێت. نیۆتۆن وەک بلیمەتی زانست دەناسێنێ کە لە دەزگەی زانستیی ئەودا ئەفسانەگەلی باو لە زانستی فرەنسا بەدی ناکرێت. لە جان لاک وەک فەیلەسووفێکی زیرەک ناودەبات کە لە فەلسەفەی ئەودا ئازادیی تاکەکەسی پێگەیەکی زۆری بۆ خۆی تەرخان کردووە. حکوومەتی بەریتانیا بەمەشرووتەی پاشایەتی ناوزەد دەکات کە خەڵکەکەی لە بەرامبەر یاسادا یەکسانن و شاکەیان وەک شای فرەنسا سەرەڕۆ نییە. ڤۆڵتەر بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە دەیڕوانییە پێکەوەژیانی مەزهەبەکان و رێککەوتنی ئاینەکان لە کۆمەڵگەی بەریتانیا دەیگوت زیاتر لە سی ئاین و مەزهەبی جۆراوجۆر لەم سەرزەوینەدا هەن و یەکتەر قبووڵ دەکەن. هەروەها بیری دواکەوتووانەی مەزهەبیی فرەنسای بەتەواوی هێز و تواناوە دەبردە ژێر پرسیار و رەخنەی لە پیاوانی ئاینیی وڵاتەکەی دەگرت. ستایشی پێشکەوتنی زانستیی بەریتانیای دەکرد و دەزگەی ئاینی و مەزهەبی لە فرەنسای لە بەرامبەر دواکەوتوویی زانست لەو وڵاتەی بەبەرپرس دەزانی. هەندێ لەو نووسەرانە کە رابردوو و ژیانی ڤۆڵتەریان نووسیوە دەڵێن کاتێک چووەتە بەریتانیا تەنیا شاعیر و شانۆنامەنووس بووە، بەڵام پاش بەجێهێشتنی ئەو وڵاتە بووەتە فەیلەسووفێکی شۆڕشگێڕ. زۆرێک لە مێژوونووسان لەسەر ئەو بڕوایەن کە پێش سەفەری بۆ بەریتانیا لێهاتوویی فەیلەسووفێکی شۆڕشگێڕ و نووسەرێکی بەتوانای تێدا بووە و لە قۆناخی ژیانیدا لە بەریتانیا ئەو لێهاتووییەی زیاتر کردووە.

## بڵاوکردنەوەی کتێب و هەڵاتنی نووسەر

ڤۆڵتەر دوای تێپەڕکردنی قۆناخی سێ ساڵەی دوورخراوەیی لە بەریتانیا گەڕایەوە وڵاتەکەی و لە چالاکییەکانی خۆی بەردەوام بوو. کتێبی "نامەگەلی فەلسەفی" سەرەتا لە بەریتانیا بڵاو کرایەوە، لەگەڵ ئەوەی کە بەرپرسانی فرەنسایی پێشگیرییان لە چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە لە فرەنسادا کرد، ساڵی دواتر بە بێ ئیزنی حکوومەت و تەنانەت بەبێ ئیزنی نووسەرەکەی ئەو بەرهەمە لە فرەنسا چاپ و بڵاو بووەوە. لەوەی کە پەیامی کتێبەکە رەخنەی توند لە دەزگەی سەرکوتکەری شاکانی فرەنسا دەگرێ دامەزراوە ئاینەکان و ئەریستۆکراتەکانی فرەنسی دەگرێتە بەر ڕەخنە، دەبێتە هۆی تووڕەیی دەزگەی پاشایەتی و ئەریستۆکراتەکان و بەتایبەت رێبەرانی ئاینی لە دژی ڤۆڵتەر. نووسەری نامەکان هیچ رێگەیەک جگە لە بەجێهێشتنی دووبارەی فرەنسای بۆ نامێنێتەوە، بەناچار لە تەمەنی چل ساڵیدا هەڵدێ و پەنا بۆ یەکێک لە شارە سنوورییەکانی دەبات کە دوور بوو لە سەیتەری دیکتاتۆرە زەوینی و ئاسمانییەکان. لەم سەردەمەدا لەگەڵ ژنێکی رووناکبیر و ئۆگری زانست و فەلسەفە بەناوی "شاتلە" کە ژنێکی بیست و هەشت ساڵەی

دەوڵەمەندی شارەکە بوو ئاشنا دەبێت. ئەو ژنە وەرگێڕی کتێبی بەناوبانگی "ئوسوڵ"ی نیوتۆنە و پازدە ساڵ لەگەڵ ڤۆڵتەر ژیان بەسەر دەبات. ئەوەش وای لە ڤۆڵتەر کرد کە زیاتر لە جاران ئۆگری زانست بەتایبەت زانستی فیزیا و تاقیگە زانستییەکان بێت. هەندێ جار ئەویندارانە لە تاقیگەدا نوقمی تاقیکردنەوە دەبوون کە دنیای دەرەوەیان لە بیر دەکرد. کۆمەڵێک لە مێژوونووسان شاتلە وەک ناودارترین ژن و بیرمەند و رووناکبیری سەردەمی خۆی ناو دەبەن. لە ماوەی ئەم پازدە ساڵەدا ڤۆڵتەر چەندان بەرهەمی بەپێزی شانۆنامەیی، مێژوویی و فەلسەفی بڵاو دەکاتەوە کە نەتەنیا لە فەرەنسا، بگرە لە سەرتاسەری ئەوروپادا ناوبانگی زیاتر دەردەکا و وادەکات شازادەکانی ئەوروپا شانازی بەدۆستایەتی بکەن. لە تەمەنی پەنجا و یەک ساڵیدا بوو بە ئەندامی فەرهەنگستانی فرەنسا و نیشانی مێژوونووسی دەرباری پێ درا و شا نازناوی "ئەشراف"ی پێ دا.

لە قۆناخی ژیان لەگەڵ شاتلەدایە کە ڤۆڵتەر کتێبی ئینجیل وردتر دەخوێنێتەوە و راڤەی دەکات. بە دڵێرییەکی بێ هاوتاوە کتێبی پیرۆزی مەسیحییەکان بە کێوێک لە ئەفسانە دەشوبهێنێ کە لاپەڕەکانی پڕن لە چیرۆکی ئەفسانەیی. لە داستانەکانی ئینجیلدا جیاوازییەکان و تەنانەت هەڵەی زۆر دەبینێ و رادەگەیەنێ کە کتێبی پیرۆزی مەسیحییەکان قسەی خوڵقێنەری دنیا نییە، بگرە گرووپێک پێکیان هێناوە و دەڵێ ئاین دژی زانست و عەقڵ و ژیربێژییە، تەواوی ئاین و مەزهەبەکان بەتایبەتی ئەوانەی کە ئاسمانین وەک ئەفسانە دەیانناسێنێ. پێی وایە زانست و ژیربێژی رێگەی خەبات لەگەڵ ئاین و مەزهەبە و دەڵێ هەتا کۆتایی ژیانی لەگەڵ ئاینفرۆشان و پیاوە ئاینییە درۆزنەکان بەربەرەکانێ دەکا و ریشەکێشکردنی مەسیحییەت بەئامانجی خۆی دادەنێ.

## ئیمپراتۆر لە بەردەم بیرمەندا

شاتلەی دۆست و خۆشەویستی ڤۆڵتەر لە ساڵی هەزار و حەفتسەد و چل و نۆ و لە کاتی منداڵبووندا کۆچبار (مرد) بوو و بەمردنی زەبرێکی کاریگەر لە بیرمەند کەوت. چەندان ساڵ بوو کە ڤۆڵتەر داوای فریدریکی گەورەئیمپراتۆری پرۆسی رەت دەکردەوە و بردنە سەری ژیان لەگەڵ خۆشەویستەکەی گەلێک لە ژیانی ناو دەرباری ئیمپراتۆری ئەوروپای پێ باشتر بوو. فردریک زۆرجار داوای لێدەکرد بێتە دەربارەکەی و لە نامە بەهەستەکانیدا ڤۆڵتەری وەک پیاوی هەزارەکان و بیرمەندترین مرۆڤی تەواوی قۆناخەکان دەناساند. ڤۆڵتەریش فردریکی وەک سوقرات، ئەسکەندەر و سولێمانی باکور دەشوبهاند. مردنی شاتلە بووە هۆی ئەوەی کە ڤۆڵتەر داوای ئیمپراتۆر قبووڵ بکات و رۆیشتنی بۆ دەربار، پاشای ئەوروپا لە شادییەکی بەوێنەدا نوقم بکات. پێوەندیی سەرەتای ئیمپراتۆری پرۆس و فەیلەسووف زۆر دۆستانە بوو و یەکتریان ستایش دەکرد. ڤۆڵتەر بە دەست و دڵبازییەوە نازناوی "فەیلەسووفی شا"ی لە فردریک دەنا و ئەویش بە پێدانی

بەرزترین پلە و پایەکان وەک گەورەترین مێشکی ئەوروپا دەیناسی و بەخێرهاتنی دەکرد. ڤۆڵتەر بۆ ماوەی سێ ساڵ لە دەسەڵات و سامانی بەهێزترین و دەوڵەمەندترین شای ئەوروپا شەریک بوو، بەڵام گرژیی نێوان ئەو و سەرۆکی فەرهەنگستانی زانستیی پرۆس و ڕکەبەرایەتیی لەگەڵ سووخۆرێکی گەورە (ڤۆڵتەر بۆ خۆی سووخۆر بوو) بووە هۆی ساردی لە پێوەندیی ئەم دوو کەسە. ڤۆڵتەر دەفتەرێکی تەنز سەبارەت بەفەرهەنگستان دەنووسێ، تەنزی ژاراوی دەبێتە هۆی ئەوەی کە بڵێسەی تووڕەی ئیمپراتۆر سەر لە ئاسمان بدات. بیرمەندێک کە جگە لە مێشکێکی بەتوانا چەکێکی تری شک نەدەبرد، بە فەرمانی هەمان مێشک هەڵات.

## فەیلەسووفی وەدەرنراو لە نیشتمان

کاتێک ڤۆڵتەر لە دەرباری ئیمپراتۆر فردریک هەڵات، لەبەرئەوەی کە فرەنساییەکی دوورخراوە بوو نەیدەتوانی بگەڕێتەوە وڵاتەکەی و لە هەر شوێنێکی سەر بە ئیمپراتۆریی پرۆسدا بمابایەوە لەلایەن سەربازانی ئەو ئیمپراتۆرییەوە دەگیرا. بیرمەند بەچەکی قەڵەمی خۆی کەوتبووە بەربەرەکانێی شای سەرەڕۆی فرەنسا و ئیمپراتۆری بەهێزی پرۆس، بووبووە مرۆڤێکی بێ نیشتیمان و پیاوێکی هەڵاتوو و دوورخراوە. ئەو شوێنێکی بۆ ژیان هەڵبژارد کە لەژێر چاوەدێریی پرۆس و دەسەڵاتی فرەنسادا نەبوو، ئەم شوێنە "فرنی"یان پێدەگوت و لە نزیک شاری ئێستای جنێڤ هەڵکەوتبوو. بوونی ڤۆڵتەر لە "فرنی" شوێنی ژیانی ئەوەی کردە پایەتەختی ڕووناکبیریی ئەوروپا. نووسراوەکانی زیاتر لە جاران بوێرانە بوو و بۆنی توندوتیژیی لێدەهات. ناوبانگی لە دنیای ئەدەب و هزر و ئەندێشەدا تا دەهات زیاتر دەبوو. شازادە و گەورەکانی وڵاتانی تر، نووسەران و ناودارانی ئەوروپا سەردانیان دەکرد و ئەویش خزمەتی دەکردن. فەیلەسووفی بەناوبانگ نازناوی "خاوەنی میوانخانەی ئەوروپا"ی لەسەر خۆی دانا. ڤۆڵتەر شاکاری خۆی بەناوی "کاندید" لەم قۆناخەدا نووسیوە و زۆربەی بابەتە فەلسەفی و مێژووییەکانیشی بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە. ڤۆڵتەر نزیکەی بیست و چوار ساڵ ژیانی لە "فرنی"دا بەسەربرد. کاتێک بڕیاری دا قۆناخی دوورخستنەوەی تێپەڕ بکات و بگەڕێتەوە پاریس، نزیک بە هەشتا و چوار ساڵ ژیانی پڕاوپڕ لە تێکۆشان و خەباتی تێپەڕاندبوو. ڤۆلتەر چوار ساڵ پاش مردنی لویی پازدەم بۆ کردنەوەی دواین پێشانگەی بەناوی "ئیرن" چووە پاریس. لە کاتی چوونی بۆ پاریس خەڵکی بەشێوەیەک پێشوازییان لێ کرد کە قەت بووکی شارەکانی دنیا و ناوەندی شارستانییەتی ئەوروپا پیشوازیی وای بەخۆیەوە نەدیتبوو. وێنەی پێشوازیی خەڵکی پاریس لە ڕوونترین مێشک و بیری فرنسا و ئەوروپا وەک یەکێک لە شکۆدارترین وێنەکانی سەدەی هەژدەم باس دەکەن. نووسەرێک دەنووسێ هەتاوی ئەوروپا کە لە پاریسەوە هەڵهاتبوو، بۆ ئاوابوون جارێکی تر گەڕایەوە فرەنسا. ستایشی فەرهەنگستانی فرەنسا و ڕێزلێنان لە ناوبراو بەجۆرێک جۆش و خرۆشی بەدواوە بوو کە

فەیلەسووفی بەجەستە لاواز هاوار دەكات و دەڵێ: "بەم جۆرە ڕێزلێنانە من دەكوژن".

فەیلەسووفی نەخۆش كە سەرتاسەری ژیانی شەیدای پاریس بوو، تەنیا سێ مانگ و نیو لەم شارەدا ژیا. ئەو بیرمەندە گەورەیە كە لە ژیانیدا بەدەست چەندان نەخۆشییەوە دەینالاند لە مانگی مایسی ١٧٧٨، واتە یازدە ساڵ پێش شۆڕشی گەورەی فەرەنسا كۆچی دوایی كرد. لە دوایین ساتەكانی تەمەنی كاتێك كە قەشە داوای لێ دەكا تا داوای لێبووردن لە خوا بكات، بەدەستەكانی ئیشارەتی پێ دەدات كە لەسەر جێگەكەی دوور بكەوێتەوە و گوتی: "بهێڵە هەتا بە ئاسوودەیی بمرم".

ڤۆڵتەر لە ڕوانگەی دەزگەی ئایندا وەک خوانەناس باسی لێوە دەكرا و بەهۆی قبووڵنەكردنی داخوازیی قەشە ناویان بەكافر دەبرد. دەزگەی كڵێسا كۆسپی زۆری خستە سەر ڕێگەی ڕێوڕەسمی ناشتن و بەخاک سپاردنی ڤۆڵتەر. دۆستانی بەناچار لە شەودا تەرمەكەیان لە پاریس بردە دەر و بەنهێنی بەخاكیان سپارد. ئەو نووسەرانەی ژیاننامەی ڤۆلتەریان نووسیوە دەڵێن بە ڕاگەیاندنی مردنی بیرمەندی گەورەی فەرەنسا نەتەنیا پاریس و فەرەنسا، بگرە سەرتاسەری ئەورووپا ماتەم دایگرت. دوای سەركەوتنی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا، ئێسک و پرووسكی ڤۆڵتەر گەڕێندرایەوە پاریس و خەڵكی شارەكە بەجۆرێک ڕێزیان لەو ئێسک و پرووسكانە گرت كە ئەو ڕێوڕەسمە تەنانەت بۆ ناودارترین شازادەكانی بەدەسەڵاتیش نەگیرابوو. نەتەوەیەكی گەورە پیاوێكی گەورەی لە خۆیدا نوقم كرد.

## تایبەتمەندییەكانی قۆناخی ژیان

نزیک بە هەشتا ساڵ ژیانی ڤۆڵتەر لە سەدەی هەژدەمدا بوو. ئەو سەدەیە بەسەدەی شۆڕشی فەرەنسا، یان سەدەی دایكی شۆڕشەكانی دنیا دەژمێردێت. لەم سەدەیەدا ئیمپراتۆر و شاكانی وڵاتانی ئەورووپای بە دیكتاتۆری و مستی پۆڵاین كۆمەڵگەیان بەڕێوە دەبرد. لە فەرەنسا شاكان بەسەر گیان و ماڵی خەڵكدا فەرمانڕەواییی بێ ئەملا و ئەولایان دەكرد و خۆیان بە یاسا، حكوومەت و فەرەنسا دەزانی. دەوڵەمەندە گەورەكان، خاوەن موڵكەكان و گەورەپیاوانی سەربازی كە چواردەوری دەزگەی پاشایەتییان گرتبوو، حكوومەتی تیكنۆكرات و شازادەكانیان پێكهێنابوو. گرووپێكی زۆر كەم بەشێكی زۆری سەروەت و سامانی كۆمەڵگەی لەدەست دابوو و بەتەواوی توانا و هێزەوە پشتیوانییان لە بەرژەوەندییەكانی خۆیان دەكرد و دەسەڵاتی تەواوی كۆمەڵگەیان لەدەست دابوو. دەزگەی ئایینیش وەک دەسەڵاتێكی بەربڵاو بووبووە باسكی بەهێزی تیكنۆكرات و ئەریستۆكراتەكان و لە ڕاستیدا بۆ خۆیان تیكنۆكرات و ئەریستۆكرات بوون كە جلوبەرگی تایبەتییان لەبەردا بوو. دەوڵەمەند و پیاوە ئایینییە گەورەكان "حكوومەتی هەڵبژاردە" یان "كۆمەڵگەی ئەریستۆكراتی"یان پێكهێنا. كۆمەڵگەیەكی ئەوتۆ لەسەر بنەمای سەرەڕۆییی زەوینیی

ئاسمانی بەڕێوە دەچوو. خەڵکی کۆیلەیەک زیاتر نەبوون و گەورەترین ئەرکی ئەوان ئەوە بوو کە پێڕەوی لە فەرمانەکانی شا بکەن. نەزانی، هەژاری، ئەفسانە و نابەرابەری لەوپەڕی خۆیدا بوو. دەزگەی حکوومەتی کە گەورەترین پێکهاتەکانی دەست و پێوەندی شاکان، دەوڵەمەندەکان، خاوەن موڵکە گەورەکان و ڕێبەرانی ئاینییە لە خۆشگوزەرانی، ڕابواردن، زۆڵم و زۆر، درۆزنی و دووڕوویی‌یدا نوقم بووبوون، شازادەکان نازناو دەفرۆشن و ڕابەرانی ئاینییش کۆشکەکانی بەهەشت. دەربارییەکان و دەسەڵاتداران بەرابواردن رۆژگار دەبەنە سەر. پیاوە ئاینییەکان جگە لە کۆکردنەوەی سەرمایە و دووڕوویی هونەرێکی تریان نەبوو. نەتەوە لە هەژاری و بێ دەرەتانی و نەخۆشیدا نوقم بووبوو.

لە کۆمەڵگەی ئەو کاتی فرەنسادا ناشیرینی و جوانییەکان لە تەنیشت یەکتری خۆیان دەنواند. فەرەنسا بەتایبەت شاری پاریس پایەتەختی فەلسەفە، هونەر، کولتوور و شارستانییەتی دنیایە، بەڵام کولتوور و شارستانییەتی درەوشاوە نوقمی زوڵم و چەوسانەوە و ئەفسانە بووە. زانستی نوێ و فەلسەفەی نوێ لەگەڵ مەزهەبی کۆن لە شەڕدا بوون. لە تەنیشت ژیانی پڕ شکۆی تیکنۆکرات و شازادەکان، خەڵکی لەوپەڕی دەستکورتیدا دەژیان، بەڕاستی قۆناخی جیاوازییەکانە، لە قۆناخێکی ئەوتۆدایە کە بلیمەتێک لەدایک دەبێ، گەورە دەبێ و دەست بۆ قەڵەم دەبات.

## تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیی ڤۆڵتەر

نووسەرانی مێژووی شارستانییەت ڤۆڵتەر بەیەکێک لە پڕکارترین، ماندوونەناسترین و نەترسترین نووسەری دنیا دەناسن. ڤۆڵتەر لە بوێری، قبووڵکردنی مەترسی و خەباتگێڕی بێ وێنە بووە، بیرێکی زۆر بەهێزی بووە و مێشکی بەخێرایی سەرسووڕهێنەر زانست، زانیاری، فەلسەفە و تەواوی وانەکانی وەردەگرت. لە قسەکردن و نووسین ئەوی پێی راست بووبێ باسی کردووە، مێشکێکی پڕکار، شەفاف و بەتوانای هەبووە، یەکێک لە نووسەرانی ڕابردووی ڤۆڵتەر دەنووسێ: "لە مێشکیدا ئاگرێک هەڵکرابوو کە تا دواین چرکەکانی ژیانی هەر لە بڵێسەدا بوو". ڤۆڵتەر پیاوێکی لەسەر دڵان، لەخۆبووردوو و دەستودڵباز، بەڵام لە هەمان کاتدا لە بەرامبەر نەیارانیدا بەهەڵوێست بوو، لەگەڵ وەستانی بەهەموو هێزی لە بەرامبەر سیستەمە دیکتاتۆرییەکان و پیاوە ئاینییە درۆزنەکان لە خەباتدا بوو، بەڵام ئۆگریی بە ژیانێکی ئاسوودە و شایانەی تێدا بەهێز بوو. لایەنگری سیستەمی پاشایەتی بوو بەمەرجێک کە شا فەیلەسووف و بیرمەند بێت. ڤۆڵتەر لە راستیدا ئاوێنەی بالانوێنی قۆناخی پڕ لە دژبەری و جیاوازیی سەدەی هەژدەم لە فرەنسادا بوو. دەبووە میوانی ئیمپراتۆرەکان و هاودەمی شاکان و ستایشی دەکردن، رووی لە سووخۆری و کۆکردنەوەی پارە کردبوو. بە وشیارییەکی بێ وێنە کاری بازرگانی و ئاڵوێری پڕ داهاتی دەکرد.

بەکەڵک وەرگرتن لە هێزی دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگە، کارەکانی بەشێوەی دڵخوازی خۆی جێبەجێ دەکرد. لە شوێنی خۆی پشتیوانیی تەواوی لەو کەسانە کردووە کە کەوتوونەتە بەر غەزەبی دەزگای سەرەڕۆی حکوومەتی و ئاینی. پیاوێک وەک بەتواناترین شانۆنامەنووس، چیرۆکنووس، شاعیر و مێژوونووسی ئەورووپا ناسرابوو، بووبووە یەکێک لە گەورەترین دەوڵەمەندەکانی ئەم کیشوەرە. بلیمەتی و تێکەڵاوییەکی سەیری بوو لە شارەزایی لە ڕووی ئەدەبی و ئابوورییەوە. سەرمایەکانی لە کارگەی دروستکردنی پاپۆڕ، رستن و چنین، کڕین و فرۆشتنی مولک و تابلۆ گرانبەهاکان وەگەڕخستبوو و لە کۆتاییی هەر هەوڵێکی ئابووریدا ڕێژەی سامانی دەبردە سەرەوە. هەندێ لە کڕیارانی ناوبراو، ئیمپراتۆرەکان، شازادەکان و دەسەڵاتدارانی ئەورووپا بوون. ڤۆڵتەر تەنانەت لە بەخێوکردنی ئەسپ، کرمی ئاوریشم و بەرهەمهێنانی هەنگوین غافڵ نەدەبوو. بەدەستێک دەینووسی و بەدەستێکی تر پارەی دەبژارد. قەرزی بەدۆستانی خۆی دەدا و تا دوایین پارەی سوودەکەی لێ وەردەگرتنەوە. کەس نەیدەتوانی سەرپێچی لە حیساباتی بکات لەبەرئەوەی دەیانزانی کە ناتوانن ڕووبەڕووی کەسێک ببنەوە کە خۆشەویستی شا و دەسەڵاتدارانە. ڤۆڵتەر لە هەستی نیشتمانپەروەری، ئۆگری بە نەتەوە و فرەنساپەرستی بەهرەیەکی ئەوتۆی نەبوو. لایەنگری ڕاستەقینەی ڕاستی بوو. ڕاستییەکان کە سنوور و وڵاتەکان لە بەرامبەریدا کەمڕەنگ دەبن. هەر کاتێک پێویست بووایە بەستایشی زۆر لە کۆمەڵگەی بەریتانیای وەک ناوەندی ڕێزلێنان لە ئازادیی تاکەکەسی و ڕێککەوتنی ئاینی دەڕوانی و ڕەخنەی ئاراستەی فرەنسا و فرەنسییەکان دەکرد. فەیلەسووفێک کە شەش شا و شاژنی ئەورووپا شانازییان بە دۆستایەتیی دەکرد، لە ئێش و ئازارەکانی خەڵکی ئاساییش غەمبار دەبوو، بۆ وێنە کاتێک پیاوە ئاینییەکان بازرگانێک بەناوی کالاس بەکوشتنی کوڕەکەی تاوانبار دەکەن و دەڵێن لەبەر ئەوە کوڕەکەی ویستوویەتی ببێتە کاتۆلیک باوکی کوشتوویەتی، ڤۆڵتەر پشتیوانیی لێ دەکات و پاش سێ ساڵ دەیسەلمێنێ کە تاوانی پیاوانی ئاینی بێ بنەما بووە. لە مەسەلەیەکی تردا پیاوانی ئاینی باوک و دایکێک بەتاوانی کوشتنی کچەکەیان بەهۆی ئۆگریی بەمەزهەبی کاتۆلیک بە لەداردان مەحکووم کرد، هەوڵەکانی ڤۆڵتەر بۆ سەلماندنی بێتاوانیی ئەوان نۆ ساڵی خایاند و لە کۆتاییدا ڤۆڵتەر سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

وەڵامدانەوە لە کاتی خۆیدا، قسەی خۆش بەڵام بەمەبەست، تەنزی ژاراوی و ڕستەی کورت بەڵام هەژێنەر، لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ڤۆڵتەرن. ئەو تایبەتمەندییانە ئاماژە بەمێشکێکی بەتوانا، بیرێکی بەهێز و توانای فیکری لە ئاستی بلیمەتیدا دەکەن. بلیمەتیی ئەو چەند لایەنە بوو و لە بوارەکانی نووسەری، بەڵگەهێنانەوە، شێوازی قسەکردن، شارەزایی لە بواری ئابووری، کۆمەڵایەتی و توانای بەهێزی بیرکردنەوە بوو. بلیمەتیی ڤۆڵتەر لە ڕاستیدا بلیمەتیی لە هونەری ژیاندایە، بەتایبەت ژیان لە سەدەی هەژدەم و لە فرەنسا.

## پڕکارترین نووسەری سەدە

کۆمەڵە نووسراوەکانی ڤۆڵتەر لە نەوەد و نۆ بابەت لە فەرەنسادا بڵاو بوونەتەوە. ڕێژەی نووسراوەکانی لەڕووی چۆنایەتییەوە بەڕادەیەک لە سەرەوەیە کە نازناوی پڕنووسینترین نووسەری سەدەی پێ درا. ئەو وەک شانۆنامەنووس، چیرۆکنووس، ڕەخنەگری شانۆیی، مێژوونووس، فەیلەسووف، شاعیر و یەکێک لە گەورەترین نامەنووسەکانی مێژوو یاد دەکرێت. لە ڕێگەی نووسینەوە پێوەندیی بەزیاتر لە هەزار و دووسەد کەسەوە هەبووە و هەزار و حەفسەد نامەی لێ بەجێ ماوە. ئەو نامانە بە زمانەکانی فرەنسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، ئیتاڵی، ئیسپانی و لاتینی نووسراون و پڕن لە خاڵی سەرنجڕاکێش، پاراوبێژی و باسی تەنزئامێز.

لە زۆربەی نووسراو و چیرۆکەکانی ڤۆڵتەردا پاڵەوانەکان مرۆڤ نین، بگرە ئەکتەرە سەرەکییەکان، ئەندێشە و تیۆرییەکانن. نەزانی و ئەفسانە ڕۆڵی خراپەکارن و زانست و ژیربێژیش لە ڕۆڵی خۆشەویستییەدا دەردەکەون. ڕووبەڕووبوونەوەی هزر و ئەندێشە ڕووداوەکانی چیرۆک پێک دێنن. شەڕی فیکری نادروست و لاواز لەگەڵ ئەندێشەکانی زانستی و لۆجیکی. ڤۆڵتەر لە قۆناخی سێ ساڵەی خۆیدا لە بەریتانیا شانۆنامەکانی شکسپیری دیت و لەسەر ئەوانە رەخنەی نووسی و وشیارترین ناسێنەری شکسپیر بە فرەنسییەکان بوو. ناوبانگی ڤۆڵتەر لە فرەنسا بە نووسینی شانۆنامەی "ئۆدیپ" و چوونە سەر تەختەی شانۆ لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا دەستی پێ کرد. دواتر شانۆنامەی "هونەری یاد"ی نووسی. پاش گەڕانەوەی لە بەریتانیا شانۆنامەکانی "بروتوس"، "زائیر" و کتێبی "نامەگەلی فەلەسەفی" بڵاو کردەوە. بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە بووە هۆی ئەوەی کە جارێکی تر لە پاریس هەڵبێت و خۆی لە سنوورەکان ببینێتەوە.

چیرۆکێک بەناوی "سادق" رابردووی نووسەرەکەی یان چیرۆکی ژیانی کەسایەتیی ڤۆڵتەر خۆیەتی. سادق بیرمەندێکی وشیارە کە پیاوە ئاینییەکان ئازاری دەدەن. تاوانی ئەو زانایە ئەوە بوو کە گومانی لە بەزەییی خوا هەبوو و دڕدۆنگ بوو لە خۆشەویستیی خوا بەرامبەر بەمرۆڤ. پەیامی چیرۆکی "مایکرۆمێگا" لاوازیی مرۆڤ لە جیهانی بوون و سەرەڕۆییی پیاوە ئاینییەکان لە هێنانە بەر باس بانگەشەی گەورە بەڵام بآبنەمایە. لەم چیرۆکەدا کەشتیوانانی بەجەستە زەبەلاح و لە ئەستێرەی زوحەل و ئەستێرەکانی تر دێنە سەر زەوی. ئەمانە لە بچووکیی مرۆڤ و بانگەشەی ئاین و مەزهەب کە بۆ تەواوی پرسیارە زانستی و فەلسەفییەکان وەڵامی هەیە، سەریان سووڕماوە. دوای بلەرزەی ترسناکی "لیشبون" لە پورتوگال ڤۆڵتەر هۆنراوەی درێژی سەبارەت بەم کارەساتە مەرگهێنەرە هۆنییەوە. ئەم بیرۆکەیە کە هەر کارێک لەسەر زەوی کاری خوایە و بە بێ حیکمەت نییە بەتوندی رەت دەکاتەوە. بەکەڵک وەرگرتن لەم کارەساتە گەورەیە هێرشی کردە سەر ئەندێشە ئەفسانەییەکان و دژەعەقڵ لە مەسیحییەت. جارێکی تر تووڕەییەکی شێت ئاسای ناوەندەکانی ئاین و مەزهەبی وروژاند.

کاتێک ڤۆڵتەر شەست و پێنج ساڵی هەبوو شاکاری قۆناخی نووسەریی خۆی خوڵقاند. گەورەترین بەرهەمی ئەم نووسەرە " کاندید"ە. ئەم چیرۆکە فەلسەفییە، وەرگێڕدراوەتە سەر زیاتر لە سەد زمانی جیهان. "کاندید" پیاوێکی گەنج و دڵساف بوو کە لە وڵاتە جیاجیاکاندا خەریکی گەشتوگوزار بوو. ئەم گەنجە وای بۆ دەچوو کە لە دنیادا هەموو شتێک بەدڵی ئەوە. فەلسەفەی چیرۆک بە دەوری ناوەڕۆکی چاکە و چۆنیەتیی خراپە لە دنیادا دەسوڕێتەوە. ئامانجی نووسەر نیشاندانی خراپەکان و خەبات لەگەڵ ئەوانە. چونکە رووداوەکان دەیسەلمێنن کە هیچ شتێک بەدڵی هەموو کەس نییە. دوای بڵاوبوونەوەی کاندید. ڤۆڵتەر وەک گەورەترین و بەناوبانگترین نووسەری ئەورووپا ناسرا. ناوبانگێک کە لە سەردەمی خۆیدا بێ وێنە بوو. ئەو یەکێک لە وشیارترین و پێشڕەوترین مێژوونووسانی سەدەی هەژدەم و یەکێک لە دامەزرێنەرانی شێوازی نوێ لە نووسینەوەی مێژووە. ئەو دەڵێ: "لە جیاتیی نووسینی چیرۆکی دوور لە راستیی شەڕی ئیمپراتۆرەکان و شاکان دەبێ مێژووی ڕەوتی ئەندێشەی مرۆڤ یان مێژووی شارستاییەتی مرۆڤ بنووسرێتەوە. دەبێ مێژوو ئاوێنەی باڵانوێنی گەشەسەندن و ئاڵوگۆڕەکانی جۆری ئینسان، سەرهەڵدانی ئەندێشەی نوێ لە سیاسەت، زانست، ئایین و مەزهەب، ئەدەب، هونەر و کولتوور بێت."

مێژووی ڕاستەقینە، چیرۆکی شارستانییەت و کولتووری مرۆڤە. ڕابردووی بزووتنەوەی فیکری و بیری نوێیە. مێژووی ڕاستەقینە هەمان فەلسەفەی مێژووە. لە فەلسەفەی مێژوودا بنەڕەتیترین پرسیارەکان دێنە بەرباس و ئەرکی مێژوونووسان وەڵامدانەوە بەم پرسیارانەیە. ڕۆڵی مێژوونووسان نووسینەوەی بەسەرهاتی شازادەکان نیە، بگرە مێژوونووسی ڕاستەقینە ڕابردووی جۆری ئینسانەکان تۆمار دەکات. ڤۆڵتەر دەڵێ دنیا شانۆیەکە مرۆڤەکان وەک ئەکتەری سەر تەختەی شانۆ مێژووەکەی پێک دەهێنن. مێژوونووس لە ڕاستیدا رەخنەگری شانۆنامە و ناوبژیوانی یارییەکانە. ئەو پێی وایە مەبەست لە نووسینی مێژوو دەرس وەرگرتن، پێدانی زانیاری و وشیارکردنەوەیە.

"ڕەوشت و ڕۆحییەتیی نەتەوەکان" ناونیشانی یەکێک لە گەورەترین نووسراوەکانی بواری مێژووی ڤۆڵتەرە. ئەم کتێبە هەزار و شەشسەد لاپەڕەیە و زیاتر لە پێنج سەد هەزار وشە لەخۆ دەگرێت و تێیدا پێ لەسەر ڕۆڵی کەشوهەوا، حکوومەت، سیاسەت، ئایین و مەزهەب لە دروستبوونی مێژوودا دادەگرێت. سیستەمی ئابووریی شارستانییەکان و شێوازی بازرگانیی وەک هۆکاری دروستبوونی مێژوو چاو لێ دەکات و لە جیاتیی پێداهەڵگوتن بەداستانی شەڕەکان و ڕووداوەکان، زیاتر ئاماژە بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەندێشەکان و ئاشنایی لەگەڵ شارستانییەتە جۆراوجۆرەکان دەکات. بەپێچەوانەی مێژوونووسانی ئەورووپایی لە پێوەندی لەگەڵ مێژووی نەتەوەکانی ئاسیایی لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنەی کردووە و ئاینە گەورەکانی ئەم نەتەوانەی ناسیوە. کاتێک کە کتێبی

ڕەوشت و ڕۆحییەی نەتەوەکان بڵاو دەبێتەوە رق و تووڕەیی دەوڵەت و دەزگەی کڵێسای بەدوای خۆیدا هێنا، لەبەرئەوەی ڤۆڵتەر بەپێچەوانەی نەریتی مێژوونووسی گرینگییەکی ئەوتۆی بە ئاینەکانی مەسیحییەت و یەهوودییەت نەداوە، باسی لە ئاینەکانی تر کردووە و مێژووی وڵاتانی وەک چین، هیند و ئێرانی لێکداوەتەوە. جگە لەمانە ڤۆڵتەر بایەخی بە ئەوروپا نەداوە و ئەوی لە ڕووی پانتایی بەرامبەر بەپان و بەرینی و بەربڵاویی ئاسیا بچووک نیشان داوە، هەروەها نووسەر کتێبی مەسیحییەتی ئیدانە کردووە و ڕێبەرانیشی بە نەزانی تاوانبار کردووە. لە سەردەمێکدا کە فرەنساپەرستی لەوپەڕی خۆیدا بوو، ڤۆڵتەر بەپلەی یەکەم خۆی بە ئینسان و دواتر بە فرەنسییەک دەزانی. بۆیە شا فەرمانیدا ڤۆڵتەر هەتاهەتایە پێ نەنێتە سەر خاکی فرەنسا.

## کتێبە مێژووییەکانی ڤۆڵتەر

مێژووی سەردەمی شارلی دوازدەم، سەردەمی لویی سێزدەم، لویی چواردەم، مێژووی رووسیا. لە هەمووی ئەم کتێبانەدا ڤۆڵتەر شارەزایی خۆی لە کورتنووسی، سادەنووسی و راڤەکردنی ڕووداوەکان دەرخستووە. لە نووسینی" فەرهەنگنامەی فرەنسا" دا هاوکاریی دامەزرێنەرانی ئەو کولتووره "دیدرۆ" و "دالامبر" دەکات و بابەتی زۆری بۆ ناردوون. بۆ خۆیشی "وشەنامەی فەلسەفی" بڵاو کردووەتەوە. کتێبی "پێکهاتەی فەلسەفیی نیوتۆن"ی بەمەبەستی ئاشنابوونی زیاتری فرەنسییەکان بەزانستی نوێ و بەتایبەت ئاگەداربوون بەشێوازی زانستی و تیۆرییەکانی نیوتۆن بەچاپ گەیاندووە. کتێبی "یاسای سروشتی"ی ڤۆڵتەر پاش بڵاوبوونەوەی لە پاریس کۆ کرایەوە و سووتێندرا، لەبەرئەوەی پیاوە ئاینییەکان نەیاندەتوانی بیخوێنەوە و شاهیدی بڵاوبوونەوەی لە ناوخەڵکدا بن. ئەمڕۆ لە فرەنسا مێژووەکانی ڤۆڵتەر، شانۆنامەکان، شیعرە حەماسییەکانی کەمتر دەخوێندرێتەوە، بگرە زیاتر بایەخی مێژوویی هەیە، بەڵام چیرۆک و هۆنراوەکانی وەک بەشێک لە یادگاریی ئەدەبیی فرەنسا دێتە هەژمار و بەردەوام لە چاپ دەدرێت.

## ئەندێشەکانی فەیلەسووفی شۆڕش

ڤۆڵتەر خۆی بە خواناس دەزانی نەک خواپەرست، ئەو دەڵێ: تەنیا ڕێگەی دروستی ئاگەداربوون لە بوونی خوا پشتبەستن بە عەقڵ، هەست، ژیربێژی و بەڵگەهێنانەوەیە. لەسەر ئەم بڕوایە بوو کە بۆ سەلماندنی بوونی خوا پشتبەستن بە سرووش، ئیلهامی ئاسمانیی کتێبی پیرۆز و بانگەوازی پێغەمبەران دەبێتە هۆی بەلاڕێدابردن، لەبەرئەوەی هەمووی ئەوانە لەسەر بنەمای فریودانی کەسانی تر دامەزراون. لە فەلسەفەی ڤۆڵتەر، خوڵقێنەرێکی زانا و بەتوانا جیهانی خوڵقاندووە، بەڵام هیچ کات پەیامهێنەری نەناردووە و کتێبی پیرۆزی نەنووسیوە. لەم فەلسەفەیەدا بۆ ئاگاداربوون لە بوونی خوا ناوبژیوان پێویست ناکات. بگرە بەسەرنجدان بە ڕێکخستنی سروشت

و چۆنیەتیی سووڕانی پێکهاتەکانی سروشت، بوونی سووڕێنەر، ڕێکخەر یان خوا دەسەلمێندرێ.

لە فەلسەفەی خواناسیی ڤۆڵتەر سەرەکیترین خاڵ ئەو بابەتەیە کە خوا پاش خولْقاندنی جیهان، جیهانی بەحاڵی خۆی بەجێ هێشتووە، ئەو بەم ئاکامە دەگات کە خولْقێنەری جیهان ئۆگرییەکی بەچارەنووس و ژیانی جۆری ئینسانەوە نییە و ئازادی کردووە. ڤۆڵتەر جیهان وەک کاتژمێرێکیی گەورە دەبینێت کە بە ڕێکخستنێکی سەرسووڕهێنەر لە کاری خۆی بەردەوام دەبێت. جیهانیبوون لە ڕاستیدا هەمان سەعاتە. سەعاتساز کاتژمێر قورمیش دەکات و دەیخاتە گەڕ و بەحاڵی خۆی بەجێی دێڵێت. لەدەزگەی فەلسەفیی ڤۆڵتەردا خواپەرستی، خواترسی، سروش و ئیلهامی ئاسمانی، پیرۆزبوونی کتێبە ئاینییەکان، ڕاستبێژیی پەیامهێنەرانی ئاسمانی، جیهانی تر، گەڕانەوەی ڕۆح بۆ جەستەی مردووەکان، ویست و بەزەییی خوا جێگەی نییە. ڤۆڵتەر تەواوی ئەم ئەندێشانەی بەهەموو هێز و تواناوە دەدایە بەر ڕەخنە و زیاتر لە حەفتا ساڵ لەگەڵ ئەو تیۆرییانە بەربەرەکانێی کرد. لە فەلسەفەی ڤۆڵتەردا مەسیح بەتەواوی وەلا نراوە، گاڵتەی بەکتێبە پیرۆزەکان دەکرد، ئەندێشەی ژیانی بەردەوامی مرۆڤ و گەڕانەوەی ڕۆح لەگەڵ توانجی ئەو بەرەوڕوو دەبوو. ڕێبەرانی ئاینە تاک خواییەکان و پیاوە ئاینییەکانی پێ دووڕوو بوو. لە دەزگای ئاین و مەزهەب وەک دەزگەی فریودان یاد دەکرد. ئاین و مەزهەبی ڤۆڵتەر شتێک جگە لە ڕەوشت و ئاکار نەبوو. لە ڕوانگەی ئەخلاقیی ئەوتۆدا پێوانە سەرەکییەکان هەمان ڕاستییە ئاشکراکانن کە بۆ تێگەیشتنی ئەوانە نە پێویستیی بە خوا هەیە نە بە پەیامهێنەرەکانی. ئەمانە هەمان عەدالەتن، چاکین و ڕاستین. لە ڕوانگەی ئەو فەرمانی خوا بەجۆری ئینسان دەتوانی ئەمە بێت: "عادل به !".

ڤۆڵتەر لە نیوەی تەمەنی خۆیدا خەباتی گەرموگوڕ و لەبننەهاتووی دژی دەزگەی ئاین و مەزهەب پەرە پێ دا. کاتێک لە کڵێسای کاتۆلیک ئازار و ئەشکەنجەکانی دژی پرۆتستان زیاد کرد، ئەو کە بەردەوام قسەخۆش و تەنزنووس بوو لە ناکاو تووڕە دەبوو و لە ئەندازەبەدەر جیدی دەبوو. ڕووی لە گەورەکانی سەردەمی خۆی دیدرۆ و دالامبر کردووە و نووسیویەتی"وەرن با یەک بگرین، مێشک وشک و درۆزنەکان لەناوبەرین، سکاڵانامەگەلی لاواز و چەواشەکارانی داماو و درۆکردن لە مێژوو ڕیسوا بکەین. نەهێڵین زانایان بکەونە داوی تەنزەکان، نەوەی داهاتوو ئازادی و ژیربێژی بە قەرزداری ئێمە دەزانن."

ڤۆڵتەر دروشمی "ڕیسواکان بکوتین"ی بەگەورەترین دروشمی ژیانی خۆی هەڵبژارد. ئەم دروشمەی لە کۆتای تەواوی نامە و نووسراوەکانی دەنووسی. مەبەست و ئامانجی لە وشەی ڕیسوا مەسیحییەت بوو. هەندێک دەڵێن مەبەستی کڵێسای فرنسا یان کڵێسای مەسیحییەت بووە. بەڵام نووسراوەکانی بەئاشکرایی دەری دەخەن کە مەسیحییەتی ڕیسوا بانگ کردووە هێرشی کردووەتە سەر ئەندێشە و باوەڕەکانی ئەم دەزگە ئاینییە. ڤۆڵتەر بێ ئەوەی بە ڕاشکاوانە باسی جوولەکە بکات لە بەرهەمەکانیدا سووکایەتییان پێ دەکات و ئەوانی لە بەرامبەر

سەرهەڵدانی مەسیح، پەرەسەندنی مەسیحییەت و تەواوی کارەساتە ئینسانییەکان لە قۆناخەکانی مێژووی شارستانییەت بە بەرپرس دەزانێت. بەپێچەوانەی نووسراوەکانی سەردەمی خۆی، جوولەکەکان بەبکوژی مەسیح نازانێت و ئەوانی بەهەڕەشەیەک بۆ سەر ڕۆڵەکانی مەسیح لە قەڵەم نادات. هۆی بێزاربوونی لە یەهوودییەت ئەمە بوو کە هۆکاری سەرهەڵدانی مەسیحییەت بووە. پێی وابوو کە یەهوودییەت بووەتە هۆی ئەوەی کە لە مەسیح شەهیدێکی هەتاهەتایی دروست ببێت. لە سەردەمی ژیانی دوور و درێژیدا ئاسەوارێک لە ئاشتی لەگەڵ پیاوە ئاینییەکان نابینرێت و لە تەمەنیدا لەگەڵ تووڕەیی و زویریی شێت ئاسای پیاوە ئاینییەکان بەرەوڕوو بووە. لە تەواوی نووسراوەکانیدا ڕێبەرانی ئاینی بەخەڵک فریودەر ناو دەبات و پێی وابووە ڕەگ و ریشەی سەرهەڵدانی ئاینەکانی سامی یان ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست لە بێ ئاگەیی و تێنەگەیشتوویی خەڵکی ساویلکە سەرچاوەی گرتووە و پیاوە ئاینییەکان لە دەزگەی ئاین و مەزهەب وەک دوکانێک بۆ فرۆشتنی ئەفسانە کەڵکیان وەرگرتووە. بەفرۆشتنی گوناهەکان بە پارە و کۆشکەکانی بەهەشت بە کاڵفامەکانی دەست پەروەردەی خۆیان، بوونەتە دەوڵەمەند و مالیک و خاوەن زەویوزار و بەدەسەڵاتی بەربڵاویان لەناو خەڵکدا دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان بەدەست هێناوە کە دەتوانن تاج بنێنە سەر ئیمپراتۆرەکان و لەسەر کاریشان لابەرن.

ڤۆڵتەر دەڵێت گەورەترین ڕەمزی سەرکەوتنی پیاوە ئاینییەکان لەم خاڵەدا شاردراوەتەوە کە توانیویانە خەڵک لە خوا بترسێن و لە ئاکامی ترسێکی ئەوتۆدا خەڵک نەتەنیا ڕێزیان لێ دەگرن، بگرە بەتوندی لێیان دەترسان، پێی وابوو ڕێبەرانی ئاینی بەبڵاوکردنەوەی ئەفسانە و پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی وشیاری و زانستی شارستانییەت جۆری ئینسانیان ئالوودە کردووە. لە نامەیەکدا بۆ فردریکی گەورەئیمپراتۆری پرۆس ئاوا دەنووسێ: "ئاینی ئێمە بێگومان بێ ناوەڕۆکترین و خوێناویترینی هەموویانە کە بووە هۆی ئالوودەبوونی جیهان." ڕابەرانی ئاین کە بەردەوام ستایشی هەژاری، قەناعەت، خۆبواردن و ژیانی ساکار دەکەن بۆ خۆیان خاوەن سەرمایەیەکی بەهێزن کە لەوپەڕی ئاسایش و خوشگوزەرانیدا دەژین، کەڵکی خراپ لە بەرهەمی خەڵکی ستەمدیدە وەردەگرن و گاڵتەیان پێ دەکەن.

ئەم نووسەرە ئازادە باوەڕی بە ئازادیی ئاین و مەزهەب لە کۆمەڵگەدا هەیە و بەهەموو توانایەوە لایەنگری لە ئەسڵی سازانی ئاینەکان و پێکەوەژیانی مەزهەبی بەدڵ ئاوەڵاییەوە لە بەرامبەر ئەندێشەکانی تر کردووە. دەڵێت نەتەوەی فەرەنسا پێویستە سەیری نەتەوەی بەریتانیا بکات. توندوتیژیی ئاینی، ناسازگاریی مەزهەبی، دەمارگرژی لە ئەندێشەکان وەلا بنێن. دەستیان بەزانستی سەردەمی خۆیان رابگات. تیۆرییەکانی زانستی کۆپەرنیک، کۆپلەر، گالیلە و نیۆتۆن بخوێننەوە و زانست و زانیاری لە شوێنی ئەندێشە کۆنە ئاینییەکان و بیرۆکەی داڕزیوی مەزهەبی دابنێن.

ڤۆڵتەر گەورەترین هاندەری خەبات دژی دیکتاتۆرییەکانی زەوی و ئاسمانی بوو و لەسەر ئەسڵی لەناوبردنی سەرەڕۆیی شاهانە و ئاینی پێی دادەگرت. ڤۆڵتەر وەک دەنگی بەرزی سەدەی هەژدەم و وتەبێژی بێ هاوتا دێتە هەژمار. ئەم نووسەرە لە بابەتەکانیدا بەقەڵەمی بەهێزی جیهانی فیکریی فرەنسا و ئەرووپا دەلەرزێنێ.

## ئەو ڕەخنانەی لە ڤۆڵتەر گیراوە

هەندێک لە رەخنەگرانی ئەوروپا دەڵێن سەرەڕای ئەوەی کە نیشانەی بلیمەتیی ئەدەبیی پێوە دیار و بەرچاو بوو، بەڵام ناتوانین ناوبراو لە هیچ کام لە بەشەکانی دنیای ئەدەبدا بەبلیمەت بزانین. چیرۆک و هۆنراوەکانی بە قووڵی و گەورەیی ئاسەواری نووسەران و شاعیرانی بلیمەت نییە. لە شانۆنامەکانیدا جوانییەکانی ئەندێشە و دەروونناسیی کەسایەتییەکانی توانای کێبەرکێی لەگەڵ فیکر و ئەندێشەی شانۆنامەی نووسەرە گەورەکان نییە. فەلسەفەی ڤۆڵتەریش لە بنەڕەتدا بە نوێخوازانە و رەسەن ناناسن و تەنانەت هەندێکیش ناوبراو بەفەیلەسووف نازانن، چونکە سیستەمێکی فەلسەفیی نوێی دانەمەزراندووە. ڤۆڵتەر ئۆگری ژیانێکی ئاسوودە بووە و بۆ خۆی یەکێک لە گەورەترین دەوڵەمەندەکانی سەردەمی خۆی بووە، بەتوندی لایەنگریی لە سیستەمی پاشایەتی کردووە و لەسەر ئەو بڕوایە بووە کە ئەگەر شا، فەیلەسووف و عادل بێت دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا دەچەسپێ و پەرە دەستێنێ.

لە ڕوانگەی فەلسەفیی ڤۆڵتەر شا و فەیلەسووف دەبێ خاوەن دەسەڵاتێکی بەربڵاو بێت و بە مستی پۆڵاین کۆمەڵگە بەڕێوە ببات. لە سیستەمێکی ئەوتۆدا کۆمەڵانی خەڵک جێگەیەکیان نییە و بەرامبەری کۆمەڵایەتی ناتوانێت مانایەکی هەبێت. لەگەڵ ئەوەی کە ئەم خەباتگێڕە لەگەڵ دەزگەی دیکتاتۆریی ئیمپراتۆرەکان و شازادەکان لە خەباتدا بووە، بەڵام لەوان پارە و دیاریی وەردەگرت و لەگەڵیشیاندا دادەنیشت. ڤۆڵتەر بەگاڵتەوە باسی خەڵکی دەکرد و باوەڕی بەحکوومەتی خەڵک یان دیموکراسی نەبووە. لە ڕوانگەی ناوبراوەوە خەڵک لە حکوومەتکردن بەسەر خۆیاندا بێ توانان، ئەو دەڵێ: "خەڵکی هەموو کاتێک کاڵفام و دواکەوتوون، خەڵک وەک گای نێر وان کە پێویستیان بە چەڵەمە، سیخورمە و هەندێک وێنجە هەیە".

سەرچاوە: شەهروەند

# نامیلکەیەک بۆ ڕۆژنامەنووسان

## ١–٣

لەلایەن: ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور بۆ ئازادیی ڕۆژنامەوانی
نەتەوە یەکگرتووەکان: ڕێکخراوی پەروەردەیی، زانستی و کولتووری

### پێشگۆتن

ئازادیی ڕۆژنامەوانی شتێک نییە تەنێ بۆ ڕۆژنامەنووسان. ئەگەر میدیای ئازاد نەبێ، ناتوانرێ بەتوندی بەرەنگاری ئەشکەنجەدان، کۆیلایەتیی مۆدێرن و گەندەڵی و بەکارهێنانی منداڵ لە پێگەی سەربازیدا بینەوە. مسۆگەرکردنی گەیشتن بە زانیاری و هەواڵ بەرەنگاربوونەوەیەکی سەرەکییە. تا ئێستە ئازادیی رادەربڕین، کە بنچینەی ئازادییەکانی ترە، ئاستەمترین مافەیلێکە بێنە دامەزراندن و پاراستن. نێزیکەی تەواوی حوکمڕانانی دنیا دەڵێن پشتگیری دەکەن بەڵام ئەمە هەر قسەیە.

زیاتر لە ١٧٠ ڕۆژنامەنووس لە دنیا لە زینداندان تەنێ بە"تاوان"ی هەبوونی "ڕای ناجۆر". لە ماوەی ١٥ ساڵی بووریدا، زیاتر لە ٨٠٠ ڕۆژنامەنووس لە کاتی ئەنجامدانی کارەکەیان هاتوونەتە کوشتن و پتر لە سەدا نەوەتی بکوژانیان نەهاتوونەتە سزادان. ئینتەرنێت، کە دنیایەکی بێ سانسۆری فەراهەم کردووە، سیخوڕییان لەسەر دەکرێ و نێزیکەی ١٠٠ وەشانکاری سایبەر و بلۆگەر و بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە زینداندان لەبەرئەوەی ئۆنلاین ڕای خۆیان دەربڕیوە.

هێرشەیلی جەستەیی بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان وا قاڵبێکی جیدیتر وەردەگرن. ڕێژەی ڕۆژنامەنووسانی کوژراو لە چەند ساڵێکی شەڕی عێراقدا سێ ئەوەندەی ٢٠ ساڵ شەڕی ڤێتنامە. ڕفاندنی ڕۆژنامەنووسان ڕوو لە زیادییە و پەیامنێران لە مەیدان دەبێ ڕووبەڕووی گرووپەیلی بێ بەزەیی چەکدار ببنەوە. سەرکوتکردنی ڕۆژنامەنووسان چیی تر تەنێ کێشەی حکوومەتێک نییە.

............................................................

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح

ڕێکخـراوەیلی تیرۆریست، عەسابە، قاچاخی مـادەی هۆشـبـەر و گرووپەیلی ئاینی و سـیاسـیی توندڕۆ هەر هـەمـوویان بەپـەرۆشـەوەن خـۆیان لە شـایـەتی نابەجـێی ڕۆژنامـەنـووسـان ، کـە بەدیدی ئەوان نابەجێیە، دەرباز بکەن.

پاراسـتنی ڕۆژنامـەنووسـان، بەتـایبەتی ئەوانـەی لە مەیدانی شـەڕ دان، بووەتە پرسـێکی گرینگ. نەتەوە یەککرتووەکـان (یوئێن UN) پشـتگیریـی خـۆی ڕاگەیـاند لە بڕیاری ئەنجـوومـەنی تـەناهیی دیسێمبەری ٢٠٠٦. ڕێکخـراوی پەروەردەیی، زانسـتی و کولتووریی سـەر بەیوئێن (یـونیسکۆ)ش لە بەیاننامەی مێدلین (Medellin)ی سالّی ٢٠٠٧دا داوا لە ولاّتـەیلی ئەندام دەکات "لە هەمـوو کارێکی توندوتیـژ بکۆڵنەوە کـە لە ناو خـاک یان دەرەوەیاندا (لـە دژی) ڕۆژنامـەنـووسـان، پرۆفـێـشـنال و کـارمەندانەیلی مـیدیا ئـەنجام دەدرێ، هـەروەهـا کـە "هێزەیلی چەکدار یان تەناهییان بەشـدارن لەو توندوتیـژییـانە". هـەروەها لەسـەری کردن "دەسـبـەجێ" ئەو ڕۆژنـامـەنووسـانـە "بەربدەن" کـە لەسـەر کارەکەیان هاتوونەتە گرتن.

ئەم نامـیلکەیە بۆ یارمـەتیدانی ئەو ڕۆژنامـەنووسـانەیە کەوا لە مـەیدانی شـەڕدا کار دەکـەن. هیچ ڕێگەیەکی سـیحـری نییە ڕێ لە هێرشـێکی مووشـەکی یان کـەمینێک بگرێت، بەلاّم فیکرەکانی ئەم نامـیلکەیە پشت بەهـەسـتی گشـتی دەبەسـتن (کـە زۆرجـار پشـتگوێ دەخرێن) و یارمـەتیی گـەلێ ڕۆژنامەنووس دەدەن لە چارەکردنی کێشەگەلێک.

ئێـمـە باسـی دۆکیـومـێنتـەیل و بەیـانـنـامـەیلی بنچـینەییی ئازادیی ڕۆژنـامـەوانـی و دەسـتـوورەیلی ئەخـلاقی لە تەواوی دنیـادا دەکـەین، بەمـانەشـەوە: بەیاننامـەی ئەفـریقا بۆ مـافـەیلی مـرۆ و گـەل، پەیمانی نێودەوڵەتـی ئەمەریکا لەسـەر مـافەیلی مرۆ، بەیاننامـەی میونیخ لەسـەر مافـەیل و ئەرکەیلی ڕۆژنامەنووسان و کۆدی کارکردنی ڕۆژنامەنووسان لە مالّی و ولاّتە یەککرتووەکاندا.

وێڕای ئەو دۆکیومێنتە گشتییانە، ئێمە ئامۆژگاریی کردەیی لە چاپ دەدەینەوە وەک ئەوەی کە بی بی سی (BBC) دەیدا بـەهـەمـوو ڕۆژنامــەنـووسـانی پێش ئەوەی دەربچـن بۆ ئەنجـامــدانی کـاری مـەترسـیدار. هـەروەها ئەمـەشـمـان بەگەر داوە (یاسـای نووسـینگەی زانیـاریی سـەر بە وەزارەتی بەرگریی فرەنسا " ("DICoD") کە کۆمەڵە ڕێسایەکی خـۆپاراستن دەدرێ بە سەربازانی فرەنسایی کاتێ تووشی حاڵەتەیلی مـەترسیدار دەبنەوە وەک (ئاژاوە، قەنناس، ڕفاندن، کـەمین، ڕێ قەپاتبوون) و هـەرکـە ئەو ئاگـەدارکـەرەوانە فـەشـەلیـان هێنا، چی بکەن تا یەکسـەر بریندارانی ڕزگار بکەن. دوو شت زیاد کراوە بۆ چاپی ٢٠١٠ی ئەم نامیلکەیە: یەکەمیان برێتییە لە ڕاسپاردەیلی تایبەت لەبارەی ڕۆڵی مـیدیا لە کـاتی تەنگانەی مـرۆیی و تەندروسـتـیی گشـتی و دووەمـیان برێتـییـە لە ئامـۆژگـاریی کردەیی، کە بەهاوکاریی سەنتەری دارت نووسراوە، بۆ هەڵکردن لەگەڵ فشارگەلی دوای ترۆما.

ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور

٤٧، شەقامی ڤیڤین

٧٥٠٠٢ پاریس – فرەنسا

## بەشی یەکەم

## دۆکیومێنتەیلی سەرەکی لەبارەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسانەوە لە مەیدانی شەڕدا

ئەم دۆکیومێنتانە بریتین لە: بڕیاری ئەنجومەنی تەناهیی یوئێن لە دیسێمبەری ٢٠٠٦، بەیاننامەی یونیسکۆ لە مایۆی ٢٠٠٧ و ئەو دەستوورەی لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور لە ٢٠٠٢ هەڵێنجرا بۆ هاندانی نووسیاران و سەرانی میدیا تا ڕەچاوی هەشت بنەما بکەن بۆ یارمەتیی نەهێشتن و کەمکردنەوەی ئەو مەترسییانەی تووشی دەبن لە کاتی ناردنی ڕۆژنامەنووسان بۆ مەیدانی شەڕ.

### ١- بڕیاری ١٧٣٨ی ئەنجوومەنی تەناهیی نەتەوە یەکگرتووەکان (یێ ت ن ی)

ئەنجوومەنی تەناهی

- بەرپرسیارەتیی سەرەکی هەیە لەژێر باری دەستووری یوئێن بۆ پاراستنی ئاشتی و تەناهیی نێودەوڵەتی، هەروەها مەبەست لە دیاریکردنی گرینگیی ڕەچاوکردنی پێوەرەکان و نەهێشتنی ململانە و بڕیار بوو،
- بڕیارەکانی ١٢٦٥(لە ساڵی ١٩٩٩)، ١٢٩٦ (٢٠٠٠) و ١٦٧٤ (٢٠٠٦)ە دووپات دەکاتەوە لەبارەی پاراستنی سڤیلەیل لە ململانەی چەکداری و بڕیاری ١٥٠٢ (٢٠٠٣) لەبارەی پاراستنی کارمەندەیلی یوئێن و ڕێکخراوە مرۆییەکان لە بەرەی شەڕ، هەروەها دووپاتکردنەوەی بڕیارە پێوەستەکانی تر و لێدوانەیلی سەرۆکگەل،
- پابەندبوونی خۆی دووپات دەکاتەوە بەئامانجەیلی دەستووری یوئێن هەروەک باس کراوە لە مادەی ١(١-٤)ی دەستوور، هەروەها بە بنەماکانی دەستوور هەروەک باس کراوە لە مادەی ٢ (١-١٧)ی دەستوور، هەروەها پابەندبوونی بە بنەماکانی سەربەخۆیی سیاسی، یەکسانیی سەروەری و یەکڕیزیی ناوچەیی هەموو وڵاتان، هەروەها ڕێزدانان بۆ سەروەریی وڵاتان،
- دووپاتی دەکاتەوە کە پارتەیلی ململانەی چەکدار بەرپرسیارەتیی سەرەکییان دەکەوێتە ئەستۆ درێخی نەکەن لە مسۆگەرکردنی پاراستنی سڤیلەیلی پەشێو،
- جاڕی پەیمانی جنێڤی ١٢ی ئابی ١٩٤٩ دەدا، بەتایبەتی سێیەم پەیمانی جنێف لە ١٢ی ئابی ١٩٤٩ لەبارەی مامەڵەکردن لەگەڵ زیندانییانی شەڕ و پرۆتۆکۆلەکانی تر لە ٨ی یۆنیۆی ١٩٧٧، بەتایبەتی مادەی ٧٩ی پرۆتۆکۆلەکانی ١ لەبارەی پاراستنی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کەوا لەبەر کارەکەیان دووچاری مەترسی دەبنەوە لە ناوچەی بەململانەی چەکداری،
- دووپاتی دەکاتەوە کە قەدەخەکردن هەیە لەژێر باری یاسای مرۆییی نێودەوڵەتی لە دژی ئەو هێرشانەی بەئەنقەست لە دژی سڤیلەیل ئەنجام دەدرێن، بەتایبەتی کاتێ ململانەی چەکداری

هەولێرکتێب

تاوانی شەڕی لێ دەکەوێتەوە، هەروەها بیرخستنەوەی ئەوەی کە وڵاتان پێویستە تێپەڕاندنی کردە تاوانکارییەکان ڕاگرن،

- ڕای دەگەیەنێ کەوا وڵاتەیلی ئەندام لە پەیمانەکانی جنێف لەسەریانە بەدوای ئەوانەدا بگەڕێن کە دژی ئەو پەیمانانە کاریان کردووە یان فەرمانیان پێ کراوە وا بکەن، هەروەها لەسەریانە لە بەردەم دادگەی خۆیاندا دادگەیی بکرێن بێ گوێدانە نەتەوەیان، یان دەکرێ ڕادەستی دادگەییەکی تریان بکەن لە وڵاتێکی تر بەمەرجێک ئەم وڵاتە کەیسێکی ڕوونی لە دژی کەسانەیلی ناوبراو هەبێت،

- تەواوی وڵاتان ئاگەدار دەکاتەوە لە پێڕۆکردنی دادوەری و میکانیزمەکانی ئاشتەوایی، بە دادگەییکردن و دادگەیلی تاوانی نیشتمانی و نێودەوڵەتی یان "تێکەڵە"و کۆمیسیۆنەکانی ڕاستی و ئاشتەواییشەوە، هەروەها بڕوانن کەوا ئەو جۆرە میکانیزمانە دەتوانن نەک هەر تەنێ بەرپرسیارەتیی تاک بەرەو پێشێ ببەن بۆ تاوانە جیدییەکان، بگرە بۆ ئاشتی، ڕاستی، ئاشتەوایی و مافەیلی قوربانییانیش،

- داننان بەگرینگیی هەوڵێکی تۆکمە و یەکگرتوو و پێکەوەیی، بەپلانی سەرەتاشەوە، بۆ پاراستنی سڤیلەیل لە هەلومەرجەیلی ململانەی چەکداریدا. لەو سۆنگەوە جەخت لەسەر پێویستیی بەکاربردنی ستراتیژێکی گشتیی نەهێشتنی ململانە بکرێتەوە، کە ڕەگی هۆکارەکانی ململانەی چەکدارییە دیاری دەکات تا سڤیلەیل لەسەر بنچینەیەکی ماوە درێژدا بێنە پاراستن، هەروەها هانی گەشەسەندنی بەردەوام، نەهێشتنی هەژاری، ئاشتەواییی نیشتمانی، حوکمی باش، دیموکراسی و حوکمی یاسا بدرێت و ڕێز لە مافەیلی مرۆ بگیرێت و بێنە پاراستن.

- ئەنجوومەنی تەناهی تا سەر ئێسقان نیگەرانە بە کردەوەیلی توندوتیژی لە گەلێ بەشی دنیادا لە دژی ڕۆژنامەنووسان، کارمەندانی میدیا و ڕێکخراوگەلی مرۆیی لە ململانەی چەکداریدا، بەتایبەتی هێرشەیلی بەئەنقەست بۆ پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی،

- داننان بەپرسی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان لەلایەن ئەنجوومەنی تەناهی لە ململانەی چەکداری دەوەستێتە سەر پێویستی و گرینگیی ئەم پرسە، هەروەها داننان بەڕۆڵی بەنرخی سکرتێری گشتی کە دەتوانێت ببینێت لە دابینکردنی زانیاری لەبارەی ئەم پرسەوە،

١- سەرکۆنەی هێرشەیلی بەئەنقەست دەکات لە دژی ڕۆژنامەنووسان و کارمەندەیلی میدیا و ڕێکخراوەیلی مرۆیی، هەروەها لە حاڵەتگەلی ململانەی چەکداریدا داوا لە هەموو لایەنێک دەکات ئەو کردەوانە بنبەست بکەن،

٢- دووبارەی دەکاتەوە کە ڕۆژنامەنووسان، کارمەندەیلی میدیا و ڕێکخراوەیلی مرۆیی کە لە کاتی کاردا تووشی مەترسی دەبن لە ململانەی چەکداریدا، ئەوانە دەبێ وەک سڤیل بێنە تەماشاکردن و بۆیە دەبێ ڕێزیان لێ بگیرێ و بێنە پاراستن، بەمەرجێک هیچ کارێکی

شێلگیرانە نەکەن کە زیان بەسڤیلبوونیان بگەیەنێ. ئەمە بێ ڕەچاوکردنی مافی پەیامنێرانی بەرەی شەڕ کە لە ململانەی چەکداریدا پێیان دەدرێ لە حاڵەتی زیندانییانی شەڕ کە لە مادەی ٤.A٤ , ی سێیەم پەیمانی جنێفدا هاتووە.

٣- هەروەها دووپاتی دەکاتەوە کە ئامێرگەلی پێوەست بەمیدیا وەک شتومەکی سڤیل دێنە حسێبکردن، بۆیە نابێ هێرشیان بکرێتە سەر، مەگەر لە حاڵەتێکدا کە ئامێرەکان هی سەربازی بن،

٤- سەرکۆنەکردنی هەموو توندوتیژییەکی دژی سڤیلەیل دووپات دەکاتەوە لە حاڵەتگەلی ململانەی چەکداریدا، هەروەها دووپاتی دەکاتەوە کەوا پێویستە ئەو کەسانەی، بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، لە پشتی توندتیژیەوەن بهێنرێنە بەردەم دادگە. هەروەها ئامادەیە و دەسەڵاتی هەیە لە شوێنی گونجاودا تەداخول بکات وەک وەڵامێک بۆ پەخشەی میدیا کە جینۆساید، تاوانی دژ بەمرۆ و پێشێلکاریی جیدیی یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی دەورووژێنێت.

٥- داواکاریی خۆی لە هەموو لایەنێکی ململانەی چەکدار دووپات دەکاتەوە کەوا دەبێ بەتەواوی پابەند بن بەراپەڕاندنی ئەو ئەرکانەی بەپێی یاسای نێودەوڵەتی لەسەریانە، ئەرکەکانیش پێوەستن بە پاراستنی سڤیلەیل لە ململانەی چەکدار، بەرۆژنامەنووس و کارمەندەیلی میدیا و ڕێکخراوە مرۆیییەکانیشەوە.

٦- لەسەر وڵاتان و تەواوی لایەنەکانی ململانەی چەکدار دەکا درێخی نەکەن لە بنبڕکردنی پێشێلکارییەکانی یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی لە دژی سڤیلەیل، بەرۆژنامەنووس و کارمەندەیلی میدیا و ڕێکخراوە مرۆیییەکانیشەوە.

٧- بەرپرسیارەتیی وڵاتان فەرەپات دەکاتەوە کەوا پابەندبوونیانە بەو ئەرکانەی بەپێی یاسای نێودەوڵەتی لەسەریانە واز لە چاوپۆشین بهێنن و ئەوانە پەڵکێشی دادگە بکەن کە بەرپرسیارن لە پێشێلکاریی جیدیی یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی.

٨- لەسەر هەموو لایەنێکی ململانەی چەکدار دەکات ڕێز لە سەربەخۆیی پرۆفێشناڵ و مافی ڕۆژنامەنووسان و کارمەندەیلی میدیا بگرن وەک چۆن ڕیز لە سڤیلەیل دێتە گرتن.

٩- ڕای دەگەیەنێت کە بەئامانجگرتنی بەئەنقەستی سڤیلەیل و کەسانەیلی پارێزراو، هەروەها کۆمیسیۆنی سیستماتیک، پێشێلکاریی نابەجێ و بەربلاوی مافەیلی مرۆیی نێودەوڵەتی و یاسای نێودەوڵەتی لە حاڵەتی ململانەی چەکدار ڕەنگە ببنە هۆی مەترسی بۆ سەر ئاشتی و تەناهیی نێودەوڵەتی، هەروەها بۆ ئەمە ئامادەگیی خۆی فەرەپات دەکاتەوە ڕەچاوی ئەو حاڵەتانە بکات و لە هەر شوێنێکیش پێویست بکات هەنگاوی گونجاو بگرێتە بەر.

١٠- داوەتی وڵاتانی نائەندام دەکات بێن بەزووترین کات ببنە بەشێک لە پرۆتۆکۆڵی زیادەی ١ی ١٩٧٧ی پەیمانی جنێف.

١١- دووپاتی دەکاتەوە کە پرسی پاراستنی رۆژنامەنووسان لە ململانەی چەکداریدا لەژێر ناوی "پاراستنی سڤیلەیل لە ململانەی چەکداری"دا باس بکات،

١٢- داوا لە سکرتێری گشتی دەکات لە راپۆرتی داهاتووی خۆیدا لەگەڵ باسکردنی پاراستنی سڤیلەیل لە ململانەی چەکدار، باسی پرشی سەلامەتی و تەناهیی رۆژنامەنووسان و کارمەندەیلی میدیا بکات."

نیویۆرک، ٢٣ دیسێمبەری ٢٠٠٦

**٢- بەیاننامەی مێدلین (Medellin) لەبارەی مسۆگەرکردنی سەلامەتیی رۆژنامەنووسان و چاوپۆشی لە تاوانی شەڕ**

ئێمە، بەشدارانی کۆنفرانسی یونیسکۆ لەبارەی ئازادیی رۆژنامەوانی، سەلامەتیی رۆژنامەنووسان و چاوپۆشی لە تاوان، لە کۆبوونەوەی مێدلین، کۆڵۆمبیا، لە رۆژی جیهانیی ئازادیی رۆژنامەوانی لە ٣-٤ مایۆی ٢٠٠٧، تا سەر ئێسقان نیگەرانین بەهێرشەیل بۆ سەر ئازادیی رادەربڕینی رۆژنامەوانی وەک کوشتن، هێرشەیلی بەئەنقەست، رفاندن، بەبارمتەگرتن، هەراسانکردن، ترساندن، گرتنی نایاسایی و گرتن لە دژی رۆژنامەنووسان و کارمەندەیلی میدیا لەبەر چالاکەیلی پرۆفێشناڵییان.

ئێمە پێمان وایە ئازادیی رۆژنامەوانی تەنیا ئەو کاتە تامی دەبێ کە کارمەندەیلی پرۆفێشناڵی میدیا ئازادن و بەدوورن لە ترساندن، پاڵەپەستۆ خستنەسەر و زۆرلێکردن جا بەهۆی هێزەیلی سیاسی، کۆمەڵایەتی یان ئابوورییەوە بێ.

ئێمە جارێ مادەی ١٩ی بەیاننامەی گەردوونیی مافەیلی مرۆ دەکەین کەوا ئازادیی رادەربڕین وەک مافێکی بنچینەیی مسۆگەر دەکات و دووپاتی دەکاتەوە کە ئازادیی رۆژنامەوانی گرینگە بۆ دانان بە مافەیلی تر کە لە مافەیلی نێودەوڵەتیی مرۆییدا هاتوون.

ئێمە جارێ بڕیاری ٢٩ دەدەین لەژێر ناونیشانی "سەرکۆنەکردنی توندوتیژی دژ بەرۆژنامەنووسان" کە لەلایەن کۆنفرانسی گشتیی یونیسکۆ لە ١٢ نۆڤێمبەری ١٩٩٧ دەستەبەر کرا. بڕیارەکە سەرکۆنەی توندوتیژی دژ بەرۆژنامەنووسان دەکات و داوا لە وڵاتەیلی ئەندام دەکات ئەوەی لەسەریان ئەنجامی بدەن بۆ بنبەستکردن و لێکۆڵینەوە و سزادانی تاوانەیلی دژ بەرۆژنامەنووسان.

ئێمە پێ دادەگرین لەسەر ١- بەشەکانی بەیاننامەی کۆلۆمبۆی ٣ی مایۆی ٢٠٠٦ لەبارەی پەروەردەی میدیا و هەژاری ٢- بەیاننامەی دەکاری ٣ی مایۆی ٢٠٠٥ لەبارەی میدیا و حوکمی باش ٣- لەسەر بەیاننامەی بەلگرادی ٣ی مایۆی ٢٠٠٤ لەبارەی میدیا لە ململانەی توندوتیژ و لە وڵاتانی قۆناخی گواستنەوەدا.

ئێمە پێشوازی لە بەکارخستنی بڕیاری ١٧٣٨ی ٢٣ی دیسێمبەری ٢٠٠٦ لەلایەن ئەنجوومەنی تەناهیی یوئێن کە داوا لە هەموو لایەنێکی ململانەی چەکداری دەکات ئەوەی لەسەریانە بەرامبەر بەڕۆژنامەنووسان بیکەن لەژێر یاسای نێودەوڵەتی، هەروەها چیی تر چاوپۆشی لەو تاوانانە نەکەن کە دژ بەڕۆژنامەنووسان ئەنجام دەدرێن، هەروەها داوا لە سکرتێری گشتی دەکەین لە ڕاپۆرتی داهاتووی خۆیدا لەگەڵ باسکردنی پاراستنی سڤیلەیل لە ململانەی چەکداریدا پرسی سەلامەتی و تەناهیی ڕۆژنامەنووسان و کارمەندەیلی پرۆفێشناڵی میدیا باس بکات.

ئێمە سەرنجی تەواو دەدەین بەوەی کە ڕۆژنامەوانییەکی ئازاد و سەربەخۆ و فرەلایەن فەراهەم بێ بۆ پرسگەلی وەک گەشەسەندن، پەروەردەی هەژاری، حوکمڕانیی باش، ئاشتی و ئاشتەوایی و ڕێز بۆ مافەیلی مرۆ.

ئێمە لەسەر هەموو لایەنەکان دەکەین خەم لە سەلامەتیی ڕۆژنامەنووسان و کارمەندەیلی پرۆفێشناڵی میدیا بگرن و هەروەها ڕێز لە ئامێرگەلی ڕۆژنامەوانییان بگرن.

ئێمە ڕەچاوی ئەوە دەکەین کە زۆربەی حاڵەتەکانی کوشتنی کارمەندەیلی پرۆفێشناڵی میدیا لە دەرەوەی بازنەی ململانەوە ڕوو دەدەن. ئەوەمان لە بەرچاوە کە سەلامەتیی کارمەندەیلی پرۆفێشناڵ کێشەیەکی بەرچاوە و سنووردار ناکرێ بەهۆی حاڵەتەکانی ململانەی چەکداریدا.

ئێمە فرەپاتی دەکەینەوە کە سەرکۆنەی هەموو پاڵنەرێک دەکەین لە پشتی توندوتیژی دژ بەکارمەندەیلی پرۆفێشناڵی میدیا.

**لەسەر وڵاتەیلی ئەندام پێویستە کە:**

لە کردەیلی توندوتیژی بکۆڵنەوە کە تێیاندا ڕۆژنامەنووسان و کارمەندەیلی پرۆفێشناڵی میدیا دەبنە قوربانی، جا ئەو کردەیلە لە ناو یان دەرەوەی خاکی ئەو وڵاتانەدا ڕوو بدات بەمەرجێ هێزەیلی چەکدار یان تەناهییان بەشدار بن لە کردەکان.

بەدوای ئەو کەسانەدا بگەڕێن کە گوایە تاوانێکیان ئەنجام داوە یان ئەمریان پێ کراوە تاوانێک ئەنجام بدەن لە دژی ڕۆژنامەنووسان و کارمەندەیلی پرۆفێشناڵی میدیا. ئەو کەسانە، بێ گوێدانە نەتەوایەتییان، بهێننە بەردەم دادگە یان ڕادەستی بکرێنەوە بۆ دادگەییکردن لە هەر وڵاتێک کە کەیسێکی باوەڕپێکراوی لە دژی کەسانی ناوبراو تۆمار کردووە.

ئەرکەیلی سەرشانیان ڕاپەڕێنن کە برێتین لە بنبەستکردنی تاوانەیلی لە دژی ڕۆژنامەنووسان و کارمەندەیلی پرۆفێشناڵی میدیا. لەو تاوانانە بکۆڵنەوە، سزایان بۆ دابنێن، گەواهیدەران بپارێزن کاتێ لە دژی تاوانباران شایەتیی دەدەن و هەروەها بەرەنجامەیلی ئەو تاوانانە چاک بکەنەوە بۆ ئەوەی تاوانەکان بێ سزا تێپەڕ نەبن.

ئەو بنەمایە جێبەجێ بکەن کەوا نابێ بەیاسا تاوانەیل سنووردار بکرێن لە دژی کەسانەیل کاتێ

تاوانەیل ئەنجام دراون بەمەبەستی بنبەستکردنی ئازادیی زانیاری و ڕادەربڕین یان کاتێ مەبەستیان ڕێگرتن بووە لە دادوەری.

دەسبەجێ ئەو ڕۆژنامەنووسانە ئازاد بکەن کە تا ئەمڕۆ گیراون لەسەر ئەوەی ئازادانە کاری خۆیان کردووە.

هۆشیاری بڵاو بکەنەوە و هێزەیلی چەکدار و پۆلیسیان ڕابهێنن ڕێز لە سەلامەتیی ڕۆژنامەنووسان بگرن لە حاڵەتەیلی مەترسیدار، هەروەها بۆ ئەوەی دڵنیای ئەوە بکەنەوە کە ڕۆژنامەنووسان لە ناوچەی خۆیان سەربەخۆ و لەژێر بارێکی ئارامدا کار بکەن.

پێشنیاز بکەن بۆ دامەزراوەی دوولایەن و فرەلایەنی دەستەی نێودەوڵەتی و کۆمەکی دارایی کەوا لە وڵاتانی تر ڕێز لە ئازادیی ڕادەربڕین بگرن و پێڕۆکردنی ئازادیی ڕۆژنامەوانی بپارێزن. هەروەها ئەو دامەزراوانە رابسپێرن بەوەی کە ئەگەر وڵاتێک پابەند نەبێت بەجێبەجێکردنی ئەرکەکانی و لێکۆڵینەوە نەکات و بکوژانی ڕۆژنامەنووسان سزا نەدات ئەوا کۆمەکی ئەوان چاوی پێدا دەخشێنرێتەوە و دەخرێتە بەر گومان یان چیی تر کۆمەکی و هاوکاری ناکرێت.

پرۆتۆکۆلی زیادەی ١ ی پەیمانی جنێف، یاسای ڕۆما بۆ دادگەی نێودەوڵەتیی تاوان و بەندە نێودەوڵەتییەکانی تری یاسای نێو، دەوڵەتی مرۆیی و یاسای نێودەوڵەتیی مافەیلی مرۆ پەسند و ئیمزا بکەن. هەروەها پێوەری گونجاوی یاسایی، دادوەری و ئیداری بگرنە بەر بۆ مسۆگەرکردنی جێبەجێکردنی ئەو پەیمانانە لەسەر ئاستی نیشتمانی، بەمەرجێک کەوا پاراستنی سڤیلەیل دابین بکەن بەتایبەتی ئەوانی لە بواری ڕۆژنامەوانیدا کار دەکەن.

پابەند بن بە بڕیاری ٢٩ی یونیسکۆ بۆ برەودان بە یاسادانان بەمەبەستی لێکۆڵینەوە و دادگەییکردنی بکوژانی ڕۆژنامەنووسان و ئەوانەی چاوپۆشی لە تاوانی شەڕ دەکەن.

**لەسەر یونیسکۆ پێویستە کە:**

بەڕێوەبەری گشتیی یونیسکۆ داوەت بکات تا بەڕاوێژکاریی ڕێکخراوەیلی نێودەوڵەتی بەرپرس و ڕێکخراوەیلی ناحکوومەتیی تر لێکۆڵینەوە بکەن بۆ:

أ- خستەگەڕی پێوەرەیل بۆ باشتر مسۆگەرکردنی جێبەجێکردنی یاسا و بنەماکانی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان و کارمەندەیلی پرۆفێشناڵی میدیا لە حاڵەتەیلی ململانەی چەکدار، هەروەها بۆ برەودان بە ڕەوشی تەناهیی ئەوانەی لە مەترسیدان.

ب- کارکردن لە دژی سەرهەڵدانی هەڕەشەیلی نوێ بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان و کارمەندەیلی پرۆفێشناڵی میدیا، بەحاڵەتەیلی بەبارمتەگرتن و ڕفاندنیشەوە.

ج- هاندانی گرتنەبەری میکانیزمەیل بۆ پێشخستنی میدیا لەو بەرنامانەی بەمەبەستی باشترکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیی کۆمەڵگەیل دێنە ئەنجامدان لە پرۆسەی

گەشەسەندن و قۆناخی گواستنەوە یان لە تەنگژەی ململانەی چەکداریدا.

داواکردنی ئەوەی داتا پێشکێش بەکۆنفرانسی گشتی بکرێت لە راپۆرتێک لەسەر تاوانەیل لە دژی رۆژنامەنووسان و هەروەها ئاشکراکردنی ژمارەی کەیسەیلی بەردەوامی چاوپۆشیکردن لە تاوانی شەڕ.

ئاگەدارکردنی حکوومەتەیل لە گرینگیی ئازادیی ڕادەربڕین و ئەو هەڕەشەی کەوا چاوپۆشین لە تاوانەیل لە دژی کارمەندەیلی پرۆفێشناڵی میدیا دروستی دەکات بۆ سەر ئازادییەکە.

داوەتکردنی بەڕێوەبەری گشتیی یونیسکۆ بۆ کۆنفرانسی گشتی بۆ ئەوەی ئەرکی یاسایی و ئەخلاقیی بەبیر وڵاتەیلی ئەندام بێنێتەوە تاکو پابەند بن بە بڕیاری ٢٩ و نەهێشتنی تاوانەیل دژ بەرۆژنامەنووسان.

مێدلین، مایۆی ٢٠٠٧

**٣- دەستوور بۆ سەلامەتیی رۆژنامەنووسەیل کە لە مەیدانەیلی شەڕ یان ناوچەی مەترسیداردا کار دەکەن (رۆژنامەنووسانی بێ سنوور).**

سەلامەتیی رۆژنامەنووسەیل کە لەسەر شتی مەترسیداردا کار دەکەن هەردەم مسۆگەر نییە، تەنانەت ئەگەر یاسای نێودەوڵەتی لەسەر کاغەز بیانپارێزێت، چونکە لایەنەیلی شەڕ رۆژ دوای رۆژ کەمتر ڕێز لەو یاسایە دەنێن. کۆکەرەوەیلی هەواڵ ناتوانن دڵنیا بن لە شەڕوانان بەوەی کە بەتەواوی بیانپارێزن.

لەبەر ئەو مەترسییانەی لەسەریانە بۆ ئاگەدارکردنەوەی خەڵک، کارمەندەیلی میدیا و رۆژنامەنووسان و هاوکارانیان (جا ستافی دایمی یان فریلانس بن) کە لە مەیدانەیلی شەڕ یان ناوچەی مەترسیدار کار دەکەن مافی پاراستنی بنەڕەتییان هەیە، مافی قەرەبووکردنەوەیان هەیە، مافی دڵنیاییان هەیە لەلایەن بەڕێوەبەرەکانیان، هەرچەندە هەرگیز نابێ پاراستن بەو مانایە بێت کە لەلایەن دەسەڵاتەیلی لۆکاڵی سەربازی و حکوومەتی دابین دەکرێ. ئیدارەی میدیاش بەرپرسیارەتیی خۆیان هەیە بۆ درێخی نەکردن لە بنبەستکردن و کەمکردنەوەی ئەو مەترسییەی تێیدان.

ئەم هەشت بنەمایەی خوارەوە برێتین لە:

بنەمای ١- پابەندبوون

میدیا، دەسەڵاتەیلی گشتی و رۆژنامەنووسەیل خۆیان بەشێوەیەکی سیستماتیک بەدوای رێگەگەلدا دەگەڕێن بۆ خەملاندن و کەمکردنەوەی مەترسی لە مەیدانەیلی شەڕ یان ناوچەیلی مەترسیدا بەهۆی راوێژکردن بەیەکتری و ئاڵوگۆڕکردنی هەموو زانیارییەکی بەسوود. کاتێ هەر

کارمەندێک، ڕۆژنامەنووسێکی فریلانس، هاوکارانیان، کارمەندەیلی لۆکاڵ کارێکی بەمەترسی ئەنجام دەدات دەبێ دەسبەجێ ئامادەکاری و زانیاری و دڵنیابوون و ئامێرگەلی بۆ دابین بکرێ.

بنەمای ٢- ویستی ئازاد

ڕووماڵکردنی شەڕەیل پێویستی بەوە هەیە کارمەندەیلی میدیا پەسندی بەو مەترسییانە بکات کە دێنە پێش و هەروەها پابەندبوونێکی کەسانییان هەبێ، ئەمەش واتە ئەوان (ڕۆژنامەنووسان) بەویستی ئازادانەی خۆیان دەچن ئەو کارە دەکەن. لەبەر مەترسییەکان، دەبێ مافی ئەوەیان هەبێ کارەکە ڕەت بکەنەوە بەبێ شیکردنەوە و بەبێ ئەوەی لە ئاستی پرۆفێشنالێتییان کەم بکرێتەوە. لە مەیدان، دەکرێ کارەکە ڕەت بکرێتەوە لەسەر داوای پەیامنێر یان نووسیارەیل دوای پرسکردن بەیەکتری و ڕەچاوکردنی بەرپرسیارەتیی هەردوولا. نووسیارەیل دەبێ ئاگەداری ئەوە بن لە کاتی پاڵەپەستۆ خستنە سەر پەیامنێرانی تایبەت بۆ ئەنجامدانی کاری زیاتری بەمەترسی.

بنەمای ٣- ئەزموون

ڕووماڵکردنی شەڕ لێزانین و ئەزموونی دەوێ، بۆیە نووسیارەیل دەبێ ئەو ستافە یان فریلانسە هەڵبژێرن کە لێهاتووە و ڕاهاتووە بەتەنگژەکان. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی یەکەم جاریانە شەڕ ڕووماڵ دەکەن نابێ بەتەنیا ڕەوان بکرێن، بگرە دەبێ لەگەڵ پەیامنێرێکی بەئەزموون بنێردرێن. دەبێ هانی کارکردنی بەکۆمەڵ بدرێ لە مەیدانەکەدا. نووسیارەیل دەبێ بەردەوام قسە بۆ ڕۆژنامەنووسان بکەن کاتێ دەگەڕێنەوە تاکو لە ئەزموونیان فێر بن.

بنەمای ٤- ئامادەکاری

مەشقی بەردەوام لەبارەی چۆنیەتیی هەڵکردن لە مەیدانەیلی شەڕ یان ناوچەیلی مەترسیدار یارمەتیی کەمکردنەوەی مەترسی بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان دەدات. نووسیارەیل دەبێ ستاف و فریلانس ئاگەدار بکەنەوە لە هەر خولێکی تایبەتی کە لەلایەن دەستەی لێهاتووی نیشتمانی یان نێودەوڵەتی پێشکێش دەکرێن و هەروەها دەبێ کار ئاسانییان بۆ بکەن تا بگەن بەخولەکە. هەموو ئەو ڕۆژنامەنووسانەی داوایان لێ دەکرێ لە بارودۆخی شەڕانگێزیدا کار بکەن دەبێ خولی هاوکاری سەرەتایان پێ بدرێت. قوتابخانەیلی باوەڕپێکراوی ڕۆژنامەوانی دەبێ قوتابییانەیل بەم پرسانە ڕابهێنن.

بنەمای ٥- ئامێر

نووسیارەیل دەبێ ئامێری سەلامەتی (وەک چاکەتی گوللەبەند، کڵاوئاسن و ئەگەر بکرێ ئۆتۆمۆبێلی قەلغان) دابین بکەن بۆ ئەو پەیامنێرانەی لە ناوچەیلی مەترسیداردا کار دەکەن. هەروەها دەبێ ئامێری گەیاندن (تەقەتەندور) و کەلوپەلی هاوکاریی سەرەتاییشیان بۆ دابین بکەن.

بنەمای ٦- دڵنیایی

ڕۆژنامەنووسەیل و هاوکارانیان کە لە مەیدانەیلی شەڕ یان ناوچەیلی مەترسیداردا کار دەکەن دەبێ دڵنیاییان هەبێ بۆ قەرەبووی نەخۆشی، ناردنەوەی بۆ وڵاتی خۆی، کەمئەندامبوون و لەدەستدانی ژیان. ئیدارەی میدیا دەبێ هەموو هەنگاوێکی پێویست بگرێتە بەر بۆ دابینکردنی دڵنیایی پێش ئەوەی کارمەند بەکاری مەترسیدار ڕاسپێرێت. دەبێ بەتەواوی پابەند بن بە ڕێککەوتنەیلی و پەیمانەیلی پرۆفێشناڵ.

بنەمای ٧- راوێژکاری دەروونی

ئیدارەی میدیا دەبێ دڵنیای ئەوە بکاتەوە کە ڕۆژنامەنووسەیلی و هاوکارانیان، ئەوانەی حەز دەکەن ڕاوێژکارێکی دەروونی ببینن دوای گەڕانەوەیان لە ناوچەیلی مەترسیدار یان دوای تەواوبوونی سازکردنی هەواڵ لەبارەی ڕووداوەیلی خەفەتخانەوە.

بنەمای ٨- پاراستنی یاسایی

ڕۆژنامەنووسەیلی بەر کاری مەترسیدار لەژێر مادەی ٧٩ی پرۆتۆکۆلی زیادەی ١ ی پەیمانی جنێف بە سڤیل دێنە حسێبکردن، بەمەرجێ هیچ کارێ یان ڕەفتارێکی وا نەکەن دژی ئەمە بێتەوە وەک ڕاستەوخۆ یارمەتیدانی شەڕ، هەڵگرتنی چەک یان سیخوڕیکردن. هەر هێرشێکی بەئەنقەست بۆ سەر ڕۆژنامەنووسێک کە ببێتە هۆی مردن یان زامێکی سەختی جەستەیی سەرپێچیکردنی ئەم پرۆتۆکۆلەیە و بەتاوانی شەڕ حسێب دەکرێ.

پاریس، ئاداری ٢٠٠٢

بەشی دووەم

## ئاگەداریی بەراییی تەندروستی

هەر ڕۆژنامەنووسێک کە لە سەرپێچییەکانی ئازادیی ڕۆژنامەوانی دەکۆڵێتەوە یان داوای لێ دەکرێ بچێتە شوێنێکی مەترسیدار یان لێی بژێت دەتوانێت مەترسییەکانی سەری کەم بکاتەوە بەهۆی ڕەچاوکردنی یاساکانی سەلامەتی. ئەمانەی خوارەوە ئاگەداریی بەراییی تەندروستین ، پێش و پاش گەشتەکەت وەریان گرە.

**خۆت بۆ گەشتەکەت ئامادە بکە. هەندێ کوتان هەیە دەبێ سێ هەفتە پێش ڕۆیشتن لێت بدرێت.**

١- پێش ڕۆیشتن

١- بچۆ لای دوکتۆر (بۆ پشکنینی گشتی، پشکنینی دڵ و خەریتەی دڵ، ئەشیعەی سییەکان و... تاد.).

٢- بچۆ لای دوکتۆرێکی ددان

٣- کوتانەکانت تازە بکەوە ( لە سەنتەری تەندروستیی باوەڕپێکراو)

کوتانی ئیجباری.

* تای زەرد، پێویستە بۆ.

- زۆربەی وڵاتەیلی ئەفەریقایی.

- هەندێ وڵات لە ئەفەریقای ناوەڕاست.

- گوینای فرەنسایی.

- نێزیکەی تەواوی یان نیوە وڵاتەیلی سەر هێڵی ترۆپیکال کاتێ دەگەیتە شوێنێک کە پەتای تای زەردی تێدا بڵاوە

* کوتانی مێنینجایتیس ACYW135Y پێویستە:

- لە فرەنسا بۆ ڤیزا بۆ عەرەبستانی سعوودیە

- بۆ هەموو حاجییان بۆ مەکە

**کوتان و دەرمانی پێشنیازکراو، بەگوێرەی وڵات و ماوەی مانەوە**

* حەبی دژە مەلاریا، دەبێ لە ڕۆژی ڕۆیشتن فووت بدرێ تا ٤٥ ڕۆژ دوای گەڕانەوە.

* تای زەرد.

* TYPHIMو DTPolio (تازە).

* هیپاتیتیس A.

* ئەنفلۆنزا.

* هێپاتیتیس B (بۆ گەشتی درێژ).

* تیپهۆید.

* ڕابیس (بۆ شوێنی دوورەدەست).

* ئیسفالیتیسی ژاپۆنی.

* تیک بۆرن ئینسفالیتیس.

* کوتانی مینانجایتیس.

**قەڵاچۆکردنی مەلاریا**

مەلاریا پەتایەکی بەربڵاوە لە دنیا، کێشەیەکی تەندروستیی دنیایە، بەزۆری لە وڵاتانی ترۆپیکس

هەواڵنامەی کتێب

و بەتایبەتی لە وڵاتانی سەبسەحارای ئەفەریقا. ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) دەڵێ ساڵانە ٣٠٠ ملیۆن کەیس تۆمار دەکرێ و بەلایەنی کەم یەک ملیۆن کەس پێیەوە دەمرن.

قەڵاچۆکردنی مەلاریا زۆر پێویستە و هەنگاوەکان جۆرەوجۆرن بەپێی ناوچە و ماوەی مانەوە.

تەنێ بۆ گەشتەوەران، دەوەستێتە سەر:

– پاراستن لە دژی پێوەدانی مێشوولە

– قووتدانی حەب پێشوەخت

– دیاریکردنی تا و بەپەلە کاری بۆ بکرێ

٤– لەبارەی ئەمانەی خوارەوە بزانە:

* ئایدز و STD.

* مەلاریا.

* دەرمان.

* هایجینی ددان.

* خۆراک و هایجینی لەش.

٥– جۆری خوێنت بزانە و لەسەر ناسنامەکەت نیشانی بکە.

ئەگەر وەرگرتنی خوێن پێویست بوو، زانینی جۆری خوێنی کەسەکە چارەسەرەکە خێرا دەکات.

٦– باشە ئەگەر خولێک لەبارەی هاوکاریی سەرەتایی وەرگریت (بەتایبەتی ئەگەر بەتەنێ گەشت بکەیت)، خولێک بەهەموو تازەکارییەکانییەوە. ئەم خولە و دەرهێنانی بڕوانامە لەلایەن ڕێکخراوی باوەڕپێکراو و دەستەیلی گشتی دەکرێت.

دەتوانی پێوەندی بکەیت بەگرووپەیلی بەرگریی شارستانی کە مەشقت پێ دەکەن و بڕوانامەیەکی سەرەتاییت پێ دەدەن دوای ئەوەی بەیەک دوو ڕۆژ فێر دەبیت چی بکەیت لە چەندان حاڵەتی جۆرەوجۆری تەنگانەدا.

– خاچی سوور خولی سەرەتاییی هاوکاریی سەرەتایی لەسەر ئاستی بڕوانامەی هاوکاریی سەرەتاییی ئەورووپایی (EFAC) دابین دەکات.

پێوەندی:

لێژنەی نێودەوڵەتیی خاچی سوور (ICRC)

ماڵپەڕ: icrc.org

٧– ئەمانە لەگەڵ خۆت ببە

* پاسپۆرت (بەلانی کەم شەش مانگی مابێ بۆ بەسەرچوون)

هەوڵنامەی کتێب

* ناسنامەی ڕۆژنامەوانی

* نامیلکەی بڕوانامەی کوتانی نێودەوڵەتی

* ناوی جۆری خوێن

* مۆڵەتی لێخوڕینی نێودەوڵەتی

* دۆلاری ئەمەریکایی

* نەخشەی ڕێ و شارەکان

* لیستی پێوەندییەکانی ئەو بەرپرسانەی لە ماوەی گەشتەکەت دەیانبینی (باڵوێزەیل، ڕێکخراوەیلی نێودەوڵەتی و تاد.)

* مۆبایل.

٢- لە ماوەی گەشتەکەتدا

دڵنیایی و... هاوکاری (سەیری پاشکۆی ٣ بکە، گرێبەستی ڕۆژنامەنووسانی بێ سنوور بۆ وێنەگران، ڕۆژنامەنووسەیلی و فریلانسەیل).

٣- دوای گەڕانەوەت

* پشکنینی مەلاریا: هەر تایەک، سووکیش بێ، دوای مانەوەت لە وڵاتێکی پڕ لە مەلاریا دەبێ بەمەلاریا دابنرێ مەگەر بسەلمێنرێ کە هەو نییە. بەپەلە دوکتۆرێک ببینە یان بڕۆ نەخۆشخانەیەک.

* یارمەتیی دەروونی: دەتوانی پێوەندی بکەیت بەسەنتەری دارت بۆ √ۆژنامەوانی و ترۆما.

ماڵپەڕ: www.dartcenter.org

هەواڵنامەی کتێب

بەشی سێیەم

## سەلامەتی لەودیو هێڵەیل

ئەمانەی خوارەوە ئاگەدارەیلی بەرایی سەلامەتین کەوا ڕۆژنامەنووسەیل دەبێ لە هێڵەکان ڕەچاوی بکەن، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە ترس بریتییە لە ئاژاوە یان هێرشەیلی بۆمب.

١- یاسایەلی سەلامەتی هەردەم پێویستن.

* گومان لە هەر شتێکە بکە کە بۆنی مەترسیی لێ دێ و هوشیار بە.

* هەڵسوکەوتی ڕەسمی مەکە لە کاتی گۆڕینی ڕێگەیل، کاتەیل و ئۆتۆمۆبێلەیل.

* بەتەواوی سەرنج بدە بە یاسایەلی سەرمەتی و رێنوێنییەیل.

* بەردەوام پێوەندیت باش بێت لەگەڵ ئەوانەی لە چواردەورتن. هەردەم بڵێ لە کوێی، چی دەکەیت و کات و مێژووی جووڵەکانت بڵێ. هەر کاتێک لوا، گفتوگۆی نیازەکانت لەگەڵ بەلانی کەم یەکێک لەوانەی چواردەورتن بکە.

* یاسایەل جێبەجێ بکە بەڵام دەسپێشخەری وەرگرە ئەگەر بارودۆخەکە ویستی.

٢- رەفتاری کەسانی

* هەوڵدە باری جەستەیی و ئەقڵیت باش بکە بەهۆی وەرزش و پشوودان.

* پۆشاکت رێکوپێک بێ و رەفتارت سادە بێ.

لە وڵاتانی ئیسلامیدا، رۆژنامەنووسەیلی ئافرەت دەبێ باش خۆیان بپۆشن تا کەس تووشی حەپەسان نەکەن (بن فشی کورت یان بەدی تەسک نابێ) و رێز لە نەریتی لۆکاڵ بگرن.

* لە کاتی ئازادا، تەنێ بەکۆمەڵ و تەنێ لە شوێنی گشتی قەرەباڵغ بگەڕێن.

* هەرگیز شتێک لەبەر مەکە کە گومان لە نیازەکانت پەیدا بکە (وەک جل بەشێوەی سەربازی) و چەک یان چەقۆ هەڵمەگرە.

* هەردەم کەمێک دوور بە لەو کەسانەی دیانبینی یان یارمەتییان دەدەی و زاڵ بە بەسەر سۆزەیلت لە کاتی تەنگژەدا.

* بەڵێنی یارمەتییەک مەدە دوایی پێت نەچێتە سەر.

* ئەگەر هاتییە هەڵچوون، ئارام بگرە، ئاگەداری کات بە داوا لە سەرووی خۆت بکە بێنە ناو پرسەکە و پێشنیازی شوێنێکی تر بکە. هەردەم چاوت لە کەسانەیلی شەڕانگێز بەئاگا بی، بەڵام تەماشای ناو چاویان مەکە. هەردەم وا پێشان بدە دەزانی دەچییە کوێ و متمانەبەخۆبوونت پێشان بدە، بەتایبەتی ئەگەر وا نەبوو.

* هەردەم هەڕەشەیلی مردن بەرژدی وەرگرە. بەکاربەدەستان بڵێ کێ دەتوانێ یارمەتیت بدات، بەڵام هەندێ دوور بە لێیانەوە. ئاگەداری بەراییی دەسبەجێ وەرگرە وەک شوێنت یان رەفتارت بگۆڕە. بزانە هەڕەشەکە لە کوێ هاتووە و بزانە ئەوەی هەڕەشەکە دەکات کێیە. بارستاییان بزانە (باری کۆمەڵایەتی، مەرام و ئاستی جەستەیی و رۆشنبیرییان). خۆت ئامادە بکە بۆ رووبەڕووبوونەوە لەو شوێنەی کە تۆپەکە لە گۆڕەپانی تۆدایە (وەک وێستگەی پۆلیس) یانیش ئەوەتا کەس مەبینە.

٣- مەترسیی ئاژاوە یان هێرشی بۆمب

کاتێ رۆژنامەنووسێک یان بەلاڤۆکێکی میدیا چەندجار هەڕەشەیلی کوشتنی لێ دەکرێ، دەبێ

پێوەرەیلی سەلامەتیی تایبەت بێنە ڕەچاوکردن بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی ئاژاوە یان هێرشێکی بۆمب. دەبێ کار بۆ ئاگەداریی بەراییی تەناهی بکرێ و بەتەواوی ڕەچاو بکرێن لەلایەن هەمــوو ستاف و هەروەها دەبێ ئاگاتان لە چەندان سەرچاوەیلی تەقینەوە بێ کە ڕەنگە ڕوو بدەن:

– شەپۆلەیلی رادیۆیی یان تەزووی کارەبا

– سویچ و وایەر

– سەرچاوەیلی گەرمی یان لەرینەوە

– سەعاتی وەگاهێنەر، سەعاتی دەستی و زەنگی دۆلاب و سەعاتی دانەرەوە.

– مادەیلی کیمیایی.

ئەگەر بەهێرشێکی بۆمب هەڕەشەت لێ کرا

* لە حاڵەتی هەڕەشە لە ڕێگەی ژمارە تەلەفۆنێکی نەزانراوەوە، ئاگەداری کات بە و لێی بپرسە:

– کەی بۆمبەکە دادەنرێتەوە بۆ تەقینەوە؟

– لە کوێ دادەنرێتەوە؟

– کەی لەوێ دانراوە

– شێوەی لە چی دەکا؟

– چ جۆرە بۆمبێکە؟

– چی دەیتەقێنێتەوە؟

– ئاخۆ خۆت بۆمبەکەت داناوە؟

– بۆچی؟

– ناوت چییە؟

– تۆ کێی؟

– کەی پێوەندیت پێوە دەکرێ؟

بۆ ئەوەی بتوانی تەلەفۆنکەرەکە بناسی یان دوای کەوی، سەرنجی ئەمانەی خوارەوە بدە:

– دەنگ (بەرز و نزمی، شێوەزاری، شێوازی، کێش و سەروای)

– زمان (پاراوە، ئەقڵانییە، مشتومڕاوییە، ئاخۆ پەیامەکە دەخوێنرایەوە یان تۆمارکراو بوو)

– دەنگەدەنگی چواردەوری (دەنگەیلی شەقام، موزیک یان سەعات)

– ناسینەوەی دەنگی

– کات و ماوەی تەلەفۆنەکە.

هەوڵنامەی کتێب

* ئەگەر ئامێرێکی گومان لێکراوت دۆزییەوە:

– بەهیچ شێوەیەک دەستکاری مەکە، تەنانەت ئەگەر پێشتر تەقیبێتەوە یان پێ بچێت لە کار کەوتبێ.

– ئەگەر دەنگی لێوە بێ (دانەرەوەی هەبێ) یان دەرکەوتنی بگۆڕێ (دووکەڵی لێ هەستێ)، دەسبەجێ ڕاکە.

– بەربەستێکی سەلامەتی دابنێ لە چواردەوری شوێنەکە بەلایەنی کەم ١٠٠ یاردێک لە ئامێرەکە.

– مۆبایل یان هەر ئامێرێکی تری کارەبایی یان کارۆموگناتیسی بەکار مەهێنە بۆ بەرزکردنەوەی زەنگەکەی.

* چۆنیەتیی زانینی بۆمبی نامەیی:

– پێوەندییەکی گوماندار هەبێ لە نێوان کێش و قەبارە و چڕیی نامەکە.

– زەرفەنامەی نامۆ و پڕ.

– بڕی پێچانەوەکەی.

– وێنەی سەری یان هەر دیکۆرێک کە مایەی گومان بێ.

– ژمارەیەکی زۆر پوول لەسەر درابێ.

– چەند وشەیەکی تایبەتی لەسەر نووسرا بێ وەک (زۆر بەپەلە، زۆر کەسانی، بەس بۆ تۆیە)

– ئەم لیستە لە ژووری پۆستەدا هەڵواسە.

چۆن بەئۆتۆمۆبێلێکی مینرێژکراو دەزانی:

– دەسبەجێ شوێنی ئۆتۆمۆبێلەکە بپشکنە و بزانە هیچ شتێکی گوماندار بەویلەکان/ تایەکانیەوەیە.

– سەرنج لە شێوەی گشتی ئۆتۆمۆبێلەکە بدە (بێ دەست لێدانی).

– بزانە هیچ وایەرێک یان شتێکی گومانداری پێوەیە.

– بەشە سەرەکییەکانی ئۆتۆمۆبێلەکە بپشکنە وەک ویلەکان/تایەکانی، ژێرەوەی، گزۆز، شوێنی شوفێر، لای سەکن، فلچەی جام، هاوێنەی پێشەوە، شوێنی کردنەوەی بۆنیت، بزوێنەر، داشبۆرد و بن کوشینەکان.

– دوای تاریکی، لایتێکت پێ بێ لەناو ئۆتۆمۆبێلەکە بەجێی مەهێڵە (مەچووە ناو ئۆتۆمۆبێلەکە تا بەتەواوی نەیپشکنی).

بەشی چوارەم

## سەلامەتی لە ناوچەیلی شەڕ

چی دەکەیت ئەگەر بتەوێ بگەڕێیت، یان ئەگەر تووشی تەقەکردن هاتی، کەوتییە ناو کەمین یان ئاپۆڕەیەکی تووڕە، یان ئەگەر هاتییە ڕفاندن. سەرنج لە ڕێنوێنەیلی خوارەوە بدە.

١- مەترسییەکانی گەڕان و سووڕان.

گەڕان بەنێو ناوچەیەکی شەڕدا هەردەم نامۆیە و دەبێ زۆر بەشێنەیی پلانی بۆ دابنرێ.

- پێش دەرچوون

* ئۆتۆمۆبێلەکەت ئامادە بکە و گشتی بپشکنە (یان بێتە پشکنین) و بزانە تانکی بەنزینی پڕە، ئامێر و بەشەکانی یەدەگی هەمووی تەواوە.

* بوخچەیەکی تەنگانە لەگەڵ خۆت ببە (جلوبەرگی گەرم، لێفەیەک، ئامێرەیلی هاوکاریی سەرەتایی، ئاو و خواردن)

* دۆکیومێنتەیلی ڕەسمیت لەلا بێ، وەک کارتی ڕۆژنامەوانی و تێپەڕین.

* سۆراخێکی ڕێگەکە بکە لەسەر نەخشە

* بزانە کەی بازگەکان دەکرێنەوە و کەی گەڕان و سووڕان قەدەخەیە (منع التجول).

- لە کاتی گەڕان و سووڕاندا

* هەوڵ بدە لەسەر ئەو ڕێیە لانەدەی کە پلانت بۆی دانابوو و پابەندە بەخشتەی کاتت. پێوەندیی بەردەوامت هەبێ لەگەڵ بنکە یان ڕۆژنامەنووسەیلی تر.

* هەوڵ بدە شوێن یان ڕۆژنامەنووسەیلی تریشت هەبێ کە لە ڕێگە لەلایان بمێنیتەوە.

* هاژۆتنی شەوانە مەکە.

* هیچ سندووقێک یان شتێک لە کەسانەیلی نەناسراو وەرمەگرە.

* هیچ شتێک هەڵمەگرە ببێتە جێ سەرنجی خەڵکی، وەک دووربین، نیشان، ئامێرەیلی تر یان جلی شێوە سەربازی.

* ئەگەر لەگەڵ قافڵەی سەربازی یان مرۆییدا دا بوویت، گوێڕایەڵی سەرکردەی قافڵەکە بە.

- پیاسەی شەوانە

کردنی هەر کارێک بەشەو مەترسیدارە. ناساندنی خەڵک بەشەو زەحمەتە و ڕەنگە بۆ شەڕێک بتبەن. بۆیە تا بلوێ بەشەوان مەچووە دەرەوە.

* لە شەودا جووڵەی هەشیار زۆر گرینگترە لە خێرایی.

* جلی بەجێ لەبەر بکە

هەولێرنامەی کتێب

* لایتی نیشانکەر لەسەر کامێرا، ڕادیۆ و تەنزیل بکوژێنەوە.

* بە هوشیاری ڕێگە هەڵبژێرە. ئاگات لە شوێنەیلی تاریک بێ، بسووڕێوە ئەگەر ڕێیەک قەپات بوو، زۆرجار بوەستە، بنۆڕە و هەستی خۆت ڕاگرە.

* ئەگەر لەگەڵ تیمێکدا بووی، لەسەر شوێنێک کۆک بن تا یەکتری لەوێ ببیننەوە.

* ئەگەر تووشی لایتی پشکنین بوویت، خۆ درێژ و مات بکە هەتا تێپەڕ دەبن.

* ئاگات لە سەرچاوەیلی لایتی خۆت بێت.

– تێپەڕبوون بەنێو ناوچەیەکی شەڕاوی.

تەنێ ئەو دەمە بەڕێیەکدا برۆ کە شەڕی لێیە ئەگەر هیچ چارەی ترت نەبوو.

* ئەگەر تووشی تەقە بوویت، لەسەر زەوی خۆت درێژ کە، ئەگەر لوا لە پەنا دیوارێک یان ئۆتۆمۆبێلێک. تا پێت دەکرێ خێرا شوێنەکە بەجێ بێڵە. بەشێوە زیگزاگی ناڕێک ڕاکە، بۆ ئەوەی گولله بەئاسانی پێت نەکەوێ.

* پێش تێپەڕبوونی بەناوچەیەکی شەڕاوی، بزانە لە ڕێیەکە چۆن دەردەچی، ڕێی دەرچوون لەبەرکە، ئۆتۆمۆبێلەکەت بپشکنە و گوللەبەند ببەستە.

* بەخێرایی بەناوچەکەدا تێپەڕە.

* خۆت جیا بکەوە لەوانەی شەڕەکە دەکەن بۆ نموونە بەهۆی دانانی هێمای "ڕۆژنامەوانی" لەسەر ئۆتۆمۆبێلەکە.

ئەگەر لە حاڵەتێکدا ویستت لە دەرەوە بمێنیتەوە

* تەنێ لەناو ئۆتۆمۆبێل بنوو، لە ناوەوە دایخە.

* ئەگەر چەند کەسێکی ترت لەگەڵدا بوو، سیستمێکی ئێشکگری دابنێن.

ئەگەر گەیشتییە ناوچەیەکی مینڕێژکراو.

* ئەگەر پاسەوانی لێ بوو، ئەوا قسەیان لەگەڵ بکە بۆ ئەوەی ڕێت بۆ بکەنەوە و دەرچی. بەخۆت ئەو کارە مەکە.

* ئەگەر پاسەوانی لێ نەبوو، دەرمەچەۆ. ڕێیەکی تر بەدەوری ببینەوە یان بگەڕێوە.

– تێپەڕبوون بە بازگە

* بزانە کێ لە بازگەکەیە. ئاخۆ چەکی سووک یان گرانیان پێیە (گوللەبەند و چەقۆیان پێیە)، تفەنگیان بەشانەوە یان بەدەست. گەنج و یان پیر (هەردەم گەنج پەشۆکاوترن و کەمتر سەرنج دەدەن)، جلوبەرگیان چۆنە (جلی ئاسایی سەربازی یان جلی میلیشیایان لەبەرە). سەرخۆشن یان نا، چەندە شەڕانگێز و چوستن، بەهۆی سەرنجەیلی سەرەوە خۆت ئامادە بکە.

* ئەگەر لە مەترسییەکی جیدیدا بووی، بگەڕێوە بەڵام بەشێوەیەکی کە ئەوان نەتبینن بۆ ئەوەی تەقەت لێ نەکەن. ئەگەر چەند ئۆتۆمۆبێلەکی ترت لەگەڵدا بوو، یەک یەک بگەڕێنەوە. بەڵام ئەگەر

هەواڵنامەی کتێب

دیترای لەلایەن بازگەکە، مەگەڕێوە، چونکە زۆر بەخێرایی دەتگرن یان تەقەت لێ دەکەن.

* لە کاتی پشکنیندا، جووڵەی کتوپڕ مەکە. دەستەیلت خاو بکە و هەموو کات لە بەرچاویان بێ. هێمن و ڕووخۆش بە.

* لەخۆبایی مەبە، بەڵام ترس یان گوێڕایەڵی پێشان مەدە.

* کارتی تێپەڕینت هەبێ لەلایەن چەندان لایەنەوە، بەڵام بزانە کامە لە کێ بەکار دێنی.

* بیرت نەچێ لەوانەیە هەندێ پاسەوان لە زمانت تێ بگەن، بۆیە ئاگەداربە چی دەڵێی.

* لە ئۆتۆمۆبێلەکەت مەیەرە خوار ئەگەر داوات لێ نەکرا.

* ئۆتۆمۆبێلەکەت مەکوژێنەوە.

* ئەگەر پاسەوانەیل کەلوپەلتیان برد، ناڕەزایی دەربڕە بەڵام زۆر سوور مەبە لەسەر وەرگرتنەوەی.

* دانوستاندن بکە و داوا بکە قسە لەگەڵ سەرووی ئەوان بکەی.

٢- تەڵە و مین و تەقەمەنی

- تەڵە

تەڵە (خستنە داوەوە) واتە ورووژاندنت تا کارێک بکەی و دواتر یاریت پێ بکەن.

* غەریزەیل (چڵێس، ئارەزووەیل، خۆپاراستن)

* پێویستییەکان (خۆراک، جل، کەوش، پاراستن لە سەرما و کردنەوەی دەرگەیەک یان پەنجەرەیەک)

* ڕەنگدانەوەکان (پێکردنی مەشخەڵێک تا بزانن کار دەکات یان نا، شەق لە سندووق دەدەن، سویچی ئۆتۆمۆبێل دەسوڕێنن)

باشترین تەڵە شاراوەیە

لەوانەشە فێڵێکی تێدا بێ، تەڵەیەک بۆ دابنێنەوە هەر نەشیبینی.

باوترین تەڵە ئەمانەن:

* لەنێو خانوودا (دەرگە، پەنجەرە، بنمیچ، فەرش، تەلەفۆن، تیڤی، کەلوپەلی ناوماڵ، کتێب، سەعاتی ئاگەدارکەرەوە، پێخەف و سەرین، کورسی، جانتا).

* لە مەتبەخ (کتلی، قۆدی و بوتڵ).

* لەسەر شەقام (تۆپەڵی خۆراک، پرد، ڕۆدسایت، پەناگەی سروشتی، ئۆتۆمۆبێل، چەکی قەدەخەکراو، نارنجۆک و چەکی تر، لاشەی مردوو).

### ئاگەدارییەیلی بنەڕەتی

* هەرکە زانیت وایەرێک نووساوە بەزەوی، شوێنەکەی دیاری بکە و بڕۆ. پێوەندیی بەبەرپرسانی لۆکال بکە لەبارەی مینەوە (دوای دیاریکردنی ناوچەکە لەسەر نەخشە یان بەهۆی GPS).

* مینی پەڕاوێزخراو دەگمەنن. عادەتەن نیوەیان شوێنەکەیان دیارە، یان ئەوەتا بەکۆمەڵی ٣٠ دانەیی دادەنرێنەوە، یان بە ڕیز دادەنرێنەوە (زۆرجار بەشتێکەوە بەزەوی دەنووسێنرێن).

* قەت لە ڕێگەی گشتی لامەدە، تەنانەت ئەگەر چوویە توالێتیش.

* قەت دەس مەدە لە مین، یان بۆمبێک، هاوەن یان قەوان کە نەتەقێنراو بن.

* مین وەک دیاری مەکرە و بەوانی تریش مەڵێ بۆت پووچ بکەنەوە بۆ ئەوەی بەدیاری بیبەی.

ئەو ڕۆژنامەنووسەی لە مەیدانی شەڕە لەوانەیە تووشی مین یان تەڵە بێت. مین بەم شێوەی خوارەوە دادەنرێتەوە، یان بەشێوەیەک کە کەس بیری بۆ ناچێت لەلایەن شەڕوانەیلی ڕانەهێنراو دێنە دانان. لەوانەیە تەقینیان وابەستە بێت بەوایەرێک (کە پارچە وایەرێکی توندە) کە بەهۆی پاڵەپەستۆوە دێنە تەقینەوە. هەندێ مین هەن زیرەکانە دانراونەتەوە چونکە دوای تێپەڕینی چەند ئۆتۆمۆبێلێک ئەوجا دێنە تەقینەوە. ئەگەر تەڵەیەکت بینی دەبێ خێرا ناوچەکە بەجێ بێڵی بەشێوەیەک کە بەهەمان شوێنپێیی خۆتدا بگەڕێیەوە. ئەگەر مینێکت بینی مانای ئەوەیە کە تۆ لەوانەیە لەناو کێڵگەیەکی میندا بیت.

- هەندێ مینی دژەکارمەند

توندیی ئەو وایەرەی مینی جۆری PMR و PROM دەتەقێنێتەوە بەپێی پلەی گەرمی دەگۆڕێ، بەڵام ترسی سەرەکیی تەقینەوە لە کەشوهەوا و گۆڕانی وەرزەکانەوەیە، ئەمەش بەهۆی ئەو چیلکەدار یان فریزانەی کە بەیارمەتیی بەفر زەوی دەپەستنەوە و وایەرەکە توندرۆ دەکەن و بەهیوای دەرزی سەلامەتیی مینەکە لادەبەن.

ئەم مەترسییە لە بەهارانیشدا زیاد دەکات کاتێ درەخت و دەوەن پێ دەگەن و مینەکان زۆر مەترسیدار دەبن، بۆی هەیە لە هەر ساتێکدا یان بەسادەترین جووڵە بێنە تەقینەوە.

PMR-2A

ئەمە باوترین جۆری مینە.

لەژێر زەوی دادەنرێتەوە یان لەژێر گەڵێ و لق و پۆپی درەختان دادەنرێتەوە.

PMA-2

ئەمە وا باوە مینەکانی تر دەشاردرێتەوە. ڕەنگی سەوزە و ناسینەوەی زەحمەتە. شێوەی لە ئەستێرە دەکا و زۆر چالاکە و بە ١٠٠ گرام تەقەمەنی دەبێتە مینێکی زۆر مەترسیدار.

PMA-3

ئەمەیان هەندێ جار بەتەنێ دەدۆزرێتەوە بەڵام وا باوە چەند بستێک لە دوور لە یەکتر و بەڕیز دادەنرێنەوە لە ناوچەیلی شەڕدا. سەری داپۆشراوە یانیش لە بن زەوی دانراوە بەڵام سەرەکەی هەر لە دەرەوەیە.

PROM-1

ئەمە لەگەڵ چەندان پەلە بەرد دەخرێتە ژێر زەوی. تەقێنەرەکەی زۆر هەستیار نییە.

MRUD

ئەم مینە زۆرجار بەدرەختەیلی تر دەلکێنرێ یان دەکرێ بەمینی ترەوە ببەسترێتەوە بەهۆی چەند فیوزێکی رەنگاوڕەنگەوە. ناکوژێ بەس بریندار دەکا (پیاوێکی بریندار حەفت کەسی تر بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکا). مینێکی تۆکمە دەتانێ لە دووریی ٢٠ مەترەوە خەڵک بکوژێ.

– ئەگەر کەوتییە ناو کێڵگەیەکی مین

ئەگەر بەپێیان بووی

شەوانە مەگەڕێ. تاک تاک و تەواوێک دوور لە یەکتر بڕۆن. قەتبڕ لێ مەدەن. بەسەر بەربەستدا سەرمەکەون و پردوو مەگەڕێن. دوورکەونەوە لە گۆماو (مین لەناو ئاویشدا دێتە شاردنەوە).

هەواڵامەی کتێب

* ئەگەر کەسی بریندارت لەگەڵ نەبوو

– هێمن بە

– بەوانەی لەگەڵتن بڵێ

– مەجووڵێ

– بەهۆشیاری چواردەورت بپشکنە و هەوڵ بدە بزانە مەترسییەکە لە کوێیە (مینە وایەر و تەقێنەرەوە)

دواتر بەپێی بارودۆخەکە، دەبێ یەکێک لەمانەی خوارەوە بکەیت:

– شوێنەکە بەجێ بێڵە و بەشوێنپێی خۆتدا بگەڕێوە.

– ڕێیەک بۆ ئەوانە بکەوە کە لە کێڵگەکەدان  و بیانهێنە دەرەوە.

– پێیان بڵێ بەکورتترین ڕێگە بێنە دەرەوە.

* ئەگەر لەگەڵ کەسێکی بریندار بوویت

– کاتێ بریندارێک لە ناوەندی کێڵگەیەکی میندا بێت، نابێ بجووڵێت و ئەوانەی لەگەڵیشیدان دەبێ بەهوشیاری یارمەتییان بدەن. دەبێ خێرا رێیەکی چوونە دەرەوە بێتەوە دۆزین تا یەکەم جار هاوکاریی سەرەتایی بۆ بێنن و دواتر بیبەنە دەرەوە.

ئەگەر بەئۆتۆمۆبێل بووی

* هەندێ جار کێڵگەی مین بەدیار ناکەوێ تا ئۆتۆمۆبێل یەکێ لە مینەکان نەتەقێنێتەوە.
* دوای تەقینەوەکە، ئەوانەی ساغن نابێ پەلە بکەن لە جێهێشتنی ئۆتۆمۆبێلەکە مەگەر ئاگری گرتبێ. ئەگەر ئۆتۆمۆبێلەکە هەر کار بکا، بەرەو دوا بەهەمان شوێنی هاتوودا بیهاژۆ.
* ئەگەر ئەمە نەکرا، ئەوا بریندار/بریندارەکان دەبێ لە دواوەڕا بێنە دەربازکردن.
* دەبێ کێڵگەکە بەجێ بێڵی بەو ڕێیەی کە ئۆتۆمۆبێلەکە پێیدا هاتووە و بریندارەکانیش بەهەمان ڕێدا بێنە دەرەوە، ئاگەداری ڕێیەکە بە. بەسەر قۆڵت، شوێنی بەلم داپۆشرا و خاشاک و پردوودا مەچوو.

## بۆمبی زنجیرەیی

تەقەمەنیی زنجیرەیی ئەو بۆمبانە دەگرێتەوە کە لەگەڵ بۆمب، هاوەن یان گوللەتۆپی باڵەفڕگە، هەلیکۆپتەر، کەشتی یان چەکی زەوینی دەردەپڕن و لە ناوچەیەک دەکەون کە بەیەک موو دێنە تەقینەوە. چەندان جۆر و شێوە و قەبارەیان هەیە (جاری وا هەیە لە شێوەی نارنجۆکن یان بۆمبی بچووک بچووکن). ئەو بۆمبانە بەزنجیرە دەهاوێژرێن لەلایەن کردەی سەربازییەوە و هەیانە ناتەقێتەوە و لە زەوی دەچەقن و پاشان دەبنە مەترسییەکی گەورەی نەتەقیو.

ئەو بۆمبانە دەبێ بەهەمان شێوەی مین مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ. بەمەبەستی وێرانکردن و ئاژاوە دێنە هاوێشتن. بەپێچەوانەی مین، شوێنیان دیاری ناکرێ چونکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی پەرت بوونەتەوە.

چۆن بۆمبی زنجیرەیی کار دەکات. ئەم وێنەیە (دابین کراوە لەلایەن سەنتەری نێودەوڵەتی لە جنێف بۆ قەڵاچۆکردنی مین) بۆمبێکی زنجیرەیی پێشان دەدات کە لە باڵەفڕگەوە هاوێژراوە.

هەنگاوی ١: بۆمبەکە (هەمووی پێکەوەنە) هاوێژراوە

هەنگاوی ٢: بۆمبەکە دەکرێتەوە و دەڕژێ

هەنگاوی ٣: هەر بۆمبێک پەڕەشووتێکی هەیە و دەکرێتەوە بۆ ئەوەی هێواش ببنەوە تا بەشاوڵی بەر زەوی بکەن.

هەنگاوی ٤: بۆمبەیل بەر ناوچەیەک دەکەون کە سێ ئەوەندەی یاریگەیەکی تۆپێنە.

کرانەوە و ڕژانی بۆمبی زنجیرەی

٣- قەناس

قەناسەکان چەکی وا بەکار دێن کە بتوانن لە دووریی ٦٠٠ مەتر (هەندێ جار تەنانەت ١٠٠٠ مەتر) بە ڕۆژ و ٣٠٠ مەتر بەشەو ئامانج بپێکن. بەڵام هەردەم دوورییەکی کەمتر لەوە دەکەنە

ئامانج و هاوێنەیەکیی تایبەتییان هەیە بۆیە بەدەگمەن هەڵە دەکەن. هەندێکیان هاوێنەی سوور بەکار دێنن تا بتوانن ئامانج ببینن لە کاتی تەم، خۆڵبارین و تاریکیدا.

وا باوە قەناس لە باڵەخانەیەکدا دەبێ کە چەندان دەرچەی هەبێ، بەڵام قەت لە سەری سەرەوەی باڵەخانەکە نابن یان لە ژوورێک لە پێشەوەی باڵەخانەکە. پسپۆڕن لە خۆشاردنەوە لەسەر بان و بن بانان. لە پشت لەگوش خۆیان مەلاس دەدەن و یەک دوو کاشی بنمیچەکە دەردێنن تا دەرەوە بەتەواوی ببینن. ئەو کونانە لە دوورەوە هیچ گومانێکیان لێ ناکرێ.

- کێشەی سەدا

دەنگی تەقە بەهەموو ئاراستەیەکدا بڵاو دەبێتەوە بەخێراییی ٣٣٠ مەتر لە چرکەیەکدا (خێراییی گوللە ١٠٠٠ مەترە لە چرکەیەکدا).

لە ناوچەیەکی بیاوانی تەختدا، ئاسانە بڵێی گوللەکە لە کوێوە هات، بەڵام کاتێ چەندان بەربەست دەبێ لە نێوان تەقەکە و تۆ، تەقەکە سەدای دەبێ و پێ دەچێ کە لە چەندان ئاراستەوە هاتبێ.

ئامانجەکە هەردەم گوێی لە ژاوەژاوی تەقەکە دەبێ لەو کاتەی پلی پێوە دەنرێ (خێرا و تیژە) و دواتر سەداکەی دەبیستێت (درێژتر و نەرمترە). کورتترین دووری بۆ دەنگی تەقەیەک برێتییە لە نێوانی قەناس و ئامانجەکە، لە کاتێکدا سەداکە زیاتر دەڕوا پێش ئەوەی بگاتە گوێی ئامانجەکە. کەواتە بۆشاییییەک هەیە لە نێوان دەنگی تەقەکە و سەداکە کە وات لێ دەکا سوور بی لەسەر ئەوەی بەتەواوی تەقەکە لە کوێوە هاتووە.

قەناس لە شوێنێک دەگەڕێ تێیدا دەنگی تەقەکە بشێوێنرێ لەگەڵ سەداکەی. ئەمەش وا دەکا شوێنی شاردنەوەکەی هەرگیز بەهۆی بیستنەوە نەزانرێ.

چەند بیرۆکەیەک

* بەڕوونی ئاماژەکە بەوە بدە کە تۆ ڕۆژنامەنووسی (جلی شێوە سەربازی لەبەر مەکە) و کەلوپەلەکانت بەتەواوی بشارەوە بۆ ئەوەی بەسەربازێکت تێ نەگەن.
* پێشوەختە جووڵەکانت ئامادە بکە.
* سەرنج بدە ڕەفتاری خەڵکی لۆکال
* خێراتر برۆ (بە پێ یان بەئۆتۆمۆبێل)
* قەناس پف مەدە.
* باران، بەفر، با و تەم دەکرێ لە دژی قەناس بێنە بەکارهێنان.
* خۆت بمرێنە ئەگەر بریندار بووی.

٤- کەمینەیل

- ئەگەر ڕێگەکە دانەخرابوو

* خێراکە لە ناوچەی مەترسیدار بڕۆ دەرەوە.

- ئەگەر ڕێگەکە داخراو بوو بەهۆی تەقەکردنەوە.

* بەزانایی ناوچەکە بەجێ بێڵە.

* لە نێزک ئۆتۆمۆبێلەیل بمێنەوە (تەنێ بزوێنەر و تایەی ئۆتۆمۆبێل باشن بۆ خۆپاراستن لە کاتی تەقەکردن).

* ئاگات لە مین بێ لە ڕۆتساید

- ئەگەر ڕێگەکە داخرا بەهۆی تەقەکردنێکی زۆرەوە

* بەو ئاراستەیەدا ناوچەکە بەجێ بێڵە کە دوورە لە تەقەکردن.

* دەسبەجێ لێی دەرچە.

* ئاگەدار بە کاتێ تەقەکردن ڕادەوەستێت، چونکە جاری وا هەیە هێرشکەرێک لەوانەیە بێتە سەر ڕێگە بۆ پشکنین یان تالانکردنی ئۆتۆمۆبێل یان کوشتنی بریندارەکان.

- ئەگەر ڕێگەکە لە پشتەوەڕا دانەخرابوو

* پشتاوپشت بگەڕێوە یان بسووڕێوە.

* ئەگەر ئۆتۆمۆبێلی زۆر لێ بوو، ئاگات لێ بێ ڕێی کەسیان نەگری.

چەند بیرۆکەیەک ئەگەر لەناو ئۆتۆمۆبێلی سەربازی یان لەگەڵ قافڵەیەکی مرۆییدا بووی

لە وڵاتەیلی کراوە

* بەینی تۆ و ئۆتۆمۆبێلەکانی تر ٥٠ مەتر بێ، زیاتر باشتر.

* خێرا باژۆ.

* هەردەم ئامادە بە بۆ دەرچوون لە کاتی هێرشدا

لە شار و شارۆکەیلدا

* حسێبی ستۆپکردن بکە لە بەینی ئۆتۆمۆبێلەکان.

* لە ٥٠ زیاتر ماژۆ بۆ ئەوەی تووشی ڕووداو نەبن.

* ئەگەر لێت نێزیک بوونەوە، خێرایی زیاد بکە.

* نەهێڵی هیچ ئۆتۆمۆبێلەکی تر نەیێتە بەینتانەوە.

* ئاگەداری ترافیکلایت و هێماکانی وەستان بە.

هەواڵنامەی کتێب

٦- ئاپۆڕەیەکی وروژێنەر

قەت لە نێوان پۆلیس/سەرباز و خۆپێشاندەران مەوەستە (هەردەم پشتت لە یەک لا بێ) بۆ ئەوەی نەکەویە داوی هێرشەوە، ئەگەر کەوتیشی ئەوا ڕێگەیەکت هەبێ بۆ دەرچوون

ئەگەر هێرشت کرایە سەر

* بەدوای شوێنێکدا بگەڕێ بۆ خۆشاردنەوە
* هەموو شتێکی سروشتی، دەستکرد و ئاسۆیی و شاوڵی بەکار بێنە بۆ خۆپاراستن و چاوت زیاتر بکەوە لە شارە گەورەکاندا، بەتایبەتی زۆر ئاگات لە باڵەخانەی بەرز بێ چونکە ڕەنگە خەڵک بەرد باوێت.

ئەگەر ڕاستەوخۆ هێرشت کرایە سەر، مەهێڵە دەستتان بگاتە یەکتر و هەوڵ بدە شتەکان هێور بکەیتەوە.

چەند بیرۆکەیەک

ئاگات لە کەلوپەلەکانت بێ لێت نەیێنە دزین. (لە شوێنی باش ئۆتۆمۆبیل ڕاگرە).

بەتەنێ کار مەکە (هەردەم کارکردن لەگەڵ هاوکارێکت زۆر باشترە چونکە یارمەتیت دەدا لە کاتی برینداربوون)

جلێک لەبەر بکە بتپارێزێت (وەک ئەو جلەی موتۆرسکیلێک لەبەری دەکات) و ئاگەداری گازی فرمێسکڕژێن بە (دەمامک، پەنجەوانە و چاویلکە بەکار بێنە)

مەترسییەکان هەڵسەنگێنە بەهۆی پرسیارکردن لە پۆلیس لەبارەی مگێزی خۆپێشاندەران و ئەو کەلوپەلانەی دێنە بەکارهێنان (گرانن یان سووک، دەمانچە یان چەکی تر).

٧- شەڕی دەستەویەخە

هەوڵ بدە قەت شەڕ نەکەی لەگەڵ ئەوانەی مەشقیان پێ کراوە و لێزانن.

* جەخت بکە سەر گەورەترین مەترسی.
* ئەگەر ئێوە بەکۆمەڵ بوون، با یەکێکتان لە بەرچاوی هێرشکەران نەبی بۆ ئەوەی بتوانێ دەرباز بێ
* قسە بکە، شتەکان هێور بکەوە. بزانە سەرۆکیان کێیە بۆ ئەوەی قسانی لەگەڵ بکەی.
* قەت دەست بەخۆدا شۆڕ مەکەوە. دەستەکانت لە ناوقەدت گیر بکە بۆ ئەوەی بتوانی کۆنترۆڵی خۆت بکەی.
* ئەگەر بڕیارت دا دەستت بکەیەوە، نەبەردانە بیکەوە، دوودڵ مەبە، دوا هێزت بەکار بێنە.
* لە دەستیان ڕامەکە، چەند ڕابکەی ئەوەندە بێ هێز دەبی. دەتوانی تەنێ شەڕی ئەوانە بکەی کە

مەترسین بۆ تۆ و لێتەوە نێزیکن.

٨- ئەگەر هاتییە ڕفاندن

بۆچوونی بارمتەیەک دەوەستێتە سەر ڕەفتاری رفێنەران و بارودۆخەکە، بەلاّم لە زۆربەی حالّەتەکاندا، ئەم یاسایانەی خوارەوە دەبێ بێنە جێبەجێکردن:

* خۆت جیڕ مەکەوە، ئەگەر دەزانی دەردەچی، هەڵێ.
* مەترسە، کۆنترۆڵی خۆت بکە، هێمن خۆت پێشان بدە. لەوانەیە ڕفێنەران خۆیان مشەوەش بن.
* هەوڵ بدە زۆرترین شتت بیر بێتەوە لەبارەی دەنگەیل، بۆن، ژاوەژاو، جووڵەیل و چەند دەمێننەوە.
* دیقەت بدە چۆن ڕفێنەران ڕەفتار دەکەن و تێبینیی هەموو شت بکە کە یارمەتیت دەدەن بۆ ناساندنیان، بزانە شوێنەکەیان لە کوێیە، بۆ ئەوەی بتوانی هەڵێی یان بێیە دەربازکردن.
* هەوڵ بدە چالاکییەکان ڕێک بخە، بەلایەنی کەم لەناو مێشکت رێکیان بخە.
* فەرمان و داوای ماقووڵ لە ڕفێنەران قەبووڵ بکە بەلاّم زیاد لە مەرامیان قەبوڵ مەکە.
* خواردن و ئاو و هەر شتێک کە تەندروستیت باش دەکەن قەبووڵ بکە بۆ ئەوەی بتوانی لە باشترین باری جەستەیی و ئەقڵیدا بمێنیتەوە.
* وایان لێ بکە بەناوی خۆت بانگت بکەن، ئەمە وا دەکات تۆ وەک کەسێک ببینن و شتەکان هێور دەبنەوە.
* هەوڵ بدە بەهەڕەشەیلی کوشتن یان بەڵێنەیلی ئازادکردن باوەڕ مەکە.
* هەوڵ بدە قسە لەگەڵ یەکێک بکەیت، شتێک بکە بۆ ئاخاوی مێشک و جەخت لەسەر شتێک بکەوە.
* مشتومڕی بێ سوود لەگەڵ ڕفێنەران مەکە. ڕووخۆش بە و مەیانورووژێنە و پەمپیان مەدە.
* لێیان مەپاڕێوە بۆ شت، ناکەسبەچە مەبە.
* هیوات لێ نەبڕێ ئەگەر دانوستاندن درێژەی کێشا. ئەوا هەلی ئازادکردنت زیاترە.
* ئەگەر داوات لێ کرا، ڕازی بە بۆ تۆمارکردنی دەنگت یان سەرنجێکی بێلایەن بنووسە. ئەمە یارمەتیت دەدا زیندوو بی و سەرەداوێک دەبێ بۆ دەربازبوونت.
* هەرکە ئازادبوونت نێزیک دەبێتەوە، وەک خۆی بە و گوێڕایەڵی ڕفێنەران بە تا دوا سات.
* دوای ئەوەی ئازاد دەکرێی، پشکنینی پزیشکیت بۆ دەکرێ و لێپرسینەوەت لەگەڵدا دەکرێ. ئەمە گرینگە. هەروەها ئەزموونەکە هەر لە هەناوی خۆت هەڵمەگرە، بۆ کەسانی تریشی باس بکە.
* ئەو ئامۆژگارییانەی پێت دەدرێ جێبەجێیان بکە پێش ئەوەی قسە بۆ میدیا بکەی.
* هەرکە دەست بەژیانی ئاسایی دەکەیەوە، هەر ئاگات لەخۆ بێ نەبادا ڕفێنەران بەرتەکیان هەبێ.

هەواڵنامەی ئاینبرد

# جاڕنامە نێودەوڵەتییەکانی ڕۆژنامەوانی

لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣ و هاتنی هێزەکانی ئەمەریکا، ڕۆژنامەوانیی عێراقی بەگشتی کرانەوە و ئازادییەکی زیاتری بۆ ڕەخسا جا چ لە شێوەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ و ئەهلی بێ چ حزبی. هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ هەمان کاروانی کرانەوە و ئازادیی زیاتر هەنگاوی ناوە، ئەگەرچی پێش ٢٠٠٣یش بەهێچ شێوەیەک بەراورد لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەشەکانی تری عێراقدا ناکرێ. دوای ٢٠٠٣ لە هەرێمی کوردستان چەندان داوودەزگای ئەهلی و سەربەخۆ دامەزراون. بەتایبەتیش خەڵکانێکی زۆر ڕوویان لە کاری ڕۆژنامەوانی کردووە. هەرچەندە هێشتا ڕاگەیاندنی هەرێم ڕێگەیەکی درێژی لە پێش ماوە بیبڕێ بەرەو پرۆفێشناڵی و تەواو ئازاد و سەربەخۆبوون، بەڵام ئەو هەوڵانەی ئێستە لە ئارادان بەو ئاقارەدا جێی دڵخۆشییە، بەتایبەتی کرانەوەی سەنتەری ڕۆژنامەوانیی سەربەخۆی بیانی لە هەرێم.

بۆ ئەوەی ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندن زیاتر بەرەو پێش هەنگاو بنێ و بنەمای ڕۆژنامەوانیی پرۆفێشناڵ و سەربەخۆ باشتر بچەسپێ لە هەرێمی کوردستاندا، پێویستە یاسای ڕۆژنامەوانی و جاڕنامە نێودەوڵتییەکانی ڕۆژنامەوانی بەوردی سەرنجیان لێ بدرێ ئەو جاڕنامە نێودەوڵەتییانە بکرێنە بنەمای دانانی، یان هەمواركردنی، یاسای ڕۆژنامەوانی. لە زۆر وڵاتان، جاڕنامەی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەوانی، بۆ نموونە جاڕنامەکەی ساڵی ١٩٨٦ی ڕێکخراوی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەوانان کە گەورەترین ڕێکخراوی ڕۆژنامەوانانە لە جیهان بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٦ دامەزراوە و لە ساڵی ١٩٤٦ دووبارە دەستی بە کارەکانی کردووەتەوە و ئەمڕۆ زیاتر لە ٦٠٠,٠٠٠ ئەندامی هەیە لە زیاتر لە ١٠٠ وڵاتدا لە سەرتاسەری دنیا، لە نووسین و

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلزییەوە: ڕابەر یونس

هەمواركردنی یاساگەلدا وەكو سەرچاوە و بنەما تەماشا دەكرێت و كاری پێ دەكرێ. یەكێكی تر لەو جارنامە نێودەوڵەتییانەی ڕۆژنامەوانی كە بەهەمان شێوە جێی گرینگیی هەموو داوودەزگا و ڕێكخراوگەلی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانییە بریتییە لە "بنەوا نێودەوڵەتییەكانی ئەخلاقی ڕۆژنامەوانیی پرۆفێشناڵ" كە لەلایەن دەستەی ڕاوێژكاریی ڕێكخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەكانی ڕۆژنامەوانان لە پاریس لە ساڵی ١٩٨٣ دەركراوە. لەم ڕووەوە، زۆر پێویستە ڕۆژنامەوان لە هەرێمی كوردستان ئەرك و ماف و ئیلتیزامەكانی خۆیان بەرامبەر بە پیشەكەیان و كۆمەڵگەی خۆیان و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەباشی بزانن. هەر لەبەر گرینگیی ئەم بابەتە، هەردوو جارنامەی ئاماژە پێكراو لێرەدا وەردەگێڕینە سەر زمانی كوردی.

## جارنامەی فیدراسۆنی نێودەوڵەتی بۆ بنەواكانی كاری ڕۆژنامەوانی

ئەو جارنامەیە كە لەلایەن كۆنگرەی جیهانیی دووەمی ڕێكخراوی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەوانانەوە (IFJ) كە لە ساڵی ١٩٥٧ لە شاری بۆردۆی فەرەنسا هاتە گرێدان و لە كۆنگرەی ١٨هەمی هەمان ڕێكخراودا لە ساڵی ١٩٨٦ لە شاری هێلسینۆری دانیماركی هەموار كراوەتەوە، پیادە كراوە.

ئەو جارنامە نێودەوڵەتییە وەكو ستاندەرێكی پرۆفێشناڵ بۆ كاری ڕۆژنامەوانی لێی دەڕوانرێ بۆ ئەو ڕۆژنامەوانانەی لە كۆكردنەوە و گواستنەوە و بڵاوكردنەوە و لێدواندا لەبارەی هەواڵ و زانیاری و وەسفكردنی ڕووداوەكاندا كار دەكەن.

١- ڕێزگرتن لە ڕاستی و مافی خەڵك بۆ زانینی ڕاستی، یەكەمین ئەركی ڕۆژنامەوانە.

٢- لە بەدواداچوونی ئەركی خۆیدا، ڕۆژنامەوان هەردەم بەرگری لە بنەوای ئازادی دەكات لە كۆكردنەوەیەكی ڕاستگۆیانە و بڵاوكردنەوەی هەواڵ، وێڕای بەرگریكردن لە مافی لێدوان و ڕەخنەلێگرتنی عادیلانە.

٣- ڕۆژنامەوان تەنیا بەپێوەستبوون بەو ڕاستییانەی بنچینەكەیان دەزانێ هەواڵ دەنێرێ. ڕۆژنامەوان زانیاریی بنچینەیی ناشارێتەوە و بەڵگەنامە ساختە ناكات.

٤- ڕۆژنامەوان تەنیا شێوازی دادوەرانە بەكار دێنێ لە دەستكەوتنی هەواڵ و وێنە و بەڵگەنامە.

٥- ڕۆژنامەوان هەموو هەوڵی خۆی دەدا بۆ ڕاستكردنەوەی هەر زانیارییەكی وەشانكراو كە دواتر دەردەكەوێ ورد نییە و زیان (بەلایەنێك) دەگەیەنێ.

٦- ڕۆژنامەوان نهێنیی پیشەیی دەپارێزێ لەبارەی ئەو سەرچاوەیەی زانیاریی نهێنیی لێوە وەدەست هێناوە.

٧- ڕۆژنامەوان چاوكراوە دەبێ لە مەترسیی گەورەتربوونی جیاوازیكردن بەهۆی ڕاگەیاندنەوە، بۆیە هەموو هەوڵی خۆی دەدا بۆ خۆلادان لە ڕێخۆشكردن بۆ ئەو جۆرە جیاوازیكردنانەی

لەسەر بنەمای نەژاد و ڕەگەز و ئارەزووی سێکسی و ئاین و سیاسەت و بۆچوون یان بنچینەی نەتەوایەتی یان کۆمەڵایەتی دروست دەبن.

٨- ڕۆژنامەوان ئەوانەی لە خوارەوەی هاتوون بە پێشێلکاریی گەورەی پیشەیی دادەنێ:

* دزینی نووسین
* بەهەڵە خستنەڕوو بەمەبەستی خراپ
* لێدوانی یان بڵاوکردنەوەی ناوزڕاندن و تۆمەتبارکردنی بێ بنەوا
* قەبووڵکردنی بەرتیل بەهەر شێوەیەک بێ لە بڵاوکردنەوە یان بڵاو نەکردنەوەدا

٩- ئەو ڕۆژنامەوانانەی شایانی ئەو ناوە بن بەئەرکی خۆیان دەزانن بەدڵسۆزانە ئەو بنەوایانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا بپارێزن. لە چوارچێوەی یاسای ڕۆژنامەوانیی گشتیی هەر وڵاتێکدا، ڕۆژنامەوان لە مەسەلە پیشەییەکاندا تەنیا دان بەحوکمدانی هاوکارانی خۆیدا دەنێ بەمەرجی بەدەربوونی لە هەموو جۆرە دەستتێوەردانێکی حکوومەت یان لایەنگەل.

## بنەوا نێودەوڵەتییەکانی ئەخلاقی ڕۆژنامەوانیی پرۆفێشناڵ

ئەم جاڕنامەیە لەلایەن دەستەی ڕاوێژکاریی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکانی ڕۆژنامەوانان، لە پاریس لە ساڵی ١٩٨٣ دەرکراوە.

### دیباجە

ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکانی ڕۆژنامەوانانی پرۆفێشناڵ، کە نوێنەرایەتیی نزیکەی ٤٠٠،٠٠٠ ڕۆژنامەوان لە هەموو پارچەکانی دنیادا دەکات، چەندان کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری لەوەتەی ساڵی ١٩٧٨ەوە بەستووە لەژێر چاودێریی ڕێکخراوی یونیسکۆی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

کۆبوونەوەی دووەمی ڕاوێژکاری (شاری مەکسیکۆ، ١٩٨٠) پاڵپشتیی خۆی بۆ جاڕنامەی یونسکۆ دەربڕی بۆ بنەوا بنچینەییەکان لەبارەی بەشداریی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە پتەوکردنی ئاشتی و لێک تێگەیشتنی نێودەوڵەتی هەروەها بەشدارییان لە پەرەپێدانی مافگەلی مرۆڤ و بەرەنگاربوونەوەی ڕەگەزپەرستی و ئەپەرتاید و هاندانی شەڕ. وێڕای ئەمە، کۆبوونەوەکە "جاڕنامەی مەکسیکۆ"ی پیادە کرد بە دەستەیەک بنەواوە کە زەوینەی هاوبەش لە نێوان یاسا نەتەوەیی و هەرێمییەکانی ئەخلاقی ڕۆژنامەوانیدا دەنوێنن لەگەڵ ئەو مادە یاساییە پێوەندارانەی لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییە جۆراوجۆرەکاندا هاتووە کە سروشتێکی یاساییانە هەیە.

کۆبوونوەی ڕاوێژکاریی چوارەم (پراگ و پاریس، ١٩٨٣) تێبینیی گرینگیی جاڕنامەی یونسکۆ دەکات کە تێیدا هاتووە "پیادەکردنی ئازادیی بیر و بۆچوون و ڕادەبرین و زانیاری، وەکو بەشێکی

تەواوکاری مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان، فاکتەرێکی گرینگە لە بەهێزکردنی ئازادی و لێک تێگەیشتنی نێودەوڵەتی" وێڕای ئەمە، کۆبوونەوەکە هەروەها ئەو ڕۆڵە گرینگەش کە ڕاگەیاندن و ئاڵوگۆڕ لە دنیای هاوچەرخدا، لە هەردوو ناوەندی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا، لەگەڵ گەورەبوونی بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتی لەسەر شانی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانانداا دەیگێڕن، بەرز دەنرخێنێ.

لەسەر ئەم بنەوایە، ئەو پرەنسیپانەی خوارەوە بۆ ئەخلاقی پیشەیی ڕۆژنامەوانی ئامادەکراون وەکو زەوینەیەکی نێونەتەوەییی هاوبەش وەکو سەرچاوەیەک بۆ یاساگەلی ئەخلاقی ڕۆژنامەوانیی نەتەوەیی و هەرێمی. ئەو پرەنسیپانە بۆ ئەوەیە هەر ڕێکخراوێکی پیشەیی سەربەخۆ پەرەی پێ بدا لە ڕێی ئەو هۆیەل و شێوازانەی کە بەباشترین شێوە لەگەڵ ئەندامەکانی دەگونجێ.

پرەنسیپی یەکەم: مافی خەڵک بۆ زانیاریی دروست

خەڵک و تاک مافی ئەوەیان هەیە وێنەیەکی بابەتییانەی واقیعییان هەبێ لە ڕێی ڕاگەیاندنی ورد و گشتگر، هەروەها مافی ئەوەیان هەیە بەئازادانە ڕای خۆیان دەربڕن لە ڕێی ناوەندە کولتووری و پێوەندییە جۆرەوجۆرەکانەوە.

پرەنسیپی دووەم: ڕۆژنامەوان ڕاستیی بابەتییانە دەگوازێتەوە

سەرەکیترین ئەرکی ڕۆژنامەوان ئەوەیە خزمەتی ئەو مافەی خەڵک، لە بەدەستهێنانی زانیاریی ورد و دروست، بکا، لە ڕێی خۆتەرخانکردنێگی ڕاستگۆیانە بۆ خستنەڕووی واقیعێکی بابەتییانە کە بەهۆیەوە ڕاستییەکان بە ویژدانەوە و لە دووتوێی ڕاستەقینەی خۆیاندا دەگوێزرێنەوە بە دەرخستی پێوەندییە بنچینەییەکانیان و بێ شێواندن، بەبەکارهێنانی توانای داهێنەرانەی ڕۆژنامەوان بۆ ئەوەی خەڵک کەرەستەی تەواوی لە بەردەستدا بێ تا بتوانێ بەهۆیەوە وێنەیەکی دروست و گشتگری دنیا وێنا بکا کە تێیدا سەرچاوە و بنچینە و سروشتی ڕووداوەکان و پرۆسەکان و دۆخی کاروبارەکان تا ئەوپەڕی توانا بەشێوەیەکی بابەتییانە بێنە تێگەیشتن.

پرەنسیپی سێیەم: بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیی ڕۆژنامەوان

لە ڕۆژنامەوانیدا، زانیاری وەکو کاڵایەکی کۆمەڵایەتی تەماشای دەکرێ نەک وەکو موڵکێک بەمانای ئەوەی ڕۆژنامەوان هاوبەشە لە بەرپرسیاریەتیی گواستنەوەی زانیاری و بەم پێیەش بەرپرسیارە نەک بەس لە بەرامبەر ئەوانەی کۆنترۆڵی میدیاکان دەکەن بگرە خەڵکیش، لەنێویشیاندا بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان. بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵایەتیی ڕۆژنامەوان دەخوازێ لە هەموو هەلومەرجێکدا بەپێی ویژدانی ئەخلاقیی کەسیی خۆی هەڵسوکەوت بکا.

پرەنسیپی چوارەم: دەستپاکیی پیشەییی ڕۆژنامەوان

ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی ڕۆژنامەوان وا دەخوازێ کە پێوەرە بەرزەکانی دەستپاکی ڕابگرێ، لەوانەش مافی ڕۆژنامەوان بۆ خۆبواردن لە ئیشێک کە پێچەوانەی بیر و بۆچوونی تاکەکەسیی بێ، یان ئاشکراکردنی سەرچاوەی زانیاری و مافی بەشداریکردن لە بڕیاردان لەو ناوەندەی ئەو کاری تێدا دەکات. دەستپاکیی ڕۆژنامەوانی ڕێگە نادات ڕۆژنامەوان هیچ جۆرە بەرتیلێک قبووڵ بکا بە هەر شێوەیەک بێ یان بانگەشە بۆ بەرژەوەندییەکی تایبەتی بکا کە پێچەوانەی بەرژەوەندیی گشتی بێ. بەهەمان شێوەش پاراستنی موڵکی هزری، بەتایبەتی، خۆبواردن لە دزینی نووسین لە ئەخلاقی پیشەییی ڕۆژنامەوانییە.

پرەنسیپی پێنجەم: دەستپێگەیشتنی گشتی و بەشداری

سروشتی پیشەی ڕۆژنامەوانی دەخوازێ ڕۆژنامەوان هانی دەستپێگەیشتنی خەڵک بۆ زانیاری و بەشدارییان لە میدیاکاندا بدا، لەوانەش مافی ڕاستکردنەوە یان چاککردنەوە، هەروەها مافی وەڵام وەرگرتنەوە.

پرەنسیپی شەشەم: ڕێزگرتن لە سنووری تاکەکەسی و کەرامەتی مرۆڤ

بەشێکی تەواوکەری پێوەری پرۆفێشنالی ڕۆژنامەوانان ئەوەیە ڕێز لە مافی سنووری تاکەکەسی و کەرامەتی مرۆییی تاک بگرێت، هاوتەریب لەگەڵ مادە یاساییەکان کە لە یاسا نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکاندا لەبارەی پاراستنی ماف و ناوبانگی ئەوانی تردا هاتووە، کە هەموویان لێدوانی ناوزڕێنەر یان بڵاوکردنەوەی بابەتی ناوزڕێنەر قەدەغە دەکەن.

پرەنسیپی حەوتەم: ڕێزگرتن لە بەرژەوەندیی گشتی

پێوەری پرۆفێشنالێتیی ڕۆژنامەوان دەخوازێ ڕۆژنامەوان ڕێزی کۆمەڵگەی خۆی بگرێت بە داوودەزگا دیموکراسییەکان و ئادابی گشتییەوە.

پرەنسیپی هەشتەم: ڕێزگرتن لە بەها گەردوونییەکان و هەمەڕەنگیی کولتوورەکان

ڕۆژنامەوانی ڕاستەقینە داکۆکی لە بەها گەردوونییەکانی مرۆڤایەتی، لە سەرووی هەموویشیانەوە ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، پێشوەچوونی کۆمەڵایەتی و ئازادیی نەتەوەیی، دەگرێت، لە هەمان کاتیشدا ڕێز لە تایبەتمەندیی جیاکەرەوە و بەها و کەرامەتی هەر کولتوورێک دەگرێت وێڕای مافی هەر نەتەوەیەک لە هەڵبژاردن و پەرەپێدانی ئازادنە بۆ سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری خۆی. بەم شێوەیە، ڕۆژنامەوان چالاکانە بەشدارە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەرەو باشتربوونی دیموکراسی لە کۆمەڵگەدا و لە ڕێی دیالۆگەوە بەشداری دەکات لە کەشێکی متمانەبوون بە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە یارمەتیدەرن لە ئاشتی و دادوەری لە هەموو شوێنێکدا، لە هێورکردنەوەی بارگرژی، چەکداماڵین و گەشەسەندنی نەتەوەیی. لە ئەخلاقی

هەرێمی پێشبڕ

پیشەی ڕۆژنامەوانیدایە کە ڕۆژنامەوان لە مادە یاساییە پێوەندداره‌کان کە لە کۆنگرە و جاڕنامە و بڕیارە نێودەوڵەتییەکاندا هاتووە، ئاگەدار بێ.

پرەنسیپی نۆیەم: بەرەنگاربوونەوەی شەڕ و خراپییەکانی تر کە ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبنەوە.

پابەندبوونی ئەخلاقی بە بەهاکانی مرۆڤایەتی دەخوازێت ڕۆژنامەوان خۆی دوور بگرێت لە هەر پاساوهێنانەوەیەک بۆ، یان هاندان بۆ، شەڕی دوژمنکارانە و پێشبڕکێی چەک، بەتایبەتی چەکی ناوکەیی، و هەموو شێوەکانی توندوتیژی، ڕق، یان جوداکاری بەتایبەتی ڕەگەزپەرستی و ئەپەرتاید، ستەمی ڕێژیمگەلی چەوسێنەر و ئیستیعمار و ئیستیعماری نوێ، هەروەها خراپەکانی تریش کە مرۆڤایەتی دووچاری هەژاری و بەدخۆراکی و دەرد و بەڵا دەکەن.

بەرەفتارکردن بەم شێوەیە، ڕۆژنامەوان دەتوانێ یارمەتیدەر بێ لە نەهێشتنی نەزانی و لێک تێنەگەیشتن لە نێوان نەتەوەکان، هەروەها وا بکا هاووڵاتییانی وڵاتێک هەست بە پێویستی و ئارەزووەکانی ئەوانی تریش بکەن، ڕێزی مافگەل و کەرامەتی هەموو نەتەوەیەک، هەروەها ڕێز بۆ هەموو گەلێک و هەموو تاکێک مسۆگەر بکا بێ جیاوازیی نەژادی، ڕەگەزی، زمانەوانی، نەتەاویەتی، ئاینی و باوەڕی فەلسەفی.

پرەنسیپی دەیەم: پەرەپێدانی سیستەمێکی تری زانیاری و پێوەندی لە دنیا

ڕۆژنامەوان لە دنیای هاوچەرخدا لە چوارچێوەی هەنگاونان بەرەو پێوەندیی نێودەوڵەتیی نوێ بەگشتی و سیستەمێکی گەیاندنی نوێ بەتایبەتی، کار دەکات. سیستەمە نوێیەکە، کە وەکو بەشێکی تەواوکەری "سیستەمی نوێی ئابووریی نێودەوڵەتی" دێتە تێگەیشتن، ئامانجی ئەوەیە زانیاری و گەیاندن بە دیموکراسی بکا و کۆتایی بە ئیستیعمار بێنێ لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی، لەسەر بنەمای پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە نێوان گەلان بەوپەڕی ڕێزگرتنەوە لە ناسنامەی کولتوورییان. ڕۆژنامەوان ئەرکێکی تایبەتی هەیە لە بەرامبەر پرۆسەی بەدیموکراسیکردنی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە بواری زانیاری، بەتایبەتیش بە پاراستن و پەرەپێدانی پێوەندیی ئاشتییانە و دۆستانە لە نێوان دەوڵەتگەل و گەلان.

ڕێکخراوە بەشدارەکان لە نووسینەوەی ئەو جاڕنامەیە ئەمانەی خوارەوەن: ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەوانان (IJO)، فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەوانان ((IFJ) یەکەتیی کاتۆلیکی نێودەوڵەتیی چاپەمەنی (UCIP)، فیدراسیۆنی ڕۆژنامەوانانی ئەمەریکای لاتین (FELAP)، فیدراسیۆنی ڕاگەیاندنکارانی ئەمەریکای لاتین (FELATRAP)، فیدراسیۆنی ڕۆژنامەوانانی عەرەب (FAJ)، یەکەتیی ڕۆژنامەوانانی ئەفەریقایی (UAJ)، کۆنفیدراسیۆنی ڕۆژنامەوانانی باشووری ڕۆهەڵاتی ئاسیا (CAJ). فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەوانان لە دانیشتنی کۆتایی ئەو پرۆسەیە ئامادە نەبوو کە لە ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٨٣ لە پاریس بەڕێوەچوو کە تێیدا ئەو جاڕنامەیە دەرکرا.

# پاش کۆتاییی مێژوو

فرانسیس فۆکۆیاما(١)

لەو حەڤدە ساڵەی ڕابردوو، لەو کاتەوەی یەکەمین جار وتارەکەم "کۆتاییی مێژوو" بڵاو بووەوە گریمانەکەم لەهەر گۆشەنیگایەکەوە شیا بێ ڕەخنەی لێ گیرا. بڵاوبوونەوەی بۆ جاری دووەم لە کتێبی" کۆتاییی مێژوو و دوا مرۆڤ" ئەو بوارەم بۆ دەڕەخسێنێ کە دووبارە جەخت لەسەر ئەرگیومێنتە بنەڕەتییەکانی بکەمەوە، بۆ وەڵامدانەوەی ئەوەی زیاتر چ ناڕەزایەتییەکی جیدی بەرەو ڕووی بووەوە، چاوخشاندن بەهەندێ پەرەسەندن لە دنیای سیاسەتدا کە لە هاوینی ساڵی ١٩٨٩دا هاتنە ڕوودان.

ڕێگەم بدەن با لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەم کۆتاییی مێژوو چی بوو؟ بێگومان دەستەواژەکە هی من نییە بگرە لە هیگڵەوە وەرگیراوە و زۆر بەربڵاوتریش لای کارڵ مارکس بەکار هاتووە. هیگڵ یەکەمین فەیلەسووفی مێژووناسە کە مێژووی مرۆڤایەتی وەک پرۆسەیەکی گەشەکردنی پێکەوە لکاو تێ گەیشتووە. هیگڵ ئەم گەشەکردنەی بینی بەو پێیەی گەشەکردنێکە لە عەقڵی مرۆڤەوە دەدۆزرێتەوە کە دوا جار دەبێتە هۆی فراوانبوونەوەی چوارچێوەی ئازادی لە دنیا. مارکس بیردۆزێکی زیاتر ئابوورییانەی خاکی هەبوو. بینی کە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و گۆڕانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و گەشەکردن لە مرۆڤی سەرەتاییەوە بۆ ڕاوچی و بۆ کشتوکاڵکردن و ئینجا بۆ پیشەسازیی. بەو شێوەیە کۆتاییی مێژوو و هەروەها بیردۆزی بەمۆدێرنەکردن ئەو بابەتەی ورووژاند کە کرداری بەمۆدێرنەکردن دوا جار لەکوێدا ڕوو دەدا.

گەلی لە ڕۆشنبیرانی پێشکەوتووخواز لە ماوەی نێوان بڵاوکردنەوەی "مانیڤێستی کۆمۆنیست"ی کارل مارکس و فریدریک ئەنگلز لە ساڵی ١٨٤٨ و کۆتاییی سەدەی بیستەم لەو بڕوایەدا بوون کە

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

کـۆتاییی مـێـژوو نیـیـە و پرۆسـەی مـێـژوویش لە کـۆمـۆنیـزمی خـەیاڵی کـۆتایی دێت. ئەمـە جەختکردنەوەی من نییە بگرە هی کارڵ مارکسە. ئەو ڕێ بەدییەی کە من لە ساڵی ١٩٨٩وە دەستم پێ کرد وا پێ دەچوو شتی لەو بابەتە ڕوو نەدات تا ئەو جێگەیەی کە پرۆسەی مێژوویی مرۆڤ لە هەر شـوێنێک ڕابەری دەکـرد مـەیلی بـەلای کـۆمـۆنیـزمـدا نەبوو، بگرە بەرەو لای ئەوەوە بـوو کـە مارکسییەکان پێیان دەگوت دیموکراسی بورژوازی.

ئێـسـتـاشـی لەگـەڵدابێ باڵاترین شـێـوە لە شـێـوەکـانی کۆمـەڵگە لـە هـەردوو بنەمـای ئازادی و یەکسانی واوەتر نەچوو. ئەلەکسەندەر کۆژیڤ کەهیگڵییەکی مەزنی ڕووسی فرەنسایییە گۆبەندانە قـامکی نایە سـەری کـاتێ گوتی مـێـژوو لە سـاڵی ١٨٠٦ کـۆتاییی هات، ئەو سـاڵەی کـە ناپلیـۆن سیستەمی پاشایەتی بروسی لە شەڕی ژینا-ئۆرستاد بەزاند. بەم شێوەیە ئامانجەکانی شۆڕشی فرەنسایان دەهێنایە گۆشـەی هیگڵی ئەڵمانیا. هەمـوو ئەوانەی دواتر ڕوویان دا تەنیا پڕکردنەوە بوون بەو جۆرە تێڕوانینانەی کە لە سەرتاسەری دنیا گشتیگر کرانەوە.(٢)

## پرسیارەکە

لەلایەن گەلێ چاودێرەوە بەراورد کراوم بەمامۆستای پێشووم سامـۆیڵ هـەنتگتۆن کە تێڕوانینێکی تەواو جیاوازی خستە ڕوو لە گەشەکردنی دنیا لە کتێبەکەیدا "پێکدادانی شارستانەکان و دووبارە دروستکردنەوەی سیستەمی دنیای" لەگەڵ ڕێزی بێ ئەملاوئەولام لەو بڕوایە دام دەشێ زیادەڕۆیی بکرێ لەو ئاسـتـەی کە ئێمـە لێکدانەوەی جیاوازمـان هەیە بۆ دنیا. بۆ نموونە من هاوڕام لـەگەڵیدا لەو تێڕوانینەی کە کولتوور توخمێکی هەرگیز لەناو نەچووی کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکانە. وەناکرێ سیاسەت و گەشەکردن تێ بگەی بەبێ ئاماژەکردن بە بەهای کولتووری.

بەڵام لێرەدا مەسـەلەیەکی بنەڕەتی هەیە کە لێکمـان جـودا دەکاتەوە ئەویش ئەو پـرسـیارەیە ئایا بەها و داوودەزگاکان کە شـان بەشان گەشەی ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا گەشەیان کردووە دەشێ دنیایی بن (وەک مـارکس و هیگڵ لەو بڕوایە دان) یان ئاسـۆی کلتووری سنووریان بۆ دادەنێ (وەک لەگەڵ بۆچوونی فـەیلەسـووفەکانی دواتردا کۆکە چەشنی فریدریک نیـتـشە و مـارتین هایدگەر). سامـۆیڵ هـەنـتگتـۆن بـەئاشکرا ئـەوە دەبینـێ کـە دیایی نـین. مـشـتـومـڕی ئەوە دەکـات کـە ئـەم جـۆرە لە داوودەزگای سیاسی کە ئێمە لە خـۆرئاوا پێی ئاشنایین بەرئەنجامی جۆرێکی تایبـەتە لە کولتووری خـۆرئـاوای مـەسـیـحـی و ئەورووپایی و هـەرگـیـزیش لـە پشت سنوورەکـانی ئەو کـولـتـوورەوە ڕەگ داناکوتێ.

بۆیە پـرسـیـاری بـنـەڕەتی بۆ وەڵامـدانەوەی ئەوەی ئایا بەهاو داوودەزگـاکـانی خـۆرئاوا بـایەخی دنیایان هەیە یان ئایا نوێنەرایەتیی سەرکەوتنی کاتی هەژمونی کولتوورییە لە ئێستادا؟

هـەنتگتـۆن تەواو دروسـتـە کاتێ دەڵی بنەچەی مێژوویی دیموکراتی لیبـراڵی سکۆلاری مـۆدێرن

لەناو ئاینی مەسیحییەوە ڕاکشاوە کە ئەمە تێڕوانینێکی بنەڕەتی نییە. هیگڵ ، ئەلێکسز دو تۆکڤیڵ، نیتشە لەنێو ژمارەیەک لە بیریاراندا پێیان وایە دیموکراسی مۆدێرن وێنەی سکۆلاری بیروباوەڕی مەسیحییەتە لە ڕێزی دنیای ئینسان. ئێستا ئەمە ئەو حاڵیبوونە نائاینییەی مافی مرۆڤە. بەبڕوای من هیچ گومانی تێدا نییە کە ئەمە لە دیدگەی مێژووییەوە مەسەلەیەکە.

بەڵام هەرچەندە دیموکراسی لیبراڵی مۆدێرن ڕەگی لە خاکی ئەم کولتوورە دیاریکراوە دایەکەچی مەسەلەکە ئەوەیە ئەم بیروباوەڕانە زۆر لەو بنەما بە تایبەتکردنانە دوور کەوتوونەتەوە، بەنیسبەت ئەو کەسانەی لە دەرەوەی کولتوورە نامەسیحییەکان دەژێن، بایەخدارە. میسۆدی زانستی کە شارستانییە تەکنەلۆجیا نوێیەکەمان جەختی لەسەر دەکاتەوە پێ دەچێ لەبەر چەند هۆکارێکی مێژوویی لە ساتگەلی مێژووی بەراییی ئەوروپای مۆدێرن دەرکەوتبێ لەسەر بناخەی تێڕوانینەکانی فرانسیس بیکۆن و ڕێنیە دیکار، بەڵام جارێکی تر میسۆدی زانستی داهێنرایەوە و بووەوە موڵکی هەموو مرۆڤایەتی و ئەتوانرێ بەکاری بهێنی جا خەڵکی ئاسیا بیت یان ئەوروپا یان هیندستان.

لەبەرئەوە پرسیارە کە ئەوەیە ئایا بناخەکانی ئازادی و یەکسانی ئەوەی ئێمە وەک دەزگایەکی دیموکراسی لیبراڵی دەیبینین هەمان بایەخی دنیای هەیە؟ لەو بڕوایە دام ئەمە مەسەلەکەیە و من وای دەبینم کە لۆجیکێکی گشتی هەیەبۆ گەشەی مێژوویی بۆ شیکارکردنی ئەوەی کە بۆچی دەبێ گەشەی دیموکراسی لە سەرتاپای دنیا و کۆمەڵگەکانمان ڕوو لە زیادبوون بێ. ئەمە تەنیا شێوەیەکی وشک و وەستاوی حەتمییەتی مێژوو نییە وەکو مارکسیزم. بگرە کۆمەڵە هێزێکی شاراوەیە کە پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێ بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ئەو ڕێگەیەی کە پێمان دەڵێ لە کۆتاییی ئەو پرۆسەی گەشەکردنە دیموکراسییەکی فراوانتر هەیە وەک لە سەرەتای پرۆسەکە.

## ململانێ

سەرچاوەی "مێژوو" بەمانا مارکسی – هیگڵییەکە لە دوا شیکردنەوەدا دەکەوێتە بواری زانست و تەکنەلۆجیاوە. زانست خۆی کەڵەکە بوونەو ئێمەش ڕۆڵی داهێنانە زانستییەکان لە یاد ناکەین. ئەمە ئابووریی دنیا دەخولقێنێ. ئاسۆی تەکنەلۆجیا لە بوارەکانی بەرهەمهێنانی ئابووری زامنی ئەوەیە کە تەمەنی ئامێری هەڵم جیاوازە لە تەمەنی هەوجاڕ، سەردەمی ترانزستۆر و کۆمپیوتەر خۆی ڕۆیشتنە بەرەو جیاوازبوون لە تەمەنی خەڵووز و پۆڵا. گەشەپێدانی زانستی بواری بێ ئەندازەی بەرهەمهێنان زیاد ئەکات کە پاڵ بەسەرمایەداری نوێوە دەنێ و تەکنەلۆجیا و بیروباوەڕەکان لە بازاڕی نوێی ئابووری ڕزگار دەکات.

گەشەپێدانی ئابووری چاکبوونی بژێوی ژیان بەرهەم دەهێنێ کە جێگەی پەسەندی هەموو دنیایە. بەڵگەی ئەمەش بەڕای من هۆکاری دەنگدانی گەلە بەپێی خۆیان دەچنە پای دەنگدان.

هەموو ساڵێ ملیۆنان کەس لە کۆمەڵگە هەژارە دوواکەوتووەکانەوە لە هەوڵی کۆچکردندان بەرەو ئەورووپای ڕۆئاوا و ئەمەریکا و یابان یان وڵاتە پێشکەوتووەکانی تر، چونکە ئەگەری بەختەوەریی مرۆڤ لە وڵاتە پێشکەوتووەکان زیاترە وەک لە وڵاتە هەژارەکان. سەرباری بوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەونبینەری ڕۆسۆیی لەو بڕوایەدان کە زۆر بەختەوەرتر دەبن ڕاوچی کۆمەڵگەی کشتوکاڵی بن وەک لە لۆس ئەنجلۆسی هاوچەرخدا بژین. تەنیا ژمارەیەکی کەم لە خەڵک هەیە کە بڕیار دەدەن بەکردار بەو کارە هەڵبسن.

حەزی ژیان لە دیموکراسی لیبراڵی لە سەرەتادا بەشێوەیەکی فراوان نییە وەک حەزکردن لە پێشکەوتن. لە ڕاستیدا لێرەدا ژمارەیەک سیستەمی سەرکوتکەر هەن وەک چین و سەنگافوری ئەمرۆ، یان شیلی ژێر دەسەڵاتی بینوشیە کە توانی گەشە بکا و سەرکەوتنی گەورە تۆمار بکات. لەگەڵ ئەمەشدا لێرە پێوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان گەشەپێدانی ئابووریی سەرکەوتوو و گەشەی داوودەزگا دیموکراتییەکان کە لە بنەڕەتدا لەلایەن کۆمەڵناسی گەورە سیمۆر مارتین لیبسێتەوە سەرنجی دراوەتێ. لێرەدا ژمارەیەک هۆکار هەن کە بۆچی ئەم پێوەندییە بەهێزە. ئەگەر وڵاتێک لە ڕابردوودا داهاتی هەر هاووڵاتییەکی ٦٠٠٠ دۆلار بووبێ، ئیتر ئەو وڵاتە کشتوکاڵی نییە، بگرە چینێکی ناوەڕاستی هەیە کە خاوەنی زەویوزار و کۆمەڵگەی ئاڵۆزی مەدەنی و ئاستێکی بەرزی نوخبە و فێربوونی سەراپاگیرە. هەموو ئەم هۆیانە بەرەو ئارەزووی بەهێزکردنی ویستی بەشداریکردنی دیموکراتی و بەم شێوەیە لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەیبزوێنێ و خوازیاری داوودەزگای سیاسی و دیموکراتین.

دوا لایەنی بایەخی پرۆسەی مۆدێرنەکردن پێوەندی بەبواری کولتوورییەوە هەیە. هەموو کەسێک گەشەپێدانی ئابووری دەوێ و گەشەپێدانی ئابووریش بەرەو بەهێزکردنی داوودەزگا سیاسی و دیموکراتییەکانە. بەڵام لە کۆتاییی پرۆسەی بەمۆدێرنەکردنەکە کەس هاوشێوەی کولتووری ناوێ، لە ڕاستیدا، کێشەکانی ئایدێندیتی کولتووری لەگەڵ تۆڵەسەندنەوە دەگەڕێتەوە. هەنتگتۆن ڕاستی دەکرد وەختێ دەیگوت "ئێمە هەرگیز لە دنیایەکدا ناژین کە کولتووری یەکگرتوومان هەبێ، ئەو کولتوورە جیهانییەی کە پێی دەڵێن "پیاوی داڤۆس". لە ڕاستیدا نامانەوێ لە دنیایەکدا بژین کە هەمان بەهای کولتووریی جیهانیمان هەیە کە پشت بەجیهانگیری ئەمەریکانیزم ببەستێ. ئێمە بۆ ترادیسیۆنێکی تایبەتیی مێژوویی هاوبەش و بەها ئاینییەکان و جۆرەکانی تری لایەنەکانی یادەوەری هاوبەش کە ژیانی هاوبەشمان پێک دێنێ، دەژین.(٣)

ژیان لە کۆمەڵگە دیموکراسییە لیبراڵە هاوچەرخەکان بە ئەمەریکاشەوە یەکێکە کە کولتووری یان ئایدێندیتی بەکۆمەڵ بەردەوام بەجەختکردن و دووبارە جەختکردنەوەوە و هەندێ جاریش داهێنانی کردووە بۆ ئەوەی لە بەرگی خۆی بێتە دەرەوە. ئەمە ئەو شوێنەیە کە بیریارانی بنەڕەتی لیبراڵیزمی مۆدێرن ڕێنوێنی بەسوودمان ناخەنە بەردەست. تۆماس هۆبیس، جۆن لۆک، بارۆن دی مۆنتسکیو و جان جاک ڕۆسۆ وێنای گرفتی فرە مەڵبەندی لیبراڵیان کردووە وەکو یەکێک لەوانەی

مەشقی هەڵبژاردنی ئۆتۆنۆمی ڕووبەڕووی دەوڵەت بکا. بەڵام لە کۆمەڵگە لیبراڵە مۆدێرنەکان، تاکەکان خۆیان لە کۆمەڵە کولتوورییەکان ڕێکخراو دەکەن کە پێ لەسەر مافی بەکۆمەڵ دادەگرن لە بەرامبەر دەوڵەت و سنووری هەڵبژاردنی تاک لەنێو ئەو کۆمەڵانە.

دەکرێ تا ئاستێک ئەم شێوازە بەنەرمی وەربگیرێ هەر وەک فەرمانی فرەنسییە کەنەدییەکان لە هەرێمی کوبێک کە دەخوازن قوتابییان بەزمانی فرەنسی بخوێنن، یان شێوازێکی مەترسیدارتر لەوەش کاتێ مەلا ئیسلامییەکان لە ئەوروپا دەڵێن دەبێ شەریعە باڵادەست بێ بەسەر یاسای فرەنسی و هۆڵەندی. هەڵبژاردنیش بەنیسبەت دەوڵەتەوە ئەوەیە کە ئایا دەتوانێ ئەم فرە لیبراڵییە ڕاڤە بکا کە بەرپرسە لە پاراستنی تاکەکان و کۆمەڵەکان. ئەگەر ئەمەی دواییان بێ چ جۆرە کۆتو بەندێکی سەپێنراوە بەسەر مافی تاکەکان لەلایەن ئەو کۆمەڵانەی کە ئامادەی لێبووردنن.

پشکنینی هەمەلایەنە بۆ ئەم کێشەیە لە توانای ئەم وتارەدا نییە. ژمارەیەکی کەم لە کۆمەڵگە لیبڕاڵەکان دەستەوەستانن لە بەرگریکردن لە مافی تاک لە بەرامبەر گرووپدا؛ فرە کولتووری، دوو زمان زانین، شێوازی تری دانپیانانی بەکۆمەڵ بۆ بوون بەبەشێک لە سیاسەتی گشتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و دیموکراسییە خۆرئاواکانی تر. لەلایەکی ترەوە، کۆمەڵگە زۆر لیبراڵەکان لەم دانپیانانی گرووپە تێ دەگەن کە دەکرێ بنەمای بنچینەیی لیبراڵیزم لە لێبووردن و مافی تاک هەڵوەشێنێتەوە. هەر وەک چارلس تایلەر شی دەکاتەوە دەشێ لیبراڵیزم لە هەمبەر کولتوورە جیاوازەکان وەکو یەک نەبێ بەو پێیەی لە خودی خۆیدا بەهای کولتوورێکی دیاریکراو ڕەنگ دەداتەوە و پێویستە ئەلتەرناتیڤی کولتووری گرووپەکان ڕەت بکاتەوە کە لە ناخی خودی خۆیاندا نالیبراڵ نین.

ئێستا کاتی ئەو بیروباوەڕە بنچینەییە هاتووە کە یەکێکە لە بیروباوەڕە سیاسییە سکۆلارەکان کە تا بەهۆی چەند هۆکارێکی کردەیی ببێتە بەشێک لە پرۆسەی نوێبوونەوە. لە مێژووی مەسیحییەتدا، کلێسا و دەوڵەت وەک دوو قەوارەی جیا لەیەک دەستیان پێ کرد. کە ئەمە لەسەر ئاینی ئیسلامدا پەیڕەو نەبوو. بەڵام ئەم جیابوونەوەیە لەیەک نەپێویست بووە و نە بەئاکام گەیشتووە. لە کۆتاییی سەدەکانی ناوەڕاست هەر شازادەیەکی ئەوروپایی ئاینی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەکار هێناوە، ململانێ خێڵەکییەکان لە سەروبەندی چاکسازیدا بووە هۆی بەرپاکردنی زیاتر لە سەدەیەک لە شەڕی خوێناوی.

سیاسەتمەدارانی سکۆلاری نوێ ڕاستەوخۆ فرچکیان بەکولتووری مەسیحی نەگرتووە، بگرە شتێک کە دەبووایە لەمیانەی ئەزموونێکی مێژوویی تاڵەوە فێری بن. لەنێو دەستکەوتە لیبراڵیزمە مۆدێرنەکانی بەرایی سەرکەوتنی قەناعەت پێکردنی خەڵک بوو بەپێویستی دوورخستنەوەیان لە دیبەیتی ئەو ئامانجە کۆتاییەی ئاین لە دنیای سیاسەتدا. ئەمە ئەو خەباتەیە کە خۆرئاوا پێیدا تێ پەڕیوە پێشم وایە ئێستا ئەمە ئەو ململانێیەیە لە دنیای ئیسلامی کە پێیدا تێ دەپەڕێ.

## ناكۆكی

"كۆتایی مێژوو" لەو ڕۆژەوەی بڵاو كراوەتەوە وەک لە سەرەتای ئەم وتارە ئاماژەی پێ درا لە گەلێ گۆشەنیگای جیاوازەوە هێرشی كراوەتە سەر. زۆربەی ئەو ڕەخنانەش پشتیان بەهەندێ ناكۆكی سادە بەستووە كە من ئارگیومێنتم لەسەر كردوون. بۆ نموونە لەو بەشەی ئەوانەی بڕوایان وا بوو كە من وام زانیوە ڕووداوەكان بەئاسانی پێشیان پێ دەگیرێ. من لێرەدا نامەوێ وەڵامی ئەو ڕەخنانە بدەمەوە بەتایبەتی بەشی زۆری ئەو ڕەخنانە نەدەگیران ئەگەر ڕەخنەگرەكە بەئاسانی كتێبەكەمی بخوێندایەتەوە. یەک لەو بەدحاڵییانەی دەمەوێ ڕوونی بكەمەوە كە پێوەندیی بەبەدحاڵییەكی بەربڵاوەوە هەیە ئەوەیە كە بە هەر ڕێگەیەک بووبێ دیبەیتم كردووە بەدیاریكراوی بۆ ئەو وێنە ئەمەریكاییەی كۆتایی مێژوو كە نووسەرێک بە"سەركەوتنی شۆڤینیزم"ی ناوزەد دەكات. زۆرێک وا لەكۆتایی مێژوو تێ دەگەن كە كورتەی باڵادەستی ئەمەریكایە بەسەر دنیادا. نەک تەنیا لە بواری فیكر و بەهادا، بگرە لەمیانی ڕاهێنانی بەكردەوەیی دەسەڵاتی ئەمەریكایە لەپێناو دنیایەک بەپێی بەرژەوەندییەكانی خەڵكی ئەمەریكا.

هیچ شتێک ناكەوێتە ئەودیوی هەقیقەتەوە. هەر كەسێ بە" كۆژێڤ" و دیدگا و بنەما فیكرییەكانی لەسەر كۆتایی مێژوو ئاشنا بێت، تێ دەگات لەوەی كە یەكەتی ئەوروپا بەرجەستەكردنەوەی بیری گیان بەبەرداكردنەوەی ڕاستەقینەیە لە دنیا، زیاتر لە ئەمەریكای هاوچەرخ. شان بەشانی كۆژێڤ مشتومڕی ئەوەم دەكرد كە پرۆژەی ئەوروپایی لە واقیعدا ماڵێكە لەسەر ماڵی دوایین مرۆڤ بنیات نراوە كە لە كۆتایی مێژووەوە دەچێتە دەرەوە. خەونی ئەوروپایی زیاتر لە ئەڵمانیا هەستی پێ دەكرێ– سنووربەزاندنی دەسەڵاتی نیشتمانی و سیاسەتی هێز و جۆرەكانی ململانێیە وا دەكات هێزی سەربازیی پێویست بێت (لەبارەی ئەم بابەتە دواتر دەدوێین) هێزی ئەمەریكایی بەپێچەوانەی ئەمەوە تێگەیشتنێكی تەقلیدییان هەیە لە بری دەسەڵات چەپڵە بۆ هێزە سەربازییەكانیان لێ دەدەن وەكو مانۆرە نیشتمانییەكانی چواری تەمموز.[٤]

لیبرڵیزمی دیموكراسی مۆدێرن لەسەر هەردوو بنەمای ئازادی و یەكسانی دامەزراوە. ئەم دووانە لە ناكۆكی بەردەوامدان. یەكسانی ناتوانرێ زیاد بكرێ بێ بەشداری دەوڵەتێكی بەهێز كە ئازادی تاكەكان سنووردار نەكات و ناشتوانرێ سنووری ئازادی بۆ كاتێكی نادیاردا بەرفراوان بكرێ بەبێ هاندەرێكی كوشندە لە نایەكسانی كۆمەڵایەتی. هەر لیبراڵ دیموكراسێک پێویستە لەسەری ئاڵوێری نێوان هەردوو دەوڵەتی هاوچەرخی ئەوروپایی كە ئارەزوومەندی یەكسانین لەسەر حیسابی ئازادی و ئەمەریكاییەكانیش كە بەپێچەوانەوە لەبەر چەند هۆیەک كە ڕەگیان لەناو مێژووی تاک دایە، بكا. ئەمانە پلەیەک لەو جیاوازییانەن كە بنەڕەتی نین لە كاتێكدا وێنەی ئەمەریكایی لە هەندێ لایەنەوە بەباشتر دەزانم لە شێوە ئەوروپاییەكەی. ئەمە زیاتر مەسەلەی چاودێریی واقیعی و چێژە وەک لەوەی مەسەلەی بیروباوەڕ بێ.

## چوار بەرەنگاربوونەوە

بەرەنگاربوونەوەکان زۆرن بۆ سیناریۆی گەشبینی تیۆری پەرەسەندن کە لە کۆتایی مێژوودا هاتووە، دروست لێی حاڵیبوونە، لێرەدا چواریان جیدیترینیانن. یەکەمیان پێوەندیی بەئیسلامەوە هەیە بەوەی کە ڕێگرە لە بەردەم گەیشتن بەدیموکراسی و دووەمیان پێوەندی هەیە بەگرفتی دیموکراسی لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی، سێیەمیان بایەخ بەئۆتۆنۆمی سیاسی دەدا و چوارەمیشیان پێوەندی هەیە بەڕێگە نەگرتن لە بەرئەنجامەکانی تەکنەلۆجیا. من ئەمانە یەک لە دوای یەک باسیان لێوە دەکەم.

## ئیسلام

دوای هێرشەکانی یازدەی ئەیلوولی ٢٠٠١ بەتایبەتی خەڵکانێک مشتومڕی ئەوەیان بوو کە ناکۆکییەکی بنەڕەتی هەیە لە نێوان ئیسلام وەکو ئاین و بواری پەرەسەندنی دیموکراسیی نوێ. گومانی تێدا نییە ئەگەر بڕوانیتە سەرتاپای دنیا جیاوازی بەرفراوانی موسڵمانەکان دەبینی بۆ شێوازی گشتی ئەو گەشەکردنە دیموکراسییەی کە لە ئەمەریکای لاتین و ئەورووپا و ئاسیا و تەنانەت لە باشووری بیابانی ئەفریقیادایە، هەر بۆیە خەڵک مشتومڕی ئەوەیان بوو کە لەوانەیە شتگەلێک هەبن لە بیروباوەڕی ئیسلامی وەکو یەکەتی ئاین و دەوڵەت وەک ئاستەنگێکی کولتووری کە بەبڵاوکردنەوەی دیموکراسی ناتوانرێ زاڵ بێت بەسەریاندا.

ئەم کێشەیە لە خودی ئیسلامەوە هەڵدەقوڵێ وەک ئاین من وای دەبینم کە قابیلی قبووڵ نییە. هەموو سیستەمە ئاینییە دنیاییەکان بێ ئەندازە ئاڵۆزن. ئاینی مەسیحی یەکێکە لەوانە (کە لەمێژ نییە) بۆ پاکانەی کۆیلەتی و پلە و پایە بەکار دەهێنرا، کەچی ئێستاش دەبینین پشتیوانی دیموکراسی مۆدێرن دەکات. بیروباوەڕە ئاینییەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ملکەچی لێکدانەوە سیاسییەکانن. ئەمە بۆ ئیسلام ڕاستترە وەک لە ئاینی مەسیحی.

لێرەدا جیاوازییەکی گەورە بەدی دەکرێ لە پیادەکردنی سیاسەتی ئەو وڵاتانەی کە کولتووری ئیسلامی زاڵە بەسەریاندا. هەروەها ژمارەیەک دیموکراسیش هەیە کە سەرکەوتنێکی ڕەزامەندییان بەدەست هێناوە کە ئەندەنوسیا یەکێکە لەوانە کە لە پاش تەنگژەکەی ساڵی ١٩٩٧ توانی لە سیستەمی سەرکوتگەرانەوە گواستنەوەیەکی سەرکەوتوو ئەنجام بدا، لە تورکیاش دوو حزبی دیموکراتی لە شەڕی جیهانی دوومەوە دەسەڵات لە نێوانیاندا لە هاتوچۆدایە، مالی و سەنگاڵ و وڵاتانی تری وەکو هیند ژمارەیەک کەمایەتی ئیسلامییان تێدایە. بێجگە لەمانەش مالیزیا و ئەندەنوسیا گەشەیەکی ئابووری گەورەیان بەخۆوە دیوە بەشێوەیەک ئەو ئاستەنگەی کە ئیسلام ڕێگرە لە گەشەکردن، بێ بایەخ دەکات.

ئەلفرێد ستیپان پەنجە دەخاتە سەر جیاوازی ڕاستەقینە بۆ گەشەی بەرفراوان لەمیانی بەدیموکراتیزەکردن کە سامۆیل هەنتگتۆن بە"شەپۆلی سێیەم"ی ناوزەد دەکات لەنێو ئاڵوگۆڕە دیموکراسییەکانی دەیەی حەفتاکان تا نەوەدەکان کە لە ڕاستیدا ئەوە جیاوازی موسڵمانەکان نییە بەڵام زیاتر جیاوازییەکی عەرەبییە کە پێ دەچێ شتێک لە کولتووری سیاسیی عەرەبی هەبێ کە بەرگری زیاتر بنوێنێ. ئەوە دەکرێ جێگەی دیبەیت بێت، بەڵام دەشێ بەربەستێکی کولتووری هەبێت کە هیچ پێوەندییەکی بەئاینەوە نەبێ وەکو زیندوویی خێڵایەتی. ئەو بەرەنگارییە هاوچەرخانەی کە دنیا لە شێوەی ئیسلامیی ڕادیکاڵ و جیهاد بەرەو ڕووی دەبێتەوە زیاتر سیاسییە وەک لەوەی ئاینی یان کولتووری یان شارستانی بێ.

وەک ئۆلیڤەر ڕۆی و ڕۆیا و لادان برۆوماند دەڵێن ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی باشترین ڕیگەیە بۆ تێگەیشتنی ئایدیۆلۆجی سیاسی. نووسینەکانی سەید قوتب، دامەزرێنەری ئیخوان موسلمین لە میسر یان ئوسامە بن لادن و ئایدۆلۆجییەکەی لەناو ڕێکخراوی قاعیدە بەسوود وەرگرتن لە بیرۆکەی سیاسی لەبارەی شۆڕش و دەوڵەت و ئیستاتیکای توندوتیژی کە لە هیچ داوونەریتێکی ئیسلامی ڕاستەقینەوە هەڵناقوڵێن، بگرە لە ئایدیۆلۆجیی ڕادیکاڵەوە سەرچاوە دەگرن جا چ ڕاست بن یان چەپ. هەروەک فاشیزم و کۆمۆنیزمی سەدەی بیستەم.

ئەم ڕێبازانە کە ئێجگار مەترسیدارن،هیچ ڕێوشوێنێکی بنەڕەتی ئیسلامی تێیاندا ڕەنگ ناداتەوە. بەڵام سوود لە ئیسلام وەردەگرن بۆ ئامانجی سیاسی کە لە نێوان زۆرێک لە وڵاتە عەرەبییەکان و ئیسلامەکانی ئەوروپا برەوی سەندووە بەهۆی ئەو نامۆیییە قووڵەی لەو کۆمەڵگەیانەدا بوونی هەیە. ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی پێداگری پیادەکردنی هەندێ ترادیسۆنی کولتووری ئیسلامی نییە، بەڵام پێویستە لە چوارچێوەی ناسنامەی مۆدێرنەوە تەماشا بکرێ بەوردی کاتێک ڕوون دەبێتەوە کە دەبێتە هۆی پەکخستنی ناسنامەی ترادیسیۆنە کولتوورییەکان و نوێکردنەوە لە سیستەمی فرە دیموکراسی کە لەیەکترازان لە نێوان تاکی داخراو و پراکتیکی کۆمەڵایەتی ڕوو بەدەرەوەدا دەخولقێنێ.

ئەمە ئەو هۆیەیە کە زۆر کەس لە ئەوروپای خۆرئاوا ڕادیکاڵ بوون و بوونە جیهادیی زۆر سەرسەخت وەکو محەمەد عەتا ڕێکخەری هێرشی یازدەی ئەیلوول، یان محەمەد بوێری بکوژی دەرهێنەری هۆڵەندی تیۆ ڤان کوخ. مۆدێرنیزەکردن لە سەرەتادا نامۆیی و ئۆپۆزیسیۆنی دژ بەخۆی دەخولقێنێ. لەم بارەیەوە جیهادییە هاوچەرخەکان شوێن پێی ئەنارشیستەکان و بەلشەفیکەکان و فاشییەکان و ئەندامانی گرووپی بادر ماینهۆفی نەوەکانی بەرایی، هەڵدەگرن.[٥]

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئیسلامەکان بەشێوەیەکی چڕ ڕادیکاڵ ببنەوە و بەهێزێکی پێویست دوور بکەونەوە کە لەوانەیە ببێتە هۆی هەڕەشە بۆ سەر خودی دیموکراسی لیبراڵی. ئاشکرایە تەکنەلۆجیای نوێ بواری ئەوەیان دەداتێ و قەدبڕانە شێوەیەک لە شێوەکانی چەکی کۆمەڵکوژیان دەداتە دەست کە دەستڕەسی نەوەکانی پێشووی تیرۆریستەکان نەبوو.بەڵام ئیسلامیی سیاسی تا

ئێستا بنکەیەکی ناوچەییی بەهێزی نییە، لەو وڵاتانەی وەک ئێران و سعودییە و ئەفغانستان یان سوودان کە دەسەڵات دەگرێتە دەست هیچ تۆمارێکی سەرنجڕاکێشی ئابووری و کۆمەڵایەتیی نییە.

لێرەدا لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئیسلام لە ئارادایە کە پێشبڕکێ لەسەر چوونەپێشەوە دەکات، سەرباری ئەمەش زۆرێک لە تێکۆشانەکان بۆ دنیای ئیسلامیی ناوەوەیین. ئینجا هەرچی هەڕەشە دەرەکییەکان کە پێ دەچێ بەرەنگارییەکە نەرمتر بێ وەک لەوەی کە لەسەر دەستی کۆمۆنیستەکان هاتە بوون کە هەردووکیان لە ڕووی دنیاییەوە سەرنجڕاکێشن و پێوەندیشیان بەهێزی دەوڵەتی مۆدێرنەوە هەیە.

گرفتی گەورەی داهاتووی دیموکراسی لیبراڵی گرفتی ناوەوەی گۆمەڵگە دیموکراسییەکانە. بەتایبەتیش لەلایەن دەوڵەتەکانی فەرەنسا و هۆڵەنداوە کە ژمارەیەکی زۆر کەمایەتی ئیسلامیان تێدایە. کەچی لە ئەوروپا سەرکەوتنێکی زۆر کەمی بەدەست هێناوە لە پێکەوەگرێدانی کەمایەتییە کولتوورییەکان بەبەراورد بەئەمەریکا، پەرەسەندنی کاری توندوتیژی لەلایەنی دووەمەوە- نەوەی سێیەمی ئیسلامەکانی ئەوروپا ئاماژەیە بۆ لای تاریکییەکی دوورتری ناسنامە سیاسییەکان وەک لەو داواکارییانەی پێشکێش کران، نموونەی لەم بارەوەش هەرێمی کوبێک لە کەنەدا و ناسیونالیزمەکانی سکۆتلەندان.

توورەیی و کەمایەتییە کولتوورییەکان هەرس ناکرێن و دژە کردارێکی بەهێز لەلایەن زۆربەی کۆمەڵگەوە بەرهەم دێنن کە دواتر دەگەڕێنەوە سەر ناسنامە تایبەتییە کولتووری و ئاینییەکەیان. ڕێگەگرتن لە کەوتنە خوارەوەی ئەو شتەی کە هەر لە" پێکدادانی شارستانەکان" دەچێ، پێویستی بەڕاستکردنەوە و حوکومڕانی باشی سەرکردە سیاسییەکان هەیە. ئەم کارەش هیچ زامنێکی ڕاستەوخۆی لەلایەن خودی پرۆسەی نوێبوونەوەوە نییە.

## دیموکراسی

دووەم گرینگترین ڕەخنە لە"کۆتاییی مێژوو"م پێوەندی بەپرسی مەسەلەی دیموکراسییەوە هەیە لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی، کاتێ لەبارەی دیموکراسی لیبراڵیم نووسی کە شێوەی کۆتاییی حکوومەت دروست دەکات، من لەبارەی دیموکراتییەک دەدوام لەسەر ئاستی دەوڵەتی ناسیونالیستی. قەت نەمدەتوانی دەرفەتی دامەزراندنی دیموکراسییەکی دنیایی بهێنمە پێش چاوم کە ئەرکیەتی بەشێوەیەک لە شێوەکان فەرمانڕەوای دەوڵەتی ناسیونالیستی لەمیانی یاسایی نێونەتەوەییەوە ببەزێنێت.

بەڵام ئەمە بەوردی جۆرێکە لەخەم کە کاریگەرییەکەی لە شەڕی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ وە دەست پێ دەکات تا ئاستێک کە لەو مێژووەوە فراوانتربوونی درزی نێوان ئەمەریکا و ئەوروپا ئاشکراتر دەرکەوت. ئەم مەسەلەیە لە دەیەی ڕابردوو لەلایەن ڕەخنەگرانی جیهانگیرییەوە

ورووژێنرا کە مشتومڕیان بوو لەسەر دەستەپاچەیی دیموکراسی لە نێوان ئاستی لێک هەڵپێکرانی نێوان ئەو کەسانەی کە لە وڵاتی دادپرسی نیشتمانی دەژین، لەگەڵ میکانیزمی بەدەزگاکردنی بەرپرسیاریەتی ئەودیوی سنوورەکانی نیشتمانەوە. ئەم گرفتە بەشێوەیەکی تایبەت و بەقەبارەی تایبەت کەڵەکە دەبێ بەپێی هەژموونی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا بەسەر سیستەمی دنیای هاوچەرخ؛ وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکاش لە توانایدایە لەسەرتاسەری دنیا بگات بەخەڵک و بەرێگەی جۆراوجۆر کاریگەرییان بەسەرەوەدا بنێ بێ ئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی کاریگەری بەرامبەر لەگۆڕێدا بێ.

بەشێک لە پرۆژەی ئەوروپاش تێپەڕاندنی دەوڵەتی ناسیونالیستییە. ئەمەریکاییەکانیش لەلایەکی ترەوە مەیلیان بەلای ئەو باوەڕەوە هەیە کە سەرچاوەی ڕەوایی یان کاری ڕەوا لە دیموکراسی دەستووریی بالآدایە. ئەم تێڕوانینە ئەمەریکایی و ئەوروپاییە لە مێژووی خۆیانەوە سەرچاوە دەگرن. ئەوروپاییەکان دەوڵەتی ناسیونالیستی باڵای خۆیان بینی وەک سەرچاوەی خۆپەرستی و ناسیونالیستی کە ڕەگیان بۆ ماوەی نێوان هەردوو شەڕی جیهانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە. پرۆژەی ئەوروپایی هەوڵ دەدا بۆ گۆڕینی سیاسەتی هێز بەسیستەمێک تەژی لە یاسا و ڕێسا و ڕێکخراو. ئەمەریکاییەکانیش بەپێچەوانەی ئەمەوە ئەزموونێکی خۆشیان هەبوو لەگەڵ دەوڵەتی ناسیونالیستی و بەکارهێنانی توندوتیژی ڕەوا.

ئەمەش لەگەڵ شۆڕشی ئەمەریکا دژ بەپاشایەتیی بەریتانیا دەستی پێ کرد و بەردەوامیی بەخۆی دا لە شەڕێکی زۆر خوێناوی میللی کە شەشسەد هەزار ٦٠٠,٠٠٠ ئەمەریکایی تێیدا کوژرا و بووە هۆی لابردنی کۆیلایەتی و یەکبوونی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا. لەمیانی شەڕی جیهانی دووەم و شەڕی ساردەوە کە وەک شەڕێکی مۆراڵی بوو بۆ ڕزگارکردنی ئەوروپا لە دوو بۆنە و لە دوو شێوەی جیاوازی ستەمکاری.

دیدگا و تێروانینی ئەوروپایی بێگومان پێویستی بەکۆمەڵێ یاسا هەیە بۆ سنووربەزاندنی دەوڵەتی ناسیونالیستی لەسەر ئاستی تیۆری. لێرەدا هۆیەک لە ئارادا نییە بۆ بیرکردنەوە لەوەی کە دیموکراسی لیبراڵی خاوەن قەوارەیەکە پێشێلکاریی بێ پەردە ناکات لەبەرخورد بەدەوڵەتانی تر، یان تەنانەت لەگەڵ هاونیشتمانانی خۆی. وڵاتە یەککگرتووەکان خۆی لە شەرمەزاری کۆیلایەتییەوە لەدایک بووە کە زۆربەی بنەما دیموکراتییەکانی دەستوورەکەی ڕازی بووە لەسەری. ئەبراهام لینکۆڵن لە دیبەیتەکەی لەگەڵ ستیڤن دۆگلاس لە ساڵی ١٨٥٨ ئاماژەی بەبنەمای یەکسانی داوە کە لە پشت دەستووری ئەمەریکاییەوەیە لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی کۆیلەتی.

بەڵام ئەو کاتەی کە دەکرێ حاڵەتی تیۆری بکرێتە شێوەیەک لە شێوەکانی دیموکراتی کە ئەرکیەتی دەوڵەتی ناسیونالیستی تێپەڕێنێ، بەبۆچوونی من کۆمەڵێ ئاستەنگی عەمەلی هەن کە ناکرێ زاڵ بین بەسەریدا بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم پرۆژەیە. دیموکراسی سەرکەوتوو تا ڕادەیەکی زۆر دەوەستێتە سەر بوونی کۆمەڵگەیەکی سیاسی ڕاستەقینە کە کۆکە لەسەر هەندێ بەهای

بنەڕەتیی هاوبەش و داوودەزگاکان. بەها کولتوورییە هاوبەشەکان متمانە و چەورکردن دروست دەکەن ئەگەر گوزارشتەکە دروست بێ– کە لێکهەڵپێکرانی هاووڵاتییانی لێ دێتە بەرهەم. دیموکراسی لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی نزیک دەبێتەوە لە مەحاڵ بۆ وێناکردنی میللەتان و کولتووره هەمەچەشنە ڕاستەقینەکان. ئەو ڕایەی کە زۆربەی ئەمەریکاییەکان سەبارەت بەداوودەزگا نێودەوڵەتییەکان وەکو نەتەوە یەکگرتووەکان هەیانە لە بەشێکی خۆیدا ڕەنگدانەوەی هێواشی و ناچالاکی کاری کۆمەڵایەتییە لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی لە نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکان کە هەوڵی کاری بەکۆمەڵ دەدەن لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی سیاسی.

چارەسەرکردنی گرفتەکە توانای نوێنەرانی هێزە دەسەڵاتدارەکان و هێزی بڕیاردەری یەکلاییکەرەوە دەخوازێ. ئەی دنیا چۆن لەسەر پێدانی ئەم جۆرە دەسەڵاتە قایل دەبێ؟ ئەی چۆن دەتوانرێ بەوپەڕی سەلامەتییەوە لە پەنای ئامادەنەبوونی هەموو ئەو داوودەزگایانەوە کە دەسەڵاتەکان لەسەر ئاستی دەوڵەتی ناسیونالیستی دابەش دەکا و سنووورداری دەکا، پەیڕەو بکا؟ تەنانەت ئەوروپاش هاوبەشە لە کولتوورێکی هاوبەش و ئەزموونێکی مێژوویی، تێڕوانینێکی دووەم و جیدی هەیە سەبارەت بەبنیاتنانی ئەو پرۆژەیە، کە لە ڕاستیدا دەوڵەتێکی ناسیونالیستی ئەوروپایی تاقانەیە کە ئەرکیەتی لەسەر شکۆی دەوڵەتە ئەندامەکانی بەشێوەیەکی ترسناکانە بنکەنە بکا.

جا لەبەرئەوە ئێمە بەم زووانە دەوڵەتی ناسیونالیستی تێ ناپەڕێنین وەک سەرچاوەیەکی بنەڕەتی دەسەڵاتی ڕەوای دیموکراسی. لە شوێن حکوومەتێکی نێونەتەوەیی خۆبەڕێوەبردنێکی نێونەتەوەییی قایلکەرمان دەبێ، ئەمەش داوودەزگا پارچەپارچەکانی دەوڵەتەکە برەو بەکاری کۆمەڵایەتی لەنێو دەوڵەتەکان دەدا و دەبێتە هۆی خولڤاندنی کۆمەڵێ کێشە لەنێو خۆیاندا. ئەوە ئەرکی سیستەمی لیبراڵی جیهانییە کە لە هەمان کاتدا لەسەر یەک داوودەزگای تاقانەی گشتی و دنیای نەوەستێت، بگرە لەسەر کۆمەڵێ هەمەجۆر لە داوودەزگای نێونەتەوەیی بنیات بنرێ کە لە توانایدا بێ خۆی لەدەوری کێشە تەکنیکییەکان و ناوچەکان و گرفتە دیاریکراوەکان، ڕێک بخات. ئەم جۆرە لە سیستەمی دنیای لە دۆخی دروستبووندایە، بەڵام هێشتا دەبێ کاری بەرهەمداری زۆرتر بکرێ کە لەو بوارەدا دەتوانرێ ئەنجام بدرێ.

## دەسەڵاتی سیاسی

گرفتی سێیەم کە وەک کێشەیەک لە"کۆتاییی مێژوو"دا مایەوە پێوەندی بەوەوە هەبوو ئەوەی من پێی دەڵێم ئۆتۆنۆمی (سەربەخۆیی) سیاسی. وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ کراوە، پێوەندییەک هەیە لە نێوان پەرەسەندنی ئابووری و دیموکراسی لیبراڵی. بەپێی ئەوەی کە چەسپاندنی دیموکراتی لەسەر ئاستێکی بەرز زۆر ئاسانترە لە بەرهەمە سەرتاپاگیرییە خۆماڵییەکانی تاکێک. لەگەڵ ئەوەشدا بەدەستهێنانی پەرەسەندنی ئابووری لە ڕیزی پێشەوەیە، ئەو شتەی دەبووایە زۆربەی

وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان و باشووری بیابانی گەورە و باشووری ئاسیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمەریکای لاتین خۆیان لێ دەرباز بکردایە.

گەشەکردنی ئابووری بەئاسانی لە ڕێگەی سیاسەتێکی ئابووریی چاکەوە بەئاکام ناگات. لێرەوە پێویستیت بەدەوڵەتێکە تا خەڵکی تێیدا بژێ کە یاسا و سیستەم و مافی خاوەنداریەتی و سەروەری یاسا و ئارامیی سیاسی تێدا بەرقەرار بێ و پێش ئەوەی بتوانرێ وەبەرهێنان و گەشەکردن و ئاڵوێر و بازرگانی نێودەوڵەتی و شتی لەم جۆرەی تێدا بەڕێوە بچێ. سوودوەرگرتن لە جیهانگیری وەک هیندستان و چین لەم ساڵانەی دواییدا پەیڕەویان لێ کرد پێش هەموو شتێک بوونی دەوڵەتێکی لێهاتوو و کارامە دەخوازێ کە لە توانایدا بێ بەوردی مەرجەکانی خۆی لە ئابووری دنیادا دیاری بکا.

بوونی دەوڵەتی تایبەت شتێک نییە ببێتە کارێکی بەتاڵ لە دنیایەک کە لە پەرەسەندندایە. زۆربەی ئەو گرفتانەی کە لە سیاسەتی سەدەی بیست و یەکەمدا ئەزموونی دەکەین پێوەندی بەنەبوونی دەوڵەتێکی بەهێزی داوودەزگاییەوە هەیە لە وڵاتە هەژارەکان کە لە کارنامەی دەوڵەتە زۆر بەهێزەکانی سەدەی بیستەمدا نەبوون. سەدەی بیستەم لەلایەن هێزە گەورەکانەوە بەڕێوە دەبرا وەکو دەوڵەتەکانی ئەڵمانیای نازی و ئیمپراتۆری یابان، یەکەتیی سۆڤیەتی جاران کە زۆر گەورە و بەهێز بوو. لە سەدەی بیست و یەکەمدا کۆمەڵێ کێشەی زۆر نموونەیی لە هەندێ جێگەوە دێن وەک سۆماڵ و ئەفغانستان و هایتی، ئەو وڵاتانەی هیچ داوودەزگایەکی حکوومییان تێدا نییە و دەتوانن باڵادەستیی یاسایی بنەرەتی پێویست بۆ گەشەکردن و بنیاتنانی داوودەزگاکانی دیموکراتی زامن بکەن.

بەم شێوەیە لێرەدا دوو درز لە کارنامە ڕووبەڕوومان دەبنەوە. لە دنیای گەشەکردوودا، ئەورووپا ڕووبەڕووی تەنگژەیەکی گەورە لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی دەبێتەوە بەدرێژاییی نەوەکانی داهاتوو لە دابەزینی ڕێژەی دانیشتوان و ئەو مافانەی کە ناتوانێ بەرگەی بگرێ و ڕێکی بخات. بەڵام لە دنیای تازەپێگەیشتووەکان ئامادەنەبوونی دەوڵەت لەئارادایە کە بەر بەگەشەی ئابووری دەگرێ کە زەوینەیەکی لەبارە بۆ کۆمەڵێ کێشەی وەک پەناهەندەیی، نەخۆشی و تیرۆر. بەم جۆرەلەهەردوو بەشەکەی دنیای کارنامەی جیاواز لە ئارادان: بۆ کەمکردنەوەی چێوەی دەوڵەت لە دنیای پێشکەوتوو، بەڵام بۆ بەهێزکردنی دەوڵەت لە زۆربەی بەشەکانی دنیای تازەپێگەیشتوو.

ئەو بەرەنگارییە تایبەتەی کە ڕووبەڕووی دەبینەوە ئەوەیە کە زۆر بەکەمی شارەزای چۆنیەتی بنیاتنانی داوودەزگای سیاسی بەهێزین لە دەوڵەتە هەژارەکان. بەشێک لە مەتەڵەکە پەرەسەندنە جا چ ئابووری بێ یان سیاسی، کە هەرگیز لەلایەن کەسانێکی ترەوە ئەنجام نەدراوە، بگرە پرۆسەیەکە دەبێ لەلایەن خەڵکانی ناو کۆمەڵگەکەوە ئەنجام بدرێ کە ئاشنابن بەداوونەریت و بەرپرسیاریەتییەکی درێژماوە لە ئەستۆ بگرن لەپێناو پرۆسەی گەشەکردن. کەسانی دەرەوە (نامۆ) بەئاسانی کۆمەکی ئەم هەوڵە دەکەن. پەرەسەندنی سیاسیش پرۆسەیەکە لە زۆر لایەنەوە

سەربەخۆیە لە پەرەسەندنی ئابووری، هەرچەندە ئەم دووانەی پێشتر باس کران بەڕێگەیەکی دیاریکراو کار لەیەک دەکەن.

ئینجا ئەوەی لێرە پێویستمانە و "کۆتاییی مێژوو و دوا مرۆڤ" دەستەبەری ناکات، تیۆریی پەرەسەندنی سیاسییە سەربەخۆ لە ئابووری. دروستکردنی دەوڵەت و بنیاتنانی دەوڵەت لە ڕووی مێژووییەوە ئەمە چۆن ڕووی دا، ڕۆڵی توندوتیژی، مونافەسەی سەربازی، ئاین، بیروباوەڕ بەشێوەیەکی بەرفراوان پاشماوەی جوگرافیای سروشتی و سامانە سروشتییەکان، ئەوەی یەکەم جار ڕووی دا لە هەندێ شوێنی دنیا و لە بەشەکانی تر ڕووی نەدا، هەموو ئەمانە پێکهاتەی ئەو بیردۆزە گەورەیەن کە دەبێ زیاتر ورد بکرێتەوە. ساموێل هەنتگتۆن لە کتێبەکەیدا "سیستەمی سیاسی لە کۆمەڵگە گۆڕاوەکان" هەوڵی دا وێنای بنەڕەتی بیردۆزەی نوێبوونەوە هەڵوەشێنێتەوە بەوەستانەوە بەرامبەر بیردۆزی لەناوچوونی سیاسی بەبیانووی پووکانەوە کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی گەشەکردن. لەوێدا پووکانەوەیەکی سیاسیی گەورە لە ئارادایە کە سەرچاوەکەی پێویستە سیستەماتیکانە بدۆزرێتەوە.

دوا نارەزایی دژ بەگریمانی " کۆتاییی مێژوو " کە گەلێ شێوازی جۆراوجۆری بەخۆوە دیوە، خەمە تەکنەلۆجییەکان، ئەگەری ئەوەی کە دوا جار پرۆسەی مێژوویی کە پێشکەوتنی تەکنەلۆجی ڕابەری دەکا، بەفیڕۆ بدرێ. لێرەدا کۆمەڵێکی لەژمارە نەهاتووی سیناریۆ هەن کە دەبنە هۆی ڕوودانی ئەم کارە. ئەوەی کە لە ١١ی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠١ەوە بەئەمەریکاییەکان نیشان دراوە ئەگەری تیرۆری ئەتۆمی و بایۆلۆجییە، هەرچەندە بەشێوەیەکی سروشتی لەناوبردنی ئەتۆمی لە دوای هیرۆشیماوە ئەگەرێکی چاوەڕوانکراو بووە، ئەوەی ئەمڕۆ جیاوازە ئەوەیە کە دیموکراتیزەکردنی ماناکانی توندوتیژی زۆر بچووکە و ئەو خەڵکە بێ ناوونیشانانە شیمانەی بەدەستهێنانی جۆرە چەکێکیان هەیە کە توانای وێرانکەری مەزنی هەیە.

ئەگەری سیناریۆی دووەمیش ژینگەیە. ئەگەر هەندێ لە پێشبینییەکان پێوەند بەبەرزبوونەوەی پلەی گەرمای گۆی زەوی ڕاست بن لەوانەیە بەکردەوە زۆر درەنگ بێ بۆ ڕێکخستنی جۆرەکانی بەکارهێنانی بڕێکی زۆر لە هایدرۆکاربۆن کە لەوانەیە ببێتە هۆی ڕێگەگرتن لە گۆڕانێکی مەزن لە ئاووهەوا. ئەگەرنا پرۆسەی خۆسازدان خۆی لە خۆیدا تێکدەرانەیە بەجۆرێک کە دەبێتە هۆی کوشتنی ئەو مراوییەی کە هێلکەیەکی تەکنەلۆجیی ئاڵتونیی بۆمان کردووە.

## تەکنەلۆجیا

بەرەنگاربوونەوەی چوارەم ئەوەی کە من لە کتێبی " داهاتوومان. ڕێگرییەکانی بەردەم شۆڕشی تەکنەلۆجیای زیندوو" لە ساڵی ٢٠٠٢دا نووسیومە ئەوەیە توانای بەرخوردمان لەگەڵ خۆمان لە ڕووی بایۆلۆجییەوە چ لە ڕێگەی کۆنترۆڵی جینۆم یان لە ڕێگەی کاریگەرییە ئاوەزییەکان و یان لە

ڕێگەی داهاتووی زانستی دەمارە هەستەوەرەیان لە ڕێگەی شێوەیەک لە شێوەکانی درێژکردنەوەی ژیانەوە کە ڕێبازێکی نوێی ئەندازەی کۆمەڵایەتیمان بۆ دەستەبەر دەکا، ئەرکیەتی شیمانەی شێوازگەلێکی تازەی سیاسەت بورووژێنێ.

منیش ئەوەم هەڵبژارد بەتایبەتی لەسەر داهاتووی تەکنەلۆجیا بنووسم سەبارەت بەو هەڕەشەیەی کە زۆر لە هەڕەشەی کەسێک بەهۆی کە چەکی ئەتۆمی یان گۆڕانی کەشوهەوا وردترە. لێرەدا بەرئەنجامە خراپەکان یان گەشەی تەکنەلۆجیای نائینسانی بەشتگەلێکەوە گرێ دەدا وەک ڕزگاربوون لە نەخۆشی یان تەمەندرێژی کە خەڵک لە سەرتاسەری دنیا عەوداڵیەتی، بەم شێوەیە بەرگرتن لێی زۆر زەحمەت دەبێ.

هیچ شتێکی سوودگەیێنم پێ نییە بۆ گوتن سەبارەت بە شیمانەی ڕوودانی ئەو داهاتووە تەکنەلۆجییە. من نە پێغەمبەرم و نە" داهاتوو خوێنەرەوە"م . ئەمەوێ ئەو تێبینییە بخەمە پێش چاو کە لە ڕابردوودا، پەرەپێدانی تەکنەلۆجیا بواری تازەی کەمکردنەوەی پاشماوەی نێگەتیڤی داهێنا کە خودی تەکنەلۆجیا دای هێنابوو. بەڵام هیچ هۆیەکی پێویست لە ئارادا نییە کە بۆچی بەردەوام دەبێتە کێشە.

لە چوارچێوەیەکی فراواندا، دیدگای مێژوویيم لەسەر گەشەی مرۆڤ هەردەم و تەنیا لاوازانە حەتمی بووە، بەپێچەوانەی حەتمییەتی بەهێزی ڕێبازی مارکسی لینینی. و لەو بڕوایەشدام ئاراستەیەکی مێژوویی هەیە بەرەو فراوانتربوونەوەی دیموکراسی لیبراڵی، هەروەها لەو باوەڕەشدام ژمارەیەک توانای پێشبینی بەرەنگاربوونەوە هەن. ئەو چوار بەرەنگاربوونەوەیەی من خستمنە بەرچاو پێم وایە لە چەند ساڵی داهاتوودا زۆر پێویست دەبن. حەتمییەتی لاواز یانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاراستە مێژووییيە بەرفراوانەکان، توانا و کارامەیی کاربەدەستانی میری، سیاسەت و ڕابەرایەتی و هەڵبژاردنی کەسی زۆر بایەخدارن لە ڕێڕەوی گەشەی مێژوویی ڕاستەقینەدا.

بوار و ڕیسک بۆ نموونە دەرهاویشتەی تەکنەلۆجیای مۆدێرنن دەبێ وەک بەرەنگاربوونەوەی کۆمەڵگەکان لە ڕێگەی سیاسەت و داوودەزگاکانەوە بەرخوردیان لەگەڵدا بکرێ. بەم شێوەیە داهاتوو زۆر کراوەترە لە ئابووری و تەکنەلۆجی و پێشمەرگە کۆمەڵایەتییەکان کە ڕەنگە پێشنیاز بکرێن. هەڵبژاردنە سیاسییەکانیش کە لەلایەن هاووڵاتییان و دەنگدەران و ڕابەرە دیموکراسییە جیاوازەکانمانەوە دێنە بوون، کاریگەریی بەهێزیان هەیە لەسەر توانا و جۆری دیموکراسی لیبراڵ لە داهاتوودا.

یەکی ئایاری ٢٠٠٦

تێبینییەکان: ئامادەکردنی وەرگێڕ

(١) گەورە فەیلەسووف و بیرمەندی ئەمەریکایی بەڕەچەڵەک یابانی فرانسیس فۆکۆیاما لە بیست و حەوتی تشرینی یەکەمی ١٩٥٢ لە"هاید پارک لە شیکاگۆ لەدایک بووە. باوکی فرانسیس، یۆشیۆ فۆکۆیاما، دووەم نەوەی یابانی-ئەمەریکایی بوو لە کڵێسای گۆنگراجەیشناڵ وەک وەزیر ڕادەهێنرا و دوکتۆرای لە کۆمەڵناسی لە زانکۆی شیکاگۆ بەدەست هێناوە. دایکیشی تۆشیکۆ کاواتا فۆکۆیاما لە کیۆتۆ لە یابان لەدایک بووە و کچی شیرۆ کاواتا بوو دامەزرێنەری بەشی ئابووری بوو لە زانکۆی کیۆتۆ و یەکەمین سەرۆکی زانکۆی ئۆساکا سیتی بوو لە ئۆساکا. سەردەمی منداڵی فرانسیس فۆکۆیاما لە شاری نیویۆرک بووە، دواتر خێزانەکەیان لە ساڵی ١٩٦٧ دەگوێزنەوە بۆ پێنسلڤانیا کە فرانسیس خوێندنی ئامادەیی لەوێ تەواو دەکات.

فرانسیس فۆکۆیاما بەکالۆریۆس لە هونەر لە زانکۆی کۆرنێڵ وەردەگرێ ئەو زانکۆیەی کە فەلسەفەی سیاسیی لەژێر دەستی "ئالان بلوم" خوێند و بڕوانامەی دوکتۆراشی لە کاروباری حکوومەت لە زانکۆی هارڤەرد وەرگرتووە. فۆکۆیاما لەگەڵ سامۆیل هەنتگتۆن و هارڤی مانسفیلد خوێندوویەتی. ئینجا دوای تەواوکردنی زانکۆ لە کۆمەڵەی تیلۆراید دادەمەزرێ .

فرانسیس فۆکۆیاما ئێستا پرۆفیسۆری ئابووری سیاسی نێونەتەوەیی بەرنارد شوارتزە و هەروەها بەڕێوەبەری پەرەسەندنی پرۆگرامی نێونەتەوەیییە لە قوتابخانەی پاولە. نیتز کە سەر بەزانکۆی جۆنز هۆپکینزە لەواشنتۆن.

(٢) ئەلکسەندەر کوژیڤ (١٩٠٢ ١٩٦٨) : فەیلەسوفێکی هیگڵی فەرەنسی بەڕەچەڵەک رووسییە. کاریگەری هەبووە بەسەر فەلسەفەی سەدەی بیستەمی فرەنسا و مامۆستای فەیلەسووفی ئەمەریکایی ئاڵن بلوم بووە.

(٣) پیاوی داڤوس: بەو پیاوە دەوڵەمەندانە دەوترێ کە نوخبەی دەوڵەمەندەکانی دنیان و لە گۆشەنیگای خۆیانەوە خۆیان بەنێونەتەوەیی دادەنێن.

(٤) ڕێپێوانی چواری تەمموز: ڕێپێوانی ڕۆژی ئازادی ئەمەریکایە

(٥) کۆمەڵەی سوپای سوور: کە لە سەرەتادا بەبەدر مەینهۆف ناسرابوون یەکێک بوون لە ناسراوترین و چالاکترین کۆمەڵەی چەپی چەکداری ئەڵمانیا لە دوای شەڕی جیهانیی دووەم کە خۆیان بەچەکداری خەڵک دەزانی و حکوومەتی ئەڵمانیاش بەتیرۆریستی دەناسین. لە ساڵی ١٩٧٠ هاتە دامەزراندن.

سەرچاوەکان:

1- http://www.opendemocracy.net/democracy-fukuyama/revisited 3496.jsp

2- http://fukuyama.stanford.edu/

3- http://en.wikipedia.org/wiki/FrancisFukuyama

هەولێری ئەمەی پێشەو

# ئاستەنگە کولتوورییەکانی بەردەم گواستنەوە بۆ دیموکراسی لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا

مەتین ئەنجۆم ڕووز

لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا، چەندان توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر لەبارەی فاکتەر و هۆکار و بەربەستەکانی بەردەم گەیشتن بە دیموکراسی لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن توێژەر و لێکۆڵەوانەکانەوە ئەنجام دراون و هەریەک لەوانە لە گۆشەنیگای تایبەتیی خۆیەوە ئەم پرسەی شرۆڤە کردووە. لەو چوارچێوەیەدا، هەندێک لە لێکۆڵەوانەکان، ئاستەنگە ئابوورییەکانیان بە خاڵی ڕێگر داناوە و هەندێکی تریشیان ئاستەنگە سیاسییەکان و دەستەیەکیش ئاستەنگە کولتوورییەکانیان وەکو بەربەست لە بەردەم گەیشتن بە دیموکراسی لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا دەستنیشان کردووە. لە نێوان ئاستەنگە کولتوورییەکاندا، چەندان بابەتگەلی وەکو کولتووری سیاسی و کەسایەتیی دیموکراتیک و ڕووبەڕووبوونەوەی نەریت و مۆدێرنیزم.... باسی لێوە کراوە.

لەم وتارەماندا، گەرەکمانە تاوتوێی هۆکار و ئاستەنگە کولتوورییەکانی بەردەم گوزەرکردن بەرەو دیموکراسی لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا بکەین. هەندێک لە لێکۆڵەوانەکان لەو بڕوایەدان کە کولتوور، شوێنێکی تایبەتی لە شیکردنەوەی دۆخی بەشداریی سیاسی لەو ناوچەیەدا هەیە و بە سەرچاوەی گۆڕانکارییە گشتییەکان لە سایەی گۆڕانکارییە کولتوورییەکاندا لە قەڵەم دەدرێت. بەبڕوای ئەو، نووسەران، چمکی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی، چمکگەلێکی تەواو ڕۆئاواییە و سەرچاوەکەیشی بۆ ئەزموون و وەرچەرخانە تایبەتییەکان دەگەڕێتەوە. هەر بۆیەشە کە تەنانەت ئەگەر کەسانێکیش بیانەوێ ئاماژە بە ڕەسەنایەتی و گرینگیی ئەو چمکە بدەن و وەک چۆن دیاردە ڕۆئاواییەکانی تر بیانەوێ سوود لە کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسی وەربگرن، دەبێ لە سەرەتادا دان بەوە دابنێن کە ئەو چمکانە هەرچەندە لایەنی مرۆڤایەتیی زۆر گرینگ و بەرجەستەیان تێدایە،

..............................................................

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئەمیر مەحموود

بەڵام بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شتگەلێکی هاوردەن، هەر بۆیەشە کە دەڵێن ئەگەر چمکێک لەناو مێژووی کولتووری و کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێشینە و باکگراوندێکی مێژوویی نەبێت، شتێکی سروشتییە کە دەبێ سەرەتا لە یەکەم هەنگاودا، زەوینە بۆ پیادەکردن و هاتنەدیی ئەو چمکانە خۆش بکرێ.

لە دیدگەی ئەو دەستەیە لە نووسەرەکانەوە، پێکهاتەی دەسەڵاتخواز و پاوانخوازانەی ئەو ناوچەیە، بە یەکێک لە گرینگترین و سەرەکیترین فاکتەر و بەربەستەکان دادەنرێ، بەڵام وەرچەرخانە کولتوورییەکان لەو نێوەندەدا پشکی شێریان بەردەکەوێ. هەر لەو چوارچێوەیەشدا گرینگترین بەربەست لەسەر ڕێی گەیشتن بە دیموکراسیدا، هەمان بەربەستە کولتوورییەکانن.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کۆمەڵێک کەسایەتیی گرینگ هەن کە هەڵگری پەیام و دروشمی دیموکراسین، بەڵام هەمان ئەو کەسانە لە هەڵسوکەوت و ئاکار و پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتیی دەوروبەری خۆیاندا، خاوەن هەڵسوکەوتێکی دەسەڵاتخوازانە و پاوانخوازانە و خێڵەکین.(١)

هەر لەو ڕوانگەیەشەوە، دەتوانین ئاماژە بە پەڕتووکی گرینگی ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ (غەسان سەلام) بەناوی (دیموکراسی بەبێ دیموکراتەکان)ەوە بدەین، کە ئاماژە بەو خاڵە گرینگە دەدا کە "گەشەپێدانی سیاسی و کۆمەڵگەی مەدەنی تەنیا ئەوە نییە کە بۆچوون و ئەندێشەکانی فەیلەسووفە ناودارەکان چاپ و بڵاو بکەینەوە، هەرچەندە ئەمەیش بەشێکە لە کاری پەرەپێدانی دیموکراسی، بەڵام دەبێ هەڵوەستە لەسەر فاکتەر و هۆکارگەلی گرینگتری وەکو پەروەردەکردن و فێرکردنی بنەماکانی دیموکراسی و فێرکردنی بنەماکانی کۆمەڵگەی دیموکراسی و پەروەردەکردن و فێرکردنی هەڵسوکەوتی مەنتیقی و لۆجیکییانە لەگەڵ ئەوانی تردا بکرێ."

پرسیارێک کە لەو توێژینەوەیەدا گەرەکمانە وەڵامی بۆ بدۆزینەوە، ئەوەیە کە چ جۆرە کولتوورێکی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بووەتە هۆی دواکەوتنی ڕەوتی گوزەرکردن بەرەو دیموکراسی لەو ناوچەیەدا؟

## کولتووری سیاسی و دیموکراسی

١- پێکهاتە و پەیکەربەندیی سیاسی

٢- کولتووری سیاسی

پێکهاتەی سیاسی، کۆی داوودەزگا و ناوەندەکان و یاساکانی تایبەت بەدەسەڵاتی سیاسییە کە بەیەکەوە یەکەیەکی گشتگیر و یەکگرتوو پێک دەهێنن.(٢)

لە کولتووری سیاسیدا بەپێچەوانەی پێکهاتەی سیاسییەوە، هەڵوەستەکردن و بایەخپێدان زیاتر لەسەر کاراکتەرەکان و کایەی هزریی ئەوان و هەڵسوکەوت و بۆچوونەکانیانە. ئەگەر پێکهاتەی

سیاسی بە هاردوەیر (ڕەقە ئامراز)ی سیستەمی سیاسی دابنێین، کولتووری سیاسی بە سۆفت وەیر (نەرمە ئامراز)ی ئەو سیستەمە دەژمێردرێ.

هابرماس، دژی کەمکردنەوەی دیموکراسی و دابەزاندنی ئاستی ئەو چمکە بۆ پێکهاتەی دیموکراتیکە و بە توندی ڕەخنەی لێ دەگرێ و ئەو جۆرە دابەزاندنە بە دابەزاندن و کەمکردنەوە بەرەو ڕواڵەت و ڕووکەش دەزانێ و دەڵێت: "نابێ بۆ دواوە بگەڕێینەوە و بە هەڵە دیموکراسی لەگەڵ داوودەزگا ڕووکەشییەکانی دیموکراسیی وەکو دامەزراوە نوێنەرایەتییەکانی وەکو پەرلەمان و هەروەها دەستوورەکان و یەکەتییە سەندیکاییەکان و دەزگا ڕواڵەتییەکانی تر وەک یەک لە قەڵەم بدەین. دیموکراسی واتە هەموو شتێک لە ناوەوە و لە ناخەوە و لە ڕێگەی کارلێککردن و ئەنجامدانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە."(٣)

کولتووری سیاسی، ئاراستەی هزریی نەتەوەکان و دەستە و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان یاخۆ تاکەکان بۆ لای سیاسەت و تا ڕادەیەکیش مۆدێل و نموونەی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان پێک دەهێنێ.

سیستەمی باوەڕە مەزهەبییەکان و هێماکانی ڕادەربڕین و بەها کۆمەڵایەتییەکان و تێگەیشتن و خوێندنەوەی هزری لەبارەی مێژوو و سیاسەتەوە و هەروەها بەها بنیاتییەکان و چۆنیەتیی دەربڕینی هەست و مەعریفە و خوێندنەوە سیاسییەکان کە کۆی ئەمانەیش بەرئەنجامی ئەزموونی تایبەتیی مێژوویی نەتەوە و کۆمەڵگەکانە و چوارچێوەی ڕەنگدانەوە و ڕەفتاری سیاسیی تێدا بەرجەستە بووە، دەکرێ لەناو چمکی تا ڕادەیەک بەرفراوانی کولتووری سیاسیدا جێی ببێتەوە.(٤)

پای(٥) پێی وایە کولتووری سیاسی، کۆی ڕەنگدانەوەکان و بەرپەرچدانەوەکان و بیروباوەڕەکان و هەروەها ئەو هەستانەیە کە ڕەنگڕێژی چوارچێوەی ڕەوتی سیاسی دەکا و هەروەها دەستنیشانی بنەما و پرەنسیپەکانی زاڵ بەسەر ڕەفتاری سیستەمی سیاسی دەکا.(٦)

بەپێی میتۆدی کولتووری سیاسییەوە(٧)، بۆ تێگەیشتن لە ئەنجامە سیاسی و ئابوورییەکانەوە، دەبێ تایبەتمەندی و ڕەهەندە کولتوورییەکانی حکوومەتەکان و ئینتیما و ڕووگەی سیاسی و شێوازی بەڕێوەبردنی حکوومەتیی ئەوان تاوتوێ بکەین. بە واتایەکی تر بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە سیاسەت، دەبێ لە دەروازەی کولتوورەوە بچینە ژوورەوە.

## کەسایەتیی دیموکراتیک

ژمارەیەک لە نووسەران، بابەتگەلی زەوینە کولتوورییەکان سنووردارتر دەکەن و هەڵوەستە لەسەر کەسایەتیی دیموکراتیک دەکەنەوە. دەستەواژەی "کەسایەتیی دیموکراتیک" بۆ ناساندن و باسکردنی ئەو دەستەیە لە کەسایەتیی تاکەکانەوە بەکار دەهێنرێ کە بەشێوەیەکی چالاکانە بەشداری لە سیاسەتی دیموکراتیک و شوێنەکانی کارکردن و ئەنجوومەنە خۆبەختکەرەکاندا دەکەن. کەسایەتیی دیموکراتیک لە هەمان کاتدا بۆ وەسفکردنی جۆرە کەسایەتییەک بەکار

دەهێنرێ کە لە ڕێی بەشداریکردن لەو جۆرە پێکهاتە و پرۆسە دیموکراسییانەدا، خەمی بیناکردن و ئەنجامدانی گۆڕانکاری و ڕیفۆرمی سیاسیی هەیە. کەواتە کەسایەتیی دیموکراتیک، هەم لە ڕێی هەڵبژاردنی جۆری پیشە و کارەوە دێتە کایەوە و هەمیش لە ڕێی بەکۆمەڵایەتیبوونەوە گەشە دەکا.

یەکەمین کەس کە توێژینەوەی لەبارەی کەسایەتیی دیموکراتیکەوە لە کایەی سیاسیدا ئەنجام دا، هارۆڵد لاسوێل بوو؛ لاسوێل پێی وایە کە کەسایەتی یاخۆ جۆری ئەتیکێتی سیاسی، خاوەن چوار تایبەتمەندی و ڕەهەندەیە. یەکەم: کراوەبوون و کۆمەڵایەتیبوونە کە بەرئەنجامی بوونی پێوەندیی بەرفراوانە لەگەڵ ئەوانی تر. دووەم: ئەولەوییەت دانان و پێشخستنی ئەو جۆرە لە بەها و کەرەستەکانە کە لەلایەن خەڵکی تریشەوە گرینگی و بایەخی پێ دەدرێ. سێیەم: بوونی بڕوا و قەناعەت بەوەی کە هەموو مرۆڤێک لە ناخی خۆیدا خاوەن سروشتێکی پاک و بێگەردە و هەروەها بوونی بڕوا بەخۆبوون. چوارەم: قووڵبوونەوە و ڕەگداکوتانی ئەو سێ تایبەتمەندییە بۆ هۆشی نائاگا (لاشعور)ی تاکەوە. بە بڕوای لاسوێل-ەوە، کۆمەڵگەی دیموکراسی، پێویستی بەکەسایەتیی دیموکراتیک هەیە و لە نێوان ئەم دووانەیشدا پێوەندییەکی هاوبەش و دوولایەنە لە ئارادایە. چمکێک کە لە دێرزەمانەوە کەوتووەتە بەرەی دژی چمکی کەسایەتیی دیموکراتیکەوە، چمکی کەسایەتیی دەسەڵاتخواز و پاوانخوازانەیە. ئەو چمکە، هێمایەکە بۆ کۆمەڵێک تایبەتمەندیی کەسایەتیی وەکو تەسلیمبوون لە بەرامبەر هێزی باڵادەست و چەوساندنەوەی ژێردەستەکان و هەست بە یەکسانی نەکردن لەگەڵ ئەوانی تردا (واتە هەستی باڵادەستبوون یاخۆ بندەستبوونە لەبەرامبەر ئەوانی تردا). بەپێی توێژینەوەیەکی کلاسیکیی تیۆدۆر ئادێرنۆ (لەبارەی کەسایەتیی پاوانخوازەوە، ساڵی ١٩٥٠)، کەسایەتیی پاوانخواز لە بنەڕەتدا کەسایەتییەکی لاواز و پاشکۆ و بێ متمانەیە و لەو قەناعەتەدایە کە بۆ گەیشتن بە ئاشتییەک لە هەستی ئاسوودەیی و دەسەڵات، دەبێ جیهان خاوەن نەزم و ڕێکخستنێکی تایبەتی بێ یاخۆ خۆی بەدوای دروستکردنی جۆرە نەزم و ڕێکخستنێکی لەو شێوەوەیە.(٨)

## کولتووری سیاسی لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا

ژمارەیەکی زۆر لە لێکۆڵەوانەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، لەو بڕوایەدان کە یەکێک لە فاکتەرە کاریگەرەکان لەبارەی بڵاوکردنەوەی دیموکراسییەوە لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئاستەنگە کولتوورییەکانن کە ڕیشە و سەرچاوەکەشیان بۆ بیروباوەڕە نەتەوەیی و نیشتمانی و مێژوویی قووڵ و لەمێژینەی ئەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە.

برایان کلاوسمیت لەو باوەڕەدایە کە چەندان بەڵگەی سەلمێنەر و قەناعەتپێکەری وەها لە بەردەستدان کە دەیسەلمێنن کە کولتووری سیاسیی ئاست نزم، دەتوانێ دیموکراسی لاواز و بێ هێز بکا و بۆ پشتڕاستکردنی ئەو بۆچوونەیشی، ئەفریقا و ئەمەریکای لاتین بە نموونە دەهێنێتەوە و دەڵێ پابەندنەبوونی نوخبەی سیاسیی ئەفریقا و ئەمەریکای لاتین بە بەها و پرەنسیپە

دیموکراسییەکانەوە، کێشەیەکی جیدییە کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی گەشەنەکردنی بەها دیموکراسییەکان لەو ناوچەیەدا.[٩]

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کۆمەڵێک وڵات پێک هاتووە کە لێکچوونێکی یەکجار زۆریان لە ڕووی وابەستەبوون بەنەریت و مەزهەب و کولتووری سیاسی و پێشینە و باکگراوندی مێژووییەوە لە نێواندا هەیە. سەرلەبەری ئەو وڵاتانە لە بەردەم پاڵەپەستۆکانی نوێکردنەوە و پەرەپێدان و لەو ڕووەیشەوە بەپێی پرۆسەکانی بێ گەڕانەوە (حەتمی)ی بەپیشەسازیبوون و دروستبوون و فراوانکردنی شارەکان و گەشەکردن و فراوانبوونی هۆیەکانی گەیاندنەوە، خواستێکی گشتیی لە بوارەکانی بەشداری و گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی و گۆڕانکاری لە شانۆی سیاسیی نەریتی لەو وڵاتانەدا لە زۆربووندایە.[١٠]

لەگەڵ ئەوەیشدا لاوازی و دواکەوتنی کۆمەڵگەی مەدەنی لەم وڵاتانەدا، لەلایەن زۆربەی هەرە زۆری توێژەکانەوە بووەتە خاڵی گرینگیپێدان و هەڵوەستەکردنەوە. لە ڕاستیدا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هیچ کاتێک بەشداریکردنی سیاسیی بەدامەزراوەکراوی لەلایەن کۆمەڵگەوە بەخۆیەوە نەبینیوە.

زۆرینەی بیرمەندانی بابەتەکانی تایبەت بەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەسەر ئەوە هاوڕان کە کولتووری سیاسیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خاوەن خەسڵەت و ڕەهەندگەلی ناوازە و تایبەت بەخۆیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕەوتی سەقامگیرکردنی سیستەمی سیاسیی دیموکراتیکی کارامە لەو وڵاتانەدا، تووشی پەککەوتن ببێ. ئەوە بەو مانایە دێ کە ئەو پێکهاتە کولتوورییانەی کە ئێستا لە کارکردندان وەکو کولتووری باوکسالاری و دیکتاتۆری و هەروەها شێوەی هەڕەمی و پاوانخوازی، لە بەرەی دژی چمکی دیموکراسیدان کە ئەمەیش خۆی لە خۆیدا لە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانی نەریت و مۆدێرنیتەوە سەرچاوەی گرتووە.

## ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانی نەریت و مۆدێرنیتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

چمکە سەرەکییەکانی وەکو "مۆدێرن" و "مۆدێرنیزم" و "مۆدێرنیزاسیۆن" و "مۆدێرنیتە" و چۆنیەتیی تێگەیشتنی ئێمە لەو چمکانە، کاریگەریی لەسەر مەعریفەی ئێمە لەسەر بابەتگەلی وەکو "نەریت" و "سیکۆلاریزم" و "کۆمەڵگەی ئاینی " و "دیموکراسی"دا دادەنێن.[١١]

مارشال بێرمەن[١٢]، مۆدێرنیتە، بەناوبژیوانی نێوان مۆدێرنیزاسیۆن و مۆدێرنیزم لە قەڵەم دەدا. ژیان و کۆمەڵگەی مۆدێرن پێویستیی بە تێڕوانینێکی کولتوورییە کە بە مۆدێرنیزم ناوزەد دەکرێ. تێڕوانین و بیرکردنەوەی کولتووری لەبارەی مۆدێرنیتەوە، لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا بوون و ئامادەیی نییە. سیاسەتوان و تەنانەت هەندێک جار ڕۆشنبیران و ئایدیۆلۆجیستەکانیش بەهۆی دوژمنکاری لەگەڵ تێڕوانینی کراوە و دیموکراتیکەوە، زۆر جار دەکەونە خانەی ناسیۆنالیستە ڕەگەزپەرستەکانەوە و بە هەڵە چمکی مۆدێرنیتە لە بازنەی تەسکی

(وەرگرتن و بەدەستـهێنانی زانست و تەکنەلۆجیای مۆدێرن)دا بچووک دەکەنەوە. بەبڕوای بێرمەن، مۆدێرنیتـە بەبێ بوونی مـۆدێرنیـزم، هەنگاونان بەرەو هەڵدێرە، لەبەرئەوەی کە بەبێ قبـووڵکردنی مەعریفەی کولتووریی ژیانی مۆدێرنەوە، لەوانەیە زانست و تەکنەلۆجیای مـۆدێرن بکەوێتە خزمەت ڕێڕەوێک کە دژی کامـەرانی و بەختیاریی مرۆڤە. ئەو، مۆدێرنیزاسیـۆن بە تێکۆشانێکی بەردەوام و هەمـیشـەیی بۆ دۆزینەوەی شـوێنێک لەو جیـهـانەدا دەزانـێ کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە گـۆڕانکاری و وەرچەرخان و هاوئاهەنگکردنی خۆی لەگەڵ هەوراز و نشێوەکاندایە. ئەو هەوڵ و کۆششانەیش کە لە وڵاتانی بەناو جیـهـانی سـێیـەمـدا و لەژێر ناوونیـشـانی پەرەپێدان و مـۆدێرنیـزاسیـۆنەوە ئەنجام دراون، بەهۆی نەبوونی تێڕوانـینێکی کـولتـوورییـەوە، لە پراکتـیکدا نەبوونەتـە هۆی هاتنە کـایە و دروستـبوونی کـۆمـەڵگەیەکی بەختـیـار و ئـاسـوودەوە. بێـرمـەن، لە توێژینەوەیەکی بەرفـراوان کە لەبارەی مۆدێرنیتەوە ئەنجامی داوە، چوار خەسڵەتی سەرەکی بۆ مۆدێرنیتە دەستنیشان دەکا:

یەکـەم تایبـەتمەنـدیی ئەوەیە کە مـۆدێرنیـتـە دیاردەیەکی تـا ڕادەیەکی یەکجـار زۆر ڕۆئاواییـیـە، ئەمـەیش ڕاسـتـیـیەکـە کـە چەندان ئاسـەواری کاوڵکارانەی بۆ دنیـای نارۆئاوایی بەدوای خـۆیدا هێنـاوە. تایبـەتمـەندیی دووەم بۆ جـەوهـەر و ناوەڕۆکی مـێـژوویی مـۆدێرنیـتـە دەگـەڕێتـەوە. ئەو ڕەهەندە، تایبەتە بەو پرۆسـە مێژووییـیەی کە لە ئەوروپا و لە ڕینیسانس و بزووتنەوەی چاکسازیی ئاینی، لە دوای نەمـان و هەرەسهێنانی جەمسـەربـەندیی نێوان دنیـای ڕاستـەقینە و دنیـای وەهمی کە ڕەهەندێکی تایبـەتیی بیرکردنەوەی سـەردەمی "پێش مـۆدێرن" بوو، دەستـی پێ کردووە. لایەنی سێیـەم جـۆری خـوێندنەوەی مـارکسـە لە شـۆڕشی بورجـوازی کە لە ڕێی لادانی دەمـامکی "وەهمی مـەزهەبی و سـیـاسـی"یەوە، ڕووی ڕاسـتـەقینەی پێوەندییە کـۆمـەڵایەتییـەکانیـان ئاشکرا دەکا و چەندان بژاری تازە و هیوای نوێ دەهێنێتە ئاراوە. بێرمەن، دەڵێ: "بوونی یـاخیبوونێکی حەقیقی و ڕەسـەن، بەرهـەمـی سـەردەمـی تـازەیە. چوارەمـین تایبـەتمـەندی بۆ تایبـەتمـەندیی کـۆمـەڵگەی بورجوازیی نوێ دەگەڕێتەوە کە لە کاتی ئێسـتادا لە ڕێی لەناوچوون و جێگۆڕکێکردنی کۆمەڵگەی کۆن لەگەڵ هی ئێستادا، دێتە ئاراوە: " کۆمەڵگەیەک کە بە واقیعی و بەشێوەیەکی ڕەسەن کراوەیە، نەک تەنیـا لە ڕووی ئـابووریـیـەوە، بگرە لە ڕووی سـیـاسـی و کـولتـووریشـەوە، بەشـێـوەیەک کـە هاووڵاتییان لە ڕووی کڕین و هەڵسەنگاندنەوە سەرپشک کراون و هەروەک چۆن بەدوای دۆزینەوەی باشـترین جـۆری کاڵا و شـمـەکەکانن، هەر بـەو شـێوەیەش بەدوای دۆزینەوەی باشـترین ئایدیا و بیروباوەڕی ئەنجوومەنەکان و یاساکان و سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکانیشەوەن.[١٣]

هیشام شەرابی، لە پەڕتووکی "باوکسالاریی تازە"دا ئاماژە بەو خاڵە گرینگە دەدا کە مۆدێرنیتە هاوزەمـان هەردوو چمکی ئاوەز و شـۆڕش لەخـۆ دەگرێ، لە وڵاتە عـەرەبی و ئیـسـلامـیـیـەکـاندا دەسـتکاری و چەواشـە کراوە و تەنیـا بەشـێوازێکی ڕووکەشـییـانە و زارەکی هەمـان گوتارە کۆن و سـواوە پاوانخـوازانەکـانی سـەردەمی باوکسـالاریی نەرێنیـیـان نوێ کـردووەتەوە و سـەرلەنوێ بەرهـەمـیان هێناوەتەوە. لە ئەنجامـدا، نە تاک و نە دامـەزراوەیەکی مـۆدێرنی ڕاسـتـەقـینـەیان تێدا

بەدی ناکرێ. لە ڕاستیدا هەندێک گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی ڕووکەشییانە و قووڵنەکراو ئەنجام دراون، بەڵام هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکی قووڵ و بنەڕەتی بەشێوەیەکی سەرەکی و پێکهاتەیی و دامەزراوەیی لەو وڵاتانەدا، لە بوارە جیاجیاکاندا ئەنجام نەدراون.(١٤)

هێشتا چەندان بابەتی وەکو ناسنامە و ڕەسەنایەتی و شەرعییەت لە بەردەم خەڵکی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدان کە بێ چارەسەر ماونەتەوە. لە جیهانێکدا کە هەردەم گۆڕانکاری و وەرچەرخانی زۆر خێرای تێدا ڕوو دەدا، کرۆکی ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، برێتییە لە پەشێوی لە دۆخی سیاسی و ناسەقامگیری لە بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا. بەگژداچوونەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی دیالێکتیکی لە نێوان هێزە چالاکەکانی خوازیاری مۆدێرنیتە، لەگەڵ ئەو هێز و لایەنانەی کە خوازیاری بەردەوامبوون و مانەوەی ڕەوتە نەریتییەکانن، واقیعێکی بنەڕەتی و سەرەکیی ئەو ناوچەیەیە. جۆری پێوەندییەکان و شێوازە کۆن و کلاسیکییەکانی نێوان مرۆڤەکانی ئەو ناوچەیە بەرە بەرە لەناو دەچن، لە کاتێکدا هێشتا هیچ جۆرە مۆدێلێکی تازە کە بتوانێ جێی شێوازە کۆنەکان بگرێتەوە، دیار نییە و هیچ ئاسۆیەکی ڕووناک بۆ ئەو مەسەلەیە لە ئارادا نییە. لە ڕووی سیاسیشەوە، حاکمە نەریتییەکان و ڕێبەر و سەرکردە هەڵبژێردراوەکان و گرووپە دەسەڵاتدارە سەربازی و نوخبە سیاسییەکان، لە تەک یەکتری هەڵناکەن و هیچ فۆرمێک لە حکوومەتەکانیشیان لە هەڕەشەی توندوتیژیی سیاسییەوە پارێزراو نییە.

لەلایەکی تر بەپێچەوانەی ئینتیمای پێوەستبوون بە مۆدێرنیتەوە، ڕەوتێکی ڕوو لە گەشە بۆ دۆزینەوە و زیندووکردنەوەی ڕوانگە گرینگەکانی ڕابردوو، سەری هەڵداوە. خەڵکی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، گیرۆدەی بابەتگەلی هزریی تایبەت بەپرسەکانی شوناس و ڕەسەنایەتین. لەو چوارچێوەیەدا، دەتوانین باسی لایەنە سەرنجڕاکێشەکانی ئیسلامی نوێ یاخۆ نوێکراوە بکەین. کەواتە وەرچەرخانی کۆمەڵایەتی لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، تایبەتمەندیی تێکەڵاوی سەیروسەمەرەی نێوان نەریت و مۆدێرنیتەی تێدایە.

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ترەوە سەیری ئەو بابەتە بکەین، دەبێ بڵێین چمکی تاک و تاکگەرایی لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەشێوەیەکی ڕیشەیی و بنەڕەتی بایەخی پێ نەدراوە. نموونەیەکی بەرچاو و ئاشکرای ئەو مەسەلەیە، سیستەمی سیاسیی ناوچەی کەنداوە کە لەسەر بنەمای خزمایەتی و خێزانییەوە بنیات نراوە وەکو خانەوادەکانی (آل سعود، آل ثاني، آل صباح، آل سعيد، آل خليفة،...).

بەپێی جۆری بیرکردنەوەی ئەو جۆرە سیستەمە سیاسییانەوە، بڵاوکردنەوە و گەشەسەندنی دیموکراسی دەتوانێ بە هەڕەشەیەک بۆ سەر پێگەی نایابی خێزانیی ئەو خانەوادانە لەو وڵاتانەدا لە قەڵەم بدرێ.(١٥)

لە گشت ئاستە سیاسییەکانی نەتەوەی عەرەب بەشێوەیەکی تایبەتی و لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوەیەکی گشتی، خێزان بەپێکهاتەی سیاسی و هەروەها پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی گرینگی ئەو

وڵاتانەوە لە قەڵەم دەدرێ. کاراکتەرە سیاسییەکان، هەردەم بەپێی ناسنامەی خێزانییەوە لە یەکتری جوێ دەکرێنەوە و هەیمەنەی سیاسی تەنانەت لە دەرەوەی خێزانەکانیش لە زۆربەی کاتەکاندا بەشێوەیەکی باوکسالاران بەرجەستە دەبن، بۆیە پێکهاتەی پاوانخوازانە لە هەموو شوێنێکدا بەدی دەکرێ کە ڕێگرە لە بەردەم بەرجەستەبوونی دیموکراسی چ لە ئاستی تاک و چ لە ئاستی گشتیدا.

لەلایەکی تریشەوە، خودی هاووڵاتییانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستیش، لە زۆربەی سیستەمە سیاسییەکانی ئەو ناوچەیەدا، بایەخ و گرینگی بە بابەتەکانی تایبەت بە مافەیلی مرۆڤ و لایەنە جیاجیاکانی ئەو مافانە نادەن. بۆچوونی کۆمەڵانی خەڵک لە زۆربەی سیستەمە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەشێوەیەکی ستوونی و لە خوارەوە بۆ سەرەوەیە و ئەوان هەردەم، چاویان لە لوتف و بەزەییی حوکمڕانەکانە بۆ ئەوەی بتوانن لەو ڕێگەیەوە ڕەوشی بژێویی ژیانی ڕۆژانەیان باشتر بکەن. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە تەنانەت لەناو توێژی زانستی و نوخبەی هزریی ئەو وڵاتانەیشدا ڕەگی داکوتاوە و مەسەلەی وابەستەبوون بە بژێویی ژیان، بووەتە هۆی ئەوەی کە بەرهەمە هزری و زانستییەکان لە بوارەکانی مافەیلی مرۆڤدا گەشە نەکا یاخۆ ببێ بە ئامرازێک بۆ وەدەستهێنانی ناوبانگ و گەیشتن بەدەسەڵاتی سیاسی. پێوەندیی نێوان ئەو گیروگرفتانە، بوونەتە هۆی چەقبەستنی پەرەپێدانی مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری لە هەندێک لە سیستەمە سیاسییەکانی ئەو ناوچەیەدا و گەندەڵیی سیاسی و ئابووری و کولتووریی لێ کەوتووەتەوە.

گرینگترین خاڵەکانی بایەخپێدانی هەر هاووڵاتییەکی ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، دوو بابەتی سەرەکیی دابینکردنی بژێویی ژیان و ئاساییشن. هەر ئەمەیشە کە بووەتە هۆی ئەوەی کە دوو دیاردەی تاڵان و شەڕ لەلای هاووڵاتییانی ئەو ناوچەیەدا، بە بابەتێکی ئاسایی و ڕۆژانە و گشتی لە قەڵەم بدرێ. دیارە لە دۆخێکی کولتووریی وەهادا، مرۆڤی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست دەرفەتی ناسین و ئاشنابوون بە مافە نیشتمانی و جیهانییەکانی خۆی لە دەست دەدا و ماوەیەکی زۆری دەوێ تاوەکو بیر لە پێناسەی مافی هاووڵاتیبوونی خۆی بکاتەوە کە گرینگترین هۆکاری ئەمەیش، هەمان پێکهاتەی پاوانخوازانەی کولتووریی زاڵ بەسەر حکوومەتەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستە.

لە ڕاستیدا، بایەخپێنەدانی حوکمڕانە سیاسییەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، لە پێناسەنەکردن و دەستنیشاننەکردنی مافەکانی تاک لەو ناوچەیەدا، نیشان دەدا کە نەیانتوانیوە سوود لە لایەنە باشەکانی مێژوو و نەریت و ئاین و کولتووری ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست وەربگرن و بەرئەنجامی ئەوەیش، ناکارامەیی و سەرنەکەوتنی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست لە پرسی گواستنەوە بەرەو دیموکراسی و سەرهەڵدانی جۆری چالاکیی دژەکرداری و بەرپەرچدانەوەیییە و هەروەها بەڵگەیە بۆ گەشەنەکردنی ئەو بابەتگەلە لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا.

## ئەنجامگیری

بەگوێرەی ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە باسیان لێ کرا، دەگەینە ئەو بەرئەنجامەی کە لە نێوان ڕەهەندە کولتوورییەکانی حکوومەتە نادیموکراتییەکان و شیمانەی هەنگاونانی ئەوان بەئاراستەی وەدەستخستنی دیموکراسیدا، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە ئارادایە. کولتووری سیاسیی وڵاتەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، کولتوورێکی دەسەڵاتخوازانەیە کە بووەتە ڕێگرێکی جیدی و سەرەکی لە بەردەم دەستەبەرکردنی دیموکراسی و هاتنە کایەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و ئازاد و سەربەخۆ لەو وڵاتانەدا.

مافەکانی هاووڵاتیبوون لەو وڵاتانەدا، زۆر لاواز و کرچ و کاڵن. پانتاییی بڕیارەکانی حکوومەت زۆر بەرفراوانترە لە سنووری کۆمەڵگە و ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنیی سەربەخۆیش لەو نێوەندەدا بەبەراورد لەگەڵ حکوومەتدا، زۆر لاواز و کەم بایەخە. ئەو کولتوورەی کە حکوومەت برەوی پێ دەدا، کولتووری تاکپەرستی و پاوانخوازانەیە و زیاتر بەئاراستەی شێوازی کەسایەتیی کاریزمایی و ئەفسانەییە مەدەنییەکان و شێوازە جیاجیاکانی باوکسالارییە. حوکمڕان و دەسەڵاتدارەکانی وڵاتە عەرەبییەکانی سەرانسەری ناوچەکە، بەپشتبەستن بەنەریتی باوکسالارانەوە، بەردەوامی و گەشەیان بە هێزی دەسەڵاتخوازانەی خۆیان داوە و لە ڕاستیدا زۆربەی هەرە زۆریان جەخت لەسەر ئەو جۆرە پرەنسیپ و بنەمایانە دەکەنەوە کە لەسەر کۆڵەگەی پەیڕەویکردن و تەسلیمبوونەوە بنیات نراون.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین، خۆشکردنی زەوینە بۆ قووڵکردنەوە و ئاسانکردنی ڕەوتی گواستنەوە بەرەو دیموکراسی لە وڵاتانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەکو هەر دیاردەگەلێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تر، بەندە بە هاتنەدی هەلومەرج و زەوینەگەلێکی تایبەتییەوە. بەپێی ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە باس کران، نووسەری ئەو ڕستانە لەو بڕوایە دایە کە سەرباری کاریگەری بابەتگەلی وەکو پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسی و پەرەپێدانی ئابووریی و هەلومەرجی سیستەمی نێودەوڵەتییی، ڕەوتی گواستنەوە بەرەو کەناری دیموکراسی لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا پاشکۆ و شوێنکەوتووی ئەو وڵاتانەیە.

ئاسۆ و دواڕۆژی دیموکراسییەکی سەقامگیر بۆ هەر وڵاتێک، بەندە بەوەی هاووڵاتییان و سەرکردەکانی ئەو وڵاتانە چەندە بتوانن پشتگیری لە پرەنسیپ و ئاکارە دیموکراتییەکان بکەن. بێگومان باشترین ئاستی پشتگیریش لەو کاتە ڕوو دەدا کە ئەو جۆرە بۆچوون و بیروباوەڕ و ئینتیمایانە لەناو کولتووری ئەو وڵاتانەدا، ڕەگیان داکوتابێ و بەشێوەیەکی گشتی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بگوازرێنەوە و بە واتایەکی تر ئەو وڵاتانە ببن بەخاوەنی کولتوورێکی سیاسیی دیموکراتیک.

سەرچاوە و ژێدەرەکان:


- بێرمەن، مارشال، تەرجەمەی مۆدێرنیتە، وەرگێڕانی موراد فەرهاد پوور، تاران: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی تەرحێ نۆ، ١٣٧٩ی هەتاوی.
- بەشیرییە، حوسێن، ئەقڵ لە سیاسەتدا، تاران: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی نێگاهێ موعاسێر، ١٣٨٢ی هەتاوی.
- پیۆزی، مایکل، یۆرگن هابێرماس، وەرگێڕانی ئەحمەد تەدەییۆن، تاران: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی هێرمس، ١٣٧٩ی هەتاوی.
- زاکریان، مەهدی، مافەکانی مرۆڤ و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تاران: سەنتەری لێکۆڵینەوە زانستییەکان و توێژینەوە ستراتیجییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ١٣٨٢ی هەتاوی.
- شەرابی، هیشام، باوکسالاریی نوێ، وەرگێڕانی ئەحمەد مووەسقی، تاران: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کەویر، ١٣٨٢ی هەتاوی، چاپی دووەم ١٣٨٥ی هەتاوی.
- فەتحی ئاشتییانی، عەلی، سەرەتایەک لەبارەی دەروونشیکاریی سیاسی، تاران: ئەنستیتۆتی چاپ و بڵاوکردنەوەی بێعسەت، ١٣٧٧ی هەتاوی.
- فەرهەنگ، ئۆمید، "دیموکراسی بەبێ دیموکراتەکان"، وەرزنامەی گفتوگۆ، ژمارە ١٣ _ ١٤، زستانی ١٣٧٥ی هەتاوی.
- کلاوسمیت، برایان، تێگەیشتن لە سیاسەتی جیهانی سێیەم: تیۆرییەکانی تایبەت بەپەرەپێدان و گۆڕانکارییەکان، وەرگێڕانی ئەمیر محەمەدی حاجی یوسفی و محەمەد سەعیدی قاینی، تاران: وەزارەتی کاروباری دەرەوە، ئەنستیتۆتی چاپ و بڵاوکردنەوە، ١٣٨٤ی هەتاوی.
- لیپێست، مارتین خۆر، ئەنسیکلۆپیدیای دیموکراسی، وەرگێڕانی دەستەیەک لە وەرگێڕەکان، تاران: وەزارەتی کاروباری دەرەوە، ئەنستیتۆتی چاپ و بڵاوکردنەوە، ١٣٨٣ی هەتاوی.
- مانهایم، کارل، بەدیموکراتیکبوونی کولتوور، وەرگێڕانی پەرویز ئیجلالی، تاران: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی نەی، ١٣٨٥ی هەتاوی.
- میرسێپاسی، عەلی، دیموکراسی یا حەقیقەت، تاران: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی تەرحێ نۆ، ١٣٨١ی هەتاوی.
- نەقیب زادە، ئەحمەد، دەروازەیەک بۆ کۆمەڵناسیی سیاسی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەمت، ١٣٧٩ی هەتاوی.

- Colbert C.Held, Middle East Patterns, bouder: westiview, Press, 1989.

- Coltd&Tauris, Ghassan Salame, Democracy without Democrats, 1994. London.


(١) مەحموود سەریعولقەڵەم، "ئاسۆی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا: شیکاریی ئاستەنگە کولتوورییەکان"، وەرگێڕانی سەعیدە لوتفییان، وەرزنامەی توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ساڵی حەوتەم، ژمارە چوار، زستانی ١٣٧٩ی هەتاوی، لاپەڕەکانی ٧١ _ ٥٩.

(٢) نەقیب زادە، عەلی، دەروازەیەک بۆ کۆمەڵناسیی سیاسی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەمت، ١٣٧٩ی هەتاوی، لاپەڕەی ١٦٧.

(٣) پیۆزی، مایکل، یۆرگن هابێرماس، وەرگێڕانی ئەحمەد تەدەییۆن، تاران: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی هێرمس، ١٣٧٩ی هەتاوی. لاپەڕە ١٦٤.

(٤) فەتحی ئاشتییانی، عەلی، سەرەتایەک لەبارەی دەروونشیکاریی سیاسی، تاران: ئەنستیۆتی چاپ و بڵاوکردنەوەی بێعسەت، ١٣٧٧ی هەتاوی. لاپەڕەی ٢١.

(5) W,L , Pay.

(٦) هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٢.

(7) political culture.

(٨) لیپێست، مارتین خۆر، ئەنسیکلۆپێدیای دیموکراسی، وەرگێڕانی دەستەیەک لە وەرگێڕەکان، تاران: وەزارەتی کاروباری دەرەوە، ئەنستیۆتی چاپ و بڵاوکردنەوە، ١٣٨٣ی هەتاوی. لاپەڕەکانی ٩٤٥ _ ٩٤٣.

(٩) کلاوسمیت، برایان، تێگەیشتن لە سیاسەتی جیهانی سێیەم: تیۆرییەکانی تایبەت بەپەرەپێدان و گۆڕانکارییەکان، وەرگێڕانی ئەمیر محەمەدی حاجی یوسفی و محەمەد سەعیدی قاینی، تاران: وەزارەتی کاروباری دەرەوە، ئەنستیۆتی چاپ و بڵاوکردنەوە، ١٣٨٤ی هەتاوی. لاپەڕەی ٥٠٢.

(١٠) بەشیرییە، حوسێن، ئەقڵ لە سیاسەتدا، تاران: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی نێگاهێ موعاسێر، ١٣٨٢ی هەتاوی. لاپەڕەی ٥٦٩.

(١١) میرسێپاسی، عەلی، دیموکراسی یا حەقیقەت، تاران: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی تەرحێ نۆ، ١٣٨١ی هەتاوی. لاپەڕەی ٣٤.

(12) Marshal Berman.

(١٣) بێرمەن، مارشال، تەرجەمەی مۆدێرنیتە، وەرگێڕانی موراد فەرهاد پوور، تاران: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی تەرحێ نۆ، ١٣٧٩ی هەتاوی. لاپەڕەکانی ١٠٦ _ ١١٢.

(١٤) شەرابی، هیشام، باوکسالاریی نوێ، وەرگێڕانی ئەحمەد مووسەقی، تاران: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کەویر، ١٣٨٢ی هەتاوی، چاپی دووەم ١٣٨٥ی هەتاوی. لاپەڕەی ١٠.

(١٥) زاکریان، مەهدی، مافەکانی مرۆڤ و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تاران: سەنتەری لێکۆڵینەوە زانستییەکان و توێژینەوە ستراتیجییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ١٣٨٢ی هەتاوی. لاپەڕەی ٣٠.

هەوراز پێکاتەی کتێب

# مۆدێرنیتە چییە؟[١]

ئابێل ژانی یر

وشەی مۆدێرن بە دوو شێوە باو بووە کە لە هەردوو شێوەکەیدا نارِوون و ئاڵۆزە، دەکرێ وەک ناوونیشانێک بۆ چەند فەسڵێکی مێژوو دابنرێ، بەشێوەیەک کە پاش سەدەکانی ناوەڕاست، چەرخی ڤەژان (چەرخی مۆدێرن) سەری هەڵدا، بەڵام باوترین لایەنی بەکارهێنانی وشەی «مۆدێرن» لە سۆنگەی لایەنی خورتی هەستیارییەوە، کۆمەڵێک بەهای سۆزدارانەی پۆزەتیڤ، یان نێگەتیڤ لە وشەکە بار دەکا؛ لە ڕاستیدا مۆدێرن بە هاوتای نوێ یا نوێیباو دادەنرێ و لەم ڕووەوە کریارگەلی پەسندکراوی بواری کولتووری و ژیانی ڕۆژانە چ، ناشرین بن یان جوان، بە مۆدێرن دادەنرێن.

زێدەباری ئەمانەش، زەقترین گۆڕانکارییەکان، لە گەشەی تەکنیکی و لە گۆڕانکاریگەلی بنەڕەتیی بواری سەنعەت و شوێنی کارەوە سەرچاوە دەگرن. هەندێ کەس مۆدێرنیتە گرێ دەدەنەوە بەو لادانە پەسەندەرانەیەی بەرهەمهێنانەوە phoduetivisme)[٢] کە بەڕواڵەت یەکلاکەرەوە و بێ گەڕانەوەیە و هەروەها ئەوەش دەزانین کە پێکهاتەی تەکنیکی[٣] لە هەموو شوێنێک جۆرە پۆلبەندییەکی یەکدەستکەر و لێک گرێدانێکی تێکپەڕیو لە نێوان ئابووری و دەوڵەت و لە ئەنجامدا لە ناو تاکەکاندا، پێک دێنێ، ئەمەش وای کردووە، کە هەندێ کەس ئەمە بە مۆدێرن بزانن.

لەمەڕ ئەو چاندەی کە بەمۆدێرن بەناو کراوە و شوێن لەسەر بیروڕای گشتی دادەنێ و بووەتە بۆنوبەرامی باوترین باسوخواسەکان. دەبێ بڵێین کە زۆرجار لە هەندێ بابەتدا کورت دەکرێتەوە کە لە ڕێی میدیاکانەوە، چوونەتە ناو خەڵکەوە و بە ئاسانی تێکەڵی ئەو دیاردانەی دەبێ کە

.................................................................

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فەرهاد ئەکبەری.

بووەنەتە مودەی ڕۆژ. کەوابوو، ئەوەی بکەوێتە سەر زاران و خەڵک بۆ لای خۆی رابکێشێ، بە مودیرن دادەنرێ.

وەها تێ هەڵڕوانییێک بەها دەداتە کۆمەڵێک هەڵسەنگاندنی پێکناکۆک کە وەپێش شرۆڤەکاری دەکەون و زۆرجار باسوخواس لەمەڕ «مۆدێرنیتە» تەنیا لە چوارچێوەی کۆمەڵێک شتی ویرسا و خەیاڵاوی، شارەزاییی نیوەچڵ و بە جەماوەریکردنێکی بێ بنچینەدا کورت دەکرێتەوە. بۆیە گرینگ ئەوەیە کە پاش لێکدانەوەیەکی ورد، دەردەکەوێ کە ئاخۆ وشەی «مۆدێرن» تەنیا ناوونیشانێکە کە بەسەرچەند سەدەیەکی مێژوو بڕاوە یان ئەوەی سووڕی ژیانی (شێوە گۆڕینی)ی سەرپاکی کولتوورێک دیاری دەکا؛ مەبەست گۆڕینی شێوەی پێوەندیی ئێمە لەگەڵ سروشت و مرۆڤەکانی تر و سەرئەنجام گۆڕانی ڕوانگەی ئێمە لەمەڕ بوونی خوایە.

لە ڕاستیدا، وشەی «مۆدێرن» پێناسەی ئەو دەستوداره دەکات کە پاش گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی، پێک هات، بۆیە هەم بۆ پێناسەی مرۆڤ و هەم بۆ پێناسەی ژینگەکەی کەڵکی لێ وەردەگیرێ، بەڵێ ڕاستە، دنیای مۆدێرن دنیایەکە کە شوێنی دنیای کشتوکاڵیی گرتەوە و لەم پێڤاژۆیەدا جیهانبینییەکی ئەوتۆ خولقا کە بە تەواوەتی لە جیهانبینی کۆن جیاواز بوو و بەم ڕەنگە، مۆدێرنیتە سەرەتا شوێنی لەسەر مرۆڤ و پاشان لەسەر ژینگەکەی دانا. لەم ڕووەوە، خستنەڕووی پێناسەیەکی تەواو و هەمەلایەنی وشەی مۆدێرنیتە بەم شێوەیەی خوارەوە دەست دەدا: باس لە لۆجیکێکی نوێ دەکەین کە ئەو چوارچێوەیە کە پێشتر نەناسراو بوو، پێناسە دەکا، یان وەکی تر مۆدێرنیتە بریتییە لە لۆجیکی جیهانبینییەکی نوێ. بەڵێ مۆدێرن بوون واتە ژیان لە جیهانێکدا کە جیاوازە لە جیهانی پێشوو. هەر بۆیە دەبێ بە مێتودگەلی جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ.(٤)

بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەم لۆجیکە لە بوارگەلی جیاوازدا چالاکە و پاش شوێندانان لەو بوارانەدایە کە هەستی پێ دەکرێ. لە ڕاستیدا دۆزینەوەی ئەم لۆجیکە لە چوار بواری جیاوازی وەک فیزیا و هەروەها بوارگەلی سیاسی، چاندی و کۆمەڵایەتیدا، نەک هەر ئیشێکی ئاسان نییە، بگرە زەحمەتیشە. پاش چوار شۆڕشی (زانستی، سیاسی، چاندی و تەکنیکی- پیشەیی) کە پێویستە هەرکامیان بە روونی پێناسە بکەین، مرۆڤ و ژینگەکەی نوێ دەبنەوە، ڕووی جیهان پاش دەربازبوون بە هەرکام لەم شۆڕشانەدا، وەها دەگۆڕێ کە ئیتر ناکرێ وەکو پێشوو سەیری بکەین. مرۆڤ لەمەولا لە چوارچێوەی ئەم لۆجیکەدا لە خۆی و دەوروبەرەکەی ڕادەمێنێ. دیارە ئەم جیهانبینییە یەکدابەدوو و لە پڕدا سەری هەڵنەداوە، ئەگەرچی فیزیا بواری بۆ گۆڕانکارییەکی قووڵ خۆش کرد. بەڵام نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە بەر لە شۆڕشی نیوتنی تەنگژەیەکی درێژخایەنی تیوریک لە گۆڕێدا بوو. لە ڕاستیدا تێگەیشتن لەوەی کە یاساگەلی زاڵ بەسەر گەردووندا گۆڕاون تەنیا لە سنووری ناوەندە زانستییەکاندا قەتیس نەما و پێی نایە دنیای دەرەوەش و تێگەیشتنێکی جیاوازی لەمەڕ چۆنیەتیی پێوەندی بە سروشتەوە ئافراند. دیارە ئەم

ڕووداوە گرینگە نەیدەتوانی بەبێ وەرچەرخان و گۆڕانکاری لە دنیای کار، چۆنیەتیی تێگەیشتنی لە کار، شێوازی پێوەندی و مامەڵەی مرۆڤەکان پێکەوە، بمانەوێ نەمانەوێ، شێوەی خواپەرستی و لە ئەنجامدا گۆڕانی سێرمونیا و ڕێوشوێنی ئاینی، لێ بکەوێتەوە.

کەوابوو، پێویستە بایەخ بدەینە ئەو خاڵە کە جیهانبینیی نوێ، تیشکی خستووەتە سەر چەند بوار و لۆجێکی نوێ و لە هەرکام لەو بوارانەدا، پێکهاتەگەلێکی پێوانە هەڵنەگر پێک دێنێ، زێدەباری ئەمەش، شارەزابوون لەو گۆڕانکارییانەی کە لە تێکڕای ئەو بوارانەدا پێک دێن، بە یەک ریتم نایەتە دی،

هەروەک ئاماژەمان پێ کرد، ئەو چوار شۆڕشەی کە ڕێخۆشکەر بوون بۆ سەرهەڵدانی مۆدێرنیتە بریتین لە: شۆڕشی زانستی، شۆڕشی سیاسی، شۆڕشی کولتووری و شۆڕشی تەکنیکی- پیشەیی. بەڵام لەبەرئەوەی کە هەرکام لەم شۆڕشانە چەند قۆناخێکیان بڕیوە، کەوابوو، لە هەرکام لەو بوارانەدا دەکرێ زۆر و کەم مۆدێرن بین. لەلایەکی ترەوە، دەکرێ یەک یان چەند شۆڕش بەبێ ئەوەی کە تێکەڵ بە شۆڕش یا شۆڕشگەلی تر بکرێن، بهێنینە دی. هەر بۆیە تا کاتێ کە هۆکارەیلی سەرهەڵدانی مۆدێرنییە دەکرێ ڕاڤەکردنی ئەم چوار شۆڕشە تەنیا بەشێوەیەکی گشتی دەست دەدا. بەڵام شرۆڤەکردنی قووڵتر بۆ تێگەیشتن لەم لۆجیکە نوێیە و بەرئەنجامەکانی، باسێکی ترە. بە کورتی بە سەرنجدان بەوەی کە لۆجیکی نوێ لۆجیکێکە کە لە ڕێگەی مۆدێرنیتەکانەوە مۆدێرنیتە بەرجەستە دەکا. لێرەدا تەنیا ئاماژە بە بوارەکانی دەرکەوتنی دەکەین.

## شۆڕشی زانستی

بە دۆزینەوەی یاسای راکێشانی گشتی لەلایەن نیوتنەوە[٥]، شۆڕشی زانستی دەستی پێ کرد و کەلێنی نێوان دوو جۆرە جیهانبینی ئاشکرا کرد. بەم ڕەنگە، لە سروشتێکە کە خوا و فریشتەکان ڕاستەوخۆ بەڕێوەی دەبەن، پێ دەنینە ناو سروشتێکی خۆڕێکخەر و لە سروشتێکەوە کە نوێنگە و نیشانەی ئیرادەی خوایە، بەرەو میکانیکی ئاسمانی دەچین. کە تەنیا پرەنسیپی «موجبیت» یاساکانی دەردەخا. زۆری نەبرد کە (لاپلاس)[٦]یش تیۆری میکانیکی گشتی داهێنا.

بەر لەم دابڕانە، مرۆڤ لە جیهانێکی بە زیبکوزاکوون و لە ڕاستیدا وەک ئەڵقەی پێوەندیی نێوان سروشت و خودا وابوو. خوا ئەم جیهانە چوارچێوەدار و خاوەن هیرارکییەی بە دیسیپلین و ئەندازە خوڵقاندبوو جیهانێک کە لە قەڵەمڕەوی تێرامانی مرۆڤدا بوو، لە بنەڕەتدا بە خاوەن دیسیپلینێکی سیبمولی دادەنرا کە خوا لە ڕێگەیەوە رووی دەمی دەکردە مرۆڤ. بەڵێ «کتێبی جیهان» بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی خرابووە بەردەستی مرۆڤ. تێگەیشتنی سەدەکانی ناڤین لەمەڕ گەردوون، تێگەیشتنێکی سیبمولیک بوو: دوو بەشی مادی و مەعنەوی، چ لە مرۆڤ و چ لە

دنیادا، یەکەتییەکی ڕێکوپێک پێک دێن. سەرپاکی سروشت وەک ڕاستییەک سەیر و ژیانی تێدا دەکرا کە ڕێخۆشکەرە بۆ قۆناخێکی تری ژیان. بۆیە مرۆڤ بە گوێرەی ئەم ڕوانگەیە وەک ئەڵقەیەکی پێوەندی سەیر دەکرا کە دیتراو و نەدیتراو مادە و ڕوح تێیدا بووبوونە یەک. لە کۆندا کولتوورێکی سیبمولێک زاڵ بوو (ئێستاکەش پاشماوەی لەناو مێشکی هەندێ کەسدا ماوە) کە تێیدا هەر بوونەوەرێک لە پێوەندیی خۆیدا لە تەک قۆناخگەلی تری ئەودیوی جیهانی بەرهەستدا، وەک بوونە خاوەنی گەوهەرێکی بەنرخ سەیر دەکرا،

بە کورتی جیهانێکی پارچەکراو، جێگەی ئەو یەکەتییە سیبمولیکەی گرتەوە. کە تێیدا مرۆڤی دابڕاو لە سروشت لە هەوڵی گەڕانەوەیە بۆ باوەشی سروشت. لێرە بەولاوە جیهانی مادی وەک گەردوونێک دەردەکەوێ کە بەشێوەیەکی میکانیکی ڕێک خراوە و گوێڕایەڵی پرەنسیبی (موجبیت) (determinism)ە و مرۆڤ دەبێ بۆ دۆزینەوەی یاساکانی تێ بکۆشی. بەم ئاوایە لە وێنەی «کتێبی جیهان»ەوە دەپەڕینەوە بۆ وێنەیەکی ئۆتۆماتیکیی قەبەی گەردوونی. لەو سۆنگەیەوە کە ئەم ئۆتۆماتە تەنیا لە میکانیزمەکانی خۆی پەیڕەوی دەکا، یاساگەلی فیزیا سیبمولێکگەریی تری لە مەیدان دەردەپەڕێنن و لێرە بەدواوە ئاسمانەکان تەنیا باسی خۆیان دەکەن. لە کتێبی (زەبوور)دا نووسراوە: «ئاسمانەکان گۆرانی بۆ مەزنایەتیی خوا دەڵێن». پاسکال پاش نیوتن نووسی: «کییی هەتاهەتاییی ئەم بۆشاییە بێ بنە مووچڕکەم پێدا دێنێ(٧)»

شۆڕشی زانستی ڕوویەکی تری هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری و پەرەسەندنی بیرکاری. لە ڕاستیدا دەکرێ سەرلەبەری دنیا لە ڕێی بیرکارییەوە، لێک بدرێتەوە. با ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە نیوتن بۆ شرۆڤەکردنی یاساکانی گەردوون دەبا کۆمەڵەی ژمارەکانی لە ڕێگەی بیرکارییەوە حیسێب کردبا؛ بۆیە، ناچار بوو، حیسێبی چەندایەتییە وردەکان دابهێنێ کە پاش ماوەیەک لایب نیتس ئیشەکەی تەواو کرد.

شۆڕشی زانستی لە هەردوو ڕووەکەیەوە، خاوەن مێژوویەکە کە تێیدا، دابڕانگەلی نوێ، قۆناخەکانی مۆدێرنیتە دەردەخەن. بە چەشنێک کە لە میکانیک و تێگەیشتنی (لاپلاس)ەوە لەمەڕ گەردوون، دەگەینە تیۆری ڕێژەییی تایبەت و پاشان تیۆری ڕێژەییی گشتی ئەنیشتاین، هەرچەند پرەنسیبی (موجبیت) هێشتا وەک یاسا و ڕێسا سەیر دەکرێ. بەڵام گەردوون سەرلەنوێ پێناسە دەکرێتەوە و لە هەندەسەی (ریمانی)دا[٨] پەرە دەستێنێ کە بە ڕوونی ناتەبایە لەگەڵ تایبەتمەندیی هەستەوەرەکانی ئێمەدا. لە ئاکامدا و بەهۆی تیۆری نیلس بوور و فیزیای کوانتومییەوە، پرەنسیبی (موجبیت) شوێنێکی گرینگی بۆ شیمانەکان داناوە بەبێ ئەوەی لە سەربەخۆییی دنیا کەم بکاتەوە. دیارە هەندێک لە فیزیازانان قەناعەتیان بە پەڕینەوە بۆ قۆناخی سێیەم و تێگەیشتن لە فیزیای کوانتومی وەک ڕێگەیەکی نوێ بۆ فۆڕمگەیێن بەو جیهانەی کە لە دەرەوەی سیبمولگەلی بیرکاریدا تێگەیشتن لێی ڕەحمەتە، نییە و فیزیای کوانتومی تەنیا بە مێتۆدێکی ساکاری حیسێبکردن دەزانن.

هەرچۆنێک بێ لە بواری بیرکاریدا، لایب نیتس بە دوای زمانێکدا دەگەڕا کە بتوانێ سەرلەبەری گەردوونی پێ شرۆڤە بکا. بۆیە حیسابی چەندایەتییە وردەکانی داهێنا. پاشان هیبلبێرت هەوڵی دا لۆجیکی سیبمولگەریی تری بەرێتە ناو بیرکارییەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ئەنجامدا، تەنگژەی لە بنەماکاندا، سەرەتا لە بیرکاریدا و پاشان لە لۆجیکدا، لێ کەوتەوە: ئەم تەنگژەیەش لە بواری لۆجیکدا لەگەڵ پرەنسیبی پارادۆکسگەلی هوسرێل و لە بواری بیرکاریدا، بەتایبەت، لەگەڵ مەسەلەی tion phoposi ی گودل (Godel)[٩]دا سەری هەڵدا.

لە ڕاستیدا لە ١٩٣١ بەملاوە، هەڵێکی ئەوتۆ بۆ گونجان و تەبایی لەگەڵ مەسەلەکەی (گودل)دا نەڕەخساوە. گرینگیی مەسەلەکەی گودل لەوەدایە کە ناوبراو بە زانایان لە بیرکاری و زانستی لۆجیک و فەیلەسووفانی ئۆگری بنەماکانی بیرکاریی سەلماند کە هیچ چەشنە سیستەمێکی جێگیر با زۆر ورد و مووقەلاشیش بێ، ناتوانێ ئاڵۆزیی زنجیرەی ژمارە سروشتییەکانی (... و٣ و ٢ و ١ و.) روون بکاتەوە. ئەوەی لە چوارچێوەی ئەم قسەیە و باسانەدا دەرکەوت لە ڕاستیدا ئەرکی زانستی لۆجیک بەپێی میتۆدی گەڕانەوە بوو بۆ خۆی. ئەوجار دەرکەوت کە بازدان بەسەر بەڵگەهێنانەوە لەناو بازنەیەکی داخراودا – وەک باند مووئەبیوس[١٠] – تەنیا تایبەت نییە بە بیرکاری.

بە هەرحاڵ هەروەک دەزانین زۆرجار باوەڕهێنان بە هەڵوەشاندنەوەی بنەماکان، کارێکی ئەستەمە. شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە هزری فیزیایی – بیرکاری، دوو قۆناخی بە دووبەریانی بە تەواوەتی لێک جیاوازدا بڕی. کە تاقە خاڵی سەرەکیی هاوبەشیان، سەلماندنی سەربەخۆیی جیهانی مادی تەنیایی مرۆڤ لە هەمبەر سروشتدا بوو. یەکەم قۆناخ لە فەزای شەیدابوون بە دۆزینەوە بەردەوامەکانی زانست، شەیدابوونی زانست (scientiste)[١١] و پۆزەتیڤیست (positiviste)[١٢] پێناسە کرا. وادیاربوو کە مێتودی پۆزەتیڤ، (ڕەوشکاری) بواری بۆ زانستێکی گشتگیر و رەها خۆش دەکرد و گەشەکردنی بێ هەڵەی زانستەکان، دەبێتە هۆی پەیدابوونی زانیاریی پۆزەتیڤ و تەواو لەمەڕ مرۆڤ و دەوربەرەکەی.

دیارە قەناعەتکردن بەوە کە ناکرێ هیچ سیستەمێکی گشتگر وێنا بکرێ، ئەزموونێکی دژوار بوو. ئەنجامەکەی، لانی کەم لە بواری فیزیادا، بایەخدانی زیاتر بە میتۆدەکان و زاڵبوونی لە رادەبەدەری شیمانەکان بوو. بەڵام لە بوارەکانی تردا، پرسی هەڵوەشانەوەی بنەماکان، کۆمەڵێک لە زاناکانی تووشی جۆرە حەپەسانێکی پێکهاتە شکێنانەی[١٣] ناسەرکەوتوو کرد. کۆمەڵێکی تریش بۆ وەفادارمانەوە بە باوەڕی چەسپاوی خۆیان، بە تەواوی چاویان لە هەمبەر ئەم مەسەلەیەدا نووقاند. دیارە خوێنەر لەوە ئاگادارە کە بایەخدان بە شۆڕشی زانستی، لەلایەکەوە لە سۆنگەی ڕۆڵە بنەڕەتییەکەیەوە پێویست بوو و لەلایەکی تریشەوە. لەبەرئەوەی کە شۆڕشەکانی تر لێوەی جودا بوونەوەتەوە.

هەوراز ئەمین پشدەری

## شۆڕشی سیاسی

بەگشتی لە دۆر شۆڕشی سیاسی دەکرێ بڵێین کە دابڕان لەم بوارەدا، بەسەرهەڵدانی دیموکراسیی مۆدێرن، سەرەتا لە بەریتانیا و ئەمەریکا و پاشان لە فرەنسا، رووی دا. بەڵام سەیر لەوەدایە کە بە پێچەوانەی سەردەمی ئەفلاتۆن و ئەرەستۆ، ئیدی دیموکراسی تەنیا مۆدێلێک لە مۆدێلەکانی دەسەڵاتداریەتی نییە. بگرە دیموکراسی بووەتە تاقە سیستەمی عەقڵانیی دەسەڵاتداریەتی. بۆیە لێرە بەدواوە دەوڵەتی مۆدێرن، تەنیا دەتوانێ دەوڵەتێکی دیموکراتیک بێ.

دیارە کە توخمە پێکهێنەرەکانی قەوارەیەکی دیموکراتیک، یەک جێ دەرناکەون. بەڵام ئەوەی کە لەم شۆڕشەدا گرینگایەتیی هەیە، راست پرسی بنەماییی دەسەڵاتە. لە راستیدا وەرچەخانێکی ریشەیی لە ناوەڕۆکی ئۆتۆریتە و سەرچاوەی دەسەڵاتدا پێک هاتووە. دەسەڵاتی دەسەڵاتدار چیی تر وەک دەسەڵاتێکی کاریزماتیک ناژمێردرێ، سەرچاوەی دەسەڵات چیی تر جگە لە خەڵک شتێکی تر (بۆ وێنە خوا) نییە، یا وەکی تر، سەرچاوەی دەسەڵات خەڵکە و ئیدی دەسەڵات نە لە بەها مادییەکانەوە هەڵدەقووڵێ و نە لە داوونەریت و پشتاوپشتەوە. بەڵێ دەسەڵات رەواییی خۆی تەنیا لەو رێککەوتنەوە وەردەگرێ کە لە نێوان خەڵکانێکدا کە قۆناخی بە "مییلەت" بوونیان بڕیوە، مۆر کراوە.

زێدەباری ئەمە، ئەگەرچی خەڵک سەرچاوەی رەواین، بەڵام دەسەڵاتی سەرچاوەگرتوو لە خەڵکەوە، دەبێ نەک هەر رەوا بێ، بگرە عەقڵانییش بێ. ئیدی تەنیا ئەوە بەس نییە کە دەسەڵاتدار بەیارمەتیی رێسا نەریتییەکان، دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ، بگرە پێوەندیی دەوڵەت لەگەڵ ئەو خەڵکەی کە خاوەن سەروەرین. دەبێ لە چوارچێوەی ئەقڵانییەتێکی دیموکراتیکدا رێک بخرێ و لەم چوارچێوەیەشدا بجووڵێتەوە.

هەرچەند پرەنسپی سەروەریی خەڵک یا میللەت بەشێوەگەلی جۆراوجۆر سەری هەڵداوە، بەڵام تێۆری سیاسی لەمەوپاش بەئاراستەی، دامەزراندنی فۆرمێکی دیموکراتیک لە دەسەڵات لەسەر بنەمای ئەقڵانییەتدا دەکشێ.

## شۆڕشی کولتووری

شۆڕشی کولتووری بەوخێرایییەی دوو شۆڕشی زانیاری و سیاسی سەری هەڵنەدا و لە راستیدا بزاڤێکی هزری بوو کە ریشەیەکی قووڵی لەناو روانگەی نوێ دا سەبارەت بە جیهانی مادی هەبوو. ئەم بزاڤە هزرییە بە "رۆشنگەی" ناوی دەرکرد. لە ئەڵمانیادابە (AUFKLORUNY)، لە جیهانی ئەنگلۆساکسۆندا بە (Enlihtement) و هەروەها لە فرەنسادایە (Lumieres) ناسرا. لە

راستیدا دەکرێ بڵێین کە ناوەڕۆکی ئەم بزاڤە دنیاگەرییە یا سیکولار بوونی هزر و ئەقڵانیبوونی تێکرای پێوانەکان لە سەرجەم بوارەکاندا بوو. کەوابوو عەلمانیبوون، بەشێوەیەکی ئاسایی لە فۆڕمی رەخنەگرتن لە ئاین، یا وەکی تر، لە فۆڕمی رەخنەگرتن لەو ئاینەی کە لەناو کۆمەڵدا هەڵی داوە و بەدەزگایی بووە، دەرکەوت. لە ئەوروپادا ئەم رەخنەیە بووبە قەیرانێکی نوێگەرییانە.

ئەنجامی ئەم رەوتە بوو بەوە کە دەقە پیرۆزەکان ـ یا ئەوانەی بە پیرۆز دەژمێردرێن ـ کە بنەما ئاینییەکانیش دەبێ هەر بەپێی ئەو میتۆدانە ڕاڤە بکرێن و بخوێندرێنەوە کە دەقە کۆنەکانی تریان پێ دەخوێندرێتەوە. ئەو دەقانەش هەر لە چوارچێوەی دەقە مێژووییەکاندا پۆلێن دەکرێن، چ لەلایەنی ناوەڕۆکەوە و چ لەلایەنی راڤینگەلی جیا جیاوە، شان بەشانی گۆرانکارییە مێژووییەکان، ئەوانیش دەگۆڕێن.

یەکەم ئەنجامی ئەم رانگەیە لە راستیدا هەڵپێچرانی نەریتی مەرجەعیەتی کلێسا بوو. واتە لەوەو پاش، هیچ ئاینێک بۆی نییە سەبارەت بە پێکهاتەی گەردوونێک کە خودان رێکخستنێکی سروشتییە، قسە بکا. لە بواری تری وەک سنج (ئاکار) یا بوارگەلی کۆمەڵایەتی و سیاسیشدا ئیدی ناکرێ بۆ تاوتوێکردنی وردی ئەو وەرچەرخانەی کە بواری بۆ سەرهەڵدانی قۆناخێکی نوێ خۆش کرد، پشت بە یاساکانی ناو دەقە کۆنەکان ببەستین.

لە راستیدا مەزنترین دەستکەوتی ئەم بزاڤە، هێنانە کایەی ئەو بۆچوونەیە کە ئەستوونەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمایەکی ئەقڵانی راوەستاون. بۆیە ناکرێ ئەم بنەمایانە لە کتێبی "مشكات انوار نبوي"دا[١٣] بدۆزینەوە، واتە ناکرێ پرەنسیپە شوێنی هاتنە خوارەوە و ئەمانەتی تیشکە پاک و پیرۆزەکان بدۆزینەوە. چیی تر ئاین ناتوانێ وەڵامدەری کێشە کۆمەڵایەتییەکان بێ[١٤].

میتۆدگەلی نوێی راڤین لە سەرجەم بوارەکاندا، مرۆڤیان کردە سەرچاوەی تێکرای توێژینەوەکانیان، جا ئیدی بابەتی توێژینەوەکان پێوەندیی نێوان سروشت و مرۆڤ بێ یا پێوەندیی نێوان مرۆڤەکان بۆ خۆیان. دەکرێ بڵێین کە کەڵک وەرگرتن لە میتۆدە نوێکان، رامانی فیزیازانەکانیان بۆ جیهان کردە هیی خۆیان.

بەپێی ئەم روانگەیە، سروشت چیی تر لە "ئەویدی ـ منی مرۆڤ" جوێ ناکرێتەوە[١٥] واتە جیهانە پانتاییەکە کە مرۆڤ لێی وەدەر نراوە. بەڵام سروشت لە بەردەستی مرۆڤدایە تا بیناسێ و بەسەریدا زاڵ ببێ. لەم روانگەیەوە سروشت چیی تر جێگەیەک نییە کە یەزدان بۆ مرۆڤی ئامادە کردبێ. لە راستیدا مرۆڤ لەنێو سروشتێکدا کە خۆی بەڕێوەبەر و ئۆتۆنۆمە، ناتوانێ خانەخوێ بێ.

## شۆڕشی پیشەسازی

سەرهەڵدانی چەرخی پیشەسازی، قۆناخێکی شۆڕشگێڕانەی کۆنترۆڵی سروشت سروشتێک کە مرۆڤ لە هەناویدا دەرکەوتووە ـ دەسەلمێنی. پێناسەی ئەم شۆڕشە لە راستیدا، زەینیبوونەوەی کارە، واتە ئامرازە تەکنیکییەکان وەک ئەڵقەی پێوەندی لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا هەتا دێ رۆڵێکی گەورەتر دەگێڕن.

دەربازکردنی قۆناخی ئامرازی دەستی و پێنانە قۆناخی ئامرازی میکانیکی، بەیەکەم قۆناخی ئەم شۆڕشە دادەنرێ. بزووتنی مرۆڤ لە کاتی کاردا، چیی تر پێوەندیی راستەوخۆی بەتاکی بەرهەمهێنەرەوە نییە. بگرە بەو ئامرازەوە گرێ دراوە کە کەڵکی لێ وەردەگرێ. ئەم رەوتی زەینیبوونەوەیە لە سۆنگەی میکانیکیبوونی کارەوە، هەر بەردەوام دەبێ، واتە هەڵسوکەوت و بزووتنی مرۆڤ لەمەودوا لەگەڵ ئامرازەکاندا رێک دەخرێ. دیارە ئەم گەڕانە مەزنە کاتێک هاتە دی کە پێوەندیی ئامێرەکان پێکەوە، بە سیستەمی تابلۆرییەوە[١٦] (زنجیرەییبوونی رەوتی بەرهەمهێنان) و لێک بەستن و پارچەپارچەکردنی میکانیکیی بزاوتنەکانی کرێکاری لە کار زنجیرەییدا لێ کەوتەوە.

لە ئەنجامدا، بە ئەنفۆرماتیزەبوون و رۆبۆتیزەبوون[١٧] (کەڵک وەرگرتن لە رۆبۆت لە پرۆژەی بەرهەمهێناندا) رێکخستنی کار و زانستی کاریش میکانیزە دەکرێ و بەم جۆرە، رۆڵی ئامێرە لێک گرێدراوەکان، دەگاتە ئەوپەڕی خۆی. راستە ئێستاکە رۆڵی تەکنیک گەشتووەتە ئاستێک کە مرۆڤ دەتوانێ لە رەوتی بەرهەمهێنان و چێکردندا بچێتە قەراخەوە. بۆیە، رۆڵی مرۆڤ پتر دەبێتە رۆڵێکی داهێنەرانە رۆڵێکە بەتەواوی لە فەزای نێوان مرۆڤ خۆی و سروشتدا بەردەوامە. دەکرێ ئەم فەزایە وەک "پێکهاتەی تەکنیکی" ناو بەرین.

دەبێ ئەوە بزانین کە هەرکام لەم قۆناخگەلەی شۆڕشی پیشەسازی، جۆرە پێوەندییەکی نوێ بەسروشتەوە دادەهێنن و فۆرمی پێ دەدەن: هەروەک چۆن هەردوو شۆڕشی زانیاری و کولتووری بە نۆرەی خۆیان، شێوەی پێوەندییان بە سروشتەوە پێناسە دەکەن. هەرچۆنێک بێ، وەرچەرخانگەلێک کە پاش هەرکام قۆناخانە لە بواری رێکخستنی کاردا دێنە گۆڕێ، وا دەکەن کە ئەم قۆناخانە پتر لەبارەی فشار لەسەر کرێکاران، بەرهەستتر بن.

دیارە لۆجیکێکی نامرۆڤانی ئەم چەشنە پاڵەپەستۆیانە بە زۆر دەسەپێنێ و لەم پێناوەدا، قازانجیش وەک هۆکاری سەرەکیی سیاسەتی گوێڕایەڵی بۆ لۆژیکی بەرهەمهێنان دەردەکەوێ. قۆناخگەلی بەمۆدێرنکردن لەم رووەوە لە بیاقی پیشەسازیدا باشتر دیارن کە ئەم بیاقە زۆرتر پێوەندیی بەوانەوە هەبوو. زێدەباری ئەمە، گۆڕانی چەمکی "مۆدێرن" لە بواری پیشەسازیدا زۆر بەڕوونی دەبنرێ.

بۆ وێنە دەزانین کە راکێشانی هێڵی ئاسن بە قۆناخێکی گرینگ لە گەیشتن بە قۆناخی پیشەسازی دادەنرا. هەرچەندە ئێستاکە شەمەندەفەرە هەڵمییە کۆنەکان خراونەتە مۆزەخانەکانەوە. بەم جۆرە، بیردۆزەی تایلۆری کە سەردەمانێک وەک قۆناخێکی گرینگی زەینیبوونەوەی کار چاوی لێ دەکرا، ئێستاکە بەنیشانە پاشکەوتن لە بەمۆدێرنبوون دەژمێردرێ. با ئەوەشمان لە بیر بێ کە ناوی فیلم چارلی چاپلین کە تێدا بیردۆزەکەی تایلۆر لەقاو دەدا، "چەرخی نوێ یا مۆدیرن"ە.

دیارە دەکرێ لە جێ شۆڕشی پیشەسازی باسی شۆڕشی تەکنیکی بکەین بەو مەرجەی کە زیاتر پێ لەسەر پێکهاتەی تەکنیکی و سەربەخۆبوونی دابگرین. چونکە لە ئاسۆیەکی بەریندا، پتر ئەو هەوڵدان و پیشڤەچوونە وەبەرچاو دەکەوێ، کە سەربەخۆیی پتری بۆ پێکهاتەی تەکنیکی پێک هێناوە و پێکی دەهێنێ و کەمتر بایەخ بەو گۆڕانکارییە قووڵانە دەدرێ کە بەرهەمی پێشکەوتنی تەکنیکین لە بواری رێکخستنی کاردا. رەوتی بەردەوامی سەربەخۆییی پێکهاتەی تەکنیکی وەک ئاکامی ئەم پشکەوتنە لەو راستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە پۆلێنبەندیی زانیاری لە پیڤاژۆی مۆدێرنیزاسیۆندا گرینگایەتییەکی هێندەی گرینگایەتی و تەنانەت پتر لە خودی وزە، بەرهەمهێنان و گواستنەوەی پەیدا دەکا.

هەرچۆنێک بێ راستە کە ئەم چوار شۆڕشە لێک گرێ دراون، بەڵام ئەم لێکگرێدانە زۆریش توندوتۆڵ نییە. لە راستیدا کاریگەریی هەرکام لەم شۆڕشانە لەسەر هەر تاکێک جیاوازە کەوابوو دەکرێ لە بوارێکەوە کۆدێرن و لە بوارێکی ترەوە نەریتی بێ، تەنانەت ئەگەر ئەم دوو بوارە لێکیش بەسترابنەوە، بۆ وێنە دەکرێ لە بواری سیاسیدا مۆدێرن بێ، بەڵام پشت بەشێوە بەرهەمهێنانی نەریتی ببەستێ.

ئینجا ئەگەر لێک بستراوەیی ئەو دوو بوارە کەم بێ، ناتەباییەکە دیسان زۆرتر دەبێ. بۆ وێنە، زانایەک دەتوانێ لە بوارەکەی خۆیدا پسپۆڕ بێ، بەڵام لە بواری کولتووریدا نەریتی بێ. یا پسپۆڕێکی بواری مێتافیزیا دەتوانێ شۆڕشی کولتووری هەرس بکا، بەبێ ئەوەی ئاگەداری چوونە ژێر پرسیاری بنەماکانی لۆجێک لە شۆڕشی زانیاریدا بێ. بەم جۆرە لە کۆمەڵگە مۆدیرنەکاندا، شێوەی کارکردنی مۆدێرنیتەگەلی جیاواز، لە سۆنگەی هەوڵدان و پێشڤەچوونی ناهەواهەنگیانەوە لە یەک بەیەکی تاکەکاندا، دەبێتە پرسێکی سیاسی. ئەم پرسە بە لە بەرچاوگرتنی ئەو راستییە کە دەکرێ لە هەرکام لەو سنوورانەی کە بۆ شۆڕشێک دیاری کراون، کەم و زۆر مۆدێرن بین، ئەمەش دیسانەکە پرسەکە ئاڵۆزتر دەکا، ئەوجار نابێ لە بیرمان بچێ کە هەرکام لەم شۆڕشانەش بۆ خۆی، چەند قۆناخێکی بڕیوە. هەر چۆن بێ جیهانبینییە مۆدێرنەکان ئەوەندە پەیتا پەیتا سەریان هەڵداوە کە هەندێ کەس باسی پاش مۆدێرنی دەکەن.

## داخوا بوار بۆ باس لەسەر پۆست ـ مۆدێرنیتە خۆش بووە؟

پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە داخوا لە مێژووی پڕ کەندولەندی ئەم چوار بوارە جیاوازەدا، بەتایبەت لەو بوارە کولتوورییە ــ کۆمەڵایەتییەی کە بەرهەمی کارلێکی ئەوانە قەیرانێکی ئەوتۆ هەست پێ دەکرێ ناچار بین بیر لە دەستپێکردنی قۆناخێکی نوێ بکەینەوە؟ داخوا ئێستاکە نیشانەکانی سەرهەڵدانی قۆناخێکی نوێ دەرکەوتوون کە جیاوازییەکانی لەگەڵ جیهانی نوێدا گەیشتبنە ئاستی جیاوازیی جیهانی نیوتن و ئەنیشتاین لەگەڵ جیهانی سیمبولێکی جووتیارانی سەدەکانی ناڤیندا؟

زۆربەی ئەوانەی باسی پۆست – مۆدێرنیتە دەکەن، سەرنجی خۆیان لەسەر هەردوو شۆڕشی کولتووری و پیشەسازی چڕ دەکەنەوە. لە ڕوانگەی ئەمانەوە، دابڕانێکی بنەڕەتی لە دێرۆکی دوور و درێژی ئەم دوو شۆڕشەدا پێک هاتووە، کە جیاوازیی نێوان قۆناخی پێشوو، واتە مۆدیرنیتە و قۆناخی پاشتر واتە پۆست – مۆدێرنیتە نیشان دەدا.

هەرچەند ناکرێ مێژووی ڕاستی ئەو دابڕانە کولتوورییە دیاری بکرێ، بەڵام دەکرێ ساڵی ١٩٦٨ بە ساڵی دەرکەوتنی نیشانەکانی ئەم قۆناخە نوێیە دابنێین، ئەو توێژینەوانەی کە لەم بارەیەن کراون، بەتایبەت پێشاندەری سووری ژیان (شێوە گۆڕین)ی کۆمەڵێک لە بەهاکانن. بەجۆرێک کە لەرزۆکی لە هێرارشی و پشێوی و بێ سەروبەری بەسەر فۆرمی خودان پێکهاتدا، زاڵ دەبن. "پێکهاتە شکێنی" شوێنی ئافراندن و خولقاندن دەگرێتەوە و بوار بۆ باڵادەستیی ئازادییەکانی تاک بەسەر بەها کولکتیڤەکاندا خۆش دەبێ و.

سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری، پێشاندەری وەرچەرخانێکی قووڵ بوو لەسەر بەرهەمهێنانی پیشەسازیدا. گەشەی بەردەوامی ئابووری کە بەشێک بوو لە شوناسی سەردەمی پاش شەڕی دووەمی جیهانی لە سۆنگەی ڕووداوگەلێکی پێشبینی نەکراوەوە، کەوتە ژێر پرسیارەوە و ڕێکخستنی کار لە چوارچێوەیەکی جیهانیدا، گۆڕانکارییەکی زۆر مەزنی بەسەردا هات، لە ساڵی ١٩٧٦ بەم لاوە، قۆناخێک لە گۆڕانکاریگەلی خێرا، دەبینین و لەم پێوەندییەدا گومان و دردۆنگی بەسەر باوەڕماندا بە پێشکەوتن، زاڵ دەبێ.

هەرچۆن بێ، پەرەسەندن و زۆربوونی ئەم چەشنە تێبینییانە، وای لە هەندێ کەس کرد کە مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزمیان لە بەرامبەر یەکدا دانا. ئەگەر تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنیزم وەک پۆزەتیڤیزم، ئاوەزباوەڕی، باوەڕ بە پێشکەوتنی بەردەوامی زانست و تەکنیک و بە ئەنجامی سەرهەڵدانی پیشەسازی بزانین کە سات بەسات ڕێژەی شتومەکی ستاندەر دەچێتە سەرێ، پۆست مۆدێرنیزم دان بە یەکدەست نەبوون "ناهێژمۆنی"ی بواری کۆمەڵایەتیدا دەنێ و بەئاستەیەکی فرەچەشنی و چەندارچەییدا دەڕوا.(١٨) لە ڕوانگەی هەندێکی ترەوە پوست مۆدێرنیزم لەگەڵ سەرهەڵدانی زانیاریدا، دەردەکەوێ و سەردەمی ـ پۆست ـ مۆدێرن لەو دەمەوە

دەست پێ دەکا. کە پۆلێنبەندیی زانیاری لە بارەی هەر شتێک کە پێوەندی بە بەرهەمهێنانەوە پەیدا دەکا. گرینگایەتییەکی یەکسان یا بانتر لە توانا و شیانە ئینرژیتیکەکان پەیدا دەکا.

بەڵام، ئێمە وایە، سەرەتا دەبێ ئەو پرسە سەرەکییە یەکلایی بکرێتەوە کە قۆناخە دیرۆکییەکان بە گوێرەی چ پێوانەگەلێ دابەش دەکرێن. لە ڕاستیدا من پێم وایە، پێ نانە ناو مۆدێرنیتەوە، کۆتاییی چەرخی بەردی نوێ دەردەخا. خاڵی باڵکێش ئەوەیە کە خاڵی هاوبەشی لایەنگرانی پۆست مۆدێرنیتە، ڕاست کەم بایەخدان بەم پێوانانەیە. بەڵێ، لە ڕاستیدا مۆدێرنیتە دابڕانێک بوو لەگەڵ جیهانی جووتیارانی نیشتەجێدا رووی دا. راست هەروەک چۆن جیهانی کشتوکاڵیی چەرخی بەردی نوێی لە جیهانی نێچیرڤانی و ئەشکەوت نشینیجوێ کردەوە. کەوابوو پرسیاری بنگەهی ئەوەیە کە داخوا هەتا ئێستا ئێمە پێمان ناوەتە چەرخی چوارەمی ژیانی مرۆڤ؟ من لەو باوەڕەدام کە پێویستە ڕێز لە شۆڕشی نیوتنی بگرم و باسی قۆناخە جۆراوجۆرەکانی مۆدێرنیتە بکەم. هەرچۆن بێ، ئەگەر مەبەست تەنیا زیادکردنی قۆناخێکی نوێ بە دیرۆکی مۆدێرنیتە، بە ناوی پۆست ـ مۆدێرنیتە بێ. ئەمە لە خۆیدا بایەخێکی ئەوتۆی نییە، هەرچەندە دەکرێ، هەڵبژاردنی ئەم ناوە، لە هەموو بارێکەوە بخرێتە گەنگەشەوە. ئێستاکە لەناو پۆست ـ مۆدێرنیتەدا کۆمایەک ئایدیای فرەچەش، سەریان هەڵداوە کە پێویستە باش و خراپەکانیان لێک هەڵاوێرین. لەناو ئەم ئایدیایانەدا، ئەم ئایدیگەلەی خوارەوەش دەبینین: ئاوابوونی ئایدۆلۆجیای پەسەندەری زانست، پۆزیتێڤیزمی داشکێنەر، بایەخ پەیداکردنی ڕێژەیی باوەڕی و تاک باوەڕی، سستبوونی بنەماکان لە تێکڕای بوارەکاندا. مەیلکردن بەرەو "پێکهاتە شکێنی" سەرئەنجام گشتگیربوونی جۆرە دڕدۆنگی و بێ متمانەییەکی پەشێوی خۆلقێن لەبارەی واتای پراکتیک و خەباتی مرۆڤەوە.

رەنگە بکرێ بڵێین پۆست ـ مۆدێرنیتە دەربازبوون لە قۆناخی باوەڕمەندییەوە بۆ قۆناخی بالادەستی زانست و پۆزەتیڤزم، بەرەو دڕدۆنگی و بێ متمانەیەکی گشتگیرە. لەم لایەنەوە گەڕانەوەی باوەڕمەندی بەنیشانەی پۆست مۆدێرنێت دەزانن. گومان، لەم سۆنگەیەوە، دەرگە بۆ باوەڕ دەخاتە سەرپشت، کە ژیان تێدا بێ ئەندازە ئەستەمە. بەڵام ئەم گەڕانەوەیەی باوەڕی ئاینی کە بەدڵنیاییەوە بەبنکۆڵبوونی بنەماکانەوە گرێ دراوە، ڕاست بە ئەندازەی مۆدێرنیتە ئاڵۆزە. زێدەباری ئەمە، نابێ لە بیرمان بچێ کە ئەمە ئەم چڵ و ئەو چڵکردنانە مرۆڤ تووشی دڵەڕاوکێ دەکا. چونکە لە ناخی خۆیاندا ئیشکەباوەڕیی ناو ئایدۆلۆجیا جۆراوجۆرەکانیان هەڵگرتووە کە سەرپاکیان بەتوندی بە رابردووەوە نووساون. لێرەدا دەتوانین چەند نموونەیەک بخەینە ڕوو: یەکەم، پەرەسەندنی خێرایی گرووپە مەزهەبییەکان، ئەم دیاردەیە نیشانە و سەلمێنەری جۆرە دڵەراوکێیەکە کە لە نەبوونی بنەماگەلێکی تۆکمە بۆ دیاریکردنی بایەخە بنەڕەتییەکانەوە ـ هەر بەو روونییەی کە لە جیهانی پیرۆزکراوی کۆندا دەلو ـ سەرچاوە دەگرێ. دووەم، پەیدابوونی جۆرە ڕابوونێکی کاریزماتیکی جیاواز. لەم رەوتەدا، گەڕان بۆ فۆرموولگەلێکی نوێی باوەڕمەندی بۆ جێبەجێکردنی بیروباوەڕی مەزهەبی، تێکەڵ بەو ناتەبایی و نوستالۆجیایە بۆ جڤات

(communaute)ە تەناییـدەرەکـان لەگەڵ جـۆری (communaute)ەکانی چەرخی کشـتوکـاڵی تێکەڵ بووە.

بەکورتی، تێکڕای ئەوانەی باسی پۆست ـ مۆدێرنیتە دەکەن لەم خاڵەدا هاودەنگن کە جیهانی ئەمرۆ بە قەیرانێکی سەختدا دەرباز دەبێ. بەڕاستی لە سەردەمێکدا کە باوەڕەکانی مۆدێرنیتەی کۆن و، تەنانەت لە بواری زانستیشەوە لەرزۆک بوونە، داخوا دیسان دەکرێ باسی مۆدێرنیتە بکەین . ئینجا هەروەک بۆچوونەکانی فیرابەند[٢٠] بە جوانی ئەوە دەسەلمێنن، مەعریفە ناسیی زانستەکانیش بۆ خۆی تووشی قەیرانێکی قووڵ بووە. دیارە دەبێ چاک بیر لەو خاڵە بکرێتەوە کە قەیرانی مەعریفەناسیی زانستەکان خۆی لە خۆیدا پێشاندەری وەرچەرخانێکی گرینگە. ئایا قەیرانێکی وا سەرەڕای قووڵی و بەرینییەکەی، دەبێتە دەسپێکی چەرخێکی نوێی دیرۆکی؟

ڕەنگە قەیرانەکە ئەوەندە سەخت و توند بێ کە پێش بە سەرهەڵدانی جیهانێکی نوێ بگرێ. ڕەنگە. بەڵام ئێستاکە مۆدێرنیتە، خاوەنی دیرۆکێکە کە لە حاڵی گەشە و پێشڤەچوونی بەردەوامدایە.

لە ئەنجامدا دەبێ ئەم پرسیارە بێنینە گۆڕێ کە داخوا کەنگێ دەتوانین خاڵی کۆتایی لە بەردەم سەردەمێکی مێژووییدا دابنێیین و بەدڵنیاییەوە بڵێین کە لێرە بەدواوە سەردەمێکی نوێی دیرۆکی دەستی پێ کردووە؟ لە ڕوانگەی ئێمەوە ئەم جارە، وەرچەرخانی مێژوویی لە فیزیاوە دەست پێ دەکا. هەر لێرەوە دەبێ ئەوەش بڵێین کە فیزیای مۆدێرن نەیەک پارچەیە و، نەیەکپارچەش دەکرێ. هەروەک دەزانین ئێستاکە لە جیهاندا دوو فیزیا هەیە، جۆرێکیان فیزیای مایکرۆسکۆپیکە، کە هێڵی بزووتنی ئەستێرە و کاکێشانەکان بە زمانێکی ماتماتیکیی ڕێژەیی گشتی، لێک دەداتەوە و، ئەوەی تریش فیزیای میکرۆسکۆپیکە، کە لەم جۆرەیاندا، زانستی فیزیای کوانتمی بەناچاری بواری دیالۆک لەگەڵ سروشتدا خۆش دەکا. زۆر کەس و، لەوانە توێژەرانی زانستە مرۆڤانییەکان، لەناو جیهانێکدا کە خاوەنی تایبەتمەندیگەلی فیزیای نیوتنین، چالاکانە خەریکی تێکۆشان و تێڕامان لەم بوارەدان، پێویست بە وەبیرهێنانەوە ناکا کە جیهانی نیوتنی بەرلەوەی کە بە ناتەواو ناسرابێ بە مۆدێرن ناسراوە.[٢١]

لە ئەنجامدا وا دیارە کە ئەگەر ئەوە بلوابا کە فیزیا وێکڕا لە دەوری فیزیای کوانتۆمیدا کۆ ببایاوە، ئەو کات لەوانە بوو بتوانین بچینە ناو چەرخی پۆست ـ مۆدێرنەوە.

## لەبارەی مۆدێرنیتەوە باوەوە

لەم هەلومەرجەدا لەوانەیەکە تەنانەت بە مانەوە لە قۆناخێکدا بەر لە سەرهەڵدانی ڕەوتێکی شۆڕشگێڕانە لە یەک یان چەند بواردا خۆمان بە مۆدێرن بزانین و، مۆدێرنیش بین. لە ئەنجامدا ئەو تێڕوانین و هەڵسوکەوتەی کە لە ڕەوشێکی ئەوتۆدا دەبێتە سەرچاوەی ململانێیەکی زۆر و ئەم

ململانێیانەش کۆمەڵێک بەها دەخوڵقێنن کە ناتوانین لەناو چوارچێوەی ئەو پێناسە ساکارانەی کە ئێمە لە چوار شۆڕشەدا خستماننە روو، باسیان لێوە بکەین. پرسیارێکی تر بەم جۆرە خۆی قوت دەکاتەوە: ئاخۆ لەناو ڕەوتگەلی جیا جیای مۆدێرنیتەدا، ئەو بەها کۆن و نوێیانە کامانەن کە شک و گومانیان لەسەرە؟ دیارە تێکچڕژانی بەهاکان زۆرجار نەک هەرتاکەکان بگرە گرووپەکان، ئەتنیکەکان، میللەتان و سەرجەم باوەڕدارانی سەر بە ئاینزا جیا جیاکانیش بۆ پێناسەکردنەوەی کولتووری، هان دەدا.

هەرچەند پرسەکان ئاڵۆزن، بەڵام دیاریکردنی قۆناخەکانی سەرهەڵدانی مۆدێرنیتە، لانی کەم ئەو هەلە دەڕەخسێنێ کە هەر قۆناخێک بەجۆرێکی روون و رێکوپێک هەڵسەنگێنین. ئەم هەڵسەنگاندنە لەو رووەوە گرینگە کە زۆرجار، بەبێ ئەوەی کە وێنەیەکی راستەقینە لە مۆدێرنیتە نیشان بدرێ. بەگوێرەی چەمکە بەهامەندەکان، پرسیار لەبارەی ئەم چەشنە پرسانەوە دەکەن، کەوابوو ئەگەر بەشێوەی گشتی، باس لە مۆدێرنیتە بکرێ و ئەو بوارانەی کە بەپێ ئەم چەمکە پێناسە دەکرین، دیاری نەکرێن، پرسی ئاڵۆزیی کۆمەڵایەتیی جیهانی ئێستاکە، بێ چارەسەر دێتە بەرچاو. لەم سەردەمەدا ئەوەی دەبێ گرینگایەتیی پێ بدرێ، لە راستیدا، خەباتە بۆ ئازاد ژیان، لەم سەردەمەدا لەبەرئەوەی کە کات، کاتێکە قەیراناوی و، شوێن شوێنێکە کە لە سۆنگەی خێرایی بەردەوامەوە، بەرتەسک بووەتەوە. تا دێ ژمارەی مرۆڤە پەشێوەکان زیاد دەکا، بۆیە دەبێ ئەم جۆرە پرسانە بە قووڵی شرۆڤە بکرێن، تا مرۆڤ بتوانێ لە سەردەمە ئاڵۆزەدا بەسەر خۆیدا زاڵ بێ.

پەراوێزەکان: (وەرگێڕ)

١– ئەم بابەتە لەم سەرچاوەی خوارەوە وەرگیراوە:

Abel jeanniere “Qu est- ce que la moderrnite?” Etudes, novwember 1990, tome 373, N (3735).

٢– (productivisme) تیۆرێکە کە باسی هەڵدانی بێ سنووری بەرهەم دەکات و بە کلیلی سەرجەم پرسەکانی دەزانێ ـ وەرگێڕ.

٣– technostructure، ئەم چەمکە لە بەشی "شۆڕشی زانیاری" هەر لەم بابەتەدا شی کراوەتەوە ـ وەرگێر.

٤– من ئەم لێکدانەوە تێروتەسەلەم لەم کتێبەی خوارەوەدا کردووە:

Les fans du monde, Aubier, 1987.

Nature and natures laws lay hid in niht, ـ 5

God said let Newton be! And all was all was light.

Epitaphe pour lasaac Newton parA. pope.

ئەمە لەسەر سەنگی مەزاری نیۆتۆن نووسراوە و شیعری ا. پۆپ (A.pope)ە کە لە کتێبی "فەلسەفەی



هەواڵنامەی کتێب

روشن اندیشی"ی ئێرنێست کاسێرر، وەرگێڕاوی (نەجەف دەریا بەندەری)دا نووسراوە، ل ١٣.

6- Exposition du systeme du monde (1796)

ئەم کتێبە چەند ساڵ پاشتر بەناوی systeme du monde چاپ کرایەوە.

٧- "کپیی هەتا هەتاییی ئەم بۆشاییيە بێ بنە مـوورچرکەم پێدا دێنێ" نابێ لە بیرمان بچێ بۆچوونێکی ئەوتۆ ئەو کات بە کوفر دەزانرا.

٨- یەکێک لە هەندەسە نائۆقلیدوسییەکان کە ریمان دایهێنا ـ وەرگێڕ.

9- Ernest nagel, James R,Newman, kurt Godel, jean - yves Girad, le Theoreme Godel, seuil, 1989.

ئەگەر دووسەری پارچە کاغەزێک پاش جارێک بادان پێکەوە بنووسێنین، وێنەیەک دروست دەبێ کە لە هەر شوێنێکییەوە بە هەر لایەکدا بڕۆین لە ئەنجامدا دەگەینەوە خاڵی یەکەم. وەرگێڕ.

10- scietiste

11- positiviste

12- deconstructi

13- Dariush shayegan, Quest- ce qu une revolution religieuse? Les presses d Aujourd, hui, 1982, p. 143

14- Marcl Gauchet, le Desenchantement du monde, gallimard, 1985.

15- lautre de l home.

16- taylorisation.

17- robotisation.

18- Duniel Hhrvey, the condition of postmodennity, Basil Blaek well, oa fohd and comb-hidge.

١٩- بزاڤی کاریزماتیک (renouveau charismhtique): ڕێنیسانسی ڤەژانی وێژەیی (مەعنەوی)ی کاتۆلیکی کە لە ڕەوتگەلی ڕابوونی ئاینی لە ئاینزای کاتۆلیکەوە سەری هەڵدابوو و، لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا لە کاتۆلیزمی باکوری ئەمەریکادا دەرکەوت. ئەم بزاڤە لەوە پیش لە ئەورووپا و پاشان لە سەراسەری جیهانی مەسیحیدا بەلەز بڵاو بووەوە، بەڵام زۆری پێ نەچووکە لە سۆنگەی توندرۆیی و بناژۆیی لایەنگرانییەوە خرایە پەراوێزەوە.

20- paul feyerabend, contre lamethode. Esquisse d, une theorie anarchique de la con-naissannce. (tr. fr.) seuil. 1979.

21- les fins du monde, p. 59.

هەوڵنامەی کتێب

# فێمینیزم و ئافرەت
# لە مێژووی فەلسەفەدا

لە ماوەی ٢٥ ساڵی رابردوودا پەرەسەندنێکی بەرچاو لە نووسینی بواری فێمینیستی بەرچاو دەکەوێ کە رەچاوی لایەنە فەلسەفییەکانی پرسی ئافرەت دەکات و هاوشێوەی ئەدەب و مێژوو، لە گەشە و پێشکەوتنی بەردەوامدایە.

ئاراستەی زۆربەی نووسراوەکانی ئەو بوارەی ئاماژەی پێ کرا، رەخنەگرتنە لە داوونەریت و دووبارەکردنەوەی ئەو پرسیارەیە کە بۆچی لە مێژووی فەلسەفەدا هەست دەکەی ئافرەت گرینگی بەفەلسەفە دەدا و فەلسەفە لەلایەن فێمینیستەکانەوە گرینگیی تایبەتی پێ دراوە، بۆچی فێمینیستەکان روو لە فەلسەفە دەکەن؟ ئەم پرسیارە پێشان دەدا کە مێژوو و بەسەرهاتی فەلسەفە بۆ فێمینیستەکان گرینگە و بووەتە خاڵی سەرەکی بۆ هەموو ئەو نووسینانەی فێمینیستەکان کاری لەسەر دەکەن و ئەو دیاردەیە بەبەرهەمی فێمینستەکانەوە دیارە. ئەو قۆناخە کۆمەڵێک رێگەی کردووەتەوە بۆ ئەوەی فەیلەسووفە فێمینیستەکان بەگشتی پەنا بۆ داوونەریتی فەلسەفە لە جۆری رۆئاواییەکەی ببەن و تێکەڵ بەبۆچوونی فەلەسەفەی رۆئاوا بۆ ئافرەت ببن.

فێمینیستە فەیلەسووفەکان سەرقاڵی خوێندنەوە و دارشتنەوەی دووبارەی فەلسەفەن و بۆ ئەو کارە رەچاوی ٢ پرسی سەرەکی دەکەن. یەکەمیان دابران و دوورخستنەوەی فەلسەفەیە لە مێژوو کە تێیدا هەوڵ دەدرێ پێوەندیی نێوان مێژوو و فەلسەفە بێتە بران. فێمینیستە فەیلەسووفەکان تووشی ئەو بۆچوون و بروا کۆنە دەبنەوە کە گوایە هیچ ئافرەتێکی فێمینیست لە مێژوودا بوونی نییە و ئەگەر ئافرەتێکی لەو شێوەیە هەبووبێ، ئەوە لاوەکییە و جێگەی بایەخ نییە. بێگومان لە مێژووی فەلسەفەدا بۆشاییەکەی لەو شێوەیە بۆ بوونی ئافرەت نییە. ئەوەیان تووشی شتێکی ترمان دەکات کە مایەی سەرسورمانە و دەکرێ بەدووەم ئارێشە بێتە دانان، ئەوەی کە

(*) وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: هاوار بازیان

فەیلەسووفەکانی سەر بەکڵێسا و فەیلەسووفی ئاینی زۆر باسی ئافرەتیان کردووە و زیاتر لە پێویست گرینگییان بەو پرسە داوە، بەشێوەیەک کە بەپێی حەز و خواستی ئێمەیە.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، لە هەردوو ئەو کێشانەی باس کران، ئێمە دەبینین کە بەرامبەر ئافرەت و رەگەزی مێ پێناسە بۆ هەردوو پێکهاتەی سەرەکی لە ناخی بۆچوونە فەلسەفییەکاندا واتە "هۆکار" و "بابەتیبوون" دژبەرە و بەپێی پرسەکە گۆڕانکاریی دژبەرانەی بەسەردا هاتووە. نەریتەکانمان ئەوەمان پێ دەڵێن کە هەریەک لەو دیمەنە راستەقینە یان ئەو هێمایەی لە نووسینە فەلسەفییەکاندا بۆ ئافرەت هاتووە، بەشێوەیەکی روون نووسراوە کەچی راستەوخۆ هەست بەبوونی ئافرەت لە دەقدا ناکەیت، بێ ئەوەی فەلسەفە لە رێگەی زمانی هێما و بەکارهێنانی تەکنیکی ئەدەبییەوە هێمای خوازراو هەوڵی حەشاردانی ئافرەت بدا و بەو شێوەیە هەوڵی پەڕاوێزخستنی ئافرەت لە دەقی فەلسەفی دراوە.

لە بەرامبەردا، فێمینیستە فەیلەسووفەکان رەخنە لە هەردوو پەڕاوێزخستنەکەی ئافرەت لە مێژووی فەلسەفەدا دەگرن کە وەک نەریتێکی دیرۆکی دێتە دانان، هەروەها سەرکۆنەی ئەو رۆڵە نەرێنییە دەکەن کە لە دەقە فەلسەفییەکاندا بەکەسایەتیی ئافرەت و مێینە بەگشتیی دراوە. مێژوونووسە فێمینیستەکان لەو بڕوایەدان کە تۆمارکردنی رووداوگەلی دیرۆکی بەشێوەیەکی رێکوپێک تۆمار نەکراوە و ناتەواوە، چونکە ئافرەتە فەیلەسووفەکانی لە نووسین خستووە و ناویان نابات، هەروەها بەهای ئەو ژمارە لە مێژوونووسە فێمینیستەکان کەم دەکاتەوە کە باسیان لە فەلسەفە بۆ ئافرەت کردووە و بەکەمبایەخ ناویان دەبات، زۆرجار وەک پرسێکی پشتگوێخراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

فەیلەسووفە فێمینیستەکان هەروەها جەخت دەکەنەوە لەوەی وەرگرتنی مانا و ماناداركردنی داوونەریتە فەلسەفییەکانی خۆیان زۆرجار هەڵەیان تێ کەوتووە و ناتەواون. چونکە بۆچوونێکی بناژوخواز لە فەلسەفەدا هەیە کە تەنیا پشت بە هۆکار و بابەتیبوون دەبەستێ و ئەو دوو هۆکارە سەرەکییە کە هەموو فەلسەفەی لەسەر بینات نراوە، هەردووک لە رەگەزی نێرن.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو رەخنەیە، فەیلەسووفە فێمینستەکان بەوردی سەرنجی بوونی ئافرەت لە فەلسەفەدا دەدەن و هەوڵی دووبارە پێناسەکردن و هەڵسەنگاندنی فەلسەفە دەدرێ. مەبەست لەو کارە هەوڵی بەشدارییپێکردنی ئافرەت لە فەلسەفەیەکدا دەدرێ کە هەرکەس باسی دەکات بە "فەلسەفەی ئێمە" ناوی دەبات. لێرەدا کە ٤ بەشی سەرەکیی لەخۆ گرتووە، هەموویان باس لە خوێندنەوەی نوێ بۆ ئافرەت لە فەلسەفەدا دەکەن و تایبەتمەندییەکانی ئافرەت لەو پرسەدا لە بەرچاو دەگرێ. بزووتنەوەی فێمینیستی و روانینی بۆ ئافرەت لە فەلسەفەدا گرفتێکی کولتوورییە کە بنجوبناوانی لە کۆمەڵگەدایە و بەشێوەی جیاجیا دێنە بەر باس:

### ١- بێزاریی پیاوان لە ئافرەت، خاڵی سەرەکیی رەخنەی فێمینیستەکان

یەکێکی وەک هیگڵ، ساڵی١٩٧٣، بەو شێوەیە لەسەر ئافرەت دەنووسێ "ئافرەتان دەتوانن لە پەروەردە و پێگەیشتندا سەرکەوتوو بن، بەڵام ئەوان بۆ ئەو بەشە لە چالاکییەکان دروست نەکراون کە پێوەندیی بەزانستە سەرەکی و پێشکەوتووەکان و فەلسەفەوە هەیە، هەروەها ئەوان ناتوانن لە بەشێکی زۆر لە کارەکانی بەرهەمهێنان و ئەفراندنی هونەریدا سەرکەوتوو بن. ... ئافرەتان کار و چالاکییەکانیان رێک دەخەن، بەڵام نەک لەسەر بنەمای سروشت و رەوتی سروشتیی دنیا، بگرە ئەوان هەرچی ئەنجامی دەدەن تەنیا لەسەر حەزە تایبەتەکانی خۆیانە و تەنیا بەپێی بۆچوونەکانی خۆیان کار دەکەن".

لەو بۆچوونەی «هیگڵ»دا کە جۆری رەگەز لە خودی فەلسەفەکە گرینگترە و رەگەزی مێ بایەخی پێ نەدراوە، هەست بەخۆبەزلزانی فەلسەفە دەکەیت. واتە، زۆر بەڕوونی دیارە کە چۆن فەیلەسووفە فێمینیستەکان ئەو خاڵەی مێژووی فەلسەفەیان دۆزیوەتەوە و وەک پرسێک بەکاری دەبەن تا بزانن "رەگەز" لە مێژووی فەلسەفەدا چەندە گرینگە.

ئێمە لەو نێوەندەدا دەتوانین ٢ خوێندنەوە بەرچاو بکەین کە زۆرجار ئەو دوو خوێندنەوەیە یەک دەگرن و لە پرۆژەیەکدا بەشێوەی هاوبەش دەردەکەون. لە خوێندنەوەی یەکەمدا ئاماژە بەگرینگیی رەگەز دەکرێ و بەڕوونی باس لە دیاردەی "دژە ئافرەتی" دەکرێ کە پێوەندیی راستەوخۆی بەبۆچوونی رەگەزی نێر بەرامبەر مێ هەیە. لە خوێندنەوەی دووەمدا، بەدواداچوون بۆ ئەو بیرۆکە و تیئۆرییانە دەکرێ، ئامانج تێیدا ئاشکراکردنی ئەو نیاز و مەبەستانەیە کە بۆچی ئافرەت لە فەلسەفەدا دێتە حەشاردان، چونکە فەلسەفە وەک دیاردەیەکی دنیایی مافی ئافرەتی پێوەیە و پێویستە رەگەزی بەرامبەر تێیدا بەشدار بێ. لە خوێندنەوەی دووەمدا کە باس لەو تەوەرە دەکرێ، کۆمەڵێک پرسیار لەسەر کاریگەریی رەگەز بۆ ئاراستەی مێژووی فەلسەفە دەکرێ، رێگە بدەن بەگەڕانەوە بۆ ئەرستۆ ئەو پرسە شی بکەینەوە.

### ٢- گوتارە ئاشکراکانی دژە ئافرەت لە دەقە فەلسەفییەکاندا

هیچ گومانێک نییە لەوەی دەقەکانی فەلسەفیی ئەرستۆ دژی ئافرەت نووسراون، بەو هزرەی ئەرستۆ کە پێی وابووە ئافرەتان لە پیاوان کەمترن و ئەو بۆچوونە بەئاشکرایی باس کراوە. بۆ نموونە، ئەرستۆ دەڵێ "درۆکردن بۆ پیاو لە کاتی دەسەڵاتداری و فەرمانڕەوایەتیدا مایەی بوێرییە، بەڵام درۆکردن بۆ ئافرەت مانای خۆبەدەستەوەدانە"، هەروەها دەڵێ "کێشەکانی بەردەوام حەزیان لە خۆدەرخستنە، هەروەک چۆن ئافرەت حەز دەکات خۆی بۆ پیاو دەربخات و ناشیرینی رێگە لە جوانیی بگرێ". "ددانی ئافرەت لە ددانی پیاو کەمترە، واتە ئافرەت پیاوێکی ناتەواوە یا رەگەزێکی بێ سەروبەرەیە کە دروست کراوە کە ئیش و کاری تەنیا بڵاوکردنەوەی کێشەیە لە جیاتی ئەوەی بیر لە نەوەیەک بکاتەوە کە هەرخۆی بەرهەمی هێناوە".

وەک دیارە، لە دەقەکانی ئەرستۆدا تایبەتمەندیی کارەساتبار بەئافرەت دراوە کە ئەگەر بتوانن بەبوێری و زیرەکانە باسی بکەن. ئەوە بووەتە خاڵی ئازار و ئەو ئافرەتە تووشی دڵگرانی دەکات کە بەنیازە لەسەر بۆچوونەکانی ئەرستۆ کار بکا یان وانەکانی ئەرستۆ بڵێتەوە و ئافرەتەکە تووشی کێشە دەبێ.

دەکرێ بەئاسانی بڵێین کە ئەرستۆ بەرامبەر ئافرەت و تواناکانی هەڵە بووە، بەڵام ئەگەر ئەوە راست بێ، ئەوە سەرجەم یان بەشێکی زۆر لە بۆچوونەکانی ئەرستۆ هەروەک خۆیان دەمێننەوە و کاریگەریی نابێ و ئێمە تەنیا دەتوانین بایەخ بەو بەشە لە هزرەکانی ئەرستۆ بەرامبەر ئافرەت نەدەین.

لێرەدا ئەرستۆ وەک نموونەیەک هاتووەتەوە، ئەگینا فەیلەسووفەکانی تری وەک ئەفلاتوون و کانت لە ڕووی پرسی ئافرەتەوە رەخنەیان لەسەرە و بۆچوونی دژی ئافرەتیان هەیە. رەخنەی فێمینیستی لە ئەفلاتوون زیاتر پێوەندیی بەو قسە و لێدوانانەوە هەیە کە بەناوی ئافرەتانەوە لەناو نووسینەکانی ئەفلاتووندا هاتوون.

لە نووسینەکانی ئەو فەیلەسووفەدا، ئافرەت هاتووەتە ئاخاوتن و کەسایەتیی ئافرەت بەخوارووتر لە پیاو و لە سەرووی یەکسانی هاتووە، بەشێوەیەک کە لە کتێبەکەی "کۆمار"ی ئەفلاتووندا مافی یەکسانیی کۆمەڵایەتی کەمتر بەئافرەت دراوە، بەتایبەت کە رەچاوی نووسینەکانی ئەفلاتوون لەو کتێبەدا و پێناسەی ئافرەت لە روانگەی ئەو فەیلەسووفەوە دەکەی، دەبینی جۆری کەسایەتییەکان جیاوازن.

هەروەها فەیلەسووف کانت لە نووسینەکانیدا هاوشێوەی ئەرستۆ فێمینیستەکانی کردووەتە ئامانج، چونکە هەردووکیان لەسەر پرسی رەگەزگەری و نەژاد بۆچوونی هاوبەشیان هەیە و کۆکن، دیاردەیەک کە بەسەرجەم نووسینەکانی ئەو دوو فەیلەسووفەوە دیارە.

٣- شیکاریی رەگەز لە چەمکە فەلسەفییەکاندا

ئەگەر سەرنج بەتیئۆریی "پێکهاتە مادییەکان"ی ئەرستۆ بدەین کە تێیدا گرینگیی بەمایەکی دراوە، لە نێوان پیاو و پێکهاتەی باڵادەستیی رەگەزیدا پێوەندییەک دەدۆزینەوە و لە ئەنجامدا ئەوەی بۆ ئافرەت و رەگەزی مێ دەمێنێتەوە، تەنیا کێشە و گرفتەکانن. لە نووسینەکانی ئەرستۆدا دەبینین شێوەی کەس و کێشە دوو پێکهاتەی جیاوازن کە هەریەکەو ئاماژە بەجۆرێک لە رەگەز دەکەن.

مەبەست لە بۆچوونی رەگەزییانە ئەوەیە کە لە پرسەکاندا بەپێی جۆری رەگەز شتەکان ئاشکرا یان بەنهێنی نووسراون، ئەوەی پێوەندیی بەرەگەزی نێرەوە هەیە بەئاشکرا هاتووەتە بەرباس و ئەوەی بۆ رەگەزی مێینە دەگەڕێتەوە بەنادیار و ئاڵۆز باسی کراوە و تەنانەت حەشار دراوە و بەزمانی هێما باس لە رەگەزی مێ کراوە. لەگەڵ ئەوەدا، کێشە وەک هێمای ئافرەت و کەس وەک

هێمایەک بۆ پیاو لە هزری ئەرستۆدا یەکسان نین و هەرکامەیان ئاراستەیەکیان هەیە، بەشێوەیەک کە پیاو وەک پێکهاتەیەک لە ئافرەت وەک کێشەیەک باشتر بووە.

لەو نێوەندەدا هەوڵ دراوە مانای هزرەکانی ئەرستۆ لە زمانی هێماوە بۆ زمانی ئەدەب بگۆڕێ تا ئەگەر ئەرستۆ بەروانینێکی نەرێنییەوە باسی ئافرەتی کردووە و تایبەتمەندیی خراپی خستووەتە پاڵ کەسایەتیی ئافرەت، ئەوە بەجۆرێکی تر لێک بدرێتەوە. هەرچەندە لە تیئۆرییەکانی ئەرستۆ هەر لە بنەڕەتدا لەسەر رەگەز بنیات نراون و بەڕاستی چۆن دەکرێ ئەو تایبەتمەندییە لە بۆچوونەکانی ئەرستۆ بسڕیتەوە و باس لە هزرێکی ئەو فەیلەسووفە بکەی بێ ئەوەی لایەنی سەرەکیی دەقەکان پشتگوێ بخەی؟ ژمارەیەکی زۆر فەیلەسووفی فێمینیست کاریان لەسەر ئەو پرسە کردووە، بۆ نموونە لیندا لانگ لە کتێبی "ئافرەت ئاژەڵێکی بڕیاردەر نییە" جەخت دەکاتەوە لەوەی "رەگەز و سێکس" لە سەرجەم نووسینەکانی ئەرستۆدا بەشێوەی جۆراوجۆر هەیە، هەرچەندە هەوڵی زۆر دراوە ئەو لایەنە بشاردرێتەوە و ژمارەیەک فەیلەسووف بەشێوەی جۆراوجۆر باس لەو دیاردەیە لە دەقەکانی ئەرستۆدا دەکەن.

ئەگەر بۆچوونی ئەو سکۆلارانەی سەرەوە راست بێ کە لەبارەی ئەرستۆوە دەدوێن، ئەوە تیئۆرییەکانی ئەرستۆ لەسەر دژایەتیکردنی ئافرەت بنیات نراون و بەو شێوەیە فێمینیستەکانی دەتوانن لە پڕۆژەیەکدا سەرجەم ئەو بێ بایەخییانە ئاشکرا بکەن کە لە دەقەکانی ئەرستۆدا و وەک نەریتێکی نووسین بەرامبەر ئافرەت کراوە. هەندێک جار لە بۆچوونەکانی دیکارت (فەیلەسووف و زانای بیرکاری لە فەرەنسا)دا هاتووە کە بەستنەوەی فێمینیستی بەتیئۆرییەکی رەگەزییانە کارێکی ناتەواوە، بەپێچەوانەی ئەوەی ئەرستۆ هەریەک لە کەسایەتیی ئافرەت و هزری خۆی تێکەڵ بەیەکتری دەکات تا لەبارەی ئافرەت بدوێ. هەرچەندە ناکرێ بۆچوونەکانی ئەرستۆ و دەقەکانی ئەو فەیلەسووفە پۆلینی سەر رەگەزەی جۆراوجۆر بکرێ، بەڵام هێشتا هەندێک فێمینیست جەخت دەکەنەوە لەوەی هزرەکانی ئەرستۆ باس لە دوو جۆرە مێشک و ئەقڵی مرۆڤەکان دەکات و بۆ ئەو مەبەستە پەنای بۆ هۆکاری جیاوازیی رەگەزەکان لە نێر بۆ مێ بردووە، بەشێوەیەک کە ئافرەتان کەسایەتییەکن پڕ لە هەست و سۆزداری.

٤- کورتەباسێک لەسەر وردبوونە فەلسەفییەکان

دەکرێ لە رێگەی رەخنەی فێمینیستی و وردبوونەوەی فەلسەفییەوە گومان بخرێتە سەر بەشێک لە پاکی و بێگەردیی فەلسەفە و لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێ. ئەو بەشە لە فێمینیستە توندڕۆ و بناژوخوازەکان کە رەخنەگرن، کۆکن لەسەر ئەوەی پێکهاتەی سەرەکیی فەلسەفە و بەهاکانی ئەو زانستە وەک هۆکار و بابەت لەسەر رەگەز بنیات نراوە. لە داوونەریتەکانی رۆئاوایی کە وەک بەشێک لە هەموو فەلسەفە دێنە دانان وا لێک دەدرێتەوە کە رەگەزی مێ پێکهاتەی سەرەکیی فەلسەفەیە.

ئەوانەی بەوردی سەرنجی فەلسەفە دەدەن، بەرەورووی چەند پێکهاتەیەکی سەرەکی لە فەلسەفەدا دەبنەوە، وەک ئەوەی "جێنیڤیڤ لایۆد" لە کتێبی "پیاوی هۆکارەکەکان"دا جەخت لەسەر هۆکار و بابەتیبوون لە مێژووی فەلسەفەدا دەکاتەوە کە لەسەر رەگەزی مێ بنیات نراوە. بەکارهێنانی ئافرەت وەک بەشێکی سەرەکی لە مێژووی فەلسەفەدا قۆناخێکی تایبەت بووە، بەڵام لە هەمووی ئەو مێژووەدا رەگەز ئامادەییی بەرچاو و هەمیشەیی هەبووە، واتە هیچ کات رەگەز لە فەلسەفە دانەبڕاوە و هەر لە ئەرستۆوە تا دەیڤد هیوم (گەورە فەیلەسووفی سکۆتلەندی) و لە ئەفلاتوونەوە تا سارتەر بەردەوامی هەبووە، لە هەموویاندا هۆکارەکان وێنایەکی ئافرەتانەیان هەیە و لە گەیاندنی هۆکارەکاندا پەنا بۆ رەگەزی مێ براوە. هەر پێوەست بەو باسەوە، سوسەن بۆردۆ لە کتێبەکەی خۆی "فڕین بەرەو بابەتیبوون"دا ئاماژە دەکات کە سەردەمی نوێی فەلەسەفە هەمان بۆچوونەکانی دیکارتە کە سەرچاوەی هەموو هزر، هۆکار و پرسە بابەتییەکان لەسەر بناخەی رەگەزی نێر دانراون. بەواتەیەکی تر لێرەدا پێگەیشتنی فەلسەفەی سەردەمییانە و خۆگونجاندنی لەگەڵ زانستی سەردەمی دەبینین کە تێیدا رەگەز ناوەندی هۆکار و بناخەکانی تری فەلسەفەیە و هەموویان تەواو نەیار و دژ بەئافرەتان و فێمینیزم وەستاوە.

بەپێی رێبازی دیکارت و روانینی ئەو فەیلەسووفە بۆ پێرۆییکردن لە ئەقڵ و جێبەجێکردنی زانستی سەردەمییانە لەگەڵ داوونەریتی راستەقینەی فەلسەفی و کولتووری ناگونجێ، چونکە لەو قۆناخەی فەلسەفەدا هەست دەکەی دەقەکان زیاتر هاوڕێی ئافرەت و کەسایەتی و هێزەکانی رەگەزی مێیە. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە هەندێک فەیلەسووفی وەک لیۆد و بۆردر سەرەڕای ئەوەی جیاوازییان لە جۆری رەگەزەکان کردووە، بەڵام زیاتر رەچاوی رەگەزی نێر واتە پیاویان کردووە. لە ڕوانگەی فەیلەسووف "لیۆد"ەوە، رەگەزی نێر و نێرگەرایی لە هێنانەوەی بەڵگەدا بۆ سەلماندنی بۆچوونەکان، وەک هێمایەکی لێ هاتووە، بەشێوەیەک کە لە واتەسازی دەرچووە و بازنە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجییەکانی بەزاندووە.

خاتوو لیۆد رەگەزی نێری وەک پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی هێناوە کە هاوکات نوێنەری هەردوو رەگەزەکەیە و دەکرێ وەک نێر سەیری مێ بکەی. لێرەدا مەبەستی نووسینەکە و خوێندنەوەی ئێمە راستەوخۆ باسی رەگەزناسی نییە، تەنیا باس لە پێگەی هەردوو رەگەزی نێر و مێ لە دەقە فەلسەفییەکان دەکەین و بەنیازین لەوەی ئاگەدار بین ئاخۆ رەگەز چۆن لە دەقدا شوێنی بۆ کراوەتەوە و لە هێنانەوەی بەڵگەدا چۆن پەنا بۆ رەگەزی مێ و نێر بردراوە. خاتوو لیۆد لەگەڵ ئەوەشدا خۆی دەپارێزێ کە پێناسەیەکی دیاری دەروونی بۆ جیاوازییەکانی هەردوو رەگەز بێنێ و هیچ جۆرە ئەرک و پێناسێکی کۆمەڵایەتی بەڕەگەزەکان نادات. ئەو ئافرەتە فەیلەسووفە فێمینیستە سوودی لە گونجاندنی رەگەزەکان لەگەڵ یەکتریدا بینیوە، بۆیە لە دەقەکانیدا رەگەزی نێر و مێ دیار نییە و زۆر ئەستەمە لە رێگەی هێماکانەوە بزانین مەبەست لە کام رەگەزە، چونکە بۆ هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی رووی لە رەگەزێک کردووە و هێمایەکی بەکار هێناوە. فەیلەسووفە

فێمینیستەکانی تر هەوڵیان داوە لە ساخکردنەوەی ڕەگەز بۆ نووسین و هێماکانی نووسینەکانیاندا هێمای دیار بۆ ڕەگەزەکان بەکار بێنن، بەشێوەیەک کە دیار بێ کام هێما ئاماژە بۆ کام ڕەگەز دەکات و لە هەموو دەقەکاندا پێڕۆ بکرێ.

فەیلەسووف خاتوو سوسەن بۆردۆ کە بەفێمینیستێکی سەردەمییانە ناسراوە پێی وایە، شکانەوەی بۆچوونەکانی دیکارت بەلای ڕەگەزی نێر لە نووسینەکانیدا پێوەستن بەهەردوو هۆکاری کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕەچاوی ئەو ٢ تایبەتمەندییەی کردووە. یەکەمیان لەبارەی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ڕەگەزی نێر کە بۆ سەدەی حەوتەم و زۆر پێش خۆی دەگەڕێتەوە کە ڕەنگدانەوەی بۆچوونی ئەو کاتی خۆی و ژینگەکەیەتی.

دیکارت بەگرینگەوە باسی لە ژیانەوەی دووبارە و بنیاتنانەوەی زانیاری لە ئاستی دنیادا کردووە و ئەو کردارە بەپرۆسەیەکی "پیاوانە و نێرانە" ناو دەبات. ئەو خوێندنەوە کۆمەڵایەتییەی دیکارت لەسەر بنەمای لایەنە دەروونییەکانی ڕەگەزی نێر بووە. گەورەترین نیگەرانییەکانی دیکارت کاتێک ئاشکرا دەبێ کە لە نووسینەکانیدا باسی بوون و ژیان دەکات و تێیدا خۆی لە هەر جۆرە بۆچوون و بیرۆکەیەک دوور دەکاتەوە کە پێی وایە سەرەتای بوونیەتی مرۆڤەکان هەمان ڕەگەزی مێ و ئافرەتن. خاتوو بۆردۆ لە بۆچوونە تایبەتیەکانی خۆیدا گرینگییەکی زۆری بەلایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونیی ڕەگەزی نێر داوە کە ڕەخنەیەکی زۆری لەلایەن ڕەخنەگرانەوە لێ کەوتووەتەوە، چونکە ئەو دۆخە تەنیا پێوەست نییە بەو فەیلەسووفە، بگرە پرسێکی مێژووییە و پێوەندیی بەپرسی ماڵباتەوە هەیە.

خاتوو لویس ئیریگەرای کە فێمینیستێکی بەلجیکییە بەشێوەیەک بناژووخواز و توندڕۆیانە باس لە مێژووی فەلسەفە دەکات و هەوڵی داوە سەرجەم لایەنە شاراوانەکانی دەقە فەلسەفییەکان ئاشکرا بکا کە ئاماژە بۆ باڵادەستیی ڕەگەزی نێر دەکات. نووسینەکانی ئەو خاتوونە، هاوشێوەی خاتوو بۆردۆیە و تێیدا سوودی لە زانستی دەروونناسی بینیوە تا دەروونناسیی دەقەکان بکاتەوە، هەروەک چۆن لیۆد پێشتر کارێکی لەو شێوەیەی ئەنجام دا.

ئەوانە هێماکانی پێوەست بەڕەگەزی نێر لەناو دەقە فەلسەفییەکان بەرجەستە دەکەن و مانا و چمکەکان لەسەر بنەمای ڕەگەزی لێک دەدەنەوە، بەڵام لەو نێوەندەدا، خاتوو ئیریگەرای بەپێچەوانەی بۆردۆ و لیۆد لە ئاستێکی بەرزدا داوونەریتەکانی پێش خۆی شکاندووە و کەمتر لای لە شیکردنەوەی دەقە فەلسەفییەکانی پێشووتری بردووە، بۆ نموونە خۆی پاراستووە لەو شیکارییەی فەیلەسووفەکانی تر و تەنانەت هەریەک لە بۆردۆ و لیۆد بۆ ڕەگەز کردوویانە و هەوڵیان داوە دەق لەسەر ڕەگەز بنیات بنێن. بۆ نموونە، خاتوو ئیریگەرای هەڵسوکەوتی مرۆڤی زیاتر لەسەر بنەمای "حەز و لاسایی" لێک داوەتەوە تا "ڕاستی و دروستی"ی مرۆڤەکان. هەروەها باس لە دیاردەی "یاخیگەری و هەڵگەڕانەوە" لە دەقە فەلسەفییەکاندا دەکات و وەک هێمایەک بۆ حەزی دەسەڵاتداری و باڵادەستیی ڕەگەزی نێر ناوی دەبات.

بەپێی بۆچوونەکانی ئیریگەرای "باڵادەستیی پیاو" (پیاوسالاری) پێوەندیی بەجیاوازیی رەگەزییەوە هەیە، بەڵام زۆرجار لە دەقی فەلسەفیدا ئەو چمکە بەهەڵە لێک دراوەتەوە و ئەو دەسەڵاتە بەرەگەزێکی جگە نێر دراوە، لەکاتێکدا بنەمای دەستەواژەکە بۆ دەسەڵاتی نێرینە دەگەڕێتەوە. ئەو خاتوونە لەو بڕوایە دایە رەگەز لە دەقە فەلسەفییەکاندا هێندەی جێگەی بایەخ نییە بەو شێوەی ئەرستۆ وەک پرسێکی سەرەکی لە نووسینەکانیدا گرینگیی بەرەگەز داوە. لەگەڵ ئەو جیاوازییە مێژووییەی کەوتووەتە نێوان فەیلەسووف و فێمێنیستەکان و ناکۆکیی دیار لە خوێندنەوە و بۆچوون لەسەر رەگەزیبوونی "هۆکار" لە فەلسەفەدا هەیە کە وەک نێر پێناسەی بۆ کراوە، هەموو روانینەکان لەسەر رەوشتی مرۆڤ هاوشێوەن و سەرجەمیان کۆکن لەوەی ئەمرۆکەی سەرجەم لایەنەکانی پێوەست بەفەلسەفە هەر لە کولتووری ئێمەوە بناخەیەکی رەگەزییانەی هەیە و ئەویش سەر بەرەگەزی نێرە.

لێرەدا، ئەو گێڕانەوە و باسانە لەسەر داوونەریتە فەلسەفییەکان پاساوێکی مێژوویی بۆ فەیلەسووفە فێمینیستەکان دێنێتە ئاراوە بۆ ئەوەی رەخنە لە رەگەزی "بەڵگە و هۆکار" لە فەلسەفەدا بگرن کە بەپێی رەگەزی نێر و دوور لە رەگەزی مێ دابەش کراوە. ئەگەر فێمینیستەکان سەرکەوتوو بن لەوەی رەخنەکانی خۆیان لەسەر رەگەزیبوونی فەلسەفە بەلای نێردا پێشان بدەن و بتوانن ئاشکرای بکەن کە "هۆکار و بابەت" لە فەلسەفەدا هەردووکیان نێرن، ئەوە ناتوانێ پاساوێک بێ بۆ رەتکردنەوەی خێرای هەموو دەقە فەلسەفییەکان، هەرچەندە ئەو پرسە نیشانەیەکە بۆ جیاوازیی رەگەزی لە فەلسەفەدا. لە راستیدا نکووڵی ناکرێ لەوەی پێویستە لە خستنەڕووی کێشە و گرفتەکاندا بەدەق روو لە رەگەز بکەی، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک رەتی بکاتەوە لە باسکردنی کێشە و ئارێشەکاندا سوود لە رەگەز وەربگرێ و تەنانەت ئاماژە بەو گرفتانە نەکات، ئەوە ناتوانێ دەقێکی رەسەن بەرهەڤ بکات، لە بەرامبەردا پێویست ناکات سەرجەم هۆکارەکانی دەقێک بەرەگەز ببەسترێتەوە. ئەگەر سەپاندنی رەگەزی نێر بەسەر مژارێکی فەلسەفی زۆر پێویست نییە تا چمکی مانای دەق بێتە کایەوە، ئەوە پێویست ناکات فێمینیستەکان هەڵوێستی توند وەربگرن و بەو هۆیەوە هەموو فەلسەفە رەت بکەنەوە. لەلایەکی ترەوە، دەکرێ "هۆکار" لە فەلسەفەدا لە رەگەزی نێر بێ تا گرینگیی زیاتری پێ بدرێ، بەڵام ناکرێ فێمینیستەکان بەو هۆیە هەر لە بنەڕەتدا "هۆکار و بەڵگە" لە دەقە فەلسەفییەکاندا رەت بکەنەوە. هەروەها ئەگەر جۆرێک "نێربوون" بەهۆکاری "بەڵگە"وە لە فەلسەفەدا دیارە، پێویستە پاساوی بۆ بدۆزرێتەوە و نەبێتە جێگەی رەخنە و مشتومڕ. چونکە "بەڵگە و هۆکار" دەکرێ لە یەکتری جیا بکرێنەوە و تایبەت نەکرێن بەرەگەزێکی تایبەتی وەک نێر و مێ، دەکرێ دوور لە نێر و مێ رەگەزێکی سروشتییانە بەو ٢ پێکهاتە سەرەکییەی فەلسەفە بدرێ، بەڵام ئەگەر فەیلەسووفە فێمینیستەکان پەسەندی ئەوە بکەن بەڵگە و هۆکار دابەشی سەر ٢ رەگەزی نێر و مێ بکرێ و واز لە رەتکردنەوە بێنن.

## پێداچوونەوەی فێمینیستەکان بەمێژووی فەلسەفەدا

مامۆستایەکی زانکۆ بۆ بواری فەلسەفە لە ئەمەریکا دەڵێ "ئەو ئافرەتانە ئافرەت نین کە لە پەراوێزی فەلسەفەدان، چونکە فەیلەسووفەکان خۆیان لە پەراوێزی مێژوودان". فێمینیستەکان لە هەڵبژاردنی پرسە مێژووییەکاندا زۆر هەستیار و وردبین و زۆربەیان بناژووخواز و توندڕۆیانە بیر دەکەنەوە و بەو روانینەوە هەڵسەنگاندن بۆ ئافرەت لە فەلسەفەدا دەکەن کە پرۆسەیەکی مەبەستدارە و ناکرێ تەنیا لە ڕێگەی بزووتنەوە نوێیەکانی فەلسەفی وەڵامی بدرێتەوە. ئەوە پرۆژەیەکی هەستیار و توندڕۆیە، چونکە ئەگەر مێژووی ئافرەتە فەیلەسووفەکان دیسان پێناسە نەکرێتەوە، ئەوە ڕێچکەی فەلسەفە تێک دەدا و مەترسیی ڕەگەزی نێری هەر لەسەر دەبێ. پرۆژەی خوێندنەوەی دووبارە بۆ فەیلەسووفە ژنەکان بەپێچەوانەی هزر و بۆچوونی ئەم سەردەمەی فێمینیزمە.

بەهەرحاڵ، لەلایەکەوە فێمینیستەکان پرۆژەیەکیان بەدەستەوەیە تا بیسەلمێنن کە هەر بەدرێژاییی مێژوو ئافرەت لە فەلسەفەدا بوونی هەبووە و فەیلەسووفی دیاری لێ هەڵکەوتووە، بەڵام هاوکات پێوەندیی ئافرەت و فەلسەفە لەسەر ٣ خاڵی دیار چڕ کراوەتەوە، یەکەمیان فەیلەسووفی ئافرەت، دووەم فەیلەسووفەکانی چالاکی بواری ڕەگەزی مێ و سێیەم فێمینسیتە فەیلەوسووفەکان خۆیان.

بەپێی زۆربەی سەرچاوە نوێیەکان، فەیلەسووفە ئافرەتەکان وەک فێمینیست بیریان نەکردووەتەوە و لەسەر دەنگی فێمینیست باسیان لە فەلسەفە نەکردووە، بەپێچەوانەی ڕەگەزی بەرامبەریان واتە پیاوان کە ڕەگەزی نێرینە بەدەقە فەلەسەفییەکانیانەوە دیارە.

لە بەرهەمی "مێژوویەک لە فەیلەسووفە ئافرەتەکان"دا نووسیار "مێری ئێلیین" پێی وایە کە "ئەگەر ئێمە چاوەڕوانی کەسانێکی وەک ڤیساغۆرسی یۆنانی لە ئافرەتان بکەین، ئەوە جیاوازییەکی کەم لە خوێندنەوەی فەلسەفە بۆ هەردوو ڕەگەزی پیاو و ئافرەتدا دەبینین، لە هەردووکیاندا فەلسەفە گرینگیی بەشتی هاوبەش دەدات. هەر لەو بارەیەوە، نووسیار "مێری وارنۆک" پێی وایە "سەرەنجام بۆچوونێکی هاوبەش و یەک دەنگم لەناو ئافرەتە فەیلەسووفەکاندا نەبینی، ئەوان بۆچوونی جیاجیایان هەیە و کۆک نین".

هەرچۆنێک بێ، ئەوەی ئێستە لە فەلسەفەدا بووەتە راستییەک ئەوەیە کە فەلسەفەی ئەمڕۆ جیاوازە، بەڵام ئەوەی دیارە باس لە فەلسەفە لەسەر ڕەگەزی نێر دەکات، باسکردنی فەیلەسووف بە خۆی بووەتە ڕێچکەیەک لە مێژووی فەلسەفە و ئافرەتانی فەیلەسووف لە ناخی دڵەوە حەز دەکەن وەک تاکەکەسی باس لە فەلسەفە بکەن و لە دەقەکانیاندا لەسەر زاری "من" بنووسن.

کاتێک هەوڵ دەدەین خوێندنەوەی دووبارە بۆ فەیلەسووفە ئافرەتەکان بکەین، تووشی پرسیارێکی سەرەکی دەبینەوە کە ئاخۆ چۆن دەکرێ دیسان فەیلەسووفە ئافرەتەکان لەناو دەقە

مێژووییەکاندا تۆمار بکەینەوە لە کاتێکدا ئەوان خۆیان بەشێکی دانەبڕاوی ئەو دیرۆکەن؟ لیزا شاپیرۆ پرۆفیسۆر و نووسیاری ناودار ساڵی ١٩٩٤ لە گوتارێکدا تیشکی خستە سەر دۆخی فەیلەسووفە ئافرتەکانی ئەم سەردەمە و لەو بڕوایەدا بوو کە "زیادکردنی ناوی یەک یاخۆ دوو ئافرەتی فەیلەسووف بەلیستی ناوی فەیلەسووفەکان تەواو نییە"، هەروەها پێی وابوو "ئێمە لە پێدانی پشکی ئافرەت لە مێژووی فەلسەفەدا، زیاتر پێویستیمان بەهێنانەوەی هۆکاری دەروونی هەیە تاوەکو ئەوەی پەنا بۆ رەگەزی جیاواز ببەین و تەنیا رەگەز بەسەرچاوەی دابەشکردنی فەلسەفە بزانین، وەک ئەوەی بڵێین فێمینیستێک، نووسیارێک یاخۆ هەر کەسێکی تر لە بەرژەوەندیی ئافرەتدا دەنووسێ.

فەلسەفە، چیرۆکێکە پێویستە ئێمە تێیدا بەدوای پرسی نوێتردا بگەڕێین و یەکێک لەو گەڕانانە دۆزینەوەی کەسایەتیی رەگەزی مێ بێ".

## هێرشکردنەسەر و دەستبەسەرداگرتنی فەیلەسووفە دیارەکان لەلایەن فێمینیستەوە

فێمینیستە فەیلەسووفەکان لە گۆڕینی مێژوودا رۆڵیان هەبووە، بەتایبەت لە سەرخستنی بۆچوونەکانیان کە زیاتر بۆ بالادەستکردنی رەگەزی مێ و ناوەڕۆکی رێبازی فێمینیستی دەگەڕێتەوە. ئەگەر بەڕەشبینی سەیری مێژووی فەلسەفە بکەین، دەتوانین تەنیا رەچاوی هزری ئەو بیرمەند و فەیلەسووفانە بکەین کە بەهەڵە باسی ئافرەتیان کردووە، هەروەک چۆن بەشێک لە فێمێنیستەکان دەقی ئەو جۆرە فەیلەسووفانە زەق دەکەنەوە و بەسەرچاوە وەریدەگرن. دەستیان لە چەند چمکی ناو دەقەکانی فەیلەسووفەکان ئەرستۆ و دیکارت توند کردووە و بۆچوونی نەرێنیی ئەو دوو گەورە فەیلەسووفەیان بەرامبەر ئافرەت وەک هەموو مێژووی فەلسەفە وەرگرتووە. هەر بۆیە زۆرجار فێمینیستە فەیلەسووفەکان لەناو خۆیاندا تووشی ناکۆکیی بۆچوون دەبن و تەنانەت هەندێک جار مێژووی فەلسەفە بەچەند شێوازی دژبەر و بەپێچەوانەی یەکتری لێک دەدەنەوە، بەشێوەیەک کە شرۆڤەی فێمێنیستەکان لە رابردووی فەلسەفە و پێگەی ئافرەتدا جیاوازە. بۆیە ناکۆکی لە خوێندنەوەی فێمینیستەکان بۆ مێژووی ئافرەت لە فەلسەفەدا رەنگدانەوەی هەبووە لەسەر فێمێنیزمی سەردەمییانە و وای لێ هاتووە کە ئێستە فێنینیستەکان لە دەقەکانیاندا سوود لە "ئێمە" وەربگرن، واتە بەنیازن بەناوی هەمووان بنووسن. ئەو دۆخە وای کردووە کە لەم سەردەمەدا فێمینستەکان کەمتر وەک تاک قسە بکەن. (بەپێچەوانەی ئەوەی پێشتر باسی لێ کرا).

## ڕەنگدانەوەکانی شێوازی کاری فێمینیست لە شرۆڤەی مێژووی فەلسەفەدا

ناکۆکی لەبارەی بەها و بایەخی مێژووی فەلسەفە بەرامبەر هزری فێمینیستی زۆرجار جیاوازیی بۆچوون لەبارەی لێکدانەوەی مێژووی فەلسەفە خۆی لێ دەکەوێتەوە، بەشێوەیەک بەهۆی نرخاندنی ڕەگەزی مێ لە فەلسەفەدا، شرۆڤەی فەلسەفە خۆی دەخاتە بەر کۆمەڵێک پرسیار. ئایا بەڕاستی فێمینیستەکان دەتوانن لە بەکارهێنانی مێژووی فەلسەفە وەک سەرچاوەیەک هاوشێوەی بزووتنەوەکانی تری فەلسەفی مامەڵە لەگەڵ ئەو ژێدەرەدا بکەن؟ ئەو پرسیارە وامان لێ دەکات ئێمە بەپێی حەز و ویستی خۆمان مێژووی فەلسەفە لێک بدەینەوە.

فەیلەسووف خاتوو ساینتیا فریلەند (٢٠٠٠) ڕەخنەی لەو بۆچوونە گرت کە فێمینیستەکان بتوانن مێژووی فەلسەفە وەک هۆکار و سەرچاوەیەک بەکار ببەن لەوەی بۆ بزووتنەوەکانی تری فەلسەفی کاری سوودگەیێن ئەنجام بدەن. ئەو خاتوونە پێی وایە فێمینیستەکان تەنیا مۆڵەتی ئەوەیان هەیە وەک هزرێک لەگەڵ مێژووی فەلسەفەدا بڕۆن و هاوڕێی بن و مافی ئەوەیان نییە لەو مێژووە هەڵبێنجن.

فریلەند چمکی فەلسەفە لە مێژوودا وەک ئایدیۆلۆجیا یاخۆ ڕوانینێک پێناسە دەکات کە لە ڕوانگەی سیاسییەوە چەوسێنەرە و لە ڕوانگەی ناوەڕۆک و شوناسەوە ئاڵۆزە و فێمینیستەکان بەمەبەستی تایبەتی خۆیان سوود لە سەرچاوە مێژووییەکانی فەلسەفە وەردەگرن. دەردەکەوێ کە سەرجەم مێژوونووسانی ستاندەدری فەلسەفە گوناهبارن لەوەی بۆیان نەکراوە لە بۆچوونە ڕەخنەئامێزەکانیاندا بۆ مێژووی فەلسەفە باسی ئەو ئاڵۆزییە بکەن کە لە سەرەوە باس کران.[١]

### گەورە فەیلەسووفە ئافرەتەکان: بیری ژنان بۆ ژنان

لە بەشی هەرەزۆری مێژوودا، پیاوان لە ڕیزی پێشەوەی فەیلەسووفەکاندا هاتوون و فەلسەفە هەموو کات سەر بە ڕەگەزی نێر بووە. ئافرەتان بۆیان نەکراوە لە کەرتی پەروەردەدا چالاک بن و بیری خۆیان بخەنە خزمەت ژیان. لە سەردەمی ئێستەدا و بەتایبەت لە ماوەی ٢٠٠ ساڵی ڕابردوودا ئافرەتان بەشداریی کارا و چالاکییان لە بواری کولتووریدا هەبووە، بەڵام زۆربەیان ڕوویان لە ئەدەبیات و هونەرەکان کردووە نەک فەلسەفە.

بەگشتیی ئافرەتان کەمتر لە پیاوان هەست بەئاسوودەیی دەروونی دەکەن و ساردوسڕتر لە ڕەگەزی بەرامبەر دەڕواننە پرسەکان و ئەو تایبەتمەندییە ڕۆڵی ئەوانی لە فەلسەفەدا کەمتر کردووە. ئافرەتان جیاوازیی بەرچاویان تێدا بەدی دەکرێ و لەلایەنی کەسێتییەوە تەواو هەست بەو لایەنە کراوە، بەڵام هاوکات ئەوان کەمتر لە پیاوان حەز بەئەنجامدانی بەشێکی زۆر لەو کارانە دەکەن کە پێوەندییان بەسروشت و زانستە مرۆییەکانەوە هەیە.

بەرەچاوکردنی ئەوە ئافرەتانەی دەتوانن بالاترین ئاستەکانی خوێندن بەسەر بکەنەوە و لە زۆربەی بوارەکاندا بالادەست بن، دەبێ بزانین بەڕاستی ئەوان کاتێک دەگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگە و لەلایەن پیاوانەوە تووشی هەڵاواردن دەبنەوە، هەڵسوکەوتیان چۆن دەبێ و لە فەلسەفەشدا ئەو جیاوازییە بخەینە ڕوو. لە هەمان کاتدا، رەگەز لە فەلسەفەدا بەرەو پەرەسەندن نییە و چیی تر وەک جاران هێنانەوەی بەڵگەی دانسقە و سیستماتیک و بەها کولتوورییەکان بایەخیان نییە، چونکە ڕێگەکانی لە دەستخستنی دنیا گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. فەلسەفە رژدە لەسەر ئەوەی بەدوای ڕێگەیەکدا دەگەڕێ تا مانای ژیان بدۆزێتەوە کە ئەوەیان لە ڕاستیدا ئەرکی ئاینێکی دۆگما و داخراوە. بەڵام بەپێی لێتوێژینەوەیەکی ئەکادیمی ئێستە، لە وڵاتانی ئەوروپایی و باکوری ئەمەریکادا پەروەردەی ئاینی باوی نەماوە و شێوازە ئەقڵانییەکان لە گەیشتن بەوەڵامە سەرەکییەکانی ژیان، خواستەکانی مرۆڤیان پشتگوێ خستووە. فەیلەسووفەکان پەڕاوێز خراون و بەها و پایەیان لە دابەزینە. دوا بزووتنەوەی گرینگیی دنیایی بواری فەلسەفە هەمان ڕێچکەی "بوونگەرایی" بوو کە پاش شەڕی پاریس لە (١٩٥٢ فرەنسا) لە نووسینەکانی "ژان پۆل سارتەر"، "ئەلبێر کامۆ" و "سیمۆن بیوڤ"دا هەستی پێ دەکرێ. لەو قۆناخەدا زیاتر گرینگیی بەزمانەوانی لە فەلسەفەدا درا تا فەلسەفە خۆی. ئەوان ڕوویان لە قۆناخی پاش دووبارە بنیاتنانەوە و مۆدێرنیتە کرد و بەشێک لە چمک و ماناکانی پێشووتری فەلسەفەیان شکاند. هیچ کەس ئاگەداری بەهای فەیلەسووفەکان نەبوو و لایەنی کولتووریی فەلسەفە خرایە بەر ڕەخنە.

مانا و بەهای دەستەواژەی "فەیلەسووفی ئافرەت" کاڵ بووەوە، کەسێکی وەک خاتوو سیمۆن بیوڤ زیاتر وەک بیرمەندێک سەیر دەکرا تاوەکو فەیلەسووف. پێناسەی گشتی بۆ فەیلەسووف ئەوە بوو کە "هەر کەس واز لە پرسگەلەکانی ڕۆژانە بێنێ و خۆی لە هەموو شتەکانی دنیایی ڕەها بکات و لە ژوورێکی تاکەکەسیدا خۆی بدزێتەوە، فەیلەسووفە". هەریەک لە خاتوو سیمۆن بیوڤ و ئاین ڕاند کە لە لیستی گەورە فەیلەسووفەکاندان لەژێر ئەو پێناسەیەدا خۆیان دەبینییەوە.

بۆچوونی ئاین ڕاند لەبارەی هاندانی مرۆڤەکان بۆ ڕوانینێکی کۆمەڵایەتی بەنرخ بوو و لە نووسینە خەیاڵئاوییەکانیدا هەست بەو هزرەی دەکەین کە لەسەر بنەمایەکی فەلسەفی هاتووەتە دامەزراندن. هەروەها سیمۆن بیوڤ لە بەرهەمی "رەگەزی دووەم"دا بەوردی باس لە ئاوێتەبوونی ڕەگەزی دەکات و تێکەڵبوونی ڕەگەزەکان بۆ لایەنی مێژوویی دەگێڕێتەوە تا فەلسەفە و بەبەڵگەیەکی ڕاستەقینە ناوی دەبات. لە نووسینەکانی هەردوو ئەو خاتوونانە کێشەیەک بەناوی ڕەگەزی مێ نییە و بەلایدا نەچوونە.

ئەو دیاردەیە بێزاریی و ڕەخنەی هەموو لایەکی لێ دەکەوێتەوە کە هەردەم ئافرەت وەک خاڵی جیاوازی و هەڵاواردن لەگەڵ پیاوان پێشان دەدا، بەتایبەت کە ئەو جیاوازی و هەڵاواردنە ڕەگەزییانەی ئافرەتان لەلایەن پیاوان خۆیانەوە بێتە باسکردن. کەمیی فەیلەسووفی ئافرەت بۆ نەبوونی توانا و بەهرەی ڕەگەزی مێ ناگەڕێتەوە، بگرە پێوەندیی بەڕووخانی فەلسەفە خۆیەوە

هەیە. فەلسەفە خۆی بووەتە پرسێکی مردوو، چونکە ئێستە سەردەمی لێشاوی زانستەکانی وەکو ئینتەرنێت و بەرهەمە تەکنەلۆجیاییەکانە. هەموو کەس دەتوانێ لە ڕێگەی کۆمپیوتەرێکەوە شوناسێکی جیاواز بۆ خۆی دەستەبەر بکا و لەسەر رەگەز و ناوەڕۆکی خۆی بڕیار بدا، ئەو دۆخە گۆڕانکارییەکانی بنەڕەتی لە هزر و بۆچوونی گەنجاندا پێک هێناوە و پێناسەی جیاجیا بۆ شتە باش و خراپەکان دەکرێ. فەلسەفە بۆ سەردەمێکی لەناوچوو دەگەڕێتەوە کە تێیدا پرسگەلەکان بەسرِی وەڵام دەدرانەوە و پرسیارەکانی مرۆڤ وەڵامی خێرا و شیاوی متمانەیان پێ نەدەدراوە، بۆیە لە دنیای ئەمڕۆدا فەلسەفە وەک شوێنەوارێکی دێرینە سەیر دەکرێ.

**ناوی ١٠ گەورە ئافرەتی فەیلەسووف لە مێژوودا**

هانا ئارێنت 1975-1960 (Hannah Arendt)

فەیلەسووفی جوو بەڕەگەز ئەڵمانیایی کە قوتابیی فەیلەسووف هیدگەر و تا ڕادەیەک خزمی بووە، پێش ئەوەی ساڵی ١٩٣٣ لەلایەن پۆلیسی نهێنیی ئەڵمانیای نازییەوە (گشتاپۆ) بەتۆمەتی پڕوپاگەندە لەبارەی سیاسەتەکانی دژی جوو ناسراو بە "ئەنتی سامی" بێتە گرتن، خاتوو هانا بەرەو پاریس رای کرد و ٧ ساڵ دواتر پاش رووخانی فرەنسا بەرەو وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا رۆیشت. لە سەرەتادا حەزی لە چەمکی "بوونگەرایی" دەکرد و دواتر بەرەو پیلی بۆچوونەکانی ئۆگستان (کەسایەتیی ئاینیی کریستیانەکان) هەنگاوی نا و تا ڕادەیەکی زۆر لایەنێکی سیاسی بەخۆیەوە بینی. کتێبی "ناخی تاکڕەوی" باشترین بەرهەمی ئەو خاتوونەیە کە ساڵی ١٩٥١ هاتە بڵاوکردنەوە و تا ساڵی ١٩٦٣ چەند بەرهەمێکی تری لە ئەمەریکا و ئیسرائیل چاپ کردوون. لێکدانەوەی هانا باس لە پشکداریی جووەکان لە گۆی زەویدا دەکات و رەخنە دەگرێ لەوەی بۆچی جووەکان ناتوانن لەسەر گۆی زەوی بەشیان پێ بدرێ. دەتوانین بڵێین بۆچوونەکانی هانا کەوتوونەتە بەر کاریگەریی فەلسەفە سیاسییەکانی کانت.

هیپاتیای ئەسکەندەرونایی 370-415 (Hypatia of Alexandria)

شوێنکەوتووی فەیلەسووف ئەفلاتوونە کە پەرەی بەچمکی "ئەفلاتوونگەرایی نوێ" لە ئەسکەندەرونا (میسر) دا، بەتایبەت لە دوا ساڵەکانی تەمەنی کە شیمانە دەکرێ بۆ ساڵانی ٤٠٠ تا ٤١٥ی زاینی بگەڕێتەوە. هیپاتیا خاتوونێکی ناودار بوو و ئەوەی دیارە تەنیا بەرهەمێکی لێ بەجێ ماوە بەناوی "فەیلەسووف". هەروەها زانایەکی بواری بیرکاری و ئەستێرەناسی بوو و کۆمەڵێک بۆچوون و روانگەی سەیروسەمەرەی تری هەبوو کە ئاماژەیان بە راستییەکانی پێوەست بەڕاستییەکان و تواناکانی مرۆیی دەکرد و تێگەیشتنیان ئەستەمە.

سیمۆن بیوف ١٩٠٨-١٩٨٦

خۆشەویستەکەی ژان پۆل سارتەر بوو، ئەو رێچەکەیەکی نوێی خستە ناو نەریتی فەلسەفی و

بەنووسینی کتێبێک لەسەر "لێیب نیتز" گەورە فەیلەسووفی ئەڵمانیایی پەرەی بەبناژووخوازی لەناو چمکی فێمینیزم و بوونگەرایی دا. هزرەکانی باس لە ئازادیی مرۆڤ دەکەن و هەڵگری دروشمی "مافی شتەکان بدە و لەناو شتەکاندابە". لە کتێبە ناسراوەکەیدا "فەلسەفەی دوولایەنە" لە ساڵی ١٩٤٨ بەرەو ئاستێکی بەرزی فێمینیستی هەنگاوی نا. خاتوو سیمۆن دواتر بەنووسینی کتێبی "رەگەزی دووەم" ئەو بۆچوونەی خۆی خستە روو کە ئافرەتان هەموو کات شیمانەی نەرێنییان لەسەر بووە، هەر بۆیە لە مێژوودا کەمتر لەسەر رەگەزیان نووسراوە و ئەوەی ئێستە هەیە مێژووی فەلسەفەیەکی نێرانەیە.

ئێلیزابێت ئەنسۆمبڵ 1919-2001 Elizabeth Anscombe

خوێندنی ئەکادیمی لە هەردوو زانکۆی ئۆکسفۆرد و کێمبریج تەواو کردووە و بەشێوەیەکەی بنەڕەتی پێناسەی هەریەک لە مێشک و رەوشتی کردووە و بەگەورە فەیلەسووفی ئافرەتی بەریتانیا لە سەدەی بیستەم دێتە ناسین. "کاسۆلیزیمی رۆمیایی" بەناسراوترین بەرهەمی دادەنرێ و بەگشتیی هەڵگری ئەو دروشمەیە کە "ئەگەر تۆ بەخێرایی قسە نەکەی و لە قسەکردندا پەلە نەکەی، خەڵکی پێی وایە تۆ زیرەکتر بووی"، کەچی دواتر فەیلەسووفەکانی تری وەڵامیان داوە و بۆچوونی تریان لەسەر دانا کە "ئەگەر تۆ زۆر بەهێمنی قسە نەکەی و لە قسەکردندا لەسەرخۆ نەبێ، خەڵک پێی وایە تۆ کەسێکی پڕ ناوەڕۆک و قورس بووی".

خاتوو ئاننی کانوەی 1631-1679 Anne Lady Conway

ئەو فەیلەسووفەی شوێنکەوتووی بۆچوونەکانی دیکارت بوو و دواتر بەرەو کویکاریزم -Quakerism(کۆمەڵێک بۆچوونی ئاینی سەر بە پرۆتستانەکان) هەنگاوی نا. هەرچەندە لە تەمەنی ٤٧ ساڵ کۆچی دوایی کرد، بەڵام زیاتر لە تەمەنی خۆی ژیا. ئەو ئافرەتە گومانی لە بەشێکی بوون هەبوو و پەرەی بەرۆڵی خوا لە سروشت دا و سروشتی بەهۆکارێک لە پێگەیشتنی دنیای دەرەوە ناو برد تەنیا بۆ ئەوەی دەری بخات کە "ژیان و پێکهاتەکانی سەر بەیەک شوێنن". تاکە کتێبەکەی "بنەماکانی زۆرینەی فەلسەفە کۆن و نوێیەکان"ە کە ١١ ساڵ پاش نەمانی خۆی لە ساڵی ١٦٩٠ بڵاو کرایەوە.

سارا مارگرێت فوللەر 1810-1850 Sarah Margaret Fuller

لەدایکبووی ئەمەریکایە و لە ئاستێکی بەرزدا بڕوای بەئایدیالیزم هەبوو هەروەک زۆربەی ئافرەتانی سەدەی ١٩ەمی ئەمەریکایی کە جیلی یەکەمی فێمینیستەکان بوون. ساڵی ١٨٤٦ چووە ئەوروپا و لەگەڵ ئەرستۆکراتێکی ئیتاڵیایی ژیانی هاوسەری پێک هێنا.

سوسەن هاک -1945 Susan Haack تا ئێستە

لەدایکبووی بەریتانیا کە پرۆفیسۆری فەلسەفە و یاسا لە زانکۆی میامی بوو. بانگەشەی بۆ

چمکی "دۆزینەوە و دووبارە داڕشتنەوە" دەکرد و لە بەرهەمەکەیدا بەناوی "ڕێگەی سێیەم"دا باس لەو چمکە و بیری لێکبەستنەوەی پرسەکان دەکات، هەروەها ژمارەیەک بەرهەمی تری هەیە.

مێری وۆڵ ستۆن کرافت Mary Wollstonecraft 1759-1797

فێمینیستی بەریتانیایی و خاوەن بڕوای تەواو بەمافە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی مرۆڤ. لە بەرهەمەکانی وەک "سەلماندنێکی مافەکانی پیاو" (١٧٩٠) دژی کڕین و فرۆشتنی کۆیلە و کۆیلەداری وەستا. دواتر لە ساڵی ١٧٩٢ بەبەرهەمی "سەلماندنێکی مافەکانی ئافرەت" باسی لە مافەکانی ڕەگەزی مێ کرد و وای لێک داوە کە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش بۆ ئافرەت "لەشفرۆشییەکی یاساییە".

ئاین ڕەند Ayn Rand 1905-1982

فەیلەسووف و ڕۆماننووسی رووسیایی کە مشتومڕێکی زۆری خستەوە، بڕوایەکی پتەوی بە "سەرمایەداری" هەبوو، لە ساڵی ١٩٢٤ بەرەو ئەمەریکا رۆیشت و پەرەی بەفەلسەفەی "تاکەکەسی" دا و ناوی "بابەتیبوون"ی لەسەر دانا کە بۆ فەلسەفەی "ژیان لەسەر زەوی" دەگەڕێتەوە. دیارترین بەرهەمەکانی بەناوی "سەرچاوەی سەرەکی" لە ساڵی ١٩٣٥ و "قارەمان خۆی دەدزێتەوە" لە ساڵی ١٩٥٧ بوو.

دەیم مێری وارنەک Dame Mary Warnock 1924 تا ئێستا

خاتوو وارنەک زۆربەی بۆچوونەکانی لەسەر کۆمەڵگەی بەریتانیایی بوو و وەک فەیلەسووفێکی ڕەگەزی مێ لەناو پێکهاتەی بەریتانیادا پرسەکانی لێک دەدایەوە. وەک داکۆکیکارێک لە مافەکانی ئافرەت لەناو فەلسەفە دێتە ناسین و لەسەر ئەو ڕێچکەیە کۆمەڵێک بەرهەم و نووسینی هەیە. بۆ نموونە هەردوو بەرهەمی دیاری وەک "بەکارهێنانی فەلسەفە" لە ساڵی ١٩٩٢ و "ئافرەتە فەیلەسووفەکان" لە ١٩٩٦[٢]

سەرچاوەکان:

١- لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆی ستانفۆرد - ئەمەریکا http://plato.stanford.edu/entries/feminism-femhist/

٢- بەدواداچوونێکی ئەکادیمی لە بەریتانیا

http://www.independent.co.uk/news/uk/this-britain/ten-great-female-philosophers-the-thinking-womans-women-498733.html

# توندوتیژی دژی ژنان

عەشرەت عەبدوڵایی

شـارەزایان، توندوتیـژی دژی ژنانیـان لە سێ بەشدا پۆلێنبـەند کـردووە، بنەمـاڵەیی، کـۆمـەڵگە و زیندانەکـان، دیارە دەسەڵاتی ئابووری، سیاسی و کولتووری لە هەموو ئەو بوارانەدا هۆکـارێکن بۆ توندوتیژی. ئەگەرچی گرینگترین بوارەکانی توندوتیژی دژی ژنانیش بۆ کۆمەڵێک ڕوانگەی هەڵە لە هەمبەر زاڵبوونی پیاو بەسەر ژنان و ریشە کولتوورییەکەیدا دەگەڕێتەوە، بەڵام زۆربەی شارەزایان و خـاوەنڕایانی کـۆمـەڵایەتی پێـیـان وایە بەرزبوونەوەی ئاسـتی خـۆشگوزەرانی، پەروەردە و بەرزکردنەوەی ئاسـتی رۆشـنبـیریی گشـتی دەتوانێ لە دابەزاندنی رێژەی تـوندوتیـژی بەرامـبـەر بە ژنان کـەم بکاتەوە و گـرینگتـر لەوەش حکوومـەتـەکـان دەتوانن بەپەسندکـردنی یاسـای تـوند و پێشکەوتوو، توندوتیژی دژی ژنان کۆنتـرۆڵ بکەن و لە کـاتی بەڕێوەبردنیشـیدا بایەخی جیدی بەو یاسایانە بدەن. هەروەک چۆن حکوومەتەکان دەتوانن لە کۆنترۆڵکردنی توندوتیژییەکان کاریگەر بن لە کـۆنتـرۆڵکردنی توندوتیـژی دژی ژنانیش دەتوانن کـاریگەریی زۆرتریان هـەبێ. چونکە لە حکوومـەتە پێشکەوتووەکانی ئەمڕۆدا دەسـەڵاتی یاسایی بەدەستی حکوومـەتە، بەڵام رۆڵی ژنانیش لەو نێوەندەدا گرینگییەکی تایبەتیی هەیە.

ژنان لەم سەردەمەدا بـەسەرنجدان بەلێهاتوویی و تـوانایییان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی یاسایی، کـۆمـەڵایـەتی، سـیـاسی، ئابووری و رۆشنبـیری، دەتوانن لە کـەمکردنەوەی توندوتیـژی بـەرامـبـەر بەخـۆیان رۆڵی بـەرچاو بگێـڕن، چونکە ژنان بەبەراورد لـەگـەڵ رابردوو زیاتر خـۆیان ناسـیـوە و ئەمەش دەتوانێ ببێتە هۆی کەمبوونەوەی توندوتیژی لە چوارچێوەی بنەماڵەدا.

لەسـەر ئەم بنەمـایە رێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکـان رۆژی ٢٥ی نۆڤـێـمـبـەریان وەک رۆژی

..............................................................

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: شنۆ مێهرپەروەر

جیهانیی ریشەکێشکردنی توندوتیژیی ناودێر کردووە. ڕاگەیەندراوی جیهانیی "نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان" لە شوباتی ١٩٩٤ لەلایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسند کرا. لەو ڕاگەیەندراوەدا توندوتیژیی دژی ژنان کۆسپێکە لەسەر ڕێی گەیشتن بە یەکسانی، پێشکەوتن و ئاشتی و بە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە لە بنەڕەتدا توندوتیژی دژی ژنان دەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان، هەر بۆیە لە "ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤ"،"میساقی نێودەوڵەتیی مافی مەدەنی و سیاسی"،"میساقی نێودەوڵەتیی مافی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری"، "ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی جۆرەکانی هەڵاواردن دژی ژنان" و "ڕێککەوتننامەی دژی ئەشکەنجە و هەڵسوکەوت یا سزای توند، نامرۆڤانە یان سووکایەتی پێ کردن" بە یەکسانی، ئاسایشی هەموو مرۆڤەکان بەشێوەیەکی گشتی لەبارەی ژنانەوە بایەخێکی زۆرتری داوە، بەجۆرێک کە جێبەجێکردنی "ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی تەواوی جۆرەکانی هەڵاواردن دژی ژنان" بە نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان یارمەتیی دەدا و لە ڕاستیدا ڕاگەیەندراوی "نەهێشتنی توندوتیژیی دژی ژنان" تەواوکەر و بەهێزکەری ئەو ڕەوتەیە.

بەڵام هەڵاواردنی مێژوویی و بەردەوامی ژنان، هۆکاری سەرەکیی بایەخی نێودەوڵەتی و پەسندی ڕێککەوتننامەکانی تایبەت بە ڕەوشی ژنانە و ڕوون و ئاشکرایە کە تەرازووی دادپەروەری دەبێ هاوسەنگ بێ و ئەو هاوسەنگییە بەرەو یەکسانیی یاسایی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریی ژنان هەنگاو هەڵگرێ. جێبەجێبوونی کۆنوانسیۆنی "نەهێشتنی هەڵاواردن دژی ژنان" لە ساڵی ١٩٨١ لەلایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەپێویست زانرا.

لە مادەی یەکەمی ڕاگەیەندراوی جیهانیی "نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان"دا هاتووە: توندوتیژی دژی ژنان واتە هەر کردەیەکی توندوتیژانە کە ببێتە هۆی زیانگەیاندن یان ئازاردانی جەستەیی یا دەروونی. کەوا بوو ئازارگەیاندنی جەستەیی و دەروونی وەک کردەیەکی توندوتیژ سەیر دەکرێ.

لە مادەیەکی تری ئەو ڕاگەیەندراوەدا، ژنان بەشێوەی یەکسان مافی سوود وەرگرتنیان لە تەواوی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری، مەدەنی و... هتد، هەیە. ئەو ئازادییانە وەک مافی ژیان، مافی یەکسانی، مافی ئازادی و ئاسایشی تاکەکەسی، مافی بەشداربوون لە بەرزترین ڕێژەی تەندروستیی جەستەیی و دەروونی، مافی بەشداربوونی دادپەروەرانە و جێگەی ڕەزامەندیی بۆ کار.

هەروەها لە وڵاتاندا دەبێ یاساگەلێک پەسند بکرێن کە بەپێی ئەو یاسایانە ئەگەر ژنان تووشی توندوتیژی بوون دەبێ قەرەبوو بکرێنەوە و هەروەها بتوانن ڕێکاری یاسایی بگرنە بەر و پشت بە یاسا ببەستن و بەشێوەی دادپەروەرانە و کاریگەر لە بەرامبەر ئەو زیانانەی پێی گەیشتووە، قەرەبوو بکرێنەوە، هەروەها پێویستە ژنان لەبارەی مافەکانیان لەلایەن حکوومەتەکانەوە وشیار بکرێنەوە.

له بەشێکی تری ئەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە: پێویستە حکوومەت ڕێوشوێنی پێویست بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئاسایش و هەروەها باری تەندروستی و دەروونیی ئەو ژنانە بگرێتە بەر کە کەوتوونەتە بەر توندوتیژییەوە.

## جۆرەکانی توندوتیژی

تووندوتیژیی ڕەگەزی بە مانای ئەنجامدانی رەفتاری توندە لەسەر بنەمای ڕەگەزی کە ئاسەواری ئیحتمیالی ئەو رەفتارە ئازاری فیزیکی، ڕەگەزی، دەروونی، دارایی بەدوادا دێت. هەموو کات و بەدرێژاییی مێژوو توندوتیژی لەلایەن کەسانێکەوە ئەنجام دراوە کە دەسەڵاتیان بەدەستەوە بووە و ئەمەش ڕەنگدانەوەی مێژوویی پێوەندیی دەسەڵاتی نابەرابەری نێوان ژن و پیاوە.

توندوتیژی بەشێوەی جۆراوجۆر خۆی دەردەخات و پانتاییەکی بەرین دەگرێتەوە لەوانە: توندوتیژییە جەستەییەکان، هەتا شێوەی ئاڵۆز و شاراوەی وەک: توندوتیژیی رەگەزی (جنسی) و دەروونی و سەرئەنجام نەهێشتنی ژنان لە تەواوی بوارەکاندا.

له ڕاگەیەندراوی جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژناندا بەشێوەی دیار چەمکی توندوتیژیی بەم جۆرە پێناسە کراوە. "هەر کردەوەیەکی توند لەسەر بنەمای رەگەزی (جنسییەت) کە دەبێتە هۆی زیان یان ئازاردانی (جەستەیی)، رەگەزی یان دەروونیی ژنان".

جۆرەکانی توندوتیژی:

١- توندوتیژیی بنەماڵەیی.

٢- خۆسووتاندن کە زۆر جار بەرهەمی توندوتیژییە.

٣- توندوتیژیی چەند هاوسەریی.

١- توندوتیژی بنەماڵەیی:

له پێوەندی لەگەڵ توندوتیژیی بنەماڵەییدا زۆر کەس پێیان وایە توندوتیژی تەنیا دەستدرێژیی جینسی و ئازاردانی جەستەییە. لە کاتێکدا چەندان جۆری تری تووندوتیژی لە نێوماڵدا هەیە کە بە تەواوی شاراوە و نەناسراون. یەکێک لەوانە توندوتیژیی دەروونییە کە ئاسەواری زۆر زیاتر لە توندوتیژیی جەستەییە.

ئەم جۆرە توندوتیژیی چەندان شکڵ و شێوازی جۆراوجۆری هەیە بۆ نموونە لە بواری داراییدا ژنان دەکەونە ژێر پاڵەپەستۆوە، لە گەلێک بواری وەک: جلوبەرگ، کار، لەژێر چاودێریخستن و دیاریکردنی جلوبەرگ بەبێ ڕەزامەندیی ژن، پچڕانی پێوەندی لەگەڵ دۆستان و ئاشنایان و بەکورتی هەڵسوکەوتی ناشارستانییانە، پاڵەپەستۆ، پێکهێنانی هەستی تاوان و گوناح لە ژناندا دەبیندرێ.

کوردستانی کتێب

له بنەڕەتدا بە جۆرێک ژنان دەخرێنە ژێر پاڵەپەستۆوە کە بە تەواوی بڕوا بە خۆ بوون و لێهاتووییەکانی خۆیان زۆر بەبچووک و کەمتر لە پیاوان دەبینن. هەروەها هەڕەشە و گوڕەشەی مێرد وەک ئەوەی کە کەسوکاری ژنەکەی دەکوژێت، هەڕەشە و ئازار و ئەزیەتکردنی منداڵەکانی، شکایەتکردن لەلای پۆلیس و دادگە دژی ژنەکەی و خزم و کەسوکاری، هەڕەشەی تەڵاق یا هێنانی ژنی دووەم و هەوێ، خەرجی نەکێشان و فشارهێنانی دارایی و ناچارکردنی بۆ دەست پانکردنەوە لەم و لەو، مل ڕانەکێشان بۆ تەڵاق بەپێچەوانەی پێداگریی ژن، ناچارکردنی بە پێوەندیی ژن و مێردایەییی نەویستراو، نەبوونی بەکارهێنانی کەرەستەی پێشگیری لە حاڵێکدا پیاو تووشی نەخۆشیی گواستراوە (واگیر) بووبێ، سکپڕیی نەخوازراو و پێشگیری لە بەکارهێنانی دەرمانی دژەسکپڕی، شک و گومان و دڵپیسی، پێشگیری لە سەربەخۆییی دارایی، تۆمەتبارکردن بەکەمتەرخەمی لە بواری ناموسیدا، زیندانیکردن و لێدان و... لەو توندوتیژییانەن کە لەلایەن ژنانەوە وەک توندوتیژیی بنەماڵەیی و دەروونی تاقی کراوەتەوە. لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە کەسانی تووڕە و هەڵچوو لە قۆناخی منداڵیدا لە کەسانی تر زیاتر قوربانی یان شاهیدی توندوتیژی بوون.

بەم شێوەیە دەبینین کە ئاسەوارەکانی توندوتیژیی بنەماڵەیی لە تاکە کەسێکدا قەتیس نابێت و قوربانییەکە لە قۆناخی گەورەساڵیدا پاش پێکهێنانی بنەماڵە لە ژێر کاریگەریی هەمان هەڵسوکەوتدایە کە لە بنەماڵەدا فێری بووە ئەم چەشنە هەڵسوکەوتەش لە چارەسەری کێشەکانی بنەماڵەی خۆیشیدا بەکار دێنێ، کەوا بوو ئەم توندوتیژییە لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە.

٢- خۆسووتاندن:

دەروونناسان لەسەر ئەو باوەڕەن کە خۆسووتاندن لەو کاتەیدا کە کارێکی شانۆییە (مەبەست ئەوەیە کە ئەو کەسە دەیەوێ سەرنجی دەوروبەر بۆ لای خۆ ڕابکێشێ)، سووتانێکی قووڵ و بە ژانە بۆ کەسە سووتاوەکە و جێگەی ناڕەحەتی و داخیشە بۆ بنەماڵەکەی و زۆرجاریش دەبێتە هۆی مردنی و جاری واشە کە سووتاوەکە نامرێ بەڵام وێڕای ئێش و ئازارێکی زۆر؛ پەشیمانییەکی لە ڕادەبەدەری بەدواوە دەبێ.

لە ڕاستیشدا خۆکوژیی ژنان یەکێک لە دیاردەکانی سەرچاوەگرتوو لە توندوتیژیی بنەماڵەییە بە دژی ژنان کە٣٠٪ تا ٥٠٪ ژنان لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە بێحورمەتییان پێ دەکرێ و لێیان دەدرێ.

هۆیەکانی خۆسووتاندن:

دواین لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە سەرەڕای تێکچوونی دەروونی، هەژاریی کولتووری، ئابووری و پێکهێنانی ژیانی هاوبەش بەشێوەی زۆرەملێ، جیاوازیی قووڵی بنەماڵەیی، بەکاربردنی

توندوتیژی بە هەموو شێوەکانیەوە لە هۆیە سەرەکییەکانی خۆسووتاندنن. کۆمەڵناسان لەسەر ئەو بڕوایەن کە خۆسووتاندن خراپترین و بەژانترین شێوەی خۆکوژییە و لە ڕاستیشدا بەرهەمی ڕووبەڕووبوونەوە و بەرهەڵستی کولتووری ناو سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە.

شوێنەوارەکانی توندوتیژی لەسەر ژنان

١- نزیک بە ٩٠٪ی ژنان لەباری دەروونییەوە تووشی خەسار و تێکچوون بوون و جۆری خەسارەکەش لە دڵەخورپێ و وەسواسبوون و خەمۆکیی لە ڕادەبەدەر دەست پێ دەکات و زۆرجاریش دەگاتە ڕادەی خۆکوشتن.

٢- نزیک بە ٧٢٪ی ژنان تووشی تێکچوونی جەستەیی وەک: شکان و سووتانی ئەندامەکانیان، لەباربردنی بە ئەنقەستی منداڵ، برینداربوون. و کولتووری زاڵ بەسەر کۆمەڵگە، ڕێگە لە هەر جۆرە باسکردن و درکاندنی توندوتیژیی پیاو بەرامبەر بە ژن دەگرێ، تا ڕادەیەک کە زۆرجار ئازایانە دەڵێن: "بیست سی ساڵە لێمان دەدرێ چەندان جار دەست و لاقمان شکاوە بەڵام حازر نەبووین بە کەس بڵێین یان شکایەت لە مێردەکانمان بکەین" یان "فلان ژن دەبێ زۆر بەتاقەت و بەحەوسەڵە بێ، پیاوەکان ئازار و مەینەتییەکانی خۆیان بە توندوتیژی لەگەڵ ژنان کەم دەکەنەوە" یان "فلان ژن سی ساڵە لێی دەدرێ بەڵام بە تاقەتە و تەنانەت مێردەکەشی زۆر خۆش دەوێ".

٣- توندوتیژیی چەند هاوسەری

کوشتنی ژن، توندترین شێوەی ئازاردانی هاوسەرییە، لە پلەی دووەمیشدا چەند هاوسەری توندترین شێوازی بەکارهێنانی توندوتیژییە دژ بە ژنان.

بە پێکهێنانی سەرلەنوێی ژیانی هاوبەش لەلایەن پیاوەوە، ژن بە تەواوی باوەڕی بە ژیانی هاوبەش، بەخۆی، بەمێردەکەی، بەجوانییەکەی و تەنانەت بە هەستی پێگەی کۆمەڵایەتی و بەداهاتوو و ڕابردووشی لە نێو دەچێ و تووشی تەنگەژەی دەروونی، بێ هیوایی و بێ توانایی رۆحی دەبێ. ئەمە نە تەنیا لە کۆمەڵگەی نەریتی ئێمەدا، بگرە لە هەموو کۆمەڵگەیەدا هەیە کە خیانەتی هاوسەر یان سەرلەنوێ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەلایەن پیاوەوە، ژنان تووشی نەخۆشیی دەروونی دەکا. بەڵام ئەوەی کە ئەم زیانە لە کۆمەڵگەی ئێمە زیاتر دەکاتە کارەسات، مۆری تەئیدی یاسا و داوونەریتی کۆمەڵگەیە. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کە بە شێوەی ئاسایی گەورەترین و سەرەکیترین کاری ژن، پێڕاگەیشتن بە هاوسەر و بەخێوکردنی منداڵە، نزیکترین کەس بە ژن، مێردەکەیەتی و ژن تەواوی بوون و ژیانی خۆی دەخاتە پێناوی بنەماڵەکەی و فیداکاری دەکا.

کاتێکیش ئەم نزیکترین کەسە بە دوای ژنێکی تر دەکەوێ، تەواوی لایەنەکانی ژیانی تێک دەچێ. کەسایەتی، باوەڕبەخۆبوون، هەست و... هتد، ژیانی ژن لە هەموو بوارەکاندا زیان دەبینێ، بڕوای

ژن بەمێردەکەی کە پشت و پەنای مەعنەوی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەتی، نەک تەنیا لەرزۆک، بگرە هێندێک جاریش لەنێو دەچێ، گومان لە ڕابردوو پەیدا دەکا کە ئاخۆ کاتی خۆی مێردەکەی خۆش ویستووە؟

لە تیۆری و ئەدەبیاتی فیمینیستی ڕۆژئاوادا ناوێک لە چەند هاوسەری نییە. لەو کۆمەڵگەیەدا (ڕۆژئاوا) دیاردەی چەند هاوسەری زۆر کەم بووە یان لەنێو چووە. یەکێک لە کارەکانی ئێمەی ژن ئەوەیە کە شێوازەکانی توندوتیژی دژی ژنان کە تایبەت بە کۆمەڵگە هەژارەکانە ببینینەوە و وەک توندوتیژی پێناسەیان بکەین. بەپێی ئامارێک کە ئەم دواییانە لە ئێراندا بڵاو بووەتەوە، ٩٨٪ ژنان لە سووکایەتی پێکردن وەک توندوتیژیی دەروونی ئازار دەکێشن. بە واتایەکی تر سووکایەتی کردن بە ژنان وەک عادەتێکی باوی پیاوانی لێ هاتووە و بەهیچ شێوەیەک ناکەونە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو بووەتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانە. لە کۆمەڵگەیەکی ئەوتۆدا ڕووناکبیرانیش سووکایەتی بە ژنان دەکەن، لەخۆڕا نییە کە پرسی ژنان بە جیدی ناگیرێ و سووکایەتییان پێ دەکرێ و "چەند هاوسەری" نەک وەک شێوازێکی دزێو لە توندوتیژیی کۆمەڵایەتی و یاسایی دژی ژنان نابینن، بگرە وەک پرسێکی "تاکەکەسی" سەیری دەکەن و چاوەڕوانییان لە ژنان هەیە کە پرسەکەیان لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتی خۆیاندا چارەسەر بکەن.

هەر یاسای چەند هاوسەرییە بەسە کە هەژاریی کولتووری لە کۆمەڵگە هەژارەکاندا بسەلمێنێ. لەم کۆمەڵگەیانەدا ئەوەی کە توندوتیژیی چەند هاوسەریی زیاتر وەک کارەساتێک لێ دەکا، مۆری تەئیدی کۆمەڵایەتی و یاساییە کە ڕێگە بە کردەوە و هەڵسوکەوتی توندوتیژانە و غەیرە ئینسانیی پیاو دەدا. پیاو دەتوانێ بە چەند هاوسەری، حاشا لە کەسایەتیی ژن بکا، غرووری بخاتە ژێر پێ و حاشا لە جوانی و ڕێز و پلە و پایە و نەفسبەرزی تەنانەت هەستی ڕەگەزیشی بکا، تۆوی بێ باوەڕی بۆ هەتاهەتایە لە ناخیدا بچێنێ و بەرامبەر بە ژیان و داهاتوو ڕەشبینی و بەکورتی ڕۆژڕەش و چارەڕەشی بکا.

ئەمە لەحاڵێکدایە کە ژن ناتوانێ ئێش و ئازارەکانی خۆی باس بکا و ناتوانێ بڵێ کە بووەتە قوربانیی توندوتیژیی پیاو، لەبەرئەوەی کە کۆمەڵگەی ئێمە ئەو هەڵسوکەوتەی پیاو وەک "یاسا" چاو لێ دەکا. ئازارێک کە ژنی قوربانیی چەند هاوسەریی بەدەستییەوە دەناڵێنێ لە چاو کۆمەڵگە ئازار نییە، بەڵکو نەریتێکە و ئەو مافەی بە پیاو داوە کە ژنێکی تر هەڵبژێرێ، تەنانەت بە نرخی ئەشکەنجەدانی ژنی پێشووی و شەریکی ژیانی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئافتاب

# موجاهیدینی خەڵق، مەتەڵێکی سیاسەت

نووسینی: جێرمیا گۆڵکا، لیدیا هەنسڵ،
ئێلیزابێس وێڵک، جودیس لارسن

بەشی چوارەم

**ململانێی چاوەڕواننەکراو و بەرەنجامی نەویستراو و پەندە وەرگیراوەکان**

لە پلانی گەورەی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا مێک ڕۆڵێکی بچووکی هەبوو. بەڵام لەوەی پێوەندیی بەپرۆسەگەلی گرتنەوە هەیە زۆر گەورەتر دەهاتە بەرچاو، نەک تەنیاش لە سەرەتای پێکدادانەکان واتە ئەو کاتەی ئەندامانی ڕاگیراوی مێک لەناو کەمپی ئەشرەف ڕێژەیەکی بەرچاوی جەماوەری گرتووانی پێک دەهێنا، بگرە ئەو کاتەش کە گرووپەکە پێگەی کەسانی پارێزراوی پێ درا و بەم شێوەیە ئەرکی کەوتە ئەستۆی وەزارەتی بەرگریی وڵاتە یەکگرتووەکانەوە.

ئاشکرایە مێک مێژوویەکی نائاسایی هەیە، بەڵام بێ هاوتاییە ڕواڵەتییانەکەی بەو مانایە نییە سوپای وڵاتە یەکگرتووەکان ئیتر تووشی هاوشێوەکانی مێک نابێتەوە. لە پرۆسەگەلی شەڕوانیی داهاتوودا بەتایبەتیش لە کردەوەگەلی دژەیاخیگەریدا بێ شک جەماوەری تایبەتیی تر سەر هەڵدەدەن. لەم جۆرە بارودۆخەدا ئەو هەنگاوە چەوتەی لە ئەزموونی مێک و ئەو پەندانەی لە مێک وەرگیراون، دەشێت یاریدەر بن بۆ پەرەدان بەو ڕێگەیەی وڵاتە یەکگرتووەکان دەڕوانێتە پرۆسەگەلی گرتن و لە داهاتوودا جێبەجێیان دەکات. ئەم دوو ڕەهەندە هەردووکیان لەم بەشەدا باس کراون.

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلزییەوە: لەیلا حەمید

## پلاندانەرانی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق پێناسەیەکی وردیان بۆ ئەرکی سەربازی بەرامبەر بە مێک نەکرد

بەهۆی پێگەکەی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانی و مێژووی خزمەتکردنی بە سەدام، مێک بەر لە هێرشی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق بەدوژمن هەژمار دەکرا. بەڵام پاش شەڕیش هێزەکانی فرەنەتەوە هیچ ئامانجێکی سەربازیی تریان سەبارەت بە مێک بۆ دیار نەکرابوو، جگە لە مسۆگەرکردنی خۆبەدەستەوەدانی مێک نەبێت کە ئەم ئامانجەش هەرگیز نەهاتە دی. دەبووایە پێشتر گەلێک پرسیاری ستراتیجی خرابانە بەرباس: ئاخۆ ئەفسەرانی مەیدانی شەڕ دەبووایە چ زانیارییەکان لەبارەی مێژووی مێکەوە هەبووایە؟ پاش خۆبەدەستەوەدانی مێک دەبووایە چ هەنگاوێک بگیرێتە بەر؟ دەبووایە ئەندامانی مێک بەپێی چ یاسایەکەوە و لە کوێ و چەند زیندانی بکرێن؟ مەرجەکانی ئازادکردنیان چین؟ چارەنووسیان چییە[١]؟ ئەمانە بابەتی چاوەڕوانکراو و راستەقینە بوون، بەڵام هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ ئەوەی بە هەند وەرگیرابن و نە سەرکردەکانی شەڕوان و نە ئەوانی کردەوەگەلی گرتن هیچ ڕێنوێنییەکیان سەبارەت بەم بابەتانەوە وەرنەگرتبوو. ئەمانە رەنگە هەڵەی گەورەتریان لە پلانی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا لێ بکەوێتەوە. لەبەر ئەوەش چالاکییەکانی هێزەکانی فرەنەتەوە لە کەمپی ئەشرەفدا بەبێ ئامانجێکی ڕوون دەستی پێ کرد و بەگشتی بەو شێوە تایبەتەوە ماوە[٢].

ئەو تاکە فەرمانانەی بە هێزی ئەشرەف درابوو پێوەندیی بە بابەتی تاکتیکییەوە هەبوو. هەرچەندە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕای گەیاند مەبەستی ئەمەریکا " سڕینەوەی ئامانجی مێکە بۆ ئەنجامدانی چالاکیی تیرۆریستی و پێشگیریکردنە لە ڕێکخستنەوەی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی" ئەفسەرانی هێزی ئەشرەف سەرەتا ئەرکی ڕۆتینیی وەک چەک داماڵین و کۆکردنەوەی مێکیان پێ سپێردرا، کە ڕیخۆشکەر بوو بۆ ئێف بی ئای سەرژمێریی جەماوەری مێک بکات و لێکۆڵینەوەی هەواڵگری ئەنجام بدات و پاڵپشتی لە هەوڵەکانی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بکات بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی ژیانی جەماوەرەکە و ئەنجامدانی پرۆسەی چاوپێداخشاندنەوەی گشتی بە گرووپەکەدا. پاشان داوا لە سەرانی هێزی ئەشرەف کرا تەنیا بارودۆخەکە و ئارامی بپارێزن.

## هێزەکانی هاوپەیمان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کولتوورێکی نامۆ یان ئاکارە نائاساییەکانی مێک ئامادەگییان نەبوو

بەپێی هەموو بەڵگەکان، کاربەدەستانی هێزەکانی فرەنەتەوەی سەر خاکی عێراق ئەوانەشیان کە بەرپرسی کاروباری گیراوان بوون، پێش ئەوەی جێگیر بکرێن یان سەروکاریان لەگەڵ مێک بکەوێت، هیچ کامیان فەرمانێکی گرینگیان پێ نەدرابوو. یەکەمین ئەفسەرەکانی لە هێزی

ئەشرەفدا خزمەتیان کرد ماوەیەکی کەم یان هیچ کاتیان بۆ ڕێنوێنی وەرگرتن سەبارەت بەئەرکەکانیان لە کەمپی ئەشرەف وەرنەگرتبوو. نە ئەفسەرەکان و نە ئەو سەربازانەش کە پشتیوانییان لێ دەکردن زانیاری یان ڕاهێنانیان سەبارەت بە کولتووری ئێرانی (فارسی) و کولتووری عێراقی (عەرەبی) نەبوو. لە یەکەم ساڵی داگیرکاریدا، تەنانەت هەندێکیان هێشتا لەوە تێ نەگەیشتبوون دوو نەتەوەکە بە دوو زمانی جیاواز دەدوێن[٣]. لە بارودۆخێکدا کە هێزی داگیرکار و بەهەمان شێوەش گیراوان بەزمانی جیاواز دەدوێن، ئەمەش جگە لە شێوەزارە جیاوازەکانی سەر بەهەمان زمان، وەرگێڕەکان دەتوانن ڕۆڵێکی سەرەکی ببینن لە دانوستاندن و بەرزکردنەوەی وشیاریی کولتووری و (لەم بارەدا) باشتر تێکەڵبوون بە مێک و تێ گەیشتن لێی. بەڵام لە سەرەتاکانی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا هیچ وەرگێڕێک بەتایبەتی بۆ هێزی ناو کەمپی ئەشرەف دانەمەزرا.

تەنانەت ئەو کاتەش کە زانیاریی کولتووری و بەکەڵک لە ڕێگەی ئەزموونی سەختی ڕۆژانە لە کەمپەکەدا دەهاتە دەست، هەلێکی کەم بۆ بەشینەوەی زانیارییەکە هەبوو. هێزەکانی فرەنەتەوە لە عێراقدا داوای فەرماندەگەلی هێزی ئەشرەفیان بۆ ڕاهێنانێکی چەند ڕۆژەی فەرماندە جێگرەوەکان لەسەر ڕۆڵە نوێیە ئاڵۆز و بێزارکەرەکەیان ڕەت دەکردەوە. هەندێک لە ئەفسەران کورتەیەکی سەرپێییان لەبارەی مێکەوە پێ درا و ئەوانی تر هیچیان وەرنەگرت. لەبەر ئەوە سەرئێشە ئاساییەکانی پێوەست بەگەیاندنی زانیاریی ڕێکخستن لەگەڵ ئەو ڕاستییەی کە لە بنەڕەتدا هیچ تێکەڵبوونێک لە نێوان سەرکردە باڵاکان لە ماوەی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتدا ڕووی نەدەدا، گەورەتر دەبوون. لە ئەنجامدا فەرماندەگەلی هێزی ئەشرەف هیچ هەل یان هەلێکی کەمیان بۆ باسکردنی گیروگرفتە سەرەکییەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ مێکدا و بۆ بەشینەوەی زانیاری و بەراوردکردنی ستراتیجییەکان هەبوو. ئەم کێماسییە کاریگەری قووڵی لێ کەوتەوە ئەو دەمەی کاربەدەستانی هێزی ئەشرەف لە کاتی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی ئەندامانی مێکەوە بۆیان دەرکەوت ڕێکخراوەکە نەک هەر ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانییە، بگرە تاقمێکیشە[٤].

## مێک وەک تاقم

سەرەتا مێک پێوەندیی کۆمەڵایەتیی بەهێزی هەبوو، بەڵام وردە وردە لە ناوەڕاستی ١٩٨٠ەوە پاش ئەوەی سەرکردەکانی گرووپەکە و زۆرێک لە ئەندامانی بۆ پاریسیان گواستەوە، ئەمانە بۆ شتێکی چەوت گۆڕا. لەوێدا مەسعوود ڕەجەوی دەستی بەئەنجامدانی ئەو شتە کرد کە بە "شۆڕشی ئایدیۆلۆجی" ناوی برد ئەمەش خوازیاری کۆمەڵە چالاکییەکی نوێ بوو کە بە پێداگیری لەسەر خوێندنەوەیەکی ڕووەو زیادبوون و خۆبەختکردن بۆ پرسەکە دەستی پێ کرد. بەڵام خێرا گۆڕا بۆ خۆبەختکردنێکی نیمچە ئاینی بە ڕەجەوی (خۆی و مەریەمی خێزانی)، دانیشتنی گشتی بۆ سەرزەنشتکردنی خود، تەڵاقدانی بەخورتی، سەڵتگەرایی، دەستبەرداربوونی زۆرەکی لە خێزان و

هاوڕێیان و جیاکاریی ڕەگەزی.

پێش ئەوەی مێک لەگەڵ سەدامدا هاوپەیمانێتی ببەستێت، ڕێکخراوێکی جەماوەرکێش بوو. بەڵام کاتێک لە عێراقدا نیشتەجێ بوو و لە دژی هێزەکانی ئێرانی لە پاڵ سەدام شەڕی کرد، گرووپەکە قینی خەڵکی ئێرانی هەستاند و لە ئەنجامدا ژمارەی خۆبەخشانی لە کورتی دا. بەم شێوەیە هەڵمەتێکی گومراکەرانەی ڕەشبگیری دەستی پێ کرد. مێک بەشێوەیەکی ئاسایی بەدوای ئێرانییانی دژبەری حکوومەتەوە بوون، بەڵام بە بەڵێنی درۆین بۆ دامەزراندن و زەوی و یارمەتیدانیان لە وەرگرتنی پەنابەرێتی و تەنانەت هاوسەرکاری لە وڵاتانی ڕۆئاوایی لەو کۆچبەرانەش کە بەهۆکاری ئابوورییەوە لە وڵاتانی وەک تورکیا و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی بوون، دەچوونە پێش بۆ ئەوەی پەلکێشی عێراقییان بکەن. خزم و کەسی ئەندامان گەشتی بەخۆڕاییان بۆ سەردانی کەمپەکانی ئەشرەف بۆ ڕێک دەخرا. زۆربەی ئەم "هێزە نوێیە" بەشێوەیەکی نایاساییەوە هێنرابوویە ناو عێراق و دواتر داوایان لێ کرابوو پێناسەکانیان ڕادەست بکەن بۆ ئەوەی "بپارێزرێن". بەم شێوەیە لە ڕاستیدا ئەوان بەتەڵەوە بووبوون.

تاکتێکێکی تری ڕەشبگیری بە هاوکاریی حکوومەتی سەدامەوە ڕێک خرا. گیراوانی شەڕی ئێران–عێراق پێشنیازیان پێ دەدرا بچنە ریز کەمپەکانی مێکەوە تا لەوێوە بنێردرێنەوە وڵاتی خۆیان یانیش لە کەمپی گرتیگەکانی عێراقدا بمێننەوە. سەدان گیراو چوونە ناو کەمپەکانی مێکەوە و لەوێدا ژاکانەوە. هیچ هەوڵێک بۆ ناردنەوەیان نەدرا.

بۆ هێزەکانی هاوپەیمان هەڵسوکەوتی تاقمییانە و نەریتە گوماناوییەکانی مێک لە ڕەشبگیریدا تەنیا ئەگەر کاریگەرییان لەسەر کردەوەگەلی ناو کەمپەکە و هەڵبژاردنە ستراتیجییەکانی بەردەم گرووپەکە هەبا، گرینگ بوو. سەرکردایەتیی مێک ڕەنگە هاوکار نەبووبا بۆ ئەو سیاسەتانەی دەسەڵاتی مێکی بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕاستەوخۆی ئەندامانی لەناو دەبرد. لە ڕاستیدا، بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤەوە مێک دەمێکی درێژ بوو دەستی دابووە پرۆسەیەکی ئاڵۆز کە "دادگەییکردن" و بە زۆرەکییانە داننان بەناپاکی و تەنانەت ئەشکەنجەدانیشی تێدا بوو، ئەمەش لە پێناو هێشتنەوەی ئەو ئەندامانەی ڕایان گەیاندبوو حەزیان لە جیابوونەوەیە. هەرچەندە ئەم پرۆسەیە لەگەڵ چڕکردنەوەی مێک لە کەمپی ئەشرەفدا هەموار کرایەوە، ئەوانەی ئارەزووی جیابوونەوە دەکەن، هێشتاش چەند ڕۆژێک یان تەنانەت چەند هەفتەیەک لە جۆرە زیندانێکی تاکانەدا بەدەستبەسەری "لێپرسینەوەیان" لەگەڵ دەکرێت و لەو ماوەیەدا هان دەدرێن ڕایان بگۆڕن. بەپێچەوانەوە، ئەو لە مێشک چەقاندن و دابڕانەی ئەندامانی مێک پێیدا تێ دەپەڕن ڕەنگە وردە وردە هەستێکی زێدەڕۆیانەی وەفاداری بچەسپێنێ و بێتە هۆی ئەوەی پێشنیازی جیابوونەوەیان لە سەرکردەکانیان ڕەت بکەنەوە. ئەمەش بەتایبەتی بۆ ناردنەوە ئێران ڕاستە، چونکە شیمانەی ئازاردرانیان لە ئێران بە زەقی لە مێشک چەقێنراوە[٥].

## مێک وێنەی باڵادەستێک لە بەکارهێنانی رای گشتی

لە ماوەی پتر لە چوار دەیەی دامەزراندنیەوە، مێک لە شێوەدان و پەرەدان بە ناوبانگی خۆی وەک رێکخراوێکی دیموکراسی کە ئامانجی رووخاندنی دیکتاتۆرەکانی ئێرانییە، بەعیلمانی و بەئاینییەکانیانەوە، یەکجار باڵادەست بووە و دەشبێت. ئەم ناوبانگە بەتایبەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەوروپادا کاریگەر بوو، ئەو شوێنانەی تا ئەم دواییەش چالاکییەکانی هەرەوەزیی مایەکی بۆ مێک تێیاندا زۆر سەرکەوتوو بوون. بەڵام هەوڵە بەردەوامەکانی مێک بۆ وەرگرتنی پاڵپشتیی سیاسیی رۆئاوا لە رێگەی هەڵمەتێکی فرەرەهەند لە پێوەندییە گشتییەکاندا بەس نەبوو بۆ رێگرتن لە ناساندنی گرووپەکە وەک رێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانی لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکان و هەروەها شانشنی یەکگرتوو و کەنەدا و ئوستralیا و یەکەتیی ئەوروپا. بەپێی یاسای وڵاتە یەکگرتووەکان هەر جۆرە پاڵپشتییەکی سیاسی، ئابووری یان هەر شێوەیەکی تر لە رێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانی لەناو حکوومەتی فیدراڵدا تاوانێکە. هەروەتر دەرکەوت زۆربەی چالاکییە هەرەوەزییە مایەکییەکانی مێک درۆین بوونە (بۆ نموونە گوتبوویان پارەکە بۆ پەنابەرانی ئێرانی و خۆشبەختیی منداڵان یان خزمەتگوزاریی پزیشکی بۆ منداڵان کۆ دەکەنەوە). مێک هەروەها دەستی هەبووە لە کۆمەڵێک پارەلووشدانەوە.

ئەگەر هێزەکانی هاوپەیمان و بەتایبەتیش ئەوانەی بە هەر جۆرێک دانووستاندنیان لەگەڵ مێک کردبوو لە رابردووی درێژی مێک لە هەڵخەڵەتاندن ئاگەدار بوونایە، بە شیمانەی کەمترەوە ئەو جۆرە سازشانەیان دەکرد کە پاشان زۆر گیروگرفتیان لێ کەوتەوە. بەڵام ئەوان نوێنەرانی مێکیان بە دۆستانە و سەرنجراکێش و ئاگەدار لە وڵاتە یەکگرتووەکان دەهاتە بەرچاو. بەم شێوەیەش زەوینەیان هەبوو بۆ باوەرهێنان بە گوتەکانی بێلایەنبوونی مێک و ئامادەییی رواڵەتییانەی گرووپەکە بۆ یارمەتیدانی زیاتر لە پێناو ئامانجەکانی هێزەکانی هاوپەیمان و گوتەکانی مێک سەبارەت بەپاڵشتیکردن لە ئایدیالە دیموکراسییەکان هەم لە ناوەخۆ و هەم لە دەرەوەی گرووپەکەدا و جەختکردنەوەی لەوەی لە رووی سیاسییەوە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا پاڵپشتییەکی بەرفەرەوانی لێ دەکرێت. ئەگەر بەتایبەتی سوپای وڵاتە یەکگرتووەکان پتر وریا بووایە، رەنگە مێک بۆی نەچووبایە سەر تاوەکو داواکاریی فەرماندەییی ناوەندیی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ خۆبەدەستەوەدانی رێکخراوەکە رەت بداتەوە و کەمتریش رێی تێ دەچێت توانیبای لەلایەن جەنەراڵ ئۆدێرنۆوە داوای چاوپێداخشاندنەوە بە ناونیشانەکەی وەک رێکخراوێکی تیرۆریسیی بیانی بکرێت.

## مێک وەک رێکخراوێکی تیرۆریستی مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە

لە ماوەی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا تا ئەمرۆش مێک لەناو لیستی رێکخراوە تیرۆریستییە بیانییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان ماوەتەوە. بەڵام کۆمەڵێک سەرکردەی سوپایی و شارستانی

ئاخاوتنی دژیەکیان سەبارەت بە پاڵپشتی لە مێک داوە و وەک دواتر لەم بەشەدا باس کراوە هێزەکانی هاوپەیمان بەردەوام بۆ کۆنترۆلکردن یان هەڵوەشاندنەوەی گروپەکە شکستیان هێناوە. بەم ئاخاوتنانەوە هاوپەیمانان و بەتایبەتیش وڵاتە یەککگرتووەکانی ڕەخنەی ئەوەیان لێ گیرا کە مامەڵەیان لەگەڵ گرووپەکە وەک هاوپەیمانێکی ڕێتێچوو و سەرچاوەیەکی هەواڵگری بووە نەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانی. پێوەندییەکانی وڵاتە یەککگرتووەکان لەگەڵ حکوومەتی عێراق و کۆماری ئیسلامیی ئێران بەهۆی گوماناویبوونی سروشتی پێوەندییەکە ئاڵۆزتر بووە. ئەمە بەتایبەتی لەبارەی ئێرانەوە ڕاستە کە گومانی لەوە هەیە وڵاتە یەککگرتووەکان بەنیازە مێک وەک هاوپەیمانێک لە کردەوەیەکی رژێم گۆڕین لە دژی ئێراندا بەکار بێنێت. لە سۆنگەی ئەم گومانەوە وڵاتە یەککگرتووەکان خۆی تووشی تۆمەتی ڕواڵەتپارێزی لە شەڕی دژ بەتیرۆر کردووەتەوە.

تا ڕادەیەک ئەم بارودۆخە بەرەنجامی سیاسەتی حکومەتی بوشە سەبارەت بەیاسای مرۆڤایەتیی نێودەوڵەتی (یاسای بەڕەنگاربوونەوەی چەکداری). پەیماننامەکانی جنێف هەموو خەڵک دەگرنەوە، تیرۆریستانیش. یاساکانی تایبەت بەگرتنی پەیماننامەکان هەم ڕێگە بە گرتنی ئەو تاکانە دەدات کە مەترسییەکی بەرچاوی تیرۆریستییان هەیە و هەمیش دادگەییکردنی تاوانی تیرۆریستان. بەداهێنانی ڕیزپەڕێکی ناپێویست بۆ پەیماننامەکانی جنێف سەبارەت بە ئەلقاعیدە و تاڵیبان و پاشان دانانی یاخییانی بیانی و تیرۆریستانی ناو عێراق لەو پۆلێنەدا، وەزارەتی بەرگریی وڵاتە یەککگرتووەکان بەناچاری تووشی بڕیاردان لەبارەی پێگەی یاسایی مێک بووە کە جەماوەریش ئەمانە بەهەڵە بە دژیەکی لێک دەداتەوە. تیرۆریستان شەڕوانانی"نایاسایی" یان "ڕێگەپێنەدراو" ی نەپارێزراو بە پەیماننامەکانی جنێف بوون و هەر بۆیەش هەر کەسێکی پارێزراو بە پەیماننامەکانەوە نەدەبووایە تیرۆریست بێت. جگە لەوەش ئەو کاتەی ڕامسفیلدی وەزیر مەرجەکانی پەیماننامەی جنێفی بەپێدانی پێگەی کەم ناسراو و لە هەمان کاتدا ورووژێنەری کەسانی پارێزراو لەسەر مێک پیادە کرد، بڕیارەکەی وەک نکووڵیکردنی ئارەزوومەندانە لە پێگەی تیرۆریستیی گرووپەکە دەبینرا.

نە وڵاتە یەککگرتووەکان و نە هێزەکانی هاوپەیمان هیچ هەوڵێکی جیدییان نەدا بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی پێوەندییە بنکە فرەوانەکەی نێوان بڕیاردەران و جەماوەر ڕووبەڕووی هەڵویستەگەلی هەڵە سەبارەت بە پێوەندیی خۆیان لەگەڵ مێک ببنەوە. بە ڕەچاوکردنی ئەو دروشمە زۆرانەی حکوومەتی وڵاتە یەککگرتووەکان بۆ برەودان بە پەیامە دژەتیرۆرییەکەی تەرخانی کردوون، بیرۆکەیەکی باش دەبوو ئەگەر برێک لەو وزەیە ئاراستەی هێورکردنەوەی ئەم چەوتە بۆچوونە ڕووخێنەرە سەبارەت بەهەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە مێک کرابا.

## هێزەکانی هاوپەیمان ڕۆڵێکی زاڵیان لەناو کەمپی ئەشرەفدا نەگێڕا

لەبەر نەبوونی ئەرکێکی ڕوون و سەرەڕای گێژەنی ڕێتێچووی چواردەوری کردەوەیەکی سەربازیی

سەرەکی، شتێکی یەکجار سەرسڕمێن نییە کە هێزەکانی هاوپەیمان لە مامەڵە سەرەتاییەکانیان لەگەڵ مێکدا دوودڵ هاتبنە بەرچاو. بەڵام کاتێک سەرکەوتنێکی خێرا و پاشەکشە لە عێراق نووچی خوارد و ڕوون بووەوە بوونی هاوپەیمانان لە وڵاتدا تا ماوەیەکی نادیار خوازراوە، پێویستیی سیاسەتێکی تۆکمە لەبارەی مێکەوە دەبێت ڕوون و ئاشکرا بووبێت. بەداخەوە، کردەوەگەلی هاوپەیمانان بەردەوام نامسۆگەر بوون و هەندێک جار دیار نەبوو ئاخۆ هێزەکانی هاوپەیمان مێکیان گرتووە یاخۆ کام لایەن لە ڕاستیدا دەسەڵاتی کەمپی ئەشرەفی بەدەستەوەیە.

## مێک ئازادییەکی بەرچاوی بۆ هاتوچۆکردن پێ درابوو

هێزەکانی هاوپەیمان چەکیان بە مێک دانا، بەڵام کارێکی کەمیان کرد بۆ سنووردارکردنی هاتوچۆی گرووپەکە پاش ئەوەی لە کەمپی ئەشرەفدا چڕ کرانەوە. هێزەکانی هاوپەیمان زۆربەی جاریش لە ڕێگەی گەشتی ڕۆتینیی پاسەوانییەوە تەناهییان لە دەرەوەی دەروازەکانی کەمپەکە دابین دەکرد، بەڵام لە ناوەخۆی کەمپەکەدا لەوەتەی ۲۰۰۳ەوە هیچ گەشتێک نەبووە. هەرچەندە یەکەکانی جودای نیشتەجێبوون پەرژینیان لە دەورە[٦]، بەڵام هیچ پەرچێکی دەرەکی بەدەوری کەمپی ١٥ مایلی چوارگۆشەدا نەکێشراوە. ژمارەیەکی زۆری کرێکارانی ناوچەیی ڕۆژانە دێن و دەچن بێ ئەوەی پاسەوانانی هاوپەیمان لە دەرەوەی دەروازەی سەرەکیی کەمپەکە ڕایان بگرن. لە ئەنجامدا مێک بێ خۆتێهەڵقورتاندنی هاوپەیمانان سەربەستییەکی زۆری بۆ هاتوچۆکردن هەبووە. هەروەتر مێک بە هێزی ئەشرەفی گوتبوو لانی کەم ٢٠٠ کەس لەوەتەی پێدانی پێگەی کەسانی پارێزراو لە ۲۰۰٤ەوە هاتبوونەتە ناو کەمپەکەوە. هێزی ئەشرەف هیچ شتێک لەبارەی ئەوانەوە نازانێت.

## کەمیی هێزی مرۆیی کێشەیەکی بەردەوامی هاوپەیمانان بوو

نەبوونی هێزی مرۆیی هەروەها بەمانای ئەوە بووە هێزەکانی هاوپەیمانان هیچ کاتێک پشکنینێکی بەرفرەوانی کەمپی ئەشرەفیان نەکردووە. مێک ڕێگەی بەم کارە نەدەدا و هێزەکانی هاوپەیمانیش ئامادە نەبوون هێزی مرۆیی ناو بنکەی گریزلی بۆ کردەوەگەلی ڕاستەوخۆ لە ئەرکەکانی ئاسایی پاراستنی تەناهیی ناوچەکەوە بەپشکنینی گرووپەکەوە سەرقاڵ بکەن. لە ئەنجامدا، ساختمانی وا لە کەمپی ئەشرەفدا هەن کە هیچ ئەمەریکاییەک هەرگیز نەیپشکنیون. ستافی پێشووی هێزی ئەشرەف لەو باوەڕەدایە چەک و فایلی کەسێنی و تەنانەت رەنگە ئەندامانی مێکی دەسبەسەرکراو بە شیمانەی زۆرەوە لە هەندێک لەم ساختمانانەدا بدۆزرێنەوە. هیچ نەبێت بەپێی ئەو دەنگۆیانەی کە مێک چەکی کۆمەڵکوژی بۆ سەدام کۆ دەکردەوە، گرووپی چاودێریی عێراق، کە تیمێکی نێودەوڵەتیی ڕێکخراوە لەلایەن پێنتاگۆن و سی ئای ئەی بۆ دۆزینەوەی کۆگەکانی ڕێتێچووی چەکی کۆمەڵکوژ[٧]، دەبووایە مافی چوونە ناو هەر ساختمانێکی پێ درابا.

## مێک ڕێگە درا فەرمانگەی پێوەندییەکانی دابمەزرێنێ و لە بنکەیەکی هاوپەیمانانەوە پەرە بەپرسی خۆی بدات

ئەو دەمەی هێزەکانی هاوپەیمان بنکەی کردەوەگەلی ڕاستەوخۆیان لە نێزیک کەمپی ئەشرەف دامەزراند، سوودیان لە ساختمانە کۆن و وێرانەکانی مێک وەرگرت و بۆ مێک جوانترین ساختمانیان بۆ فەرمانگەی پێوەندییەکانی هێشتەوە. هەرچەندە پەیماننامەی سێیەمی جنێف داوا لە هێزی زیندانیکەر دەکات هاوکاریی گیراوانی شەڕ بدات، بەڵام بۆ هێزەکانی وڵاتە یەککگرتووەکان نەریتێکی پێوەری نەبووە کە بۆ گیراون- زۆر کەمتریش بۆ ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بیانیی پێناسەکراوەوە- شوێنی نووسینگەیەک لەناو بنکەکانی خۆیدا بکاتەوە. هێزی ئەشرەف بەتێکڕا هەفتانە لە سێ کۆبوونەوەی پێوەندییەکان بەشدار دەبوو و تا ماوەیەک فەرماندەی هێزی جێبەجێکاری ١٣٤ دەچووە بنکەی گریزلی بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکان، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە پرۆگرامەکە بە شێوەیەکی ئاسایی جگە لە خوێندنەوەی گوتارەهەواڵی نوێ لەبارەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەلایەن سەرانی مێکەوە چیی تری لەخۆ نەدەگرت(٨).

بۆ فەرماندەگەلی بنکەکە ڕێگەدان بە گرووپە تیرۆریستییەکان بۆ پرۆپاگەندەکردن و هەوڵدان بۆ وەرگەڕاندنی سەربازانی وڵاتە یەککگرتووەکان لەناو بنکەیەکی ئەمەریکاییدا نەریتێکی پێوەری نەبوو. ئەمە نەک تەنیا قەدەخە نەبوو، بگرە لە ڕۆژە سەرەتاییەکانی داگیرکاریدا فەرماندەیەکی بنکەی گریزلی داواکاریی هێزی ئەشرەفی بۆ ناچارکردنی مێک بۆ وەستاندنی ئەم چالاکییەی ڕەت کردەوە(٩).

جگە لەوەش بەدڵنیاییەوە پێرەوێکی نەریتی نەبووە بۆ ئەو ئەفسەرانەی ڕاپۆرت دەدەنە فەرماندەیی کردەوەگەلی گرتن کە ڕێگە بە گرووپە تیرۆریستیەکانی ژێر چاودێرییان بدەن کۆنفرانسی گشتی بۆ پاڵپشتی لە پرسەکانی خۆیان ببەستن. بەڵام مێک ڕێگەی پێ درابوو ئەمە دەقاودەق لە کەمپی ئەشرەفدا ئەنجام بدات. هەروەتر بۆ ماوەی چەندان ساڵ مێک سەرەڕای نارەزاییی حکوومەتی عێراق و فەرمانەکانی هاوپەیمانانەوە بەردەوام بووە لە وەشاندن لە وێستگەی رادیۆییی خۆی.

## هاوپەیمانان بەشێوەیەکی کاریگەر ئەندامانی مێکیان بۆ جیابوونەوە لە گرووپەکە هان نەدا

یەکێک لە ئامانجەکانی کۆکردنەوەی مێک لە کەمپی ئەشرەف نەک لە کەمپێکی زیندانی یان تەنانەت چەندان کەمپەکانی مێکدا کەمکردنەوەی ژمارەی هێزەکانی پێویست بۆ پاراستن و کۆنترۆڵکردنی جەماوەری گیراو بوو. کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو گیراوانەش کە پێویستییان بەم خزمەتگوزارییانەیە بۆ پێکانی ئەو ئامانجە یاریدەر بوو. پەیماننامەکانی جنێف لە پێناو

هەڵوەشاندنەوەی ئۆپۆزسیۆن و کەمکردنەوەی هێزەکەی دەرگەیان بۆ زۆر تاکتیک والا کردووە. بۆ نموونە هێزەکانی هاوپەیمان دەیانتوانی سەرکردەکان لە کادیرانی ئاسایی جیا بکەنەوە و بەم شێوەیە پێگەی تاقمەکە سست بکەن. بەگوێرەی پەیماننامەی سێیەمی جنێفەوە پێویستە ئەفسەران لە ستافی فەرمییەوە جیا بکرێنەوە.

لەلایەکی ترەوە، بە ڕەچاوکردنی مێژووی هەڵسوکەوتی تاقمییانەی مێک، هەوڵەکان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕەنگە ئەستەم و خەیاڵشکێنەر بووبان و مەترسیی توندوتیژی بەتایبەتیش توندوتیژی بەرامبەر بەخودی لەگەڵدا بووایە. یەکێک لە ئاکارە تاقمییەکانی مێک جەخت لەسەر خۆکوژییە. هەرچەندە مێک لەوەتەی ١٩٨١ەوە خۆکوژیی وەک تاکتیکێکی هێرشبەری بەکار نەهێناوە، بەلام بەردەوام هەڕەشەکردن بەخۆکوژیی وەک تاکتیکێک لە دانوستاندنەکان یان بۆ شکستهێنان بە لێکۆڵینەوەکان بەکار هێناوە. ئەمەش دەرچوو یەکجار کاریگەر بێت، پاش ئەوەی ١٠ ئەندامی مێک لە پاریس وەک ناڕەزایی بەرامبەر بە دەسگیرکردنی مەریەم ڕەجەویی هاوسەرۆکی مێک لە ٢٠٠٣ خۆیان سووتاند. هێزی ئەشرەف کە ترسی لەوە بوو ئەگەر هێزەکانی هاوپەیمان هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی مێک بدات، قوربانیدانەکانی پاریس بە بەرفرەوانتری لە کەمپی ئەشرەفدا دووبارە ببێتەوە، پێشنیارەکانی بۆ بەزۆری هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکە ڕەت کردەوە.

## لە کۆتاییدا تاکە سیاسەتی هاوپەیمانان بەرامبەر بە مێک پێوەرێکی نابەدڵ بوو بەناوی " بچووککردنەوەی ئابڕوومەندانە"

لە ٢٠٠٤دا کاتێک زانرا بەهۆی کێشەگەلی نەزڤراندنەوە هاوپەیمانان بۆ ماوەیەکی درێژتر بەرپرسیارێتیی مێکیان لە ئەستۆیە، هێزەکانی فرەنەتەوە و وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان سیاسەتێکیان داڕشت بۆ ڕێنوێنیکردنی هاوپەیمانان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مێک تا ئەو دەمەی ئەندامانی گرووپەکە ئازاد دەکرێن یانیش ڕادەستی حکوومەتی عێراقی دەکرێن. ئەم سیاسەتە کاتەکییە کە کاربەدەستێکی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بە "بچووککردنەوەی ئابڕوومەندانە" ناوی بردبوو، لە سێ بەش پێک هاتبوو:

پاراستنی تەناهی و ئارامی لە کەمپی ئەشرەف،

هێواش هێواش کەمکردنەوەی پاڵپشتیی هاوپەیمانان لە مێک،

هاندانی ئەندامانی مێک بۆ بەجێهێشتنی کەمپەکە و چوونە ناو بینایەی گرتیگە و پارێزگە کاتییەکە.

ئامانجێکی سەرەکی لەم سیاسەتە وەدیهێنانی مەرجەکانی سەپێنراو لە پەیماننامەی چوارەمی جنێف بوون لە پێناو پاڵپشتیکردن و پاراستنی کەسانی پارێزراو کە دەستبەسەر نەکرابن. ئەمەش بەشێوەیەکی بنەڕەتی برێتیی بوو لە پاراستن لە توندوتیژی و هەڵسوکەوتی سووکایەتیپێکەر و

هەواڵنامەی کتێب

دڵنیابوون لەوەی مێک خۆراک و چاودێریی پزیشکیی پێ دەگات. لە پێناو دڵنیاکردنی تەناهیی هێزەکانی فرەنەتەوە بەتالیۆنێکی پۆلیسی نێودەوڵەتیی سوپای وڵاتە یەکگرتووەکان و هێزێکی دەریاییی چەکداریی لە بنکەی گریزلی جێگیر کرد تاوەکو پاسەوانیی ناوچەکە بکات.

خۆراک و سووتەمەنی و زۆربەی پێداویستییەکانی ژیان دەبووایە بۆ کەمپەکە بگوازرابانەوە(١٠). هێزەکانی هاوپەیمان سەرەتا بۆ مێک کاروباری کڕینی کەلوپەلی پێویستیان لە پارێزگەی دیالە کە کەمپی ئەشرەفی لێ هەڵکەوتووە، ڕێک خست. بەڵام بەهۆی دوژمنایەتیی عێراقییەکان بەرامبەر بە مێک، پارێزگار هەر زوو ڕەتی کردەوە پێداویستییەکانی گرووپەکە دابین بکات.

بەهۆی ئامێری تەقەمەنیی دەستکرد (IED)ەوە هاتوچۆکردن بەسەر زۆرێک لە شەقامەکان مەترسیدار بووە و ئەوەش کە گرووپەکە ناسنامەی عێراقیی باوەڕپێکراوی نییە، ئەندامانی گرووپەکەی لە خاڵەکانی پشکنینی تەناهی بەگرتن دەدا. هەر بۆیەش لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٤ەوە هێزەکانی هاوپەیمان بڕیاریان دا تا چوونە بەغدا و شارە بەندەرییەکانی عێراقی پاسەوانی لە مێک بکەن تا کەلوپەلی پێوستیان دەست دەکەوێت. بەڵام ئەم ئەرکانەی پاسەوانی ١٤ سەربازی وڵاتە یەکگرتووەکانی بە کوشت دا و بووە هۆی برینداربوونی لانی کەم ٦٠ سەربازی تر بەئامێری تەقەمەنیی دەسکردەوە(١١). تاوەکو ناوەڕاستی ٢٠٠٦ واتە پاش ئەوەی مەیجەر جەنەراڵ جۆن گاردنەر فەرماندەییی پرۆسەگەلی گرتنی گرتە دەست ژمارەی دەستەکانی پاسەوانی یەکجار سنووردار نەکران. جەنەراڵ گاردنەر هەروەها بارگرانایی بەڵگەهێنانەوە بۆ مێک بۆ ڕوونکردنەوەی پێویستبوونی دەستەیەکی پاسەوانیی نەهێشتەوە و ژمارەی ئەو ئەندامانی مێکی کە دەیانتوانی لەگەڵ دەستەکەدا بن کەم کردەوە و گەشتی بە هەلیکۆپتەری ڕێک خست بۆ دوورکەوتنەوە لە شەقامە مینڕێژکراوەکان(١٢). مەیجەر جەنەراڵ دۆگلاس جۆنی جێنشینیشی گەشتە پاسەوانییەکانی هێشتاش کەمتر کردەوە.

لە کاتێکدا دوو توخمی یەکەمی سیاسەتی بچووککردنەوەی ئابروومەندانە بەسەرکەوتنێکی کەمەوە جێبەجێ کران، هەوڵێکی زۆر کەم بۆ سێیەمیان هاندان بۆ بەجێهێشتنی کەمپەکە دراوە. لە ماوەی یەکەمساڵی چڕکردنەوەکەدا هێزی ئەشرەف دانوستاندنی لەگەڵ مێک کرد بۆ داهێنانی پرۆسەیەک کە بتوانرێ بەهۆیەوە ئەو ئەندامانەی داوای جیابوونەوە لە گرووپەکەیان کردبوو، بگوازرێنەوە بۆ بینایەی گرتیگە و پارێزگەی کاتەکی. پرۆسەی ئەم "جیابوونەوە بەرنامەڕێژکراوانە" ڕێگەی دا بە مێک "لێپێچینەوەیەک"ی چەند ڕۆژی بکات کە تێیدا "هەڵگەڕاوەکانی داهاتوو (هەروەک لەلایەن هێزی ئەشرەفەوە ناو دەبردران) زانیاریی "هەستیار"یان لەبارەی مێکەوە لێ بشۆرێتەوە. هەرچەندە لێپێچینەوەکە بەئاشکرا بۆ چاوترساندنی ئەندامانی مێک بوو بەوەی لە تۆڵەی داواکاریان بۆ بەجێهێشتنی گرووپەکە زیندانی دەکرێن، بەڵام هێزی ئەشرەف ڕێگەی بەم کردەوەیە دابوو. سەرەڕای ئەم ئاستەنگە لە ماوەی یەکەم ساڵی کۆکردنەوەی مێکدا، گرووپەکە چەند سەد ئەندامی ناردە بینایەی گرتیگە و پارێزگەی کاتەکی کە ئەمانەش بەزۆری گیراوانی

شەڕی ئێران و عێراق و ئەو ئێرانییانە بوون کە پەلکێشی کەمپەکانی ناو عێراق کرابوون[١٣].

پاش ئەم بەخوڕ تێرژانە سەرەتاییە، جیابوونەوەکە بە قەدەر دڵۆپەکردن لە کەمی دا، بەڵام هێزی ئەشرەف هیچ کارێکی تری بۆ هاندانی جیابوونەوە لە مێک نەکرد. هێزی ئەشرەف دەیزانی سەرکردایەتیی مێک زانیاریی هەڵەی لەبارەی هەلومەرجی نالەباری گوزەرانی بینایەی گرتیگە و پارێزگەی کاتەکی بڵاو کردووەتەوە، کەچی هیچ هەنگاوێکی بۆ ڕەتدانەوەی ئەم زانیارییە نەگرتە بەر، تەنانەت پاش ئەوەش کە هەلومەرجەکە دوای دامەزراندنی بینایەی گرتیگە و پارێزگە نوێ لە ٢٠٠٦دا بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕا[١٤]. بێجگە لەوەش هێزەکە هیچ یارمەتییەکی ئەو ئەندامانەی مێکی نەدا کە دەیانویست بەبێ تێپەڕبوون بە لێپێچینەوە لە ماوەی پرۆسەی جیابوونەوە بەرنامەڕێژکراوەکاندا لە کەمپی ئەشرەف قوتاریان بێت. هێزەکانی فرەنەتەوەی ناو عێراق هەرگیز بەناو کەمپی ئەشرەفدا نەدەسووڕانەوە و بۆیەش ئەو ئەندامانی مێک کە دەیانویست جیا ببنەوە، هەلی سەرکەوتن لە ئۆتۆمۆبێلێکی هێزەکان یان تەنانەت باسکردنی ئەم حەزەیان بۆ نەدەڕەخسا. تاکە ڕێگەی تر بۆ جیابوونەوە پەنابردنە بەر بینایەی گرتیگە و پارێزگەی کاتەکی بوو. هێزی ئەشرەف دەیزانی مێک بەربەستی جەستەیی دروست دەکات بۆ دژوارکردنی کۆچکردن بە پێ. بۆ نموونە مێک بینایەی هێزێکی دیدەوانیی لە نێوان دەروازەوە بۆ بینایەی گرتیگە و پارێزگەی کاتەکی دامەزراندبوو. هەرچەندە بەرواڵەت کاری هێزەکە ئاسانکاریکردن بۆ جیابوونەوەی بەرنامەڕێژکراوەکان بوو، بەڵام بەئاشکرا بۆ یەک مەبەست دامەزرابوو: جێگیرکردنی پاسەوانانی مێک لە یەک شوێن بۆ چاودێریکردنی کەسانی جیابووەوە. جیابووەکان (یان لەم حاڵەتەدا هەڵاتووەکان) دەبووایە لە ڕاستیدا مەودایەکی بەڕاستی بەرینی زەوییان پێوابا، لە چنگ پاسەوانانی مێک رایان کردبا و بەسەر کۆمەڵێک کۆسپی جەستەیی لەوانەش پەرژین و باریکەڕێ و وایەری کۆنسێرتینا بازیان دابا بەر لەوەی لە کۆتاییدا توانیبایان لەگەڵ پاسەوانانی هێزەکە ڕووبەڕوو ببنەوە یان بەشێوەیەک لێیان ڕەت بن. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەک لە ئەندامانی مێک هەوڵیان دا ڕابکەن و ژمارەیەکی کەمیان توانییان سەرکەوتووانە بگەنە بینایەی گرتیگە و پارێزگەی کاتەکی[١٥]. هەرچەندە هێزەکانی فرەنەتەوە لە عێراقدا دەیانزانی مێک ئەم کۆسپە بەرچاوانەی دروست کردووە، هیچ کارێکیان نەکرد بۆ ڕێگەگرتن لە قووتکردنەوەیان یان ناچارکردنی مێک بە تێکشکاندیان یان لەناوبردنیان بەدەستی خۆیانەوە. تاکە بەرپەرچدانەوەیان ئەوە بوو لە ٢٠٠٧دا داواکاریی مێکیان بۆ وایەری زۆرتری کۆنسێرتینا ڕەت کردەوە[١٦].

## پەندەکانی وەرگیراو لە ئەزموونی مێک چین؟

مێک تەنیا بابەتێکی چیرۆکی گرتنکارییەکانی ناو پرۆسەی ئازادکردنی عێراقە. بەڵام بابەتێکی گرینگە و لە زۆر ڕووەوە وێنەیەکی بچووکی کێشەگەلی گەورەتری هاوڕێی ئەم جۆرە کردەوانە و بەتایبەتیش کردەوەگەلی دژەیاخیگەرییە. لەبەر ئەوە ڕەنگە ئەو دەرسانەی لە مێکەوە وەردەگیرێن، پێوەندییان نەک تەنیا بە گرووپێکی دیاریکراو لە ماوەیەکی دیاریکراوەوە هەبێت، بگرە بە گشت

کردەوەکانی گرتنیش کە سوپای وڵاتە یەکگرتووەکان ڕەنگە لە داهاتوودا ناچار بێت دەستیان بۆ بەرێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە بەهەڵسەنگاندنی ئەو دەرسانە و ئەو هەنگاوانەی دەگیرێنە بەر بۆ ئاراستەکردنی ئەو کێشانەی دەرسەکان دەریان دەخەن، بەکۆتا دێت.

## ئەنجام و ڕاسپاردەکان

### بۆ کورت مەودا

هەر ئەندامێکی مێک کە لەلایەن ئێرانەوە لێبووردنی بۆ دەرچوویێت، پێویستە بنێردرێتەوە بۆ ئێران، مەگەر مەترسییەکی پێسەلمێنی هەبێت کە لەوێ ئازار دەدرێ. بەڵام تا ئەمڕۆ هیچ بەڵگەیەک نییە کە ئێران لە بەخشینی لێبووردنەکە بۆ ئەندامانی پێشووی مێک کە تا ئێستا گەڕابنەوە وڵات، پاشگەز بووبێتەوە.

لەوەتەی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣ەوە کاربەدەستانی باڵای حکوومەتی عێراقی ئاماژەیان بەوە داوە بەنیازن مێک بنێرنەوە و بەپێی هەموو بەڵگەکانیش هیچ وڵاتێک جگە لە ئێران گرووپەکە وەرناگرێت. بەگوێرەی مەرجەکانی ڕادەستکردنی بەرپرسیارێتیی مێک پاش ڕێککەوتننامەی باری هێزەکان کە لە یەکی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩دا کەوتە واری جێبەجێبوونەوە، ئێستا حکوومەتی عێراق بەرپرسە لە مێک. حکوومەتی عێراقی بەنووسین گەرەنتیی داوەتە وڵاتە یەکگرتووەکان کە مامەڵەی مرۆڤانە لەگەڵ گرووپەکە بکات و ڕادەستی وڵاتێکیان نەکات کە ڕەنگە تێیدا بچەوسێنرێنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، حکوومەتی عێراقی هێشتاش بەنیازە مێک لە عێراق نەمێنێ.

لە کاتێکدا ئومێدێک بۆ کارتێکردن لەسەر سیاسەتی عێراقی هەیە، پێویستە هێزەکانی فرەنەتەوە (بەتایبەتیش فەرماندەییی کردەوەگەلی گرتن و هێزی ئەشرەف) و کاربەدەستانی تری وڵاتە یەکگرتووەکان هانی حکوومەتی عێراقی بدەن بۆ ئەوەی جێگیرکردنەوەی جوگرافیانەی مێک بەشێوەیەک بێتە ئەنجامدان کە بەگوێرەی پێوەرەکانی مرۆڤایەتی و مافەکانی مرۆڤەوە بێت. پێویستە سەرنجێکی تایبەت بدرێتە بەنێزیکەیی ٧٠٪ی جەماوەری مێک کە پاش ئەوەی مێک لە کەمپی ئەشرەف جێگیر بووە، هاتنە ریز گرووپەکە. ژمارەیەکی بەرچاوی ئەندامانی مێک بە بیانووی درۆیینەوە بۆ ناو عێراق هەڵخەڵەتێنرابوون یانیش تێگەیشتنێکی روونیان سەبارەت بە ئامانج و ڕێبازی کارکردنی گرووپەکە و بەتایبەتیش لەبارەی هەڵسوکەوتی تاقییانەیەوە نەبوو و زۆرێکیان ناچار کرابوون بەبێ ویستی خۆیان بمێننەوە. ناردنەوە هەڵێک بۆ ژیانێکی سەرلەنوێ و دوور لە دەسەڵاتی تاقم ئاسایانەی مێک دەرەخسێنێت. جێگرەوەکەی ڕەنگە تا سەر ژیان وەک تاکێکی بێ دەوڵەت بێت.

فەرماندەیی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ کردەوەگەلی گرتن پێویستە لەگەڵ کۆمیساریای باڵای پەنابەران و حکوومەتی عێراقی کار بکات بۆ داڕشتنی پرۆسەیەک بۆ ئەوەی بە مسۆگەری حاڵەتی هەر ئەندامێکی مێک بە جیا لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت و چاوپێداخشاندنەوەیەکی تەواوی بۆ

نەزڤراندن بۆ بکرێت. جیاکردنەوەی سەرکردەکان لە کادیرەکان رەنگە بۆ گەیشتن بەم ئاکامە یاریدەر بووبێت (هەرچەندە لە مەترسیی ناردنەوە رەنگە خۆیان ون بکەن وەک ئەوەی مەسعوود رەجەوی و زۆرێکی تریان زوو پێش سەرهەڵدانی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق وایان کرد). ناردنەوە رەنگە ویستەکییانە یان زۆرەکییانە بێت، بەڵام تەنیا ئەو ئەندامانەی هەڕەشەیەکی راستەقینەی چەوساندنەوەیان لەسەر نەبێت رەنگە بنێردرێنەوە ئێران. بۆ ئەوانی تر فەرماندەیی کردەوەگەلی گرتن پێویستە لەگەڵ حکوومەتی عێراقیدا کار بکات بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی هەرکەسە و یان مافگەلی یاسایی نیشتەجێبوون لە عێراقدا وەربگرێت یانیش لە وڵاتێکی سێیەمدا بگیرسێتەوە یان بە تۆمەتی تاوانباری دادگەیی بکرێت. لەو حاڵەتانەدا کە حکوومەتی عێراقی بڕیار بدات ئەندامێکی مێک دادگەیی بکات، بۆ دڵنیابوون لە مسۆگەرکردنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی پرۆسەی چاوەڕوانکراو پێویستە هەنگاو بنرێن.

بۆ درێژمەودا

پێویستە پلاندانەرانی بەرگری بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتەکانی بەرگری و دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان و کۆشکی سپی کار بکەن بۆ داڕشتنی ئامانجگەلی تایبەت و دەربڕینێکی روون و ئاشکرای ئەرکەکەی فەرماندەکانی مەیدان لەوەی پێوەندیی بەمامەڵەکردن لەگەڵ گرووپە شەڕوانەکانەوە هەیە بەتایبەتیش لەو بارودۆخانەی لە رووی سیاسییەوە هەستیارن. جگە لە رێنوێنیی بۆ شکاندنی هێزەکانی دژبەر، هەروەها پێویستە رێنوێنیی هەبێت سەبارەت بەوەی ئاخۆ چۆن پاش ئەوەی ئەرکەکە سەرکەوتووانە بە کۆتا دێت بەشیاوی دەستبەسەر بکرێن(١٧).

پێش دەستپێکی کردەوەی سەربازیی فەرماندەکانی مەیدان و ئەفسەرانی نوێنەریان و ستافی ناونووسراو پێویستە زانیارییان لەبارەی مێژوو و ئامانجەکان و جیاوازییە کولتوورییە پێوەندیدارەکانی هێزی دوژمن بۆ دابین بکرێت. پێویستە سەرنجێکی ورد بدرێتە جەماوەری تایبەتی وەک مێک کە تێیدا پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی گرووپەکە و توانای سەرکردەکانی بۆ زیان گەیاندنی جەستەیی و رۆحی بە شوێنکەوتووانیان کێشەی تایبەتی ناوەتەوە. ئەم زانیارییە هەردەم بەهۆی ئەزموونی مەیدانییەوە گۆڕانی بەسەردا دێت و پێویستە نۆرە-کاری بەرنامەرێژکراو کاتێکی تەواو بداتە فەرماندە ماوە بەسەرچووەکان تاوەکو بەتەواوەتی رێنوێنی بدەنە جێگرەوەکانیان بۆ ئەوەی چەماوەی فێربوون کورتتر بکەنەوە و بیرەوەریی رێکخراو بپارێزن.

لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا هێزەکانی هاوپەیمان تەنانەت زانیاریی بنەڕەتییان سەربارەت بە جیاوازییەکانی نێوان کولتووری عێراقی و ئێرانی پێ نەدرابوو و لەبەرئەوەش ئامادەگییان بۆ پەنجە خستنە سەر ئەو دوژمنایەتیی بەردەوامە ژێر بەژێرە نەبوو کە دزەی کردبووە نێو پێوەندییەکانیان(١٨). لەوەش گرینگتر هێزەکانی هاوپەیمان لە سەروکاریان لەگەڵ مێکدا بارودۆخێکی نالەباری جیاواز لە سەرەتایان تووش بووبوو لەبەرئەوەی هیچ رێنوێنییەکیان نەبوو لەبارەی ئاکارە تاقمییەکانی گرووپەکە و چالاکییەکانی لە ڕابردوودا و ئاخۆ چۆن ئەمانە کێشەی

تایبەت بە گرتن دەنێنەوە. ئەگەر ئەم زانیارییە دەستەبەر بووایە، ئەفسەرانی سوپای ولاتە یەکگرتووەکان رەنگە فریوی هەڵویستی بەڕواڵەت یاریدەدرانەی مێکیان نەخواردبا. ئەمە نەک تەنیا رێگر دەبوو لەوەی بە ئاشکرا ئەو لێدوانانەی پاڵپشتی رابگەیەنن کە لە دواییدا ولاتە یەکگرتووەکانی تووشی شەرمەزاری کرد و ناوبانگی لە شەڕی دژ بە تیرۆردا شێواند، بگرە پەرەی بەو پرۆسەیەش دەدا کە بۆ چاوپێکەوتن و پۆلێنکردنی گیراوەکان گیرابووە بەر و لەگەڵ یاساکانی پەیماننامەکانی جنێفی دەگونجاند.

بەتێپەڕینی کات ستافی هێزەکانی هاوپەیمان هەوڵیان دا بۆ تێگەیشتن لەم بابەتانە و بەتایبەتیش بۆ مێک ئینتەرنێت بەکار بێنن. بەلام ناتەواوبوونی ڕاپۆرتە هەواڵەکان و تەنانەت کۆمەڵێک بەرهەمی لێکۆڵینەوەیش لەگەڵ پڕوپاگەندەی مێک و کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دزەی کردبووە ناو ئینتەرنێت، جیاکردنەوەی ڕاستی لە درۆ یەکجار سەخت کردبوو.

فەرماندەگەلی بەرپرس لە کردەوەگەلی گرتن پێویستە چاودێرییەکی وردتر و کۆنترۆڵێکی توندوتۆڵتر و مرۆڤانەتریان بەسەر هەموو بنکەکانی گرتیگە هەبێت جگە لەو ڕێوشوێنانەی چالاکییەکانی ڕۆژانەی ناو هەموویان کۆنترۆڵ دەکات.

هەرچەندە نشینگەی بۆ دیاریکراو پێویستی بەستافێکی کەمتر هەیە لەوەی لە زیندانێکدا پێویستە، دەبێت تەرازووی هێز بەلای گرتیگەرەکانەوە بێت نەک گیراوان، خاڵێک کە وا دیارە لە کەمپی ئەشرەفدا ڕەچاو نەکراوە.

پێویستە دەسبەجێ بیر لە جیاکردنەوەی سەرکردەکانی گیراوان و شوێنکەوتووانیان بکرێتەوە. پەیماننامەی سێیەمی جنێف داوا دەکات ئەفسەران و ستافی ناونووسراو نشینگەی جیایان هەبێت. ئەمە بەشێوەیەکی بەرچاو هێزی سەرکردەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی گرووپە گەورەترەکە و بەتایبەتیش لە گرووپێکی تاقمی کەم دەکاتەوە.

ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی ژێر دەستی ولاتە یەکگرتووەکان پێویستە هەڵبوەشێنرێنەوە. ڕێکخراوە تیرۆریستە بیانی و گرووپە تاقمییەکان پێویستە پەرتەوازە بکرێن نەک ڕێگەیان پێ بدرێت لە شوێنێکدا ئەندامانیان چڕ بکەنەوە و دەست بەسەر ماڵەکانیاندا بگرن. روون و ئاشکرایە هەڵوەشاندنەوەی مێک بەرەنجامی خوازراوەی لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا لێ دەکەوتەوە، لەوانەش رەنگە ژمارەی قوربانییانی ولاتە یەکگرتووەکان کەم بووبایە کە بەهۆی ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکانەی پاسەوانییەوە بوو کە سەرانی مێک بۆ بەدواداچوونی بەرنامەکانی خۆیان داوایان دەکرد.

لە ماوەی پێکدادانێکی سەربازیدا پێویستە ئەفسەرانی وەزیری بەرگری و وەزیری دەرەوەی ولاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ فەرماندەکانی مەیدان پێکەوە کار بکەن بۆ ئەوەی لە پێناو لێدوان بۆ جەماوەر (لە ولاتە یەکگرتووەکان و لە مەیدانی شەڕ و لە جیهاندا) لەسەر بابەتی لە ڕووی سیاسییەوە هەستیار پەرە بە پلانێک بدەن. لە حاڵەتی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا کاردانەوەی

ڕامسفیلّدی وەزیر بەناونانی مێک وەک کەسانی پارێزراو بەگشتی دەکرا رووی نەدابا، ئەگەر هۆکار و هەلومەرجەکانی ئەم کردەوەیە بەوردی خوێندنەوەیان بۆ کرابا. سەرنەکەوتن لە بەڕێوەبردنی پێوەندییەکە رێی بەو بۆچوونە دا کە ولاّتە یەکگرتووەکان پشتیوانی لە رێکخراوێک دەکات کە لەسەر لیستی رێکخراوە تیرۆریستییە بیانییەکانی خۆیەتی. ئەوە هەروەها کردەوەگەلی گرتنی بەهۆی بڕواهێنان بە مێک لەوەی بالاّدەستە، ئالّۆز کرد و بووە هۆی گرژبوونی پێوەندییەکانی لەگەلّ حکوومەتی عێراقی و کۆماری ئیسلامیی ئێران و جەماوەری عێراقی و راگەیاندن. ڕێنوێنیی روون لەبارەی ئەرکەوە نەک تەنیا لە شەڕ و دوای شەڕدا پێویستە، بگرە بۆ بواری بەرفرەوانی ڕاگەیاندنیشدا پێویستە نەک بۆ سانسۆرکردن بەلّکو بۆ دلّنیابوون لەوەی پەیامەکان تێکەلّ ناکرێن و لەلایەن ئەو خەلّکانەوە دەدرێن کە لە هەلومەرجە پێوندیدارەکانەوە تێ دەگەن و بەهەلّە بۆچوونێکی وا دروست ناکەن کە پەیامەکانیان لێدوانی فەرمیی گشتیی حکوومەتی ولاّتە یەکگرتووەکان بێت.

فەرماندەکانی کردەوەگەلی گرتن دەبێت هاوکار بن ئەگەر هاتوو یاسای مرۆڤایەتیی نێودەولّەتی چوارچێوەیەکی یاسایی ڕوونتری دابین کرد سەبارەت بەدەستبەسەرکردنی تیرۆریستانی دیاریکراو و خۆهەلّقورتێنەرانی نادەولّەتی و میلیشیا نائاساییەکانەوە. لەبەرئەوەی ئیدارەی بوش بە پێناسەکردنی پۆلێنێکی نوێ، واتە شەڕوانانی دوژمنی "نایاسایی" و "ڕێگەپێنەدراو"ەوە ڕیزپەڕێکی ناکۆکی بۆ پەیماننامەکانی جنێف داهێنابوو، بڕیاردان لەسەر پێگەی مێک دوا کەوت و ئەو بڕیارەی رامسفیلّدی وەزیر لەدواییدا دای، ئەندامانی مێکی لە مافگەلی ڕۆتینیی پەیماننامەی سێیەمی جنێف بێبەش کرد و رەنگە لە ڕووی یاساییەوە هەلّە بووبێت.

لە بری بەکارهێنانی بەرنامەیەکی جێگرەوە، فەرماندەکانی کردەوەگەلی گرتن پێویستە لەگەلّ وەزارەتی بەرگری و دەرەوەی ولاّتە یەکگرتووەکاندا کار بکەن بۆ مسۆگەرکردنی چارەسەرێکی یاسایی بۆ چۆنیەتیی لێکدانەوەی پەیماننامەکانی جنێف لەلایەن ولاّتە یەکگرتووەکان و یاساگەلی گشتیی نێودەولّەتیی تایبەت بە مرۆڤایەتی بە تایبەتیش لەوەی پێوەندیی بەمەرجەکانی گرتنەوە هەیە بەتایبەتیش بۆ تیرۆریستانی دیاریکراو و خۆهەلّقورتێنەرانی نادەولّەتی و میلیشیا نائاساییەکانەوە هەم لە شەڕە نێودەولّەتی و هەم لە نانێودەولّەتییەکاندا.

جگە لەوەش چونکە بەگشتی وا زانراوە سروشتی شەڕ لە کردەوەگەلی سەرەکییەوە بۆ هی بچووکتر، بۆ کردەوەکانی دژەیاخیگەری دەگۆڕێت، کاتی ئەوە هاتووە بۆ ولاّتە یەکگرتووەکان کە دووبارە چاو بە پرۆتۆکۆلی زیدەکیی دووەم Additional Protocol II دا بخشێنێتەوە یان بیر لە دانوستاندن بۆ پەیماننامەیەکی تر یان پرۆتۆکۆلێکی زیدەکیی نوێ یان هەموارکراو بکاتەوە بۆ ئاماژەدان بە پاراستنی هاوولاّتییان لە کاتی شەڕێک "کە تایبەتمەندیی نێودەولّەتیی نەبێت" و هەروەها بۆ رێکخستنی گرتنی تیرۆریستانی دیاریکراو و خۆهەلّقورتێنەرانی نادەولّەتی و میلیشیا نائاساییەکانەوە لە ماوەی پێکدادانە نێودەولّەتی و نانێودەولّەتییەکاندا.

## کورتە مێژوویەک لەبارەی مێکەوە پێش پرۆسەی ئازادکردنی عێراق

### دامەزراندنی لە ئێران: ١٩٦٥ – ١٩٨١

لە ئەیلوولی ١٩٦٥دا کۆمەڵێکی بچووکی قوتابییانی زانکۆی تاران دەستیان کرد بەکۆبوونەوە بۆ ڕاگۆڕینەوە لەسەر شۆڕشی چەکداری بەئامانجی لادانی حکوومەتی شا محەمەد ڕەزا پەهلەوی کە ئەوان بە لێبووکی وڵاتە یەککگرتووەکانیان دادەنا[١٩]. جیاوازییان لەگەڵ کۆمەڵانی تری دژی شا لەوەدا بوو کە توندوتیژییان پێ قبووڵ بوو و ئایدیۆلۆجیایەکی نوێیان داهێنابوو بەئاوێتەکردنی ئیسلامییەتی شیعە و مارکسیزم و پێیان وابوو هەردووکیان بناخەی خەباتێکی شۆڕشگێڕانەن. هەڵبژاردنی ناوی گرووپەکە ڕەنگدانەوەی ڕیشە مارکسی و ئیسلامییەکانیەتی– موجاهیدینی خەڵق "شەڕوانانی پیرۆزی خەڵق"[٢٠].

مێک ئەندامان و هەوادارانی (کە بەزۆری قوتابی و دەرچووانی زانکۆیی چینی ناوەڕاست بوون) لە ڕێگەی سیاسەتی مارکسیستی شۆشیالیستی خۆی و هەڵی ژیان و خوێندن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر و کاریگەریی لە دژایەتیکردنی وڵاتە یەککگرتووەکان و بەپێچەوانەی گرووپە چەپڕۆکان، پاڵپشتیی بۆ حکوومەتێک کە دەربڕی بەها ئیسلامییەکان بێت، هێنایە ریز. ئەندامانی مێک هان دەدران لە کۆمەڵگەی کچان بژین کە لەوێدا پێوەندیی کۆمەڵایەتیی بەهێزیان دروست کرد، لە سەرچاوەگەلی داراییەوە سوودمەند بوون، ئابووریی مارکسی و تیۆری شۆڕشگێڕی و بنەما و تەکنیکەکانی شەڕی گەریلایی و شەهادەتی شیعایەتییان خوێند. هەندێک لە ئەندامان لە کەمپەکانی ڕێکخراوی ئازادیی فەلەستینی لە ئوردن و لبنان ڕاهێنانیان وەرگرت.

پۆلیسی نهێنیی شا زوو دزەی کردە ناو ڕێکخراوەکە و یەکەم هێرشی تیرۆریستیی مێکی پووچەڵ کردەوە کە تۆڕی کارەبای تارانی کردبووە ئامانج و بۆ ئابی ١٩٧١ بەرنامەڕێژ کرابوو. بەنێزیکەیی نیوەی ئەندامانی مێک دەسگیر کران و سێ ئەندامە دامەزرێنەرەکەی پاشان لە سێدارە دران[٢١].

سەرەڕای پاڵەپەستۆی حکوومەت مێک بەردەوام بوو لە ئەندامگری و دامەزراندنی بناخەی بۆ پاڵپشتیی دارایی، هەم لە ناوخۆ و هەم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ئەمەش بەکۆکردنەوەی ئەندام لەناو زانکۆ و زیندانەکان و بەکۆکردنەوەی پارە لە چینی ڕۆشنبیر و خەڵکی بازاڕی (چینی ناوەڕاست کە شیعەی کۆنباو بوون) و ئێرانییانی تاراوگەنشین. مێک لەگەڵ گرووپە بەرهەڵستکارانی تر و بەشێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ بزووتنەوەی ئایەتوڵا خومەینی و ڕێکخراوی ئازادیی فەلەستینی یەکی گرت.

پاش شکستی یەکەم هەوڵ، مێک زنجیرەیەک هێرشی خوێناویی کردە سەر کۆمەڵە کاربەدەستێکی حکوومەتی ئێرانی و ئەوانی ڕۆئاوایی، ئەوانەی کە پێی وابوو پشتیوانی لە شا دەکەن. تیرۆرکردنی لیۆتێنەت کۆڵۆنێڵ لویس ئێڵ هاوکیسی سوپای وڵاتە یەکگرتووەکان لە ١٩٧٣ و کوشتنی دوو ئەفسەری سوپای تر لە ١٩٧٥، کۆڵۆنێڵ پۆڵ شەفر و لیۆتێنەنت کۆڵۆنێڵ جەک تێرنر لە ڕیزی ئەم هێرشانەدا بوون. هێرشێکی تر لە ٢٨ی ئابی ١٩٧٦ بەڵێندەرانی سیڤیلی ئەمەریکاییی، ڕۆبێرت ئار کرۆنگراد و ویلیەم سی کۆترڵی کوڕ و دۆناڵد جێی سمیزی بەکوشت دا[٢٢].

تاکە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ڕەسەنی مێک کە لە زیندان قوتاری بوو، مەسعوود ڕەجەوی بوو، ڕێکخەرێکی کاریزمایی کە خێرا سەرکردایەتیی گرووپەکەی وەرگرت کاتێک لە پاڵ زیندانییانی سیاسیی بەرهەڵستکارەوە لە کانوونی دووەمی ١٩٧٩ەوە لە زیندان بەربوو. لە یەکەمین هاوپەیمانێتییە تاکتیکییە زۆرەکانیدا ڕەجەوی خۆی لە خومەینی و بزووتنەوەی ئیسلامی نزیک کردەوە.

بەڵام پاش شۆڕش خومەینی لە بەرزەفڕییەکانی ڕەجەوی و بنەمای مارکسیی مێک و جەماوەریبوونە فرەوانەکەی کەوتە گومانەوە. وەک بەشێک لە هەوڵەکان بۆ سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆنی ڕەجەوی، خومەینی خەیاڵی مێک و گرووپە چەپڕۆ و عیلمانییەکانی تری ناو هاوپەیمانێتییەکەی دژی شای، بۆ بەشداریکردن لە حکوومەتی نوێ شکاند. خومەینی ڕێگر بوو لەوەی بەڕەجەوی لە ئەنجوومەنی دەستەبژێران لە ١٩٧٩دا کورسییەک وەربگرێ و ڕێگەی نەدایە ئەندامانی تری مێک خۆیان بۆ پەرلەمان–مەجلیس– بەربژێر بکەن یان کورسیی لێ ببنەوە. پاشانیش نەیهێشت ڕەجەوی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە ١٩٨٠دا بەشداری بکات.

پاش ئەوەی مێک لە خومەینی جیا بووە، یەکەم گۆڕانکاریی لەو گۆڕانکارییە زەقانەدا بەسەر هاوپەیمانێتییەکەی و سیاسەتە گشتییە ڕاگەیەندراوەکەی داهێنا کە لە هەوڵدانی بۆ زیندوو مانەوەی بنەڕەتی بوون. لە ناوەڕاستی ١٩٨١دا لەگەڵ سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئێران، ئەبولحەسەن بەنیسەدر لە دژی پارتی بەدەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی خومەینی یەکی گرت و بانگەشەی بۆ چاکسازیی کۆمەڵایەتی کرد.

پاش ئەوەی خومەینی نووسینگە و ڕۆژنامەکانی مێکی داخست و پاشان بەنیسەدری لە ٢١ی حوزەیرانی ١٩٨١ لەسەر دەسەڵات لادا، مێک "خەباتێکی چەکداریی" لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕاگەیاند بەئامانجی ڕووخاندنی ڕێژیمی خومەینی. سەراونخوونکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران (یان هەروەک مێک بە هی "مەلاکان" ناوی دەبات) ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، ئامانجی بنەڕەتیی مێکە.

مێک هێرشی توندوتیژی لە دژی ئەندامانی پارتی کۆماری ئیسلامی دەست پێ کرد. هێرشی هەرە بەرفرەوان کە درابێتە پاڵ مێک تەقینەوەی سەرکردایەتیی پارتی کۆماری ئیسلامی بوو لە

تاران لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٨١ ئەم هێرشە کوژرانی پتر لە ٧١ ئەندامی سەرکردایەتیی ئێرانی لێ کەوتەوە، لەوانەش ئایەتوڵا بێهێشتیی ئاخووند کە هەم سکرتێری گشتیی پارتەکە و هەم سەرۆکی دادوەریی سیستەمی دادی ئێران بوو. ئەوەی بۆ ئەم سەردەمە گرینگییەکی تایبەتی هەبێت تەقینەوەیەکی تری مێک بوو لە حوزەیرانی ١٩٨١دا کە سەرکردە ڕابەری ئەمڕۆکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئایەتوڵا عەلی خامەنەیی سەخت بریندار کرد و بۆ هەموو کات باسکی راستی لە کار خست.

هەرچەندە ڕەجەوی و سەرکردایەتیی مێک بەردەوام خۆپێشاندانی گەورەیان لە تاران دەورووژاند، کە لە یەکێکیاندا گوایە ٥٠٠,٠٠٠ کەس پاش ئاگەدارکردنەوەیەکی کورت ڕاکێش بوون، بەڵام سوپای پاسدارانی شۆڕشە ئیسلامییە ئێرانییەکەی خومەینی بێ بەزەییانە مێکیان سەرکوت دەکرد و بەهەزاران ئەندام و لایەنگریان دەسگیر کرد و لەداریان دان. شۆڕشە چەکدارییەکە پلانێکی ناتەواوی بۆ دانرابوو و کەمی خایاند. لە ٢٩ی تەمووزی ١٩٨١دا ڕەجەویی سەرکردەی مێک و بەنیسەدر بە ڕفاندنی بۆینگێکی ٧٠٧ی هێزی ئاسمانیی ئێرانی بۆ پاریس ڕایان کرد. ژمارەیەکی کەمی ئەندامانی ئاساییی مێک بەرەو ئەوروپا بە شوێن سەرکردایەتی کەوتن، گواستیانەوە بۆ کوردستانی ئێران یان بۆ ناو عێراق ئاودیوی سنوور بوون و لەوێدا زنجیرەیەک کۆمەڵگەیان پێک هێنا.

لە کاتێکدا کە سەرکردایەتیی مێک لە تاراوگە دەژیا، ئەو تۆڕە نهێنییەی لە ئێراندا مابوو بەردەوام پلانی دادەنا و هێرشی دەبرد بۆ شێواندنی ڕێژیمی خومەینی وەک لە تەقینەوەکەی ئابی ١٩٨١دا کە سەرۆک و سەرۆک وەزیرانی ئێرانی بەکوشت دا.

ژمارەی قوربانییانی هێرشەکانی مێک جێی ناکۆکییە. مێک دەڵێت تەنیا هێرشی کردووەتە سەر کاربەدەستانی حکوومەتی و سوپایی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کەچی بەگوتەی ئێران و کۆمەڵانی دژەمێک، گرووپەکە ژمارەیەک باڵەفڕەی ڕەواندووە و بە هەزاران هاووڵاتیی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کوشتووە.

## ژیانی دوورەوڵات لە فرەنسا: ١٩٨١ – ١٩٨٦

کاتێک رەجەوی و بەنیسەدر گەیشتنە پاریس لەوێدا ئەنجوومەنی نەتەوەیی بەرهەڵستکاری ئێرانییان دامەزراند، ڕێکخراوێکی پشتیوانیی گرووپە بەرهەڵستکارەکانی ئێران کە لە دژی پێکەوە خومەینی و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بوون و ڕەجەوی و بەنیسەدر هاوسەرۆکەکانی ئەنجوومەنەکە بوون. ئەنجوومەنەکە داوای پشتیوانیی سیاسی و دارایی دەکرد لە حکوومەتە رۆئاواییەکان و ئەو تاکانەی دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوون و لاسایی ڕێبازی ڕێکخراوی ئازادیی فەلەستینیی دەکردەوە. لە گۆڕانێکی ڕزگارکەرانەی تردا بۆ ڕەجەوی، ئەنجوومەنەکە فەلسەفەی مارکسی–ئیسلامیی مێکی لە دیدی ئەوروپا و ڕۆئاواوە شاردەوە و لەبری پەرەی

بەسیاسەتێکی نوێ دا بەپشتیوانیکردنی لە بەهای سیاسیی وەک حکوومەتی عیلمانی و هەڵبژاردنی دیموکراسییانە و ئابوورییەکەی بازاڕ–ئازاد، کە پێشتر مێک تەنیا پشتیوانیی لە ژمارەیەکی کەمیانی دەکرد. هەروەها ئەنجوومەنەکە ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردستانی ئێران و ناردنەوە وڵاتی بۆ دوورخراوانی ئێرانی داوا دەکرد.

ئەنجوومەنەکە خۆی بە پەرلەمانی دوورەوڵاتی هێزی بەرهەڵستکاری ئێرانی و ڕەجەویشی بەسەرکردەی هەڵبژێردراوی دایە ناسین و لەپێناو دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامیی دیموکراتی لە ئێران خەباتی کرد. هەڵمەتێکی پێوەندییە گشتییەکانیشی لە پێناو پڕوپاگەندەکردن بۆ چەوساندنەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەست پێ کرد و زانیاریی هەواڵگریی سەبارەت بەکردەوەگەلی کۆمارەوە بۆ حکوومەتە ڕۆئاواییەکان دابین دەکرد. گرووپەکە پەیمانەکانی خۆی لە ڕێگەی دەرهاوێشتە کەناڵەکانی میدیای خۆیەوە، لەوانەش ڕۆژنامەکان و وێستگەیەکی ڕادیۆییەوە دەوەشاند.

هەرچەندە بەشێکی گەورەی دارایی مێک لەلایەن سەدام حوسێن و بەشێکیشی لەلایەن عەرەبستانی سعوودییەوە دابین دەکرا، بەڵام ئەنجوومەنەکە هەروەها پارەی بە تەڵەکەبازییەوەش کۆ کردەوە. بۆ نموونە، تا ئەم دواییە هەوادارانی مێک لە باڵەفڕگە و پارکە گشتییەکاندا داوای بەخششیان دەکرد، زۆربەی جاریش لە ڕێگەی پێشاندانی وێنەی جەرگبڕی ژنانی ئەشکەنجەدراو لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکرد پارە لە پێناو قوربانییانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێراندا کۆ دەکەنەوە، کەچی لە جیاتیی پارەکەیان شۆڕ دەکردەوە بۆ مێک. ئێف بی ئای حەوت لایەنگری مێکی پاش کۆکردنەوەی یەک ملیۆن دۆلارەوە لە ڕێگەی خێرخوازییەکی درۆیینەوە بەناوی کۆمیتەی مافەکانی مرۆڤی ئێران لە باڵەفڕگەی نێودەوڵەتیی لۆسانجلێسدا دەسگیر کرد. کۆمیسیۆنی بەریتانی بۆ بەخششەکانیش کۆتایی بەهەرەوەزییەکی تری ساختە بەناوی یارمەتیی ئێرانەوە هێنا پاش ئەوەی" هیچ پێوەندییەکی پێسەلمێنی نەدۆزییەوە لەنێوان پارەی بەخشراو لەلایەن جەماوەری بەریتانی (کە ساڵانە نێزیکەی ٥ ملیۆن یۆرۆ بوو) و کاری خێرخوازانە لە ئێراندا".

دادگەی باڵای ئەڵمانیش کۆمەڵێک خانووی نهێنی و ماڵەکانی "پەروردەکاری" و کۆمەڵگەی مێکی داخست پاش ئەوەی لێکۆڵینەوەیەک دەری خست مێک بە ساختەکارییەوە لە نێوان ٥ تا ١٠ ملیۆن دۆلاری سوودی خێرخوازیی کۆمەڵایەتیی بۆ منداڵانی مێک کە لە دەستپێکی شەڕی کەنداودا بۆ ئەورووپا نێردرابوو، کردووەتە کیسەوە.

کاتێک ڕەجەوی بەشێوەیەکی ڕووەو زیادبوون ئەنجوومەنەکەی لە ڕێکخراوێکی کەپرییەوە بۆ دەرهاوێشتەیەکی مێک دەگۆڕی، هاوپەیمانانی پێشوو لە ئەنجوومەنەکە کشانەوە، لەوانەش پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران. خودی بەنیسەدریش لە ئاداری ١٩٨٣ لە ئەنجوومەنەکە کشایەوە و ڕەجەوییش کچەکەی بەنیسەدری تەڵاق دا کە هەر ساڵی پێشتر هێنای بوو.

لە ١٩٨٥ ڕەجەوی مەریەم ئازۆدانلوی خێزانی یەکێک لە خزمە نێزیکەکانی خۆی بەناوی مێهدی ئەبریشەمچی وەک هاوسەرۆکی مێک ناساند. بڕیار بوو مەریەم زوو لە هاوسەرەکەی جیا ببێتەوە و مێرد بە ڕەجەوی بکات. ئەوانیش پێکەوە دەستیان دەدایە "شۆڕشێکی ئایدیۆلۆجیک"ی نوێ کە بەتێپەڕینی کات مێکی بۆ گرووپێکی تاقمییانە وەردەگێڕا.

## ڕاگواستن بۆ عێراق لە پێناوی شەڕ بۆ سەدام ١٩٨٦–١٩٨٨

پاش هێرشکردنە سەر ئێران، سەدام حوسێن دەستی کرد بەپارەدان بەمێک بۆ وەهێزخستنی توانای ئەنجوومەنی نەتەوەیی بەرهەڵستکاری ئێران لە هەڵمەتی پرۆپاگەندەی لە ئەورووپا لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەمەش لە بری هەر زانیارییەکی هەواڵگری کە مێک دەیتوانی لەبارەی ئێرانەوە پێشکێشی بکات. لە ١٩٨٦دا بۆ قەرەبووی یارمەتیی ئێران لە مسۆگەرکردنی ئازادیی بارمەتە فرەنسییەکانی ناو لبنان، فرەنسا هەوڵی دا سەرکردایەتیی مێک دەربکات و کۆتا بەبەکارهاتنی فرەنسا وەک بنکەی ڕۆئاواییی مێک بێنێت. ئەو ساڵە کادیری سەرکردایەتیی مێک داوەتنامەیەکی سەدامی بۆ ڕاگواستنی گرووپەکە بۆ ناو عێراق قبووڵ کرد، بەڕواڵەت بۆ ئەوەی گرووپەکە لە شەڕی ئەو کات کە لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لەگەڕ دابوو نزیکتر بێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە بۆ یەکگرتن بوو لەگەڵ سوپای سەدام[٢٣].

سەدام پارێزگاریی لە مێک کرد، پارە و چەک و تەقەمەنی و ماشێنی گواستنەوە و تانک و ڕاهێنانی سەربازی و زەوی (ی بۆ بەکارهێنان نەک بەخاوەنبوونی) بۆ مێک دابین کرد. بەم سەرچاوانەوە سەرکردایەتیی مێک ژمارەیەک کۆمەڵگەی نوێی لە عێراق دامەزراند و لایەنگرانی مێکی لەناو ئێران و شوێنەکانی تردا هان دا بۆ ئەوەی بۆ عێراق ڕابگوێزن[٢٤]. نێزیکەی ٧٠٠٠ ئەندام کە ٨٠٪یان لە جەماوەری دوورەوڵاتی مێک بوون چوونە ناو کەمپەکانی عێراق. ڕەجەوی کۆمەڵگەی مێکی ناو عێراقی بە سوپای نەتەوەیی رزگارکەر (NLA) ناو نا بۆ وەسفکردنی مێک وەک گرووپێکی شۆڕشگێڕانە.

لە بری پاڵپشتیی سەدام، مێک زانیاریی هەواڵگریی لەبارەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و خزمەتگوزارییەکانی لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان و یارمەتیی سەربازیی ڕاستەوخۆی بۆ دابین کرد. مێک هێرشێکی بێ شوماری کردە سەر هێزەکانی سوپای ئێران و سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی لەسەر سنوورەکانی ئێران و هەندێک جاریش سوپای عێراقی یارمەتیی دەدا.

لە ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٨٨ زوو پاش جاڕدانی ئاگربەست لەلایەن خومەینییەوە، مێک گەورەترین کردەوەی خۆی، ئۆپەراسیۆنی ڕووناکیی ئەبدیی جێبەجێ کرد بەهیوای ئەوەی ئەمە گورزی ڕووخێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بێت. ڕەجەوی ئاواتەخواز بوو مێک بە نمایشکردنێکی هێزی مرۆیی بتوانێت لە ناوخۆ شۆڕشێک لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بورووژێنێت. فەرمانی بەتەواوی کۆمەڵگەی مێکی ناو عێراقی دا هێرش بکاتە سەر ئێران و هەر بەتالیۆنێکی سوپای

نەتەوەییی ڕزگارکەری ئێرانی ڕاسپارد بە"ئازادکردن"ی پارێزگایەک و چاوەڕوانی ئەوە بوو سوپای ئێرانی و جەماوەرەکەی پشت لە کۆمار و پاڵپشتی لە مێک بکەن. کەچی پشتیوانییە چاوەڕوانکراوەکەی سوپا و جەماوەر نەهاتە دی- لانی کەم بەشێوەیەکی بەشەکی چونکە مێک دەستی کردبووە ناو دەستی هەڵاسێنەری شەڕ و سەربازانی ڕەشبگیرکراوی بە کوشت دابوو- و کردەوەکە لەلایەن سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامییەوە سەرکوت کرایەوە. هێرشی ئۆپەراسیۆنی رووناکیی ئەبەدی بەنرخی ژیانی پتر لە ١٥٠٠ ئەندامی سوپای نەتەوەییی ڕزگاریکەری ئێران (بەنێزیکەیی چارەکێکی کۆمەڵگەی مێکی ناو عێراق) تەواو بوو و دنەی ڕژێمی ئێرانی دا زیاتر لە ٤٠٠٠ ئەندام و دڵسۆزی مێک کە لە ئێراندا دەژیان، لەناو ببات[٢٥]. لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتییەکەی ڕەجەوی سوودی لە ئاکارە نیمچە سەربازییەکەی سوپای ڕزگاریکەر و نووچخواردنی لە ئەرکەکە وەرگرت بۆ بەهێزترکردنی دەسەڵاتی بەسەر مێک و دەستپێکردنی زنجیرە گۆڕانکارییەک لە سیاسەتدا لە پێناو درێژەدان بەگۆڕینی ڕێکخراوە بەردەوام داخراوەتربووەکە بۆ تاقمێک.

## ژیانی دوورەوڵات لە عێراق: ١٩٨٨ – ٢٠٠٣

سەرەڕای ئەوەی مێک بانگەشەی بۆ زۆر "سەرکەوتن"ی سەربازی کردووە، ئەم کردەوانە لە بنکۆڵکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا شکستیان هێنا و لە جیاتیی بۆچوونی نەرێنیی جەماوەری ئێرانییان بەرامبەر بە مێک بەهێزتر کرد، بەشێوەیەکی سەرەکییش لەبەر ئامادەگیی مێک بۆ کوشتنی سەربازانی ڕەشبگیرکراودا. هەرچەندە لەوەتەی ١٩٨٨ەوە مێک دەستی نەبردووە بۆ کردەوەی سەربازیی بەرفرەوان، بەڵام بەردەوام کردەوەی توندوتیژانەی لە ئێران و دەرەوەدا ئەنجام داوە و کاربەدەستانی حکوومەتی و سوپاییی. ئێرانی کردووەتە ئامانج و هەندێک جار خەڵکانی بینەری ڕووداوەکەی بریندار کردووە یان کوشتووە. هەندێک لەم هێرشانە لە وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەوروپادا ڕوویان داوە. مێک زۆربەی جار دەڵێت هێرشەکانی ڕێکخراوە نالایەنگر یان دەرهاوێشتەکانی خۆی دراوەتە پاڵ. بەڵام مێک بۆ خۆی لە ڕێگەی سوپای ڕزگاریکەرەوە بەتەنیا بەرپرسیارێتیی پتر لە ٣٥٠ هێرشی لە ٢٠٠٠ و ٢٠٠١ دا گرتە ئەستۆ. مێک پاش شەڕی ئێران و عێراقیش بەردەوام خزمەتی بەسەدام دەکرد.

بۆ ماوەی چەندان ساڵ گرووپەکە ئاسایشی ناوچەی دەوروپشتی کەمپەکانی دەپاراست. بەگوێرەی ڕای گشتی پاش شەڕی یەکەمی کەنداویش مێک یارمەتیی سەدامی داوە لە سەرکوتکردنی بێ بەزەییانەی ڕاپەڕینەکانی شیعە و کورد لە ١٩٩١، کەچی کاربەدەستانی مێک سەرسەختانە نکووڵی لە هەر جۆرە تێوەگلانێک لەم دڵڕەقییانە لە دژی شیعە و کوردەکان دەکەن و دەڵێن "ئەوان" لەلایەن هێزە هاوبەشەکانی کوردی و ئێرانییەوە هێرشیان کراوەتەوە سەر و مێک تەنانەت بەرگریشی لە خۆی نەکردووە. بەڵام ئەو ڕاپۆرتەهەواڵانەی کە لە مەریەم ڕەجەوییەوە

لەکاتی هاندانی ئەندامانی مێکدا گواستوویانەوە "بە تانکەکانتان کوردەکان بکەنە ژێر و فیشەکەکانتان بۆ پاسدارانی شۆڕشی ئێرانی ڕابگرن"، هەروەها پێدانی مەدالیای ڕافیدەیەن ، کە شەرەفێکی مەزنە لە سوپای عێراقیدا، لەلایەن سەدامەوە بۆ مەسعوود ڕەجەوی، تۆمەتەکانی هاودەستیی مێک لەگەڵ سەدام پشتڕاست دەکەنەوە. حەقیقەتی بابەتەکە هەر شتێک بێت، جەماوەری عێراقی پێی وایە مێک وەک نوێنەری سەدام بەرامبەر بە شیعە و کورد توندوتیژیی نواندووە[٢٦].

ئەندامگری بۆ مێک لەوەتەی هەڵاتنی لە ئێران لە ١٩٨١ەوە ململانێیەکی گەورە بووە. پاش ئەوەی مێک دەستی لەگەڵ سەدام تێکەڵ کرد و عێراقی کردە بنکەی خۆی، مێک تەنانەت دابەزینێکی زەقتری خۆبەخشانی بەخۆوە دیت. تاکتیکێکی ئەندامگری لەلایەن مێک بەپشتیوانیی حکوومەتی سەدامەوە ڕێک خرابوو.

گیراوانی ئێرانیی شەڕی ئێران و عێراق پێشنیازیان پێ درا یان بچنە کەمپەکانی مێک تا لە دواییدا بنێردرێنەوە ئێران یان لە کەمپی گرتووخانەکانی عێراقیدا بمێننەوە. لە ئەنجامدا سەدان کەس چوونە ناو مێکیان هەڵبژارد، بەڵام نەنێردرانەوە وڵات. ئاساییانە مێک لە بەرهەڵستکارانی ئێرانی نێزیک دەبووە، بەڵام ئێرانییانی تریشی بەبیانووی درۆیینەوە هێنایە ڕێز. لەو جەماوەرانەی بوونە ئامانج پەنابەرانی ئێرانیی کەمدەرامەت، خەڵکانی تینووی خێرخوازی و خێزانی ئەندامانی مێک بوون. زۆرێک لە ئەندامانی هێنراو بە بەڵێنی درۆیینی دامەزراندن بەمووچە و زەوی و یارمەتی لە داواکارییان بۆ وەرگرتنی پەنابەرێتی و گەشتی بەخۆڕایی بۆ ئەندامانی ماڵەوەیان و هەلی کاری خۆبەخشانە لە تەندروستیی گشتی و تەنانەت هاوسەرکاریش هەڵخەڵەتێنرابوون.

لەبەر ئەوە بە شێـمانەی زۆرەوە زۆرێک لەو ئەندامانەی لەوەتەی ١٩٨٦ەوە هاتوونەتە ریز، "خۆبەخش" نەبووبن. بەنێزیکەیی هەموو ئەندامانی مێک ناچار کراون بەڵگەنامەکانی پێناسەی کەسێنییان رادەستی سەرکردایەتی بکەن بەمەبەستی "پاراستنیان". مێک ئێستا دەڵێت ئەم بەڵگەنامانە پارێزراو بوون تا ئەو کاتەی بە بۆمبەکانی هاوپەیمانانەوە لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا لەناوچوون. ئێستاکەش بەبێ پاسپۆرت زۆربەی ئەندامانی مێک لە ڕاستیدا بێ دەوڵەتن. سەرکردایەتیی مێک لە ڕێگەی زەوتکردنی بەڵگەنامەکانی پێناسەی کەسێنی و ڕەتکردنەوەی یاساییکردنیبوونی ئەندامانی مێک لە عێراقی سەدامدا ئەندامانی خۆی ناچار کردووە لە کەمپەکانی گرووپەکە لە عێراقدا بمێننەوە، بەهەڕەشەکردن بە ئازاردران و زیندانیکردن لە حاڵەتی دەرچوونی نایاساییانە کە ناردنەوە ئێران و لەوێدا مەترسیی چەوساندنەوە یان تەنانەت کوشتنیشی بەدوادا دەهات.

لە ١٩٩٧دا وەزیری دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بەگوێرەی یاسای ساڵی ١٩٩٦ی دژەتیرۆر و سزای مەرگی پێرەوکراو مێکی بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستیی بێگانە ناوزەد کرد[٢٧]. هەندێک

حکوومەتی رۆژئاواییی دی لەوانەش شانشنی یەکگرتوو و کەنەدا و یەکەتیی ئەورووپا لەو کاتەوە مێکیان یان وەک رێکخراوێکی تیرۆیستی لە قەڵەم داوە یانیش رێکخراوێک کە بۆی نییە لە بەخششەکان سوودمەند بێت(٢٨). ئەم ناوزەدکردنە سەرجەم هەوڵەکانی هەرەوەزیی مایەکیی مێک ( و هەروەتر هەموو هەوڵەکانی ئەنجوومەنی نەتەوە بەرهەڵستکاری ئێران)ی تاوانبار کرد. لە ٢٠٠١دا لێکۆڵینەوەکانی تاوانی پەردەیان لەسەر کۆمەڵێک چالاکی بۆ پارەلووشدان لە وڵاتە یەکگرتووەکان و شانشنی یەکگرتوو و ئەڵمانیا هەڵماڵی. لەو کاتەوە کۆمەڵێک ئەندامی مێک گیراون و بەبۆنەی ساختەکاری لە خواستنی پارە بۆ هەتیوانی خەیاڵی یان کاری خێرخوازانە و پاشان بەکارهێنانی پارەکە بۆ کرینی چەک و ئامێری پێوەندیکردن لە دوورەرێییەوە دادگەیی کراون. ئێف بی ئای لە چەندان شاری وڵاتە یەکگرتووەکاندا گرووپی هەڵسوورێنەری مێکی دۆزییەوە. ئەم رێکخستنانە ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی ئێرانی لەخۆ دەگرت کە بە هەزارانیان بەیارمەتیی مێکەوە بە قاچاخ گەیشتبوونە وڵاتە یەکگرتووەکان. دەستگیرکردنی مەریەم رەجەوی لە ٢٠٠٣ لە پاریس و لێکوڵینەوەی ئێف بی ئای بەڵگەی لەسەر بەردەوامبوونی پارە کۆکردنەوەی نایاسایی ئاشکرا کرد.

پۆلیس نۆ ملیۆن دۆلاری پارەی کاش و هەروەتر بەڵگەی وای دۆزییەوە کە مێک خاوەن حسێبی بانکیی نێودەوڵەتییە کە هەندێکیان دەیان ملیۆن دۆلاریان لەناو بوو. ئەندامانی پێشوو رایان گەیاندووە مێک هەروەها لە پشکەکان وەبەرهێنانی کردووە و خاوەن موڵکی وەک ئۆتێل و یانەی شەوانەیە لە دوبەی و شوێنی تر.

لە رێگەی ئەنجوومەنی نەتەوەییی بەرهەڵستکاری ئێرانی مێک وەڵامی ناونرانی وەک رێکخراوێکی تیرۆریستیی بیانی و تۆمەتەکانی تری پێوەست بەهەڵمەتی پێوەندییە گشتییەکان داوە بۆ ئەوەی خۆی وەک گرووپێکی بەرهەڵستکاری یاسایی بەوڵاتە یەکگرتووەکان و ئەورووپا بناسێنێ(٢٩).

ئەم هەوڵە (لەگەڵ هەڵمەتەکانی بەخششکاری) تا رادەیەک سەرکەوتوو بوون، هەرچەندە ئەنجوومەنەکە زێدەرۆیی دەکات لە باسکردنی ئاستی پشتیوانییەکەی لەلایەن رۆژئاواوە، ئەمەش بە لێدوانی هەڵخەڵەتێنەری وەک "زۆربەی ئەندامانی کۆنگرێسی وڵاتە یەکگرتووەکان و پەرلەمانی بەریتانیای مەزن و ئیتاڵیا و بەلجیکا و لوگزامبورگ و سوێد و نەرویج و پەرلەمانی ئەورووپا و پەرلەمانتارێکی بێ شوماری دانمارکی و فرەنسی و ئەڵمانی و هوڵەندی و سویسرایی پاڵپشتیی خۆیان بۆ ئەنجوومەنی نەتەوەییی بەرهەڵستکاری ئێرانی و سەرکردەی هەڵبژێردراوی رادەگەیێن".

هەرچەندە زۆر پەرلەمانتار لە راستیدا نامەی پشتگیریکردن لە دیموکراسی لە ئێران یان تەنانەت بەرگریکردن لە ئۆپۆزسیۆنی مێک لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان ئیمزا کردووە- ئەو هەنگاوانەی هەندێک جار رۆژنامەوانان و لێکۆڵەرانیش سەبارەت بەپێگەی سیاسی بەهەڵەدا

دەبات– ژمارەیەکی زۆر کەمی پەرلەمانتارانی ڕۆئاوایی بەڕاستی پشتیوانی لە مێک دەکەن یان تەنانەت زانیارییەکی باشیان لەبارەی گرووپەکەوە هەیە. لێکۆڵینەوەیەک لەسەر داوای هاوسەرۆکەکانی ئەرکانی سوپاوە لە ماوەی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق دەری خست مێک لە کۆنگرێسدا پشتی ئەوەندە گەرم نییە. ئەو ئەندامە تاکانەی پێ دەچوو بۆچوونێکی ئەرێنییان بەرامبەر بە مێک هەبێت، دەرکەوت ناحەزانی چالاکی کۆماری ئیسلامیی ئێران بن یاخۆ ژمارەیەکی زۆر ئێرانی– ئەمەریکایی لە ناوچەکەیاندا بژین. ئەوانی تریان تەنیا بە هەڵە تێ گەیەندرابوون(٣٠).

پاش کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکانی ئەنجوومەنی نەتەوەیی بەرهەڵستکاری ئێرانی لە ٢٠٠٢ و ٢٠٠٣دا کە بەئاشکرا پرۆگرامی ناوکیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی جاڕ دا، مێک بۆ پشتیوانیی سیاسی گیانێکی تازەی هاتەوە بەر. بۆ نموونە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیی ٢٠٠٥ دا سەرۆک جۆرج بوش گوتی پرۆگرامی ناوکیی ئێران ئاشکرا بووە "چونکە گرووپێکی بەرهەڵستکار جیهانی لەمە ئاگەدار کردەوە"(٣١). بەڵام ئەم پشتیوانییە نیشتەوە و تێکەڵ بوو لەگەڵ ڕەوتی مەیلێک بۆ کردەوەیەکی ڕژێمبگۆڕ لە ئێراندا. بەگوێرەی ئاماژە هەنووکەییەکانیش نەمانی پاڵپشتییەکە یەکجار گشتییە.

مێک دەڵێت لە ٢٠٠١ بەفەرمی بەکارهێنانی توندوتیژیی ڕەت کردووەتەوە. هەرچەندە بەڵگەنامەیەکی کەم لەبارەی ئەم بڕیارەوە هەم بە ئینگلیزی و هەم بە فارسی هەیە، کۆمیسیۆنی دادگەیی ڕێکخراوە نایاساییەکان باوەڕی بەگوتەی مێک کردووە ئەمەش لەسەر بنەمای نەبوونی هێرشی دانپێدانراو یان خراوە پاڵ گرووپەکە لە پاش ٢٠٠١ (جگە هێرشێک نەبێت لە ٢٠٠٢ کە مێک خێرا دانی بەهەڵەی خۆی نا). ئەمەش گۆڕانێکی پڕ مانا بوو بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی، وەک پێشتر تێبینی کرا، مێک بەرپرسیارێتیی پتر لە ٣٥٠ هێرشی لە ٢٠٠١ و ٢٠٠٢دا لە ئەستۆ گرتبوو. بەم هۆیەشەوە لەپاڵ بابەتەکانی تری پێوەست بەپرۆسەی یاسایی، شانشنی یەکگرتوو لەو کاتەوە مێکی لە لیستی ڕێکخراوە نایاساییەکانی خۆی دەرهێناوە. لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٩دا یەکەتیی ئەورووپاش بەهۆی ڕۆتینی کارییەوە گرووپەکەی لە لیستی تیرۆریستیی خۆی سڕییەوە.

ڕەنگە گۆڕانێکیش لەباری سەرکردایەتیی مێکدا ڕووی دابێت. لەوەتەی دەستپێکی پرۆسەی ئازادکردنی عێراقەوە مەسعوود ڕەجەوی بزرە. دیار نییە ئاخۆ خۆی شاردووەتەوە یان تەنانەت زیندووشە یان نا. لە نەبوونی ئەودا مەریەم ڕەجەوی، سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئێران لەلایەن ئەنجوومەنی نەتەوەیی بەرهەڵستکاری ئێرانی تاکە سەرکردەی لە بەرچاوی مێکە. بەڵام وێنەکانی مەسعوود ڕەجەوی و مەریەم ڕەجەوی بەردەوام لە سەرجەم بینایەکانی کەمپی ئەشرەف هەڵواسراون.

## ئاکارە تاقمییەکانی[٣٢] مێک

مێک زۆربەی جار وەک گرووپێکی "تاقمییانە" وەسف دەکرێت، بەڵام تا ئەمڕۆکەش هیچ لێکۆڵینەوەیەک نەکراوە سەبارەت بەوەی بە چ شێوەیەک کردەوەکانی و ئەو ئاکارە تاقمییانەی کە شارەزایانی بوارەکە پێناسەیان کردووە، پێوەندییان بەیەکەوە هەیە. ئەم پاشکۆیە ڕاپۆرتی بڕواپێکراو لەبارەی هەڵسوکەوتی مێک دەخاتە چوارچێوەی تیۆری تاقمییەوە.

### گۆڕانی مێک لە ڕێکخراوێکی جەماوەرییەوە بۆ تاقمێکی دوورخراوە

هەرچەندە مێک بووبووە جەماوەریترین گرووپی بەرهەڵستکار لە ئێراندا، بەڵام شکستهێنانی لە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دوابەدوایدا دوورخرانەوەی گەشبینی و کرانەوەی گرووپەکەی ڕەواندەوە. لە فەرەنسادا مەسعوود ڕەجەوی بەشێوەیەکی بەرچاو ناوەڕۆکی ڕێکخراوەکەی گۆڕی. لە ١٩٨٥دا ڕەجەوی رای گەیاند مەریەم ئازۆدانلوی خێزانی خزمێکی نێزیکی، مێهدی ئەبریشەمچی، کە هەروەها خوشکی ئەندامێکی باڵای مێک بوو وەک هاوسەرۆکی مێک دێتە سەر کار. ڕەجەوی خێزانی دووەمی خۆی تەڵاق دا کە کچی ئەبولحەسەن بەنی سەدری سەرۆکی پێشووی ئێران و هاوپەیمانی ڕەجەوی بوو و رای گەیاند مەریەم لە هاوسەرەکەی جیا دەبێتەوە و شوو بەو دەکات. ئەم کردەوانە ئاماژەیان بە "شۆڕشێکی ئایدیۆلۆجی"ی نوێ دەدا. ڕەجەوی و خێزانی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد شۆڕشە نوێیەکەیان بۆ بەرجەستەکردنی یەکسانیی ژنانە، بیرۆکەیەک کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەمەترسیداری دەزانی[٣٣]. هەرچەندە مێک لە ڕاستیدا ژنانی گەیاندە پۆستەکانی سەرکردایەتی کە ئەمەش نەریتێکی کۆمەڵگەی ئێرانی پێچەوانە کردەوە، بەهاوسەرکاری و دوابەدوایدا فرەوانترکردنی ڕۆڵی مەسعوود ڕەجەوی وەک سەرکردە نیشانەی دەستپێکی گۆڕانێکی پلانڕێژکراو بوو بۆ تاقمێکی ناسراو. گۆڕانە سەرەتاییەکان خوێندنی زۆرەکییانە و سەپاندنی ژیانی بەکۆمەڵ لە کۆمەڵگەکاندا و چاودێریی ئەندامانی دوورخراوەی گرووپەکەی لە ئەورووپای لەخۆ دەگرت. ئامانجێکی لاوەکی پاڵاوتنی ئەندامانی کەمتر دڵسۆز بوو. مەبەست لەم کردەوەیە دابڕاندنی ڕێکخراوە ئێرانییە بەرهەڵستکارەکانی هاوپەیمان نەبوو، بەڵام لە ئەنجامیدا ئەوە ڕووی دا. پاش ئەوەی مێک لە ١٩٨٦ بۆ عێراقی گواستەوە، ڕەجەوییەکان سوپای نەتەوەییی ڕزگاریکەرییان دامەزراند کە بەنێزیکەیی سەرجەم کۆمەڵگەی مێکی ناو عێراقی لەخۆ دەگرت و پێکهاتە چەکدارییەکەیان بۆ بەهێزترکردنی دەسەڵاتی خۆیان بەکار هێنا. پاش نسکۆی ئۆپەراسیۆنی ڕووناکیی ئەبەدی ڕەجەوییەکان زنجیرە گۆڕانکارییەکی لە سیاسەتدا کرد کە درێژەی بەگۆڕینی ڕێکخراوە بەردەوام داخراوەتربووەکە بۆ تاقمێک دەدا. مەسعوود ڕەجەوی هەرچەندە بەدەگمەن دانی بە شکستێکی تەواو دەنا، لە

گوتارەکانیدا ئاماژەی بەوە داوە لەبەرئەوەی ئەندامانی ئاساییی مێک بەپێی پێویست خۆیان بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەخت نەکردووە، کردەوەکە ئامانجەکانی نەپێکاوە، چونکە ئەندامان هۆشیان لەلای حەزە سێکسییەکانی سەرچاوەگرتوو لە ژیان بردنەسەر لەناو کۆمەڵگە تێکەڵەکانی خوێندکارانەوە بووە. لە پێناو جێبەجێکردنی بنەمایەکی "سوپایی"ی نوێ ئەندامانی ئاساییی مێک فەرمانیان پێ درا نەک تەنیا بۆ کۆمەڵگەی تایبەت بە یەک ڕەگەز بگوازنەوە، بگرە هاوسەرانیشیان تەڵاق بدەن و بەتەواوەتی سەڵت بمێننەوە و تەنانەت پێوەندییان لەگەڵ دۆست و خێزانیان بپچڕێنن هەم لەناو کۆمەڵگەکانی مێک و هەم لە دەرەوەیاندا. خۆشەویستی بۆ ڕەجەوییەکان دەبووایە شوێنی خۆشەویستی بۆ هاوسەر و خێزانی گرتبایەوە. هەروەتر ڕەجەوییەکان بە هاوکاریی دارایی سەدامەوە کەمپی خۆبەڕێوەبەریان دروست دەکرد کە قوتابخانە و نۆرینگەی پزیشکی و سەنتەری ڕاهێنان و زیندانیان (کە بەزۆری بە "سەنتەرەکانی دووبارە پەروەردەکردن" ناو دەبردران) هەبوون، تاوەکو جەماوەرەکە کەمتر پێویستییان بەپێوەندیکردن بە کۆمەڵگەی دەرەوەی دیوارەکانی خۆی هەبێت.

## پیادەکردنی تیۆری تاقمی بەسەر مێکدا

سەرکردە و لایەنگرانی مێک بەتوندی نکووڵی لەوە دەکەن گرووپەکە تاقم بێت. بەگوتەی ئەوان ئەندامانی پێشووی مێک و ڕەخنەگرانی مێک یان لەلایەن ئێرانەوە ڕاسپێردراون یان فریو دراون. بەڵام دیمانەکانی کاربەدەستانی سوپایی و مەدەنیی ئەمەریکا و ئەو زانیارییەی ئەندامانی پێشووی مێکی ناو کەمپی پەنابەرانی ئەشرەف بەویستی خۆیان داویانە و سەردانی کەمپی ئەشرەف ئەم نکووڵیکردنانە بەدرۆ دەخەنەوە.

تایبەتمەندییە تاقمییەکانی وەسفکراو لەم پاشکۆیە بەگشتی لە ڕاپۆرتی ئەندامانی پێشووی مێک و ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤەوە وەرگیراون. ئەم تایبەتمەندییانە لانی کەم بەشێوەیەکی بەشەکی لە ڕێگەی دیمانەکردن لەگەڵ کاربەدەستانی هێزی ئەشرەف و ئەو زانیارییەی ئەندامانی پێشووی مێکی ناو کەمپی پەنابەرانی ئەشرەف خۆبەختکەرانە دابینیان کردووە، پشتڕاست کراونەتەوە.

## دەسەڵاتی ڕەها، سەرکردایەتیی کاریزمایی

مەسعوود ڕەجەوی خۆی و مەریەمی وەک سەرۆک و هاوسەرۆکی هەمیشەییی مێک (و بە گشتاندن هی ئێرانیش) دەستنیشان کرد، هەرچەندە ئەنجوومەنی نەتەوەییی بەرهەڵستکاری ئێرانی بانگەشەی ئەوە دەکات خێرا پاش وەرگرتنی دەسەڵاتی ئێران هەڵبژاردن دەکات. ئەم چەمکەی سەرکردایەتیی هەمیشەیی لە دروشمی "ئێران- ڕەجەوی و ڕەجەوی-ئێران"دا خۆی دەنوێنێ کە لەوەتەی مێک وەرگەڕاوەتە سەر تاقمێک بەکار دێت. دەسەڵاتی ڕەهای قۆرخکراو لەلایەن مەسعوود ڕەجەوی بەهەمان ڕادەوە لە ناونیشانە نافەرمییەکەی ڕەجەوی، ئیمامی حال

(ئیمـامی ئێسـتـا) کە لـەلایەن ئەندامـانـی مـێکەوە بەکار دێت، رەنگی داوەتەوە[٣٤]. تایبـەتمەندیی خۆپەسندانەی سـەرکـردایەتیی مـەسـعـوود رەجـەوی هـەروەها لە تامـەزرۆبوونی بۆ بەراوردکـردنی هاوسـەرکـارییـەکـەی لـەگـەڵ پـەیامـبـەر مـحـەمـەددا روون دەبـێـتـەوە. هـەروەتر لـە رێورەسـمی بەئەندامانبـوون لە مێکدا بۆ خۆبەختکردن بۆ رەجەوییەکان سوێند بە قورئان دەخورێت. وێنەکانی رەجـەوی سـەرجـەم دیوارەکـانی مـێکیـان ڕازانـدووەتەوە، وێنەی رەجـەوییـەکـان لەسـەر لافـیـتـە لە شـەقامـەکانی کەمـپی ئەشـرەفدا هـەڵواسراون. رەخنـەگرتن لە سـەرکردایەتیی رەجـەوی قەدەغـەیە. بەگوێرەی رۆژنامـەی مێک، موجـاهـید، ئەم خـۆبەخـتکردنە مـەزنە بۆ "تێگەیشـتن و وەدەسـتـهـێنانی بەرچاوڕوونییەکی قووڵە سەبارەت بە گەورەیی سەرکردایەتیی نوێمان واتە مەسعوود و مەریەم، بۆ ئەوەیە بـڕوایان پـێ بـهـــێـنین و هـەروەها لـە ڕاست ئـەواندا ملـکەچـیی ئـایدیـۆلـۆجــــیکی و شۆڕشگێڕانەمان بنوێنن".

بەڵام لەگەڵ دەسـپێکی پرۆسـەی ئازادکردنی عێراق مەسـعوود رەجەوی بزر بوو. دیار نییـە ئاخۆ زیندووە یان خـۆی حـەشـار داوە. لافیـتـەکـانی هاتنەوەی رەجـەوی ناوەناوە لە کـەمـپی ئەشـرەفدا دەبینرێن، بەڵام مەریەم وەک سەرکردەی بینراوی مێک ماوەتەوە.

### داگیرکردن و دابراندنی ئایدیۆلۆجییانەی بەهێز

سـەرکردایەتیی مێک داوا لە ئەندامـانی دەکات ئایدیۆلۆجیـای مێک بخوێننەوە و بەشدار بن لە دانیشـتنەکانی چەسپاندنی بیروباوەڕدا کە بە تێکەڵکردنی پڕوپاگەندە و تاکتیکەکانی ترسـاندن دەناسرێنەوە. ئەندامانی گرووپەکە پێویستە هـەروەها فیلمی گوتارەکانی رەجەوییەکان و گرتەی خۆپێـشاندانە جـۆراوجـۆرەکـانی سـەر شـەقـامی ئەوروپا تەمـاشـا بکەن. مـێک پرۆگرامـەکـانی لە وێستگە رادیۆیی و تەلەڤزیۆنییەکانی خۆیەوە دەوەشێنێ. سەرکردایەتیی مێک رێگەی بە ئەندامانی گرووپەکە داوە تەنیا گوێ لەم وێستگانە بگرن و تەنیا ڕاپۆرت و هەواڵنامەی ناوخۆیی بخوێننەوە وەک (ڕۆژنامــەی مـۆجـاهـێـد) کـە لەلایەن مـێکەوە دەردەچێت و نووسـراوە رێپـێـدراوەکـانی تر. سەرپێچیکاران سزا دەدرێن. بۆ کەمتر زەقبوونەوەی مێشک شۆرینەوەکە، سەرکردەکانی مێک ئەم چالاکییە سنووردانەرانە وەک دژایەتییەک بەرامبەر بەکۆمـاری ئیسلامـیی ئێران یان وەک ڕاهێنان لە ڕوانگەی سـوپاییدا وەسف دەکەن. میـدیای سەر بە مێک باش سـوودیان لەم دابڕانە وەرگرتووە بۆ چـەقـانـدنی هەسـتـێکی ترس و گـومـان لەناو ئـەندامـانی مـێک سـەبارەت بە دنیـای دەرەوە، بەتایبـەتیش کۆمـاری ئیسـلامیی ئێران و رێژیمی ئێرانی. بڵاوکراوەکانی مێک زۆربەی جار رەخنە لەوانە دەگرن کە ناتوانن پشتیوانیی راستـەقینەی خۆیان بۆ گرووپەکە دەرببڕن یان ئەوانەی واز لە گرووپەکە دێنن و بە دوژمن و ناپاک و بەکرێگیراوی ئێران ناویان دەبەن. ئەو ئەندامانەش کە حەزی خـۆیان بۆ تەمـاشـاکـردنی تەلەڤـزیۆن و خـوێندنـی کـتـێـبـەکـانی رێپـێنەدراو دەربڕیـوە، لەلایەن سـەرکردایەتیی مێکەوە زۆربەی جار بە "پڕکێشە" پۆلێن کراون. سەردانێکی کتێبخانەی کەمپی

ئەشرەف ئەوە دەردەخا کتێبخانەکە بۆ کرانەوەی مێشک نییە. بەڵام لە ڕێگەی وێنە نووسەرە ئەمەریکایی و ئەوروپاییەکانی ڕیزکراو لە ڕێڕەوە باخچەییەکەی بەرەو کتێبخانەکە درێژ دەبێتەوە، مێک هەوڵ دەدا باوەڕ بە بینەران بێنێ کە گرووپەکە هانی ئازادیی بیرکردنەوە دەدا.

## کۆنترۆڵی سێکسی

وەک بەشێکی "شۆڕشی ئایدیۆلۆجی" ڕەجەوییەکان تەڵاقدان و سەڵتییان سەپاند. بەگوێرەی تەڵاقدانی زۆرەکییانە پێویست بوو جووتەکان ئەنگوستیلەی زەماوەندییان لە جامێکدا دابنێن و دەستبەرداری خۆشویستیی یەکتری بن (یاساکان هاوسەرکاریی ڕەجەویی نەدەگرتەوە، بەڵام سەرکردەکانی مێکیش ناچار نەبوون سەڵت بن). مێک نکووڵی لەوە دەکات و دەڵێت ئەم کردەوانە لەخۆوە و ئارەزوومەندانە بوونە و "ڕاستییەکە ئەوەیە موجاهیدین لە هەرێمی وڵاتێکدا دەژیت کە ... ژیانی خێزانی ئەستەم بووە" و هەر ئەندامێکی مێک بەجیا و بێ زۆرەملێ بڕیاری داوە "دەستبەرداری ژیانی خێزانی" بێت. ئەم نکووڵیکردنە باوەڕپێنەکراوە بەتایبەتیش بەرەچاوکردنی یەکجار سنووردارکردنی تێکەڵاوبوونی هەردوو ڕەگەز لەلایەن مێکەوە، وەک چۆن پاش ئەمە روون دەکرێتەوە. هەروەتر خێزانەکانی عێراقی پێ ناچێت هاوڕا بن لەگەڵ ئەم تێگەیشتنە سەبارەت بە شیمانەکانی ژیانی خێزانی تەنانەت لە ماوەی شەڕدا.

## دابڕانی هەستەکی

جگە لە دابڕاندنی جوگرافییانە و ئایدیۆلۆجیکییانەیان، ئەندامانی مێکی ناو عێراق بەسەختی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و هەستییەوە دابڕێندرا بوون، تەنانەت لەناو کۆمەڵگە گشتییەکاندا. خزم و هاوسەرانی پێشوو لەناو کۆمەڵگەی جیاواز دادەنران و ڕێگەیان پێ نەدەدرا یەکتر ببینن. پێش هێرشی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سەر عێراق لە ۱۹۹۱ منداڵان دەنێردرانە ئەوروپا بۆ ئەوەی لەگەڵ خێزانە بەخێوکەرەکاندا بژین، ئەمەش بەڕواڵەت بۆ پاراستنیان لە هێرشی چاوەڕوانکراو بوو، هەرچەندە هەندێکیان ساڵانی دواتر گەڕانەوە عێراق. دۆستایەتیی نێزیک بە "پێوەندیی ڕەها" هەژمار دەکرا، بۆیەش بەتوندی قەدەغە کرابوو. ئەندامان دەتوانن ئازادانە تەنیا لەگەڵ فەرماندەکانی یەکەی خۆیان بدوێن و بۆ هەر جۆرە پێوەندییەک بەفەرماندەکانی ترەوە پێویستییان بە مۆڵەت وەرگرتن هەیە. هەواڵدەران چاودێریی گفتۆگۆکانی نێوان ئەندامان دەکەن. لە زۆر باردا بەخێزانی ئەندامانی مێک لە ئێران گوترابوو خزمەکانیان یان مردوون یان کوژراون.

هەرچەندە مێک و ئەنجوومەنی نەتەوەیی بەرهەڵستکاری ئێرانی ڕایان گەیاندووە پشتگیری لە یەکسانی ڕەگەزی و دانانی ژنان لە پۆستی سەرکردایەتی دەکەنەوە، بەڵام لە کەمپەکانی مێکدا پیاو و ئافرەتان جیا کراونەتەوە. خانووەکان بەپێی ڕەگەز جیا کراونەتەوە و لەناو ساختمانەکاندا هێڵێ بەناوەڕاستی ڕێڕەوەکاندا کێشراوە بۆ جیاکردنەوەی بەشی ژنان و پیاوان. پێوەندیکردنی

ژنان و پیاوانی ژێر ئاستی سەرکردایەتی بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی بەجیا قەدەخەیە. تەوقەکردن لە نێوان ڕەگەزەی پێچەوانەدا قەدەخەیە. تەنانەت بنکەی گازی کەمپی ئەشرەف ماوەی کاری ژنان و پیاوانی جیا کردووەتەوە.

## پاڵەپەستۆی سەخت و زویرکەری هاوتابوون لەگەڵ گرووپەکە

مێک "دانیشتنی" ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانەی هەیە کە تێیاندا بە زۆرەکی دانپێدانانی گشتی وەردەگرێت لە پێناو ڕەواندنەوەی هزری لادەرانە و ئەو هەڵسوکەوتانەی کە گوایە هەرەس بە یەکەتیی گرووپەکە دێنێت. ئەندامانی مێک پێویستە ڕۆژانە تۆماری هزر و خەونی شەوانەیان بکەن، بەتایبەتیش مەیل و حەزە سێکسییەکانیان (کە هەڵبەتە قەدەخەن) و هەروەها تێبینییەکانیان لەسەر ئەندامانی هاوڕێیان. پێویستە دەفتەری ئەم تۆمارە رادەستی سەرپەرشتیارانیان بکەن. لە کۆبوونەوەکانی گشتیدا ئەندامان زۆربەی جار ناچار دەکرێن ڕاپۆرتەکانیان بەدەنگی بەرز بخوێننەوە و ڕەخنە لە خۆیان بگرن. ئەندامانی مێک زۆربەی جار ناچار دەکرێن دان بە هزرە سێکسییەکانیان بنێن. بارێکی یەکجار ئاڵۆزە، چونکە ئەگەر وا نەکەن، بەدرۆزن دەردەچن، چونکە ئەم هزرانە بە پێشگیرنەکراو لە قەڵەم دراون.

## ئەندامگری بەهەڵخەڵەتاندن

پێش ئەوەی مێک دوور بخرێتەوە گەورەترین گرووپی بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو. ڕێکخراوەکە لەناو گەنج و چینی ناوەڕاستی خوێندەواردا پشتیوانییەکی بەرچاوی لێ دەکرا. لە ترۆپکی جەماوەریبوونیدا پاش ئاگەدارکردنەوەیەکی کورت توانی سەدان هەزار خۆپێشاندەر بۆ سەر شەقامەکانی شارەکانی سەرانسەری ئێران ڕابکێشێت. ئەندامانی داهاتوو پەلکێشی ئەرکی مێک، ئایدیۆلۆجییە مارکسی ئیسلامییەکەی و هەلی نیشتەجێبوون لە نشینگەکانی خوێندنی تێکەڵاو و سوودمەندبوون لە گفتگۆیەکانی سۆشیال بوون. بەڵام توانستی مێک لە ئەندامگری بەهۆی مامەڵەی بێ بەزەییانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە ئەندامانی مێک و دەرچوونی گرووپەکە لە ئێران یەکەم جار بۆ فەرەنسا و دواتر بۆ عێراق و هاوپەیمانییەتیی مێک لەگەڵ سەدامی هەڵاسێنەری شەڕی کاولکاریی ئێران و عێراق، یەکجار دابەزی.

لە ١٩٨٧ بەنێزیکەیی ٧٠٠٠ ئەندامی مێک لەناو عێراقدا بوون، کە ڕەنگە ٨٠٪ی ئەندامانی دوورەوڵاتی پێک هێنابا. سەرکردایەتیی مێک بۆ زیاترکردنی ئەندامانی ژمارەیەک تەکنیکی هەڵخەڵەتێنەرانەی بۆ ئەندامگری بەرامبەر بەکۆمەڵێک گرووپی لاوەکیی ئێرانی بەکار هێنا. بەهاوکاریی حکوومەتی سەدام گیراوانی ئێرانیی شەڕی ئێران و عێراق پێشنیازیان پێ دەدرا لە نێوان چوون بۆ کەمپەکانی زیندانی عێراقی و چوونە ناو کەمپەکانی مێک کە لەوێدا شیمانەی ناردنەوەیان هەبوو، هەڵبژێرن. بۆ هێنانی ئەندامانی ڕێتێچوو کە هێشتا لە ئێران دەژیان، مێک خێزانی ئەندامانی بە قاچاخ بۆ دەرەوەی وڵات گواستەوە بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ خزم و کەسیان لە

کەمپەکانی ناو عێراق و پاشان ڕێگر بوون لە گەڕانەوەیان. ئەوانی تر قوربانییانی ساختەکاری لە قاچاخی مرۆڤی بوون: مێک ئامادەکاریی کرد بۆ ئەوەی ئەو ئێرانییانە پارەیان بۆ ئاودیوبوونیان بۆ دەرەوەی ئێران دەدا، لە جیاتیی شوێنەکانی ئامانج بگوازرێنەوە بۆ کەمپەکانی ناو عێراق. مێک هەروەها ئێرانییانی دەرەوەی وڵاتیشی دەکردە ئامانج، بۆ نموونە، پەنابەرانی کەمدەرامەت و کەسانی تێنووی خێرخوازی و خێزانی ئەندامانی مێک لە دەرەوە. زۆرێکیان نەک بە بەڵێنی پێدانی هەلی شەڕکردن لەگەڵ ئێران، بگرە بە بەڵێنی دامەزراندنی بە مووچە وەک وەرگێڕ و یارمەتی بۆ راییکردنی داواکاریی پەنابەرێتی، گەشتی بەخۆڕایی بۆ ئەندامانی خێزانیان و هەلی کاری خۆبەخشانە لە تەندروستیی گشتی و تەنانەت هاوسەرکاریش هەڵخەڵەتێندرابوون[٣٥]. گشت "ئەندامانی تازە" بە نایاسایی هێنرابوونە عێراق و پاشان داوایان لێ کرابوو بەڵگەنامەکانی پێناسەی کەسێنیی خۆیان ڕادەست بکەنەوە بەمەبەستی "پاراستنیان"، و لە ڕاستیدا لەناو کۆمەڵگەکانی مێک ئاسێ بووبوون.

ئەم بەرەنجامانە ئاماژە بەوە دەدەن زۆربەی ئەو ئەندامەی مێک کە لەوەتەی ١٩٦٠ەوە هێنراونەتە ریز، خۆبەختکەری راستەقینە نەبوونە و بەناچاری لە کەمپەکانی مێک لەناو عێراق ڕاگیراون. لە حوزەیرانی ٢٠٠٤دا هێزی کەمپی ئەشرەف خەمڵاندی لەناو جەماوەری مێک لە کەمپی ئەشرەفدا تەنیا ٥٪ پێش شۆڕشی ئێرانی پێوەندیی بە مێک کردبوو و ٢٥٪ یش لە کاتی شۆڕشدا. چارەکێکی تەواویان (بەنێزیکەیی ١٥٠٠ تا ١٨٠٠ ئەندام دیلی شەڕ بوون و ٤٥٪یان پاش گواستنەوە بۆ عێراق لە ١٩٨٨دا هاتبوونە کەمپی ئەشرەف. بەم شێوەیە رەنگە نێزیکەی ٧٠٪ی جەماوەری مێک بەخاپاندن هێنرابێتە ریز و بەپێچەوانەی ویستیان لە کەمپی ئەشرەفدا ڕاگیر کرابن).

### کاری سەختی سەپێندراو و بێبەشکردن لە خەو

زۆربەی تاقمەکان سوود لە ماوەکاری دوور و درێژ و بێبەشکردن لە خەو وەردەگرن بۆ زاڵبوون بەسەر ئەندامان و ڕێگر بوون لەوەی جگە لە گرووپەکە بە هیچ شتێکی تر خۆیان پێناسە نەکەن. ئەندامانی مێک زۆربەی کات رۆژانە لە ١٦ تا ١٥ سەعات کار دەکەن و شەوانە چەند سەعاتێکی کەمیان بۆ خەو بۆ دیار کراوە لەگەڵ یەک سەعات بۆ سەرخەو شکاندن. بۆ درێژەدان بەم هەنگاوە سەرکردایەتیی مێک "سەرقاڵکردنی"ی بەردەوامی لە ڕێگەی بیناسازی و پرۆژەکانی جوانکارییەوە سەپاندووە و تا پرۆسەی ئازادکردنی عێراقیش ڕاهێنانی سەربازیی بەردەوامی هەبوو. ئەنجامەکان لە کەمپی ئەشرەفدا لە بەرچاون. کەمپەکە کە لەسەر بیاوان دامەزراوە شەقامی گەورە و ریزە دار و درەختی هەیە و بە ژمارەیەکی زۆر پارک و تاڤگە و هۆڵی کۆبوونەوە و مۆنۆمێنت کە زۆربەیان بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدانی مێکە، ڕازاوەتەوە.

## ئازاردانی جەستەیی، زیندانیکردن و نەبوونی هەلی دەرچوون

بەگوتەی ئەندامانی پێشووی مێک زۆربەی کات ئەم تاوانانە سزایان بەدواوە بوو:

دەربڕین یان ورووژاندنی نارەزایی بەرامبەر بە ستراتیجییەتی سیاسی و سوپاییی مێک

* گوێگرتن لە وێستگەی رادیۆییی بیانی
* باسکردنی بیر و بۆچوونی سیاسیی تایبەت بەخۆ لەگەڵ ئەندامانی تر.
* ئامادەنەبوون و کۆبوونەوە زۆرەکییەکان.
* پێوەندیی تەلەفۆنیی تایبەت.
* بەشدارنەبوون لە راهێنانی سەربازی.
* ئامادەنەبوون بۆ جێبەجێکردنی "تەلاقی ئایدیۆلۆجیکی"ی زۆرەکییانە.
* هەبوونی هزری سێکسی.
* جگەرەکێشان.
* پێوەندیکردن بە دۆست و خێزان.
* داواکردنی جیابوونەوە لە مێک.

راپۆرتەکانی نوێ ئاماژە بەوە دەدەن سزادان بەبۆنەی نارەزایی لە سیاسەتەکانی مێک لە دانپێدانانی فەرمی و زۆرەکییانە بەناپاکی دەگرنەوە تا زیندانیکردن لە بیناکانی تایبەت لە کەمپی ئەشرەف. ئەندامانی پێشوو باس لە ئەشکەنجە و ماوەی درێژی زیندانیکردنی تاکەکەسی دەکەن وەک سزای ناپاکی.

بۆ رێگەگرتن لە دەرچوونی ئەندامانی مێک لە کەمپەکان بەنێزیکەیی سەرجەم ئەندامانی هێنراوەی مێک ناچار کران بەڵگەنامەکانی ناسنامەی کەسێتیی خۆیان رادەستی مێک بکەن بۆ "پاراستنیان". ئێستا مێک دەڵێت ئەم بەڵگەنامانە پارێزرابوون تا ئەو کاتەی بەهۆی بۆمبەکانی هاوپەیمانانەوە لەناو چوون. هەرچەندە گرووپەکە لەلایەن سەدامەوە بانگهێشتنی عێراق کرابوو و رێگەی بەکارهێنانی زەویی پێ درابوو، مێک هەرگیز داوای نیشتەجێبوونی یاسایی لە عێراقدا نەکرد. کاتێک ئەندامانی تازە هێنرانە ناو عێراق، یاساکانی عێراقی تایبەت بە سەردانیکردن یان کۆچکردن بە ئەنقەست رەچاو نەدەکران. بە هاودەستیی سەدامەوە سەرکردایەتیی مێک ئەو کاتە توانی بەبۆنەی نیشتەجێبوونی نایاساییان لە عێراقدا هەرەشە لە ئەندامانی سەرکێش بکات، کە ئەمەش بەمانای زیندانیکردن لە گرتووخانەکانی عێراق بوو بۆ ماوەی چەندان ساڵ، دوابەدواشی ناردنەوەی بۆ ئێران بوو و لەوێدا وەک ئەوەی پێیان گوترابوو، ئەندامان بەدڵنیاییەوە دەچەوسێندرانەوە. بەهێنانی نایاساییانەی ئەندامانی بۆ عێراق و دواتر زەوتکردنی بەڵگەنامەکانی ناسنامەی کەسێتییان مێک توانی ئەندامانی تازە بەتەڵەوە بکات[٣٦].

## شێوازەکانی خۆکوژی

مـێک خـۆکـوژی بـەرز دەنرخـێنێ، بەڵام بەپێچـەوانەی گرووپـەکانی جـیـهـادگـەرا خـۆکـوژیی بۆ هێـرشـبـردن لەوەتەی ١٩٨١ەوە بـەکـار نەهێنـاوە. بەر لە دەسـبـەسـەربوونیـان لـە ٢٠٠٣دا گـشت ئەندامـانی مێک حـەبی سـیـانایدیان لـەو چەنتـە چەرمـییـانەی لە دەوری گـەردەنیـان بەسـترابووە، هـەڵدەگـرت. پیـاوکـوژانی مێک فـەرمـانیـان پێ درابوو ئـەگـەر لە کـاتی ئەرکـێکدا دەسگیـر کـران، سیـانایدەکە قووت بدەن. گوایە مـەسعوود رەجەوی هـەمـوو ئەندامانی مێکی بە "شـەهیدانی زیندوو" ناو بردووە. خـۆسـووتاندن جـۆرێکی باوی خـۆکـوژییـە لەناو مـێکدا. بۆ نموونـە لە ٢٠٠٣دا نێزیکەی ١٠ حـاڵـەتی خـۆسـووتاندن وەک نارەزایی بەرامـبـەر بەدەسگیـرکـردنی مـەریەم رەجـەوی لە پاریس هـەبوو (کـە دوو کـەسـیـانی کوشـت). مـێک هـەروەها شـیـمـانـەی خـۆسـووتاندنی وەک چەکـێک لە دانوسـتـاندنەکـانی لەگـەڵ هێـزی ئەشـرەف و لێکۆڵـەوانی بەریتـانی و فـرەنسـادا بـەکار هـێناوە. ئەندامـانی پێشـووی ئـامـاژە بەوە دەدەن ژمارەیەکی بچووکی ئەندامـانی مـێک بەهۆی ئەوەی رێگەی جیابوونـەوە لە رێکخراوەکەیان پێ نەدراوە خـۆیان کوشـتووە و هـەروەهـا خـۆکـوژی وەک ڕێگەیەکی رزگاربوون بۆ ئەو ئەندامە و یاخییانەی تا مردن ئەشکەنجە دراون، بەکار هـاتووە.

## نکووڵیکردن لـە مـەیلـە تاقـمییـەکان

مـێک و لایەنگرانی نکووڵی لەوە دەکـەن گـرووپـەکـە تاقـمـێک بووبێت و لە جیـاتیی دەڵێن مـێک "رێکخـراوێکی یەکـجـار دیموکراتـە کە ڕاپرسی و ڕاگـۆڕینەوە بنـەمـای رێنیـشـاندەرین بۆ هـەمـوو بابەتەکـان، تا ئەو کـاتەی هـاوڕاییـیـەک دروست دەبێت". مێک دان بە کۆمـەڵێک نەریت دەنێت– وەک تەڵاقـدان و سـەڵتی– بـەڵام پاسـاویان بۆ دێنێـتـەوە بـەوەی بۆ کـردەوەگـەلی سـەربازیی کـاریگـەر پێویستن و دەڵێت ئەندامان بەویستی خۆیان ئەم نەریتانە دەگرنە بەر.

بەڵام مێک نکووڵیی لە زۆر نەریتی تر دەکات کە لەلایەن ئەندامانی پێشووەوە دراوەتە پاڵی، وەک تەکنیکەکانی بەچڕوپڕی لە مێشک چەقـاندنی بیروباوەڕ بۆ نموونە تەکنیکی "چاکسـازیی هزری" (کە بە گشتی بەمێشک شۆرینەوە ناو دەبردرێت)[٣٧] و هـەروەها تەسککردنەوەی هـەلی دەرچوون.

وەک ئەو هـەمـوو رەخنەیەی ئاراستـەی گرووپەکە کراوە، مێک سـەرکۆنەی پڕوپاگـەندەی کۆمـاری ئیسلامیی ئێرانیش دەکات بەبۆنەی وەسفکردنی گرووپەکە وەک تاقمێک. بەدڵنیاییـەوە کۆمـاری ئیـسـلامـیی ئێـران خـوازیاری ناوزڕاندنی مـێکە و ئـەمـەش پڕوپاگـەندەکـردن بۆ تایبـەتمەندییـە تاقمییـەکانی مێکی بەدواوەیە. شـتێکی بەجێیـە ئەگەر وا دابنرێت بـەشێکی تۆمـەتەکانی کۆمـاری ئیسلامیی ئێران تەواوە. بەڵام ئەو ڕاستییـەی ئێران بەنیـازە ناوبانگی مێک بشێوێنێ، بەو مـانایە نییـە هـەر هـەمـوو رەخنەکانی لە بنـەڕەتدا نابەجێن. بانگەشـەی کۆمـاری ئیـسـلامـیی ئێـران بووەتە هۆی کەمبوونەوەی پشتیوانیی مێک لە ئێراندا. هـەرچەندە ئێستا ناتوانرێت ڕاپرسییـەکی زانستی لە ئێرانییـەکـان وەربگیـرێ بۆ مـەزەندەکـردنی بۆچوونیـان سـەبارەت بە مـێک و بەهـۆی نـەبوونی

پێوەندییە دیپلۆماسی و کولتوورییەکانەوە، زانیاریی پێوەست بەبۆچوونی ئێرانییان یەکجار سنووردارە. بەڵگەی زارەکی ئامـاژە بەوە دەدات ئاکـارە تاقـمـیـیـەکـانی مـێک بوونەتە هۆی کزبوونەوەی جەماوەریبوونی گرووپەکە لەوەتەی ١٩٨١ەوە.

بە گوتەی رۆژنامەنووسێکی ئەمەریکایی ئەو ئێرانییانەی ئەو دیمانەیەی لەگەڵ کردوون مێکیان بە تاقمی خـمـرە سـوورەکـان و لقی داوودییـەکـان لە واکـۆ و تێگزاس چوواندووە، هەمـان ئەم بەراوردانەی کاربەدەستانی ئێستا و پێشووی کەمپی ئەشرەف کردوویانە. هەڵبەتە وەک پێشتر تێبینی کرا بڕیاری مێک بۆ یەکگرتنی لەگەڵ سـەدام لە دژی کـۆمـاری ئیسـلامـیی ئێـران و بۆ کوشتنی سەربازانی ڕەشبگیرکراودا لە شەڕی بێ بەزەییانەی ئێران و عێراق پاڵپشتیی مێکی لەناو ئێراندا یەکجار سست کرد. هەرچەندە مێک بەبەردەوامی دەڵێت هەرە کاریگەرترین گرووپی بەرهەڵسـتکاری ئێـرانە، بەڵام لەڕاسـتـیـدا وێ دەچێت ئەم مـێکەی سـەردەمـێک گـرووپێکی بەرهەڵستکاری دیار بووە، ئێسـتـا بەڕاستی دەتوانێ تـەنیا بڵێت یەکجـار دامـەزراوەتر بووە و پارەیەکی باشی بۆ دابین کراوە (هەڵبەتە بەنایاسایی). ئەوەی راستی بێت، زۆربەی ئێرانییان لەو باوەڕەدان لەوەتەی مێک گواستوویەتییەوە بۆ نـاو عێراق، گرووپەکە تاکە قەوارەیەکە کە زیاتر لەوەی لەناو کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ناپەسند بێت، لەناو جەماوەردا ناپەسندە.

پەراوێزەکان:

١- بەرەچاوکـردنی ئەوەی مـێک بەبۆنەی خـزمـەتی بە سـەدام کـە هاوکـاریکردنیـشی بۆ سـەرکـوتکردنی راپەڕینەکانی شیعە و کوردی لە ١٩٩١ دەگرتەوە، بە هێزێکی دوژمن هەژمار دەکرا، ئاشکرایە کینەی عێراقییەکان بەرامبەر بە مێک ئازادکردن یاخۆ ڕادەستکردنی گرووپەکەی بۆ دەسەڵاتی عێراقی ئاڵۆز دەکرد. دەکرا ئەم ئاڵۆزییە بە ناردنـەوەی مێک بۆ ئێران چارەسـەر بێت، بەڵام وەزارەتی بەرگریی وڵاتە یەکگرتووەکـان ئەم هەڵبـژاردنـەی قـەدەخـە کـردبوو. لەبەر ئـەوەش پلاندانەرانی پرۆسـەی ئازادکـردنی عـێـراق دەبووایە مـەزندەی ئەوەیان کـردبا کـە مـێک بۆ مـاوەیەک دەبێـتـە بارگـرانایی بۆ هـێـزەکـانی فرەنەتەوە.

٢- لە سـاڵـی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤ کـۆمـەڵێک سـیـاسـەت پێـشنیـاز کـران، بـەڵام هـیـچـیـان کـاریان پێ نەکـرا. پێـشنیـازەکـان برێتـیی بوون لە هەڵوەشـاندنەوەی مـێک و ناردنـەوەی بۆ ئێـران، پێـدانی مـافی نیشتەجێبوون لە عێراق و گونجاندانی مێک لەناو کۆمەڵگەی عێراقی، مسۆگەرکردنی پێگەی پەنابەری بۆ ئەندامانی مێک و دامەزراندنەوەیان لە وڵاتێکی سێیەم و بەچالاکی هاندانیان بۆ وازهێنان لە وڵاتیان (دیمانەکـانی هـێزی ئـەشرەف و کـاربـەدەسـتـانی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لـە تشـرینی یەکەمی ٢٠٠٧ و شوباتی ٢٠٠٨).

٣- عەرەبی و فارسی دوو زمانی جیان کە ئەمەش گیروگرفتی ئاشکرای بەدواوە بوو. هەرچەندەش فارسی و دەری هەردووکـیـان سـەر بەفـارسین، بـەڵام مـێک لە بنەڕەتدا بە فـارسـی دەئاخـافتن. دەری لە ئەفغانستان قسەی پێ دەکرێ، بەڵام زۆربەی وەرگێڕەکان لە شێوەزاری دەریدا پاراو بوون بۆیەش وەرگێـڕانەکـانیـان بۆ فـارسی بە شـیـمـانەی زۆرەوە ناتەواو بوونـە. وەرگێـڕێک نموونەیەکی یەکجـار

پێکەنیناویی لەبارەی کێشەی زمان گێڕایەوە. کاتێک داوای لێ کرا بۆ کۆمەڵێک عەرەب کە سەردانی هێزی ئەشرەفیان کردبوو، وەرگێڕی بکات، ئەو بە سەربازەکانی گوتبوو فارسی دەزانێت نەک عەرەبی. لە بەرامبەردا سەربازەکان داوایان لێ کردبوو "تەرکیز" بکات (چاوپێکەوتن لەگەڵ وەرگێڕی پێشووی فارسی لە کەمپی ئەشرەف، کانوونی دووەمی ٢٠٠٨).

٤– ئاکارە تاقمییەکانی مێک بە تێروتەسەلی لە پاشکۆی "ب"ی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتووە. بڕێک لەو زانیارییە لەم بەشەدا دووبارە بووەتەوە بەتایبەتیش لە باسی نەریتەکانی هەڵخەڵەتێنەرانەی مێک لە ڕەشبگیری و ئەو ڕێگەیانەی بۆ پووچەڵکردنەوەی جیابوونەوە (هێزی ئەشرەف بە "هەڵاتن"ی ناو دەبردن) بەکاری دەهێنا ئەو دەمەی گرووپەکە لە کەمپی ئەشرەفدا دەسبەسەر بوو.

٥– دیمانە چڕوپڕەکانمان لەگەڵ کاربەدەستانی سوپا و سەربازان و هاووڵاتییانی وڵاتە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوە دەدەن بۆچوونی زاڵ لەبارەی کادیرە ئاساییەکانی مێک لە کەمپی ئەشرەفدا ئەوەیە زۆربەیان نە تیرۆریستن و نە شەڕوان لەپێناو ئازادی، بگرە تەنیا خەڵکانێکی ئاسێ و مێشک شۆراوەن کە حەز دەکەن ئەگەر لە سەرکردایەتی جیا بکرێنەوە بگەڕێنەوە ئێران.

٦– ستافی پێشووی هێزی ئەشرەف تێبینییان کردبوو پەرژینەکانی دەوری یەکەکانی نیشتەجێبوونی مێک لە پێناو پاراستنی ئەندامان بووە لە ناوەوە نەک لە دەرەوە.

٧– گرووپەکە جێی تیمە پشکێنەرەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانی گرتەوە کە لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئەرکی گەڕان بەدوای چەکی قەدەخەکراویان لە عێراق لە پێش پرۆسەی ئازادکردنی وڵاتدا پێ سپێردرابوو.

٨– زانیارییەکە لە دیمانەگەلی ئەنجامدراو لەگەڵ فەرماندەکانی هێزی ئەشرەف لە ٢٠٠٧ تا ٢٠٠٨ و لێکۆڵەرێکی راند کە لە کۆبوونەوەیەکی پێوەندیدا لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧دا بەشدار بووە، وەرگێراوە.

٩– ئەو فەرماندەیەی هێزی ئەشرەف لە شوباتی ٢٠٠٨دا ڕووداوەکەی بۆ لێکۆڵەرێکی راند گێڕابوویەوە. نەبوونی ڕێبازێکی روون و ئاشکرای هێزەکانی هاوپەیمان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ مێک هەندێک جار ناکۆکی لەناو سەرکردایەتیی هێزی ئەشرەف و بەتالیۆنی پۆلیسی نێودەوڵەتیی ناو بنکەی گریزلیی لێ دەکەوتەوە و دەبووە هۆی ئەوەی بەئاراستەی پێچەوانە کار بکەن.

١٠– مێک ئاوەکەی بە لوولەی لە ڕووبارێک ڕاکێشاوە و کارەبای لە کارگەی خۆیەوە بەرهەم دێنێ. فرۆشتنی ئەم خزمەتگوزارییانە– و هەروەتر کرێدانی ڕاستەوخۆ (بە قسەی کاربەدەستانی پێشووی هێزی ئەشرەف)– بناغەی پێوەندییە هێمنەکانی مێکە لەگەڵ زۆرێک لە عێراقییەکانی ناوچەکە.

١١– هەرچەندە ئەرکەکانی پاسەوانی لە نێوان کەمپی ئەشرەف و بەغدادا زۆربەی جار دەبوونە ئامانجی یاخییان، بنکەی گریزلی و کەمپی ئەشرەف و بینایەی گرتیگە و پارێزگەی کاتەکی هیچ دەسڕێژێکی ڕاستەوخۆیان نەکرایە سەر. بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەش کە ئەمانە لە پارێزگەی مەترسیداری دیالەوە هەڵکەوتوون و هەرچەندە لە ناوچەیەکی دوورن، کاربەدەستانی هێزی ئەشرەف و حکوومەتی عێراقی یەکجار گومانیان لەوەیە مێک پارە بدات بە یاخییان بۆ ئەوەی داوودەزگەکە لە هێرشەوە بپارێزن و بەم شێوەیە پاڵپشتیی مایەکی لە یاخیگەری بکەن (دیمانە لەگەڵ کاربەدەستانی پێشووی هێزی ئەشرەف،

شوباتی ٢٠٠٧ هەروەها بڕوانە Khodabandeh لە ٢٠٠٨).

١٢- پێشتر تاقە کەمکردنەوەیەکی ئاشکرا لە دەستەی پاسەوانیدا رووی دا ئەو کاتەی هێزی ئەشرەف لە پرۆسەی ڕێگەپێدانەکەدا ڕۆڵێکی وەرگرت. لە یەکەمین دوو ساڵی چڕکردنەوەکەدا، بەتالیۆنی پۆلیسی نێودەوڵەتی کە ئەرکەکەی بەجێ دەهێنا، سەروکاری لەگەڵ داواکارییەکانی مێکدا دەکرد و هەفتانە کۆمەڵێکیانی جێبەجێ دەکرد. پاش ئەوەی زانرا هەندێک لە گەشتەکان بۆ شتی بێهوودەوە ئەنجام دەدرێن (گوایە یەکێکیان بۆ کڕینی قاتێکی کاریی بەدەست دووراوەوە بووە)، هێزی ئەشرەف مکووڕ بوو لەوەی بە داواکارییەکاندا بچێتەوە و بە شێوەیەکی بەرچاو ژمارەی گەشتەکان کەم بکاتەوە.

هێزی ئەشرەف و بەتالیۆنی پۆلیسی نێودەوڵەتی ڕاپۆرت دەدەنە قەوارەی جۆراوجۆر و نووسینگەکانیان زۆربەی کات لە بۆچوونیان بەرامبەر بە مێکدا نالێک بوون. تا ئەو دەمەی توانییان لەبارەی مێکەوە بگەنە هێڵێکی ڕوونی بەرپرسیارێتییەوە، گرووپەکەش توانی سوود لە درزەکانی دەسەڵات و کۆنترۆڵی بنکەی کردەوەی ڕاستەوخۆ وەربگرێت. بۆ نموونە هێزی ئەشرەف نەیدەزانی پاسەوانانی پۆلیسی نێودەوڵەتی ئەندامانی مێکی لە دەروازەی شاری بەغدا دادەنا و لە ماوەی گەشتە شەش سەعاتەکانیان لەناو شارەکەدا پاسەوانیی لێ نەدەکردن. ئەمە سەرپێچی لە فەرمانێک بوو کە زیانی گەیاندە ئامانجی سیاسەتی بچووککردنەوەی ئابروومەندانە بۆ کاڵکردنەوەی ئاماژەی مێک لەسەر ڕاداری حکومەتی عێراقی و هەروەتر ستافی باڵوێزخانەی تووشی شەرمەزاری کرد کاتێک ئەندامانی حکوومەتی عێراقی هەستیان بە ئەندامانی بێ پاسەوانی مێک لە بەغدا کرد کە هەندێک جار سەردانی کاربەدەستانی حکوومەتییان دەکرد.

١٣- پاش ئەوە هێزی ئەشرەف ناچار بوو توندوتیژیی هەڵقووڵاو لە هەندێک لەم جیابوونەوە سەرەتاییانە خامۆش بکاتەوە، هیزەکە گومانی لەوە پەیدا بوو سەرکردایەتیی مێک هەلەکەی قۆستووتەوە بۆ قوتاربوون لە ئەندامانی سەرسەخت یان ئەوانەی زیندانی کرابوون. لەبەر ئەوەش هەندێک لە یەکەم ئەندامەکانی چوونە ناو بینایەی گرتیگە و پارێزگەی کاتەکی پێ دەچوو، بە زاراوەی تاقمەکەوە، " دەرکراو" بن نەک "کەسانی جیابووە بەویستی خۆ".

بینایەی گرتیگە و پارێزگە کاتەکییە نوێیەکە کە دواتر بە کەمپی پەنابەرانی ئەشرەف ناونرا، خێوەتی بە ئێرکۆندیشن ، بینایەی کتێبخانە و یاری و وەرزش و سەرتاشخانە و خێوەتێکی قاوەخانەی هەبوو. پەنابەران هەم دەیانتوانی لە کەمپەکە و هەم لە بنکەکەی کردەوەی ڕاستەوخۆدا کار بکەن و بۆ کڕین ئامێری ئاسوودەگیی وەک تەلەڤزیۆن و سێڵی سەتەلایت و ئامێری یاریی ڤیدیۆیی وەدەست بێنن ( لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧دا سێڵەکانی سەتەلایت بەنێزیکەیی هەموو خێوەتەکانی نەخشاندبوو). دانیشتوانی دەسترەنگینیش تەنانەت پاشماوەی کەلوپەلی بیناسازییان بۆ دروستکردنی تەخت و مێز و مۆبیلیای تر بەکار هێنابوو لە پێناو ئاوەدانترکردنی خێوەتەکانیان. ئەوان هەروەها هەمان خواردنی سەربازانیان دەخوارد کە ئێستا لە خواردنگەیەکەوە دێت نەک ئەوەی خواردنی ئامادەکراو بێت.

١٥- بەڵگەیەک بۆئەوەی هێزەکانی فرەنەتەوە لە عێراقدا لە هاندانی جیابوونەوەکان کەمتەرخەم بوون ئەوەیە پاش ئەوەی دانیشتوانی بینایەی گرتیگە و پارێزگەی کاتەکی پێگەی پەنابەرییان لەلایەن کۆمیسارییای باڵای پەنابەرانەوە وەرگرت و نەیانتوانی لە وڵاتی سێیەمدا بگیرسێنەوە، هیچ ڕێگەیەک

نەمـا بۆ پەلکێـشکردنی خــەڵک بۆ نـاو بینـایەکـە. ئەم تێـرِژانـەی جـیـابووەکـانی مـێک هەرچەندە سنوورداریش بووبێت، پاسـاوی هێـزەکانی فـرەنەتەوەی ناسـەلمێن دەکـرد. هەروەتر، هـێزی ئەشـرەف ناچار نەبوو پەنابەران زیندانـی بکات. لەوەش زیاتر، مـێک لەوە تـێ گەیشـتبوو مـەیلێکی بەردەوام بۆ جـیـابوونەوە هەیە، لەبەر ئەوەش بەردەوام داوای وایەری کـۆنسـێرتینای دەکـرد تـاوەکـو بەربەسـتی جەستەیی دروست بکات و پاسەوانیی شەوانەی لە دژی هەڵاتووان چڕتر بکاتەوە.

١٦- مێک و هەوادارانی دەڵێن گەشتی پاسەوانی و پەرژین و باریکەڕێ و وایەری کۆنسێرتینا ڕەنگدانەوەی سروشـتی سـەربازییـانەی کـەمـپی ئەشرەفن و لـە پێناو پاراسـتنی مێکن لە دژی هـێرشی هێـزەکـانی عێراقی یان ئێرانی و بۆ ڕێگەگرتن لە جیابووەکان نییە. ئەم گوتەیە نـاکۆکە لەگەڵ ئەو زانیـارییـەی جـیـابووە هەرە تازەکـانی نـاو کـەمـپی پەنابەرانی ئەشـرەف داویانە و هەروەها لـەگـەڵ شـوێنی ئەو بەربەستە جەستەییيانەی مێک لە پاش ئایاری ٢٠٠٣ەوە لەناو کەمپی ئەشرەف قووتی کردوونەتەوە.

١٧- هێـزە شکاوەکـان، بەلەخـۆگـرتنی مـیلیـشـیـای وەک مـێک، زۆربەی کـات پێـویسـتـیـان بەجـۆرە دەستبەسـەربوون یان سنووردارکردنی ئازادیی هـاتوچۆ بۆ مـاوەیەک لە کـاتی پێکدادانی راستەقینەدا هەیە. هەندێک میلیشیا رەنگە بۆ نەزڤِراندن کێشـەگەلێکی ئاڵۆزیان هەبێت کە هەلەکانی ئازادکردن بەرتەسک دەکاتەوە، وەک ئەم حاڵەتەی ئێرە.

١٨- ئەوەی لەگـەڵ ئەم کـێشـانەدا ئاوێتە بووبوو نـەبوونی وەرگـێـڕی لێـهـاتووی فـارسی بوو کـە جگە لە جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییە پێویستەکانی وەرگێڕان، بێ شک دەیتوانی تێبینیی بەنرخ سەبارەت بەجیاوازییە کولتوورییەکان دابین بکات کە لەو کاتانەدا زۆر بەکێشە بوون.

(١٩) ئەم پاشکۆیە بەشێوەیەکی سـەرەکی لە کتێبی (Abrahamian) 1992 وەرگیراوە، کە لێکۆڵینەوەیەکی یەکلاکەرەوەیە لەبارەی مێک لە دامەزراندنیەوە تا ڕێک پێش کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق.

(٢٠) دوو جۆرە ناوی جێگرەوەش زۆر بەکار دێن: موجاهیدینی خەڵق (MKO) و موجاهیدینی خەڵقی ئێران (PMOI). هەروەها کۆمـەڵێک رێنووسی بەئینگلیزیکراوەی وشـەی مـوجاهیدین و ناوی مـوجاهـیدینی خەڵق هەن.

(٢١) لەڕاستیدا زۆربەی سەرانی مێک لە دواییدا لەدار دران.

(٢٢) بە گوتەی مێک ئەم ئەمەریکاییيانە لەلایەن گرووپێکی دەرهاوێشتەی مێکەوە کوژراون، گرووپێک کە ئیسلامیان رەت کردووەتەوە و لە سەرەتای ١٩٧٥ەوە لە مێک دابڕاون. مێک هەروەها دەڵێت هێزەکانی ئاسـایشـی شـا کـەسـانی تاوانبـاریان گـرتووە و لەداریان داون (Slavin، ٢٠٠٧ لاپەڕە ١٦٨ و Abra-hamian ، ١٩٩٢ لاپەڕە ١٦٣).

(٢٣) مـێک دەڵێت کـاتێک لە فـرەنسا دەرکـرا، جگە لە گـواستنەوە بۆ عێـراق چارەیەکی تری نەبوو. بەڵام فرەنسا تەنیا ژمارەیەکی کەم لە سەرکردەکانی مێکی لە ١٩٨٦ دەرکرد و ١٤ی تریشی لە ١٩٨٧ بۆ گـۆبان ناردەوە (Ibrahim، ١٩٨٧). ئەوانەش بەنێـزیکەیی هەمـوویان ڕێگەیان پێ درا بگەڕێنەوە بۆ فرەنسا یان ئیسپانیا پاش ئەوەی مێک دەستی بەکۆمەڵێک مانگرتنی گەورە کرد بۆ ماوەی ٤٠ رۆژ لە بەردەم باڵوێزخانەکانی فرەنسی لە سەرانسەری ئەورووپادا و بە خۆسووتاندن هەڕەشەی کرد. پاساوی سـەرکـردایەتیی مـێک بۆ گـواسـتنەوەی بۆ عـێـراق ئەوەیە کـە گـرووپەکـە ئەو کـاتە سـەرکـەوتووانە

"زیانەکان"ی ڕێژیمی تارانی بۆ ڕۆژئاوا روون کردبووەوە.

(٢٤) گەورەترینی ئەو کەمپانە کەمپی ئەشرەف بوو لەناو پارێزگای دیالە کە نێزیکەی ٢٠ میل لە سنووری ئێرانەوە دوورە. کەمپەکە بەناوی یەکەم خێزانی مەسعوود، ئەشرەف ڕەبیع کراوەتەوە کە لە ١٩٨١دا لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە لە تاران کوژرا (Waldman، ١٩٩٤).

(٢٥) Waldman، ١٩٩٤ و Taheri، ٢٠٠٨, بەگوتەی مێک لەماوەی ئۆپەراسیۆنی ڕووناکیی ئەبەدیدا سوپای ڕزگاریکەر " ٥٥٠٠٠ کەسیان لە "هێزەکانی خومەینی" کردە قوربانی و نێزیکەی ١٢٠٠ "شەهید"ی خۆشیان یان بزر بوون یانیش کوژران (Salavi، ٢٠٠١، Shahri، ١٩٩٧).

(٢٦) ئەمەش هەڵبەتە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ویستی حکوومەتی عێراقی بۆ دەرکردنی مێک.

(٢٧) بەگوتەی مێک ناولێنانی گرووپەکە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بیانی تەنیا هەوڵێک بووە بۆ گەیشتن بەسەرۆکی ئەو کاتەی کۆماری ئیسلامیی ئێران، محەمەد خاتەمی. ڕاستە مێک لەسەر هیچ کام لە لیستەکانی حکوومەتی ولاتە یەکگرتووەکان وەک لیستی تیرۆریستە جیهانییە بەتایبەتی ناونراوەکانی وەزارەتی گەنجینە، کە لە پێش لیستی ڕێکخراوی تیرۆریستیی بیانی هەبوون، وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی نەنووسرابوو. بەڵام گرووپەکە لەناو یەکەمین ڕێکخراوەکاندا بوو کە وەک ڕێکخراوی تیرۆریستیی بیانی پێناسە کران کاتێک لیستەکە داهێنرا و ناوی مێک خرایە سەر ناوی تەواوی ڕێکخراوە تیرۆریستییە بیانییەکانی تری سەر لیستی وەزارەتی گەنجینە لە ٢٠٠١.

(٢٨) مێک لەسەر لیستی گرووپە تیرۆریستییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا نییە چونکە ئەو لیستە تەنیا تایبەتە بە گرووپەکانی دەستوپێوەندی ئەلقاعیدە یان تاڵیبان.

(٢٩) پاش ئەوەی وەزارەتی بەرگریی ولاتە یەکگرتووەکان لە ٢٠٠٣دا لقی ئەنجوومەنی نەتەوەییی بەرهەڵستکاری ئێرانیی وەک پێکهاتەیەکی مێک بە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییە بیانییەکان زیاد کرد، مێک لە هەوڵەکانی لە ولاتە یەکگرتووەکاندا بەردەوام بوو، ئەمەش بەدامەزراندنی گرووپی لۆبیکاری لەڕووی تەکنیکییەوە بێ لایەن، وەک کۆمیتەی سیاسەتی ئێران لە ولاتە یەکگرتووەکان و دۆستانی ئێران لە ئەوروپا و هەروەها بە ناڕاستەوخۆیی دابینکردنی پارە بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی گوایە "سەربەخۆ"ن و لەلایەن دامەزراوەی وەک دی ئێلّ پی پیپەر و هەڵبژاردنە ئەمنییە جیهانییەکان و هەروەها بە بانگەشەکردن بۆ چالاکییە بنەڕەتییەکانی (بانگەوازی ساختە بۆ چالاکییەکان).

(٣٠) لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٢دا ١٥٠ ئەندام پەرلەمانی ولاتە یەکگرتووەکان لە نامەیەکیدا داوایان کرد ناوی مێک لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییە بیانییەکان بسڕێتەوە. بەڵام بۆب نێیی پەرلەمانتاری پێشوو، کە پێشتر پشتگیریی لە مێک دەکرد و ئەوانی تر کە بە ڕژدی کاریان دەکرد بۆ وەڵامدانەوەی پەیامەکانی لە ڕێگەی ئەو نامەیەی کە زۆرێکیان ئیمزایان کردووە، داوایان کردووە ناویان لە نامەکە بسڕێتەوە.

(٣١) مێک دەڵێت زانیارییەکە لەسەر بنەمای هەواڵگریی خۆیەوە بووە، بەڵام ئەمە جێی گومانە. پێشنیازەکان لەبارەی سەرچاوەی ڕاستەقینەوە ئەو دەگەیەنن ولاتە یەکگرتووەکان زانیارییەکەی لە ئیسرائیل وەرگرتووە و بۆ مێکی ڕێک خستووە بەناوی خۆیەوە پێشکێشی بکات. تیۆرێکی تر ئەوەیە ئیسرائیل زانیارییەکەی داوە بە مێک پاش ئەوەی کوڕی شا ڕەتی کردووەتەوە زانیارییەکە بڵاو بکاتەوە. بڕیاری شانشینی یەکگرتوو لەسەر زانیاریی واقیعیی ناتەواوە درابوو. گوایە نە کۆمیسیۆنی

دادگەی ڕێکخراوە نایاسـاییـیەکـان و نە دادگـەش کـە بڕیارەکـەیان پەسند کرد لە داواکـارییـەکـانی بەردەوامی مێک لە هێزی ئەشرەف بۆ گەڕاندنەوەی چەکی گرووپەکە ئاگەدار نەبوون.

(٣٢) وشەی بەرامبەر لە زمانی ئینگلیزی cultic ە کە بەمانای ڕێبازێکی هزری یان ئاینێک دێت (وەرگێڕ).

(٣٣) شـتـێکی مـەجـازییە کـە مـەریەم ناوی خـێزانیی هاوسـەری نوێی لـە خـۆی نا چونکە ئـەمـە نەریتـێکی ڕۆژئاواییە نەک ئێرانی.

(٣٤) نازناوی ئیمامی حـال نێزیکە لە ئیمـامی زمـان کە بەمـانای ئیمـامی سـەردەمە و ناوێکە شیعەکان بۆ ئامـاژەدان بە ڕزگـارکـەری پیـرۆزی نادیاری بەکـار دێنن (Abrahamian، ١٩٩١، لاپەڕە ٢٦٠). کـاتێک مـەسـعـوود ڕەجـەوی هـاوسـەرێتـیی خـۆی و مـەریەم ئازۆدانلوی ڕاگـەیاند، گـوتی پەیامـبـەر مـحـەمـەد بەمـەبەسـتـەوە دژایەتییـەکی هـاوشـێـوەی ورووژاندبوو کـاتێک خـێزانی تازە تەڵاقـداوەکـەی کـوڕێکی بەخـێوکـردووی خـۆی هێنا (Abrahamian، ١٩٩٢، لاپەڕە ٢٥٢). هـەڵبـەتە کـۆمـاری ئیسـلامـیی ئێران هەوڵی داوە درزە بکاتە ناو مێک و هەندێک لە ئەندامانی پێشووی مێک ڕەنگە بۆ ئێران کار بکەن.

(٣٥) بۆ نمـوونە هـەڵسـووڕاوانی مـێک لـە ئێـرانیـیـانی داواکـاری پەنابەرێتی لە کـاتی دەرچوونیـان لە باڵوێزخـانەکـان لە وڵاتانی وەک تورکـیـا و ئیـمـاراتی یەکگرتووی عـەرەبی دەچوونە پێش. بێ ئەوەی لایەنگرییان بۆ مێک ئاشکرا بکەن، هەڵسووڕاوان پێشنیازی دەکرد لە داواکاری بۆ وەرگرتنی پەنابەرێتی لە وڵاتانی ئەوروپایی یارمـەتییـان بدەن. لەم بارانەدا، تاکەکان بۆ پێوەندیکردن ژمارە تەلەفۆنێکیـان پێ دەدرا کـە زیاتر ژمـارەی یەکـێک لە نوێنەرانی مـێک بوو کـە دەبووایە بـاوەڕ بە "ئەندامی تازە" بـهێـنت لە چەند مـانگێکدا پـەنابەرێتی وەردەگرێت و لەو مـاوەیەدا لە عـێراقـدا بەخـۆڕایی ژوور و خـواردنی لەگـەڵ خەڵکانی دۆستانە و هەندێک جاریش کارێک و هەروەتر هاوسەرێکی بۆ دەستەبەر دەکرێت.

(٣٦) ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ لە ٢٠٠٥ ئەم نەریتانە بەوردەکارییەوە وەسف دەکات. مێک نکوڵی لەم نەریتانە دەکات لە ڕاپۆرتێکی ڕەتدانەوەییدا کە لەلایەن گرووپێکی لایەنگرییەوە بەناوی دۆسـتـانی ئێـرانێکی ئازادەوە دەرچووە. بەڵام ئەندامـانی پێـشـووی مـێکی نـاو کـەمـپی پەنابەرانی ئەشـرەف دۆزینەوەکانی ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ پشتڕاست دەکەنەوە. وەک لە بەشی چوارەمدا باس کرا مێک کەمێک سیاسەتی دەرچوونی خۆی لەوەتەی چڕبوونەوەی لە کەمپی ئەشرەفدا گۆڕیوە.

(٣٧) دەسـتـەواژەی چاکسازیی هزری و مێشک شۆرینەوە بڕێتین لە پرۆسـەیەکی دەروونی بۆ وەرگـەڕاندنی شێوازی بیرکردنەوەی کەسێک بەرامبەر بە ورووژێنەرێکی تایبـەتەوە. نەبوونی پێوەندیی کراوە بووەتە هۆی تێگەیشـتنێکی ناتەواو لەبارەی ئێران نەک تەنیـا لـە وڵاتە یەکگرتووەکان بگرە لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاواییی تریش. لە پێناو کارئاسـانی بۆ ئاراسـتـەکردنی ئەم کـێشـە لە ٢٠٠٩دا راند Understanding Iran (تێگەیشـتن لە ئێران) (Green, Wehrey and Wolf، لە ٢٠٠٩)ی بڵاو کـردەوە کـە کـتـێـبـێکی ورد و بەردەسـتـە لەبارەی کـۆمـاری ئیـسـلامـیی ئێران بەشـێـوەیەکی سـەرەکـێش بۆ سـیـاسـتـڕێژانی وڵاتە یەکگرتووەکان. وەک یارمـەتییـەک بۆ تێگەیشتن لە ئێرانی ئەمڕۆکە، کتێبـەکە شرۆڤەکانی بەردەستی لەبارەی کـۆمـارەوە گـەڵاڵە کردووە و لە هـەمـووی گرینگتر، بۆچوونی ئەو شـارەزایە نائەمـەریکاییـانەی وەرگـرتووە کـە دەتوانن لێنزی جیـاوازی لێکدانەوەیی بۆ دیتنی سـیـسـتـەمی بەڕواڵەت لێـڵـی ئێـرانی پێشکێش بکەن.

# مرازە ناوکییەکانی ئەلقاعیدە

## ئەیمەن ئەلزەواهیری پەیمان دەدا کە دەبێ ئەم جارەی دێ تفەنگەکەی هەورە کوارگەی[1] لێ هەستێ

ڕۆڵف مۆوات – لارسن

هەرچەندە دەسەڵاتدارانی ئەمەریکایی توانییان دواترین هەوڵی ئەلقاعیدە بۆ پەلاماردانیان لە ڕێگەی پرێسکەی شاردراوەوە، پووچەڵ بکەنەوە، بەڵام هێشتا کێشەی دوورخایەن وەڵام نەدراوەتەوە: چۆن هەردەم دەتوانن وەک ئەم جارەیان هەنگاوێک لە پێش ئەلقاعیدە بن؟

قسەی خۆشی ئەوەیە کە کەس بیر لە ستراتیج و ئامانجەکانی تیرۆریستان ناکاتەوە، بەڵام خۆ پێویستە گوێ لە سەرکردەکانیان ڕابگری و بزانی چ دەڵێن. قسەی ناخۆشیش ئەوەیە؛ هیچ گومان لەوەدا نییە، ئێمە قسەکانیانمان بە دڵ نییە. سەرکردەکانی ئەلقاعیدە بە پەرۆشەوەن چەکە کۆمەڵکوژەکانیان وەدەست بکەوێ و لە دژی وڵاتە یەککگرتووەکان بەکاریان بێنن؛ ئەگەر بۆمبێکی ئەتۆمییان هەبایە، هەرگیز بە هیچ شێوەیەک سێ و دوویان لێ نەدەکرد و بە کاریان دەهێنا. لە ڕاستیشدا، ئەم چەشنە پەلامارە وەک تەواوکەری یازدەی نۆ دەبینرێ.

بەڵگەی ئەو مەرامانە لە پێوەندییە کۆدبەند و نهێنییەکانی هەواڵگریدا نەشاردراونەتەوە. بگرە بەتەواوەتی بەپێچەوانەوە: لە هەموو کەسێک شاردراونەتەوە. بەهەمان ئەو شێوەیەی کە ئوسامە بن لادن خۆی لە ٢٠٠٨، بە فەتوایەک شەڕی لە دژی وڵاتە یەککگرتووەکان ڕاگەیاند، بەهەمان شێوە جێگرەکەشی کە ئەیمەن ئەلزەواهیرییە، دوای دە ساڵ فەتوایەکی دا کە نیشانەی پێشبینیکردنی سەردەمی داهاتوو بوو. ئەگەر بە قسەی ئەو بێ، ڕۆژێ دێ، بە مەبەستی گۆڕینی مێژوو بە یەکجارەکی، جیهادییەکان چەکە کۆمەڵکوژەکان بەکار دێنن.

دە ساڵ پترە سەرکردەکانی ئەلقاعیدە ئاشکرایان کردووە کە دەیانەوێ چەکە کۆمەڵکوژەکان

---

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلزییەوە: مامکاک

وەدەست بێنن. سەرکەوتنێکی یەکجار کەمیان لەمیانی دروستکردنی بۆمبێکی ئەتۆمی یان چەکە بایۆلۆجییەکاندا وەدەست هێناوە تا بتوانن کۆمەڵکوژی پێیانەوە بکەن. خۆشبەختانە فرە ئەستەمە، وەلێ مەحاڵ نییە، گرووپێکی تیرۆریستی چەکێکی ستراتیجی کۆمەڵکوژ پەیدا بکا. ناوەندی ئەلقاعیدە چەند ساڵە پەرۆشی ئەم بابەتەیە و بە ئومێدە ڕۆژێک بێ هەلێکی بۆ بڕەخسێ و بتوانێ بەسەر تەگەرەکانی سەر ڕێیدا زاڵ ببێ.

تاکە شتێک کە لەم دواییانەدا گۆڕاوە ئەوەیە کە ئیشەکە هەر زارەکی و هزری نەماوە، بگرە ئێستا وا کاری لەسەر دەکرێ ئەمەش لە ئەنجامی دەست تێوەردانی ئەلزەواهیری قەوما. لە بری ئەوەی شوێن پێی بن لادن بکەوێ و وەک ئەو فەتوا دەربکا، ئەلزەواهیری هەستا لە ٢٠٠٨دا، کتێبێکی دانا و ناوی [ئەتتەبریئە]ی لێنا. تێیدا فەتوایەکی گەورە مەلای سعوودی ناسر ئەلفەهدی زیندوو کردەوە کە لە ٢٠٠٣ دابووی تێیدا بۆ یەکەم جار و دوا جار فەتوایەکی ئاوا دەدرێ کە بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ بە کارێکی شەرعی دەناسێ. زەواهیری بیرۆکەکەی فەهدی هەڵقۆستووەتەوە و هەر هەمان هزر و بیر و بۆچوون و نموونە و بەڵگە زانستییەکانی هێناوە بۆ ئەوەی بە ئامانجی خۆی بگا: دەشێ بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ شەرعی بێ ئەگەر بە مەبەستی تۆڵەکردنەوەی هاوسەنگ بەکار بێ، "یەک وەبەر یەک دەکەوێ."

زەواهیری مەبەستە سەرەکییەکانی قورئان بەکار دێنێ بۆ ئەوەی هیچ لاملییەکی شاردراوە لە ڕێی بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ نەهێڵێتەوە. وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە کوشتنی ژن و منداڵ و پیر دەکەنە کارێکی شەرعی؛ باسی عەدالەتی خاپوورکردنی ژینگە و ئەخلاقییەتی زیاندانی کەسانی دوورە شەڕ و حیکمەتی تەکتیکی پەلاماردانی شەوانە و هەڕەشە و ترساندن دەکا و هەمان قسەکانی فەهد وەکو خۆی دووبارە دەکاتەوە و دەنووسێ: بۆ نموونە ئەو هێرشەی پێغەمبەر محەمەد (د.خ.) بە مەنجەنیق بۆ سەر تایفی کرد، ڕێگە بە بەکارهێنانی چەکی "کۆمەڵ خاپوورکەر" دەدا کە ناتوانێ سیڤیل و سەرباز لە یەکتری جودا بکاتەوە.

لە کتێبەکەی زەواهیری ئەوە تێ دەگەین کە دەبێ چەکی بە کۆمەڵکوژ لەسەر بنەمای نییەتەوە حوکمی لێ بدرێ نەک لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی؛ بەو پێیە ئەگەر بەکارهێنانی چەکی بە کۆمەڵکوژ لەگەڵ قورئان یەکیان گرتەوە، ئەوە ئەنجامەکانی بە شەرعی دەکرێن، جا با بە ڕاشکاویش لەگەڵ هەندێ لە موحەڕەماتە تایبەتەکانی ئیسلامیش یەک نەگرنەوە.

بە درێژی باسی ئەوەشی کردووە کە هەمان هۆیەکان لەسەر کێشەی دڵسۆزی بۆ نیشتمان و گرێبەست و پابەندبوون و پەیمانەکانیش تەتبیق دەبن و سیخوڕی و فریودان و هەڵخەڵەتاندنی کردووەتە ڕەوا و شەرعی. بۆ نموونە ئەو موسڵمانەی لە شەڕی دەگەڵ کافران بە بێ نیازەوە دەکوژرێن ئەوانیش بە شەهید دەزانێ و دەنووسێ: "کە موسڵمانان شەڕی کافران دەکەن، هەر موسڵمانێک دەکوژرێ شەهیدە."

هاوشان دەگەڵ ئەوەی کە بەگشتی چەکی بە کۆمەڵکوژ بە چاک دەزانێ، دەبێ بایەخی تایبەت بە




دوو پەیامی کاراوە بدەین کە لە کتێبەکەی زەواهیریدا هاتوونە.

یەکەم: کە زەواهیری باسی پەلاماری ناوکی دەکا، بەشێوەیەکی تایبەتی بایەخ بە ئەمەریکا دەدا و بەڕاشکاوی تاوانەکانی ولاتە یەکگرتووەکان بە چەکە بە کۆمەڵکوژەکانەوە دەبەستێتەوە و دەقێکی فەهد دێنێ کە دەڵێ: "گومان لەوەدا نییە کە گەورەترین دوژمنی ئیسلام و موسڵمانان لەم سەردەمەدا، ئەمەریکاییەکانن."

زەواهیری ئەوەش ڕاڤە دەکات کە خۆی بە ڕێسای ئیسلام، ولاتە یەکگرتووەکان بە"تاکە قەوارەیێکی قانوونی" دەناسێ و ئەو ولاتە حوکمێکە جەستەی مرۆڤ دێنێتە لەرزین: زەواهیری دەیەوێ بلێ ڕەوایە نیشان لە هەموو ئەمەریکاییەک بگری، بێ ئەوەی ئیعتباری ئەوە بکەی کە ئایا ئەو نیشانە پیاوە یان ژنە یان منداڵە. ئەمەش تاقە لایەنێک نییە؛ بەڵکوو زۆر بە وریاییەوە وشەکانی خۆی هزربڕێر کردوون بۆ ئەوەی بە ڕشتی نیازەکانی وەدەر بخەن.

لە ڕاستیدا فرە وەپەرۆشەوەیە بۆ ئەوەی دانایی خۆی وەدەر بنێ. بۆیە چەندان بۆچوونی قورئان و فەرموودەکان پێغەمبەر محەمەد (د.خ) دێنێ کە هەندێکیان پشتی حەکمەکانی دەگرن و هەندێکیشیان نا. هەندێ جار لە بنچینەڕا پێشەکی بۆ ئامانجەکانی خۆی دەنووسێ: "من دەڵێم..." بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو هەقیقەتە ڕابکێشێ کە حوکمەکانی خۆی لە حوکمی ئەوانی پێش خۆی وەرگرتووە و ڕێگەیەکیشە بۆ زەواهیری کە پزیشکە و لە مەلایەتی نەخوێندووە

تا دەسەڵات بە خۆی بدا و بە خەڵکەکە بڵێ کە شارەزای شەرعی خوایە.

دووەم: ئەلقاعیدە گاڵتەی بە ئەنجامە تۆقێنەرەکەی پەلاماری ناوکی دێ و زەواهیری کوشتنی بە کۆمەڵ وەک سوودێکی چەکی بە کۆمەڵکوژ دەزانێ. کتێبەکەی زەواهیری بە ڕاشکاوی ئەگەری کوشتنی ١٠ ملیۆن ئەمەریکایی بە کارێکی ڕەوا و شەرعی دەزانێ. خۆ زەواهیری ئەم نمرەیەشی بە ڕەمەکی دانەناوە. بگرە باوەڕی وایە کە ئەم پلانە پێویشتی بە ڕەواساز (حەلال)ییەوە هەیە و لە کۆتاییی کتێبەکەیدا قەناعەتی هێناوە کە کارەکەی خۆی ئەنجام داوە و کوشتنی بە کۆمەڵی بەپێی شەرع ڕەوا کردووە.

تێبینی دەکرێ کە زەواهیری زۆر کەڕەت دەستەواژەی "تۆپباران artillery bombardment"ی لەمیانی تاووتوێکردنی پەلاماری چەکی بە کۆمەڵکوژ و خاپوورکاریدا بەکار هێناوە. وا پێ دەچێ کە ئەلقاعیدە وا بزانێ کە چەکە هاوچەرخە خاپوورکەرەکان بەگشتی ناتوانن کەسانی سیڤیل و شەڕکەران لە یەکتری بکەنەوە. زەهیراوی دەیەوێ بڵێ کە چەکە ناوکییەکان لەلایەنی ئەخلاقییەوە جیاوازی دەگەڵ مەنجەنیقدا نییە و فرە بەڵگەی بۆ قسەکانیشی لە قورئان و فەرموودەکانەوە هێناوە. لێرەش دیسان زەواهیری قسەکانی فەهد دێنێتەوە کە دەڵێ: "ئەگەر بۆمبێک بە سەریاندا بهاوێشترێ و ١٠ ملیۆنیان لەناو ببا و هەندەی ئەو خاکەیان بسووتێنێ کە لە خاکی موسڵمانانددا سووتاندوویانە، ئەوە هیچ بەڵگە هێنانەوەیەکی بۆ ناوێ و جائیزە."

پێویستی بە گوتن نییە کە بۆچوونی زەواهیری بەپێچەوانەی هەموو ئەو بۆچوونانەی شەڕی ڕوای ڕۆژئاوایە. لادانی ترسی ئەخلاقیی زەواهیری لە جیهادا، قسەکانی فەیسلەسووفی ئیسلامی [سەید قوتب]ی مامۆستای دووبارە دەکاتەوە کە دەنووسێ: "جیهادی ئیسلامی، نە لەلایەنی کێشەکانی و نە لەلایەنی شێوەی بەرەوچوونیەوە، هیچ پێوەندییەکی بە شەڕی سەردەمەوە نییە."

زەواهیری پیاوی ئیشە نەک هی ڕیش و نەغمەکەشی پرسیاری کەم دروست دەکا کە لەو باوڕەدابێ ڕۆژئاوا تا ئێستا تۆبەی لە تاوانەکانی خۆی نەکردبێ. ئەویش وەک بن لادن لە ١٩٩٨، هەر مەلایەک نییە و بەس، بگرە پلانسازێکی کارامەشە دەتوانین دڵنیا بین کە خەریکە پلانی فیداکاری ئەلقاعیدە ساز دەکا بۆ ئەوەی چەکە بە کۆمەڵکوژە خۆشەویستەکانی بەکار بێنێ. کتێبی [ئەتتەوبە – التوبة Exoneratio] هۆشدارییەکە دەڵێ ڕەنگە شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوە خەریک بێ بگۆڕێ. ئێمەمانانیش گەمژەین ئەگەر ئاگامان لە خۆمان نەبێ.

سەرچاوە:

http://www.foreignpolicy.com/articles/2010/11/16/al_qaedas_nuclear_ambitions

پەراوێز:

١- هەورە کوارگە mushroom cloud دووکەڵی تەقینەوەی بۆمبی ئەتۆمی لە شێوەی کوارگ (قارچک) هەڵدەستێ.

# شێوازی کاروباری تەشکیلاتی قاعیدە پاش ساڵی ٢٠٠١

سەعید ئاغا عەلیخانی

پاش لەناوچوونی دوایین مۆڵگەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە چیاکانی تورابورای ئەفغانستان لە کۆتاییەکانی کانوونی یەکەم/دیسێمبەری ٢٠٠١دا، ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی ئوسامە بن لادن چووە قۆناخێکی نوێ کە گرینگترین تایبەتمەندیی پاراستن و ئەنجامدانی چالاکیی نهێنی و ژێر زەوینی بوو.

تا ئێستە ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە کوژراون یاخۆ گیراون و داراییەکانیان دەستی بەسەردا گیراوە و ئەو ڕێکخراوە نەیتوانیوە ئەو زیانانەی کە لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٢دا پێی گەیشتووە قەرەبوو بکاتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش لە پلانە زنجیرەییەکانی خۆی لە ١٠ وڵات و ٣ پارزەوینی دنیا سەرکەوتوو بووە. ئەو سەرکەوتنە بەشێوەی ٥ شەپولی بۆمب چاندن بووە کە لەلایەن ئەلقاعیدەوە ئەو شێوازە بەکار دەبرێ. هێرشی یەک لە دوای یەک و هاوکات لە چەند وڵاتی دنیا بۆ سەر کۆمەڵە خەڵکانێکی زۆر.

شەپۆلی یەکەمی هێرشە تیرۆریستییەکانی ئەلقاعیدە دوای ڕووداوەکەی ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ لە ٣ وڵاتی یەمەن، کینیا و ئەندەنووسیا ڕوویان دا (ئۆکتۆبەر و نۆڤێمبەری ٢٠٠٢) و شەپۆلی دووەمی هێرشەکانی ئەو ڕێکخراوەیە لە عەرەبستانی سعوودیە و مەغریب بوو و لە شەپۆلی سێیەمدا عێراق و مالیزیا کرایە ئامانج (لە ئۆگستی ٢٠٠٣)، شەپۆلی چوارەم لە عێراق و عەرەبستاندا لە (نۆڤێمبەری ٢٠٠٣)دا ڕووی دا. هەروەها شەپۆلی پێنجەم تورکیا، ئیسپانیا، ئێران و دووبارە عێراقی گرتەوە (لە ساڵی ٢٠٠٣)دا.

گومانێک لەوەدا نییە کە هەموو ئەو هێرشانە لەلایەن ڕێکخراوی ئەلقاعیدەوە ئەنجام دراون،

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فوئاد ڕەحیم



چونکە بەپێی شێوازی ئەو هێرشانەی کە پێشتریش لەلایەن ئەو ڕێکخراوەیە بەکار هێنراوە بەوەی کە شوێنە قەرەباڵغەکان دەکەنە ئامانج و چەند تەقینەوەی یەک لە دوای یەک ئەنجام دەدەن. بۆیە دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە کردەوە تەناهییەکان کاریگەرییەکی زۆریان لە کەمکردنەوەی چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوەیەدا نەبووە و ڕووخانی تورابورا لە ئەفغانستان و ناچاربوونی سەرکردەکانی ئەو ڕێکخراوەیە بۆ خۆشاردنەوەیان لە خەڵک نەبووەتە هۆی ڕێگەگرتن لە چالاکییە بەربڵاوەکانی ئەو ڕێکخراوەیە لە سەرتاسەری دنیادا.

پێوەندیی نێوان ئەلقاعیدە لەگەڵ ئەو چالاکییانەی کە باسیان کرا ئەوە دەسەلمێنن کە شێوازی تەشیکلاتی، شێوازی کلاسیکیی دەسەڵات و شێوازی بەڕێوەبردنی تۆڕی ئەو ڕێکخراوەیە لەگەڵ دۆخ و بواری تەناهیی دەوروبەری لە پاش ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١دا گونجاوە.

ئێستە ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات کە ناوەڕۆکی ئەلقاعیدە لە ساڵانی دوای ١١ی سێپتێمبەر چ گۆڕانێکی بەخۆوە بینیوە؟ بەشێوەیەکی تر وڵاتان و ڕێکخراوە دژە تیرۆرەکانی دنیای ئیسلام و ڕۆئاوا چۆن ڕووبەڕووی "کۆمپانیایەکی تیرۆریستیی چەند نەتەوەیی" جیا بوو لە ئەلقاعیدە دەبنەوە کە خۆی لەگەڵ بواری تەناهیی نوێدا گونجاندووە؟

پسپۆڕانی بواری ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریزم بە بەراوردکردنی ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییانەی کە ئەلقاعیدە لە کاتی ڕووخانی مۆڵگەی تورابورا لە ئەفغانستان تا ئێستە بەشێوازی ڕێکخراوەیی ڕووبەڕووی بوونەتەوە و هەروەها بەهەڵسەنگاندنی چالاکییە پێشووەکانی ئەو ڕێکخراوەیە کە لە سوودان دەستی پێ کرد و لە ئەفغانستان بەردەوام بوو بەو ئەنجامە گەیشتوون کە ئەلقاعیدە لە قۆناخی یەکەمی چالاکییەکانی خۆیاندا گەشەیان کرد و بوونە ڕێکخراوێکی دنیایی و تۆڕێکی

ئاڵۆزی جاڵجاڵۆکەییان لەناو پارزەوییەکاندا لێ کەوتەوە.

قۆناخی دووەمی چالاکییەکانی ئەلقاعیدە کە بریتییە لە هێرشەکانی ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ تا ئێستە و تێیدا ڕێکخراوی ئوسامە بن لادن بووە ڕێکخراوێکی دنیایی. ڕێکخراوێک کە بۆ بەئەنجام گەیاندنی چالاکییەکانی پێویستی بەیەکگرتوویی و دەسەڵاتی فەرماندەیی بوو. گۆڕانکاری نوێی تەناهی بووە هۆی ئەوەی ئەو ڕێکخراوە دنیایە شێوازی نوێ و ئاڵۆزتر بگرێتە خۆی.

## ڕێکخراوی تیرۆریستیی چەند نەتەوەیی

سەردەمی کۆرپەلەیی ئەلقاعیدە لە سوودان بوو و لەو کاتەدا ئوسامە بن لادن و هاوپەیمانەکانی لە ڕێکخراوی "ئەلجیهاد"ی میسر لەگەڵ موجاهیدینە ناسراوەکان بە "ئەفغانە عەرەبەکان"، ئەلقاعیدەیان بەشێوازی ڕێکخراوەی گەورەتر و ئاڵۆزتر بەناوی "بەرەی دنیایی دژی جوولەکەکان و خاچپەرستەکان" بەڕێوە دەبرد. ئەو ڕێکخراوەیە تا ساڵی ١٩٩٤ کە بوونی خۆی ڕاگەیاند چالاکییەکی بەرچاویان نەبوو. سەرچاوەی مێژوویی ئەو ڕێکخراوە لەو کاتەوە دەستی پێ کرد کە شەڕوانە عەرەبەکانی ئەو ڕێکخراوەیە کە ئێستە بەناوی ئەلقاعیدە ناو دەبرێ بەرەو ئەفغانستان کۆچیان کرد و هۆزە پشتوویەکان پێشوازییان لێ کردن.

دواتر هۆزە پشتووەکان بەشێوەی حکوومەتی تاڵیبان دەسەڵاتی ئەفغانستانیان گرتە دەست و فەرمانڕەوایی ئەوان بەسەر ئەو وڵاتەوە لە مانگی سێپتێمبەری ١٩٩٦ەوە دەستی پێ کرد. ئەلقاعیدە بەهاوکاری هەمەلایەنەی تاڵیبان کە لە ماوەی ٥ ساڵدا پێشکێشی کرا (یانی لە سێپتێمبەری ١٩٩٦ تا دیسێمبەری ٢٠٠١) توانی گەشە بەکاروباری ڕێکخراوەکە بدات و ڕێکخراوەی "جیهادی نێودەوڵەتیش" دروست بکات و چەندان بنکە لە سەرتاسەری ئەفغانستاندا دروست بکات. ژمارەی ئەو بنکانە ٤٨ بنکە بوون و ٣٠ هەزار خۆبەختکەر چالاکییان تێدا دەکرد کە ١٨ هەزار کەسیان ئەندامی ڕەسمی ئەلقاعیدە بوون و بە بەردەوام لەو بنکانەدا بوون. ئەو خۆبەختکەرانەی تر دوای تەواوکردنی ڕاهێنانی پێویست لە بنکەکانی ئەلقاعیدە بۆ ڕێکخراوەکانی جیهادی ناوەخۆ دەگوازرانەوە و لەگەڵ ئەوەشدا پێوەندییان لەگەڵ ئەلقاعیدەدا هەر بەردەوام بوو. لە ڕاستیدا ئەو کەسانە باڵی لۆجیستیکی ئەلقاعیدە لە چالاکییە تیرۆریستییە نێودەوڵەتییەکاندا بوون.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەبارەی چالاکییەکانی ئەلقاعیدەوە ئەنجام دراوە، ئەوە ئاشکرا بووە کە تا ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوەیە ٢٤ وڵاتی گرتووەتەوە. چالاکییەکانی ئەلقاعیدە لەژێر چاودێریی "یەکەی چالاکییەکانی دەرەوەی سنوور" بەسەرۆکایەتیی "ئەبوزەبیدە" و "خالید شێخ محەمەد" و بەپاڵپشتیی ٤٠ گرووپی جیهادی ناوەخۆیی کە پێشتر لە ئەفغانستاندا ڕاهێنانیان بۆ کرابوو ئەنجام دەدران. لەگەڵ ڕووخانی تاڵیبان فەرماندەیی

تۆڕەکانی ئەلقاعیدە لە سەرتاسەری دنیادا یەکگرتوویی خۆی لەدەست دا و سەرکردەکانی ئەو ڕێکخراوەیە ناچار بوون کە خۆیان بشارنەوە و ژمارەیەکی زۆر لەوان لە هێرشی باڵەفڕە شەڕوانییەکانی ئەمەریکا کوژران یاخۆ گیران. بەشێوەیەکی گشتی پاڵەپەستۆیەکی تەناهیی زۆر کەوتبووە سەر شانی ئەو ڕێکخراوەیە.

## گرفتی چارەنووسساز

لەگەڵ ڕووخانی تاڵیباندا، ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بۆ خۆگونجاندنی لەگەڵ دۆخە نوێیەکدا ڕووبەڕووی ٢ گرفتی چارەنووسساز بووەوە. گرفتی یەکەم پەرتەوازی شەڕوانانی ئەلقاعیدە بوو. ئەو شەڕوانانەی کە پێشتر لە دۆخی ئەمنیی ئەفغانستاندا لە دەور یەک کۆبووبوونەوە و دەبووایە سەرکردەکانی ئەلقاعیدە ئەو کەسانە لە گورزی هێزە تەناهییەکان کە بەدوایاندا دەگەڕان ڕزگار بکەن و جارێکی تر ئەو کەسانە ڕێک بخەنەوە و بەمەبەستی ئەنجامدانی چالاکی ڕەوانەی وڵاتانی جیاوازی دنیایان بکەن. ئەلقاعیدە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گرفتەدا تا ڕادەیەکی زۆر چالاکانە کاری کردووە، چونکە دوای هێرش و پاڵەپەستۆکانی ئەمەریکا پاش هێرشەکانی ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ کە دژی ئەلقاعیدە ئەنجامی دا، ٣ هەزار کەس لەو ١٨ هەزار شەڕوانەی کە لە بنکەکانی ئەلقاعیدەدا لە ئەفغانستان جێگیر بوون هاتنە کوشتن و ١٢٠٠ کەسی تریشیان گیران. نیوەی گیراوەکان بۆ گرتیگەی گوانتانامۆ گوازرانەوە و نیوەکەی تریشیان لەژێر چاودێریی هێزەکانی ئەمەریکادا بوون. هەروەها ١٤ هەزار شەڕوان کە مابوونەوە توانییان ڕابکەن و خۆیان لە شوێنی پارێزراو حەشار بدەن. بۆیە دەتوانین بڵێین سەرەڕای ئەوەی ئەلقاعیدە تووشی وەها گرفتێک بووەوە بەڵام توانی لە بەرامبەر گرفتی یەکەمدا سەرکەوتوو بێ.

لەو هێزانەی کە ئەلقاعیدە پاراستنی هێزی "بەتالیۆنی ٥٥" بوو کە برێتی بوون لە بەتواناترین شەڕوانانی ئەلقاعیدە. ئەو شەڕوانانە چەندان مەشق و ڕاهێنانی توندیان پێ کرابوو و ئەرکی ئەوان پاراستنی ئوسامە بن لادن و یاریدەرانی بوو. هێزەکانی "بەتالیۆنی ٥٥" لە ناوچەی هۆزەکانی پشتوو لە سنووری پاکستان جێگیر بوون. ئەو شەڕوانانە لەلایەن کەسێکی میسرییەوەی بەناوی "مەدحەت مەرسی" بوو کە بە "ئەبوخەباب" دەناسرا. ئەوەی کە لە ئەلقاعیدە مایەوە بەهۆی تەناهی و بۆ پاراستنی پێوەندیی بەتۆڕی سەرەکیی ئەو ڕێکخراوەیەوە بەپێی نەتەوەی خۆیان لە سەرتاسەری دنیا بڵاو بوونەوە.

گرفتی دووەمی ئەلقاعیدە برێتی بوو لە دیاریکردنی سەرکردەی نوێ. ئەوە دەبووایە بەجۆرێک بێ کە گرفتی تەناهی بۆ ئەو سەرکردانە و لایەنگرانیان دروست نەکات و بەجۆرێک کە سەرکردە نوێیەکان پاش ڕووخانی دەسەڵاتی ڕێکخراوەکە لە "بەهەشتی ئەفغانستان" جارێکی تر پێوەندیی خۆیان بەئەلقاعیدەوە کە لە سەرتاسەری دنیادا پەرتەوازە بوون سەرلەنوێ دەست پێ بکەنەوە. ئەو کارە لە دوو قۆناخدا ئەنجام درا. قۆناخی یەکەم لە ڕووخانی تورابورا تا کۆتاییی هاوینی ساڵی

٢٠٠٢ کاتی برد و هەوڵ درا لە جیاتیی سەرکردەکانی پێشووی ئەو ڕێکخراوە کە کوژراون و یان گیراون کەسی نوێ دابنرێ.

ئەلقاعیدە لە قۆناخی دووەمدا کە لە کۆتاییی هاوینی ساڵی ٢٠٠٢دا دەستی پێ کرد و ٥ گرووپی مەیدانی سەربەخۆی لە ڕابەری، چالاکیی سەربەخۆ و سەرچاوەی ماڵی ناوەخۆ پێک هێنا و بەردەوام بوون. ئەو ٥ گرووپە مەیدانییە پێویستییان بەسەرچاوەکانی تر نەبوو و لە هەموو ڕوویەکەوە سەربەخۆ بوون.

دەستنیشانکردنی سەرکردەکانی نوێی ئەلقاعیدە لە چوارچێوەی پێکهاتەی هەرەمیی ئەو ڕێکخراوەیە بەشێوەی خوارەوە بوو:

– پاش هێرشی ئاسمانیی ئەمەریکا بۆ سەر حەشارگەی "محەمەد عاتف ئەبوحەفس میسری" لە مانگی دیسێمبەری ساڵی ٢٠٠١دا کە کوشتنی ناوبراوی لێ کەوتەوە، "سەیف ئەلعەدل" میسری بەرپرسیاریەتیی فەرماندەییی سەربازیی ئەلقاعیدەی پێ سپێردرا.

– دوای بۆمبارانکردنی بنکەی "نەسر فەهمی نەسر" (محەمەد سەڵاح)، "ڕەمزی بین ئەلشەیبە" بووە بەرپرسی یەکەی دابینکردنی داراییی لقەکانی دەرەوەی ئەلقاعیدە.

– پاش گرتنی "ئەبوزەبیدە"، بەرپرسی چالاکییەکانی ئەلقاعیدە لە دەرەوەی وڵات لە لاهوری پاکستان لە ساڵی ٢٠٠٢دا، "خالید شێخ محەمەد" جێگەی ئەوی گرتەوە.

– "ڕەمزی بین ئەلشەیبە"، بەرپرسی لقە شەڕوانییە دەریاییەکانی ئەلقاعیدە لە جێگەی "خالید تۆفیق ئەلعەتاش"، فەرماندەی چالاکییە سەربازییەکان دژی کەشتییی شەڕوانیی ئەمەریکایی "کول" کە لە بەندەری عەدەن کە لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە کوژرا، جێگیر کرا. ڕەمزی ئەو پۆستە نوێیەی وەرگرت و هاوکات بەرپرسی یەکەی دابینکردنی ماڵی لقەکانی دەرەوەی ئەلقاعیدەش بوو. ڕەمزی لە ئەنجامی هێرشێکی هاوبەشی هێزەکانی ئەمەریکا و پاکستان لە ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠٢دا لە کەراچی گیرا. دوای گرتنی ناوبراو تا ماوەیەکی زۆر ئاشکرا نەبوو کە ئەو دوو پۆستە گرینگە بەکێ دراوە. تا ماوەیەکی زۆر پسپۆڕان پێیان وابوو بەهۆی خراپیی دۆخی تەناهی و گرینگیی پۆستەکان بەمەبەستی چالاکیی سەربازی دژی ئامانجە بازرگانی، سەربازی و نەوتی دەریاییەکانەوەیە کە ناوی بەرپرسانی ئەو دوو پۆستە ڕاناگەیەنرێ. پاش ٦ مانگ لە گرتنی ڕەمزی، "خالید شێخ محەمەد" لە ٢٨ی مانگی فێبریەری ٢٠٠٣دا لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە گیرا و لە لێکۆڵینەوەکاندا دانی بەپێکهاتەی نوێی ئەلقاعیدەدا نا و ئاشکرا بوو کە ئەلقاعیدە پێنج گرووپی مەیدانیی جیهادی سەربەخۆ ئامادە دەکاتەوە بەو شێوەی کە بە هێزەکان ئەو ڕێکخراوەیە ڕێگە دەدات کە بەبێ ئاگەداری فەرماندەییی هەرەمی پێشوو لە کاتی پێوەندیی بەفەرماندەییی ناوەندی بەشێوەی سەربەخۆ کار بکەن بۆ ئەوەی تا ڕادەیەک لە بەدواچوونی تەناهی ڕزگاریان بێت. کاتێک خالید شێخ محەمەد گیرا، ئەلقاعیدە زۆر تووشی مەترسی نەبووەوە، چونکە خێرا لقی نوێی سەربەخۆ یەکسەر جێگری ئەو تۆڕە کرا کە لەلایەن خالیدەوە سەرۆکایەتی دەکرا.

ئێستە ئەلقاعیدە لە سەرتاسەری دنیادا ٥ گرووپی مەیدانیی هەیە و بەپێی ئەو پێکهاتە نوێیە تەنیا سەرکردەکانی سەرەکیی ئەو پێنج گرووپە مەیدانییە، ئەویش بەڕاوێژکردن لەگەڵ یەک لە پێوەندییان، ئەمەش بەبێ ئەوەی هیچ گرووپێکی مەیدانی پێویستی بەگرووپەکەی تر هەبێ.

هەریەک لەو گرووپە مەیدانییانە لەلایەن کەسێکەوە سەرۆکایەتی دەکرێ کە بریتین لە:



– ئوسامە بن لادن، دامەزرێنەر و سەرۆکی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە.

– ئەیمەن ئەلزەواهیری، کەسی دووەمی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە.

– مستەفا ئەحمەد ئەلحەساوی ناسراو بە "شێخ سەعید"، بەرپرسی دارایی و نەناسراوترین ئەندامی ئەلقاعیدە، چونکە دەزگە هەواڵگرییەکان هەواڵی زۆر کەمیان لەبارەی ناوبراوەوە هەیە.

– ئەبومحەمەد ئەلمیسری، کەسێکی سەیرە و بەرپرسیاریەتیی پروپاگەندەی ئەلقاعیدەی لە ئەستۆیە. ئەلمیسری ئەو کارە لە بنکەی "خۆستی باکور"ەوە دەکات، بەڵام پاش ڕووخانی تالیبان لەگەڵ ئوسامە بن لادن و ئەیمەن ئەلزەواهیری ژیانێکی شاراوەی دەست پێ کرد. پسپۆڕانی بواری هەواڵگری پێیان وایە ئەو کاسێت و ڤیدیۆیانەی کە ئوسامە بن لادن بڵاویان دەکاتەوە لەلایەن ناوبراوەوە تۆمار دەکرێن.

– مەدحەت مەرسی ناسراو بە "ئەبوخەباب"، بەرپرسی پێشووی یەکەی لێکۆڵینەوە و دروستکردنی چەکی کیمیایی و ئێستە فەرماندەی "بەتالیۆنی ٥٥"ە. ئەو بەتالیۆنە بەرپرسیاریەتیی پاراستنی گیانی ئوسامە بن لادنی لە ئەستۆیە.

ئەوەی کە لەبارەی ئەو ٥ سەرکردەوە گرینگە ئەوەیە کە ئەوان ئەرکی فەرمانڕەواییی خۆیان بەشێوەی بەردەوامی ڕۆژانە و ڕاستەوخۆ ئەنجام نادەن، بگرە چالاکییەکانیان وەک کۆمپانیا چەند نەتەوەییەکانن بەو مانایەی کە بەدیاریکردنی ئامانجی گشتیی ستراتێجی، داڕشتن و بەجێگەیاندنی دەخەنە ئەستۆی کەسانی خوار خۆیانەوە تا بەپێی پێویست و بۆچوونی خۆیان کاری لەسەر بکەن.

## پێنج گرووپی مەیدانی

بەپێی ئەو بەڵگانەی تا ئێستە ئاشکرا بوونە، فەرمانەدەی هەر مەیدانێک دەسەڵاتی تەواویان هەیە و پێوەندیی و ڕاوێژیان لەگەڵ سەرکردە سەرەکییەکانی تۆڕە سەربەخۆ ناوخۆیییەکانی ئەو

ڕێکخراوەشدا هەیە.

دابەشکردنی جوگرافیای ئەو مەیدانانە بەو شێوانەن:

١- مەیدانی هیندستان و پاکستان:

برێتیە لە پاکستان، هیندستان و ئەفغانستان. ئەو مەیدانە لەلایەن "ئەمین ئەلحەق" ناسراو بە "موجاهیدی خالس" سەرۆکایەتی دەکرێ. ناوبراو چالاکییەکانی چەند تۆڕی جیهادی ناوەخۆشی لە ئەستۆیە کە برێتین لە:

- "سوپای محەمەد" بەسەرۆکایەتیی "مەولەوی مەسعوود ئەزهەر".

- "بزووتنەوەی شەڕوانانی کەشمیری" بەسەرۆکایەتیی "سەید سەلاحەدین".

- "کۆمەڵی ئیسلامیی کەشمیر" بەسەرۆکایەتیی "عەبدولڕەشید ئەلتەرابی".

٢- مەیدانی ناوچەی ئاسیای ناوەندی:

وەک ئۆزبەکستان، چەچان، گورجستان و باشووری چین کە لەلایەن "تاهیر یولداشیف"ەوە سەرۆکایەتی دەکرێ و چاودێریی ٤ تۆڕی ناوەخۆیش دەکات کە برێتین لە:

- "بزووتنەوەی ئیسلامیی ئۆزبەکستان" کە یولداشیف دامەزرێنەریەتی.

- "ڕێکخراوی موجاهیدینی عەرەبی چەچان" کە لەلایەن "ئەمیر خەتاب" دامەزراوە کە پاش کوشتنی ئەو "ئەبولوەلید عەبدولعەزیز ئەلغامدی" سەرۆکایەتیی دەکات.

- "تۆڕی ئەلتەوحیدی و ئەلجیهاد" لە ناوچەی بەنکیسی گورجستان بەسەرۆکایەتیی "ئەبوئەلعەتییە".

- "بزووتنەوەی ئیسلامیی ئویغورەکان" کە لە پارێزگەی زین جیانگی چین جێگیر بوونە و لەلایەن "ئوجیماندی عەباس" سەرۆکایەتی دەکرێ.

٣- مەیدانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا:

برێتییە لە ئەندەنووسیا، مالیزیا، فیلیپین. پێشتر "ڕەزان عەسام ئەدین" ناسراو بە "حەنبەلی" لەلایەن ئەلقاعیدەوە بۆ سەرۆکایەتیی ئەو مەیدانە دیاری کرابوو و پاش گرتنی لە مانگی ئۆگستی ٢٠٠٢ لە تایلەند، نێزیکترین کەس لە ناوبراوەوە بەناوی "سومیرۆ" ناسراو بە "ذوالقرنین" سەرۆکایەتیی گرتە دەست و کاروباری ٥ گرووپی خستووەتە ژێر چاودێریی خۆی کە برێتین لە:

- "کۆمەڵی ئیسلامیی ئەندەنووسیا" دامەزرێنەری ئەو گرووپە ناوی "ئەبوبەکر بابشیر"ە کە بەهۆی پیربوونی لە ساڵی ١٩٩٤دا سەرۆکایەتیی ئەو گرووپەی ڕادەستی حەنبەلی کرد. پاش گرتنی حەنبەلی کەسێک بەناوی "زوالمەتین" ناسراو بە "شاز" و لە کەسانی نێزیکی ئەو سەرۆکایەتیی گرووپەکەی گرتە دەست. "شاز" هەمان کەسە کە لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی

٢٠٠٢دا پلانی چاندنی بۆمبی "بالی" داڕشت و بەڕێوەی برد.

– "گرووپی سەربازیی جیهادی ئەندەنووسیا" بەسەرۆکایەتیی "جەعفەر ئەبوتاڵیب"

– "کۆمەڵی ئیسلامیی مالیزی" بەسەرۆکایەتیی "یەزید سەفعەت"

– "کۆمەڵی ئەبوسەیافی فیلیپین" بە سەرۆکایەتی "عەبدوڕەزاق جەنجەلانی" ناسراو بە "ئەبوسەبایا"

– "بەرەی ئیسلامیی ڕزگاریخوازی مۆرۆ" بەسەرۆکایەتیی "ئوستافا زاریف گولابی".

٤– مەیدانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداو:

وەک عەرەبستانی سعوودیە، یەمەن، کوێت، عێراق، ئوردن، تورکیا و لبنان. سەرەتا ئەلقاعیدە "عەبدوڕەحیم ئەلناشری" بۆ سەرۆکایەتیی ئەو مەیدانە هەڵبژارد، بەڵام پاش گرتنی ناوبراو لە ئیمارات لەلایەن هێزەکانی دەزگەی هەواڵگری ئەمەریکاوە لە مانگی سێپتێمبەری ٢٠٠٢دا "سالیم تالیب سنان ئەلحارسی" ناسراو بە "ئەبوعەلی" سەرۆکایەتیی ئەو مەیدانەی پێ سپێردرا. ئەبوعەلی لە مانگی نۆڤێمبەری ٢٠٠٣دا بەهۆی هێرشی ئاسمانی بەباڵەفڕی شەڕوانی بێسەرنشینی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ سەر پریداتۆر لە یەمەن کوژرا و "محەمەد حەمدی ئەلاهیدل" جێگەی گرتەوە. تا ئێستە ئاشکرا نەبووە کە ئاخۆ ئەلاهیدل لە شەڕ لەگەڵ هێزەکانی یەمەندا کوژراوە یا خۆی شاردووەتەوە.



بەڵام ژمارەیەک لە پسپۆڕان پێیان وایە کە کەسێکی مەغریبی بەناوی "عەبدولکەریم ئەلمجاتی" جێگەی ئەوی گرتووەتەوە. ئەلمەجاتی لەلایەن هێزە تەناهییەکانی عەرەبستانەوە بەدوایدا دەگەڕێن و بەپێی ئەو زانیارییانەی بەردەست کەوتوون ناوبراو دەستی لە تەقینەوەکانی تورکیادا هەبووە و ئەندامی سەرەکیی تۆڕی "ڕێکخستنی خۆبەختکەرانی ئەورووپاییی جیهاد لە عێراق" بووە. ناوبراو هەروەها چاودێریی کاروباری مەیدانی ڕۆئاوای عەرەبیش دەکات و پێوەندیی بەتەقینەوەکانی دارئەلبەیزای ساڵی ٢٠٠٢ و تەقینەوەکانی مەدرید لە ساڵی ٢٠٠٤دا هەبووە. ئەلمجاتی پاش دواکەوتنی هێزە تەناهییەکانی عەرەبستان لەگەڵ ١٤ کەسی تر لە ساڵی ٢٠٠٥دا کوژران و تا ئێستە دیار نییە کێ جێگەی گرتووەتەوە.

ئەو مەیدانەی کە ئەلجاتی سەرۆکایەتیی دەکرد، سێ بەتالیۆنی سەربازیی هەبوو و یەکێک لە گەورەترین یەکەکانی چالاکییە و لە ناوچەی کەنداو بەتایبەت عەرەبستان یەمەن و کوێت چالاکییان هەیە. هەروەها چالاکیی پێنج تۆڕی ناوەخۆییی خستووەتە ژێر چاودێرییەوە کە بریتین لە:

– "ئەنسار ئەلقاعیدە لە دوورگەی عەرەب"، ئەمە ئەو ناوەیە کە سەرکردەکانی سعوودی ئەلقاعیدە لە خۆیان ناوە. سەرکردەی ئەو گرووپە "یوسف ئەلعیری" بوو کە لە ساڵی ۲۰۰۲دا کوژرا. پاشان "عەبدولعەزیز عیسا ئەلمقرەن" ناسراو بە "ئەبوهاجەر" جێگەی ئەوی گرتەوە و ئەویش دواتر کوژرا. "سعوود بین حەموود ئەلعەتیبی" بووە ڕابەری ئەنساری ئەلقاعیدە. ئەو ڕێکخراوەیە لە هێرشی خۆکوژی بۆ سەر کەشتیی شەڕوانیی ئەمەریکا بەناوی "کول" و کەشتیی نەوت گواستنەوەی فەرەنسایی "لیمبۆرگ" لە کەنارەکانی یەمەن لە ساڵانی ۲۰۰۰ و ۲۰۰۲دا دەستی هەبووە. دواتر سەرکردەی ئەو ڕێکخراوە لە هێرشی هێزە تەناهییەکانی عەرەبستان هاتە کوشتن.

– "ڕێکخراوی سلفیۆنی کوێت" بەسەرۆکایەتیی "خالید بین عیسا ئەلسولتان".

– "سوپای عەدەن ئەبین" بەسەرۆکایەتیی "تاریق ئەلفەزلی".

– "ئەنسار ئەلقاعیدە" لە یەمەن بەسەرۆکایەتیی "محەمەد ئەبوغەیس"

لقی دووەمی ئەو مەیدانە تایبەتە بەعێراق و ۳ ڕێکخراوی جیهادی هاوپەیمانیی لەگەڵ ئەلقاعیدەدا هەیە کە بریتین لە:

– "کۆمەڵی تەوحید و جیهاد" کە لەلایەن "ئەبومەسعەب ئەلزەرقاوی" سەرۆکایەتی دەکرا.

– "بزووتنەوەی ئەنسار و ئیسلام" بەسەرۆکایەتی "مەلا کرێکار".

– "سوپای ئەنسار ولسونە لە عێراق" بەسەرۆکایەتیی "ئەبوعەبدولحەسەن بین مەحموود".

ئوسامە بین لادن لە مانگی دیسێمبەری ۲۰۰٤دا لە کاسێتێکی ڤیدیۆییدا زەرقاوی بۆ پۆستی فەرماندەییی هەموو هێزەکانی ڕێکخراوی جیهادی عێراق ناسراو بە "جیهاد لە وڵاتی ڕافیدین" هەڵبژارد.

لقی سێیەم کە ئوردن، لبنان و تورکیا دەگرێتەوە و بریتین لە:

– "بزووتنەوەی سەلەفیەی ئوردنی" بەسەرۆکایەتیی "ئەبومحەمەد ئەلمقەدەسی".

– "عەسەبەی ئەنسار"ی لبنان بەسەرۆکایەتیی "عەبدولکەریم ئەلسەعدی" ناسراو بە "ئەبومەحجن"

– "بەرەی ئیسلامیی سوارانی ڕۆهەڵاتی گەورە" لە تورکیا بەسەرۆکایەتیی "حەبین ئاقداش".

٥– مەیدانی ڕۆئاوای عەرەبی:

ئەو مەیدانە ۱۱ حکوومەتی ئەوروپایی و باکوری ئەفریقا (ئەڵمانیا، فرەنسا، بەریتانیا، پۆڵەندا،

بەلجیکا، ئیتاڵیا، ئیسپانیا، ئەلجەزایر، تونس، مەغریب و لیبیا) دەگرێتەوە. لە سەرەتادا عەبدولکەریم ئەلمەجاتی سەرۆکایەتیی ئەو مەیدانە و گرووپە نهێنییەکانی تورکیا و مەدریدی لە ئەستۆ بوو، بەڵام دیار نییە بەگواستنەوەی ئەو سەرکردەیە بۆ مەیدانی کەنداو چ کەسێک بەرپرسیاریەتیی ئەو مەیدانەی وەرگرت یا ئەوەی ئەلمەجاتی سەرۆکایەتیی هەردوو مەیدانەکەی لە ئەستۆیە یا نا.

لەم مەیدانەدا ١١ گرووپی جیهادی هەیە کە پێوەندییەکی زۆر نێزیکیان پێکەوە هەیە و لە هەموو ئەو وڵاتانەی لە سەرەوە ناویان هات چالاکییان هەیە. ئەو گرووپانە برێتین لە:

- "کۆمەڵی سەلەفیەی داوای شەڕی ئەلجەزایر" بەسەرۆکایەتیی "ئەبومەسعەب عەبدولوەدوود". ناوبراو سێیەمین کەس بوو کە لە دوای "حەسەن خەتاب" دامەزرێنەری گرووپ و جێگرەکەی "نەبیل سەحراوی" ناسراو بە "ئەبوئیبراهیم مستەفا" وەک سەرۆکی ئەو کۆمەڵە دەستنیشان کرا.

- "باڵی سەلەفیەی ئەلجیهاد"ی مەغریب بەسەرۆکایەتیی "محەمەد ئەلفیزازی" کە ناوبراو پاش تەقینەوەکانی دار ئەلبەیزا سزای ٢٠ ساڵ گرتنی بۆ دەرچوو.

- "ڕێکخراوی ڕێگەی ڕاست"ە مەغریب بەسەرۆکایەتیی "میلودی زەکەریا".

- "کۆمەڵی کۆچ و تەکفیر"ی مەغریب بەسەرۆکایەتیی "داوود مەخمەلی".

- "کۆمەڵی ئیسلامیی شەڕوانان"ی مەغریب کە لەلایەن عەبدولکەریم ئەلمەجاتیەوە دامەزرا.

- "کۆمەڵی ئیسلامیی شەڕوانانی لیبیایی". ئەم گرووپە لەلایەن "محەمەد بین فازڵ" دامەزرا و "عەبدولا ئەلسادیق" سەرۆکایەتیی لە ئەستۆ بوو.

- "کۆمەڵی ئیسلامیی شەڕوانانی تونس" بەسەرۆکایەتیی "تاریخ مەعروفی" کە چاودێریی چالاکیی گرووپەکان لە بەلجیکا و ئیتاڵیای دەکرد و ئێستە لە برۆکسل گیراوە.

- "ڕێکخراوی سونەت و جەماعەی تونس" بەسەرۆکایەتیی "نەزار تەرابلسی" کە ناوبراویش لە برۆکسل گیراوە. ئەو ڕێکخراوە چاودێریی کاروباری لقەکانی بەلجیکا و پۆڵەنداش دەکات.

- "کۆمەڵی ئیسلامیی تونس" بەسەرۆکایەتیی "عەلی بین تاهیر"، ناوبراو ئێستە لە تونس گیراوە.

- "ڕێکخراوی ئەنسارولشەریعە" لە لەندەن بەسەرۆکایەتیی "ئەبوحەمزە میسری".

- "ڕێکخراوی ڕاگوێزراوان" بەسەرۆکایەتیی "عومەر بەکری محەمەد".

سەرچاوە: ئەلمەجەلە

http://altohid.com/index.php/1388-03-27-12-14-46/184-1388-04-14-11-37-40

# ئێران و ڤەنزوێلا

## "هاوپەیمانیی تووڕەکردن"

کەیڤن هاک حەکیمزادە

لە سێپتێمبەری ٢٠٠٧، سەرۆکی ئێران مەحموود ئەحمەدی نەژاد بەسەردانێک گەیشتە نیویۆرک، سەردانێک لامل. وێڕای پێشکێشکردنی وتارێک لە کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان (یوئێن)، کارنامەی ئەحمەدی نەژاد زانکۆی کۆلۆمبیاشی تێدا بوو، داوەت کرابوو وتارێک پێشکێش بکا لە زانکۆکە. ئەمە مقۆمقۆیەکی گشتی لێ کەوتەوە بەچەند ڕۆژێک پێش ئەوەی بگات. لەبەر پاڵەپەستۆی گشتی، سەرۆکی زانکۆکە، لی بۆلینگە، هەموو شتێکی کرد تا پێشوازییەکی سارد لە ئەحمەدی نەژاد بکا. بۆلینگە بەم شێوەیە ئەحمەدی نەژادی، ئەو پیاوەی نکوڵی لە هۆلۆکۆست دەکات، ناساند: پیاوێک وا دێتە بەرچاو کێماسیی "بوێریی ڕۆشنبیری" هەبێ و لەوانەشە "زۆر شارستانی" بێ. لە درێژەی ناساندنیدا، بۆلینگە گوتی سەرۆکی ئێران "هەموو نیشانەیەکی دیکتاتۆرێکی توند و پڕ لە کێماسی" پێشان داوە.

لە کاتی گەڕانەوەیدا، ئەحمەدی نەژاد سەرێکی لە ئەمەریکای لاتین دا. یەکەم شوێنی کاراکاس بوو، لەوێ سەرۆکی ڤەنزوێلا هیوگۆ شاڤێزی هاوڕێی وەک برایەکی لەدەستچووی لەمێژینە پێشوازی لێ کرد. شاڤێز بە ئەحمەدی نەژادی گوت ئەو ڕەخنانەی بەرەو ڕووی کرانەوە لە زانکۆی کۆلۆمبیا بە "مەزنی شۆڕشگێڕێک" وەسفیان دەکات.

پێوەندیی نێوان ڤەنزوێلا و ئێران بەم شێوەیە. هاوپەیمانیی هەردوو وڵاتی کەللەڕەق زیاتر کەفوکوڵە نەک ڕاستی. بەڵام، ئەوەندەی نێوانیان بەسە ببنە مایەی نیگەرانی. شاڤێز و ئەحمەدی نەژاد بەنوێژی نیرِوانێ هاوپەیمانیەتیی سازانیان بەست لەسەر بنچینەی هاوکێشەی دژە ئەمەریکانیزم. نیشتمانی هەردووک ئەوەندە ناسازە وای کردووە هەوڵە هاوبەشەکانیان بەڵێن و

............................................................

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلزییەوە: گۆران سەباح

وتاری بەتاڵیان لێ بکەوێتەوە. جێی داخە، هێرشە زارەکییەکانیان لە دژی "ئیمپریالیزم"ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناتوانرێ وەها ئاسان بێنە تێپەڕاندن. بەرزبوونەوەی نرخی نەوت وای لە هەردوو سەرکردە کردووە بتوانن بەکردار پاڵپشتی گوتەیلی شەڕانگێزیان بکەن. لەبەر هەندێ، سینسیا ئانسن، لە سەنتەری نێودەوڵەتیی ودرۆ ویلسن بۆ سکۆلەرەیل، دەپرسێ ئاخۆ ئەو پێوەندییە هەڕەشەیە بۆ سەر ئەمەریکا یان تەنیا برێتییە لە "هاوپەیمانیی تووڕەکردن."

## ئەحمەدی نەژاد چی دەوێ

ئەو بایەخەی ئەمڕۆ ئێران بەڤەنزوێلای دەدا شتێکی ڕێژەییانە نوێیە. لە کاتێکدا چەند نموونەیەک هەن لەبارەی بازرگانیکردنی ئێران لەگەڵ ئەمەریکای لاتین، بەتایبەتی لەگەڵ کوبا و بەڕازیل، ئاستەیلی هەنووکەی نێزیکبوونەوەی ئێران کارێکە تازە. بایەخی جیدی لە ٢٠٠٥وە دەستی پێ کرد لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەحمەدی نەژاد، کە جڵەوی سەرۆکایەتی گرتە دەست بەنیازی بەکارهێنانی سیاسەتێکی نوێی شەڕانگێزی دەرەوە بۆ وەستانەوە لە دژی هەوڵی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ پەراوێزکردن و لەکەدارکردنی شۆرەتی نێودەوڵەتیی ئێران. لەو سۆنگەوە، خێرا خێرا خۆی لە سەرکردەیلی "نوێی چەپ" لە ئەمەریکای لاتین نێزیک کردەوە کەوا پشتیان لە واشنتۆن کردبوو.

ئەحمەدی نەژاد وەڵامی ڕێژیمێک دەداتەوە کە پێ دادەگرێ لەسەر مسۆگەرکردنی ئەوەی ئێران ڕۆڵێکی زاڵی هەبێ لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و دەفەری کەنداوی فارس. وڵاتە یەکگرتووەکان دەسەڵاتی پێشەنگ بووە لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست پێش لەدایکبوونی کۆماری ئیسلامی، ئەمە هەلومەرجێک بوو کە هەردەم لەلایەن مەلا حوکمڕانەکان ڕەت دەکرایەوە. هەنووکە، لەگەڵ ئەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان قووڵ تێوە گلاوەتە ناو وڵاتەیلی ئەمبەر و ئەوبەری ئێران، ئەحمەدی نەژاد وای بۆ دەچێ کە وا لە بەرژەوەندیی ئێران دەبێ ئەگەر بێو واشنتۆن لەبارەی چەند پرسێکەوە هەڵبچوێنێ. ئەمە یەکێکە لەو هۆیانەی ئێران دەست وەردەداتە نێو عێراق و ئەفغانستان بەهۆی پشتگیریکردنی حزبوڵا، دەست هەڵناگرێ لە چەکی ناوەکی، هەروەها پێوەندییەکی بەهێز لەگەڵ ڤەنزوێلا و ئەمەریکای لاتین دروست دەکات. واقیعی ئەوەی کە شاڤێز ڕقی لە وڵاتە یەکگرتووەکانە هەلێکی جیوپۆلەتیکی وا دەڕەخسێنێ کە وا ئەحمەدی نەژاد بەپێی ئایدیۆلۆجیاکەی ناتوانێ بەسەریدا باز بدا.

## شاڤێز چی دەوێ

شاڤێز دەیەوێ ئێران شەریکی بێ لە پەرتکردنی شۆڕشی "بۆلیڤاری" لە ناوچەکەدا. شاڤێز سامانێکی گەورەی نەوتی لەبەردەستە، بەڵام بەنرخی ئەمڕۆی نەوتیشەوە، سەرچاوەکانی هەر

سنووردارن. خواستە هەرێمی و جیهانییەکانی ڕۆژ بەڕۆژ گرانتر دەبن. شاڤێز پێوەندیی لەگەڵ ئێران لە ٢٠٠١دا دەست پێ کرد، زیاتر وەک ناوەندەیلی فرەلایەنکردنی بازاڕی هەناردنی ڤەنزوێلا. هەر کە ئەحمەدی نەژاد هاتە سەر حوکم، مەنجەڵ و قەپاخ یەکتریان دیتەوە، چونکە بەرژەوەندییەکانیان چوونیەکن. شاڤێز تەنێ بەڤەنزوێلا دڵی ئاو ناخواەوە. ئەوەندە بەرز لە خۆی دەڕوانێ کە خۆی وەک سەرکردەی ڕاپەڕینێکی میللی دێتە بەرچاو لە دژی "ئیمپریالیزم"ی ولاتە یەککگرتووەکان.

لە زۆربەی ئەمەریکای ناوەڕاست و باشووردا دەستی خۆی وەشاندووە. یارانی بەهێزی شاڤێز سەرۆکایەتییان لە نیکاراگوا، ئیکوادۆر و بۆلیڤیا بەدەست هێناوە. لە کاتی لووتکەی ولاتانی ئەمەریکای باشوور و ناوەڕاست لە ماردەلپلاتا، ئەرجەنتین لە ٢٠٠٥، شاڤێز وتارێکی توندی پێشکێشی ٢٥ هەزار کەس کرد. وتارەکە لە دژی بازرگانیی ئازادیی ولاتە یەککگرتووەکان بوو لە ولاتانی ئەمەریکای باشوور و ناوەڕاست و لە دژی بوونی جۆرج بوش بوو لەوێ. شاڤێز ئاپۆڕەکەی بەشێوەیەک گڕ و دا و تووڕە کرد کە خۆپێشاندانیان کرد و توندوتیژی و دەمارگیری لێ کەوتەوە. ئەمە وای لە سەرۆک بوش کرد خێرا گەشتەکەی لە ناوچەکە تەواو بکات.

شاڤێز دوژمنێکی مار ئاسایە بۆ ئەوانەی دژی هەڵوێستی دژە ئەمەریکای ئەو دەوەستنەوە. پێوەندیی ئەو لەگەڵ کۆلۆمبیا تێک چوو لەسەر پێوەندیی نێزیکیی ئەوەی دوایی لەگەڵ ولاتە یەککگرتووەکان. تا بەم دواییانەش، شاڤێز هاوپەیمانێکی بەنرخی هێزەیلی چەکداری شۆڕشگێڕی کۆلۆمبیا (فارک FARC) بوو، کە بۆ ماوەی چوار سەدەیە یاخییە لە دژی حکوومەتی کۆلۆمبی. لە ماوەی بوریدا، دانی نا بەفارک وەک هێزێکی ڕەوای شۆڕشگێڕ و لەوانەشە کۆمەکی دارایی و کەلوپەل و داڵدەدانی کردبن. بەڵام، سەلماندی کە هاوپەیمانێکی حولحولییە. هەر کە هەندێ لە کەمەکییەکانی بۆ فارک ئاشکرا بوون، یەکسەر ڕۆژنامەوانی هێرشیان کردە سەر ڤەنزوێلا، بۆیە بەخێرایی پشتی لە فارک کرد. بەم دواییانە گوتی بزووتنەوەی گەریلا "بوونی نییە" لە ئەمەریکای لاتین.

## جیاوازەیلی سیاسی

شاڤێز شۆڕشی ئێرانی بەشۆڕشی بۆلیڤاریی خۆی چواند. بەڵام، بێ لەوەی هەردوو ولات سیستەمێکی گەندەڵیی دامەزراویان ڕووخاند، هەردوو شۆڕش زۆر لە یەکتر جیاواز نەبوون. سیستەمەیلی سیاسی کە بەری هەر شۆڕشێکیان بوو، جیاوازەیلی نێوانیان دەخاتە سەر پشت.

ئەحمەدی نەژاد، کە مەلا نییە، دەنگێک نییە تەنێ لە سیاسەتی ئێران یان دوا دەسەڵات نییە لەمەڕ پرسەیلی بەمشتومڕ. ئەم ڕۆڵە تەنێ هیی ئایەتوڵا خومەینییە، سەرۆکی باڵای ئێران. سیستەمی حوکمڕانیی ئێران پێویستی بەوەیە ئەحمەدی نەژاد "تەماشای سەرووی خۆی بکا" تا

ئەوە دڵنیا بکاتەوە کە بەرژەوەندیی مەلایەلی حوکمڕان بپارێزێ. ئەم سیاسەتە گەورەترین جیاوازییە لە نێوان ئەحمەدی نەژاد و شاڤێز، کە پێ دەچێ وەڵامی هیچ جیاوازییەک نەداتەوە.

شاڤێز هانی لە ڕێگەی راپرسییەوە پشتگیریی خەڵک مسۆگەر دەکات بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی ڕەها لە ڤەنزوێلا. وڵات دەستوورێکی نوێی لە ١٩٩٩ پەسەند کرد کە کۆماری بۆلیڤاریی ڤەنزوێلای دروست کرد و ڕێگەی بەسەرۆک دا دوو جار ببێتەوە سەرۆک.

دەنگدەر دەسەڵاتی شاڤێزی بەهێزتر کرد بەهۆی پەسەندکردنی دوو لقی زیادەی حکوومەت، وێڕای دەسەڵاتەیلی جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری. لقی هەڵبژێرەری شاڤێز و لقی "هاووڵاتییان" یان "ئەخلاقی" هەلی ئەوەیان پێ دا حکوومەتەکەی پڕ بکاتەوە بەهاوڕێ دڵسۆزەکانی کە هەردەم یارمەتی دەدەن لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە. هەموو ئەمانە یاسایین، چونکە هەڵبژاردنەکانی ڤەنزوێلا نێزیکەی لە تەواوی دنیا بەدادوەرانە هاتە ناسین.

دوای ئەم هاوکێشەیە، شاڤێز توانی دەسەڵاتەیلی نیوە ئۆتۆکراتی لە ڤەنزوێلا بەدەست بێنێ. تا ئێستەش ئۆپۆزیسیۆنی هەیە: هەڵبژێرەر هەوڵی ئەوەی ڕەت کردەوە بۆ دەسەڵاتی ڕەها لە راپرسییەکی ٢٠٠٧دا. بەڵام، لە داهاتوویەکی نێزیکدا سیاسەتی ڤەنزوێلا ئەو سیاسەتە نابێ کە تێیدا شاڤێز ناچار بێ زۆرجار "تەماشای سەرووی خۆی بکا" بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ ئەنجامدانی کارەکانی.

## جیاوازەیلی ئایدیۆلۆجی

گرینگ نییە هەردوو سەرۆک بڵێن چەندە لە یەکتر نێزیکن، ناکۆکییەکی بنەڕەتی لە پێوەندیی نێوان ئێران و ڤەنزوێلادا هەیە کە یەکێ ناتوانێ پشتگوێی بخات. یەکگرتنەکەیان بریتییە لە هاوپەیمانێک لە نێوان چەپڕۆ، حکوومەتی سۆشیالیستی و پارێزکاری، حکوومەتێکی ئاینی. تا بەپێی ئایدیۆلۆجەیلی سیاسی بێ، ئەم دووە وەک نەوت و ئاو وان. ئەم ناکۆکییە ئاشکرا بوو لە سێپتێمبەری ٢٠٠٧، لە کۆنفرانسێک کە لەلایەن قوتابییانی زانکۆی تاران رێک خرابوو، وەک هەوڵێک بۆ پێشاندانی هاوتەریبی نێوان شۆڕشی کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوەی سۆشیالیستی ئەمەریکای لاتین. چیرۆکی کۆنفرانسەکە، کە لەلایەن پەیامنێری خزمەتگوزاریی نێودەوڵەتی رۆژنامەوانی کیما ساناتی نووسرا، وەک شانۆی "کۆمیدیای هەڵەکان"ی (شکسپیر)ە.

کۆنفرانسە پلان بۆ دارێژراوە چوار ڕۆژییەکە بوو بەمایەی شەرمەزاری بۆ ڕێکخەرانی هەر چەند سەعاتێک دوای دەست پێکردنی. هەروەک لە ناونیشانیدا دیارە، (چی وەک چامران)، کۆنفرانسەکە نیازی برەودان بوو بەلێکچوونی نێوان چی گیڤارا و مستەفا چامران وەک دوو شۆڕشگێڕ کە شان بەشانی یاخیبووان لە وڵاتەیلی تر شەڕیان کرد بوو.

گیڤارا، سەرکردەی شۆڕشی کوبی، زۆربەی کاتەکانی لە ناوەڕاستی شەستەکان

بەناسـەرکـەوتـوویی بردە سـەر لەپێناو گـوتنەوەی شـۆڕشـەیلی سـۆشـیـالیـسـتی لـە ئەفـەریقـا و ئەمەریکای ناوەڕاست پێش ئەوەی بێتە گرتن و لەدار بدرێ لە بۆلیڤیا لە ١٩٦٧ نەوەکانی، ئەلیدا و کامیلۆ، وەک میوانی داوەتی کۆنفرانسەکە بوون.

چامـران، ئەندازیارێکی ڕۆشنبیری ئـەمەریکایی و ئیسـلامیست بوو، شـان بەشـانی گەریلاکانی ئەمـەل شـەڕی کرد لە باشـووری لبنان لە کۆتـاییی حـەفـتـاکـان. لە سـەرەتای شـۆڕشـی ئێـرانیـدا، ئایەتولڵا خـومەینی چامـرانی کردە وەزیری بەرگری. لە ١٩٨١دا هـاتە کوشـتن لە کـاتی ڕابەریکردنی هێزەیلی نیوە سەربازی ئێرانی لە یەکەم قۆناخی شەڕی ئێران – عێراقدا.

کێشـەیلی کـۆنفرانس بەیەکـەم قسـەکەر سـەعید غاسمی دەسـتیـان پێ کرد، غـاسـمی کـار دەکات لەگەڵ یەکێک لە ڕێکخـراوەیلی سـەربازیی ئێران. هـەر کە کتێبێکی وەرگێڕاوی گیڤـاڕای بەدەستەوە گرت، گـوتی "چی مرۆییێکی ئاینی بوو و باوەڕی بەخـوا بوو" و "فیدڵ و چی هـەرگیز سـۆشیـالیست یان کـۆمـەنیست نەبوون," و "گـەلی کـوبا رقیان لـە یەکەتیی سـۆڤییـەت بوو بۆ هـەمـوو ئەو کـارانەی ئەنجـامیـان دابوو." درێژەی پێدا و گـوتی "ئەمـرۆکە، کـۆمـیـۆنیـزم فـرێ دراوەتە ناو زبڵدانی مێـژوو، وەک چـۆن ئایەتولڵا خـومـەینی پێشبینی کـردبوو،" و هـەروەهـا تاکە ڕێگە بۆ ڕزگارکـردنی دنیا بەهـۆی "بزووتنەوەی ئاینی و دادوەری" بوو. ئەم جـۆرە زمـانە ڕەنگە باو بێ لە کـۆمـاری ئیسـلامیـدا، لەوێ سـۆشـیـالیـزم نایاسـاییـیـە و سـزای مـردنی لەسـەرە، بـەڵام لە کـۆنفـرانسـێکی وادا کـە نەوەی چی میوانین شـەرمـە وشـەیەکیشی لەبارەوە بێتە گوتن.

وای بۆ دەچـم، ئەلیـدا خـێـرا توورە و هـەڵچـوو بێ. لە وتارەکـەیدا، شـکـۆمـەندان وەڵامی غـاسـمی دایەوە، ئامـۆژگـاری کـرد کـەوا "هـەردەم بگەڕێتـەوە سـەر سـەرچاوەیلی بنەڕەتی نـەک وەرگـێـڕان بۆ دەرککردن بە باوەڕەیلـی چی گـیڤـاڕا." لە جیـاتی گـەلی کـوبا "قـسـەی کـرد... کـەوا سـوپاسگـوزاری یەکـەتیی سـۆڤییـەت بوون" و هـەروەهـا گـوتی کـە باوکی "هـەرگـیـز باسی خـوای نەکـردووە و قـەتیش خوای نەبینیوە، هـەروەهـا دەیزانی ڕاسـتی ڕەهـا بوونی نییە."

کـۆنفـرانسـەکـە فـەشـەلی هێـنا و شـەرمـەزاریی پێوە بـوو، سروشـتی خـەوشـەکـانی پێوەنیی ئـێران– ڤـەنزوێلای پێـشـان دا. هـەردوو وڵات هـاوپـەیمـانـی سـازاندنن لەسـەر بنـچـینەی تەنێ چـەنـد پرسـێک. هـەر کـامێکیـان هـەسـتی بەبردنەوەی ئەو پرسـانـە کـرد دەتوانێ لە پێوەندییـەکـە بچـێتـە دەرەوە، وەک ئەوە وایە کە ئایدیۆلۆجەیلی سیسای و بۆشاییی پانی کولتووری خێرا بەسـەر پراگـمـاتیزم دەکەوێ و خێرا هـاوڕێیەکی نێزیک بوونی نامێنێ.

## هـاریکاریی ئابووری

تـا ئێسـتـە، ڤـەنزوێلا و ئێران جـیـاوازەیلی سـیـاسـی و ئایدیۆلۆجیـیان بەلاوەناوە و تـا سـەر ئێـسـقـان کـاریان کـرد تـا پێـوەندییـەکی ئابووری و دیـپـلـۆمـاتی دروسـت بکـەن. هـەردوو وڵات نێـزیکـەی ١٨٠

پەیماننامەی ئابووری و سیاسییان ئیمزا کردووە. لە ساتەوەختێکی پارساڵدا، وەزیری دەرەوەی ئێران ئەو ڕێککەوتننانەی بە ٢٠ ملیار دۆلار خەملاند. بەڵام، ئەو ڕێککەوتننانە سەلماندوویان کە ڕێککەوتننەیلی گەورەی سیمبولین، چونکە هەردوو وڵات زۆر کەمیان پێیە لە ڕووی ئابوورییەوە پێشکێشی یەکتری بکەن. هەردووک پشت بەناردنی نەوت دەبەستن وەک ناوەندی سەرەکیی گەشەی ئابوورییان، پیشەسازییەکانی تریان هیچ نین بەبەراورد لەگەڵ بەرهەمی نەوتیاندا. هیچ کامیان پسپۆڕ نین لە پیشەسازەیل کەوا ئەوی تر تەواو بکەن و یان بتوانن کێبەرکێی بازاڕی دنیا بکەن بەبێ هاوبەشی حکوومەتەیلی تر.

بۆ نموونە، یەکەم ڕێککەوتنی شاڤێز لەگەڵ ئێران پێش هەڵبژاردنی ئەحمەدی نەژاد بوو. لە ٢٠٠١ و ٢٠٠٣ سەردانی تارانی کرد بۆ دانانی پێوەندییێک لەگەڵ حکوومەتی محمدی خاتەمی، کە هەڵبژاردنی وەک میانڕۆیەک لە ١٩٩٧ دەرگەی خستە سەرپشت بۆ چەندان وڵاتەیلی ئەمەریکای لاتین (بەبەڕازیلیشەوە) بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ ئێران. دوای پێوەندییەکی درێژکراوە، خاتەمی ڕازی بوو بەدامەزراندنی کۆمپانیایەکی هاوبەش بۆ بەرهەمهێنانی تراکتۆر لە سیوداد بۆلیڤار، ڤەنزوێلا. ئێران سەتا ٣١ی هەبوو لە کارگەی "ڤێنیران". ئەمڕۆکە، کارگەکە ساڵانە چوار هەزار تراکتۆر بەرهەم دێنێ، بەڵام بەهای ئابووریی تراکتۆرەکان بۆ ڤەنزوێلا سنووردارە و بەکەڵکی ئەوە نایەن ببن بەسیمبولی "گۆڕانی شۆڕشگێڕی" چونکە کوالیتییان زۆر خراپە. حکوومەت بەگرێبەست دەیدا بەو کارگانەی کە کار دەکەن لەسەر ئەو پارچە زەوییانەی کە سۆشیالیستەکان لە خەڵکی و خاوەنی کارگەیلی شەکرییان زەوت کردبوو، هەرچەندە هەندێ لەو تراکتۆرانە ڕەوانەی بۆلیڤیا و نیکاراگوا کراون وەک پاڵپشتییەک بۆ هاوپەیمانەکانی شاڤێز.

لەوەتەی ئەحمەدی نەژاد لە ٢٠٠٥ هاتووەتە سەر حوکم، هەردوو وڵات ڕێککەوتننامەیلی زیاتریان مۆر کردووە. لەوانەش دروستکردنی پێگە بایی چوار ملیار دۆلار لەلایەن ئێران بۆ گەڕان بەدوای نەوت لە دەلتای ئۆرینۆکۆ، کارگەیلی هاوبەشی دروستکردنی ئۆتۆمۆبێل بۆ بەرهەمهێنانی دوو جۆرە ئۆتۆمۆبێلی "دژی ئیمپریالیست"، چەندان ڕێککەوتننەیلی تر بۆ هاریکاریی یەکتر لە بەرهەمی کشتوکاڵی و شیرەمەنی.

ڤەنزوێلا وەڵامی ئەمانەی دایەوە بەدابینکردنی بەرهەمی پیترۆلی پاڵێوراو بۆ ئێران، چونکە توانای نییە گازۆرلینی تەواو بۆ خۆی بەرهەم بهێنێ.

ئەو هەوڵانە زیاتر سیمبولین، چونکە نەبوونەتە هۆی گەشەیەکی بەرچاوی ئابووری. دیمانەیەکی بەم دواییانە لەگەڵ بەڕێوەبەرێکی ئێرانی لە کارگەی ڤێنیران ئاشکرای دەکات کە بەهای ڕاستیی تراکتۆرەکان لە پەیامەکانیەتی بۆ واشنتۆن. کاتێ یەکەم پرسیاری لێ کرا لەبارەی مەرامی کارگەکە، بەڕێوەبەر ئێرانییەکە گوتی "بیرۆکە ئەوەیە یارمەتی براکانمان بدەین پەرە بەزەوییەکە بدەن،" بەڵام کاتێ پرسیاری لێ کرا ئەی ئەگەر مەبەست لە کارگەکە "پەنجەڕاکردن بێ لە چاوی بوش" چی، بەڕێوەبەرەکە خەنییەوە و سەری ئەرێنی لەقاند. وەبەرهێنان لە کارگەیەکی هاوبەشی

ئۆتۆمۆبێل ڕەنگە یارمەتیی هەردوو سەرکردە و بازنەی بچووکی هەوادارانیان بدا، بەڵام ئەمە کاریگەرییەکی زۆر کەمی لەسەر وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێت، یان هەر نایبێت. بەرهەمهێنانی تراکتۆر یان ئۆتۆمۆبێلی کوالیتی خراپ کە ناتوانن کێبەرکێی پشکێکی بازاڕی دنیا بکەن بەستراتیجی ئابووری نایەتە ژماردن. پلانێکی ئابووری بۆ بەهایەکی سیمبولی ڕەنگە هەر بێهێز بێ تا ئەو دەمەی نرخی نەوت هەر بەرز دەبێ، بەڵام بەرزیی نرخی نەوت و بنکەوتن لە وەبەرهێنانی ئەو نەوتەی ئێستە هەیەتی بێگومان بن بەژێرخانی ئابووری دەهێنێ.

## هاریکاریی دیپلۆماتی

بۆ پاراستنی ئارەزووەیلی جیۆپۆلەتیکی هەردوو سەرکردە، شاڤێز یارمەتی ئەحمەدی نەژادی دا پێوەندیی بەهێز دابنێ لەگەڵ حکوومەتەیلی نوێی بۆلیڤیا، نیکاراگوا و ئیکوادۆر. ئەحمەدی نەژاد گەشتەیلێکی کرد کە بەتەواوی زەق کراوەیەوە ئەوانیش: لە تەمووزی ٢٠٠٦ بۆ ڤەنزوێلا، لە جانیوەریی ٢٠٠٧ بۆ ڤەنزوێلا، نیکاراگوا و ئیکوادۆر. لە ٢٠٠٧ دیسان بۆ ڤەنزوێلا و بۆلیڤیا. لە دوایەمین گەشتیدا، بۆلیڤیا و ئێران پێوەندیی دیپلۆماتییان دانا و ڕێککەوتنەیلی ١٠٠ ملیۆن دۆلاریان مۆر کرد بۆ بەرژەوەندیی دارایی ئێران. ئێران باڵوێزخانەیەکی لە ماناگوا کردەوە و بەڵێنی ٣٥٠ ملیۆن دۆلاری بە نیکاراگوادا بۆ دروستکردنی بەندەرێکی قووڵی ژێر دەریایی و دروستکردنی لوولەی نەوت، هێڵی شەمەندەفەر و هێڵی خێرا. ئێران نووسینگەیەکی بازرگانی لە کویتۆ کردەوە لە جانیوەری ٢٠٠٨.

بەڵام، ئەوەندە بەدواداچوون نەبوو بۆ ئەم چالاکییە سەرێییانە. باری دارایی ئێران لە بۆلیڤیا هێشتا نەچووەتە قالبی مادیاتەوە، هەروەها دەنگۆی ئەوە هەیە دانییل ئۆرتێگا سەردانەکەی بۆ تاران ڕاگرتووە لەبەرئەوەی ئێران بەڵێنی دروستکردنی بەندەرەی نەبردووەتە سەر. جێی سەرنجە، کاتێ نرخی نەوت لە هاوینی ٢٠٠٨ لە لووتکەدا بوو، ئێران ڕەتی کردەوە ١٥٢ ملیار قەرز لە نیکاراگوا خۆش بێ، وێڕای ئەوەی ئۆرتێگا بەداوایەکی گشتیی فەرمی داوای لە ئێران کردبوو لە قەرزەکە خۆش بێ.

ئێران و ڤەنزوێلا بەردەوام پشتگیریی یەکتریان کردووە لە نەتەوە یەکگرتووەکان. ئێران بەردەوام بەدەستی گەمارۆیەلی یوئێن دەناڵێنێ لەبەر داخوازییەکانی بۆ دەستەبەرکردنی ناوەکی. لە ٢٠٠٦، کاتێ ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم بڕیارێکی دەرکرد بۆ سەرکۆنەکردنی ئێران، وڵاتەیلی وەک ڤەنزوێلا، کوبا و سووریا دژی وەستانەوە. دوای سەردانی ئەحمەدینیژاد بۆ نیکاراگوا لە سەرەتای ٢٠٠٧، دانییل ئۆرتێگا هاتە ناو لیستی بچووکی یاوەرانی ئێران. لە بەرانبەریشدا، ئێران پشتی هەوڵی بنکەوتووی ڤەنزوێلای گرت بۆ بەدەستهێنانی کورسییەک لە ئەنجوومەنی تەناهی لە ٢٠٠٦ ئەم هاوکێشەیە تا کۆتاییی ٢٠٠٨، کاتێ ئێران هەنگاوێکی کرچی هاوێشت بۆ وەرگرتنی کورسییەک لە ئەنجوومەنی تەناهی. پێ دەچێ هاوڕێیەیلی ئێران لە

ئەمەریکای لاتین چەند دەنگێکی کەم بووبن لەو ٣٢ دەنگەی ئێران لە دەنگدانی داخراودا بەدەستی هێنا.

لەپێناو ئارەزووی شاڤێز بۆ دۆزینەوەی هاوەڵێک بۆ تموجەکانی لە پرۆژە هەرێمییەکان، هەروەها لەپێناو ئارەزووی ئەحمەدینیژاد بۆ کڕینی هاوڕێ، هەردوو وڵات بانکێکی هاوبەشیان دانا بۆ پێدانی پارەی نیوەی هەر پرۆژەیەک کە هەر وڵاتێک دەیکات، بەڵام بەمەرجێک لە چوارچێوەی پرۆژەگەلی "دژە ئیمپریالیزم"ەوە بێ.

## هۆیەلی نیگەرانبوونی ئەمەریکا

لە ئاداری ٢٠٠٧، هەردوو وڵات هێڵی ئاسمانیان کردەوە، هەفتەی جارێک لە نێوان تاران و کاراکاس کە لە دیمەشق، سووریا ترانزێتی دەکرد. دەنگۆ هەیە کەوا یاساکانی کۆچ و پشکنینی شاشەیی لە کاراکاس دەستیان شل دەکەن بۆ ئەو گەشتەوەرانەی لە تارانەوە دێن. بۆیە لە ئاکامی ئەمەدا، بەڵگەیەکی زۆر هەیە کەوا حزبوڵا بوونی هەیە لە ڤەنزوێلا.

وەک پاشکۆی شۆڕشی ئێران لە هەشتاکان، حزبوڵا بوو بە هێزێکی سیاسی گەورە لەمڕۆی لبنان. وەک نیوە ئۆتۆنۆمییەک کار دەکات، بەڵام ڕێکخراوەکە ئێستەش فەرمان لە ئێران وەردەگرێ کە ئەوەی دواتر زۆرینەی سەرچاوەی دارایی و سەربازیی حزبوڵا پێک دێنێت. نووسینگەی گەنجینەی ئەمەریکا موڵک و پارە و پوڵی دوو یاوەری حزبوڵا کردە ئامانج کە لە ڤەنزوێلا دەژین، یەکێکیان دیپلۆماتێکی ڤەنزوێلی بوو.

ئەم زانیارییەی سەرەوە، کە لە تەک کردار و گفتاری ڤەنزوێلا دادەنرێ، وێنەیەکی قێزەون دەکێشێ لەبارەی ئەو شتە شاراوانەی کە لە چواردەوری وڵاتە یەکگرتووەکان ڕوو دەدەن. لە هاوینی ٢٠٠٦، ڤەنزوێلا سەت هەزار تفەنگی جۆری AK-47 و قەناسی لە ڕووسیا کڕی. لە هەمان کاتدا، شاڤێز و سەرۆکی ڕووسیا ڤلادیمیر پوتین ڕێککەوتننامەیەکیان مۆر کرد، بەهۆیەوە مۆڵەت درا AK-47 لە کاراکاس بێتە بەرهەم هێنان. ئەو دەم، نیگەرانیی دنیا لەبارەی ڕێککەوتننامەکە ئەوە بوو گوایە شاڤێز بۆ پشتگیریی فارک ئەمە دەکات، بەڵام یەکێ دەتوانێ کارنەمەیەکی تر بخوێنێتەوە لە پشت کڕینی ئەو چەکانە. زیادبوونی ژمارەی حزبوڵای ئێرانی، زۆربوونی ژمارەی چەک لە ناوچەکە، شڵۆقی سنوورەیلی ئەمەریکای ناوەڕاست وا لە هەندێ چاودێرەیل دەکات نیگەران بن بەدزەکردنی تیرۆریزم بۆ نێو ئەمەریکا.

## هەڕەشەن یان نا؟

واقیعەیلی ئابووریی ڤەنزوێلا وای کردووە وڵاتەکە نەبێتە هەڕەشەیەکی ڕژدی تەناهی بەم نێزیکانە. ڤەنزوێلا بۆ پرسی ئابووری تەواو پشت دەبەستێ بەوڵاتە یەکگرتووەکان، هەروەها ئەگەر پرس

ئابووری بێ ئەوا شاڤێز هەموو شتێک دەکا بۆ پاراستنی ئابووریی وڵاتەکەی. هەرچەندە شاڤێز کار دەکا لەگەڵ چین، ڕووسیا و ئێران بۆ فرەلایەنکردنی ئابووریی، وڵاتە یەکگرتووەکان هەر بەگەورەترین سەرچاوەی بازرگانیی ڤەنزوێلا دەمێنێتەوە. سەتا ٥٣،٩ی تەواوی هەناردەیلی ڤەنزنوێلا بۆ ئەمەریکایە. دووەم سەرچاوەی هەناردەیلی ڤەنزوێلا هۆڵەندایە کە سەتا ٨،٨ی وەردەگرێ.

ئیستەش ڤەنزوێلا نیوەی نەوتی، یان زیاتر لە ملیۆن و نیوێک بەرمیلە نەوت دەفرۆشێتە ئەمەریکا لە ڕۆژێکدا. پشکێکی بەرچاوی توانای پاڵاوتنی نەوتی ڤەنزوێلا دەکەوێتە ناو ئەمەریکا، کە کەمتر لە سەتا ١٥ی نەوتی ڤەنزوێلای وەردەگرێ. پێ ناچێ ئەم پێوەندییە وەها زوو بێتە گۆڕان. ئەگەر گەمارۆیەکی نەوت ئازار بەئەمەریکا بگەیەنێ، ئەوا ڤەنزوێلا لەناو دەبات. شاڤێز لەبەر نیگەرانیی پرسی ئابووریی وڵاتەکەی، بەم دواییانە پشتی لە فارک کرد لە کۆلۆمبیا.

لەم ساتەدا هیچ زانیارییەکی وا لە بەردەستدا نییە بیسەلمێنێ چالاکیی تیرۆریست لە ڤەنزوێلاوە دەگات بە ئەمەریکا لەبەر زۆربوونی کەسانەیلی ئێرانی لە ڤەنزوێلا. لەبەردەستبوونی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو هەلانەی لەوێ هەیەتی بۆ نانەوەی گرفتی سەربازی بۆ ئەمەریکا، پێ ناچێ ئێران پشت بەکردەی تیرۆریستی ببەستێ لە ئەمەریکای لاتینەوە بۆ ئەمەریکا. چالاکەیلی هەنووکەی ئێران لە دەڤەرەکەدا کردەییترن تا شەڕانگێزتر. بۆ درێژەدان بە سیاسەتی شەڕانگێزی دەرەوەی ئەحمەدی نەژاد، ئێران هەوڵ دەدا پێوەندییەیلی دەسەڵات چاک بکاتەوە، ئەمەش ڕەفتارێکی ئاساییە لە ژینگەی نێودەوڵەتیدا. ئەحمەدی نەژاد وا دێتە پێش چاو کە هیچ کۆنترۆڵی نەمابێ، بەڵام مەلاکانی ئێران هەردەم لە پشتینە و جڵەوی دەسەڵاتی توند دەکەنەوە.

سەنگی تەرازووی ئێران بەبەراورد لەگەڵ ئەمەریکا زۆر سووکە لە ڕووی دەسەڵاتی نیشتمانییەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵ دەدا ئەو لاسەنگییە ڕێک بکا، هەروەها شاڤێز، کە هەردەم لە هەلێک دەگەڕێ ئەمەریکای پێ تووڕە بکا، زۆر کەیفی خۆشە بەوەی یارمەتی ئێران بدا لەو هەوڵەی.

ئێستەش زۆرێک لە ئەمەریکا مشتومڕیانە لەبارەی ئەوەی کاتێ شاڤێز و ئەحمەدی نەژاد بە "برا" بانگی یەکتر دەکەن، ئەم برایەتییە هیچی لێ شین نابێ. نەهاتنەخوارەوەی ئێران لەسەر کەلی شەیتان بۆ چەکی ناوەکی تەنێ ئاگری ئەو مشتومڕە خۆش دەکات. شاڤێز زۆرجاران باسی هاریکاریی ناوەکی لەگەڵ ئێراندا دەکا و لە هەموو دەرفەتێکیشدا پشتگیری کردووە لە ئێران بۆ سووربوونی لەسەر دەستەبەرکردنی هێزی ناوەکی. بەڵام ئەحمەدی نەژاد ئەوەندە باسی ئەو ڕاستییە ناکات. هێشتا روون نییە ئاخۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرتەکی دەبێ یان زیاتر ئێران پەراوێز دەخا، ئەگەر ئەوەی دواتر بووە خاوەن چەکی ناوەکی. بەڵام هەر دەبێ بەرتەکیان هەبێ. بێگومان ئێران زیاتر تووشی تەنگژە دەبێ لەگەڵ دنیا لەسەر چەکی ناوەکی، تەنانەت کار دەگاتە ئەوەی هەموو دنیا سەرکۆنەی دەکا. ئەم هاوکێشە نوێیە ڕەنگە پێویستی بە پشتگیریی

سۆشیالیستێک نەکات کە تەواو ناکۆکە لەگەڵ باوەڕە ئاینییەکانی کۆماری ئیسلامی.

## بایەخپێدانێکی لە ڕادەبەدەر

پێوەندیی نێوان ئێران و ڤەنزوێلا بەری ڕێککەوتێکی جیوپۆلەتیکی بێ وێنەیە. هەردوو وڵات هەموو شتێک دەکەن تا هاوپەیمانی لەگەڵ وڵاتانی تردا دروست بکەن تا دانەبڕێن لە دنیا. شاڤێز و ئەحمەدی نەژاد کەسایەتییەکی چوونیەکیان هەیە و پێ دەچێ کەیفیان بەیەکتری بێ. هەردووک هەموو هەلێک دەقۆزنەوە بۆ دژایەتیکردنی وڵاتە یەکگرتووەکان، سەرکەوتووشن لە ئەنجامدانی ئەم کارە، چونکە نەبەربینبارن.

جێی داخە بۆ هەردوو سەرکردە کەوا بنئاخی پێوەندییەکەیان شلۆقە. هەردوو وڵات لەسەر بنەمای دژ بەیەکتر وەستاون. ڤەنزوێلا وڵاتێکی چەپڕۆیە و تا ئەوپەڕی چەپ داژوا. ئێرانیش وڵاتێکی ئاینییە و لەنێو پارێزکاریدا تواوەتەوە. ئەو دوو وڵاتە لە ڕووی ئابوورییەوە تەواوکەری یەکتر نین، چونکە سەرچاوەی سەرەکیی هەر یەکەیان هەناردنی نەوتە. بەڵام زۆر حەز دەکەن پێشانی دنیا بدەن چۆن پشتگیریی یەکتری دەکەن. شاڤێز و ئەحمەدی نەژاد بەڵێنیان داوە کە ناتوانن ئەو ڕاستییە بپارێزن کە ڕوونتر بووە لەوەتەی هەڵکشان و داکشانی نرخی نەوت. لە کۆتاییدا، لەوانەیە هیگۆ شاڤێز و شۆڕشە بۆلیڤارییەکەی درێژە بخایەنێ، بەڵام ئەحمەدی نەژاد لە ماوەی ساڵێک یان پێنج ساڵدا نامێنێ. پێ ناچێ سەرۆکی داهاتووی ئێران لە کاری حەکیمانەی ئەحمەدی نەژاد، کە دەستلەملانەیەتی لەگەڵ ئەمەریکای لاتین، بگات.

بەڵام، تا ئەو پێوەندییەی نێوان هەردوو وڵات بمێنێ، دژایەتیکردنی وڵاتەیەکگرتووەکانیش هەر بەردەوام دەبێ. ئێران و شاڤێز بوونەتە و دەبنە مایەی نیگەرانیی کاربەدەستانی تەناهیی وڵاتە یەکگرتووەکان، هەروەها وایان کردووە وڵاتە یەکگرتووەکان بایەخێکی لە ڕادەبەدەریان پێ بدا کە ئەوە ناهێنێ بەبەراورد لەگەڵ هەڕەشە ڕاستییەکانیان. بۆیە بەڕاستی هەردوو وڵاتە ئەم نازناوە وەردەگرن: "هاوپەیمانیی تووڕەکردن."

* فەرماندە دەریاییی ئەمەریکا کەیڤن حەکیمزادە، بەم دواییانە وەک هاوکارێکی تایبەت لە نووسینگەی واشنتۆن گەشتێکی تەواو کرد. چەندان جار نێردراوەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یوگسلاڤیای پێشوو و هەروەها وەک ئەفسەری دەریاوانی شەڕ نێردراوەتە ناوچەی کاریبیەنیش. بەکالۆریۆسی لە زانکۆی کارنج مێلن، ماستەری لە زانکۆی ئۆلد دۆمینەن، ماستەرێکیش لە سیاسەتی دەرەوەی نێودەوڵەتی لە زانکۆی جۆنس هۆپکینس بۆ لێکۆڵینەوەی پێشکەوتووی نێودەوڵەتی وەرگرتووە.

# ئێران و چەکی کاولکاری

ئێران ئەو هەموو پەیمانانەی وەک ڕێککەوتنی چەکی بایۆلۆجی و ڕێککەوتنی چەکی کیمیایی و پەیمانی بڵاونەبوونەوەی چەکی ناوکی، مۆر کردوونە کە ڕێگەی پێ نادەن چەکی وێرانکاری WMD هەبێ. کەچی ئێستا زاندراوە کە چەکی کۆمەڵکوژیی هەیە. لە شەڕی عێراق و ئێران ساڵانی ١٩٨٠کاندا، نزیکەی ١٠٠,٠٠٠ هاوولاتیی ئێرانی بوونە قوربانیی چەکی کیمیایی. ئەوەی پێوەندیشی بەئایدیۆلۆجیای ولاتەوە هەیە، ئەوەیە کە فەتوایەک لەلایەنی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی عەلی خامەنەیی و سەرجەم دەزگای ئایینی ئێرانییەوە دەرچوو و ڕێگە نادا چەکی ئەتۆمی نە پەرە پێ بدرێ و نە بەرهەم بێ و نە بەکار بێ. – ئێران وتوویەتی کەپیتاندنی یۆرانیۆمی بەتەنیا بۆ مەبەستی ئاشتییانەیە. – ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی نێونەتەوەیی IAEA جەختی کردووەتەوە کە کەرەستە ئەتۆمییە دیارەکان لەئێران، نەگۆڕدراون، وەلێ گوتی کە "دەبێ متمانەی هەبێ کە هیچ لایەنێکی سەربازی پێوەندیی بەپرۆگرامی ناوکیی ئێرانییەوە نابێت." – ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی نێونەتەوەیی ڕوونی کردووەتەوە کە ئێران پابەندی پێداویستییەکانی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەککگرتووەکان نابێ و پێویستییەتی هاوکاری بکات بۆ ئەوەی ئەو کێشانە ڕوون بکاتەوە کە هێشتا هەر ماونەتەوە و پێداویستییەکانیش ڕابپەڕێنێ و زانیاریی سەرەتایی سەبارەت بەدیزاینی دەزگە ئەتۆمییەکانی ڕوون بکاتەوە.

لە گریمانەیێکی ئاسایشی نەتەوەیی لە ٢٠٠٧دا، کۆمیتەی سیخوڕیی ولاتە یەککگرتووەکان، خەملاندوویەتی کە ئێران لە٢٠٠٣دا، کۆتاییی بە"دیزاینی چەکی ئەتۆمی و کاری بەچەککردنی" هێناوە. لە ٢٠٠٩ش، سیخوڕیی ولاتە یەککگرتووەکان وای بۆ چووە کە نیازەکانی ئێران نەزاندراون، بەڵام ئەگەر ئێران لە بەدواداچوونی چەکی ئەتۆمی بەردەوام بێ، دەشێ "نەگونجێ پێش ٢٠١٣ چەکی ناوکی دروست بکا." و دانیشی بەوەدا نا کە "ڕەنگە تا پاش ٢٠١٥ش هەر وەدەستی

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلزییەوە: مامکاک

نەکەوێ." – هەندێ لە ڕێکخراوە سیخوڕییە ئەوروپاییەکان لەو باوەڕەدانە کە ئێران دەستی بەکاری دیزاینی چەکی ئەتۆمیی خۆی کردووەتەوە. سەرۆک وەزیرانی ڕووسی، ڤلادیمیر پوتین گوتی کە ئەو هیچ بەڵگەیەکی لەبارەی پرۆگرامی چەکی ناوکیی ئێرانی بەدەستەوە نییە. کەچی سەرۆکی ڕووسی میدڤیدێڤ گوتی ئێران خەریکە لە دامەزراندنی دەزگەی تایبەت نزک دەبێتەوە بۆ ئەوەی چەکی ئەتۆمی ساز بکات. – ئێرانیش لە دەوڵەتە ئەتۆمییەکانی خواست ڕۆهەڵاتی ناڤین لەچەکی ئەتۆمی داماڵن و بیکەنە ناوچەیەک کە چەکی ئەتۆمیی تێدا نەبێ.

لە دوای ئەوەی کە ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی نێونەتەوەیی بەتێکڕای دەنگ بڕیاری دا کە ئێران پابەندی ڕۆکارەکانی سەلامەتیی بڵاونەبوونەوەی چەکی ئەتۆمی نەبووە و ئەو پابەندنەبوونەی بەئەنجوومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی ڕابگەیەنێ، – ئەنجوومەن داوای لە ئێران کرد چالاکیی پیتاندنی ئەتۆمی خۆی بوەستێنێ – و سزاشی بەسەر ئێراندا سەپاند – چونکە ئێران نکوولّیی لێ کرد. مەحموود ئەحمەدی نەژادی سەرۆکی ئێرانی پێی لەسەر ئەوە داگرت کە سزاکان نایاسایی بوونە. ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی نێونەتەوەیی، تا ئێستا توانیویەتی ئەوە بسەلمێنێ کە ئێران کەرەستە ئەتۆمییەکان لە ئێرانێ نەگۆڕاون، بەڵام نەیتوانیوە ئەوە بسەلمێنێ کە چالاکیی نهێنی نەبووە. بزووتنەوەی بێلایەن لە هەردوو بەرەی خواستووە تا بەپێی بڕیاری ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی نێونەتەوەیی کار بکەن تا چارەسەرێک بدۆزنەوە.

لە نۆڤێمبەری ٢٠٠٩، دەستەی پارێزەرانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمی نێونەتەوەیی بڕیارێکی لە دژی ئێرانێ دا و خواستی تا یاسای ٣,١ی هەموارکراو لە کاتی ڕێککەوتنی سەلامەتی پیادە بکات و داوای لە ئێران کرد تا پرۆتۆکۆلە زێدەکییەکە پیادە بکا و بەڕاستی بناسێ و "بایەخێکی تایبەتیشی" سەبارەت بەهاریکارینەکردنی ئێران دەربڕی و گوتی ئەو کێشانە پێویستن کە "ڕوون بکرێنەوە تا شیمانەی لایەنە سەربازییەکان لە پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێرانی دوور بخرێتەوە." ئێران گوتی ئەو "بڕیارە خێرایە ناپێویستە" ڕەنگە"هەڕەشە لەو کەشە دەکا کە ڕەخساوە زۆریش پێویستە" بۆ ئەوەی دانوستاندنەکان سەربکەون و ببنەهۆی هاریکاری کردن و لە"ئیلتیزامە یاساییەکانی دەزگەکە" ڕەت نادا.

## چەکی ناوەکیی.. چاوپێدا خشاندنێک

لە سێپتێمبەری ٢٠٠٥، دەستەی پارێزەرانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی نێونەتەوەیی، لە بڕیاری دەگمەن کە بەزۆرینەی دەنگ درا و ١٢ ئەندامیش ماندەلییان لە دەنگدانەکە کرد، باسی "سیاسەتی پیتاندنی" پێشتری ئێرانێی کرد کە تایبەت بوو بەپرۆگرامی پیتاندنی و بۆی ڕوون بووەوە کە ئێران ڕێککەوتنەکەی سەلامەتیی بڵاونەبوونەوەی چەکی ئەتۆمیی پێشێل کردووە. ڕاپۆرتێکی تری ئاژانسی وزەی ئەتۆمی نێونەتەوەیی گوتی "هیچ بەڵگەیەک لەسەر ئەوە نییە کە ئەو کەرەستەناوکی و ئەو چالاکییانەی کە پێشتر ئاشکرا نەکرابوون..پێوەندییان بەپرۆگرامێکی چەکی ناوکییەوە بێت."

ئێرانییەکان پاگەندەی ئەوە دەکەن کە ئەو هەڕەشە سەربازییەی ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکان دەیکەن، ناچاری دەکات سنوورێک بۆ ئاشکراکردنی زانیارییەکانی تایبەت بەپرۆگرامی ناوکی دابنێت. جەودەت باغاتی زانکۆی بەرگریی نەتەوەیی وا مەزەندە دەکا کە ڕەنگە لەوەتی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەهێز بووەتەوە و لەبەر پاڵەپەستۆی وڵاتە یەکگرتووەکان، نکووڵی لەو ڕێککەوتنانە دەکەن کە لەگەڵ ئێرانێ مۆریان کردووە و ناشیانەوێ چیی تر ڕێککەوتنی بازرگانی دەگەڵ دەسەڵاتی ناوکیی ئێرانیدا مۆر بکەن؛ بۆیە ئێران متمانەی بەکۆمەڵگەی نێونەتەوەیی نەماوە.

لە٣١ی تەمووزی ٢٠٠٦، ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیارێکی دەرچوواند کە داوا لە ئێران دەکات پرۆگرامی پیتاندنی هەڵبواسێ ٢٩. لە٢٣ی دیسێمبەری ٢٠٠٦، ئەنجوومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی، سزاکانی بەسەر ئێراندا سەپاند، دواتر لە ٢٤ی ئاداری ٢٠٠٧، توندتر کران چونکە ئێران قایل نەبوو پیتاندنەکەی ڕابگرێ. نوێنەری ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکان پێی لەسەر ئەوە داگرت کە سزاکان مەبەستیانە ئێران دەستبەرداری ئەو مافانەی بێت کە بەپێی ڕێککەوتنی بڵاونەبوونەوەی چەکی ناوکی هەیەتی و ڕێی پێداوە تەکنۆلۆجیای ئاشتییانەی ناوکیی هەبێ. بزووتنەوەی بێلایەن لەهەردووک لایەنی خواست دا لە چوارچێوەی ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی نێونەتەوەییدا کار بکەن بۆ ئەوەی چارەسەرێک بدۆزنەوە.

لە ئابی ٢٠٠٥، سیخوڕیی وڵاتە یەکگرتووەکان پێشبینیی کرد کە ئێران بتوانێ تا ٢٠١٥ پێداویستییەکانی چەکی ناوکی پەیدا بکا. لە٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧، وڵاتە یەکگرتووەکان جاڕی دا کە پاسداران "بڵاوکەرەوەی چەکە کۆمەڵکوژەکانن" و هێزی قودسیش "پشتیوانی تیرۆریزمە." ئێرانیش وەڵامی داوە کە"بەرهەڵستی وڵاتێک (وڵاتە یەکگرتووەکان) دەکات کە خۆی چەکی کۆمەڵکوژ دەسازێنێ." محەمەد ئەلبەرادعیی سەرۆکی ئەو کاتی ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی نێونەتەوەیی، گوتی کە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر ئەوە بەدەستەوە نییە کە ئێران چەکی ئەتۆمی دروست دەکات و سەرکردەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی بەوە ئاکیوز (اتهام) کرد کە بەو قسانەیان "بەنزین بەئاگر"دا دەکەن. چەند ڕۆژێک بەر لەوەی ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی نێونەتەوەیی دواترین ڕاپۆرتی خۆی دەربکا، بریکاری سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلی شاوۆل مۆفاز لەواشنتۆن لە نۆڤێمبەری ٢٠٠٧، داوای کرد ئەلبەرادعی دەربکرێ و گوتی: "ئەو سیاسەتەی ئەلبەرادعی پەیڕەوی کردووە، ئاسایشی دنیا لەبەر مەترسی دەخات. ئەو هەڵوێستە نابەرپرسیارییەی هەیەتی کە سەری خۆی لەناو قوم دەشارێتەوە و نایەوێ پرۆگرامی ناوکیی ئێرانی ببینێ، دەبێ ببێتە هۆی تاوانبارکردنی." ئیسرائیل هاوکار دەگەڵ هەندێک وڵاتانی ڕۆئاوا، وا تێ دەگەن کە ئێران لە پەنا پرۆگرامی ناوکیی خۆیەوە چەکەکانی خۆی وەپێش دەخات. وەلێ ئێران یێژێ کە پرۆگرامەکەی بەتەنیا بۆ وەبەرهەمهێنانی وزەی ئەلیکتریک بەکار دێنێ. ئیسرائیل بەشێکە لە ڕۆهەڵاتی ناڤینی پڕ گرفت و ئەندامیشە لە ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی نێونەتەوەیییەوە. بەڵام بۆ خۆی هێشتاکە پەیمانی بڵاونەبوونەوەی چەکی ناوکی مۆر نەکردووە و باوڕێش وەتۆیە کە ئەو تاکە وڵاتی ڕۆهەڵاتی ناڤینە کە چەکی ئەتۆمیی هەیە.

ولاتە یەکگرتووەکـان و ولاتانی ڕۆئـاوا، زۆر چالاکـانە پشکداری پرۆگرامی چەکی نـاوکـیی ئێـران بوون، لەسـەردەمی حـەمـەڕەزا شـای ئێران و لە کاتی پرۆگرامی ئەتۆم لە پێناوی ئاشـتیدا، ئێران پەیمانی بلاوەبوونەوەی چەکی ناوکیی لە١ی تەمووزی ١٩٦٨دا مۆر کرد و لە ٢ی شـوباتی ١٩٧٠، پەیمانەکەی پەسند کرد. لە ١٩٧٩، پاشایەتیی ئێران ڕووخا و کۆماری ئیسلامی هاتە شـوێنی، بەلام بەگوێرەی یاسا ئێران هەر پابەندی پەیمانی بلاوەبوونەوەی ناوکییە و دەشبێ پشتیوانی لە پەیمانەکە بکات.

ئەگـەر ئێران گەرەکی بێت چەکی ناوکی سـاز بکا، ئەوە چەند پێشـبـینییـەک هەیە ئاخـۆ کەی دەتوانێ ئەمە جێبەجێ بکات:

* هەڵسـەنگاندنێکی ٢٠٠٥ی پەیمانگەی نێونەتەوەیی بۆ توێژینەوەی سـتـراتیـجی، دەڵێ: "ئەگـەر ئێران ترسی نەبێت و ویستی بەخێراترین کات چەکێکی ناوکی دروست بکات، بێ ئەوەی گوێ بەکاردانەوەی دەوڵەتان بدات، ڕەنگە بتوانێ یۆرانیـۆمی فرە پیـتێندراو بۆ یەک بۆمبی ناوکی لە کۆتایی ئەم دە ساڵەیەدا، وەدەست بێنێ." ئەمەش ئەگەر هیچ گرفتی هونەری نەبێت. ڕاپۆرتەکە باسی ئەوەش دەکا کـە ئێـران ناشێ شـەلم کـۆرم بداتە بەرێ و گـوێ بەهیچ کـاردانەوەیێکی نێونەتەوەیی نەدات و هەر چۆنێک بێ بۆمبەکەی بۆ خۆی ساز بدا.
* هەڵسـەنگاندنێکی سـیـخـوڕیی نەتەوەیی ولاتە یەکگرتووەکان لە ٢٠٠٥دا، باسـی ئەوەی کرد کە ئێران دە ساڵی پێویستە بۆ ئەوەی چەکێکی ناوکی دروست بکات.
* لە ٢٠٠٦، سـەرۆکی دەزگـەی سـیـخـوڕیی ئەڵمـانی، ئێـرنست یورلاو، گوتی، تاران نـاتوانێ پێش ٢٠١٠ کـەرەسـتـەی پێویست بۆ بۆمـبێکی ئەتـۆمی دروست بکات و ڕەنگە بتـوانێ لە دەوروبەری ٢٠١٥دا چەکێک ساز بدا.
* کۆواری سالانەی پەیمانگەی نێونەتەوەیی بۆ تـوێژینەوەی سـتراتیـجی، لە ٢٠٠٧دا، باسـی ئەوەی کرد کە"ئەگـەر هـەر کاتێکی ئێـران ٣٠٠٠ دەزگـەی سـێنتـرفیـوج (دەرکردەی ناوەندی)ی هـەبێ کـە بەڕێکی کار بکەن، پەیمانگە ئەوە دەخەملێنێ کەلە٩-١١ مـانگی پێویستدا ٢٥ کگم لە یۆرانیۆمی فرە پیـتـێندراو وەبـەرهـەم بێنێ، ئەمـەش تێرای یەک چەکـی جـۆری تەقیـنەوەی ناوکیimplosion دەکات. ئەو ڕۆژەش بەلای کەم، هێشتا ٢-٣ ساڵی ماوە.
* لە ٢٤ی ئایاری ٢٠٠٧، مـحـەمـەد ئەلبـەرادعیی سـەرۆکی ئـای ئێی ئی ئێی (IAEA) گوتی ئەگـەر ئێران بیەوێ بۆمبێک بسازێنێ ئەوە دەبێ لە نێوان ٣ تا ٨ ساڵ کاری بۆ بکا.
* لە ٢٢ی ئۆکـتـۆبەری ٢٠٠٧، مـحـەمـەد ئەلبـەرادعی هـەمـان قسـەی خـۆی دووبارە کردەوە و وای خەملاند کە ئێران گەرەکی بێ پەرە بەچەکی ناوکی بدا، پێویستیـان بە "سێ تا هەشت ساڵی تر دەبێ تا دروستی بکەن"، "هەموو دەزگە سیخوڕییەکان" هەمان بۆچوونیان هەبوو.

* له دیسێمبەری ٢٠٠٧، ناشناڵ ئینتێلیجینز ئێستیمت (نوێنەرایەتیی هەر ١٦ دەزگە سیخوڕییەکانی ئەمەریکا دەکات) "زۆر بەمتمانەوە" گەیشتە ئەوەی کە ئێران پرۆگرامی ئەتۆمیی خۆی لە ٢٠٠٣وە ڕاگرتووە و "بە متمانەیەکی کەمیشەوە" پێی وابوو کە بەرنامەکە تا ناوەڕاستی ٢٠٠٧ بەسترابوو. هەڵسەنگاندنە نوێیەکە دەڵێ کە بەرنامەی پیتاندن دەتوانێ هێندە کەرەستەی خاو بۆ ئێران بەردەست بکا، کە بتوانێ لە ناوەندەکانی دە ساڵەی داهاتوو چەکێکی ناوکی پەیدا بکا، بەڵام ئەو دەزگە سیخوڕییانە "نازانن ئاخۆ ئێستا دەیەوێ لە داهاووییەکی نزیکدا – چەکە ناووکییەکان پەرە پێ بدا". مەنوچەهر موتەکیی وەزیری دەرەوەی ئێران گوتی کە ٧٠ لە سەدی ڕاپۆرتەکانی ئەمەریکا "ڕاست و ئەرێنین،" وەلێ نکوولّی لەوە کرد کە بەر لە ٢٠٠٣دا، ئێران هیچ بەرنامەیێکی چەکی ناوکیی هەبێت. ڕووسیاش گوتی نەسەلماوە کە ئێران هەرگیز بەرنامەی چەکی ناوکیی گڕ دابێ. سەرۆکی پێشووی ئای ئێی ئی ئێی، محەمەد ئەلەبەرادعی، ڕای گەیاند کە بۆ خۆی "هەندێ توێژینەوەی سەبارەت بە بەچەککردنی" دیتووە"، وەلێ "هیچ بەڵگە"ی "بەرنامەیێکی بەچەککردنی کارا _ تا ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧ _ نەبوو". تۆمەس فینگاری سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کە تا دوا مانگی ٢٠٠٨ لەسەر کار بوو، سەبارەت بە هەڵسەنگاندنەکەی هەواڵگریی نیشتمانی و بەکارهێنانی سیخوڕی بۆ پێشبینیکردنی هەل و شێوەی پاشەڕۆژ، گوتی سیخوڕی "تازە مەیلی خۆی نوێ کردووەتەوە بۆ ئەوەی زانیاریی ئاوا وەدەست بێنێ کە سەرنجی خەڵکی ڕابکێشێ." ئەو هەڵسەنگاندنەی لە ٢٠٠٧یشدا کرا بۆ ئەوە بوو پەیامێک بگەیەنێ و بڵێ "تۆ فرە کاتت بە دەستەوە نەماوە بەڵام و پێ دەچێ هێشتا بژاردەی دیپلۆماتی و کاری ناسەربازیت هەر هەبێ." هەڵسەنگاندنی سیخوڕیی نەتەوەیی متمانەدارترین هەڵسەنگاندنی نووسراوە کە پێوەندیی بەکێشەی ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە و بەڕێوەبەری هەواڵگریی ناوەندی ئامادەی دەکات.

* لە ١٢ی شوباتی ٢٠١٠، پسپۆڕی دەستەی شارەزایان think tankی وڵاتە یەکگرتووەکان، دێیڤد ئۆڵبرایت هەڵی بەستا کە ئێران لەوە دەگەڕا کە "یۆرانیۆمی گونجاو بۆ چەک ساز بکا"، ئەم لێدوانەش لە لایەنی سکەت ڕۆیتەری گەورە پشکنەری پێشووی چەکەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ماندەل کرا.

## ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی نێونەتەوەیی IAEA

ئاژانسی وزەی ئەتۆمی نێونەتەوەیی IAEA دەستەیەکی سەربەخۆیە نەتەوە یەکگرتووەکان دایمەزراندووە بۆ ئەوەی پشتگیریی بەکارهێنانی ئاشتییانەی وزەی ناوکی بکات و بەکارهێنانی بۆ ئامانجی سەربازی ڕابوەستێنێ.

بەقسەی ئەم ئاژانسە ئێران نەک چەکی ناووکی نییە بگرە یۆرانیۆمی ئامادە بۆ چەک دروستکرنیشی نییە. لەگەڵ ئەمەشدا پشکنەران هەندێ بەڵگەنامەی هەستەوەریان دۆزییەوە کە ئەو ڕێنوێنی و هێڵکاریشی تێدا هەبوو بۆ ئەوەی یۆرانیۆم بگۆڕی و بیکاتە سفیر (سەیری ئەم

وێنەیە بکە) کە تاکە پێویستە بۆ ئەوەی چەکی ناوکی دروست بکەی. ئێران بەڵگەکانی خستە بەردەستی ئاژانس و هەڵبەستەی ئەوەی کرد کە کۆششی بۆ سازدانی چەکی ئەتۆمی نەکردووە و ئەو بەڵگانەی لە ساڵی ١٩٨٧ و ناوەڕاستی ١٩٩٠کاندا، دەگەڵ ئەو تەکنۆلۆجیاکانی ترەوە بۆی هاتووە. وا مەزەندە دەکرێ کە عەبدولقادر خان ئەو کەرەستەکانی پێیان فرۆشتووە.

لە ١٨ی دیسێمبەری ٢٠٠٨، ئێران دەستپێشخەری خۆی کرد و هەستا ئەو پرۆتۆکۆلە زێدەکییەشی مۆر کرد کە ڕێگە بە پشکنەرانی ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی نێونەتەوەیی دەدات بگەنە تاکەکەس و بەڵگەنامە و کەرەستە جووت کار (dual use)ەکان و هەندێ کارگەی سەربازی و شوێنەکانی توێژینەوەش، بەڵام ئێران نە ئیمزاکردنەی بە ڕاست ناسیوە و نە کاریشی پێی کردووە. کە ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی نێونەتەوەییش ڕاپۆرتی دا کە ئێران پابەندی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان نەبووە، ئێران هەستا لە ٤ی شوباتی ٢٠٠٦، لە دەستپێشخەرییەکەی خۆی پاشگەز بووەوە و چیی تر ملکەچی پرۆتۆکۆلە لە زێدەکییەکە نەبوو.

لە ٣١ی تەمووزی ٢٠٠٦، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکی دەرکرد داوا لە ئێران دەکا هەموو چالاکییەکانی پیتاندنی یۆرانیۆم هەڵبواسێ

لە ١٨ی شوباتی ٢٠١٠، ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی نێونەتەوەیی ڕاپۆرتێکی تازەی لەبارەی پرۆگرامی ناوکیی ئێرانییەوە وەشاند. بڵاوکراوەی زانایانی ئەتۆمی Bulletin of the Atomic Scientists پێی وابوو کە "میدیا بە ناوەخنی ڕاپۆرتەکەی بە جیدی خراپ لێک داوە" و "لە ڕاستیشدا هیچ زانیارییەکی نوێ ئاشکرا نەکراوە." هەروەها نووسیویەتی کە "هیچ هەڵسەنگاندنێکی سەربەخۆ نەبووە بڵێ ئێران ملی داوەتە کار بۆ ئەوە چەک ساز بکا" و ئەمەش بوو کە "ڕەنگە یەکەم جار بووبێ ئاژانسەکە بەڵگەی شاردراوەی تاوتوێ کردووە کە تاران توێژینەوەی لە چەکی ناوکیدا کردووە ئێرانیش ڕاپۆرتەکەی وا خوێندەوە کە ئیشەکەیان لێی گەورە کردووە.

## هەڵبەستەی توێژینەوەکانی چاکسازی

سەرۆکی پێشووی ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی نێونەتەوەیی، محەمەد ئەلبەرادعی لە ٢٠٠٩دا گوتی کە ئەوەی لەبەردەستی ئاژانسەکە داندراوە کە ئێران پەرە بە چەکە ئەتۆمییەکان دەدات، هیچی "بەڵگەی بە متمانە نییە" بەڵام نیویۆرک تایمز لە یەنایری ٢٠٠٩ ڕاپۆرتی دا کە ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی نێونەتەوەیی خەریکە لێکۆڵینەوە لە قسەڵۆکەکانی پرۆژەی ١١٠ و ١١١ی وڵاتە یەکگرتووەکان دەکات، کە ڕەنگ بێ ئەمانە ناوی ئەو ئەرکانە بێ ئێران بۆ دیزاینکردنی سەڵکە شەڕینە warheadیێک جێبەجێی دەکات بۆ ئەوەی لە مووشەکێکی توند بکا. ڕاپۆرتەکەی نیویۆرک تایمز هەندێ ڕاپۆرتی نهێنیی classified هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکانی بڵاو کردەوە کە جەخت لەوە دەکاتەوە پرۆفیسۆر موحسین فەخریزادە بەرپرسی پرۆژەکەیە و بەرپرسە ئێرانییەکانیش بەخۆیان جەخت دەکەنەوە کە ئەم پرۆژانە هەمووی ئەفسانەیەکە وڵاتە یەکگرتووەکان سازی داوە.

لە ئابی ٢٠٠٩ش، ڕۆژنامەی هەئارتسی ئیسرائیلی ئەو هەڵبەستەیەی بڵاو کردەوە کە ئەلبەرادعی ئەو بەڵگانەی "حەشار" داوە کە پشکنەرانی ئاژانسەکە بە چەند مانگ وەدەستیان هێنابوو. ئەلبەرادعی بە تووڕەیی ئەم هەڵبەستانەی ئیسرائیل و فەرەنسا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ماندەل کرد کە دەڵێن ئەو ڕاپۆرتەکەی ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی نێونەتەوەیی شاردەوە.

## هەڵوێستی ئێرانی

ئێران دەڵێ کە ئامانجی بەرنامە ئەتۆمییەکەی تەنیا بەمەبەستی پەیداکردنی وزەی ئەلیکتریکە و هەر جۆرە بەکارهێنانێکی تری خۆدزینەوەیە لە پەیمانی پەرشنەکردنی ناوەکییە Nuclear Non Proliferation Treaty کە ئێران خۆی ئیمزای کردووە و جگە لەمەش بە پێوانەی بنەما دینییەکانی کۆماری ئیسلامییە. ئێران دەشڵێ کە وزەی ناوکی پێویستییەتی بۆ بەهاناوەچوونی ئەو تەقینەوەی دانیشتووان کە لە وڵاتدا ڕووی داوە و بۆ بە پیشەسازیکردنی وڵاتەکەش پێویستییە. جگە لەمەش ئێران دبێژی کە بەهای دروستکردنی ڕیئاکتەری ناوکی لەوە هەرزانترە کە وێستگەی ئەلیکتریکی دروست بکا. سکۆت ڕیتەی کۆنە پشکنەری چەکەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان پشتیوانی لەم قسانەی ئێرانییان دەکا و ڕۆجەر ستێرنی بەشی ئەندازیاریی جیۆگرافیا و ژینگەی سەر بە جۆون هۆپکنز لەسەر ئەوە کۆکە کە "هەڵبەستەکانی ئێرانێ سەبارەت بەپێویستی بە وزەی ناوکی ڕەنگە ڕاست و ڕەوا بێ."

سەرۆکی ئێرانی، مەحموود ئەحمەدی نەژاد بە ئاشکرا گوتی کە ئێران چەکە ئەتۆمییەکان پەرە پێ نادات و لە ٩ی ئابی ٢٠٠٩ش ڕابەری ئێرانی ئایەتوڵا عەلی خامەنەیی فەتوایەکی دەرکرد و تێیدا بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی چەکی ناوکی بەپێی ئیسلام حەرام کرد و بەمەش نابێ هەرگیز ئێران ئەم چەکانەی هەبێ. دەقی فەتوایەکە نەهاتە وەشاندن بەڵام لە کاتی کۆبوونەوەیێکی ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی نێونەتەوەیی لە ڤەننا، بە فەرمی ئاماژەی پێی داوە.

## هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتووەکان

* وڵاتە یەکگرتووەکان مکوڕە لەسەر ئەوەی کە ئێران بڕگەکانی سێ و دووی پەیمانی پەرشنەکردنی ناوکیی شکاندووە و وڵاتە یەکگرتووەکان هاوشان دەگەڵ ئاژانس و لایەنانی تریش کۆششەکانی ئێرانی بۆ پەرەپێدانی پیتاندن و پرۆسەکردنەوەی تەکنۆلۆجیاکان جێی بایەخدانێکی تایبەتە چونکە دەشێ بۆ سازدانی کەرەستەی لێککەرەوە بەکار بێت و ئەویش لە چەکە ناوکییەکاندا وەکار دێ.
* وڵاتە یەکگرتووەکان دان بەمافی ئێراندا دەنێ کە هێزی ناوکیی هەبێ و هاوکار دەگەڵ یەکەتیی ئەوروپا و ڕووسیا و چین پێشنیازیان کرد هێزی ناوکی بدەنە ئێران و هەندێ هاندەری تری ئابووریشیان بۆی پێشنیاز کرد ئەگەر ئێران قایل بێ پیتاندنی یۆرانیۆم هەڵبواسێ. ئەو

هاریکارییە پەیمانی دەدا کە سووتەمەنی بۆ هەموو ڕیئاکتەرەکانی ئێرانی مسۆگەر بکەن.

* هۆیەکی تری نادیار بۆ ئەوەی کە وڵاتە یەکگرتووەکان نایەوێ ئێران پرۆگرامی ناوکیی هەبێ، ئەو جیۆپۆلێتیکا ئاڵۆزەی ڕۆهەڵاتی ناڤینە. وڵاتە یەکگرتووەکان قایل نییە ئێران پرۆگرامی ناوکیی هەبێت چونکە هەندێ لەو پرۆگرامانە دووسەرەیە و دەشێ بۆ پەیداکردنی ئاشتییانەی وزە بەگڕ بخرێ و دەکرێش چەکی ناوکی بسازێنێ. هەر ئەمەش بوو وای لە هیندستان کرد تا لە ساڵانی ١٩٦٠ـەکاندا پرۆگرامی چەکی ناوکی پەرە پێ بدات.

* ئێران بەردەوام لەبەر یەکەم هێرشی ناوکیی وڵاتە یەکگرتووەکانەوەیە. کۆواری ناوکیی وڵاتە یەکگرتووەکان، لە ٢٠٠٢ لە پێشاندانی باری ناوکی ئاشکرای کرد کە شیمانەی بەکارهێنانی چەکی ناوکی تەنانەت لە دژی ئەو دەوڵەتانەشی خستووەتە بەرچاو کە چەکی ناوکییان نییە. سەرۆک بوش وتی، "هەموو بژاردەکان لە ئارادایە" سەبارەت بە لێدانی ئێران و بەقسەی بڵاوکراوەی زانایانی ئەتۆمی "سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان ڕاستەوخۆ هەڕەشەی وەشاندنی گورزێکی ناوکی بۆ خۆپاراستنی لە ئێرانێ کرد. چونکە بە غەیرەز لەمە ناشێ نێوانی قسەکانی بخوێنینەوە."

* لە یەنایەری ٢٠١٠ش، سەرۆکی ئاژانسی هەواڵگریی بەرگری، لیۆتنانت جەنەراڵ ڕۆناڵد بێرگس گوتی کە هیچ بەڵگەیەک نییە بسەلمێنێ کە ئێران بڕیاری دروستکردنی چەکێکی ناوکیی دابێ و ئەمەش دیارترین دۆزینەوەی هەڵسەنگاندنی هەواڵگریی نەتەوەیی لە ٢٠٠٧دا و تا ئێستاش ئەمە هەر ڕاستە.

## هەڵوێستی لایەنەکانی تر

ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەفەرمی داوای لە ئێران کردووە هەموو جۆرە چالاکییەکانی پیتاندنی یۆرانیۆم بوەستێنێ.

لە مانگی کۆتاییی ٢٠٠٩دا، زۆنگۆ سەیدۆی ڕاوێژکاری سزا ئابوورییەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان گوتی کە بەپێی زانیاریی ئەو، تا ئێستا هیچ وڵاتێکی ئەندام لە یو ئێن (UN) هۆشداریی بە کۆمیتەی سزاکان نەداوە سەبارەت بەوەی کە کازاخستان یۆرانیۆمی بە ئێران فرۆشتووە. هەندێ ڕاپۆرتی سیخوڕی بێ سەرچاوە گوتبوویان کە هەندێ کارمەندی کازاخی خەریک بوون ١.٣٥٠ تەنی یۆرانیۆمی پاککراوە بفرۆشنە ئێران. کازاخستان ئەوەیان ئینکار کرد.

### چین

وەزارەتی دەرەوەی چین پشتیوانی لە چارەسەرییەکی ئاشتییانەی کێشەی ناوکیی ئێرانی دەکات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی دیپلۆماتییەوە خاو بکرێتەوە. گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی چینی گوتی، "زۆر گرینگە ئێران پابەندی پەیمانی بڵاونەبوونەوەی ئەتۆمی ببێ. پێویستیشە ئێران هەنووکە

هاریکاریی تەواو دەگەڵ ئاژانسی وزەی ناوکیی نێو نەتەوەیی بکات." لە ٢٠١٠ش چین هەمان هەڵوێستی خۆی دووپات کردەوە و گوتی "بینەوبەردە و دانوستاندن باشترین ڕێگەی چارەسەرن و ئومێد دەکەین لایەنەکان نەرمی بنوێنن و هەنگاوی دیپلۆماسی بهاوێژن بۆ ئەوەی وتووێژەکان دەست پێ بکەنەوە."

## فەرەنسا

بەبۆچوونی وەزیری پێشووی دەرەوەی فەرەنسا بەرنامە ناوکییەکەی ئێران نەدەکرا لەبن باڵی پرۆگرامی ئاشتیئامێزدا خورد بکرێتەوە و جاک شیراکیش پێی وایە ئەگەر تەنانەت ئێران چەکەکەشی هەبێت هەر ناشێ بەکاری بێنێ و گوتی "باشە، لە کوێ ئەم بۆمبایە بەردەداتەوە؟ لەسەر ئیسرائیل؟ ئەو بۆمبایە هێشتا ٢٠٠ مەتر دوور نابێتەوە کە تاران دەسرێتەوە."

## ڕووسیا

بەبۆچوونی ڕووسیا ولاتە یەککگرتووەکان بە چاکی تاوتوێی بابەتی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێرانی نەکردووە. ئەوەی ولاتە یەککگرتووەکان لە ئێرانێی دەخوازێ، لە بەرازیل ناخوازێ، هەرچەندە بەرازیل لەمێژە خەریکە بەرنامەی ناوکیی خۆی پەرە پێ دەدات و یورانیەمیش دەپیتێنێ.

لە ٢٠٠٩دا، پەیمانگەی ڕۆهەلات و ڕۆئاوا هەرەشەیێکی هاوبەشی ولاتە یەککگرتووەکان و ڕووسیای سەبارەت بە شیمانەی ناوکی و مووشەکی ئێران بلاو کردەوە. ڕاپۆرتەکە گوتی ئەگەر ئێران بەڕاستی بە دوای ڕاپەڕاندنی پرۆگرامەکەی بچێ ئەوە لە شەش تا هەشت ساڵی دێ دەتوانێ مووشەکی ئاوا دروست بکا کە سەڵکە شەڕینەیەکی ١,٠٠٠ کیلۆگرامی هەڵدەگرێ و بۆ ٢,٠٠٠ کیلۆمەتر دووری ببا.

لە دیسێمبەری ٢٠٠٩ش، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا سێرگی لاڤرۆڤ گوتی کە بابەتی ناوکیی ئێران دەبێ بە وتووێژ ببڕێندرێتەوە و مکوڕ بوو کە "ئاشکرایە دەکرێ کێشەکە بە ڕێگەی سیاسی و دیپلۆماسی خاو بکرێتەوە و سیناریۆی بەکارهێنانی هێز بەهیچ شێوەیێک پەسند ناکرێ."

## شانشینی یەکگرتوو

بریتانیا بەشێکە لە ئی یو ٣ + ٣ کە لە بەریتانیا و فەرەنسا و ولاتە یەکگرتووەکان و ڕووسیا، پێکهاتووە و دانوستاندن دەگەڵ ئێرانێدا دەکەن. بەریتانیا یێژێ کە پێویستە سووتەمەنیی پیتێندراو بە ئێران بدرێ و پشتیوانیی پرۆگرامێکی شارستانی وزەی ناوکی دەکات.

لە ٨ی ئایاری ٢٠٠٦، ژمارەیێک سەرکردە و ناودارانی بەریتانیا سەردانی بارەگەی حکوومەتی ولاتەکەیان کرد بۆ ئەوەی داوا بکەن لە ڕێگەی تێوەگلانی سەربازییەوە نەکەن کێشەکە چارەسەر بکەن چونکە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی، بەبۆچوونی ئەوان، کارەسات بۆ بەریتانیا و هەموو دنیا دروست دەکا.

## ئیسرائیل

دەوڵەتی ئیسرائیل پەیمانی بڵاو نەبوونەوەی ئیمزا نەکردووە و باوەڕی ئاواش هەیە کە ئیسرائیل چەکی ناوکیشی هەبێت. ئیسرائیل فرەجار دووپاتی کردووەتەوە کە ئێران کۆششی وەدەستهێنانی پرۆگرامی چەکی ناوکی دەکات و دەڵێ "هەڕەشەی واقیعی لەلایەنی ئێرانەوە" وای لە ئیسرائیل کردووە بەڕاشکاوی هەڕەشە لە ئێران بکات.

لە ۲۰۱۰، ڕاپۆرتەکان باسی ئەوەیان کرد کە ئیسرائیل بناوە (غەواسە)ی جۆری دۆڵفینی خستووەتە کارەوە کە مووشەکی ناوکیی هەڵگرتووە و دەتوانێ لە هەر نیشانەیێکی ناو ئێران بدات. ئەرکی ئەو بناوانە ترساندنی ئێران و کۆکردنەوەی زانیاریی سیخوڕی و بەندەرگرتنی سیخوڕەکانی مۆسادە لەسەر کەنارەکانی ئێران.

## بۆچوونی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی

ڕای گشتیی ساڵانەی عەرەبیی ۲۰۰۸ و ڕووپێوی ئەنوەر سادات بۆ ئاشتی و گەشەکردن لە زانکۆی مێریلاند، کۆلێج پارک، لە ئاداری ۲۰۰۸، وێکڕا لە میسر و ئوردن و لبنان و مەغریب و عەرەبستانی سعوودی و ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوودا ئەو تێبینییە گرینگانەیان کرد:

"بەپێچەوانەی ئەو ترسانەی حکوومەتە عەرەبییەکان هەیانە، پێ ناچێ ڕای گشتیی عەرەبیی ئێران بە مەترسییەکی سەرەکی بزانێ. زۆربەیان باوەڕیان وایە کە ئێران مافی ئەوەی هەیە پرۆگرامی ناوکیی هەبێ و لایەنگری ئەو پاڵەپەستۆ نێودەوڵەتییەی سەر ئێران ناکەن بۆ ئەوەی واز لە پرۆگرامەکەی بێنێ. زۆرینەی ٤٤٪ لەو باوەڕەدانە کە ئەگەر ئێران چەکە ناوکییەکانی هەبێ ئەوە لە بەرژەوەندیی ناوچەکەیانە هیچ نەرێنییەکیشی بۆیان نابێ."

ئەندەنووسییەکان پێیان وایە "پرۆگرامی ناوکیی ئێرانی ئاشتییانەیە و پێویست ناکا سیاسەتساز بکرێ."

سەرۆک ئەرکانی پێشووی لەشکری پاکستانیش باسی سەردانەکەی ۱۹۹۰ی بۆ ئێران کرد و گوتی "ئەوان تەکنۆلۆجیایەکەیان نەویست. لێیان پرسیم: [دەکرێ بۆمبێکمان هەبێ؟] وەڵامی من ئەوە بوو کە بێگومان دەتوانن هەتانبێ بەڵام دەبێ ئێوە خۆتان دروستی بکەن. کەس بە ئێمەی نەدا." ئایەتوڵڵایەکان بە خامەنەییشیانەوە بەردەوام جاڕ دەدەن کە ئیسلام پەرەپێدان و بەکارهێنانی هەموو چەکە کۆمەڵکوژەکانی یاساغ کردووە. ئایەتوڵڵا عەلی خامەنەیی یێژێ:

"کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بنەما سەرەکییەکانی ئاین و بوڕی شەرعی ساز دراوە و هەرگیز پەنا بۆ بەکارهێنانی چەکی کاولکاری نابات. بەڵکو بەپێچەوانەی ئەو پروپاگەندانەی دوژمنانمان، ئێمە لە بنەڕەتدا لە دژی دروستکردنی هەر جۆرە چەکێکی کۆمەڵکوژین جا با بەهەر شێوەیێکی بێ."

# ئیسلام و دیموکراسییەت

جۆن ئەسپۆزیتۆ و جۆن ڤۆڵ

هەردوو بیرمەندی ئەمەریکایی جۆن ئەسپۆزیتۆ و جۆن ڤۆڵ، لەم بابەتە هاوبەشەیاندا باس لە شیمانە و هەوڵەکانی پێکەوەگونجانی ئیسلام و دیموکراسییەت دەکەن، بەتایبەت کە مرۆڤایەتی وا دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمی تێ دەپەڕێنێ.

جیاواز لە زۆر لە بیرمەندانی ڕۆئاوا، کە شیمانەی پێکەوە هەڵکردنی کولتورێکی سیاسیی ئیسلامی لەگەڵ دیموکراسییەتێکی لیبرالیدا بە دوور دەزانن، بەتایبەت کە گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکانی وەک ڕێکخراوی قاعیدە و ئەزموونی دەسەڵاتی بزووتنەوەی تاڵیبان و هەروەها سیستەمی سیاسیی باڵادەست لە شانشینی سعوودی، لەو نموونە زەقانەن کە پاڵپشتیی لەو بۆچوونە دەکەن، ئەسپۆزیتۆ یەکێکە لەو بیرمەندە ڕۆئاوایییانەی پێی وایە مادام جیهانی ئیسلامی هەڵگری یەک ئایدیۆلۆجیا نییە، بگرە لە رووی دنیابینیی ئاینییەوە کۆمەڵگەیەکی مۆزایکییە و لەمپەڕی توندڕەوە تێیدایە تا ئەوپەڕی میانڕەو.

کەواتە دەکرێ لە زەوینە ئیسلامییەکەدا تەوژمێکی دیموکراسی وا گەشە بکا، کە دەق و پرەنسیپە ئاینییەکانی ئیسلام و ئەزموونی موسڵمانە یەکەمینەکان بەشێوەیەک بخوێنێتەوە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسییەتدا، لەوانە: سەروەریی گەل، ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات، سەروەریی یاسا، داننان بە مافە سیاسییەکانی ئافرەتدا، هاوکۆک بێ.

هەردوو توێژەر لەم بابەتەدا لێدوانەکانی محەمەد خاتەمی سەرکۆماری ڕیفۆرمخوازی پێشووی ئێران (١٩٩٧–٢٠٠٥) و ئەزموونی دیموکراسییەتی ئێران (پێش لە هاتنە سەر کاری مەحموود ئەحمەدی نەژاد)، بوونی عەبدوڕەحمان وەحید سەرۆکی بزووتنەوەی (نەهزەتولئومە)ی

(*) وەرگێڕانی لە ئینگلزییەوە: عومەر عەلی غەفوور

ئەندەنووسی، کە گەورەترین ڕێکخستنی ئیسلامییە لە ئەندەنووسیا و ڕەنگە لە دنیاشدا، بە سەرۆکی ئەو وڵاتە و دواتر لابردنی بەبێ ئەوەی هیچ توندوتیژییەکی لێ بکەوێتەوە، بوونی ئافرەت بە سەرۆک و سەرۆک وەزیران لە ژمارەیەک لە گەورەترین وڵاتە ئیسلامییەکاندا (ئەندەنووسیا، بەنگلادیش، پاکستان، تورکیا)، هەروەها ئەزموونی پارتی ڕەفای نەجمەدین ئەربەکان و حزبی فەزیلەی جێگرەوەی لە تورکیا دەکات، کە وێڕای ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتی عەلمانیی تورکیاوە سەرکوت و قەدەخە کران، لایەنگرانیان پەنایان بۆ توندوتیژی نەبرد، بگرە لە ڕێی میکانیزمە یاساییەکانەوە خۆیانیان ڕێک خستەوە، بە بەڵگە بۆ ڕەوایی ئەو گەشبینییەیان دێننەوە.

دیارە ئەو ڕووداوانەی لە چەند ساڵی دوای نووسینی ئەم بابەتەدا ڕوویان دا، هەم بۆ بیرۆکەکەی ئەم دوو توێژەرە و هەم بۆ دژەکانیشیان بەڵگەی نوێ کەوتنە بەردەست.

لەو ڕووداوانەی خزمەت بە تیۆرەکەی ئەمان دەکات، ڕووداوی سەرکەوتنی پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا بوو بەسەرۆکایەتیی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان لە هەردوو هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەو وڵاتە لە ٢٠٠٢ و ٢٠٠٨دا، کە توانی لە ڕێی سندووقەکانی دەنگدانەوە دەست بەسەر هەرسێ پۆستە سیادییەکەی تورکیادا بگرێ (سەرکۆمار، سەرۆک وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان) و پێوەندییەکی ئەرێنی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ دروست بکا.

لەو ڕووداوانەیش کە دژی تیۆرەکەیان دەسەلمێنن، ئەو توندوتیژییانە بوو ساڵی ڕابردوو دەسەڵاتدارانی ئێران دژ بە خۆپێشاندەرانی سەر بە ڕەوتە ڕیفۆرمخوازەکان ئەنجامیان دا، کە لە دژی ئەنجامی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەو وڵاتە لە حوزەیران/یۆنیۆی ٢٠٠٩دا ڕژانە سەر شەقامەکان. (عومەر)

***

پێوەندیی نێوان ئیسلام و دیموکراسییەت لە جیهانی هاوچەرخدا بابەتێکی ئاڵۆزە. جیهانی ئیسلامی لە ڕووی ئایدیۆلۆجییەوە هاوشێوە نییە. بگرە زنجیرەیەک ڕوانگە و بۆچوونی جیاوازی تێدایە، کە لەوپەڕی توندڕەوییەوە دەست پێ دەکات کە نکوڵی لە هەر جۆرە پێوەندیەک لەنێوان دیموکراسیەت و ئیسلامدا دەکەن، تا ئەوانەی پێیان وایە ئیسلام بوونی سیستەمێکی دیموکراسی دەخوازێ. لە ژمارەیەک لەو وڵاتانەی موسڵمانەکان تێیاندا زۆرینەن، زۆر لە موسڵمانەکان باوەڕیان وایە ئیسلام پاڵپشتییە بۆ دیموکراسیەت تەنانەت ئەگەرچی سیستەمە سیاسییە تایبەتەکەیان ڕاستەوخۆ بە ئیسلامی نەناسراوە.

لە سەدەی بیستەمدا، لەو کاتەی زۆر لە ڕێژیمەکانی ئەورووپای ڕۆهەڵات، ئەفریقیا و شوێنانی تر هەرەسیان دەهێنا گرووپە ئیسلامییەکانی نێو کۆمەڵگە موسڵمانەکان هەوڵیان داوە ڕاستەوخۆ بەشداریی پرۆسە دیموکراتییەکان بکەن. لە ئێران ئەو گرووپانە تەواوی سیستەمی سیاسییان کۆنترۆڵ کردووە. لە هەندێ ناوچەی تر گرووپە ئیسلامییەکان بەشدارییان لە هەندێ ڕێژیمدا دەکرد کە لە بنیاتیاندا زیاتر سیکیولار بوون. بەشداریی گرووپە ئیسلامییەکان لە

هەڵبژاردنەکاندا، هەروەها لە پرۆسە دیموکراسیەکاندا بەشێوەیەکی گشتی، مشتومڕێکی گەورەی ناوەتەوە.

ئەو خەڵکەی باوەڕیان وایە ڕێبازە عەلمانییەکان و جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت بەشێکی بنەڕەتین لە دیموکراسییەت سوورن لەسەر ئەوەی گرووپە ئیسلامییەکان دیموکراسییەت تەنیا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بەکار دێنن. ئەوان دەڵێن گرووپە ئیسلامییەکان پاڵپشتی لە بیرۆکەی "یەک پیاو، یەک دەنگ، یەک جار دەکەن". لە جەزائیر و تورکیا دوای سەرکەوتنی ئەو حزبە ئاینییانەی کە بە مەترسییان دەزانین بۆ سەر ڕێژیمە سیاسییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا، بەپێی یاسا قەدەخە، یان سەرکوت کران.

پێوەندیی ئیسلام و دیموکراسیەت لەنێو ئەو خەڵکانەی هاسۆزن لەگەڵ نوێبوونەوەی ئیسلام لە کۆتاکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا بەگەرمی گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێ. هەندێ لەو ئیسلامییانە باوەڕیان وایە دیموکراسییەت چەمکێکی بیانییە کە لەلایەن ریفۆرمخوازە غەربزەدە و عەلمانییەکانەوە بەسەر کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا سەپێنراوە. ئەوان زۆرجار جەخت لەوە دەکەن کە چەمکی سەروەرەیی گەل دژ بە پرەنسیپی سەروەری یاخۆ حاکمیەتی خوایە کە پرەنسیپێکی بنەڕەتییە لە ئیسلامدا، لەبەرئەوە دیموکراسییەت جۆرێکە لە جۆرەکانی بتپەرستی. خەڵکێک هەڵگری ئەم تێڕوانینە بن کەمتر ڕێی تێ دەچێ بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن.

هەندێ لە ئیسلامییەکان تەنیا بە بەشداریکردن لە گفتوگۆ فیکرییەکانی نێو مێدیاکان واز دێنن، هەندێکی تر خۆیان دوور دەگرن لە داینەمیکیەتە سیاسییەکانی کۆمەڵگەکانیان بەهیوای ئەوەی کۆمەڵگە دابڕاوەکەی خۆیان ببنە ئیلهامگەیێن بۆ کۆمەڵگە ئیسلامییە گەورەکە.

زۆر لە بیرمەند و گرووپە ئیسلامییە دیارەکان، باس لەوە دەکەن کە ئیسلام و دیموکراسییەت پێکەوە گونجاون. هەندێ زیاتر لەمە دەڕۆن و جەخت لەوە دەکەن کە لەو هەلومەرجانەی دنیای ئەمڕۆدا دەکرێ دیموکراسییەت ببێتە داخوازیی ئیسلام. بۆ ئەوەیش بیرمەندە ئیسلامییەکان ئاماژە بە لێکچوونەکانی نێوان هەندێ چەمک و بیرۆکەی نێو کولتووری ئیسلامی لەگەڵ چەمکە بنەڕەتییە نوێیەکانی دیموکراسییەتدا دەکەن.

پرۆسەکە لە دنیای ئیسلامدا هاوشێوەی ئەوەیە کە لە چەندان کولتووری ئاینیی تردا ڕووی داوە. هەموو کولتووورە ئاینییە گەورەکانی دنیا هەڵگری کۆمەڵێ ئایدیا، تێڕوانین و چەمکن کە بۆ تێگەیشتن لە ژیان و چارەنووسی مرۆڤ، بنەڕەتین.

زۆر لەو چەمکە گرینگانە بە ڕێگەی جۆراوجۆر لە قۆناخی مێژوویی جیاوازدا بەکار هاتوون. بۆ نموونە کولتووری مەسیحیەت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بناخەیەکی فیکری بۆ سیستەمی پاشایەتیی پشت بەستوو بە بیرۆکەی مافی خوایی دانا، لە کاتی ئێستەماندا هەوڵ دەدات هاوکۆکیی نێوان مەسیحیەت و دیموکراسییەت پێشان بدا. لە هەموو ترادسیۆنەکاندا سەرچاوەی

فـیکری و ئـایدیلـۆجی هـەن کـە دەتوانن پاسـاو بۆ رەواییی سـیـسـتـەمی پاشـایەتیی رەهـا یان دیموکراسییـەت دەستـەبەر بکەن. مشتومڕەکان لەبارەی ئەوەوە دروست دەبن کە چۆن لە چەمکە گشتییەکان حاڵی ببین و جێبەجێیان بکەین.

لە ١٩٩٢دا ڕاشد ئەلغەنووشی سەرکردەی ئیسلامیی تونسیی لە تاراوگە لە دیمانەیەکدا لەگەڵ "لەندەن ئۆبسێرڤەر" گوتی "ئەگەر مەبەست لە دیموکراسییەت نموونەی ئەو حکوومەتە لیبراڵە بێ کـە لە ڕۆژئاوا هەیـە، سیـستـەمێک لە سـایەیدا خـەڵک ئازادانە نوێنەر و سـەرکـردەکـانی خـۆیان هەڵبژێرن، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات هەبێ، هەروەها مـافی مرۆڤ و ئازادییەکانی خـەڵک دەستـەبەر بن، ئەوا موسڵمانان هیچ شتێک لە ئاینەکەیاندا نابیننەوە پاساو بێ بۆ دژایەتیکردنی دیموکراسیەت، جگە لەوەیش کارێکی لەو جۆرە لە بەرژەوەندیشیاندا نییە".

زۆر لە مـوسـڵـمـانان، لەوانە خـودی غـەنووشی، زیاتر لەوەیش دەڕۆن و دیموکـراسـیـیـەت وەک ڕێگەیەک لە ڕێگەکانی بەرجەستەکردنی ئەرکە ئاینییەکان لە جیهانی هـاوچەرخدا دەبینن.

ترادسیـۆنی ئیـسـلامـی ژمـارەیەک چەمک و بیـرۆکـەی تێدایە کە لەلایـەن مـوسـڵـمـانەکانەوە وەک کلیلی دیموکـراسـیـیـەتی ئیـسـلامی دەخـرێنە ڕوو. رەنگە زۆر کـەس هـاوڕا بن کـە گـرینگە بۆ مـوسـڵـمـانەکـان سـادە و ئاسـان ئەو نموونەیە کـۆپی نەکـەن کـە نامـوسـڵـمـانەکـان لە داهێنانی سیستەمی دیموکراسیدا کردوویانە و جەخت لەوە دەکەن کە دیموکراسییەت دەتوانرێ لە چەندان فۆرم لە خۆ بگرێ. سەرۆکی (پێشووی) ئێران خاتەمی لە دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنیدا گوتی "مـەرج نیـیـە هـەمـوو سـیـستـەمـە دیموکـراسـیـیـەکـانی ئێـستـە هـەمـان فـۆرم و داڕشـتـەیان هـەبێ. رەنگە دیموکراسییـەتێک سـەربکێشـێ بۆ سیستـەمێکی لیبـراڵی. دیموکراسییەتێکی تر سەربکێشێ بۆ سیستەمێکی سۆشیالیستی، یان رەنگە دیموکراسییەتێک پێوەرە ئاینییەکان لە حکوومەتدا ڕەچاو بکات، ئێمە ئەمەی سێیەممان قبووڵ کردووە".

خاتەمی ئامـاژەی بە خاڵێک دا، کە لەنێو بانگخوازانی دیموکراسییەتی ئیسلامیدا باوە، ئەویش ئەوەیە کە "ئەمڕۆ دیموکراسییەکانی دنیا بەدەست بۆشاییەکی سەرەکییەوە دەناڵێنن، کە بۆشاییی ڕوحییە" و ئیسلام دەتوانێ چوارچێوەیەک پێشکیش بکا کە تێیدا دیموکراسییەت لەگەڵ ڕوحانیەت و حکوومەتێکی ئاینیدا یەکانگیر بن.

یەکـانگیـرکـردنی ڕوحـانیـەت و حکوومـەت لەسـەر بیـرۆکـەیەکی بنەڕەتیی ئیـسلام بنیـات نراوە ئەویش کە لە دەستـەواژەی "لا اله الا الله"دا خـۆی دەنوێنێ (هیچ خـوایەک نییـە جگە لە الله)، واتە یەکایەتیی خـوا، کە پێی دەوترێ یەکتاپەرستی. بەپێی ئەم فەلسەفەیە ناکرێ بەشـەکانی ژیان لێک جوێ بکرێنەوە.

بەپێی ئەم دنیـابینییە جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسـەت بۆشایی ڕوحی لە گۆڕەپانە گشـتییـەکەدا دروست دەکات زەوینە بۆ سـەرهـەڵدانی سیـستـەمێکی سیـاسی خـۆش دەکات کـە هیچ واتایەک بۆ بەها ئەخلاقییەکان دانانێ. لـەم ڕوانگەیەوە دەوڵەتی عەلمانی ڕێگە بۆ خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات

دەكاتەوە. ئەزموونی تاڵی كۆمەڵگە ئیسلامییەكان لەگەڵ ڕێژیمە سەربازییە عەلمانییەكاندا، وەك ڕێژیمی حزبی بەعسی سۆشیالیستیی سەدام حوسێن لە عێراق، ئەم بەگومانییەی بەرامبەر جیاكردنەوەی بەها ئاینییەكان لە سیاسەت بەهێزتر كردووە.

بەیداخهەڵگرانی "دیموكراسییەتی ئیسلامی" دەڵێن یەكایەتیی خوا هەندێ لە فۆرمەكانی سیستەمی دیموكراسی دەخوازێ، كۆنەپارێزەكانیش پێ لەسەر ئەوە دادەگرن كە بیرۆكەی سەروەریی گەل لە دیموكراسییەتدا لەگەڵ بنەمای حاكمیەتی خوا ناكۆكە، بەزۆرییش بەدیلەكەیان هەندێ لە فۆرمەكانی سیستەمی پاشایەتی دەبێ.

وەڵامی ئەم بۆچوونە جەختكردنەوەیە لەسەر یەكتاپەرستی (تەوحید)، وەك بیرمەندی سوودانی عەبدولوەهاب ئەلئەفەندی لە چاپی ئۆكتۆبەری ٢٠٠٠ی كتێبی "ئیسلامی سەدەی ٢١"دا دەڵێ "هیچ موسڵمانێك لاریی لە حاكمیەتی خوا یان جێبەجێكردنی شەریعەتدا نییە، بەڵام زۆربەی موسڵمانەكان دڵەخورپەیان هەیە و هەبووە لەبارەی هەر كەسێكەوە كە ئیدیعای حاكمیەت بكا. حاكمیەتی كەسێك دژ بە حاكمیەتی خوایە، چونكە هەموو كەسەكان لە بەردەم خوادا یەكسانن.. گوێڕایەڵیی كوێرانە بۆ حوكمی كەسێك پێچەوانەی ویستی ئیسلامە".

بەم تێگەیشتنە، عەقیدەی یەكتاپەرستی بە كردەوە بوونی سیستەمێكی دیموكراسی دەخوازێ لەبەرئەوەی هەموو مرۆڤەكان بە یەكسانی دروست كراون و هەر سیستەمێك چاوپۆشی لەو یەكسانییە بكا، سیستەمێكی ئیسلامی نییە.

ژمارەیەك چەمك هەن كە موسڵمانان لە كاتی باسكردنی پێوەندیی ئیسلام و دیموكراسییەتدا ئاماژەی پێ دەدەن. لە قورئاندا مرۆڤی باش (صالح) پێناسە كراون بەوانەی كاروبارەكانیان بەشێوەی پرس و ڕاوێژ بەڕێوە دەبەن (وأمرهم شورى بينهم). ئەم بیرۆكەیە لە ڕێی حەدیسەكانی پێغەمبەر و گوتە و كردارەكانی سەركردە پێشینەكانی كۆمەڵگەی ئیسلامییەوە فراوانتر كراوە، مەبەستیش ئەوەیە پێویستە موسڵمانەكان كاروبارە سیاسییەكانیان لە ڕێی پرس و ڕاوێژ بەیەكترییەوە بەڕێوە ببەن. بیرمەندە ئیسلامییەكانی ئەم سەردەمە، لە ئیسلامییە موحافیزكارەكانەوە بۆ لیبراڵە نوێخوازەكان و تا چالاكوانە شیعەكان، هەموویان جەخت لە گرینگیی پرەنسیپی ڕاوێژكردن دەكەنەوە.

محەمەد باقر سەدر كە لەلایەن ڕێژیمی سەدام حوسێنەوە لەدار درا، لەبارەی سیستەمی سیاسیی ئیسلامییەوە دەڵێ "گەل مافی ئەوەیان هەیە كاروبارەكانیان لەسەر بنەمای ڕاوێژ ڕێك بخەن". خاتەمیش لە دیمانەكەیدا دەڵێ "گەل ڕۆڵێكی بنەڕەتی دەبینێ لە گەیاندنی حكومەتێك بە دەسەڵات، لە چاودێریكردنی حكومەتدا و ڕەنگە لە گۆڕینی حكومەتیشدا بەبێ هیچ گرژی و كێشەیەك".

یەكێكی تر لە چەمكە بنەڕەتییەكان لە پەرەپێدانی دیموكراسییەتی ئیسلامیدا بریتییە لە چەمكی جێنشین "خەلیفە". لە گفتوگۆ هاوچەرخەكاندا بەكارهێنانی سیاسییانەی مێژوویی زاراوەكە

سەرلەنوێ پێناسە کراوەتەوە. لە رووی مێژووییەوە وشەی خەلیفە وەک ناونیشان بۆ ئەو پاشایانە بەکار دەهات کە حوکمڕانیی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامییان دەکرد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا. کاتێ فەیلەسووفە سیاسییە موسڵمانەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لەبارەی خەلافەتەوە دەدوان، باسیان لە دامەزراوە سیاسییەکانی جێگرەکانی پێغەمبەر محەمەد (د.خ) دەکرد وەک سەرکردەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی. چەمکی خەلافەت دوای مردنی پێغەمبەر سەری هەڵداوە.

لە قورئاندا وشەی خەلیفە و خەلافەت مانای جیاوازیان هەیە. ئەم وشانە لە قورئاندا واتایەکی گشتیتریان هەیە لە چاودێر و چاودێری، یاخۆ ڕاسپێر و ڕاسپێری. بەم شێوەیە، ئادەم – وەک یەکەم مرۆڤ– بە جێنشینی خوا ناو براوە لەسەر زەویدا. محەمەد ڕاسپێردراوە بە مرۆڤەکان ڕابگەیەنێ کە خوا ئەوانی کردووە بە جێنشین و ڕاسپێراوی خۆی لەسەر زەویدا. لە قورئاندا وشەی خەلافەت ئاماژەیە بۆ بەرپرسیارییە فراوانەکانی مرۆڤ وەک جێنشینانی خوا لەسەر زەویدا.

لە کۆتاکانی سەدەی بیستەمدا و ماوەیەکی زۆر دوای ئەوەی خەلافەت لە ڕێی ڕیفۆرمەکانی ئەتاتورکەوە لە ساڵی ١٩٢٤دا هەڵوەشایەوە، بیرمەندە ئیسلامییەکان بیریان لە گرینگیی چەمکی "خەلیفە" وەک جێنشینی خوا بۆ گشت مرۆڤەکان کردەوە. لەو کاتەی رەهەندە فیکرییەکانی رابوونی ئیسلامی کۆتاکانی سەدەی بیستەم بە روونی دەرکەوتن، ئیسماعیل فاررووقی، کە بیرمەندێکی فەڵەستینییە، پرۆژەیەکی خەونداری لە کتێبێکی بچووکدا خستە ڕوو بەناوی ئەسلەمەکردنی مەعریفە تێیدا ئاماژە بەوە دەدات کە چەمکی خەلافەت بەرپرسیارێتییەکانی مرۆڤەکان لە هەموو رەهەندەکانی ژیاندا لەخۆ دەگرێ بەتایبەت بەرپرسیارێتیە سیاسییەکان "لە ڕاستیدا هەندێ لە موسڵمانان وا لە خەلیفە گەیشتوون کە ڕاستەوخۆ سیاسییە.. ئیسلام داوا دەکات هەموو موسڵمانێک سیاسی بێ بەو واتایەی کەسێکی ڕابوو، ڕێکخراو و بەجۆش بێ".

بایەخی ئەم بیرۆکەی جێنشینیی مرۆڤ لەسەر زەویدا، بەو پێیەی قورئان باسی کردووە، بۆ دیموکراسییەتی ئیسلامی لەلایەن ئەبوئەعلای مەودووی سەرکردەی ئیسلامی باشووری ئاسیاوە لە کتێبی "شێوەژیانی ئیسلامی"دا باس کراوە و تێیدا مەودوودی دەڵێ "دەسەڵاتی خەلافەت بە هەموو گەل دراوە بەگشتی.. ئەو جۆرە کۆمەڵگەیە –چ وەک کۆ و چ وەک تاکەکەسەکان– بەرپرسیارێتی خەلافەت دەگرێتە ئەستۆ. ئەمە ئەو خاڵەیە کە تێیدا دیموکراسییەت لە ئیسلامدا دەست پێ دەکات. هەموو کەسێک لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا ماف و دەسەڵاتەکانی جێنشینیی خوای هەیە و لەم ڕوانگەیەوە هەموو تاکەکان یەکسانن".

لە رووی بواری تیۆر و چەمکسازیدا، دیموکراسییەتی ئیسلامی لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا گەشەی باشی کردووە و جێمتمانەیە. بەڵام لە رووی پراکتیکییەوە ئەنجامەکان زۆر هاندەر و دڵخۆشکەر نین. فەرمانڕەوا دەسەڵاتخوازەکانی وەک جەعفەر نومێری لە سوودان و زیائولحەق لە پاکستان لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا پرۆگرامێکی فەرمییان بۆ ئەسلەمەکردنی یاسا و سیستەمی سیاسی خستە ڕوو، کە ئەنجامەکانیان بۆ دیمووکراسیەت هاندەر نەبوون.

هەروەها لە ساڵی ١٩٨٩دا کودەتایەکی سەربازی تێکەڵەیەک لە سەربازان و دەستەبژێرە سیاسییە ئیسلامیەکانی لە سوودان گەیاندە دەسەڵات. وێڕای ئەوەی رایان گەیاند ئامانجیان دروستکردنی سیستەمێکی دیموکراسیی ئیسلامییە، بەڵام تۆماری ڕێژیمەکە لە بوتری مافی مرۆڤدا، لە جۆری مامەڵەکردنی لەگەڵ کەمینە ناموسڵمانەکان و گرووپە ئۆپۆزسیۆنە موسڵمانەکاندا مایەی بێ ئومێدییە.

ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ بەردەوام ڕەخنە لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەگرن، لە شێوازی مامەڵەکردنیدا لەگەڵ کەمینە ناموسڵمانەکاندا، لە یەکەم دەیەی خۆیدا، کۆماری ئیسلامی چەند بەربەستێکی سنووورداری لە بەردەم بەشداریی سیاسیدا دانا. بەڵام کۆتای نەوەدەکان سەرکەوتنێکی بێ پێشینەی سەرکردەی ڕیفۆرمخواز محەمەد خاتەمی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەو وڵاتەدا بەخۆوە بینی، کە کۆنەپارێزەکانی نێو دامەزراوە ئاینییەکە پشتگیری لێ ناکەن. ئەو جارێکی تریش لەلایەن زۆرینەیەکی رەهاوە لە ٢٠٠١دا هەڵبژێردرایەوە. ئەگەرچی هێشتا زەوینەیەکی بەردەوام هەیە بۆ ڕەخنەگرتن لە ئێران لەبارەی سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن و کەمینەکانەوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان و لاوانی ئێرانی بەشداریی دەنگدان دەکەن. لەباتیی "یەک پیاو، یەک دەنگ، یەک جار" ئەو تاکە پیاوە وەک هێزی دەنگدان "ژنێک"یشی لەگەڵدایە.

جگە لەو سیستەمە سیاسییانەی بەفەرمی ئیسلامین، هاوکات تێزێک لە دیموکراسییەت بە بۆن و بەرامەی ئیسلامییەوە ڕۆڵی ڕوو لە زیادبوون کردووە.

لە زۆر وڵاتدا، ئەو موسڵمانانەی چالاکوانی ئیسلامی نین بەشدارییان لە پرۆسەی دیموکراسیدا کرد و هەستێکی وایان خولقاند کە گۆڕەپانی سیاسی پێویستی بە ئەخلاقییات و هۆشیاریی ئیسلامی هەیە. لە سەردەمێکدا کە سیاسەت لە زۆر وڵاتدا "desecularized" کرا سەرکردەکانی ڕێکخراوە ئیسلامییەکان ڕۆڵێکی گرینگیان لەو سیستەمە سیاسییە ئینتیخابییانەدا هەیە کە بە ڕوونی وەک ئیسلامی نەناسراون.

کاتێ ڕێژیمی سۆهارتۆ لە ئەندەنووسیا کۆتایی هات، لە ئەنجامی یەکەم هەڵبژاردنی ئازاددا لە ساڵی ١٩٩٩ عەبدوڕەحمان وەحید سەرۆکی گرووپی (نەهزەتولئومە) -کە ڕەنگە گەورەترین ڕێکخراوی ئیسلامی بێ لە جیهاندا- بوو بە سەرۆک. ئەو لە هەڵمەتەکەیدا دروشمی ئەسلەمەکردنی سیستەمی سیاسی بەرز نەکردبووەوە، لە کاتێکدا ئەو بەئاشکرا وەک سەرکردەیەکی ئیسلامی بەشداری لە سیستەمە دیموکراسییەکەدا کردبوو. کاتێ ئەمساڵیش وەک سەرۆک لە ڕێی پرۆسەیەکی ئاڵوگۆڕی سیستەماتیکەوە لادرا، نە شوێنکەوتوانی و نە ڕکابەرەکانی لە شەڕێکی ئاینییەوە نەگلان.

بەهەمان شێوە، حزبە سیاسییە خاوەن پاشخانە ئیسلامییەکانی تورکیا بە سەرۆکایەتیی نەجمەدین ئەربەکانی سەرۆکی پارتی رەفا (بەشدارییەکی سەرکەوتوانەیان لە هەڵبژاردنەکانی تورکیای عەلمانیدا لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا) کرد و ئەربەکان بۆ ماوەیەکی

کورت لە ١٩٩٦ و ١٩٩٧دا بوو بە سەرۆک وەزیران. ئەگەرچی چەند جارێک حزبە ئیسلامییەکانی تورکیا سەرکوت کران و زۆر لە سەرکردەکانیان زیندانی کران، ئەندامانی ئەو پارتە لە باتیی ئەوەی لە پەرچەکرداری ئەو بڕیارانەدا ببنە ئۆپۆزسیۆنێکی نهێنیی چەکدار و توندوتیژ، بە ئاراستەی پێکهێنانی حزبی نوێ و دەستکردنەوە بە چالاکییەکانیان هەنگاویان نا. (پارتی داد و گەشەپێدان بەسەرۆکایەتیی رەجەب تەیب ئەردۆگان، کە یەکێک لە سەرکردەکانی پارتی ڕەفای ئەربەکان و دوای ئەویش پارتی فەزیلەی رەجائی کۆتان بوو و دوای هەڵوەشاندنەوەی لە دوای یەکی هەردوو حزب لە ١٩٩٧ و ٢٠٠١دا، لەگەڵ عەبدوڵا گویل و چەند پەرلەمانتارێکی تری فەزیلەدا ئەو حزبەیان دامەزراند، لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ٢٠٠٢دا زۆرینەی کورسییەکانی بەدەست هێنا و حکوومەتی پێک هێنا. لە هەڵبژاردنی دواتریشدا لە ٢٠٠٨ توانی بۆ جاری دووەم سەرکەوتن بەدەست بهێنێتەوە– وەرگێڕ).

ئەزموونەکەی تورکیا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە زۆر لە موسڵمانان، چ لە سایەی ڕێژیمە سیکیولارەکاندا بژین بێ یان لە سایەی ڕێژیمە ئیسلامییەکاندا، دیموکراسییەت وەک هیوای سەرەکی و ئامرازی خۆیان دەبینن بۆ گەیشتن بە بەشدارییەکی سیاسیی کاریگەر.

ڕەهەندێکی گرینگی ئەو بەشداریکردنە ئەوەیە وێڕای نەیاری و بەرهەڵستکاریی موسڵمانە کۆنەپارێزەکان بۆ بیرۆکەی حاکمیەتی ئافرەت، سێ گەورەترین دەوڵەتی ئیسلامی لە جیهاندا (ئەندەنووسیا، بەنگلادیش و پاکستان)(*) چ لە رابردوو چ لە ئێستەیاندا ئافرەیان وەک سەرۆکی حکوومەت هەڵبژاردووە هیچ کام لەو ژنانە بەئاشکرا ئیسلامی نەبوون و یەکێکیان ڕاستەوخۆ لەلایەن حزبێکی ئیسلامیەوە ڕکابەری دەکرا.

لەم چواچێوە ئاڵۆزەدا، ئەوە ڕوونە کە ئیسلام بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ دیموکراسییەتدا ناکۆک نییە. ئیسلامیی سیاسی هەندێ جار بەرنامەیەکە بۆ دیموکراسییەتێکی ئاینی نەک ئەجێندایەک بێ بۆ شەڕی پیرۆز یان تیرۆریزم.

***

– لە ئەندەنووسیا: میگاواتی سۆکارنۆ پۆتری سەرۆکی ئەندەنووسیا (٢٠٠١–٢٠٠٤).

– لە بەنگلادیش: خالدە زیا سەرۆک وەزیرانی بەنگلادیش (١٩٩١–٢٠٠٥) کە سێ جار بووەتە سەرۆک وەزیران (١٩٩١، ١٩٩٦، ٢٠٠١). دوای ئەویش شێخە حوسێنە واجید کە لە هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٥دا سەرکەوتنی بەدەست هێنا و بوو بە سەرۆک وەزیران.

– لە پاکستان: بێنەزیر بۆتۆ سەرۆک وەزیرانی پێشووی پاکستان (١٩٨٨–١٩٩٠) (١٩٩٣–١٩٩٦)، واتە دوو جار بووەتە سەرۆک وەزیرانی پاکستان.

هەروەها لە تورکیایش تانسۆ چیللەری سەرۆکی حزبی نیشتمانی دایکی تورکیایش لە نیوەی یەکەمی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا بۆ چەند ساڵێک بوو بە سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتە.

– وەرگێڕ.

سەرچاوە: http://www.neh.gov/news/humanities/2001-11/islam.html

# چاوخشاندنەوە بە پێگەی تورکیا و رۆڵی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا

## پێوەندییە

## تورکی – عەرەبی – ئیسرائیلییەکان

ئەحمەد داود ئۆغڵو

ئەم بابەتە پوختەی کتێبەکەی ئەحمەد داود ئۆغڵو وەزیری دەرەوەی تورکیایە، کە بە کیسنجەری تورکیا ناوبراوە، بەناوی "قوولاییی ستراتیجی- پێگەی تورکیا و ڕۆڵی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا"، کە تێیدا شرۆڤەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە سەدەی بیستەم و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەمدا دەکات. رۆژنامەی (الحیاة)ی لەندەنی بە سێ بەش لە رۆژانی ٧ و ٨ و ٩ی سێپتەمبەری رابردوودا پوختەی کتێبەکەی بڵاو کردەوە.

ئەوەی لێرەدا کراوەتە کوردی، بەشی دووەم و سێیەمی پوختەکەیە، کە لە (الحیاة)دا بڵاو کراونەتەوە و تێیدا نووسەر شرۆڤەی پێوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی لەلایەک و لەگەڵ ئیسرائیلدا لەلایەکی ترەوە دەکات و پێی وایە بەدگومانیی دووسەرە بناخەی پێوەندییەکانی تورکیا و جیهانی عەرەبی بووە بۆ ماوەی دەیان ساڵی سەردەمی شەڕی ساردی نێوان هەردوو بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا. پێوەندییە ستراتیجییەکانی تورکیا و ئیسرائیلیش ئەو بەدگومانییەی عەرەبەکانی بەرامبەر تورکیا قووڵتر کردووەتەوە و ئەنقەرەی تووشی گۆشەگیری کردووە لە ناوچەکەدا، لە کاتێکدا لە بەرامبەر ئەوەدا تورکیا لە رووی سیاسی و ئابوورییەوە لە دەرهاویشتەکانی کۆتاهاتنی شەڕی سارد و گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سوودمەند نەبووە.

پەیامی کتێبەکەی ئۆغڵو ئەوەیە کە تورکیا لە رابردوودا سیاسەتێکی دەرەکیی عەقڵانی نەبووە و پێویستە چاو بەو سیاسەتەدا بخشێنرێتەوە بەشێوەیەک ئەو سیاسەتە گەرەنتی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییە ستراتیجییەکانی ئەنقەرە بکا. هاوکات جەخت لەوە دەکات کە پێویستە

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور

تورکیا و عەرەبەکان پێوەندییەکانیان لە کاریگەرییەکانی خلّتە و خالّە سایکۆلۆجییە مێژووییە کەڵەکەبووەکان پاک بکەنەوە و لەسەر بناخەی عەقڵانییەت و بەرژەوەندیی دووسەرە پێوەندییەکانیان دابمەزرێننەوە.

ئەم کتێبە لەلایەن محەمەد جابر ئەلسەلجی و تاریق عەبدولجەلیلەوە کراوەتە عەرەبی و لەلایەن سەنتەری جەزیرەوە بۆ لێکۆڵینەوە چاپ کراوە. لە ١٩ی ئۆکتۆبەری رابردوودا بەبۆنەی دەرچوونی چاپی عەرەبیی کتێبەکەوە، بە ئامادەبوونی ئۆغلّو، سەنتەری جەزیرە ئاهەنگێکی لە هۆتیل واشنتۆن لە دۆحەی پایەتەختی قەتەر ساز کرد (وەرگێڕی کوردی).

## سیاسەتی تورکی لە چوارچێوەی پێوەندییەکان لەگەڵ دنیادا

لەم بەشەدا ئۆغلّو باس لەو پاشخانانە دەکات کە وایان لە تورکیا کردووە پێوەندییە تورکی-عەرەبییەکان بەو شێوەیەی ئێستە دابڕێژرێن، لەگەڵ دیاریکردنی ئاسۆکانی پەرەسەندنی دوای رزگاربوون لە خلّتە و خالّەکانی رابردوو و دامەزراندنەوەی لەسەر بناخەیەکی عەقلّانی بەشێوەیەک بەرژەوەندییە هاوبەشە گەورەکانی هەردوو لا لە بەرچاو بگرێ.

بۆ ئەوەی بتوانین رەوتی پێوەندییە قووڵە مێژووییە فرەڕیشاڵەکان لە هاوسەنگییە ستراتیجییەکانی پێوەندییە تورکی- عەرەبییەکاندا شی بکەینەوە، پێویستە تەنیا پێوەرە سیاسییەکانی ئێستە لە بەرچاو نەگرین، بگرە لەو زەوینەیەش بکۆڵینەوە کە ئەو پێوەرە سیاسییە فرەڕەهەندانەیان تێدا دەرکەوتووە. هەر دیاریکردنێک ئەو رەگەزە مێژوویی و سایکۆلۆجی و سۆسیۆ - کولتوورییانەی زهنیەتی ستراتیجی دیاری دەکەن، لە بەرچاو نەگرێ، شیکردنەوەیەکی میکانیکیی بێگیان دەبێ. پێوەندییە تورکی- عەرەبییەکان بە پاشخانە مێژووییە ئەرێنی و نەرێنییەکانییەوە، ئاراستەیەکی زیندوو و دەگمەنی وەرگرتووە لە ڕووی کاریگەرییە کولتووری سیاسییە دووسەرەکانیەوە، کە هاوشێوەی ئەو حالّەتە لە پێوەندییە ئەڵمانی-رۆمانییەکان لە ئەورووپا و پێوەندییە ژاپۆنی- چینییەکان لە ئاسیادا دەبینین.

هەروەک چۆن ئەڵمانەکان، کە لە رووی بنیاتی سیاسییەوە کۆمەڵگەلێکی بزۆزتر بوون، مەسیحییەتی رۆمایان قبووڵ کرد، ژاپۆنییەکانیش بوودیەتی چینیان کردە ئاینی خۆیان و کولتوورێکی جیهانییان پێک هێنا، تورکەکانیش کە چەند گرووپێکی سیاسیی بزۆز بوون لە ئاسیای ناوەڕاستەوە هاتنە ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی عەرەبەکاندا بوون، بوونە موسڵمان و کەوتنە نێو پرۆسەیەکی گۆڕانی شارستانی فرە ڕەهەندەوە. وەک چۆن مەسیحییەت و بوودیەت ناسنامەی مێژوویی ئەڵمان و ژاپۆنییەکانی بۆ زانینێکی شارستانی گۆڕی، بەهەمان شێوە ئیسلام بناخەی شارستانی بۆ بنیاتە سیاسییە زەبەلاحەکان دەستەبەر کرد، کە دواتر تورکەکان دروستیان کرد، کە لە دەوڵەتەکانی سەلجووقی و بابر و عوسمانیدا خۆ دەنوێنن.

ئەگەرچی ئەو کەڵەکەبوونە کولتوورییەی عەرەبەکان لە هەردوو سەردەمی ئومەوی و عەباسیدا

دایاننان، دزەیان کردە نێو بنیاتی ئەو شارستانیەتەوە، بەڵام دینامیکیەتی سیاسی و سەربازیی تورکەکان و توانا دیارە ئاسیاییەکانیان لە ڕێکخستندا، کاری لە تەواوی جوگرافیای عەرەبی کرد. ئەوەتا پایتەختەکانی جوگرافیای عەرەبیی ئەمڕۆ، وەک قاهیرە و دیمەشق و بەغدا، هێشتا ئاسەوارەکانی دەوڵەتی عوسمانییان تێدایە. لە بەرامبەردا ئەو هونەری خۆشنووسییەی لە ئەستەمبوڵدا گەیشتە لووتکە وێنەیەکی دڵڕفێنە لە خەتی عەرەبی. هەروەها شارە کلاسیکییەکانی تورکیا وەک ئۆرفە و قۆنیە و بۆرسە وەک شارە هاوشێوەکانیان لە جوگرافیا عەرەبییەکەدا گوزارشت لە یەکەتی و تەواوکاری دەکەن لە چنینە کولتوورییەکەدا.

ئەو کاریگەرییە دووسەرە و هاوبەشە، بەهۆی سیاسەتی تەوژمە ناسیۆنالیستییەکانەوە، کە لەژێر کاریگەریی شۆڕشی فەرەنسیدا سەریان هەڵدا و بوونە هۆی دڕاندنی ئەو هەستە لەنێو جوگرافیای کولتووری- سیاسیی دەوڵەتی عوسمانیدا، لاوازی رووی تێ کرد.

لە ئەنجامی دەرکەوتنی ناسنامەی نەتەوەیی و زەرورەتی بوونی قەوارەیەکی سیاسیی نوێ لە چوارچێوەی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییدا، ئەو دڕانە سەری کێشا بۆ کاردانەوەیەکی سایکۆلۆجی کە زەوینەی بۆ جۆرێکی تر لە تێڕوانییان بۆ "ئەوی تر" ساز کرد. هاوکات کاریگەریی هێزە ئیمپریالییەکان و ئەو پەرەسەندنانەی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا ڕوویان دا ڕۆڵیان هەبوو لەسەر دەرکەوتنی ئەو هەستە.

لەو کاتەوە ناسیۆنالیستە تورکەکان رزگار بوون لە کاریگەریی عەرەبییان بە مەرجێکی پێویست زانی تا بتوانن کولتوورێکی سەربەخۆی تورکی پێک بێنن، هەروەها ناسیۆنالیستانی عەرەبیش لەو باوەڕەدا بوون کە تاکە ڕێگە بۆ دەرکەوتنەوەی عەرەب لە گۆڕەپانی سیاسیدا بریتییە لە رزگاربوون لە کاریگەریی سیاسەتی تورکی.

بەلای دەستەبژێرانی تورکەوە کەڵەکەبوونی کولتووریی عەرەبی بۆ ئەوان هێزێکی پەکخەرە و پێیان وابوو گەیشتن بۆ مۆدێرنیزم بەبێ خۆرزگارکردن لە کاریگەریی ئەو جوگرافیایەی ئەو کەڵەکەبوونەی خەلق کردووە، مەحاڵە. هەر بۆیە بەلای دەستەبژێرانی تورکەوە وێنەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست هاوواتا بوو لەگەڵ دواکەوتندا کە پێویستە لە ڕووی کولتوورییەوە خۆیانی لێ دەرباز بکەن و تا دەکرێ لێی دوور بکەونەوە. زۆر لە دیپلۆمات و توێژەر و بڕیاربەدەستانی تورک کەوتنە ژێر ئەم تەرزە بیرکردنەوەیەوە، کە بەشێوەیەکی ئەدەبی لە رۆمانی "شاخی زەیتون"ی فالح رەفیق و لە پەندە میللییەکانی وەک "دەموچاوی عەرەبی و شیرینی شامم پێشان مەدە"دا بەرجەستە بووە. بەم شێوەیە تورکیا لە سیاسەت و هاوسەنگییەکانی ناوچەکە نامۆ بوویەوە.

هەرچی دەستەبژێرە عەرەبییەکەیە، دیوارە تورکییەکەی بە بەربەستێک لە نێوان عەرەب و ڕۆئاوادا دەزانی کە ڕێگرە لەوەی عەرەب بە کاروانی نوێگەریدا بگەنەوە و وای لێ هات خۆدارنین لە هەر کاریگەرییەکی تورکی جۆرێک بێ لە خۆسەلماندن. کاتێ ئەم تەرزە تێڕوانینە، کە دەرکەوتن و سەرکەوتنی عەرەب لە مێژوودا بە خۆداڕنین لە کاریگەریی تورکیا دەبینێ، لەگەڵ پاڵنەری ناوەکی

بۆ خۆسەلماندن کۆ دەکەینەوە، دەبینین دژە دارِنینێکیان بەرهەم هێناوە. لە ڕوانگەی سایکۆلۆجیەتی خۆدارِنینی دووسەرەیشەوە دەتوانین لەو دوورایییە دیپلۆماسی و سیاسییە تێ بگەین کە لەنێوان هەردوو ڕێژیمی سووریا و تورکیادا هەیە وێڕای ئەو نێزیکییە جوگرافی و کولتوورییەیی لە نێوانیاندا هەیە.

لەم ناوچەیەدا کەسایەتیی دەروونی و هەستیی مرۆڤ دیپلۆماسیەتی عەقلانی دەخاتە ژێر پاڵەپەستۆی سایکۆلۆجیەتی ئەم خۆدارِنینە دووسەرەوە، بەشێوەیەک گفتوگۆکردن لەبارەی بەرژەوەندییە دووسەرەکان و ڕەگەزە هاوبەشەکان، کە ڕەنگە هەندێ جار زۆر زۆر بن، شتێک بێ نەکرێ بخرێتە دانوستاندنێکی عەقلانییەوە. ئەو بەربەستە سایکۆلۆجیانەی لە نەستی دەستەبژێرەکاندا بەرامبەر یەکتر دروست بووە، کاریگەریی نەرێنییان لە ڕەوتی پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی تورک و عەرەبدا هەیە.

ئەستەمە پێوەندییە تورکی- عەرەبییەکان بگەنە ئاستێکی تەندروست بەبێ پەرەپێدانی پێوەندییەکی عەقلانی، تا ئەم نێزیکانەیش دەکرا پاساو بۆ ئەم جۆرە ڕەفتارانەی هەندێ لەو دەوڵەتانەی خاوەن مەکۆی ئەزموون و تاقیکردنەوە نین بدۆزرێتەوە، کە بەرەنجامی پەرچەکردارێکی سایکۆلۆجی بوون، بەڵام بۆ دەوڵەتێکی وەک تورکیا، کە لە ناوچەکەدا خاوەن میراتێکی مێژوویییە و باڵادەستییەکی ڕەهای بۆ ماوەی نێزیکەی چوار سەدە هەبووە، پێویستە ئەم بەربەستە دەروونییانە تێپەڕێنێ و شێوازێک لە مامەڵەی ستراتیجی پەرە پێ بدا، کە توانای ئەوەی بداتێ لە تەواوی ڕەگەزەکانی ناوچەکە تێ بگات، شرۆڤە و ئاراستەیان بکا و ئاگای لە تەواوی وردەکارییەکانی بێ.

## بەڵانسەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و پێوەندییە تورکی – عەرەبییەکان

کاتێ ئەو ئەزموونە نەرێنییانەی ناوچەکە لە ماوەی شەڕی جیهانیی یەکەمدا و لەژێر کاریگەریی بەریتانیادا تێیدا دەژیان، لەگەڵ ئەم تێگەیشتنە لە مێژوو کۆ دەکەینەوە، دەبینین ئەو خۆدارِنینەی لە پێوەندییەکانی تورکیا و عەرەبەکاندا لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست دروست بوو، لە ماوەی نێوان هەردوو شەڕە جیهانییەکەدا کەڵەکە و زیاتر بوو، قووڵتریش بوویەوە. ئەو سیستمە جیهانییە دوو جەمسەرییەیش کە دوای شەڕی دووەم سەری هەڵدا (بلۆکی سەرمایەداریی ڕۆئاوا بەسەرۆکایەتیی ئەمەریکا و بلۆکی سۆشیالیستیی ڕۆهەڵات بەسەرۆکایەتیی یەکەتیی سۆڤیەت)، ئەو دژیەکییانەی لە سیاسەتی هەرێمایەتیدا بەهێزتر کرد. ئەو سایکۆلۆجیای خۆدارِنین (انسلاخ)ـە وای کرد تورکیا و دەوڵەتە عەرەبییەکان پێچەوانەی یەکتر بچنە نێو ئەو دوو بلۆکەوە، تورکیا لەلایەک و دەوڵەتانی عەرەبی لەلایەکی تر. هەروەها بووە هۆی ئەوەی ئەو دەوڵەتانە ئامادەییان بۆ دروستکردنی سیاسەتێکی هەرێمایەتی تێدا دروست نەبێ.

دوای شەڕی جیهانیی دووەم تورکیا هەستی بە پاڵەپەستۆی هەڕەشەی سۆڤیاتی لە باکورەوە

کرد، بۆیە پاڵی دا بە بلۆکی ڕۆئاواوە، لەوەیشدا تووشی کێشەیەک بوو کە حیساباتی سایۆکۆلۆجی و دیپلۆماسی و تاکتیکییەکانی بۆ نەکردبوو، ئەویش ئەوە بوو هەر دەوڵەتێکی نوێ لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست دەردەکەوێ دەکرێ ببێتە هاوپەیمانی سۆڤیەت، لە ئەنجامی ئەم هاوپەیمانییەی لەگەڵ سەربازگەی ڕۆئاوایشدا تورکیا بوو بە یەکێک لە دەوڵەتە یەکەمەکان لە داننان بە ئیسرائیلدا و هەڵوێستێکی نێگەتیڤی لە تەنگژەی کەناڵی سوێس وەرگرت و بەشداریی پەیمانی بەغدا کرد و بارگرژییەکانی لەگەڵ سووریادا زیاد کرد، تا لە لێواری شەڕ نێزیک بووەوە. لەو کاتەدا ڕای گشتیی عەرەبی گوتاری دژ بە ئیمپریالیزمی بەرەو گوتاری دژ بە دەوڵەتی ڕۆئاوایی پەرە پێ دەدا و ئیدی تورکیا وەک شەریکێکی ستراتیجیی دەوڵەتە ئیمپریالزمەکان سەیری دەکرا. ئەم سیاسەتەی تورکیا کاری لە پێگە و ناوبانگی تورکیا لای ڕێکخراوی وڵاتانی بێلایەنیش کرد، سەرەنجام ئەمە تورکیای تووشی گۆشەگیرییەکی نێودەوڵەتی کرد.

بەڵام ئەو پەرەسەندنانەی لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا تورکیا لە تەوەرەی قوبرس و دەوڵەتە عەرەبییەکان لە تەوەری فەڵەستیندا بەخۆیانەوە بینی، سەری کێشا بۆ ئەوەی هەردوو لا بەرەو ئەوە بچن خۆ لە سیاسەتەکانی دوو بلۆکە جیهانییەکە رزگار بکەن. ئەوە بوو ئەو بارگرژییەی تورکیا لەگەڵ ئەمەریکا تێی کەوت و وتارەکەی جۆنسۆن لە کاتی تەنگژەی قوبرسدا لە ساڵی ١٩٦٤دا بووە هۆی ڕوودانی گۆڕانکارییەکی جیدی لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا کە خاوەن یەک رووگە و یەک بلۆک بوو. شکستی بزووتنەوەی ناسیونالیستیی عەرەبی بە سەرکردایەتیی عەبدولناسر لە شەڕی ١٩٦٧یشدا وای لە دەوڵە عەرەبییە ڕادیکالییەکان، لەسەروویانەوە میسر، کرد چاو بە هەڵوێستەکانیاندا بگێڕنەوە.

پرسە نەتەوەییەکانی هەردوولا وای کرد لە چەندان لاوە چاو بە سیاسەتی دەرەکییاندا بخشێننەوە. دوای وتارەکەی جۆنسۆن تورکیا پێوەندیەکانی لەگەڵ یەکەتی سۆڤیەتدا پەرە پێ دا، هەروەها بۆ دەرچوون لەو گۆشەگیرییە نێودەوڵەتییەی تێی کەوتبوو هەوڵی دا ئەو بۆشاییەی لای دەوڵەتانی بێلایەن، لە پێشیانەوە دەوڵەتانی ئەندام لە رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیدا، پڕ بکاتەوە. هەرچی دەوڵەتە عەرەبییەکانە هەوڵیان دا بەسەر ئەو ناکۆکییانەدا زاڵ بن کە بەهۆی لایەنگرییان بۆ دوو بلۆکی جیاواز لە نێوانیاندا دروست بووبوو، هەروەها ئەو دەوڵەتانە، بەتایبەت میسر، دەستیان کرد بە چاوگێڕانەوە بە پێوەندییەکانیان لەگەڵ یەکەتی سۆڤیەتدا، کە بەپرسارییەتیی بەشێک لە شکستەکەی ١٩٦٧ی خستە ئەستۆی.

ئەم سیاسەتە براگماتییانە، کە پێویستیی هەردوو لا بۆ پاڵپشتیی دیپلۆماسی هێنایە گۆڕێ، بووە مایەی ئەوەی بەربەستە مێژووییە – سایکۆلۆجییەکان لە حیساباتدا بکرێنە دەرێ، بەوەیش پێوەندییەکانی تورکیا و عەرەب لە حەفتاکاندا بەرەو باشبوون ڕۆیشت.

لە هەشتاکانیشدا ئەو پێوەندییانە لە ڕێی کۆمەڵێ پێوەندیی ئابووری چڕەوە زەوینەیان بۆ هێنانەکایەی چەندان کایەگەل بۆ بەرژەوەندیی هاوبەش خۆش کرد، لە ئەنجامەکانی ئەوەیش

چەندان پرۆژە دروست کران لەوانە هێڵی بۆرییەکانی کەرکووک – یۆمۆرتالک بوو کە تورکیا و عێراقی لێک نێزیک کردەوە. لە نیوەی یەکەمی دەیەی هەشتاکاندا تورکیا ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی لە ناوچەکەدا پتەو کرد لە ڕێی بەهێزکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ ژمارەیەک لە دەوڵەتە عەرەبییە گرینگەکانی وەک میسر و عێراق و سعوودیە، هەروەها ژمارەیەک سیاسەتی هەرێمایەتی پەسند کرد وەک بێلایەنی لە شەڕی عێراق – ئێراندا و پاڵپشتیکردنی میسر بۆ گەڕانەوە بۆ نێو ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی، کە بەهۆی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی کامپ دێڤیدەوە دوور خرابوویەوە، ئەمە جگە لە دامەزراندنی پێوەندی و هاوئاهەنگیی ئەمنی لەگەڵ شانشینی سعوودی و کوێت و چەند دەوڵەتێکی تری کەنداودا، کە بەهۆی شەڕی عێراق – ئێرانەوە مەترسی لەسەر ئاسایشیان هەبوو.

ئەم سیاسەتە هەرێمایەتییانە وەک لەدایکبوونی سیاسەتێکی نوێی تورکیا بوون لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕەنگە ئەوە دیارترین و کاریگەرترین سیاسەتی تورکیاش بووبێ لە ناوچەکەدا دوای ئەوەی لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا لەو ناوچەیە کشایەوە.

ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست سێ پەرەسەندنی گرینگی بەخۆوە بینی کە بوونەهۆی گۆڕینی ئاراستەی تورکیا، ئەوانیش: کۆتاییهاتنی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق – ئێران، هەڵگیرسانی شەڕی کەنداو (شەڕی کوێت) و پرۆسەی ئاشتی (عەرەب – ئیسرائیل). ئەو ئاگربەستەی لە نێوان ئێران و عێراقدا ئیمزا کرا، کە تورکیا وەک هەنگاوێکی گرینگ لەپێناو بەدیهێنانی ئاشتی لە ناوچەکەدا پشتیوانی لێ کرد، هاوسەنگیی هێزی لە ناوچەکەدا لە بەرژەوەندیی عێراق شکاندەوە ئەگەرچی عێراق نەیتوانی سەرکەوتنێکی ڕاستەقینەی سەربازی لە دژی ئێران بەدی بێنێ، بەڵام دوای ئەو شەڕەی بە پاڵپشتیی دارایی دەوڵە عەرەبییەکان و پاڵشتیی پڕچەککردنی زلهێزەکان دژ بە ئێران ئەنجامی دا، بوو بە خاوەنی جەبەخانەیەکی زەبەلاحی چەک کە دەیتوانی بەهۆیەوە کار لە هاوسەنگیی هێزەکان لە ناوچە عەرەبییەکە و هاوسەنگییە هەرێمایەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی بکا.

ئەو لاسەنگییە کە بووبووە هۆی بێزارکردنی دەوڵەتانی وەک عەرەبستانی سعوودی و میسر و سووریا، کە پێشتر عێراقیان بە قەڵغانی جیهانی عەرەبی دەدەنا، وای لە تورکیایش کرد بیر لە هاوسەنگییەکی تر بکاتەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی بەهۆی ئەو بۆشاییەی دوای شەڕ لە سنوورەکانیدا دروست بوو، هەستی بە نائارامی کرد. کاتێ پرسی زیادبوونی کێشەی ئاو و ئاڵۆزبوونی هەڕەشەکان لە باشووری تورکیا لەو ماوەیەدا، لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییەی لە دەوڵەتانی بلۆکی ڕۆهەڵاتدا ڕوویان دا کۆ دەکەینەوە، دەبینین تورکیا بایەخپێدانی لە باکورەوە بۆ باشوور گۆڕی، ئەویش لە زیادبوونی بەرچاوی چالاکییە تیرۆریستییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا دەرکەوت، کە سووریا داڵدەی دەدان.

شەڕی دووەمی کەنداو (١٩٩١) وەک وریاکردنەوەیەک بوو لە هەوڵی عێراق بۆ ئەوەی جبەخانە

زەبەلاحی چەکەکانی بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتێکی جیۆسیاسی و ئابووری – سیاسی لە کوێت سوود لێ وەربگرێ. ئەو شەڕە دەرهاویشتەی گرینگی لەسەر پێوەندییەکانی نێوان سیاسەتە ئیقلیمییەکانی تورکیا و دەوڵەتە عەرەبییەکان هەبوو. شەڕەکە کاریگەریی دووسەرەی نێوان هاوسەنگییە نێودەوڵەتی و هاوسەنگییە هەرێمایەتییەکانی بۆ ئاستێکی بێپێشینە برد. هەروەها ڕووبەری مانۆڕی ئیقلیمیی دەوڵەتان، لەپێشیانەوە تورکیای کەم کردەوە، کە هەستی کرد پێویستە بە وردی چاودێری هاوسەنگییە نێودەوڵەتییەکان بکا.

بڕیاری داخستنی هێڵی بۆڕییەکان لەلایەن تورکیا خۆیەوە بەبێ ئەوەی ئەمەریکا، کە سەرکردایەتیی هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکەی دەکرد، داوای لێ بکا و گرتنەبەری گوتارێکی هێرشبەرانەی توند و کردنەوەی بنکەی ئینجەرلیک بۆ کردە سەربازییەکان، هەمان وێنەی تورکیای هاوپەیمانی بەهێزی رۆئاوای پەنجاکانی هێنایەوە یاد، بگرە دەوڵەتە عەرەبییەکان لە هەڵوێستەکەی تورکیا نیگەران بوون ئەگەرچی لەو هەڕەشانەیش کە عێراق دروستی کردبوون بێزار بوون.

ئەو کردە سەربازییانەی لە بنکەی ئینجەرلیکەوە بۆ لێدانی عێراق ئەنجام دەدران کاریگەریی نەرێنی لە پێوەندیەکانی تورکیا و دەوڵەتە عەرەبییەکان کرد و کاردانەوە عەرەبییەکان لە بەرامبەر ئەو پەلامارانە زیاتر ڕوویان لە تورکیا دەکرد و ئەمەریکا و ئینگلتەرا لە بیر دەکران کە سەرکردایەتی شەڕەکەیان کردبوو، بەتایبەت دوای نەمانی هەڕەشەی عێراق لەسەر وڵاتە عەرەبییەکان، بەوەیش تورکیا ناچار بوو باجی نارۆشنیی دۆخە ئیقلیمییەکە لەنێوان یاسای نێودەوڵەتی و پێوەری جیۆسیاسیی واقیعی بدا. پرسی ئاو و کێشەی روو لە هەڵایسانی ئاسایشی ناوخۆی تورکیاش رۆڵیان هەبوو لە پێکدادانی بەرژەوەندییەکان لە نێوان تورکیا و جیهانی عەرەبیدا.

پرۆسەی ئاشتیش لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست کە لەم کەشوهەوایەدا دەستی پێ کرد، کاریگەریی نەرێنی لەسەر پێوەندییە تورکی– عەرەبییەکان کرد، چونکە تورکیا هیچ جێ و رۆڵێکی لە پرۆسەی ئاشتیدا نەبوو و وەک ئەندامێکی کارا بۆ کۆبوونەوەکانی پرۆسەی ئاشتی تایبەت بە بواری ئابووری بانگهێشت نەکرا، ئەمەیش بووە هۆی لاوازیی کاریگەریی تورکیا لە ناوچەکەدا. جا لە بری ئەوەی تورکیا ڕوو لە پڕۆژەگەلێکی ئەوتۆ بکا کە ناوچەکە لەخۆ بگرێ بەشێوەیەک ئەو لاوازییە چارەسەر بکا، دەستی دایە دروستکردنی پێوەندییەکی چڕ لەگەڵ ئیسرائیل و بارگرژییەکی ڕانەگەیەنراو لە پێوەندییەکانی تورکیا و وڵاتانی عەرەبیدا سەری هەڵدا.

پێوەندییەکانی تورکیا و ئیسرائیل سەرەتا بە پاساوگەلێکی تاکتیکی دەستی پێ کرد کە پێوەندییان بە هەندێ پرسی ئەمنیی هاوبەشەوە هەبوو، بەتێپەڕینی کات دەوڵەتە عەرەبییەکان وەک رێککەوتنێکی ستراتیجی سەیری ئەو پێوەندییەیان کرد. بەرزبوونەوەی ئاستی پێوەندییەکانی تورکیا–ئیسرائیل تەریب لەگەڵ بڵاوبوونەوەی سیناریۆکان لەبارەی پێکهێنانی تەوەرەیەکی

تورکی– ئیسرائیلی– ئوردنی بە پاڵپشتی ئەمەریکا، بووە هەڵێک بۆ ورووژاندنی رای گشتیی عەرەبی لەو دەوڵەتانەی پێوەندییەکی قەیراناوییان لەگەڵ تورکیادا هەبوو وەک سووریا. تا وای لێ هات وا بزانرێ ئەگەر ناسیونالیستی عەرەبی لە پەنجاکاندا لەلایەن جموجووڵە ئیمپریالییە رۆئاواییەکانەوە هەڕەشەی لەسەر بووە، لە شەستەکان و حەفتاکاندا لەلایەن ئیسرائیل و لە هەشتاکاندا لەلایەن ئێرانەوە، ئەوا لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا رووبەڕووی مەترسی و هەڕەشەکانی تورکیا دەبێتەوە.

ئەو قەیرانەی جیهانی عەرەبی بەخۆوەی بینی هاوکات بوو لەگەڵ ئەو هەڕەشەیەی لە سایەی ئەو کەشوهەوا ستراتیجییە نوێیەی قۆناخی دوای شەڕی سارد رووبەڕووی تورکیا بوویەوە. ئەم هاوکاتبوونە رۆڵی هەبوو لەوەی پێوەندییە تورکی– سووری و تورکی– عێراقییەکان کەشوهەوایەکی دینامیی نوێ و خێرا لەخۆ بگرن، چونکە پێوەندییەکان لە هەردوو لاوە روویان لە پاشەکشە کرد دوای ئەوەی تورکیا سیاسەتێکی لەبارەی عێراقەوە گرتەبەر کە گرفتی بۆشایی لە باکوری عێراقی لە بەرچاو دەگرت، سیاسەتێکیشی بەرامبەر سووریا گرتەبەر کە پێوەندییەکانی گرێ دا بە پرسی پەکەکەوە و ئەو پاڵپشتییە نێودەوڵەتییەی لێی دەکرا.

## داهاتووی پێوەندییەکانی تورکیا و وڵاتانی عەرەبی

زۆر گرینگە پێوەندییەکانی تورکیا و وڵاتانی عەرەبی لەسەر بناخەیەکی عەقڵانی دابمەزرێنرێتەوە، ئەویش بە رەچاوکردنی سەرلەنوێ دیاریکردنەوەی پێوەرە جیهانی و هەرێمایەتییەکان لە قۆناخێکدا کە تورکیا و دەوڵەتە عەرەبییەکان، چ بە جیا و چ پێکەوە، گۆڕانکاریی جیدی بەخۆوە دەبینن. ئەم گرینگییە تەنیا پێوەندی بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوان لایەنەکانەوە نییە، بگرە کاریگەریی لەسەر ئاشتیی ئیقلیمیش هەیە.

دەکرێ تێپەڕاندن و لەبیرکردنی کەڵەکەبوونە سایکۆلۆجییە دووسەرەکان و دەرککردن بە چارەنووسی هەرێمایەتیی هاوبەش و پاراستنی پێوەندییەکان لە کارتێکەرەکانی هاوسەنگییە جیهانییەکان، بۆ دروستکردنی ئەم زەوینە عەقڵانییە یارمەتیدەر بن.

پێوەندییە ستراتیجییەکانی تورکیا لەگەڵ ئیسرائیلدا هۆکارێکی گرینگ بووە بۆ گەشەی ناسیونالیزمی عەرەبی.

تێکچوونی پێوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی وەک سووریا و عێراقدا، هاوتەریب لەگەڵ بوونی پێوەندییەکی بەهێز لەگەڵ ئیسرائیلدا، لەباریدا هەیە هەموو دنیای عەرەب لە دژی تورکیا بورووژێنێ، بەوەیش تورکیا بە کردەوە لە ناوچەکەدا پەراوێز دەخرێ. مەترسیی هەرە گەورە لە سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەیە لە بەردەم جووڵەی بەرەیەکی فراواندا گۆشەگیر بکرێت. پێویستە قەبارەی ئەو کاریگەرییە نەرێنییە لە بیر نەکەین کە بەرۆکی رۆڵی میسری گرت لە ناوچەکەدا دوای ئەوەی بەهۆی ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی کامپ دێڤیدەوە بە بڕیارێکی

دەستەجەمعی لە دنیای عەرەبیدا گۆشەگیر کرا. ئەو گۆشەگیرییە تەواوەیش دوای شەڕی کەنداو عێراقی تێ کەوت بەشێک لە مەترسیی ئەو سیاسەتانە پێشان دەدات کە هاوسەنگیی هێزەکان لە ناوچەکەدا لە بەرچاو ناگرێ. بۆ ڕێگرتن لەوەیش جارێکی تر جەمسەرگیرییەکی تر ڕوو بداتەوە پەرەپێدانی پێوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی، هەر وڵاتە و بەجیا، هەنگاوێکی زۆر گرینگە. ئەم جۆرە سیاسەتە ڕەنگە لەو مەترسییانە کەم بکاتەوە کە لە ئەنجامی کاردانەوەکانەوە پەیدا دەبن.

هەروەها لە شیمانەی ڕوودانی جەمسەرگیرییەکیش لە ئەنجامی بارودۆخێکی تایبەتدا، پێویستە بایەخ بە پێوەندییەکان لەگەڵ ئێراندا بدرێ، کە دەوڵەتێکی موسڵمانی ناعەرەبییە لە ناوچەکەدا. سووربوونی تورکیا لەسەر ئەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا ئەنجامگەلێکی ئەوتۆی لێ نەکەوێتەوە ببێتە هۆی گۆشەگیربوونی تورکیا لەنێو هاوسەنگیی تورکی- عەرەبی- ئێرانیدا، ڕەگەزێکی گرینگە لە سیاسەتەکانی ناوچەکەدا.

## هاوپەیمانیی تورکیا و ئیسرائیل: بایەخدان بە هەمان ناوەند

ئەو پەرەسەندنە خێرا و هەمەلایەنەیەی پێوەندییەکانی تورکیا و ئیسرائیل بەخۆیەوە دەبینێ، لە گرینگترین ئەو پەرەسەندنانەیە کە بایەخ بە هاوسەنگییە گشتییەکانی نێو ناوچەکە و دۆخی تورکیا لە ناوچەکە پاش قۆناخی شەڕی سارد دەدات. بە چاوگێڕان بە پەرەسەندنی پێوەندییەکانی ئەنقەرە و تەلئەبیب لە دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە تا ئێستە، دەبینین ئەو پێوەندییانە لەسەر دوو ئاست دەڕۆن: یەکێکیان پێوەندی بە حیساباتە نێودەوڵەتییەکانەوە هەیە و ئەوی تریشیان بە حیساباتە ئیقلیمیەکانەوە.

ئەو گونجان (التوافق)ە تەواوەی لە نێوان تەوەرەی ئەو هێزە نێودەوڵەتییەی هەلی بۆ ئیسرائیل ڕەخساند وەک دەوڵەتێکی نێو دۆخی نێودەوڵەتیی سەردەمی شەڕی سارد دەربکەوێ، هەروەها هەڵبژاردنی تورکیا بۆ ئەو بلۆکەی جیهانییەی بەهۆی هەڕەشەکانی سۆڤیەتەوە ناچار بوو بچێتە ناوی، لە جەرگەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانە.

وەک لەو بەشەی کتێبەکەدا کە باسمان لە دەرکەوتنی ئیسرائیل وەک هێزێکی ئیقلیمی کردووە، جەختمان لەسەر کردووە، دەرکەوتنی ئەم دەوڵەتە لە بنەڕەتدا بەهۆی پاڵپشتیی تەوەری ئەتڵەسی (ئینگلتەرا و ویلایەتە یەکگرتووەکان)ەوە بوو. بەڵام تورکیا دوای شەڕی جیهانیی دووەم توانی هەڕەشەی سۆڤیەتی تێپەڕێنێ و ڕوو بکاتە هەمان تەوەر.

ئەم هاوتەرییبییە لەنێو تەوەرە جیهانییەکەدا تورکیای کردە شەریکێکی ئیقلیمیی حەتمی بۆ ئیسرائیل، تورکیا هەموو کات پێوەندییەکانی ئیسرائیل لە بنیاتی سیاسەتی ئیقلیمی و کاریگەریی لەنێو سیستەمی ئەمەریکاییدا بەتایبەت، لە بەرچاو دەگرت.

لە سایەی ئەم هاوتەرییبییە لە تەوەرە نێودەوڵەتییەکەدا، هێزی لۆبی جیهانیی جوولەکەکان ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لەوەی ئیسرائیل ببێتە ڕەگەزێکی پاڵەپستۆ لەسەر هێزە نێودەوڵەتییەکان،

لە سەرووبیانەوە ئەمەریکا زیاتر لەوەی دەوڵەتێکی ئیقلیمیی خاوەن مۆرکی نەتەوەیی بێ. کاتێ لەم گۆشەیەوە سەیر دەکەین دەبینین پێوەندییەکانی تورکیا و ئیسرائیل هەڵگری تایبەتمەندییەکی دووسەرە بووە لەگەڵ پێوەندییەکانی تورکیا و ئەمەریکادا. کارەکانی لۆبی یۆنانی و ئەرمەنی دژی تورکیا وای لە تورکیا کرد، وەک ڕەگەزێکی هاوسەنگکردن، هەوڵی بەدەستهێنانی پاڵپشتیی لۆبی جوولەکە بدا. لای خۆیشیەوە لۆبی جوولەکە بایەخی بەو ڕۆڵە هاوسەنگیکارە دا بەو شێوەیەی دەرگە لە بەردەم پێوەندییەکانی تورکیا و ئیسرائیلدا بکاتەوە.

دوای شەڕی سارد ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو بە تاکە زلهێز و ئەو تاکانەیەی خۆیشی لە ڕێی شەڕی کەنداوەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خستە پێش چاو و تێزی "سیستەمی نوێی جیهانی" خستە روو. بەوەیش کاری بۆ ئەوە کرد تا ئەو وێنایە بچەسپێنێ کە لە سایەی ئەو سیستەمە جیهانییە نوێیەدا باڵەخانەیەکی نوێ دروست دەکرێ. ئەم تێزە چەندان پێشبینی و سیناریۆی ورووژاند لەبارەی ئەوەی دوو دەوڵەت لەو قۆناخە نوێیەدا دەبنە دەوڵەتی میحوەری، ئەوانیش تورکیا و ئیسرائیلن، چونکە بەدرێژاییی ماوەی شەڕی سارد هاوپەیمانیی ئەو دوو دەوڵەتە لەگەڵ ئەمەریکادا بەردەوام بووە. بەرەنجامەکانی پرۆسەی ئاشتی، لە نێویاندا کۆتاهێنان بە بایکۆتی نێودەوڵەتی بۆ ئیسرائیل، وای لە تورکیا کرد بە ئازادییەکی زیاترەوە لەگەڵ ئیسرائیلدا بجوڵێتەوە.

هەرچی ئیسرائیلە، بەرەو کرانەوەیەکی دیپلۆماسی، ئابووری و سیاسی هەنگاوی هەڵگرت، ئەویش لە ڕێی قووڵکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی لە چوارچێوەیەکی تەریب بە هەڵبژاردە سیاسییە بنچینەیییەکانی لە قۆناخی شەڕی سارددا مامەڵەیان لەگەڵ کردبوو. لەلایەکی ترەوە ئیسرائیل سیاسەتێکی ئەکتیڤی پێڕەو کرد بەتایبەت لەو ناوچانەدا کە لە یەکەتیی سۆڤیەت کەوتنەوە، ئەوەیش ئەو باوەڕەی بەهێز کرد کە ئیسرائیل لە داهاتوودا هاوکاریی تورکیا دەکات، کە ئەویش لە چوارچێوەی جەمسەری ئەمەریکییدا بایەخێکی ستراتیجیی سروشتی بە هەمان ئەو ناوچانە دەدات .

## ستراتیجیەتی هەرێمایەتیی ئیسرائیل و پرۆسەی ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێوەندییەکانی تورکیا و ئیسرائیل

ئیسرائیل کە هەست دەکات لەنێو بازنەیەکی بەرتەسکدا گەمارۆ دراوە و ڕووبەڕووی تەنگژەیەکی ئەمنیی مەترسیدار بووەتەوە، ئەمەی لە چەقی پێوەرە ستراتیجییەکانیدا داناوە و سێ مەرجی بنەڕەتی لەپێناو دەستەبەرکردنی مانەوە و کاریگەریی لە ناوچەکەدا داناوە:

– بەدەستهێنانی پاڵپشتیی ئەمنیی نێودەوڵەتی و بناخەی شەرعی و یاسایی.

بەدەستهێنانی پاڵپشتیی کاریگەر لە هێزە ناعەرەبییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، یان لانی کەم بێلایەنکردنیان لە ئاست کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە لە یەکەم نیگادا وا دێتە پێش چاو

کە کێشەیەکی عەرەبی– ئیسرائیلییە.

– دەستگرتن بەسەر ڕیتمی هاوسەنگییەکانی نێوان دەوڵەتە عەرەبییەکاندا، ئەویش لە ڕێی کۆمەڵە مانۆڕێکەوە کە ڕێ بگرێ لەوەی دەوڵەتە عەرەبییەکان ببنە یەک بلۆک.

مەرجی یەکەم هاتە دی، پاڵپشتیی ئەمەریکا و پاڵەپستۆ خستنە سەری نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەلایەن ئەمەریکا بۆ بەهێزکردنی ئەو پشتیوانییەن هەروەها بەکارهێنانی ڤیتۆ دژ بە زۆر لە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دژ بە ئیسرائیل، ئاماژەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوە.

مەرجی دووەمیش ڕەگەزێکی گرینگی سیاسەتی ئیسرائیل بووە لەو ڕۆژەوەی دامەزراوە. پەیمانی چوارچێوەی دەرەکی (Periphery Pact) کە ئیسرائیل دوای دروستبوونی پەرەی پێ دا، ئامانجی ئەوە بوو پێوەندییەکی بەهێز لەگەڵ ئەو دەوڵەتە ناعەرەبییانەی چواردەوری وڵاتە عەرەبییەکانیان داوە دروست بکەن، وەک ئێران و تورکیا و ئەسیوبیا. ئەو هاوکارییە، کە ئامانجی سەردانە نافەرمییەکەی بن گۆریۆن بوو بۆ تورکیا لەو کاتەدا، بووەتە پێوەرێک کە ئیسرائیل هەردەم لە بەرچاوی دەگرێ. هەروەها ئەم سیاسەتە کاریگەریی خۆی هەبوو لەو لێک نێیزکبوونەوەیەی لە سەردەمی شادا لە نێوان ئیسرائیل و ئێراندا هاتە کایە. ئەو ناکۆکییانەی ئەو دەوڵەتە ناعەرەبییانە لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکاندا بایەخێکی مەزنی هەیانبوو بۆ ئیسرائیل هەبوو، چونکە ئەو ناکۆکییانە گۆڕەپانێکی فراوانی بۆ مانۆڕی ئیقلیمی بۆ ئیسرائیل ساز کردبوو.

ئەگەرچی ئەو پەرەسەندنانەی دوای ڕووخانی ڕێژیمی شا لە ئێران دەرکەوتن هەوڵەکانی ئیسرائیلی بۆ هێنانەکایەی هاوسەنگییەکی ئیقلیمی لاواز کرد، بەڵام ئیسرائیل ڕووبەڕووی مەترسییەکی ئیقلیمی سەرتاپاگیر نەبووەوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی توانی لە ڕووی دیپلۆماسییەوە لە ڕێی پەیماننامەی کامپ دیڤیدەوە دزە بکاتە نێو میسر.

بەڵام مەرجی سێیەم کە پێوەستە بەوەی دەوڵەتە عەرەبییەکان نەبنە یەک سەربازگەی یەکگرتوو، ئەوەیش هاتە دی لە ڕێی دینامیکیەتە ناوەخۆیییەکانی سیاسەتی عەرەبی و سوودوەرگرتنی کارا لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ناکۆکییەکانی نێوان دەوڵەتە عەرەبییەکانەوە.

ئیسرائیل توانی لە ڕێی گرتنەبەری دیپلۆماسیەتێکی تا ئەوپەڕی دیپلۆماسی و بەکارهێنانی هێزی واقیعیی سیاسەت لە کاتی پێویستدا، دینامیکیەتی میکانیزمەکانی سێگۆشەی ستراتیجیی تورکیا–میسر– ئێران ئاراستە بکا. بۆ ئەمەیش چەندان نموونەی سەرسوڕهێنەر هەن لە مێژووی پێوەندییەکانی ئیسرائیل لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکاندا، هەر یەک بەجیا. ئەم ڕەوتە چەندان ئەزموونی جێسەرنجی تێدایە وەک بەردەوامیی وابەستبوونی ئیسرائیل بە ئینگلتەرا و ئەمەریکاوە لە سیاسەتە ئیسرائیلییەکان بەرامبەر ئوردن و شانشینی سعودی، هەروەها ئەو دیپلۆماسیەتە فرە هەڵبژاردنەی گیرایە بەر بۆ راکێشانی میسر و ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەڵەستین، کە لە قۆناخی ڕابردوودا لە سەرقافڵەی سیاسەتی عەرەبی بوون، بۆ نێو بازنەی پێوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل و پەراوێزخستنی ڕۆڵی هەندێ دەوڵەتی عەرەبی لە بەردەم هەندێ دژەبارستەدا کە

هەندێ دەوڵەتی عەرەبییان لەخۆ گرتبوو، وەک میسری عەبدولناسر کە هێزێکی کاریزمایی هەبوو دەیتوانی جەماوەر لە جیهانی عەرەبیدا ببزوێنێ، هەروەها عێراقی سەدام لە کۆتاکانی هەشتاکاندا.

هەروەها پێوەندییەکانی تورکیا و ئیسرائیل، کە دوای تەواوبوونی شەڕی سارد بەشێوەیەکی بەرچاو پێشکەوتنیان بەخۆوە دی، کاریگەرییان هەبوو لەسەر بەهێزکردنی ئەم سێ پێگەیە بەلای ئیسرائیلەوە، چونکە گرێدانی پێوەندییەکی بەهێز لەگەڵ ئیسرائیل لەلایەن تورکیاوە، کە یەکێکە لە گرینگترین هێزەکانی ناوچەکە، بوو بە پاڵپشت بۆ هەوڵەکانی ئیسرائیل بۆ بەدەستهێنانی شەرعیەتی نێودەوڵەتی.

لە سەیرکردنی مەرجی سێیەمدا، دەبینین هەڵوێست لە تورکیا بوو بەهۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک ناکۆکیی تەکتیکی لە نێوان وڵاتە عەرەبییەکاندا. لای خۆیەوە تورکیا هەوڵی دا کارێک بکا ئەو پێوەندییانەی لەگەڵ ئیسرائیلدا نەبنە هۆی بەرتەسکبوونەوەی گۆڕەپانەکەی، بۆیە بەردەوام جەختی لەوە دەکرد کە پێوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا دژی هیچ لایەنێکی سێیەم نییە. بەڵام پەرەسەندنی خێرا و هەمەلایەنی ئەو پێوەندییانە بوونە کۆسپ لە بەردەم تێپەڕاندنی کاردانەوەکان دژ بە تورکیا. دیارە ئەم پێوەندییە بەشێوەیەکی تاکتیکی دژ بە سووریا بوو کە پاڵپشتیی پارتی کرێکارانی کوردستان دەکات و لە هەوڵی ئەوەدایە لە بەرامبەر تورکیادا پێوەندی لەگەڵ یۆناندا گرێ بدا، ئامانجی تورکیایش لەوە بەهێزکردنی ئۆپەراسیۆنە ئیستیخبارییەکانی تورکیا بوو دژ بە ئیرهاب. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو کۆششانەیدا تورکیا نەیتوانی کارێک بکا گۆڕەپانی مانۆڕە دیپلۆماسییەکانی لە ناوچەکەدا بەرستەک نەبێتەوە، تا کۆتای دەیەی نەوەدەکان. هەروەها پاڵەپەستۆکانی هەندێ لە وڵاتە عەرەبییەکان ڕەنگە وا لە هەندێ دەوڵەتی تری عەرەبی بکا کە لە پێوەندییەکانیاندا لەگەڵ تورکیا دوورایییەک بهێڵنەوە. ئەم دۆخە ژمارەیەک لە دەوڵەتانی تری ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیش دەگرێتەوە، ئەوە بوو تورکیا لە دوا کۆبوونەوەی ڕێکخراوەکەدا نەیتوانی پاڵپشتیی پێویست بۆ کاندیدەکەی بۆ وەرگرتنی کورسیی ئەمینداریەتیی گشتیی ڕێکخراوەکە کۆ بکاتەوە. ئەوەیش یەکێک لە بەرەنجامەکانی ئەو کەشوهەوا سایکۆلۆجییە بوو کە بەهۆی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا دروست بووە.

ئەم پێوەندییە لە کاتێکدا نەیتوانی ڕۆڵێکی کارا لە پرۆسەی ئاشتیی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ تورکیا، کە لە دەوڵەتە خاوەن قووڵاییییە مێژوویی و جوگرافییەکانی ناوچەکەیە، بەدی بێنێ، هاوکات وای کرد تورکیا وەک ڕەگەزێکی فەرامۆشکراو لە پرۆسەکەدا بێتە پێش چاو. ئەو ئامرازەی دەرفەتی دەدایە تورکیا بۆ ئەوەی بەسەر ئەو گرژییانەدا زاڵ بێ کە لە ماوەی قۆناخی یەکەمی پێوەندییەکانی تورکیا و ئیسرائیلدا لە دەوڵەتەکانی تری ناوچەکەوە ڕووبەڕووی دەبووەوە، ئەوە بوو تورکیا ببێتە خاوەن قورساییییەکی دیپۆماسی لای هەردوو لا، واتە عەرەب و ئیسرائیل. بەڵام نەیتوانی ئەمەیش بەدی بێنێ.

جگە لەمانە، تورکیا ڕۆڵێکی سەنتراڵی نەبوو لەو کۆبوونەوە ئابووری و سیاسییانەی بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست ساز دەکران، تەنانەت لە وتوێژەکانی ئاشتیدا وەک ڕاوێژکاریش مامەڵەی لەگەڵدا نەدەکرا. لێرەدا ئەستەمە ئەوە بڵێین کە ئەو دۆخە گونجاوەی دوای دیدارەکانی باراک-عەرەفات لە تەمووز/یۆلیۆی ٢٠٠٠دا یارمەتیدەر بوو بۆ سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوەی هەڵوێستی تورکیا.

لە ڕاستیدا سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و پێگەی پێوەندییەکانی تورکیا و ئیسرایل لەو بینایەدا، چەندان ڕەگەز لە خۆ دەگرێ کە پێویستیان بە سەرلەنوێ هەڵسەنگاندنەوە هەیە. یەکەم ڕەگەز بریتییە لە وێنەی ڕۆڵی تورکیا لە ماوەی دوای شەڕی کەنداو و لە پرۆسەی ئاشتیی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و هەوڵەکانی سەرخستنیدا، کە وا دەردەکەوێ وەک ئەوەی لە چوارچێوەی دۆسیە ئەمنییەکاندا قەتیس مابێ. ئەوەیش تورکیا دەخاتە دەرەوەی بازنەوە بەتایبەت لە بابەتە ئابوورییەکاندا.

تورکیا بەشداریی تێچووی چەندان پرۆژەی ئەمنی لە ناوچەکەدا کرد بە ئامانجی دەستگرتن بەسەر کاروبارەکانی هەندێ لە دەوڵەتانی ناوچەکە وەک عێراق و سووریا و ئێران، بەڵام نەیتوانی پێگەیەکی کارا لە لووتکە ئابوورییەکاندا بگرێتە دەست، کە ئامانجیان سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سامانەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بوو، ئەمە جگە لەوەی هەندێ لە دەرامەتەکانی لەدەست دا، وەک هێڵی بۆڕییەکانی کەرکووک-یۆمۆرتالک.

نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان تێچوونە ئەمنییەکان و بەرژەوەندییە ئابوورییەکاندا، لە خەسڵەتە بنچینەییەکانی ئەو پێوەندییانە بوون کە تورکیا لەگەڵ بلۆکی ڕۆئاوادا دروستی کردبوون. لە ڕابردوودا، تورکیا ئەرکی قورسایییە ئەمنییەکانی باڵی باشووری لە پەیمانی ناتۆدا کەوتبووە سەر شان، کەچی بۆ ساڵانێکی زۆر لە داهاتەکانی یەکەتیی ئەورووپی بێبەش بوو. وێڕای ئەوەی تورکیا بارگرانییە ئەمنییەکانی ئیسرائیل و دەوڵەتە ڕۆئاواییەکانی لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا کەوتبووە سەر شان و ڕۆڵی پۆلیسی لەو ناوچەیەدا دەبینی بەبێ ئەوەی هیچ قسەیەکی لە پرسی داهاتە ئابوورییەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبێ، گومان هەیە کە پلانێک هەبووە بۆ بێبەشکردنی تورکیا لە سەرچاوە و دەستکەوتە ئابوورییەکان لە قۆناخی دوای شەڕی ساردا. بۆیە پێویستە تورکیا بپرسێ کە لەبەرچی لە پرسە ئەمنییەکاندا دەهێنرێتە ریزی پێشەوە، زیاتر لەوەی لە ناوەندە ئابوورییەکانی پێوەست بە ڕێکخستنەوەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست حسێبی بۆ دەکرێ؟.

ڕەگەزی دووەم توانای ئیسرائیل بۆ فراوانکردنی بازنەییەکانی لە بواری پرسە ئەمنیەکاندا نیشان دەدا، دەبینی ئیسرائیل لەو کاتەی خەریکی دانوستاندن بوو بۆ هاوکاریی ئەمنیی لەگەڵ تورکیادا، لە هەمان کاتدا پێشنیازی فرۆشتنی فرۆکەی سیخوریی ڕیمۆت کۆنترۆڵ و تانکی سەربازهەڵگر و سیستەمی پێوەندیی ئەلیکترۆنی دەخستە بەردەم قوبرسی یۆنانی. جێی سەرنجە دوای ڕووسیا و فەرەنسا، ئیسرائیل سێیەم وڵاتە لە ڕیزبەندی ئەو وڵاتانەی چەک بۆ قوبرسی

یۆنان هاورده دەکەن. ئەو سەردانەی عەزرا وایزمانی سەرۆکی ئیسرائیل لە کاتی تەنگژەکەی نێوان تورکیا و سووریادا بۆ قوبرسی یۆنانی پێی هەستا، هەڵگری تایبەتمەندییەکی جێسەرنج بوو لە ڕووی هاوسەنگییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاریگەریی ئیقلیمیی دوولایەنە و ئەو مرونەتە دیپلۆماسییەی ئیسرائیل پێڕەوی دەکات.

ئەو سەردانە، کە یەکەم سەردانی سەرۆکێکی ئیسرائیلی بوو بۆ قوبرسی یۆنانی، گرینگییەکی تایبەتی هەبوو و جارێکی تر سەلماندی کە گەمەی دیپلۆماسییەت لە ناوچەکەدا لەنێو گێژاوێکی زۆر ئاڵۆزدا بەڕێوە دەچێ.

لەبەرامبەر نیگەرانییەکانی قوبرسی یۆنانی لە ڕێککەوتننامەی هاوکاریی سەربازیی ستراتیجیی تورکیا و ئیسرائیلدا، وایزمان جەختی لە سێ خاڵ کرد، ئەوانیش بریتی بوون لەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە بەهیچ شێوەیەک دژ بە ڕێژیمی قوبرسی یۆنانی نییە، ئەو ڕێککەوتننامەیە دژ بە سووریا نابێ ئەگەر هاتوو پێوەندییەکانی تورکیا و سووریا ڕوویان لە گرژیی زیاتر کرد، هەروەها ئیسرائیل کە بەدەست کێشە تایبەتیەکانەوە سەرقاڵە لە توانایدا نییە لە کێشەی قوبرسدا میانجیگەری لە نێوان تورکیا و قوبرسی یۆنانیدا بکا.

ئەم سێ خاڵە هێڵە ورد و جیاکەرەوەکانی ڕێککەوتننامەی هاوکاریی ستراتیجیی تورکیا و ئیسرائیل لە بوارەکانی پێوەندییەکانی ئیسرائیل و قوبرسی یۆنانی/یۆنان و ئیسرائیل و سووریا/وڵاتە عەرەبییەکاندا دەردەخات و نیشانی دەدات کە ئیسرائیل سیاسەتێک دەگرێتە بەر مەترسییەکانی لەسەر هەر سێ هێڵەکە بۆ نزمترین ئاست کەم بکاتەوە.

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ئەو هەستیارییەیە کە ئیسرائیل لە چوارچێوەی پێوەندیی هاوکاریی لەگەڵ تورکیادا، پێشانی دەدات لەپێناو پتەوکردنی پێوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ قوبرسی یۆنانی و یۆناندا. بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی کە ڕەوایی هاوکاریی تورکیا – ئیسرائیل بۆ هەوڵی دۆزینەوەی هاوسەنگییەک لەگەڵ ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان یۆنان ــ قوبرسی یۆنانی – سووریادا هەیە دەگێڕێتەوە، دەبینین پێوەندییەکانی ئیسرائیل و قوبرسی یۆنانی پەرەسەندنێکی ئاشکرای بەخۆوە بینی و بەشێوەیەک فراوان بوو، کە بازرگانیی چەکیش لەخۆ بگرێ، لەکاتێکدا لە سایەی ئەو هاوکارییەدا پێوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ سووریا و جیهانی عەرەبیدا پاشەکشەی کرد.

بەرپرسانی ئیسرائیلی هەوڵیان دا پێوەندییەکانی ئیسرائیل – تورکیا و ئیسرائیل – قوبرسی یۆنانی–یۆنان وەک دوو هێڵی تەریب بەڕێوە ببەن بەو پاساوەی ئەو سیاسەتە بۆ ئەوان گونجاوە، ئەوەیش بڕیارێکە دەکرێ بەلای ئیسرائیلییەکانەوە جێی لێتێگەیشتن بێ، کە دەزانن یۆنان و قوبرسی یۆنانی سەرانی یەکەتیی ئەوروپان، کە ڕووی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە و بەهۆی ئەو مروونەتەی هەیەتی لە توانایدایە بەبەردەوامی ڕۆڵی خۆی لە ناوچەکە و هەڵسووڕانیدا ببینێ.

ڕەگەزی سێیەم، لە دانوستاندنەکانی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و سووریادا دەردەکەوێ لە

کۆتاکانی هەردوو ساڵی ١٩٩٥ و ٢٠٠٠دا لەبارەی کشانەوە لە جۆلان و پرسی سەرچاوەکانی ئاو لە ڕۆهەڵاتی ئەنادۆڵ کە پێوەندییەکی گەورەی بە ئاسایشی ستراتیجیی تورکیاوە هەیە.

تاکە ڕەگەزی لە گۆڕان نەهاتوو لە هاوسەنگییە خێرا گۆڕاوەکان لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، بریتییە لەو پێوەندییە پتەوەی لە نێوان سەرچاوە ئاوی و نەوتییەکان لە ناوچەکەدا و لە نێوان ململانەی دیپلۆماسیدا هەیە، چونکە هیچ شەڕێکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ناوچەکەدا ڕوو نادات بەبێ ئەوەی نەوت یان ئاو هۆکاری بن. هەروەها پرۆسەی ئاشتیش نابێ ئەگەر ئەو سەرچاوانەی تێدا باس نەکرێ. ئەوە بوو لە کاتی وتوێژەکانی تورکیا و ئیسرائیلدا شیمۆن پێریزی سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی ئیسرائیل بۆ یەکەمین جار ڕای گەیاند "ناکرێ لەگەڵ سووریادا بگەینە ڕێککەوتن بەبێ ئەوەی لەبارەی سەرچاوەکانی ئاو لە بەرزاییەکانی جۆلان ڕێککەوتن بکرێ".

پێریز گوتی "چارەسەری ئەم پرسە لەوەدایە کە سەرچاوەکانی ئاو لە جۆلان لەژێر دەسەڵاتی ئیسرائیلدا بمێنێتەوە تەنانەت ئەگەر هاتوو ئیسرائیلیش لەو ناوچەیە کشایەوە و بۆ سووریای بەجێ هێشت، ئەویش لە ڕێی قەرەبووکردنەوەی سووریا بە ئاوی سەرچاوە ئاوییەکانی تورکیا".

واتە، بەپێی ئەم تێڕوانینە، تەنانەت دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتنێکیش لەگەڵ سووریادا ئیسرائیل درێژە بە باڵادەستیی خۆی بەسەر سەرچاوە ئاوییەکانی بەرزاییەکانی جۆلاندا دەدات، کە گرینگترین سەرچاوەی ئاوی ناوچەکە و سەرچاوەی ئاوە بۆ دەریاچەی تەبەرییە کە ٣٠٪ی سەرچاوەکانی ئاو لە ئیسرائیل دەستەبەر دەکات.

بەم شێوەیە ئیسرائیل لەو ڕێککەوتنە چاوەڕێکراوەدا هیچ لە یەدەگە ئاوییەکەی لەدەست نادات، سووریایش کە بەرزاییەکانی جۆلانی دەست دەکەوێتەوە، ئەو سەرچاوە ئاوییانەی لەوەدا لەدەستیان دەدات لە ئاوی تورکیاوە دەستی دەکەوێتەوە.

ئەم تێڕوانینە کە لە وتووێژەکانی ٢٠٠٠دا خرانە ڕوو، دەریان خست کە هاوسەنگییەکان لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا لەسەر چ زەوینەیەکی خزۆک وەستاون. تورکیا گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی پێویستە خۆی لەو وێنە نەرێنییەی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلدا دروستی کردووە ڕزگار بکا، هەروەها پێویستی بەوەیە ئەو پێوەندییانە لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتیی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و بەرەنجامە پێوەندیدارەکانی بە گۆڕەپانەکانی کاریگەریی ئیقلیمیی دووسەرەوە هەڵبسەنگێنیتەوە. هەروەها پێویستە پێوەندییە دوولایەنە تەکتیکییەکان کە بەبێ پەرەپێدانی ستراتیجیەتێکی هەمەلایەنە لەبارەی ناوچەکەوە دامەزراون، بگۆڕێن بۆ تەوەرێکی ستراتیجی و ئەنجامێکی دیاریکراوی بۆ دۆخی دینامیکیی نێودەوڵەتی لێ بکەوێتەوە.

ئەو پەرەسەندنە خێرایانەی ئەمڕۆ لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوو دەدەن تایبەتمەندیی ئەوتۆیان هەیە کە دەکرێ وا بکەن تورکیا لە هەر کاتێکی پێشتر کاریگەری لە ناوچەکەدا هەبێ.

# کازاخستان و پاڵەپەستۆی چینییەکان و ئەمەریکاییەکان

ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی

وڵاتی کازاخستان ژێرخانێکی مەزنی لە پترۆڵ و خەڵووز و یورانیۆم هەیە، پایتەختەکەی بە ئەندازەیەکی سەرسوڕهێنەر دامەزراوە، سەرۆکەکەیان نوور سووڵتان نزاربایيف هیوادارە ئابووریی وڵاتەکەیان زۆرتر گەشە بکا، ببێتە نموونەیەکی گەشاوەی دنیا، بەڵام ئاکار و رەفتارە توندکارەکانی لەو سەردەمە بە باشی باس ناکرێ، بەڵام خەڵکەکەش لە ترسی گەشەی وڵاتی چین نیگەرانن.

لە رۆژێکی ئاسمان سامالّی جوان گەشتەکەمان گەیشتە ئەستانای پایتەختی نوێی کازاخستان، بەڵام تاریکی دۆڵ و دەڤەرەکە ئەو شارەی گەمارۆ دابوو. لە پشتی باڵەخانەی وەزارەتی پترۆڵەکەیان سەیرانگەی لۆڤرزی نایاب ساز کراوە، کە لە کەوانەی سەرکەوتن دەچێ، هونەرمەندانی ئەو وڵاتە بەیەکەوە کۆششیان کردووە تا وڵاتە کۆچەرییەکەیان کردووەتە نموونەیەکی هونەری نایاب، لەوێ (ئەندریا نوتشیلی) گۆرانیبێژی ئیتاڵی بە گوتنی چەند گۆرانییەکی خۆی ئاهەنگێکی ساز کردبوو، کە تێیدا لە ئاهەنگەکە سەرۆکی ڕووسی دیمتری میدڤیدیڤ و سەرۆکی تورکی عەبدوڵا گول و شازادەی ئەبوزەبی محەمەد بین زاید ئال نهیان و شای ئوردنی مەلیک عەبدوڵا لەگەڵ سەرۆکی ئەرمینیا و ڕووسیای سپی و قرغیرستان و تاجیکستان و ئۆکرانیاش لەوێ بوون. بۆنەکەش ئاهەنگی یادی حەفتا ساڵەی لەدایکبوونی سەرۆکی کازاخستان بوو. ئەو کوڕی گەورەی جووتیارێکی گوندێکی دوورەدەست بووە، پاشان دەگاتە پۆستی سکرتێری گشتی حزبی شیوعی کازاخستانی، پێش ڕووخانی دەسەڵاتی سۆڤیەت سەرۆکی سۆڤیەتی میخائیل گورباتشۆف ئەو دەکاتە جێگری خۆی، ئەو ماوەی بیست ساڵ لەو پۆستە دەمینێتەوە.

***

## پایتەختێکی نەمر

لە رۆژی ٥ی مانگی یولیۆی ساڵی ٢٠١٠ ئاهەنگی کردنەوەی خێوەتی زیرەک لە ئەستانای پایتەخت کرایەوە، دیزاینی خێوەتەکە لەلایەن ئەندازیاری بەریتانی (نۆرمان فۆستر) دانرابوو، ئەوەش شکاندنی پێوانەی هەموو خێوەتەکانی پێشتر بوو، رووە دەرەکییەکەی پلاستیک بوو، بۆیەش بەوەیان سەرنجی هەموو لایەکی راکێشابوو، تاوەرە قووچەکییە سەد و دوو مەترییەکەی لەسەر بنکەیەکی گەورە راگیراوە، رووبەرەکەی بە قەد چوار گۆڕەپانی فوتبۆل دەبێ، خێوەتە چەند نهۆمییەکە یەکێکە لە شوێنە گەشتیارەکانی شارەکە. لەو خێوەتەدا بۆ نموونە دارخورمای کاریبی تێدایە، حەوزی مەلەوانی تێدایە، قوومەکەی لە مالیزیاوە هاتووە، باخچە ئاوییەکانی، سالۆنەکانی سینەما، بنکە تەندروستییەکەی، یاریگەی منالان، چەندان داینگە و قاوەخانە و مۆڵی فرۆشتنی تێدا کراوەتەوە.

سەرۆک زووتر بە پیاوەکانی خۆی و بەرپرسەکانی حکوومەتەکەی وتبوو، من نامەوێ ئاهەنگی لەدایکبوونم لە مانگی مارس بۆ بکەن، ئەگەر ئەوە بکەن ئەوە پۆستەکانتان لەدەست دەدەن، چونکە مانگەکە شیاو نییە بۆ بەزمی ئەو ئاهەنگە میللییە گشتییە، بۆیە هەموو لایەک بەر لە کۆتاییی سەرە ساڵەکە و لە پشوودانەکەی کۆتاییی ساڵ و بە یادی پایتەختە نوێیەکەیان ئاستانە، رۆژی ٦ی مانگی یولیۆیان دانابوو، لەو رۆژەدا رۆژی لەدایکبوونەکەیان ساز کردبوو.

لەو ڕۆژە هەموو کەس گوێیان لە وتارەکەی رۆژی ٦ یولیۆ راگرت، کە وتی: ئەستانە بووە بە پرۆژەیەکی زۆر گرینگ و شایستە لە ناوچەکە، بەتایبەتی لەو دەڤەرەی جاران یەکەتیی سۆڤیەت بوو، چونکە ئەو لە ساڵی ١٩٩٧ بڕیاری دابوو پایتەختەکەیان لە ئەلماتی بگوازێتەوە باشووری دەشتاییەکانی ئەستانە، کە با و زریان گەمەی تێدا دەکات، سەرەتا هەموو لایەک دژی ئەو بڕیارە بوون، بەڵام وا ئیمڕۆ هەموو لایەک دڵشادن، دیارە کەوا سەرەتا هەموو بیر و هزری نوێی پێشکەوتوو بە دژ و ناڕەزایی وەڵام دەدرێتەوە. کە سەرۆک ئەو خێوەتەی دروست کردبوو، دوا قۆناخی بیناسازییەکەی بوو، بۆیەش مەبەستی بوو دوا گازاندە و ناڕەزاییەکان بێدەنگ بکا، دیارە کەوا ئەستانە پاش پایتەختی مەنگۆلیا ئولان باتوور ساردترین پایتەختە لە دنیا، بەڵام ئەگەر پلەی گەرما تا چل پلەش نزم ببێتەوە، ئەوە دەکرێ بیست هەزار کەس لە بن دارخورماکان پشوو بدەن، ئاساییە، چونکە چۆن گونجاوە لەناو بیابانەکانی ئەبوزەبی بەفرەخلێسکانێ بکەن، دیارە لەبن ئەو خێوەتەش ئاساییە کەشێکی گونجاوی خۆش ساز بکەن.

سەرۆکی کازاخستانی دەیان ملیار دۆلاری لە دەشتاییەکانی ئەستانە سەرف کردووە، تا بتوانێ ئەو دەشتە دوورەدەستە بکاتە گەوهەرێک لە ناوچەکە بدرەوشێتەوە، لەو ناوچەیە کۆشکێکی سپی بەرینی دروست کردووە، چەندان باڵەخانەی بەرزی شووشەیی کە تایبەتن بە مەڵبەندی وەزارەتەکان، مزگەوتی نووری ئەستان کە جێگەی پێنج هەزار نوێژکەری تێدا دەبێتەوە لەوێ

دروست کراوە، مەڵبەندێکی دیپلۆماسی نوێ و چەندان مۆڵ و باڵەخانەی نیشتەجێبوون لەوێ ساز کراون، بۆیە یەک مەتری چوارگۆشە لەوێ نرخەکەی دەگاتە چوار هەزار دۆلار. نزاربایێف بە تەواوکردنی ئەو مەڵبەندە ویستوویەتی وەڵامی ئەوانەی رەخنەیان لەسەر فەرمانڕەواییەکی هەیە بداتەوە، یان ئەوانەی قسەیان لەسەر سیاسەتی کازاخستان هەیە بەرپەرچ بداتەوە، لەوانە کەسێکی کۆمیدی وەک (ساشا بارون کۆهین)، چونکە ئەو لە فیلمی بورات لە ساڵی ٢٠٠٦ گاڵتەی بە کازاخستان کردووە، وڵاتەکەی بە وڵاتی پاشکەوتوو، سۆزانی، قاچاخچی چەک و نازناو هەڵبەستن دژ بە کەمینەکان. پاڵەوانی فیلمەکە، کە پەیامنێری تەلەفزیۆنی کازاخستان بووە بەناوی (بوران ساغدییف) وتبووی:

لە کازاخستان ژنان لەناو قەفەس دادەنێن، شەرابی ئەو وڵاتە میزی ئەسپی ترشاوە و لەشووشەی دەکەن، هەروەها شەوانەی کۆڵانی گوندەکان بە قوڕ و چڵپاو نیشان دابوو، کە تێیدا ئەسپ لە جیاتی ئۆتۆمۆبێل کاری گواستنەوەی پێ دەکەن، منداڵانی گچکەش دەست بە تفەنگ و بە رەشاشی گچکەوە هاتوچۆیان دەکەن. ڕاستە ئەو فیلمە دیمەنی ڕۆئاوابووە لەسەر وڵاتانی کۆنی ژێردەسەڵاتی کۆنە یەکەتی سۆڤیەت، بەڵام نزاربایێف بەو چاوە سەیری وڵاتەکەی نەکردووە و دیمەنەکەی بەو شێوەیە نیشان نەداوە، ئەو ویستی وڵاتەکەی لە هەموو وڵاتانی ڕۆهەڵاتی دەریای قەزوین پێشکەوتووتر نیشان بدا، ئەو توانیبووی وڵاتەکەی لە بن ئاشووب و ناکۆکییەکانی پاش ڕووخانی سیستەمی سۆڤیەت دەرباز بکا، بەرەو داهاتوویەکی پرشنگدار هەنگاو بنێ.

کازاخستان نۆیەم وڵاتە لە گەورەیی، یەکەمین نەتەوەیە بە گەورەیی کە لەسەر دەریا بەندەر و دەبازیان بۆ دەریای تر نییە، سنوورەکەی باکوری درێژییەکەی لەگەڵ رووسیا حەوت هەزار کیلۆمەتر دەبێ، لە ڕۆهەڵاتەوە سنوورەکەی هەتا وڵاتی چین هەڵدەکشێ، لە ڕۆئاواوە سنوورەکەی لەسەر دەریای قەزوینە و لە باشووریش کەوتووەتە سەر سنووری وڵاتانی قرغیزستان و ئوزبکستان و تورکمانستان. لەبەرئەوەی سنوورەکەی لەسەر خاڵی نێوان ئاسیا و ئەوروپایە، بۆیە تیمی فوتبۆڵەکەیان بەشداری یارییەکانی یەکەتی ئەورپایی دەکەن، وەک بەشدارێکی سەرۆکایەتی دەوری رێکخراوی ئەمن و هاوکاری ئەوروپیش ناوی هەیە. لووتکە بەرزەکانی شاخەکانی دەگاتە نزیکەی حەوت هەزار مەتر، دەشتەکانیشی یەکێکە لە دەشتە وشکەکانی دنیا. ئەو وڵاتە بە پترۆڵ و بە گاز زۆر دەوڵەمەندە، دەڵێن ژێرخاکەکەی پڕە لە زێڕ و لە مەنگنیز و خەڵووزی بەردی، کازاخستان یەکێکە لەو وڵاتانەی یورانیومی هەیە. وڵاتەکەی سەرۆک نزاربایێف یەک کێشە و تەنگژە هەیە کەوا سەرژمێرییەکەی ناگاتە شازدە ملیۆن کەس، کەواتە هەر شەش کەس بەر یەک کیلۆمەتری چوارگۆشە زەوی دەکەوێ، بەرامبەر وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا کە هەر یەک کیلۆمەتر چوارگۆشە ٢٣٠ کەسی بەردەکەوێ. سەرەڕای ئەوانە سەرۆک نزاربایێف ئەوە بە ئاستەنگ نازانێ وڵاتەکەی بەرەو سەکۆی وڵاتانی پەنجای زلهێزی دنیا ببات، وەک پلینگەکانی ئاسیا. ئەو بە میللەتەکەی وتبوو:

کەوا سنگافورییەکان پێش پەنجا ساڵ یەکیک بوون لە ولاتە هەژارەکانی دنیا، بەڵام ئیمڕۆ داهاتی تاکی ئەوان ٨٥ جار زیادی کردووە. بەڵام ئەو وتبووی کازاخستان ناتوانێ ببێتە ولاتی پڵینگەکان، چونکە ئەو جۆرە پڵینگەی تێدا نییە، بەڵام پڵینگە بەفرینەیان هەیە، بەڵام نزاربایێف بەڵێنی دابوو کەوا کازاخستان لە ساڵی ٢٠٣٠ دەبێتە پڵینگی بەفرینی ئاسیای ناوەڕاست.

وەک لە ئەفیشەکانی ناو شاری ئەستانە دیارە کەوا کازاخستان زۆر باش پێشکەوتووە و ڕەنگە ببێتە ولاتێکی پێشەنگ لە ناوچەکە. لەو ئەفیشانەوە دیارە کەوا داهاتی خەڵکەکە لە ٧٠٠ دۆلارەوە بۆ هەشت هەزار دۆلار لە ماوەی دە ساڵ زیادی کردووە، دیارە ئەوەش بە بوونی زۆری ژێرخانی کانزاکانە و خاکەکەیان دەوڵەمەندە. ولاتانی دراوسێی کازاخستان دەڵێن ئەو ئەفیشانە هەموو ڕیکلامە. بەڵام سەرۆکەکەیان بەدڵنیاییەوە دەڵێ، با هەر بڵێن، دیارە کەوا ولاتانی دراوسێیەکانمان نان و کارەباشیان نییە، هەمووش ململانێی سیاسی و ناکۆکییەکان هەراسانی کردوون.

ئامیرزان کۆسانۆڤ جێگری پێشووی وەزیری لاوان و وەرزش و سکرتێری گشتی ئێستای حزبی ئازادی سۆسیال دیموکرات بە ئێمەی وت:

لەو دە ساڵەی ڕابردوو نزاربایێف بوویووە سەرکردەیەکی دیکتاتۆر، هەر بە خۆی وەزیرەکان و سەرۆکی هەرێمەکان و سەرپەرشتیاری لیژنەکانی هەڵبژاردن دادەمەزرێنێ، هەموو دادوەرەکان، ئەندامانی دادوەری هەرێمەکان، هەروەها خۆشی سەرۆکی حزبی نوور ئاوتان (ڕووناکیی خاکی باوانمان)ی دەسەڵاتداریشە، ئەندامانی پەرلەمان هەموو ئەندامی ئەو حزبەن، سەرۆک تەنگی بە ئازادییەکانی ڕۆژنامەوانی هەڵچنیوە، ئەوەی لاساری بکا و لە ڕێنوێنییەکانی ئەو لا بدا یەکسەر لەناو ولات دەردەکرێ، گەندەڵی لەناو هەموو دەزگاکانی دەوڵەت و لە ولاتەکە تەشەنەی کردووە، چینی ساماندار و هەژارەکان بە ڕوونی لەناو کۆمەڵگەکەمان دیارە، وای لێ هاتووە کەس بەرگەی ئەو سیستەمە ناگرێ.

کە ئۆپۆزسیون تەنگاو دەکرێن زۆریان لە ئەستانا دوور دەکەونەوە، ئێستا بارەگەی حزبی ئازاد لە شاری ئەلماتییە، کۆنە پایتەختەکەیان، کە بووەتە ڕووانگەی زۆربەی زۆری کۆنە سیاسییەکان، مەڵبەندی کەسە ڕووناکبیر و زۆر ئازادەکان، کە کۆشش دەکەن کازاخستانێکی ئازادتر ساز بکەن. لەو شارەدا کۆنە سەرۆک پەرلەمانەکە و کۆنە سەرۆک وەزیرەکان و چەندان سەرۆک هەرێمە لە کار لادەراوەکان، هەر لەوێ یەکەم ڕابەری کەشتی فەزای کازاخستانیمان بینی. سەرۆک نزاربایێف ئەوانەی هەموو تەریک کردووە و دەسەڵاتیان نەماوە و گۆشەگیر بوون. لەو قسانە کۆسانۆڤ لەگەڵ قسەکانیدا سمێڵی دەگەزی، زۆر بەجۆش و بەپەلە قسەی بۆ دەکردین، بەگەرمی باسی دوو هەزار و پێنج سەد هەوادارەکانی حزبەکەی دەکرد، ئینجا وتی:

(سەردەمی نزاربایێف کۆتایی هات، دەسەڵات و ڕێژیمەکەی لاواز بووە، دیارە کەوا لاواز بووە،

بۆیەش پەرلەمـانەکـەی بـەناچاری بە سـەرۆکی هەتاهەتایی هەڵبـژارد، ئەوەش بـواری خـۆش کـرد بەئارەزووی خـۆی حـوکم بکا، کـەسـیش نەتوانێ لێپـرسـینەوەی لەگـەڵدا بکا، دادگـەش نـاتوانێ دادگەیی بکا، بووەتە دەسەڵاتێکی ڕەهای تاکڕەو).

بەڵام زۆر کەس هەیە، لەگەڵ بۆچوونەکانی کۆسـانۆڤ نین، مارات شیبوتۆڤی شارەزا لە زانسـتە سیاسییەکان وتی:

(ناکرێ نزاربایێف وەک دیکتـاتۆرێک پێناسـە بکەیت، ئەو تـوانی بۆشـاییـیەکانی پاش ڕووخـانی شیوعییەت پڕ بکاتەوە).

هەر ئەو کەسە شارەزایە وتی:

ئەوەی نـزاربـایێف لە وڵاتەکـەی ئێـمــە کـردوویەتـی، لە چاو وڵاتـانی هـاوسـێـیـەکـانمان وەک قـرغیـزسـتـان و تاجیکسـتـان زۆرە، هەر ئەو سـەرۆکـەیە هەمـوو چین و توێژەکـانی کـۆمـەڵەکـەمـانی بەیەکەوە گرێ داوە، هەمـوو خەڵکەکەش بڕوایان وایە کە پارە هـەیە، کەواتە کێشـەیان نییە، بۆیەش لەگەڵ سـەرۆک و ڕەفتـارەکانی دانووسـتـان ناکەن، حـەقیـان بەو کێشـانەوە نییـە، ڕەنگە لە مـاڵەوە ئەگەر قسەی لەو جۆرە بکەن، ئەگەرنا باسی ئەو مەسەلانە ناکرێ.

کە دەچیتە کـازاخستـان ناکرێ سـەرۆک نزاربایێف گووم بکەین، بزریش نابێ، چونکە وێنەکانی سـەرۆک لە هەمـوو شـوێنێک هەڵواسـراوە، لە شـارەکان، لەسـەر شـۆسـتـەی شـەقـامـەکان، لە ڕێگە دەولیـیـەکـان، بەردەوامـیش شـەوانە لە تەلـەڤـزیۆن دەردەچێ، سـەرۆک دیارە کـە پێـشـوازی لە کـەمانچـەژەنێک لە کۆشکە هـونەرییە نوێیەکە لە ئەسـتانە دەکات، سـەرۆک ئامادەیە کە زانکۆیەکی نوێ لە ئەسـتـانە دەکـاتـەوە، ناو لە زانکۆکـەش دەنێن، زانکۆی نـزاربـایێـف، سـەرۆک سـەردانی کـانەکـانی دەرهێنانی کـانزاکـان دەکـات، دەچێتـە نـاو کـانەکـانی خـەڵووز، بـەردەوام کـامـیـرای بەدواوەیە.

سـەرۆک لەگەڵ چالاکییـان سـەرقاڵە، داواش دەکات کۆنگرەی دەولی لە ئەسـتانەش بگیرێت، تا وەک سیاسـەتمەدارێکی جیهانی باسـی بکرێ، بۆ نموونە لە ئەسـتانە سـەکۆی ئابووری وەک سـەکۆیە ئابوورییـەکەی دافـوس دەکاتەوە، کە ساڵانە دەگیرێت، سـەرۆک قسـە بۆ مێوانە بێگانەکان دەکات، لەوێ ئاشکرا دەکات کەوا ئـارەزوویەتی و حـەق وایە دراوی یەکگرتووی جـیـهـانـی بێتـە ئاراوە. لە یەکـەم کۆنگرەی جیـهانی کانزاکان کە لە کازاخسـتـان لە مـانگی یولیۆ گیـرابوو، لەوێ نزاربایێف داوای کردبوو، فۆرمی نوێ بۆ دەرهێنانی پترۆڵ ساز بکرێ، تا بەو فۆرمەلە نوێیە بتوانن کۆنترۆڵی دەرهێنانی پترۆڵ بکەن، سـەرۆک بە سـەرکەوتوویی توانی کۆنگرەی لووتکەیی ڕێکخراوی یارمەتیی ئابووری و گەشـەپێدان سـاڵانە و بۆ مـاوەی یازدە سـاڵ لە ئەسـتـانە بکا. ڕۆژنـامـەی کـازاخسـتـانی ناسراو، کازاخستانسکایا پراڤدا بە گەورەیی لە لاپەڕەی یەکەمی نووسیبووی:

(ناوی نور سوڵتان نزاربایێف لەسەر زار و زمانی هەموو کەسێکە لە دنیا)

لەبەرئەوەی سەرۆکی ئەو وڵاتە رۆڵی زۆری هەبوو، یارمەتی زۆری هاووڵاتییانی تورکی زمانی زۆری داوە، بۆیە و بۆ رێزگرتن لەو کارە بە سوودە، لە پایتەختی تورکیا لە ئەنکەرە پەیکەرێکی بۆ راگیراوە، شەقامێکی درێژی سێ کیلۆمەتر و نیویی لە پایتەختی ئوردنیش بەناو کراوە. هاووڵاتییەکی شارێکی تورکمانستانی باشوور نووسیویەتی:

(کار و بەرهەمە دیارە مێژووییەکانت لە بیرەوەریی هەموو خەڵک و بە درێژاییی چەندان سەدە دەمێنێتەوە).

لە شاری ئەستانە مۆزەیەک هەیە بۆ یەکەمین سەرۆک کۆماری کازاخستان، مۆزەکە تەشی و قاپی شۆربە و کەوچکە دارەکانی ماڵی باوکی نزاربایێفی تێدا دانراوە، کەلوپەلە سادەکانی ئەو بنەماڵەیە لەوێ پارێزراوە، هەروەها لەو مۆزەیە یەکەمین تایپی جۆری ئەریکا کە لە ئەڵمانیای رۆهەڵاتی پێشوو دروست کراوە دانراوە، هەر لەو مۆزەیە یەکەم ژووری نووستن و هەر شەش تەلەفۆنەکەشی دانراوە. لە دوو ژووری ئەو مۆزەیە رۆبەکانی دەرچوونی زانکۆی تێدایە، کە لە کاتی وەرگرتنی بڕوانامە فەخرییەکانی لە دەرەوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەکان لەبەری کردوون. راستە باس و ناوهێنان و رەوشتی لە نێوان مەزنی و لووتبەرزی لەگەڵ کەسایەتییەکی سادە دەهەژێت، هەردوو لایەنی تێدا بەدی دەکرێ. کازاخستانییەکان بە کردەوە و دەسکەوتەکانی سەرۆکەکان دڵشاد و سەرفرازن، ئەوان هەست دەکەن کەوا وڵاتەکەیان گەشەی کردووە و جاران بەزمی گاڵتەکردن و شەرمەزاری بووە، بەڵام لە سایەی پێشکەوتنەکان وڵاتەکەیان هاتووەتە پلەی دیار و شایستەی وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا. کۆسانۆڤی نەیاری سەرۆکیش، رکابەرە سیاسییەکەیشی دان بەو راستییە دادەنێن، بۆیەش وتوویانە:

(نزاربایێف دوژمنی کەمە).

لەگەڵ ئەوەش ئەو زۆر لە داهاتووی وڵاتەکەیان دڵنیا نییە، چونکە هەست دەکات، کەوا وڵاتەکەیان دوژمنی هەیە و چاویان لەسەر داناوە، لەوانە چینی هاوسێیان، کە وڵاتێکی زلهێزی دنیایە، بەڵام دیارە کەوا ترسە سەرەکییە ترسناکەکە لەناو بنەماڵەکەی خۆیەوە هەیە.

***

کە کێشە و ناکۆکی لە نێوان سەرۆکی کازاخستانی نزاربایێف، لەگەڵ زاواکەی عەلییف پەیدا دەبێ، سەرۆک بڕیار دەدا لە وڵات دووری بخاتەوە، کە دوا پۆستی سەفیری کازاخستان دەبێ لە نەمسا، بەڵام کە کێشەکەیان دەگاتە بنبەست، لەو پۆستەش فنشی دەکات، بۆیە لە دوا دەمەتەقێی نێوانیاندا سەفیرەکە بە سەرۆکی وتبوو:

گرینگ نییە، رۆژێک دێ هەموو دنیای پێشکەوتوو پشتت تێ دەکەن.

ئەو قسەیەش لە رۆژی ٢٣ی مانگی مای ساڵی ٢٠٠٧ کراوە. راخات عەلییف مێردی یەکێک لە سێ کیژەکانی سەرۆک بووە و چەندان پۆستی باڵای لە وڵات هەبووە، لەوانە جێگری وەزیری



هەولێر پرێس ... کتێب

دەرەوە و جێگری بەڕێوەبەری ئاژانسی هەواڵگری، ئەو خاوەنی یەکێک لە بانکەکان بووە، کە جاران لە گەورەیی و زۆری سەرمایەکەی حەوتەم بانک بووە لە کازاخستان، بەڵام ئەو نەیزانیبوو باش بیخوات، بۆیە لە بەردڵی سەرۆک دەکەوێ، چونکە سەرۆک بەوە تاوانباری کردبوو کەوا زاواکەی دەستی هەبوو لە دوو کاری ڕفاندن، بۆیە بۆ ئەوروپا دووری دەخاتەوە، بەڵام دیارە ئەو لەوەیان بێدەنگ نەبووە، وتبووی من لە هەڵبژاردنی ئەو جارەی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠١٢ خۆم کاندید دەکەم. دیارە ئەوەش بۆ کەسێکی زەبر بەدەستی وەک نزاربایيف سووکایەتی و ڕیسوابوونی دەگەیاند، چونکە ئەو وتبووی سەرۆک دەستووری وا داڕشتووە کەوا ئەو وەک سەرۆکی ئەبەدی بمێنێتەوە، واتە هەتا مردن، بۆیەش زاواکەی وتبووی ئەوەشیان لە سێدارەدانی یەکجاری دیموکراسییە لە وڵاتەکەمان.

پاش هەژدە ڕۆژ لەو قسەکردنە تەلەفۆنییە لە دادگەییەکی کازاخستانی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی هاوسەرکاری عەلییف لەگەڵ داریجای کیژی ڕادەگەیندرێ، واتە دادگە بڕیار دەدا ئەو بەناچاری لە هاوسەرەکەی جیا ببێتەوە و پێوەندییە خێزانییەکەی لەگەڵ سەرۆک نامێنێ. لەو ڕۆژەوە عەلییف لە تاراوگە دەژیت، بەڵام بەشاراوەیی نەوەک پیاوانی هەواڵگری کازاخستانی زەبرێکی لێ بدەن، دیارە کەوا دەستیان باش دەڕوات ئەو لە دەرەوە بفڕێنن، بەڵام ئەو لە کونە شاراوەکەی خۆیەوە هەر هاوار دەکات، کەوا سەرۆک کەسێکی دیکتاتۆری دڕەندەییە.

لەگەڵ لێدوان و هەڤپەیڤینەکانی کتێبێکی بەناوی The Godfather-in-Law دەرکردووە، کە تێیدا نووسیویەتی، کەوا نزاربایيفی کۆنە خەزووری ژنی تری هەبووە، لەو ژنانە منداڵی تری هەیە، یەکێک لە ژنەکانی کیژێکی گەنجی سێرفێسی ناو فڕۆکە بووە، دووەمیان نمایشی مۆدە بووە، هەروەها زاواکەی لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی کەوا نزاربایيف نزیکەی پێنج هەزار سەعاتی گرانبەهای هەیە، هەر خودی سەرۆکیش لە ئاکامی گەندەڵییەکانیدا لە بۆندەکانی پترۆڵ و سازشکردن لەو بۆندانە پارەی زۆری وەرگرتووە، بەتایبەتی لەگەڵ ئەمەریکاییەکان، زاواکەی لە کتێبەکەی جۆرەها نموونەی لووتبەرزی و گەندەڵیی سەرۆکی نووسیوەتەوە.

ئەو قسانە ڕەنگە تەنیا بۆچوون و ڕقی کەسێک بووبێ کە بە هیواکانی نەگەیشتبێ، بۆیەش دژایەتی سەرۆکی کردووە، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە کەوا بنەماڵەی سەرۆک ناویان بە باشی هاتووە و بەس، هەموو کەسیش لە وڵاتی کازاخستان ستایشیان بکا. مێردی کیژە گەورەکەی نزاربایيف دوکتۆرای لە زانستە سیاسییەکان هەبوو، لە بانکێکی دیار و ناسراودا بەشی هەبووە، ماوەی چەندان ساڵ خاوەنداری گەورەترین بوارەکانی ڕاگەیاندنی کردووە، بە زەبری ئاسن و ئاگر ئەو دەزگایانەی بەڕێوە بردووە. دەڵێن ئیمڕۆ بەشەکانی خۆی فرۆشتووەتە تۆڕی هەواڵی (خەبەر)ی تەلەڤزیۆنی گەورە و هەموو پارەکانیشی ڕەوانەی دەرەوە کردووە.

کیژی دووەمی سەرۆک کە ناوی (دینارا)یە بایەخ بە بوارەکانی بزنس دەدا، کۆواری (Forbes فۆرس)ی ئەمەریکایی سەرمایەی ئەو کیژە بە زۆرتر لە یەک ملیار دەخەملێنێ. گوایە ئەمساڵ

بەشێکی لە دەریاچەیەکی جوانی ژەنیـیف کڕیوە، کە نرخـەکـەی زۆر خـەیاڵییـە و دەگـاتە نزیکەی پەنجا ملیۆن یۆرۆ. کیژە گچکەکەی کە ناوی (عەلیا)یە، پارێزەری نوێیە تازە مەشق دەکات، بەڵام ژنێکی پایەدارە و سـەرپەرشـتی چەندان کـۆمـپـانیـای گـەورەش دەکات، بێجگە لەوەی سـەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاوێژکارییە لە یەکێک لە کۆمپانیاکانی عەقارات لە کازاخستان، ئەو لە شاری ئەلماتی کازاخستان مەڵبەندێکی تەندروسـتی و ڕێستورانتێک و تیاترۆیەکی هەیە و دەسکەوتی مادی زۆری هەیە. کـۆواری (The New Times) ڕووسی سـەرمـایەی بنـەمـاڵـەی نزازباییف بـە نزیکـەی حـەوت ملیار دۆلار خەملاندووە.

تیـمور کۆلیبـاییڤ زاوای دووەمی سـەرۆک نزارباییـفە، ئـەو مێردی دینارایە، جێگری سـەرۆکی دەسـتـەیەکی پیشـەسـازیی حکوومی گـەورەیە، سـێ ڕۆژنامـەی ئۆپۆزسـیـۆن بـە وەرگـرتنـی بەرتیل تاوانبـاریان کـردووە، نووسـیـویانە گـوایە ئەو چەندان مـیلۆن دۆلاری لـە کۆمـپـانیـایەکی چینی بۆ کـارئاسـانکردنی کـاروبار و بەرژەوەندییـەکـانیـان لەناو وڵاتی کـازاخـسـتـان وەرگـرتـووە. بە بڵاوبوونـەوەی ئەو هەواڵە یەکسـەر دادگـەکـانی وڵات بـڕیاری دەسـتـبـەسـەرداگـرتنی ڕۆژنامـەکـە دەردەکەن، هەموو ژمارەکانیشی کۆ دەکەنەوە و دەیفەوتێنن.

لەگەڵ ئەو جۆرە قسە و ڕەفتارانەشدا دیارە کازاخستانییەکان چاکە و پێشکەوتنەکانی وڵاتیان لە سـەردەسـتی ئەو سـەرۆکە لـە بەرچاوە. ئەوەی هەمـوو لایـەکی هەراسـان و سـەرقـاڵ کـردووە کێ جێگەی ئەو دەگرێتەوە، کێ دەگاتە ئەو کۆشکە. هەموو لایەک بیریان لەوە کردووەتەوە کەوا سەرۆک کۆلیبـاییـفی زاواکەی بکاتە سـەرۆک کۆمـار لە جێگەکـەی خۆی، زۆریش رایان وایە کـەوا ئیسـولتان نزارباییفی کوڕی کیژەکەی کە تەمەنی بیست ساڵە و سەرۆک زۆری خۆش دەوێ، ڕەنگە پۆستـەکە بەر ئەو بکەوێت، ئەویش تازە لە ئەکادیمیایەکی مەلەکیی بەریتـانیـا خـوێندنی تەواو کـردووە، بەڵام ئەو کـوڕە کـوڕی ڕاخـات عـەلییـفـە، کە لە باپیری هەڵگەڕاوەتەوە، ناویان بە دوژمـنی یەکەمی وڵات ناوبردووە، لە دوورەوەش لەسـەر داوای باپیری ئەو کوڕە حـوکمی چل سـاڵ زیندان بەسـەر باوکی بڕاوەتەوە.

***

هەفتـانە ترێنێک لە شـاری ئەسـتانەوە بەرەو شـاری ئورومـتشـی چینی دەڕوا، ڕۆژانی سـێشـەمـە لە سـەعـات سێ و پێنج دەقـە ترێن لەسـەر سکە ئاسنینەکەی بەرەو ئەو وڵاتە دەجـووڵـێ، ئەو ترێنە دەبێ بیست و پێنج سەعات بڕوات تا سنوورەکە دەبڕێ، بەڵام گەشت بەو ترێنە پرۆسـەیەکی سەیرە لەناو خاکی کازاخستانی و مێژووەکەی. ترێنەکە بەناو گوندی ڕووخاو و داماودا دەڕوات، خەڵکەکە هەمـوو گـوند و کێـڵگەکانیـان جێ هێشـتـووە و تراکتـۆرەکان بەبێ خـاوەن مـاونەتەوە، بەگـشـتی جووتیـارەکان چاویان لە دەرچوون لەو گوندانە بۆ ناو شـارەکان، بە ناو کانزاکانی خەڵووز دەڕوات کە کارگەکانیـان فرۆشراوە و دەوڵەمـەندێکی هیندی بە ناوی لاکشـمی میتال کڕیویەتی، یان بە ناو ئوردووگـاکـانی کارە زۆرەملێیـەکانی کـە بە فـەرمـانی سـتـالین (بۆ ئەڵمـانەکـانی فۆلگا . ئەوانە

نەتەوەیەکن لەو وڵاتە. وەرگێڕ) دروست کرابوون، لەوێ ترێنەکە ڕەت دەبێ بە درێژایی شەشسەد کیلۆمەتر لەسەر دەریاچەی بالکاش دەڕوات، کە مەترسی وشکبوونی لێ دەکرێ، وەک دەریای ئارال. ترێنەکە پڕ خەڵکی کازاخستانییە کە بۆ کڕینی کەلوپەل و چارەسەری پزیشکی ڕوو لە شاری ئورومتشی چینی دەکەن، کە دەکاتە پایتەختی دەڤەری شینجیانگ و ئۆتۆنۆمیی خۆیان هەیە. لەناو ترێنەکەدا کەسانی بزنسمانیش هەیە کە بۆ کارەکانیان سەفەر بەو ترێنە دەکەن، لەوانە (دومان خالمت)ی تەمەن چل و پێنج ساڵ، خالمت پانتۆڵێکی وەرزشی و قەمیسێکی لۆکەی لەبەربوو، لەناو فارگۆنی ژمارە چوار پاڵی دابووەوە.

خالمت لە چین لەدایک بووە لەوێ خوێندنی تەواو کردووە، ئەو سەرەتا کرێکاریی کردووە، پاشان بووەتە بەڕێوەبەرێک لە ناوچەیەک نزیک لە ئورومتشی، لەو دەمانە ژمارەیەک لە خەڵکی کازاخستانی لە قەیسەرەکانی ڕووس یاخی بووبوون بەرەو چین ڕایان کردبوو، بەڵام ئیمڕۆ خالمت دەڵێ هەلی کار و بواری زۆر لە کازاخستان زۆرە، بۆیە ڕوومان لێرە کردووە. خالمت لە ساڵی ٢٠٠٣ کۆمپانیای دومانی دامەزراندووە کە تایبەتە بە بەرهەمهێنانی کەرەستەی رووپۆشی دروستکردن لە ئەلماتی. پاشان دەگوازێتەوە ئەستانە، لەوێ کارگەیەکی دروستکردنی تەختە سیرامیک بەشەو و ڕۆژێک دروست دەکات، خالمت لە ئەستانە کافتریایەک و ئوتویەکی هەیە، بەم نزیکانە بەتەمایە مەڵبەندێکی تەندروستی دروست بکا. بزنسمانەکە وتی:

(من بابەت و کەرەستەی وام دۆزیوەتەوە کەم کازاخستانیی تر دەرکی پێ دەکەن)

لەگەڵ قسەکانیدا بەشەرمەوە بزەیەکی دەهاتێ، چونکە دەیزانی کە کازاخستانییەکان چەند لە چین دەترسێن.

هەواڵنامەی کێتێب

## ترس لە گەشەسەندنی چین

لە شاری دوستیکی سەرسنوور و لە تەنیشت زەنجیرە شاخەکانی تیان شین، لەوێ ترسەکە بەدی دەکرا، لە دەروازەی دسونگاریان (جەنگیزخان لەو بوارە شاخاوییەدا بەرەو وڵاتانی تر هێرشی بردووە، هێڵی ئاسنی ترێنەش تاکە ڕێگەیە لە کازاخستانەوە دەگاتە چین) لەوێیەوە دوبابەکان دیارن کە تا نیوەیان لەبن خۆڵ شاردراونەتەوە و ژەنگ هیلاکی کردوون، ئەوەش پاشماوەی شەڕە خوێناوییەکانی سۆڤیەتییەکان دژ بە چین کە لە ساڵی ١٩٦٩. وشەی دوستیک واتە هاوڕێیەتی. ئەو شارۆکە گچکەیە بوویەتە مەڵبەندێکی بنەڕەتی فرۆشتنی کاڵای کازاخستانی و چینییەکان، ساڵانە ترێنە چینیەکان لەسەر سکەی ئاسنی باریکی ئاسایی پازدە ملیۆن تۆن کاڵا دەگەیەنە ترێنە کازاخستانییەکان کە سکەکانیان ئەستوورترە و بەرەو ڕۆهەڵاتی دەبەن، ئەو ترێنانە کەرەستەی دروست کرد و بۆڕیی چینیش بەرەو ڕۆهەڵات دەبەن، ئینجا سەرەڕای ئەو بازرگانییە گەرمە هێشتا پاسەوانی و چاودێری لەسەر سنوورەکە توندە.

ئارلان شاکیانف تەمەن چل و یەک ساڵییەکە، کە شارڤانیی شارۆکەکەیە، کەسێکی چالاکە، ئەو وتی:

من گوێم لێ بووە کە سەرۆک نزاربایێف بە باشە باسی داواکەی چینی کردووە، کە یەک ملیۆن هکتار زەوی بەیاری کازاخستانی بۆ چاندنی فولی سۆیا و تۆی چەوەندەر بەکرێ بدەن، بەڵام سەرۆک وتبووی لەگەڵ ئەو قسانەش گوێمان لە بۆچوونی خراپیش بووبوو، چونکە وتبوویان بەوەیان رەنگە پێنج ملیۆن هاووڵاتیی چین لەناو خاکی کازاخستان بژین، وەک ئەو نیو ملیۆنەی کە ئێستا لەسەر خاکی کازاخستان دەژین. هەر ئەو سەرۆک شارەوانییە وتی:

ئێمە خاکێکی زۆرمان هەیە پێویستی بەچاکسازییە، دیارە کەوا ئێمە دەرەقەتی ئەو کارە نایەین، ئەگەر ئەوەش بکەین ئەوا پارەی زۆری دەوێت نەک وەک چینییەکان کە دەتوانن بەو پارە کەمەی سازی بکەن، دیارە کەوا دەسەڵاتیشمان نییە بەڕووی پاڵەپەستۆی چینییەکانیش بوەستین، چونکە ماوەیەکی تر دەرەقەتی پەیداکردنی خواردن نایە بۆ میللەتەکەیان، ئینجا هەڕەشەی ئەوەمان لێ دەکەن سنوورەکانیان بۆ واڵا بکەین، دیارە ئەگەر زەوییەکەیان نەدەینێ ئەوە دەکەن، هێرشی برسیەتیمان دەکەنە سەر، کارەساتەکەش لەوەدایە؟ وایە، نەخێر.!

بەپێی قسەکانی شاکیانۆڤ لە کاتی خۆی ئەلێکساندەری دووەم زۆر بەئاسایی ئەلاسکای دابووە ویلایەتە یەکگرتووکانی ئەمەریکا، هەر چەند ڕۆژێک جارێک شاکیانۆڤ سنوورەکە دەبڕێ و بەئاسانی دەپەڕێتەوە. لەوبەری سنوورەکەمان سەرژمێری شارۆکە چینییەکە چوار بەقەد سەرژمێری شارەکەی ئیمەیە، سەرۆک شارەوانییەکە ئەو قسەیەی بەپێکەنینەوە دەکرد، بۆیەش وتی:

(ئەوان لە ئێمە زۆر زیرەکترن، لەو دوایانەدا ئێمە کارگەیەکی پۆڵامان فرۆشتبووە چینییەکان، ئەوان کە کڕییان کارگەکەیان بەخێرایی هەڵوەشاندەوە و لە چین دووبارە دایان مەزراندەوە، بەوەش نزیکەی پێنج هەزار کرێکاری خۆمان کارەکانیان لە دەست دا، بەڵام توانرا کاری تریان بۆ بدۆزنەوە، ئێستا خۆمان وا پۆڵا لە کۆنە کارگەکەی خۆمان لە چینییەکان دەکڕینەوە.

## فاکتە و ڕاستییەکان

چینییەکان نۆ ملیار دۆلاریان لەناو خاکی کازاخستان سەرمایەگوزاری کردووە، کۆمپانیا چینییەکان ڕۆژانە نزیکەی چارەگێک لە پترۆڵی کازاخستانی بەرێ دەکەن، بۆیەش لەو کارەدا ساڵانەدا سێ ملیار دۆلار قازانج دەکەن. لەبەر بێ کاری و گوزەرانی ئاڵۆز و نالەباری ڕەوشی کرێکارانی کازاخستانیش کە بەردەوام مان دەگرن، کەس هیچ نابیستێ تەنیا ئەو دەنگانە نەبێ کە بە کەمی لەلایەنی ئۆپۆزسیۆنەوە دەردەچن.

هەروەها چینییەکان سەرمایەگوزاری دەکەن بۆ گەیاندنی گازی کازاخستانی لە کێڵگەکانی

خـۆرئاواوه بەرەو چین، ئێـسـتـا نـزیكەی پەنجـا هـەزار كـرێكار كـار لەسـەر تەواوكـردنی ڕێگە دەولیـیـەكـەی بەسـتـانـەوەی چین بە ئەوروپاش كـار دەكـەن. بە قـسـەی شـاكـیـانۆڤ ئەو ڕێگەیە درێژییەكەی دوو هەزار و حەوتسەد و هەشتا و حەوت كیلۆمەترە و بەناو خاكی كازاخستاندا ڕەت دەبێ، كە هیوا وایە چینییەكان لە ماوەی سێ ساڵدا تەواوی بكەن.

بەڵام دیارە كەوا كازاخستانییەكان وەك ئەو سەرۆك شارەوانییە ڕەشبین و بەزیو نین، ڕاستە ئەوان ترسی هێرش و پەلاماردانی چینیان لە دڵدایە، بەڵام بیر لەوە ناكەنەوە كەی هێرشەكە دەبێ.

موراد ئەیوزوڤ پسپۆڕ لە كاروباری چینییەكان دەڵێ:

(هەڵەیە ئەگەر كازاخستانییەكان وا تێ بگەن بە پێدانی كەرەستە خاوەكان چاوی چینییەكان دەپۆشن و ترسـەكـەیان دەڕەوێتـەوە، چونكە چینیـیـەكـان پێـویسـتـیـان بە خـاكی زۆرتر بۆ نیشتەجێبوون هەیە، بۆیەش بەدڵنیاییەوە بیر لە دەشتاییەكانی ئەو وڵاتە چۆڵە دەكەنەوە، بەوەش دەگەنە سەر دەروازەیەك لە ئێران و دەریای قەزوین).

یەكێك لە كرێكارەكانی تۆڕی هێڵە ئاسنینەكە لە شارۆكەی دوستیك وتی:

لەناو كازاخستان ڕوو لە كام ئاراستە دەكەیت، دەچیتە ئەستانە، یان دوستیك یان ئەڵماتی، هەموو خەڵكەكە دەڵێن: (ئەگەر دەتەوێ لە وڵاتەكە دوور بكەویتەوە، ئەوە خۆتان فێری زمانی ئینگلیزی بكەن، ئەگەر دەخوازن لە وڵاتیش بمێننەوە ئەوا وا باشە خۆتان فێری زمانی چینی بكەن).

قسە هەبوو كە زووتر باس لەوە دەكرا كەوا ڕووسەكان و چینییەكان بیریان لەوە دەكردەوە وڵاتی كازاخستان لە نێوان خۆیاندا دابەش بكەن. بێگومان ئەو قسەیەش پڕوپاگەندەیە و هیچ بنچینەی ڕاست و دروستی نییە، بەڵام لەناو كازاخستانیش خەڵكێكی زۆریش هەیە بڕوا دەكەن. ئەوانەی كە لەگەڵ بۆچوونەكەی سەرۆكی وڵات نین، كە وتبووی كازاخستان لەناو ئاسیای ناوەڕاست دەكەینە پڵینگێكی بەفرین.

ئەو بابەتە لە ڕۆژنامەی ئەلجەریدەی كوێتی ژمارە ١٠٧٢ی ڕۆژی ٢٧ ی ئوكتۆبەری ٢٠١٠ بڵاو كراوەتەوە كە لەلایەن ئیریگ فۆلات و كریستیان نیڤ لە دیرشبیگلی ئەڵمانیاوە وەرگیراوە، ئەو دوو ژوورنالیستە چەندان ڕاپۆرتی وایان هەیە، لەسەر قیرغزستانیش نووسیویانە و لە دیر شبیگل بڵاو كراوەتەوە و كراوە بە عەرەبی، بەو هیوایە ئەویش بكەمە كوردی، هەر بۆ زانین كۆوارەكە لە ساڵی ١٩٤٧ و پاش ڕووخانی هیتلەر بە بەردەوامی لە ئەڵمانیا دەرچووە.

# چەند پەیڤێک لەسەر
# یەکەتیی ئەوروپا

ئەردەڵان عەبدوڵا

هەواڵنامەی کتێب




یەکەتیی ئەوروپا، یەکێکە لە ڕێکخراوە مەزن و گرینگەکانی دنیا، کە ئەمڕۆ ڕۆڵی سەرەکی لە سیاسەتی جیهانیدا دەگێڕێ. هەربۆیە زۆر گرینگە کە ئاگەداری سیاسەت و شارەزابوون لە یاسا و ڕێکخراوەکانی ئەم یەکەتییە بین. تایبەت بۆ ئێمەی کورد، زۆر گرینگە لەبارەی یەکەتیی ئەوروپا شارەزا بین، چونکە ئەم ڕێکخراوە، ڕۆڵی گرینگی لەسەر ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی گەلەکەمان هەیە. لە دواییدا هەوڵ دەدەم بەدرێژی باسی کورد و یەکەتیی ئەوروپا بکەم.

## سەرەتاکانی دامەزراندنی یەکەتیی ئەوروپا

دیارە خەونی یەککگرتنەوەی هەموو کیشوەری ئەوروپا، خەونێکی کۆن و دێرینی هەموو ئەوروپاییەکان بووە. کیشوەری ئەوروپا تا ماوەیەکی زۆر لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی رۆمادا بووە، کە بەشێکی زۆری ئەم کیشوەرەی خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. لە پاش رووخانی ئیمراتۆریەتی رۆما، بەدەستی خێڵە جێرمەنییە بەربەرییەکان، کیشوەری ئەوروپا نەیتوانی جارێکی تر یەک بگرێتەوە یان بە واتەیەکی تر هیچ ئیمپراتۆریەتێکی تر دروست نەبووەوە، تا هەموو کیشوەرەکە بخاتە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیەوە. دیارە لە پاش ئیمپراتۆرییەتی رۆما، چەند ئیمپراتۆرییەتێکی گەورە دروست بوون، بۆ نموونە ئیمپراتۆریەتی شارلمانی فرەنکی، ئیمپراتۆرییەتی (هاوپەیمانی رۆمای پیرۆز)، کە پێک هاتبوو لە نەمسا و بڕووسیا و هەنگاریا و ئیمارەتەکانی میونشن و ئەڵمانیا. وەلێ هیچ کام لەمانە نەیانتوانی ئەوروپا یەک بخەنەوە. لە سەدەی نۆزەدەیەمیشدا، ناپلیۆن دەیویست بە زەبری شمشێرەکەی ئەوروپا بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، وەلێ سەرکەوتوو نەبوو. پاشانیش لە سی و چلەکانی سەدەی بیستەم، هیتلەریش دەیویست هەموو ئەوروپا داگیر بکا و بیخاتە ژێر دەسەڵاتیەوە. وەلێ خۆشبەختانە سەرکەوتوو نەبوو. چونکە بیری فاشیزمی ئەڵمانی، نەیدەتوانی ئەو هەموو نەتەوە و مەزهەب و ئاینە زۆرانەی ئەوروپا قبووڵ بکا. دیارە لە پاش دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەییەوە، ئەوروپا بەسەر چەند دەوڵەتێکی جیاواز دابەش کرابوو. یەکەتیی ئەوروپا بەتەنیا خەونی سیاسی و سەربازییەکانی ئەوروپا نەبوو، بگرە چینی رۆشنبیری ئەوروپاش، خەونیان بە یەکبوونی هەموو ئەوروپاوە دەدی. نووسەری مەزنی فرەنسی، ڤیکتۆر هۆگۆ، ساڵی ١٨٥١ پرۆژەیەکی ئاشتییانەی پێشکێش کرد، بۆ یەکبوونی هەموو ئەوروپا[١] هۆگۆ پێی وابوو لە ڕێگەی ( ئاشتی و هاوکاری و یەکسانییەوە) دەتوانرێ ئەوروپا یەک بخرێ.

## بۆچی یەکەتیی ئەوروپا دروست بوو؟

لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی، وردە وردە ڕۆڵی زلهێزەکانی ئەوروپا نەما ( ئینگلتەرا، فرەنسا، ئەڵمانیا). پێشتر ئەم سێ زلهێزەی ئەوروپا شەڕێکی خوێناوییان لە نێوان خۆیاندا ساز کرد، کە جگە لە نەهامەتی وماڵوێرانی بۆ خۆیان و دنیا، هیچ سوودێکی تری نەبوو. هەر لە پاش شەڕی دووەمی جیهان، دوو زلهێزی نوێی گەورە دروست بوون ( ئەمەریکا و رووسیا). دیارە رووسیا لە دێرزەمانەوە هەر وەڵاتێکی زلهێز بووە، بەڵام بەو شێوەیەی پاش شەڕی دووەمی جیهان نەبوو. هەموو کاتێک رووسیا رۆڵی لە سیاسەتی ئەوروپایی و دنیادا هەبووە. بەڵام ئەمەریکا زلهێزێکی نوێ بوو بۆ دنیا. هەر ئەم دوو زلهێزەش تەواوی ئەوروپا و دنیایان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد. ئەوروپاییەکان بەبێ ویستی خۆیان بەسەر دوو جەمسەری دژ بەیەک، جیاوازی فکری و سیاسی دابەش کران. بەرەی رۆهەڵات یان وەکو پاشتر ناوی هاوپەیمانی وارشۆی لێ نرا، کە سەر بە

رووسیا بوون. لەگەڵ بەرەی ڕۆئاوا، کە بە هاوپەیمانی ناتۆ ناسران، سەر بە ئەمەریکا بوون. ئەم شێوە دابەشکردنەش ماوەی پەنجا ساڵی خایاند. لە پاش ساڵی ١٩٨٩ و ڕووخانی دیواری بەرلین و رووخانی یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوو، ئینجا ئەوروپاییەکان توانییان لە دابەشبوون ڕزگاریان بێ. ئامانجی سەرەکیی ئەم رێکخراوە هاوکاری و بەرگریکردن بوو لە یەکتری. بەشێکی زۆری ئەوروپاییەکان زۆر بەنابەدڵییەوە سەیری هەردوو زلهێزەکەیان دەکرد. خۆشیان بە قوربانی سیاسەتی ئەو دوو زلهێزە دەزانی، چونکە شەڕەکە کەوتبووە ناوماڵی ئەوانەوە. لەبەرئەوە بیرۆکەی یەکەتی و پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانی ئەوروپا لەم دوو ئاگرە (وەکو هەندێک لە سیاسی و نووسەران دەیانوت)، ئامانجی سەرەکیی دروستبوونی ئەم ڕێکخراوە بوو.

## هەوڵێکی بچووک بۆ خەونێکی مەزن


لە ٩ مەی ١٩٥٠ وەزیری دەرەوەی فرەنسا ( رۆبێرت شومان)، کۆمەڵێک پێشنیازی بۆ داهاتووی ئەوروپا کرد. یەکێک لەو پێشنیازانە، دروستکردنی (ڕێکخراوی ئاسن و خەڵوزی ئەوروپایی) بوو، کە پێک هاتبوو لە وڵاتانی (فرەنسا، ئەڵمانیای ڕۆئاوا، لۆکسۆمبۆرگ، هۆڵاند، بەلجیکا، ئیتاڵیا). هەر ئەم شەش دەولەتەش بە دامەزرێنەرانی یەکەتیی ئەوروپایی دەژمێرێن. پاش ئەوەی ساڵی ١٩٥٦، یەکەتی سۆڤیەت، پەلاماری گەلی ڕاپەڕیوی هەنگاریای دا، و تانک و زرێپۆشەکانی نزیکی ڕۆئاوا کردووە، ترسێکی گەورە هەموو ئەوروپای گرتەوە. هەر ئەم ترسەش، دڵ و دەروونی سیاسییەکانی بۆ کارێکی باش جوولاند. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٥٧ لە ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا، ئیعلانی بازاڕی هاوبەشی ئەوروپایی کرا، کە لەو شەش وڵاتەی پێشوو دروست کرابوو. دیارە

ئینگیلتـــەراش وەکـــو (چاودێر) بەشـــدار بوو. لە ١٠ی یانوەری ١٩٥٨ی بەندەکـــانی ئەم ڕێککەوتننامەیە جێبەجێ کرا. بەمەش بەردی بناخەی یەکبوون و یەکەتیی هەموو ئەورووپایان دانا.[٢]

## جوگرافیای ئەوروپا

ئەوروپا دەکەوێتە باکوری زەوییەوە، کە بە ئاووهەوایەکی شێدار و باراناوی و فێنک ناسراوە. لە زستـــانانیـــشـــدا هەوایەکی لە نێـوان ســـارد و زۆر ســـاردی هەیە. باکوری ئەوروپا (وڵاتانی ئەسکەندەنافی، سوێد، فنلاند، دەنیمارک)، جۆرە ئاووهەواویەکیان هەیە، کە زیاتر سارد و باران بە بەردەوامی دەبارێ. گەرچی ناوەڕاست و ڕۆهەڵاتی ئەوروپا، کەمێک گەرمتر و ڕێژەی بەفر و بارانیش، لە وڵاتانی ئەسکەندەنافی کەمترە. ئەگەر بەرەو باشووریش بڕۆی، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی دەکەونە سەر دەریای سپی ناوەڕاست، ئاووهەوایەکی جیـاوازتریان هەیە. لە بەهار و هاویندا گەرمە و پایز و زستانەکەشی زۆر سارد نییە. بەگشتی ئەوروپا بەهۆی ڕێژەی بارانبارینێکی زۆرەوە، خاوەنی سروشتێکی جوان و دڵڕفێنە. ڕەنگی سەوز هەموو کیشوەرەکەی داپۆشیوە. چڕە دارستانی زۆر و، دەشتی کاکی بەکاکیی فراوان، چیای سپی، گوڵ و گوڵزاری ناو باخچە و شوێنە گشتییەکان، ئاسوودەیەکی ئێجگار زۆر بە مرۆڤ دەدا. کۆمەڵێک رووباری گەورە بە ناو ئەوروپادا

هەواڵنامەی کتێب



تێ دەپەڕن، کە درێژترینیان رووباری (دانوب)ە کە لە ناوچەی دارستانی ڕەشی ئەڵمانیاوە دەست پێ دەکات، بەناو ١٠ولآتی ئەورووپیدا تێ دەپەڕێ ( ئەڵمانیا، نەمسا، هەنگاریا، سلۆڤینیا، کرواتیا، سربیا، رۆمانیا، بولگاریا، مۆلدافیا، ئۆکرانیا ) پاشان دەڕژێتە دەریای ڕەشەوە. ئەم رووبارە بە درێژاییی (٢٨٦٠ کم) خاکی ئەوروپا دەبڕێ. ئەم رووبارە وەکو شادەمارێکی خوێنە بۆ لاشەی زۆربەی ئەو وڵاتانە. دیارە پاش ئەم ڕووبارەش، رووباری (راین) دێت، کە ئەویش بە چوار وڵاتی ئەورووپیدا تێ دەپەڕێت (ئەڵمانیا، سویسرا، فرەنسا، هۆڵاند) پاشان دەڕژێتە زەریای ئەتڵەسییەوە. درێژییەکەشی دەگاتە ١٢٣٠ کم.(٣) ئەم دوو ڕووبارە وەکو دوو شاخوێنبەر و خوێنهێنەر، وان بۆ ژیانی ئابووری و گواستنەوە و کۆمەڵایەتیی ئەوروپا. جگە لەم دوو رووبارە چەندان ڕووباری تریش هەن لەوانە (رون، مارن). جگە لە ڕووبار، کۆمەڵێک دەریاچەی گەورەش لە ئەوروپادا هەن، گەورەترینیان دەریاچەی ( فینیرین) لە وڵاتی سوێد، کە ڕووبەرەکەی دەگاتە نزیکەی ٥٦٥٠ کم٢ ، زنجیرە چیاکانی ئەلپ کە وڵاتانی (فرەنسا، ئەڵمانیا، سویسرا، نەمسا، لیشتن شتاین، سلۆڤینیا، ئیتاڵیا، مۆناکۆ) دەگرێتە خۆی، سروشتێکی ئێجگار جوانی بەم وڵاتانە داوە. درێژییەکەیان دەگاتە نزیکەی ١٢٠٠ کم. پانییەکەشیان دەگاتە ١٥٠ بۆ ٢٥٠کم. هەموو رووبەرەکەشی دەگاتە نزیکەی ٢٠٠,٠٠٠ کم٢ زنجیرە چیاکانی ئەلپ، بووەتە جێگەی سەیران و گەشتوگوزارێکی زۆر گرینگی ئەم وڵاتانە. بەهاوینان فێنک و خۆشە. بە زستانان، هەمووی بەفرە خەڵکی بۆ وەرزشی سکی دێنە ئەم ناوچان[٤] بەرزترین لووتکەی چیاش، (مۆنت بلانک) بەرزییەکەی دەگاتە ٤٨٠٨ م. بەگشتی ئەوروپا لە ڕووی جوانیی سروشتەوە، خاوەنی سامانێکی زۆرە. لە هەمان کاتیشدا سنوورێکی فراوانیشی داگیر کردووە، هەموو ڕووبەری یەکەتی ئەوروپا دەگاتە نزیکەی ٤,٣٢٤,٧٨٢ کم. ئەم سنوورە گەورەیەش، یەکێکە لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم رێکخراوە.

## ژمارەی دانیشتوان

یەکەتیی ئەوروپا لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە، خاوەنی سامانێکی دەوڵەمەندی مرۆڤییە. کە ئەمەش بە یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم یەکەتییە دەژمێرێ. لە دوایین سەرژمێریدا، ژمارەی دانیشتوانی ئەو ٢٧ دەوڵەتەی کە ئەندامی ئەم یەکەتییەن، دەگاتە نزیکەی ٥٠١ ملیۆن کەس. واتە پاش چین و هیندستان، یەکەتیی ئەوروپا سێیەمین پلەی هەیە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە بۆ زانیاری زیاتر سەیری نەخشەی ژمارەی دانیشووانی ئەوروپا بکە. دیارە ئەڵمانیا یەکەمین وڵاتی ئەوروپییە لەڕووی دانیشتوانەوە، دەگاتە نزیکەی ٨٢ ملیۆن کەس. پاش ئەو هەردوو وڵاتی فرەنسا و بەریتانیا دێن. یەکەمین دەگاتە ٦٣,٤ ملیۆن کەس، دووەمیشیان ٦٠,٩ ملیۆن کەس. ماڵتاش بچووکترین ولاتی ئەوروپاییە، نزیکەی ٤٠٠ هەزار کەس. ئینجا لۆکسۆمبۆرگ دێت بە ٥٠٠ هەزار کەس[٥] دیارە ژمارەی دانیشتوان ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە پلە و پایەی ئەندامانی ئەم یەکەتییە. لە ڕووی سیاسییەوە، بەپێی ژمارەی دانیشتوان ژمارەی ئەندام پەرلەمانەکان دیاری دەکرێ.

خشتەی ژمارەی دانیشتووانی ئەوروپا بەپێی وڵاتەکان

| وڵات | ژمارەی دانیشتوان بە ملیۆن |
|---|---|
| Deutschland (DE) ئەڵمانیا | 82.3 |
| Frankreich (FR) فەرەنسا | 63.4 |
| بەریتانیا | 60.9 |
| Italien (IT) | 59.1 |
| Spanien (ES) | 44.5 |
| Polen (PL) | 38.2 |
| Rumänien (RO) | 21.6 |
| Niederlande (NL) هۆڵاند | 16.3 |
| Griechenland (EL) یۆنان | 11.2 |
| Portugal (PT) | 10.6 |
| Belgien (BE) | 10.6 |
| Tschechische Republik (CZ) | 10.3 |
| Ungarn (HU) | 10.1 |
| Schweden (SE) | 9.0 |
| Österreich (AT) | 8.3 |
| Bulgarien (BG) | 7.7 |
| Dänemark (DK) | 5.4 |
| Slowakei (SK) | 5.4 |
| Finnland (FI) | 5.3 |
| Irland (IE) | 4.3 |
| Litauen (LT) | 3.4 |
| Lettland (LV) | 2.3 |
| Slowenien (SI) | 2.0 |
| Estland (EE) | 1.3 |
| Zypern (CY) قوبرس | 0.8 |
| Luxemburg (LU) | 0.5 |
| Malta (MT) | 0.4 |

هەوڵنامەی کتێب

بەحوكمی ئەوەی ئەڵمانیا زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی هەیە، زۆرترین ئەندام پەرلەمانیشی هەیە، كە دەگاتە ٩٩ ئەندام. ماڵتا تەنیا ٥ ئەندام پەرلەمانی هەیە. هەروەها لە رووی پلە و پایەی ناو رێكخراوەكەش، ژمارەی دانیشتوان رۆڵی هەیە.

### دەوڵەتە ئەندامەكانی یەكەتیی ئەوروپا

ئەمڕۆ یەكەتیی ئەوروپا لە ٢٧ دەوڵەتی ئەندام پێك دێت. ٣ دەوڵەتی تریش خۆیان بۆ ئەم یەكەتییە پالاوتووە. ئەم یەكەتییە لە سەرەتاوە تەنیا شەش دەوڵەتی ئەندامی هەبوو، كە برێتی بوون لە (فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، هۆڵاند، بەلجیكا، لۆكسەمبورگ). بەڵام چەند جارێك یەكەتییەكە فراوانتر كرا و ئەندامی نوێ هاتە ناوی.

### ١٩٧٣ یەكەمین فروانبوون

ماوەیەكی زۆربوو بەریتانیا داوای دەكرد ببێتە ئەندام لە بازاڕی هاوبەشی ئەوروپا (ئەو كاتە بە بازاری هاوبەش ناو دەبرا). وەلێ فەرەنسا بە سەرۆكایەتیی دیگۆل، بەهیچ شێوەیەك ڕازی نەدەبوو بەریتانیا ببێتە ئەندامی ئەم رێكخراوە. دیگۆل پێی وابوو، بەریتانیا بەجارێك خۆی خزاندووەتە ناو بەلەمی ئەمەریكاوە. بەهیچ شێوەیەك پێوەندیی بە ئەوروپا و ئەم رێكخراوەوە نییە. هەتا دیگۆل مابوو نەیدەهێشت بەریتانیا ببێتە ئەندام لەم رێكخراوەدا. ئەمەش یەكێك بوو لە كێشە گەورەكانی ئەم رێكخراوە. دیارە پێوەندیی نێوان بەریتانیا و فەرەنسا مێژوویەكی ئێجگار ئاڵۆز و شەڕ و پێكدادانی هەیە. ئەم پێشینە مێژووییە، هەتاوەكو ئەمڕۆش كاریگەریی خۆی بەسەر باری سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتیی هەردوو وڵاتەوە هەیە. وەلێ پاش نەمانی دیگۆل، فەرەنسا سیاسەتێكی نوێی گرتە بەر و ڕازی بوو كە بەریتانیا ببێت بە ئەندامی ئەم رێكخراوە. لەگەڵ بەریتانیاش دوو وڵاتی تر بوون بە ئەندامی ئەم رێكخراوە، ساڵی ١٩٧٣ ئیرلانە و دەنیماركیش بوون بە ئەندامی ئەم رێكخراوە ژمارەی دانیشتوان بە ملیۆن وڵات

### ساڵانی هەشتاكان

یۆنان هەتا ماوەیەكی زۆر بەدەست شەڕی ناوەخۆ و حكوومەتی دیكتاتۆری دەیناڵاند. لە رووی سیاسییەوە كۆمەڵێك كێشەی ناوەخۆیی و دەرەكی زۆری هەبوون. لە ناوەوە كۆمەڵێك هێزی ڕادیكاڵی دژ بەیەك هەبوون، كە ئەمەش یەكێك بوو لە ئاكامەكانی شەڕی ناوەخۆی ئەم وڵاتە مەزن و دێرینە. لە دەرەوەش توركیایەكی فاشی دراوسێی بوو، كە بۆ ماوەی چەندان سەدە، گیریان خواردبوو بەدەست حوكمی داگیركەری و چەتەگەریی توركییەوە. لە هەمان كاتیشدا باری نێودەوڵەتی هیچ یارمەتی وڵاتی یۆنانی نەدەدا. چونكە ئەو كاتە، شەڕی سارد لە نێوان رووسیاو ئەمەریكادا هەبوو. وەلێ لە پاش نەمانی رژێمی دیكتاتۆری، ساڵی ١٩٨١ وڵاتە كۆنەكەی ئەوروپا و

دنیا، توانی ببێتە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە. ئیسپانیا دەمێک بوو حەزی دەکرد ببێت بە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە، وەلێ بەحوکمی بوونی ڕێژیمێکی دیکتاتۆری وەکو فرانکۆ، ئەوروپاییەکان وەریان نەدەگرت. هەرچەندە لە ژێرەوە ئەڵمانیا و بەریتانیا، زۆر یارمەتیی فرانکۆیان دەدا. وەلێ نەیاندەویست ببێتە ئەندام. پاش نەمانی ڕێژیمی فرانکۆ، ئیسپانیا توانی سیستەمێکی دیموکراتی پەیڕەو بکات. ئەوە بوو لەگەڵ پرتووگالساڵی ١٩٨٦ بوونە ئەندامی ئەم ڕێکخراوەی ئەوروپا.

## نەمانی یەکەتیی سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆهەڵات

هەموو کاتێک ئەوروپاییەکان بە چاوێکی ترس و قێزەوە سەیری رووسیایان دەکرد. هەر لە دێرزەمانەوە، رووسیا جێگەی ترس و گومانی ئەوروپاییەکان بووە. مارکس بە رووسیای دەوت (تەنەکەی خۆڵی ئەوروپا). کەچی بە پێچەوانەوە، هەموو کاتێک رووسەکان بە چاوێکی ڕێز و خۆشەویستییەوە سەیری ئەوروپایان دەکرد. ئەلکسەندەری گەورە لە خۆشیی بینینی ئەوروپا، پایتەختی رووسیای بۆ پیترۆگراد لەسەر دەریای بەلتیق گواستەوە. دیارە وەکو پێشتریش باسم کرد، شەڕی نێوان سۆڤیەت و ئەمەریکا، ئەوروپای بۆ دوو بەش دابەش کردبوو. لەگەڵ نەمانی بلۆکی ڕۆهەڵات و ڕووخانی سۆڤیەت، بەجارێک هەموو دەرگە ئاسنین و پۆڵایینە گەورەکان کرانەوە. هەر ئەم رووخانەش کاری کردە سەر چەند دەوڵەتێکی ئەوروپایی، کە تا ماوەیەکی زۆر دڵەڕاوکێیان هەبوو، تەنیا لە دوورەوە چاودێرییان دەکرد. وەلێ لە پاش نەمانی سۆڤیەت و پەیدابوونی ئەمەریکا وەکو تاکە زلهێزی جیهان، ئەم وڵاتانە ناچار بوون سیاسەتی خۆیان بگۆڕن. ئەوە بوو ساڵی ١٩٩٥ هەر سێ وڵات (سوێد، فنلاند، نەمسا) بوون بە ئەندامی ئەم یەکەتییە. دیارە ئەم سێ وڵاتە بە درێژاییی ماوەی ٥٠ ساڵ خۆیان زیاتر وەکو بێلایەن پێشان دەدا. وەلێ زیاتر هۆگری ئەمەریکا بوون تا سۆڤیەت. پاش نەمانی سۆڤیەت، خۆیان خستە ناو یەکەتی ئەوروپاوە، تا بتوانن بەرگری لە بەرژەوەندییەکانیان بکەن.

## ساڵی ٢٠٠٤ گەورەترین فراوانبوون

هەر وەک لە پێشدا باسم کرد، لەگەڵ نەمانی بلۆکی ڕۆهەڵات، هەموو وڵاتانی ئەورووپای ڕۆهەڵات، بۆ ڕزگاربوون لە دەستی رووسیا، خۆیان بۆ ئەم یەکەتییە پاڵاوت. ئەورووپاییەکان بۆ یەکخستن و گەشەپێدانی ماڵی ئەورووپایی، یارمەتییەکی زۆری ئەم دەوڵەتانەیان دا، بۆ ئەوەی لە ڕووی سیاسی و ئابووری و پیشەسازییەوە، کەمێک بگەنە ئاستی وڵاتانی ئەندام لە یەکەتی ئەورووپا. هەر لە سەرەتاوە، فراوانبوونی یەکەتی ئەورووپا و وەرگرتنی ئەندامی نوێی، بووبووە جێگەی مشتومڕی نێوان ئەندامانی، بەتایبەت فرەنسا و ئەڵمانیا. فرەنساییەکان پێیان وابوو هاتنی ئەم ژمارە زۆرەی ئەندامان بۆ ئەم یەکەتییە، سوودی نابێ بگرە زیانی هەیە. وەلێ ئەڵمانیا بە پێچەوانەوە زۆر بەگەرمی پێشوازیی ئەمانی دەکرد. ئەوەش زیاتر لەبەر بەرژەوەندیی ئابووری بوو، چونکە ٦٠٪ ی بەرهەمەکانی لە ڕۆهەڵاتی ئەورووپادا ساخ دەکاتەوە. بەواتەیەکی تر ئەم وڵاتانە بازاڕێکی گەورەن بۆ بەرهەمەکانی ئەڵمانیا. لە ساڵی ٢٠٠٤ گەورەترین و فراوانترین قۆناخی بەئەندامبوون دەستی پێ کرد. لەم ساڵەدا ١٠ ئەندامی نوێ هاتنە ناو یەکەتیی ئەورووپاوە. کە بریێتی بوون لە (پۆلۆنیا، سلۆفاکیا، چیک، سلۆڤێنیا، لیتوانیا، لاتفیا، قوبرس، ماڵتا، ئیستۆنیا، هەنگاریا). بەمەش تەواوی ڕۆهەڵات و ناوەڕاست و بەشێکی باشووری ڕۆهەڵاتی ئەورووپا، بوونە ئەندامی ئەم یەکەتییە.

## ساڵی ٢٠٠٧ دوا سنووری ئەورووپا

ساڵی ٢٠٠٧ هەردوو دەوڵەتی ڕۆمانیا و بولگاریاش بوونە ئەندامی هەمیشەییی ئەم یەکەتییە. بەپێی زۆربەی پسپۆڕان و بەشێکی دیاری سیاسییەکانی ئەورووپا، ئەمە دوایین سنووری ئەورووپایە، هەر بۆیە پێویستە سنووری ئەورووپا لەمە زیاتر تێ نەپەڕێ. هەرچەندە ئەم ٢٧ دەوڵەتە، تەواوی سنووری جوگرافیی ئەورووپا پێک ناهێنن، چونکە چەند دەوڵەتێکی تری ئەورووپایی هێشتا ئەندام نین لەم یەکەتییەدا. وەلێ بەشێک لە پسپۆڕان و شارەزایانی بواری سیاسی و ئابووری، پێیان وایە ئەورووپا لەم سنوورە زیاتر تێ نەپەڕێ، چونکە چەندە یەکەتییەکە گەورەتر بێت، هێندەش تووشی کێشەی گەورەتر دەبن. دیارە لەسەر فراوانبوونی ئەورووپا، مەسەلەی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی، ڕۆڵی سەرەکی هەیە.

## ئەو دەوڵەتانەی کە چاوەڕێن ببن بە ئەندام

سێ دەوڵەتی تریش خۆیان بۆ ئەم یەکەتییە پاڵاوتووە. کۆنترینیان تورکیایە کە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕێی چوونە ژوورەوەیە و لە بەردەرگەی ئەورووپا ڕایان گرتووە، وەلێ وەری ناگرن. لەسەر ئەم بابەتە، لە دواییدا بە درێژی باسی لێوە دەکەم. هەر سێ وڵاتی ( تورکیا، کرواتیا، مەکەدۆنیا) چاوەڕێی بلیتی هاتنە ژوورەوە دەکەن. بەڵام هەتاوەکو ئێستاش نەبوونەتە ئەندام و هێشتا چاوەڕێن. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەندام و دەوڵەتانی ئەم یەکەتییە، سەیری نەخشەی ئەندامانی یەکەتی ئەورووپا بکە.

خشتەی ئەندامانی یەکێتی ئەوروپا[٦]

| ولات | سالی ئەندام بوون | پایتەخت | رووبەر ($km^2$) | داهاتی نیشتمانی بە ملیارد ئۆیرۆ | داهاتی تاک | | ئەندام پەرلەمان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Belgien | 1957 | Brüssel | 30.510 | 344,2 | 32.400 | 115 | 24 |
| Deutschland | 1957/1990 | Berlin | 357.021 | 2.491,4 | 30.300 | 116 | 99 |
| Frankreich | 1957 | Paris | 547.030 | 1.950,1 | 30.400 | 107 | 78 |
| Italien | 1957 | Rom | 301.320 | 1.572,2 | 26.300 | 102 | 78 |
| Luxemburg | 1957 | Luxemburg | 2.586 | 36,6 | 75.100 | 268 | 6 |
| Niederlande | 1957 | Amsterdam | 41.526 | 594,6 | 36.200 | 130 | 27 |
| Danemark | 1973 | Kopenhagen | 43.094 | 233,3 | 42.500 | 117 | 14 |
| Irland | 1973 | Dublin | 70.280 | 185,7 | 41.800 | 131 | 13 |
| Vereinigtes Konigreich | 1973 | London | 244.820 | 1.812,1 | 29.700 | 117 | 78 |
| Griechenland | 1981 | Athen | 131.940 | 242,9 | 21.600 | 95 | 24 |
| Portugal | 1986 | Lissabon | 92.931 | 166,2 | 15.600 | 78 | 24 |
| Spanien | 1986 | Madrid | 504.782 | 1.095,2 | 24.000 | 103 | 54 |
| Finnland | 1995 | Helsinki | 337.030 | 186,1 | 35.000 | 110 | 14 |
| Osterreich !Osterreich | 1995 | Wien | 83.858 | 282,3 | 33.800 | 124 | 18 |
| Schweden | 1995 | Stockholm | 449.964 | 328,3 | 35.600 | 120 | 19 |
| Estland | 2004 | Tallinn | 45.226 | 15,9 | 11.800 | 62 | 6 |
| Lettland | 2004 | Riga | 64.589 | 23,1 | 10.200 | 49 | 9 |
| Litauen | 2004 | Vilnius | 65.200 | 32,3 | 9.600 | 53 | 13 |
| Malta | 2004 | Valletta | 316 | 5,6 | 14.000 | 78 | 5 |
| Polen | 2004 | Warschau | 312.685 | 362,1 | 9.500 | 61 | 54 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Slowakei | 2004 | Bratislava | 48.845 | 64,9 | 12.000 | 72 | 14 |
| Slowenien | 2004 | Ljubljana | 20.253 | 37,1 | 18.200 | 86 | 7 |
| Tschechien | 2004 | Prag | 78.866 | 148,6 | 14.200 | 80 | 24 |
| Ungarn | 2004 | Budapest | 93.030 | 105,8 | 10.500 | 63 | 24 |
| Zypern Republik | 2004 | Nikosia | 9.250 | 16,9 | 21.400 | 98 | 6 |
| Bulgarien | 2007 | Sofia | 110.994 | 34,1 | 4.500 | 41 | 18 |
| Rumanien | 2007 | Bukarest | 238.391 | 137,0 | 6.400 | 45 | 35 |
| **هەمووی** | | Brüssel | **4.326.337** | **12.504,4** | **25.100** | **10٠** | **785** |

## ئابووری

ئەمڕۆ یەکەتیی ئەوروپا، بەهێزترین و گەورەترین هێزی ئابووریی دنیا پێک دەهێنێ. دەتوانین بلێین گەورەترین بازاڕی دنیایە. دیارە گەشەی ئابووریی ئەوروپا، مێژینەیەکی ئێجگار کۆنی هەیە. هەر لەم کیشوەرەوە شۆڕشی پیشەشازی سەری هەڵدا و هەر لێرەشەوە سیستەمی سەرمایەداری لەدایک بوو. ئەوروپا خاوەنی ئەزموونێکی ئێجگار دێرین و مەزنە لە ڕووی ئابوورییەوە. بگرە هەموو دنیا پشتیان بە پسپۆڕان و شارەزایانی ئەوروپایی دەبەستن، بۆ هەڵسانەوە و گەشەسەندنی وڵاتەکانیان. لەمێژە پیشەشازی، کەرتی بانکی، کەرتی کشتوکاڵی، توریست و گەشتوگوزار، هەموو لە ئەوروپاوە بەرەو دنیا ڕۆیشتن. ئەوروپا زانکۆیەکە بۆ گەشەسەندن و پێشکەوتنی ئابووری. هەر بۆیە بەهەزاران گەنج و لاوی خوێندکاری دنیا، ڕوو لە زانکۆکانی ئەوروپا دەکەن، تاوەکو لە بوارەکانی ئابووری و نەخشە و پلاندانان فێر بن و شارەزایی وەربگرن. ئەم مێژینە زۆرەی ئەوروپا و بوونی ژێرخانێکی ئابووری بەهێز، وای کردووە کە ئەوروپا بەهێزترین ئابووریی دنیا پێک بهێنێ. ساڵی ٢٠٠٩ داهاتی نیشتمانی هەموو یەکەتی ئەوروپا گەیشتە نزیکەی ١٥,٢٤٧ ملیارد دۆلار ,٧ ئەمەش یەکێکە لە خاڵە بەهێزەکانی یەکەتی ئەوروپا. ئەڵمانیا بە داینەمۆی ئەم یەکەتییە دادەنرێ. داهاتی نیشتمانی دەگاتە نزیکەی ٢,٨٠٦٢٦٦ ملیارد دۆلار. جێگەی ئاماژەیە، ئەڵمانیا چوارەمین هێزی ئابووریی دنیا پێک دەهێنێ، دیارە پاش ئەمەریکاو ژاپۆن و چین دێت. لە پاش ئەڵمانیا، بەریتانیا دێت، کە داهاتی نیشتمانی دەگاتە نزیکەی ٢,١٣٩٤٠٠ ملیارد دۆلار. ئینجا فەرەنسا ٢,١٠٨٢٨٨ ملیارد دۆلار دێت. دەتوانین بڵێین فەرەنسا و ئەڵمانیا، کۆڵەکەی سەرەکی ئەم یەکەتییەن. بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی ئابووریی ئەوروپا، سەیری خشتەی ئابووری ئەوروپا بکە.

نەخشەی ئابووریی وڵاتانی یەکەتی ئەوروپا

| وڵات | داهاتی نیشتمانی بە ملیۆن ئۆیرۆ | هێزی کڕین بە ئویرۆ | گەشەسەندنی ساڵانە |
|---|---|---|---|
| Belgien | 339.162 | 31.400 | -2,8 |
| Bulgarien | 35.043 | n/a | -4,9 |
| Dänemark | 223.251 | 40.400 | -4,7 |
| ئەڵمانیا | 2.397.100 | 29.300 | -4,7 |
| Estland | 13.861 | 10.300 | -13,9 |
| Finnland | 171.315 | 32.100 | -8,0 |
| فەرەنسا | 1.907.145 | 29.600 | -2,6 |
| یۆنان | 233.046 | 20.700 | -2,3 |
| Irland | 159.646 | 35.700 | -7,6 |
| Italien | 1.520.870 | 25.200 | -5,0 |
| Lettland | 18.539 | 8.200 | -18,0 |
| Litauen | 26.508 | 7.900 | -14,7 |
| Luxemburg | 38.045 | 76.500 | -3,7 |
| Malta | 5.750 | 13.900 | -2,1 |
| Niederlande | 571.979 | 34.600 | -3,9 |
| Norwegen | 272.774 | 56.500 | -1,4 |
| Österreich | 274.321 | 32.800 | -3,9 |
| Polen | 310.486 | 8.100 | 1,7 |
| Portugal | 168.076 | 15.800 | -2,6 |
| Rumänien | 115.869 | 5.400 | -7,1 |
| Schweden | 292.680 | 31.300 | -5,1 |
| Schweiz | 354.492 | 45.800 | -1,9 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| Slowakei | 63.051 | 11.600 | -4,8 |
| Slowenien | 35.384 | 17.300 | -8,1 |
| Spanien | 1.053.914 | 22.900 | -3,7 |
| Tschechische Republik | 137.162 | 13.100 | -4,1 |
| Ungarn | 92.942 | 9.300 | -6,7 |
| بەریتانیا | 1.563.106 | 25.300 | -5,0 |
| Zypern | 16.947 | 21.200 | -1,7 |

## گەورەترین بازاڕی دنیا

یەکێک لە خالە بەهێزەکانی تری ئەوروپا، بوونی بازاڕێکی گەورەیە، کە هەموو دەوڵەتانی دنیا ناچار کراون، دەبێ حیسابێکی وردو و درشت لەگەڵ ئەم یەکەتییەدا بکەن. چونکە داخستنی ئەو بازاڕە گەورەیەی دنیا بە ڕووی دەوڵەتێکدا، مانای لەناوچوون و پووکانەوەی بەشێکی زۆری داهاتی نیشتمانی دەگەیەنێ. ئەمڕۆ بازاڕی ئەوروپایی دەگاتە نزیکەی ١٨,٣٩٤ ملیارد دۆلار. واتە هێزی کڕینی ئەوروپاییەکان، دەگاتە نزیکەی ١٨ هەزار و نیو، ملیارد دۆلار. ئەمەش گەورەترین هێزی بەکاربەری شمەکی دنیا پێک دەهێنێ.

## گەورەترین داهاتی تاکەکەس

بەحوکمی بەهێزی بەرهەمی نیشتمانی، تاکی ئەوروپی لەچاو گەلانی تری دنیادا، تا ڕادەیەکی زۆر خۆشگوزەران و ژیانێکی دەوڵەمەندانەی هەیە. بەپێی سایتی ویکیپێدیا، داهاتی تاکی ئەوروپایی ساڵانە دەگاتە ٣٠,٤٩٤ دۆلار. وەلێ ئەم ڕێژەیە ڕاست نییە، چونکە وڵاتە ئەوروپاییەکان، جیاوازییەکی ئێجگار زۆریان لە نێواندا هەیە. بۆ نموونە وڵاتێکی وەکو لۆکسۆمبۆرگ، بەهێزترین ئابووری هەیە، داهاتی تاکی ساڵانە دەگاتە نزیکەی ١٠٤,٥١٢ دۆلار. پاش ئەو دەنیمارک، ٥٦,١١٥ دۆلار. ئێرلاند ٥١,٣٥٦ دۆلار دێت. ئەگەرچی بولگاریا داهاتی تاکی ساڵانەی ناگاتە ٤٥٠٠ دۆلار. ڕۆمانیا ٦٤٠٠ دۆلار ,٨ ئەمانیش هەژارترین دەوڵەتی ئەوروپین. جاران ئەوروپاییەکان بە یۆنان و پورتوگالیان دەوت (جیهانی سێی ئەوروپا) چونکە لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە، زۆر لە ئەوروپا دوور و لە جیهانی سێیەم نزیک بوون.

## سیستەمی پەروەردە و خوێندن

هەر لە دێرزەمانەوە خوێندن و پەروەردە، لای ئەوروپاییەکان جێگەی بایەخ و گرینگی پێدان بووە.



بەتایبەت پاش ڕێنیسانس، خوێندن و پەروەردە بوو بە چەقی سەرەکیی بیرکردنەوەی ئەوروپاییەکان. بۆ یەکەم جار لە شاری Bolognaی ئیتاڵیا، ساڵی ١٠٨٨ زانکۆی پۆلۆنیا کرایەوە. ئەمەش یەکەمین هەنگاوبوو بۆ خوێندنی ئەکادیمی و زانستی لە کیشوەری ئەوروپادا. پاشان لە ساڵی ١١٧٠ لە شاری ئۆکسفۆردی بەریتانیاش، زانکۆی ئوکسفۆرد کرایەوە. هەر لەو کاتەوە هەتاوەکو ئەمڕۆش، ئەم زانکۆیە جێگەی بایەخ و ڕێزێکی گەورەی جیهانی و ئەوروپاییە. ئەمڕۆ لە تەواوی ئەوروپادا نزیکەی ٤٠٠٠ زانکۆ و پەیمانگەی خوێندنی باڵا هەیە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش زیاتر دەبن، کەمتر نابن. لەلایەکی تریشەوە ڕێژەی خویندکارانی زانکۆ و پەیمانگەکانیش لە زۆربووندایە. بۆ نموونە ساڵی ١٩٩٠ ژمارەی خوێندکارانی زانکۆکان گەیشتە ٩ ملیۆن خوێندکار. بەلام ساڵی ٢٠٠٠ ڕێژەکە بۆ ١٢,٥ ملیۆن خوێندکار بەرزبووەوە[9] ئەمڕۆ تەواوی دەوڵەتانی ئەوروپا بایەخێکی زۆر بە خوێندن و پەروەردە دەدەن. هەموو دەوڵەتانی ئەوروپا، بودجەیەکی باش بۆ سیستەمی خوێندن و پەروەردە و کاری لێکۆڵینەوە و داهێنان دادەنێن. بەتایبەت پاش ڕێککەوتننامەی لیسەبۆن، گرینگی زۆرتر بە خوێندن و زانکۆ و دەزگاکانی لێکۆڵینەوەی زانستی درا. جگە لەوەش، یەکەتیی ئەوروپا بەرنامە و پرۆژەی تایبەتیی بۆ خوێندکاران و زانکۆکانی ئەوروپا هەیە. دیارە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تری ئەوروپایی سیستەمی خوێندن و بودجەی ساڵانەی خوێندنیش جیاوازی هەیە. بۆ نموونە هەموو کاتێک وڵاتانی ئەسکەندەنافی لە ڕیزی پێشەوەی ئەوروپا و جیهانن بۆ خوێندن و پەروەردە. ئەم وڵاتانە خاوەنی سیستەمێکی پەروەردە و خوێندنێکی ئێجگار مۆدێرنن. بۆ نموونە دەنیمارک ساڵانە ڕێژەی ٨,٤٣ داهاتی نیشتمانی بۆ خوێندن تەرخان کردووە. پاش ئەو، وڵاتی سوێد دێت، کە ڕێژەی ٧,١٨ داهاتی نیشتمانی تەرخان کردووە. بەڵام ڕۆمانیا کە لە ڕیزی دوایەمین دێت، ساڵانە تەنیا ٣,٢٩ داهاتی نیشتمانی بۆ خوێندن تەرخان کردووە. لە پێش ئەویش یۆنان دێت، کە ڕێژەی ٣,٨٤ داناوە. هەر بۆیە دەبینین ئەو وڵاتانەی کە بودجەیەکی زۆر بۆ خوێندن و پەروەردە دادەنێن، لە ڕووی ئابووریشەوە پێشکەوتوون. بە پێچەوانەشەوە ڕاستە، ئەو وڵاتانەی بودجەی کەم بۆ خوێندن دادەنێن، لە ڕووی

ئابوورییەوە دواکەوتوون. بۆ نموونە جیاوازییەکی ئێجگار زۆر لە نێوان سوێد و رۆمانیا دەبینین. لەلایەکی ترەوە جگە لە خوێندن و پەروەردە، ئەوروپاییەکان لە ڕیزی پێشەوەی دنیا دێن، بۆ لێکۆڵینەوە و داهێنانی زانستی. ساڵی ٢٠٠٤ ژاپۆنییەکان ڕێژەی ٣,١٥٪ داهاتی نیشتمانییان بۆ لێکۆڵینەوە و داهێنانی زانستی دانابوو. ئەمەریکا ڕێژەی ٢,٦٧ ٪ دانابوو. ئەگەرچی ئەوروپاییەکان ڕێژەی ١,٨٣٪ دانابوو. واتە پلەی سێیەمینیان لە دنیادا تۆمار کردووە. بەڵام دیسانەوە جیاوازیی نێوان دەوڵەتانی ئەوروپایی هەیە. بۆ نموونە سوێد و فینلاند زۆر لە ژاپۆنیان بۆ داهێنان و لێکۆڵینەوەی زانستی داناوە. سوێد ڕێژەی ٣,٧٣٪ داهاتی نیشتمانی بۆ ئەم مەبەستە دانابوو. پاشان وڵاتی فینلاند ڕێژەی ٣,٤٥٪ دانابوو. ئەڵمانیاش بە پلەی سێیەمی ئەوروپا دێت، ڕێژەی ٢,٥١٪ داهاتی نیشتمانی بۆ ئەم مەبەستە دانابوو. ماڵتاو پۆڵۆنیا و یۆنانیش، پلەی دوایەمینیان لە ئەوروپادا هەیە. یۆنان ساڵانە ڕێژەی ٠,٥٧ ٪ داهاتی نیشتمانی، بۆ داهێنان و لێکۆڵینەوەی زانستی دادەنێ. پاشان پۆڵۆنیا بە ڕێژەی ٠,٥٦٪ ماڵتاش بەدوایەمین پلە دەژمێرێ، ساڵانە تەنیا ڕێژەی ٠,٥٤ ٪ داهاتی نیشتمانی بۆ ئەم مەبەستە دادەنێت(١٠).

## ژێرخانی ئابووری

پێشکەوتنی هەر وڵاتێک لە ڕووی ئابوورییەوە، پێوەستە بە بوونی ژێرخانێکی ئابووریی بەهێزەوە. چەندە ئەو وڵاتە ژێرخانە ئابوورییەکەی بەهێز بێ، دوو هێندەش ئابوورییەکەی بەهێزتر دەبێ. ژێرخانی ئابووری ڕۆڵی شادەمارەکانی لەشی مرۆڤ دەبینێ بۆ ئابووری. چونکە گەر ڕێگەوبانێکی باشت نەبێ، ناتوانیت نە بەرهەمەکانت بۆ دەرەوە بنێریت، نە کەرەستە خاوەکانیش بهێنیتە وڵاتەوە. لەبەرئەوە هیچ دەوڵەتێک سەرکەوتوو نابێ ئەگەر خاوەنی سیستەمێکی مۆدێرنی ژێرخانی ئابووری نەبێ، بەتایبەت گواستنەوە. ئەمڕۆ لە تەواوی ئەوروپادا، سیستەمێکی باشی گواستنەوەی (وشکانی، دەریایی، ئاسنی، ئاسمانی) هەیە. هەر ئەم سیستەمە مۆدێرنەش لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەوە، خزمەتێکی گەورەی بەم کیشوەرە کردووە. یەکەتی ئەوروپا خاوەنی چەندان پرۆژە و بەرنامەی تایبەتە بۆ گەشەسەندنی ژێرخانی ئابووریی وڵاتەکانی. بەشێکی زۆری یارمەتییەکانی یەکەتی ئەوروپا، بۆ ئەم کەرتانە دەچێ. لە هەمان کاتیشدا هەوڵی باشکردن و مۆدێرنکردن و نۆژەنکردنەوەی هێڵەکانی گواستنەوە لە ئەوروپادا بەردەوامە. ساڵی (٢٠١٠) ٨,٧٪ هاووڵاتییانی ئەوروپا پاس و میترۆیان بەکار دەهێنا. ٧٦,٦٪ ئەوروپاییەکان خاوەنی سەیارەی تایبەتین. ٧,٣ ٪ هاووڵاتییان، هێڵی ئاسن بەکار دەهێنن. لە ٦,٣٪ هێڵی ئاسمانی بەکار دەهێنن. بۆ زانیاریی زیاتر، سەیری خشتەی بەکارهێنانی هۆکانی گواستنەوە لە ئەوروپادا بکە .

| پاس و میترۆ | |
|---|---|
| 2000 | 8.9 |
| 2010 | 8.7 |
| 2030 | 7.3 |
| **سەیارەی تایبەت** | |
| 2000 | 77.8 |
| 2010 | 76.6 |
| 2030 | 74.7 |
| **قطار** | |
| 2000 | 7.3 |
| 2010 | 7.8 |
| 2030 | 7.7 |
| **فرۆکە** | |
| 2000 | 5.4 |
| 2010 | 6.3 |
| 2030 | 9.7 |

## ئەو ڕێکەوتننامانەی ئەوروپایان دروست کرد

### ڕێککەوتننامەی ڕۆما

هەر وەک چۆن ماڵێک پێویستی بە بەردی بناخەیەکی باش هەیە، تا خانوویەکی باشی لێ دروست بکەیت. بەهەمان شێوەش بۆ دامەزراندنی هەر ڕێکخراوێک، پێویستیت بە چەند بەردێکی بناخەی باش دەبێ. جارێکی تر ڕۆما بوو بە سەرەتای شۆڕشێکی نوێی سیاسی و ئابووری و کولتووریی ئەوروپا. هەر وەک چۆن پێشتر لە ئیتاڵیاوە ڕێنانیسانس سەری هەڵدا و بەهەموو ئەوروپادا بڵاو بووەوە، بەهەمان شێوەش لە ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا بەردی بناخەی یەکەتی ئەوروپا داڕێژرا. لە ٢٥ی مارسی ١٩٥٧ بۆ یەکەم جار سەرانی شەش وڵاتی ئەوروپایی (ئەڵمانیا، فرەنسا، بەلجیکا، هۆڵاند، لۆکسمبورگ، ئیتاڵیا) لە ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا، بڕیاڕی دامەزراندنی (بازاڕی ئەوروپاییی هاوبەشیان) دا[١١] ئامانجی ئەم بازاڕە ئەوە بوو، کە وڵاتانی ئەوروپایی لە ڕێگەی ئەم بازارە هاوبەشەوە، پێوەندییە ئابووری و سیاسییەکانیان بەهێزتر بکەن. دیارە ئەم بڕیارەش، پاش ڕێککەوتننامەی پاریس هات، لە ١٨ی ئەپریلی ١٩٥١، ئەو شەش وڵاتە ڕێکخراوی (ئاسن و خەڵوزی ئەوروپییان) دامەزراند. ئەمەش هەنگاوێک بوو بۆ دروستکردنی بازاڕی ئەوروپایی. دیارە ئەم ڕێکخراوە، زۆر گرینگ بوو بۆ ئەوروپا بەگشتی و ئەڵمانیا بەتایبەتی، چونکە ئەڵمانیا پاش شەڕی دووەمی جیهانی، هەموو ئەوروپاییەکان ڕقیان لێ بوو، دیارە ئەویش بەهۆی ئەو هەموو تاوان و بەربەرییەتەی، کە ئەڵمانییەکان لە شەڕی دووەمی جیهاندا لە دژی گەلانی ئەوروپایی ئەنجامی دابوو. ئەم بازاڕە توانی، مێژووە خوێناوی و ناخۆشەکەی هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی، لە بیر ئەوروپاییەکان بەرێتەوە و هانیان بدا، کە کار بۆ داهاتوویەکی گەشاوە و سەرکەوتوو بدەن.

دامەزراندنی بازاڕی ئەوروپایی، سەرەتایەکی ئێجگار گەورە و گرینگ بوو بۆ ئەوروپاییەکان. چونکە هەر ئەم هەوڵە بچووکە، هانی نەوەکانی پاشتری دا، کە هەنگاوی گەورەتر بنێن، بۆ یەکگرتنەوەو کاری هاوبەشی ئەوروپی. ئەمڕۆ هەموو ئەوروپاییەکان بە چاوێکی ڕێزەوە سەیری ئەو نەوەیەی پێشوو دەکەن، چونکە ئا لەو کاتەی کە تازە شەڕی دووەمی جیهانی تەواو بووبوو، هێشتا داخ و ڕق و توورەیییەکانی شەڕ لە دڵی زۆری ئەوروپاییەکان مابوو. وەلێ سەرکردەکانی ئەو کاتی ئەوروپا، توانییان داهاتووی کیشوەرەکەیان باش ببینن و کاریان بۆ نەوەی داهاتوو کرد.

### ڕێکەوتننامەی ماستریخت ١٩٩٢

لە پاش نەمانی سۆڤیەت و رووخانی بلۆکی ڕۆهەڵات، ئەوروپاییەکان جارێکی تر بیریان لە داڕشتنی سیاسەتێکی نوێ کردەوە، کە بەرگری لە بەرژەوەندی و ئاواتی گەلەکانیان بکا. هەر زوو ئەوروپاییەکان هەستیان بە دۆخی نائارامی و یەک دەسەڵاتی ئەمەریکا کرد. بۆ ئەم مەبەستەش زیاتر پێویستیان بە یەکگرتن و خۆگونجانی زیاتر دەبوو. چونکە هیچ کام لەم وڵاتانە ناتوانن

خۆیان ببنە زلهێزێکی جیهانی، بەحکوومی بارە جیهانییەکە، ناچار کرابوون هەنگاوی گەورەتر بۆ پێشەوە بنێن و هەوڵی یەکگرتنەوەی ئەوروپا خێراتر بکەن. لە کاتێکدا کە هۆڵەندا بۆ ماوەی شەش مانگ ڕابەریەتی بازاری ئەوروپایی هاوبەشی دەکرد، لەگەڵ وڵاتانی تردا، هەنگاوێکی ئێجگار گەورەیان نا. لە شارە جوان و بچکۆلانەکەی (ماستریخت) دا، بەردی بناخەی یەکەتی و کاری هاوبەشیان دانا. ڕێککەوتننامەی ماستریخت، هەنگاوێکی پڕ بایەخ و گرینگ بوو، بەیەکێک لە ڕێککەوتننامە گرینگەکانی ئەوروپا و دنیا دەژمێرێت. ساڵی ٢٠٠٢ لە ئەڵمانیا، بۆ یادی ١٠ ساڵەی ئەو ڕێککەوتننامەیە، پوولێکی پۆستی تایبەتیان دانا. هەموو ساڵێک ئەوروپاییەکان، یادی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەکەنەوە. لە ڕۆژی ٧ی ڤێبراوەی ١٩٩٢ لە شاری ماستریختی هۆڵەندی، سەرانی ئەورووپی، ڕێککەوتننامەیە ماستریختیان مۆر کرد. کە بوو بە بەردی بناخەی یەکەتی ئەوروپا. هەر بۆیە پێم باشە باسی بەندەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە بکەم.

## بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ماستریخت

**A**. کاری ئەوروپاییی هاوبەش

١- کارکردن بۆ سیاسەتێکی ئەوروپاییی هاوبەش لە باری کشتوکاڵییەوە.

٢- هەڵگرتن و لابردنی خاڵەکانی پشکنین لە نێوان وڵاتانی ئەوروپایی. لابردنی گومرگی نێوان دەوڵەتانی ئەوروپایی، باشکردنی بازاڕی ناوخۆی ئەوروپا.

٣- کارکردن بۆ یەک سیاسەتی بازرگانی هاوبەشی ئەوروپایی.

٤- کارکردن بۆ سیاسەتێکی ئابووری ئەوروپایی.

٥- کاکردن بۆ یەک دراوی ئەورووپی و نەهێشتنی دراوی نیشتمانی. (کە دواتر بوو بە ئۆیرۆ).

٦- کارکردن بۆ یەک سیاسەتی خوێندن و پەروەردە و فەرهەنگی ئەوروپایی هاوبەش. پاشتر هەموو سیستەمەکانی خوێندنی ئەوروپایی لە یەکتری نزیک کرایەوە.

٧- کارکردن بۆ یەک سیاسەتی ژینگەییی ئەوروپایی. لەم بارەیەوە هەنگاوی زۆر باش نران.

٨- کارکردن بۆ پێشخستن و پێشکەوتنی سیاسەتێکی ئەوروپایی بۆ بوارەکانی (لێکۆڵینەوەی زانستی و داهێنانی نوێ).

٩- کارکردن بۆ یەک سیاسەتی تەندروستی ئەوروپاییی هاوبەش.

١٠- کارکردن بۆ یەک سیاسەتی (پارێزگاری لە بەکاربەر)ی ئەوروپایی.

١١- کارکردن بۆ یەک سیاسەتی (خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، سۆسیال سیستەم)ی ئەوروپایی.

١٢- کارکردن بۆ یەک سیاسەتی (ئەتۆمی) و وزەی کارەبای ئەتۆمی، ئەوروپایی هاوبەش.

**B**. لەڕووی سیاسەتی دەرەکی و ئاسایشەوە

هەولێرنامەی ئێستا

١- سیاسەتی دەرەکیی هاوبەش:

* یەک هەڵوێستی سیاسی دەرەکی

* سیاسەتێکی ئاشتییانەی جیهانی. لە ڕووی ئاشتیی جیهانییەوە یەک هەڵوێست بن.

* پابەندبوون بە سیاسەتێکی مافی مرۆڤی هاوبەش. پارێزگاریکردن لە بەندەکانی مافی مرۆڤی جیهانی.

* دیمۆکراتی. واتە دەبێ هەموو ئەندامان سیستەمێکی دیموکراسییان هەبێ.

* یەک سیاسەتی هاوبەش، بۆ یارمەتیدانی دەوڵەتە هەژارەکانی دنیا. بەتایبەت ئەوانەی کە ئەورووپایی نین.

٢- سیاسەتی ئاسایشی هاوبەش:

* پێکەوە کارکردن. مەبەست دەزگاکانی ئاسایشی وڵاتەکانە.

* کارکردن بۆ دژایەتیکردنی گرووپە تیرۆریستییەکان. (لێرەدا کورد گەورەترین زەرەرمەند بوو، چونکە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان بە تیرۆریستی ناو برا، بەتایبەت لە باکوری کوردستاندا)

* کارکردن بۆ گرووپی هاوبەش. واتە دروستکردنی هێزێکی ئەورووپایی هاوبەش.

**C. لە بارەی پۆلیس و دادوەری و یاساوە.**

١- کارکردن لە دژی باندەکانی مافیا و بازرگانی مادە هۆشبەرەکان (تلیاک و حەشیش و هیرۆین)، بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە. باندەکانی قاچاخچی بە مرۆڤەکانەوە.

٢- لە ڕووی کۆچبەر و پەناهەندەوە، هەوڵی یەک سیاسەتی هاوبەش بدەن.

٣- لە ڕووی یاسا مەدەنی و تاوانەکانەوە، هەوڵی یەک سیاسەتی بدرێ. یان بە واتایەکی تر، یاساکانی بواری مەدەنی و تاوان. لە یەک نزیک بکرێتەوە.

٤- لە ڕووی پۆلیسەوە، هاوکاری و یارمەتیی یەکتری بدەن.

ئەمڕۆ تەواوی ئەو بەندانەی ڕێککەوتننامەی ماستریخت سەلمێنراون و بوونەتە یاسایەکی ئەورووپاییی هاوبەش. لەلایەکەوە هەموو خاڵەکانی پشکنین و گومرگ هەڵگیرا، کە دواتر بە (شینگن) وەسف کرا. دیارە جگە لە بەریتانیا، هیچ خاڵێکی پشکنین لە نێوان وڵاتانی ئەورووپاییدا نەماوە. لە بەشێکی زۆری ئەو بەندانە، هەمووی جێبەجێ کراون. بەتایبەت لە بواری ئابووری و ئاسایش و پۆلیسەوە. بەڵام لە بوارەکانی تر کێشەیان هەیە. کە دواتر باسی لێوە دەکەین.

## ڕێکخراوەکانی یەکەتی ئەوروپا

یەکەتی ئەوروپا کۆمەڵێک ڕێکخراوی گرینگیان هەیە، کە کاریان ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی

سیاسەتەکانی یەکەتی ئەوروپایە. گرینگترینیان (ئەنجوومەنی یەکەتی ئەوروپا، کۆمسیۆنی ئەوروپا، پەرلەمانی ئەوروپا، ئەنجوومەنی بالآی ئەوروپا).

ئەنجوومەنی یەکەتی ئەوروپا

کە بە گرینگترین و بەهێزترین ڕێکخراوی ئەوروپا دەژمێرێ. کاری دارشتن و دانانی سیاسەتێکی ئەوروپاییی هاوبەشە، لە ڕووی سیاسەتی دەرەکی و ئاسایشەوە. لە هەمان کاتدا پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندی دەوڵەتانی ئەوروپایی. ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە، لە وەزیرەکانی دەوڵەتانی ئەوروپایی پێک دێت. هەموو مانگێک یان بەپێی پێویستی، وەزیرەکان لە شاری برۆکسل یان لۆکسومبۆرگ کۆ دەبنەوە. وەزیرەکانی کشتوکاڵ، زۆرتر کۆ دەبنەوە، ساڵی ١٤ جار کۆ دەبنەوە. وەزیرەکانی دارایی و دەرەوەش مانگانە کۆ دەبنەوە. هەموو ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە بریتییە لە ٣٢١ ئەندام. بۆ هەر دەوڵەتە و بەپێی ژمارەی دانیشتوانی، ژمارەی دەنگەکانی دیاری دەکرێ. وەلێ بۆ دەوڵەتە بچووکەکان، ڕێژەکەیان زیاترە لە ژمارەی دانیشتوانیان، بۆ ئەوەی پارسەنگێک لەگەڵ دەوڵەتە گەورەکان بکەن. بریاردانی هەر یاسایەک، پێویستە بە کۆدەنگی یان بە زۆرینەی ڕەها بە دەست بهێنن. واتە دەبێ ڕێژەی ٢٧، ٧٢ ٪ کە دەکاتە ٢٣٢ دەنگ. ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە، بە نۆرە سەرۆکایەتی ئەم ئەنجوومەنە دەکەن، بۆ ماوەی شەش مانگ. (لە مانگی یەکەوە تا مانگی شەش. یان لە مانگی حەوتەوە تا مانگی دوازدە).

کۆمسیۆنی ئەوروپایی

ئەمیش بەیەکێک لە دەزگا گرینگەکانی ئەوروپا دەژمێردرێت. خاوەنی دەسەڵاتێکی فراوانە، دەتوانێ یاسای تایبەتی بە سیاسەتی دەرەکی و دارایی و ئاسایش دەربکات. دەسەڵاتی ئەوەی هەیە، کە ڕێککەوتننامە لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوەی ئەوروپا بکا و نوێنەرایەتی ئەوروپا لە مەحافیلە نێودەوڵەتییەکاند بکا. هەروەها دەسەڵاتی ئەوەی هەیە، بودجەی یەکەتی ئەوروپا دابنێ و چاودێری و سەرپەرشتی بکا. بۆ هەر دەوڵەتە و مافی تەنیا یەک دەنگی هەیە، لەم ئەنجوومەنەدا. بۆ دەنگدان لەسەر هەر بریارێک، پێویستی بە زۆرینەی دەنگ هەیە. بنکەی سەرەکی ئەم دەزگایەش لە شاری برۆکسلی بەلجیکایە. سەرۆکی ئەم کۆمسیۆنەش José Manuel Durao Barroso, کەپێشتر سەرۆک وەزیرانی پورتوگال بوو.

پەرلەمانی ئەوروپا

لە ساڵی ١٩٧٩ بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەوروپادا، پەرلەمانی ئەوروپا دامەزرا. ئەمەش هەنگاوێکی گەورە بوو، بەرەو یەکگرتنەوەی هەموو ئەوروپا. پەرلەمانی ئەوروپا، یەکێکە لە دەزگا گرینگەکانی یەکەتی ئەوروپا. مافی دارشتنی یاساکان و چاودێریکردن و لێپرسینەوەی ڕێکخراوەکانی یەکەتییەکەی هەیە، هەروەها پێویستە بۆ وەرگرتنی هەر ئەندامێکی ڕێکخراوەکانی

یەکـەتیی ئەوروپا، پەرلەمـانی ئەوروپی رازی بێ. جگە لەوەش مـافی رازیبوون لەسـەر یاسـاکـانی یەکـەتی ئەوروپا و، وەرگـرتـن و وەرنەگـرتنی ئەنـدامـانی نوێی یەکـەتی ئەوروپای هەیە. هـەروەها ڕازیبوون یان پەسـەندکردنی ڕێککەوتننامـە نێودەوڵەتییەکان. کۆی ئەندامـانی پەرلەمـانی ئەوروپا دەگـاتە ٧٨٥ ئەنـدام. بۆ هـەر دەوڵەتە و بـەپێی ژمـارەی دانیـشـتـوانی ئەندام پەرلەمـانی بۆ دیاری دەکرێ. ئـەڵمانیـا زۆرترین ئەندامی هـەیە ٩٩ ئەندام پەرلەمـان، ماڵتـاش کەمترین ئەندام پەرلەمـانی هـەیە ٥ ئـەندام. هەمـوو ٥ سـاڵ جـارێک، هـاووڵاتیـیـانی ئەوروپا، نوێنەرانی خـۆیان بـۆ پەرلەمـانی ئەوروپا هـەڵدەبژێرن. بنکـەی سـەرەکی پـەرلەمـانی ئەوروپا لە شـاری سـتـراسـبـورگی فـرەنسـایە. سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپاش Jerzy Karol Buzek، پێشتر سەرۆک وەزیرانی پۆلۆنیا بوو.

### ئەنجوومەنی باڵای ئەوروپا

کە زیاتر کۆبوونەوەی سـەرۆک و سـەرۆک وەزیرانی ئـەوروپا دەگەیەنـێ. کە دەسـەڵاتێکی گـەورەی لە داڕشتن و دانانی سـیاسـەتەکانی ئەوروپادا هـەیە. بگرە زۆر کەس پێیـان وایە، کە هـەمـوو بڕیارە گرینگەکانی یەکـەتی ئەوروپا، تەنیا لە کۆبوونەوەی سەرۆکەکاندا دەدرێت. سـاڵانە ٢ بۆ ٣ جـار کۆ دەبنـەوە. سـەرۆکی کـۆمـسـیـۆنی ئەوروپاش لەم کـۆبوونـەوەیەدا بەشـدار دەبێ. ئـەو وڵاتەی کـە سـەرۆکـایەتی یـەکێـتی ئەوروپا دەکـات، ئەو دەبێت بە سـەرۆکی ئەم کـۆنگرەیە. هـەر لەو وڵاتەشـدا کۆبوونەوەکە دەکرێ، کە سەرۆکایەتی یەکەتیی ئەوروپا دەکات.

دیارە جگە لەم چوار دەزگـایە، کـۆمـەڵێک دەزگـا و ڕێکخـراوی گـرینگـی تر هـەن، لەوانە (بـانکی ناوەندیی ئەوروپا، کـە بنکەکـەی لە شـاری فـرانکفـۆرتی ئەڵمـانیـایە. دادگـەی ئەوروپا، لە شـاری ستراسبوورگ. ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئەوروپا... هتد).

### خاڵە لاوازەکانی یەکەتیی ئەوروپا

دیارە یەکەتیی ئەوروپا وەکو هـەموو ڕێکخراوێکی تری جیهانی، کۆمـەڵێک کێشـە و گرفتی زۆری هـەیە. راستـە یەکەتیی ئەوروپا لە زۆر لایەنەوە سـەرکەوتن و نیشـانەی باشی پێکاوە، بەڵام لە چەند لایەنێکی ترەوە، کۆمەڵێک خاڵی لاواز و کێشـەی گەورەی هـەیە. لێرەدا هـەوڵ دەدەم بە کورتی باسی هەندێکیان بکەم.

١– دووری هـاووڵاتییان لە بڕیارِی ئەوروپاییەوە.

یەکـێک لەو ڕەخنانـەی کـە ئاراسـتـەی ئەم ڕێکخـراوە دەکرێ، دوورکـەوتنەوە یان نـەبوونی ڕۆڵی هـاووڵاتییانی ئەوروپایی لە بڕیاردان و داڕشتنی یاسا و بەرنامەکانی ئەم یەکەتییە. بەشێکی زۆری ئەو یاسا و بەرنامانەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا لەسەر ژیانی ئەوروپا دراون، هیچ پرسێک یان بیروڕایەکی گشـتی هـاووڵاتییـان وەرنەگیـراوە. بگرە بەشـێکی زۆری ئەو بڕیـارانە، لە کۆبوونەوەی سـەرۆکـەکـاندا دەدرێ و پاشـان پێـشـانی خـەڵکی دەدرێ. ڕاسـتـە بۆ هـەندێک یاسـا یـان بڕیار

ڕیفراندۆم کراوە، بۆ نموونە بوون بە ئەندام لە یەکەتیی ئەورووپا یان دەنگدان لەسەر دەستووری هەمیشەیی ئەورووپا، لە زۆربەی وڵاتاندا ریفراندۆم کراوە. بەڵام لە زۆر بڕیاری تردا، هیچ پرسێک بە هاووڵاتییان نەکراوە. یان بەشێوەیەکی تر، هاووڵاتیان باش ئاگەدار ناکرێنەوە یان دەنگیان ناگاتە شوێنی بڕیار. بۆ نموونە کاتێک بڕیاری دراوی (ئۆیرۆ) درا، هیچ پرسێک بە هاووڵاتییان نەکرا. لە هەمان کاتیشدا هاووڵاتییانی ئەورووپایی، زەرەرێکی زۆریان لەم دراوە کرد، چونکە بە جارێک نرخی کاڵاکانی بەرز کردەوە، ئەمەش زیانێکی گەورەی بەهاووڵاتییان گەیاند. هەرچەندە لە ڕووی بەهێزی ئابووریی ئەورووپاوە سوودی هەبوو، بەڵام زیاتر کۆمپانیا گەورەکان سوودیان لە دروای (ئۆیرۆ) وەرگرت.

٢- بوونی بیرۆکراتییەکی زۆر

خاڵێکی تر کە زۆرجار باس دەکرێ، بوونی دەزگایەکی گەورەی بیرۆکراتی ئەورووپاییە، کە زۆر جار بۆ کارێک، پێویستی بە تێپەڕین بە چەند دەزگایەکی بیرۆکراتی دەبێ. بوونی ئەم بیرۆکراتییە زۆرە، زەرەرێکی زۆری بەچالاکبوون و پێشکەوتنی ئەورووپاوە هەیە.

٣- زاڵبوونی فرەنسا و ئەڵمانیا بەسەر بڕیاری ئەورووپا

بەشێکی زۆری دەوڵەتانی ئەورووپایی بەتایبەت دەوڵەتە بچووکەکان، گلەیی ئەوەیان لە یەکەتیی ئەورووپا هەیە، کە زۆرجار پەراوێز خراون و گوێ بۆ دەنگیان ناگیرێت. لە بەرامبەردا هەردوو دەوڵەتی فرەنسا و ئەڵمانیا، خۆیان بەسەر تەواوی بڕیارەکانی ئەورووپادا سەپاندووە. دیارە راستە ئەم دوو دەوڵەتە دینەمۆی ئەم یەکەتییەن، وەلێ ناکرێ هەموو بڕیارەکانی ئەورووپا ئەم دوو دەوڵەتە بیدەن.

٤- بوونی جیاوازییەکی گەورە لە نێوان دەوڵەتانی ئەورووپادا.

هەتاوەکو ئەمڕۆش جیاوازییەکی گەورە لە نێوان دەوڵەتانی ئەورووپاییدا بەدی دەکرێ، بەتایبەت لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە. بۆ نموونە هێشتا دەوڵەتانی ڕۆئاوای ئەورووپا، لە ڕووی ئابوورییەوە زۆر لە پێش دەوڵەتانی ڕۆهەڵات و باشووری ئەورووپاوەن. هێشتا بەتەواوی ئەورووپا لە ڕووی ئابوورییەوە وەکو یەکتری هەنگاو نانێن. بوونی ئەم جیاوازییە ئابوورییە گەورەیە، وا دەکات کە زۆرجار بڕیارێک لە بەرژەوەندیی دەوڵەتێکی بەهێزی ئابووری وەکو ئەڵمانیا بێ، بەڵام دژی بەرژەوەندیی دەوڵەتێکی لاوازی بۆ نموونە وەکو ڕۆمانیا یان بوولگاریا بێ. ڕاستە ئەورووپاییەکان بەرنامە و یارمەتی زۆری وڵاتانی هەژاری ئەورووپایان دا تاوەکو لە ڕۆئاوا نزیک ببنەوە، بەڵام هێشتا جیاوازییەکی زۆر لە نێوان دەوڵەتانی ئەورووپاییدا ماوە.

٥- نەبوونی یەک لەشکری ئەورووپایی و بەرگری هاوبەش.

هەتاوەکو ئەمڕۆش ئەورووپا لەلایەن هاوپەیمانی (ناتۆ)وە بەرگری لێ دەکرێ. بەواتایەکی تر

هێشتا ئەمەریکا پارێزگاری لە ئەوروپا دەکات. ڕاستە پێش چەند ساڵێک لەمەوپێش هەوڵێکی بچووک لەلایەن (فرەنسا، لۆکسۆمبوورگ، ئەڵمانیا، بەلجیکا) درا، بۆ دروستکردنی لەشکرێکی هاوبەشی ئەوروپایی. بەڵام ئەم هەوڵە هەموو ئەوروپای نەگرتووەتەوە. بەشێکی زۆری ئەوروپا بەتایبەت دەوڵەتە بچووکەکان، بوونی ئەمەریکا بە باش دەزانن و نایانەوێ ئەمەریکا ئەوروپا جێ بهێڵێ. دیارە بەریتانیاش لەسەر ئەم باوەڕەیە و زیاتر خۆی بەئەمەریکاوە هەڵواسیوە. لەبەرئەوە ئەوروپا ناتوانێ ڕۆڵێکی مەزن لە سیاسەتی نێودەوڵەتی بگێڕێ، ئەگەر خاوەنی سوپایەکی هاوبەشی ئەوروپایی نەبێ. دیارە لە دەستووری ئەوروپادا نووسراوە، کە دەبێ ئەوروپا لەلایەن لەشکرێکی ئەوروپاییەوە بپارێزرێ، بەڵام ئەوە هێشتا نەبووەتە واقیعێکی سەلمێنراو، بگرە زیاتر مرەکەبی سەر کاغەزە.

٦- مەسەلەی کۆچبەر و پەناهەندە لە ئەوروپا

ساڵانە هەزاران کەس خۆیان دەکەنە قوربانیی دەستی باندەکانی قاچاخچی ڕێگەوبانەکان و زۆرجاریش دەبنە خواردنێکی باش بۆ نەهەنگەکانی دەریای سپی و دەخنکێن. بوونی هەزاران کەس کە خەونیان گەیشتنە بۆ ئەوروپا، یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی ئەم یەکەتییە. ئەمڕۆ ئەوروپا وەکو دوورگەیەک وایە، کە خەڵکەکەی لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدا ژیان بەسەر دەبەن. ئەم دوورگەیەش لەناو زەریایەکی گەورەدا دەژی، کە هەمووی هەوری هەژاری و برسێتی و داکەوتوویی بەسەریدا زاڵە. هاتنی لەشکری کۆچبەران بۆ ئەوروپا، بووەتە یەکێک لە کێشە گەورەکانی ئەم یەکەتییە. ئەم کێشەیە لە ڕووی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە، زیانی بەئەوروپا گەیاندووە. کێشەکە لەوەدایە، کە ئەوروپاییەکان نایانەوێ، بەشێوەیەکی جدی گوێ بۆ دەوڵەتانی هەژار بگرن و کەمێک یارمەتییان بدەن. بگرە زیاتر پارەیەکی زۆر دەدەنە دەزگاکانی پۆلیس و سەربازانی سەر سنوور. لە هەمان کاتیشدا دەوڵەتانی عەرەبی و تورکیا، قازانجێکی زۆر دەکەن، چونکە ئەمانە زیاتر وەکو سەگی پاسەوان، لە سنوورەکانی ئەوروپا بەکار دەهێنرێن.

٧- ئەوروپا و ڕەوەندی موسوڵمان

دیارە مەسەلەی پێکەوەژیانی ئاینی و تۆلەرانسی (تسامح) ئاینی، یەکێک بووە لە خەون و ئاواتەکانی هەموو ئەوروپاییەکان. شەڕی ئاینی و مەزهەبی، مێژوویەکی خوێناوی لە ئەوروپادا هەیە. بە ملیۆنەها کەس بوونە قوربانی سیاسەتەکانی کڵێسە و شەڕی مەزهەبی، بەتایبەت لە نێوان هەردوو مەزهەبی (کاتۆلیک و پرۆتستانت). لە وڵاتانی ئەڵمانیا، فرەنسا، هۆڵاند، بەلجیکا. ماوەیەکی زۆر شەڕێکی خوێناوی هەموو کیشوەری ئەوروپای گرتبووەوە. ساڵی ١٦١٨ ژمارەی دانیشتوانی ئەڵمانیا نزیکەی ١٠ ملیۆن بوو. بەڵام پاش سی ساڵ لە شەڕی ناوخۆ واتە ساڵی ١٦٤٨، ژمارەی دانیشتوانی ئەڵمانیا نزیکەی ٦ ملیۆن کەس بوو. واتە نزیکەی ٤ ملیۆن کەس مردوون. دیارە شەڕی مەزهەبی لە ئەڵمانیا بەردەوام بوو، هەتا کۆتایی سەدەی نوزدەیەم، کاتێک

ئەڵمانیا بەڕابەرایەتی بسمارک، توانی یەکبگرێتەوە[١٣]. هەر بۆیە بۆ ماوەی زیاتر لە سێ سەدە، رۆشنبیران و رووناکبیرانی ئەوروپا، داوای تۆلەرانسی ئاینی و سیاسییان دەکرد. لێبووردن و تۆلەرانس، بابەتی سەرەکی ڤۆلتێر، جان لووک، ڤیکتۆر هۆگۆ... هتد بووە.

ئەمرۆ لە تەواوی ئەوروپادا مەسەلەی ئیسلام و ڕەوەندی موسڵمان، بووەتە وێردی زمانی هەموو چین و توێژێکی ئەوروپا. بەتایبەت پاش هێرشەکانی سیپتەمبەری ٢٠٠١ بۆ سەر نیۆرک لە ئەمەریکا، ئیسلام وەکو ترسێکی گەورە پێشان دەدرێ. ئەمرۆ مەسەلەی ئیسلام و ڕەوەندەکەی، زیاتر وەکو کێشەیەک سەیر دەکرێت. لایەنە فەرمییەکان بەجۆرێک باسی دەکەن و لایەنە نافەرمییەکان بەتایبەت ئۆپۆزسیۆن بەجۆرێکی تر لەم کێشەیە دەدوێن. چەپەکان بۆچوونێکیان هەیە، ڕاستڕەوەکانیش بۆچوونی تریان هەیە. هەر ئەم ڕەوەندە زۆرەی ئیسلام، وای کردووە کە پارتە ڕاستڕەوەکانی ئەوروپا ببووژێنێتەوە. ئەمرۆ ئەم ڕەوەندە زۆرەی ئیسلام، بووەتە بەنزینێکی باش، بۆ ئاگری ڕق و کینەی ئەوروپاییە رەگەزپەرستەکان. بە بڕوای من ئەوروپاییەکان لەم کێشەیەدا سەرکەوتوو نەبوون، ئەویش زیاتر بەهۆی نەبوونی سیاسەتێکی ئەوروپاییی هاوبەشەوە بۆ ئەم کێشەیە. دیارە هەر دەوڵەتەو بەپێی بەرژەوەندیی خۆی بۆ کێشەکە دەڕوانێ. دەوڵەتە گەورەکان وەکو (فەرەنسا، کە گەورەترین ڕەوەندی ئیسلامی تێدا دەژی، بەریتانیا، ئەڵمانیا) بەجۆرێکی جیاوازتر لە دەوڵەتانی تر بۆ ئەم کێشەیە دەڕوانن. ئەم دەوڵەتە گەورانە لەلایەک ڕەوەندێکی گەورەی ئیسلامی تێدا دەژی، لەلایەکی تریشەوە بەرژەوەندییەکی گەورەی ئابووری و سیاسی لەگەڵ گێتی ئیسلامدا هەیە. هەر بۆیە لە جۆری دەربڕین و یاساکاندا، زیاتر ئاگەداری دەکەن.

٨- نەبوونی یەک سیاسەتی دەرەکیی هاوبەش

هەتاوەکو ئەمرۆش ئەوروپا لە ڕووی سیاسەتی دەرەکییەوە، نەیانتوانیوە یەک هەڵوێست و یەک سیاسەتی ئەوروپایی دابنێن. زۆرجار هەندێک کێشە ڕوو دەدەن، ئەوروپاییەکان دەبنە دوو بەرە یان زیاتر. بۆ نموونە لە کاتی شەڕی عێراق و ئەمەریکادا، ئەوروپا بوو بە دوو بەرەی دژ بەیەکەوە. فەرەنسا و ئەڵمانیا دژی شەڕ و ئەمەریکا وەستانەوە، بەریتانیا و ئیتاڵیا و ئیسپانیا و زۆربەی دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، چوونە سەنگەری ئەمەریکاوە. یان بۆ مەسەلەی کێشەی فەڵەستین و ئیسرائیل، چەند دید و بۆچوونی ئەوروپایی هەیە. کێشەکە لەوەدایە، کە بەشێک لە دەوڵەتە گەورەکانی ئەم یەکەتییە، دەیانەوێ خۆیان لە چنگی باڵادەستی ئەمەریکا ڕزگار بکەن، وەلێ هەندێک دەوڵەتی بچووک و هاوپەیمانی ئەمەریکا، ئەم کارە ناخوازن. دیارە ئەوانیش زیاتر لە زاڵبوونی فەرەنسا و ئەڵمانیا دەترسن. هەر بۆیە ئەمەریکا وەکو پارسەنگێک بۆ ئەو دوو زلهێزە دادەنێن.

ئەمە و چەند خاڵێکی تر، کە بوونەتە هۆی لاوازبوونی ئەم ڕێکخراوە جیهانییە.



## تورکیا و ئەورووپا

هیچ وڵاتێک هێندەی تورکیا خەونی بوون بە ئەورووپایی و ئەندامبوون لەم یەکەتییەدا نابینێ. لە پاش نەمانی خەلافەتی عوسمانی، کۆماری تورکیا دروست کرا، کە یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم کۆمارە، لاساییکردنەوە و سوودوەرگرتن بوو لە شارستانیی ئەورووپایی. مستەفا کەمال وای دەزانی ئەگەر تورکەکان (طربوش)ەکان لابەرن و کڵاوی ئەورووپایی بکەنە سەریان، دەبنە ئەورووپایی. وەلێ کێشەکە لە کڵاو و جلووبەرگدا نییە، بگرە کێشەکە لە چۆنیەتیی هەڵسووکەوت و عەقڵییەت و شێوازی بیرکردنەوە و کارگێڕی دەوڵەتیدایە. لەگەڵ دروستبوونی بازاڕی ئەورووپا، یەکسەر تورکەکان هەوڵیان دا خۆیان بەم بازاڕەوە هەڵواسن، وەلێ لەلایەن ئەورووپاییەکانەوە ڕەفزیان بۆ هاتەوە. لەساڵی ١٩٦٣وە تورکیا داوای بە ئەندامبوون دەکات و ڕێککەوتننامەی هاریکاریی لەگەڵ بازاڕی ئەورووپادا مۆر کردووە[١٤] نزیکەی پەنجا ساڵە، لە بەردەرگەی ئەورووپاییەکان چاوەڕێی بلیتی هاتنە ژوورەوە دەکات، وەلێ هەموو کاتێک ڕەفزی بۆ دێتەوە.

### بۆچی ئەورووپاییەکان توورکیا ناکەنە ئەندام؟

دیارە لەسەر وەرنەگرتنی تورکیا کۆمەڵێک قسەوباسی زۆر کراوە، من لێرەدا هەوڵ دەدەم بەکورتی باسی ئەو خاڵە گرینگانە بکەم کە ڕێگرن لە بوون بەئەندامی ئەم وڵاتە:

١– لە ڕووی ئابوورییەوە.

تورکیا لە ڕووی ئابوورییەوە هێشتا بەوڵاتێکی تازەپێگەیشتوو دادەنرێ. بەتایبەت کشتوکاڵ ڕۆڵی سەرەکی دەگێرێ لە ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتی تورکیادا. پرۆفیسۆر

Prof. Dr. Wilhelm Hanke, کە مامۆستای زانکۆی فرانکفۆرتە و ماوەیەکیش بەڕێوەبەری بانکی ولایەتی هیسن بووە دەڵێ (تورکیا پێویستی بە ڕیفۆرمێکی گەورەی کشتوکاڵی هەیە. لە هەمان کاتیشدا جیاوازییەکی ئێجگار زۆر لە نێوان باکور و ڕۆژئاوا لەگەڵ ڕۆژهەلات و باشووری تورکیادا هەیە "مەبەستی کوردستانە"). پرۆفیسۆر ولیەم پێشنیازی ئەوە دەکات (باشترە بۆ تورکیا خۆی تێکەڵی یەکەتی ئەوروپا نەکات، بگرە باشترە خۆی تێکەڵی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست بکا، چونکە ئەو دەوڵەتانە لە ڕووی کولتووری و مێژووییەوە لە تورکیا نزیکن. ئەوانیش هەموو سەر بە رەچەڵەکی تورکن[١٥]

٢- ترس لە داگیرکردنی هەلی کاری ئەوروپایی

خاڵێکی گرینگی تر، مەسەلەی داگیرکردنی هەلی کارە. ئەوروپاییەکان دەترسن کاتێک تورکیا ببێت بە ئەندامی ئەوروپا، بە لێشاو کرێکاری تورکی دێتە ئەوروپاوە و هەلی کاری ئەوروپاییەکان داگیر دەکات. لەلایەکی تریشەوە، کرێکارە تورکەکان، لە ڕووی زانست و پەروەردەوە، زۆر لە کرێکاری ئەوروپایی دواکەوتووترن[١٦].

٣- نەبوونی سیستەمێکی دیموکراسی

خاڵێکی تر کە بووەتە ڕێگر، نەبوونی سیستەمێکی دیموکراسی و ئازاد لە تورکیایە. هێشتا ئەم دەوڵەتە دەزگای سەربازی، لە ژیانی سیاسی و ئابووری و میدیاکاندا، ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ. ڕاستە لەم چەند ساڵەی دوایی چەند ڕیفۆرمێکی سیاسی و دەستووری کراوە، وەلێ هێشتا نەبووەتە جێگەی متمانە و باوەڕی ئەوروپاییەکان.

٤- بوونی کێشەی قوبرس

ئا لەو کاتەی کە تورکیا پێ دادەگرێ کە ئەوروپاییەکان بیکەنە ئەندام، کەچی وا بۆ ماوەی چل ساڵ دەچێ، بەشێکی لە وڵاتێکی ئەوروپایی داگیر کردووە و بەهیچ شێوەیەکیش ئامادە نییە بێتە دەرێ. ئەمەش خاڵێکی گرینگی ترە کە بووەتە هۆی وەرنەگرتنی تورکیا

٥- بوونی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان

ئەمڕۆ ژمارەی دانیشتوانی تورکیا نزیکەی ٧٥ ملیۆن کەسە. بەپێی هەندێک سەرچاوە و پەیمانگەی ئەوروپایی، پاش ٢٠ ساڵی تر ژمارەی دانیشتوانی تورکیا دەبێتە ١٠٠ ملیۆن و ئەڵمانیا کە ئێستا گەورەترین دەوڵەتی ئەوروپایە، پاش ٢٠ساڵی تر دەبێتە نزیکەی ٧٠ ملیۆن. بوونی ئەم ژمارە زۆرەی دانیشتوان یەکێکە لە خاڵە گرینگەکانی وەرنەگرتنی ئەم دەوڵەتە.

٦- پەیڕەونەکردنی یاساکانی مافی مرۆڤ و کەمەنەتەوەییەکان

تورکیا هەتاوەکو ئەمڕۆش بە یەکێک لەو دەوڵەتانە دەژمێردرێ، کە خاوەنی مەلەفێکی ئەستوورە لە بواری پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤەوە. لە هەمان کاتیشدا بوونی کێشەیەکی گەورەی وەکو

کێشەی گەلی کورد، کە تورکیا بە دڕندەترین و فاشیستترین شێوە، هەوڵی قڕکردن و لەناوبردنی گەلی کورد دەدا چ لەناو تورکیا یان لە دەرەوەی تورکیا.

٧- بوونی پێشینەیەکی مێژوویی خوێناویی تورک لە ئەوروپا

هەموو ئەوروپاییەکان بە چاوێکی قێزو ترسەوە دەڕواننە مێژووی تورکیا و خەلافەتی عوسمانی. ئەم مێژووە خوێناوییەی تورک لە ئەوروپا، تا ڕادەیەک کاریگەریی خۆی بەسەر عەقڵ و ویژدانی ئەوروپاییەکانەوە هەیە[١٧] کێشەکە لەوەدایە، هەتاوەکو ئەمڕۆش تورکەکان شانازی بە مێژووی خوێناویی خۆیانەوە دەکەن. لەم چەند ساڵەی دواییدا، یادێکیان داناوە، هەموو ساڵێک یادی داگیرکردنی شاری قووستەنتینۆپڵ (ئەستەنبوڵ) دەکەنەوە. لە کاتێکدا داگیرکردنی ئەم شارە، نەهامەتی و ماڵوێرانی بۆ هەموو ئەوروپا هێنا.

٨- حەزنەکردنی ئەوروپاییەکان بۆ ئەوەی سنووریان بگاتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

هەروەک سەرۆکی فەرەنسا نیکۆلا سارکۆزی وتی (ئێمە نامانەوێ سنووری ئەوروپا بگاتە سەر سنووری ئێران). چونکە ئەم ناوچەیە کێشەیەکی زۆری (نەتەوەیی، شەڕ و ئاشتی، ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی) تێدایە.

٩- بۆ ئەوەی تورکیا بگاتە ئاستی دەوڵەتانی ئەوروپی.

پێویستە بە ملیاردەها دۆلار لە ژێرخانی ئابووری و مۆدێرنیزەکردنی وڵاتدا خەرج بکرێ، بەتایبەت لە بەشە کوردنشینەکانیدا، لە ڕووی ژێرخانی ئابووری و پیشەسازی و کشتوکاڵییەوە، زۆر دواکەوتووە. ئەوروپاییەکان ترسیان لەوەیە، کە دەبێ خەڵکی ئەوروپایی پارەیەکی زۆر بدەنە تورکیا، تا هێندێک بێتە ئاستی دەوڵەتانی تری یەکەتییەکە. هەر لەبەرئەوە بەشێکی زۆری دەوڵەتانی ئەوروپایی ناخوازن تورکیا ببێتە ئەندام.

## کورد و ئەوروپا

دیارە بەشێکی زۆری گەلی کورد، هیوا و ئاواتێکی زۆریان بەم ڕێکخراوە هەیە، کە یارمەتی بدا بۆ ڕزگاربوونی لە دەستی بێگانە. ڕاستە لە چەندان ڕووەوە، کورد سوودی لەم یەکەتییە وەرگرتووە، بەڵام ئەوەی پێی وابێ کە یەکەتی ئەوروپا کورد ڕزگار دەکات، جگە لە خەیاڵپڵاوی هیچ شتێکی تر نییە. لێرەدا بەکورتی هەوڵ دەدەم، ئەوە دیاری بکەم کە کورد چۆن دەتوانێ سوود لەم ڕێکخراوە وەربگرێت.

١- کورد دەتوانێ سوود لە چەندان یاسای ئەوروپایی وەربگرێ، کە تایبەتە بە مافەکانی مرۆڤ بۆ نموونە ( ڕێکەوتننامەی کۆپنهاگن). کە زیاتر باس لە کەمینە نەتەوەییەکانی ئەوروپا دەکات. کورد دەتوانێ سوود لەم ڕێککەوتننامەیە وەربگرێ.

٢- سوودوەرگرتن لە داداگەی ئەوروپا

دادگەی ئەوروپا لە ستراسبورگ، یەکێکە لە دەزگا گرینگ و پڕ بایەخەکانی یەکەتیی ئەوروپا. ئەم دادگـەیە تا ڕادەیەکی زۆر سـەربەخـۆیی و ئازادییـەکی باشی هەیە. هەرچەندە زۆرجـار بەرژەوەندیی حکوومەتە ئەوروپاییـیەکان ڕۆڵی خۆیان دەگێـڕن. وەلێ تا ڕادەیەکی باش دەتوانن بڕیاری گرینگ دەربکەن. کورد دەتوانێ سوود لەم دادگەیە وەربگرێت، بەتایبەت لە دژی تاوانەکانی تورکیا بەکاری بهێنێ، چونکە ئەوان وا بەستەی ئەم دادگەیەن. هەروەها دەتوانێ لە ڕێگەی ئەم دادگەیەوە، شکات لەو کۆمپانیا و دەزگایانە بکا، کە چەک و تەقەمەنی بە دەوڵەتانی داگیرکەرانی کورد دەفرۆشن، لە پێش هەمووشیانەوە توورکیای فاشی.

٣- سوودوەرگرتن لە مافەکانی پەنابەر

دیارە سالانێکی زۆرە کورد ملی ڕێگەی کۆچی بەرەوە ئەوروپا گرتووە. بوونی چەند یاسایەکی باش بۆ پەنابەران، کـورد دەتوانێ سـوودی لێ وەربگرێ. هەرچەندە لەم چەند سـاڵەی دواییـدا مافەکانی پەنابەران زۆر زەحمەتتر بووە.

٤- سوودوەرگرتن لە چەند ڕێکخراوێکی یەکەتی ئەوروپا

بۆ نموونە ڕێکخراوی ژینگەپارێزی و تەندروستی. بەتایبەت بۆ مەسەلەی ژینگەپارێزی ئەمڕۆ یەکەتی ئەوروپا زۆر گرینگی بە مەسـەلەی ژینگەپارێزی دەدا. هەر بۆ ئەم مەبەستـەش، چەند ڕێکخراوێک و یارمەتییەکی مادی باشیان داناوە بۆ ئەوەی هاوکاری دەوڵەتانی جیهانی سێیەم بکەن. لەلایەکی ترەوە هەموو وڵاتانی ئەوروپا لە ڕووی تەکنەلۆجیای ژینگەییـیەوە زۆر لە پێشن، ئێمە دەتوانین سوود لەو تەکنەلۆجیا نوێیە وەربگرین.

٥- سوودوەرگرتن لە سەرمایەگوزاری ئەوروپایی

یەکەتی ئەوروپا لە ڕووی پیشەسازی و سەرمایەوە زۆر دەوڵەمەندە. کوردستان دەتوانێ سوود لە سـەرمـایە و تەکنەلۆجـیای نوێی ئەوروپـایی وەربگرێ. دیارە بۆ مەسـەلەی سـەرمـایەگـوزاریش، پێـویستـی بەچەند مـەرجـێک هەیە، هەتا سـەرمـایەگـوزارانـی ئەوروپا دڵنیـا بکرێنەوە. لە پێش هەمووشیـانـەوە، باری ئەمنی و دادوەری. لە هەمان کاتیشدا ئێمە دەتوانین سوود لە کـۆمپـانیا ئەوروپییـەکان وەربگرین بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستـان. لە جیاتی ئەوەی کۆمپانیـای تورکی و ئێرانی دەهێنن، باشتـرە کۆمـپانیـای ئەوروپایی بهێنن. ئەمەش دەتوانێ لە ڕووی سیـاسیـیەوە پێوەندییـەکی باش لە نێوان هەرێمی کوردسـتـان و یەکەتی ئەوروپا دروست بکا. جگە لەوەش ئەم کۆمپانیایانە، خاوەنی تەکنەلۆجیـا و میتۆدی مۆدێرنن. ئێمەش زۆر پێویستیمان بە تەکنەلۆجیای مۆدێرن هەیە، بەتایبەت لە ڕووی پیشەسازی و بیناسازی و نەوتەوە.




٦- سوودوەرگرتن لە یارمەتییە مادی و لۆجستییەکانی ئەوروپا

ئەمڕۆ یەکەتی ئەوروپا بەشێک لە بودجەی خۆیان بۆ یارمەتیدانی ولاتە هەژارەکان داناوە، کوردیش دەتوانێ لەم بارەیەوە سوود لەو یارمەتییە وەربگرێ. دیارە جگە لە یارمەتیی مادی، یارمەتی لۆجستیکیشیان هەیە، بۆ نموونە ڕاهێنانی ئەندازیاران، پزیشکان، فەرمانگەکانی حکوومەت.

٧- لە ڕووی فەرهەنگییەوە

لەم ڕووەشەوە ئێمە دەتوانین سوود لە یەکەتیی ئەوروپا وەربگرین. هەموو کاتێک پردی فەرهەنگی، ڕۆڵێکی باشی دەبێ لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان. بەداخەوە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بەتایبەت تورکیا و هەندێک لایەنگرانی ئەم دەوڵەتە. بەشێوازێکی خراپ باس لە کۆمەڵگەی کوردەواری دەکەن. جگە لەوەش بۆ مەسەلەی فەرهەنگی، یەکەتیی ئەوروپا، ئێستا زۆر گرینگی بە پێوەندیی فەرهەنگی لەگەڵ دەوڵەتانی ئیسلامی دەدا. ئەمەش هەلێکی باشە بۆ کورد کە سوودی لێ وەربگرێ.

٨- لە ڕووی خوێندن و پەروەردەوە

یەکەتیی ئەوروپا گرینگی و بایەخێکی زۆر دەداتە خوێندن و پەروەردە. لە هەمان کاتیشدا چەندان پرۆگرامیان هەیە، بۆ یارمەتیدانی خوێندکارانی دەرەوەی یەکەتیی ئەوروپا. ئێمەش دەتوانین لەم بارەیەوە سوودمەند بین. جگە لەوەش ئەمڕۆ بەشێکی زۆری زانکۆکانی ئەوروپا لە ئاستی پلە یەکەکانی دنیان. کوردیش زۆر پێویستی بە تەکنەلۆجیا و زانستی مۆدێرن هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێ کۆمەڵێک پسپۆڕ و خەڵکی شارەزا دروست بکا.

## دوا وشـه

دیاره بۆ قسەکردن لەبارەی یەکەتیی ئەوروپا، پێویستیمان بە چەندان کتێب و لێکۆڵینەوە دەبێ، هەتا لەم ڕێکخراوە شارەزا و زانیاریی تەواومان هەبێ. بەدڵنیاییەوە ئەم چەند دێرەی من، تیشکێکی بچووکە بۆ سەر دەریای یەکەتیی ئەوروپا. هیوادارم لە داهاتوودا بتوانم لەسەر ئەم یەکەتییە زیاتر بنووسم. لە هەمان کاتیشدا هیوادارم کە نووسەرانی کورد، گرینگی و بایەخی زۆرتر بەم ڕێکخراوە جیهانییە بدەن و تاوەکو شارەزاییەکی باش بە خوێنەری کوردی بدەن.

سەرچاوەکان:


١- .www.Wikipedia.Orge.Arabic الاتحاد الأوروبي.

٢- هەمان سەرچاوە.

٣- هەمان سەرچاوە.

4- Alpen.www.Wikipedia.Orge, Deutsch

5. Gesamtbevölkerung 27 EU.www.Europa.eu.Deutsch

6- EU.www.Wikipedia.Orge, Deutsch

٧- هەمان سەرچاوە.

8- www.Auswaertiges-amt.de

هەروەها سەیری

www.economic-growth.eu.de.EU-BIP-pro-Kopf 2009.

9- Die Rolle der Universitäten im Europa des Wissens.www.Europa.eu.Deutsch

١٠- هەمان سەرچاوە.

11- Roma Vetrag. www.Europa.eu. Deutsch

هەروەها سەیری

Roma Vetrag.www.ena.lu.Deutsch.

12- Maastricht Vetrag.www.Wikipedia.Orge, Deutsch

١٣- خليل العناني. عن مستقبل الحرية في اوروبا. مركز الجزيرة للدراسات. سايتي الجزيرة نيت».

Udo Steinbach .Europa _ Türkei: Probleme der geografischen, kulturellen und.

14- politischen Grenzziehung. www.bpb.de.

15- EU und Türkei gehören nicht zusammen.Drei Fragen an WilhelmHankel.www.bpb.de

١٦- إبراهيم البيومي غانم. جدلية الاستيعاب والاستبعاد في العلاقات التركية الأوروبية. مركز الجزيرة للدراسات. سايتي الجزيرة نيت.

١٧- هەمان سەرچاوە.


هەوڵنامەی کتێب

# ستراتیجی نوێی ناتۆ NATO
## ناتۆ بەدوای دوژمندا دەگەڕێ

ڕالف نۆیکیرش، ئولریکا دێمەر

کۆبوونەوەی لووتکەی ناتۆ لە شاری لیسەبۆن، بە هێز و تینێکی زۆرەوە ستراتیجی نوێی داڕشت. بەڵام گرینگترین پرسیاری بە کراوەیی جێهێشت : لە داهاتوودا چۆن هاوپەیمانی ناتۆ لەگەڵ رووسیا هەڵسووکەوت دەکا، وە چەکە ئەتۆمییەکانی چیان لێ بەسەر دێت؟

باوەڕبوونێکی نوێی، بەهێزترین هاوپەیمانی سەربازی لە دنیادا، لە کەشێکی گەشتیاری و لەژێر ڕووناکی خۆری باشووردا دروست بوو. بۆ ماوەی چەندان ڕۆژ Anders Fogh Rasmussen (سکرتێری گشتی هاوپەیمانی سەربازی ناتۆ NATO پێشتر سەرۆک وەزیری وڵاتی دەنیمارک بوو... وەرگێڕ) لە یەکێک لە کۆشکە گەشتیارەکان لە باشووری فرەنسا خۆی پەراوێز خستبوو، بۆ ئەوەی بەباشی بیر بکاتەوە و خاڵی گرینگ و ئامانج و نەخشەی ناتۆ، بۆ ماوەی چەند ساڵی داهاتوو دابرێژێ. لەکۆتاییدا سکرتێری گشتی ناتۆ، لە هەوایەکی پاکی بەلکۆنەکەیدا، توانی نەخشەیەکی ئێجگار نهێنی دابرێژێ، کە سەرۆک و سەرۆک وەزیرانی هاوپەیمانی ناتۆ، لە کۆتاییی ئەم هەفتەیەدا لە شاری لیسەبۆن لەسەری ڕێککەوتن. لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا Anders Fogh Rasmussen وتی " دەمویست هەموو پەڕەکان بخەمە ژێر دەستم " پاشان وتی " تەنیا بەم شێوەیە دەتوانرا تێکستێکی کورت و ڕوونمان دەست بکەوێ". دیارە پێش کۆبوونەوەکە لەم جۆرە قسانە نەدەکرا. چەمکی ستراتیجی نوێی ناتۆ، بەو شێوەیەی کە بەفەرمی ئاشکرا کراوە، هیچ تایبەتییەکی درێژی پێوە دیار نییە. بەڵام ئەوە دەردەخات کە، گرینگ نییە ئەگەر تێکستێکی بچووک، مانایەکی تەوا بدا.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پلانی پرۆژەی گشتی کۆبوونەوەکە، لەلایەن Rasmussen وە

(*) وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵا

ئامـادە کـرابوو، بەڵام ئـاسـاییـیـە پاشـان لەلایەن دەوڵەتانـی ئەندامـەوە پەسـەند بکرێ. دیارە ئەم نەخشەیە پێشتر لەلایەن گرووپێکی پسپۆڕ و شارەزاوە، کە وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمەریکا Madeleine Albright وە سەرپەرشتی دەکرد، پێشنیاز و پلانەکان کاریان لەسەر کراوە. پاشان Rasmussen نەخشەکەی پێشانی حکوومەتەکان دابوون و گفتوگۆی لەگەڵ کردبوون، بەڵام لەسەر چەند خاڵێکی سەرەکی، هیچ یەکبوون و نزیکبوونەوەیەک نەبوو. خاڵی گرینگ کە هەموو لەسەری کۆک بوون ئەوە بوو، کە ناتۆ پێویستی بە نەخشەیەکی ستراتیجی نوێ هەیە. ئەو بەرنامەیەی کە ئێستا ناتۆ لەسەری دەڕوات، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٩(واتە بەرنامەیەکی کۆنە. وەرگێر). لەو کاتەشەوە چەند ڕووداوێکی گرینگ ڕوویان داوە، پەلامارە تیرۆریستییەکانی ١١ی سێپتمبەری ٢٠٠١ بۆ سەر World Trade Center لە نیۆرک، ترس و هەڕەشە کە لە هێرشی ئینتەرنێتەوە دەکرێت، هێرش و پەلاماری گرووپە ئیسلامییەکان لە ئەوروپا و لە دنیادا، شەڕی ئەفغانستان، ئەمانە هەموویان جیهانیان گۆڕی. هەر بۆیە گرینگە کە ناتۆ خۆی باش ئامادە بکات، لەسەر ئەم خاڵەش هەموویان کۆکن.

### کێ بەڕاستی دوژمنمانە؟

بەڵام ئایا ڕۆڵی ئەم هاوپەیمانیە سەربازییە چۆن دەبێ لە کاتێکدا کە دوژمنەکانمان، لە جیاتی مووشەکی ئەتۆمی، پشتێنی بۆمبڕێژراو لە سکیان دەبەستن و خۆیان دەتەقێننەوە؟ هەروەها بەتایبەتی دەمانەوێ بزانین دوژمنی ڕاستەقینەی ناتۆ کێیە؟ دیارە گفتووگۆکردن لەبارەی ئەم باسە زۆر دژاوار بوو. هەروا بەئاسانی کۆتایی بەم باسە نایەت، لەبەرئەوە زەحمەتە کە نەخشەیەکی ستراتیجی نوێ دابڕێژرێ و لەسەری ڕێک بکەون. لەبارەی چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووسیادا، Jiri Schneider جێگری وەزیری دەرەوەی وڵاتی چیک، کە نوێنەری حکوومەتی چیکی بووە لە



کۆبوونەوەی داڕشتنی پلانی ستراتیجی نوێی ناتۆ، ڕای گەیاند (ئێمە دوژمنی رووسیا نین، بگرە لەگەڵ دۆستایەتی و هاوکاریداین، بەڵام پێویستیشە کە رووسیا خۆشی هەوڵی نزیکبوونەوە و دۆستایەتی بدا). ئەم قسانەش دەنگێکی جیاوازتری هەبوو، لەو قسانەی کە لە پایتەختەکانی ڕۆئاواوە دەکران، کە زیاتر لە قالبێکی گەشبینیانەوە لەبارەی دۆستایەتی رووسیاوە دەکرا.

لە بەرلین و پاریس واشنتنیش بەتایبەت پاش ئەوەی کە باراک ئۆباما بوو بە سەرۆک، رووسەکان وەکو هاوپەیمان سەیر دەکرێن، چونکە کۆمەڵێک بەرژەوەندیی گرینگ پێکەوەیان دەبەستێتەوە. لەوانە: شەڕ دژی گرووپە ئیسلامییە تیرۆریستییەکان، دژی بازرگانی مادە هۆشبەرەکان (تلیاک و حەشیش و هیرۆین... وەرگێر)، دژی هەوڵی ئێران بۆ گەیشتن بە چەکی ئەتۆمی. لە ئەڵمانیا سیاسەتێکی گرینگی دەرەکی هەیە، بۆ نموونە وەزیری بەرگری پێشوو Volk-er Rühe، بەئەندامانبوونی مۆسکۆ لە هاوپەیمانی ناتۆ، بە ئەگەرێکی چاوەروانکراو دانا.

## لەبارەی هەڵسوکەوت لەگەڵ رووسیا جیاوازی زۆر هەیە

لە کۆشکی Palais Czernin لە پراگ، کە شوێنی کاری Jiri Schneider، ئەو جۆرە بۆچوونانە (مەبەست لە ئەندامبوونی رووسیا لە هاوپەیمانی ناتۆ... وەرگێر)، بە بیرێکی سیاسی چەوتی دادەنێ. بە گشتی وڵاتانی رۆهەڵاتی ئەوروپا بەم شێوەیە بیر لە رووسیا دەکەنەوە. ئەمان بە وردی چاودێریی رووسیا دەکەن، بۆ نموونە لەم چەند ساڵەی دواییدا، رووسیا گەورەترین مانۆری سەربازی ئەنجام داوە، کە زیاتر لە ١٢,٥٠٠ سەرباز بەشدار بوون تێیدا، ئامانجی سەرەکیی ئەم کارەش، چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی هێرشی چاوەڕوانکراوی ناتۆیە بۆ سەر رووسیا. دیارە ئەمەش گەورەترین مانۆری سەربازی بوو، کە رووسیا لە پاش کۆتاییی شەڕی ساردەوە ئەنجامی داوە. هەروەها پەلاماردانی وڵاتی جۆرجیا لەلایەن رووسیاوە (جێگەی ئاماژەیە جۆرجیا بە پشتگیری ئەمەریکا و ئەوروپا، ویستی رووسیا ئیستیفزاز بکا. هەر بۆیە رووسیاش وەڵامی توندی جۆرجیای دایەوە... وەرگێر). هەروەها پەلاماردانی هێرشی کۆپیووتەری Cyberattacken بۆ سەر تۆڕی ئینتەرنێتی وڵاتی ئێستلاند، کە زیاتر گومان لە رووسیا دەکرێ، کەئەم هێرشەی کردبێت.

وەزیری دەرەوەی لۆکسۆمبۆرگ Jean Asselborn وتی: " وڵاتانی رۆهەڵاتی ئەوروپا، (کە ئەندامی ناتۆن... وەرگێر) رووسیا وەکو هەرەشەیەک دادەنێن، بەڵام ئەندامانی تر (مەبەستی وڵاتانی رۆئاوای ئەوروپایە، بەتایبەت ئەڵمانیا و فەرەنسا... وەرگێر) رووسیا وەکو هاوپەیمانێکی ستراتیجی دادەنێن" پاشان وتی " پێویستیمان بەکاتێکی باش هەیە، تا ناکۆکییەکان کۆتایی پێ بێت". هەتاوەکو لیسەبۆن هیچ هیوایەکی رێکەوتن نەبوو. پێوەندییەکی باشی دیپلۆماسی، نەیتوانی کێشەکانی چەمکی ستراتیجی نوێ نەهێڵێت . زۆرجار مۆسکۆ وەکو شەریکێک (هاوپەیمانێک) وەسف دەکرێت و هیوای هەلی کارکردنی هاوبەشیش زیاتر قسەی لەسەر دەکرێت. بەگشتی دەنگ (تۆن.Ton)ی رۆژاوا لەبارەی مۆسکۆ دۆستایەتی پێوە دیارە.

لە کۆتاییی کۆبوونەوەکانی پلانی نوێی ناتۆدا، بە پاڵەپەستۆی زۆری ئەوروپاییە ڕۆژهەڵاتییەکان (مەبەست وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپایە... وەرگێڕ)، ئارتیکلی ژمارە ٥ ڕێککەوتننامەی ناتۆ، کرا بە بنەمای سەرەکی کاری ناتۆ. لەم ئارتیکلەدا دەڵێت " لە کاتێکدا کە ئەندامێکی هاوپەیمانی تووشی پەلاماردانی دەرەکی بێتەوە، پێویستە هەموو ئەندامانی هاوپەیمانییەکە دژی ئەم پەلاماردانە بوەستنەوە". هەروەها ئەندامانی نوێ دڵنیاکرانەوە، کە پلانێکی سەربازی هەیە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشی سەربازی چاوەڕواننەکراو. دیارە ناوی هیچ وڵاتێک بە هێرش بەر نەنرا، بەڵام مەبەستی سەرەکییان وڵاتی رووسیایە.

مەسەلەیەکی گرینگی تر کە لەم کۆبوونەوەدا جێگەی باس بوو، پرسیاری چەکی ئەتۆمی بوو. وەزیری دەرەوە Westerwelle Guido (ئەڵمانیا) دەیویست مەسەلەی چەکداماڵین لە پلانەکەدا بچەسپێنێ و بەتایبەت مەسەلەی داماڵینی چەکی ئەتۆمی لە کیشوەری ئەوروپادا، بکاتە خاڵی بنەڕەتی کۆبوونەوەکە. هەروەک ڕای گەیاندا " مەسەلەی چەک داماڵین، دەبێت ببێت بە کرۆکی کاری سیاسیمان". لە بەرامبەردا فرەنسا و بەریتانیا دژی ئەم کارە بوون، ڕازی نەبوون لەبەر گرینگی سیاسیی خۆیان، واز لە چەکە ئەتۆمییەکانیان بهێنن. لەبەرئەوە ئەم باسەش هەر بە چارەسەرنەکراوەیی مایەوە. بۆ مەسەلەی چەکی ئەتۆمی، لە کۆتاییی بەیاننەمەکدا بەشێوەیەک فۆرمالیرە کرا، کە هەردوو لا خۆیان بە سەرکەوتوو بزانن.

Guido Westerwelle دەتوانێت خۆی بەسەرکەوتوو دابنێ، چونکە لەناو بەیاننامەی کۆتاییدا، چەندان جار باسی ووشەی (چەکداماڵین، کۆنترۆلکردنی چەکداری، بەکارنەهێنانی چەکی ئەتۆمی و جیهانێکی بێ چەکی ئەتۆمی) باسی لێوە کراوە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا نووسراوە، کە هاوپەیمانی ناتۆ، هاوپەیمانییەکی ئەتۆمی دەمێنێ. هەتا ئەو کاتەی کە چەکی ئەتۆمی لە دنیادا هەبێ، هاوپەیمانی ناتۆ، ناتوانێ واز لە چەکی ئەتۆمی بهێنێ. هەر بۆیە ئەوەی جێگای پرسیارە، کە ئایا بە راستی مەسەلەی چەکداماڵین جێگای باس بووە؟. بەڕێوەبەری دەزگای دەرەکی (ئەڵمانیا)، Ruprecht Polenz ڕای گەیاند: (بەشێوەی فەرمی پرسی چەکی ئەتۆمی یەکێک بووە لە باسەکانی ستراتیجی نوێی ناتۆ. بەڵام هەمووومان دەزانین دەبێ پێشتر رووسیا و ئەمەریکا لەسەر ئەم بابەتە ڕێک بکەون).

## چۆن سیستەمی بەرگری مووشەکی جێبەجێ دەکرێ؟

Guido Westerwelle لە یەکێک لەخاڵە گرینگەکانی تر کشایە دواوە. وەزیری دەرەوەی بەرلین، دەیویست بەهەر شێوەیەک بووە، لەناو پلانە نوێکەدا، پرسی چەکداماڵین و پلانی سیستەمی نوێی مووشەکی، پێکەوەگرێ بدا. هەتا کۆتاییی کۆبوونەوەکە، ئەمە هیوای ئەو بوو. بەڵام لەمەشدا سەرنەکەوت. بوونی پلانێکی سیستەمی نوێی مووشەکی ناتۆ، کە لەلایەن سەرۆکی پێشووی ئەمەریکاوە (جۆرج دەبلیو بۆش) داڕێژرابوو، کە دەیویست پلانێکی تەواو ئەمەریکایی بێت،



دەتوانین بە یەکێک لە سەرکەوتنەکانی یەکەتی ئەوروپای دابنێین. بەمەش کەوانەیەکی نوێ بۆ ناتۆ دادەنرێت و، بەم شێوەیەش ئەمەریکا باشتر بە یەکەتی ئەوروپاوە دەبەسترێنەوە. هەروەها بانگێهێشتەی رووسەکانیش بۆ ئەم پرۆژەیە کراوە. بەڵام هەتاوەکو ئێستا نازانرێ چۆن ئەم پلانە جێبەجێ دەکرێ. لەناو پلانە نوێکەدا وا باس کراوە، کە دەبێ هەموویان یەک سیستەمی بەرگری پێکەوە دروست بکەن. لەبارەی تێچوونی ئەم سیستەمە، Rasmussen رای گەیاندا کە نزیکەی ٢٠٠ ملیارد ئویرۆی تێ دەچێ. ئەم سیستەمە نوێیە، هەروەک وتەبێژی رەسمی وەزارەتی دەرەوە Rainer Stinner ڕای گەیاندا (ئەم سیستەمە وەکو بەرگێکی ئاسمانی وایە). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە سیستەمی بەرگری نیشتمانی تێکەڵ دەکرێ، تا ڕادەیەکیش ڕۆڵی جارانی نامێنێت.

### شەڕی نوێ Cyberattacken

خاڵێکی گرینگی تر کە باسی لێوە کرا، مەسەلەی چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی شەڕی ئینتەرنێت، یان ئەوەی کە بە Cyberattacken ناسراوە. (بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٣، ئەم وشەیە لەلایەن هەردوو زانای ئەمەریکایی David Ronfeldt John Arquilla بەکار هات. مەبەستیش لەم وشەیە، شەڕی ئینتەرنێتییە، کە لە ڕێگای کۆمپیوتەرەوە دژی دەوڵەتانی تر دەکرێ. جێگەی ئاماژەیە لەم چەند ساڵەی دواییدا، ئەم شەڕە زۆر تیژ تربووەتەوە. بۆ زانیاری زیاتر سەیری سایتی www.Wikipedia.org بکە... وەرگێڕ). هەندێک ئەندامی ناتۆ دەیانەوێ، ئەم شەڕی ئینتەرنێتیە بخەنە قالبی (ئارتیکلی (ژمارە ٥) وە. بەڵام ئێستا ئەم دیاردە نوێیە بەپێی ئارتیکلی (ژمارە ٤) هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێ، چونکە زیاتر دەچێتە قالبی ئەو ئارتیکلەوە. هەرچەندە وەزیری

دەرەوەی ئەڵمـانیـا وەڵامـێکی تری بۆ ئەم بابەتە هەبوو، ئەو پێی وایە کـە شـەڕی Cyberattacken ناچێتـە قـالبی ئارتیـکلی ٥، چونکە مـەبەست لەم ئارتیکلە، پەلامـاری سـەربازی و هێزی چەکداری دەگرێتەوە. لە هـەمان کـاتیـشدا پێ دەچێ کێشـەی دەسـتووریش بێتە کـایەوە، چونکە ئەگـەر بێ و ئارتیکلی (ژمـارە ٥) گـۆڕانی بەسـەردابکرێ، ئەوا دەبێ پەرلـەمـانی وڵاتـان دەنگی لەسـەر بدەن، ئەمـەش کـارێکی ئاڵۆزە.. لە بەرامـبـەردا Rasmussen لە پایتـەخـتـەکـانی وڵاتانی ئەندامـاندا، بۆچـوونێکـی تری هەبوو. ئەو پێی وابوو، کـە هێـرشی ئینتـەرنێـتی بۆ سـەر بەشـەکـانی وزە و سـووتەمەنی (بـۆ نموونە کـارگـەکـانی دروسـتکردنی وزەی کـارەبا، وێزگـە ئەتۆمـیـیـەکان، ئەمـانە هەموویان سیستەمی کۆمپیوتەری بەکار دەهێنن... وەرگێڕ)، بەمانای پەلاماردان دێت. ئەم بۆچوونە لە ئەڵمانیاش هەواداری هەیە، بۆ نموونە

Volker Perthes کە بەڕێوەبەری دەزگـای زانست و سیاسـتـە دەڵێت (چی ڕوودەدات کاتێک لە ڕێگەی ئینتـەرنێتەوە پەلامـاری سیسـتـەمی کـۆمـپیـووتەری، یەکێک لە ئامێرەکـانی ساردکردنەوەی وێزگەیەکی ئەتۆمی بدرێت؟. بە بڕوای من ئەمە دەچێتە قالبی ئارتیکلی ژمارە ٥ وە).

لە کـۆتاییـدا دەبێ ئەوە بڵـێین کـە چەمکی سـتـراتیـجی نوێی نـاتۆ، هیچ جـیـاوازیـیـەکی لەگـەڵ بەرنامـەی سیـاسی پارتەکاندا نیـیـە. بڕیاری تەواو ئەوەیە، کە گرینگ نییـە چی لەسـەر کاغـەزەکە نووسرابێ، بگرە گرینگ ئەوەیە چۆن ئەم خاڵانە جێبەجێ دەکرێن. هەروەک Jiri Schneider چیکی ووتی: (خـاڵی کۆنکرێتی چەمکە نوێکە لەوەدایە، کە ئێـمـە بە چڕوپڕی گفتوگـۆمـان لەگەڵ یـەکتـری کرد و دەریشمان خست کە چیمان دەوێ).

## ئەو خاڵە گرینگانەی کە لە چەمکی ستراتیجی نوێی ناتۆدا ئامادە کراون

١- بەرگریی هاوبەش

خاڵی بنـەڕەتی هـەر ئەو خاڵەیە کە لە ساڵی ١٩٤٩ لە بەرنامـەی سەرەکیی هـاوپەیمانیدا هـاتووە، بەرگـری هـاوبەش (لە کـاتێکدا هـەر ئەندامـێکی ناتۆ تووشی پەلامـارێکی دەرەکی بێت، پێـویسـتـە هەمـوو ئەندامانی ناتۆ بەدەنگییـەوە بچن و پارێزگاری لێ بکەن.) جگە لە مـەسـەلەی پڕچەکداری و سـەربازی، پێـویسـتــە دەوڵەتانی ئەندام، کـاری هـاوبەش لە ڕووی پـلانی چەکـداری و مـانۆڕی سەربازی و مەشق و نەخشـەی بەرەنگاربوونەوە، ئەنجام بدەن.

٢- تیرۆری جیهانی

بۆ ئەوەی بەرەنگاری دوژمنی نوێ ببنەوە، وەکو (ترسی پەلاماردانی تیرۆریستی)، لە ستراتیجی نوێدا هـاتووە، کـە نـاتۆ بۆی هـەیە لە دەرەوەی سـنووری خـۆی (واتە سـنووری دەوڵەتانی ئەندام... وەرگـێـڕ) کـاری سـەربازی ئەنجـام بدا. هـەرچەندە لـە بەرنامــە نوێکەدا هـاتووە، لە داهـاتوودا هـاوپەیمانی نـاتۆ خـۆی بە (پۆلیـسی جـیـهـان) دانـانێ، بگرە ڕێکخـراوێکی ناوچەیـیـە کە سنووری دیاریکراوی خۆی هەیە.

٣- ئەفغانستان

ئاسـایش و ئارامـی ئەفـغـانسـتـان، بـەیەکـێک لە خـاڵەگـرینگەکان بـۆ سـەر ئاسـایشـی هەمـوو ئەندامـانـی ناتۆ دەژمـێردرێت. هاوپەیمانی ناتۆ لـەم شـەڕەدا فـێـر بـوو، کە تەنیـا ڕێگەی سـەربازی چارەسـەری کێشـەکان ناکات، بگرە پێویستی بە تۆڕێکی پتەوی خەڵکی سـیڤیل و شـارەزای دەبێت. لەو دەرسـانەی لەم شـەڕەدا فێری بوون، دامـەزراندنی کۆمیتەی سـەرکردایەتی سەربازی هاوبەشی باش، دانانی نەخشـەی گونجـاو، دانـانـی دەسـتـەیـەکی گـونجـاو بۆ هـەڵسـوکـەوت لەگـەڵ مـیـدیاکـان، هەروەها هـەوڵ بدرێ کاری سـەربازی و سیڤیلی ئاوێتەی یەکتر بکرێن.

٤- رووسیا

ئامانجی ستراتیجی ناتۆ ئەوەیە، کە لە داهاتوودا لەگەڵ رووسـیا پێکەوە کاری هاوبەش بکەن و چەندی دەتوانرێ هـەوڵـی دروسـتـبـوونی ئـاسـایش و ئـارامـی بدرێ. هـەمـوو دەوڵەتـانی ئەندامی هاوپەیمانی ناتۆ، دووپاتیان کردەوە، کە رووسیا وەکو دوژمن سەیر ناکرێ. هەندێک پسپۆڕی ناتۆ، پێشنیازی ئەوەیان کردووە، کە هەوڵی جیدی بدرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ رووسیا کاری هاوبەش بکرێ، بەتایبـەت لە بواری چەکداری لە دنیادا، سـیسـتـەمی بـەرگری مـووشـەکی، دژایەتیکردنی چەتەی دەریایی و بازرگانی مادە هۆشبەرەکان.

٥- سیستەمی بەرگری مووشەکی

ترس لە بوونی هێرشێکی چاوەڕواننەکراوی مووشەکی ئەتۆمی لەلایەن ئێرانەوە بۆ سەر وڵاتانی ئەندامی نـاتۆ، پسـپـۆڕەکان پێـشـنیـازی ئەوەیان کردووە، کـە پێـویسـتـە سـیسـتـەمێکی بـەرگری مـووشـەکی جیـهـانی دروست بکرێ. ئـەم سـیسـتـەمـەش دەبێت لەلایەن دەوڵەتانی ئەندامی ناتۆوە جێبەجێ بکرێت. هەر لەسـەر ئەم خاڵەش، پێشنیازی ئەوە کراوە، کە رووسـیاش بۆ ناو بەلەمی ئەم پلانە ڕابکێشرێ.

٦- شەڕی ئەلکترۆنی

پێـویسـتـە نـاتۆ پلانێکی پتـەو و گـونجـاو، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەلامـاری کـۆمـپـیـووتەری و سـیسـتـەمی پێوەندی، یان پەلامـاری وێزگەکانی وزە دابڕێژێت. هەروەها پێویسـتـە ڕێگەچارەی گـونجـا بدۆزێتـەوە. کەمـترین چارەسـەر کـە لەلایەن پسـپـۆڕەکـانەوە پێشـنیـاز کـراوە، باشـتـرین سـیسـتـەمـی بەرەنگاری بۆ دەوڵەتانی ناتۆ دابنرێت، هـەروەهـا بڕیارێ ئەوە دراوە، کە مـۆدێرنترین سیستەمی بەرەنگاربوونەوە (رادع) بۆ دژایەتی هێرشی کۆمپیوتەری دابنرێ.

سەرچاوە: سایتی کۆواری شپیگلی ئەڵمانی. ٢٠١٠/١١/١٨

www.Spiegel.de. Nato sucht Gegner, Ralf Neukirch und Ulrike Demmer.

# مافیا دەوڵەتی سامان و خوێن

ئامادەکردنی: شێرزاد هەینی

بەشی دووەم

سەرەتای سەرهەڵدانی مافیا بە چەندین جۆر دەگێڕنەوە، کەی پەیدابووە، ناوەکەی لە چ هاتووە، قسە و گفتوگۆ لەسەر ئەو مەسەلانە زۆرن، بەڵام ئەوەی هەموولایەک لەسەری کۆکن کەوا مافیا لە دوورگەی سیسلیاوە چەخماخەی یەکەمی داوە و بە کەسی کارکەر لەو بزاڤە بە زمانی لۆکالی مافیوز ناوی هاتووە، کە بە زمانی ئیتاڵی ماناکەی پیاوێکی ڕێزدارە. دوورگەی سیسلیا بەوە ناسراوە کەوا بە رووبەر لە هەموو دوورگەکانی دەریای ناوەڕاست گەورەترە و گەورەترین هەرێمیشە لە ئیتاڵیا. بالیرموی پایتەختی سیسلیا دەکەوێتە بەشی خۆرئاوای دوورگەکە، ماوەیەکیش عەرەبە موسلمانەکانی بە ناوی بالیرم حکومیان کردووە، پەیوەندییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلیفەی ئەمەوی موعاویەی کوڕی ئەبی سفیان، چەندین جار عەرەب هێرشیان کردووتە سەر ئەو دوورگەیە، جوگرافیناسی عەرەب ئەلئدریسی لەسەر نەخشە بەناوبانگەکەی ناوی نووسیوە، یەکێک لە سیما ئیسلامییە عەرەبییەکە لەناو خەڵکە ماوە، لەوانە تۆڵەکردنەوە و ئینتیمابوونە بە بنەماڵە.

ئەو دوورگەیە هەر لەپاش داگیرکردنی عەرەبە موسلمانەکان لە سەدەی نۆیەمەوە بیر و بەرنامە و تەکنیکی مافیا لە ئارادابووە، ئەوەش لە سەردەمی داگیرکردنی فەرەنسییەکان هەتا داگیرکردنی ئەسپانییەکانیش لە سەدەی سێزدەهەمەوە چالاکییان هەبووە.

لەو رەوشە ئاڵۆزانە و لە رۆژانی داگیرکردندا کۆمەڵە خەڵکێک خۆیان دەکەنە بەرپرسی چەسپاندنی یاسا و داخوازی دادپەروەری دەکەن، کە داگیرکەرانیش چاو لەو دەستانە دەپۆشن، خەڵکەکەش بەدڵنیاییەوە سەیریان دەکەن، لە سەرەتا بە چالاکی و بەرنامەکانیان دڵخۆش و ئارام

دەبن، بەتایبەتی خەڵکە داماوە هەژارەکە، کە زۆرینەی دانیشتووانی دوورگەکە دەبوون. چونکە ئەوان سەرەتاییەکانی شەرەف و بەهاکانی بنەماڵەیان بە هەند وەرگرتبوو، چونکە کۆمەڵگەی سیسلیایی ئەو بنەمایانە بە پیرۆزیی وەردەگرێت، ئەو دەستانەش ئامادەییان هەبووە، مافی خەڵکە چەوساوەکان وەردەگرنەوە و چاوی زۆردارەکان دەشکێنن، هەمووشیان لە کورلیون و لە ناوەڕواستی دۆڵە سەوزەکان دامەزرابوون.

دەستە چەکدارەکان لەگەڵ گەشەداربوونی چالاکییەکانیان دەسەڵاتیان بەسەر چەند ناوچە دادەبێت، بەڵام پیاوەکانی ئەوانە دەستیان لە جووتیارە لاسارەکان دەوەشاند و بۆ خزمەتی دەرەبەگەکان و خاوەن مولّکەکان جووتیارەکانیان دەترساند، بۆیەش دەرەبەگەکان ئەوانە بەکاردەهێنن، بەوەش خۆیان باشتر رێکدەخەن، بەوەش قەوارەیەکی چەسپاویان دەبێت و ناو لەخۆیان پێگەیان دەدەنێ.

کوزانوسترا پێش ئەوانە، دەستەی بەکرێگیراو بە پارە تاوانیان کردووە و دەستدرێژییان کردووە، بەڵام مافیا، بۆ هەمان مەبەست و بە هەمان ئاراستە کاریان کردووە، بەڵام چالاکییەکانیان بەنهێنی بووە، سوودیان لە توێژەکەی خوارەوەی کۆمەڵ بۆ دامەزراندنی مەملەکەتەکەیان بینیووە، بۆیەش لەگەڵ دەرکەوتنی ئامانجە سەرەکییەکانیان و ئەو لایەنی ئەوان خزمەتییان کردووە، خۆشەویستی و دڵنەواییەکانی خەڵکەکە لەدەست دەدەن، چیتر خەڵکەکە ریزیان ناگرن و سۆزەکەیان بۆیان کاڵ دەبێتەوە و لەبەرامبەر ئەوەدا رق و نارەزاییان نیشاندەدەن.

ئەگەرچی مافیا هەڵگری دروشمی یەکگرتنەوەی ئیتاڵیایان هەڵگرتبوو، بەڵام کە لە ماوەی هەردوو جەنگە جیهانییەکە کە حزبی فاشی دەسەڵات دەگرنە دەست، لەودەمانەی کە سیلفیو برلوسکونیش سەرۆک وەزیران بووە، ئەوان تەنها قسەی ئەوەیان لەسەر دەکرا کەوا مافیا بەرژەوەندی تایبەتییان لەگەڵ دەسەڵاتداراندا هەیە و کارکەرن مافیای هاوچەرخ سازبکەن.

## کوزانوسترا

کوزانوسترا وشەیەکی ئیتاڵییە و مانای ئەوەیە کەوا ئەوەیان مەبەستی ئێمەیە، یان ئەوەیان کاری ئێمەیە، یان ئەوە تایبەتە بە ئێمە، ئەو دەستە و گرووپە ناویان بە دوورگەی سیسلیاوە دەلکێت، لە ساڵانی ١٨٦٠ و ١٨٧٦ ناو دەردەکەن، لە ساڵانی نێوان ١٨٧٦ هەتا ١٨٩٠ دەتوانن بگەنە ناو سیستەمی کۆمەڵایەتی ئیتاڵی و پێگەیەکی دیاریان هەبێت. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بنەماڵەکانی مافیا، دەبنە پاوەرێکی ئابووری سیاسی کۆمەڵایەتی دەسەڵاتدار لە خۆرئاوای سیسلیا، سەرەتا تەنها کاری پاراستنی خەڵکە دەوڵەمەندەکان دەکەن، لە پارێزگارییەوە دەست دەکەن بە هەڕەشە و نارەحەتکردنی خەڵکی ناوچەکانی بالیرمو، بەتایبەتی لەناو کێڵگەکانی لیمۆ و

پرتەقاڵ. ژمارەیەک لە ئەندامانی بنەماڵە ئورستقراتەکانیش دەگەنە ناو ریزەکانی مافیا، چونکە لەودەمانە و لە سەرەتای پەیدابوونی دەوڵەتی ئیتاڵی کۆمەڵگەکە لەنێوان سیاسییەکان و خاوەن موڵکەکانەوە دابەش ببوو، بۆیەش گرووپەکانی مافیا خۆیان دەخزێنە ناوەندییانەوە و دەبێتە داینەمۆی زۆر لە کەسانی پایەداری ناو حکومەت و کار و بازارەکان.

گۆڕانە سیاسییەکان، رووداوەکانی مێژوویەکانی ناوچەکە، تەنگژەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم لە وڵاتی ئیتاڵیا و هەڵوێستی ئیشتراکییەکان پاشان فاشییە ئیتاڵییەکان، هاتنی چەتەکان کە دەسەڵاتیان لەنێوان ساڵانی ١٨٩٣ هەتا ١٩٤٣ راستەوخۆ و ناراستەوخۆ بەزۆر دەگرتە دەست، ئەوانە هەموو فاکتەربوون بۆ باڵاکردن و سستبوونی گرووپەکانی مافیا. قەمیسە رەشلەبەرەکانی هەوادارانی سەرکردەی فاشی بینیتو مۆسۆلینی کاریگەرییان زۆر بوو ئەندامانی گرووپەکانی مافیا بترسێن، بۆیە رەوە رەوە بەرەو ئەمریکای باکوور لە ساڵانی ١٩٠٥ هەتا ١٩٤١ بار بکەن و لە دوورگەکە و لە ئیتاڵیان رابکەن، چونکە مافیاییەکان زۆر بەدەست ئەو چەتانە ئازاریان دەچێشت و دەکەوتنە زیندانەوە، لە سەردەمی مۆسۆلینی زۆریان دەگیران و دادگایی دەکران و سزای توندیان لەسەر دەچەسپاندن.

مۆسۆلینی لە مانگی ئەیاری ساڵی ١٩٢٤ بۆ رووبەرووبونەوەی مافیا و خۆدەرهێنان و بەنیازی یەکگرتنەوەی ئیتاڵیا سەردانی دوورگەی سیسلیا دەکات، یەکگرتنەوەی وڵاتەکە زەبرێکی کوشندە بوو بەر مافیا کەوت، بۆ دەسەڵاتیش سەرمایە و شانازییەکی مەزن بوو. بە فەرمانی سەرووی فاشییەکان ئازادی درابووە دەستی پۆلاینی سیزار ماوری بۆ ملکەچکردنی پیاوەکانی مافیا، بۆ ئەو مەبەستەش و بۆ سەرکەوتنی بەرنامەکە لەبەر رۆشنایی کارنامەی (لەناوبردنی مافیا دەستی پۆلاین و هێزی توندی دەوێت)، ئەوە و لەگەڵ پرسەی (ریتاتا) واتە پرۆسەی لەناوبردن و پاکردنەوەی دوورگەی سیسلیا لە پیاوانی مافیا لە مانگی ینایری ساڵی ١٩٢٦ نەبەردییە گەورەکەی ناوچەی مادونیای شاخاویی لە شارۆچکە و زێدی مافیاییەکان بە گەمارۆدانێکی توند دەست پێدەکات. لەو پرۆسەیەدا هەموو خزم و کەسی پیاوەکانی مافیا دەستگیر کران، لە ئاکامی ئازار و ئەشکەنجەدانیان ناچار دەکران ئاوی سوێر بخۆنەوە، زۆریش ئازار دەدران تا دان بە تاوانەکانیان دابنێن. لەو پرۆسەیەدا ژمارەی گیراوەکانی هەڵمەتەکەی ئەو دوورگەیە گەیشتە یازدە هەزار کەس، گرتن و ئەشکەنجەدانانی ئەو هەڵمەتە گەیشتووتە ئاستە بەرزەکانی سەرووی پیاوانی مافیا.

هەڵمەتی گرتنی پیاوانی مافیا بە سەرپەرشتی و لەسەر داوای مۆسۆلینی بووە سەردێری هەواڵەکانی جیهان، بۆیەش رۆژنامەی (تایمز) پێشوازی گەرمی لەو هیرشە دڕندانەیە کردبوو، کە دەکرایە سەر کەسانی مافیا و لەناو مۆڵگەکانیانەوە دەگیران. لە میدیا جیهانییەکان و لۆکالییەکان ئاماژە بەوە درابوو کەوا بەو هەڵمەتە مافیا بنبڕ بوون و لەو رۆژەوە سیسلیایەکی نوێ دروست دەبێتەوە. بەڵام بەو هەڵمەتە مافیا بنبڕ نەبوو، زۆریان کەوتنە زیندانەکان، زۆریشیان لە گوندە

دوورەدەستەکانی ناو شاخەکان خۆیان حەشاردا و ژمارەیەکیان بەرەو ئەمریکا دەربازیان بوو. لە ماوەی یەک ساڵدا یەک ملیۆن کەس لەو دوورگەیە بەرەو ئەمریکا کۆچیان کرد، تا لەوێ بەرەو ئاسۆی ژیانێکی نوێ دەستبەکار بن، دیارە کەوا هەندێک لە ئەندامانی مافیاش لەو کۆچکردنە بیریان لەوە کردووتەوە دەستەی تاوان و چەتەگەری بدۆزنەوە تا لەوێ ببنە ئەندام، لەوانە جۆزیف بونانو کە بە جو باناناز دەناسرا، کە هیوای وا بوو، بتوانێت ببێتە سەرپەرشتیاری لقی مافیا لە ئەمریکا. لە ڕۆژی ١٠ ی مانگی یونیۆی ساڵی ١٩٤٠ ئیتاڵیا بڕیار دەدات بەشدار جەنگی دووەمی جیهان بکات، کە تێدا مۆسۆلینی دەشکێت و قسەی واش هەبووە کەوا یەکێک لەو هۆکارانەی پاڵی بە ئیتاڵیا وەنابوو بەشداری ئەو جەنگە بکات دەستەکانی مافیابووە.

لە ڕۆژی ٢٩ ی مانگی ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٤٣ ڕابوونێکی مافیا دوورگەی سیسلیای هەژاند، ئەوەش کاریگەری زۆری لەسەر ژیان و ڕەوشی دوورگەکە دانا، بۆیەش شەقامەکان فەوزاییەکی بەخۆیەوە دەبینێت، سەربازەکان بەناو شەقامەکانی بالیرموی پایتەخت وەردەبن، خەڵکەکە بەتایبەتی قازی و دەسەڵاتدارانی شارەکە و سیاسییەکان لە ترسی تۆڵەکردنەوەی چەتەکانی مافیا خۆیان دەشاردەوە، چونکە ئەوان دوودڵ نەبوون و بەبێ دەستپاراستن هەزارەها کەسیان کوشتبوو، خەڵکی ئەو دوورگەیە ببوونە قوربانی ڕەوشەکە و زیانی گیانی زۆریان لە ڕۆژانی جەنگی دووەمی جیهانی بەرکەوتبوو، بۆیەش پیاوانی مافیا زۆر بێ منەتانە داوای پارە و سەرانەی زۆریان کردووە تا گیانی خەڵکەکە بپارێزین و پارێزگارییان بکەن، بەوەش پەیوەندییەکی ئاشکرا لەنێوان سیاسەتمەداران و مافیا بەدی دەکردا، لە ڕۆژانەی جەنگەکەش دیاربوو، باشیش دەزانرا کەوا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەنهێنی لەگەڵ گرووپەکانی مافیا ڕێکەوتنیان هەیە.

لە کۆتایی جەنگەکە هێزەکانی ئەمریکا لەو دوورگەیە زۆر لە ئەندامە ترسناکانی مافیایان لە گرتووخانەکان ئازاد دەکەن، پاش ئەوەی خۆیان باش ساز دەکەنەوە، ئەوان وەک سەیران و نیگاکردن چاو لە کار و چالاکییەکانیان مافیا بەرووی خەڵکەکە دەکەن. بەدرێژایی دوو سەدەی ڕابردوو دەسەڵاتی مافیا لە ئیتاڵیا و ئەمریکا زۆر دەبێت، دەتوانن باش بچنە ناو لایەنە سیاسییەکان، دەسەڵاتی ورد و کۆنترۆڵی چاک لەسەر دوورگەی سیسلیا بکەن، توانیان ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی پۆلیس بکڕن، قازییەکان دەستەمۆ بکەن، تەنها بەناوهاتنی مافیا خەڵکەکە ترسیان لێ دەنیشت، چونکە دەسەڵات و هێزیان بە مەزنییەوە دیاربوو.

## شەڕە گەورەکانی مافیا

مافیا شەڕی بەردەوامی لەگەڵ حکومەت هەبوو، ئەوە و بەردەوامیش لەنێوان گرووپەکانی خۆشیاندا شەڕ و ململانێیان گەرمبوو، لە ساڵانی نێوان ١٩٦٣ هەتا ١٩٦٩، شەڕیان هەبووە و شەڕی دژواری دووەمیشیان لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠ هەتا ١٩٨٠ بەردەوام بووە، تا لە مانگی مارسی ساڵی ١٩٨١ شەڕە گەورەکەی سیسلیا دەقەومێت، کە شەڕێکی بێرەحمانەی دژوار و

خـوێناوی بوو، کە شـەڕەکـە دوو سـاڵی دەخـایێنێت، تێـدا سـەدان کـەس دەبنە قـوربانی شـەڕەکـە، بەوەش مافیا ناکۆکی زۆری دەکەوێتە ناو و دەبنە چەندین پارچە و گرووپی ناکۆک، لەوانە دەستەی پێشەوای مافیای ناودار لوسیانو لیجیو.

لەگەڵ ئەو شەڕ و ناکۆکییەکان گرووپەکانی مافیا دزییش لەیەکتری دەکەن، سەرکردەیەکیان بە ناوی ستیفاتور ئانزیریللوی هاوڕێیان ملیۆنەها دۆلار لە گەنجینە گشتییەکەی مافیا دەدزێت، ئەو پارەیەش دەسکەوتی فرۆشتن و دروستکردنی مادەی هێروین بووە، کە پاش سازکردنی ڕەوانەی ئەمریکا و چەند وڵاتی تریان کردبوو. ئەوان لەناو ئیتاڵیا زۆرتر لە پازدە پاڵاوگەی سازکردنی هێروینیان هەبوو، یەکێک لەو کارگانە لە شاری بالیرموی پایتەختی و لە بەرامبەر کەنارەکانی دەریا بوو، کە هەر دە ڕۆژ جارێک پەنجا کیلۆیان بەرهەم دەهێنا. ئەو کارگانە ساڵانە چەندین تۆن مادەی بێهۆشکەریان بەرهەم دەهێنا، پارەکەشیان لە نێوان دەستەکەی لوسیانو لیجیو و دەستەکی ستیفانو بونتاتی بەشکردووە، ئەو دوو دەستەیەش باڵێکی سەرەکی مافیایان لە سیسلیا پێکدەهێنا. ئەو دوو دەستە تۆڕە تەقلیدییە ئاساییە کۆنەکەی سیسلیابوون و لەناو نیویۆرکیش پێگە و رەگوریشە داکوتراویان هەبوو.

ئەوان بە بونتاتیی سەرکردەیان دەووت، ئەمیر یان سەرکردەی باڵا، ئەنزیریللوی هاوڕێشی کەسێکی سەنتەرالی مافیابوو لە سیسلیا، چونکە ئەو دەسەڵاتی تەواوی بەسەر بازاڕەکانی مافیادا هەبوو، بەوەش ئەو دوو کەسە بەوەیان دەسەڵاتیان بە سەر بازاڕی جیهانی مافیای سیسلیایی هەبوو، چونکە ئەوان لقیان لە ئەمریکای باکوور و کەندا و ئەمریکای باشوور و هەموو جیهان هەبوو. سەرۆکایەتی مافیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئەو دوو باڵە ناکۆکەکە داوای کۆبوونەوەیەکی لووتکەییان کردبوو، بەڵام بونتاتی بیری لە لەناوبردنی نەیارەکەی دەکردەوە نەک دانوستانی لەگەڵدا بکات، بەتایبەتی لەو کۆبوونەوەی بڕیاربوو بۆ ئاشتبوونەوەیان سازدەکرا، بەڵام دیارە کەوا بەختیار نەبوو، چونکە بەرامبەرەکەی ئازاتر و خیراتر بوو، دەستی خۆیان پێش دەخەن و ئەو زووتر لەناودەبەن، چونکە ئەو پیش چەند مانگێک لەو دیمانە دەکەوێتە ناو کەمینێک کە تێدا لەوێ دەکوژرێت، لەودەمانەش بوو کە لە ڕۆژی ٢ ی مانگی ئەپریل لە ساڵی ١٩٨١ لە ڤیلاکەی خۆی خەریکی ئاهەنگی ساڵرۆژی بوونی خۆی بوو، ئەگەرچی ڤیلا نوێیەکانی ئەو هەموو جۆرە ئامێرەکانی ئاگادارکردنەوەی وریا و سازی تێدا بوو.

بونتاتی لەدوای تەواوبوونی ئاهەنگەکەی سوار دەبێت بۆ ئەوەی بچێتە خانووە گوندییەکەی، بەڵام لەناو ئوتومبێلێکی تەنیشتییەوە لەکاتی وەستانی لە ترافیکی سوورەوە تەقەیان لێ کردبوو، بەو تەقانە دەستەی لیجیو بە دەستریژی گوللەی ڕیزی کلاشینکۆف دەیکوژن، وای لێدەدەن سەری لە جەستەی جیادەکەنەوە، زۆر بە هۆڤیانە و بە دڕندەیی دەیکوژن، ئەو هەرگیز بڕوای نەدەکرد ئەنزیریللو لیجیوی هاوڕێی بیکوژێت، چونکە ئەو دە ملیۆن دۆلاری ئەو قەرزاربوو، وایدەزانی تا پارەکەی وەرنەگرێتەوە دەستی لێ ناوەشێنێت، بەڵام دیارە لەو بیرکردنەوەیەدا هەڵە بووە. لەو

تەقەوە و لە کوشتنی ئەو سەرکردەیە دیارەی مافیا بە دەستی هاوڕێیەکانی شەڕی ناوخۆیی نێوان باڵ و گرووپەکانی مافیا دەست پێدەکات، دەرئەنجام لەو شەڕانەدا ژمارەی قوربانییەکانی ناو ریزەکانی مافیا دەگاتە نزیکەی هەزار کەس. کوشتن و پەلاماردانەکان نێوانیان دەگاتە ناو هەموو سیسلیا بەتایبەتی شاری بالیرمو، لەوێشەوە دەگاتە ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەتا پرووشکی ئاگرەکان گەیشتبووە ئەمریکای باشووریش. رۆژانە پۆلیسی ئیتاڵی لەسەر شەقامەکان، یان لە حەوشەکانی پشتەوەیماڵەکان تەرمی کوژراوی ئەندامانی مافیای هەڵدەگرتەوە.

لە دەستەی ئەنزیریللو بیست و یەک سەرکردەی دەکوژرێن، تا کوڕەکەشی نەتوانێت تۆڵەی باوکی بکاتەوە، هەردوو دەستی دەبڕن، ئەگەرچی تەمەنی ئەو کوڕە هێشتا نەگەیشتبووە پازدە ساڵ، پاشان دەکوژرێت، هەروەها دەستی کوشتن دەگاتە مامی ئەو کوڕەش کە لە لۆس ئەنجلوس دەژیا ئەویش دەکوژن، لەدوای ئەوەش هەموو ئەندامەکانی خێزانەکانی دەکوژن، تا کەس نەتوانێت تۆڵەی کوژراوەکانیان بکەنەوە. سینەماش لەو کردەوە و کوشتنە خوێناوییەکان سیناریۆ و دیمەن وەردەگرن، تا فیلمەکانیان زۆرتر بینەرەکانیان بوروژێنن.

## سیسلیای ئیمڕۆ

لە ساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو لە ئەنجامی شەڕەکانی سەد ساڵی رابردوو ژمارەیەکی زۆر بوونە قوربانی چالاکی و ململانێیەکانی مافیا لە سەر کەڤری دوورگەی سیسلیا، زۆریش لەو سەرکردانە گیران و دەستبەسەر سامانەکانیاندا گیرا، بەوەش دەسەڵات و پاوەریان کەم دەبێتەوە، تەنها لە ناو بالیرموی پایتەختی سیسلیا دەستبەسەر ١٧٠٠ باڵەخانەی مافیاکان داگیرا، بنکەی قەڵاچۆکردنی مافیا لە ماوەی پازدە مانگدا توانی سامانەکانیان کە بەهاکەی دەگەیشتە یەک ملیار و شەش سەد ملیۆن یورو کۆنترۆڵ بکات، ئەوەش سەرمایە و پارە و کۆمپانیاکانی دروستکردن بوون. بەپێی لێکۆڵینەوەکان توانرا خاوەنی کۆمپانیای زومو بدۆزنەوە و دەستگیری بکەن، هەروەها بانکمانی سویسری نیکولا باربیتی لەگەڵ کوڕەکەی، کە توانیبوویان سێزدە ملیۆن یورویان لە بانکی باهامس بشارنەوە، زووتر حکومەت لە سیسلیا ماوەیەک بوو لەو بڕە پارەیە دەگەڕا تا زەفتی بکات.

نووسەری ئیتاڵی نیکولا ترانفالیای نووسەری کتێبی (بۆ مافیا سەردەکەوت؟) کە لەوماوەیە دەرچووە، نووسیویەتی کەوا ناکرێ مامەلە لەگەڵ مافیا لەو ماوەیەدا بکرێت، بە چاوی یەک کالاش سەیری بکرێت، چونکە تەنها یەک مافیا نییە، مافیاکان زۆرن، لەوانە مافیا ناسراوە کۆنەکەی ئیتاڵیا، مافیا هاوردە جیهانییەکە، رووسییەکە، ئەلبانییەکە، چینییەکە، نایجیرییەکە، چەندین مافیای تر هەیە و ماون و لەسەر خاکی ئیتاڵی رەگوریشەیان داکوتاوە و لەگەڵ گرووپ و دەستە تاوانکارەکاندا تۆڕی زۆریان چنیوە و ئاوێتەبوون.

ترانفالیا بواری سەرکەوتن و دەربازبوونی گرووپەکانی مافیا دەخاتە سەر ئەستۆی کۆمەڵگای ئیتاڵی، چونکە پێش ئەوەی لەگەڵ ئەو رەوشە و لەناو ئەو بوارەدا بژین و سازبن، ئەو بنچینەکانی گەشەسەندن و چالاکییەکانیان بۆ سازدەکەن و دەستیان بۆ تاوان و مەترسییەکان دەبەنە پیش و فێریان دەکەن.

هەموو کەسێک جیوفانی فالکون و باولو بورسیلینویان لەبیرە، ئەو دوو قازییە دادپەروەری بۆ سەرکەوتنی راستی و دادپەروەری بوونە قوربانی و گیانیان لەدەستدا، ئەوان دڵسۆزی کاری سەرشان و یاساکانی بوون، ئەوان زۆر بە دڵسۆزییەوە سۆراخی تاوانەکانی مافیایان دەکرد. لەبەرئەوەی هەردوو قازییەکە خەڵکی ناوچەکە بوون، باش لە کۆمەڵگەکە شارەزابوون، بۆیەش سەرکەوتنیان بەدەست دەهێنا، دەرئەنجام هەردووکیان بە دەستی چەتەکانی مافیا لە ساڵی ١٩٩٣ کوژران، بورسیلینو بە تەقینەوەی نارنجۆکێک لەناو ئوتومبێلەکەی کوژرا، قازی دووەمیش فالکۆن لە ئاکانی تەقینەوەی مینێک لەسەر رێگای دەوڵی خێرا گیانی لەدەست دەدات.

لەو رۆژانە چەتە و چالاکییەکانی مافیا وەک زەمانی جاران سامناک نەماوە، بەلام هێشتا لەسەر پێی خۆیاندا ماون و نەشکاون، لە کۆلۆمبیا و لە ئەوروپای خۆرهەلات کار لە بواری مادەی بێهۆشکەر دەکەن، لەناو کۆمارە کۆنەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران چالاکن، بۆیەش کوزا نوسترا لەو رۆژانە تەنها لە لاپەڕەکانی مێژووی مافیا ناویان ماوە و پیاوەکانیان لە پلەی خوارەوەن، ترسیان نەماوە و چالاکییەکانیان سنووردارە.

عبدالامیر چاپ

## پیاوەکان سەری سەرۆکەکەیان دەبڕن:

لەبەر خراپی باری گوزەرانی خەڵکی دوورگەی سیسلیا زۆر لە ئەندامانی مافیا بەرەو ئەمریکا کۆچ دەکەن، لەوێ مافیای نوێی ئەمریکی بە ناوی کوزانوسترای ئەمریکی دادەمەزرێنن، ئەوەش لەگەڵ رۆژە سەرەتاییەکانی سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤١ بووە، کە مۆسۆلینی دەستی پۆلاینی لەو گرووپە و خەڵکی دوورگەکە دەوەشێنێت، یەک لەسەر چواری دانیشتووانی دوورگەکە بەرەو ئەمریکا سەرهەڵدەگرن.

لەناو بەڵگەنامە پارێزراوە ئەمریکییەکان و بۆ یەکەمین جار ناوهێنان و ناسینی وشەی مافیا دیارە، کە وشەی مافیا یان کوزانوسترا لەو کیشوەرە نوێیەدا بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٨٩١ بووە، کە تێدا ئاگاداری لایەنە یاساییە رەسمییەکان بە پەیدابوونی ئەو ناوە کراوەتەوە، لەو ساڵەدا یازدە کەس بەبێ هیچ پرۆسەیەکی دادگایی کردن کوژراون، تاوانی ئەوەیان خراوەتە پاڵ ئەوانەی پێشتر تاوانی کوشتنیان ئەنجامداوە.

لەپاش دەرچوونی یاساکانی ئاگادارکردنەوە و قاچاغی لە بیستەکانی سەدەی بیستەم، ئەمریکییە بەرەگەز ئیتاڵییەکان دەسەلاتیان بەسەر تاوانکارییە بەسیستەمەکان دا شکاوە، بە

کۆچکردنی ئیتاڵییەکان بۆ ئەو کیشوەرە و لە سەرەتای سەدەی بیستەم نەوەکانی کوزانوسترا تۆڕی مافیایان داناوە، ئەو کۆچبەرە نوێیانە بواریان بۆ دەرخسێت کەوا داهێنان و بناغەی گەشەسەندن دابنێن، پیاوانی سیسلیا لەسەر کەنارەکانی ئەو وڵاتە بارگەی تۆڕ و بەرنامەی تاوانەکانیان دادەڕێژن، خەریکی دۆزینەوەی کارە تاوانکارەکانیان دەبن، لەناو کەلاوە و پاشماوەکانی تاوانی سازکراوە لەو دەڤەرە نوێیەدا، کە شەوانی وڵاتەکەیان کردبووە دۆزەخ. پلانەکانی مافیا بەئاسانی لەناو خەڵکە کۆچبەرە نوێیەکە بەئاسانی تۆڕی خەونی ئازادی و سەرمایە دەستەبەر دەکەن، بۆیەش ڕێکخراوە تاوانکارە نهێنییەکان ناوچەکانیان دابەشدەکەن، لەسەر ئەو کۆچبەرانەی سەرانەی پاراستن و چاودێرییان لێ وەردەگرن، بە شێوەیەکی نارەسمی باجی پاراستنیان لێ دەستێنن. یەکەمین ڕێکخراوی مافیوزایی لە ولایەتە یەکگرتووەکان بە ناوی دەستە رەشەکە ساز دەبێت، لە ویلایەتەکانی نیو ئورلیانز و نیویورک بە ئیمزای دەستی رەش نامە و هەڕەشە ئاراستەی خەڵکەکە دەکەن، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی بەرەچەڵەک ئیتاڵین، ناوەڕۆکی نامەکان بریتی بوون لەوەی ئەگەر پارە نەدەن، دەمرن، دەیاننووسی (تکایە ئەوەندە پارەیە بدە تا ژیانت سەلامەت بێت... پارە بدە ئەگەر کەمێک بایەخ بە ژیانی خۆت دەدەیت).

سەرەتا سیسلیاییەکانی ناو ئەمریکا لقی مافیایان لە ئەمریکا دەکەنەوە، لەبەرئەوەی کار و چالاکییەکانی زۆر بەنهێنی بوون، بۆیە مافیای سیسلیایی لە هەموو مافیاکانی تر دژوارتر و ترسناکتر بوون، چونکە رەوشی ئەوان لە وڵات و لەبەر توندکاری مۆسۆلینی و ڕۆژانەی دژواری جەنگی دووەم شەڕەکان و شکستە گەورەکەی ئیتاڵیا باش لە کارە نهێنییەکان و توندوتیژییەکان راهاتبوون، بۆیەش مافیای ئیتاڵیا جۆرێک لە تایبەتمەندییان هێنابووە ئەمریکا، کارەکانی جۆرێک لە نوێکاریی بەو بزاڤە دابوو، وەک:

دیسپلین و ڕێکخستن، ڕێزگرتنی ڕێنماییەکان، ئەوەش بڕیاری تاکەکەسی قەدەغەکردبوو، کەسیان بۆیان نەبوو بنەماڵەیەک یان هەر تاکێک رووت بکەنەوە، یان بیکوژن، ئەگەر پرس بە سەرکردایەتییان نەکەن، هەر ئەوانیش بوون دەستە و گرووپەکانیان لە مەترسییەکانی ئاشکرابوون دەپاراست، بەوەش دەستەکانیان زۆرتر کارامە و چالاکتر کاریان دەکرد، بەوەیان یەکرێزی و پتەویی بنەماڵەکانیان دادەڕشت، یەکێک لە دیارترین مەرجی بەشداربوون و بوونە ئەندام لە گرووپەکانی مافیا، ئەوەبوو کەوا کەسی مافیوز ئامادەیی هەبێت هەتا مردن ڕێزی بنەماڵەکە بگرێت، لە نیشانەشکێنی کارامە و دەستراست بێت، لە هەمووش گرینگی تر بۆ بوونە ئەندام، کەسەکە دەبووایە بەرەچەڵەک ئیتاڵی بێت.

## لە دوورگەیەکەوە بۆ دوورگەیەکی تر

چەتەکانی مافیای سیسلیایی لە ویلایەتی نیو ئورلیانز دەستیان بە چالاکییەکانیان کردبوو، پاشان دەستەیەکیان بەرەو دوورگەی نیۆیۆرک یان سێوە گەورەکە ڕۆیشتن، بەوەش گەڕانەوە ناو

خەونی دوورگە کۆنەکەی خۆیان، لەوێ لەنێوان دوو بنەماڵەی گەورەی ئەو دەستەیە کە بە بنەماڵەی ماریسا و بنەماڵەی مارانزانو دەناسران، لە ساڵی ١٩١٣ شەڕ دەست پێدەکات، کە ژمارەی چەکدار و پیاوەکانی هەر یەک لەو دوو بنەماڵەیە دەگەیشتە پێنج سەد کەس، لەو شارەدا دوو ئەستێرەی دڕندەی وەک فیتو جینو فیزی و تشارکز لاکی لوتشیانو لە پشتەوەی پەردەکانەوە ناو دەردەکەن، کە لە ساڵی ١٩٢١ ئەوانە دەچنە ناو بنەماڵەی ماریسا و لە شەڕەکان لایەنگیری ئەوان دەکەن، شەڕەکە دژوارتر دەبێت، ماوەیەکی دووردرێژ بەردەوام دەبێت و چەندین ساڵ دەخایێنێت، ناویان لەو شەڕەش ناوبوو، شەڕی کاستا لا ماریس، ئەوەش ناوی ئەو گوندەییە کە بنەماڵەکەی لاماریسا لە ئیتاڵیا تێدا پەروەردە ببوو، پاش شەڕ و کوشتارێکی زۆر، هەموولایەک هیوایان بۆ ئاشتبوونەوە نەمابوو، کۆشش زۆر دەکرا دەسەڵاتەکە دابەش بکەن، ناوچەکانیان دیار بکەن، بەڵام سوودی نەبوو، بۆیەش ژمارەی قوربانییەکان گەیشتبووە سەدان کوژراو و بریندار، ماریسا بە هیچ دیالۆگێکی ئاشتی رازی نابێت، بۆیە هەردوو ئەفسەر جینو فیزی و لوتشیانو وادەزانن باشترین رێگە بۆ نەهێشتنی ئەو شەڕ و کوشتارە ناوخۆییە وا باشە سەرکردەکەیان بکوژن، بەوەش کۆتایی بە ناکۆکییەکان دێت، چیتر خوێنی هەردوولا بەفیڕۆ ناڕوات، چونکە باش دەزانن لاسارییەکە هەموو لەلایەن سەرکردەکەی ئەوانە و هەر ئەوە کە ئاشتی ناکات و بە خوێن رشتن دڵی ئاو دەخواتەوە.

لەودەمانەی مارسیا نانی نیوەڕۆی لە رێستورانتێکی نیویۆرک دەخوارد، بە دەستڕێژێکی خەستی گوللە دەکوژرێت، بەوەش فیزی دەبێتە پێشەوا و سەرکردەی بنەماڵەکەی مافیا و لوتشیانو دەبێتە یاریدەر، پاشان لەگەڵ مارانزانو دەکەێتە دیالۆگ لە مانگی ئەپریلی ساڵی ١٩٣١ لە ناوەڕاستی نیویۆرک بە ئامادەبوونی سێ سەد سەرۆک و یاریدەر و راوێژکار بەرنامەی هاوبەشی کوزانوسترا دادەرێژین، کە سیما و مۆرکی ئیتاڵییەکەی پێوە بمینێت، بە مەرجێک زمانی رەسمییان زمانی ئیتاڵی بێت، هەموو ئامادەبووانی لەو کۆڕە ئاشتەواییەدا بەڵێن دەدەن کۆشش بکەن بۆ سەرکەوتنی بەرنامەی کوزانوسترا، لەوێش بڕیار دەدەن بازرگانی بە مادەی بێهۆشکەر نەکەن، چونکە سامانەکەیان بەشی خۆیان دەکات، بەڵام دیارە پاشان بازرگانی بەو مادەیە دەبێتە سەرچاوەی سەرەکی داهاتی مافیا لە ئەمریکا و بەوەش زۆر دەوڵەمەند دەبن، لەوێش سلفاتور مارانزانو داوا لە هەمووولایەک دەکات، ئەو وەک کابوی هەموو بنەماڵەکانی مافیای ناو ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا هەڵبژێرن.

بەڵام پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم بۆ هەموویان دەردەکەوێت کەوا مارانزانو دەیەوێ ببێتە قەیسەرێکی نوێ، کۆشش دەکات و بەرنامە دادەرێژێت هەموو نەیارەکانی لەناو ببات، دیارە ئەوەش لەلایەن فیزی و لوتشیانو قبوول نەبوو، بۆیەش لە مانگی سپتەمبەری ساڵی ١٩٣١ پێنج کەس بە جلی پۆلیسی لە نووسینگەکەی لێ دەچنە ژوورەوە و بە پێنج گوللە دەیکوژن، کە پۆلیس لێکۆڵینەوە کە رووداوەکە دەکات دەردەچێت کەوا فیزی و لوتشیانو لە دەرەوەی نیویۆرک بوون،

بۆیە هیچ دەسەڵاتیان بەسەریاندا ناشکێت، بەو رووداوە خوێناوییە بیرۆکەی سەرۆکی سەرکردەکان نامینێت، دووبارە بنەماڵەکان نەخشەی دابەشبوونەکانیان دادەرێژنەوە و دەکەونە سەر کارە ئازادەکانی خۆیانەوە.

پاش کوشتنی مارنزانو، فیزی سەرۆکایەتی مافیای نیویۆرک وەردەگرێت، ئەو وەک سیاسەتمەدارێک دەناسرا نەک وەک کەسێکی تاوانباری ناو بنەماڵەکانی مافیا، لەگەڵ هاورێ و هاوکارەکەی لوتشیانو بە کاری گچکە و چالاکی سادە رازی نەبوون، بۆیەش بەیەکەوە کۆششیان دەکرد پێگەیەکی سیاسی و دەسەڵاتی ئابووری پتەو لەسەر ئاستی هەموو ولایەتە یەکگرتووەکان و بازاری ئیتاڵی دابرێژن، بۆیەش دەستیان کردبوو بە رێکخستنەوەی کارەکانیان و ئیشیان بۆ ئەوە کردبوو چالاکییەکانیان بەرەو بەشەرعیبوون ببەن، یان لە پشت پەردەوە کاریان بەو ئاراستە کردووە، بەوەش مافیا لە رێکخراوێکی چەتەگەریی ناکۆک و شەرکەر جیهانی دەبێتە رێکخراوێکی جیهانی بەشدار لە بۆرسەکانی جیهان و بازاری بانکەکان و خاوەن بڕیاری چەسپاو. بە تاوانی خۆدزینەوە لە دانی باج مارنزانو لە مانگی یولیۆی ساڵی ١٩٥٨ دەگیرێت و پازدە ساڵ حوکمی زیندانی بۆ دەبڕێتەوە، لەوێشەوە و بە شێوەیەکی نموونەیی رێکخراوەکە بەڕێوە دەبات تا لە مانگی فبرایری ساڵی ١٩٦٩ کۆچی دوایی دەکات و لەسەر داوای خۆی لە ویلایەتی نیوجرسی دەنێژرێت، کە لەوێ کۆشکێکی گەورە و نازداری بۆ دوا ساتەکانی ژیانی دروستکردبوو، سامانەکەشی بە سێ ملیار دۆلاریش مەزندە دەکرا.

## سەرکردە یاخییەکە

لەبەر چەندین ئەگەر و فاکتەر مافیای ئەمریکی پەیوەندیی بە چەندین کۆمەڵە و دەوڵەمەندەکانی جوولەکە دەکەن، ئەو پەیوەندییەش لە رۆژانەی جەنگی یەکەمی جیهانییدا بەردەوام دەبێت، تا پەیمانی بلفۆر بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل دەردەچێت. چەندین بەڵگە و سەرچاوەی باوەڕپێکراو هەیە کەوا کەسێکی خوێنرێژی جوولەکەی وەک مایر لانسکی شوێن پەنجە و سیمای ئەو بەسەر مافیای نوێدا هەبووە، کە کۆششکار بووە بۆ پەیداکردنی زۆرترین پارە و سامان و پاوەر و خشین بەرەو چەندین دەڤەر و ناوچەی تری ئەو جیهانە، بۆ ئەوەش قوربانی زۆریانداوە و گوێیان لەو قوربانییانە نەبووە، سەرەتای تەواوی پەیدابوون و ناسینی مافیا لە ئەمریکا دەگەڕێتەوە ساڵی ١٩٣١ کە تشارلز لاکی لوتشیانو بە هاوکاری و رێنمایی کۆنە هاورێی سەردەمی منداڵی مایر لانسکی جوولەکە و دەستەیەک لە پیاوەکانی دەکەونە کارکردن و چالاکی. لوتشیانو تەنگی بە سەرکردە کۆنەکانی مافیای سیسلیا دەهێنێت، کۆشش دەکات دابونەریت و رێورەسمە کۆنەکان پەراوێز بکات، چونکە ئەوانە رێگربوون لەسەر گەیشتنی مافیا بە مەرام و بەرنامە سەرەکییەکانی، ئەویش گەیشتن بوو بە پارە و سامانێکی زۆرتر، لوتشیانو لەسەر کۆنە بەرنامەکەی سیسلیا بۆ مافیا یاخی دەبێت، کە تێدا هەموو کەس مافی ئەوەیان هەبوو ببنە ئەندام

لەناو بنەماڵەکانی مافیا، هەروەها ئەو سەرکردەیە پیرۆزکردنی مافیای سیسلیایی پەراوێزکردبوو، وەک شەرەف و کەرامەت و ڕێزگرتنی بەڵێن و پەیمان و پیرۆزکردنی فەرمانەکانی سەرۆک، هەروەها ئەو کاری بۆ ئەوەش دەکرد سیستەمی ڕێکخستنەکانی کۆنی مافیا بگۆڕێت، تا دەستەی هاوچەرخ دامەزرێنێت کە هەموو بنچینە کۆنەکانی سیسلیا بگۆڕێت.

لوتشیانو و فیزی لە ساڵی ١٩٣١ ڕێکخراوێکی تاوانی ئەهلییان وەک پەردەیەک بۆ سەندیکای قووماربازانی نیویۆرک دامەزراند، ئەوەش لە سەر هەموو ویلایەتەکانی ئەمریکا بڵاودەبێتەوە، ئەو سەندیکایە بەرامبەر بڕێک پارە لە قازانجی هەموو یانە و مێزەکانی قوومار بە ڕێژەییەکی سەدەیی وەردەگرت، دیارە پارەکەش لە قازانجی یانەکە زۆرتر بووە، واتە ئەوان قازانجیان زۆرتر بەردەکەوت لە خودی خاوەن مێز و قوومارخانەکە، تا لوتشیانو کار و چالاکییەکانی بەباشی و بەسەرکەوتوویی ڕاپەڕێنێت سوپایەکی لە کەسانی ئەهلی بەزم و کەیف سازکردبوو، لەگەڵ ئەوانەشدا سوپایەکی گەورەی لە کەسانی خوێنرێژ و دەسترەش و بێویژدان لە کەسانی ئیتاڵی و ئیرلیندی و جوولەکەی هەموو ڕەگەزنامەکان سازکردبوو، ئەو ڕێکخراوەیەش یاسا و بەرنامەی سازی هەبوو کەس بۆی نەبوو، لەو چوارچیوەیە دەربچێت، ئەو لەو یاساییەی خۆیدا ماچی مەرگی لەناو گرووپەکان نەهێشتبوو، پیاوەکانی لەجیاتی ماچ دەستی یەکتریان دەکوشی، چونکە ماچکردنەکە ترسی لەناو ئەندامەکان نواندبوو.

لەگەڵ ئەو وردەکاری و گۆڕانانەدا لوتشیانو توانی ناوچەکانی دەسەڵاتەکەی دابەشکردبوو، لەوەش سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو، دیارە لەناو بەرنامە و چوارچیوەی ئیمپراتۆرییەکەی خزمەتی باشی بە ئەمریکا گەیاندبوو، بۆیەش تەمەنی دەسەڵات و پاوەرەکەی درێژ بوو، لە ڕاپۆرتێکی نووسینگەی لێکۆڵینەوەکانی فیدرالی ئەمریکیدا، نووسراوە کەوا ڕێکخراوەکەی لوتشیانو لەناو وڵاتدا هەزارەها نمایندەی هەبووە، بەوەش پەیوەندی بە پیاوانی کاری ئیرلیندی لە بۆستن کردووە، لەگەڵ مەکسیکییە ئەمریکییەکان لە لۆس ئەنجلس و لە تکساس، لەگەڵ جوولەکەکانی فلوریدا بە سەرۆکایەتی مائیر لانسکی، کە هەموویان لەبن چەتری کوشر نوسترا حەشار درابوون، هەروەها لەگەڵ پۆلۆنییەکانی کلیفلاند و شیکاگۆ و لەگەڵ ئەڵمانەکانی سان لویس.

## چەند بنەماڵەیەکی نوێ

لوتشیانو دەستی کرد بە دامەزراندنی چەند خێزانی نوێ بەڵام بەشێوە و فۆرمێکی تازە و فۆرمی بنەماڵەکانیش لەیەکتری جیاوازبن، هیچ پەیوەندیشیان بە مافیای سیسلیاوە نەبێت، تەنها ناو و زمانەکە نەبێت، ئەویش ناوی یەکەمەکەیان و زمانە ئیتاڵییەکە، پەیوەندییەکانی نێوان نیویۆرک و بالیرمو هەر مابوو، بەڵام بەیەک ئاراستە نەبوو، بەتایبەتی کە مۆسۆلینی گورزی توندی لە مافیا دابوو، بەوەش بەرنامە و ڕێکسختنەکانی سست و لاواز کردبوو، زۆر لە سەرکردەکانیان گیران و

ئەشکەنجەی زۆر دران، زۆریشیان لە دوورگەکە و لە ئیتاڵیاش دوورخرانەوە. لەبەرئەوەی لوتشیانو ڕێکخراوەکەی لەسەر فۆرمێکی نوێ دادەمەزرێنێتەوە، بۆیە بەخێرایی دەسەڵات و سنووری ئیمپراتۆریەتییەکەی لەناو ئەمریکا باش گەشە دەکات و دەبێتە سەرمایەکی راستەقینەی بەرجەستە و لەگەڵ سیاسەتمەداران و پیاوە ناسراوەکان پەیوەندی پتەو دەکات، لەوانە سترانبێژی ناودار فرانک سیناترا. بە فەرمانی لوتشیانو هەموو قوورمارخانە قاچاخەکان دادەخرێن، دزی و سەرانە وەرگرتن و باج ستاندن نامێنێت، دیارە فاکتەرەکەش مەسەلەیەکی ئەخلاقی نەبووە، مەسەلەکە زۆرتر رەنگدانەوەی چالاکی ئابووری ئەودەمانەی ئابووری ئەمریکی هەبووە، ئەو بەرنامەکەی وابوو کەوا چالاکییەکانی لەبن باری دروستکردن و سازکردنی سام و ترساندن بکات، بەوەش تەندەر و کار و بازار بەبێ پێشبڕکێ و ململانێ وەربگرێت، کەسیش دەست لەکار و سەرمایەکەی وەرنەدات، مافیا (کوزانوسترا) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیویست نەرم نەرم و لەسەرخۆ بگاتە ناوەندە سیاسییەکان و بەوەش پێگەی خۆی لەناو فۆرمە دیموکراسییەکە ساز بکات، چونکە باش دەیزانی ئەوەیان باشترین فۆرمە بۆ بەشداربوون و تێکەڵاوبوون، ئەو بەرنامە و رامانەی ئەو لەلایەن توێژەرەکانیش پشت راست کراوە.

## هەنگاوە یەکەمەکانی سەر بوارەکە

لوتشیانو بە پلانەکانی نێوان تۆڕەکانی سیاسەت و مادەی بێهۆشکەر و بەکارهێنانی ئەو دوو تۆڕە بە زیرەکی ئەو توانی سامانێکی زۆر پێکوەبنێت، ئەو توانیبووی (ئەلبرت مارینیللی) ئەو ئەندامە گەنجەی ناو حزبی دیموکراسی ئەمریکی بەکاربهێنێت، بەوەش گەیشتبووە هەموو پلە بەرزەکانی دەزگاکان، ئەوانیش پشتیوانی مارینیللی کردبوو، کە دژایەتی نەیارەکەی لە حزبی کۆماری (هاری بیری) بکات، کە توانرا بە بڵاوکردنەوەی وێنەی ئەو لەگەڵ ژنە دۆستەکە توانیان لە مەیدانی هەڵبژاردنەکە دووری بخەنەوە، بەوەش ئەو سیما و دیمەنەیان شکاند کە تێدا رۆڵی باوک و سەروەری دەبینی، بەڵام سەرکەوتنی ئەو بەردەوام نابێت و بە تاوانی فرۆشتنی سێکس و ئیشکردن لەو بوارەدا دەگیرێت، بە زیندانی پەنجا ساڵ زیندانی دەکرێت، لەودەمانەش میدیاکان بە بڵیمەتە ئەتک کراوە رێکخراوەکە ناویان بردبوو، قازییەکە لەکاتی دادگاییکردنیدا پێی وتبوو:

(تۆ بەدکارترین تاوانباریت، بەدرێژایی مێژوو گەیشتوویتە بەردەم دادگاکەمان)، بەڵام لوتشیانو لەناو زیندانەوە بە باشی و سەرکەوتووانە ئیدارەی رێکخراوەکە و سامانەکەی دەکرد، وەک مامۆستا دەمێنێتەوە. هەندێک کەسانی شارەزا وادەزانن کە سوپاکەی ئەمریکا بە لێزانی و بە هۆی تۆڕەکانی گەیاندنی دەستە و گرووپەکانی مافیا لە ئیتاڵیا و لە سیسلیا توانی لە رووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٣ پێشڕەویی بکات و ناوچەکە داگیربکات، لاکی لوتشیانو و چەندین ئەندامانی تری ناو گرووپەکانی مافیا، ئەوانەی لە زیندانەکانی ئەمریکادا بوون زانیاری زۆریان بە سەرکردایەتی سوپای ئەمریکی دابوو، ئەوانیش سوودی

زۆریان لەو زانیارییانە بینیبوو، بەتایبەتی هەواڵگری ئەمریکی.

بەپێی رامانی دکتۆر ئەلفرید و ماکویی بازرگانی مادە بێهۆشکەرەکان، لوتشیانو لە ناو گرتووخانەکەییەوە ئیدارەی دەستەیەکی دەکرد بۆ یارمەتیدانی سوپای ئەمریکی، کە شەڕەکەش تەواو دەبێت، لەجیاتی ئەو چاکە و لەبڕی سوود وەرگرتن لە زانیارییەکانی ئیدارەی ئەمریکی لە زیندانەوە رەوانەی ئیتاڵیای دەکاتەوە، ئیتر لەوێیەوە چالاکانە دەکەوێتە کارکردن. ئەو لەساڵی ١٩٤٦ دەگەڕێتەوە سیسلیا دووبارە دەستبەکار دەبێتەوە، بەپێی نووسینەکانی ماکوی کە لە کتێبی (سیاسەتی هێروین لە خواروو و خۆرهەڵاتی ئاسیا)دا نووسیبووی، کەوا لوتشیانو لەگەڵ گرووپەکانی مافیایی لە کورسیکا پەیمانی دەبەستێت، بەوەش تۆڕی بە قاچاخی بردنی هێروین لە سەرانسەری جیهان گەشە دەکات، کە لە ئەساسدا لە تورکیاوە دەردەچێت و بارەگاکەشی لە سیسلیا دەبێت، بەوەشیان دەووت، (بازنە فەرەنسییەکە)، بەڵام پاشان تورکیا بەرهەمهێنانی ئەفیون رادەگرێت. پیاوانی مافیای کورسیکایی لە تاراوگە و لە خوارووی ڤیتنام دەژیان، بۆیەش لوتشیانو لەوێیەوە پەیوەندییان پێوە دەکات، چونکە ئەوان بە رەوشە ئاڵۆزەکەی شەڕی ڤیتنام سوودمەندبوون زەمینەی گونجاویان بۆ ئەو بازرگانییە سازکردبوو، لەوێیەوە کاریان لەناو (سێگۆشە زێرینەکە) دەکرد، بەوەش توانرا باری زۆری هێروین لەو ناوچانە بەتایبەتی لە ئەسیاوە بگەێننە ناو ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا و ئوستراليا و چەندین وڵاتی تریش.

موخەدەرات بۆ پیاوەکانی مافیا ببووە سەرچاوە و فاکتەرێکی زۆر پشتیوان بۆ دەستکەوتی مادی و قازانج وەرگرتن، بەوەش دەسەڵات لە چەندین ویلایەتی ئەمریکی دەگرنە دەست و خۆیان تێدا بەهێز دەکەن، هەر بەو بازرگانییە بووە، کەوا مافیا پارەی زۆری دەستکەوتووە و بەوەش توانیبوویان بەرتیل بدەنە پیاوانی ئاسایش و سیاسەتمەداران،تا پێگەیان لەناو ئەو کۆمەڵگەیە پتەوتر کردبوو.

لە ناوەندی حەفتاکانی سەدەی رابردوو و لە هەنگاوێکی سەیردا، سەرکردایەتی مافیا بڕیاردەدات کەسە شاردراوەکانیان پاک بکەنەوە، بۆیەش بۆ ئەو مەبەستە دەست دەکەن بە دروستکردنی هوتێلی گەورە و کۆمپانیای بەرهەمی سینەمایی و چەندین بەرنامە و پرۆژەی تریش، بەوەش دەستکەوتیان زۆرتر دەبێت، بەو قازانجانەش سەرمایەگوزاری زۆریان لە ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا سازکردووە. ئەگەرچی نووسینگەی لێکۆڵینەوەکانی فیدرالی ئەمریکی لە ساڵەکانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوو تەنگیان بەو رێکخراوە دەسترەشە هەڵچنیبوو، بەڵام مافیای ئیتاڵی ئەمریکی هەر وەک رێکخراوێکی تاوانکار و بەهێز لە ئەمریکا مابوو، ئێستاش مێژوو و رابردووەکەی بوویتە دایکی هەموو مافیاکانی جیهان، کەسیش ناتوانێت شان لەشانی ئەوان بدات، پێگە و دەسەڵاتەکەی ماوە و پەیوەندییەکانیان بە مافیای سیسلیا هەر ماوە و ئەوانیش سەرچاوە و دایکی هەموو رێکخراوەکانی مافیای جیهانن.

## خێزانە پیرۆزەکە

دەستەواژەی خێزان، یان بنەماڵە و گرووپ، کە هەموویان لەو بابەتە یەک مەبەست دەپێکن، ئەویش وشەیەکی پڕ نهێنییە لە ناو ڕێکخستنەکانی مافیا، کە ئەوان کۆششکاربوون دەستەواژە و نازناوی چەتەگەری و یان دەستەگەرییان لەسەر نەبێت، بەو ناوە و بە مەزندەی خۆیان مافیا بە چاوێکی کەم و سووک سەیر دەکەن، کە مافیا لە سەرەتای سەدەی بیستەم لەبەر چەندین فاکتەر لە دوورگەی سیسلیا بار دەکەن، هەموو زاراوەکان، فەرهەنگی زمانەکەیان لەگەڵ دابونەریتە پارێزراوەکەیان دەگوازنەوە، کۆششیش دەکەن، هەموو ئەوانە باش چاودێری بکەن، بەڵام کە دەستەکانی کوزانوسترای ئەمریکی کودەتا لەسەر ئەو زاراوە و ئەو ڕێورەسمانە دەکەن، ئەوان خۆیان ناگرن و دەرووخێن، چونکە ئەوانە بە کۆسپی پێشکەوتنی بەردەمیان دەزانن بۆ پەیداکردنی زۆرترین سامان و دەسەڵات. بۆ ماوەی چەندین ساڵ کۆچبەرە نوێیەکانی نەوەی مافیای ئیتاڵیا لەسەر بنچینەی حەقکردنەوەی خەڵکە زوڵملێکراوەکان و شکاندنی چاوی زۆردارەکان، لەگەڵ ئەوانەشدا دزیان کردووە، سەرانە و کاری موخەدەراتیان کردبووە لەگەڵ گەرمەی بازاری لەشفرۆشی سۆزانییەکان کاریان کردووە، ئیتر بەو جۆرە چالاکی بنەماڵەکانیان گەیشتبووە نزیکەی بیست و شەش ویلایەتی ئەمریکی، ئەوانەش بە سەرپەرشتی بنەماڵەی تایبەتییەوە کارەکانیان ڕادەپەڕاند و لەگەڵ نیویۆرکی ناوەندیش پەیوەندییان هەبوو، لەگەڵ ئیتاڵیاش بەهۆی سەرکردە ڕۆحییەکانیانەوە بەگەرمی دۆستایەتییان مابوو، لەو وڵاتە نوێیەش کوڕەکانی مافیا بواریان سازبوو دەستکەوتی باشیان هەبێت، لەوانە لە لۆس ئەنجلس و سانت لویس و سان فرانسیسکۆ و کینساس و کلیفلاند و دالاس و فلادلفیا و چەند ویلایەتی تریش، لە شیکاگۆش بنەماڵەی کابونی زۆرتر ناویان دەرکردبوو، سەربردەکانیان زۆرتر لە ئەفسانە دەچوون، بەڵام زۆر زیرەکانە و بە وریایی کاریان کردووە، زۆریش لەبەر چاوی میدیاش دەردەکەوتن، بەڵام هەر لە ناوداری نەدەگەیشتنە تشارلز لاکی لوتشیانو، کە بە باوکی ڕۆحی و سەرکردەی هەر مەزنی مافیای ئەمریکی ئەژمارد دەکرێت، کە نموونەیەکی تەقلیدی مافیای سیسلیایی بووە و زۆریش بەوە دەناسرا کەوا زۆر نهێنی پارێز بوو، زۆریش لە چاوی میدیا خۆی دوور ڕادەگرت، حەزی لە کامیرا و خۆدەرهێنان نەکردووە، هەرگیزیش نەویستووە وەک سەرۆکی کوزا نوسترا بناسرێت، بەڵام لە جیهانی فێڵ و تاوانکارییەدا بێ وێنە بووە، زۆر لێهاتوو و لێزان بووە، لەودەمانە ساڵانەی دەستکەوتی گەیشتووتە سێزدە ملیۆن دۆلار، لوتشیانو توانیبووی مەدالیای شەرەفی زێڕین لەلایەن کۆنگریسی ئەمریکی وەک جەنگاوەری دێرین وەربگرێت، چونکە بنەماڵەکەی توانیبوویان بە لێهاتوویی خۆیان، وەک کەسێکی حیکمەتدارو بەتوانا پێ ناس بکەن، کەوا توانیبووی ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێت کە هاوپەیمانان لە ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهان سەربکەوێت.

## باوکە شۆڕشگێڕە سالارەکان

لوتشیانو یەکێک بوو لەو باوکە سالارانەی لە ئەمریکا و لەناو مافیادا ژیاوە، بە کارنامەی ئەو بووە کە هەموو شەڕ و ناکۆکییەکانی ناو بنەماڵەکانی مافیا تەواو دەبێت، کە بۆ دەسەڵات و سامانی زۆرتر بەردەوام شەڕیان کردووە، ئەو لە پرۆسەیەک بە ناوی (ڕۆژی نوێژی خۆرئاوابوون لە سەر مافیای سیسلیا) سەرکردەکان لەناو دەبات و چەند بنەماڵەیەکی نوێی بە سیمای زۆر جیاوازەوە لە بەرنامە و لە سیستەم دروست دەکات، لەو بەرنامەیەشدا ئەو بوار دەدات کەسانی تر و لە ڕەگەز و ناسنامەی تریش بێنە ناو ڕێکخراوەکەیان، کۆنە پیاوانی مافیاش ئەوانەی دەمێنێنەوە وەردەگیرێن، بەوەش ژمارەی بنەماڵەکانی مافیا تەنها پێنج بنەماڵە دەمینێتەوە، لەوانە:

جینو فیزی: کە بریتی بوون لە جینوفیزی و لوتشیانو و جیجنتە.

جامبینو: کە بریتی بوون لە جامبینو و کاستیلانو و جوتی.

بوتانو: کە بریتی بوون لە بونانو و جالانتە و ماسینو.

کۆلۆمبو: کە بریتی بوون لە کۆلۆمبو و بروفاسی و برسیکو.

لوتشیز: کە بریتی بوون لە لوتشیز و کورالۆ و ئاماسو.

پاش ئەوەی ئەو بنەماڵە نوێیان بە تەواوی لە ئەمریکا دادەمەزرێن، دەتوانن کۆنترۆڵی قوومارخانە و لەشفرۆشی و موخەدەرات دەکەن و پارەکانیشیان لە بانک و بازارەکانیش پاک دەکەنەوە، بە هاوکاری کەسانی دەسەڵاتدار لە وڵاتانی تری دەرەوەی ئەمریکا توانیان دەست لە بازارە شەرعییەکانیش تێکەڵ بکەن، بەوەش لوتشیانو دەتوانێت ناوچەکانی ژێر دەستی خۆی باش کۆنترۆڵ بکات، باشیش ڕێکیان بخات، لەبەرئەوەی حکومەتی ئەمریکای ئەودەمانە لەو ڕازی بوون، ئەویش خزمەتگوزاری زۆریان بۆیان هەبوو، بۆیە ئیمپراتۆریەکەی لوتشیانو ماوەیەکی درێژی تەمەن دەکات و گەشە دەکات.

ژمارەی ئەندامانی ناو خێزانەکانی مافیا جیاوازبوون، بەڵام هەموو خێزانێک سەرۆکی هەبوو، سەرۆکەکەش جێگری هەبوو، سەرکردە مەیدانییەکە کۆمەڵێک کەسانی چەتە و بەکرێگیراو پشتیوانیان دەکرد، لە سەرۆکەکەش ڕێنماییان وەردەگرت، پارەیان بە ڕێژەی جیاوازییش بەسەر دابەشدەکرا، هەر لە سەردەمی سیسلیاوە ئەو خێزانانە وەک دەستەیەک بەیەکەوە بوون و پەیوەندیی خوێنیان لەنێواندا هەبووە، کەسێکی لێهاتووش دەبووە سەرۆکیان، هەمووشیان ڕازی دەبوون لەسەر هەڵبژاردنی ئەو بۆ ئەو پلەیە، ئەویش حەقی بە خۆی دابوو، بەشی زۆری دەستکەوتەکان بۆ خۆی گڵ بداتەوە. لەکاتی گیران یان نەخۆشکەوتنی سەرۆکەکە زۆرجار کوڕەکەی دەبووە جێگری باوکە سەرۆکەکەی، ئەویش دیارە کەوا ڕاوێژکار و کاپتنی هەبووە.

دیارە کەوا مافیا یەکێکە لەوانەی توانیبووی زەمانەتی کۆمەڵایەتی یان تەئمینی کۆمەڵایەتی بۆ

ئەندامانی خێزانەکانیان دابین بکات، چونکە ئەوان مانگانە ئابوونەیان بۆ مەبەستی دابینکردنی ژیان بۆ خێزانەکانیان کۆ دەکردەوە، ئەوەش بۆ ئەوە بوو کەوا لەکاتی ڕوودانی هەر پێشهاتێکی لەناکاو و ترسناک ژیانیان دابین بکات، ماڵ و منداڵەکانیان نارەحەت نەبن، یارمەتییە کۆمەڵایەتییەکانیش لەو خاڵانەدا کۆ دەبوونەوە:

* لەکاتی نەخۆشکەوتنی هەر سەربازێکی ناو تۆڕەکانیان دەبێ مەسروفی چارەسەرییان بکرێت، ئەگەر لە ئاکامی ئەنجامدانی فەرمانەکانی یان لە کاتی تریش دووچاری هەر زیانێک بکەوێت، ئەوان ئەرکی چارەسەرکردنی دەگرنە ئەستۆ.

* لەکاتی گیرانی سەربازەکانیان مەسرەفی دادگا و پارەی پارێزگاریکردنی لەسەر ئەستۆی ئەوان دەبێت.

* هەموو مەسرواتی ماڵەوەیان، هاوسەر و منداڵەکانی لەکاتی نەخۆشکەوتن یان مردن یان گرتنی ئەندامێکیان لەسەرشانی مافیا دەبێت.

* مافیا بەڕێکردن و ناشتنی کوژراوەکانیان بە شایستەیی دەکاتەوە.

هەتا ساڵی ١٩٤٧ سیسلیاییەکان ئامادە نەبوون سەربازەکانیان لەناو ریزەکانی مافیا کە دەگیرێن، یان لەناو دەچن، هیچ جۆرە قەرەبوویيەک یان یارمەتییەک، بدەنە کەسوکارییان، بەتایبەتی ئەوانەی لە بازرگانی موخەدەرات لەناو دەچوون، بەڵام لوتشیانو شەریکەکەی جینو فیزی ئەوەیان دەرباز کرد، بەڵام فیزی زۆرتر لەگەڵ ڕێنماییە کۆنەکانیانی مافیا دابوو، هاوبیر نەبوو لەسەر گۆڕان و چاکسازییەکان، بەڵام لوتشیانو توانی ئەو ئیقناع بکات کە هاوسۆزی ئەو گۆڕانانە بێت، چونکە دوارۆژی ئەوان لە ئەمریکا بە بازرگانی هێروینەوە بەندبوو. لە کۆنگرەی نهێنی هاڤانا کە لە ساڵی ١٩٤٨ دەگیرێت کە تێدا پیاوانی سەرکردایەتی مافیای ئیتاڵیا و ئەمریکا تێدا بەشدار دەبن، هەنگاوە نوێیەکانی بواری کارکردن لەگەڵ موخەدەرات پەیڕەو پەسەند دەکەن، لەوێ بڕیاری تەئمینی کۆمەڵایەتی ئەوانەی لەو کەرتە کاردەکەن بکەن، بەتایبەتی ئەوانەی دەگیرێن، بەوەش کارمەندان لەسەر کارەکانیان گەرمتر دەبن، دڵسۆزانەتر ئیش دەکەن، بۆیە دەستکەوت و پارەی زۆریان بۆ دەگەڕێتەوە و قازانجی زۆر لە هێروینەکە دەکەن، بۆیەش سەرۆکی حزبی دیموکراسی روبرت کیندی لە ساڵی ١٩٦٦ لە ڕاگەیاندراوێکی ڕەسمییدا وتبووی، کەوا فڕگەی کیندی نێونەتەوەیی لەبن کۆنترۆڵی مافیا دایە، چونکە ئەوەیان لە رووی دەستەی کارکەر و چالاکییە دارایی و ئیدارییەکان باش دیارە.

***

بۆ پەیداکردنی زۆرترین سەرمایە و قازانج بنەماڵەکانی مافیا لە ناوەندی سەدەی رابردوو هاوکاری یەکتریان دەکرد، پیاوانی کوزانوسترا بە ئاودیوکردن و قاچاخکردنی هێروین بە کێشی پەنجا کیلۆگرام، پەنجا کەسیان بەکاردەهێنا، بەبێ ئەوەی خۆیان ئاگاداربن لەناو جانتاکانیان

دادەنا و بۆیان دەشاردنەوە، بەوەش پۆلیس بە گرتنیان زانیارییان دەست نەدەکەوت، بەوەش ئەگەر ئاشکرابووان ئەوە نیوەی ئەو پیاوانە دەرباز دەبوون، نیوەیان کە دەگیران، مافیا توانیبووی بە رووی یاسا ئەمریکی بوارێک بدۆزێتەوە تا خۆی لەبەر چاوی ئەوان دوور رابگرێت، تا نەگیرێن و کارەکانیان بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەن و سوپاکەیان بەردەوام بێت. کیژانی مافیوزولا دەبوایە شوو بە مافیوزییەکان بکەن، کوڕە زاواکان لە وڵاتەوە دەهاتنە ئەمریکا، بۆ گەیشتن بە بووکەکان دەهاتنە ئەمریکا ماڵی زاوا وەک نەریتی کۆنی سیسلیاییەکان زەیت و زەیتون و ئاردی مەعکروونیەیان بە زاواکە دەنارد، لەگەڵ ئەوانەش بە دزی کیسەیەک هێروینیان لە هەگبە دەکردن، ئەوەش وەک دیاری سەیری دەکرا، بۆیەش پیاوانی گومرگ گومانیان لەوانە نەکردووە، بەوەش دەکرا سامانێکی باش و زۆر بۆ خزم و کەسوکارییان ئاودیو بکەن. مافیا لە ساڵەکانی حەفتاکان پێویستیان بەوە نەمابوو، بە شێوازە کۆنەکان کالاکانیان دەرباز بکەن، چونکە خۆیان کۆنترۆڵی دەستەی فڕۆکەکانیان کردبوو، بەوەش سەلامەتی هەموولایەک دڵنیا دەبوو، هەموو کالاکانیان بە سەلامەتیش دەگەیشت، کاپتن و دەستەی ناو فڕۆکەکە بۆ گەیشتنی بە سەلامەت خۆیان و کالاکانیان بە شوێنی تایبەتی بۆیان دەشاردنەوە، بۆیە لەو ساڵانەدا رێژەی ٤٠٪ کالاکانیان بە فڕۆکە و کاروانە بازرگانییەکان دەرباز دەبوون و هیچ مەترسییان لەسەر نەبووە، چونکە کاپتن و کرێکارەکانی هێڵەکان سەرپەرشتی شاردنەوەی مادە قاچاخەکانیان دەکرد و لەناو زەبڵدانەکانیان دادەنا، پاشان هەر خۆیان لەناو زەبڵ و پاشماوەکانی فڕگە و بەندەرەکان دووریان دەخستەوە و بەئاسانی و بەسەلامەتی دەگەیشتنە دەستی سەرکردەکانی مافیا، بەوەش کەس گومانی لەسەریان نەدەبوو.

## دەرچوون لەناو ریزبەندی بنەماڵەکە

مافیای ئەمریکی توانیبووی دەسەڵاتی بەسەر هەموو لقەکانی مافیادا بگرێت، هیچ لە لقەکان نەیاندەتوانی سەرپێچی فەرمانی بکەن، لەوانە چەتەکانی رەشەکانیش لە نیویۆرک سەرانەیان بە مافیا داوە، سەرکردایەتی ئەو دەستانە بە سەرۆکایەتی ریموند مارکیز رێژەی ١٥٪ دەدایە جینو فیزی، چونکە مارکیز خۆی بە دۆستی نزیکی سەرکردایەتی مافیا زانیوە و پەیوەندییەکەیان دەگەڕایەوە سەردەمی باوکی، ئەو جۆرە کاریان دەکرد تا ئەو دەمانەی دەکوژرێت.

کەم باسی ئەوە کراوە کەوا دەستەیەکی ناو مافیا لە سەرکردایەتی خۆیان هەڵگەڕابێتەوە، بەڵام رەشەکانی نیویۆرک لەساڵی ١٩٣٠ جۆریک لە لاسارییان کردووە، کە پارە و سەرانەیان نەداوە، کۆمەڵکوژییەکی ئاشکرا لەو دەڤەرە روویداوە، چونکە سەرکردەکەیان دستن شولتز بە رەشاش و بە چەندین دەمانچە و بە چەکی سپی خەڵکی کوشتووە، بەوەش نەیار و لادەرەکان ملیان کەچ کردووە و ناوچەکە گەڕاوەتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان، بەوەش یاخیبووەکان بە ماوەیەکی کەم لەناو دەچن، بۆیەش ئەندامانی خێزانە رەشەکان وتبوویان ئێمە مەبەستمان نەبوو لە سەرکردایەتی مافیا یاخی

ببین، بەڵام سەرکردەکانمان وەک خۆدەرهێنان و شانازیکردن لەنێوان خەڵکە رەشەکان وایان خۆ نیشاندەدا، بۆیەش یەکێک لە سەرکردەکانی مافیا وتبووی:

(ئەگەر زانیمان لاساریی دەکەن، تۆڵەیان لێ دەکەینەوە و تەمبێیان دەکەین).

یەکێک لەوانەی سەرپێچییان کردووە و لە بنەماڵە مافیاییەکەی هەڵدەگەڕێتەوە پیاوە مافیاییە ئەمریکییەکە بوو کە ناوی جوزیف فلاتشی بوو، پۆلیس ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی دۆزینەوە و گرتنی دەبێت، تا رادەی ئەوەی لەو پلانەدا پۆلیس زۆرتر لە سەد هەزار دۆلار سەرف دەکات بۆ کوشتنەکەی، بەڵام ئەو دوور لە بنچینەکانی مافیا لەساڵی ١٩٦٣ خۆی رادەستی پۆلیس دەکات، ئەوەش بۆ پۆلیس و مافیا دەبێتە کارێکی زۆر چاوەڕوان نەکراو و سەرسامییش، چونکە لەگەڵ تەسلیمبوونەکەشی دان بە چالاکییەکان دادەنێت، بۆیەش بنەماڵەکەی مافیا لەناو زیندانەوە کۆششی کوشتنی دەکەن، بەڵام بۆیان ناچێتە سەر، بۆیەش ئەو لەبەردەم میدیاکاران و لەسەر تەلەفزیۆنەوە دان بە تاوانەکانی مافیا دادەنێت، هەموو قسەکان دەکات، بەوەش بەرنامەی کوزانوستراى ئەمریکی شەرمەزار و ریسوا دەکات و ملیونەها ئەمریکی لە ترسناکی ئەوان ئاگادار دەکاتەوە، ئەگەرچی ئەو نەیدەتوانی هەموو بەرنامە و شانی خێزانەکانی مافیا ناو ئەمریکا کە ژمارەیان دەگەیشتە ١٢ بنەماڵە ئاشکرا بکات، بەڵام ئەوەی ئەو دەیزانی بە میدیا و بە پۆلیسی راگەیاندبوو، بەوەش توانرا لایەنی شاراوەی تاوان، کە بەئاسانی دەکرا سووک بکاتەوە کە خەڵکی زۆر هەراسان کردبوو.

## کوڕە سەرتاشەکە ببووە ئەفسانە

ئال کابونی ناوی هەرە دیاری ناو چەتەکانی مافیا بووە، ئەگەرچی ئەو ئەندامەی مافیا ماوەیەکی کورت ژیاوە، کە تەنها ٤٨ ساڵ بووە، بەڵام وەک شەڕکەرێکی بێرەحم و سەرکردەیەکی چەتەگەریی لێزان ڕووبەرووی هەمووڵایەک بوویتەوە، بڕواشی بە موستەحیلیش نەبووە، لەناو ویلایەتە یەکگرتووەکان ناودار دەبێت، بە پیاوە بە نیشانەکە (scarface Al) دەناسرێت، بۆیەش سینەمای هۆلیوود لە یەکێک لە فیلمەکانی ناوی بردووە و لە فیلمێکی چەتەگەریی و پاڵەوانییەتی بەرجەستەیی کردووە و چیرۆکی راستەقینەی ژیانی ئەوی کردووتە درامای سینەمایی، هەموو کەسیش بە وردەکاری نێوان ئەفسانە و راستییەکان دەژاکێت، پاشان چەندین وتار و روونکردنەوەی بەدواوە هاتووە. ئەلفونس کابونی بەوە دەناسرا کەوا توانای بێ سنووری هەبووە لە ئیقناعکردن و سوڕانەوە و زیرەکی لە بەڕێوەبردن و گەیشتن بە هەموو مەرامەکان و بە کورترین رێگاش، ئەو زۆرتر بەو قسانەی دەناسرێتەوە کە زۆر دەگوترانەوە و زۆریش ناودارن کە وتبووی: زەدەخەنە لەگەڵ دەمانچە کاریگەری زۆرتر لە زەدەخەنەیەک بێ چەک.

یان لە سەر بەرنامەی کار و نەخشەسازی ژیانی مافیوزیی خۆیدا وتبووی:

دەمانچە هەموو ئاریشەکان چارەسەر دەکات.!

## ئیتاڵییە نامۆییەکە:

ئەلفونس کابونی کە پاشان کەسە زۆر نزیکەکانی بە ئال ناویان هێناوە، ئەو لە ڕۆژی حەڤدەی مانگی ینایری ساڵی ١٨٩٩ لە بروکلین وەک کوڕی چوارەمی گابرییل و تیریسینا کابونی لەدایکبووە، ئەو دایک و باوکە لە ناپۆلی خوارووی ئیتاڵیاوە لەساڵی ١٨٩٣ هاتبوونەتە ئەمریکا و لەوێ ماونەتەوە، لە ناوەڕاستی شاری بروکلین، لە ئەدرێسی ژمارە ٩٥ لە شەقامی دەریاوانی لە بەشە دەریاییەکەی نیشتەجێ دەبن، کە کوڕەکەیان تەمەنی دەگاتە یازدە ساڵی، ماڵەکە لەو ئەدرێسە بار دەکەن، بۆ ئەدرێسی ژمارە ٣٨ لە مەیدانی گارفیلد لە نشێوەکانی پارک لە بروکلین.

کابونی دەچێتە بەر خوێندن لە قوتابخانە ئەمریکییەکان لە بروکلین، هەتا کلاسی شەشەم بەردەوام دەبێت، لە قوتابخانەی گشتی ژمارە ١٣٣ لەبەر لاساریی و نارەحەتییەکانی لە قوتابخانە دەردەکرێت، چونکە لە مامۆستاکەی خۆی دابوو، لەو ڕۆژەوە و لە تەمەنی چواردە ساڵییەوە دەکەوێتە سەر شەقامەکان، لەودەمانە کوڕێکی لاوازی سەردەمی خوێندنی قوتابخانە دەدۆزێتەوە، کە پاشان دەبێتە یەکێک لە کەسە بکوژ و بەدکارەکانی سەرانسەری ئەمریکا، ئەویش لاکی لوتشیانو بوو، بەوەش هاوڕێیەتییان بەدرێژایی ژیانیان بەردەوام دەبێت. پاش ئەوەی ئەو کوڕە لە قوتابخانە دەردەکرێت، چەندین جۆر کار و پیشە تاقیدەکاتەوە، لەوانە لە دووکانێکی شیرنەمەنی و سالۆنێکی بۆلنگ کار دەکات، دوایی ئەو دەکەوێتە ناو تۆڕەکانی تاوانکارییەوە، لەناو شەقامەکانی بروکلین فێڵەکانی دزی و گیرفانبڕین فێردەبێت، دووکانەکان دەشکێنێت، لەگەڵ ژمارەیەک لە هەرزەکاران بە سەرکردایەتی جونی توریو، دەست لە هەموو کۆنێک وەردەدات، دەستەکەیان وێنەیەکی گچکەکراوی چەتەکانی ناسراو بە (پێنج خاڵەکان) بوو کە پاشان دەبێتە ئەو قوتابخانەیەی کابونی لێوەی دەردەچێت.

پاش ئەوەی ئەو لەگەڵ چەتەکان دەست تێکەڵ دەکات، لەوانە دەستەی چل دزەکە کە تازە دەستیان دابووە کاری دزی و جەردەیی، پاشان کابونی دەچێتە ناو خوێنرێژەکانی شاری بروکلین، پاشان دەگاتە ناو چەتەکانی پێنج خاڵەکە، ئەوانەی ناویان بە بەدکاری دەهات، کە لەلایەن کەسێکی وەک فرانکی بیل بەکاردەهات، تا خۆی لە کاری سێرفێسی تیاترۆخانەیەک لە کونی ئایلاند دەدۆزێتەوە، ماوەیەکیش دەبێتە دەرگەوانی تیاترۆکە لە بروکلین، لەوێ چەقۆیەکی بەروومەتی چەپی دەکەوێت، کە لەلایەن برای ژنێکەوە تووشی دەبێت، بەبێ ئەوەی هیچی بەرووی ئەودا کردبێت، زامداری دەکات، گلاسیو پاش ئەوەی دەستدرێژی دەکاتە سەر و زامداری دەکات، بەڵام کابونی دەست ناکاتەوە و ڕازی دەبێت لەلای ئەو ببێتە دەرگەوانیش. هەر ئەو لێدانە و ئەو دەمە چەقۆ بە ڕوومەتی دەمینێتەوە، بۆیەش نازناوی بە نیشانەی بەدوا دەکەوێت. لەگەڵ زۆربوونی بەدکارییەکان گومان لە کابونی دەکرێت، بۆیە لە بروکلین بار دەکات، ئەو لە تەمەنی بیست و شەش ساڵییەوە دەست دەکات بە تاوانکارییەکان لە ڕێکخراوە سیستەمدارەکان.

ئەو لە رۆژی ٣٠ ی مانگی دیسمبەری ساڵی ١٩١٨ ژن دەهێنێت و لەگەڵ مای جوزفین کافلین پرۆسەی هاوسەرگیری دەکات، ژنەکە کوڕێکی دەبێت، بەناوی ئەلبرت فرنسیس یان سونی دەبێت، ئەو لەسەر داوای توریو دەچێتە شیکاگۆ بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان لە بواری فێڵ و ساختە و تەزویر.

## زاناکەی شیکاگۆ

لە شیکاگۆ، ئەو شارەی دەبێتە مەڵبەند و پایتەختی تاوانی سیستەمکراو لە هەموو جیهان، کابونی لە کەسایەتییەکی بکوژی سەرشێتانە، کە هیچ حیساب بۆ ئاوەز و یاساکان ناکات، دەبێتە بکوژێکی فێڵبازی زۆرزانی پێشەوای توندکاری زۆر بەتوانا و دەستەکان، کابونی بە زیرەکی و لەناو ململانێیەدا لەو شارەدا چالاکییە مافیاییەکانی بەڕێوە دەبات، کە لەو تەمەنەدا دەبێتە کەسێکی سامانداڕ، بۆیەش هەموولایەک دەکەونە بن کۆنترۆڵی ئەو، هاوکاتیش رێزی خەڵکە هاوکارەکانی گرتووە، کەسە گچکە و گەورەکان، دژایەتی کەسی لەبەر نەژاد یان لەبەر باوەڕی ئاین نەکردووە، بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان پەنای بردووتە بەر چەک، ئەو بڕوای بەوە هەبوو کە چەک هەموو کێشە ئاڵۆزەکان چارەسەر بکات.

چیرۆکی کابونی بەپێی هەندێ سەرچاوە لەوەوە دەست پێدەکات کە لەگەڵ کۆنە برادەرەکەی جونی توریرو، کە لەگەڵ جیمس کۆلۆسیمۆ (بیگ جیم) کە یەکێک بوو لە سەرکردە هەر دیار و ناسراوەکانی تۆڕەکانی ژنە سۆزانییەکان لە شیکاگۆ خزمایەتی هەبوو، کابونی لەودەمانە بە دوو تاوانی کوشتن تاوانبار بووە.

کابونی و جونی لەو رەوشەدا دیمانەیان دەبێت، تێدا کابونی داواکارە کارێک بدۆزێتەوە تا شتێکی دەست بکەوێت، بەوەش ژیانی منداڵەکانی دابین بکات، لەو گێژاوە دەربازی ببێت. جونی و توریرو کۆشش دەکات مامە بیگ جیم ئیقناع بکات واز لە چالاکی سۆزانییەکانیان بهێنێت، لەجیاتی ئەوەیان روو لە کاری دزی و راو و رووت و سەرانە وەرگرتن و قۆڵبڕین بکات، دیارە کۆششەکانی سوودی نابێت، بۆیە بڕیار دەدەن ئەو پیاوە لەناو ببەن و خۆیان تۆڕ و بەرنامەکان بگرنە بن دەستی خۆیان و بە ئارەزووی خۆیان بەڕێوەی ببەن.

بۆ ئەو مەبەستەش توریرو بەئاسانی کەسێکی دەست دەکەوێت، مامەکەی بۆ بکوژێت، کەسێک لە نیویۆرکەوە هاتبوو، دیارە ئەوەشی بەئاسانی بۆ جێبەجێ دەبێت، بەوەش گەورەترین گرووپی چەتەگەریی دەکەوێتە بن کۆنترۆڵی ئەو، بەوەش کابونی و توریرو دەتوانن بە باشی و بە تەنها کۆنترۆڵی شیکاگۆ بکەن، بەڵام دەستیان بە بەشە باکوورەکەی داناشکێت، کە تێدا گرووپێکی گەورەی تری چەتەگەری بە سەرکردایەتی کەسێکی ئیرلیندی بە ناوی دیون ئابانیون بەڕێوە دەچوو. بەڵام رۆژەکان بە سەلامەتی گوزەر نابن، زۆر ناخایێنێت کەوا شەڕێکی گەرم لەنێوان

کابونی و توریرو سەرۆک چەتەکانی باکوور دیون روودەدات، دەرئەنجام دیونیش دەکوژن، لەو شەڕانەدا توریرو بە خەستی بریندار دەبێت، بۆیە پیاوە بریندارەکە دەست دەداتە سامانەکەی لەساڵی ١٩٢٥ لە بروکلینەوە بەرەو ئیتاڵیا بار دەکاتەوە، بۆیە کابونی تەنها لە مەیدانەکە دەمینێتەوە و لەودەمانە تەمەنی تەنها بیست و شەش ساڵ دەبێت و سەرکردایەتی زۆرتر لە هەزار کەسی پیاوکوژ و دز و جەردە دەکات، کە تێدا هەموو رەگەز و تیرەیان لەناو دەبێت، هەمووش بە رێنمایی و بە فەرمانەکانی ئەو دەجولێنەوە و مووچە و پاداشتیان دەکات، هەفتانەش میزانیەکەی دەگەیشتە نزیکەی سێ سەد هەزار دۆلار.

کابونی دەتوانێت کۆنترۆڵی هەموو چالاکییەکانی بەدکاریی لە شیکاگۆ بکات، ئەوانەی بەیەکەوە سالانە زۆرتر لە سەد ملیۆن دۆلار داهاتیان بۆ داهاتی نەتەوەیی هەبوو، کە لە بوارەکانی قوومارخانە و ماڵە سۆزانییەکان و فرۆشتنی مەشرووب پەیدا دەکران، کابونی لەسالانی نێوان ١٩٢٠ هەتا ١٩٣٠ لەو سالانەی تەنگژەی ئابووری و سەردەمی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهان توانیبووی سەرکردایەتی ئەو دەستانە بکات کە کاری قاچاخیان کردووە، فێڵیان لە مەشرووب دەکرد، ئەوانەی چەندین جۆر چالاکی نایاساییان کردووە، ئەو کارانەی لە بن پەردەی بازرگانیکردن بە کۆنەفرۆشی و کەرەستەی بەکارهاتوو کردووە. کە کابونی پارە و دەسکەوتی زۆر دەبێت، دەتوانێت کۆنترۆڵی رەوشە سیاسییەکە و دامەزراوەکان پەیوەیست بە جێبەجێکردنی یاساکان لە شیکاگۆ بکات، تا رادەیەک دەتوانێت شارڤانی شاری شیکاگۆ ولیام (بیلە گەورەکە) هیل تومسون بەرتیلخواردوو بکات، هەر بە سامان و لێزانی خۆیانەوە دەتوانێت زۆر ببێتە کەسێکی ناودار و ناسراو، کە میدیاش بە کەسێکی بەدکار ناوی دەبەن، ئەو بەخۆشییەوە وەلامیان دەداتەوە و دەڵێت:

من تەنها کەسێکی کاسبکەرم، پێداویستییەکانی خەڵکەکە دابین دەکەم، هەموو داخوازییەکانیان ئاسان دەکەم.

## کۆمەڵکوژییەکان بۆ دەسەلات

کابونی لەبەرئەوەی چاوی لەوە بووە کە زۆرترین دەسەلات و سەرمایەی هەبێت، بۆیەش نەیاری زۆری هەبووە و ئەوانیش کۆششیان کردووە بیکوژین، بۆیەش سەد جار کۆششی لەناوبردنیان کردووە، لەوانە ویستوویانە ژەهرخواردووی بکەن، لەبەر لێزانی و شارەزایی هەردوو پاسەوانەکەی هەموو هەولەکان پووچەل دەبوونەوە.

ئەگەرچی پاسەوانەکانی زۆر وریایانە گیانیان دەپاراست، زۆر پلانیان بۆ کوشتنی زووتر زانیوە و پووچەلیان کردتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا قسە لەسەر ئەوەش کراوە کەوا ئەو چۆن تۆڵەی لەو کەسانە کردووتە کە نیازیان بووە لە نزیکەوە بیکوژن، کە زۆر بەشێوەیەکی دڕندانە لەناوی بردوون، کە دوو

لە پیاوەکانی، جۆن سکالیز و ئەلبرت ئەنسیلمی لە ژێرەوە بەرنامەی کوشتنی دادەرێژن کە کابونی بەوە دەزانێت، هەردووکیان ئێوارەکەیان داوەت دەکات، خوانێکی نازداریان بۆ سازدەکات، لەنیوەی شەودا کە لە خواردنەکە دەبنەوە، کابونی لەبن چاکێتەکەی وەک دیارییەک شیرێکی هیندی پێچراو بە حەریریان لێ دەردەهێنێت، بەو شیرە زۆر هۆڤیانە سەریان دەبڕێت. هەرچەند ئەو لە کارەکانی دژوار و دەستگەرم بوو، نەیارەکانیشی بۆ لەناوبردنی کۆششکار و هەراسان بوون، بەتایبەتی هەردوو نەیارە توندەکانی بەشە باکوورەکە، هایم فانیس و بگس موران، دەرئەنجام لە رۆژی ٢٠ ی مانگی دیسمبەری ساڵی ١٩٢٦ ئۆتومبێلەکەی ئەو دەدەنە بەر دەستڕێژی گوللە، لەودەمانەی کابونی لە رێستورانتی هوتێلی هاوتورن نانی دەخوارد، لەناکاو کاروانێکی پێکهاتوو لە دە ئۆتومبێل تەقە لە رووی هوتێلەکە دەکەن، ناوچەکە دەکەنە یەکپارچە ئاگر، بەڵام زووتر پاسەوانە دڵسۆزەکەی کابونی، فرانکی ریو لەگەڵ یەکەم تەقە کابونی بەردەداتەوە و خۆی دەهاوێتە سەری، بەوەش برا گەورەکەی لە کوشتن دووردەکاتەوە.

لەو رۆژەوە کابونی ناچار دەبێت، ئۆتومبێلی کادیلاکی دژە گوللە پەیدا بکات و زەنگی ئاگادارکردنەوەی پۆلیسیش بەکاردەهێنێت. کە لەساڵی ١٩٣٢ پۆلیس، کابونی دەگرت ئەو ئۆتومبێلەش لەلایەن وەزارەتی خەزانەی ئەمریکی دەگرن، تا ئۆتومبێل لیموزینەکە بکرێتە ئۆتومبێلی تایبەتی سەرۆکی ئەودەمانەی ئەمریکی فرانکلین رۆزفلت. پاش ئەو رووداو و هێرشە ئاگرینەکە بۆ سەر کابونی، ئەو بەردەوام لە شوێنی مانەوەی خۆی لە هوتێلی یکسنگتون پاسەوانی دوو چەکداری وریا بۆ سەلامەتی خۆی دادەنێت. لەو ماوەیەدا ئەو لەنێوان حەشارگەکانی لە دەرەوەی شیکاگۆ لە بروکفیلد و یسکوتسین، مینیسوتا، ئویان، نیویۆرک، لایکی فەرەنسی و ئەندیانا، دوبونک، ئایوا، فلۆریدا، جونسون سیتی، تینیسی، گراند هاڤن، میتشیگان، وانزینگ، لەساڵی ١٩٢٨ کابونی چوارده ژوور بۆ خۆشاردنەوە لە دوورگەی بالم، فلوریدا لە نزیک کەناری میامی دەکرێت.

بۆ خۆپاراستن و زۆرتر ئاگایی رۆژێکیان لەگەڵ دەستەیەک لە پاسەوانەکانی کابونی لە یەکێک لە ئیستگەکانی ترێن لە شیکاگۆ ئەو دەردەکەوێت، بەیەکەوە پلیتی سەفەر دەکڕن و یەک فارگۆن بەکرێ دەگرن بەرەو کلیفلاند و ئوماها و کانساس سیتی و لیتل رۆک و کانییە گەرمەکانی ئەرکنساس بەڕێدەکەون، تا ماوەی یەک هەفتە لە هوتێلە ئەستێرە بەرزەکان و بەناوی خواستراو و بە زانین و ئاگاداری حکومەت و چاوپۆشی ئەوان دەمینێتەوە، کە دەرئەنجامەکەی کۆمەڵکوژییەکەی رۆژی قەدیس ڤالنتین لە ریکەوتی ١٤ ی مانگی فبرایری ساڵی ١٩٢٩ لە گەڕەکی لینکۆلن پارک لەنزیک شیکاگۆی باکووری لێدەکەوێتەوە. ئەگەرچی وردەکارییەکانی رووداوەکە و کۆمەڵکوژییەکە باش و روون نەزانراوە، بەڵام دەزانرێت کەوا حەوت کەس لەو رووداوە دەکوژرێن، ئەوەش وەڵامدانەوەیەک بوو بۆ دەستەکەی باجس موران، دوا سەرکردەی دەستەی ئەبانیوییە ئەیرلیندییەکان.

بۆ چاودێری مەبەستەکان و خاڵەکان، پیاوەکانی کابونی لە کۆگایەکی لۆرییەکان کە بارەگای موران بووە، شوقەیەک بەکرێ دەگرن، چونکە کابونی بڕیاری کوشتن و لەناوبردنی مۆرانی دابوو، چالاکییەکەش هەر بۆ بوارسازبوون بوو، بۆ تەواوکردنی فرۆشتنی سەفەقەیەک لە مەشرووب بە نرخێکی هەرزان. موران کە دەگاتە ناوچەکە، هەست دەکات، ناوچەکە پۆلیسی تێدایە، راستییەکەش پۆلیسەکان پیاوانی کابونی بوون، کە خۆیان بەو بەرگە پۆشیبوو، بەڵام مۆران وادەزانێت ئەوان پۆلیسن، بۆیە بەدزی لە ناوچەکە دووردەکەوێتەوە، بەڵام پیاوانی کابونی بە چڕی تەقە لە دەستەیەک لەوانە دەکەن، بەو هیوایەی مۆرانیش لەناو ئەوانەدایە، بەڵام بە کوشتنی حەوت کەسەکە، هەموویان دەکوژرێن چونکە هەر یەک لە پیاوەکان زۆرتر لە پازدە گوللەیان بەرکەوتبوو، بەڵام ئەو لە پلانە دژوارەکە دەربازی دەبێت. حکومەتی ئەمریکی ئەو کۆمەڵکوژییەی بە دژواترین تاوان و پلان ئەژمارد کردبوو، کە لەلایەن پیاوانی مافیا ئەنجام درابێت، بۆیەش ئیدارەی ئەمریکی بڕیاردەدات کابونی لەناو ببات، بەڵام هیچ بەڵگەی دەست ناکەوێت کەوا ئەو دەستی لەو پلانەدا هەبووە.

## کۆتاییەکە

دەسەڵاتدارانی شیکاگۆ بە تاوانی خۆدزینەوە لە دانی باج لەساڵی ١٩٣١ بەرنامە دادەرێژن بۆ گرتنی کابونی، بۆیە لە مانگی مایۆی ساڵی ١٩٣٢ دەگیرێت و رەوانەی گرتووخانەی ئەتلانتای ئەمریکی دەکەن، بەڵام ئەو دەتوانێت ژمارەیەک ئاسانکاری دەستەبەر بکات، بەڵام لەوێ دەگوازرێتەوە گرتووخانەی کاترازی کە بەتوندیی و پاسەوانی زۆر دەناسرا، لەوێ دەرگای دەرەوەی لەسەر دادەخرێت، بەیەکجاری لە دونیای دەرەوە دادەبڕێت. ئەگەرچی ئەو لەوێ خۆی لەگەڵ رەوشە نوێیەکە دەگونجێنێت، بەڵام لەبەرئەوەی مومارەسەی سێکسی زۆری کردبوو، لەوێ دەردی نەخۆشی سلفسی زۆر لێ بەدیار دەکەوێت، کە زووتر ئەوەی هەبوو، بۆیەش ساڵەکانی دوایی ژیانی لەو رەوشە ناڵەبەرەو لە خراپی هەموو کەشەکاندا بە نەخۆشخانەی گرتووخانەکە بە نیگەرانی و بە نارەحەتی ژیان بەڕێدەکات. کابونی لە کاتراز و لە رۆژی ٦ ی مانگی ینایری ساڵی ١٩٣٩ ماوەی گرتنەکەی تەواو دەکات، لەوێیەوە دەگوازرێتەوە بنکە چاکسازییەکانی فیدرالییەت لە ویلایەتی کالیفۆرنیا تا ماوەی ساڵێک وەک سزایەکی تاوانکاری ئیشی بەرژەوەندی بۆ وڵاتەکەی دەکات، لە رۆژی ١٦ ی مانگی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٣٩ بە مەرجی تایبەت ئازاد دەبێت، لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی خێزانەکەی سەفەری ماڵەکەی خۆی لە فلۆریدا دەکات، لەوێ حەوت ساڵ لە گەڵ نەخۆشی و بوورانەوە و بیرچوونەوە و نیگەرانی دەژیت، بەبێ ئەوەی هیچ دەسەڵات و پاوەری بەسەر تۆڕەکانی مافیاوە مابێت، ئەندامانی مافیایش بەردەوام سەردانی دەکەن، لە رۆژی ٢٥ مانگی ینایری ساڵی ١٩٤٧ نەخۆشییەکە دەیکوژێت، زۆر لە ئەندامانی مافیا بۆ مردنی سەرکردە شکۆدارەکانیان پرسەیان دانابوو.

# سایتی
# ویکیلیکس Wikileaks چییە؟

راپۆرتێکی دێرشپیگل

سایتی ویکیلیکس Wikileaks، پلاتفۆرمێکی ئینتەرنێتیە، کە دۆکۆمێنتی شاراوەو نهێنی بڵاودەکاتەوە، کە لەخزمەتی مافی مرۆڤ و رای گشتیدان. ئەم پرۆژەیە بۆئەوەیە، کە هەواڵ و گەندەڵی ناو حکومەت و کۆمپانیاکانی جیهان کەشف بکات. هەر بۆئەم مەبەستەش، ئەم سایتە سیستەمێکی تایبەت بەخۆیان داناوە، کە هەموو کەس دەتوانێت دۆکۆمێنیتی نهێنیان بۆ بنێرێت و ناوی کەسەکەش بەنهێنی دەمێنێتەوە و کەشف نابێت.

سایتی ویکیلیکس Wikileaks لە ساڵی ٢٠٠٦ لەسەر بنەمای سیستەمی Wiki (کە سیستەمێکی خێرای ئینتەرنێتە، وەرگێڕ) دامەزراوە. خاڵێکی تری ئەم سایتە ئەوەیە کەناتوانرێت، بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی حکومیەوە. سەرفیسی سەرەکی ئەم سایتە لە وڵاتی سوێدە لەلای کۆمپنیای PeRiQuito AB (PRQ). لەماوەی پێشوودا هەتا ناوەڕاستی ٢٠١٠، تەنها یەک Log Web دانرابوو، زیاتر هۆکەشی بۆ مەسەلەی دارایی دەگەڕایەوە. سایتی ویکیلیکس لەسەرەتای ٢٠١٠ وە تەنها ٥ کارمەندی سەرەکی هەبوون، کە زیاتر وەکو خۆبەخش کاریان لەم سایتەدا دەکرد. جگە لەم ٥ کەسە زیاتر لە ٨٠٠ هاوکاریشیان هەیە. دامەزرێنەرانی ئەم سایتە، بریتی بوون لە کۆمەڵێک دوورخراوەی چینی، زانای ماتماتیک و تەکنیکی، کەلە کۆمپنیای Startup کەلە ئەمەریکا، تایوان، ئەوروپا، ئوستراليا، باشووری ئەفەریکا چالاکە. دامەزرێنەرانی ئەم سایتە، هەروەک لە سایتەکەیاندا دانراوە، کەسانێکی نهێنین و ناویان ئاشکرا نەکردووە. ناوی Wikileaks زیاتر ئاماژەیە بۆ نزیکبوونەوەیەک لەگەڵ سایتی Wikipeiaی جیهانی، بەڵام ویکلیکس هیچ پەیوەندی بە سایتی ویکیپێدیاوە نییە. ئەمان زیاتر دەیانوویست لاسایی سایتی ویکیپێدیا بکەنەوە. لەناو

..............................

(*) وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵا

کارمەندانی ئەم سایتەدا، تەنها نووسەر و زانای کۆمپیووتەری ئۆستڕالی Julian Assangeناسراو دیارە. هەرئەمیش داینەمۆ و هێزی ئەم پرۆژەیەیە. کەسێکی تریش کەناوی دیاربوو، ئەویش Daniel Doms-cheit-Berg، کە خەڵکی ئەڵمانیایە، بەڵام ناوێکی تری لەخۆی نابوو، کەبە Daniel Schmitt

ناسراوبوو. ئەمیش هەتا مانگی سێپتەمبەری ٢٠١٠ لەم سایتەدا کاری دەکرد، بەڵام دوایی بەهۆی چەند کێشەیەکی تایبەتەوە، لەگەڵ Ju-lian Assange تێکدەچێت و بەرەســـــمی واز لەم پرۆژەیە دەهێنێت. بەماوەیەکی کەم دوای ئەویش، پێنج لە سەرکردەکانی تری ئەم سایتە وازدەهێنن.

لەناو ئەم سایتەدا کۆمەڵێک خەڵکی جیاوازی تێدایە، بەتایبەت چالاکەوانانی مافی مرۆڤی چینی. ئەو بابەتانەی کەئەم سایتە بڵاویان دەکاتەوە، بریتین لە بەڵگەنامەو دۆکۆمێنتی نهێنی و شاراوەی سیاسی، دیبلۆماسی، یان ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیان بە مۆڕاڵی گشتی و مافی مرۆڤ وە هەیە. .

بۆ پەخشکردن و بڵاوکردنەوەی بابەتەکان، کۆمەڵێک سۆفتویرSoftware ی جیاوازیان بەکارهێناوە، لەوانە Tor andPGP.Freenet.OpenSSL.. بەکارهێنانی ئەم جۆرە سیستەمانەش زیاتر بۆئەوەبووە، کە نهێنی و ناوی سەرچاوەکان ئاشکرانەکرێت.

لەڕووی داراییەوە، بەشێکی زۆری کارمەندانی خۆبەخشانە کاردەکەن و لەماڵی خۆیانەوە، هاوکاری سایتەکە دەکەن. بەڵام سایتەکە خەرجیەکی زۆری بۆ سیستەمی سێرڤەرەکەی و سیستەمی ریگیستەر و، پەیوەندی بانکی و هەندێکی کاری بیرۆکراتی تر دەوێت. هەروەها مەسەلەی کێشەکانی دادگا( بەحوکمی ئەوەی ئەم سایتە شتی نهێنی دەوڵەت و کۆمپانیاکان کەشف دەکات، زۆرجار تووشی کێشەی دادگایی دەبێت. وەرگێڕ)، بەشێکی زۆری خەرجیەکانی ئەم سایتە پێکدەهێنێت. بەپێی هەندێک سەرچاوە، خەرجی ساڵانەی ئەم سایتە دەگاتە نزیکەی ٦٠٠ هەزار دۆلار. ئەم سایتەش زیاتر پشت بە یارمەتی و هاوکاری خەڵکی تایبەت دەبەستێت. هیچ یارمەتیەک لە کۆمپانیاکان یان حکومەتەکان وەرناگرێت. لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵێک پارێزەر یارمەتییان دەدەن و، هیچ پارەیەک نادەنە پارێزەر. جگە لەمانیش کۆمەڵێک شوێنی تر یارمەتیان دەدەن، لەوانە،

Los Angeles Times, Associated Press ,National Newspaper Association.

بەپێی قسەی Julian Assange کە یەکێکە لە کارمەندە دیارەکانیان، هەتاوەکوو ئێستا، هیچ پارەیەیان نەداوە بە دادگا. Julian Assange دەڵێت : ( هێشتا نە پارەی تێچوونی دادگا یان غەرامەی یاساییمان نەداوە، بەڵکە هەموو کێشە یاساییەکانمان بردۆتەوە.)

لە دیسـەمبـەری ٢٠٠٩ لەسـەر سـایتی org.wikileaks، کە سـایتی رۆژانەیانە، تەنها پەیامێک بڵاوکـرابوویەوە، کە داوای یارمـەتی لە خـەڵکی دەکرد بۆ سـایتـەکە، جگەلەمـەش چەند دیمـەنێکی ڤیدیۆیی بڵاوکرابوونەوە، کە تێیدا ویکیلیکس بەشداری فیستیڤاڵی

Chaos Communication Congress ( ٢٦, ئەم فیستیڤاڵێکی ساڵانەیە، بۆ ئەو کەس و سایتانەی کـە شـارەزاییـان لە بـواری زانسـتی کـۆمـپـیـوتەردا هەیە، ئەم فـیـسـتـیـڤـاڵە لە سـاڵی ١٩٨٤ وە بەردەوامە..وەرگێر).

لەسـەر سـایتـەکە بەیاننـامـەیەک بڵاوکرابوویەوە، کـە باسی کـەمی بودجـەو خـراپی باری دارایی سایتـەکەی دەکرد. ئەم بەیاننامەیە هەتا ١٨ یـانوەری ٢٠١٠ بڵاوکرابوویەوە. ئالەوکاتەدا، سایتـەکە هەتا مـاوەیەکی دیارینەکـراو، تازەنەدەکـرایەوە و بـابەتی نـوێی دانەدابـەزاند. Julian Assange لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامـەگەریدا، ئەم بارەی وەکوو مـانگرتنێکی شـووبهاندا.. لە مـارسی ٢٠١٠ وە، سایتـەکە لەرووی ناوەرۆک و بابەتەوە، زۆر کەمکرایەوە. هـەروەها وەکو جاران پشت بە سیسـتـەمی Wiki نابەسـتێت و نەمـاوە. بەڵام لە مانگی مـای ( پێنج) ٢٠١٠ وە جـارێکی تر سـایتـەکە بەهـەمـان هێزوتینی جاران، دەستیکردەوە بەکار.

هەتا ئۆکتـۆبەری ٢٠٠٩ سایتی ویکیلیکس، بـوو بە ناوەندێکی سـەرەکی بۆ کۆکردنەوەی زیاتر لە ٢،١ ملیـۆن دۆکـۆمـێنت و بەڵگەنامـەی نهێنی دژ بە حکومـەتەکـان، لەهـەمـانکـتـیـشـدا بـوو بە سـەرچاوەیەکی نهێنی و شـاراوەی زانیـاری. لەو حکومـەتانەی کەبەڵگەی دژ بڵاوکـردوونەتوە، چین، باکووری کۆریا، ئیسـرائیل،زیمبابۆی،رووسیـا، تایلاند. هەرلەبەرئەوە ئەو دەوڵەتانە،ناهێڵن سـایتی ویکلیکسیان لەناو تۆری وڵاتەکانیان بڵاوبێتەوە. .

ئەو بەڵگەنامە نهێنیانەی کە سایتی ویکلیکس بڵاوی کردوونەتەوە:

تاڵانکردنی وڵاتی کینیا /

لە ٣١ ئۆگوسـتی ٢٠٠٧ لـە رۆژنامـەی گاردیان The Guardian ئینگلیـزی، بـابەتێکی کەشـفکرد، لەسـەر گەندەڵی و دزینی زیاتر لە ملیاردێک دۆلار، لەلایەن بنەماڵەی سـەرۆکی پێشووی کینیا Dan-iel Arap.. بۆ ئەم بابەتەش، رۆژنامەکە پشتی بە راپۆرتێکی سایتی ویکیلیکس بەستبوو.

زیندانی گوانتانەمۆ Guantánamo

سـایتی ویکیلیکس لە نۆڤێمبـەر و دیدسێمبەری ٢٠٠٧ بابەتێکی لەسـەر هەڵسووکەوتی سووپای ئەمـەریکی لـەگـەڵ زیندانیـانی زیندانی گـوانتـەنمۆ Procedures Camp Delta Standard Operating بڵاوکـردەوە. لەو دۆکۆمـێنتـە نهێنیـەدا، بۆیەکـەمجـار ئاشکرایکرد، کەچۆن سـووپای ئەمـەریکی بەندەکانی ڕیکەوتننامـەی جنێف (ڕێکەوتننامـەیەکی جیـهانیە،تایبـەتە بە مـافی دیلەکانی جـەنگ،،، وەرگێر.) و مـافی مرۆڤیـان پێشـێل کردووە و هەڵسوکـەوتی خراپ لەگەڵ زیندنیـان دەکات، بۆ

نموونە چۆن بە شێوەیەکی سیستماتیکی سووپای ئەمەریکی ناهێڵێت، زیندانیان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی (خاچی سووری نێودەوڵەتی و مانگی سووری نێودەوڵەتی) پەیوەندیان هەبێت و سەردانیان بکەن.

بانکی یولیوس بێر Bank Julius Bär

لەفێبراوەری ٢٠٠٨ دا سایتی ویکلیکس، سەدان دۆکۆمێنتی نهێنی بانکی Julius Bär Bank & Trust Co,

بڵاوکردەوە. ئەم کۆمپانیایە سەر بە گرووپی بانکی Julius Bär ی سویسریە. لەم دۆکۆمێنتەدا کۆمەڵێک بەڵگەی نهێنی تێدابوو، کەچۆن بانکەکەو مووشتەریەکانی لەIslands Cayman. (دوورگەکانی کامێن، بەشێکن لە خاکی بەریتانیا. دەکەونە ناوچەی کاریبیک لە کیشوەری ئەمەریکای لاتین. وەرگێر) ساختەیانکردووەو خۆیان لە باجی دەوڵەت دزیوەتەوە.

بڵاوکردنەوەی ئەندامانی پارتی نەتەوەیی بەریتانی BNP

لە ١٨ نۆڤێمبەری ٢٠٠٨ سایتی ویکیلیکس بابەتێکی بڵاوکردەوە، کە بریتی بوو لە، ناوی ئەندامانی پارتی نەتەوەیی بەریتانی، لەم دۆکۆمێنەت نهێنیەدا، ناوو ئەدرێس و کاری هەموو ئەندامەکانی ئەم پارتەی تێدابوو کەژمارەیان دەگاتە ١٢,٨٠١ ئەندام. لەناو ئەم لیستەدا ( پۆلیس، پارێزەر، قەشە، دکتۆر،مامۆستایانی سەرەتایی و ئامادەیی) تێدابوو.

بڵاوکردنەوەی لیستی قەدەغەکراوی ئینتەرنێتی دەوڵەتان

سایتی ویکیلیکس لە ساڵی ٢٠٠٨ لیستی قەدەغەکراوی سایتی ئینتەرنێتی ( ئەو سایتانەی کەلەلایەن دەوڵەتەوە قەدەغە دەکرێت..وەرگێر ) کۆمەڵێک دەوڵەتی بڵاوکردەوە. لەوانە(چین، تایلاند، دەنیمارک،فینلاند، نەرویژ، ئیتالیا، ئۆستراليا).

ساڵی ٢٠٠٩/

بڵاوکردنەوەی بەڵگەی نهێنی لەسەر Kaupthing-Bank

لە ٢٩,٠٦,٢٠٠٩ سایتی ویکلیکیس دۆکۆمێنتێکی ئینتەرنێتی لەسەر بانکی Bank–Kaupthing بڵاوکردەوە،. ئەو بانکەی کە وڵاتی ئایسلاند تووشی هەرەسی بانکی کرد و، پاشانیش بوو بەهۆی ئەوەی کە ئایسلاند تووشی کێشەی ئابووری گەورەبێت. دکۆمێنتەکە ئاشکرای دەکات، کە ئەو بانکە، بڕە پارەی ئێجگار زۆری بە قەرز داوە، کە لەسەروو ملیارد دۆلارەوەیە، بەبێ ئەوەی هیچ گرەنتیەکی بانکیان هەبێت. هەروەها چەندین بڕە پارەی زۆری تری بەم شێوەیە بە قەرزداوە.

بڵاوکردنەوەی Minton Report لەسەر پاشماوەی غازاتی کووشندە لە وڵاتی کۆت دو فوار(ساحل العاج)

لە سـیپتـەمبـەری( ئەیلوول) ی ٢٠٠٩ دا، سـایتی ویکلیکس راپۆرتی مـینتـۆن Minton Report لەسـەر پاشـماوەی غـازاتی سام لە ولاَتی ( کۆت دو ڤوار. سـاحل العـاج) بلاَوکردەوە. ئەم راپۆرتە (کە زۆر نهێنی بووە) لەلایەن کەسێکەوە نووسراوە، کە کارمەندی کۆمپانیای Trafigura سویسری ، کە کۆمپانیایەکی تایبەتە بە ووزەو ماددەی کیمیاوی . ئەم راپۆرتە لە ساڵی ٢٠٠٦ دا نووسراوە، باس لەوە دەکـات کـە ئەو پاشـمـاوانەی کـە کۆمـپـانیـاکە لـە ولاَتی سـاحل عـاج فـرۆشـتـوویەتی، کاریگەری ئێجگار خراپیان بۆ بۆ سەر باری تەندروستی خەڵکی دەبێت. لە راپۆرتەکەدا نووسراوە، ئەو پاشماوانە ئەم جۆرە ماددانەی تێدایە ( پیـول، کبریتی هـایدرۆجین، صۆدیوم). ئەمانەش هەموو ماددەی کیمیاوی کوشندەن.

بلاَوکردنەوەی رێکەوتنی نهێنی نێوان ئەوروپا و ئەمەریکا لەسەر داتای بانکی Bankdaten

لە ١٢ نـۆڤـێـمـبـەری ٢٠٠٩ دا سـایتی ویکلیکس بابەتێکی بلّـاوکـردەوە، کـە باس لـە پرۆژەی رێکەوتـنێکی نهـێنی نـێوان یەکـێتی و ئەوروپاو ئـەمـەریـکا دەکات. بەپێی ئەو بەڵگەنامـەیە، داتای بانکی Bankdaten ئەوروپی دەدرێتە ئەمەریکا. رۆژێک پێش بلاَوکردنەوەی ئەم راپۆرتە، رۆژنامەی Deutschland Financial Times دەربارەی ناوەرۆکی رێکەوتنامەکە بابەتێکی بلاَوکردەوە..

بلاَوکردنەوەی پەیامگەلی ئاگاداری رووداوی ١١ سێپتەمبەری ٢٠٠١

لە ٢٥ نۆڤێمبەری ٢٠٠٩ دا، سایتی ویکیلکس بابەتێکی بلاَوکردەوە، کە تێیدا لیستێک زیاتر لە ٥٧٠,٠٠٠ پەیامگەلی ئاگاداری تێدابوو، کە لـە سـەنتـەری هەواڵی تەلەفـوونی وەریگرتبـوو. ئالەو رۆژەی کە کارە تیرۆریستیـەکەی ١١ی سێپتـەمبـەری ٢٠٠١ روویدا، پەیامـە ئاگاداریـەکانی لە کـاتژمـێر ٣ وە تا ١٢ی رۆژی ١٢ی سێپتـەمبـەری ٢٠٠١ بلاَوکردبوەوە. بەپێی سـایتی ویکلیکس لەناو ئەو پەیامگەلە ئاگاداریانەدا، چەندین کەسایەتی و کـارمەندانی گەورەی پینتاگۆن (وەزارەتی بەرگری ئەمەریکی) و NYPD تێدایە.

ئابرووچونی ژینگەیی/

ناونیشانەکە بەم شێوەیەبوو: رووداوی هاکەر(Hacker) سەنتەری ژینگەپارێزی زانکۆی University of East Anglia

لە ٢١ نۆڤێمبەری ٢٠٠٩ دا سایتی ویکلیکس توانی بگاتە ZIP-Datei ،

.Climatic Research Unit emails data,models,1996-2009 بـەپـێـی ئـەو ئـێـمـەیـلانـەی کەدەستیانکەوتووە، ئاشکرای دەکات، کە رەخنەی زۆر لە تیۆری زانستی دەربارەی گۆڕینی ژینگە گیراوەو، ئاشکراشی دەکات کە چەندین ساختەکاری دەربارەی گۆڕینی پلەکانی گەرماوەلەلایەن ( Climatic Research Unit,University of East Anglia ) وە کراوە.

بڵاوکردنەوەی راپۆرتی پۆلیسی عەسکەری (ئەڵمانی) لە کوندوز( ئەفگانستان)

لە ١٣ دیسەمبەری ٢٠٠٩ دا، سایتی ویکلیکس بابەتێکی لەسەر راپۆرتی پۆلیسی عەسکەری (ئەڵمانی )بڵاوکردەوە. کە تێیدا باسی بۆمبارانکردنی دوو تانکەری بەنزین، لەلایەن سەربازانی ئەڵمانیاوە لەناوچەی کوندوز (ئەو ناوچەیەی کە سووپای ئەڵمانی تێدایە) دەکات. ئەم بۆمبارانەش بووە هۆی کوژارنی خەڵکی سیڤیلی ئەفگانی. ئەم راپۆرتەی وکلیکس لەزۆر خاڵدا دژی ئەو راپۆرتەی حکومەتی ئەڵمانیا وەستایەوە، کەلەسەر ڕووداوەناخۆشەکی ناوچەی ( کوندوز) نووسیبووی. ئەم ڕووداوەش حکومەتی ئەڵمانیای تووشی کێشەیەکی سیاسی ئاڵۆزکرد، کە زۆرکەس داوای دەست لەکارکێشانەوەی وەزیری بەرگری ئەڵمانی Karl-Theodor zu Guttenberg دەکرد.

ساڵی ٢٠١٠ /

پلانی نهێنی دەزگای CIA دەربارەی سایتی ویکلیکس

لە ١٥ مارسی ٢٠١٠ یەکێک لە دۆکۆمێنتە نهێنیەکانی دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا CIA لەلایەن سایتی ویکیلکس بلاوکرایەوە. تێیدا هاتووە بۆچی دەزگای هەواڵگری ئەمەریکا CIA ویکلیکس بە گرفتێک دادەنێت. هەروەها باسی چەند میتۆد دەکات، کەلە دژی ویکلیکس وکارمەندانی بەکاربهێنرێت و بەم شێوەیەش ویکلیکس لەناوببرێت.

بڵاوکردنەوەی بەڵگەیەک لەسەر دەزگای CIA دەربارەی هەواڵی درۆ لەسەر جەنگی ئەفگانستان

لە ٢٦ مارسی ٢٠١٠ دا دۆکۆمێنتێکی نهێنی دەزگای CIA بڵاویکردەوە، کەتێیدا باسی گرووپی CIA Red Cell، دەکات. لەو دۆکۆمێنتەدا ستراتیژی CIA لە ئەڵمانیا وفەرەنسا ڕووندەکاتەوە، کەچۆن کاربکەن بۆ پشتگیریکردنی جەنگی ئەمەریکا لە ئەفگانستان و هەوڵی بچووکردنەو لاوازی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی ئەفگانی پیشانبددەن.

بڵاوکردنەوەی ئەشکەنجەدان و کووشتنی خەڵکی سیڤیلی عێراقی و رۆژنامەوانان لەلایەن سووپای ئەمەریکیەوە

ناونیشانەکە بەم شێوەیە بووە: بۆمبارانی فرۆکە لە بەغداد، ١٢,٠٦,٢٠٠٧

لە ١٢,٠٦,٢٠٠٧ کۆمەڵێکی خەڵکی سیڤیل کەلە نێوانیاندا هەردوو رۆژنامەوانی دەزگای رۆیتەری هەواڵی ( سعید جماخ، نمیر نوالدین) لە شاری بەغداد، لەلایەن هەلیکۆپتەری ئەپاچیApache ئەمەریکیەوە زیاتر لە ٣٠ فیشەکی هەلیکۆپتەری تێگردوون و کوشتوونی. لە ٥ ئەپریلی ٢٠١٠ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا، وێنەی ڤیدیۆیی کەلەلایەن -Apah aceهەلیکۆپتەرەکەوە گیرابوو، بڵاویکردەوە.

بڵاوکردنەوە بۆمبارانی فرۆکەوانی لە ناوچەی Garani

لەناوەراستی مانگی شەشی ٢٠١٠ سایتی ویکلیکس، وێنەیەکی ڤیدیۆیی نهێنی بڵاوکردەوە، کە تێیدا بۆمبارانی فرۆکە جەنگیەکانی ئەمەریکا لە ناوچەی گەرانی لە ئەفگانستان پیشان دەدات. لەم بۆمبارانەدا لە نێوان ٨٦ بۆ ١٤٥ کەس گیانیان لەدەست دا.

بڵاوکردنەوەی (Afghan War dairy (AWD

(Afghan War dairy ( AWDواتە (رۆژمێری جەنگی ئەفگانستان). لە ٢٥،٠٦،٢٠١٠ دەربارەی جەنگی ئەفگانستان کەلەنێوان ساڵانی ٢٠٠٤ تا ٢٠١٠، کۆمەڵێک دۆکۆمێنتی نهێنی بڵاوکردەوە، کەنزیکەی ٧٦,٩١١ دۆکۆمێنت دەبوون. هەروەها نزیکەی ١٥,٠٠٠ دۆکۆمێنتی تریشیان لایە، پاش ئەمانە بڵاویان دەکاتەوە. پاش بڵاوبوونەوەی ئەم بەڵگانە بۆ یەکەمجار لەلایەن رۆژنامەکانی نیۆرک تایمز و گاردیان وگۆڤاری شپیگلەوە، شرۆڤەیان بۆکرا.

بڵاوکردنەوەی پلانی Loveparade 2010 لە ئەڵمانیا

لە ٢٠ ئۆگوستی ٢٠١٠ ویکلیکس، بەڵگەنامەیەکی نهێنی دەستکەوت و پاشان بڵاویکردەوە،. دۆکۆمێنتەکە باس لە چۆنێتی پلاندانان و رێکەپێدانی رەسمی لەلایەن شارەوانی دیسبوورگ لەئەڵمانیا بۆ فیستیڤاڵی Loveparade ( فیستیڤاڵێکی ساڵانەیە لەلایەن توخم بازەکان"Homosexual" ئەڵمانیاوە سازدەکرێت وەرگێر) دەکات. لەم دۆکۆمێنتەدا نەخشەپلانی لیژنەی ئامادەکاری ڤیستیڤاڵەکە دەردەخات. چۆن کارەکانیان دابەشکردووە، لەرووی ئەمنیەوە، لەرووی بەشداری پۆلیس، لەرووی ژمارەی بەشداربوان پیشان دەدات. ( جێگای ئاماژەی لە ڤیستیڤاڵی Loveparadeی ٢٠١٠ بەهۆی بەشداریبوونی خەڵکێکی زۆر ، کارەساتێکی گەورە روویدا، کەبووە هۆی مردنی ٢١ کەس و زیاتر لە ٥١١ کەسیش برینداربوون.)

یاداشتنامەی CIA ی ئەمەریکی لەسەر بڵاوکردنەوەی تیرۆر

لە ٢٥ ئۆگووستی ٢٠١٠ ویکلیکس یاداشتنامەیەکی نهێنی CIA ی ئەمەریکی بڵاوکردەوە، کەتێیدا هاتووە، چۆن بەشێک لە دەزگای CIA ی پارێزگاری لە کۆمەڵێک خەڵکی توندڕەو تیرۆسیت دەکات.

بڵاوکردنەوەی بەڵگەی نهێنی Iraq War Logs

Iraq War Logs واتە ( کتێبی جەنگی عێراق). لە ٢٢ ئۆکتۆبەری ٢٠١٠، کاتژمێر ٢٢ بە کاتی جیهانی، ویکلیکس کۆمەڵێک دۆکۆمێنتی نهێنی دەربارەی جەنگی عێراق لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٤ تا ٢٠٠٩ بڵاوکردەوە، کە ژمارەیان دەگەیشتە ٣٩١,٣٨٢. بەپێی ئەو بەلگەنامانە، ژمارەی قوربانیان دەگەیشتە ١٠٩,٠٠٠، کەلە نێوانیاندا ٦٦,٠٧١ خەڵکی سیڤیل بوون. ئەمەش

گەورەترین دۆکۆمێنتی سەربازیە، لە مێژووی ئەمەریکادا. ئەم بەڵگەنامانە لە بەڵگەکانی جەنگی ئەفگانی

(Afghan War dairy (AWD زیاتر بوون.

هەوڵی دەوڵەتان بۆ سانسۆرکردن و دژایەتیکردنی سایتی ویکلیکس

لە ٩ی ئەپریلی ٢٠٠٩ دا وێب سایتی ویکلیکس، لەسەر تۆری ئینتەرنێتی ئەڵمانی،.Domain de بەبێ ئەوەی هیچ هۆیەک دیارنەما. لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، ویکلیکس رایگەیاند، کە بەبێ ئەوەی پێش وەخت ئاگاداربکرێنەوە ویبسایتی de.Wikilaeks داخرابوو. ئەم کارەش لەلایەن دەزگای کۆنترۆلی ئینتەرنێتی حکومەتی ئەڵمانیەوە DENIC ئەنجام درابوو. لە ١٣ ئاپریلی ٢٠٠٩ هەمان سەنتەر ڕوونکردنەوەیەکی نووسی، کەتێیداهاتبوو، گرێبەستی Domain ویبسایتی -Wik ileaks .orgلە دیدسەمبەری ٢٠٠٨ وە تەواوبووەو، گرێبەستەکەش تازەنەکراوەتەوە. هەرلەبەرئەو هۆیە، ئەو وێبسایتە داخراوە. بەڵام دیسانەوە لە ١٧، ئەپریلی ٢٠٠٩ جارێکی تر وێب سایتی ویکلیکس لەسەر تۆری ئینتەرنێتی ئەڵمانی de.Wikilaeks بەردەوامی بە پەخشەکانی خۆی دا.

ئێران وێبسایتی ویکلیکس دادەخات

لە مانگی حەوتی ٢٠٠٩ دا لە ئێران هەموو وێب سایتێک کە پەیوەیندی بە وێبسایتی ویکلیکسەوە هەبوو، لەلایەن حکومەتی ئێرانیەوە داخران. ئەم کارەش پاش ئەوە دێت، کە وێبسایتی ویکلیکس، هەواڵی کێشەی تەکنیکی بەرنامەی ئەتۆمی ئێرانی بڵاوکردەوە.

یاسای سەرچاوەپارێزی /

لە ئۆگووستی ٢٠١٠ دا، کۆمەڵێک پسپۆری بواری یاسایی لە سوێد دوایانکرد، کە پێویستە لە سوێد یاسایەکی پتەو دابنرێت، بۆ ئەوەی (سەرچاوەپارێزی، پارێزگاریکردن لە سەرچاوە) لە کاری رۆژنامەوانیدا پارێزراوبێت. ئەم یاسایەش تەنها لە بواری میدیای کلاسیک (تیڤی، رادیۆ، رۆژنامە) و وێبسایتە ئینتەرنێتیەکان دەگرێتەخۆی. واتە پێویستە بۆ هەر هەواڵێک ( ناوی کەسەکە یان سەرچاوەکە دیاریبکرێت) ئینجا مافی بڵاوکردنەوەی پێ بدرێت. هەرلەبەر ئەم هۆیە، لەحالەتی کێشەی یاساییدا، وێبسایتی ویکلیکس ناتوانێت پشت بە یاسای (سەرچاوەپارێزی) سویدی ببەستێت. وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بەم هەوڵانە Assange Julian، کار بۆ رۆژنامەی سویدی Aftonbladet دەکات و کار بۆ ئەوە دەکات، کە یاسای (سەرچاوەپارێزی) لەبەرژەوەندی ویکلیکس بێت. چونکە گەر سەرچاوەکان دەستنیشان بکەن، خەڵکێکی زۆر تووشی کێشە دەبن. بۆ نموونە سەربازێکی ئەمەریکی بەناوی Bradley Manning، پاش ئەوەی وێنە ڤیدیۆکەی هەلیکۆپتەری Apache بڵاوکردەوە، یەکسەر بەتۆمەتی بڵاوکردنەوەی زانیاری نهێنی، لەلایەن حکومەتی ئەمەریکیەوە گیرا.

نەخشەی دامەزراندنی بەندەری داتای لە وڵاتی ئایسلاند

لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ دا، لەپێشانگای ٢٦, Chaos Communication Congress نێودەوڵەتی لە بەرلین. چالاکەوانانی وێبسایتی ویکلیکس لە پێش هەمووشیانەوە Assange Julian، ڕایانگەیاند، کە نەخشەیەکیان بە دەستەوەیە، لە وڵاتی ئایسلاند ، ( بەندەری داتای){ " زیاتر مەبەستیان وەکو شوێنێکی سەرەکی بۆ خەزنکردنی زانیاری گشتی. وەرگێر} دابمەزرێنن.

بۆچوونی جیاواز دەربارەی ویکلیکس

بەپێی بۆچوونی Tracy Schmidt کەلە گۆڤاری Time کاردەکات، " ویکلیکس دەتوانێت ببێتە بابەتێکی گرنگی رۆژنامەوانی، دەکرێت لە داهاتوودا وەکووFreedom of Information Act (FOIA) لێبێت.

(Freedom of Information Act (FOIA یاسای ئازادی لە وەرگرتنی بەڵگەننامەکانی حکومی. ئەم یاسایە ساڵی ١٩٦٦ لەلایەن سەرۆکی ئەمەریکی جۆنسون ئیمزاکراوە. بەپێی ئەم یاسایە هەموو هاوڵاتیەک بۆی هەیە، لەئەرشیفی حکومەتدا ،داوای بەڵگەنامەکانی حکومەت بکات.، وەرگێر)

رۆژنامەنووسی ئەڵمانی Thomas Thiel کەلە رۆژنامەی فرانکفۆرتە ئەلگەماینە تسوایتونگ کاردەکات، پێی وایە " شاراوەیی لە کاردکردن و نەبوونی کۆنترۆلکردن لە سایتی ویکلیکس دا، وامان لێدەکات، کە دۆکۆمێنتە تەزویرەکان لە ڕەسەنەکان جیانەکینەوە."

بەڵام ویکیلیکس دژی ئەم قسەیە دەوەستنەوە، ئەوان پێیان وایە، هەر دۆکۆمێنتێک کە ساختە بێت، هەر لەسەرەتاوە ناهێڵن بڵاوبکرێتەوە.

زۆرجار هەڵەی گەورە ڕوودەدەن، بۆنموونە کاتێک کە هەواڵی ئەوە بڵاوبوویە، کە ,Steve Jobs بەڕێوبەرو دامەزرێنەری کۆمپانیای Apple CEO , نەخۆشی ئایدزی هەیە. ئەم هەواڵەش لە بۆرسەدا زۆر کاری خراپی کردە سەر کۆمپانیاکە، بەڵام دوایی دەرکەوت کەئەو هەواڵە ڕاست نەبووە.

بەپێی ئەو زانیارانەی کە سایتی ویکلیکس بڵاویدەکاتەوە، هەموو دکۆمێنتێک کە دەستیان دەکەوێت، سەرەتا لەلایەن کۆمەڵێک رۆژنامەنووسی بەتواناو پسپۆرەوە کۆنترۆڵدەکرێت و لێیاندەکۆڵێرێتەوە. هەموو شێوازێک، تەنکیکێک، بەکاردەهێنن، بۆئەوەی لە رەسەنایەتی دۆکۆمێنتەکان بکۆڵننەوە. هەتاوەکوو ئەمڕۆش هیچ هەڵەیەکیان لە دۆکۆمێنتەکاندا نەکردووە. پاشان کاتێک کە سایتی ویکلیکس بڵاویدەکاتەوە، ئەو دۆکۆمێنتانە، لەلایەن رۆژنامەنووسانی ترەوە، شرۆڤەدەکرێت و لە راستی و دروستی بەڵگەکە دەکۆڵرێتەوە.

کاتێک سایتی ویکلیکس دەعوتنامەیان بۆ دەزگای ,Federation of American Scientists (FAS)

ڕازی نەبوون ئامادەبن. (فیدراسیۆنی زانایانی ئەمەریکا، لە ساڵی ١٩٤٥ وە دامەزراوە، زیاتر لە ٦٠ زانا کە خەڵاتی نۆبڵیان وەرگرتووە، ئەندامی ئەم ڕێکخراوەن،،وەرگێر). هۆکاری ڕازی نەبوونەکەشیان گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە " بە حکومی نەبوونی کۆنترۆڵێکی بەڕێوبەرایەتی سایتەکە، زۆرجار بڵاوکراوەکان، دەبنە ئاکتێک (بابەتێک) بۆ توندوتیژی یان هاندانی توندووتیژی دەدەن، جگە لەوەش زۆرجار هێرش دەکەنە سەر ئازادی تاکەکەسی و گوێنادەنە حورمەتی کەسایەتی خەڵکی). فیدراسیۆنی زانایان درێژە بە ڕەخنەکانیان دەدەن و دەڵێن " دەبێت لە کاتی بڕیاردان لەسەر بڵاوکردنەوەی دۆکۆمێنتێکی نهێنیدا،شێوە جیاوازیەک لە نێوان ئەو دەوڵەتانەی کە دیکتاتۆرن لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە سیستەمی دیمۆکرات و دەوڵەتی یاسان بکرێت. چونکە لەدەوڵەتی یاسادا، هاوڵاتیان بەپێی یاسای بنەرەتی مافیان پارێزراوەو دەتوانن بەرگری لەمافەکانی خۆیان بکەن. لەهەمانکاتیشدا ترسی بەکارهێنانی خراپ لەو دۆکۆمێنتە نهێنیانەداهەیە، کەبەبێ ئەوەی شرۆڤە بکرێن و لەرەسەنایەتیان بکۆڵرێتەوە بڵاودەکرێنەوە"

لەلایەن حکومەتی ئەمەریکاشەوە،ڕەخنە لە سایتی ویکلیکس دەگرێت، چونکە بڵاوکردنەوەی دۆکۆمێنتە سەربازیەکان، ژیانی سەربازەکانی ئەمەریکای خستە هەرەشەوە. هەروەها لەلایەن حکومەتی ئەمەریکیەوە، هەرکەسێک، دۆکۆمێنتی سەربازی نهێنی بداتە سایتی ویکلیکس، بە ناپاکی نیشتمانی لەقەڵەم دەدرێت و پاشانیش لە ڕووی یاساییەوە سزادەدرێت.

ئەو خەڵاتانەی کە ویکلیکس وەریگرتوون

ساڵی ٢٠٠٨ خەڵاتی The Economist's Index on Censorship Awar وەرگرت.

ساڵی ٢٠٠٩ خەڵاتی Amnesty International UK New Media Award وەرگرت.

هەمان ساڵ خەڵاتی Distinction Ars Electronica Digital Communities Award of وەرگرت.

سەرچاوە: Wikipedia.Org. Deutsch.Wikileaks.www

## ئەو بابەتە گرینگانەی کە سایتی ویکیلیکس ئاشکرای کرد

لە کۆتاییی ئەم مانگەدا هەموو دنیا چاویان خستە سەر سایتی ویکیلیکس، بۆ ئەوەی بزانن ئەمجارەیان چ جۆرە دۆکۆمێنتێکی نهێنی ئاشکرا دەکات. دیارە ئەمجارەیان جۆر و بابەتی دۆکۆمێنتەکان، لە هی جارانی پێشوو جیاوازتر بوون. هەر ئەم سایتە پێشتر دۆکۆمێنتە نهێنییەکانی وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکایی، لەسەر شەڕی عێراق، زیاتر لە ٤٠٠ هەزار دۆکۆمێنتی نهێنی و لەسەر ئەفغانستانیش زیاتر لە ٩٢ هەزار دۆکۆمێن ئاشکرای کرد. بەڵام دۆکۆمێنتەکانی ئەمجارەیان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا هێناوە. ئەمەش یەکەم جارە لە مێژووی ئەمەریکادا، ئەم هەموو دۆکۆمێنتە دیپلۆماسییانە ئاشکرا بکرێ.

## بابەتی گرینگی بەڵگەنامەکان

دیارە پاش بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکان، کۆمەڵێک ڕۆژنامەی جیهانی دەستیان کرد بە شرۆڤەکردن و لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامە نهێنییەکان. ڕۆژنامەکانی (نیویۆرک تایمزی ئەمەریکایی، لۆمۆندی فرەنسی، گاردیان بەریتانی، بایس ئیسپانی) لەگەڵ کۆواری (دێر شپیگلی ئەڵمانی) ڕاپۆرتی خۆیان نووسی. من بۆ نووسینی ئەم بابەتە زیاتر پشت بە شرۆڤەکانی دێر شپیگلی ئەڵمانی دەبەستم. بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر بەڵگەکانی ویکیلیکس، کۆواری شپیگل ٥٠ ڕێدەکتۆری بۆ ئەم مەبەسەتە تەرخان کردبوو. کە زیاتر خەڵکانی پسپۆڕ لە بواری زمانی ئینگلیزی و ڕۆژنامەوانیدا شارەزا بوون.

ژمارەی ئەو بەڵگەنامانەی کە بڵاو کراونەتەوە دەگاتە ٢٤٣,٢٧٠ ڕاپۆرتی دیپلۆماسی، کە سەفیر و کۆنسوڵ و نوێنەرەکانی ئەمەریکا لە دنیا بۆ وەزارەتی دەرەوەیان ناردووە. جگە لەمەش زیاتر لە ٨٠١٧ ڕێنوێنی (توجیهات)ی وەزیری دەرەوە، کە بۆ سەفیر و کونسوڵەکانی ناردووە، بڵاو کراوەتەوە. مێژووی هەندێک لە بەڵگەنامەکان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٦، بەڵام بەشی زۆریان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٤ پاش دروستکردنی سیستەمی SIPRNet.

### سیستەمی SIPRNet

لە پاش هێرشەکانی ١١ سێپتەمبەری ٢٠٠١وە، حکوومەتی ئەمەریکا بیری لە دۆزینەوەی سیستەمێکی نوێ کردەوە، بۆ ئەوەی زانیاری و هەواڵی گرووپە تیرۆریستییەکان بداتە وەزارەتەکانی بەرگری و دەرەوە، دەزگەی CIA,FBI، چونکە یەکێک لە ڕەخنەکان کەلە سیستەمی کارگێڕیی ئەمەریکا گیرا، ئەوە بوو ک هیچ کام لەو دەزگەیانە بۆیان نییە، بچنە ناو سیستەمی کۆمپیوتەری یەکترییەوە. هەر بۆیە ساڵی ٢٠٠٤ سیستەمی سیستەمی Secret Internet Protocol Router Network (SIPRNet) دامەزراند. ئەم سیستەمە بۆ ئەوە دانرا، کە هاریکاریی دەزگەکانی دەوڵەت بکات. ئەمڕۆ ٢,٢ لیۆن کارمەندی حکوومەتیی ئەمەریکایی دەتوانن بچنە ناو ئەم سیستەمەوە. بەشێکی زۆری پسپۆڕان و کارمەندانی وەزارەتەکان لە پێش هەمووشیانەوە وەزارەتی بەرگری، ئەم Datenbank یان دروست کردووە. هەموو ئەندامێکیش خاوەنی ناوی تایبەت و پاسۆوردی (ژمارەی نهێنی) خۆیەتی، هەموو ١٥٠ ڕۆژ جارێکیش ئەو ژمارە نهێنییە دەگۆڕێ. هەروەها خاوەنی سیستەمێکی ئێجگار خێرایە، بۆ گواستنەوەی زانیاری و هەواڵی نهێنی.


## چۆن ویکیلیکس ئەم بەڵگەنامانەی دەست کەوت؟

جارێکی تر مەسەلەی چۆنیەتیی بەدەستکەوتنی ئەم بەڵگەنامانە بووە، جێگەی پرسی میدیاکانی دنیا. بەپێی کۆواری شپیگلی ئەڵمانی، ویکیلیکس هەر لە ڕێگەی سیستەمی سیستەمی SIPRNet ئەمەریکاییەوە توانیویەتی ئەم بەڵگەنامانەی دەست بکەوێت. کەسێک توانیویەتی دزە بەو هەموو

دۆکۆمێنتە نهێنیانە بکات و بیانگەیەنێتە سایتەکە. بەحوکمی ئەوەی گواستنەوە و هەڵگرتنی دۆکۆمێنت، لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە زۆر ئاسانە وەکو جاران نییە، کە قەوارەی گەورە بێت. لە هەمان کاتیشدا ویکیلیکسیش خاوەنی سیستەمێکی باشی ئینتەرنێتییە، کە هەموو کەس دەتوانێت زانیاریی بداتێ و بێ ئەوەی ناوی کەسەکە ئاشکرا بکەن.

## شێوازی نووسین

ئەوەی جێگەی باسە ئەم دۆکۆمێنتانە (ڕاستی و ڕەوانییەکی) زۆری پێوە دیارە. چ وەزیر یان دیپلۆماسییەکان، زۆر بە ڕاشکاوانە بۆچوون و قسەی خۆیان خستووەتە ڕوو. کۆواری شپیگلی ئەڵمانی پێی وایە، بەشێکی زۆری دیپلۆماسییەکانی ئەمەریکا، بۆیە ئاوا بە ڕاشکاوانە قسەیان کردووە، چونکە وایان زانیوە، ئەم دۆکۆمێنتانە پاش ٢٥ ساڵی تر ئینجا مافی ئاشکراکردنیان هەیە. بەپێی یاسای ئەمەریکایی هەر پاش ٢٥ ساڵ، هاووڵاتییان بۆیان هەیە سەیری دۆکۆمێنتەکانی حکومەت بکەن. هەر ئەمەش بەهۆی سەرەکی دادەنرێ، بۆ ئەوەی کە دیپلۆماسییەکان زۆر بە ڕاشکاوانە قسە و باسی خۆیان نووسیوە. لەلایەکی تریشەوە کۆواری شپیگل پێی وایە، کە جۆری نووسینی ئەم بەڵگەنامانەش، لە جۆری نووسین و خەزنکردنی ئەو بەڵگەنامانەی پێشوو جودایە، کە پێشتر لە وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکاییەوە ویکیلیکس




وێنەی یەکێک لە دۆکۆمێنتەکان

ئاشکرای کردوون. ئەم دۆکۆمێنتانەی ئەمجارە، خوێندنەوەیان لە چاو دۆکۆمێنتەکانی تر، زۆر ئاسان و بێ گرێیە.

## بەشێک لە بابەتەکانی ئەم دۆکۆمێنتە نهێنییانە

١- کۆریای باکور و باشوور

بەپێی ئەو دۆکۆمێنتانەی کە ویکیلیکس بڵاوی کردووەتەوە، دیپلۆماسییە ئەمەریکاییەکان لەگەڵ بەرپرسانی وڵاتی کۆریای باشوور، گفتوگۆی چڕوپڕیان کردووە، لەسەر باری سیاسی پاش ڕووخانی ڕژێمی کۆریای باکور. هەروەها قسە و باسێکی زۆر لەسەر ئەوە کراوە، ئاخۆ پاش ڕووخانی ڕێژیمی کۆریای باکور، چۆن هەردوو وڵات یەک دەگرنەوە و چ نەخشە و پلانێکی سیاسییان بۆ پاش ڕووخانی ڕێژیم دەبێت. سەفیری ئەمەریکا باسی لەوە کردووە، کە ئەمەریکا بیر لەوە دەکاتەوە، کە هەلی بازرگانی بدەنە چین، بۆ ئەوەی دژی یەکبوونی کۆریا نەوەستێتەوە.

٢- چین و پەلاماری تۆڕی ئینتەرنێتی دنیا

بەپێی ئەو هەواڵانەی کە دیپلۆماسییە ئەمەریکاییەکان بۆ وەزارەتی دەرەوەی خۆیان ناردوویانە، باس لەوە دەکەن کە حکوومەتی چینی، هەوڵی گەشەسەندیی دزین و پەلاماری ئینتەرنێتی داوە. هەر بۆ ئەم مەبەستەش ساڵی ٢٠٠٢، کۆمەڵێک پسپۆڕی بواری ئاسایشی ئینتەرنێتی کۆ کردووەتەوە. هەر لە ڕێگەی ئەوانیشەوە توانیویەتی دزە بکات بۆ ناو سیستەمی کۆمپیوتەری دەزگەکانی حکومی لە ئەمەریکا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواکانی. هەروەها چینییەکان توانیویانە بچنە ناو کۆمپیوتەری شەخسیی پێشەوای تیبەتی دەلای لاماوە. هەروەها حکوومەتی چینی بەوە تۆمەتبار دەکەن کە دەستی لە پەلاماردانی سیستەمی ئاسایشی سایتی Google لە چین هەبووە.

٣- زیندانییانی گوانتانامۆ

لە بەڵگەکاندا باسی ئەو گفتوگۆیانە دەکات، کە دیپلۆماسییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ وڵاتانی دنیا کردوویانە. لە بەشێک لەو گفتوگۆیانەدا، باسی ئەوە کراوە، کە هەندێک دەوڵەت ڕازی بوون ئەو زیندانییانە وەربگرن، لە بەرامبەر ئەوەی پاداشتێک وەربگرن. یان هەندێک بەرپرس شتی تایبەتییان لێ داوا کردوون. بۆ نموونە چەند بەرپرسێکی وڵاتی لێتوانی، ئامادە بوون ئەو زیندانییانە وەربگرن، بەمەرجێک کاریان بۆ بکرێ تا سەرۆکی ئەمەریکا ببینن.

٤- بۆچوونی سەرۆکی میسری لەسەر شەڕی عێراق

بەڵگەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن، کە سەرۆکی میسر ئەمەریکاییەکانی ئاگەدار کردووەتەوە کە پەلاماری عێراق نەدەن. پاش داگیرکردنی عێراقیش سەرۆکی میسری بەجێگری پێشووی سەرۆکی ئەمەریکا دیک چینی ووتوە، کە هەوڵ بدەن لەشکری عێراقی بەهێز بکەن، پاش ماوەیەکیش کودەتایەکی سەربازی ئەنجام بدەن. ئەو پێی وا بووە کە دیموکراسی لە عێراقدا سەرناگرێت،

چونکە خەڵکی عێراق سروشتێکی شەڕەنگێزانەیان هەیە. هەروەها زۆر دژی حکوومەتی ئێران بووە و ڕقیشی لە سەرۆکی ئێرانی ئەحمەدی نەژاد دەبێتەوە. لە بەرامبەر دۆسیەی ئەتۆمیی ئێرانیش، دیپلۆماسییەکانی ئەمەریکا، باسی ئەو گفتوگۆیانەیان کردووە، کە لەگەڵ بەرپرسانی بەرزی میسری کردوویانە، وەکو سەرۆکی میسر، جەمالی کوڕی، سەرۆکی دەزگەی هەواڵگری عومەر سلێمان. هەموویان دژی دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران بوون، پشتگیریی خۆیان بۆ ئەمەریکا دووپاتکردووەتەوە.

٥- تورکیا و ڕێژیمی ئیسلامیی ئەردۆگان و قاعیدە

بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی کە کۆواری شپیگل نووسیویەتی، ٧٩١٨ دۆکۆمێنتی دیپلۆماسی لە سەفارەتی ئەمەریکا لە ئەنقەرە، ٨٨٧ دۆکۆمێنتیش لە کونسلگەی ئەمەریکا لە شاری ئەدەنە لەسەر ئەم وڵاتە نووسراوە. ئەوەی جێگەی تێرامانە، زۆرترین دۆکۆمێنتی دیپلۆماسی لەسەر ئەم وڵاتە نووسراوە. بەپێی ئەو هەواڵانەی کە دیپلۆماسییەکانی ئەمەریکا لە ئەنقەرەوە ناردوویانە بۆ واشنتۆن. بە چاوێکی ترس و گومانەوە دەڕواننە حکوومەتەکەی ئەردۆگان. ئەوان پێیان وایە کە ئەردۆگان ڕاستە پیاوێکی پراگماتیکە، بەڵام کۆمەڵێک راوێژکاری خراپ دەوریان داوە. ئەویش حەزی لەو ڕاوێژکارانەیە، کە زیاتر پێیدا هەڵدەدەن و ماستاوی بۆ دەکەن. هەروەها باسی ئەوە کراوە، کە بەشێکی زۆری ئەندامانی حکوومەتەکەی، پێشتر ئەندامی ڕێکخراوی (برایانی موسڵمان، اخوان مسلمین) بوون. بەشێکی زۆریان هەڵگری بیرێکی ئیسلامیی توندڕۆن. لە هەمان کاتیشدا زۆر بەخراپی باسی داوودئۆغلۆی وەزیری دەرەوەی تورکیا کراوە، کە بەپیاوێکی ئیسلامی، ناشارەزا لە بواری سیاسەتی دەرەکی وەسفی دەکەن. یەکێک لە دیپلۆماسییەکان پێی وایە، کە داود نزیکترین کەسە لە ئەردۆگانەوە، هەروەها بەپیاوێکی ترسناکی دادەنێت. لە هەمان کاتیشدا بەوە تۆمەتباری دەکەن، کە ئەم کابرایە هەڵگری بیری ئیسلامی نەتەوەییی نوێی تورکییە، ئەم بیرەش وەکو ترسێک تەماشای دەکەن. هەروەها باس لە مەسەلەی گەندەڵی و خراپیی باری ئابووری و خەونی گەورەییی زلهێزی، کە لەم چەند ساڵەی دواییدا گەشەی سەندووە. بەگشتی دیپلۆماسییە ئەمەریکاییەکان، ترسیان لە پارتی AKP هەیە و، پێیان وایە تورکیا زیاتر بەرەو ئیسلامیبوون دەگەڕێتەوە. یەکێک لە ڕاوێژکارانی ئەردۆگان بە دیپبلۆماسییەکی ئەمەریکاییی وتووە: (ئێمە دەمانەوێت دەوڵەتی ئەندەلووس بگەڕێنینەوە، هەروەها خۆمان بۆ گەمارۆدانی شاری ڤیەننا کە ساڵی ١٦٨٣ ڕووی دا، ئامادە دەکەین).

بەپێی ئەو نامانەی کە دیپلۆماسییەکان نووسیویانە، بەشێکی زۆری حکوومەتی تورکیا، باوەڕیان بە گەڕانەوەی خەلافەتی عوسمانی، نەخۆشیی ئیرۆنییان بۆ ئەو مێژووە هەیە. زیاتر لە ئەوروپاوە دوور دەکەونەوە. هەروەها ئەردۆگان بەوە تۆمەتبار دەکەن، کە بەشێکی زۆری کارمەندە گەورەکانی بانکە ئیسلامییەکانی، لە خۆی نزیککردووەتەوە پۆستی گرینگی لە حکوومەتدا پێ داون. لەلایەکی تریشەوە بەوە تۆمەتباری دەکەن، کە زیاتر زانیاری و چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو

ڕۆژنامـانە دەکات، کە نـزیکن لە بیـری ئیـسـلامـیـیـەوە. لـە بەشـێکی تـری ئەو بەڵگەنامـانەدا باسـی یارمەتیدانی تورکیا بۆ ڕێکخراوی قاعیدە دەکات. دەریان خستووە کە تورکیا پشـتگیریی مادەی و لۆجستیکی ئەو ڕێکخـراوە دەکات. هـەروەها باسـی یارمـەتیدانی لـۆجسـتیکی ئەمەریکا بۆ پەکەکە دەکات.

٦- ئێران

لەبارەی ئێـران و دۆسیەیی ئەتۆمـیەکەیەوە، دیپبلۆمـاسییە ئەمەریکاییەکان لە وڵاتـانی عەرەبی، گفـتوگـۆی زۆریان لەگـەڵ سـەرۆک و بەرپرسـە گـەورەکـانی عـەرەبی کـردووە. ئەو بەڵگـەنامـانە ئەوە ئاشکرا دەکـەن، کـە بەشـێکی زۆری دەوڵەتانی عـەرەبی، پشـتگیـری و هـاوکـاریـی خـۆیان بۆ لێدانـی ئێران دەربڕیوە. عەرەبستـانی سعـوودی لە پێش هـەمووشـیانەوە مەلیک عەبدوڵا، پێشـنیازی ئەوەی بۆ ئەمـەریکا کـردووە، کـە باشـتـرە لە جیـاتیی ئەوەی خـۆیان بەو شـەڕی دیپلۆمـاسـیـیـەوە خـەریک دەکەن، پەلاماری سـەربـازیی ئێران بدەن. ئەو پێی وابووە، کە هیچ جۆرە گفتـوگۆیەک لەگەڵ ڕێژیمی ئێـران سـوودی نییـە. هـەر بۆیە باشـتـرین ڕێگە ئەوەیە، کە ئەمـەریکا کـارگە ئەتۆمـیـیـەکانی ئێـران بۆمـبـاران بکات و لەنـاویان بەرێت. لەلایـەکی تریشـەوە بەڵگەنـامـەکـان ئەوە دەردەخـەن، کـە شـای سـعوودیـە و بەرپرسە گـەورەکـان، هـەموو ڕقـیان لە ئێـران دەبێـتـەوە، زۆر حـەز دەکەن، کەئەمـەریکا پەلامـاری ئێران بدات. سـەفیری سـعوودیـە لە ئەمەریکا عـادل الجـبیر، بە جەنـەراڵ دیڤید باتریوس وتوە: (مەلیک عەبدوڵا داوا لە ئەمەریکا دەکات، کە سـەری خراپەکاری ببڕێت) مەبەست ئێران بووە. لە شـانشـینی ئوردنیش هـەمـان بۆچوون هەبووە. مـەلیک عـەبدوڵای ئوردن، پشـتگیـریی خـۆی بۆ لێدانی ئێـران دووپات کـردووەتەوە. بەشـێک لە گفوگۆی دیپلۆمـاسـییە ئەمـەریکاییـەکـان لەگەڵ بەرپرسـە گەورەکانـی ئەو وڵاتە، ئەوە دەردەخـەن، کە ئوردنـییـەکان زۆر حەز دەکەن، کـە ئەمـەریکا پەلامـاری ئێران بدات. هـەروەهـا لە ئیـمـاراتی عـەرەبیش، هـەمـوو مـیـرەکـانی ئـەو وڵاتە، داوایان لە دیپلۆمـاسـییە ئـەمەریکاییـەکان کـردووە، کـە باشـترە پەلامـاری سـەربازیی ئێـران بدەن. لە هـەمـان کاتیشدا ئەوەیان ئاشکرا کردووە، کە ئیماراتییەکان زۆر ڕقیان لە ئێران دەبێتەوە، بەچاوێکی ترس و گـومانەوە، سـەیری ئەو وڵاتە دەکەن. وەلی عەهدی ئیـمـاراتی ئەبوزەبی محـەمـەد بن زاید وتویەتی (باشـترە ئەمەریکا پەلاماری ئێـران بدات). لە هـەمان کاتیـشدا ترسـی ئێران بەسـەر ناوچەکەدا زاڵ بووە. پاشـتـریش وتوویەتی (کـە خـێـوی ترسـی شـەڕ خـۆی بەسـەر ناوچەکـە زاڵ کـردووە). هـەر بۆیە ئەو پێی باشـە کە وڵاتەکـەی خۆی پڕچەک بکات، بۆ ئەوەی لە بەرامبـەر شـەڕی ئێران بوەستێتـەوە. هـەر ئەم ترسـی ئێرانەش وای کـردووە، کە وڵاتانی ناوچەکە، خـەریکی خۆپڕچەککردنی سوپاکـانیان بن. مـەلیکی بەحـرەینیش ئەلشـیـخ حـەمـەد بن عیـسـی ئال خـەلیفە، کـاتێک لە نۆڤـێمبـەری ٢٠٠٩دا لەگـەڵ جەنـەراڵ دیڤـید باترویس کۆ دەبێتـەوە، داوای لێدەکات (بەهـەر وەسـیلەیەک بووە، ئەمـەریکا نەهێڵێت ئێران بەرنامـە ئەتۆمـیەکـەی گەشـە پێ بکات و هـەوڵی نەهێشـتنی بدات). ئەو پێی وابووە (کە ترسـی ئەم بەرنامەیە تەنیا بە وەسـتانی نابێت، بەڵکە ترسـەکە لەوەگەورەترە).

سەرۆک وەزیرانی قەتەر ئەلشیخ حەمەد بن جاسم ئال پانی، لە کاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ وەزیری وزەی ئەمەریکایی دانیال بونیان، کە لە ١٠ دیسەمبەری ٢٠٠٩دا کراوە، بە ڕاشکاوانە وتوویەتی :

(ئێرانییەکان درۆمان لەگەڵ دەکەن، ئێمەش بەهەمان شێوە درۆیان لەگەڵ دەکەین).

٧- جاسووسی بەسەر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان UN

لە بەشێکی تری ئەو بەڵگەنامانەدا، ئەوە دەردەخەن کە ئەمەریکا هەوڵی جاسووسیکردن بەسەر ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات، بەتایبەت سکرتێری UN بان کی مون. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا هیلاری کلینتۆن، داوای ئەوەی کردووە، کە هەواڵی زۆر لەسەر سکرتێر و یاریدەرەکانی کۆ بکەنەوە. بۆ نموونە (پەنجەمۆر و ئاوی چاو). جگە لەمانیش داوی کردووە، هەواڵ و زانیاریی زۆر لەسەر کارمەند و بەرپرسەکانی UN کۆ بکەنەوە. جگە لەوەش کلینتۆن داوای کردووە، کە زانیاری و هەواڵ لەسەر نوێنەرانی وڵاتانی دنیا بەتایبەت (رووسیا، چین، فەرەنسا، ئەڵمانیا، بەریتانیا) کۆ بکەنەوە. هەروەک سایتەکە ئاشکرای کردووە، کە ئەمەریکا تەنیا سیخوڕی بەسەر وڵاتانی دوژمنیدا ناکات، بەڵکە هەوڵی سیخوڕی لە وڵاتانی هاوپەیمانیش دەکات.

٨- پاکستان

بەڵگەنامەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن، ئەمەریکا ترسی لە چەکە ئەتۆمییەکەی پاکستان هەیە، بەتایبەت لەو مادانە ی کە لە پاشەڕۆی کارگە ئەتۆمییەکان پاکستان دەبێتەوە. ئەوان دەترسن کە ئەم مادانە بگاتە دەستی ڕێکخراوی قاعیدە. هەر بۆیە سەفیری ئەمەریکا خاتوو ئان باترسوون، لە مەی ٢٠٠٩ دا پێشنیازی ئەوە بە حکوومەتی پاکستان کردووە، کە ئەو مادانە لەلایەن پسپۆڕە ئەمەریکاییەکانەوە پاک بکرێتەوە . بەڵام حکوومەتی پاکستان ڕازی نەبووە. بەتایبەت پاش ئەوەی کە ئەم هەواڵانە، بۆ چەند رۆژنامەیەکی ئەهلیی پاکستانی دزەیان پێ کراوە. حکوومەتی پاکستان لەوە ترساوە، کە ئەمە لەلایەن خەڵکی پاکستانەوە وا لێک بدرێتەوە، کە ئەمە هەوڵێکە بۆ ئەوەی پاکستان واز لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی دەهێنێت. لەبارەی سەرۆکی پاکستانیش اصف علی زرداریەوە، بەڵگەنامەکان ئەوە دەخەنە ڕوو، کە وڵاتانی ناوچەکە حەزیان پێ نییە، بۆ نموونە مەلیک عەبدوڵای سعوودیە زۆر بەتوندی دژی قسەی کردووە. ئەوی بە ڕێگر لە بەردەم پێشکەوتنی وڵاتی پاکستانی داناوە. هەروەها ووتوویەتی (کەئەو سەری هەموو گەندەڵییە). هەروەها وەلی عەهدی ئیماراتی ئەبوزەبی محەمەد بن زاید لە مانگی شەشی ٢٠٠٩ بە دیبلۆماسییەکی ئەمەریکایی ووتوە (زرداری کەسێکی پیسە بەڵام ترسناک نییە، بەڵام سەرۆک وەزیری پێشوو، نواز شریف کەسێکی ترسناک بوو بەڵام پیس نەبوو. ئەمەش وەزعی پاکستانە).

٩- سەرانی جیهان لە دیدی ئەمەریکاوە

یەکێک لەو بابەتە گرینگانەی تر کە لەم بەڵگەنامانەدا هاتووە، دید و بۆچوونی دیبلۆماسیە

ئەمەریکاییەکان، بەرامبەر بە سەرۆک و دەوڵەت و بەرپرسە گەورەکانی ئەو وڵاتانەی کە تێیدا کار دەکەن. جێگەی ئاماژەیە، دیپلۆماسییە ئەمەریکاییەکان لە ڕووی دەروونی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، هەوڵی شرۆڤەکردنی خۆیان داوە.

## ئەحمەدی نەژادی سەرۆکی ئێران



بۆچوونی دیپلۆماسییە ئەمەریکاییەکان لەسەر سەرۆکی ئێران بەگشتی خراپە. ئەوان پێیان وایە کە ئەحمەدی نەژاد (کەسێکی فاشیست و دیکتاتۆرە) هەروەها ئەوەشیان ئاشکرا کردووە، کە ئەحمەدی نەژاد زۆر هەواداری هیتلەر و تێزەکانیەتی بەتایبەت بەرامبەر بە گەلی جوولەکە. هەر بۆیە یەکێک لە دیپلۆماسییە ئەمەریکاییەکان بە هیتلەری وەسف دەکات. وە ئەوان پێیان وایە، کە ئێران لە سەردەمی ئەم کابرایەدا، زیاتر بەرەو سیستەمێکی فاشیستانە هەنگاو دەنێت.

## سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵی سیلڤیۆ بەرلسکۆنی

بەپێی ڕاپۆرتەکەی گۆواری شپیگلی ئەڵمانی، لەناو دۆکۆمێنتەکاندا، ٢٨٩٠ دۆکۆمێنتی دیپلۆماسی، لە سەفارەتی ئەمەریکا لە ئیتاڵیاوە نووسراوە. بەگشتی دیپلۆماسییە ئەمەریکاییەکان بۆچوونی خراپیان لەسەر سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵی سیلڤیۆ بەرلسکۆنی هەبووە. ئەوان پێیان وایە کە (کەسێکی نابەجێیە، شیاوی ئەوە نییە ببێتە سەرۆکی حکوومەتێکی ئەوروپایی، زۆر گوێ ناداتە شتەکان، زیاتر خەریکی خۆیەتی). هەروەها ئەوەشیان ئاشکرا کردووە، کە لە ڕووی (جەسەدی و سیاسییەوە زۆر هیلاکە)، ئەوەیش لەبەرئەوەی زۆر کەم ئیسراحەت دەکات و دەخەوێت، چونکە زیاتر شەوانە خەریکی بەزم و ڕابواردنە. لە هەمووشی سەیرتر، پێوەندیی نێوان بەرلسکۆنی و سەرۆک وەزیرانی ڕووسیا فلادیمیر پوتین، جێگەی گرینگی و بەدواچوونی ئەمەریکاییەکان بووە. هەر بۆیە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، هیلاری کلینتۆن، داوا لە سەفیری وڵاتەکەی دەکات، کە (هەوڵبدەن بزانن ئەو پێوەندییە توندەی



نێوانیان لەسەر چییە. ئاخۆ جگە لە سیاسەت بازرگانییش پێکەوە دەکەن). پێ دەچێت ئەمەریکاییەکان ترسیان لەوە هەبێت، کە پوتین و بەرلسکۆنی، پێوەندیی بازرگانییان هەیە، هەر بۆیە هێندە پەیوەندییان خۆشە. بەڵام کەس نازانێت، بۆچی هێندە ئەمەریکا ترسی لەم پێوەندییە هەیە.

## سەرۆکی رووسیا دیمیتری مدڤیدیڤ و ژنەکەی

لەسەر رووسیاش ژمارەیەکی زۆر دۆکۆمێنتی دیپلۆماسی تێدا بوو، کە دەگەنە ٣٣٧٦ دۆکۆمێنت، کە لەلایەن سەفارەتی ئەمەریکا لە مۆسکۆوە نووسراون. بەپێی ئەو هەواڵانەی کە دیپلۆماسییەکان بۆ واشنتۆنیان ناردووە، سەرۆکی



رووسی دیمیتری مدڤیدیڤ، بە سەرۆکێکی لاوازیان داناوە و، هێشتا وەکو (سێبەری فلادیمیر پوتین) وەسف کراوە. ئەوان پێیان وایە، کە فلادیمیر پوتین، رووسیا بەرێوە دەبات نەک دیمیتری مدڤیدیڤ. لەلایەکی تریشەوە باسی ژیانی تایبەتیشیان کردووە، کە ژنەکەی سەرۆکی رووسیا، زاڵە بەسەر مێردەکەیدا و، جگە لەوەش زۆر بە چاکی چاودێریی کار و کرداری مێردەکەی دەکات. هەروەها لیستێکی رەشی داناوە بۆ ئەوە کەسانەی کە نابێت مێردەکەی چاویان پێ بکەوێت. بەپێی قسەکانی دیپلۆماسییەکان، ژنەکەی سەرۆکی رووسیا لەو باوەرەدایە، کە مێردەکەی لە رووی فیکری و سیاسییەوە، بۆ ئەو کارە ناشێت، بۆیە پێویستە ئەو یارمەتیی بدات.

## سەرۆکی ئەفغانستان حامد کارزای

حامد کارزای لای دیپلۆماسییە ئەمەریکاییەکان، بەکەسێکی لاواز دادەنرێت، پێیان وایە کە خاوەنی کەسایەتییەکی لاوازە (هەردەم وا هەست دەکات کە پلانێک لە دژی بەرپا دەبێت) هەر بۆیە زۆر باوەری بەخەڵکی نییە. گاڵتەجارییەکە لەوەدایە، کە هەر ئەمەریکا خۆشی ئەم کابرایەی کردە سەرۆکی ئەفغانستان، دەنا پێشتر کەس ناوی ئەم کابرایەی نەبیستبوو.

## پێشەوای لیبیایی موعەمەر قەزافی

سەرکردەیەکی تر کە جێگەی تێڕامان و شرۆڤەی دیپلۆماسییە ئەمەریکاییەکان بووە، پێشەوای لیبیای موعەمەر قەزافی بووە. دیارە قەزافی بۆ ماوەی چەندان ساڵ لە ئەمەریکا وەکو دوژمن حیسابی بۆ دەکرا، بەڵام لە چەند ساڵەی دواییدا، پێوەندیی نێوان ئەمەریکا و لیبیا کەمێک باشتر بووەتەوە. لەبارەی کەسایەتی قەژافی زۆر شت بڵاو کراوەتەوە. قەزافی لای دیپلۆماسییە ئەمەریکاییەکان، بە کەسێکی (مەزاجی و هەڵەوەر و سروشتێکی عەجایب، هەر جارەو لەسەر بارێکی دەروونی و سیاسییە.) وەسف کراوە. لە بەڵگەنامەکاندا باسی ئەوە دەکات، کاتێک




قەزافی بۆ یەکەم جار سەفەری ئەمەریکای کردووە، داوای لە کونسوڵی ئەمەریکا کردووە، کە یەکێک لە وێنە بڵاوەکانی کە لەسەر شەقامەکانی لیبیا هەن، بچووکی بکاتەوە و بیخاتە ناو (تاشیرە. رەزامەندیی ڤیزە وەرگرتن)کەیەوە. بەڵام کونسوڵەکەی ئەمەریکا ڕازی نەبووە. پاشان قەزافی وێنەیەکی شەخسیی خۆی دەداتێ. لەلایەکی ترەوە باس لەوە دەکات، کە قەزافی زۆر ترسی لە گەشتیی ئاسمانی هەیە، بەتایبەت کاتێک باڵەفڕە بەسەر دەریاکاندا دەفڕێت. یاریدەرەکانی قەزافی وتویانە، کە قەزافی ناتوانێت زیاتر لە ماوەی ٨ سەعات لە فڕۆکەدا بمێنێتەوە. هەر بۆیە کاتێک دێت بۆ ئەمەریکا، ناچار بۆ ماوەیەک لە وڵاتێکی ئەوروپایی دەمێنێتەوە پاشان سەفەری ئەمەریکا دەکات. جگە لەوەش باسی ژیانی تایبەتی قەزافی کراوە، بۆ نموونە باس لەوە دەکەن کە زۆر هۆگری کچە برینپێچێکی ئۆکرانییە، کە ناوی جالیان کولوتنیاستیکایە. بەپێی بەڵگەکان، قەزافی زۆر هۆگری ئەم کچە بووە و، تا ڕادەی خۆشەویستیش خۆشی دەوێت. ناتوانێت هیچ کاتێک بەبێ ئەم کچە سەفەر بکات. کاتێکیش سەفەر دەکات ئەم کچە بە فڕۆکەیەکی تایبەتی لەگەڵیدا سەفەر دەکات. هەر ئەم کچە یەکێکە لەو کەسە نزیکانەی، کە ئاگەداری ژیانی تایبەتی قەزافییە و زۆر خزمەتی دەکات و دەتوانێت پێداویستییە سەیروسەمەرەکانی بۆ دابین بکات.

## بۆچوونی ئەمەریکاییەکان لەبارەی ڕاوێژکار و وەزیرەکانی ئەڵمانیا

بەشێکی تری بەڵگەنامەکان باسی بۆچوونی دیپلۆماسییە ئەمەریکاییەکان، لەبارەی ڕاوێژکار و وەزیرەکانی حکوومەتی ئەڵمانیا دەکات. هەر لە پاش بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵانە، بەشێکی زۆری میدیای ئەڵمانی، ئەم باسەیان کردە بابەتی سەرەکیی ڕۆژنامەکانیان. گۆواری شپیگل، زیاتر لە ٥٠ ڕۆژنامەنووس و پسپۆڕی خۆی، بۆ شرۆڤەکردنی ئەم بەڵگانە تەرخان کرد. ئەم گۆوارە یەکەمین ڕۆژنامەی ئەڵمانی بوو، کە هەوڵی شرۆڤەکردنی بەڵگەکانی دا. بەپێی گۆواری شپیگلی ئەڵمانی،





دیپلۆماسییە ئەمەریکاییەکان، بەشێوەیەکی گشتی، نێگەتیڤانە باسی بەرپرسە ئەڵمانییەکانیان کردووە.

هەروەک کۆواری شپیگل دەری خستووە، کە لەناو دۆکۆمێنتەکاندا، زیاتر لە ١٧١٩ بەڵگەی تێدایە، کە لەلایەن سەفیری ئەمەریکا لە بەرلین، لەسەر وەزعی سیاسی و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئەم وڵاتە نووسراوە.

سەفیری ئەمەریکا لە ئەڵمانیا William Timken ساڵی ٢٠٠٦ دەنووسێ، (ڕاوێژکاری ئەڵمانی خاتوو ئەنجێلا مێرکڵ، ژنێکە حەز دەکات کە پەیوەندی باشی لەگەڵ ئەمەریکا هەبێت. بەڵام ژنێکە کەمتر حەزی بە ژیانی (مغامرە،)یە، هەروەها کەمتر داهێنان دەتوانێت بکات. ئەم ژنە پێی وایە، کەدەبێت سیاسەتی دەرەکیی خزمەتی ئامانجە ناوخۆییەکان بکات. هەر بۆیە لە ڕووی سیاسەتی دەرەکییەوە، زۆر حەزەر وەردەگرێت).

لەبارەی وەزیری دەرەوەش Guido Westerwelle گیدۆ فێستەرفێلە، دیپلۆماسییە ئەمەریکاییەکان بۆچوونی نێگەتیڤیان لەسەر هەبووە. پێیان وایە (کەسێکی زۆر شارەزایی بواری سیاسەتی دەرەکی نییە، کەسێکە توانای هەڵسوکەوتی گونجاو لە کاتی کێشەکاندا نییە. کەمتریش هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکانی نێوان ئەمەریکا و ئەڵمانیای داوەو زۆر دۆستی ئەمەریکا نییە). لە هەمووشی گرینگتر ئەوە بوو، کاتێک بەڵگەنامەکان دەریان خست، کە کەسێکی گەنج کە ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی ئازادی و دیمۆکرات (کەبە لیبراڵەکان ناسراون) پارتەکەی وەزیری دەرەوە، ئامادەییی پێشان داوە، کە دەقی ئەو کۆبوونەوانەیان بۆ بهێنێت، کە لە کاتی دروستکردنی حکوومەت لە نێوان پارتی کریستی دیموکرات و پارتی ئازادی و دیموکرات ساڵی ٢٠٠٥، بۆ دروستکردنی حکوومەت کردوویانە. لەبارەی وەزیری داراییشەوە فۆلف گانگ شۆیبلە، بە کەسێکیان شوبهاندووە کە حەزی بە دەزگای هەواڵگریی ئەڵمانیای پێشوو Stasi یە.

## فرەنسا و سارکۆزی

ژمارەی ئەو بەڵگەنامە دیپلۆماسییانەی کە سەفیری ئەمەریکا لە پاریس نووسیویەتی، دەگاتە ٣٧٧٥ دۆکۆمێنت. ئەوەی جێگەی سەرنجی هەموو شارەزایانی بواری سیاسی بوو، کە دیپلۆماسییە ئەمەریکاییەکان، زۆر بە نێگەتیڤی باسی سەرۆکی فرەنسا (نیکۆلا سارکۆزی)یان کردووە. ئەوان پێیان وایە (کەسێکی حەساس، ئۆتۆریتێت " ئەو کەسانەی کە زۆر حەزیان لە دەسەڵاتە"). ئەمە لە حاڵەتێکدا، سارکۆزی باشترین دۆستی ئەمەریکایە. هەروەک کۆواری شپیگل نووسیبوی، لە پاش شەڕی دووەمی جیهانەوە، سارکۆزی باشترین سەرۆکی فرەنسی بووە، کە زۆر بەتەنگ دۆستایەتیی ئەمەریکاوە بووە.

## ڕقی هیلاری کیلنتۆن لە سەرۆکی ئەرجەنتین کریستینا فرنندیز کیرشنر

پێ دەچێت زۆرجار مەزاج و ڕقی شەخسی ڕۆلی بەسەر سیاسەتی جیهانیشەوە هەبێت. ئەمەش زیاتر لەو نامانەدا دەردەکەوێت، کە هیلاری کلینتۆن بۆ سەفارەتی ئەمەریکای لە (بۆینس ئایرس) ئەرجەنتین ناردووە. تێیدا داوا دەکات (هەواڵی تەواو لەبارەی باری دەروونی و عەقڵیی سەرۆکی ئەرجەنتین کریستینا فرنندیز کیرشنر، بزانن. هەروەها بزانن ئاخۆ کاتێک تووڕە دەبێت چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ دەروبەرەکەیدا دەکات. ئایا هیچ دەرمانێک بۆ بەهێزبوونی مێشک وەردەگرێت)

لە پاش بڵاوبوونەوەی ئەو دۆکۆمێنتانە لەسەر وڵاتی ئەرجەنتین، کە ژمارەیان دەگاتە ٢٢٣٣ دۆکۆمێنت، بەشێکی زۆری میدیاکانی ئەرجەنتین و ئەمەریکای لاتین، قسە و باسێکی زۆریان لەسەر ئەو نامانەی کلینتۆن کرد. هەندێک ڕۆژنامە پێیان وایە، پێ دەچێت کلینتۆن زۆر ڕقی شەخسیی لە کریستینا بێتەوە. جێگەی ئاماژەیە ئەم خاتوونە سەرۆکەی ئەرجەنتین، بەیەکێک لە



سەرکردە سەرکەوتووەکانی ئەمەریکای لاتین و دنیا دەژمێرێت. کەسێکی خاوەن بیری چەپ و شۆڕشگێڕانەیە.

## سوورییەکان لە سیاسەتی جیهان تێ ناگەن

بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی کە ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) بڵاوی کردەوە، لەناو دۆکۆمێنتەکاندا باسی نەزانین و گەمژەیی سەرۆک و وەزیری دەرەوەی سووری لە سیاسەتی جیهانی دەکات. هەروەک بەڵگەنامەکان ئاشکرایان کردووە، لە فیبرایەری ساڵی ٢٠٠٤دا، وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی سووریا (فاروق ئەلشەرع) کە ئێستا جێگری سەرۆکی سووریایە، سەردانی ئوردن دەکات، بە بەرپرسانی ئوردنی وتوە (لەم ماوەیەدا ئەمیر شارلزی ئینگلیزی لە سکۆتلاند بەتۆمەتی کوشتنی ئەمیرە دایانا دادگیی دەکرێت. هەر بۆیە ئەمیر شارلز ناچار دەبێت سەردانی وڵاتانی ئێران و عێراق بکات، بۆ ئەوەی پشتگیریی جیهانی ئیسلامیی دەست بکەوێت!).

ئەم قسەیەی فاروق ئەلشەرع پاشان لەلایەن وەزیری دەرەوەی ئوردن بە سەفیری ئەمەریکای گەیاندووەتەوە. سەفیری ئەمەریکا دەنووسێت (وەزیری دەرەوەی ئوردن وتی ئەم قسەیە لەو چیرۆکانە دەچێت، کە ڕۆژنامە شەعبییەکان بڵاوی دەکەنەوە. ئەمە ئەوە دەردەخات کە چەندە دوورن لە ژیانی ڕاستی، ئەوان بەڕاستی نازانن چۆن ژیان دەگوزەرێت). هەر لەسەر ئەم وەزن و قافیەی وەزیرەکەی، سەرۆکی سووریش (بشار الاسد)یش لە کۆبوونەوەی کۆیت بە مەلیک عەبدوڵای دووەمی ئوردنی وتوە: (بەلامەوە هیچ گرینگ نییە لە ئەمەریکا کێ دەیباتەوە. گەر دیموکراتەکانیش بیبەنەوە، بەرپرسە گەورەکانی ئەم ئیدارەیە هەر دەمێننەوە).

سەرچاوەکان:


1-Geheimdepeschen enthüllen Weltsicht der USA www.Spiegel.de.28.11.2010

2- Fragen und Antworten, Was die Diplomatendepeschen wirklich aussagen

www.Speiegel.de. 2010/27/11

٣- هل تغار وزيرة الخارجية الأميركية من كريستينا كيرشنر؟

ويكيليكس يفجر "خناقة نسوان" بين هيلاري كلينتون ورئيسة الأرجنتين. سايتي العربية. ٢٠١٠/١٢/١.

٤- وفائق "ويكيليكس": السوريون اظهروا جهلا بالعالم الخارجي. سايتی ڕۆژنامەی الشرق الاوسط. ٢٠١٠/١٢/١.

٥- أهم ما تظمنتة وثائق ويكيليكس من قظايا. سايتي Arbic.BBC. ٢٠١٠/١٢/٢٩.

٦- ويكيليكس ينشر آراء امريكية في عدد من الزعماء. سايتي BBC.Arbic. ٢٠١٠/١٢/٢٩.

# لە ڕووداوە مێژووییەکانی کۆشکی کرێمل چی دەزانین؟

عەزیز خروتی

لە سەردەمی پێش زایندا خەڵک لەو شارەدا ژیانیان بەسەر دەبرد و بەشێوازێکی زۆر بەهێز لەسەر گردۆڵکەی کرێمل، لەو شوێنەی کە ڕووباری نەگلین نایا لەگەڵ ڕووباری مۆسکۆ یەک دەگرێتەوە، دروست کراوە. لە سەرەتاکانی سەدەی یازدەمدا ئەسلاوها بەشی باشوور و ڕۆئاوای ئەو گردۆڵکەیان گرتە دەست. شوێنەوارناسانی شورەوی توانییان ئەو شوێنەیان لە ژێر خۆڵ دەرهێنا و تا سەدەی چواردەم ئەو ناوچەیە بەگەرادی مۆسکۆ دەناسرایەوە.

بەکارهێنانی وشەی "کرێمل" بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٣٣١دا تۆمار کرا و لەبارەی چۆنیەتیی هاتنی ئەو وشەوە هەندێ مشتومڕ هەیە. لە ساڵی ١١٥٦دا "گەراد" لەلایەن مەلیک یۆری دۆلگرۆکییەوە گەشەی کرد، بەڵام لە ساڵی ١٢٣٧دا لەلایەن موغۆلەکانەوە لەناوبرا. ئەو شارە لە ساڵی ١٣٣٩دا بەداری بەڕوو نۆژەن کرایەوە.

یەکەمین بینای بەردی لە شاری کرێمل بەفەرمانی ئەیوان کالیتا لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٢٠ و سەرەتاکانی ١٣٣٠ دوای ئەوەی پیتێر پایەتەختی ڕاگ مەسەندی حکوومەتی خۆی لە کەیف بۆ مۆسکۆ گواستەوە، هاتە دروستکردن. پایەتەختە تازەکە پێویستی بەدروستکردنی کڵێسا بوو. ئەو کڵێسانەی کە لەو کاتەدا دروستکران بریتی بوون لە کڵێسای گەورەی دورمیشن (لە ساڵی ١٣٢٧، لەگەڵ کڵێسای بچووک لە ساڵی ١٣٢٩)، بورجی زەنگی کڵێسای سونەت جان کلیماکوس (لە ساڵی ١٣٢٩)، کڵێسای ناجی تەجەلی (لە ساڵی ١٣٣٠)، کڵێسای گەورەی فریشتەی موقەرب (لە ساڵی ١٣٣٣) کە هەموویان لە بەردی ئاهەک دروست کراون و بەشێوازی جوان ناوەکەیان ڕازاندووەتەوە و گومەزیان لەسەر داناون. لە هەموو ئەو کڵێسای تەنیا کڵێسای ناجی تەجەلی

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە فارسییەوە: فوئاد ڕەحیم



کۆشکی کرێملن

هەواڵنامەی کتێب

نۆژەن کرایەوە و تا سەدەی ٢٠ وەک خۆی ما و بەهاتنی ستالین لە ساڵی ١٩٣٣دا لەناوچوو.

کاتێک دیمیتری دونسکۆ خەریکی ئامادەکردنی لایەنەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی حکومەتی تاتار بوو، ئەو دیوارانەی کە لە داربەڕوو دروست کرابوون بەدیواری بەهێز کە لە بەردی سپی دروست کرابوون ئاڵوگۆڕیان پێ کرا ئەمەش لە ساڵانی (١٣٦٦ تا ١٣٦٨) و بەم جۆرە توانییان لە بەرانبەر گەمارۆی خان توختامیش دەوام بێنن. واسیلی یەکەم کوڕی دیمیتری لەگەڵ تاتارەکان ئاشت بووەوە و گرینگیی بەدروستکردنی کڵێسا دایەوە. لە ساڵی ١٤٠٥دا کڵێسا گەورەی تازە دروستکراوی بەشارەت لەلایەن ئەندری ڕابلف و پرۆخۆر کە هەردووکیان یۆنانی بوون بۆیاخ کرا. هەروەها پەرستگەی چادوف لەلایەن مترۆپلیتین ئالکسیز مامۆستای دیمیتری دروست کرا و دواتر ژنەکەی پەرستگەی مێعراجی لە ساڵی ١٣٩٧دا دروست کرد.

لە ساڵی ١٤٧٥دا ناوچەی ژێر دەسەڵاتی میری ڕووسیای سەدەی ناوەندی کە لەلایەن حکوومەتی مەلەکیی گەورە ئەیوان سێیەم فەرمانڕەوایی دەکرا یەکیان گرت. ئەیوان لەو کاتەدا دەستی دایە نۆژەنکردنەوەی کرێمل و هەر بۆیە چەندان بیناسازی بەناوبانگی ڕێنسانسی ئیتاڵیای وەک ئانتۆنیۆ سولاری و مارکۆ ڕافۆ بانگهێشتن کرد.

لە سەردەمی فەرمانڕەواییی ئەودا سێ کڵێسای گەورەی کرێمل، کڵێسای ئەستشهاد و کۆشکی گەوهەرنیشان دروست کران. لە ساڵانی (١٥٠٥–١٥٠٨) گەورەترین بورجی ئەیوانی گەورە لە مۆسکۆ دروست کرا.

پاش کۆتاهاتنی دیواری نوێی کرێمل و کڵێساکان لەساڵی ١٥١٦دا، حاکمێک لە فەرمانێکدا دروستکردنی هەر جۆرە بینایەکی لە نێزیکی قەڵاکەدا قەدەخە کرد. جگە لەوەش کرێمل بەچاڵێک کە پانایییەکی زیاتر لە ٣٠ مەترە لە شاری بازرگانیی دیوار کێشراوی کیتای گوردۆ جیا کرایەوە. لە سەردەمی فەرمانڕەواییی ئەیوان کلێسا واستە لەسەر ئەو چاڵە دروست کرا و هەروەها وەک پێشینیانی خۆی دەستی دایە نۆژەنکردنەوەی کۆشکەکان و کۆشکێک و کلێسایەکی نوێی بۆ کوڕەکانی خۆی دروست کرد. کرێمل بۆ ماوەی ٢ ساڵ لە ٢١ی ئەیلوول/سێپتێمبەری ١٦١٠ تا ٢٦ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەری ١٦١٢ کەوتە ژێر دەسەڵاتی پۆڵەندییەکانەوە.

ئازادکردنی کرێمل لەلایەن سوپای خۆبەختکەری کوزما مینین و دیمیتری پوزارسکی ڕێگەی بۆ هەڵبژاردنی میخائیل ڕومانف وەک شای یەکەم خۆش کرد. لە سەردەمی فەرمانڕەواییی ئەو و کوڕەکەی کە ناوی ئەلکسیز بوو، کلێسا ١٢ گومەزی گەورە، دەرگەی چەک، کۆشکی تەریم، کۆشکی خۆشی و کۆشکی پاتریارکنیکۆن دروست کران. بەدوای مردنی ئەلکسیز، کرێمل ئاژاوەی مۆسکۆی لە ساڵی ١٦٨٢دا بەخۆوە بینی و تەنیا شا پیتێر بەسەلامەت لێی ڕزگاری بوو. ئەوە بووە هۆی ئەوەی ناوبراو لە کرێمل ڕەقی بێتەوە و هەر بۆیە پیتێر شوێنی باو و باپیرانی خۆی بەجێ هێشت و بەرەو پایەتەختی نوێ یانی سێنت پیتێرزبۆرگ چوو.

کرێمل تا ساڵی ١٧٧٣ یانی ئەو کاتەی کاترینی گەورە و ئەسلی بازنێف ئەوییان وەک شوێنی مانەوەی خۆیان دیاری کرد وێرانە بوو. بازنێف پلانێکی نوێی کلاسیکیی دەستنیشان کرد وەک وێرانکردنی کلێسا، کۆشکەکان و بەشێک لە دیواری کرێمل. پاش دەستپێکردنی سەرەتاکانی پلانەکە کاری دروستکردن بەهۆی کەمیی بودجەوە ڕاگیرا.

چەند ساڵ دواتر مەت وۆی کازاکف بەشێک لە شوێنە وێرانکراوەکانی نۆژەن کردەوە و کلێسای گەورە و مێژوویی ناجی و پەرستگەی چادوفی دووبارە دروست کردەوە. ناوبراو بەشێکی گەورە و جوانی وەک شوێنی شۆرای پیران دروست کرد کە لەو کاتەدا وەک شوێنی سەرەکیی سەرکۆماری ڕووسیا بەکار دەبرا. لە کاتی هێرشی ناپلیۆن بۆ ڕووسیا لە ساڵی ١٨١٢دا، هێزەکانی فرەنسا لە مێژووی ٢ی ئەیلوول/سیپتێمبەر تا ١١ی تشرینی یەکەم/ئۆکتۆبەردا کرێملیان کۆنترۆڵ کرد.

ناپلیۆن لە کاتی هەڵاتن لە مۆسکۆ فەرمانی دا هەموو بینای کرێمل وێران بکرێ و بەهۆیەوە لە کاتی ئاگرکردنەوە بەشێکی زۆری دیواری کرێمل بەهۆی تەقینەوە لەناوچوو و ئاگر دزەی کردە ژوورە گەوهەرنیشانەکە و زیانی بەکلێساکان گەیاند. ئەو تەقینەوانە بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ بەردەوام بوون، بەڵام بارینی باران ڕێژەی زیانەکانی کەم کردەوە. لە ساڵانی ١٨١٦ تا ١٨١٩ کارەکانی نۆژەنکردنەوە لەلایەن ئوسیب بوو ئەنجام درا و لە ساڵانی کۆتاییی فەرمانڕەواییی ئەلیکساندەری یەکەم ڕێژەیەکی زۆر لە شوێنە مێژووییەکان بەشێوەی بیناسازی ڕویانی نئۆ گوتیک نۆژەن کرایەوە، بەڵام بەشێکی زۆر لەو بینایانە (وەک هەموو بیناکانی تەسلیس متۆچیۆن) بەناوی کۆن و خراپ بووەوە لەناوچوون. نیکۆلاسی یەکەم لە کاتی ڕێوڕەسمی دانانی تاجی شاهانەیدا کە

سەردانی مۆسکۆی کردبوو دۆخی کۆشکی گەورە یا زستانی کە بەشێوەی ڕاستریلی دروست کرابوو و مێژووی ئەو شێوازە بۆ ساڵی ١٧٥٠ دەگەڕایەوە، ڕەخنەی گرت و ئەو شوێنەی بەدڵ نەبوو. کێنستانتین تون وەک بیناساز بەرپرسیاریەتیی دروستکردنی کۆشکی کرێملی پێ سپێردرا. ئەو کۆشکە هاوشێوەی کۆشکێک بوو کە لە داوونەریتی پیتێرزبۆرگ بەناوی کۆشکی زستانە ناسراوە و ژوورەوەی بەشێوازێکی جوان و شایانە ڕازاوەتەوە. دوای دروستکردنی کرێمل لە ساڵی ١٨٥١دا، ئەو کۆشکەش لە ماوەی ساڵانی ١٨٣٩ تا ١٨٤٩ هاتە دروستکردن. پاش ئەوە تا شۆڕشی ڕووسیا لە ساڵی ١٩١٧دا هیچ بینایەک لە کرێمل دروست نەکرا. ئەوەی لەو ماوەیەدا کرا بریتی بوون لە دروستکردنی شێوازێکی نوێی بینای بیرەوەری ئەلیکساندەری دووەم و دانانی بەردی یادگاری لە شوێنی کوشتنی سرگئی ئەلیکساندرۆڤیچ، لەلایەن ئەیوان کالیایەف لە ساڵی ١٩٠٥دا، بەڵام ئەو دروستکراوانە لە ساڵی ١٩١٨دا لەلایەن بێلشویکەکانەوە وێران کران.

لە مێژووی ١٢ی ئادار/مارسی ١٩١٨دا حکوومەتی شۆڕەوی لە پێترۆگراد گوازرایەوە. لینین بینای پیرانی کرێملی وەک ماڵی خۆی هەڵبژارد و هێشتا ژوورەکانی وەک مۆزەخانە چاوی لێ دەکرێ. ستالینیش لە کۆشکی کرێمل ژووری تایبەت بەخۆی بوو. ناوبراو لەو بڕوایەدا بوو کە هەموو شێوازی "شوێنەواری مێژوویی تەزارەکان" لە شوێنی فەرمانڕەواییی خۆی دوور بکاتەوە و هەر بۆیە پەرستگەی چادوف و مێعراجی لەگەڵ کڵێسای گەورەی سەدەی شازدەمی وێران کرد و لە جێگەیان چەند ژوورێکی بەمەبەستی سازکردنی پۆلی سەربازی و کۆشکی کۆنگرەی دروست کرد.


هەروەها کۆشکی نیکۆلاسی بچووک و کڵێسای گەورەی ناجی خاپوور کران. شوێنی نیشتەجێبوونی و بەکارهێنانی حکوومەتی شۆڕەوی تا ساڵی ١٩٥٥ بە ڕووی گەشتیاراندا داخرابوون. کرێمل تا کاتی پلانی تاواندنەوەی خروشچێڤ بە ڕووی گەشتیارانی بیانیدا نەکرایەوە. مۆزەکانی کرێمل لە ساڵی ١٩٦١دا دروست کران و ئەوانە یەکەمین شوێنی مێژوویی و کولتووریی شۆڕەوی بوون کە لە ساڵی ١٩٩٠دا لە لیستی شوێنە کولتوورییەکانی دنیادا تۆمار کرا. هەرچەند ئەلنا گاگارینا (کچی یوری گاگارین)، بەڕێوەبەری ئێستەی مۆزەکانی کرێمل پاڵپشتیی خۆی بۆ نۆژەنکردنەوەی تەواوی پەرستگەکان پێشان داوە، بەڵام کارەکان بەم دواییە کەم بووەتەوە و تەنیا بەنۆژەنکردنەوەی زۆر گرانی ناوەوەی بینای کۆشکی کرێملەوە خەریکن. کاروباری ئاینی لەناو کڵێسای گەورەی کرێمل بەشێوەی نارێکوپێک بەڕێوە دەچێ چونکە تا ئێستە ئەو شوێنە وەک مۆزە بەکار دەبرێ.

دیوارەکانی کرێمل و بورجەکانی لە ساڵانی ١٤٨٥ تا ١٤٩٥ لەلایەن بیناسازانی ئیتاڵیاییەوە دروست کراوە. شێوازی سێگۆشەی کرێمل ٢٧٥ هەزار مەتری چوارگۆشەیە و پانتاییەکەشی ٢٢٣٥ مەتر و درێژاییەکەشی لە شوێنی جیادا ٥ تا ١٩ مەترە. لە سەرەتادا ١٨ بورجی کرێمل دروست کرابوون، بەڵام ژمارەی بورجەکان لە سەدەی حەڤدەمدا گەیشتە ٢٠ بورج.

شێوازی ١٧ بورجیان چوارگۆشەیە و ٣ی تریان گردە. گەورەترین بورجیان بە ئەسپاسکای ناودەبرێ کە لە ساڵی ١٦٢٥دا بەدرێژاییی ٧١ مەتر دروست کراوە. گومەزی بورجەکان لە دار دروست کراوە، بەڵام شوێنەوارێک لەو کەرپووچانەی کە لە ساڵی ١٦٨٠دا لێی دروست کرابوو پێوەی دیارە.

کۆشکی کرێمل دەتوانرێ وەک مرواری و شوێنی مێژوویی و دڵی زیندووی ڕووسیا ناو ببەین، چونکە شوێنی ڕەسمیی سەرکۆماری ڕووسیا لەو کۆشکەدایە. بەهاتنی مانگی نیسان/ئەپریل تەمەنی کۆشکی گەورەی کرێمل دەبێتە ١٦٠ ساڵ. لەسەر بۆچوونی ئیمپراتۆری نیکۆلای یەکەم ئەو بینایە لەسەر پایەکانی کۆشکی پێشوو دروست کران.

سێرگی دویاتوف مێژوونووسی بەناوبانگ و نووسەری لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی کۆشکەکانی کرێمل وەها دەگێڕێتەوە کە لەو شوێنەی ئێستە کۆشکی گەورەی کرێملی لێیە، پێشتر بینایەکی تری لێ بوو. بۆ نموونە لە ساڵەکانی ١٩٣٠ لەو شوێنەدا کۆشکی کۆنی ئیمپراتۆری دروست کرابوو و لەو کاتەدا بەو ناوانە ناو دەبران: کۆشکی زستانی کرێمل کە کێنستانتین تون بیناسازی بەناوبانگی ئەو کات لە جیاتیی ئەو، کۆشکی گەورەی کرێملی دروست کرد. شێواز و جوانیی دەرەوەی کۆشکەکە کە ڕووی لە ڕووباری مۆسکۆ بوو، دڵڕفێن بوو. سێرگی لە بەشێکی تری



کۆشکی کرێمل لە ماوەی ١٦٠ ساڵەی خۆیدا گۆڕانکارییەکی زۆری بەخۆوە بینیوە

قسەکانیدا دەڵێ "کەسەکانی ئەو کات کاری بیناسازیی تونیان بەدڵ بوو کە ئەو کۆشکە بەجوانی لە ڕیزی شوێنە کۆنەکانی تری کرێمل دروست کرابوو".

ئیمپراتۆر نیکۆلای یەکەم ئەو فەرمانەی دابوو کە نابێ هیچ زیانێک بەبینا کۆنەکانی تر بگات. لەوەها دۆخێکی دژواردا کۆشکی گەورەی کرێمل هاتە دروستکردن و ڕێوڕەسمی دانانی تاجی ٣ ئیمپراتۆری کۆتا لەو شوێنەدا بەڕێوە چوو. لە ڕووسیا کۆشکی گەورەی کرێمل بووە شوێنی سوێندخواردنی سەرکۆمار و تا ئێستە ٣ ڕێوڕەسمی گەورە و شاهانەی بەو جۆرە لەو کۆشکەدا ساز کراوە.

هەموو ئەو ڕێوڕەسمانە لە هۆڵی ئاندریوسکی کە یەکێک لە ٥ هۆڵە ڕازاوەکەی ئەو کۆشکەن ساز دەکرێ کە بەهۆی سەرکەوتنە گەورەکانی ئیمپراتۆری ڕووسیا ئەو ناوەی لێ نراوە و خاوەنی سەرکەوتنی شەڕی ڕووسیایە. یەکێکی تر لە هۆڵەکان ناوی گئورگیفە گەورەیی شوێنی ئەو هۆڵە وەک یاریگەی تۆپی پێیە و ڕازاندنەوەی ئەو هۆڵە لە چاو هۆڵەکانی تر سادەیە و لەسەر دیوارەکانی ناوی ئەو قارەمانانەی کە لە بەرگری لە ڕووسیا شەڕیان کردووە، نووسراوەتەوە.

زەویی هۆڵەکە لە ٢٠ جۆر داری جۆراوجۆر دروست کراوە و شێوەکەی وەک مافوور وایە. ئەو هۆڵە ٦ لۆستەری گڵۆپی هەیە کە کێشی هەریەک لەوان ١٣٠٠ کیلۆگرامە و ڕۆشنایی دەدەنە هۆڵەکە.

لە ساڵی ١٩٤٥دا پاش کۆتاهاتنی شەڕی جیهانیی دووەم، سەربازانی سوپای شۆڕەوی کە لە ڕێوڕەسمی نواندنی سەربازیی گۆڕەپانی سوور کە بەشدارییان کردبوو لەو هۆڵەدا کۆ بوونەوە. لە کاتی هێرشی "فاشیستەکان" ئەو هۆڵە بەشێوەیەکی موعجیزاوی هیچ زیانێکی بەرنەکەوت و ئەو بۆمبانەی کە لەلایەن باڵەفڕی ئەڵمانییەکانەوە ئاراستەی ئەو هۆڵە کرابوون لە کەلێنی سەربانی هۆڵەکەدا گیریان کرد و نەتەقینەوە. لەو هۆڵەدا ڕێوڕەسمێکیش بۆ یوری گاگارین یەکەم کەس کە بەکەشتیی ئاسمانی چووە دەرەوەی گۆی زەوی ساز کرا و ئێستەش لە کاتی پێشکێشکردنی مەدالیای حکوومەتی بەهاوولاتییان ڕێوڕەسمی تێدا ساز دەکرێ.

کۆشکی گەورەی کرێمل لە ماوەی ١٦٠ ساڵەی خۆیدا گۆڕانکارییەکی زۆری بەخۆوە بینیوە. بۆ نموونە بۆ سازکردنی پلۆنیۆمی حزبی شیوعی بۆ ئەوەی جێگەکە گەورە بێ دیواری هۆڵەکەیان لابرد. هەروەها چەند قۆناخێکی نۆژەنکردنەوەشی بەخۆوە بینیوە کە گرینگترینیان لە ساڵانی ١٩٩٠دا بووە. هەموو کەلوپەلی ناو کۆشک و تەلارەکان وەک کاتژمێرەکان و کورە دیوارییەکان و هەموو کەرەستەکانی تر چاک دەکرێنەوە تا بۆ جارێکی تر پاش دوو ساڵ لە داخستنی بە ڕووی خەڵکدا بکرێنەوە تا ئەوانیش لە بینینی جوانیی ئەو بینایانە بێبەش نەبن.


ناونیشان:

http://www.esalat.org/images/sargozasht_tarikhi_kaakh_lremlin_0792010.htm

# تاسەی خودا

## گوتوبێژێک لە نێوان ڕۆمی، ماشتیلدی ماگدبێرگ و ئیبراهیم ئەبوئەلعەفیا

پرۆفیسۆر ئەنتۆن گێلس



ئەنتۆن گێلس Antoon Geels ساڵی ١٩٤٦ لە هۆڵەندا لە دایک بووە. پرۆفیسۆرە لە سایکۆلۆجیای ئاین لە زانکۆی لوند، لە سوێد. زۆر کتێبی لەبارەی ئاین و تەسەووفەوە نووسیوە.

ئەم بابەتە، لە کتێبێکدا بەناوی Karleken begar att detta tal skall fram بڵاو کراوەتەوە، کە چەند پرۆفیسۆر و ئەکادیمیستێک، لەبارەی ژیان و بەرهەمەکانی "مەولانا جەلالەدین ڕۆمی"یەوە نووسیویانە.


سەدەکانی ناوەڕاست، لە زۆر ڕووەوە سەردەمێکی سەخت بوو. لە زۆر لا ناکۆکی هەبوو. شەڕی خاچپەرستان، شەڕ، برسێتی و تاعوون بوونە هۆی کەمبوونەوەی دانیشتوان و دواکەوتنی کولتووری. ئەوانەی کەوتبوونە بەر ئەم هەڕەشانە، سەرسەختانە بۆ ستراتیجیی مانەوە دەگەڕان. هی وا هەبوون، بۆ خۆ لە گوناح پاککردنەوە لە خۆیان دەدا و هی وایش هەبوون هەوەسباز بوون. زۆر کەس، بۆ ئەوەی ڕێگەیەکی لە دۆزەخ دەرچوون بدۆزنەوە، بە قامچی لەخۆدان خەریکی خۆ لە گوناح پاککردنەوە بوون، یان ڕوویان لە تەریقەتی ئاینی نوێ دەکرد. باری جووەکان ڕاونان و سووکایەتی پێکردن بوو. بەگوتەیەکی تر جیهان پشێو بوو.

زێتر لە جارێک بیرم لەمە کردووەتەوە، کە لەیەکچوون لە نێوان ئەو سەردەم و سەردەمی

............................................................

(*) وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی

ئێستادا هەیە. وەک ئایناسێکی چالاک و بە ئەزموون لە دابونەریتە ڕوحییەکانی جیهاندا، دەکرێت ئەم پرسیارە بکەم، ئاینەکان چۆن دەتوانن کۆمەکی ئاشتی و لێک تێگەیشتن بکەن. لەبەرئەوەی ساڵی ٢٠٠٧ – ساڵی ڕۆمی– بوو، من ئەو شاعیرە گەورە و سۆفییەم هەڵبژارد دەستپێشخەر بێت لە کۆبوونەوەی سەرەتایی دیالۆگی ئاینەکان، بە نوێنەرایەتیی ئاینی یەهودی، مەسیحی و ئیسلام. ئەو پرسیارەی دەکرێت ئەوەیە، داوونەریتە ڕوحییەکانی ئەم سێ ئاینە، دەتوانن بگەنە خواناسییەکی عیرفانیی ئیبراهیمی، کە تاکانەیی (وەحدانییەت) لە پێش هەموو شتێکەوە دادەنێت، بێ ئەوەی لەبەر ئەمە چاو لە جیاوازییەکان بنوقێنن.



جەلالەدینی ڕۆمی

بێگومان کۆبوونەوەیەکی خەیاڵکردەیە، بەڵام هەموو ئەو قسانەی دەیانکەن لە نووسینەکانی خۆیانەوە وەرگیراون. یەکەم کۆبوونەوەی چاوپێکەوتنێکی سێ ئەڵقەییە، بۆ ئەوەی ئامادەکاری بۆ کۆنفرانسی گەورەی ئاینەکان بکرێت. وەک کە گوتیشم: دەکرێت، یان دەبێت هەلومەرجەکانیش بگوازێنەوە سەردەمی خۆمان. ئەوانەی کە یەکتر دەبینن، بێجگە لە ڕۆمی، "ماشتیلدی ماگدبێرگ"ی سۆفیی مەسیحی و ئیبراهیم ئەبوئەلعەفیایە، کە نوێنەرایەتیی تەسەووفی یەهودی دەکات. شوێن قوستەنتینە. ڕۆمی خانەخوێیە و بەخێریان دەهێنێ.

"بە خێربێن بۆ قوستەنتین، شارە دێرینە جوانەکەمان. ئێوە بۆ کارێکی گرینگ هاتوون. وەک کە دەزانن لە سەردەمێکی ناخۆشدا دەژین. لە شارێکیشین، لە ماوەی سەدان ساڵ کەوتە بەر زۆر پەلامار. بەڵام ئەمە ڕێگەی لە بازرگانان نەگرت کە لێرە جێنشین بن، بەتایبەتیش لە گەڕەکی "گەلاتا"دا، کە ئەمرۆ دوایی سەردانی دەکەین.


ئەرکمان ئەوەیە، لێ بکۆڵینەوە کە ئێمەی سۆفی چیمان پێ دەکرێ بۆ ئاشتی و ئاشتبوونەوە، بیکەین. پێشنیازی من ئەوەیە، کە بەر لە هەموو شتێک چاو بخەینە سەر ئەو باوەڕانەی کە کۆمان دەکەنەوە. بێگومان بە ڕێزگرتنی یەکتریشەوە، چاویش لەوانە نەنوقێنین کە لە یەکترمان جودا دەکەنەوە. باسی ئەزموونە هاوبەشەکانمان لە خوای نادیار و ئاشکرا و مەشقە هاوشێوەکانمان و بەدرێژیش باسی مرۆڤبینیی هاوبەشمان دەکەین. ئەدی هەموومان نەوەی ئیبراهیم و ئەهلی کتاب نین؟"

**"ئیبراهیم ئەبوئەلعەفیا"ی نوێنەری تەسەووفی یەهودی گوتی:**

"بێگومان، بەڵام بەر لەوەی دەست پێ بکەین، ڕەنگە وا باش بێت هەر بەکورتی خۆمان بەیەکدی بناسێنین".

''ئیبراهیم، بیرێکی زۆر باشە. داوا لە ماشتیلد دەکەم دەست پێ بکات.''

''سوپاس، بەکورتی دەبێت. بە دڵنیاییەوە، منیش وەک ئێوە بەپەرۆشم دەست بە گفتوگۆکان بکەین. من ناوم "ماشتیلدی ماگدبێرگ"ـە و لە ئەڵمانیا، لە گوندێکی بچووکی بە هەمان ناوەوە لەدایک بووم. لەناو خێزانێکی بەگزادەدا گەورە بووم و هەر لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە "ڕوحی قەدیس" بەخێری هێنام، کە من وەکو "لێشاوی فراوان" وەسفم کردووە. کە بیست و هەندێک ساڵ بووم، ماڵی گەرموگوڕمم بەجێ هێشت، بۆ ئەوەی لە بریدا، لە ناوچەی ماگدبێرگ، کە نزیک بوو، ژیانێکی وەک ''بێگین'' begin بژیم. ''بێگینەکان'' سەر بەگرووپێکی ژنانەی دەرەوەی کڵێسان، هاوتاکەی بۆ پیاوان پێی دەڵێن ''بێگارد'' begard . ئێمە پێڕەوی ڕێبازی هیچ تەریقەتێک ناکەین، بەڵکە بە هەژاری و پاکیزەیی دەژین. زۆربەی کات، لەناو هەژار و نەخۆشاندا خۆمان بۆ کاری خێرخوازی تەرخان دەکەین. تا ئاستێکی زۆر لەناو جیهان و بەجیهان دەژین. گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی بەتەواوی نامۆیە بۆمان.''



ماشتیلدی ماگدبێرگ

**"ببووره، پرسیارێک: بۆ ناچنە ناو تەریقەتێکی ناسراوەوە؟"**

**ئەم پرسیارە ئەبوئەلعەفیا کردی.**

هەواڵنامەی کتێب

''هەرگاڤ هێندە ئاسان نییە. یەکەمیان لەبەرئەوەی لەم دواییانەدا بۆ ئێمەی ژن سەختتر بووە مۆڵەتمان بدەنێ بچینە ناویانەوە، وا دەزانرێت هەر لە ئێستاوە زۆر ڕاهیبە هەن. چونکە لەودیوی شوورەکانی دێردا ناژین، لەناو گرووپەکانی خۆماندا زۆر زێتر ئازادیمان هەیە، ئەوە بکەین، کە ئێمە پێمان وایە ژیانی ڕاست و دروستی مەسیحییانەیە، بەڵام بێگومان هەندێک کەس لە ئێمە دەچنە ناو دێرە ناسراوەکان، بەتایبەتیش هی "دومینیکییەکان". بەڵام زۆربەیان بۆ ئەوەیانە ڕێنوێنیی ڕوحانی بکرێن. منیش وا مەزەندە دەکەم، کە پێوەندییەکان بۆ هەردوولا دەوڵەمەند بوون.

بەڵێ، دەتوانم شتێکی تر لەبارەی پاشخانی گرینگترین نووسینم ''ڕووناکیی لێشاوی خوایی'' بڵێم. ناوەکە پێوەستە بەئەزموونێک لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا. لەو کاتەوە بەخشندەیی خواییم بەسەردا دەڕژێ. ماوەیەکی زۆر ئەم ئەزموونەم هەر بۆ خۆم هێشتەوە. بەڵام کە بۆ ئەو قەشە دومینیکییەی گوناحم لای درکاند، باس کرد، داوای لێ کردم ئەو ئەزموونانە بگێڕمەوە، ئیدی دەستم بەنووسینی کتێبەکەم کرد.''

''سوپاس ماشتیلد. بەڕاستی کاروباری بێگینەکان دڵگیرە. ئیبراهیم دەتەوێ بەردەوام ببیت؟''

''بەڵێ. بە کورتی دەبێت.''

ئەو ڕابینە باڵابەرزە گەرووی خۆی پاک دەکاتەوە و دەست بەقسەکردن دەکات.

''من ناوم ''ئیبراهیم بن سەموێل ئەبوئەلعەفیا''یە و لە زاراکوزە [سرقسطة] لە ڕۆهەڵاتی باکوری ئیسپانیا لەدایک بووم. لەسەر داوونەریتی جوو پەروەردە کرام. دوو ساڵ دوای مردنی باوکم، کە تەمەنم هەژدە ساڵان بوو، دەستم بەسەفەرەکانم کرد، سەرەتا بۆ ئیسرائیل، پاشان بۆ گریک و لەوێ ژنم هێنا. دوای گریک چوومە ئیتاڵیا، لەوێ فەلسەفەم خوێند، بەتایبەت ''ڕێنیشاندەر بۆ سەرگەردان''ی مووسا بن مەیموون.


ئیبراهیم ئەبوئەلعەفیا

ڕۆژ هات و چوو، گەڕامەوە بۆ ئەراگۆنیا، لەوێ ماوەی سێ ساڵ تێکستی قەبالەییم خوێند، بەتایبەت ''کتێبی دروستبوون'' Sefer Yetsirah ، کە ڕەنگە لەم ڕۆژانەدا زێتر باسی بکەم. لەو ماوەیەدا زۆر خەون و خەیاڵیشم هەبوو. لەناو یەکێکیاندا، هان دەدرام هەوڵ بدەم دیداری پاپا بکەم. پاشان هەڵوێستم بەرانبەر بە خەون و خەیاڵەکانم گۆڕی، چونکە ڕەنگە تا ئاستێک، دێوەزمەی سەرشێوێنەر هۆکار بووبێت. بەڵی، هەندێک جار وەک پیاوێکی نابینا لە نیوەی ڕۆژدا، بە شەیتان لەلای ڕاستمەوە، هەستم بە خۆم دەکرد.

لەبارەی نووسەرایەتیمیشەوە، دەبێت ددان بەوەدا بنێم، کە زۆر بە بەرهەم بووم، لە ماوەی بیست ساڵێکدا پەنجا نووسینی کورت و درێژم نووسی، کە دەکرێت بەسەر چوار ژانردا دابەش بکرێن: ڕێنوێنینامە بۆ ئەزموونی عیرفانی، لێکدانەوەی تێکستی کلاسیکیی جوویی، بەرهەمی ئایندەبینی و کاری تێکەڵاو.''

''سوپاس ئیبراهیم. با منیش شتێک لەبارەی پاشخانی خۆمەوە بڵێم. من لە شاری وەخش لە خوراسان لەدایک بووم. باوکم دادناس بوو، وەک خوتبەبێژ و سۆفیش زۆر ناسراو بوو. کە مەنگۆلەکان لە ناوچەکە نزیک بوونەوە، گەیشتە ئەو باوەڕەی هەتاهەتایە شارەکە بەجێ بهێڵێت و لە ناوچەیەکی تر خێزانەکەی جێنشین بکات. ئەوسا من دوازدە ساڵ بووم. بەناو ئێراندا چووینە سووریا، من لەوێ بە گەنجی مێژوو و ئەدەبی عەرەبیم خوێند. پاشان خێزانەکەمان گواستییەوە بۆ قۆنیا لە ئەناتۆڵ، لەوێ سوڵتانی سەلجوقی بەخێرهاتنی باوکمی کرد. ئەناتۆڵ بە ''ڕۆم''یش ناودەبرا، کە لە ناوی من، ''ڕۆمی'' ئاوێنا بووەتەوە، یانی ''خەڵکی ڕۆم''.

لە خوێندنی بابەتە نەریتییەکانی وەک ڕێزمانی عەرەبی و زانستی عەرووز، قورئان و حەدیس، ئایینناسی و فەلسەفە، ماتماتیک و فەلەکناسی، بەردەوام بووم.

کە باوکم مرد، من چوومە سەر کاری مامۆستاییی ئەو لە چەند قوتابخانەیەکی ئاینی لە قۆنیا.

ماوەیەکی کەم دوای ئەوە، دەستم بەمەشقی سۆفی کرد. سەردەمێکی بەترس بوو، ڕەنگدانەوەی داگیرکردنی ئەناتۆڵ لەلایەن مەنگۆلەکانەوەی بەسەر بوو. خەڵکی وا هەیە دەڵێن، کە من لەو سەردەمەدا لە "خەڵوەتگرێکی سادە"وە، گۆڕام، بووم بە "ئاشقێکی سەرگەرم"ی خوا. لە یەکێک لە شیعرەکانمدا، بەم وشانە ئاماژە بەم گۆڕانە دەکەم:

**جاران دەستم هەمیشە قورئانی هەڵدەگرت**

**بەڵام ئێستا گۆزەی شەرابی خۆشەویستی هەڵدەگرێ.**

**دەمم پڕ بوو لە عیبادەت**

**بەڵام ئێستا تەنیا شیعر و گۆرانی دەڵێ.**

دەرکەوتنی بەهرەی شیعرییم، تا ئاستێک درەنگ لە ژیاندا دەرکەوت. وا پێ دەچێت پێوەندیی بەو ڕاستییەوە هەبێت، کە لە هاوڕێیەکی زۆر نزیکم جودا بوومەوە، کە لە ماوەی زێتر لە دوو ساڵدا، لە قۆنیا پێوەندییەکی بەهێزم لەگەڵیدا هەبوو، ناوی "شەمسەدین تەبریزی"یە، کە بە مانای "خۆری ئاینی تەبریزی" دێت. شەمس دەروێشێکی کاریزماییە و هاوتەمەنی منە. کە ئەم دەروێشە لە ژیانی مندا ون بوو، بە شیعری لەخۆڕاهاتوو تەقیمەوە، ئەگەر ئەم دەستەواژەیە گونجاو بێت. چەند بەرهەمێکم لەگەڵ خۆمدا هێناون و لە کاتی گونجاودا، بە خۆشییەوە دەیانخوێنمەوە.

بەڵام با دەست بە گفتوگۆکان بکەین. هیچ دەستپێکردنێکیش لەوە باشتر هەیە کە قسە لەبارەی ئەو خوایەوە بکەین، کە هەموومان لێیەوە هاتووین و ورده ورده‌یش بۆی دەگەڕێینەوە. ئەدی لە قورئاندا نالێ: ـارْجِعِي إِلَى رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّة (سورەتی ٨٩:٢٨).

ئەوانی تر سەریان بۆ دەلەقاند و داوایان لە ڕۆمی کرد بە چەند وشەیەک لەبارەی خوای نادیار و ئاشکرا، دەست پێ بکات.

"بە خۆشییەوە وا دەکەم. بەڵام بەگوتەیەکی جوانی سۆفیی میسری "ذوالنون المصری" (ساڵی ٨٥٩ مردووە)، دەست پێ دەکەم، کە یەکێک لە سۆفییە ئەفسانەیەکانمانە و بە زمانە زۆر بە سۆزەکەی ناسراوە.

**خوایە، کە گوێ لە دەنگی ئاژەڵ، یان خشەخشی درەختان،**

**لە شڵپەشڵپی ئاوەکان، یان جریوەی باڵندان،**

**لە گڤەگڤی با، یان گرمەگرمی برووسکە دەگرم،**

**ئەوسا لێیانەوە هەست بە شاهێدییەکی تاکانەیی تۆ و**

**بەڵگەیەکی بێهاوتاییت دەکەم؛ کە تۆ ئەوەیت دەچیتە ناو هەموو شتێک،**

**کە هەموو شتێک دەزانیت.**

نووسینەکانی من پەیامێکی هاوشێوەی ئەوە دەگەیێنن. تێیاندا، پیاهەڵدان بەو خوایە زیندووە، زاڵە. مرۆڤ ڕوو لە هەر لایەکیش بکات، بەم خوایە دەگات. منیش وەک سۆفییەکانی تر – ئێستا لە

هەمووان زێتر بیر لە ئیبن عەرەبی دەکەمەوە- جیاوازی لە نێوان کرۆکی خوا، سیفەتەکان، یان ناودا، لەگەڵ بەرهەمەکانی خوادا دەکەم. دەتوانرێت ناو و تایبەتمەندییەکانی خوا، بەسەر دوو گرووپدا دابەش بکرێن. ئەوەی یەکەمیان لە ناو پێک هاتووە، کە نابێت بۆ خوا پێچەوانەکانیان بەکار بهێنرێن، بۆ نموونە، "زیندوو و بەتوانا". ئەوەی دووەمیان ناویان تێدایە، کە پێچەوانەکانیشیان ناوی خوایە، بۆ نموونە، "ئەوەی کە بەرز دەکاتەوە" و "ئەوەی کە ڕیسوا دەکات".

یەکێک لە بیروڕا جوانەکانم ئەوەیە کە "شت بە پێچەوانەکانیانەوە دیار دەکەون"، کە ئەمە لە ژیانی ڕۆژانەدا دەسەلمێنرێت. پێچەوانەکان لە دنیای هەست و خەیاڵماندا و بەشێوەیەکی گشتیش لە ژیان و لە تێکەڵاوکردنی چوار توخمەکەیشدا، تووشمان دەبن. بەرانبەر تەڕی و ساردیی ئاو و گەرمی و وشکیی ئاگر هەیە. بەرانبەر دڵتەنگی، دڵخۆشی هەیە بەرانبەر یەکبوون، پەرش و بڵاوبوون هەیە. بەڵام خوا لە دەرەوەی ئەم پێچەوانانەیە. خوا بەیەکەوەبەستنەوەی پێچەوانەکانە. لە شوێنێکدا نووسیومە: ئەی هاوڕێ، خوا ڕەزیلکەر و پیرۆزکەرە: بێ ئەم تایبەتمەندییانە، هیچ کردارێک ناکرێت. بڕوانە زەوی و بەرزیی ئاسمانەکان: بێ ئەم دوو تایبەتمەندییانە، ئاسمانەکان ناتوانن بخولێنەوە".

ئەمە مانای ئەوەیشە، کە بەخشندەیی ڕەها تەنیا لای خوا هەیە، هاوکات دەبێت جیهان لەگەڵ پێچەوانەکانیدا هەڵبکات. لەبەرئەوەی لە جیهاندا بەهای ڕەها نییە، بۆیە هەردەم خێر و شەڕ تێکەیشتنی ڕێژەیین. باشی و خراپییەکانی شتێک، پێوەندییان بە حاڵەتاکانەوە هەیە. ژەهری مار واتەی ژیانە بۆ مار و مردنە بۆ مرۆڤ.

دەکرێت خوا بەو نیگارکێشە بچوێنرێت، کە وێنەی جوان و ناشیرینیش دەکات. ئەگەر خوا وایش دیار بێت کە شتێک تێک دەدات، ئەوە بۆ ئەوەیە کە شتێکی باشتر لە جێگەی دابنێت. تێکدان لەپێناو چاککردنەوەیە، زەرەر لە پێناو قازانجە، وێرانکردن لە پێناو ڕاستییە.

خوا جیهانی دروست کرد، بۆ ئەوەی ناو و تایبەتمەندییەکانی خۆی ئاشکرا بکات. بەپێی فەرموودەیەکی پەیامبەر، خوا فەرموویەتی، "من گەنجینەیەکی شاراوە بووم، بۆیە دەمویست بناسرێم". من پێم وایە ناوە خواییەکانیش مانایەکی ئەخلاقییان هەیە. ناوی ''عەلیم'' ڕێمان لێ دەگرێت گوناح بکەین، ناوی ''سەمیع'' وامان لێ دەکات، خۆمان لە بەکارهێنانی زمانێکی شڕ و ناشیرین لابدەین. با ئەوەیشی لێ زیاد بکەم، کە ناوەکان لە بەهای ڕەسەن و ئەبەدیی خواوە هاتوون، ڕۆڵی نموونەیی، یان مودێل بۆ خەڵک دەبینن، هەتا لاسایی بکەنەوە. ئاخاوتن لەبارەی غەزەبی خواوە، بۆ نموونە، خراپترین شت کە مرۆڤ بەسەریدا بێت، دەبێت ببێتە هۆی ئەوەی ئێمە چارەسەری غەزەبەکانی خۆمان بکەین.

لەگەڵ ئەوەیشدا، زۆربەی خەڵک شت وەک خۆیان کە هەن، نابینن. ئەوان لەوە تێ ناگەن کە حەقیقەت داپۆشراوە، کە جیهان وەک خەونێکە، تەڵەیەکە، کەفە زەریا هەڵی داوە، یان تۆزە، ئەسپێکی تێپەڕبوو هەڵی کردووە. لە شوێنێکدا نووسیومە، ''ئەگەر هەموو شتێک کە دەکەونە

بەرچاومان، وا بن کە بەرچاومانن، ئەوسا پەیامبەر، کە بەهرەیەکی وای ڕووناک و ڕووناککەرەوەی چاوتیژیی هەبوو، قەت نەدەپاڕایەوە و بڵێ ''خوایە شتەکانمان وەک خۆیان نیشان بدە''.

بەڵام ئەم بێئاگایەیش هی لایەنی خواییە. کە شت وا ببینین کە هەن. هەموو کەسێک زانیاریی دروستی پێ نەدراوە. با بەڵگە لە قورئان بهێنمەوە، کە نیشان دەدات خوا ئەوەیە کە دەشارێتەوە و ئاشکرا دەکات. خَتَمَ اللّهُ عَلَى قُلُوبِهمْ وَعَلَى سَمْعِهِمْ وَعَلَى أَبْصَارِهِمْ غِشَاوَةٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ عظِيمٌ_ (سورەتی ٢:٧). بەڵام خودا دەڵێت: لَقَدْ كُنتَ فِي غَفْلَةٍ مِّنْ هَذَا فَكَشَفْنَا عَنكَ غِطَاءكَ فَبَصَرُكَ الْيَوْمَ حَدِيدٌ_ (سورەتی٢٢:٥٠). بۆیە بێئاگایی هەیە، تا دەستی لێ بەربدەین و بەئاگایی بێتە ئاراوە.

ببوورن کە درێژەم دایێ.''

ماشتیلدی ماگدبێرگ و ئەبوئەلعەفیا، هەردووکیان تەواو بێ جووڵە و دەم بەنیوەکراوەیی دانیشتبوون، بەئاشکرا دیار بوو بە ئاخاوتنە هەژێنەرەکانی ڕۆمی هەژابوون، دوای کەمێک بێدەنگی ماشتیلد دەستی بە ئاخاوتن کرد.

''گرینگ نییە ڕۆمی خۆشەویست. هێندە ئاسان نییە باسی خوا بکرێت. کام خوا؟ فرە وێنەی خوا هەیە. وێنەی خوا لە ئاینی مەسیحیشدا تاکانە نییە. لە باوەڕی جووەوە هاتووە، کە ''خوا یەکە'' (کتێبی پێنجەم. ٦:٤) و ئەمە بۆ ''باوەڕی یەکگرتنی سێ'' گەشە دەکات. ئاشکرایە خوا یەکە، بەڵام خۆی لە کوڕە تاکانەکەیدا، لە عیسادا دەنوێنێت.''

ڕۆمی قسەی پێ دەبڕێت.

''بەڵێ، هەر لێرەوە کێشەیەکمان هەیە. سەختە ئیسلامەکان بەم تێگەیشتنە ڕازی بن، کە ئێمە بەپەرستنی چەند خوایەکی دەزانیین (شەریکدانان)، تاکە کوفرێکە قابیلی لێبووردن نییە. ناتوانین لە عیسا تێگەیشتن وەک کوڕی خوایش پەسند بکەین، کە ئەو لە جەستەی خواوە هاتووە. بەڵام ئەگەر بەدوای ئەو شتانەدا بگەڕێین کە پێکەوەمان دەبەستن، وەک کە لەسەری ڕێک کەوتین، ئەوسا ئاشکرایە کە ئیسلام هاوباوەڕی تاکانەییی ڕەهایە لەگەڵ مەسیحی و بێگومان لەگەڵ جوویشدا.''

''ڕۆمی، سوپاس بۆ ئەم ڕایەت. من جیاوازییەکانی نێوانمان لە باوەڕی ''یەکگرتنی سێ'' و ''لە جەستەبوون''دا دەبینم و ڕێزم هەیە. هاوکات دەمەوێ بڵێم کە ئەم جیاوازییانە هێندە زۆر گەورە نەکرێن. خۆ ئێمەی مەسیحی جەخت لەسەر ئەوە دەکەین، کە ئەو سێ وێنەیەی خوا، باوک، کوڕ و ڕوحی قەدیس یەکەیێک پێک دەهێنن. ناوی ''یەکگرتنی- سێ''ـە.

ڕۆمی، من وا دەبینم، ئەم ڕایەم کە وا ئێستا دەریدەبڕم، تۆ پێت خۆش دەبێت. بۆ من خوا بەر لە هەموو شتێک واتەی خۆشەویستی دەگەیێنێت. بێگومان ئەشقی خوایی کرۆکی کتێبەکەمە، کە من بە ''ڕووناکیی لێشاوی خوایی'' ناویم هێنا. وەک زۆر کەسی تر سوودم لە شیعرە خۆشەویستییەکانی ''گۆرانیی گۆرانییان'' وەرگرتووە. بۆ من خۆشەویستیش پێوەندیی نزیکی بەزانیارییەوە هەیە، هەموو زانیارییەک نا، بەڵکە زانیاری لەبارەی ئاشقی خواییەوە. لە

چاوترووکانی گۆڕانی ئەزموونی ڕوحیدا، زانیاری و ئەشق یەک دەگرن. لە شوێنێکدا نووسیومە "ئەشق بێ زانیاری، وەک تاریکی وایە بۆ ڕوحی ژیر".

ڕێگەی خۆشەویستیی من، دەربڕینێکە بۆ کۆششی ڕوح کە بەسەر هەستەکانیدا زاڵ ببێت و ئاکارە باشەکانی بچێنێ. خوا لەسەر ئەم ڕێگەیەدا، کە من بە "بەخێرهێنان" ناوی دەبەم، بە مرۆڤ دەگات. لە کتێبەکەمدا نووسیومە، "بۆ ئەوەی بە ئاشقی خوایی بگەیت، دەبێت مرۆڤ "بە کۆلکەداری ئاکاری باش ئاگری خۆشەویستی بکاتەوە".

من لێرە دەوەستم. ئیبراهیم ڕوانینی قەبالەیی بۆ خوا چۆنە؟''


''بە خۆشییەوە بۆ تۆ و بۆ جەلالەدین باس دەکەم. ئەوەی تۆ باسی دەکەیت، سەرنجڕاکێشە. بەڵام گوێم لێت نەبوو باسی خوای نادیار و ئاشکرا بکەیت؟''

''وایە. بەڵام من هیچ سەختییەکم نییە، بەم خوایە پێوست بم. بۆ من خوا هەموو شتێکە لە هەموو شتێکدا. خوا کرۆکە لە خوڵقێنراو و لە دەرەوەیشیەتی. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا تێکستەکەم زێتر باسی بەیەکگەیشتن لەگەڵ خوادا دەکات، بەیەکگەیشتنێک کە من بە "بەخێرهێنان" ناوی دەبەم. بەخواگەیشتنیش هیچ وەسفکردنێکی نییە. یەکێک لە وێنە باوەکانی من بۆ وەسفکردنی ئەم بەیەکگەیشتنە، بیابانە. پێوەندیی بەوەوە هەیە، کە بەخواگەیشتن لە دەرەوەی بەئاگایی لەسەر خۆمان ڕوو دەدات. بە زمانی ئەڵمانیی من، دەتوانم لەگەڵ ئەم وشە ئەڵمانییانەدا، iht و niht ، شتێک و هیچ شتێک، یاری بکەم. ئەوەی لای ڕوحەوە وەک هیچ شتێک هەستی پێ دەکرێت، هاوکات شتێکە. حزووری خوا لە نەمانی بەئاگاییی خودا، دەردەکەوێت.''

''ماشتیلد، سوپاس بۆ وەڵامەکەت. بۆ من، خاڵی بەیەکگەیشتن بە هەردووکتاندا هەیە. گرینگترین نووسینی قەبالەیی، کە کتێبێکی زۆر گەورە و نایابە، هاوڕێیەکی نزیکی خۆم نووسیویەتی. ناوی ''مووسا دێ لیۆن''ـە و بەرهەمەکەیش ناوی "کتێبی درەوشانەوە"یە. تێیدا باسی خوای شاراوە و نهێنیدا دەکات، بێ خەسڵەت و سیفەت، بەڵام خوایەک کە کەم وەک کەسی سێیەم باس ناکرێت. لە نزیک ئەم خوایە شاراوەیەدا، کە بە "ئێین سوف" ناوی دەبرێت و مانای "بێ کۆتایی"ەوە، دە سیفەتە خوایییەکان، دە "سێفیروت"ەکان، هەن. ئەم سیفەتانە نوێنەرایەتیی قۆناخی جودای هەڵقووڵانی خواییشن، یانی هاتوچۆی وزەی خوایی. ئەم سیفەتانە بە سیمبۆلی زۆر سەیرتر دەشاردرێنەوە، کە ڕەنگە بۆ خوێنەر سەرلێشوێنەر بێت.

وێنە دووبارەبووەکانی ئەم جیهانە، لەلاییێکەوە درەختی خوایییە، لەلاییێکی ترەوە مرۆڤی بنەچەیە (ئادەم کادمون). ئەگەر دە "سێفیروت"ەکان درەختەکە بن، ئەوا "ئێین سوف" "ڕەگە شاراوەکەی ناو هەموو ڕەگەکانە"، یان شیلەی درەختەکەیە. درەختەکە هەر لەخۆوە بوونی نییە، بەڵکە بە هێزی شیلەکە بوونی هەیە، کە خوا شاراوەکەیە. هێزی خۆڕسکی وزەی خوایی، لەم سیمبۆلییەدا جوان دەردەبڕدرێت. پرسیار ئەوەیە، چۆن مرۆڤ بتوانێت بەم هێزە بگات. ئەوسا پێویستە شتێک لەبارەی سەرچاوەی هەڵقووڵانەوە، ئەم دە "سێفیروت"ـەوە بزانین. هەر بە کورتی دەکرێت بەسەر

سێ سیانەدا دابەش بکرێن، کە هەنگاو بەهەنگاو، خۆیان لە جیهانە دروستکراوەکەدا نزیک دەکەنەوە. سیانەی یەکەم لە چڵەپۆپە، ژیری و هۆشمەندیی خوایی پێکهاتووە. سیانەی دووەم سیفەتە خواییەکانە، بەخشندەیی، دادوەری و ئاسوودەیی. ئەوان نوێنەرایەتیی کامڵیی ئێتیکی خوا دەکەن. پاشان سێیەم و دوا سیانە، ئەبەدی، شکۆداری و بنەڕەتیی دێت، کە دەسەڵاتی خوایە لە جیهاندا. دەیەم و دوا سەرچاوەی هەڵقووڵانیش بوونێکی ژنانەی جودا و سەربەخۆیە، کە پێی دەڵێن "شێخینا". مانای "حزووری خوایە". لە خوارەوەی ئەودا جیهانی (نا- خوایی) دەست پێ دەکات. مرۆڤ بە ڕێگەی "شێخینا"وە دەتوانێ تا ئاستێک هەڵقووڵانە خواییەکانی تر، ببینێ. مرۆڤ بە بەجێگەیاندنی ڕیتواڵە ئاینییەکان، دەتوانێت بوونی سروشتی ئەو ببینێ."



ماشتیلد گوتی:

''زۆر سەرنجڕاکێشە کە مرۆڤ بەهۆی ڕەچەڵەکی ژنانەی خواییەوە، بۆ حزووری خوایی بگەڕێت.''

''بەڵێ وایە. بەڕێگەی "شێخینا"وەیە مرۆڤ دەتوانێت تا ئاستێک هەڵقوولانە خواییەکانی تر ببینێت. بێجگە لەمەیش، دەتوانم ئەوەیش بڵێم، یەککگرتنی "تێفیریت و مەلخوت"، شەشەم و دەیەمی سێفیرا، سیمبۆلی هاوسەریێتییەکی پیرۆزە لە نێوان ژنانە و پیاوانەدا، یەککگرتنێکە دۆخێکی هارمۆنی بەدوادا دێت.''

''بەو جۆرە بابەتێکی سەرەکیی تر دێنینە گۆڕێ، واتە هەنگاوی ڕوحی، یان، چۆن دەتوانین لەگەڵ بنەچەی خواییمان یەک بگرینەوە. من دەتوانم شتێک لەبارەی ئەم بابەتەوە بڵێم. بەرهەمە شیعرییەکەم، ''مەسنەوی'' بە چەند دێڕێک دەست پێ دەکات، کە دەکرێت بە "گۆرانیی نەی" ناو ببرێت. باسی ناڵەی قامیشەلان دەکات، کە لە بنەچەی بڕاوەتەوە. بێگومان مانا قووڵەکەی تاسەی ڕوحە بۆ بنەچەی خواییی خۆی. چەند دێڕێک دەخوێنمەوە:

**ببیە، ئەی کاتێ کە باست بۆ دەکا**
**داد لە دەس دووری دەکات و گۆ دەکا**
**لەو دەمەیرا، من لە نایستان بڕام**
**مێرد و ژن هەروا دەگرینێ هەرام**
**ئاگرە، ئەم بانگی شمشاڵە... نە (با)**
**هەر کێ نەیبێ ئاگری وا... هەر نەبا**
**ئاگری (ڤین)ـە لە نەی وا دێتە دەر**
**جۆششی ڤینە لە مەی وا دێتە دەر**

(وەرگێڕانی: ئەحمەد تاقانە. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ٢٠٠٨س)

خەڵکی وا هەیە پێی وایە ئەم کۆپلانە ناواخنی هەموو بەرهەمە چەند هەزار لاپەڕەییەکەیە. بۆ ئەوەی ئەوان دەیڵێن، هۆ هەیە. گۆرانییەکە چەند بابەتێکی بنەڕەتی دەورووژێنێ. "قەد و ڕەگ" ئەو ڕەچەڵەکە ی، کە هەموومان هاوڕاین لەوەی کە لێیان هاوبەشین. کۆپلەکان باسی تاسەی یەککگرتنەوەیشمان دەکەن. هێزی بزوێنەر، ئەو وزە خواییە، ئاگری خۆشەویستییە. من حەز دەکەم وێنە لەو سروشتە وەربگرم، کە ڕۆژانە لەناویدا دێین و دەچین. قامیشەکە لە دەوروبەری سروشتیی خۆی دادەبڕێ. دەکرێتە ئامێرێک و نەواکانی لە گەڕانی ڕوحیماندا دەمانهێنیتە جۆش. مەسەلەکە گۆڕانە، وانییە؟''

ماشتیلد گوتی:

'' بەڵێ وایە. لەگەڵ ئەوەیشدا دەمەوێ بزانم ئێوە چۆن لە کاریگەری چوونە خەڵوەتەوە دەگەن، بۆ ئەم گۆڕانە. من بۆ خۆم هەستێکی وام هەیە، کە جەختکردن لەسەر چوونە خەڵوەتەوە، زێتر پێوەندی، وەک کە من ناوی دەبەم، بە ڕاهێنانی ڕوحیی پیاوانەوە هەیە. ئێمەی ژن زێتر گرینگی بەجوانکردنی ڕەفتارە باشەکان و داهێنانەوەی خۆشەویستی دەدەین. ڕێگەی "بەگینەکان" ڕێگەی ئەشقە.

ڕۆمی گوتی:

''بەڵێ وایە! لە نووسینەکانی منیشدا، خۆشەویستی بابەتی بنەڕەتییە. بەڵام ئەمە ڕێ لەوە ناگرێ خەڵک بەئەزموون و ڕاهێنانی جۆراوجۆر بۆ ئەوە هەوڵ بدات کە تۆ بە "جوانکردنی ڕەفتارە باشەکان" ناوی دەبەیت. خۆ ئێمەیش هەوڵ دەدەین ئیسلامی باش بین و ئەمەیش بەو مانایە دێت، کە پێڕەوی یاسای ئاین و ئەرکەکانی بکەین. نوێژ و زیکرکردن بۆ خوا. لە ڕاهێنانەکانی خەڵوەتگریدا، دەتوانم خۆم بۆ بێداری تەرخان بکەم. کە بە شەو خەڵک نووستون، مرۆڤ دەتوانێ لەگەڵ خوا بەتەنیا بێت. لە دیوانەکەمدا زۆرجار ئەمە ناو دەهێنم، بۆ نموونە بەم وشانە:

لە پێناو ئەم هاوڕێیە دڵسۆزەدا

ئەو کە بە شەو نانوێ، هەر وا دەکات

مەنوو و ڕازی دڵتی بۆ بدرکێنە!

زۆر لە ئێمە باسی جیهادە گەورەکەی تر لە نێوان عەقڵ و نەفسدا دەکەین. ئیبراهیم تۆ چۆن ئەمە دەبینیت؟''

''لەبەر کات، بەکورتی وەڵام دەدەمەوە، کە تێگەیشتنم لە گەشەی ڕوحیدا چۆنە. مەسەلە پلەیە. دەکرێت بەهای خەڵوەتگر لە پلەکانی بنەوە بن. ئێوە دەزانن من هاوڕای ئێوەم، لەوەی کە مرۆڤ جیهانێکی بچووکە. کە جێگەی هەموو لێشاوی خوایی دەبێتەوە. وەک کە زۆرجاران دەڵێم، بۆ ئەوەی بتوانیت لە ناختدا خوایی دابهێنیت، یان ئازادی بکەیت، دەبێت هەموو گرێیەکان بکەیتەوە. گەیشتن بە، ئەوەی کە من بەعەقڵی چالاک ناوی دەبەم، دوا پلەی هەڵقووڵانی خواییە، بەناو حەوت ئاستی کەسایەتیی مرۆڤدا ڕەت دەبێت.

لە نزمترینەوە، کە من بە ئاستی ئاکاری ناسینەوە، ناوی دەبەم، دەچینە سەر تەبەقەی هەستکردن. پاشان خواستەکانمان دێن. واتە وەڵامی هەست و خواست بۆ ئەم هەستکردنە و خەیاڵ و وێنەکانی ناخ دێن. لەوێوە هەڵدەکشێینە ناو کرۆک، ناعەقڵانی و توانای بیرکردنەوە و لەوێیشەوە بۆ ناو توانای پەیامبەری دەچین. لە کۆتاییدا دەگەینە ئەقڵی چالاک.

بەڵام دروست لێم بگەن! من وەسفی بازنەیەکی کامڵ، یان ڕەنگە یەکێکی بە پێچ بکەم. هەموو پرۆسێسەکە لە خواوە سەرچاوە هەڵدەگرێت و پاشان بۆ دوا پلەی هەڵقووڵانی خوایی، بۆ عەقڵی

چالاک دەچێت. پاشان هەڵقووڵاوە خواییەکە بەسەر تواناکانی مرۆڤیدا دەنیشێتەوە، هەڵیان دەگرێت و وایان لێ دەکات خۆیان بەعەقڵی چالاکدا بنووسێنن. بەم شێوەیە دەکرێت عەقڵی مرۆڤ هەر بۆ ئاستی بڵندتری ڕوحی و دوا توانەوەی لەگەڵ عەقڵی چالاکی خواییدا، بەرز بکرێتەوە. ئاستە نەوییەکانیش، بۆ نموونە خەیاڵەکانمان بە لێشاوی عەقڵی چڕ دەبن.''

''سوپاس ئیبراهیم. من وەک خانەخوێ، دەتوانم بەوە ڕازی بم، کە گفتوگۆکانمان بەهەندێک ئاخاوتن لەبارەی ئەزموونی حزووری خوا خۆیەوە، کۆتایی پێ بهێنین. خۆ ئێمە هەموومان ململانێ لەگەڵ زماندا دەکەین. چۆن دەتوانین شتێک لەبارەی ئەوەوە بڵێین کە دەرنابڕدرێت؟ ئیبراهیم خۆ تۆ دەتوانیت دەست پی بکەیت؟''

''بەڵێ دەتوانم. کە مرۆڤ "هەموو گرێیەکانی کردەوە"، دەتوانێت بە دە ''سێفیرۆت''ەکان، هەتا ''ئێین سوف'' هەڵبکشێت. کردنەوەی گرێیەکان مانای ئازادبوونە لەو شتانەی مرۆڤ بە جیهان و – بە خوا– دەبەستنەوە. گونجاوە ئەم پرۆسێسە بەجۆرێک لە مردن وەسف بکرێ. دەربڕینێک لە نووسینەکانمدا هەیە کە پێوەندیی بەم میتافۆرەی گۆڕانی ڕوحییەوە هەیە. وایە: "ئەوە بێنە بەرچاوت کە ئەو کاتەی ڕوحت لە جەستەت جودا دەبێتەوە و لەم جیهانەدا دەمریت و لە جیهانێکی تردا دەژیت". من زۆرجار باسی توانای هەمیشەیی پەیامبەریی دەکەم، حاڵەتێک کە تێیدا (وا لە کتێبەکەمدا دەخوێنمەوە) "ئەم و ئەو دەبنە یەک بوونەوەر".''

''ئیبراهیم لە نووسینەکانتدا ئازارکێشان لە کوێیە؟ پێویست ناکات ئێستا وەڵام بدەیتەوە. لە بریدا من چەند دێرێک لە نووسینەکەمدا "ڕووناکیی لێشاوی خوایی" دەهێنمەوە. کە لە دیالۆگێک پێک هاتووە، لە نێوان ڕوحی مرۆڤ و خۆشەویستیدا، کە خوایە. کاتێک ڕوح پرسیار دەکات، لە کوێ بارەگەی خوایی دەدۆزرێتەوە، خۆشەویستی وەڵام دەداتەوە:

ئەو لەناو ئارامیی وەفاداریدا دەژی و لەناو پەرژینە باریکەکانی ڕوحدا، بۆ خۆشەویستەکەی دەچرپێنێ.

لەناو دڵنەواییی گرانبەهای خۆشەویستیی خۆیشیدا، لە باوشی دەکا.

کە لە ئەشقدا نیگایان ڕوو لە یەکتر دەکەن، ئەو بەچاوی ئاشقی بەخێری دەهێنێ.

ئەو بە دەمی خوایی خۆیەوە، بە تامەزرۆوە ناو دەمی ماچ دەکات.

تۆ لەم شانازترین دەمەدا، لە شادیش شادتری.

هەتا بتوانێت، لەسەر نوێنی ئەوین دەیلاوێنێتەوە.

پاشان کە ئەو، هەر بەڕاستی لە ئەو دەئاڵێ، دەگاتە بەرزاییەکانی نەجات و بەتینترین ئازار.

ئەی ڕوحی خۆشەویست، بهێڵە ئەڤینت لەگەڵ بکرێت و لە دوورەوە توند مەیگرە.

زمانی ئێرۆتیکیت بەسەردا ڕەت نابێت، وا نییە؟ باسی باوەش پێکردنێک، ماچێکی خوایی،

لاواندنەوە و ترۆپکی لە یەکدیئالان دەکات.''

''ئای! ئەگەر بە ماچێک بمریت! ئەمە بۆ منیش شێوازێکی دەربڕینە لە بەخوداگەیشتن. وەک کە تێ دەگەن، دەربڕینەکە لە وشەی "گۆرانیی گۆرانییان"ەوە هاتووە،

'ئەو ماچی دامێ، ماچی ناو دەمی" (١:٢)

بەڵام ماشتیلد من قسەم بە تۆ بڕی.''

''گوێی مەدەرێ ئیبراهیم، سوپاسی ئاخاوتنەکەت دەکەم. بەڵام من دەمەوێ لێرە بوەستم. ئێستا لەم شارە کولتوورییەدا، پیاسەکەمان بەناو گەڕەکی گەلاتەدا دەکەین. من پێم وایە ڕۆمی بەگوتەیەک کۆتا بە کۆبوونەوەکەمان بهێنێ.''

''بەڵێ ماشتیلد وا دەکەین. گوتەکەیش لەبارەی خۆشەویستییەوە دەبێت. بە هێزی خۆشەویستیی هەموو خوڵقێنراو کەوتە چووڵەوە. بۆیە، هەموو شتێک لە بووندا خۆشەویستیی خوای تێدایە. لە ڕادیکاڵترین شێوەی دەربڕینمدا باسی بە خوا مەستبوونم کردووە و کە ئەم تێنووێتییەی ئەشقیش دەبیتە شێتییەک. بێگومان بەخوداگەیشتن دوور لە هەموو تاکەکەسی و دووانەییێکە. بەڵام ئەمە ڕێ لەوە ناگرێت، کە من بەوشەی خۆشەویستی و شەرابخواردنەوە وەسفی بکەم. بەخوێندنەوەی شیعرێک کۆتاییی پێ دەهێنم:

دەستبەرداری دووانەیی بووم، بینیم ئەم دوو جیهانە یەک بوون،

بۆ کەسێک دەگەڕێم، هەست بە کەسێک دەکەم، کەسێک دەبینم، بانگی کەسێک دەکەم.

بە جامی ئەوین مەستم،

ئەم دوو جیهانە دوورن لە ئەقڵی من

بێجگە لە کەیف و سەفا، کارێکی ترم نییە من

# ئەفسانەیەک
# کە ئێوە قارەمانەکانین

گی کورنو

ئەم باسەی سەرەوە ناونیشانی نووسینێکە کە گی کورنو لەسەر دەروونناسی و ئەفسانە نووسیویەتی. لێکدانەوەکەی لەسەر یەکێکە لە ئەفسانە هەرە بەناوبانگەکانی میسری کۆن، بەناونیشانی (ئیزیس و ئۆزیریس)، بۆیە پێش خوێندنەوەی نووسینەکە پێویستە خوێنەر شارەزای ڕووداوی ئەو ئەفسانەیە بێت، منیش وەک سەرەتا ئەفسانەکەم کوردووە بەکوردی، پاشان دەچینە نێو لێکۆڵینەوەی "ئەفسانەیەک کە ئێوە قارەمانین". (وەرگێڕ).

### ئەفسانەی ئیزیس و ئۆزیریس

ئەم ئەفسانەیە لەلایەن کلۆد لۆمیۆ و گی کورنووەوە دووبارە نووسراوەتەوە

وەدەستهێنان و بڵاوکردنەوەی دەقی تەواوی ئەفسانەی ئیزیس و ئۆزیریس کارێکی پڕ گرفتە، لەبەرئەوەی ئەفسانەکانی میسر بەپێی ڕۆژگار هەزاران جار گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. ئەفسانەی ئیزیس و ئۆزیریس بەدەر نییە لەو یاسایە، بەڵام پشتبەستن بەیەکەمین دەقێک کە سەرقاڵی گواستنەوەی ئەفسانە بووە، واتە دەقی پلوتارکی یۆنانی و بە سوودوەرگرتن لە سەرچاوە هاوچەرخە هەمەچەشنەکان. کلۆد لۆمیۆ هونەرمەند و دەرهێنەری شانۆیی، توانیویەتی لەم ئەفسانەیەوە دەقێک ئامادە بکات، ئەم دەقە لە بنەڕەتەوە ڕێک لەو دەقانە دەچێت کە لە کتێبە مەزنەکانی ئەفسانەکانی سەرزارەکی خەڵکی هاتووە.

.................................................................

(*) وەرگێڕانی لە هۆڵەندابییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان

## پێشەکی

گەڕانێکی بێ ماندووبوونی ئیزیس بەدووی پارچە پەرتەوازەبووەکانی جەستەی ئۆزیریسی (خوا) یەکێکە لە بەهێزترین وێناکردنی شارستانیی فیرعەونەکان. ئەم ئەفسانەیە ئەوەندە پڕ هێزە سێ هەزار ساڵە لە مێژووی میسر گەشەی کردووە تا لە سەردەمی یۆنانی ڕۆمانی بەوپەڕی لووتکەی خۆی گەیشتووە. ئەمڕۆش هەر هەمان ئەم ئەفسانەیە کارمان تێ دەکا، لەبەرئەوەی ئەم ئەفسانەیە هاوکات پەیامێکی پێییە شەنگ و ڕوون:

لە ڕێگەی عەشقەوە، هەموو کات ژیان بەسەر مەرگدا زاڵ دەبێت.

## لەدایکبوونی خواکان

ڕە Ra هەتاو و تەحوت مانگ بوو.

(نوت)، خواژنی ئاسمان و (گیب)، خوای زەوی بوو

نوت، خواژنی ئاسمان بەسەر باڵای (گیب) شۆڕ بووبووەوە، خوای زەوی (شوو) خوای هەوای هەڵدەگرت، کە تەنیا نووکی پێیەکان و دەستەکانی بەر زەوی دەکەوت. شوو بەدرێژاییی ڕۆژ کە دوور بوو لە (گیب)، هەموو شەوێ بەسەر رووی ئەودا دەردەکەوت و بەم شێوەیە تاریکی پەیدا دەبوو.

دەڵێن ئۆزیریس یەکەم ڕۆژ کە لەدایک بوو، لە کاتی لەدایکبوونیدا، دەنگگەلێک بەرز بوونەوە و رایان گەیاند کە مامۆستای هەموو شتێک هاتووەتە دنیاوە. ئەویان بە هاوبەشی ئاوسەرکردنی رووباری نیل و ڕەوینەوەی گیاکان دانا.

دووەمین ڕۆژ (هورووس)ی برای لەدایک بوو.

سێیەمین ڕۆژ (سیس) هاتە دنیاوە، ئەو سیسە بەشێوەیەکی ئاسایی نەهاتە دنیاوە ئەو لە ڕێگەی دڕاندنی کەلەکەی دایکییەوە لەدایک بوو. سیس نوێنەری دەشتی وشک و سووتێنەر و بێ گژوگیا و ئاوە.

ئیزیس ڕۆژی چوارەم بەداپۆشراوی بە شەونمەوە لە زەلکاوەکانەوە لەدایک بوو، ئەو نوێنەری زەویی پڕ خێروبەرەکەتی میسر بوو.

دواجار ڕۆژی پێنجەم نەفتیس هاتە دنیاوە و هەر لە هەمان ساتدا ناوی پیرۆزی (یانوسیان) بەو دا، لەبەرئەوەی زۆر جوان بوو. هەموو ئەمانە کوڕانی (نوت ) بوون (نوت)ی خواژنی ئاسمان، دەشڵێن باوکی ئۆزیریس و هورووس، هەتاو (ڕە) بووە، ئیزیس کوڕی مانگ (تەحووت ) بوو، سیس و نەفتیس کوڕانی زەویی (گیب) بوون.

## لەدایکبوونی ئانوبیس

هەر وەک دەڵێن سیس بووە هاوسەری نەفتیس، ئیزیس و ئۆزیریس هەردووکیان عاشقی یەکتری بوون و لە منداڵدانی دایکیاندا پێوەندییان پێکەوە کردووە.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە چ جیاوازییەک لە نێوان ئەم دوو کەسە هەیە. ئیزیس، ئۆزیریسی خۆش دەویست، پێی وابوو ئەو لە خۆی جوانترە، لە حاڵێکدا کە نەفتیس بەدبەخت بوو. جەستەی سیس ئەوی دەسووتاند. خەسڵەتی ئاگرینی سیس بۆ ئەو وەک بەردی دەشتی چۆڵ و هۆڵ بوو. بەپێچەوانەوە، ئۆزیریس بۆ فێنکیی سێبەری خەمرکێ(کانی و شینایی لە بیابان) بوو، پەنجەی دەستەکانی نەرمونیان بوون. شەوێک هات کە نەفتیس خیانەتی لە مێردەکەی کرد.

سیس گیایەکی هەبوو هەر شەوێک کاتێک دەگەڕایەوە ئەو گیایە گوڵێکی نوێی دەردەکرد، ئەو شەوە بەپێچەوانەوە گوڵەکەی لاواز و ملکەچ بوو، سیس بەگوڵەکەی گوت: "کاتێک کە دەگەڕێمەوە ڕووم تێ بکە!" بەڵام لە وەڵامدا گیاکە وشک بوو. سیس تێ گەیشت نەفتیس لەگەڵ ئۆزیریسە.

کاتێ نەفتیس گەڕایەوە، سیس تێ گەیشت کە ئەو شەوەی کە نەفتیس لەگەڵ براکەی بردوویەتییە سەر بۆ ئەو زۆر شەوێکی گرینگترە تا لەگەڵ ئەودا بیباتە سەر. پاشان نەفتیس دانی پێدا دەهێنێت و بەدەنگێکی پڕ لە شادییەوە هاوار دەکات کە سکی لە براکەی ئەو پڕە. ئەم سووکایەتییە تووڕەیی سیس بەرز دەکاتەوە، بەهۆی ئەو ناکۆکییەی کە پێکەوە هەیانبوو، بیری ئۆزیریس وەک قامچی بەملا و ئەولایدا دەیکێشا و بەرەو ئەوەی دەبرد بیر لە هێرش و پەلاماردان بکاتەوە. هەوڵ دەدات ئەو بوونەوەرەی کە نەفتیس هەڵی گرتووە، دایڕزێنێ، بەجۆرێک نەفتیس خۆی ڕقی لەو میوەیە بێت کە لە ناخی خۆیدا هەڵی گرتووە.

کاتێ کە نەفتیس منداڵی بوو، گریا و نەیدەتوانی چارەی ئەو کۆرپەیە ببینێ کە هێناویەتییە دنیاوە، ئەو منداڵەی هیچ جوانییەکی تێدا نەمابوو، ئەو منداڵەی بەهۆی لێدان و دەستدرێژییەکانی هاوسەرەکەی بەتەواوی بە شێوەیەکی گۆڕاو هاتە دنیاوە. بەم شێوەیە ئانوبیس لەدایک بوو، ئانوبیس چارەیەکی دزێو و ناشیرین هەر لە ڕوخساری چەقەڵێکی دڕندە، گەنیو و قێوەزن. نەفتیس منداڵەکەی بردە دەشتێکی چۆڵ و هۆڵ و تا لەوێ بەرەڵای بکا.

بەڵام ئیزیس بڕیاری دا ئەو منداڵە رزگار بکا. ئانوبیس بەتەواوی نیشانەیەکی تەواو بوو لە ناپاکیی هاوسەری، بەڵام ئەو لەوە دڵنیا بوو ئەم منداڵە نابێ بمرێ. ئیزیس بە یارمەتیی ئەو بۆنەی منداڵەکە هەڵی گرتبوو توانی بدۆزێتەوە، هەڵی گرتەوە و کردیە پاسەوانی خۆی.

## تۆڵەی سیس

ئەو تووڕەبوونە کوشندەیەی سیس بهێننە بەرچاوی خۆتان: منداڵە حەرامزادەکەی تا ئەم ساتەش زیندووە! پەیمانی دابوو گەر تەنانەت ساڵانێکیش چاوەڕوانی بکات هەر دەبێ تۆڵەی خۆی بکاتەوە.

هەوالنامەی دیکه

ئەو زۆر حەوسەڵەی هەبوو، لەبەرئەوەی ئۆزیریس نەک تەنیا پادشای میسر بوو، بگرە پادشای هەموو ئەو ناوچەیە بوو. هەرکە ئۆزیریس گەیشتە سەر حوکم میسرییەکانی لەو ژیانە پڕ چەرمەسەری و دڕندانەییە رزگار کرد کە پێوەی دەناڵان، میللەتەکەی فێری کشتوکاڵ کرد و یاسای بۆ دانان و فێری خواپەرستی کردن. پاشان لە سەرتاسەری دنیا گەڕا تا داوونەریتی گونجاویان بۆ دروست بکات. بە دەگمەن دەتبینی کەسێک پەنا بەرێتە بەر چەک، تەنانەت زۆربەی هۆزەکانی بۆلای خۆی ڕاکێشا لە ڕێگەی رازیکردن و دڵنیاکردن و لە ڕێگەی وتووێژ و مۆسیقاوە.

ئەو لە دێوەخانی زۆربەی پاشایاندا جێگەی پەرستن بوو، کاتێ کە گەڕایەوە بۆ میسر، خەڵکی هەموو وەئاگا بوون لە جوانی و سەرنجڕاکێشیی ئەو، بەڵام کارێکی خراپ بەرۆکی گرت، لەبەرئەوەی تەنیا مانگێک بوو کە گەڕابووەوە میسر کە سیس ئەوی بۆ داوەتێکی گەورە بانگهێشت کرد، توانیبووی لەبارەی ئەو سندووقە گەورەیەی کە دروستی کردبوو خۆپەسندیی ئەو بجووڵێنێ. ئەو سندووقە بەمەبەستی ئەوە دروست کرابوو تا خوایەکی تێدا جێگە ببێتەوە کە زیاتر ئەو خوایە لە (تیمۆ) دەچێ، ئەو خوایە دیمەنێکی شادمانی و لێبووردەییی هەبوو.

سیس فرمانی دا ئەو سندووقە بهێنن و داوای لە ٧٢ لە شا خواکان کرد یەک لە دوای یەک بچنە ناو ئەو سندووقە و خۆیان تاقی بکەنەوە لەو هەمووەی چوونە نێو سندووقەکەوە هیچیان بە ئەندازەی سندووقەکە نەبوون کە سیس مەبەستی بوو، دواجار نۆرە گەیشتە سەر ئۆزیریس، ئەویش هاتە پێشێ سندووقەکە بە تەواوی بەئەندازەی ئەو بوو، لە حاڵێکدا کە براکەی سیس چووە نێو سندووقەکەوە سندووقەکە بەتەواوی رێک بەبەری ئەو بوو، پێ کەنی و گوتی تۆ جوانی پاشان سەری سندووقەکەیان بە توندی داخستوو و ٧ کەس لە شەڕوانەکانی بە ئاوی پۆڵا سەری سندووقەکەیان داخست. سندووقەکەیان تا رووباری نیل برد و فڕێیان دایە ئاوەکەوە. لە حاڵێکدا کە پاش نیوەڕۆ نیشانەی دووپشک بوو، سندووقەکە فڕێ درایە نێو ئاوەکە و ئۆزیریس دیار نەما.

## ئیزیس لە بیبلوس

کاتێ کە ئیزیس هەواڵی پێ گەیشت چی بەسەر مێردەکەیدا هاتووە، جلی تازیەباریی پۆشی و نیوەی پرچەکەی بڕی و دەستی کرد بە گەڕان بەدووی ئەو سندووقەی کە مێردەکەی تێدا بوو. تەواوی وڵات گەڕا لە هەموو رێگەیەکەوە سۆراغی کرد و هەواڵی پرسی، پاشان لە ڕێگەی منداڵانەوە هەواڵی پێ گەیشت کە ئەوان سندووقێکیان بەسەر رووباری نیلەوە لەسەر دارێک بینیوە بەدەم ئاوەکەوە رووی لە دەریا کردووە.

پاشان بەمەزندە ئەوەی لا دروست بوو کە ئەو سندووقە لە بیبلوس لە فینیقییەیە و لە لێواری درەختێک وەستاوە. ئەو درەختە هەر لەگەڵ پێگەیشتنی ئیزیریس بەو بە خێرایی گەورە بووبوو و ئەندازەیەکی ناوازەی هەبوو بەجۆرێک بە تەواوی سندووقەکەی لە خۆیدا شاردبووەوە، بەجۆرێک گەورە بووبوو بە بریاری (مەلکاندەر) پاشای بیبلوس، درەختەکەیان بڕیبووە و وەک ستوونێک

سوودیان لێ بینیبوو، ستوونی بنەڕەتیی کۆشکەکەی.

ئیـزیس رووی کردە بیـبلوس و لە کـەناری کـانیـاوێکدا بەچاوی گریـانەوە دانیـشت بەبێ ئەوەی لەگەڵ هیچ کەسێکدا بدوێت. تەنیا لەگەڵ کەنیزەکانی شاژن دانیشت و بەمیـهرەبانی سـڵاوی لێ کردن و دەسـتی کـرد بە قسـان لەگەڵیـان، پرچەکـانی بۆ ئارایشت کـردن و بە بۆنی بوونـی خـۆی ئەوانی بۆندار کرد. شاژن بەبینینی ئارایشتی کەنیزەکان سـەری سوڕمـابوو، بۆنەکەش سـەرنجی ڕاکێشـا، بۆیە زۆر حـەزی کـرد ئەو کەسـە ببینـێ کە ئەم بۆنە خـۆشـەی هـەیە و دەسـتـڕەنگینە لە رازاندنـەوە کـەنیـزەکـان. ئیـزیسـیـان بردە لای شـا. بـوو بەهاونشـینی شـاژن و ئەویش دایـەنی منداڵەکەی خۆی بەو سپارد.

ئیزیس بۆ شیردانی منداڵەکە لە جیاتیی مەمک پەنجەکانی خۆی لە دەمی منداڵەکە دەنا، شەوان منداڵەکـەی دەخسـتـە نێو ئاگـرەوە تا هـەرچییـەک مـردوویی و نابەردەوامـیی هەیە لەودا نـەمێنێ و ببێتە کەسێکی نەمر. خۆی بەشێوەی پەرستکارێک نیشان دەدا و لەسەر ئەو ستوونە دادەنیشت کە نیشانەی ئۆزیریسی پێوە بوو. شەوێکیان شاژن کوڕەکەی لەنێو ئاگرەکە بینی و هاواری کرد، بەم کردارەی جادووەکەی ئیزیسی بەتاڵ کردەوە و منداڵەکەشی لە نەمری بێبەش کرد.

بەم شێوەیە ئیزیس خۆی بە شاژن ناساند و داوای لێ کرد ئەو ستوونەی کە کۆشکەکەی لەژێر وەستاوە بیدا بەو. ئەم داوایە سەخت دەبوو لەبەرئەوەی کۆشکی بیبلوس بەدەرکردنی ئەو ستوونە وێران دەبوو. بەڵام پاشای ملکاندەر لەو رۆژەوەی داوای کردبوو ئەو درەختە ببەن و کۆشکەکە دروست بکەن، بەدەستی بێدەنگییەکی سیمبولئامێزەوە دەیناڵان، ئەو بێدەنگییەی دەستی بەسەر کۆشکەکە کێشابوو. بۆیە داوای کرد ئەو ستوونەی بدەنێ.

## پارچە پارچەبوونی ئۆزیریس

پاش گـەڕانەوەی ئیـزیس بۆ مـیـسـر، جـەسـتـەی ئۆزیریسـی نزیکی بۆتۆ Bouto لە دوو ئاوانی رووبارەکە شاردەوە تا سیس نەزانێت ئیزیس جەستەی ئەوی دۆزیوەتەوە. بەڵام کاتێ کە سیس سـەرقاڵی راوی شـەوانە بوو، لە بەردەم تریفەی مانگەشـەودا جـەسـتـەی براکەی دۆزییـەوە. کورتە ڕمەکەی درێژ کرد و جەستەی ئیزیسی هەڵقڵیشاند و هەموو ناواخنی هێنایە دەرێ دڵ و بڕبڕەی پشت و گـەردن و سـەر و دوو دەست و دوو قـاچ و گـەدە و ریخـۆڵە و سـیـیـەکان و جگـەر، تەنانەت کیسـەی زەردۆچکەی لەشیشی هێنایە دەرێ و لەگەنی ناوقەدیشی دوو لەت کرد، ئەگەر پارچەکان نەدەگەیشـتنە ١٤ پارچە ئەوە بەدڵنیاییەوە کۆئەندامی زاوزێشی دەبڕینەوە، بەڵام سیس دڵنیا بوو کـە پـارچـەکـان ١٤ پـارچەن و چواردەش دوو جـار هـەفت دەکـات، ئەم ژمـارەیـەش نیـشـانـەی دووئەوەندەبوونی توانای خۆیەتی بەرامبەر بەدوژمنەکانی.

لەم کـاتەدا هـەسـتـی بێبـەشـیـەکی ترسناک سـەری لێ هەڵدا، لەبەرئەوەی چیی تر نـەیدەتوانی بەردەوام بێت لە پارچە پارچەکردنی جەستەی براکەی، دووبارە خوێن چاوی گرتەوە پەنجەی خۆی

بڕی و خستییە نێو دەمی ئۆزیریسی برایەوە. لەم کاتەدا ڕووباری نیل بەرەو سەرچاوەکەی هەڵکشا، لەسەرتاسەری هەڵکشانەکەدا سیس دەستی کرد بەناشتنی پارچەکانی براکەی لە شوێنی جۆراوجۆر. پاش خۆشی سەرکەوتن بڕیاری دا بەرەو دوو ئاوانەکە بگەڕێتەوە و پێییەکانی ئۆزیریس لە بوباستیس و بیسیریس بشارێتەوە، هەر لەبەر ئەم هۆیەش لە نووسینە میسرییەکان، سیمبولی دەنگی "ب" یەک پێیە. دەستێکی براکەی لە بالومن و بەمەبەستی دروستکردنی هاوسەنگیی دەستەکەی تریشی لە زادگاکەی ئیزیس ناشت، لەوێ کەمێک مایەوە تا دوو پارچەکەی تری براکەشی لە چاڵ بنێ.

سیس پاشان چەند پارچەیەک لە جەستەی ئۆزیریسی لە ئاتریبیس، هلیۆپۆڵس و سەری لە مەمەفیس ناشت. پارچەیەک لەشی ئەوی لە فاعوم و چەند پارچەیەکی تری لە سەرووی ڕووباری نیل لە ئەسیوت و ئەبیدۆس و دیندیرا ناشت. دواجار کە دڵنیا بوو، بە سەوڵژەنەکانی گوت کە دواین پارچەی جەستەی ئۆزیریس ببەن و لە یەب (YAB) بینێژن.

## هەستانەوەی ئۆزیریس

کاتێ ئیزیس ئەم هەواڵە ترسناکەی بیست ئیتر توانای ئەوەی نەبوو لە جێگەکەی خۆی ببزوێ، ئەو لە قووڵاییی بەدبەختی تا ڕادەیەک وەک مرۆڤێکی لێ هاتبوو، سیس ئەفسوونی ئەوی بەتاڵ کردبووەوە. لە هێزی دەروونیی ئەودا هیچ نیشانەیەک نەبوو بۆ گەڕانەوە بۆ حاڵەتی یەکەم. بیرکردنەوەکانی دەبوونە هۆی گریان و بەرەنجامی گریانەکانیشی بارانێکی بەخوڕ بوو، ئەمە دواین دیاری بوو لەلایەن هێزەکانی وابەستە بەدەروونی جەستەی ئۆزیریس، ئەو جەستەیەی لە زەنگاوەکانی ڕووباری نیل تا یەکەمین تافگەکان دا بڵاو بووبووەوە. بەڵام (کا)ی ئۆزیریس یان بناغەی ژیان ، لە کۆتایی خەمەکاندا پەیامی بۆ ئیزیس نارد تا بەدووی پارچەکانی ئۆزیریسدا بگەڕێت. پاشان لە بەردەم چاوەکانی نەفتیس و ئانوبیس، بەئارامی خۆی گۆڕی بۆ پەلەوەرێ، پەرەسێلکەیەک هەروەک تیرێک بە ئاسمانی میسردا بەرز بووەوە. ئەو لە بەرزاییی ئاسمانەوە هەرچی پێچ و لوولی ڕووبار هەبوو، هەرچی دارستانی نێو ئاو و گیائاوییەکان هەبوو دایە بەرچاو، خۆی ئازاد کرد تا لەگەڵ خوڕەی ئاوەکاندا بڕوات و لە نسرمەکانی هەواوە هەناسە بکێشێ، لە سەرووی خرت و خاشاکێ کە بەرزبوونەوەی ئاو چوار جار بەپێی هاتوچوونی مانگ بەجێی هێشتبوو، بەرز بووەوە و یەکێک لە پارچەکانی لەشی خۆشەویستەکەی دۆزییەوە.

هیچ زەمانێکی تر بۆ ئەو بوونی نەبوو، هەمیشەیی لە بەردەوامیدا بوو. ئیزیس پارچە پیرۆزەکانی دۆزییەوە و بردییە لای مەمفیس، بردییە جێگەیەکی پیرۆزی تا ئانوبیس و نەفتیس پاسەوانییان بکەن. ئەوان بۆ یەکەم جار دەستیان کرد بە ڕێوڕەسمی مۆمیاکردن. لەو ڕۆژەوە ئیتر باشترین ڕێگە بۆ نەمریی مۆمیاکردن بوو.

جەستەی پارچە پارچە ئەگەر پارچەیەکی بۆ هەتاهەتایە ون نەبووایە، ئەوا دەیتوانی تەواوی

خۆی بدۆزێتەوە، کۆئەندامی زاوزێی لەلایەن ماسییەکی گۆشتخۆرەوە خورابوو. لە ئەنجامدا ئیزیس بە گڵ کۆئەندامێکی زاوزێی تری بۆ ئەم خوایە دروست کرد، لە کاتێکدا کە نەفتیس بە سەبر و تەحەمولێکی زۆرەوە سەرقاڵی پرۆسەی مۆمیاکردن بوو، لە هەمان کاتدا ئانوبیس خەریکی پێکەوەنووساندنی پارچەکان بوو. ئیزیس، شاژنی سەرتاسەری زەوی، لە تەحوتەوە ئیلهامی وەردەگرت. ئەو دەیتوانی سەنتەری هێزە ژیانییەکان دووبارە چالاک بکاتەوە، فێر بووبوو کە بە یارمەتیی ورد و ئاواز ئەم "نووستووە مەزنە" بێدار بکاتەوە.

جەستەی ئۆزیریس تەواوی خۆی دۆزیوەتەوە. ئەو سێ ئەفسوونکارە هێزی ژیانیان دایە ئۆزیریس و بە پەتی گیایی برینەکانیان برینپێچ کرد. ئیزیسی پەلەوەر لەسەر نووکی زەکەری لە گڵ دروستکراوی ئۆزیریس کە ڕووی کردووەتە ئاسمان دەنیشێتەوە تا لە مردوو زیندوو بهێنێتە ژیانەوە، ئەمەش پێوەستبوونێکی مەعنەویی نێوان عاشق و مەعشووقە، لەو کاتەدا تۆوی خوا دەگاتە ئیزیریس، هوروس ی جێنشین و میراتگر هەر زوو لە ڕووناکییەوە دێتە دەرێ. هەر لە هەمان کاتدا «هوروس»ی برا دەمرێ، ئانۆبیس، ئۆزیریس دەخاتە نێو پێستی پڵنگەوە و وزەی تایبەتی دەداتێ تا بتوانێ بە درێژاییی شەوی ١٢ سەعاتە بەرگە بگرێت.

دوو خواژن، ئیزیس و نەفتیس ، بە باڵی ئاڵتوونییەوە بەسەر جەستە مۆمیاکراوەکەی ئۆزیریس خەریکی شەقەی باڵن و هەوا بەسەر جەستەکە دەبەخشێننەوە، وردخوێندنەوە و ئیشق گەلەک پێویستن بۆ ئەوەی پەرچووی هەستانەوەی ئۆزیریس روو بدات. ئۆزیریس بەسەرکەوتوییی هەڵدەسێتەوە و چاوی بە ڕوخساری پڕ لە خۆشبەختیی ئیزیسی ئازیز و خۆشەویستی دەکەوێ. ئانوبیس لەبەر خۆیەوە دەڵێ:" تا نووستوو بێدار بێتەوە، تا جید Djed (گرێ گرێی بڕبڕەی پشت) بە هێزەوە لە ئاسمانەوە راست ببەوە، شای یاران ئۆزیریس چاوەکانت بکەوە، تۆ دەست لێ نەدراوی، تۆ تەواوی."

بەم شێوەیە ئۆزیریس پێوەندیی کرد بە ژیانی هەمیشەییەوە و بوو بە فەرمانڕەوای دنیای ئەودیو. ئەو بوو بە خوای مردووان و هیوای ژیانی نوێ و هەمیشەیی.

تۆ وەکو خوای (رە) بەشکۆوە دەردەکەوی
بازنەی ئەو بازنەی تۆیە
تیشکی ئەو تیشکی تۆیە
مەڵبەندی نهێنئامێزی ئەو مەڵبەندی نهێنئامێزی تۆیە.
بۆنی ئەو بۆنی تۆیە
ئەو نامرێ و تۆ نامری
ئۆزیریس لە گلێنەی چاوی (رە) ئەوە دێنێتە دەرێ
ئەو ڕووناکییە ڕووناکیی تۆیە.

تۆ لە (رە) دەچی.

تۆ شای یاران هەمیشەییت.

## لەدایکبوون و ژەهرخواردکردنی هوروس

سیس زۆر توورە بوو ئەو ڕێورەسمە پڕ شکۆیەی کە بۆ ئۆزیریس ئەنجام درا بێ ڕادە سیسی توورە کرد، هەروەها هەواڵی هەستانەوەکەی لا نەبوو بۆیە فرمانی بەپیاوەکانی خۆی دا کە ئیزیس دەستگیر بکەن و بیخەنە زیندانەوە، بەڵام ئیزیس توانی هەڵبێت و خۆی بگەیەنێتە زۆنگاوەکانی بۆتۆ، لەو شوێنەی کە لەژێر چاوەدێریی حەوت مار «هوروس»ی هێنایە دنیاوە.

ڕۆژێکیان ئیزیس خۆی ون کرد و ڕۆیشت کاتێ کە گەڕایەوە کوڕەکەی بەنیوەمردوویی دۆزینەوە لە حاڵی گیانەڵا بوو. سیس توانای ئەوەی نابێت بەشێوەیەکی ئاسایی بێتە نێو زۆنگاوەکانەوە، بۆ خۆی لە شێوەی مارێکی ژەهردار دەگۆڕێ و دێتە ئەوێ و بەو کوڕەوە دەدا، ئیزیس سەرەڕای هێزی جادووگەری دەستەودامان مابوو نەیدەزانی چی بکات، لە تەواوی مرۆڤایەتی خواست منداڵەکەی ئازاد بکەن، بەڵام هیچ کەسێک نەیتوانی شتێکی بۆ بکات. ئیزیس دوودڵ بوو لەوەی ئاخۆ ئەم کارە کاری سیس بێ ئەوسیسەی کە سەرچاوەی هەموو نەگبەتی و دیمەنە خراپەکانە. کەسێک بەتەواوی هێزی خۆیەوە دەیەوێ چاکە و پاکیزەیی لەناوبەرێت.

ئەوێک نائومێد بوو لە ڕزگارکردنی هوروس، داوای کۆمەکی لە خوای خوایەکان کرد. داوای ئەو لە لایەن شکۆمەندی (کەشتیی هەزاران ساڵ)ەوە بیستترا، کاتێ ئەو گوێی لەم داوایە بوو، گەشتەکەی خۆی ڕاگرت، تەحووت (مانگ) هاتە لای ئەم خواژنە و پێی سەیر بوو کە هێزی جادوویی ئەو کاریگەری نەماوە، دڵنیاییی پێ دا کە هێزی رە بەخشراوە بەو. زەوی تاریکی گرتییەوە و تەحووت بە «ئیزیس»ی گوت تا ئەو کاتەی کە هوروس چاک نەبێتەوە کەشتیی هەزار ساڵە بەردەوامی بەگەشتەکەی نادات، لە ڕوانگەی خواکانەوە، مەرگی هوروس چارەنووسی تەواوی بوونەوەرانی خستە مەترسییەوە و دەیخستنە بەردەستی دیمەنێکی ناشیرین، واتە دەیخستنە بەردەستی سیس.

بەم شێوەیە بەناوی رە، هەرچی ژەهری ناو گیانی هوروس بوو تەحووت هێنایە دەرەوە، ڕووداوەکەش بووە مایەی خۆشحاڵیی تەواوی دانیشتوانی زۆنگاوەکە لەوانەش خودی ئیزیس.

## شەڕی نێوان هوروس و سیس

هوروس لە سەردەمی منداڵیدا لە زۆنگاوەکانی بۆتۆ زۆرجار ئامادە دەبوو بۆ بینینی ڕاهێنانە وەرزشییەکانی ئۆزیریس، ئەو کاتەی لە هەوارگەی مردووان سەرقاڵی ڕاهێنان بوو. هوروس هەرچەند گەورەتر دەبوو بیری تۆڵەسەندنەوەی لە سیس دەکرد، بەرامبەر بەو هەموو ئازار و نەگبەتییەی بەهۆی ئەوەوە تووشی ئیزیس و ئۆزیریس بوو. کاتێ گەیشتە تەمەنی پێگەیشتن

(هەرزەکـاری) لە چەند خـوایەکی ترەوە دڵنیـاییی پێ گـەیشت کـە بەتوانـایە، بۆیە شـەڕێکی درێژخـایەنی ڕاگـەیاند دژ بە سـیس ، بۆ ئەوە نازناوی هـەرەندۆتیس (Harendotes)یان هەڵبـژارد واتە "هوروسی تۆڵەسەنەرەوەی باوک". بەڵام سەرەڕای توانای سـەربازی و سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکانی نەیدەتوانی سیس ببەزێنێ ئەو سیسـەی هەر جارە سەرقاڵی نوێبوونەوەی هێزی خۆی بوو.

سیس کە بینی شەڕ درێژەی کێشاوە، بیری کردەوە بەناوبژیکردنی دادگەی خوایی باشترە ئەم کارە بەسوودی خۆی بباتەوە، ئوزیریسی ئامادە کرد، بەڵام بەرگریکردن لەلایەن «تەحووت»ەوە بوو ئەو بەرگـریی لێ کـرد: بەرگـریی کـردنەکـەی تەحـووت بەجـۆرێک بوو کـە خـواکـان بڕیـارەکـەیان بەسوودی هوروس دەرکرد.

## سـەرلێکردنەوەی ئیـزیس

سیس لە گوێڕایەڵی بۆ خواکان سەرپێچیی کرد ، پێشنیاری پێشکێش بە هوروس کرد پاش شێوە گۆڕین بەئەسپێکی ئاوی لە زۆنگاوەکان دەست بکەن بەزۆرانبازی. براوە ئەو کەسە دەبێت کە پێش تەواوبوونی زەمـەنی دیاریکراو کە ٣ مانگە لە ئاوەکە بێتە دەرێ. ئەم پێشنیـازە ئیـزیسی تووشی نائومێدی کرد، دەیزانی کە گۆڕینی شێوە بۆ ئەسـپی ئاوی یەکێکە لە سیفـەتەکانی سـیس و بەم ڕێگەیەش بێ هیچ دوودڵییەک هوروس دەشکێنێ.

لە ئەنجامدا ئیزیس قولابێکی بەست بەپەتێکەوە و فڕێی دایە نێو ئاوەکە بەو هیوایەی قولابەکەی لە گیانی سیس گیر بێت و بیگرێ. بەڵام ئەم کارەی بوو بەهۆی ئەوەی کە هوروس بریندار بکات، هەرکـە گـوێی لە هاواری هوروس بـوو بە پەلە پەتەکـەی بە قـولابەکـەوە هەڵکێـشـایەوە. دووەم تاقیکردنەوە سـەرکـەوتوو بوو، چەکەکە بەر سـیس کـەوت، بـەڵام ئیـزیس کـەوتە ژێر کـاریگەری داواکانی سیسـەوە کە ئەوی دەگەڕاندەوە بـۆ بیرکردنەوە لە دایکیان ئەو دایکەی کـە دایکی ئەو و سیس بوو. ئەم بەزەیییە، هیچ کاری نەکرد و پاڵی بە هوروس نـا تا لە ئاوەکە بێتە دەرێ و سـەری دایکی لە لەشی بکاتەوە. بەڵام تەحـووت کـە شـایەدی بینینی ئەم دیمەنە بوو، هەر خـێرا سـەری گایەکی هێنا و نووساندی بەلەشی ئیزیسەوە، پاش ئەمە ئیزیس پێوەندیی لەگەڵ خواژنی حاتحوور دروست کرد.

خـواکـان دەیانویست بەرامـبـەر بەو کـارە دڕندانەیەی هوروس ئەنجـامی دا تەمـێی کـەن، بەڵام هوروس لە کێوەکان خۆی شاردبووە و نەیانتوانی بیدۆزنەوە. بەهەمـان شێوەیەش سیس دەستی کرد بە گەڕان بە دووی هوروس، پاش دۆزینەوەی سیس هەردوو چاوەکانی هوروسی دەرهێنا و لە شوێنێک ناشتی لە شوێنی چاوەکـانی دوو گوڵی نیلۆفەر دەرچوون، ئەو دووانەش دیمەنی ڕۆژ و هەستانەوە بوون. پاشان سیس چووە لای خواکان و گوتی ئەو نەیتوانیییوە ئەو کەسە بکوژێ کە ئەو تاوانەی ئەنجام داوە.

## چاوەکانی هوروس

دواجار ئیزیس–حاتحوور(کە ناوی نوێی ئیزیس بوو– وەرگێڕ) توانییان هوروس بدۆزنەوە، هوروس هێدی هێدی بەسەر سنگی کێوێکدا سەر دەکەوت. ڕۆیشت تا شیری ئاسک ئامادە بکا و تا ساخبوونەوەی چاوی کوڕەکەی ئەو شیرەی پێ دا بسوێ. هەرکە هوروس وردە وردە خەریک بوو چاوی دەکرایەوە و یەکسەر کە دەستی خۆی بینی ، هاواری کرد «دایە گیان بمبەخشە!» پاش تۆزێک چاوە خەماوی و پڕ ڕووناکییەکەی ئیزیس–حاتحووری بینی، بە زمانە مەزنەکەی کە بۆنی خاک و لەوەڕی لێ دەهات، تەوێڵی ئەوی دەلێسایەوە، لەبەر خۆیەوە دەیگوت «چۆن دەتوانم لە خۆم ببوورم؟»

ئیزیس–حاتحوور پەنجەکانی خستە سەر تەوێڵی تا لە وەڵامدا پێی بڵێت، دەبێ ئەوەی لای تۆ بەنرخترین شتە، وەک دیاری پێشکێش بە باوکی بکەیت. لەم کاتەدا لە خۆی پرسی دەتوانێ چ شتێک لە خۆیدا بکاتە قوربانی، ڕوانییە دەشتی شۆرەکات و جوانیی بێ وێنەی ئەو دەشتە، بەردەکان ڕەنگیان پەمەیی و زیخەکانیش بازنەیی وەک ئاڵتوون، لە هەموو جێگەیەک ڕووناکی بەر بەردەکان دەکەوت و کانییەکان دەدرەوشانەوە. لە بەرامبەر ئەم شێوە دەوڵەمەندی و جوانییە هیچ دوودڵ نەبوو یەکسەر گوتی: "ئای باوکە، من هوروس کوڕی تۆم دیسانەوە چاوەکانم بۆ گەڕایەوە بەڵام دەیبەخشمەوە بە تۆ."

دووبارە چاوەکانی هوروس ڕوویان لە تاریکی کرد، ئەم پەرێشانی و ماڵوێرانییە وەک ڕژانی ڕنوویەک بەرد بوو بۆ نێو دەربەندی کێوێک، کاتێک چاوەکانی کردەوە دووبارە بینایی بۆ چاوەکانی گەڕایەوە بەڵام ئەم بیناییە جیاواز بوو لەو بیناییەی تر. بە درەوشاوەتر ڕەنگەکانی بە چاوی ڕاستی دەبینی، وەک ئەوەی بە تیشکی هەتاوێکی بەهێز ڕووناک کرابێتنەوە، بەچاوی چەپی ناخی خۆڵەمێشی هەر بەردێکی دەبینی، کە بە ڕووناکیی سپی و ساردیی مانگ ڕووناک کرابووەوە. کاتێ بە دوو چاوەکانی دەیڕوانی ، دنیایی بە هاوسەنگی دەبینی، نە جوان بوو نە ناشیرین، بەڵکو هاوسەنگ. پاشان هەردووکیان چوونە لای خواکان.

## دادوەریکردنی ئۆزیریس

سەرەڕای ئەم هەموو سەرکەوتن و دابەزینە، هێشتا دادگە بڕیاری خۆی نەدابوو. بۆ ئەوەی کۆتایی بەم کارە بێت، خواکان یەکڕابوون لەگەڵ تەحووت لەسەر ئەو پێشنیازەی کە ئۆزیریس وەک دادپرسی باڵادەست دابنرێت. بێگومان ئەو بەسوودی کوڕەکەی کاری کرد و بە خوا هۆشمەنەدەکانی گوت کە زوڵمیان لە کوڕەکەی ( هوروس) کردووە، ئاخۆ ئەو خوایەک نەبوو کە گەنم و جۆ و ئاژەڵی پێ دەدان و تێری دەکردن؟ (رە) بەبێ ئەوەی کە بێزاریی خۆی بشارێتەوە، ئەوەی بەگوێی ئۆزیریسدا دا کە پێش ئەوەی ئەو هەبێت، گەنم و جۆ هەر هەبووە.

لەبەر ئەو دادوەریکردنەی کـە خـوای ئینیـادی Enneade لە دنیـای ئـەودیو کـردبووی، ئۆزیـریس سـوپاسـی کرد. بەڵام ئەو ئەوەشی گـوت کە لەمـەودوا سـیسـتـەمـی یاسـای جیـهـان و دادپەروەری خـوایی دەگۆڕێ و ئەو کـارمەندەکـانی خـۆی دەنێرێ بەمـەبەسـتی هـەڵکۆڵینی دڵی هـەر کەسـێک کە دەبێتـە هۆی بەرپاکردنی کـاری خـراپە، جـا ئەو کـەسـە خوا بێت یان مـرۆڤی فـانی و بمر. لەلایەکی ترەوە رای گـەیاند کـە هەمـوو بوونەوەرەکـان زوو یان درەنگ دەبـێ بەرەو رۆئاوای وڵات یان دنیـای مردووەکان بڕۆن تا لەوێ بەرەو رووی دادی ئۆزیریس ببنەوە، ئۆزیریسـی گەورەی هەمووان. وەڵامـی ئۆزیریـس بە هۆشـداریی (رە)، رەوشـەکەی بـۆ ئەو رووناک کـردەوە کـە دەیویست کـۆتا بە شـەڕی درێژخـــایەنی نێـوان هـوروس و ســیس بهـێـنێ و هـەروەهـا بۆ مـاوەیەکی دوور و درێژ خــواکــان دەستنیشان بکا خواکانی مردن و ژیان .

لە بەرامـبـەر ئەم هـەڕەشـەیە، دادگـەی خـواکـان ئەو حـوکمـەیان قبـووڵ کـرد کـە ئۆزیـریس لە بەرژەوەندیی کـوڕەکـەی دەری کـرد. سـیس چاوقـایم و نـالۆجـیک و سـەرچاوەی ئاژاوە، بنیـاتیی سووتاندنی هەموو شتێک و وشککردنی هەموو شت، تەنیا کەسێک بوو کە یاخی بوو بەرامبەر بەم بڕیارە. زنجیربەندیان کرد و هێنایانە بەر دەرگەی خوا، ئەوان بڕیاری مەرگیان نەدا و رێگەیان دا بژی، سـیـسـی شـای یاران بـرووسکـە و تریشـقـە و مـانگگیـران و هـەڵچـوونـی دەریا، بەوە رازی بوو هەتاهەتایە فوو بکات بە پەردەکانی کەشتییەکەی ئوزیس.

پاش ئەوە (رە) بوو بـە فـەرمـانڕەوای ئاسـمـان، لە کاتێکدا هـوروس بەرپرسـیـارێتـیی پێـوەندیی نێوان زەوی و ئاسـمانی گرتە ئەسـتۆ. ئۆزیریس لە هەمان کاتدا بەردەوام بوو لە حوکمڕانی دنیای ئەودیو و سەرۆکایەتیی رێوڕەسمی دادگەدانی ئەو مردووانەی کە هـوروس بۆ لای ئەوی دەنارد.

هـوروس کە مـیـراتی خـۆی وەرگرتبوو، لەو رۆژە بەدواوە دەیتـوانی فـەرمـانڕەوایی بکات بەسـەر میسری سەر و خوار و نازناوی (هوروسی شای یاران دوو هەوارگەی) بوو بەنسیب.

## ئەفسانەیەک کە ئێوە قارەمانەکانین

## بەسـەرهاتی ئیزیس و ئۆزیریس

پێش چەند سـاڵێک فیلمـێک بەناونیشـانی "چیرۆکی بێ کـۆتایی" هەزاران تەمـاشـاکـەری تووشـی سەرسوڕمـان کرد. لەو فیلمـەدا منداڵێک دەبینین ئەو منداڵە قارەمانی سـەرەکیی فیلمەکەیە، لەگەڵ رووداوێک شان بەشان دەڕوا و لە کتێبێکەوە رووداوەکە دەخوێنرێـتەوە، شان بەشانی خوێندنەوەی کتێبەکە رووداوەکان نیشان دەدرێن، فیلمەکە بەشێوەیەکی سیمبولی کاریگەرییە دەروونییـەکانی ئەو منداڵە وێنا دەکات. منیش دەمەوێ بـە ئەفسـانەی هەڵبژاردەم و ژیانی دەروونی خـۆمان هـەمـان کار ئەنجام بدەم.

گـەرچی ئـەو ئەفـسـانـەیـەی هەڵم بژاردووە هی سـەردەمـانێکی زۆر دێرینە، بەڵام دەربڕی ژیانی

ڕۆژانەی ئەمڕۆی ئێمەیە، ئەوەی ئێمە مەبەستمانە نە دەشتێکی شۆرەکات و لماوییە، کە ژێر ئەسفاڵت و کۆنکریت کەوتبێ. بگرە مەبەستی ئێمە ئەوەیە لەژێر ئەو ئەسفاڵتانە کۆمەڵێ شت هەن جووڵەیان لێوە دێ و دەلەرزن، ئەو شتانەش پێوەندییان بە نەمریی مرۆڤەوە هەیە.

باشترین ڕێگە چ ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی بتگەیەنێتە نێو دڵی ئەفسانەیەک؟ باشترین ڕێگە ئەوەیە کە خۆت لە جێگەی کەسایەتیی نێو ئەفسانەکە دابنێیت و بڵێیت هەرچییەک بەسەر ئەواندا هاتووە بەسەر منیشدا دێت. بە درێژاییی ئەم کتێبە بە یارمەتیی ڕۆڵبینینی ڕۆڵی قارەمانی هەمەچەشن، ئاشنای چارەنووسی ئەوان دەبین. بەم شێوەیە کەسایەتیی نێو ئەم ئەفسانانە لە کاتی ئەم لێکۆڵینەوانەی ئێمە ئیتر چیی تر نابنە کەسایەتیی داماڵڕاو، زۆر بە ئاسانیش پێوەندییەک لە نێوان ئێمە و ئەوان دادەمەزرێ، پاشان هەوڵ دەدەین ئەو مانا سیمبولیانە بدۆزینەوە کە لە کاتی ڕووداوەکاندا بەسەر ئەواندا دێت. ئەو تیۆرانەی کە دەیانخەمە ڕوو بەهەمان ئەندازە کە ئەفسانەکان ڕوون دەکاتەوە ئەو ڕووداوانەش ڕوون دەکاتەوە کە لە ژیاندا بەسەر ئێمەدا دێن. بۆیە داوا لە هەریەکە لە ئێوە دەکەم بەم شێوە شۆڕ ببنەوە بۆ نێو "سینەمای ناخی" خۆتان، تا بتوانن بەشێوەیەکی لۆجیکییانە ئەو ڕێگەیە بدۆزنەوە کە دەتانگەیەنێتە نێو دەروونی داستانەکە.

کەسایەتیی سەرەکیی ئێمە ئۆزیریسە، ئەم کەسایەتییە دروستکەرێکی مەزنە و شارستانییەتێک بنیات دەنێ، نیشانەی ئەفسانەیی ئەو گوڵە گەنمێکە و لێوانلێوە لە هەتاو. ئۆزیریس نوێنەری ئاوسەرکردنی ڕووباری نیل و بەدیهێنەری خەرمانە. لەنێو ئەفسانەکەدا ئۆزیریس کەسایەتییەکی بنەڕەتییە، ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ئەودا دێت، ئاماژەی هەمان ئەو کامڵبوونە دەروونییەیە، کە دەمەوێ سەرنجی ئێوەی بۆ ڕابکێشم، بەم جۆرە ئەگەر شوێنگەی ئۆزیریس لە دەروونماندا هەمان ئەو من هۆشمەندە و تووشبووە بێت لەگەڵ زۆربەی بەشەکانی بوونمان، ئەوە ڕۆڵی هەموو ئەو بەشانەی تر دەگێڕێ کە ماون لەگەڵ ڕۆڵی کەسایەتییەکانی تر.

## ڕاڤەکردنی ڕووداوی ئیزیس و ئۆزیریس

بە توندی و لەوپەڕی هێزەوە وای دانێ کە تۆ ئۆزیریس ی، ئۆزیریس دەسەڵاتداری مەزن و کوڕی شایستەی ڕە Ra خوای هەتاوی، کاتێک هاتیتە دنیاوە، ڕاگەیەنرا کە هاوکات لەگەڵ ڕووناکی، مامۆستایەکی دانا، دانای ڕەها هاتووەتە دنیاوە. تۆ گوڵەگەنمێکی لێوانلێوی لە هەتاو، هاتووی تا خەڵکی لە ترسناکیی ڕاووشکار ڕزگار بکەیت، تۆ ئاوسەرکردنی ڕووباری نیلی، جووتیاریت، کولتوور و شارستانییەکی بە چوارگۆشەی جیهاندا بڵاو دەبێتەوە. بەڵام ئەوەندە سەرکەوتنت بە نسیب دەبێت، سەرئەنجام بۆت دەردەکەوێ کە سەرچاوە و بنەڕەتی هەموو چاکییەکانی دەوروبەری خۆتیت. پاشان بۆت دەردەکەوێ کە تۆ لە کەسانی تر گەورەتری، دەست دەکەیت بە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی خۆت. بەجۆرێک لەگەڵ نەفتیس Nephtis ی جوان دەچیتە سەر سەرین، ئەو نەفتیسە ناوەکەی مانای سەرکەوتنە و خۆشی هاوسەری براکەتە.

کاتێ نەفتیس لای براکەت سیس SETH ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئەو لە منداڵدانی کوڕی تۆی هەڵگرتووە، زۆر خەمبار دەبێت و لە ڕێگەی پێوەندییەکی سێکسیی توندوتیژەوە دەیەوێ زیان بە منداڵی نێو ڕەحمی نەفتیس بگەیەنێ، بەرەنجامی ئەم کارە لەدایکبوونی سکەکەی نەفتیس. بەرەنجامی کۆرپەکەی چەقەڵێکی بۆگەن دەبێ، ئانوبس Anubis دایکی ئەو مەلۆتکەیە لە کەناری ڕووباری نیل فڕێ دەدا. ئیزیس خوشک و هاوسەری ئێوە کە ژنەخوایەکی بە ڕەحم و میهرەبانە، کوڕە ناشەرعییەکەی تۆ ڕزگار دەکات و ڕای دەگەیەنێ کە ئەو منداڵە پارێزەری تاکەکەسی خۆیەتی. ئەم کارەی ئەو گڕ بەردەداتە سیس، کە دەبینی بەرهەمی بێ وەفاییی هاوسەرەکەی بە زیندوویی ماوەتەوە. لە ئەنجامدا بڕیاری تۆڵەسەندنەوە دەدات، بۆیە داواتان لێ دەکات لە بۆنەیەکدا بەشدار بن کە بەبۆنەی سەرکەوتنەکانتەوە دەیگێڕێت ئەو سوود لەو بۆنەیە وەردەگرێت تا تۆ بخاتە نێو ئەو تابووتە دارەی کە بە یارمەتیی خوای لێبووردەیی و چالاک دروستی کردووە، پاشان سەری ئەو تابووتە دادەخات و داوا لە خزمەتکارەکانی دەکات ئەو سندووقە فڕێ بدەنە نێو ئاوی لێڵ و تاریکیی ڕووباری نیلەوە.

ڕووباری نیل ئێوە دەبات تا بیبلوس لە فینیقییە، ئەو سندووقەی بووە بە گۆڕت، لە ڕەگی دارێک گیر دەبێت، درەختەکە ئەوەندە مەزن دەبێت کە شای (مەلکانر) ئەو درەختە دەبڕێتەوە و دەیکا بە ستوونی کۆشکەکەی، ئیزیس شوێنەوارەکەت دەدۆزێتەوە و بەرەو شاری بیبلوس سەفەر دەکات تا ئەو تابووتە لە ستوونی کۆشکەکە بکاتەوە و ئێوە بۆ میسر دەگەڕێنێتەوە و لە زۆنکاوێکدا دەتانشارێتەوە، بەڵام سیس کە لەبەر خۆرەتاودا سەرقاڵی ڕاوە، بە ڕێککەوت جەستەی تۆ دەدۆزێتەوە، بە توندوتیژییەکی بێ وێنە جەستەت پارچە پارچە دەکات بۆ ١٤ پارچە، هەوەسی خوێنڕێژی وای لێ دەکات لە حەشمەتدا پەنجەی خۆشی بقرتێنێ، پاشان پارچەکانی لەش بەسەرتاسەری میسردا پەرش دەکاتەوە و، دەیەوێ بۆ هەتاهەتایە وێرانت بکات.

بەڵام بێ ئاگایە لە توانای جادووگەریی ئیزیس. ئیزیس وەک پەلەوەرێک دێت و پارچە پارچەی لەشی تۆ کۆ دەکاتەوە و تەنیا ئامێری زاوزێ نەبێ ئەویش بە گڵ دروست دەکا و لە شوێنی خۆی دادەنێ، پاشان لەگەڵ بانفتیس و ئانۆبیس مەراسیمێک بەرپا دەکەن لەو مەراسیمە دووبارە ژیانت بۆ دەگەڕێتەوە، ئەو وشانەی بۆ ئەم مەبەستە لەسەر زاری ئانوبیس کوڕی ئێوە دێتە دەر ئەمانەن "تۆ تەواوی! دەست لێ نەدراوی! ئەی نووستوو، بێداربەرەوە!" پاشان ئیزیس لەگەڵ ئێوە دەست دەکات بە عەشق و عەشقبازی، لەم کاتەیە کە حوروس HORRUS کوڕی هەتاو، سەری دەبێتە سەری باڵندەیەکی سەیر.

ئێوەیەک کە دووبارە زیندوو بوونەتەوە، دەبنە فەرمانڕەوای ئەو دنیا، لە خەوندا هونەری شەڕکردن فێری حوروس دەکەیت، تا ئەو تاج و تەختەی کە سیس لە ئێوەی زەوت کردووە ئەو وەری بگریتەوە، نەبەردێکی بێبەزەییانە ڕوو دەدات لە نێوان مامی تەڵەکەچی و برازاکەی، لە شەفەقەوە تا ڕۆئاوابوون هەردووکیان دەبنە دوو ئەسپی ئاوی و دەکەونە گیانی یەک و شەڕ

بەرپادەکەن، ئیزیس بۆ رزگارکردنی حوروس دێت، بەڵام حوروس سەری ئیزیس دەپەڕێنێ.

رەحم و بەزەیی بێ سنووری ئەو دەبێتــە هۆی برینەوەی ئەندامـێکی لەشی ئەو، بە درێژاییی شەڕی نێوان حوروس و سیس ئەو هەلە بۆ ئیزیس رێکدەکەوێت کە سیس بکوژێ، بەڵام لە ڕووی دڵسۆزییەوە پەنای بۆ ئەم کارە نەبرد، ئەم کار و کردەیەش زیاتر تووڕەییی حوروسی بردە سەرەوە و بووە هۆی ئەوەی کە سەری دایکی لێ بکاتەوە، بەجێگرتنەوەی سەری گایەک لە شوێنی سەرە براوەکە ئیزیس رزگاری دەبێت، لەوە بەدواوە دوژمنایەتیی ۸۰ ساڵەی نێوانیان بەردەوام دەبێت و سەرەڕای ئەو هەموو فرمانانەی کە خواکان دەری دەکەن و داوا لە سیس دەکەن کە تاج و تەختەکەی حەواڵەی حوروس بکاتەوە، بەڵام سیس چاوی کوڕەکەی ئێوە حوروس دەردەکات و لە بیاباندا بە تەنیایی بەرەڵای دەکات.

جارێکی تر ئیزیس بۆی دەردەکەوێ کە بارودۆخەکە چییە و چۆنە، ئەو حوروس لە دەستەوهەورازی چیایەکدا دەبینێتەوە و چاوەکانی بۆ دەگێڕێتەوە، لەم کاتەدا حوروس وەک دەسەنە و داوای لێبووردەییی بەرامبەر بەو کارەی کە بەرامبەر بەدایکی کردوویەتی ئەو شتەی کە زۆر لای ئازیزە دەیدا بە تۆ، واتە چاوەکانی بە تۆ دەدا، پاداشتی ئێوە بۆ ئەو ئەوەیە کە دوو چاوی سێیەمە کە ئەم چاوە زۆر تایبەتییە، ئەو چاوە تایبەتییە یەکێکیان لە شەو و ئەوی تریان لە رۆژدا دەبینێ.

سەرئەنجام، بە نێوەندگیری و هەڕەشەکانی ئێوە، دەستەی دادوەری خواکان دەسەڵات بۆ ئەو دەگەڕێننەوە، لەو ساتە بەدواوە ئەو دەبێتە دەسەڵاتداری وڵاتی دووانە، ئەو دوو وڵاتەش میسری سەر و میسری خوارووە. سیسی ئەهریمەن سیفەت تەمێ دەکرێت و ناچار دەکرێت هەتاهەتاییە فوو بکات بەپەردە کەشتییەک کە ئێوە لەو کەشتییەدا رێنوێنیی رۆحی هەموو مردووەکان دەکەیت لە ژیانی ئاساییەوە بۆ ژیانی هەمیشەیی.

## چۆن ئەم ئەفسانەیە لێک بدەینەوە؟

## هێزی تێرکردنی هەتاو و گەنم

هەروەک دەبینی، ئەم ئەفسانەیە پێکهاتووە لە هەمان ئەو بەشە فیلمە بەناوبانگانەی کە هەن، پڕە لە حەماس و هەڵچوون وەک فیلمی «دادوەری حەڵقە» و رووداوئامێزە وەک فیلمی «هاری پۆتەر»، ئەوەی کە جێگەی سەرنجە ئەم شێوە فیلمە پڕفرۆشانە هەر دووبارە دروستکردنەوەی هەمان ئەو ئەفسانە کۆنانەن کە لە هەوڵی ئەوەدان مانایەک بدەنە دەرد و هەوڵەکانی مرۆڤ. ئەفسانەی ئیزیس و ئۆزیریس چوارچێوەیەکە لە هەمان ئەو چوارچێوانە. ئەم چیرۆکە رووداوئامێزە، واتە بەسەرهاتی ئیزیس و ئۆزیریس، هەزاران ساڵە واقی میسرییەکانی وڕماند و تا ئەمڕۆش ئێمە لەژێر کاریگەری ئەو ئەفسانەیەین، پێش ئەوەی دەست بکەم بە راڤەکردن بەمەبەستی ئاشناکردنی ئێوە بە

کەسایەتیی ئەفسانەکە، پێشەکی سەرنجتان بۆ رەهەندە کشتوکاڵییەکانی ئەم ئەفسانەیە ڕادەکێشم. کە بە ئاسانی دەتوانرێ سەرچاوەی کشتوکاڵی رووداوەکە ببینرێتەوە لەبەرئەوەی کەسایەتییە سەرەکییەکانی ئەو ئەفسانەیە لە سروشت ژیان بەسەر دەبەن، هەر بۆ نموونە هەروەک لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کرد ئیزیس ئەو خوایەی میسرییە کۆنەکان کەسایەتییەک بووە کە دروستکەری مەزنترین شارستانی بوو، یەکەم کەس بووە میسری لە کۆمەڵگەیەکی راوچێتییەوە کردووە بە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی، لە میسری کۆندا نیشانەی گوڵەگەنمی پێگەیشتووی لێوانلێو لە هەتاو، نیشانەی خوا بووە، ئەو خوایەی دەوڵەمەند بووە بە بەخشینی هەتاو و توانای تێرکردن.

ئوزیرس وەک کەسایەتییەک ناسراوە کە وڵاتانێکی زۆری داگیر کردووە، لەبەرئەوەی توانیوێتی بەشێوەیەکی ئاشتیپەروەرانە تەواوی دنیای ناسراوی سەردەمی خۆی داگیر بکات. گەر بچی بۆ مویزەخانە (مۆزەخانە)ی لۆڤەر لە پاریس، لە بەشی میسری ئەو مویزەخانەیە سندووقگەلێکی بچووک دەبینی، لەسەر ئەو سندووقە بە شێوەیەکی نارێک پەیکەرێکی نووستوو لە پاڵ ئوزیریسەوە هەڵکەنراوە. بەم سندووقانە دەڵێن "ئوزیریسی گەشەکردوو".

لە سەردەمی میسرییە کۆنەکان لە هەر ماڵێکی میسری سندووقێکی بچووکی ئا لەم شێوەیە هەبووە، بڕێک گەنم و لمیان دەڕژانە نێو ئەو سندووقە. لەکەیان ئاو دەدا تا گەنمەکە سەوز بێت. بەم شێوەیە لەدایکبوونی ئوزیریس و سەرکەوتنی ئەویان بەرز رادەگرت بەرامبەر بەکارەساتی مەرگی رووکەشی کە لەلایەن سیسەوە رەوانە دەکرا.

سەرکەوتنی ئەو بەهەمان ئەندازە سەرکەوتنی کشتوکاڵە و رزگاربوونە لە ترسناکییەکانی راووشکار. هەر لەبەر ئەم هۆیەش دەگوترێ هاوکات لەگەڵ ئوزیریس "نیشانەی رووناکیی هەموو شتێک" خۆی دەکا بە ژووردا. ئوزیریس گەنمە، گەنمێک دەکرێ ئەنبار بکرێت و بکرێ بە ئارد و نانی لێ دروست بکرێت و لە تەواوی وەرزەکاندا بخورێت. گەنمێک بەپەلە بەسەر مرۆڤدا زاڵ دەبێت، بە ئەندازەی پاشاکان جێگەی رێز و وەبیرهێنانەوە بوو.

ئوزیریس ئاوسەرکردنی رووباری (نیل)ە، بەرپرسیاری لەدایکبوونی گەنمیشە. ئیزیس هاوسەری میهرەبان و پڕ سۆزە و ئەو نوێنەری زەویی شێدار و پڕ بەرەکەتە، زەویی دروستکەر و پڕبە پیت و بەرەکەت، هەر بەهۆی ئوزیریسەوەیە کە سیس نوێنەری زەویی وشکی چۆڵ و گەرم و بێ بەرە و بەردەوام لە ململانێدایە لەگەڵ ئیزیس.

سیس تەنیا فەرمانڕەوای تۆفان و نارێکوپێکی نییە، تەنیا نوێنەری هێز و وشکەساڵی نییە، ئەو بەرپرسیارە بەرامبەر بە چارەنووسێکیش کە گەنم لە چاوەڕوانیدایە، ئەو گۆڕانە هەمەچەشنەش کە بەسەریدا دێت. لە راستیدا گوڵەگەنمی پێگەیشتوو دەبڕدرێتەوە و وشک دەکرێتەوە و پاشان ئەو بەشەی کە دەکرێ بخورێت بە گا گێرەی دەکەن و گەنمەکە و کاکە لە یەکتری جیا دەکەنەوە. لە رووی سیمبولییەوە، سیس رۆڵی جەلاد دەبینێ کە جەستەی ئوزیریس دەکوتێتەوە و پارچە پارچەی دەکا و بەندی دەکات و لە کاتی گەنم وەشاندندا پارچەکانی لەشی، وەک تۆو دەوەشێنێ.

لەم کاتەدا ئیزیس دێتە نێو ڕووداوەکانەوە، ئەو لەناو سکی زەوییەوە پارچەکانی مێردەکەی کۆ دەکاتەوە و بە یارمەتیی هێزی ژنانەی خۆی ئەو پارچانە پێکەوە دەبەستێتەوە و ژیانی بۆ دەگەڕێنێتەوە، بەجۆرێک لە پارچەکانی خەرمانێکی تر دێتە بەرهەم.

## باخچەیەک خەریکی سەوزبوونە

پێشتر گوتم بەشێکی زۆری وڵاتی میسر شۆرەکاتە، ئەو شوێنەی کە بەپیت و بەرەکەتە تەنیا ئەو کیلۆمەترەیە کە کەوتووەتە دەوروبەری درێژاییی ڕووباری نیل، لەو شوێنەی کە ئاودێری نییە ئیتر لەوێوە پیت و بەرەکەتی نامێنێ. بەجۆرێک هێڵی جیاکەرەوە لە نێوان کشتوکاڵ و وشکانیدا نییە. گەر لە سەرەوە تەماشای بکەین، دەتوانین بەچاو ئەو جیاوازییە مەزنە لە نێوان ئەم دوو ناوچەیەدا ببینین. بە بەراوردکردنی ئەم دیمەنە دەتوانین لەباری دەروونیی کەسانی ئەم ناوچەیەش بگەین کە لێرەدا ژیاون، بۆمان دەردەکەوێ کە باران نییە خێر وبەرەکەتی خستووەتە ئەو ناوچەیە، ئەگەر وا بوایە سنوورێکی دیارینەکراومان دەبینی لە نێوان ناوچەی کشتوکاڵ و دەشتایی. تەنانەت پێش بنیاتنانی بەربەستی ئەسوان لەسەر دەریاچەی ناسر، تەنیا ئاوسەرکەوتنی ڕووباری نیل هۆکاری ئاوەدانکردنەوەی میسر بوو. ئەم ئاوسەرکەوتنە هۆکاری شێدارکردنی زەوی لماوی و هاوکات ڕۆنشینی ئاو بووە کە هۆکاری ڕواندنی گژوگیا بوو. ئەڵبەتە ئەم وشکاییە کە دروست بووە لە ڕێگەی سیحر و ئەفسوونێکە سەرسوڕمانیشی هەیە بۆیە سەیر نییە کە ئیزیس دایکی زەوی تا ئەم سنوورە وەک جادووگەرێکی دەستڕەنگین تەماشا دەکرا.

لە بیرمە لە کاتی گەشتێکم بۆ بیابانەکانی تونس، لە باشووری ناوچەی (توروز) بە شۆرەکاتێکی فراواندا تێپەڕین ، لە شوێنێک وەستاین بۆ ئەوەی ڕەشماڵێک هەڵدەین، شەو بەسەردا هاتبوو لە پڕ تاوەبارانێک هات، پلەی گەرما گەیشتبووە پلەی سفر، شڵەژا بووم کاتێ ئارمسترۆنگ ڕێپێشاندەری گەشتەکەمان باروبنەی هەڵدا و شتومەکی خواردنی ئامادە کرد، پیازی لە ڕۆندا سوور کردەوە، بۆنی پیازەکە و هیوای خواردنی چێشتی گەرم دڵی خۆش کردم.

لەلایەکی تریشەوە نەمدەزانی ئەم بارانە کە بێ هیچ بەهایەک دەهاتە پێش چاو چ نیعمەتێکی باڵایە بۆ ئەو ناوچەیە، ڕۆژانی داهاتوو، شۆرەکاتی داپۆشراو بە گڵی ڕەنگاورەنگی سەرسوڕهێن، کە لەژێر پێمان گڵەکان ڕەنگی زەرد و جگەری و وەنەوشە و ئەرخەوانیان دەنواند، لە هەندێ لە نێوان سەوزییەکانەوە وردە گوڵی مینا سەریان دەرهێنابوون لە بیرمە بەبینینی گەنمزار و سەوزاییی دەوروبەری ڕووباری نیل تێ گەیشتم کە دەشتێکی وشک بە تۆزێک ئاو چۆن دەگەشێتەوە و سەوز دەبێ، ئەو کاتە نەمدەتوانی ئەو بیرە لە مێشکی خۆم دەربێنم کە ئەوان تەنیا تۆزێ ئاویان پێویستە بۆ ئەوەی هەستێکی تەواو جوان بە ڕوخساریانەوە دەربکەوێ.

## لە ئاینی کشتوکاڵییەوە تا سیمبولی مەعنەوی

لە سەردەمی دێریندا گەنم، هەم وەک مادەیەکی خۆراکی تەماشا دەکرا و هەم وەک بوونەوەرێکی رۆحانی بەرز ڕادەگیرا، نەتەوە کۆنەکان جەستە و رۆحیان لە یەکتری جیا نەدەکردەوە، ئەگەر گەنم لە زەوی دەمرد دووبارە زیندوو دەبووەوە، ئەمەش مانای وایە رۆحێک لەو گەنمەدا هەیە.

بەرامبەر ئەمەش میسرییەکان بەمەبەستی گەڕان بەدووی مانای ژیان، یەکسەر دەستیان دەکرد بە بەراوردکردنی مێژووی مرۆڤ بەمێژووی گەنم. وایان دەڕوانی کە جەستەی مرۆڤ وەک گوڵەگەنم وایە، جەستە تووشی مردن دەبێت و ، دەشاردرێتەوە و دادەڕزێ، بەڵام گەوهەرەکەی بەزیندوویی دەمێنێتەوە، میسرییەکان بەم گەوهەرەیان دەگوت کاKA. کاKA نوێنەری دروستکردنی جەستەی هێز دروستکەر و سەرچاوەی بوون بوو. ئەم جەستەیە دروستکەری هێزە پاش مەرگی جەستەی هەستپێکراو و بابەتی، بە زیندوویی دەمایەوە و توانای دووبارە لەدایکبوونەوەی مەیسەر دەکرد.

یان بەشێوەیەکی تر ئەگەر مەرگ نیشانەی لەدەستدانی کاتی هێز بێت، بەمانای سەرکەوتنی مەعنەویشە، ڕەنگدانەوەی ئەفسانەیی ئەم چەمکەیە ئەوەیە کە ئیزیس تەواوی پارچەکانی لەشی ئۆزیریس –تەنیا کۆئەندامی زاوزێی نەبێت ئەوەش لە گڵ دروست دەکات– دەدۆزێتەوە و ئەمەش نیشانەی گەڕانەوە بۆ سروشتی تێکڕاییە. ئەو لێرەدا هێزی زەوینی لەدەست دەدا و تا پێوەندی بکات بە هەتاوەوە. بەم شێوەیە بۆ سەرچاوەی خۆی دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی ریشەی ناوی ئەو ئۆزیریس لە «ئائسەرع»ەوە هاتووە، لای میسرییەکان «ئائس» بەواتای کوڕ و «رەع» بەمانای هەتاو، لە راستیدا دەزانین کە لای میسرییەکان، ئەو هەتاوەی کە دەیپەرستن ناوی رایە یان رەع. لە ئەنجامدا ئیزیس دەبێ ئەو تاقیکردنەوانە ئەنجام بدا کە سیس خستوویەتییە سەر شانی، تا بگاتە رەی Ra هەتاوی نەمری.

من وە دواکەوتووی ڕووناکیی خواییم
وە دواکەوتووی خاوەن ئاسمان
بەدووی تۆ ئەی رەی، باوکم
ڕووناکیی خوا دەگەڕێنمەوە
ئاسمانی ڕووناکی گەڕام
داوای ئاسمانی گەورەم کرد
بەدووی وشەدا گەڕام
بە تەنیایی زیاتر لە تاریکی

ڕۆیشتم بەدووی ڕووناکیی خوا

بووم بە خاوەنی ئاسمان.

بوون بەخاوەنی ئاسمان! چی دەستەواژەیەکە! لە ڕوانگەی میسرییەکانەوە، ئەم وشەیە بەمانای وەبیرهاتنەوەی جەوهەری خوایی و نەمرییە، تێپەڕبوونە بەدەروازەی مەرگی جەستەیی. مەرگێک بەبڕوای ئەوان کاتییەوە بەو مەبەستەیە کە بگەیتە هەوارگەی ڕووناهی. فیرعەونە مەزنەکان هەموو کات لەگەڵ ناشتنی جەستەی خۆیاندا کەشتییەکیشیان وەسیەت دەکرد کە لەگەڵیاندا بنێژرێ تا بتوانن لەمەبەری ئاوی نیلەوە بچنە ئەو بەرەوە. لە ڕۆهەڵاتی وڵاتەوە واتە لە وڵاتی هەتاوەوە بۆ ڕۆئاوا واتە بۆ وڵاتی ڕۆئاوای هەتاو، یان سەفەرکردن بۆ پشتەوەی ژیانی هەمیشەیی.

## لێکدانەوەی سایکۆلۆجییانە

ئێستە دەست دەکەین بە لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆجییانەی ئەم ئەفسانەیە، لە نێوان لایەنی ڕۆحیی ئەفسانە کە ئێمە بەرەو تیۆرەکانی میتافیزیقیا کێش دەکات و لایەنی کشتوکاڵی، بۆشاییەک هەیە کە لەوێدا هاوچەشنییەک لە نێوان ڕەهەندە دەروونییەکانی ئەفسانە و بوونی ئێمەدا پەیدا دەبێت. لە ڕاستیدا «ئۆزیریس» ی مورید یان قوتابی، دەبێ ڕازی بێت بەچەند گۆڕانکارییەکی هەستی و زەینی، بەمەبەستی گەڕان بەدوای چارەنووسی خۆیدا. گۆڕانکارییەک کە ئەمڕۆ بەمەبەستی گەشەکردنی کامڵبوونی مرۆیی پێویستە.

تەنانەت ئەگەر لێکۆڵینەوەی دەروونیی ئەفسانە لە یەکەم ڕوانیندا لە تینی ئەفسانە کەم دەکاتەوە، لەگەڵ لە بەرچاوگرتنی زانینی گشتیی پرسە واتاییەکان، بەڵام ئەم زانینە لە ڕاستیدا بۆ هەریەک لە ئێمە و دەروونی هەریەک لە ئێمە سوودی دەبێت و بەڵگەدار دەبێ.

بۆ نموونە ململانێی نێوان ئۆزیریس و سیس بەجوانی وێناکردنی ئەو شەڕەیە کە لە نێوان وشکی و بیابان لەلایەک و تەڕ و پاراوی و بەرداریبوونی ئێمە و حەزە بێبەرەکان و هەڵچوونە ڕەوشتییەکانی ئێمەدا هەیە، هەر بۆ نموونە هەر لە هەمان ئەو ئەفسانەیەدا دەکرێ ئازار و دەردی ئیزیس بەهۆی لەدەستدانی مێردەکەی، وێناکردنی ئەو زۆنگاوە دەروونییە بێت کە مرۆڤ تێی دەکەوێت.

ئەم ڕاڤەکردنانە ماقووڵترن لەوەی کە چاوەڕوان دەکرێت. مرۆڤەکان کاتێ ڕووبەڕووی دیاردە نەناسراوەکان دەبنەوە، هەردەم بەجۆرێکی ناهۆشمەندانە ئەو وێنانە بۆ خەیاڵی خۆیان دەگەڕێننەوە.

ئەوە بەسە کە مرۆڤێک لە تاریکی و ڕوونیی ئێوارەیەک، پیاسەیەک بەنێو دارستانێک بکات و لە خەیاڵی خۆیدا لقە دارێکی وشکی لێ ببێتە مار، یان پاش بیستنی هەر دەنگێکی بچووک، شیمانەی هێرشی گیانلەبەرێکی دڕندە لە خەیاڵیدا دروست بکات. ئێمە ئەم مار و گیانلەبەرە

دڕندانەمان لە کوێوە هێنا؟ مەگەر لە ناخی زەینمانەوە نەمانهێناون؟ ئەوانە نیشانەی ترسەکانی ناهۆشمەندیمانن کە کاریگەرییان بەسەر زۆربەی کارەکانمانەوە دەبێت.

بەم جۆرە دامەزراندنی پێوەندی کارێکی سادەیە لە نێوان وشکیی شۆرەکاتێک و بیابانێک کە زیان بە زەویی پڕ بەرەکەت دەگەیەنێ و لە نێوان کەسایەتی سیس کە هێرش دەکاتە سەر ئۆزیریس.

بەڵام ئەم بەراوردکارییە لێرەدا کۆتاییی نایەت. بۆ نموونە، لە سەرەتای ئەفسانەکە لە پاش ئەوەی سیس لەگەڵ گوڵەکەی هاوڕێی دەکەوێتە قسە، تێ دەگا هاوسەرەکەی خیانەتی لێ کردووە لەبەرئەوەی گوڵەکە لە جیاتیی کرانەوە و گەشانەوەی وشک دەبێ و هەڵدەوەرێ، سیس ئەو ئەنجامەی لا دروست دەبێت کە هاوسەرەکەی لەگەڵ «ئۆزیریس» ە. لە راستیدا ئەوە سیس نییە کە نوێنەری زەویی شۆرەکاتە، کە لە وشکبوونەوەی گوڵەکە تێ دەگات کە هاوسەرەکەی خیانەتی لێ کردووە، بگرە ئەمە ژنان و پیاوانن کە ئەم شێوە پێوەندییەیان پێکەوە هەیە.

ئەفسانەکان لە بنەڕەتەوە شتێک فێری ئێمە ناکەن، شتێک لەبارەی پەرچدانەوە سروشتییەکان، بگرە هەموو ئەو رووداوە دڵتەزێنانە دەگێڕنەوە کە بەناهۆشمەندیی ئێمەدا گوزەر دەکەن. ئەو رووداوانەی کە ڕەنگدانەوەی هێزە سروشتییەکانە، ئەڵبەتە سینەماکارێک کاتێ کە فیلمێک دروست دەکا و لەو فیلمەدا ناسازگاریی نێوان دوو عاشق و مەعشوق نیشان دەدا، بەپێشاندانی تۆفان و برووسکە و تریشقەی هەور هەمان ئەو پێوەندییە دەردەبڕێ.

بەسەرهات و چیرۆکی مەسیح هەر بە هەمان شێوەیە. دەتوانین نواندنی لەخاچدانی مەسیح لە نێوان دوو دز، لە دیدگەی مێژوویی و ئابجێکتیفی لێک بدەینەوە، بەڵام ئەگەر تەماشای رووداوەکە بکەین وەک رووداوێکی دڵتەزێنی زەینی، ئەوە مانا و هێزی ئەو رووداوە زیاتر دەبێت. ئەگەر مەسیح کە نموونەی عیشقی هەموانە، دزێکی توخمباش بێ ئەو بەشانەی ئێمە بێت کە پێوەست دەبێ بە هێزە باش و چاکەکارەکانەوە، لە حاڵێکدا کە دزی توخم خراپ بیرەوەری ئەو شتە دەبێ کە رێگر دەبێ لە بەردەم سەرکەوتن و هاوئاهەنگی، پێشاندەری لایەنە خراپەکانە کە لە ژیانی ئێمەدا رێگری دروست دەکەن.

هەموو دیمەنەکەش ئەوە پێشان دەدەن کە هەر بوونەوەرێک هەموو کات بەرەو دوو لایەن دەبرێت، لایەنی بنیاتنان یان لایەنی رووخان.

هەروەک پێشتر گوتمان کاتێ کە دەمانەوێ دەست بە شیکردنەوەی دەروونی ناوەڕۆکی ئەم ئەفسانەیە بکەین، رووداوی ڕەنگدانەوەی پرۆسەی دەروونی و ناهۆشمەندیی کەسەکان لە بەرچاو دەگرین؟ ئەو بابەتەی کە لە ناخی ئێمەدایە ئەوەیە کە هەر کەسێ دەبێ خۆی بخاتە جێگەی ئۆزیریس و وای دابنێ ئەوەی بەسەر ئۆزیریس دێت، هەر هەمان ئەو رووداوەیە کە لە دەروونی خۆشی روو دەدات، دیسانەوە دەتوانین بە دەستەواژەیەکی دەروونناسانە بڵێین کە ئۆزیریس "منی

ناهۆشمەندی" هەریەک لە ئێمەیە و سیس و ئیزیس و حوروس، هەریەکەیان کەسایەتییەکی ژێرەوەن، یان ئەگەر پێتان باش بێت، ئەو گرێیانەن کە بە یارمەتیی ئەم (من)ە زوو بەئاگا دێن، چونکە بەپێچەوانەی ئەوەی کە زۆربەی کەس بیری لێ دەکەنەوە، گرێ هەردەم رۆڵێکی نەرێنیی نییە.

گرێ برێتییە لە کۆمەڵێ بیر و هەست هەر هەموویان خاوەنی هەمان هەلومەرجی سۆزداری و هەمان رەنگن. سەنتەرەکەیان برێتییە لە کاریگەرییەکی قووڵ و بەهێز. سۆزێکە رۆڵێکی ناوەکیی ڕاکێشەری هەیە.

بۆ نموونە ئەگەر وشەی"بێزاری" وەک نموونە بهێنینەوە، چەندان بیرهانین دێ بە زەینماندا، ئەو بیرهانینانە بەشێوەیەکی تەواو و پڕ بەپێستی خۆی پێوەندییەکی دوور و نیزیک بە ڕابردوومانەوە دادەمەزرێنن، لەبەرئەوەی بۆ ناهۆشمەندیی زەمەن بوونی نییە. گرێ خاوەنی وزەیەکی زۆرە کاتێ کە لە بارودۆخێکدا بە شێوەیەکی ڕادەبەر زیاد دەکات، دەکرێ بەسەر ئاگایی مندا دەسەڵات پەیدا بکا.

هەر لەم رووەوەیە کە تاکەکەس "ئاگای لە خودی خۆی نابێت"، ئەو لەژێر کاریگەریی کەسایەتییەکە کە ئەو کەسایەتییە بە تەواوی لە بوونی ئەودایە، بەڵام بەشێوەی پاڵ پێوەنانێکی نائیرادی بۆ ناو نەستی زەین.

هەروەها هەر هەمان ئەو منە خۆی بە گرێیەک دادەنێت، بەو جیاوازییەی کە ئێمە خۆمان لەگەڵ ئەودا بە یەک دەزانین و کەوتووەتە سەنتەری ئاگاییمانەوە. هەر بەهەمان ئەو بەڵگەیە ئەو توانایەمان پێ دەدا کە هەر رۆژێک و هەردەم وابزانین کە خۆمانین.

لەمە بەدوا ئەفسانەی ئیزیس و ئۆزیریس بەڕوانگەیەک دەیانخوێنینەوە کە سیمبولەکانی گۆڕانکاریی تاکەکەسی ئێمە ئاشکرا دەکات. ئۆزیریس هەمان ئەو "من"ەیە کە دەبێتە مایەی چەندان گۆڕانکاری و گواستنەوە. ئەم شێوە پرۆسەی گۆڕانە دەروونییە بەگشتی چەندان قۆناخی هەیە: وەک دەسەڵات پەیداکردن بەسەر هەستەکان، خۆخواردنەوە و خەمۆکی، بەرەوپێش نەچوون و وەستاوی تا سنووری وێرانبوون و داڕزان و دواجار وازهێنان لە هەندێ بارودۆخ. ئەم قۆناخانە لە ئەنجامدا دەبنە هۆی لەدایکبوونی نوێ. یان بەواتایەکی تر، جۆرێک قۆناخی ناڕەحەتی و دەرد و پێش ئامادەبوونی سەرلەنوێیە کە ژیان و بزووتنەوە دەداتە تاک. وەک بڵێی پەردەیەک هەڵدراوەتەوە و مانایەکی نوێ بۆ ژیان دەرکەوتووە.

........، بۆ نموونە دەتوانین سیس بخەینە سەنتەرەوە و وای دانێین کە ئیزیس و ئۆزیریس و حوروس برێتین لە مەوداکانی ناهۆشمەندیی رۆحی ئەو. بەهەمان شێوەش دەتوانین، ئیزیس و حوروس بخەینە سەنتەرەوە، بەم شێوە دەگەینە ئەنجامێکی گرینگی فەلسەفی و دەروونناسی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو ئەم کەسایەتییانە هەم لایەنی باشیان تێدایە هەم لایەنی خراپ.

خاوەنی دوو رەهەندن. تەنانەت دەتوانین لەمەش زیاتر برۆین و بڵێین لەم ئەفسانەیە هیچ باش و خراپێک نییە، هەموو شتەکان دوولایەنەن.

بۆ نموونە بڕوانە کەسایەتیی سیس. ریشەی ناوی سیس لە ساتان (شەیتان)ەوە هاتووە، ئەم ناوەش نیشانەی خراپەیە. بەڵام لە ئەفسانەی میسری کۆندا ئەم خراپییە لایەنی ئەرێنی و چێکەریشی تێدایە. بۆیە رۆڵی سیس دوو لایەنەیە. بەڵێ ڕاستە سیس دەڕووخێنێ و وێران دەکات، بەڵام بۆ بەپێدانی توانا بۆ دووبارە بنیاتنانەوە. بەمەبەستی داهێنانێکی بالاتر لە خەیاڵاتی ناڕاست، پەنا دەباتە بەر دوورەپەرێزی. لە زەوینەی دەروونناسیدا سیس نوێنەری مەودای خۆڕووخێنەری ئێمەیە. هەروەک ئەو بوونەوەرەی سوود لە هێزی ڕووخاندنی خۆی وەردەگرێ بەمەبەستی شێوە گۆڕین. هەر وەک بڵێی بوونەوەرێ بۆ خۆی ئازارێکی ئەوەندە لە ڕادەبەدەر دەدۆزێتەوە، تا پاڵی پێوە بنێت بیر لە گۆڕان بکاتەوە.

لەم مەودا چالاکەدا، ئەو ئاگاییەی کە دەمانجووڵێنێ، رەنگە لە ئێمەدا هەستکردن بە گوناه دروست بکات. بەتایبەت کاتێ کە دەبینین خۆمان دوژمن یان جەلادی خۆمانین. ئەگەر زیاتر پرسەکە روون بکەینەوە، ئەوە پەی بەوە دەبەین هەروەک لە ئەفسانەکەدا هاتووە، رەفتاری سیس بەمەبەستی شەڕ و پێکدادان بووە لەگەڵ ئەو بارە دیاریکراوانەی بوون. ئەو بارانەی کە دەبووایە لەناو بچن. لە راستیدا یارمەتیدان بۆ رزگاربوون لەم حاڵانە، برێتییە لە قورتارکردن و جوانکردنی خوود، یان خزمەتکردنی پرۆسەی کامڵکردنی بوون.

رەفتاری جەلاد کە رۆڵی هەیە لە پرۆسەی خولقاندنی ژیاندا یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی خۆمان بدۆزینەوە و هۆکاری خۆشبەختیی خۆمان بین. ئەم روانینە نوێیە بۆ وێران کردن و خۆوێرانکردن، جیاوازی دەستنیشان دەکات لە نێوان ژیانی بێ مانا و ژیانی مانادار. بۆ میسرییەکان سیس بە دەسپێکەر و داهێنەرێکی مەزن دادەنرێ. کاتێ بەرامبەر بەم بۆچوونە ڕادەوەستین، دەتوانین رێگر بین لە بەردەم زیانەکان و ئاگایانە هاوکات لەگەڵ کرۆکی بزوێنەری بوونی سیس، بەشداریی پرۆسەی گۆڕان بکەین.

ئێستەش داواتان لێ دەکەم لەگەڵمدا بەشداریی ئەو سەما و سۆزە بکەن، کە پەردە بەپەردە بەردەوام دەبێت لەوەی کە کام لە کەسایەتیی ئەفسانەکە دێنە سەر شانۆ. پەردەکانی سەرەتایی پێوەستە بە دوو پیاوەوە ئەوانیش (سیس و ئۆزیریس)ن.

پاشان باس لە رۆڵی سەرەکیی ئیزیس دەکەین. هەردەم ئاگاتان لەوە بێت کاتێ کە هەر کەسایەتییەک کارێکی دیاریکراو ئەنجام دەدا، ئەوە وردە وردە دیمەنی گشتیی شانۆکەش ئاشکرا دەبێت.

# میلان کوندێرا

بەشی دووەم

## سێبەری خەسێنەری گارتای پیاوچاک

١

ئەو وێنەیەی کافکا، کە ئەمڕۆ کەم یان زۆر لەلایەن هەموانەوە هاوبەشە، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆمانێک. ماکس برۆد ڕاستەوخۆ پاش مردنی کافکا نووسی و لە ساڵی ١٩٢٦ دا بڵاوی کردەوە. با ناونیشانەکەی لەسەر زمانتان بتوێتەوە: قەڵەمڕەوی ئەفسوونی ئەوین. ئەم کلیلی ڕۆمانە، ڕۆمانە کلیلێکە. لە پاڵەوانەکەیدا، نووسەرێکی ئەڵمانی خەڵکی پراگ، نۆڤی، مرۆڤ پۆرترێتێکی مەراییکەرانەی برۆد خۆی دەدۆزێتەوە (ژنان پێی سەرسامن، ئەدەبکارەکان ئیرەیی پێ دەبەن). نۆڤی– برۆد دەست لەگەڵ ژنی پیاوێک تێکەڵ دەکا، کە ئەویش لە ڕێی فیتنەیی ناوازە و بەدکارانەوە بۆ دەلوێ بۆی چوار ساڵ بیخاتە پشتی قەفەسی بەندیخانەوە. لە پڕ مرۆڤ خۆی لە چیرۆکێکی زۆر ڕۆمانگەرادا دەبینێتەوە، چیرۆکێکی کە لە بەیەککەیشتنی مەحاڵترین بارودۆخگەل چنراوە (لە ڕێی ڕێکەتی ڕووتەوە فیگەرەکان لە کەشتییەکدا لە ناوەڕاستی دەریادا تووشی یەک دەبن، یان لەسەر جادەیەک لە حەیفا، یان لە جادەیەکی ڤێنا)، مرۆڤ لە ململانێی نێوان مرۆڤە باشەکان (نۆڤی، ژنە دۆستەکەی) و مۆرڤە بەدەکان (پیاوە قۆچ لە سەرنراوەکە، کە هێندە بازاڕییە، کە قۆچەکانی شایانیەتی و ڕەخنەگرێکی ئەدەبی، کە کتێبە جوانەکانی نۆڤی بە نەزم وێران دەکا)،

(*) وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: کەریم پەڕەنگ

بە گۆڕانکارییە میلۆ دراماتیکییەکان مرۆڤ سۆزی دەجولێ (ژنە پاڵەوانەکە خۆی دەکوژێ، چونکە ئیدی تەحەمولی ژیان لە نێوان پیاوە قۆچ لە سەر نراوەکە و پیاوە قۆچ لە سەر نەرەکە ناکا) و. مرۆڤ سەرسام دەبێ بە ڕوحی بە سۆزی نۆڤی- برۆد، کە لە هەموو دەرفەتێکدا دەتوێتەوە.

ئەم ڕۆمانە پێش ئەوەی بنووسرێ لە بیر دەکرا، ئەگەر فیگەری گارتا لە ئارادا نەبووایە. چونکە گارتا، هاوڕێیەکی نزیکی نۆڤی، پۆرترێتی کافکایە. بەبێ ئەم کلیلە فیگەرەکە بێ بایەخترین دەبوو لە سەرجەمی مێژووی ئەدەبدا، ئەم فیگەرە ڕەفتاری «پیاوچاکێکی ئەم سەردەمەمان» دیاری دەکا، بەڵام هەتاوەکو مرۆڤ لەبارەی پێگەی پیرۆزییەوە زۆر نابیستێ، جگە لەوەی جاروبار نۆڤی- برۆد لە کاتی تەنگوچەڵەمەی ئاشقبوونیدا لەلای هاوڕێکەی بە دوای ئامۆژگاریدا دەگەڕێ، ئەو لە توانایدا نییە یارمەتیی بدا، لەبەرئەوەی ئەو وەکو پیاوچاک ئەم ئەزموونانەی لێ قەدەخە کراوە.

چ دژوازییەکی نایابە: سەرجەمی وێنەی کافکاو سەرجەمی چارەنووسی دواییتری کارەکەی لەم ڕۆمانە ساکارەدا بەرنامەڕێژیی و پێشداڕێژیی بۆ کراوە، لەم شتە هیچوپووچەدا، ئەم کاریکاتێرەی سەربردەی ڕۆماندا، کە لەلایەنی ئیستاتیکییەوە بە تەواوی لە دژە جەمسەری هونەری کافکادایە.

٢

چەند وەرگرەیەک (ئیقتباس) لە ڕۆمانەکەوە: گارتا «پیاوچاکێکی سەدەکەمان بوو، پیاوچاکێکی ڕاستەقینە»، «[...] لەوانەیە هەر ئەم گەورەترین شتەی ئەو بێ، کە دژی هەموو ئەفسانەکان وا سەربەخۆ و ئازاد، هێندە پیرۆزانە بێ پەروا مایەوە، سەرەڕای ئەوەیش لە ناخەوە لێیان نزیک و خۆی فیگەرێکی نیوە ئەفسانەیی بوو» «[...] ویستی لە پاکژییەکی تەواوەتیدا بژی، پتر لەمەیش، نەیدەتوانی بە جۆرێکی تر بژی [...]».


وشەگەلی پیاوچاک، پیرۆز، ئەفسانە، پاکژیی مەبەستی ڕەوانبێژییان نییە؛ مرۆڤ دەبێ وەکو مانای وشە لێیان تێ بگا: «لە هەموو حەکیم و پێغەمبەرەکان، کە بەسەر زەویدا هەنگاویان ناوە، بێدەنگترینیان بوو. [...] لەوانەیە یەک هەنگاوێکی نوقسان بووبێ: بڕوا بەخۆبوون. ئەگەر ئەمەیشی هەبووایە، دەبووە ڕابەرێکی مرۆڤایەتی. نەخێر، ڕابەر نەبوو. قسەی بۆ قوتابی نەدەکرد، وەکو بووا، مەسیح، یان مووسا قسەی بۆ گەل نەدەکرد. نەخێر وا قسەی نەدەکرد. بە داخراوی مایەوە. بەڵام ئەمە لەوانەیە لەوەوە هاتبێ، چونکە نهێنیی بنەمایی لەم سیانە قووڵتر دەبینی؟ لەبەرئەوەی ئەو پێی هەڵدەستا، لەوە قورستر بوو کە بوودا دەیویست؟ چونکە ئەگەر بلوابایە، شتێکی کۆتا دەبوو؟»

دواییتر: «هەموو ئاینپەروەرەکان قەناعەتیان بە خۆیان هەبوو. یەکێکیان خۆی بۆ تاریکی دوور خستەوە، لەوانەیە ڕاشکاوترینیان بووبێ: لاوتسە. لێرەدا پەڕینەوە بۆ لای گارتا، لای ئەمیش هاوشێوە بوو.»

گارتا وەکو یەکێک وەسفی دەکرێ، کە دەنووسێ. نۆڤی دەکرێتە وەسیەتگری: «نۆڤی سەرجەمی میراتی ئەدەبی گارتای گرتە دەست – لێرەدا گارتا داوای لێ کردووە، بەڵام بەو پەڕاوێزە سەیرەوە، هەموو میراتەکەی لەناو بەرێ.» نۆڤی «توانی لەم داواکارییە توندڕەوانەیە تێ بگا. گارتا بەیانکاری ئاینێکی نوێ نەبوو، تەنیا بۆی بژی، تەنیا ئەو بێ، ئەمەی ویست، ئاسوودەی دەکرد. توندڕەوترین شتی لە خۆی داوا دەکرد، لەبەرئەوەی نەلوابوو، نووسینەکانی (پلیکانەی سەرەتا بۆ دوا بەرزیی) بۆ ئەو بەهایان نەبوو.»

لەگەڵ ئەوەیشدا نۆڤی- برۆد نەیویست خواستی هاوڕێکەی بەجێ بهێنێ. لەبەرئەوەی نووسینەکانی هێندە بەهادار بوون: «بۆ مرۆڤە گومڕاکان خۆیان هەوڵ، ئەزموونکردن، مەزەندەیان وەکو شتێکی جێگیر دەگەیاند.»

بەڵێ، هەموو شتێکی لە خۆ گرتووە.



میلان کوندێرا

٣

بەبێ برۆد ئەمڕۆ ئێمە تەنانەت ناوی کافاکاشمان نەدەزانی. یەکسەر پاش مردنی هاوڕێکەی هەرسێ ڕۆمانەکەی بڵاو کردەوە. بەبێ زایەڵە. تێ گەیشت، بۆ ئەوەی کاری کافکا بسەپێنێ، دەبێ شەڕێکی ڕاستەقینەی درێژخایەن بەرپا بکا. کارێک بچەسپێنی واتە، نمایشی بکرێ، ڕاڤە بکرێ. برۆد هەڵمەتێکی ڕاستەقینەی دەست پێ کرد: پێشەکییەکان: بۆ دادگە (١٩٢٥)، بۆ کۆشک (١٩٢٦)، بۆ ئەمەریکا (١٩٢٧)، بۆ وەسفکردنی خەباتێک (١٩٣٦)، بۆ یاداشتنامەکان و نامەکان (١٩٣٧)، بۆ چیرۆکەکان (١٩٤٦): ئەمجا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ یانۆخدا (١٩٢٥)؛ ئەمجا بە دراماکردنەکان: کۆشک (١٩٥٣) و ئەمەریکا (١٩٥٧): پێش هەموو شتێک بەڵام چوار کتێبی گرینگی ڕاڤەکردن (سەرنجی ناونیشانەکان بدە!): فرانتس کافکا. ژیننامەیەک (١٩٣٧). باوەڕ و میتۆدی

فرانتس کافکا (١٩٤٦)، فرانتس کافکا وەکو سیمایەکی ڕێنیشاندەر (١٩٥١)و گومان و فریادڕەسیی لە کاری فرانتس کافکادا(١٩٥٩).

لە هەموو ئەم دەقانەدا ئەو وێنەیەی لە قەڵەمڕەوی ئەفسوونی ئەڤیندا نەخشێنراوە بە هێز دەکرێ و گەشەی پێ دەدرێ: کافکا پێش هەموو شتێک بیریاری ئایینییە. بەڵام: «نمایشێکی ڕێکوپێکی فەلسەفەکەی و دنیابینی ئایینی کافکا هەرگیز لە ئارادا نەبووە. لەگەڵ ئەوەیشدا دەتوانرێ لە بەرهەمەکەیەوە، بەتایبەتی لە حیکمەتە کورتەکانییەوە، بەڵام لە داهێنانەکانییەوە، لە نامەکانییەوە، لە یاداشتنامەکانییەوە، هەروەها لە شێوەی ژیانگوزراندنییەوە (پێش هەموو شتێک لەمیانەوە) بنەمای ڕوون هەڵهێنجرێ، کە باری سەرنج دەربڕینی کافکا سەبارەت بە دیاردە بنەماییەکانی مرۆڤبوون لە خۆ دەگرن.»

کەمێک دواتر دەوترێ: گوایە ڕاڤەیەکی ڕاستی کافکا شیاو نییە، «هەتا مرۆڤ دوو تەوژم لە کارەکەیدا هەڵاوێرد نەکا: ١) حیکەمە کورتەکانی و ٢) گێڕانەوەکانی (ڕۆمانەکان، نۆڤێلەکان، کارە تەواونەکراوەکانی).

لە حیکەمە کورتەکاندا کافکا وشەیەکی ئەرێنی دەدا، کە دەیەوێ بە مرۆڤی بڵێ، ئیمانێک، داواکارییەکی توند، ژیانی کەسێتی هەموو تاکێک بگۆڕێ.»

لە ڕۆمان و چیرۆکەکانیدا «سزاگەرییە دژوارەکان نمایش دەکا، کە دێنە ئاراوە، ئەگەر مرۆڤ گوێی لە وشەکە نەبێ، ڕێی ڕاست بەجێ بهێڵێ».

سەرنجی هەڕەمەکە بدە: لە سەرەوە: ژیانی کافکا وەکو نموونەیەکی سەرمەشق؛ لە ناوەڕاستدا: حیکەمە کورتەکان، واتە هەموو پەرەگرافە حیکمەتئامالە «فەلسەفییەکان»ی یاداشتنامەکەی. لە خوارەوە: گێڕانەوەکانی.

برۆد ڕۆشنبیرێکی مەزن بوو وزەیەکی ناوازەی هەبوو، پیاوێکی زماندرێژ، ئامادە بوو بۆ ئەوانی تر بجەنگێ؛ مەیلی بۆ کافکا لە دڵەوە بوو و بۆ قازانجی خۆی نەبوو. بەدبەختیی تەنیا لە ئاراستەگەرایییە هونەرییەکەیدا بوو: وەکو مرۆڤێکی ڕوحانی نەیدەزانی، ئەشق بۆ شێوە چی دەگەیەنێ؛ ڕۆمانەکانی (نزیکەی بیست دانەی نووسی) بێ ئومێدانە تەقلیدین؛ پێش هەموو شتێک: هیچ لە هونەری هاوچەرخ تێ نەدەگەیشت.

لەبەرچی کافکا لەگەڵ ئەوەیشدا هێندە خۆشی دەویست؟ ئایا واز لەوە دەهێنن باشترین هاوڕێی خۆتان خۆش بوێ، لەبەرئەوەی ئەو ئالوودەی ئەوەیە شیعری خراپ بنووسێ؟

لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو مرۆڤەی کە شیعری خراپ دەنووسێ لە مەترسیدا دەبێ، کە دەست بەوە بکا بەرهەمی هاوڕێ شاعیرەکەی بڵاو بکاتەوە. با وێنای ئەوە بکەین، کاریگەرترین تۆێژەری پیکاسۆ نیگارکێشێک بێ، کە تەنانەت هێشتا لە ئیمپرێسیۆنیستەکانیش تێ ناگا. دەتوانێ چی لەبارەی تابلۆکانی پیکاسۆ بڵێ؟ لەوانەیە شتی هاوشێوە برۆد چی لەبارەی ڕۆمانەکانی کافکا

دەڵێ. وەسـفی ئەو «سزاگـەرییە دژوارانە دەکـەن کە پیادە دەکرێن، ئەگەر مـرۆڤ لە ڕێی ڕاست لابدا».

٤

ماکس برۆد وێنەی کافکا و بەهەرمەکەی دۆزیوەتەوە، لە هەمان کاتدا کافکاناسیی دۆزیوەتەوە. هەتا ئەگەر کافکاناسەکان بە خۆشحاڵییەوە خۆیان لە باوکیان بەدوور دەگرن، هەرگیز ئەو بوارە بەجێ ناهێڵن، کە ئەم بۆی خۆش کردوون، سەرەڕای ژمارەی لە ژماردن نەهاتووی ئەو دەقانەی بەرهەمی دەهێنێ، کافکاناسیی بە تەرزی بێکۆتا هەمـوو کات وتاری هاوشێوە دەخەمڵێنێ، سەوداگەریی هاوشێوە، کە هەموو کات لە کاری کافکا ناوابەستەتر دەبێ، لە سەرچاوەی خۆی ئاو دەخواتەوە. لە پێشەکی، لە پاشەکی، تێبینی، بیۆگرافی و مۆنۆگرافی، محازەرەی دانیشگە و دوکتۆرانامەی لە ژماردن نەهاتوودا وێنەی کافکای خۆیان بەرهەمدەهێنن و دەهێڵنەوە، لە ڕێی ئەمەوە ئەو نووسەرەی، کە جەماوەر بە ناوی کافکاوە دەیناسێ، کافکا نەماوە، بگرە کافکایەکی کافکاناسەکانە.

هەمـوو ئەو شتـانەی لەبارەی کافکا نووسـراون کافکاناسی نین. کەواتە چۆن دەتوانین کافکاناسی پێناسە بکەین؟ لە ڕێی گوتنەوەی هەمان شتەوە: کافکاناسیی ئەو گوتارەیە، کە ئامانجی ئەوەیە کافکا بکاتە کافکاناسیی. جێی کافکا لە ڕێی کافکای بە کافکاناسی کراو بگرێتەوە:

١- بە پێودانگی کلێشەی برۆد کافکاناسیی لە کتێبەکانی کافکا لە ناوکۆییەکی گەورەی مێژووی ئەدەبدا (مێژووی ڕۆمانی ئەوروپایی) ناکۆڵێتەوە، بگرە تەنیا لە ناوکۆیی بچووکی بیۆگرافیادا. لە مۆنۆگرافیاکەیاندا بۆیدێفرو ئەلبەرێ دەگەڕێنەوە بۆ پرۆست و ڕوونکردنەوەی بیۆگرافیانەی هونەر ڕەت دەکەنەوە، بەڵام تەنیا بۆ ئەوەی بانگەشەی ئەوە بکەن، کافکا دەبێ لەم ڕێسایە ڕیزپەڕ بکرێ، چونکە کتێبەکانی «لە کەسایەتی جودا ناکرێتەوە. ئایا ناوی یوسف (ک.)، ڕۆهان، سامسا، پێوەرەکە، بێندەمان، یۆسفینەی ژنە سترانبێژ، هونەرمەندی برسێتی یان هونەرمەندی تەنافباز، پاڵەوانی کتێبەکانی کافکا کەسی تر نییە جگە لە کافکا خودی خۆی.» بیۆگرافیا گرینگترین کلیلە بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمێک. لەوەیش خراپتر: تاقە مانای بەرهەمێک لەوەدا بێ، کلیلێک بێ بۆ تێگەیشتن لە بیۆگرافیا.

٢- بەپێی کلێشەی برۆد بیۆگرفیای کافکا لەژێر قەڵەمی کافکاناسەکاندا دەبێتە تۆژینەوە و ڕاڤەکردنی دەقی پیرۆز، ئەو حەماسە لە بیر چووەی، کە ڕۆمان کاست لە کۆنفرانسی لیبلیتسە لە ساڵی ١٩٦٣دا وتارەکەی کۆتایی پێ هێنا: «ئەم شاعیرە بۆ ئێمەی نووسی و بۆ ئێمە ئازاری کێشا!» تەرزی جیاوازی تۆژینەوە و ڕاڤەکردنی دەقەکانی: ئاینی؛ دنیایی: کافکا وەکو شەهیدی تەنیاییەکەی؛ چەپگەر: کافکا، بە «جۆش و خرۆشەوە» دەچووە کۆبوونەوەی

ئەنارخییەکان و «زۆر بە ئاگابوو لە شۆڕشی ١٩١٧» (بەگوێرەی گەواهیدانی درۆهەڵبەستێک، کە هەردەم سیتات دەکرێ، بەڵام هەرگیز نەپشکنراوە). هەموو کلێسایەک ساختەکاری خۆی هەیە: گفتوگۆکان لەگەڵ گوستاف یانۆخدا. هەموو پیاوچاکێک زناکی قوربانیی خۆی هەیە: ویستی کافکا، کارەکانی لەناو ببرێن.

٣- بەپێی کلێشەی برۆد کافکاناسیی بە نەزم کافکا لە بواری ئیستاتیکی تەنگ پێ هەڵدەچنێ: یان وەکو «بیریاری ئاینی» یان، چەپڕەو، وەکو نەیاری هونەر: «کتێبخانە نموونەییەکەی یان تەنیا کتێبی ڕێنوێنی بۆ ئەندازیار یان میکانیکی و کۆی حوکمە یاساییەکانی تێدا بوو» (دۆلۆزو گویتاری). بەبێ ماندووبوون کافکاناسیی پێوەندییەکان بە کیرکەگۆرد، بە نیتشە، بە ئایینناسەکانەوە ڕوون دەکاتەوە، بەڵام ڕۆماننووس و شاعیرەکان ئافەرۆز دەکا. هەتاوەکو کاموی لە وتارەکەیدا باسی کافکا وەکو ڕۆماننوس ناکا، بەڵکو وەکو فەیلەسووف باسی دەکا. نووسینە شەخسی و ڕۆمانەکانی بەهەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ، کە یەکەمیان بە باشتر دەزانرێ: من هەر خۆو و بەخت دەست دەدەمە وتاری- کافکای گاراودی، ئەو کاتە هێشتا مارکسی بوو: ٥٤ جار نامەکانی کافکا سیتات (اقتباس) دەکا، ٤٥ جار یاداشتنامەکانی، ٣٥ جار گفتگۆکانی لەگەڵ یانۆخ؛ ٢٠ جار چیرۆکەکانی؛ ٥ جار دادگە، ٤ جار کۆشک، تاقە جارێک ئەمەریکا سیتات ناکا.

٤- بەگوێرەی کلێشەی برۆد کافکاناسی بوونی هونەری هاوچەرخ ئافەرۆز دەکا؛ وەکو کافکا سەر بە وەچەی نوێگەرە مەزنەکان نەبێ، ستراڤینسکی، وێبەرن، بارتۆک، ئەپۆلۆنێر، موزیل، جۆیس، پیکاسۆ، براک، هەموو وەکو ئەو لە نێوان ١٨٨٠ و ١٨٨٣ دا لە دایکبوون. کاتێ لە سالانی پەنجادا بیرۆکەی نزیکبوونی کافکا لە بێکێت سەری هەڵدا، برۆد یەکسەر نارەزایی دەربڕی: هیچ شتێک گارتای پیاوچاک بەم ڕەوشت سووکییەوە نابەستێ!

٥- کافکاناسی ڕەخنەی ئەدەبی نییە (لە بەهای بەرهەمێک ناکۆڵێتەوە: هەتا ئێستا ڕەهەندە نەناسراوەکانی بوون، کە لە کاردا بەیان دەبن، نوێگەرییە ئیستاتیکییەکان، کە لە ڕێیەوە کاریگەریی بەسەر گەشەکردنی هونەرەوە هەبووە... هتد.)؛ کافکاناسی زانستێکی لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەیە. وەکو ئەو زانستە دەتوانێ لە ڕۆمانەکانی کافکادا تەنیا مەجازەکان ببینێ. ئاینین (برۆد: کۆشک= بەزەیی خوا؛ پێوەرەکە= پارسیفاڵی نوێ لە گەڕانیدا بە دوای شتی خواییدا؛ ... هتد.)؛ کارەکانی خوانەناسن، دەروونشیکارین، بنیاتگەرین، مارکسین (پێوەرەکە= ڕەمزی شۆڕش، چونکە سەرلەنوێ زەوی دابەش دەکا)، کارەکانی سیاسین (فیلمەکەی ئۆرسۆن وێلەس دادگە)، کافکاناسیی لە ڕۆمانەکانی کافکادا بەدوای دنیای ڕاستەقینەی، بە هۆی فانتازیایەکی بێ سنوور گۆڕاودا ناگەڕێ؛ پەیامە ئاینییەکان ورد دەکاتەوە؛ ڕەمزە فەلسەفییەکان دەکاتەوە.

## ٥

گارتا «پیاوچاکێکی ئەم سەردەمەمان بوو، پیاوچاکێکی ڕاستەقینە». بەڵام پیاوچاکێک دەتوانێ بچێتە فاحیشەخانە؟ برۆد سەرپەرشتی چاپکردنی یاداشتنامەکانی کافکای کرد، کە کەمۆکەیەک سانسۆری کردبوو؛ نەک هەر ئاماژەکانی بە ژنە سێکسفرۆشەکان، بگرە ئەوەی پێوەندی بە سێکسەوە هەبووبێ لەناوی برد. کافکاناسی هەموو کات گومانی لە پیاوبوونی نووسەرەکەی گوزارشت لێ کردووە و لەوەدا خۆی بە دڵە بە درێژیی باسی ئەندێشەی بێ توانایی جنسی بکا. بەو جۆرە کافکا لە مێژەوە بووەتە پیاوچاکی پارێزەری، دەمارگیرەکان، خەمۆکەکان، کەمخۆرەکان و لاوازەکان، بووەتە پیاوچاکی پارێزەری مردووەکان، ناسروشتییە مایەی تەوسەکان و هستەرییەکان (لەلای ئۆرسۆن وێلەس (ک.) هیستەریانە دەنەڕێنێ، بەپێچەوانەوە ڕۆمانەکانی کافکا لە سەرجەمی مێژووی ئەدەبدا لە ڕۆمانە کەمترین هستەرییەکانن).

بیۆگرافەکان ژیانی پەنهانی سێکسی ژنەکانی خۆیان نازانن، بەڵام لەو بڕوایەدان هی ستێندالّ یان فۆکنەر بزانن. پرکێشی ئەوە دەکەم تەنیا ئەمەی خوارەوە لەبارەی بیۆگرافیاکەی کافکا بڵێم: کە ژیانی ئیرۆتیکی (هێندە ناسانای) سەردەمەکەی بەهیچ جۆرێک بەوەی ئەمڕۆمان نەدەچوو: کچە گەنجەکانی ئەو سەردەمە لە پێش زەماوەندیاندا لەگەڵ پیاوان نەدەنووستن؛ بۆ ڕەبەنەکان تەنیا دوو ئەگەر دەمانەوە: ژنی مێردداری ماڵە بە ئابڕووەکان یان کچی سووکی چینی خوارەوە: فرۆشیار، کارەکەر و بێگومان سێکسفرۆش.

فەنتازیای ڕۆمانەکانی برۆد ئاوی لە سەرچاوەی یەکەم خواردووەتەوە؛ هەر لەبەر ئەمەشە ئێرۆتیکای شەیدایی، ڕۆمانتیکی (خیانەتی دراماتیکی ژن و مێرد، خۆکوشتن، ئیرەییی نەخۆشانە)، ناسێکسییە: «ژنە جوانەکان سەهون، ئەگەر لە بڕوایەدا بن، کە مەبەستی پیاوێکی ڕەفتار جوان بە خاوەنبوونی ژنەکەیە. ئەوە تەنیا ڕەمزە، شتەکە خۆی بەهیچ جۆرێک وەکو ئەو هەستە گرینگ نییە: ژنەکە خۆشی دەوێم، تا ڕادەیەکی زۆر و هەتا دوا شانەی مەیلی بۆم هەیە. هەموو خۆشەویستیی پیاو تەنیا کۆششە بۆ خێر و خۆشیی ژن.» (قەڵەمڕەوی ئەفسوو نی ئەڤین)

بەپێچەوانەوە فەنتازیای ڕۆمانەکانی کافکا تەنیا لە سەرچاوەی دووەم ئاو دەخواتەوە: «بەلای فاحیشەخانەکەدا تێ پەڕیم وەکو بەلای ماڵی یارێکدا» (بیرەوەری، ١٩١٠، ڕستەیەکی لەلایەن برۆدەوە سانسۆرکراو).

لەگەڵ ئەوەیشدا کە ڕۆمانەکانی سەدەی نۆزدە کارامانە تێ گەیشتن، سەرجەمی ستراتیجیا ئەڤینداریەکان ڕاڤە بکەن، زایەندگەرایی و جووتبوونیان لە تاریکیدا هێشتەوە. لە یەکەم دەیەکانی ئەم سەدەیەماندا زایەندگەرایی لە تەمتومانی ئەڤینی ڕۆمانتیکی دەردەچێ. کافکا (بێگومان، لەگەڵ جۆیسدا) لە یەکەم کەسەکان بوو، کە لە ڕۆمانەکانیدا دۆزییەوە، پەردەی لەسەر زایەندگەرایی لا نەدا (بە تەرزی سەدەی هەژدە) وەکو بۆ بازنە بچووکەکەی بێ پەرواکان

قۆرخکراو، بگرە وەکو واقیعێکی پووچ لە هەمان کاتدا بنەمایی لە ژیانی هەموو تاکێکدا. کافکا پەردە لەسەر ڕەهەندە بوونگەراییەکانی زایەندگەریی هەڵدەداتەوە: زایەندگەریی وەکو پێچەوانەی ئەوین؛ نامۆیی ئەوی دیکە وەکو مەرج، وەکو داواکاریی زایەندگەریی؛ دوومانایی زایەندگەریی: لایەنە ورووژێنەر لە هەمان کاتدا دوورخەرەوەکانی، بێ مانابییە دژوارەکەی، کە لە دەستەڵاتە سامناکەکەی بەهیچ جۆر کەم ناکاتەوە... هتد.

برۆد ڕۆمانتیکی بوو. بەپێچەوانەوە لەو بڕوایەدام، لە ڕۆمانەکانی کافکادا دژەڕۆمانتیکێکی قووڵ دەبینمەوە؛ لە هەموو شوێنێک دەردەکەوێ: بەو تەرزەی چۆن کافکا کۆمەڵگە دەبینێ، بە هەمان شێوە بەو جۆرەی ئەو ڕستەیەک بینا بکرێ: بەڵام لەوانەیە سەرچاوەکەی لەو وێنایەوە بێ، کە کافکا لەبارەی زایەندگەریی هەیبووە.

٦

کارل ڕۆسمانی لاو (پاڵەوانی ئەمەریکا) لە ماڵی باوکی وەدەر دەنرێ و دەنێردرێ بۆ ئەمەریکا، لەبەر پێشهاتێکی بەدبەختانەی سێکس لەگەڵ کارەکەرێکدا، کە «لاسی دەدا و منداڵێکی لێی دەبێ». لە پێش تێکەڵبووندا: «کارڵ، ئای کارڵەکەم! بانگی کرد، وەکو ئەو ببینێ و خاوەنداریەتییەتەکەی بسەلمێنێ، لە کاتێکدا ئەو هیچی نەدەبینی و لەناو ئەو هەموو نوێنە گەرمەدا هەستی بەبێ تەحەمولی کرد، کە بەوە دەچوو ژنەکە هەمووی بۆ ئەو کەڵەکە کردبێ.» [...] ئەمجا «ژنەکە پیاوەکەی ڕاوەشاند، گوێی لە ترپەی دڵی گرت، بەهەمان شێوە سینگی خۆی بۆ ئەو ڕاگرت بۆ ئەوەی ئەویش گوێی لە ترپەی دڵی ئەم بێ، [...]» لە دواییدا «بە دەستی گەڕا، هێندە قێزوەنانە، کە کارڵ مل و سەری لە نوێنەکەوە دەرهێنایە دەرەوە، لە نێوان لاقەکاندا، چەند جارێک بە ورگ پاڵی بە کارڵەوە نا- وای بۆ دەردەکەوت، وەکو ژنەکە بەشێک بێ لە خۆی، لەوانەیە هەر لەبەر ئەم هۆیەیش بووبێ داماوییەکی دژوار دایگرت.»

ئەم تێکەڵبوونە خاکەراییە هۆیە بۆ هەموو ئەو شتانەی، لە دواییدا لە ڕۆمانەکەدا ڕوو دەدەن. مایەی خەمۆکییە، ئەگەر مرۆڤ هۆشیاری ئەوە بێ، کە هۆکاری چارەنووسمان شتێکی بە تەواوی بێ مانایە. بەڵام هەموو پەردە لەسەر هەڵدانەوەیەکی بێ مانایی لە هەمان کاتدا سەرچاوەیەکی کۆمیدیایە. پاش هەموو جووتبوونێک مرۆڤ خەمگینە. کافکا یەکەم کەس بوو، کە وەسفی کۆمیدیبوونی ئەم خەمگینییەی کردووە.

لایەنی کۆمیدی سێکس: بیرۆکەیەک، کە بە هەمان شێوە نە بۆ نەریتگەراکان مایەی قبووڵکردنە نە بۆ ڕوحە ئازادەکان. من بیر لە د.هـ. لاورێنس دەکەمەوە، ئەو گۆرانیبێژەی ئێرۆس، ئەو وتاردەرەی جووتبوون، کە لە خانمی چەتەرلی و دۆستەکەیدا هەوڵ دەدا، ناوبانگی باش بۆ سێکس بگێڕێتەوە، بەوەی شاعیرانە دەیڕازێنێتەوە. بەڵام سێکسگەرایی شاعیرانە زۆر لە سۆزگەرایی شاعیرانەی سەدەی ڕابردوو تەوساویترە.

گەوهەری ئیرۆتیکی لە ئەمەریکادا برونیلّدایە. ئەو کە فێدەریکۆ فێلێنی پێی سەرسام بووە. فیلینی ماوەیەکی زۆر خەونی بەوەوە دەبینی، ئەمەریکا بکاتە فیلم و لە ئینتەرڤیستادا دیمەنی بەشداربووانی ئەم فیلمە تاسە بۆ کراوەمان پێشان دەدا: ژنە پاڵێوراوی جیاوازی مایەی بڕوا نەبوون، لەلایەن فێلینییەوە بەو لەزەتە شاگەشکانەوە هەڵبژێردراون، کە ئێمە پێی دەزانین، خۆیان بۆ دەوری برونیلّدا نمایش دەکەن. (بەلّام من جەختی لێ دەکەمەوە: ئەم لەزەتە شاگەشکەیە لەزەتی کافکایش بوو. چونکە کافکا ئازاری بۆ ئێمە نەدەکێشا! بۆ ئێمە لەزەتی دەبینی)

برونیلّدا، ژنە گۆرانیبێژە پیرەکە، کە «زۆر لاوازە» و «لاقەکانی نەقرەسدارن». برونیلّدا بە دەستە ئەستووره چەورەکانییەوە، بە غەبغەبەیەوە، بە «جەستە زۆر قەڵەوەکەیەوە». برونیلّدا، کە گەلّی بلّاو کردووەتەوە و دەنیشتووە «تەنیا بە عەزیەتێکی زۆرەوە، بە نرکە و ناڵەیەکی زۆر و چەندان جار بانگکردنەوە» دەتوانێ خۆی ئەوەندە داچەمێنێتەوە، «بۆ ئەوەی سەری سەرەوەی کۆلۆنەکەی بگرێ»، برونیلّدا، کە کراسەکەی بەرز دەکاتەوە و بە پالێمەکەی چاوەکانی رۆبینسۆن دەسڕێتەوە کە دەگری. برونیلّدا، کە لە توانایدا نییە، دوو یان سێ پلیکانە سەرکەوێ و دەبێ هەڵبگیرێ– نمایشێک، کە ڕۆبینسۆن بە ئەندازەیەک پێی کاریگەر دەبێ، کە بە درێژاییی ژیانی هەناسەی سارد هەڵدەکێشێ: «ئاخ خوایە، ئاخ خوایە، چەند جوان بوو! ژنێکی ئاوها!» برونیلّدا، کە بە ڕووتی لەناو بانیۆدا دەوەستێ و دێلامارچ دەیشوا، لە کاتێکدا گلەیی و گازاندە دەکا. برونیلّدا، کە لەناو هەمان بانیۆدا پاڵکەوتووە و بە تووڕەیییەوە بە مشتەکۆڵە بە ئاوەکەدا دەدا. برونیلّدا، کە دوو پیاو، دوو سەعاتیان دەوێ، بۆ ئەوەی بە پلیکەنەکاندا بیبەنە خوارەوە و بیخەنە ناو گالیسکە بچووکەکەوە، کە کارڵ بەناو شاردا پاڵی دەنێ، بۆ جێگەیەکی پەنهان، لەوانەیە بۆ فاحیشەخانەیەک. برونیلّدا، کە خۆی لەناو گالیسکە دەستییەکەدا بە تەواوی بە پەڕۆیەک دادەپۆشێ، لەبەرئەوە پۆلیسێک بە فەردە پەتاتەی تێ دەگا.

نوێ لەم هێلّکارییە پڕ دزێوییەدا ئەو حەقیقەتەیە، کە برونیلّدا سەرنجڕاکێشە؛ بە تەرزێکی نەخۆشانە سەرنجڕاکێشە، تەوسهێنەر سەرنجڕاکێشە؛ بەلّام لەگەڵ ئەوەیشدا سەرنجڕاکێشە؛ برونیلّدا خێوێکی سێکسە لەسەر مەرزی نێوان قێزەونی و خروشێنەردا، هاواری سەرسامیی پیاوانیش، نەک هەر تەنیا کۆمیدین (کۆمیدین، بێگومان، سێکس کۆمیدییە!)، بگرە لە هەمان کاتدا ڕەها ئەسڵین. مرۆڤ سەری سوڕ نامێنێ، کە برۆد، سوجدەبەری ڕۆمانتیکی ژنان، بۆ ئەو جووتبوون واقیع نەبوو، بگرە «ڕەمزی هەست و سۆز» بوو، نەیتوانی هیچی ئەسڵی لە برونیلّدادا ببینێ، تەنیا سێبەری ئەزموونێکی واقیعیشی نەبینییەوە، بگرە تەنیا وەسفی «ئەو سزاگەرییە سامناکانەی کە دێنە ئاراوە، ئەگەر مرۆڤ لە ڕێی ڕاست لا بدا».

٧

جوانترین دیمەنی ئێرۆتیکی، کە کافکا نووسیویەتی، لە بەشی سێیەمی کۆشکدایە: ئاکتی

جووتبوونی (ک.) و فریدا. هێشتا ساتێک بەسەر نەچووە، دوای ئەوەی (ک.) ئەو «کچە، ئاسایییە، بچووکە، قژ کاڵە» بۆ یەکەم جار دەبینێ، لەژێر مێزی بارەکەدا لە ئامێزی دەکا «لەناو گۆلاوی بیرە و زبڵدا، کە زەوییەکەی پێ داپۆشرابوو». پیسیی: لە سێکسگەرایی جودا نەکراوە، لە جەوهەری.

بەڵام ڕاستەوخۆ دوای ئەوە، لە ڕستەی داهاتوودا کافکا وامان لێ دەکا لە شیعری زایەندگەرایی تێ بگەین: «لەوێ چەندان کاتژمێر بەسەرچوون، چەندان کاتژمێری بەیەکەوە هەناسەدان، بەیەکەوە دڵلێدان، کاتژمێرگەلێک، کە (ک.) هەموو کات ئەو هەستەی هەبوو، ڕێیی لێی ون دەبێ یان هێندە دوور لە نامۆییدایە، کە پێش ئەم هیچ مرۆڤێکی دیکە هێندە دوور لە نامۆییدا نەبووە، نامۆییەک تەنانەت هەوا پێکهاتەی هەوای وڵاتی تێدا نییە، کە مرۆڤ لە نامۆییدا دەخنکێ و لە فریوە بێ ماناکانیدا مرۆڤ هیچی تر ناتوانێ بکا ئەوە نەبێ لە ڕۆیشتن بەردەوام بێ، بەردەوام ڕیگەی خۆی ون کا.»

درێژیی جووتبوون وەردەچەرخێتە سەر مەجازێک بۆ ڕۆیشتن لەژێر ئاسمانی نامۆییدا. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەم ڕۆیشتنە دزێوی نییە؛ بەپێچەوانەوە، ڕامان دەکێشێ، بانگێشتمان دەکا، لە ڕۆیشتن بەردەوام بین، مەستمان دەکا: ئەمە جوانییە.

چەند دێرێک دواتر: «.. ئەوەندە بەختەوەر بوو، فریدا بە دەستی بگرێ، هێندە ترساو-بەختەوەریش، چونکە وای بۆ دەرکەوت، گەر فریدا بەجێی بهێڵێ، هەموو ئەو شتانە بەجێی دەهێڵن، کە هەیەتی.» واتە ئەمە ئەڤینە؟ بەڵام نەخێر، ئەڤین نییە؛ ئەگەر مرۆڤ وەدەر نرابێ و هیچی نەمابێ، ژنێکی بچووک، کە مرۆڤ بەحاڵ دەیناسێ و لە نێوان گۆلی بیرەدا ئامێزی پێدا کردووە دەبێتە سەرجەمی گەردوونێک- بەبێ ئەوەی ئەڤین هیچ سەروبەندی پێوەی هەبێ.

٨

لە یەکەمین مانیڤێستی سوریالیزمدا ئەندرێ بریتۆن بەشێوەیەکی ڕەق گوزارە لەبارەی هونەری ڕۆمان دەکا. بە مامناوەندێتی و هیچوپووچیی سەرکۆنەی ئەوەی دەکا، بێ ئومێدانە باری بە هەموو ئەو شتانە قورس کراوە کە دژوازی شیعر دەکەن. تەوس بە وەسف و هەروەها بە دەروونزانییە وەڕەسکەرەکەی دەکا. ڕاستەوخۆ پاش ڕەخنە لە ڕۆمان ستایشێکی خەونی بە دوادا دێ. ئەمجا ئەنجامگیری دەکا: «من بڕوام بە ئاوێتەبوونی داهاتووی ئەم بە ڕواڵەت دژوازەی دۆخی خەون و ڕاستیی لە جۆرە واقیعێکی ڕەهادا هەیە، گەر مرۆڤ بتوانێ بڵێ: سەرووی واقیع (سوریالی).»

پارادۆکسێک: ئەم «وێتەبوونی خەون و ڕاستییە،»، کە لەلایەن سوریالیستەکانەوە بەیان کرا، بەبێ ئەوەی لێی تێ بگەن، لە کارێکی ئەدەبی مەزندا بە واقیع بکرێ، لەو ژانرەدا کە ئەوان گاڵتەیان پێی دەهات، رووی دابوو: لە ڕۆمانەکانی کافکادا، کە دەیەیەک پیشووتر نووسرابوون.

زۆر سەختە ئەو فەنتازیایەی کافکا ئێمەی پێ تەلیسم کردبوو پێناسە، ناودێر بکرێ. ئاوێتەبوونی خەون و ڕاستیی، ئەم دەستەواژەیە، کە بێگومان کافکا نەیدەناسی، من ڕوون و ئاشکرا بۆم دەردەکەوێ. شتێکی هاوشێوەی تر، بۆ سوریالیستەکان ڕستەیەکی بە بەها، ڕستەکەی لۆتریامۆن لەبارەی جوانیی بە ڕێکەوت بەیەکگەیشتنی چەترێک بە مەکینەیەکی درومان: هەتا شتەکان بە یەکتر نامۆتر بن، ئەوەندە ئەو تیشکە ئەفسوناویترە کە لێیانەوە دەچروسکێتەوە. من دەمەوێ باسی شیعرییەتی موفاجەئە بکەم؛ یان لەبارەی جوانیی وەکو سەرسوڕمانێکی هەمیشەیی. یان وەکو پێوەری بەها چەمکی چڕیی بەکار بهێنم: چڕیی خەیاڵ، چڕیی بەیەکگەیشتنە چاوەڕوننەکراوەکان. دیمەنی نمایشکراوی جووتبوونی ک. و فریدا وەکو نموونەیەکی چڕیی سەرسوڕهێنەر: ئەو بڕگە کورتە نزیکەی یەک لاپەڕەییە سێ دۆزینەوەی بوونگەریی جیاواز لەخۆ دەگرێ (سێگۆشەی بوونگەرایی زایەندگەرایی)، کە بە بەدوایەکداهاتنی ڕاستەوخۆیان سەرسامان دەکەن: ئازار؛ جوانیی شەیداکەری نامۆیی و تاسەی کەمەندکێشی پڕ لە ترس.

سەرجەمی بەندی سێیەم گەردەلوولێکی شتە چاوەڕواننەکراوەکانە: لە شوێنێکی زۆر بچووک بەدوای یەکدا دێن: یەکەم یەکتربینینی ک. و فریدا لە میوانخانەیەکدا؛ لەبەر ئامادەبوونی کەسی سێیەم (ئۆلگا) دیالۆگێکی لاسەدەرانەی پەردەپۆشکراو، ناوازە واقیعی؛ پاڵنەری کونی تەماشاکردنی دەرگە (پاڵنەرێکی پووچ، بەڵام دەچێتە دەرەوەی ئەگەری ئەزموونەوە)، کە ک. لێیەوە دەبینێ، چۆن کلام لە پشتی مێزەکەیەوە نووستووە؛ نۆکەرەکان لەگەڵ ئۆلگادا سەما دەکەن؛ دڵڕەقیی موفاجئی فریدا، کە بە قامچییەک ڕاوی نۆکەرەکان دەنێ، ئەو ترسە موفاجئەی پێی گوێڕایەڵ دەبن؛ گارسۆنەکەی کە دەگا، لە کاتێکدا ک. لە پشتی مێزی مەیەکەدا خۆی دەشارێتەوە؛ گەیشتنی فریدا کە ک. لەسەر زەوییەکە دەدۆزێتەوە و ئامادەیی ئەو لای گارسۆنەکە نکووڵی لێ دەکا (لە کاتێکدا عاشقانە پێی لە سنگی ک. دەدا)؛ کردەی جووتبوون، کاتێ بە بانگکردنەکانی کلام دەپچڕێ، کە لە پشتی دەرگەکەوە بێدار بووەتەوە؛ ئاماژەی پڕکێشی سەیری فریدا، کە بەدەنگی بەرز بە کلام دەڵێ: «من لەلای پێوەرم!»؛ ئەمجا، چڵەپۆپە (لێرەدا مرۆڤ ئەگەری ئەزموون بە تەواوی بەجێ دەهێڵێ): لەسەر مێزەکەی سەریانەوە دوو خەلفە دانیشتوونە؛ بە درێژایی کاتەکە تەمەشایان کردوون.

٩

ڕەنگ بێ هەردوو خەلفەی کۆشک بە ڕەونەقترین ئیلهامیش شیعرییەتی کافکا بێ، پەڕجوویەکی فەنتازیای کافکا؛ بوونیان نەک تەنی بێ کۆتا سەرسوڕهێنەرە، سەرەڕای ئەوەیش بە مانا پڕ کراوە: مامۆستای داماوی گۆرانین، ئەعساب تێکدەرن؛ بەڵام سەرجەمی جیهانی «مۆدێرن»ی کۆشکیش بەرجەستە دەکەن: پۆلیسن، ڕۆژنامەگەرن، وێنەگرن: سیخوڕی وێرانکردنی ڕەهای

ژیانی تایبەتین؛ قۆشمەچی بێ وەین کە بە ناو گۆڕەپانی درامادا هەنگاو دەنێن؛ چاوچنۆکن حەزیان لە چاودێریکردنی دەستبازیی و ڕابواردنی خەڵکی هەیە، کە ئامادەییان بۆن و بەرامەیەکی زایەندگەرای بەنەخوێنشلیی قێزەون و گەمەگەرای کافکایی بە ڕۆمانەکە دەدا.

بەڵام پێش هەموو شتێک: دۆزینەوەی ئەم دوو خەلفەیە بە نوێلێک دەچێ، کە چیرۆکەکە بۆ بوارێک بەرز دەکاتەوە، کە هەموو شتێک بەشێوەیەکی سەیروسەمەرە لە هەمان کاتدا ڕاستییە و ناڕاستییە، شیاوە و نەشیاوە. بەندی دوازدەیەم: ک.، فریدا و هەردوو خەلفەکەی لە پۆلی قوتابخانەیەکی سەرەتاییدا بنە و بارگە دەخەن، کە کردوویانەتە ژووری نووستن. ژنە مامۆستاکە و خوێندکارەکان لەو چرکەساتەدا دێنە ژوورێ، کاتێ ئەو ماڵە چوار- کەسییە بڕوانەکردەنییە خۆی ئامادە دەکا جلوبەرگی بەیانی بگۆڕن؛ لە پشتەوەی پەتووە بە دۆڵابە هەڵواسراوەکانەوە جل لە بەر دەکەن، لە کاتێکدا پێکەنینان بە منداڵەکان دێ، سەریان لێدەشێوێنن، زانخوازیان دەکەن (ئەوانیش حەزیان لە چاودێرییە). ئەمە لە بەیەککەیشتنی چەترێک و مەکینەیەکی درووماں پترە. بەیەککەیشتنی نایابی ناشییانەی دوو شوێنن: پۆلی قوتابخانەیەکی سەرەتایی لەگەڵ ژوورێکی نووستنی بەدگوماندا.

ئەم دیمەنی شیعرییەتە مەزنە کۆمیدییە (کە دەبوو لە بەرایی ئەنتۆلۆجیایەکی مۆدێرنەی ڕۆماندا بووایە) لە سەردەمی پێش کافکادا مەحاڵ بوو. بە ڕەهایی مەحاڵ بوو. ئەگەر من جەخد لەمە دەکەم، دەمەوێ بەمە گوزارە لە سەرجەمی توندڕەویی شۆڕشی ئیستاتیکی کافکا بکەم. من گفتوگۆیەکم لەگەڵ گابریل گارسیا مارکیزدا بە بیر دێتەوە، کە پێش بیست ساڵ ئەنجامم دا، کە گوتی: «کافکا فێری کردم، کە مرۆڤ دەتوانێ بەشێوەیەکی دیکە بنووسێ.» بەشێوەیەکی تر، ئەمە ئەوەی دەگەیاند: کە مرۆڤ سنووری شیاو ببەزێنێ. نەک (بە تەرزی ڕۆمانتیکییەکان) بۆ ئەوەی لە جیهانی واقیع هەڵبێی، بگرە بۆ ئەوەی باشتر لێی تێ بگەی.

چونکە تێگەیشتن لە جیهانی واقیع سەر بە پێناسەی ڕۆمانە؛ بەڵام مرۆڤ چۆن دەبێ لێی تێ بگا و لە هەمان کاتدا خۆی بداتە دەستی گەمەی تەلیسمگەری فەنتیازیاوە؟ چۆن مرۆڤ دەتوانێ وردەکار بێ لە ڕاڤەکردنی دنیا و لە هەمان کاتدا بەبێ لێپرسراویە تی ئازاد بێ لە خەونە گەمەئامێزەکاندا؟ مرۆڤ چۆن ئەم دوو ئامانجە نەگونجاوە هاوئاهەنگ بکا؟ کافکا تیگەیشتبوو، ئەم مەتەڵە مەزنە هەڵبهێنێ. ئەو دەلاقەیەکی خستە شوورەی شیاوەوە؛ دەلاقەیەک، کە زۆری تری دوای کەوتن، هەر کەسە و بە تەرزی خۆی: فێلینی، مارکیز، فوێنتەس، ڕوشدی. هیی تریش و دیسان هیی تریش.

گارتای پیاوچاک بە لەعنەتی شەیتان بێ! سێبەرە خەسێنەرەکەی یەکێک لە گەورەترین ڕۆماننووسەکانی هەموو کاتەکانی نادیار کرد.

# هەڤپەیڤینێک لەگەڵ
# دوکتۆر مارف خەزنەدار

سازدانی: سەلاح حەسەن پـــاڵەوان

لە ١٠ ئابی ٢٠١٠ بۆ یەکەمین جار بە دیداری نووســەر دوکـتـۆر مـارف ئاشنا بووم، ئەو کـاتە بۆ ئەنجامدانی هەڤپەیڤینێک سەردانی ماڵەکەیم کرد لە هەولێر، سەرەتا لە ساڵی ٢٠٠٢ دوکتۆر مارفم بینیبوو، کەسایەتییەکی چوست و چالاک و توندوتۆڵ، بەلام ئەمجارە کەمتر ئەو لایەنەم تێدا بینی، لە ڕووی قسە و کردارەوە هێشتا گوڕ و تینی تێدا بوو بەلام لە رووی لەشەوە لاوازییەکی زۆری پێوە دیاربوو، کاتێ داوای ئەوەم لێ کرد کە هەڤپەیڤینی لەگەڵ بکەم، رازی بوو بەلام بەو مەرجەی پرسیارەکانی لا دانێم لەگەڵ ژمارەی تەلەفۆنەکەم و پاش یەک هەفتە بگەڕێمەوە لای، من لای خۆمەوە چاوەڕوانی ئەوە نەبووم وەلامم بداتەوە، لەبەر مەوی تەندروستی و تەمەن، بەلام پاش چەند رۆژێک لە ٣١ ئابی ٢٠١٠ تەلەفۆنی بۆ کردم و وەلامی هەموو پرسیارەکانی منی دابووەوە کە ١٣ پرسیار بوو، بە ٢٢ لاپەڕە بەدەستوخەتی خۆی، داواشی لێ کردم کە نابێ دەستکاریی هیچ وشەیەک بکەم و وەک و خۆی بلاوی بکەمەوە.

وەک وەبیرهێنانەوە و ڕێز بۆ ڕۆڵی ئەو کەسە ئەکادیمییە بە باشم زانی پاش ئەو ماوە کورتەی کۆچی دوایی کە لە ٢٥ تشرینی یەکەمی ٢٠١٠ لە سەعات ٢١:١٥ خولەک ماڵئاواییی لێ کردین، ئەو هەڤپەیڤینە لەگەڵ چەند زانیارییەکی پێویست لەسەر ژیان و کارەکانی نووسەر لێرەدا بلاوی بکەمەوە.

**کورتەیەک لەسەر ژیانی:**

د. مارف خەزنەدار کە ناوی تەواوی (مەعرووف عەبدولقادر مەعرووف عەزیز ئاغا خەزنەدار)ە، لە یەکەمی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٠ لە دایک و باوکێکی کورد لەدایک بووە، باوکی فەرمانبەری حکوومەتی بوو، لە بناخەوە سەر بەخێزانێکی دەرەبەگ بوو.


هەواڵنامەی کتێب

* قۆناخی سەرەتایی و ناوەندیی لە هەولێر خوێندووە، پۆلی چوارەمی ئامادەییی لە کەرکووک و پاشان لە هەولێر ساڵی ١٩٥١ خوێندنی تەواو کردووە.

* ساڵی ١٩٥٢ بووە بەمامۆستای سەرەتایی لە هەولێر، پاشان بە پلەی نووسیار لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر دامەزراوە، پاشان لە کوت و بەغدا تا ساڵی ١٩٥٧ بەردەوامیی بەم کارە داوە.

* یەکەمین جار کۆلێجی ئادابی لە زانکۆی بەغدا خوێندووە پاشان بڕوانامەی بەکالۆریای لە زمانی عەرەبی بەدەست هێناوە ، لە یەک کاتدا هەم قوتابی بووە، هەم فەرمانبەر لە دەزگەکانی دەوڵەت.

* لەسەر داوای خۆی وەک مامۆستای زمانی عەرەبی لە ناوەندی شەرقییە دامەزراوە، لە دواناوەندیی کەرکووکی شەوانەش ساڵی ١٩٥٧ تا ١٩٥٩ وانەی گوتووەتەوە.

* لە ساڵی ١٩٦٠ پێوەندیی کردووە بە نێردراوی زانستیی عێراقی بۆ ماوەی ٩ مانگ لە مۆسکۆ ژیاوە و لەو ماوەیەدا لە پەیمانگەی فێربوونی زمانی رووسی بۆ بیانییان وانەی رووسیی خوێندووە لە شاری سانت پیترسبۆرگ نیشتەجێ بووە، لە خوێندنی باڵای بەشی لێکۆڵینەوەی کوردی لە پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی ڕۆهەڵاتناسیی سەر بە ئەکادیمیای زانستیی رووسی قوتابی بووە. هەموو ڕێوڕەسمی ئەو وانانەی بڕی و توانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زمانەوانی و ئەدەب لە کانوونی یەکەمی ١٩٦٣ بەدەست بێنێ.

* بەهۆی گرینگیی بابەتی باسەکەی (مێژووی ئەدەبی کوردی هاوچەرخ ١٨٩٠-١٩٦٠) لێژنەی گفتوگۆکردن لەسەر بڕوانامەکە بڕیاری چاپکردنی کتێبەکەیان دا. دەزگەی بڵاوکردنەوەی ئەکادیمیای مۆسکۆ لە ساڵی ١٩٦٧ باسەکەی ئەوی بڵاو کردەوە، ئەمەش یەکەمین کتێب بوو کە بە زمانێکی ئەورووپی لەسەر ئەدەبی کوردی چاپ بکرێت.

* لە نێوان ساڵانی ١٩٦٣-١٩٦٨ لێکۆڵەرەوەی زانستی بوو لە پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی ڕۆهەڵاتی لە سانت پیترسبۆرگ. لە کاتی کارکردنی لەم دەزگەیەدا بەشداریی لە ئامادەکردنی فەرهەنگێکی کوردی-رووسی کردووە لەگەڵ کۆمەڵێ نووسەری تر (فەرهەنگەکە ساڵی ١٩٨٣ لە مۆسکۆ بڵاو کرایەوە)، هەروەها دوو لێکۆڵینەوەی بە ئەنجام گەیاند لەسەر هەردوو شاعیری کورد نالی و میسباح دیوان، ئەم دوو لێکۆڵینەوەش لە خوێندنی باڵا لە بەغدا چاپ کران.

* لە پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی ڕۆهەڵات لە بەشی عەرەبی هەستاوە بە وتنەوەی هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی بۆ ئەو لێکۆڵەرەوانەی کە لەوێ کاریان کردووە.

* لە زۆربەی ئەو کۆڕ و کۆبوونەوە ساڵانەی کە لەوێ کراوە بە لێکۆڵینەوە و باس و بابەت شداریی کردووە.

* هەروەها بەشداریی کردووە لە زۆر لەو سیمینار و کۆبوونەوانەی کە لە مۆسکۆ گیراون لەسەر ڕۆهەڵاتناسی، بەشداریی هەڤپەیڤینی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ڕۆهەڵاتی کردووە، کە

سـاڵی ١٩٦٧ لە مـۆسكۆ بەرپا كـراوە، زۆربـەی ئەو باس و لێكۆڵینەوانەی لەو كـۆبوونەوانـە بە زمانی رووسی پێشكێش دەكران، چاپ كراون.

* لە كـۆلێـجـی ئادابی زانكۆی بەغـدا سـاڵی ١٩٦٨ وەک مـامـۆسـتـای ئەدەب و رەخنـەی ئەدەبی لە بەشـی زمـانـی كـوردی دامـەزراوە، هـەروەهـا وەک سـەرۆک بەش هەڵبـژێردراوە، تا سـاڵی ١٩٨١ بەردەوام بووە لە وانەگوتنەوە لەو زانكۆیە تا ئەو كاتەی كە خانەنشین كراوە.

– لە ١ كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٩ لەقەبی مودەریسیان پێ داوە.

– لە ١ كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٣ بەرزكراوەتەوە بۆ پلەی "مامۆستای یاریدەر".

– لە ١٨ كانوونی یەكەمی ١٩٧٩ بەرز كراوەتەوە بۆ پلەی "پرۆفیسۆر".

– ساڵی ١٩٧٣ بەشی زمانی كوردی لە كۆلێجی پەروەردە لە زانكۆی بەغدا كردووەتەوە و هەستاوە بەبەڕێوەبردنی ئەو بەشـە، سـەرەڕای ئەوەی وەک سـەرۆكی بەشی زمـانی كـوردی لـە كـۆلێـجی ئاداب تا ساڵی ١٩٧٦كاری كردووە.

* لە زۆربەی زانكۆكـانی مـۆسكۆ و سـانت پترسـبـۆرگ و هەردوو كـۆلێـجـی ئاداب و پەروەردەی زانكۆی بەغـدا و كۆلێـجی ئادابی زانكۆی سلێـمـانی و كۆلێجی پۆلیس لە بەغدا و پـەیمانگەی زمـان و ئادابی زانـكۆی عـەننابـە لە كـۆمـاری جـەزائیـر وانەی گـوتـووەتەوە لەسـەر بابـەتەكـانی مێژووی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی و مێژووی ئەدەبی جیهانی و مەنهەجی لێكۆڵینەوەی زانستی و مێژووی رۆهەڵاتناسی و مێژووی كولتووری كوردی و زمانی كوردی و زمانی عەرەبی.

* شارەزایی لە زمانەكانی كوردی و عەرەبی و رووسی هەبووە و توركی و فارسیی زانیوە.

* لە زۆربەی رۆژنامە و كۆوارە كوردییەكانی عێراق و عەرەبییەكانیش شتی نووسیوە.

* وەک نووسیار و سەرنووسیاری لەم رۆژنامە و كۆوارانەی خوارەوە كاری كردووە:

– رۆژنامـەی "هـەولـێـر" بەهـەردوو زمـانی عـەرەبی و كـوردی لە نێـوان سـاڵانی ١٩٥٠ تا ١٩٥٣ لە هەولێر دەردەچوو، وەک نووسیار و پەیامنێر كاری كردووە.

– كۆواری "الصحیفة" هەفتانە بووە، بە زمانی عەرەبی لە نێوان ساڵانی ١٩٥٣–١٩٥٤ دەردەچوو، وەک نووسیار كاری كردووە.

– رۆژنامـەی "رای گشـتی" رۆژانە بوو، بەزمـانی عـەرەبی لە ١٩٥٥دەردەچوو، كـاركردنی لێرە وەک نووسیار بوو.

– كـۆواری "شـەفـەق" مـانگانە بەهـەردوو زمـانی كـوردی و عـەرەبی لە كـەركـووک لە نێـوان سـاڵانی ١٩٥٨–١٩٥٩ دەردەچوو، وەک نووسیار و سەرنووسیار كاری كردووە.

– بەشداریی كردووە لە دەركردنی كۆواری "پرشنگ" كە كۆوارێكی وەرزی بوو، كۆمـەڵێ رۆشنبیری كورد لە ئەوروپا بە زمانی كوردی لە ١٩٦٦–١٩٦٧ دەریان دەكرد.

– گۆڤاری "دەفتەری کوردەواری" گۆڤارێکی رۆشنبیریی کوردییە لە بەغدا لە ساڵی ١٩٧٠ دەردەچوو، ئەم گۆڤارە خاوەنی ئیمتیاز براکەی جەمال خەزنەدار دەری دەکرد و خۆی سەرنووسیاری بوو.

– گۆڤاری "نووسەری کورد"ی دامەزراند، ئەم گۆڤارە هی یەکەتیی نووسەرانی کورد بوو بەزمانی کوردی لە بەغدا دەردەچوو، لە ١٩٧١–١٩٧٣ سەرنووسیاری ئەم گۆڤارە بوو.

– بەشداریی کردووە لە دەرکردنی گۆڤاری "رۆژی کوردستان"، گۆڤاری کۆمەڵەی رۆشنبیریی کوردی بوو بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی ١٩٧١ دەردەچوو، ئەم سەرپەرشتیاری بەشی عەرەبیی دەکرد، تا ئەو کاتەی رێژیمی دیکتاتۆری دەستەی ئیداریی شەرعیی کۆمەڵەی رۆشنبیریی کوردی لە بەغدا ساڵی ١٩٧٨ دەرکرد.

– گۆڤاری "کۆلێجی ئاداب"ی لە زانکۆی بەغدا بەشی کوردی دەرکرد، ئەو گۆڤارە بە عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی دەردەچوو، لە ساڵی ١٩٧٢ سەرپەرشتیاریی لەسەر ئەو گۆڤارە دەکرد تا خانەنشینبوونی ساڵی , ١٩٨١

**کتێبە چاپکراوەکانی:**

١– العدل الاجتماعي (وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ عەرەبی بە ناوی (مفخر) بڵاو کراوەتەوە، بەغدا، ١٩٥٤)

٢– أغاني کوردستان، بەغدا، ١٩٥٦، (بەزمانی عەرەبی).

٣– کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، بەغدا، ١٩٦٢.

٤– مێژووی ئەدەبی کوردی نوێ ( ١٨٩٠–١٩٦٠)، مۆسکۆ، ١٩٦٧، (بەزمانی رووسی).

وەرگێڕانی عەرەبی بەناوی (موجز تأریخ الأدب الکردي المعاصر) لەلایەن دوکتۆر عەبدولەجید شیخۆ لە سووریا (حەلەب) لە ساڵی ١٩٩٣ بڵاو کراوەتەوە.

٥– ألأکراد– ملاحظات وانطباعات، تألیف فلادیمیر مینورسکي باللغة الروسیة، پیتروغراد، ١٩١٥، ترجمة وتعلیق وتقدیم، بغداد، ١٩٦٨ (بە زمانی عەرەبی)

چاپی دووەمی لە بەیرووت لە ساڵی ١٩٧٨ بڵاو کراوەتەوە.

٦– دوازدە سوارەی مەریوان و پازدە چیرۆکی تری کوردی، مۆسکۆ، ١٩٦٨ (بە زمانی رووسی).

٧– بووکەشووشە، چیرۆکێکی کوردییە، بەغدا , ١٩٦٩

٨– ئەڵەمان کوردی و چەند چیرۆکێکی تری کوردی، بەغدا، ١٩٦٩.

٩– عەبدوڵا بەگی میسباح– دیوانی شاعیری گەورەی خاکی موکریان، بەغدا، ١٩٧٠.

١٠– زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی پێنجەمی قوتابخانەی ئامادەیی، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٧١،

لەگەڵ دوو دانەری تر.

١١- دەستووری زمانی عەرەبی بە کوردی، دانانی عەلیی تەرەماخی سەدەی حەڤدەمی مەسیحی، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە و پێشەکی، بەغدا، ١٩٧٧.

١٢- دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە، ١٩٧٧.

١٣- مخطوطات فريدة ومطبوعات نادرة، دراسات كردية، الجزء الاول، بغداد، ١٩٧٨.

١٤- تأريخ الاستشراق والدراسات العربية والكردية في المتحف الاسيوي ومعهد الدراسات الشرقية في لينينغراد (١٨١٨-١٩٦٨)، مقدمة وتعليق وترجمة من الروسية الي العربية ١٩٨٠.

١٥- الرحالة الروس في الشرق الاوسط، الفه باللغة الروسية ب.م. دانتسيغ، مقدمة وتعليق وترجمة عن الروسية، بيروت، ١٩٨١.

١٦- نالی لە دەفتەری نەمریدا، بەغدا، ١٩٨٠.

١٧- لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، برێتییە لە چواردە لێکۆڵینەوە، بەغدا، ١٩٨٤.

١٨- کوریادە، داستانێکی شیعرئامێزە، چاپی یەکەم، لەندەن، ١٩٨٥، چاپی دووەم، هەولێر ١٩٩٨.

١٩- گەشتێک بۆ ئەرزەڕۆم، نووسینی ئەلێکساندەر پووشکین، پێشەکی و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان لە رووسییەوە بۆ کوردی: د. مارف خەزنەدار، سۆڵلەنتۆنا- سوێد، ١٩٩٥.

٢٠- ئەدەبی رووسی و کێشەی پاسترناک، هەولێر ١٩٩٩.

٢١- رذاذ الذاكرة، اجتهادات فكرية وادبية و ثقافية في مقابلات صحفية، دمشق، ١٩٩٩.

٢٢- مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١.

٢٣- مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، هەولێر ٢٠٠٢.

٢٤- مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، هەولێر، ٢٠٠٣.

٢٥- کوردی تورکمانستان-مێژوو-ئەتنۆگرافیا-ئەدەب، هەولێر ٢٠٠٣.

٢٦- مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، هەولێر، ٢٠٠٤.

٢٧- مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، هەولێر، ٢٠٠٥.

٢٨- مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم، هەولێر، ٢٠٠٦.

٢٩- مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، هەولێر، ٢٠٠٦.

٣٠- دیجلەی هزرم، کۆمەڵە ووتارێک، بەرگی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٦.

٣١- بەرەو رۆژ، کۆمەڵە چیرۆک، هەولێر، ٢٠٠٦.

٣٢- مذكراته باللغة الكردية، في عدة أجزاء تحت الطبع في الوقت الحاضر. (لەم کاتەدا لەژێر

چاپدایە)

٣٣– دیجلەی هزرم– کۆمەڵە وتارێک، بەرگی دووەم، هەولێر.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە دیجلەی هزرم تا ٣ بەشی لێ دەرچووە و بەشی چوارەم و پێنجەم لەژێر چاپدایە.

کۆمەڵێ کتێبی تریشی لەگەڵ کەسانی تردا نووسیویەتی وەک بەشداری و پێشەکی نووسین بۆ کۆمەڵێ کتێبی وەک دیوانی ئەحمەد حەمدی بەگ ساحێبقران و محەمەد ساڵح دیلان، هەڵبژاردەیەک لە دیوانی کۆواری : ڕۆژی کوردستان، عەلی مەردان و شیعری هەڵبژاردە و کۆمەڵێ کتێبی تر، ئەمە نووسین و پێشەکی و بەشداربوون لە ٥٤ کتێب، هەروەها سەرپەشتیاریکردنی ٢٨ بڕوانامەی ماجستێر و دوکتۆرا لە نێوان ساڵانی ١٩٨٦ –٢٠٠٧ ، لە زانکۆ هەمەچەشنەکاندا ئەمە جگە لە سەرۆکایەتیکردنی لێژنەی هەڵسەنگاندنی ئەو بڕوانامانە کە سەرۆکی نێزیکەی ٢٨ لێژنە بووە.

لەم هەڤپەیڤینەدا دوکتۆر مارف خەزنەدار ئەوەی خستووەتە ڕوو کە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی جیاوازییەکەی لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆی لەوەدایە کە باس لە ٤٠٠ ساڵی ئەدەبی کوردی دەکات کە نووسەرانی پێش ئەو نەیانکردووە، هەروەها ئەوەش دەڵێ کە ئەو بۆ یەکەمین جارە بە دوور و درێژی مێژووی تەمەنی هەزار ساڵەی ئەدەبی کوردی نووسیوەتەوە لە سەدەی دەیەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم ١٩٧٥، لەم هەڤپەیڤینەدا ئاماژە بەشێوەی نووسینەوەی یاداشت دەکات و دوا پرۆژەشی کارکردن بوو لەسەر شاعیری چوارینە عومەر خەیام، بەڵام ئاخۆ دەیبینین؟ ئەمە هەمان ئەو پرسیارە بوو کە نووسەر دڵنیا نەبوو وەڵامەکەی بە ئەرێ دەبێ یان نەرێ. هەر لەم هەڤپەیڤینەیدا ئاماژە بەهەندێ گرفتی نووسین و ڕۆنامەوانیی کوردی دەکات و باس لەو ئاژاوەیە دەکات کە سەرتاپای ڕۆشنبیریی کوردی گرتووەتەوە.

پرسیار: ئاخۆ مێژووی ئەدەبی کوردی لەوە کۆنتر نییە کە تۆ لە حەوت بەرگەکەیدا بەسەدەی شازدەم دەستت پێ کردووە؟

وەڵام: ئەگەر بەوردی مێژووی ئەدەبی کوردی من بخوێنرێتەوە ئەو ڕاستییە دەردەکەوێ سەرەتای سەدەی شازدەمم بۆ دەستپێکردنی دانەناوە، بگرە ئەوانەی پێش من باسیان لە ئەدەبی کوردی کردووە سەدەی شازدەمیان دەستنیشان نەکردووە. من یەکەمین کەسم سەدەی دەیەمی مەسیحی (چوارەمی کۆچی)م بەسەرەتای ئەدەبی کوردی حسێب کردووە، بەو مانایەی زمانی کوردی سەردەم، وەکو نەتەوەکانی تری هەرێمەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام دروست بوو.

یەکێ لە خاسیەتەکانی ئەدەبی کوردی لە سەرەتاوە تا ئێستە لەسەر بنج و بناوانی ٣ دیالێکتی

سەرەکی دروست بوو، یەکەمیان گۆرانی (هەورامی). دووەمیان کرمانجیی باکور (بۆتانی)، سێیەمیان کرمانجیی باشوور (سلێمانی).

لە سەدەی دەیەمی مەسیحی (چواری کۆچی) لە هەورامانی لهۆن و هەورامانی تەخت و شارەزوور و گەرمیانی کەرکووک و رێگەی خانەقین–قەسری شیرین–کرند–کرماشان–هەمەدان–دیالێکتی گۆرانی زمانی خەڵکەکە و ئەدەبی نووسراو و فۆلکلۆری کوردی بوو. ئەم بزووتنەوە ئەدەبییە بەردەوام بوو تا سەدەی چواردەم. ئەم ماوەیە لە ئەدەبی کوردیدا پشتگوێ خرا. ئەوانەی پێش من نووسینیان لە ئەدەبی کوردیدا هەبوو، هیچ حسێبێکیان بۆ ماوەی ئەو چوارسەد ساڵە نەکردووە.

لەم ماوەیەدا جگە لە شاعیرێکی وەکو مەلا پەرێشان ئەدەبی ئاینی یارسان (ئەهلی هەق) لە ناوەوە بوو. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە سەرهەڵدانی شیعر لە هەموو کۆمەڵێکدا بەشیعری ئاینی ئینجا بەشیعری دڵداری دەست پێ دەکا. لە ماوەی ئەو ٤٠٠ ساڵەدا کۆمەڵێک لە ئەولیا و کەسە پیرۆزەکانی ئاینی یارسان تێکستی ئامۆژگاری و کەلام و رێپێشاندانەکانیان بەشیعر بووە، هەتا ئەگەر خۆشیان خاوەنی ئەم شیعرانە نەبن بەناوی ئەو کەسە پیرۆزانە بڵاو بوونەتەوە.

لەم ماوەیەدا باسم لە کۆمەڵێک شاعیر کردووە لە پیرشالیارەوە (١٠٠٦–١٠٩٨ز ) دەست پێ دەکات، تا سەید ئەکابیری خامۆشی (١٤٤٠–١٤٩٣ز). ئەو شاعیرانەی لە ماوەی ئەو ٤٠٠ ساڵەدا ژیاون ئەمانەن: شاخۆشێن، بابا ناووسی جاف، سوڵتان سەهاک (ئیسحاق)، عابدینی جاف، بابا یادگار، قرمزی (شاوەیسی قولی)، عالی قەلەندەر و هی تر.

شیعری کوردی بەدیالێکتی گۆرانی تا ئێستە لە نێوەندی کۆمەڵەکانی ناوشاخ و دەشتەکانی شارەزوور و گەرمیان بەردەوامە.

لە سەدەی چواردەم تا هەژدەم، لەگەڵ بەردەوامیی شیعری دیالێکتی گۆرانی، بزووتنەوەی شیعری عەرووزی دیالێکتی کرمانجیی باکور پەیدا بوو.

شیعری دیالێکتی گۆرانی ئەو سەردەمە لە شیعری ئەم شاعیرانەدا دەکەوێتە بەرچاو: مەلا پەرێشان (١٣٥٦–١٤٢١ز)، ئێل بەگی جاف (١٤٩٢–١٥٥٣ز)، بێسارانی (١٦٤٣–١٧٠١ز)، ئەڵماس خانی کەندوولەیی (١٧٠٢–١٧٧٦ز)، خانای قوبادی (١٧٠٤–١٧٧٨ز )، وەلی دێوانە (١٧٤٥–١٨٠١ز)، ڕەنجووری (١٧٥٠–١٨٠٩ز).

لەم ماوەیەدا وەک گوترا بزووتنەوەی شیعری دیالێکتی کرمانجیی باکور پەیدا بوو، نموونەی بەرزی ئەم شیعرە لە بەرهەمی ئەم شاعیرانەدا دەبینرێ: عەلی هەریری، فەقێ تەیران، مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، مەلا باتەیی، پرتەوی هەکاری.

دوا بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی کاریگەر بوو، لە پاشان بوو بەرەمزی ئەدەبی میللەتی کورد کە شاعیران نالی و سالم و کوردی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم لە سلێمانی پەیدا بوون. لێرەدا

ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ بۆ یەکەمین جار من بەدوور و درێژی مێژووی تەمەنی هەزار ساڵەی ئەدەبی کوردیم نووسیوەتەوە لە سەدەی دەیەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم (١٩٧٥). شیعری کوردی بە هەرسێ دیالێکتی گۆرانی و کرمانجیی باکور و کرمانجیی باشوور بەردەوام بووە تا ئەمڕۆ.

پرسیار: ئاخۆ نووسینەوەی مێژوو بەتاکەکەس دەکرێت، وەک دەزانیت، نووسینەوەی مێژوو ئەرکێکی گرانە و پێویستیی بەدەزگەیەکی گەورە هەیە لە ڕووی مرۆیی و ماددییەوە، بۆ نموونە دەزگەیەکی وەک ئەکادیمیای کوردی، بەڵام تۆ بەتەنیا بەم کارە هەستاوی، ئاخۆ کاری تاکەکەسی ترسناکی؛ بوونی زانیاریی هەڵەی تێدا نابێت؟

وەڵام: بەڵێ، بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا کارە گەورە و فرەوانەکانی زانستی و ئەدەبی لەلایەن دەیان یاخۆ سەدان کەسەوە گەیانراونەتە ئەنجام، واتە دانەری ئەو بەرهەمە تاکەکەسێک بوون. بەڵگە بۆ ئەمە زانای عەرەبی ئەبولفەرەج ئەسفەهانی (أبوفرج الاصفهاني) (سەدەی دەیەمی مەسیحی)، کتێبی "ئەلئەغانی" لە مێژووی ئەدەبی عەرەبیدا لە دوو توێی ١٦ بەرگ نووسیوەتەوە و نێزیکەی ٧ هەزار لاپەڕەی گرتووەتە خۆ، جگە لەوە لە مێژووی ڕۆشنبیریی عەرەبیدا کاری وەکو ئەمە و لەمەش گەورەتر هەیە، وەکو کتێبی "معجم الادباء"ی یاقووتی حەمەوی و مێژووی تەبەری و هەندێ لە جۆرە تەفسیرەکانی قورئان و هی تر.

خوێندەواری لە هەموو کۆمەڵگەیەکی ئادەمیزادی سەر ڕووی زەوی بەهەوڵ و کۆشش و تێکۆشانی تاکەکەس گەیشتووەتە ئەنجام. هەموو کارێکی داهێنراو بەقەوارە گەورە یا بچووک، بەناوەڕۆک بەرز یا ئاسایی مامۆستایەکی زانست و ئەدەب و هونەر دروستی کردووە. داهێنان تاقیکردنەوەی ئینسان خۆیەتی، ئەو بیروڕایەی هەیەتی پێشکێشی خەڵکی تری دەکا. هەتا ئەگەر دەستگای زانستیش کارێک بکات وەک دانانی ئەنسیکلۆپیدیا ئەویش برێتییە لە هەوڵ و کۆششی چەند کەسێک بۆ یەک ئامانج یەکتری دەگرن چونکە ماوەی کارکردنەکە فرەوانە.

لە پرسیارەکەتدا ئەوە دەخەیتە ڕوو ئەگەر دەستگەیەکی کوردی ئەو کارانە بکا سوودی زۆرتر دەبێ چونکە زووتر تەواوی دەکا، ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەگەر ئەو دەستگەیە نەیکا پێویستە من و تۆ بیکەین.

با لە بیر خۆمانی نەبەینەوە، باسێکی کۆڕی زانیاری کورد (١٩٧٠) لە بەغدات بۆ بکەم. من ئەندام بووم لە لێژنەی دامەزراندنی ئەم کۆڕە، بەڵام لە دواییدا نەبووم بەئەندامیش تێیدا. لەو سەردەمەدا لە ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا وتارم لە بابەت کۆڕەوە دەنووسی. پێشنیازی ئەوەم دەکرد لە پێش هەموو شتێکدا "فەرهەنگی زمانی کوردی" ئامادە بکەن، لە پاشا لێژنە تایبەتی دابنرێ بۆ نووسینی "ڕێزمانی کوردی" بۆ هەموو قۆناخەکانی خوێندن، ئەوجا لێژنە دابنرێ بۆ ئامادەکردنی

ئەنسیکلۆپیدیای کوردی و نووسینەوەی مێژووی ئەدەب و مێژووی سیاسیی کورد و کوردستان و بابەتەکانی تر. بەڵام کۆڕ بۆ ئەم مەبەستە هیچی نەکرد، ئیتر کە ئەو نەیکا دەبێ من و تۆ بیکەین، ڕاستی و هەڵە لە کۆششی زانستییەوە نییە، تا ئێستەش لە کوردەواریدا بۆمان ئاشکرا بووە کاری تاکەکەسی هەڵەی کەمتر بووە لە کاری لیژنە، بەڵگە بۆ ئەم مەسەلەیە ئەو فەوزایەیە کە کتێبی کوردی قوتابخانەکان تووشی بوون، چونکە بەڕێگەی لێژنە ئامادە کراون.

پرسیار: ماوەیەکی زۆرە بەڕێزتان سەرقاڵی زمانی کوردی بوون، ئاخۆ لە کاروانی کارکردنتان لەگەڵ زمانی کوردیدا چیتان پێشکێش بەزمانی کوردی کردووە؟

وەڵام: من لە نەوەی دووەمی خوێندەوار و ڕۆشنبیری کوردی عێراق بووم و لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم دەست کرا بەبایەخدان بەزمان و ئەدەبی کوردی. تەنیا نەبووم خەڵک زۆر بوون، هەموومان هەوڵمان دەدا لە ڕێگەی پێشخستنی زمانی کوردییەوە کوردایەتی بکەین، ئێمەی نەوەی دووەم ڕێزمان لە مامۆستاکانمان دەنا، کەسانی وەکو تۆفیق وەهبی و ڕەفیق حیلمی و ئەمین زەکی و عەلائەدین سەجادی و شێخ محەمەدی خاڵ و ئیبراهیم ئەحمەد و شاکر فەتاح و هی تر ڕێبەرمان بوون.

ئەوەی ڕاستی بێ من بایەخم بەزمانی کوردی و عەرەبی دەدا، لەبەر ئەوە وەرگێڕانی شیعر و پەخشانم زۆر بوو لە عەرەبییەوە بۆ کوردی، هەروەها پێچەوانەش لە سەردەمی خوێندنی زانستگەم لە بەغدا کەوتبوومە سەر حەزی ڕێنووسی کوردی، واتە ڕاست نووسین لەم مەیدانەدا تۆفیق وەهبی ڕۆڵی گرینگی هەبوو، لەلایەک دەورەی تایبەتی کردبووەوە بۆ فێرکردنی زمانی کوردی لە یانەی سەرکەوتنی کوردان و لەلایەکی ترەوە لەسەر لاپەڕەکانی گۆواری "ئاگا و ڕووداوی هەفتەیی" و "پەیام" و "دەنگی گێتیی تازە" هەوڵی دەدا ڕێنووسی کوردی ساغ بکاتەوە. ئەم کۆششە گرینگ بوو تا ڕادەیەک لەگەڵ ڕوودانی کودەتا سەربازییەکەی عەبدولکەریم قاسم و جاڕدانی کۆماری عێراق ڕێنووسی کوردی تا پلەیەک ساغ کرابووەوە و خۆی گرتبوو. لەم ماوەیەدا من دەورم هەبوو وەکو قوتابییەکی نێزیک لە تۆفیق وەهبی. هەروەها بۆ ئەم مەبەستە ناوی ئەندازیار بەکر دلێرم نابێ لە بیر بچێتەوە، چونکە یەکێک بوو لەوانەی لە نێزیکەوە یارمەتیی تۆفیق وەهبی دەدا.

لە سەرەتای ژیانی خوێندەواریمەوە بایەخم بەئەدەب داوە زیاتر لە زمان وەکو لێکۆڵینەوە، مەبەستم لە ڕێزمان و دەستووری زمانە، تەنیا ئەو لایەنانەی زمان نەبێ کە پێوەندییان بە ئەدەبەوە هەیە، وەکو ئەتیمۆلۆجیی مێژووی وشە و دروستبوونی لە زماندا. لەم بابەتەوە نووسینم هەیە، بەڵام بەزۆری کەس بەگوێی نەکردووم، نابینی وشەیەکی وەکو "گیروگرفت" یا "تەنگوچەڵەمە" زیاتر لە نیو سەدەیە بەکار دەهێنرێ کەچی نووسەرانی ئێستە و بەتایبەتی ڕۆژنامەوانی بەرەڵا ئەم دوو وشەیە و سەدانی تریان کوشتووە و لە باتیی ئەو "قەیران"یان داناوە. مخابن ئاگەداری ئەوە نین وشەی "قەیران" تورکیی مەغۆلییە! بەڵام دیارە ئەو نووسەرانە تەنیا دەرەقەتی وشەی عەرەبی دێن

له زمانی کوردیدا. هەر چۆنێ بێ له زانستگەکانی هەموو گێتی بەشی زانستی زمان و ئەدەب هەیه، له ناوەخۆیدا بووه بەدوو لق زمان و ئەدەب، ئیتر یەکێکی وەکو من سەر بەلقی ئەدەبەکەم.

پرسیار: راتان چییه بەرامبەر بەزمانی یەکگرتووی کوردی، وەک دەزانین، جاران کورد توانای مادی و سیاسی و مرۆیی و بڕیاردانی نەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەم کاره، بەڵام ئێسته ئەو توانایەی هەیه، کەچی ئێسته کارەکه له جاران خاوتر دەڕوات؟

وەڵام: ئێمه یەک زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردیمان نییه، نابێ شەرم بکەین وەک نەعامەکه سەرمان لەناو خۆڵ بزر بکەینەوە. ئێمه نابێ بەخەیاڵ بژین، پێویسته واقیعبینانه بیر بکەینەوە، رۆژی ئەمرۆ دوو زمانی ئەدەبی یەکگرتووی ستاندارمان هەیه. یەکەمیان کرمانجیی باکور و دووەمیان کرمانجیی باشوور. یەکەمیان ئەلفوبێی لاتینی بەکار دێنێ، دووەمیان ئەلفوبێی عەرەبی. ئەمه راستییەکه.

هەڵەی هەره گەوره ئەو بڕیاره بوو که له ساڵی ١٩٦٠ له کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایانی کورد له شەقڵاوه درا له ساڵی ١٩٦١ له کۆنگرەی دووەمدا دووباره کرایەوە. بڕیارەکه ئەوە بوو چارەسەری زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی بکرێ، دوو دیالێکتەکەی باکور و باشوور له یەکتری نێزیک بکرێنەوە بەڕێگەی موتوربەکردن بەوەرگرتنی وشەی فەرهەنگی و لێکسیۆنی زمانی له یەکتری. ئەمه هەمووی وەهم بوو، ئێستەش وەهمه، له دوارۆژیشدا وەهم دەبێ چونکه هیچ ئامێر و مەکینه و تاقیگەیەک له ناوەوە نییه له دوو زمان یا دوو دیالێکت زمانێکی یەکگرتووی تازه دروست بکا بۆ نووسین و قسەکردن. زمان دیارده و کردەوەیەکی کۆمەڵایەتییه بەدرێژاییی رۆژگار دروست دەبێ.

له کۆنەوە مەسەلەی زمانی یەکگرتووی کوردی زۆر لەسەر کورد کەوتووه، زیانی هەبووه و قازانجی نەبووه. له حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا سەری هەڵدایەوە، بوو بەگفتوگۆ و چەندوچوون له نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیست، شەڕ و هەرا بوو لەسەر ئەلفوبێی عەرەبی و لاتینی، لەم دوو سێ ساڵەی دواییەدا مەسەلەکه دیسانەوە سەری هەڵدایەوە. مەسەلەکه بەهیچ جۆرێ ناگاته ئەنجام لەبەر ئەوە دەبێ ئەم دوو زمانه یەکگرتووه وەکو خۆیان بمێننەوە، بیر لەوە نەکرێتەوە بەماکینه زمانێکی کوردییان لێ دروست بکرێ. هەوڵدانی لەم جۆره زیانی بۆ "ئاسایشی نەتەوەیی" هەیه. جارێ پێویسته بارەکه وەکو خۆی بمێنێتەوە، کوردی عێراق و ئێران به دیالێکتی کرمانجیی خواروو و ئەلفوبێی عەرەبی بنووسن، کوردستانی تورکیا و ئەوانی تر له نووسیندا ئەلفوبێی لاتینی بەکار بێنن. لەبەرئەوەی ئەمه مەسەلەیەکه به فەرمانی حکوومەت و مەرسوومی کۆماری جێبەجێ ناکرێ دەبێ هەڵبگیرێ و له دوارۆژدا لەگەڵ چارەنووسی میللەتی کورد بەگشتی جێبەجێ دەبێ. نازانم ئەمه جاری چەندەمه تکا دەکەم ئەم مەسەلەیه دابخرێ کەچی رۆژنامەنووسان وازم لێ ناهێنن و دەمهێننه قسه!

پرسیار: شیعری کلاسیکیی کوردی یەکێک بوو لەو بوارانەی بەڕێزتان کارتان تێدا کردووە، ئاخۆ بۆ خۆتان لە شیعری پاش کلاسیکی نەداوە، گەر داشتان بێت، وەک لێکۆڵینەوە قووڵ نەبووە؟

وەڵام: مەبەست لە شیعری کلاسیکی ئەو شیعرە مومتازەیە کە لە نێوەندی ڕۆشنبیری و خوێندەواراندا بەتۆمارکراوی بڵاو کراوەتەوە. لێرەدا تۆ دەڵێی من خۆم لە شیعری پاش کلاسیکی نەداوە. پێم وایە لەباتیی پاش کلاسیکی شیعری نوێ بەکار بێنین باشترە ئەوەی لە کۆمەڵی کوردەواریدا ئەم بزووتنەوەیە گرینگە لە دوای شەڕی یەکەمی گێتی لە ناوچەی سلێمانی رووی دا، بەپێچەوانەی بۆچوونی ئێوەوە نامەی خوێندنی بەرزی من کە بە زمانی رووسی نووسیمەوە بەناوی "مێژووی ئەدەبی کوردی تازە "١٨٩٠–١٩٦٠" بوو. من بایەخم بەمێژووی ئەدەبی کوردی کۆن و تازە داوە، بەڵام زۆر خەریکی شیعری سەردەم نەبووم تا ئەو ڕادەیەی من خۆم یا کەسێکی تر ئەو بڕیارە دەربکات، لێکۆڵینەوەکانم قووڵ نەبوون! لەم مەیدانەدا کارم نەکردووە، لەبەر ئەوە جێی بڕیاردان نییە. ئەمە و پێویستە ئاگەداری ئەوەش بین شیعری نوێ یا شیعری تازە شتێکە و شیعری سەردەم شتێکی ترە، بە زۆری ئەم دوو جۆرە شیعرە پێکەوە دەژین، بە درێژاییی ڕۆژگار شیعری تازە دەبێ بەکلاسیک و شیعری سەردەمیش دەبێ بەشیعری تازە.

پرسیار: چەندێ کاتت بۆ نووسینەوەی هەر حەوت بەرگی مێژووی ئەدەبی کوردی بەکار هێنا و ئەم مێژووە چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ مێژووەکانی تری وەک عەلائەدین سەجادی و ڕەفیق حیلمی و کەسانی تر؟

وەڵام: هێشتا لە پۆلی پێنجەمی قوتابخانەی ئامادەیی بووم خەونم بەوەوە دەدی ببم بەخاوەنی کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی. بۆ ئەم مەبەستە زنجیرەیەک وتارم بە زمانی عەرەبی بەناوی "الادب الكردي" لە ڕۆژنامەی "هەولێر= أربيل "١٩٥٠–١٩٥٣" بڵاو کردەوە، لە پاشانا کتێبی "أغاني كردستان، بغداد، ١٩٥٦" بڵاو کردەوە، ئیتر لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەم کە قوتابی بووم لە کۆلێجی ئەدەبیاتی بەغدا بە کوڵ کەوتمە بیرکردنەوە لەم مەسەلەیە. ئەوەی زیاتریش هانی دام بڵاوبوونەوەی مێژووەکەی عەلائەدین سەجادی بوو. لەو ماوەیەدا هەموو کار و کردەوەیەکی زانستیم ئامادەکردنی سەرچاوە و کەرەستە بوو بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەب. لە ژیانی رووسیام بایەخم بە بزووتنەوەی ئەدەبی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمی ناوچەی سلێمانی دا، بەتایبەتی نالی لە ماوەی ژیانی بەغدام لە زانستگەدا خەریکی شیعری دیالێکتی گۆرانی بووم، ئەوجا شیعری دیالێکتی کرمانجیی باکور و رینیسانسی مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی.

ئەو پێنج ساڵەی مامۆستا بووم لە زانستگەی عەننابەی جەزائیر دەتوانم بڵێم نیوەی زیاتری جموجۆڵی خوێندەواریم بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی تەرخان کردبوو. لەو ماوەیەدا

نامەی خوێندنی بەرزم لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردی تازەوە لە رووسییەوە کردم بە کوردی، دەتوانم بڵێم لە ساڵی ١٩٨٨ کە گەڕامەوە هەولێر لە ڕەشنووسی یەکەم بووبوومەوە. بەهەموو جۆرێک دەبوو جارێکی تر ئەوەی زیادە لێی هەڵبگیرێ ئەوەی پێویستە بخرێتە سەری، بەم جۆرە لە ماوەی ئەم ١٠ ساڵەدا ڕەشنووسی دوایی ئامادە بوو. لەو کاتەی کە خەریک بووم پاکنووسی بکەم بۆ چاپ بەدران ئەحمەد حەبیب بەرگی یەکەمی لێ سەندم. منیش بەو مەرجە ئەو بەرگەم پێشکێش کرد ئەوانی تر هەریەکەیان ساڵێکی بۆ دابنرێ، هەرواش بوو بەرگی یەکەمەکە لە ٢٠٠١ چاپ کرا، دوو بەرگی شەشەم و حەوتەمی دوایی لە ساڵی ٢٠٠٦ لەژێر چاپ دەرچوو، ئەمە بوو بەکورتی مێژووی نووسینەوەی "مێژووی ئەدەبی کوردی".

کە دەگوترێ لەناو میللەتێکدا زیاتر لە مێژووی ئەدەبێک دەنووسرێتەوە، مانای ئەوەیە جیاوازی لە نووسینەکاندا دەبێ، بەڵام ئەم جیاوازییە لەیەکنەچوونەکان کەمترە و لەیەکچووەکان زیاترە. بەگشتی نووسینەوەی هەموو مێژووی ئەدەبێک سێ ئامانج دەگرێتە خۆی. یەکەمیان بەرهەمی ئەدەبی (شیعر و پەخشان)، دووەمیان زانیاری لە بابەت ژیانی شاعیر و نووسەر و ئەوەی پێوەندیی بەدانانی بەرهەمەکەوە هەیە، سێیەمیان بۆچوونی دانەرەکەی، ئەمەیان گرینگە. من لەگەڵ ئەوانەی پێش من نووسیویانە جیاوازییەکەمان لەوەدایە لە ناوەڕۆکی بەشی سێیەمەکە چۆن بۆ مەسەلەکە چووین. ئەوی ڕاستی بێ من بەرنامەی وەسفیم بەکار هێناوە، لە پاشان من لە هەموو گفتوگۆ و چەندوچوونێک لام داوە لە بابەت شیعرێکەوە بەناوی دوو شاعیر کەوتووەتە ناوەوە. لە ژمارەی ساڵ و سنوورکێشانی مەسەلەی دیاریکردنی کاتی لەدایکبوونی شاعیرێک یا دانانی شیعرێک بە دوور و درێژی هەوڵ و تەقەلام بۆ خوێنەر نەگێڕاوەتەوە، بگرە ئەوەی بەڕاستم زانیوە ئەوم نووسیوە، لەمەشدا بە هەموو حاڵێک ڕەنگە لە هەموو بڕیارەکانمدا سەرکەوتوو نەبم. مەبەستی من لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی ئەوەیە ببێ بەسەرچاوە بۆ کەسانێ لە مەیدانی ئەدەب کار دەکەن. ئەوەی گرینگ بێ لەم بابەتەوە چێژ دەورێکی گرینگی هەیە لە هەڵبژاردنی تێکستی شیعر، بێگومان مەلایەک دەبێ جیاواز بێ لەگەڵ کەسێکی تری شارەزای ئەدەبی نەتەوە پێشکەوتووەکانی گێتیی، عەلائەدین سەجادی ئاگەداری بەرنامەی ئەدەبی عەرەبی و فارسییە بەڵام یەکێکی تر ئاگەداری بەرنامەی نووسینی ئەدەبی میللەتەکانی ئەوروپایە.

پرسیار: مێژوویەکی دێرینت هەیە لە گەڕان و ڕۆهەڵاتناسی، تۆ لە رووی کاری ڕۆهەڵاتناسییەوە چی کارێکت کردووە کە شانازیی پێوە بکەیت؟

وەڵام: بەپێی ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە دەرەوەی وڵات ژیام شارەزاییم لە بابەت ڕۆهەڵاتناسی و کوردناسییەوە پەیدا کرد بایەخی زۆرم بەلایەنی مەعریفەت دا. چەند کتێبێکم گۆڕییە سەر زمانی کوردی و عەرەبی و زانیاری لەم بابەتەوە لەناو نووسینەکانمدا بڵاو بوونەوە. بەڵام داخی شتێکم ناچێ بۆ مێژووی دەیگێڕمەوە ئەویش ئەوەیە لە دوای گەڕانەوەم لە ڕووسیا بۆ ماوەی زیاتر لە ٤

ساڵا بەرنامەیەکی هەفتانەم هەبوو لە ڕادیۆی بەشی کوردی لە بەغدا بەناوی "ڕۆهەڵاتناسی"یەوە. هەموو هەفتە بۆ ماوەی ٢٠ دەقیقە وتارێکی شەش حەوت لاپەڕەییم دەخوێندەوە. وتارەکەم یەک جار دەنووسییەوە، ڕەشنووس و پاکنووسی نەبوو، لە دوای خوێندنەوەی وتارەکە لە ئەرشیڤی ڕادیۆ دەمایەوە. ئێستە و ئەوساش هەوڵم نەدا دەستیان بخەم، خۆ باوەڕیش ناکرێ لە دوای وێرانکردنەکەی بەغدا لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەم پەڕە کاغەزانە بەساغی مابنەوە!.

پرسیار: لە حەفتاکان بەدواوە پێوەندیی نێوان کوردەکانی سۆڤیەت و کوردستانی عێراق لەوپەڕی بەهێزیدا بوو بەڵام ئێستە هەست دەکەین ئەو پێوەندییە کز بووەتەوە، ئەو هۆکارانە چین کە ئەمەیان دروست کرد؟

وەڵام: لە پێش ڕووخانی دەسەڵاتی سۆڤیەت (١٩٩١) ستراتیج و تاکتیکێکی دیاریکراو لە ناوەوە بوو بەرامبەر بە کورد و هەموو میللەت و دەوڵەتەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست. هێزی دووەم وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سنووری دەستوەردانی دەسەڵاتی سۆڤیەتی دیاری دەکرد. بۆ ئەم مەبەسە سۆڤیەت هەوڵی دەدا هەموو کات زانای مێژوو و سیاسەت و دیپلۆماسییەتی لە دەسگا زانیارییەکانیدا هەبێ بۆ مەسەلەی نیشتمانی کورد، بەڵام لە دوای ڕووخانی یەکەتیی سۆڤیەت گۆڕانی بنچینەیی بەسەر هەڵوێستی ئەمەریکادا هات، گەیشتە ئەوەی هەموو عێراق داگیر بکا، دیارە بە کوردستانیشەوە، ئیتر هەڵوێستی ڕووسیای ئێستە و ئەمەریکا گۆڕانی بنچینەییی بەسەردا هات، لەبەر ئەوە لە پێشانا بۆ بەرژەوەندیی خۆی ئەگەر لەسەر کوردی بکردایەوە، ئێستە کە پێویستی بەوە نییە، چونکە بە ڕەسمی دەتوانێ داوا بکا کونسوڵگەی ڕووسیا لە هەولێر هەبێ. جا لە پێشانا ئەگەر خزمەتێکی زمان و ئەدەبی کوردی بکردایە بەمەبەستی دەستێوەردان لە سیاسەتی ناوەوە بوو، ئێستە پێویستی بەوە نییە لەبەر ئەوە ئەو بایەخە بە مەسەلەی نیشتمانی کورد نادا. مەسەلەکەی هەڵگرتووە بۆ ڕۆژی خۆی. ئەمەو بە گشتی ڕۆهەڵاتناسی لە هەموو ئەوروپا کز بووە، ئەو ناوەڕۆکە کلاسیکییەی نەماوە. ئەو بەشە عیلمییە کوردییەی ئامۆژگاریی ڕۆهەڵاتناسی ئەکادیمیای سانت پیرسبورگ کەمن قوتابی و کارگەری زانستی بووم، لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی سۆڤیەت و مردنی هەندێ لە زاناکانی کوردناس بەشەکە تێک درا و وەکو لقێک درایە بەشی ئێراننناسی.

پرسیار: ژمارەیەکی زۆر ئەدیب و مێژوونووسی ڕووسیی سەردەمی یەکەتیی سۆڤیەت گرینگییان بە مێژووی کورد و ئەدەبی کورد داوە، وەک لازاریف و مینۆرسکی و کەسانی تر، بەڵام لەم سەردەمە نموونەی تر نابینین لە کەسانێکی ڕووسی کە سەرقاڵی مەسەلەی کورد بن، هۆکەی چییە؟

وەڵام: وەرامی پرسیاری پێشوو پێوەندیی بەم پرسیارەوە هەیە، هەندێکی لەوێ دەست دەکەوێ، بۆ زیادەی زانیاریی مەسەلەی پێوەندیی دەوڵەتە گەورەکان بە دەوڵەتە بچووکەکان و ئەوانەی دەوڵەتیان نییە گۆڕاوە، لە قاوخە کلاسیکییەکەی خۆی نەماوە. لە پێشدا رۆهەڵاتناسی لە رێی خوێندەوارییەوە لە کاردا بوو بۆ ئەوەی زەوینە خۆش بکا بۆ دەستێوەردان لە کاروباری ئەو کۆمەڵانەدا، بەڵام ئێستە کە بەهۆی راگەیاندنی ئینتەرنێتەوە رۆژنامەنووس جێگەی زانای گرتووەتەوە، لەبەر ئەوە رووبەرووی زانا کلاسیکییەکان نابینەوە، یەکێکی وەک لازاریف کە کۆچی دوایی دەکا، مەرج نییە یەکێکی وەکو ئەو یا لەو شارەزاتر دروست ببێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە هێمنی کاروباری رۆهەڵاتناسی لە دەستگا زانستییەکانی ئەوروپا بەرێوە دەچێ، چونکە وابزانم هێشتا کەرەستە و سەرچاوەی کلاسیکی ماوە رۆهەڵاتناسەکان کاری تێدا بکەن.

پرسیار: ژمارەیەکی زۆر دەزگە هەن تایبەتن بە ئەدەب و زمانی کوردی وەک ئەکادیمیای کوردی و یەکەتیی نووسەران و زانکۆکان، بەڵام باری ئەدەب و زمانی کوردی لە پاشەکشەدایە، ئەمە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟

وەڵام: کە دەڵێی "باری ئەدەب و زمانی کوردی لە پاشەکشەدایە" قسەکەت ڕاستە، هەندێکیان لە کەمتەرخەمیی ئەو دەسگایانەیە کە ناوی بردوون پەیدا بوون، ئەم پرسیارە بەرەو ڕووی ئەوان بێتەوە باشترە. بەگشتی ئەو پاشەکشێیەی لە ڕووی خوێندەواری و رۆشنبیرییەوە لە ناوەوەیە ڕەنگدانەوەی نەبوونی جێگیربوون لە عێراق و کوردستان لە هەردوو قۆناخی (١٩٩١) و (٢٠٠٣)، ئەمەش زیاتر لە نەبوونی نەخشەکێشانەوە هاتووە لە هەموو لایەن و سووچەکانی ژیانەوە.

پرسیار: دەکرێ شتێکمان لەبارەی یاداشتەکانتەوە پێ بڵێیت، حەز دەکەین بزانین لەو یاداشتە چ شتێکی گرینگ هەیە، وەک ئاشکرایە تا ئەم ساتە ٤ بەشی لێ دەرچووە، نیازت هەیە تا چەند بەش بڕۆیت؟

وەڵام: لای ئێمە ئەوە باوە یاداشت پێویستە سیاسی بێ، راستییەکەش ئەمە نییە، بگرە پێویستە هەموو لایەنەکانی ژیان بگرێتەوە، بۆ هەموو کەسێک هەیە یاداشت بنووسێتەوە لە بابەت ئەوەی لە ژیاندا چاوی پێ کەوتووە، بەراستی من ویستم لە کۆمەڵی خۆماندا ئەم ڕەچە بشکێنم، ڕەنگە بە هەڵە نەچووبم ئەگەر یاداشتی سیاسی بە کارێکی وا نەزانم کە زۆر بڕ دەکا. بەڕاستیش کە سیاسەت تاقی کردنەوەیەکە لە ژیان لەوانەیە زۆر بڕ نەکا، پەند و ئامۆژگارییەک بێ کاریگەریی بۆ رۆژگارێکی زۆر بمێنێتەوە، هەر چۆن شێوازی نووسینی کاریگەریی خۆی هەیە بۆ سەرکەوتنی نووسینی یاداشت. لەم یاداشتەدا هەوڵم داوە ئەوە دەربڕم کە کەسێکی ئاشتیخوازم. لە هەموو ژیانم خەریکی قەڵەم و کاغەز و قوتابی و تەباشیر و تەختەی ڕەش بووم. لە بابەت ژیانی روحییەوە

ئادەمیزاد بە خواردن و دڵداری دەژی، ئەم دڵدارییە ئاسمانی بێ یان زەوینی گرینگ نییە، بۆ من هاندەرێکی گرینگ بوو لە جموجۆڵی کۆمەڵایەتیمدا بە گشتی، زۆر بایەخم بەسیاسیەت نەداوە، چونکە سیاسەتم نەکردووە، ئەوەی لەم لایەنەوە گێڕاومەتەوە لەگەڵ ڕاستی یەکتری دەگرنەوە، بە زۆری لە هەڵەی خەڵکی بەرامبەر خۆم لاداوە، چونکە مەبەستم ڕەخنەگرتن نەبووە لە کەسەکە، بگرە وەسفکردنی کردەوەکەی بووە، ئەگەر جارجارەش ڕەخنەم لە یەکێک گرتبێ خوانەخواستە قسەی ناشیرینم پێ نەگوتووە، ئەوپەڕی گوتوومە نووسەر نییە و شتێکی ترە یا یەکێک کۆمۆنیست بووبی لە پاشاندا ببێتە ئەندامی پارتی دیموکراتی ئەوجا ئەندامی پارتییە کارتۆنییەکەی لە دوای هەرەسی ١٩٧٥ لەلایەن بەعسەوە دروست کرابوو، هەواڵەکەم گێڕایەوە و چاک و خراپ هەڵوێستم بەرامبەری نەبوو.

"یاداشتی من ڕۆژگاری من" دانراوێکی تازەیە لە ئەدەبی کوردیدا، پێویستیمان بەم جۆرە نووسینانەش هەیە، تا ئێستە چوار بەرگی لێ بڵاو کراوەتەوە، هێشتا ٣ بەرگی ماوە، بە ساڵی ١٩٩١ ساڵی ڕاپەڕینەکە کۆتای پێ دەهێنم.

پرسیار: ڕات چییە بەرامبەر بە ئەدەب و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانیی ئێستەی کوردستان؟

وەڵام: ڕەشبینم لەناو ئاسۆیەکی بێ دوایی دەژین، چونکە پلان نییە، ئەگەر هەبوایە لە سلێمانی و هەولێر و کەرکووک ژمارەی ڕۆژنامە و کۆواری کوردی لە ٥٠٠ تێپەڕی نەدەکرد. ئەگەر بەم حسێبە بێ دەبێ ژمارەی ئەم چاپەمەنییانە لە ئەمەریکا و ڕووسیا چەند بێ!

پرسیار: یاداشتەکانی لێ دەرچێت هیچ پڕۆژەی ترت لە بەردەستە، واتە کارەکانی داهاتووت چین؟

وەڵام: دەمێک بوو خەریکی چوارینەکانی خەیام بووم، ئێستە گەڕاومەتەوە سەری، نازانم پێم دەگاتە ئەنجام یان نا!؟.

ئەم نامەیە لەلایەن بەڕێز کەریم زەند گەڕیدە و جوگرافیناس وەک سەرەخۆشییەک بەرامبەر بە مەرگی ناوادەی بنەماڵەی پڕۆفیسیۆر دوکتۆر مارف خەزنەدار کراوە.

بەناوی یەزدانی بەخشندەی میهرەبان

بۆ / بنەماڵە و خانەوادەی خوالێخۆشبوو.

گەورە ئەکادیمی پرۆفیسۆری ناوداری گەلی کورد.

د. مارف خەزنەدار.

بە پەژارەوە زەنگی مەرگی ئەو ناودارەم لەراگەیاندندا
بیست، گەشتی کۆچی بۆ جیهانی ترێ و، شوێنەواری
بەرزی بەجێهێشتوو. زانای هەمەچەرخ، زمانەوانی،
مێژوونووسی خەباتگێڕی کۆڵنەدەر، رۆژنامەوانی.
نووسەری توانا، ئەوە پەروەر کەشایانی
یادو بیرەوەری ئەوە فەرزییە لە هەموو زەمانێکدا بە
هەموو زمانێ، پلەو پایەو رازە گوزاری لە ژیانی
گەشتی کۆچیدا تاکو ئەو چەرخەی کە دێڕێک بە زمانی
کوردی دەنووسرێت، ناوی پرشنگدارە، ناوت
زیندووە کاکە د. پ. مارف لە مێشکی هاوڕێیانی
دۆستانتدا، هەر زیندوویت بە بەرهەمو کردارو خامە
زێڕینەکەتان، ناوتان جاویدە لە کەشکۆڵ و
ئەرشیفەکاندا، بەهەشتی بەرین جێگەت.

سەرخۆشی لە خۆم و خانەوادەت دەکەم.

کەریم زەند
گەڕیدە و جوگرافناس.
27-10-2010

# مارف خەزنەدار

بەدران ئەحمەد حەبیب

وەک نەریت و باو، زۆربەی خەڵک خۆیان لە کاری بە مەترسی و دووبەختەکی نادەن. خەڵک لەبەرئەوەی بەدوای سەرکەوتنی مسۆگەردا دەگەڕێن دەیانەوێ ڕێگەیەک بگرنە بەر پێش خۆیان هاتبێتە کوتانەوە و تاقیکردنەوە. دەتوانین لە بواری ڕۆشنبیریدا نموونەیەک بۆ ئەمە بهێنینەوە، ئەوانەی لە ژیان و شیعری نالییان کۆڵیوەتەوە و کتێبیان لەبارەیەوە داناوە لە خوێندەوارییەکەی نالییەوە نێزیک بوون، لە ژیگەی ئەویشەوە دوور نەبوون. عەلائەدین سەجادی "مەلا"، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و ڕۆڵەکانی: فاتیح و محەمەد "مەلا و پەروەردەی مەلایەتی"، تەنانەت مەسعوود محەمەدیش "تا ڕادەیەکی زۆر پەروەردەی خوێندنی مەلایەتی". لەم بوارەدا تەنیا مارف خەزنەدارە لە دوورە ڕێگە و لە دەرەوەی ژیگە و وارگەی نالییەوە هاتووە و بڕوای وایە پێی دەوێرێ. نامۆیی نەکردن لە نەناس و گرتنەبەری ڕێی نەکراوە و ڕچە نەشکاو، لە چاونەترسی و وێراییەوە دێ. ئەمەش پێناسەی ئەو پیاوەیە کە ئەمڕۆ یادی دەکەینەوە.

لە هەولێری چلەکانی سەدەی پێشوو، کولتوور و زمانی کوردی بەدەوروبەر نامۆ و بیانی بوون. ڕاستە هەولێر شاری کوردانە بەڵام لە مێژووی دوور و درێژی خۆیدا بەدەستی دەسەڵاتی عوسمانییەوە بووە، ئەم شارە لە سەردەمی میرنشینە کوردییەکاندا بۆی نەشیابوو زمان و کولتووری کوردیی تێدا چەکەرە بکا. لە سییەکاندا حوسێن حوزنی یەکەم ڕێچکەی تێدا کردەوە، بەڵام حوزنی لە دەرەوەی هەولێرەوە هاتبوو و پەروەردەی ژیگەیەکی تر بوو. تەنیا مارف خەزنەدارە کە منداڵی شارەکەیە و کوڕی کولتوورەکەیە، یاخی دەبێ و دەیەوێ تەلیسمی نووسین بەکوردی بشکێنێ. یەکەمین گڕوگاڵی خۆی لە ساڵی چل و حەوت لە کۆواری گەلاوێژدا بڵاو

کـردەوە، ئەمــە رچەی یەکـەمـی بوو، پاشـی ئەوە رچـەیەکی تری شـکاند و کـتـێـبـێکی بـە زمـانی عەرەبی بەناوی "اغانـی کوردستان"ەوە بڵاو کردەوە. شکاندنی رێچکەی هەرە گەورەش رووکردنە رووسـیا و تەواوکردنی خـوێندنی بەرز بـوو لەبارەی ئەدەبی کوردییـەوە. جـیـاییـیـەکی تری مـارف خەزنەدار کە دەبێ ئاماژەی بۆ بێتە دان، ئەوەیە خـۆی بەداوونەریت شارییە، پێچەوانەی زۆربەی بنـووس و ئەدیب و شــاعـیــرانـی ســەردەمـی خــۆی و رەنگـە زۆری پاش خــۆشـی کــە لادێیین. شــاریەتیش لە بیــرکــردنەوە و هەڵســوکــەوت و نووســیـنـەکــانیــدا بەدەری داوەتەوە، بۆ نمـوونە چیرۆکەکانی ئەڵەمان کوردی.

پێش بیست و دوو سـاڵ مـارف خـەزنەدارم رووبەڕوو ناسـی، بەدرێژای ئەو مـاوەیە پێـوەندیمان گەرم و گوڕییەکەی خۆی لە دەست نەدا. پیاوێکی بە بنەوا و بە پرەنسیپ بوو، دەمدەمـی یان هـەر رۆژ لەســەر تەبیـاتێک نەبوو وەک زۆر لـە رۆشنبـیـرانی وەچەی خــۆی کــە پاراســتنی پێــوەندی لەگەڵیاندا وەک راگرتنی دەسنوێژ وایە. مرۆڤێکی سـەنگین و باوەڕبەخـۆ بوو، جیاواز لە گەلەی خەڵک بیری دەکردەوە و جیاواز لەوان رەفتاری دەکرد. خۆبەگەورەزان بوو لە ئاست ئەوانەی لە پلە و پایەی بەرزدان، سادە و خاکی بوو لە ئاست دۆست و هاوەڵانی خـۆی و خەڵکی رەشـۆکی و رەمـەکی. سـاتێکم لە بیـرە هیـچ جـار دیمەنەکـەیم لە بیـر ناچێتـەوە، گەرمـەی شـەڕی ناوەخـۆ بوو، بەسـەر ماڵەکەی منیان دادا و لەسـەر دیوارەوە هەڵاتم. بێگومـان بیانگرتایەم دەیانکوشتم. مـاڵی دکـتـۆر مـارف بوو بەداڵدەم بۆ مـاوەی دوو رۆژ. لە ژێرزەوینی مـاڵەکـەیاندا شـەو و رۆژم بەســەر دەبرد. بەدەسـتی خـۆی هەندێک پێداویستیی بۆ دەهێنام کە دەبوو بە مـایەی شـەرم و شکانەوەم لە ئاسـتـیـدا. پیـاوی گـەورە لە تەنگانەدا دەردەکـەوێ، لەو رۆژانەدا جـوامـێـریی دکـتـۆر مـارف و پیاوێکی ترم لەبیر ناچێتەوە کە چەند پەرۆش و رێزگر بوون بۆم.

کــورد دەڵـێ "بەردی گــران نابزوێ". ئـەو رۆژەی هـەولێــر لە ٣١ ئـاداری ١٩٩١ رێژیمـی بـەعس پەلامـاری دایەوە، تێکڕای خـەڵک بەریان بەدەشتـەوە نا و روویان لە چارەنووسـی ون کـرد. رۆژێک بوو هـەموو گەل وەک یەک بیریان دەکردەوە و بەهـەمان شێوە دەترسان. کەس باوەڕی بەوە نەبوو ئەگەر بێو بکەوێتە دەستی بەعس فەلاکەتێکی بەسـەر نایە. مارف خەزنەدار لە جێی خۆی نەبزوا. کـە چوونە ســەری رەنگ بوو بیــانکوشـتــایە، کێ دەینـاسـی و کێ بەزەی پێـدا دەهاتـەوە. رەنگە شەرمیان لە پیرییەکەی کردبێ یان لە کتێبخانەکەی، دەستیان بۆی درێژ نەکرد. دووریش نییە لە جێی ئەو کەسـەی لە دەرگـەی دان، یەکێکی تر بوایە دەسـبەجێ راپێـچـەکی بدایە بۆ گرتیگە یان کوشـتیگە. ئەمـانە هیـچیان بێگومـان بەلای خەزنـەدارەوە واتەیان نەبوو و هـی ئەوە نەبوو لێیـان سڵ بکاتەوە یان بیترسـێنـێ. تەنیا یەک شت واتەی هـەبوو لـەلای ئەو کە نابێ بڕوا و نیشتـمان و مـاڵ و کـتێبـخـانەکـەی بەجێ بهێڵـێ. ئەگەر ئەوان نـەمان با ئەویش نەمێنـێ. بێگومـان راسـتیـان گوتووە بەردی گران نابزوێ.

نموونەیەکی قەبووڵکردنی جیاوازی، کە لە دکتۆر مارفدا بینیم شایەنی ئەوەیە باسی بکەم. شەش ساڵ لە کۆڕی زانیاری کوردستان بەیەکەوە ئەندامی کارا بووین. ساڵێکیان لەسەر راسپاردەی کۆڕ دەبوایە لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی عەلی حەریرییەوە بنووسم. لەو لێکۆڵینەوەیەدا سەرتاسەر بۆچوونەکانی دکتۆر مارفم هەڵوەشاندبووەوە کە پێشتر لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا لەبارەی عەلی حەریرییەوە نووسیبوونی. نەمویست راستەوخۆ وتارەکە بدەم بەدەستی دکتۆر خۆی بۆ ئەوەی ئازاد بێ ئەگەر رەتی بکاتەوە، ئەو سەرنووسیاری کۆواری کۆڕ بوو. پاشان زانیمەوە بەبزەیەکەوە پەسندی کردبوو بۆ بڵاوکردنەوە.

حاجی قادری کۆیی دەڵێ:

مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە – ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە


دکتۆر مارف دواکۆچی خۆی کرد و رۆیشت، بێگومان ئەمجارە ماڵ و کتێبخانە و وڵاتەکەشی بەجێ هێشت. هەموو کەسیش ئەم رێیەی لەبەردایە، جیایی ئەوەیە کێ بەتاڵایی بەدوای خۆیەوە بەجێ دەهێڵێ و دەوروبەر هەست بەواڵاییی شوێنەکەی دەکەن. کەمن ئەوانەی بەمردنیان دێیەک یان شارێک یان ناوچەیەک چۆڵ دەبێ. ئەمەیان دکتۆر مارفە.

ماوەی چەند ساڵێک دەبێ بەهۆی پڕکاریمەوە نەمدەتوانی زوو زوو سەری لێ بدەم، پێش چەند مانگێک چووم بۆ لای. لە نەخۆشیشدا نەمدەبینی، تەنیا گوڵێکم بۆی نارد. بەڵام بە هەواڵی دواکۆچەکەی و بەجێهێشتنی هەولێر، هەستم بەچۆڵییەک کرد لە شارەکەدا. ئەو رۆژەی بۆ یەکەمین جار لە ١٩٨٩دا ناسیم، پێی گوتم تۆ قوتابیی منی، بەدرێژاییی هەموو ئەو ساڵانە شانازیم بەو نازناوەوە کرد، ئەمڕۆش کە ئەم وشانەم بۆ یادی ئەو نووسی وا دەزانم بەو نازناوە، دکتۆر مارف گەورەترین خەڵاتی کردووم. بەڕاستی مامۆستا بوو.

٢٠١٠/١١/٩

# فرانک لوید ڕایت

**Frank Lioyd Wright**



هەواڵنامەی کتێب

فرانک لوید ڕایت (٨ی حوزەیران ١٨٦٧ = ٩ی نیسانی ١٩٥٩)، یەکێک بووە لە بیناسازە پێشەنگە بەراییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، کە تا ئێستا بە درێژاییی مێژووی ئەمەریکا بەناوبانگترینی ئەندازیارانە و هێشتا لەلایەن ڕەمەکیی خەڵکیش و پسپۆڕانیشدا ناسراوە.

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە.

## پەروەردەبوونی

ڕایت، ساڵی ١٨٦٧ لە " ڕیچلان سێنتەر "ی ویلایەتی "وێسکنسن"ی ئەمەریکاییدا لەدایک بووە و بەشی زۆری منداڵیی لە کێڵگەی دایکیدا بەسەر بردووە کە هاندەری سەرەکیی بووە لە تەک توانستی داهێنەرانەی لە پێکهێنانە بیناسازییەکەیدا، هەروەها لە ساڵی ١٨٨٤دا چووەتە زانکۆی ویسکنسن بەمەبەستی پسپۆڕی لە ئەندازەی بیناسازیدا، کەچی ئەم پسپۆڕییە لە زانکۆی ویسکنسندا نەبووە و بارودۆخی دارایی ئەمیش ئەوە نەبووە بچێتە زانکۆیەکی تر، بەم جۆرە ساڵانێکی لە ژیانی بە خوێندنی ئەندازەی تەکنۆلۆجی بەسەربردووە و لێی بێزار بووە و بەجێی هێشتووە و بەدوای کارکردندا ڕووی کردووەتە شیکاگۆ، لەوێ بەختی باش بووە و لای یەک لە کۆمپانیا هەرە گەورەکانی بیناسازیدا کاری دەست کەوتووە، بە مووچەیەک، هەفتانە هەشت دۆلاری ڕەت نەکردووە.

## بیناسازیی نوێ

لە ماوەی ئەو حەوت ساڵی یەکەمیدا کە لەو کۆمپانیایەیدا بەسەری بردووە، توانی توانا سەرئاساییەکەی خۆی لە بواری ئەندازە و تازەکردنەوەدا دەربخا، ئەمە وای لێ کرد نووسینگەیەکی تایبەت بەخۆی دابنێ و کاری تێدا بکا. زۆری نەبرد ناوبانگی بەیاخیبوون دەرکرد بەرامبەر شێوەی بیناسازیی کلاسیکی و ئارەزووی لە نوێکردنەوەی پشت بە هێڵی ئاسۆیی بەستوو و دەلاقەی گەورە و نەخشەکێشانی بینای پێوەست بە شوێن و دەوروبەری دەرەوەی دەربڕی. یەکەمینی کارە بەبایەخەکانی ئەوسای نەخشەسازیی " خانووە لادێیییەکە "ی بووە، لە کۆمەڵە خانووەکانی فریدریک ڕۆبی لە شیکاگۆی ساڵی ١٩٠٩ی زاین ، ئیدی شەڕی دژایەتیکردنی دەستی پێ کردووە، کە بەرەنگارییەکی بەهێزی لە خۆی کردووە، بەتایبەتی و دوای ئەوەی پرۆژەی بەسەردا باریوە، هەروەها بینای بەڕێوەبەرایەتیشی لە بۆفالۆ نەخشە کێشاوە، کە بە سادەیی بەوە جودابووە کە یەکەم بینا بووە دەرگە و کەلوپەلی ئاسنین و هەواگۆڕیی ناوەندیی تێدا بەکار هێنراوە.

لە کاتێکدا ئەم تایبەتمەندییانە، ئەندازیارە کلاسیکییەکانی لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا تووڕە کردووە، لە دەرەوە ناوبانگی ڕایت گەورە و گەورەتر بووە، کاریگەریشی بەسەر بیناسازیی ئەوروپاییدا بەدەردەکەوت، دواتر ڕزگاربوونی ئوتێلی " ئیمپریال " لە زەویلەرزەی تۆکیۆ خاڵی ترۆپکی ناوبانگی بووە. هەر چۆنێک بێ ئەمە هاوکاتی دووەم جاری ئاگرکەوتنە ناو کێڵگە بەناوبانگەکەی بووە، کە لە " سپرنگ گرین "ی ویلایەتی ویسکنسن –ی دروست کردووە، بەم جۆرە هەر سامانێکی کە هەیبووە لە نۆژەنکردنیدا خەرج کردووە، هەرچییەکیش بێ هێندەی نەبردووە بە کارگەیەکی وەرگێڕاوە و پەنجا مەشقکەرەوەی هێناوەتە پاڵ و تێیدا دەستیان بەکار کردووە،

ئەمــانە لەوێ و لەلای خــۆی و لای کــەســانی تریش کــاریـان کــردووە و لەســـەر دەســتــی خــۆی دەشـیـانخـوێند، بەمـجـۆرە توانیـویەتی شـەپۆلێکی بیـنـاسـازیی بنەڕەتی لەمـسـەر تا ئەوسـەری وڵاتە یەکگرتووەکان بخولقێنێ.

هەر لەوساکەوە فرانک لوید بووە یەکێک لە گەورەترین بیناسازانی دنیا، لەمەش بەبایەختر ئەوە بووە کە لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا بە باوکی شەرعیی بیناسـازیی نوێ دانراوە، هەروەها بەخـاوەنی تیۆری ئۆرگانیکی بیناسازی دانراوە کە هەروەک درەختێک دەڕوێ و باوەش بەسروشتدا دەکا، دا لەگـەڵیـدا تـابلۆیەکـی هونەریی ئەفـســوونگەر پێک بهـێنێ، ئەمــەش لە خـانووی تاڤگە ئاوەکـەدا دەردەکەوێ. بەم جۆرە بیـناکانی لە سی ویلایەتدا دەستی بە بڵاوکردنەوە کرد، هەر لەوساوە بینا و سروشت لە شێـوەی ڕایتدا بـەیەکدا دەئاڵێن و بە توخم و یـەکەکانیان و سـێبـەرە یەکە جوانکارییـە یەکتر تەواوکـەرەکانیـەوە لەلای بیناسـازیی ڕایتدا و ئـیدی تەرزی بینای نوێ بەپێشـەنگەکانیـەوە دەستی پێ کردووە.

دوای ئەوە بینا بە ئاراســتـەیەکی تردا ڕۆیی و پشـتی بە کـەرەسـتـە نوێیـەکـانی وەک ئاسن و چیمـەنتۆی کۆنکریت و کەرەسـتـەی نوێی تری بە توخم و یەکەکـانی کۆ دەکرێنەوە تا یـەکەیەکی بۆشـاییی یـەکـتـری تەواوکـەر و تەونێکی بیناسـازیی تایبـەتمەند لە هـونەری بیناسـازیی نوێدا بەدەستـەوە بدەن کە دەکەوێتە سـەر ڕوو. نموونەت نەخشـە گەورەکەی خانووی " تاڤگەی ئـاو "ەکەی ویلایەتی پێنسلڤانیا کە لە ساڵانی ١٩٣٤ – ١٩٣٧دا بنیات نراوە، بۆ خۆی وەک تاقیگەیەک بوو تا کۆتاییی ژیانی لە ١٩٥٩دا.

## بەبایەخترینی کارەکانی

سـاڵێک بەر لـە مـردنی، فـرانک لوید ڕایت –ی بیناسـازی گـەورەی ئەمـەریکایی نـەخـشـەیەکی بۆ بەنرخـترینی پڕۆژەکانی لە دڵی خۆی تەواو کرد، بێگومـان ئەمـەش پڕۆژەیەک بـوو هـەرگیـز نەهاتە دی، ناوی " شـاری زیندوو "ی لێ نابوو. ئەوساکـە ئەم پڕۆژەیـە وەک وەسیـەتی یەک لە دیارترینی بیناسازانی سەدەی بیستەم دیاربوو. کەچی ئەوانەی پڕۆژەکە بەرهەمـەندە خەیاڵییەکانی سەرسامی کردن و لوید بە بایەخ پێدان حەپەساندبوونی، لە ڕاستیدا زۆریان لەبارەی لوید –ەوە نەدەزانی، خۆ ئەگەر بیانزانیبا نەدەحەپەسان، ئەمەش بە سادەیی لەبەر ئەوە بووە کە لوید ساڵی ١٩٣٢ کتێبێکی دەرکردبوو بە ناونیشـانی " شـارە ونبووەکە"، تێیدا حەزی دژایەتیکردنی شاری وەک بیناسـازیی ناوەندی جاڕ دابوو. پێویستی بە نەناوەندێتیی توندڕۆی تێدا ڕاڤە کردبوو، کە پاڵ بەخەڵکەوە دەنێ لە شـارە ڕەنگاوڕەنگە ئاپۆرە خنکێنەرەکـان دەرچن، لە گـەڕانەوەیەکـدا بەرەو لە ســروشــتـدا نیشتەجێبوون و گەڕاندنەوەی پێوەندی بە گوندەوە. سـەیر ئەوەیە ئەم کتێبە کە بڵاو کراوەتەوە لە کاتێکدا بووە ئەمەریکا لە یەکێک لە خراپترینی ساتەکانی دارمانی ئابووریدا دەژیا، سەرنجی زۆر کـەسـی ڕانەکـێـشـاوە بگرە سـەر بـەبیکردنەوەی خـەیـاڵی دانراوە.. لوید هـەروەک هیچ نەبووبێ لە

کارەکانیدا بەردەوام بوو، لە کاتێکدا کتێبەکە ڕێی بەرەو سەر ڕەفەی کتێبەکان گرتەبەر و وەک لە بیر چووبێ وەها بوو.

ئەوەی سەرنجڕاکێش و بە بایەخە، کاتی دەرکردنی ئەو کتێبە پێوەندییەتیی بە کاری لوید خۆیەوە، چون دەرچوونەکە تەنیا سێ ساڵ بەر لە دەستپێکردنی نەخشە و جێبەجێکردنی ئەو خانووەیەتی کە دواتر دەبێتە هێمایەکی بنەڕەتیی ڕەوتی پیشەیی و خاڵی وەرچەرخانی لە مێژووی بیناسازیی ئەمەریکایی و جیهانیدا. مەبەستیشمان لەمە ئیدگار کوفمەن – ە کە بە ناوی " تاڤگەی ئاو "ەوە ناسراوە لە ناوچەی میل ران –ی ویلایەتی پێنسلڤانیا لە ئەمەریکای ڕۆهەڵاتدا.

ئەم بینایە چوار ساڵی ڕێکی خایاندووە بەڵام دیارە فرانک لوید، هەر لەو کاتەوە کە بەشەکانی کتێبی " شارە ونبووەکە "ی تێدا پێک دەهێنا، دەستی بە بیرلێکردنەوە و دانانی نەخشەسازییە پێویستەکانی کردووە، بەتایبەتی ئەم پرۆژەیە وا دەردەکەوێ جێبەجێکارییەکی کردەوەیی نموونەیی بێ، بۆ هەموو ئەوانەی لوید لە کتێبەکەیدا جاڕی بۆ دەدان. ئەگەر لە لوید –یان گێڕرابێتەوە لەو گفتوگۆ بە کێشە و دوور و درێژەدا لەگەڵ کۆمەڵی " تالیسین "ی پێشەوای کۆمەڵەکە و سەرنووسیاری کۆوارەکەیان کردوویەتی، کەوا کۆمەڵێک بووە داوای نوێکردنەوەی بیناسازیی کردووە، لە سەرشاری مەبەستێکی مرۆڤانەی پشتگیریی سروشتەوە دەستیان پێ کردووە، لەبارەی ئەم ئەنجامدانەیەوە گوتبێتی: " ئەم تاڤگەی ئاوە – بێگومان مەبەستی خانووەکەیە – پیت و فەڕێکە لەو فەڕانەی دەبێ پێمان خۆش بێ لەم ژیانەدا پێشوازیی لێ بکەین. من لەو بڕوایەدام هیچ شتێک نییە لەم بوارەدا، بە هیچ جۆرێک بگاتە ئەم کارە، هەر لە گونجان و دەربڕینی زۆر ئاشکرا لە بنەمای ڕووداوێک کە دارستان و ڕووبار و بەرد بەرز ڕابگرێ. هەموو توخمەکانی بیناکە بەیەکەوە پێوەستن و بۆ پێکهێنانی هاوبەشییەک، بەشێوەیەک ئارامە کە لەناویدا دەبن گوێتان لە هیچ دەنگەدەنگێک نابێ، لەگەڵ بوونی هاژەی ئاوێکی لە بەرزییەوە بەخوڕ ڕژاویشدا، لە ناویدا ئاڤگەیەکی ئاو دەبیسترێ، هەروەک چۆن مرۆ لە گوندان‌دا گوێ لە بەرزترین پلەی هێمنی دەگرێ، کەواتە ئەگەر لوید ئەمەی لەو گفتوگۆیە بەناوبانگەدا گوتبێ، لە ڕاستیدا بەهیچ جۆرێک زیادەڕۆیی نەکردووە و خانووەکەش ماوە و هەردەم ئەم ئەنجامدانە شارستانییە سەراساییەمان بیر بخاتەوە. بەڵام خۆ تەنیا هێمنی و ئارامی تاکە شت نییە ئەم بینایەی پێ بناسرێتەوە کە هەردەم و هەر لەو کاتەدا کۆن و دێرین دیارە وەک بڵێی لە ئەزەلەوە لە جێی خۆیدا بووە، هەروەها تازە و نوێشە وەک بڵێی دوادەستێکی بنیاتنانی هەر دوێنێ بووە.

لەم بینا ئێجگار جوان و سادەیەدا، لوید بە ئاشکرا هەموو تیۆرییەکانی لەبارەی ئاوێتەکردنی کاریگەری بیناسازی و سروشتی بەجۆرێک ئەنجام داوە سوود و جوانیی هەردووکیانی تێدا بێ. ئەو بەخۆی هەموو کات دەیگوت ئەوەی گرینگ بووبێ بەلایەوە ئەو بەتەک یەکەوەبوونەی ئەوەی خوا دروستی کردووە " سروشت " و ئەوەی مرۆ دروستی کردووە " بینا "یە... ئەنجامیش ئەوە بوو کە خانووەکە بەجێهێنانی خەونی بیناسازان و یۆتۆپیاویستە کۆنەکان دانرا. ئەوەی کە مرۆ لەناو

پێوەندییەکی ئەندامەکی " ئۆرگانیکی "ی بەردەوام دادەنێ لە ناو سروشتدا، وەک ئاماژەمان پێ کرد ئەم پێوەندییە ویستراوەی نێوان مرۆڤ و سروشتە، هەرگاف یەک لە خەمەکانی لویدی پێکهێناوە، ئەو خۆی چاکی دەزانی کە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە، کارێکە نابێتە مەبەستی تەنیا خاوەنانی خانووەکە، یان خەڵکی ئەو ناوچەیەی تێیدا بنیات نراوە، بەڵکو دەبێتە مەبەستی هەموو جیهان، کە خانووەکە وەک نموونە وەردەگیرێ و بە کردەوەش خانووی " ئیدگار کۆفمەن " لەوساوە



کە دروست کراوە ناوبانگی بەوە دەرکردووە کە بەناوبانگترین خانووی تایبەتیی خێزانی دانراوە لە دنیادا. ئەمەش بەهۆی گرتنی هەزاران وێنەی لەلایە جیاکانیەوە کە لە وەستان نایەت. بەتایبەتی لە خوار تاڤگە ئاوەکەوە لە دیمەنێکدا ئاشنایی پەیدا کردووە، ئاوی ڕژاو پێشان دەدا کە باڵکۆن و بانیژە لەسەر یەکدا پێکهێنراوەکان کە گرنگترینیان بەسەر خودی ئاوی ئاڤگەکەدا دەڕوانێ.

ڕایت مەبەستی بوو لە نەخشەسازی و جێبەجێ کردنی ئەم خانووە لەو شوێنەدا کە بەوردی هەڵبژێرراوە، وا بکا دانیشتوانی خانووەکە لەلایەکەوە لەگەڵ گەرووی چیاکەدا، لەلایەکی ترەوە لەگەڵ درەخت و گەڵا دارەکان و ڕووەکە کێوییەکاندا تەواوێک تەبا بن. بێگومان لەگەڵ ئاوە خوڕەکەدا لەلای سێیەمەوە، ئەو کتێبانەی لە کارەکەی لویدەوە دەدوێن، کە بە دوور و درێژی لە تەک شێوەی ئەندازیاریی ئەم خانووەدا هەڵوێستە دەکەن، کاریگەریی تەنیا لەلایەن ئەندازیاریی دەرەوەیدا نییە، بگرە ئەندازیاریی ناوەوەشی شوێنێکی بەرایی و بنەڕەتیش دەداتە ئەو ژینگە سروشتییەی نەخشەساز جەختی لەسەر بەردەوامیی ئامادەبوونی کردووە، لە شێوەیەکدا کە کردوویەتییە بەشێکی بنچینەیی لە نەخشەکە خۆیدا، هەروەها بەشێکی بنەڕەتیی ژیانی ڕۆژانەی دانیشتوانی خانووەکە. لێکۆڵەوان بەدرێژی وەسپی ئەوەمان بۆ دەکەن کە چۆن نهۆمی سەرەکی لە خانووەکەدا بەسەر سێ دیمەنی جودادا دەڕوانێ، هەر لەو کاتەشدا یەکتریش تەواو دەکەن و چۆن بانیژەکان لە ئاستی جوداجودادا دروست کراون کە بەدوولادا کراونەتەوە یەکەمیان بەسەر لایە چیاییە بەرزەکەی ناوچەکەدا دەڕوانێ، کەچی دووەمیان بەسەر بەردەکان و تاڤگە ئاوەکەدا دەڕوانێ، بەڵام ژوورەکانی نهۆمەکانی سەرەوە هەریەکەیان باڵکۆنی تایبەت یان بانیژەی تایبەتیی خۆیان هەیە، هەروەها ژووری کارکردن و ڕاڕەوەکەی لە نهۆمی سێیەمدا دروست کراون ئەمانیش باڵکۆن و بانیژەی تایبەتیی خۆیان هەیە.

لەلایەن کەرەستەی بیناوە لوید هەر لە سەرەتاوە سوور بوو کە هەموو پاژە ئەستوونییەکانی خانووەکە بەبەردی ناوچەیی دروست بکرێ، کە هەر لە ئەو ناوچەی خۆیەوە هێنرابن، بۆ ئەوەی تەواوی تەباییان ، دیار یان نادیار، لەگەڵ سروشتی ناوچەکە و تۆپۆگرافی " تضاریس "یدا

بمێنێ... هەر لەو کاتەشدا سوور بوو لەسەر بەکارهێنانی بەردی کەمێک لێک دوور بۆ ئەوەی لە دەرەوە مۆرکێکی هەڵکۆڵین " پەیکەرسازی "ی پێ بدا، وای پێشان بدا داتاشراوێکی زۆر گەورەیە، بەشە ئاسۆییەکانی بیناکەش لە " باتوون "ی شل دروست کراوە... زەوینەی بیناکەش بە گشت نهۆمەکانییەوە ، بە بەرد داپۆشراوە.. تەنانەت کە زەوینەی دیار، دارینەش بێ ژێرەکەی بەردڕێژ کراوە.. دەشێ هەر ئەو شتەش لەبارەی دیوارە هەرە دیارەکانەوە بگوترێ.. لە کاتێکدا بۆ " مەنجوورەکان " دارگوێزی ڕەسەن بەکار هێنراوە.. کە پتر و پتر پشکداریی لە گونجاندنی بیناکە بە بنچینەی سروشتەوە کردووە، ئەوەش دەزانین کە فرانک لوید ڕایت بە درێژایی تەمەنی دەیان بینای لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکاندا ئەنجام داوە، بەڵام تا کۆتاییی ژیانیشی هەر باسی خانووی کۆفمەن " تاڤگەی ئاو "ی دەکرد وەک یەکێک لە کارە هەرە پەسندەکانی خۆی.

## مۆزەخانەی گۆگنهایم " نیویۆرک "

تەلاری کۆمپانیای جۆنسن بۆ " مۆم "

ڕایت بۆ بیناکانی لە سیستەمی بیناکاری " النظام الانشائی " دا سرووشی لە سروشت وەردەگرت، بۆ وێنە ئەگەر سەرنج لە پێکهێنانی بیناکاریی کارگەی مۆمی جۆنسن –ی فرە ئەستوون بدەین دەبینین سرووشی ئەوەی لە گوڵی " بهجە الصباح !" وەرگرتووە کە لە پێنج پەلی کەوانەیی پێک هاتووە، لە سەنتەرەوە دەبنەوە، جێی کۆڵەکەی پەلی کەوانەیی دەگرنەوە.

ئەو کاشییە کۆنکرێتییە دیارە دیاربوونێکی ئاشکرا و ئازایانە بە نموونە دەهێنینەوە و ئەو بانیژانەی لەسەر پێشانی "واجهة"ی بینایەکەدا دەبینرێن بۆ سایە بۆ دروستکردن و پاراستنی نەقشە دارینەکان لە کاریگەرییەکانی کەشوهەوا، هەروەک ئەو ڕووەکە بەگەڵاکان، کە گەڵاکانیان بڵاودەبنەوە تا سێبەر بۆ ژێرەوەی خۆیان بکەن و بیانپارێزن. یان ئەوەی سەرنجمان ڕادەکێشێ لەو گۆڕانکارییە دیارەی لە دەلاقە و پەنجەرەکان بە زۆرییان و هەمەجۆرییان و شێوەی دابەشکردنیان هەروەک ئەو قانوونە سروشتییانەی لەناو خۆیاندا دووبارە دەبنەوە، یان ئەو پێوەندییە ئاشکرایانەی هەستیان پێ دەکەین لەنێو شێوە و قەوارەدا، هەروەها لە نێوانی ئەم وردەکارییانەدا. کە دەبینین هەرچەند قەوارە لە ڕووی زەوییەوە بەرز دەبێتەوە سووکتر دەبێت و ئاڵۆزیی تێدا نامێنێ. ئەوساکەش وردەکارییەکان ڕوونتر و لە بەرچاودا ئاشکراتر دەبن... دواتریش ئەو فراوانبوونە ئازا و ئاشکرایەی میچی سەرەوە کە وەک درەختێکی گەڵاچڕ باڵ بەسەر دیوارەکانی بینایەکەدا دەکێشێ، بیناکە لە پێش چاواندا قوت دەبێتەوە و ڕکابەری لەگەڵ هێڵی ئاسۆگە دەکا، لە دیمەنێکی زۆر جوان و دڵکێشدا سروست باوەشی پێدا دەکا، دا بەتەبایی و ئاشتییانە لەگەڵیدا بژی.

ساڵی ١٩٢٢ کە زەویلەرزەیەک لە تۆکیۆی دا، یەکێک بوو لە بەهێزترینی ئەو زەویلەرزانەی سەدەی بیستەم تا ئەوسا بەری کەوتبوو، ئوتێلی ئیمپریال یەک لەو بینا کەمانەی تۆکیۆ بوو

زەویلەرزەکە هیچ زیانێکی پێ نەگەیاندبوو، کە بەلای کەمەوە یەک تاکەکەسێک هەبوو کە ئەوەی پێ ناخۆش نەبووە، ئەو کەسەش ئەمەریکاییەک بوو لە وڵاتە یەککگرتووەکاندا دەژیا، ئەم هەڵوێستەشی لەوەوە هاتبوو کە خۆی ئەو ئەندازیارە بووە نەخشەی ئەو ئوتێلە ناوبراوەی کێشاوە و سەرپەرشتیی جێبەجێکردنی کردبوو هەروەک لە پێناویدا کەرەستەی تایبەتیی پێکهاتە چون هەویری لەژێر بناغە و بنکەکانیدا وەک سەرینی ژێرەکیی بەکار هێنابوو بۆ هەڵمژینی زەویلەرزەکان کە هەموو کات بەسەر دوورگەکانی ژاپۆندا دەهاتن، هەروەها کەرەستەگەلێکی نوێی تر، بیناکە دەپارێزێ و زەویلەرزەکان هەڵدەمژن. کاتێک کە لە فرانک لوید ڕایت ـی ئەندازیاری نەخشەسازییان پرسیوە کە شاری تۆکیۆ زەویلەرزە لێی داوە و تەنیا یەک بینا نەبێ هەموو بیناکانی تێکوپێک داوە، لە وەڵامدا گوتوویەتی ئەوەش ئەو ئوتێلەیە.

ڕاستە ئەو پێویستی بەوانە نەبووە تا پایە جیهانییەکەی خۆی بچەسپێنێ، بەڵام بۆ ئەوەی پێویست بووە لە ملمـلانێی نێوان کۆن و نوێی بواری ئەندازیاریی بیناسازیدا پاڵپشتیی هەڵوێستەکەی بکا. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا تەنیا ڕایت ـی ئەندازیار، گەورەی بەرگریکاران بووە لە نوێ، کە ڕەقیبە کلاسیکییەکانی بەهێز بوون و تاو ناتاوێک هێرشی دڕندانەیان لە دژی بەرپا کردووە، لەوە کەمتر نەبوو هەندێک جار تووشی نائومێدیی بکەن ئەگەرچی ناوبانگی لە دنیا و دەرەوەی سنووری نیشتمانەکەیدا گەورە بووە و هەر ئەوساکە بووەتە ئاماژەیەکی دیار لە دنیای بیناسازیدا لە سەرتاپای دنیادا و بەتایبەتی لە ئەوروپا، بەم جۆرە فرانک لوید ڕایتی ئەندازیار هەر لەوساوە، لە نیشتمانی ئەمەریکایدا بووە گەورەترین نوێکەرەوەی دنیا لە بواری ئەندازیاریی بیناسازیدا.

## شێوازی بیناسازیی

ئازادکردنی جێکەوتە ئاسۆییەکان

(فرانک لوید ڕایت) ڕەچاوی ئازادکردنی جێکەوتە ئاسۆییەکانی کردووە، لە کۆت و بنکە و شێوە ئەندازیارییەکانی ڕزگار کرد، بەم جۆرە ئەو ژماردن و زاراوە و قانوونە تایبەتییانەی شێوە و پێکهێنان " ئینشاء " لەناودا نەمان، بگرە لەلای ئەودا بوونە هۆگەلێکی لاوەکی. شێوە کەوتە دووی ئەرک و فرمان، ئامانج ئەوە نییە بینایەک دروست بکرێ بیرۆکەی ئەندازەی بۆشایی بنوێنێ، فرانک بەرەوانییەکی زۆر جوان هەڵسوکەوتی لەگەڵ جێکەوتە کردووە، یەکتر تەواوکردن و لەگەڵ یەک گونجانی کردووەتە بناغەی و ئەمەش لە جێکەوتەکانیدا دەبینینەوە کە هەر بۆشاییەک ئەوی تر وەک یەکەیەکی تەواو، تەواو دەکا.

ڕایت گەلێک حەزی لە هۆنینەوە و بەیەکدابردنەوەی یەکەکان دەکرد بەشێوەیەکی زۆر جوان و دەربڕانەی ورد، جارجار یەکەکانی دابەش دەکرد یان بەدەوری توخمێکی بیناسازیی بەبایەخی وەک گۆشەیەکی زۆپا یان پلیکانەی ناوەوەی کۆ دەکردنەوە، یانیش ڕێزی بۆ ئاستەکانی زەویی

سروشتی دادەنا و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرد، بە لێوردبوونەوە و خوێندنەوەی بۆشایی و دەوروبەرەکەی.



کەلوو " تەلار "ێک لە بارتلیسڤیل، ئۆکلاهۆما

## پێکهاتەی بیناسازیی بینا

پێکهاتەی بیناسازی مۆرکی فرانک بووە لە هەموو بیناکانیدا کە لە ٦٠٠ پڕۆژە پترن. بۆ نموونە ئەگەر ئەو کاشییە کۆنکریتییە دیارانە ئاشکرا و ئازایانە بە نموونە وەربگرین، یانیش ئەو بانیژانەی باڵیان بەسەر ڕووەکانی دەرەوە کێشاوە بۆ سێبەرکردن و پاراستنی ئارایشتە دارینەکان لە هۆکارەکانی کەشوهەوا.

فرانک سرووشی ڕێژیمی بیناسازیی لە سروشتەوە وەردەگرت، بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی پێکهێنانی بیناسازیی کارگەی مۆمی جۆنسن –ی فرە ستوون بدەین دەبینین سرووشی ئەوەی لە گوڵی " بهجە الصباح " وەرگرتووە کە لە پێنج لقی کەوانەیی پێک هاتووە لە ناوەندەکەیەوە بڵاو دەبنەوە، کە لە جێی کۆڵەکەی پەلی کەوانەییدان.


## جوانیی مادە لە جوانیی سروشتەوەیە

پێوەندیی نێوان سروشت و ژیانی ئۆرگانێکی ئەوەی بۆچوونەکانی ڕایتیان لێوە سەرهەڵداوە لە چۆنێتیی بەکارهێنانی کەرەستەکانی بینادا بەئاشکرا دەردەکەوێ. وەک بینیمان تا پێی کراوە کەرەستەی بیناسازی، وەک لە سروشتدا هەیە، بەکار هێناوە، کە برادەرێکی دڵسۆزی گوێڕایەڵە. هەموو شتێکیش پشت بەو و بە چۆنیەتیی ڕێکخستن و داتاشین و لە جێی شیاودانانی دەبەستێ، کە ڕێز لە سروشت گرتن و مادە سروشتییەکانی، پێویست دەکا ئەندازیار یان بیناساز یان هونەرمەند دەستدرێژی بۆ سەر سروشتی نەکەن. ئەوەش بە تێکنەدانی دەنکۆکە و شەپۆلاویی (دەمار) ە سروشتییانەی دار "تەختە" و بزرنەکردنی ڕواڵەتەکان و سیفەتەکان و ئۆرگانیکێتیی سروشتی، کە لە کردەوەی خوایە، بە بۆیاخ و چەورییە دەستکردەکان کە دەستکردی مرۆڤن، بەڵکو پێویستە وەک سروشتی خۆی بهێڵرێنەوە بۆ دەرخستنی جوانی و جۆر و شێوەی بەتاڵکردن و شەپۆلانی.

دەبینین ڕایت لەبارەی کەرەستەکانەوە، ئەو گونجانەی بەس بووە کە بەلایەوە لەگەڵ سروشتدا تەبا دەبێ و لێی دەرچووە و ئەو جێیەی تێیدا بەکار هێنراوە وەک کەرەستەی بیناسازی. بەوەش تیۆریی " هاوڕێژەنەبوون نابێتە هۆی جوانی " پیادە دەکا.

## بیناسازیی ئۆرگانی

فرانک لوید ڕایت یەکەم کەس نەبووە لەبارەی تیۆریی ئۆرگانی لە بیناسازیدا نووسیوە و جاڕی بۆ داوە، بەر لەم زۆری تر لە ئەندازیاران و هونەرمەندان و ئەدیبان لەبارەی واتاکانی (ئۆرگانی)یان نووسیوە لە بیناسازی و هی تردا، گومانیشی تێدا نییە کە " سۆلیڤان " یەکەم بیناساز بووە ڕایتی فێرە تیۆریی ئۆرگانی کردووە. لە ڕاستیشدا سروشت چاوگی دروستکردن و پێکهێنانە و هەر ئەویش دروستکەر و بیناساز و هونەرمەند و نووسەر و شاعیری فێرکردووە.




پوولێکی پۆستە بۆ ڕێز لێنانی ڕایت ١٩٦٦

هۆیەکانی بیناکردن لە سروشتدا هەر لە کۆنەوە لەگەڵ مرۆڤدا جیاواز بووە. " قووتییەکان " لە پەلکی داریاندا دیتوەتەوە، لیۆناردۆ داڤنشی بەئاشکرا لای مەلانی بینیوەتەوە، هەروەها لێکۆڵینەوەکانی سەدەی نۆزدەم لە دنیای سروشتدا، بووە هۆی پەیدابوونی بزووتنەوەگەلێکی گشتگیر، وەک ئەوەی " ڕسکین " ولیەم مۆرس و کەسانی تر پێشەوایەتییان کردووە. بەڵام هەژارییان لە فراوانیی زانستییان، لە شیکردنەوەی سروشت، بە ڕێیەکی دروست بێبەشیانی کردووە، هەرچەند هەردەم هەر دەگەیشتنە نوێکردنەوەی هونەری کە ئەمڕۆ لە هونەری نوێدا بەرچاو دەکەون.

## خانووەکانی چۆڵەوانییەکان

ناوی چۆڵەوانییەکان یان خانووەکانی چۆڵەوانی بە ناوی فرانک لوید ڕایتەوە پێوەست بووە، لەبەر ئەو داهێنانەی لە جوانیی نەخشەسازی و بیناسازی لەم بوارەدا ئەنجامی داون و جیاوازییەکی گەورەی لە نەخشە و دەرچوون لە بنەما کلاسیکییەکان، لە سەرەتای ژیانی پیشەییدا سەرلەنوێ نەخشەکێشانی ئەو خانووانە و داهێنانی شێوەگەلێکی نوێ لە بنیاتنانیدا درایە پاڵی، بەم جۆرە ئەو خانووانە بە تایبەتمەندیی لێکچوو بەدەرکەوتن، بەڕادەیەک کە بوونە شێوەیەکی تایبەتمەند و بێ هاوتای فرانک، لەو تایبەتمەندییانەش جێکەوتەی ئاسۆییی بەسەر زەویداڕاکشاو بۆ پێدانی هەستی پێوەستنەبوون و خنکان.. گەڕان بەدوای هەوا و ڕووناکی لە بەبایەخترینی ئەو جێکەوتانەن.

* جێکەوتەی کراوە، کە وشەی دیواری جیاکەرەوە لە نێوانی توخمە بیناسازییەکاندا نییە وەک دانیشتن بۆ نموونە... هەروەها دیوارێلی ناوەکی " ژوورەوە " لە کولتووری فرانکدا نییە بەڵکو ناوبڕی ناوەکیمان بەرچاو دەکەون.
* پەیوەست بوونی بۆشاییی ناوەوە بە بۆشاییی دەرەوە.

* پاراستنی ڕاستیی مادەکان و جوانییان.
* لابردنی بەردی گۆشە " سووچ " یان گۆشە گرانەکان و گۆڕینیان بە پەنجەرەی نزم و نزیک لە زەوی.
* لە میچەکاندا جەمەلۆنی کەمێک لار و دەرپەڕیو بۆ ئەوەی سێبەر بخاتە سەر پێشەوەکان کە لە هۆیەکانی کەشیان دەپارێزن.

## کۆچی دوایی


ڕایت کە ساڵی ١٩٥٩ مرد لەسەر تەواوکردنی نەخشەی مۆزەخانەی گۆگنهایم بوو لە شاری نیویۆرک، کە وەک چەندان پڕۆژەی تر جیاواز بوو، ڕایتی ئەندازیار کە کۆچی دوایی کرد خاوەن چالاکییەکی سەرئاساییی بوو.

سەرچاوە:

http://muhtawa.org/index.php

http://www.3marah.com/images/images/04/architect/frank-right/01.jpg

هەواڵنامەی کتێب



# ماریۆ فارگاس یۆسا-ی عێراقی

شاکر ئەلئەنباری


کە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی ڕۆمانی " ئاهەنگی تەگە " بڵاو کرایەوە من لە دیمەشق دەژیام، ساڵح عیلمانی وەرگێڕی ڕۆمانەکە دانەیەکی لێ بە دیاری دامێ بڕیاری یەکسەر خوێندنەوەی بەبێ وەستانیم دا، کە یۆسا کەشەکانی دەسەڵاتی یەک لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتینیی تێدا کردووەتە بابەت، هەرچەند بە ناو ڕۆمانەکەدا دەچووم هەستم دەکرد وەک بڵێی بە ڕووداوەکان دەزانم، تەنانەت لەو ڕۆژانەدا کە لە عێراقدا بووم لە هەندێکیشیاندا ژیاوم. کەسایەتییەکان لەوانە جیاواز نین کە دەمانبیست و چیرۆکەکانیانمان دەزانین، ئاهەنگی تەگە باسی دیکتاتۆر دەکا، چۆن دەژی و بیر دەکاتەوە و تۆڵە دەکاتەوە و پاداشت دەدا و چۆن پڕوپاگاندە بەدەوری خۆی و لە وڵاتدا، لەپێناوی درێژەپێدانی دەسەڵاتەکەی دروست دەکا، چۆن لایەنگیر و دەستوپێوەندەکانی هۆی ماستاوساردکردنەوە و خستنە ناو داوەوەی هاودژەکانیان دادەهێنن، بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانیان لە پارە و ئافرەت و خانووبەرە. دوو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆمانەکەدا ژیام، لە ژوورێکی داخراودا، لە کۆڵانەکانی جێرمانا دیمەشقییەکاندا و خۆم لەو کۆشکە کۆمارییە عێراقییەی سەر ڕووباری دیجلەیەدا دیتەوە، بە گومەز و پاسەوان و نەریتەکانییەوە، بە مەڕمەڕ و سام و ئەو هێزەی بە دەوروبەریدا بڵاو بووەتەوە.

دەستم بە گۆڕینەوەی ناوەکانی سیاسەتمەداران و سەربازێل و نووسەرگەلی فەرمی و شاعیرانی دەسەڵات کرد، بۆ ناوەیلێکی عەرەبی، وارێککەوت دوای ئەو خوێندنەوەیە، "ساڵح عیلمانی"ی وەرگێڕی " ئاهەنگی تەگە"م لە قاوەخانەی "ڕەوزەی" ناوەڕاستی دیمەشقدا چاوپێ کەوت، یەکەم پرسیاریشی کە لێی پرسیم لەبارەی ڕۆمانەکەوە بوو، پێم گوت بە سەرسامییەوە

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

خوێندمەوە، ئەمە ڕۆمانێکە لەبارەی کەسایەتیی " سەدام حوسێن " و دەستوپێوەندەکەیەوە، لەبارەی دەستبلاویی دەسەلات و توندوتیژییەوە، ڕێک هەر وەک ئەو بارودۆخەی لە عێراقدا بوو. سالح لەگەڵ بۆچوونەکەمدا بوو، پێی ڕاگەیاندم کە ئەویش هەر لەناو ئەو هەستەدا ژیاوە، دیکتاتۆر هەر دیکتاتۆرە، ئیسپانیاییی ڕۆژانی فرانکۆ بێ یان بەغدای سەدام حوسێن یانیش لە ئەفریقیای عەیدی ئەمیندا. وا دیارە دیکتاتۆرەکەی ئەمەریکای لاتین بە دواکەوتوویی و بێچاوڕوویی و نەزانی و دڕندایەتیی، لە دیکتاتۆری عەرەب جیاواز نییە. بەندیخانەکان و بەدکارییە قێزەونەکانیان لە یەک دەچن، هەروەها دەستوپێوەندە نەگبەت و بۆگەنەکەی کە پیتۆڵییەکی بۆ هەڵدەبەستن تێیدا نییە.

ڤارگاس یۆسا لەبارەی سەردەمی دیکتاتۆرییەکانی ئەمەریکای لاتینییەوەی نووسیوە کە چەن دەیەیەکە بەسەرچووە و دیموکراتیگەلێک جێیانی گرتووەتەوە، ڕای جیایان لەبارەوە هەیە، وەک ئەوانەی لە بەڕازیل و پیرۆ و چیللی و ئەرجەنتین. بەڵام یۆسا وەک دیارە خووی بە، بەدواداچوونی تارمایی دیکتاتۆرییەکانی دنیاوە گرتووە، سەرەڕای بیری پارێزگاری دوور لە شۆڕشگێریی. هەمووان ڕا و بۆچوونی بەرامبەر شۆڕشی کوبایان لە بیرە، کە چۆن خۆی لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکاندا پالاوت، بۆیە هەر کە ڕێژیمی سەدام ڕووخا یەکسەر سەفەری بەغدای کرد کە لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٣ دا بوو، واتە تەنیا چەند مانگێک دوای ڕووخانە بە گرمەکەی ڕێژیم لەسەردەستی پتر لە چارەکە ملیۆنێک سەربازی بیانی.



حوسێن عەلی یوونسی شاعیری عێراقی دەڵێ، کە لە شەقامی فەلەستینی ناوەندی بەغدادا سووڕاوەتەوە بەڕێکەوت یۆسای بینیوە، لەوێندەرێ نزیک گۆڕەپانی بەیرووت ڕێی کردووە، بەو دەموچاوانەی دەڕوانی لە گۆڕستانەوە

دەرچووبوون و ئەو بینایانەی لە پیرەژنی پەککەوتە دەچوون و بە دوو چاوی سیسارگێکی پیرەوە چاودێریی سەربازە ئەمەریکاییەکانی دەکرد. لەبەرئەوەی کە یۆسا لەلای نووسەرە عێراقییەکانەوە ناسراوە، حوسێن عەلی یوونس چەند سەعاتێک لەگەڵیدا بووە. وەک ئەوەی بڕواش نەکا هاوڕێیەتیی لەگەڵ نووسەرێکی جیهانی کردووە. ئەمەش حەوت ساڵ بەر لە بەدەستهێنانی پاداشتی نۆبڵ بووە.

دوای ئەوە هاتنی یۆسا لە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانیدا بڵاو بووەوە و دوای ئەوەش زانراوە، هاتووە لە ڕاستیی بارودۆخی عێراق تێ بگا و نزیک ببێتەوە لەو ئاڵۆزییانەی تەک ئەم گرکانە جیهانییە، پێم وایە دەیانگوت لە ڕۆژنامەیەکی ئیسپانیدا لەو بارەیەوەی دەنووسی.

یۆسا چووە نەجەف و چاوگە "مرجع"ە ئاینییەکانی بینیوە و لە بەغدا گفتوگۆی لەگەڵ سەرکردەکانی قەوارە سیاسییەکان کردووە و چووەتە کوردستانی عێراق و چاوی بە سیاسییە گەورەکان و بەرپرسان کەوتووە.

هەروەها لەگەڵ شەقامی فرە چەشنی و هاودژانیدا ژیاوە و گەواهیی هاووڵاتییانی ئاساییی لەبارەی گۆڕانکارییە نوێیەکان و ڕژێمی پێشوو و پەلاماری بیانی و چەمکی رزگاری و داگیرکردن و بەرگرییەوە پێشکێش کردووە. هەموو ئەمانەش لە ڕوانگەی برە خەڵکێکی فراوانی عێراقیی باشوور و باکور و خۆرهەڵات و ڕۆژئاواوە.

ئەوساکە لە دیمەشق دەژیام، خۆزگەم بەوان خواست و لەلام مخابن بوو کە لە وڵاتدا نەبووم. خۆزگەم بەوان، چونکە من وەک نووسەر ڕۆژێک لە ڕۆژان بیرم لە ئەنجامدانی ڕەنجێکی وەک ئەو نەکردەوە، لە گەڵ ئەوەشدا کە ئەمە ئەرکی منە وەک نووسەر و کارمەندی ڕاگەیاندن. بیرم لەوە کردەوە ئەم پیاوە چۆن ئەم هەستە هاندەر و توانایەی تێدایە ڕەنجێکی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی وەها ئەنجام بدا لەپێناوی وێنەکێشانی نەخشەیەکی گشتگیر لەبارەی وڵاتێکەوە کەوا ئەو ڕووداوە کارەساتئامێزانە ژیاوە.

بێگومان یۆسا گەنجینەیەکی مادەی بەبەهای خاوی دۆزیوەتەوە بۆ شیکردنەوە و خستنە بەرچاو و بە بەڵگەکردن و گێڕانەوە، ئەو شتەی هیچ نووسەرێکی عێراقی تاقیی نەکردووەتەوە. ڕۆماننووس بێ یان بیرمەند یانیش شاعیر. ئەو ساتانە ساتگەلێکی مێژوویی بوون. نەک تەنیا لە عێراقدا، بگرە لە ئاستی عەرەبی و جیهانیشدا.

ژیان لەگەڵ ئەو ساتانە ئەزموونێکی دانسقەی لە بیرنەکراوە، جگە لەو خۆزگە خواستنە هەستم بە مخابنبوونیش دەکرد، ئەمەتا لێرە نووسەرێکی ئەمەریکای لاتینمان لایە تا ئەم ڕادەیە بایەخی بەو کودەتا مێژووییییە گەورەیە داوە کە لە بەشێکی تری جیهاندا ڕووی داوە.

باری ماندوویی سەفەری ناوەتە سەرشان و بەسەر مەترسییەکاندا کەوتووە و هاتووەتە لای گەلێکی لە زمان و داوونەریت و بیردا لە خۆی نامۆدا ببینێ لەسەر نەخشەیدا چی ڕوو دەدا و

کتێبێک لەبارەی ئەو ئەزموونەوە بنووسێ کە دوای ئەوەی یۆسا نۆبڵی بەدەست خست بووە پڕفرۆشترینی کتێبان. ئەو کتێبەی بە ناونیشانی ڕۆژانە یاداشتێک لە عێراقدا "يوميات في العراق "وە وەرگێڕراوە.

هیچ یەکێک لە ڕۆشنبیرە عەرەبەکان نەیانوێراوە سواری ئەم هۆیە مەترسییە ببێ، ئەزموونی عێراقی توندوتیژ و هەمەجۆرە، ئەو باوەڕ و بەڵگەنەویستانە دەشڵقێنێ کە چەندیان لەسەر ژیاوین، بەڵام حەزی زانینی هیچ بیرمەندێک یان نووسەرێکی عەرەبی نەوروو‌ژاندووە تا لەسەر پەردەی ڕاستیدا بیانبینێ، کەچی ئەزموونی عێراقی فرەدڵ و ورووژێن لە بیری عەرەبیدا و چێژگەی لە پاڵاوتگەی ئایدیۆلۆجیادا و فەرمانە پێشینەکان و سادەکردنەوە و پشت بە بەڵگەنەویستە پێشینەکان بەستن و ئەو دروشمانەی ڕۆژگار سەرنەگرتن و کرچوکاڵییانی سەلماندووە، هەندێک لە نووسەرانی عەرەب لە ڕۆماننووس و شاعیر و تیۆرینووس گەیشتوونەتە ئەو ڕادە نزمەی کتێبان و ڕۆمانان لەبارەی ڕووداوگەلێکەوە بنووسن لەسەر شاشەی تیڤییە ئاسمانییەکاندا نەبێ نەیانبینیون و لە ڕێی هەواڵە بە پەلەکانەوە نەبێ بە مەترسییان نەزانیوە، ئەوەش لە ڕێی بنەمای پێودانگی خودی کە پێوەندییەکی بە ڕاستییەوە نییە، ئەم سووکایەتی پێکردنە بیرمەندانە و هونەرییە، ئەم "ستریۆتایپ"ە عەرەبییە، تەواوێک دوورە لە نووسەری بەرپرسیار و پابەند بە پیشەی نووسینەوەی وەک ماریۆ ڤارگاس یۆسا. ئەمەش گرفتی نووسەری پابەند دێنێتەوە بیر، بەڵام نەک پابەندی ئایدیۆلۆجی، بگرە پابەندی بە ڕیالیزمی و مرۆڤانە و هەڵسوکەوت لەگەڵدا کردن و کار لەیەککردن لەگەڵ ئەوەی بە درێژاییی ڕۆژ و سەعات بەرهەمی دەهێنێ.

زۆربەی ڕۆمانەکانی یۆسا، لە " کێ مۆلێرۆی کوشت "ەوە تا "گەمەکانی کیژە منداڵە بەدکردەوەکە"، هەناسەیەکی ڕیالیزمییان تێدایە، هەستپێکراو و بەدەستەوە هاتوو و تاقی کراو، دەورگەلێکی بەبایەخ لە بنیاتە هونەرییەکانیان و ئەفسوونی گێڕاوەیاندا دەبینن، فرەجوانیی ژیانی متبووی ناو وردەکارییەکانی، کە دەڵێی بە دوای ئامۆژگارییەکانی سیدۆریی ژنە خاوەن مەیخانەکەی داستانی گلگامش کەوتووە، کە ئامۆژگاریی دەکا و دەڵێ: " گەمە لەگەڵ هاوسەرە لەناو ئامێزەکەتدا بکە و ورگت پڕکە لە خۆراک و منداڵی بەردەستیشت بلاوێنەوە ". ئەمەش بەشێکە لە پەندی کتێبی " بە پلکدا هەڵگوتن ".

گەمەکانی کیژە منداڵە بەدکردەوەکە "ش هەزار و یەک شەوێکی هاوچەرخە، لەبارەی ئافرەت و مرۆڤەوە بەشێوەیەکی گشتی، تێیدا یۆسا ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووداو دەچێ، بۆ ئەوەی گێڕانەوە ببێتە سەرەڕۆیی و چێژێکی ڕووت، بێ ئەوەی بایەخێکی زۆر بە شیکردنەوەی فەلسەفی یان بە جوانکارییەکانی زمان و بنیاتی نووسین بدا. ژنەکە ڕووتە، پیاوەکەش لە تەواوی شکۆی ڕیزپەڕدایە، بەڵام " ئاهەنگی تەگە " پانۆڕامایەکی دووبارە نەبووەوەی دیکتاتۆرێکە لەوانەیە لە داهاتووی مێژووی مرۆڤایەتیدا دووبارە نەبێتەوە.

ڕۆشنبیرە عێراقییەکان ئەم ڕۆمانانەیان قۆستووەتەوە، بە تایبەتیش " ئاهەنگی تەگە " و " بە پلکدا هەڵگوتن "، هەر وەکو بەری بیرێکی ناوەخۆیی بن، دوای زانینی هەواڵی بایەخدانی ئەم نووسەرە بە خەمەکانی عێراقی وڵاتیان و گەڕانی بە دوای ڕاستییەکانی دوای ئەو بلەرزە گەورەیەی تەختی دیکتاتۆری ڕووخاند لە چێژی تاکی عیراقی نزیکتر بووەتەوە. هەروەها دوای ئەوەی ڤارگاس یۆسا پاداشتی نۆبڵی بردەوە و تۆڕی " تەونی " فەیسبوکی ئەدیبانی عێراق دەستی بەوەشانکردنی چیرۆک و گەلێک گێڕانەوەی لەبارەی یۆسای عێراقییەوە بڵاو کردەوە کە بە دەستە جلە سپییەکەیەوە لە ڕۆژێکی حوزەیرانی گەرمدا بە شەقامی فەڵەستیندا پیاسەی کردووە و بە کتێبخانەکانی شەقامی موتەنەبیدا گەڕاوە و ئینجا، لە قاوەخانەی شابەندەردا دانیشتووە، کە دوور نییە لەو قەڵای دەرەکەی مەدحەت پاشای والی، ویلایەتی بەغدای لێوە حوکم کردووە و یەکەم چاپخانە و ڕۆژنامەی لە وڵات دامەزراندووە و ناوی " زەورا "ی لێ ناوە و چای سەنگینی عێراقیی لێ نۆش کردووە و هەندێکان گوتوویانە: بینیویەتی تووتنی قورسی عێراقیی کێشاوە. لەگەڵ ڕیاز قاسمی شاعیری سالانی شەست و چاوێکی بەو وێنەی هونەرمەندانی عێراق و عەرەبانەدا گێڕاوە کە لەسەر دیواری قاوەخانەکەدا پەرت بوون، نزیکەی پێنج ساڵ بەر لەوەی بتەقێنرێتەوە.

ڕۆماننووسە لاوەکان " نامەگەلێک بۆ ڕۆماننووسێکی لاو "ی یۆسا بە پەرۆشەوە دەستاودەست دەکەن و بە شوێن ئەو ڕۆژانە یاداشتەیدا دەگەڕێن کە لە کتێبێکدا لەبارەی سەردانەکەی عێراقییەوە دەری کردووە، کە دە ڕۆژی خایاندووە و تێیدا بەشێکی بایەخداری لەبارەی هەرێمی کوردستان و داواکارییەکانی سیاسییە کوردەکانەوە نووسیوە کە چاوی پێیان کەوتووە و هەروەها لەبارەی خەمەکانی گەلێکەوە کە نزیکەی بیست ساڵە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ناوەندیدا دەژین. ئەم پەرۆشییە بۆ ناسینی جیهان و ئەزموونی ژیان لەناو ڕۆشنبیریی جیا جیادا و بەرینیی ئاسۆگەی شارستانی و گشتگیرییە زانستییە و لە گەرمیدا دەست لە گرکان دانە.

ئەدەبی ماریۆ ڤارگاس یۆسای کردووەتە ئەدەبێکی مرۆڤانە کە لایەنی خەونەکانی گشت گەلان بەر نادا. لە زۆربەی ڕۆمان و وتارەکانیدا لە خوێنەوار نزیک دەبێتەوە هەر وەک بلێی برادەرێکی کۆنە و باسی چیرۆکگەلی وەچەی مرۆڤی بۆ دەکا. چیرۆکگەلی لەیەکچوو و بە پێکەنین و بە گریانهێن، درۆزن و هاودژی وەک هاودژیی مرۆ بەخۆی، هەرچەندێک بە ئاین و زمان و ڕەنگ لە یەک جیا بن.

سەرچاوە:

ڕۆژنامەی " المستقبل "ی ژمارە ( ٣٨٠٣ ) ی ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠.

# خوێندنەوەیەک بۆ ڕەوتەکەی عەدنان کەریم و ئەلبوومی "وەفایی"

وشیار ئەحمەد ئەسوەد

نووسینی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن لەبارەی بەرهەمەکانی عەدنان کەریمەوە ئاسان نییە، نەک لەبەرئەوەی تێگەیشتنمان بۆ گۆرانی و میلۆدییەکانی ئەو هونەرمەندە ئەستەم بێ، بێگومان هەر یەکەمان لە ئاستێکدا دەتوانین پەی بەکارەکانی بەرین، واتە هەریەکەو بەپێی تێگەیشتنی خۆی خوێندنەوەی بۆ دەکات، بگرە ئەستەمییەکەی لەوێدایە ئەو هونەرمەندە بەجۆرێک ڕۆ چووەتە ناو خەڵکەوە، پێم وا نییە کەسانێکی هێشتبێتەوە ئامادەبێ خوێندنەوەی ڕەخنە یاخۆ ئاماژەدان بەخاڵێکی نەرێنییان لەبارەیەوە هەبێ، ڕاستیتان دەوێ ئەمەش لایەنێ کی تری سەرکەوتنەکانی عەدنانە لە ڕەوتە هونەرییەکەیدا، ئەگەرچی مەرجیش نییە خزمەتی ڕژدی بکا، چونکە کاتێک ئێمە دەتوانین لە خزمەتی هونەرمەندێکدا بین، ئەگەر بوارمان بۆ هەڵسەنگاندنە هونەری و ڕەخنەییەکان بۆ بهێڵێتەوە، ئەمەش نەک بەو هۆیەی خۆی ئامادەیی ڕەخنەگرتن و خوێندنەوەی ڕەخنەی لەبارەوە نەبێ، بەپێچەوانەوە من وا تێ دەگەم ئەو گەیشتووەتە ئاستێکی ڕۆشنبیریی وا کە ئاسان دەرک بەدیوە ئەرێنییەکەی ڕەخنەکان بکا.

کە دەڵێم ڕەخنە و هەڵسەنگاندن، ئەمە بەو واتایە نییە بەدوای کۆمەڵێک خەوش بگەڕێین و بەخورتی زەقیان بکەینەوە، چونکە بەڕاستی عەدنان لە هونەری گۆرانی و موزیکی کوردیدا کەمترین خەوشی بەردەکەوێ، کەواتە ئەوەی بۆ ئێمە دەمێنێتەوە پتر بۆچوونە جیاوازەکانە وەک لەوەی ئاماژەدان بێ بەکەموکوڕییەکان، پێم وایە بۆ بۆچوونە جیاوازەکانیش ئەگەر بکەوینە دیالۆگێکی هێمنانەوە، پتر لە هەر کەس و لایەنێکی تر، خزمەتی ڕژدی عەدنان کەریم دەکەین کە لە ئێستەدا بووەتە یەک لە ستوونە توند و کۆڵەگە پتەوەکانی گۆرانیی کوردیی سەردەم.. کێشەی ڕژدی ئێمە لەگەڵ تێگەیشتنی زۆرترین ڕێژەی هونەرمەندانە لە ڕەخنە، بێگومان لەوەدا مەبەستم

کەسی عەدنان نییە، بەڵام وەک ئاماژەم پێ دا هونەرمەندانی ئێمە پرۆسەی ڕەخنە تەنیا لە خاڵە نەرێنییەکاندا دەبیننەوە نەک هەڵسەنگاندنی ڕژدی کارەکان و پەیبردن بەتەواوی دیوەکانی بەرهەمە هونەرییەکان، بۆیە نووسینی ڕەخنەیی لە بارەیانەوە ئاسان وەرناگیرێ، ئەمەش پتر هونەرمەندانی بواری موزیک و گۆرانی و زۆرجار شانۆیش دەگرێتەوە، لە کاتێکدا هیچ لایەنێکی ڕۆشنبیری و تەواوی لایەنەکانی تری پێوەست بەداهێنان گەشە ناکەن ئەگەر پرۆسەی ڕەخنەیان لە تەکدا هاوشان نەبێ.. کەواتە لێرەوە دەهێنێ بەنووسینی ڕژد و لە دەرەوەی پیاهەڵدان، هاوکات بەهەندێک ڕێنوێنی و داواکارییەکانمان لە هونەرەکەی خۆشەویستتری بکەین.



وا دەزانم عەدنان کەریم لە مێژە ئەوەی تێپەڕاندووە پێویستی بەموجامەلە تەڕ و تازەکان بێ، پێم وایە بەشانوباڵ هەڵدانیش بۆ ئەو وەک گێڕانەوەی نوکتەیە، ئاخر لە زۆربەی ماڵە کوردانی هەر پارچەیەکی کوردستان گوێت لەو دەنگە دەبێ، مەبەستم ئەوەیە لێرە بەدواوە ئەو هونەرمەندە ئەوەندەی پێویستی بەڕەخنەی ڕژدە لەسەر بەرهەمەکانی، کەمتر پێویستی بەسینگ دەرپەڕاندنە کە پێم وا نییە ئەویش ئەوەندە حەزی لەم بەیت و بالۆرەیە بێ، بۆیە ئەگەر ئێمەیش پێمان وابێ ئەو یەک لە بەتواناترین دەنگەکانی گۆرانیی کوردییە، هاوکات ئەگەر داوای پتری لەو بوارەدا لێ دەکەین، دیسان دەهێنێ لە هەڵسەنگاندنەکاندا نەکەوینە دۆخی پیاهەڵدانەوە.

ئەمە یەکەمین جارم نییە لەبارەی ئەم هونەرمەندەوە دەدوێم، وا دەزانم لە چەند نووسینی پێشتردا وەک فێرگەیەک لە گۆرانیی کوردی ناویم بردووە، کە دەشڵێم فێرگە، شتێکی پترم لە سەنگی خۆی نەداوەتێ، ئەو لە بوارێکدا کاری ڕژدی کردووە و وەک باشوەستایەک خۆیمان پێ دەناسێنێ، بەر لەو چ کەسێکی تر خۆیان هاوشان نەکردووە، واتە ئەوەی لە دنیا تایبەتەکەی گۆرانی و دەنگ و ئەدای عەدناندا هەیە، بەتەنیا خۆی دروستی کردووە نەک ئیلهامدەری فێرگەیەکی تر بێ، ئەمەش وا دەکات وەک فێرگەیەکی سەربەخۆ سەرەتاتکێ لەگەڵ موزیک و گۆرانیی کوردی بکا.

ئێمە لە باسکردنی فێرگەدا پێویستیمان بەبوێرییەکی زۆر نییە، چونکە لە هونەری گۆرانی و موزیکی کوردیدا ژمارەیەک فێرگەمان هەن، بەڵام ئەوەی عەدنان لە فێرگەکانی تر جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە ئێمە لە هەڕەتی گەنجیی کارە هونەرییەکانیدا وەک فێرگەیەک دەیخەینە بەر ئاماژەوە،

هەواڵنامەی کوردستان

چونکە لای ئێمە وا باوە هونەرمەند کە کۆچی دوایی دەکات، دوای خۆی وەک فێرگە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەین، لەگەڵ ئەوەشدا جیا لە عەدنان فێرگەی تریشمان لەو بوارە هونەرییە و بوارەکانی تریشدا هەن، بەڵام هەڵبژاردنەکانی عەدنان لە پەیبردن بەدیوە ناوازەکانی گۆرانی و میلۆدیی کوردی خۆی دەبینێتەوە.

ئەم هونەرمەندە سەرەتاکانیشی ئاسایی نەبوو، بێگومان ئەمە جیا لە گۆرانیی (دەسماڵێ) کە دەکەوێتە بەر میلۆدییە میللییەکان، ئەو لە دواتردا تەواوی ئەو میلۆدییانەی کاری لەسەر کردوون، بەمیلۆدییە ناوازەکان لە سەردەمی خۆیاندا هەژمار کراون.. نەک تەنیا میلۆدی، بگرە لە ئەداکردنیشدا هەمان ناوازەییی پێ دەدان، ئەگەر وردتریش سەرنج بدەین، تا ئەم دەمەش عەدنان لە ئەدای گۆرانییەکانیدا تا ئاستێکی زۆر هەمان چێژە سەرەتاییەکانی خۆیمان پێ دەگەیەنێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو هونەرمەندە لە بەراییی کارەکانیدا بەتۆکمەیی دەستی پێ کرد، کەواتە لە کارە هونەرییەکانیدا قۆناخی هەرزەییی نەبینیوە، بەپێچەوانەوە وەک دەنگێکی کامڵ دەرکەوت و لە بەردەوامیدا کامڵتریش بووەوە.. بەلای منەوە ئەمەیە وا دەکات ئێمەمانان لە هەموو کەسێک پتر ڕەوتەکەی بخەینە بەر باری سەرنجەوە، چونکە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە سەردەمانەیەی قۆناخە دنیاگەراییەکەدا کە کاریگەریی زۆری لەسەر ڕەوتە هونەرییەکەی گۆرانی و موزیکی کوردیش هەبوو، عەدنان چ وەک موزیک یان میلۆدی و هەڵبژاردنی تێکستیشدا، توانی لەگەڵ جوانییەکانی دنیاگەری لەناو موزیکی کوردیدا هەڵبکا، زیندووترین نموونەشمان گۆرانییەکانی (هاوسەرە ئازیزەکەم – وەک ڕۆژانی ڕابردوو) و ئەوانی پاشتریشن، ئەوە ڕەوتێک بوو نەک تەنیا عەدنان، بگرە زۆر گۆرانیبێژ و موزیکژەنی تریش کاریان لەسەر کرد و هەریەکەشیان بەجۆرێک سەمایان لەگەڵ ڕەوتەکەدا دەکرد، لەوانە (بەهجەت یەحیا و بورهان مەجید) و دوای ئەوانیش (دیاری قەرەداغی و ماهیر محەمەد ئەمین) و چەندانی تر، ئەگەرچی هەریەکەیان لە شێوازێکی جیا لەوی تر کارەکانیان پێشانمان دەدا، بەڵام کاری هاوچەرخانەیان کردبووە پرەنسیپێک لە بەرهەمە هونەرییەکانیان، لەوەش واوەتر لە نێویاندا بەهجەت یەحیا لەسەر ستایلێکی دیاریکراودا خۆی جێگیر کرد، ئەو جێگیربوونەش وای کرد لە دوای گۆرانییەکانی (نیشانەی پیری – دەروێشی ئەشق – کۆڕی ئەمشەو) و ئەوانی تریش کە هەریەک لەو گۆرانییانە دەنگدانەوەی گەورەیان لەناو جەماوەر و کۆڕە هونەرییەکەشدا دروست کرد، بەڵام لەوە واوەتر تەواوی کارە هونەرییەکانی بەهجەت یەحیا خولانەوە بووە لە هەمان بازنەدا، ئەمەیە وا دەکات ئێمە نەتوانین هەڵسەنگاندنی جیاواز بۆ هیچ یەکێک لە بەرهەمە نوێیەکانی بەهجەت بکەین، چونکە لەو ستایلە کارکردنەیدا ئەو هونەرمەندە گەنجە هەرچیمان بۆ بکا، تەنیا پێشاندانی ئاستی ئەو گۆرانییانەیە کە بەنموونە هێنامنەوە، واتە لەو کاتەوە تا ئێستایش ئەگەر بمانەوێ هەڵسەنگاندن بۆ بەهجەت بکەین، دەبێ دابەشی بکەینە سەر دوو قۆناخی جیاواز، قۆناخێکیان لە گۆرانییە پایزییەکەیەوە تا (سۆزی شەوێک) دەست پێ دەکات، لە قۆناخی دووەمیشدا بەگۆرانییە سۆفیزمەکانی بەکۆتا دێت، کەواتە

بەهجەت ئێستا لەناو گێژەنی سۆفیزمدا خۆی گرمۆڵە کردووە، ئەمە لە کاتێکدا ئێمە دەزانین توانا دەنگییەکەی زۆر لەوە پترە لەسەر ستایلێکی دیاریکراو بمێنێتەوە، بێگومان ئەویش یەک لە سەنگە گەورەکانی گۆرانیی کوردییە بۆیە وەک نموونە کەوتووەتە بەر قەڵەم.. لێرەوەیە دەهێنێ عەدنان کەریم ڕاچڵەکێنین، چونکە عەدنانیش خەریکە هەمان شێوە کارکردن دەکاتە پرەنسیپ، بێگومان بەجیاوازیی ستایلەکانیان، ئەوەی دەیبینین ماوەیەکی کەم نییە عەدنان لەسەر ئەو ستایلە کارکردنە وەستاوە کە ئێمە لە سەرەتادا وەک داهێنانێک لێمان وەرگرت، ئەویش یارییەکی هونەرییانەی میلۆدییەکانیەتی لەسەر تێکستە کلاسیکەکان.

ئەوەی بەلای منەوە نامۆیە، زۆربەی هونەرمەندانی ئەم بوارە تا ئێستە شکڵە دروستەکەی کلاسیکیان لە کارە ئەفرێنەرەکان نەدۆزیوەتەوە، یان بەدروستی کاریان لەسەر نەکردووە، لەوەیش ڕاستتر لێی نەگەیشتوون، بۆیە زۆرجار کلاسیک و هونەری میللی و فۆلکلۆر لەلایان تێکەڵ بەیەکتری دەبن، تا ئێستەش لای ئێمە کلاسیک بەفۆڕمە کۆنەکەی لە قالب دەدرێت و کاری لەسەر دەکرێ، بۆیە دەبینین زۆربەی ئەو میلۆدییانەی لەسەر تێکستە کلاسیکەکان کاریان لەسەر کراوە، شێوازە میللیگەراکە تێ ناپەڕێنن، یان دەخزێنە نێو میلۆدییە باو و سادە و سوواوەکانەوە، دەگمەنن ئەو میلۆدییانەی لە تێکستی کلاسیکەوە لەدایک دەبن و ئاوێتە بەموزیک و ستایلە سەردەمییەکان دەکرێن، بۆیە بەدیدی من دەخوازێ بەر لە دەستبردن بۆ تێکستە کلاسیکەکان و ئاوێتەکردنیان بەمیلۆدیی کوردی، ئەرکی دانەری میلۆدی و دەنگبێژیشە چەمکە سەردەمانەکە هەرس بکا و پاشان بەناوی مۆدێرنەوە یارییان لەگەڵدا بکا، نەک تەواوی فەلسەفەکانی شاعیرە کلاسیکییەکان تێپەڕێنێ و تەنیا وەک کێش و سەروای شیعری لە تێکستەکانیان بڕوانێ کە دەکرێ میلۆدیی حازربەدەستی بۆ پێک بهێنرێ.

ئاخر ئەم هونەرمەندە لێرەوە خۆی لە هەموو ئەوانی تر جیا کردووەتەوە و بەئەقڵێکی هونەریی کراوەتر کارەکانی لەو ستایلەدا کردووە، واتە لە سەما هونەرییەکاندا ئەو هونەرمەندە بەمامۆستایەکی داهێنەری ئەو ستایلە هەژمار دەکرێ و ئەمەیان لای ئێمە یەکلا بووەتەوە، بەڵام ئەوەی من مەبەستمە بیخەمە بەر ئاماژەوە، ئەو پرسیارەیە (ئایا هەموو توانا هونەرییەکانی عەدنان کەریم لەم ستایلە نوێیەدا کۆ بوونەتەوە، یان دەکرێ ئەمەش جێ بێڵێ و بەشوێنێکی نوێتر بگات؟).

بەر لە بڵاوبوونەوەی ئەلبوومی "وەفایی" کە دووبارە یاریکردنی عەدنانە لەگەڵ کلاسیک، ئەو بەڕێژەیەکی زۆر هەمان ئەو جۆرە کارانەی کردبوو، بۆیە گۆرانییەکانی "وەفایی"ش بەئێمەمانان نامۆ نەبوون، واتە چاوەڕوانی ئەو ستایلە گۆرانییەمان لە عەدنان دەکرد کە خەریکە بەشێوازە (عەدنانی)یەکە دەناسرێتەوە، بەڕاست من وای دەبینمەوە جوانییەکانی هەر هونەرمەندێکیش لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە جار لە دوای جار جەماوەرەکەی یان هۆگرانی دەنگەکەی چاوەڕوانی پتر و جیاوازتری لێ بکەن و ئەویش ویستەکانیان بۆ دابین بکا، بەتایبەتیش ئەو نوخبەیەی جگە لە

چێژوەرگرتن لە سۆزەکانی، بەچاوی ڕەخنەوە دیوە هونەرییەکەشی وەردەگرن.. بۆ عەدنانیش بەهەمان شێوەیە، چونکە جیا لەوەی ئەو هونەرمەندە بەو شێوازەی خەریکە بەجێگیری کاری لەسەر دەکات و هەوادارانیشی بەچاوی عەجەبەوە لێی دەڕوانن، بەڵام ئەوەش دەزانین توانا هونەرییەکەی ئەو زۆر لەوە پترە کە لە "وەفایی"دا پێشانی داوین.. با واز لە چەپڵەڕێزانی جەماوەر بێنین، چونکە ئەگەر تەنیا وەک سۆزیش دەنگی عەدنان وەربگرین، بەهۆی ئەوەی دەنگێکی دروست نوێی کوردانەیە و هاوکات کۆمەڵە یارییەکی نوێ لە ئەدای ئەودا بەدی دەکەین، ئەمە وا دەکات چەپڵەڕێزانی جەماوەر بەردەوامیی هەبێ و ڕەنگە تا مەودایەکی دوورتریش ڕێگە ببڕێ، ئەمەیان پتر پێوەستە بەچێژی هونەرییەوە کە یەک لە توخمە وروژێنەر و کاریگەرەکانە لە هونەری گۆرانیدا، بەڵام ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لەم هەڵسەنگاندنەدا، پتر دیوە هونەری و توانا شاراوەکانی عەدنانە، توانای شاراوەش بەو واتایەی زۆری تر لەلای ئەو شک دەبرێ کە تا ئێستە پێی ئاشنا نەبووین، من ناڵێم ئەو چاوچنۆکیمان لە پێشاندانەکاندا لەگەڵ دەکات، چونکە داهێنانەکانی ئەوەی ترازاندووە بەچاوچنۆکی بناسێنین، بەپێچەوانەوە ئەو یەک لە هونەرمەندە هەرە دڵکراوە و سەخی تەبیعەتەکانە لەگەڵ بیسەرانیدا، بەڵام ئەوەی ئێمە بەڕوونی هەستی پێ دەکەین، ئەو توانا فرەیەیە کە لای ئەو کۆ بووەتەوە و جارێ کاری لەسەر زۆر لایەن نەکردووە کە دەتوانێ بیکات، ئەگەر بڵێم ئەو دەرک بەتوانا شاراوەکانی خۆی ناکات، ڕەنگە زێدەبێژیم کردبێ، چونکە یەک لە جوانییەکانی عەدنان کەریم ئەو سەلیقەیەتی کە لە ڕۆشنبیرییە هونەرییەکەیدا خۆی کردووەتە خاوەنی، واتە ئەو دەرک بەشتەکان دەکات، پێم وایە بەئاسانیش ڕەخنەکان وەردەگرێت، بۆیە دووری نابینم بەو بەرنامەیەی ئێمە پێی ئاشنا نین کار بۆ داهاتووی خۆی بکا، لێرەشدا خۆشەویستیی ئەو هونەرمەندە وامان لێ دەکات ئەگەر بەشەلەشەلیش بێ، هەوڵ بدەین هەندێک لە توولە ڕێگەکانی لەگەڵدا ببڕین، واتە ئەگەر وردە سەرنجمان لەسەری هەبێ، بەبوێرییەکی پترەوە بیخەینە بەرچاو کە پێم وایە ئەگەر سوودمەند نەبێ لێی، بێگومان زیانمەندیش نابێ، کەواتە دەهێنێ ئێمەیش بەسەرنج و تێبینییەکانمان خۆمان لە دنیای هونەریی عەدنان و (گەمە عەدنانییەکان) نزیک بکەینەوە.

ئەمانە دروست بەو واتایەی عەدنان لە "وەفایی"دا کۆمەڵێک جوانکاریمان پێشان دەدا کە هەموومان چێژی لێ وەردەگرین، واتە ئەو توانیویەتی لە ڕووی چێژەوە نیشانەکان لە هەست و نەستی ئێمەدا بپێکێ، بەڵام ئەگەر بڕیار بێ چەمکی داهێنان لەگەڵ جوانکارییەکاندا جیاواز بێ، وا دەزانم ئەو لە "وەفایی"دا جوانکاریی کردووە.. لێرەوە مافی ئێمەیە وەک ئاشقانی دەنگی ئەو هونەرمەندە، لەوەی ئاگەدار بکەینەوە کە ئێمە کارکردنیمان لەسەر کلاسیک لێ وەرگرتووە و بۆ هونەری کوردیش جۆرێکە لە دەوڵەمەندکردنی ئەرشیفی داهێنانەکان، بەڵام ئەوەش دەزانین کە گەنجینەکەی عەدنان زۆر لەوە پتری تێدایە و چاوەڕوانی دیتنی دەکەین، بۆیە جوانتر دەبێتەوە ئەگەر تەنیا لەسەر ئەم ستایلە نەوەستێ و بەکاری ڕژدتر و داهێنانی نوێترمان ئاشنا بکا.

ئەگەر بمانەوێ لە هەڵسەنگاندنەکاندا وەک داهێنەرێک عەدنان کەریم بخەینە بەر ئاماژەوە، بێگومان پەنجەدانانی لەسەر خاڵەکان پێ دەوێ، لەبەرئەوەی داهێنانی ئەو هونەرمەندە تەنیا لەو چێژەدا نییە کە لە ڕێگەی دەنگە بەسۆزەکەیەوە پێمان دەگات، زۆرن ئەوانەی لە دەنگدا خاوەنی سۆزی باڵان، بەڵام نەیانزانیوە چۆن لە ڕێگەی ئەو سۆزەوە کاری نوێ و ئەفرێنەرانەمان پێشان بدەن، کەواتە داهێنان ناکەوێتە بەر جۆری دەنگ ئەوەندەی پێوەندیی بەگەمە هونەرییە سەردەمانەکەوە هەیە، ڕەنگە هەندێک هونەرمەندی دەگمەن هەبن داهێنانەکان بەر لە کارەکانیان بکەوێتە بەر دەنگیان، ئاخر جگە لە کارە پڕ بایەخ و ناوازەکانی مەزهەری خالقی، هاوکات ئەو هونەرمەندە باش دەزانێ چۆن داهێنان لە دەنگە ناوازەکەیدا دروست بکا، بەڵام نموونەی وەک مەزهەریش لە گۆرانیی کوردیدا دەگمەنە، بۆیە من ناتوانم هەردوو دەنگی عەدنان و مەزهەر لە تای تەرازوویەکدا هەڵسەنگێنم، ڕاستیتان دەوێ عەدنان جیا لە سەما دەنگییەکان کە پێی دەناسرێتەوە، ئەو لە هەڵسوکەوتی لەگەڵ تێکستە کلاسیکەکان و بەرجەستەبوونی میلۆدییەکانی لەو تێکستانەدا گەیاندوویەتیە ئاستی داهێنان کە ئەمەش دنیایەک هەوراز و نشێوی دەهێنێتە پێش، بەڵام ئەوەی تا ئێستە ئێمە بینیومانە، ئەو کەسێکی بوێر بووە و شانی داوەتە بەر ئەستەمی و سەختییەکان.

عەدنان دوای یارییە هونەرییەکانی لەگەڵ میلۆدییە هاوسەردەمەکان، دابڕانێکی کورتی دروست کرد، دوور نییە ئەو دابڕانەش پێوەندیی بەو ساتەوەختانەوە هەبێ کە کوردستانی جێ هێشت و لە سوێد گیرسایەوە، لەمەیاندا ناهێنێ بیخەینە بەر تانەوە، چونکە ئەو دواتر بەگەنجینەیەکی پڕترەوە خۆی پێشان داینەوە، ئەگەر بڕیار بێ داهێنانەکانی پێوەست بەو گەنجینەیە بن، من دەڵێم ئەو لە گۆرانییەکانی (ئەڕۆی ئۆغر – پایز بوو باران نم نم دەباری – چاوی مەخمووری) و ئەوانی تر وەک داهێنەرێکی ڕەزاسووک خۆی پێ ناساندینەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کارکردنی لەسەر ئەو ستایلە و بەو شێوە دروستەی خۆی خاوەنداریەتیی کرد، وەک ناوێکی دیاری هونەری موزیک و گۆرانیی کوردی خۆی لەنێو تێکستە کلاسیکەکاندا بەرجەستە کرد، لە هەموو ئەمانەشدا مەبەستم ئەوەیە بۆ یەکەمین جار عەدنان کەریم بوو لەو ئاستە بەرزەدا گەمەی هونەریی هاوچەرخی لەگەڵ تێکستە کلاسیکەکاندا کرد، لەوەش بەدواوە ئەو هونەرمەندە هەرچیمان بۆ بکا، تەنیا جوانکارییە لەو ستایلە گۆرانییە نەک داهێنان، چونکە عەدنان وەک داهێنان لە سەرەتای کارکردنی لەسەر ئەو ستایلە نیشانەکانی پێکا و توانی خۆی بهاوێتە ئەرشیفی داهێنانەکانی هونەری گۆرانیی کوردییەوە، هەموو ئەوانی تریش گەمەی دووبارەکردنەوەی ئەو داهێنانەن، یان ڕتووشکردنی هەندێکی ترن بەمیلۆدیی جیاواز لەوانی تر، بۆیە ئەوەی ئێستە کاری لەسەر دەکات، دەکرێ وەک گۆرانیی نوێ و جوانکاری لێی وەربگرین، نەک داهێنانێک بەناوی تێپەڕاندنی قۆناخێک و دروستکردنی قۆناخێکی تر، کەواتە ئەگەر ئەم هونەرمەندە تا ماوە و مەودایەکی دوورتریش لەسەر هەمان ستایل کار بکا، کارەکانیشی لە هەر ئاستێکدا بن، دەچنە بۆتەی جوانکارییەکانەوە و

داهێنانەکەی پێشتری تێ ناپەڕێنێ، خەمی ئێمەش لەوێدایە، چونکە گومانمان نییە لەوەی وەک پێشتر ئاماژەم پێ دا، توانای هونەریی عەدنان لەوە پترە کە لە "وەفایی"دا پێشانی داوین.

ئەم بۆچوونە کەمکردنەوە نییە لە جوانییەکانی ئەلبوومی "وەفایی"، چونکە ئەگەر "وەفایی" بخەینە بۆتەی هەڵسەنگاندنەوە، عەدنان توانی بەبەرهەمەکانی ئەو ئەلبوومەی زۆرترین چێژ بەبیسەرانی بگەیەنێ، واتە لە بەرهەمهێنانی ئەو ئەلبوومەدا توانیویەتی سەرکەوتوو بێ، هاوکات جیا لە پێدانی چێژ، نوێکاریی ڕوون لە هەندێک لە گۆرانییەکانی دەبینین کە پێشتر کاری لەسەر نەکردوون، بەتایبەتیش لە کارە هارمۆنیکییەکاندا، بۆ ئەمەیان دەتوانین گۆرانیی (خەندەی گوڵ) وەک نموونە وەربگرین کە تراکی دووەمی ئەلبوومەکەیەتی، لەوێدا کارێکی هارمۆنیکیت لە پشتی دەنگەکانەوە گوێ لێ دەبێ، لە گۆرانییەکانی ئەم هونەرمەندەدا کەمتر لەسەر ئەو تەرزە کارانە ڕاهاتووین، واتە شتێکی نوێمان گوێ لێ دەبێ، ئەمە جیا لەوەی لە "وەفایی"دا عەدنان جوانترین گەمەی لەگەڵ مەقامەکاندا کردووە.. یەک لەو شتە باوانەی ئێمە لە گۆرانیی کوردی و لەلای گۆرانیبێژەکانمان هەستی پێ دەکەین، ئەوەیە هەر گۆرانیبێژێک جیا لە شارەزاییی ژمارەیەک لە مەقامەکان، هاوکات پێوەستیی پتری دەکەوێتە سەر مەقامێک، واتە لە مەقامێکی دیاریکراودا دەتوانێ زۆرترین چێژ بەبیسەر بگەیەنێ، بەڵام ئەمەیان لەلای عەدنان نەکەوتووەتە بەر بایەخەوە کە بەبۆچوونی من ئەویش جوانییەکی تری هونەرەکەیەتی، لە گۆرانییەکانی ئەلبوومەکەیدا ئەو تەرزە کارانە دەبینین، گۆرانیی (ڕیشەی دڵ) کە تراکی یەکەمی ئەلبوومەکەیەتی و دەکەوێتە سەر پەیژەی مەقامی "بەیات" عەدنان بەکورتە مەقامێکی "قەتار" شادمان دەکات، ئەو هونەرمەندە ڕاستە لەدایکبووی کەرکووکە، بەڵام پەروەردەی دەڤەری گەرمیان نییە و مەقامەکەش دروست پێوەستە بەگەرمیانەوە، بۆیە



دەرچوون لە ناوچەگەریەتی و پەیبردن بەو مەقامە ئاسان نییە، ئەمەش نوێکارییەکی تریەتی، ئەگەرچی دەکرا بۆ جوانترکردنی کارەکەی بەهەمان تێکستەکەی "وەفایی"ی شاعیر مەقامەکەی بەرگوێ بخستینایە، هاوکات جیا لە "قەتار"، جوانتر دەبوو ئەگەر لە کۆپلەی دووەمی

گۆرانییەکەیدا "بەرزەقەتار-خاوکەر"ەکەشمان پێ بگەیەنێ، لەبەرئەوەی "قەتار" دەکەوێتە سەر پەیژەی "بەیات" و "خاوکەر"یش لەسەر پەیژەی مەقامی "حیجاز"ە، بۆیە لەو کاتەدا ئەستەم نەدەبوو گۆڕانکاری لە مەقامەکانیش بکا و بەمەش جۆرێک لە ناوازەیی بەبەرهەمەکەی بدا، کە دەڵێم ئەمەیان بۆ عەدنان ئەستەم نییە، چونکە ئەو لە گۆرانیی (خەندەی گوڵ)دا دروست ئەو کارەی لە گۆڕانکارییە مەقامییەکاندا کردووە، لەوێدا گەمەیەکی هونەری لەگەڵ هەردوو مەقامی "نەهاوەند" و "حیجاز"دا دەکات، کەواتە ئەم جۆرە کارانە بەو نامۆ نین.

ئەو گەمە مەقامی و گۆڕانکارییانەی لە "وەفایی"دا عەدنان پێمانی ئاشنا دەکات، هونەرێکی نوێ نییە لە گۆرانی و مەقامی کوردیدا، زۆرن ئەو هونەرمەندانەی لە کۆنیشدا ئەو کارانەیان لە ئەدا مەقامییەکاندا کردووە، بەڵام عەدنان گەمەکانی لەناو بەستەکاندا بەرجەستە کردووە، ئەوەیان لە گۆرانیی (هیجری تۆ)شدا گوێبیست دەبین، بەڵام لەوێدا تەنیا لەسەر گۆڕانکارییە مەقامییەکان نەوەستاوە، بگرە هەمان ئەو گەمەیەی لەگەڵ ڕیتمەکانیشدا کردووە، ئەو بەپەیژەی "هومایۆن" دەست پێ دەکات، بەڵام لە کۆپلەی دووەمیدا دەگوازێتەوە سەر ڕیتمی "گەڕیان" و مەقامی "حیجاز"، لە کۆتای کۆپلەی دووەمیشدا دەگەڕێتەوە بۆ سەر هەمان مەقامی سەرەکیی گۆرانییەکەی کە "هومایۆن"ە، بەدرێژایی ئەو گۆرانییە سەمایەکی مەقامی لە نێوان "حیجاز" و "هومایۆن"دا دەکات.

یارییە مەقامی و ڕیتمییەکانی ئەم هونەرمەندە لە زۆربەی گۆرانییەکانی ئەلبوومەکەیدا بەرجەستەن، تەنانەت میلۆدییە فۆلکلۆرییەکەشی بەسادەیی جێ نەهێشتووە، ئەو لە گۆرانیی (لەرزانێ) کە شیعری مەولەوی و وەلی دێوانە و میلۆدییەکەشی لە خانەی فۆلکلۆردایە و لەسەر ڕیتمی "هێوە" کاری بۆ کراوە، دیسان گەمە لەگەڵ "نەهاوەند" و "حیجاز"دا دەکات.. بەڵام لە گۆرانیی (ناڵەی بولبول)دا یارییەکی تر دەکات، ئەویش هاتوچۆیەکی خێرایە بەناو تێکستەکە کە هی (وەفایی)ی شاعیرە، عەدنان لەم گۆرانییەدا خۆی بەدێر لە دوای دێری تێکستەکە نابەستێتەوە، گۆرانییەکە لە کۆتا بۆ ناوەڕاست و پاشان بۆ سەرەتا دەست پێ دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ لە هەر دێرێکدا شاعیر گرێدراوی تەواوی دێرەکانی تری شیعرەکەیە لە چمکی خۆشەویستیی مەحبووبەکەیدا.

وەک گوتم عەدنان کێشەی لەگەڵ مەقامە جیاوازەکاندا نییە کە میلۆدییان لەسەر دروست دەکات، ئەمەیان دیوێکی ترە و لەسەری وەستاین، بەڵام کاتێک گۆرانیی (ئەم دڵەم) بەدوای گۆرانیی (ناڵەی بولبول) لە ئەلبوومەکەیدا دێنێ، دەبوو لە ڕیزبەندیی گۆرانییەکانیدا حیسابی بۆ جیاوازی یاخۆ وێکچوونی پەیژە مەقامییەکان بکردایە، چونکە (ئەم دڵەم)یش هاوشێوەی (ناڵەی بولبول) دەکەوێتە سەر پەیژەی "نەهاوەند"، ئەمە جیا لەوەی لە جۆر و شێوەی میلۆدییەکەشدا هەردوو گۆرانی هاوشان و هاوئاست دەبن، لێرەشدا چێژی هاوشێوە بەبیسەر دەدەن، لە کاتێکدا لە گوێگرتن لە ئەلبوومی گۆرانی یاخۆ شارایەک لە گۆرانی، بیسەر پێویستی بەجیاکردنەوە و

جیاوازی لە وەرگرتنی چێژ دەبێ، دەکرا لە ڕیزبەندیی گۆرانییەکانی ئەو ئەلبوومەیدا دووری یان وێکچوونی پەیژە مەقامییەکانی لە میلۆدییەکاندا بەهەند وەربگرتایە.

قسەم لەسەر گۆرانیی (نەشئەی بادە) نییە و هەر ئاماژەیەکیش جوینەوەی بۆچوونەکانی پێشتر دەردەخات، بەڵام بەتایبەتی گۆرانیی (یادی جاران) لەسەر وەستانی ڕژدی پێ دەوێ، ئەو گۆرانییە لەسەر ڕیتمی خێرا "دەهۆڵی" و یارییەکی نێوان هەردوو پەیژەی "دەشت" و "بەیات"ە.. من لە زۆر نووسینی پێشترمدا ئاماژەم بەوە داوە کە زۆربەی هونەرمەندانی ئێمە هەوڵی پڕکردنەوەی ئەلبووم بەزۆرترین گۆرانی دەدەن، ئەمەیان ڕەنگە بۆ ژمارەیەکی زۆریان کە لە ئاستێکی ڕۆشنبیریی وادا نین ئیرەییان پێ بەرین، ئاسایی بێ و هاوکات زۆر گوێ بەڕەخنە و حەزەکانی جەماوەریش نەدەن، بەڵام بۆ کەسایەتییەکی وەک عەدنان کەریم دەهێنێ چڕتر لەبارەیەوە بدوێین، چونکە بەپێی ئەو ئاستەی تا ئێستە لە بەرهەمەکانیدا پێشانی داوین، هەرگیز ناتوانم باوەڕ بەوە بکەم تەنانەت خۆیشی (یادی جاران) بەهاوشانی بەرهەمەکانی تری بناسێنێ، چونکە جیا لە نمایشکردنی میلۆدییەکی تەقلیدی و سادە، دەنگە ڕاستینەکەی خۆی لێ ون کردووین، من بۆچوونی زۆر کەسی ترم لەم بارەیەوە وەرگرتووە، ئەمەش بەو هۆیەی نەک بۆچوونەکەم پێوەندیی بەچێژی کەسیمەوە هەبێ، بەڵام زۆربەی بۆچوونەکان ئەو بەرهەمە بەهاوشانی بەرهەمەکانی تری نابینن.. ئەدی گۆرانیی میللی و فۆلکلۆری، بەتایبەتیش لە ڕیتمە خێراکان، هونەرێکی جیاوازە لەو ڕێوشوێنە هونەرییانەی کە عەدنان گرتوویەتیە بەر، ئێمە تەنانەت ئەگەر (دەسماڵێ)ش لە یادەوەریماندا مابێت، پتر بۆ قۆناخەکەی دەگەڕێتەوە کە ئەودەم زۆربەی گۆرانییەکان ئاسانتر لە ئێستە دەکەوتنە سەر زاران، بۆیە ناکرێ (دەسماڵێ) لەگەڵ (یادی جاران)دا بخەینە بەراوردەوە، چونکە ئەودەم جیا لە ئاستی عەدنان خۆی، قۆناخەکەش لەو دەنگەی قبووڵ دەکرد.. ئەمەیان تەنیا کێشەی عەدنان نییە، زۆرن ئەوانەی لەو بۆتەیەدا کاریان کردووە، مەرجیش نییە دوا جار بەرهەمەکەیان لە یادەوەریی خەڵکدا بمێنێتەوە، بۆ نموونە کە ناسری ڕەزازی گۆرانیی (بەرزی بەرزی)ی بڵاو کردەوە، بەشێوەیەکی فرەوان کەوتە سەر زاران و بووە یەک لە گۆرانییە میللییەکانی سەردەم، کەچی هەمان ئەو هونەرمەندە لە دوا ئەلبوومیدا کاری لەسەر ڕیتمێکی تری خێرا "دەهۆڵی" کردووە، چەندی بڵێی ئەو بەرهەمەی لە تەواوی بەرهەمەکانی تری دوور خستووەتەوە، ئەمە لە ئاستێکدا ئەو گۆرانییە لە هیچ شوێنێک جێگەی نەبووەوە، هۆکارەکەشی نەزانین و نەداریی ڕەزازی نەبوو، تەنیا پەلەکردن ئەو گۆرانییەی پێ خستە پەراوێزەوە و نەبووە بابەتێک لای خەڵک.. بۆ ئەمەیان دڵنیام (یادی جاران)یش وەک گۆرانییەکی ئەلبوومەکەی عەدنان دەکەوێتە هەمان تەنگژەوە، ئەوەی لە (یادی جاران)دا وەک هونەرێکی ناوازە و قبووڵکراو دەردەکەوێ، تەنیا ئاوێتەکردنی ئەو ئەدا مەقامیی "دەشت"ەیە کە لە گۆرانییەکەدا بەرجەستە بووە، نەک لەبەرئەوەی خۆی ئەدایەکی ناوازەی مەقامەکەی کردبێ، بگرە پتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لای ئێمە نەبووەتە دۆخێکی ئاسایی ئەدای مەقام ئاوێتەی ڕیتمی خێرا "دەهۆڵی" بکرێ، بەڵام عەدنان ئەمەی کرد،

بۆیە ئەم بەرهەمە دەکرێ لە ڕێگەی ئەو جوانکارییەوە بەگۆرانییەکی جیا لەو گۆرانییانە وەربگرین کە لەلایەن گۆرانیبێژانی ترەوە لەسەر ڕیتمی دەهۆڵیدا کاریان بۆ کراوە، بەڵام وەک میلۆدی، نەک تەنیا هاوشانی میلۆدییەکانی تر و ئەدای عەدنان نابێ، بگرە لەنێو تەواوی گۆرانییەکانی ئەلبوومەکەدا لاکەلاک دەکات.

هەموو ئەمانە بۆچوونن و دژەبۆچوونیش قبووڵ دەکەن، بەڵام ئەوەی لای من بەگرینگ دەبینرێ، وەرگرتنی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنەکانە لای کەسی عەدنان کەریم، چونکە ئەوەی کار لەسەر ڕێوشوێنە هونەرییەکان و گەمە ستایلییەکان دەکات، عەدنان خۆیەتی نەک ئێمە، بۆیە جەخت دەکەمەوە، ئەم هونەرمەندە تا ئێستە توانیویەتی لە ئاستێکی باڵای داهێنانەکاندا خۆیمان پێشان بدا، بەڵام بەپێی ئەلبوومی (وەفایی)، پێ دەچێ بیەوێ لەسەر هەمان ستایل درێژە بەکارەکانی بدا، ئەمەش وا دەکات ئێمە تەنیا چێژ لە دەنگ و جوانکارییەکانی لە هونەرەکەیدا لێ وەربگرین نەک داهێنانی پتر و نوێ.. بۆ ئەوەی عەدنان لە ئێستا باڵاتر ببینین، دەهێنێ بۆ داهێنانی نوێتر ڕێنوێنیی بکەین، وەک لە (نامەکەی نالی بۆ سالم)دا بەجوانترین داهێنانەکانی موزیک و میلۆدی و دەنگ و ئەدای ئاشنا کردووین، ئێمە لە ڕووی جوانیی هونەرەکەیەوە ئەو کارەی ئەومان بەشاکار وەرگرتووە، کە تا ئێستاش لەبارەیەوە نەدواوین ڕەنگە هەر خەوشێک بێ لە خۆمانەوە، بەڵام ئەوەش دەزانین کە بۆ عەدنان ئەستەم نییە ئەویش تێ پەڕێنێ و بەدانسقەترمان ئاشنا بکا، چونکە هەمووومان کۆکین لەسەر توانا فرەکەی ئەم هونەرمەندە، بۆ نموونە پێم وانییە بۆ ئەو ئەستەم بێ کار لەسەر چامە شیعرێکی یەک لە شاعیرە باڵاکانی کورد لە شیعری نوێخوازدا بکا، زۆریشمان وەک نموونە لەبەردەستن کە دنیایەک موزیک و میلۆدیی جوان لەنێو وێنە و ڕیتمە شیعرییەکانیاندا بەرجەستەن، کەواتە بۆ عەدنانێکی پێگەیشتوو و قاڵ لە بوارەکەی خۆی، لە پەیبردن بەو تەرزە کارانە چ ڕێگری و ئاستەنگێکی ناکەوێتە پێش، بۆ ئەو ئەستەم نییە هەمان ئەو نامەیەی (نالی) کە بە(سالم)ی گەیاند، چامەی شاعیرێکی نوێخوازیش بگەیەنێتە یەک لە هاوشانەکانی، چونکە بەڕاست ئەوەی لە نامەکانی شاعیرە کلاسیکەکاندا وەک هونەرێکی باڵا پێی گەیاندووین، دیسان گەمەکردنیەتی لەسەر هەمان ستایل کە خۆی و ئێمەیش لە سەرەتای کارکردنی لەو ستایلە بەداهێنانمان قبووڵ کردووە، بۆیە من دەڵێم بەپێچەوانەوە ئەو دەتوانێ لەسەر ستایلگەلێکی تریش داهێنان ئەنجام بدا، کەواتە پێویستیی بەم لەسەروەستانە نییە، ئەوەی لە گەمەکانی لەسەر تێکستە کلاسیکەکان ماوەیەکی زۆرە پێشانمان دەدات، ئێمە وەک هونەرێکی باڵا لێمان وەرگرت، دەمێنێتەوە چیی تری لە هەگبەدایە وەک داهێنانی نوێ پێشانمانی بدا؟... تا قیامەت چاوەڕێی دەست و قامەتین.

# ئەسەنات بارزانی[١]

## ١٦٧٠ – ١٥٩٠

ئەسـەنات یان ئەسنـات بارزانی کەڵەئافرەتێکی کوردی بـارزانی بوو لەنێـو باوەشی شـاخـەکـانی کـوردسـتـان؛ له نـاوچەیێکی نزیکی سنووری ئێـسـتـای عـێـراق و ئێـران و تورکـیـادا بووه. لەو سەردەمـەدا کۆمەڵێکی بەرچاوی کورد لەو هەندەره جوولەکه بووه و له نەوەی ئەو جوولـەکانه بوونه کـه له نزیکانێکی سـاڵانی ٨٥٠ی پ.ز. شـا شەلەنسـەری ئاشـووری بانشـی ئەوێی کـردن. ئەو جوولەکانه لەگەڵ کوردان ئاوێته بوون و دوای چەند دانوسـتاندنێک لەگەڵ هێلێنەی خاتوونه شای کوردان له ئەدیابلین (هەولێر) زۆربەی کوردەکانی ناوچەکه چوونه سەر دینی یەهوودی.

کۆمەڵگەی جووی کوردستان بەدەستبڵاوی و جوامێری ناوی دا. له کاتی داگیرکردنی جوودیا و سامـاریا له ٦٨ – ٦٧ پ. ز. لەلایەنی ڕۆمانەکانەوە، کوردسـتان خۆراک و لەشکری بۆ یارمـەتیدانی گەمارۆدراوەکان نارد و له کاتی گرانییه بەناوبانگەکەشدا، خۆراکیان بۆ دانیشتوانی قودس ڕەوان کرد.

ئەو کۆمەڵه میـوزیک و خۆراک و شیعری ئاینیی تایبەتی و ئەفسـانەی خۆیانیان هەیه. ئەندامانی بەهەردوو زمـانی سوریانی و کـوردی دەهاتنه ئاخـاوتن. له سەدەی شـازدەمدا، کۆمـەڵگەکه تا بڵێی نەدار بووه. زۆربەیان سـەپان بوونه یان کـاری دەسـتـییـان کردووه یان دێوەره بوونـه. کەنیشـتـەکان ناوەندیی ڕۆشنبـیریی ناوچەکه بووه و هـەندێ قـوتابخـانەی عیبری و یەشـیڤاش هـەبووه. شـووکردن هەر له نێوان ئەندامانی یەک کۆمەڵ بووه و لەبەرئەوەش بوو که پێوەندیی خـوێن و خزمایەتیی ئاین فره بەهێز بووه.

له نێـوان ئـەو کۆمـەڵه کورده جـوولەکانەدا دوو جۆره کـەسـایەتیی دیار هـەبوون: بـاج کۆکـەرەوه

---

(*) وەرگێڕانی له ئینگلیزییەوە: مامکاک

(ناسی) و حاخام (دانا) هەبوون. داناکان خێڵەکییەکانیان پەروەردە دەکرد و نووسینیان هەبوو و گوتار و ڕێوڕەسمی ئاینییان بەڕێوە دەبرد.

ئەسنات بارزانی لە ١٥٩٠ بووە و کچی شاموێڵ ناتانێڵ هەڤاڵی بارزانی بوو. ئەو کەڵەپیاوە جوامێرێکی زانا و لێهاتوو و بێ فیز بوو. هەرچەندە نە ناسی و نە دانای ناو کۆمەڵگەی خۆی بوو، وەلێ پیاوێکی زانا و سەرکردەیێکی ناسراو بوو. هەموو ژیانی خۆی بۆ پەروەردەکردنی منداڵان و گەڕان بەناو لادێیەکاندا تەرخان کرد بۆ ئەوەی قوتابخانەکانی یەشیڤا دابمەزرێنێ. ئەو یەشیڤایانە مالمیان لێ دەردەچوو. هەر دەمەکیش لە سەفەر نەبایە، ئەسنات بارزانیی کچی پەروەردە دەکرد و فێری خوێندەوارییی دەکرد. فێری خوێندن و لەبەرکردنی وانەکان و بیرکردنەوە لە دەقە پیرۆزەکانی کرد بۆ ئەوەی لە ڕێگەیانەوە خوا بناسێ.

بەو مەبەستەش کە کاتی خوێندن و کۆششکردنی هەبێ، هەردەم شوێنی تایبەتی خۆی هەبوو. ئەسنات بارزانی زیرەک و لێهاتوو بوو و خوێندی و بیری کردەوە و هیچ کارێکی ناوماڵی نەدەکرد لە هیچ ئەرکێکی ڕۆژانەی کۆمەڵایەتیدا هاوپشک نەدەبوو بەکورتی وەک کچەکانی هاوزێی خۆی نەبوو.

مالمێکی جوولەکان بەناوی تیرزاح فایرستۆون لە دەمی ئەسنات بارزانییەوە دەنووسێ: "من هەرگیز یەک هەنگاویشم بۆ دەرەوەی ماڵەکەمان نەهاوێشتووە. من کچی پادشای ئیسرائیل بووم. زانایان منیان پەروەردە کرد. باوکی خوا لێخۆشبووم نازی ڕاگرتم. جگە لە زانیاریی خواناسی نەبێ، باوکم هیچ شتێکی فێر نەکردم."[٢]

ئەسەنات بارزانی بۆ یاقووب ئیبراهیمی پسمامی خۆی بەدەستگیران کرابوو. باوکی ئەسنات بارزانی ویستی دڵنیا بێ کە ڕۆڵی کچەکەی هەر لە بواری حیکمەتدا دەمێنێتەوە، بۆیە داوای کرد کە مارەییی نامەکەی بڕگەیەکی تێدا هەبێ و بنووسرێ کە [نابێ کچەکەی بەهیچ شێوەیەک بە کاروبەندی ناوماڵەوە گرفتار بکرێ.] واتا نابێ کاری ناوماڵی پێ بسپێردرێ. لەم دەربارەیەوە ئەسنات بارزانی دوەنووسێ:- "باوکم مێردەمی سوێند دا کە هەرگیز کارم پێ نەکا و ئەویش ئەوەی فەرمانی پێ درابوو بە ڕاستی وای کرد."[٣]

ئەسنات و یاقووب کچێک و کوڕێکیان بوو. یاقووب لە یەشیڤایەکی میسل شوێنی باوکی خۆی گرتەوە وەلێ ئەسنات خۆی گەورەگوتاربێژی یەشیڤایەکە بوو. کە یاقووب جوانەمەرگ بوو، ئەسنات نەیویست قوتابخانەکە دابخا؛ ئیتر خۆی پۆستی بەڕێوەبەری لێی وەرگرت. ئەسنات بارزانی یەکەم ڕاگری ئافرەتی کورد بووە کە خوێندنگەیەکی ئاوا باڵا بەڕێوە ببا و سەرپەرشتی ئەکادیمیایەکی تەلموودی بکات کە هەموو مامۆستاکانی پیاو بوون. ئەمەش یەکەم جارە لە هەموو مێژووی کوردستاندا کارێکی ئاوا ڕووی دابێ.

ئەسنات بارزانی تووشی قەرداری بوو. خاوەن قەردەکان ماڵەکەیان لێی ساند و پۆشاکەکانی خۆی و هی کچەکەشیان لێی فرۆشت. بەڵام ئەمە ڕێگەی لێ نەگرت و هەر بەردەوام بوو. کە

کوڕەکەی هەراش بوو، ئەو پۆستی ڕاگری لە دایکی وەرگرت و پارەی بۆ قوتابخانەکە کۆ کردەوە و خێزانەکەی خۆی لە قەرزەکان قورتار کرد.

نامەیێکی ئەسنات بارزانی پارێزراوە و لە سەرەتایەکەیدا نووسیویەتی: [من پشتیوانیی فێربوون دەکەم و داخی ئەوە هەڵدەکێشم کە لە خاکەکەی خۆمی دوور خستمەوە. ئەوەش بۆ گەلەکەم ڕوون دەکەمەوە کە هێشتا هەور لێی داپۆشتون و نایزانن.]


ئەڵمانیا لە ساڵی ١٩٣٥، بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، مالمێکی ئافرەتی بەفەرمی ناساند و هەندێ لە زانایان ئەسنات بارزانی کە جوویێکی کوردی سەدەی ١٧مین بووە، بە یەکەم ئافرەتی مالمی کوردی جوو دەناسن. پێش سەدەی بیستەم پێویست بوو مالم لەناو کۆمەڵدا بناسرێ بتوانێ قانوونی جوولەکایەتی ڕاڤە بکات و فێری قوتابییانیشی بکات، ئەسنات بارزانییش ئافرەتێکی لەم چەشنە بووە و لە شوێنێکدا باسی خۆی دەکا و دەنووسێ:-

"من لە باوەشی زانایان پەروەردە بووم و هەموو کات شوێنپێی باوکم کەوتووم و لە خوێندن بترازێ هیچی تر فێر نەکراوم."(٤)

ئەسنات بارزانی بەهۆی زانینی تەورات و تەلموود و کەبالا و قانوونی جوولەکە و سۆفیاتی جووانە، لە سەرتاسەری کوردستان ناوبانگی دەرکرد و وەک گەورەترین مامۆستای کوردستان ڕیزی لێ دەگیرا. زۆرجاریش نووشتەی نووسیوەتەوە، هەندێ لەو نووشتانەی ئێستاش هەر ماون و هەڵگیراون.

لەناو کوردان گەلێک ئەفسانە لەبارەی ئەسنات بارزانییەوە هەبووە. باسی کەرامەتەکانی کردووە. لەمانە "ڕەوەی فریشتان"

کە تێیدا هاتووە و دەڵێ پاش مردنی شاموێل، فەرەجار دەهاتە خەونی کچەکەی و ئەو مەترسییانەی بۆ ئاشکرا دەکرد کە ڕەنگ بوو تووشیان ببێ و ڕێگەی خۆپاراستنیشی پێی دەگوت و ئەم جۆرە گەلێک کەسی لە مردن دەرباز دەکرد. جارێکیان بە قسەی باوکی، جوولەکەکانی ئامێدی هان دەدا تا ئاهەنگی ڕۆش هۆدێش لە دەرەوە بگێڕن و گوێ بە مەترسیی دوژمنانیان نەدەن. کە جوولەکەکان بۆ ئاهەنگەکە دەچوون، بینییان دووکەڵ بەری ئاسمانی گرت و ئاگر لە کەنیشتەکە کەوتەوە و چونکە ئاهەنگەکە لە دەرەوە بوو کەس ئازاری وەبەر نەکەوت. لەو دەمە ئەسنات ناوێکی نهێنیی هێنا کە لە باوکی فێری بووبوو و بەمەش خەڵکی دیتییان یەک ڕەوە فریشتە لەسەر کەنیشتەکەدا نیشتن و بڵێسەی ئاگرەکەیان دامرکاندەوە و کە ئاگرەکە کوژاوە ئیتر ئەوان لە شەقەی باڵیان داوە و بەرەو ئاسمان هەڵکشانەوە. کە دووکەڵەکەش نەما، خەڵکەکە هێشتا موعجیزەیەکی تریان دیت: کەنیشتەکە نەسووتابوو. تاقە یەک پیتی تەوراتیش گڕی وەبەر نەکەوتبوو. پاشتر بۆ سوپاسگوزاریی خەڵکەکە کەنیشتەکەیان بەناوی ئەسنات بارزانی ناو لێ نا.
هەر لە بابەتی کەرامەت و موعجیزەکانیدا، هاوەرد شوارتز لە کتێبی [ئەو ڕۆژەی مالمەکە بزر بوو] باس لە هەندێ کاری میتافیزیکی ئەسنات بارزانی دەکات.




سـەرباری ئەمـە هەمـووی، ئەسنـات بارزانی شـاعـیـریش بووە و بە زمـانی عـیـبـری زۆر چاکی نووسیوە و هۆزانەکانی بەنموونەی شیعری نوێی ئافرەتی کوردی جوو باسی لێ دەکرێ(٥).

ئەسنات بارزانی نازناوی (تەنایت) واتا تەلموودزانی وەرگرتووە. ئەم نازناوەش بە تایبەت بۆ ئەو دارێژراوە و پێشتر نە لە کوردی و نە لە ئارامی و نە لە عیبریدا نەبووە و بۆیەش پێی دراوە چونکە بەڕاسـتی تـوانسـتی بێ ئەندازەی ئاینی و زمـانەوانی بووە. بەبۆچوونی مـێـژوونووس و زانایانی کۆمەڵایەتی، ئەسنات بارزانی سـەلماندوویەتی کە لە کۆمەڵێکی پیاوسـالاری داخراوی وەک ئەوەی کوردەواری، ئافرەتی کورد توانیویەتی بەسـەر هەمـوو ئەو کۆسپ و ڕێگرانەدا زاڵ بێ و کوندە و مەشکە و گسک بەلاوە بنێ و فێری زانست بێت و شوێنی خۆشی بکاتەوە(٦).

پەراوێزەکان:

1- http://www.women-philosophers.com/Asnat-Barzani.html

2- Rabbi Tirzah Firestone, The Receiving: Recovering Feminine Wisdom p.112

٣- هەمان سەرچاوەی پێشتر

4- Mann I: 511

5- http://jwa.org/encyclopedia/article/barazani-asnat-bat-samuel

6- http://judaism.about.com/od/womenrabbis/a/asenathbarzani.htm

# کوردی لوبنان

د. محەمەد عەلی سوێرکی

کورد لەمێژە لە چیای لبنان نیشتەجێ بوون، ئەمڕۆ بڕێکی گەورەی پێکهاتەی کۆمەڵی لبنانین. لە دروستکردنی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لبنانی سەردەمی عوسمانیش و سەردەمی نوێشدا بۆیان ڕەخساوە دەورێکی بەرچاو ببینن. لەم بنەماڵە ڕەسەنانەی چیای لبنان، بنەماڵەی مەعەنییەکان و بنەماڵەی عیماد "ئال عیماد" و جانپۆلاتییەکان "ئال جنبولات"، هەروەها بنەماڵەی مورعیبی "ئال مورعیبی" و عەبوود "ئال عەبوود" و سیفا "ئال سیفا" لە عەکا و تەرابلوس لە باکور و بنەماڵەکانی فەزڵ "ئال فەزڵ" و سەعبییەکان " الصعبیون " لە باشوور، کە زۆربەیان دەچنەوە سەر بنەماڵەی دەرەبەگ و دەسەڵاتدار، لە سەردەمی جودا جودادا و بەهۆی جیاوازەوە کۆچیان کردووە بۆ چیای لبنان ، بۆ نموونە ئەیووبییەکان لە سەردەمی شەڕەکانی خاچپەرستاندا بەنیازی پاراستنی سەر سنوورە ئیسلامییەکان و هەندێکیش لە سەرەتاکانی سەدەی چواردەیەمدا هاتوون و لە ناوچەی تەرابلوس و ناوچەی عەکا و زەننییە "چنیە "دا نیشتەجێ بوون، بە ئامانجی چەسپاندنی فەرمانڕەواییی کۆیلەکان " الممالیک " لە وڵاتی شامدا[١]. هەروەها جانپولاتییان کە لە سەدەی حەڤدەیەمدا دوای شۆڕشی ساڵی ١٦٠٦ی زایینیی ناوچەی (حەڵەب – سیواس) ی عەلی پاشای جانپۆلات، لە دەست موراد پاشای سەدرئەعزەم و سولەیمان پاشای والیی شام هەڵاتوون و هاتوونەتە چیای " شۆف "[٢].

هەروەها شاری زەحلە لە سەردەمێکی کۆنەوە کوردەکانی ناسیوە و سەودای لەگەڵیاندا کردووە کە خاڵی بە یەککەیشتنەوەی ڕێگە بازرگانییەکان بووە، کۆچەر و کوردی کوردستان هاتوون بەرهەمی ئاژەڵ و مەڕوماڵاتیان بە شمەکی لبنانی و ئەوروپایی لێ گۆڕیوەتەوە. هەروەها دەوڵەتی

................................................................

(*) وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

عوسمانی بە پلەی یەکەم پشتی بە میرە کوردەکان دەبەست و لە ویلایەتە عەرەبییەکاندا لە پایە کارگێڕییەکانی وەک والی و موتەسەریف و سەرکردەی لەشکر و پۆلیسی دامەزراندن. تەنیا هەر ئەمەش دیاردەی هەڵکەوتنی کەسایەتییە کوردەکان، لەسەر شانۆی ڕووداوەکانی وڵاتە عەرەبییەکاندا ڕوون دەکاتەوە، بەڵام ئەم کەسایەتییانە ئەوەندەی نەبردووە بەهێز بوون و نیشتەجێ بوون و ژمارە و نەوەیان زۆر بووە و هێندەشی نەبردووە لەگەڵ ژینگەی نوێدا گونجاون و چوونەتە سەر ئەو ڕێباز و ئاینانەی تێیاندا باڵادەست بوون(٣).

هەروەها ڕەوەندێکی کوردی تازەش هەن لە ناوچەی جزیرەی سوریا و دوای نوشوستیی شۆڕشەکانی دژی دەوڵەتی تورکی نوێیانەوە لە ناوچەکانی ماردین و بۆتانی تورکیاوە کۆچیان کردووە. هەر لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە هاتوون و ئەمڕۆ لە شاری بەیرووتدا کۆ بوونەتەوە. کە ژمارەیان نزیکەی ١٥٠ هەزار کەس دەبێ، ١٥ هەزاری ئەمانە لە بەیرووتی ڕۆئاوادا و لە خودی " زوقاق ئەلبیلات " دان.

کوردی لبنان دەورێکی چالاک و دیاریان لەسەر شانۆی ژیانی سیاسیدا بینیوە، تەنانەت دەسەڵاتیان بە دەرەوەی لبنانیش ڕاگەییوە، کە بنەماڵەی بەرچاویان لێ پەیدا بووە و پێشەوایەتیی چیای لبنانیان کردووە، وەک ئەو مەعەنییانەی لە سەدەی حەڤدەدا دەسەڵاتیان بەسەر چیای لبنان و باکوری فەڵەستین و چیای عەجلوونی ئوردنیشدا گەیاندووە و بنەماڵەی جانپۆڵات کە لە سەدەی هەژدەیەمدا وەک هێزێکی ڕاستەقینە دەرکەوتوون و دەسەڵاتی سیاسییان تا ئەم سەردەمەش بەردەوام بووە. هەروەها میرانی "ڕاس نەحاس"ی کورد هەن کە لە ناوچەی کوورەی باکوری لبناندا هەڵکەوتوون و مرعیبییەکان کە فەرمانڕەوایان لە ناوچەی عەکاری باکوری لبناندا کردووە.

زۆرینەی کوردەکانی لبنان موسڵمانن و سوننەیان تێدایە و ئەوانی شیعەن لەگەڵ " موتاولەکان" لە باشووری لبناندا، هەروەها درووزیشیان تێدایە وەک جانپۆڵاتییەکان و مەعەنییەکان و عیمادییەکان، ئەمەی خوارەوە کورتە باسێکە لە بارەی بەناوبانگترینی بنەماڵە کوردەکان لە لبنان:

## مەعەنییەکان

(١٥١٦ – ١٦٩٧ ی. ز)

مەعەنییەکان لە نەوەی مەعەنی کوڕی ڕەبیعەی ئەیووبیی کوردن، باو و باپیرانیان لە وڵاتی فارسدا و ئینجا لە جزیرەی فوراتدا ژیاون و لەوێشەوە مەعەنی کوڕی ڕەبیعەی ئەیووبیی کوردی باپیریان لە سەدەی شازدەیەمی زایندا گواستوویەتییە چیای لبنان، کە محەمەد ئەمین موحیببیی مێژوونووسیش ئەم ڕەگەزنامە "سەجەرە"یەی لە کتێبی خولاسەتولئەسەر "خلاصە الاثر "یدا پشتڕاست کردووەتەوە کە دەڵێ: هەندێک لە نەوەکانی فەخرەدینی مەعەنی لێیان دەگێڕایەوە کە

گوتوویەتی: " بنەچەی باو و باپیرانمان کوردن لەم وڵاتەدا نیشتەجێ بوون "(٤) و نەوەکانی ئەم میرە لە نێوانی ساڵانی ١٥١٦ ـ ١٦٩٧ی. زاین بوونە بەناوبانگترینی فەرمانڕەوایانی چیای لبنان و شۆف و بە میرانی دروز ناسران و دەسەڵاتیان بەسەر هەموو وڵاتی لبنان و چەند بەشێکی سوریا و فەڵەستین و ئوردن - یشدا ڕاگەیی و درووزیشیان کەوتە تەک و ڕێبازەکەشیان پەسند کرد و میر قورقماز و فەخرەدینی مەعەنیی یەکەم و فەخرەدینی مەعەنیی دووەم و ئەحمەدی کوڕی ملحم کە نەوەی لێ بەجێ نەماوە و بنەماڵەی مەعەنییان لەناو چوون و دوای کۆنگرەی "سەمقاتییە"ی ساڵی ١٦٩٧ ی. زاین فەرمانڕەوایی کەوتە دەس شیهابییەکان.

مەعەنی ئەیووبی لە ئەنتاکیە چووە شەڕی خاچپەرستان و ئازایەتیی دەرکەوت و ناوبانگی دەرکرد بەڵام سەرنەکەوت و ساڵی ٥١٣ ی کۆچی، ١١٠٨ی زاین بە پیاوانییەوە هەڵات و چووە وڵاتی حەڵەب، کە زەهیرودین تاغتەکینی کوڕی عەبدوڵای ئەتابەگی لێ بووە، فەرمانی دایێ لەگەڵ عەشیرەتەکەی بچێتە بیقاع و لەوێشەوە بۆ چیای لبنان، تا لەوێوە هێرش بباتە سەر فەرەنگەکان لە ڕۆخی دەریا و ڕووی کردە ئەوێ و عەشیرەتەکەی لە وڵاتی شۆفی چیای لبنان نیشتەجێ کرد و پێوەندیی بە " بوحتور "ی میری تەنووخی بەهێز بوو و پەیمانیان بەست کە شەڕی خاچپەرستان بکەن و بوحتور یارمەتیی بنیاتنانی دا لە ئۆف و خەڵکی ئەو وڵاتانە ڕوویان تێ کرد کە خاچپەرستان دەستیان بەسەردا گرتبوو، بەم جۆرە خۆی ڕاگرت و مەعەن لە شاری "بەعقەلین" دانیشت و تا کۆچی دوایی لە ساڵی ٥٤٤ ی کۆچی، ١١٤٩ی زاین لە میرنشینییەکەیدا بەردەوام بوو.(٥)

کوڕانی مەعەن چیای لبنان و شۆفیان لە ساڵی ١٥١٦ەوە تا ساڵی ١٦٩٧ی زاین حوکم کردووە و بە " میرانی درووز " ناسراون، کە دەسەڵاتیان بەسەر وڵاتی لبنان و چەند بەشێک لە سوریا و فەڵەستین و ئوردن ڕاگەیی و یەک لە میرەکانیان کە فەخرەدینی مەعەنیی یەکەم بوو ڕوویەکی زۆری لە سەلیمی یەکەمی سوڵتانی عوسمانی بینیوە کە لە شەڕی " مورج دابق " دا یارمەتیی دا، کە کۆتاییی بە فەرمانڕەواییی کۆیلەکان " مەمالیک " لە وڵاتی شام و میسردا هێنا و ڕێی بۆ فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان لە جیهانی عەرەبیدا بۆ ماوەی پێنج سەدە خۆش کرد، سوڵتان سەلیم بۆ ڕێزلێنان نازناوی "میری وشکانی"ی پێ دا، فەرمانڕەوایی شۆفی کرد و بەعقەلین - یشی کردە پایتەختی خۆی و بە زمانپاراوی ناوبانگی دەرکرد و ساڵی ١٥٤٤ی زاین بە فەرمانی والیی دیمەشق تیرۆر کرا(٦).

لە پاش خۆی ساڵی ١٥٤٤ی زاین میر قورقمازی کوڕی جێی گرتەوە و بە دەست بەسەرداگرتنی داراییی گەنجینەی عوسمانی لە ڕێی جوون عەکارەوە تاوانبار کراوە، کە بابی عالی "سەرۆکایەتیی وەزیرانی عوسمانی" ئیبراهیم پاشای فەرمانڕەوای میسر دەنێرێ بۆ سزادانی، ئەم هەڵدێ و دەچێتە ئەشکەوتی شقێفی نزیک نیحای ئەلشۆف " نیحا الشوف " و ساڵی ١٥٨٥ ی زاین لەوێ دەمرێ.(٧)

دوای ئەم، فەخرەدینی مەعەنیی دووەمی میری بەناوبانگی کوڕی، کە لەدایکبووی ساڵی ١٥٧٢ ی بەعقلینە جێی دەگرێتەوە. ناوبانگ و توانستی بەرز دەبێ و لەشکرێکی بەهێز پێکەوە دەنێ و دوای سەرکەوتنی قەیسییەکان بەسەر یەمەنییەکاندا لە ساڵی ١٥٩١ دا پایەی خۆی دەگەڕێنێتەوە و لەگەڵ عەلی جانپۆلاتی " کوردی درووز "دا پەیمان لە دژی " ئیبن سیفای کورد لە تەرابلوسی شام دەبەستێ، هەروەها لەشکر و باجی ڕێک خستووە و هەوڵی یەکخستنی وڵاتی داوە و پەیمانی لەگەڵ تۆسکانیای ئیتاڵیا داوە بۆ ئەوەی پسپۆڕیی لە داڕشتنی تۆپ و کشتوکاڵدا بدەنێ و دەسەڵاتی بەسەر سەیدا و سەفەد و نابولس و عەجلووندا فراوان کرد و هەوڵی سەربەخۆیی لە دەوڵەتی عوسمانی دا، بۆیە دەوڵەتی عوسمانی ئەحمەد پاشای وەزیر و نوێنەری دیمەشقی ناردە سەر بۆ شەڕ لەگەڵدا کردن، بەم جۆرە چەند پێکدادانێکیان لە نێواندا بووە، نوێنەری دیمەشق سەرکەوتنێکی لێ وەدەس نەهێناوە، ئەمەش زەبری فەخرەدینی پتر کرد کە دەستی بەسەر وڵاتدا گرت، هەوادارانی لە درووز و سەگبانەکان بوونە نزیکەی سەد هەزار کەس و دەستی بەسەر وڵاتێلی عەجلوون و جۆلان و حۆران و تەدمور و حیسن و مەرقەب و سەلمییەدا گرت و فەرمانی هەر لە سەفەدەوە تا ئەنتاکییە ڕۆی و ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد و شاعیران لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێ کرد و پێیاندا هەڵدا.

کاتێک سوڵتان مورادخانی عوسمانی زەبروزەنگ و دەسەڵاتی ئەوی بۆ ساغ بووەوە و زانی لە دەسەڵاتی دەرچووە، بڕیاری دا بەرگریی بکا و کۆتایی بە یاخیبوون و دەسەڵاتی بهێنێ، بۆیە ئەحمەد پاشای بە کویچویک ناسراوی وەزیری نارد بۆ شەڕ لەگەڵداکردنی و میر و سەربازێکی زۆری لەگەڵ دامەزراند، بەرەو ڕووی چوو و ساڵی ١٦٣٣ی زاین بەسەریدا سەرکەوت و لە پێشان میر عەلیی فەرمانڕەوای سەفەدی کوڕەکەی کوشت، ئینجا فەخرەدینی دەستگیر کرد و بە دوایەوە بەدەستبەستراوی لەسەر ئەسپێکدا بەدوایەوە بە کۆڕەوێکی بە شکۆوە چووە ناو دیمەشق و ئینجا لەگەڵ دوان لە کوڕەکانی، میر مەسعوود و میر حوسێنی ناردە ئەستەمبووڵ، لەوێ فەخرەدین بەند کرا و دوو کوڕەکەی نێرانە سەرای غەڵەتە و ساڵی ١٦٣٥ سوڵتان موراد فەرمانی کوشتنی بە بەیرام پاشای وەزیری دا و سەری فڕێ درایە بەردەمی دڕندان، ئەو شوێنەی ئەرسلانخانە "شێرخانە"ی پێ دەگوترا و لەشەکەشی فڕێ درایە شوێنێک کە پێی دەگوترا: ئات مەیدانی " مەیدانی ئەسپان "، هەرچی سامان و خانووبەرەشی هەبوو سوڵتان بە ئەحمەد پاشای کوچکی دا. دوای ئەوە چوونە سەر مەسعوودی کوڕی، خنکێنرا و فڕێ درایە ناو دەریاوە، بەڵام حوسێنیان لەبەر بچووکیی تەمەنی هەر لە سەرای غەڵەتەیاندا هێشتەوە وەک داوونەریت، بە پلە و پایەدا سەرکەوت و گەلێک پۆستی بەرزی لە دەوڵەتی عوسمانی پێ درا، تا بووەتە حاجیب "واتە: دەرگەوان، گەورەترین فەرمانبەری سەردەم بووە" لەباری دووەمی سوڵتاندا، هەروەها سەرۆکی حاجیبان و باڵیۆزی عوسمانی لە هیندستان.

هەر وەک باس کراوە، چاو لە بەرزیی فەخرەددین و فراوانکردنی دەسەڵات و یاخیبوون و

بەچاکی هەڵنەسەنگاندنی هێزی دەوڵەتی عوسمانی زاتی ناوەتە بەر، بەڵام لە کۆتاییدا، سەرنەگرتنی شۆڕشەکەی، ئەو کارەساتەی بەسەردا هێناوە. لەم بارەیەوە کەمالی سەڵیبی " کمال الصليبي" دەڵێ: فەخرەدین لە ڕێی هاندانی بەرهەمهێنان و پارێزگاریی لە بازرگانی، توانیویەتی میرنشینییەکەی لەلایەنی ئابوورییەوە تا ڕادەیەک بە ڕەوتی ئەوروپاییەوە گرێ بدا و کردییە گۆشەیەکی بچووک لە وڵاتە ڕۆئاواییەکانەوە زیوی بێتە ناو، بەم جۆرە وڵات لە سایەیدا گەشانەوەیەکی بەخۆوە بینی، لە هیچ بەشێکی تری وڵاتەکانی سەڵتەنەتدا وێنەی نەبوو.(٨)

دوای خۆی عەلیی کوڕی میرنشینییەکەی گرتە دەست کە ساڵی ١٦٣٥، کۆچی دوایی کرد. میرنشینییەکە بۆ میر ملحم مایەوە کە ئاسایشی گەڕاندەوە ناوچەکە و ساڵی ١٦٥٧ی زاین مرد. دوای ئەو ساڵی ١٦٥٧ی زاین ئەحمەدی کوڕی بووە میر، کە دوایین میری مەعەنییەکان بووە. کە ساڵی ١٦٩٧ بەبێ وەچە مردووە، بەم جۆرە نەوە نێرینەکانی مەعەنییەکان لەناو چوون. فەرمانڕەوایی لە ڕێی کچەکەیەوە کە دایکی میر حەیدەر مووسا بووە، دوای کۆنگرەی سەمقاتییەی ساڵی ١٦٩٧ی زاین کەوتە دەست شیهابییەکان،(٩) هەروەها عوسمانییەکان ڕێیان بە گەورە پیاوانی لبنان داوە کوڕە خوشکی میر شیهابی وادیلتەیم " وادی التيم " بە میری وڵات هەڵبژێرن، بەم جۆرە شیهابییانی خزمانی مەعەنییانی خاوەنانی وادیلتەیم بوونە میرانی لبنان.(١٠)

## ئەیووبییەکان

ئەیووبییەکان ساڵی ١١٣٩ی زاین هاتوونەتە لبنان، کە ئەیووبی کوڕی شادیی باوکی سەلاحەدینی ئەیووبی بە والیی سەر شاری بەعلبەک دامەزراوە، دوایٔ ئەوەی لە قەڵای تکریتدا لە خزمەتی نوورەدینی زەنگیدا بوون، دواتر چوونەتە مووسڵ و ئینجا بۆ بەعلبەک، ئەوەی جەختیش لەسەر کوردایەتیی بنەماڵەی ئەیووبییان دەکا ئەوەیە کە کەمال سەلیبیی مێژوونووسی لبنانی گوتوویەتی: " سەڵاحەدینی کوڕی یووسفی کوڕی شادیی " ئەلمەلیکوئناسر "ی دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەیووبی لە میسر، هەروەها ئەیووبی کوڕی شادی و شێرکۆی برای لە کوردەکانی تکریتی عیراقن"(١١)، دواتر چوونەتە دیمەشق ئینجا بۆ میسر و دەوڵەتی ئەیووبیی زانراویان دامەزراندووە.

هەروەها میری تری ئەیووبییان هەبوون، لە کەرتی کوورەی باکور دانیشتوون، یەک لەوانەی ئاماژەیان بۆ شوێنی ئەیووبییان کردووە کەمال سەلیبیی مێژوونووسی لبنانییە کە دەڵێ: " لە ڕۆژگاری ئەیووبییاندا میرێکیان قەڵایەکی لە مسێلحەدا هەبووە، یەک لە دۆڵەکانی لبنانی باکور کە بەرەو شارۆکەی بەتروون هەڵدەکشێ.. ئێستاشی لەگەڵدابێ شوورە زۆر جوانەکانی ئەم قەڵایە هەر بە پێوەن."(١٢)

لە سەردەمی فاتیمییاندا کە بەشە باشوورییەکانی لبنانیان بەدەستەوە بووە هەندێک سەربازی کوردیان هێناوەتە هەندێک ناوچەوە، هەندێک لەمانە ئەیووبی بوون و نەوەکانیان ئێستاش لە گوندێکی قەزای بیترۆنی باکوری لبناندان و پێی دەگوترێ " راس نەحاش " سوورن لەسەر ئەوەی نازناوی میرنشینییەکە بپارێزن هەرچەندێک دەسەلاتیان لە ئاستی کۆمەلایەتی و ئابووریشدا دواکەوتووە. لەوانەیە " تەننووس شدیاق " هەر ئەمانەی مەبەست بووبێ کە لە کتێبی "هەواڵەکانی گەورە پیاوانی چیای لبنان " دا، بە " میرانی راس نەحاش "ی ناو بردوون.(١٣)

## میرانی ڕاس نەحاش

ئەم میرانە سەر بەو کوردانەن کە سەلیمی یەکەمی سوڵتانی عوسمانی لە سەدەی شازدەدا، ساڵی ١٥٥٦ی زاین لە کەرتی کوورەی باکوری لبنانی داناون، لەپێناوی پاراستنی لە فەرەنگ، لەمانەش چەند میرێکیان ناوبانگیان بووە، وەک: میر مووسای باوکی میر ئیسماعیل، ساڵی ١٦٣٧ی زاین، کە شاهین پاشا خۆی و شێخ عەلی حەمادەی هێنا و بەهێزێکی سەربازییەوە بۆ شەڕی دژی بنەماڵەی سیفا " ئال سیفا " لە تەرابلوس و عەکار و قەڵای کوردان "حصن الکرد ".

هەروەها میر ئیسماعیلیش هەیە، ساڵی ١٦٥٥ محەمەد پاشای کبرتی چووە شەڕی ئەم و شەڕی شێخ سەعید حەمادە کە بە سامانی میرییەوە یاخی بوون، شەڕی لەگەڵدا کردن و شکان و میر ئیسماعیل هەڵات چووە لای میر ئەحمەدی کوڕی ملحمی مەعەنی، کە شاری " سوور – صور "ی دایە دەست و دواتر قەپلان پاشا کوشتی، لە ساڵی ١٦٩٣شدا عەلی پاشای سەدرئەعزەم حوسێنی کردە والیی وڵاتی جبێل، ساڵی ١٧٧١یش میر یووسفی شیهابی فەرمانی سووتاندنی گوندی "عەفسدین "ی گوندی ئیسماعیل ئەحمەدی دا، بەم جۆرە لە سەدەی هەژدەدا کاریان کۆتایی هات.(١٤)

## جانپۆلاتییەکان " ئال جانپۆلات "

جانپۆلاتییەکان لە بنەماڵە ناودارەکانی لبنانن، بە ڕەسەن کوردن و بە ڕێبازی ئاینی درووزن، ئەمڕۆ لە قەزای شۆفی چیای لبناندا دەژین، شاری "موختارە"ش بە بنکەیان دادەنرێ. ئەم بنەماڵەیە لە سەردەمی عوسمانیدا دەورێکی سیاسیی کاریگەریان لە باکوری شام و چیای لبناندا هەبووە و دەورێکی هاوشێوەشیان لە سەردەمی نوێدا بینیوە.

ئەم بنەماڵەیە سەر بە میر جانپۆلاتی کوڕی قاسم بەگی کوڕی ئەحمەد بەگی کوڕی جەمال بەگی کوڕی عەرەب بەگی کوڕی مەندکی ئەیووبیی کوردە، کە لە عەشایەری ئەیووبییە کوردەکانەوە هاتوون و بە "ئیبن عەرەبی" ناسراوە و لە ڕۆژگاری دەوڵەتی عوسمانیدا والیی میرنشینیی مەعەرەتونوعمان "معره النعمان" و حەڵەب و کلس بووە لە باکوری شامدا، لەگەڵ باوکیدا چووەتە

ئەستەمبووڵ و لەوێ چووەتە قوتابخانەی سەرای سوڵتانی " ئەندەروونی هومایۆن " (اندرون همایون)، ئینجا لە سەردەمی سوڵتان سولەیمانی قانوونیدا چووەتە ڕیزی سەربازی و لە لەشکرکێشیی بۆ سەر بەلگراد و مۆڵدا و دوورگەی ڕۆدوسدا بەشداریی کردووە و بە ئازایی و دلێری بە ناوبانگ بووە و لەلای سوڵتان سولەیمانی قانوونی خۆشەویست بووە و وای لە جانپۆلات کردووە کە داوای لێ بکا سامانی باوکی بداتەوە خۆی، داواکەی پەسند دەکرێ و دەوڵەت بە فەرمانێکی سوڵتانی سامانەکانی دایەوە. لەوێندەر بەپێی نەخشەیەکی پتەو ڕێی گرتە بەر و کەرتەکەی "حەڵەب و کلس"ی بە هەنگاوی پڕ بەدڵ و چەسپاو بەڕێوە برد و بووە میری میران، هەشتا ساڵ ژیاوە و ساڵی ٩٨٠ی کۆچی، ١٥٧٢ی زاین کۆچی دوایی کردووە کە باپیرە گەورە و دامەزرێنەری بنەماڵەی جان بولارد (جانپۆلات)ی خانەدانە، وەک لە شەرەفنامەشدا باس کراوە حەفتا کوڕی دوای خۆی بەجێ هێشتووە.(١٥)

جانپۆلاتییەکان بیری دەوڵەتی عوسمانییان لە سەرەتای سەدەی حەڤدەیەمدا بە نیازی سەربەخۆیی میرنشینییەکەی (لە حەڵەب و کلسی باکوری شام)یان نیگەران کردووە، کە شۆڕشی یەک بەدوای یەکی دژی سەڵتەنەتیان بەرپا کردووە، دیارترینیان شۆڕشی حوسێن پاشای جانبولاردی والیی حەڵەب بووە کە سەدرئەعزەمی عوسمانی لە کاتی گەڕانەوەیدا لە شەڕی سەفەوییانەوە کوشتوویەتی، چونکە سستیی لە بەهاناوەچووونیدا کردووە، کە میر عەلی بە کوژرانی زانیوە دژی دەوڵەت ڕاپەڕیوە و بەرەو تەرابلوس چووە و دەستی بەسەردا گرتووە و فەرمانڕەوایی ئەو وڵاتەی بە سەربەخۆیی بەڕێوە بردووە.

بەڵام دەوڵەت لەشکرێکی کردە سەر و ساڵی ١٦٠٧ی زاین توانی بەرەنگاری ببێ و بیشکێنێ، لە خۆ بەدەست سوڵتانەوە دان بەولاوە هیچی بۆ نەمایەوە، کە لێی خۆش بوو و بە والیی سەر تەمشوار و نەمسا دایمەزراند، لە کۆتاییشدا سوڵتان کوشتی، هەروەها عەلی پاشای برازاشی شۆڕشێکی دژی دەوڵەتی تورک بەرپا کردووە، بەڵام شۆڕشەکانی جانپۆلاتییەکان کۆتاییان بە نوشوستی هات، مێژوو گەواهیی دەورێکی دەوڵەمەندی بۆ ئەم بنەماڵەیە داوە لە حەڵەب و ئەستەمبووڵ و لبناندا، هەروەها هەندێکیان پەیمانیان لەگەڵ کوردە مەعەنییەکاندا هەبووە لە چیای لبناندا.

یەکەم دەرکەوتنیان لە لبناندا ساڵی ١٦٣٠ ی زاین دەستی پێ کردووە، کە جانپۆلاتی کوڕی سەعید و ڕەباحی کوڕی بە بانگهێشتی میر فەخرەدینی مەعەنیی دووەم هاتوونەتە لبنان لەبەرئەو خۆشەویستی و دۆستایەتییەی لە نێویاندا هەبووە و گەورە پیاوانی لبنانیش پێشوازییان لێ کردووە و داوایان لێ کردووە لە وڵاتەکەیاندا نیشتەجێ ببێ، بەم جۆرە لە کێڵگەی شۆفدا دانیشتووە و میر فەخرەدینی دووەم لە کاروبارەکانیدا پشتی پێ بەستووە.

دواتر یەک لە نەوەکانی کە ناوی عەلیی کوڕی ڕەباحی جانپۆلات بووە کچی شێخ قەپڵانی قازیی تەنووخیی گەورەی شێخانی شۆفی خواستووە لەبەر بنەچە بەرزی و پایەبڵندیی ماڵی عەلی

جانپۆلات. کاتێک لە ١٧١٢ی زایندا قازیی تەنووخی بەبێ وەچە مرد گەورە پیاوانی شۆف لەسەر ئەوە رێککەوتن " عەلی "ی زاوای لە پلەی شێخ قەپلاندا بێت و ببێتە سەرۆکیان. بەمەش جانپۆلاتییەکان چوونە سەر رێبازی ئاینیی درووز کە پێشتر سەر بە رێبازی سوننی بوون، هەروەها میر حەیدەری شیهابییش میر عەلیی جانپۆلاتی کردە والیی کەرتەکانی شۆف، کە رێیەکی دادوەرانەی گرتە بەر و لە فەرمانرەواییدا بە بەزەیی بووە و ئاسایشی بلاو کردووەتەوە، بەم شێوەیە دادوەری بالادەست بووە و خەلکی بوونەتە لایەنگری و هەوادارانی لە هەموو تایەفە و مللەتانەوە زۆر بوون، کەسێک بووە، زانست و زانایانی خۆشو یستووە، خوارده و هێمن و پیاوچاک بووە، گەیشتووەتە ئەوەش ببێتە شێخی شێخان. سالی ١٧٧٦ی زایین لە بەعزران "بعذران "دا مردووە شەش کوری لە دوای جێ هێشتووە کە ئەمانەن: (یوونس، نەجم، مەحموود، حوسێن، قاسم و جانپۆلات)ن.

دوای خۆی میر قاسمی کوری لە فەرمانرەواییدا جێی گرتووەتەوە و پیاوێکی بەشان و شکۆ و هێمن و دادوەر بووە، سالی ١٧٩١ی زاین کۆچی دوایی کردووە، حەسەن و بەشیر و ئیسماعیل لە کورانی ئەم بوون. شێخ بەشیری کوری قاسم جانپۆلات جێی گرتووەتەوە و بووەتە یەکێک لە پێشەوایانی دەربەگەکانی سەردەمی بەشیری دووەمی شیهابیدا، دروستکردنی کۆشکی موختارە و چاککردنی رێگەوبانەکان و دروستکردنی چەند پەرستگەیەکی دەدرێتە پال، هەروەها ئاسایش و دادوەریی بەناو خەلکدا بلاو کردەوە و تەنانەت بەنازناوی شێخی شێخانیشەوە ناسرا، سالی ١٨٢٥ی زاین عەبدولا پاشای والیی عەکا کوشتوویەتی.(٢٦)

یەک لەوانەی لە سەردەمی نوێشدا لە جیهانی سیاسەتدا ناوبانگی بووە خاتوو نەزیرە جانپۆلاتی هاوسەری فوئاد جانپۆلات بووە کە سالی ١٩٢٢ بێوەژن کەوتووە، لەسەر شانۆی سیاسیی لبناندا جێی مێردەکەی گرتووەتەوە، دەورێکی کاریگەری هەبووە، سالی ١٩٥١ی زاین لە بەیرووت کۆچی دوایی کردووە.

لەسەر شانۆی سیاسەتدا کەمال جانپۆلاتی کوری، کە یەکێکە لە گەورە سیاسییان و بیرمەندانی لبنان جێی گرتووەتەوە، لە ماوەی سالانی شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا ئامادەییی سیاسیی لە سیاسەتی لبنانیدا هەبووە، گەلێک کتێبیشی داناوە، سالی ١٩٧٧ تیرۆر کراوە، مامۆستا وەلید جانپۆلاتی کوری لە پێشەوایەتیی درووزدا جێی گرتووەتەوە و گەلێک جار پۆستی وەزیری و پەرلەمانیی وەرگرتووە، ئەمرۆ بە یەکێک لە دیارترینی تەوەرەکانی سیاسەت دادەنرێ لە لبنانی سەردەمدا.

جانپۆلاتییەکان بە سیاسەتباشی و خواردەیی و میهرەبانی و بایەخدان بە بیناسازی ناسراون، هەروەها سەرچاوەی دادوەری و زانست و چاکسازی بوون و رێزیان لە هەموو تایەفەکانی تر گرتووە بەتایبەتی لە دیانەکان، کە رێیان داون کلێسا لە ناوچەکانیاندا دروست بکەن، وشەی

جانپـۆلاتیش لە بنەچەدا لە وشـەی (جان پۆلارد) ی کوردی وەرگـیراوە واتە (گیانی لە پۆلا)، ئەم نازناوەشـیان لەبەر جەنگاوەری و ئازایەتیی زۆر و چاکـیی سـیاسـییان و وشـەکە ئێسـتا بووەتە جونبولات.

## بنەماڵەی سیفا " سیفاییەکان"

سیفاییەکان، فەرمانڕەوایانی تەرابلوسی شام لە لبنان، ناوبانگیان بە خواردەیی و ئەدەبەوە دەرکردووە، لە بنەچەدا کوردن و لە وڵاتی خۆیانەوە هاتوون و لە دەشتی عەکار و تەرابلوسی باکوری لبناندا نیشتەجێ بوون، لەوێشەوە ماوەیەکی دوور و درێژ فەرمانڕەوایی تەرابلوسیان کردووە و پایەیان بەرز بووەتەوە، تا ئێستاش ئەوقافێکی زۆریان بەناوەوە لە تەرابلوسدا هەیە، کە بنەماڵەی شیهال و هیی تر کە بە خزمایەتی پێیان دەگەن سوودی لێ وەردەگرن.(١٧) لە سەردەمی عوسمانیدا دەورێکی سەرەکییان لە ژیانی لبنانی سیاسیدا بینیوە، لە چیای لبناندا پێکدادان و کێشەیان لەگەڵ مەعەنییەکاندا بووە.

ئەوەی پشتگیریی کوردبوونی بنەماڵەی سیفا دەکا ئەوەیە کە " ئیبراهیم بەگ ئەلئەسوەد " لە کتێبەکەیدا گوتوویەتی : " ئەمانە میرانی کوردن لە نێوان ساڵانی ١٥٢٨ و ١٥٧٩ی زاین میرنشینییەکەیان کەوتووەتە دەست، کە ساڵی ١٥٧٩ میر یووسفی کوڕی سیفا بۆ پلەی وەزیر بەرز کرایەوە و کرایە والیی تەرابلوس.[١٨] فیلیپ حتتیی مێژوونووسیش جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە و دەڵێ: " دوای عەسسافییان فەرمانڕەوایی کەوتە دەست سیفاییە ڕەقیبەکانیان لە عەکار، سیفاییەکان " بەنو سیفا " بەڕەسەن کوردن، تەرابلوسیان کردووەتە بنکەی خۆیان ".[١٩]

هەروەها عەبدوڵا نەوفەل دەڵێ: " سیفاییەکان بە خواردەیی و ئەدەب بەناوبانگن، ڕێزی پرشنگدار و دەوڵەتی خاوێنیان بووە، تەنانەت بوونەتە ڕووگەی هەموو شاعیران و سەرچاوەی بژێویی هەموو پێداهەڵگوتەکان و مەزنترین پاداشتیان دەدا، ئەمانە کوردن و وڵاتی خۆیان جێ هێشتووە و هاتوونەتە عەکار و لەوێوە فەرمانڕەوایی تەرابلوسیان کردووە، شەهالییەکان بەشێکن لەمان.. ".[٢٠]

ئەم بنەماڵەیە لە سەدەی شازدەدا، کە یووسف پاشای کوڕی سیفا لە ١٥٧٩ی زایندا پۆستی فەرمانڕەوایی تەرابلوسی شامی لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە پێ درا، فەرمانڕەوایی ئەو ناوچەیەی نێوانی ڕووباری " کەلب " و ڕووباری " ئیبراهیم " یان کردووە و دوای ئەوەی چەندان جار دوورخراوەتەوە، تا ساڵی مردنی لە ١٦٢٤ی زایندا لە پۆستی ویلایەتدا بەردەوام بوو، ساڵانێکی دوور و درێژ لەگەڵ میر فەخرەدینی دووەمی مەعەنی (١٥٨٥ - ١٦٣٥ی زاین) دا چەندان شەڕ و پێکهاتنەوەیان لە نێواندا بووە. ئەم شەڕانە بوونەتە هۆی دوو جار تێکچوون و

تالانکردنی تەرابلوس. سـیـفـاییـیـە (کـوردەکـان) تا سـالانی چلەکـانی سـەدەی حـەڤـدەم لە فـەرمـانڕەواییی تەرابلوسـدا بەردەوام بوون. تاکـو شـاهـین پاشـا بـنەبڕی کـردن. ئـەم بنەمـاڵەیە بە خواردەیی و چاکە ناسراون و بوونەتە پەنای دەستکورتان.[٢١]

دوای ئەم میر حوسێنی کوڕی یووسف پاشا چووە جێی، کە لە سەردەمی باوکیدا دەستەبەری " کەفـالەت "ی تەرابلوسـی دراوەتە دەس و دواتر لێی لابراوە، ئینجا کـەفالەتی " ڕەها = ئـورفـە " ی دراوەتێ، ئینجا دەستی لێ هەڵگرتووە و چووەتە حەڵەب و محەمەد پاشای قەرەقاشی والی خۆشی نەدەویست، بەفێڵ گرتی و لەناو قەڵادا بەندی کرد و بە فەرمـانی سـوڵتـانی عوسـمـانی لە حـەڵەب خنکاندی و سـاڵی ١٠٢٦ی کـۆچی١٦١٧ی زایین تەرمـەکـەی ناردەوە بۆ کـوڕەکـەی لە تەرابـلوسی شـام. لەبـەر ئازایی و پاڵەوانیـەتیی جـەمـاوەرێکی زۆر بۆی گـریان، تـەمـەنی سی سـاڵەشی ڕەت نەکردبوو.[٢٢]

هـەروەها مـیر مـحـەمەدی کوڕی میر عـەلیی سیفیی تەرابلوسی – یان لێ هـەڵکەوتووە، کـە دوای میـر یووسف پاشایەتیی سیفی فەرمانڕەواییی تەرابلوسی کردووە. خاوەنی ئەدەب و هونەری بەرز بووە و شـاعیرێکی تایبەتیی بەنـاوی محـەمەد ئەلعەکارییـەوە بووە، ساڵی ١٠٢٥ی کۆچی، ١٦٢٣ی زاین کـۆچی دوایی کـردووە. چاکـەکـانی لە ژمـاردن نەدەهـاتن و چەندان شـەڕی لەگـەڵ مـیـر فەخرەدینی مەعەنیدا کردووە، ئەلموحیببیی مێژوونووس لە کتێبی کورتەی پاشـماوە " خلاصه الاثر " یدا دەڵێ: " میری زیندووکەرەوەی هۆنراوەی " مەوالییا " یەکی زۆر، لە کاتی ڕێگوزاریی بۆ وڵاتی ڕۆم لە قـۆنیـەی تـورکیـا بە دەرمـانخـواردکراوی مـردووە، دوای خـۆی بنەمـاڵەی سـیـفی هـەرەسی هێناوە و حوسێنی کوڕی جزریی شاعیر بەم جۆرە لاواندوویەتییەوە:

ولما احتوت ایـــدي المنـــایا محــمدا        امیر ابن سیف طاهر الروح والبدن
تعجبت کیف السیف یغمد في الثری        وکیف یواري البحر في طیه الکفن[٢٣]

واتە:

کە دەستەکانی مەرگ، محەمەدی
میری کوڕی سیفای گیان و تەن خاوێن – یان گرت
سەرم سوڕما، شمشێر چۆن بەناو خاکدا دەکرێ و
دەریا چۆن لە پێچیدا کفن دەشارێتەوە؟

سەردەمی سیفاییان لە تەرابلوسدا کە تا چلەکانی سەدەی حەڤدەم درێژەی هـەبووە، بەگوێرەی خۆی سەرباری ئەو شەڕ و کارەساتانەی بینیونی بەسـەردەمێکی زێڕین دادەنرێ، ڕەمەزان عتێفیی گـەڕیدە کە سـاڵی ١٦٣٤ سەردانی تەرابلوسی کردووە دەڵێ: "هـەواڵەکـانی سیفـاییـیـان لە چاکە و خـواردەییـیـان و چاکـەیان لەگـەڵ منێکی کـۆتایی نـەمـان و لەناوچوودا لەوە بـەناوبانگتـرە کە باس بکرێ، تەنانـەت ئەوانەی پێویسـتـییـان دەبوو یان نەیاندەبوو لە هـەمـوو لایەکی وڵاتـەوە سـەریان لێ

دەدا، کە وەک باس دەکرێ ڕۆژانی بەرمەکییانی ڕۆژگاری هارِوون ئەلرەشید – یان زیندوو کردووەتەوە.(٢٤)

یەک لە پیاوانیان شێخی پیاوچاک محەمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی عەلیی کوڕی یووسفی کوڕی محەمەدی کوڕی ڕەجەبی کوڕی سەعدەدین پاشای سەر بە بنەماڵەی سیفای کورد لە تەرابلوسی شام، کە ساڵی ١٢٨٥ی کۆچی، ١٨٦٨ی زاین تێیدا لەدایک بووە. زانستە ئاینییەکانی لەسەر دەستی شێخ حەسەن خوێندووە و ماوەی دە ساڵ لەلای بووە تا ئیجازە "بەڵگەنامەی ئاینی "ی وانە گوتنەوەی داوەتێ.

قوتابییان لە هەموو لایەکەوە دەستیان بەهاتنە لای کرد، ئینجا وەک مامۆستای زمانی عەرەبی لە قوتابخانەی کفتینی ناوەخۆیی نشتیمانیی گەورە لە تەرابلوس کاری کردووە. ئینجا سەفەری ئەستەمبوڵی کردووە و ماوەیەکی لێ ماوەتەوە و دوای گەڕانەوەی دەستی بە دانانی نامەیەک کردووە لەبارەی زانستی گەردوونەوە. ئینجا دەستی بە ڕاڤەی قورئانی پیرۆز کردووە بە شێوازێکی سادەکراو و نامەیەکی لەبارەی " دەوری ئاوریشم و پەروەردەکردن و پاراستنییەوە " دانا و بەمەیان پاداشتی لە دەوڵەتی عوسمانی وەرگرت لەگەڵ میداڵیایەکی زێڕ، ئینجا نامەیەکی لەبارەی " چۆنیەتیی دەرکردنی ڕۆن لە ڕووەکەکانەوە" نووسی و " کورتەنامەیەکیشی لە بارەی زانستی واتەسازی و ڕوونبێژی "یەوە هەیە.

هەروەها خزمەتگوزاریی نیشتمانیی هەیە کە بە سوپاسەوە باس دەکرێ. ڕەوشتی پەسند و هەڵسوکەوت خۆش و وەفاداری برادەرانی بووە. شارەزایی فراوان بووە، ساڵی ١٣٣٦ی کۆچی، ١٩١٨ ی زاین کۆچی دوایی کردووە.(٢٥)

ئەم بنەماڵەیە لە گەورەبوون و بەهێزبووندا بەردەوام بوو تا وای لێ هات توانا و سامیان پەیدا کرد، بۆیە عوسمانییان لێیان ترسان و هەندێک لە والییانیان لێ گاڵ دان، ساڵی ١٦٤٠ شاهین پاشای موتەسەریفی تەرابلوس دەستپێشکەریی کوشتنی میر عەساف سیفای پێشەوای ئەوسای بنەماڵەکەی کرد، ئینجا هەموویانی لەناو برد و لە سڕانەوەی نزیک کردنەوە.(٢٦)

## شەهالییەکان " ئال شەهال

شەهالییەکان لە بنەماڵە خوارده و کۆنەکانن لە شاری تەرابلوسی شامدا، لە بنەچەدا دەچنەوە سەر سیفاییە کوردەکان کە بە درێژایی ساڵانێکی دوور و درێژ فەرمانڕەوای تەرابلوس بوون، ئەوەی ئەم بنەچەیە پشتڕاست دەکاتەوە ئەوەیە کە لەگەڵ هەندێ بنەماڵەی تر چواریەکی ئەوقافی سیفاییان وەردەگرت.

چەند کەسێک لەم بنەماڵەیە هەڵکەوتوون بە شیعر و ئەدەب ناسراون، وەک شێخ مەحموودی کوڕی عەبوڵای شەهال و مامۆستا محەمەدی ئامۆزای و فەزڵ ئەفەندیی ئەدیب و جەمیل ئەفەندیی

پیاوماقووڵی یاساناسی سەرۆکی دادگەی سەیدا. لە شاعیرانیشیان شێخ مەحموودی کوڕی عەبدوڵای شەهال ساڵی ١٢٥٢ی کۆچی ١٨٣٥ی زاین لە تەرابلوسی لبناندا لەدایک بووە. کە لەسەر دەستی شێخەکانی تەرابلوس فێربووە و چووەتە ناو ڕستی فەرمانبەرانی دەوڵەتی عوسمانی و لە تەرابلوسدا بەڕێوەبەر و ساڵانێکی دوور و درێژیش ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی بووە، هەروەها سەرۆکی نووسەرانی ئەنجوومەنی ماف بووە و فەرمانبەرێتیی تری کردووە، بدووی باش و زمانپاراو و زانیاری فراوان بووە، دەنگی ڕوون و توانا لە ئاواز بۆ چامە دانان و " مووەششەحات "ی جوانی هەن، هەروەها شاعیرێکی بە سەلیقە بووە و هۆنراوەی چاکی لە بەشە جیاجیاکانی شیعردا بووە، فرەبابەت و شێوازناسک و واتە جوان بووە، دیوانی چاپکراویشی هەیە.(٢٧)

## بنەماڵەی خدر ئاغا

خدرئاغاییەکان بنەماڵەیەکی ناسراوی تەرابلوسی لبنانن، کوردن، هەر وەک حەبیب نەوفەل لە کتێبیدا دەڵێ: چاوم بە نووسراوی سەلمێنەر و بەڵگەیەکی شەرعیی زۆر کەوتووە لەلایەن قازییان و موفتییان و شێخ و زانا پایەبەرزەکانی ئەو سەردەمە واژوو کراون، کە جەخت لەسەر ڕاستیی پێوەندییان بە بنەچەی سیفاییە (کورد) دەکان دەکا، نموونەیەکی ئەو بەڵگەنامانەی بنەچەیان دەسەلمێنێ ئەم بەڵگەنامەیە " لە ئەنجوومەنی شەرعی پایەبەرز و کۆمەڵەی فەرمانڕەوایی بڵند (مجلس الشرع الشريف و محفل الحكم المنيف)ی تەرابلوسی شامی پارێزراو بۆ دامەزراندنی والییەتیی گەورەمان... و هەڵگری ئەم نامەیە، داواکاری شانازیی هاوتا بەڕێزەکان، ئیبراهیم ئاغای کوڕی مستەفا ئاغای خوا لێخۆشبووی خدرزادە بە سەرپەرشتیاری شەرعی و چاودێری سەر وەقفی خاتوو ئەسیلی کچی یووسف پاشای سیفیی هاوسەری خدر ئاغا کە وەقفەکەی بۆ نەوەکانی دەگەڕێتەوە کە باپیری چاودێری بەرزی دامەزراو، بە هاوکاریی شایستەکانی وەقفەکە، ڕێی پێ درا کە سەرپەرشتیی وەقفەکە بکا و چاودێریی موتەوەللی (کار پێ سپێرراو) حاجی ئەحمەد ئاغای خدر ئاغا، واتە هیچ کارێک یان بەرژەوەندییەک لە وەقفەکەدا بەبێ ئاگەداریی ئەم وەرنەگرێ.. لە مانگی ڕەجەبی ساڵی ١٢٤٥ی کۆچیدا داواکارییەکە دێڕنووس کرا. "(٢٨)

مەحموود ئاغای سەرۆکی شارەوانیی تەرابلوس و هەروەها پیاویان لێ هەڵکەوتووە کە لە ئاسمانی پیاوماقووڵی و پیاوەتیدا وەک خدر ئاغای کوڕی مستەفای ئەفسەری پیادەی پارێزگاران لە تەرابلوس، ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن و سەعید ئاغای برای کە سەرۆکی شارەوانیی تەرابلوس بووە.

## عیمادییەکان " ئال عیماد"

بنەماڵەیەکی گەورەی ناسراوە لە چیای لبنان دادەنیشن و بنجی دەرەبەگانەیان هەیە، بنەچەیان دەگاتە " عیماد "ی باپیرەیان، ئەویش کوردە و لە شاری " ئامێدی " عیمادییە "ی نزیک شاری مووسڵی کوردستانی عێراقەوە، بە کۆچەری هاتووەتە لبنان و لە گوندی " مەرتحوون " دا دانیشتووە. ئینجا کۆچی کردووەتە باروک، لەوێشەوە نەوەکانی گواستوویانەتە ناوچەی شۆف و چوونەتە سەر ڕێبازی دووزی کە لەو ناوەدا بڵاوە و چوونەتە ڕیزی گەورە مولَکداران، هەروەها هەندێکیشیان ئاینی کریستیانی مارۆنییان پەسند کردووە. ئەوەی کوردایەتیشیان پشتڕاست دەکاتەوە ئەوەیە کە دوکتۆر سەلیمی هیشی گوتوویەتی: " پێوەندیی خزمایەتییان بە عیمادودەولە " عماد الدولە " ی دەیلەمیی کوردەوە هەیە کە فەرمانڕەوایی ناوچەی عیمادییەی کردووە.. ".

ئەو دەورە بەبایەخەی عیمادییەکانیش بەگشتی لە مێژووی لبناندا بینیویانە و بەتایبەتی لە گەڵ درووزەکاندا پێشەوایەتیی حزبی یەزبەکییە.. کە دراوەتە پاڵ باپیرە گەورەی شێخ عیماد، کە ئەویش یەزبەکە، ئەویش ئەمڕۆ لەسەر ڕێبازی درووزە.(٢٩)

## مرعبییەکان، بنەماڵەی مرعبی " مراعبە، یان ئال مرعب"

مرعبییەکان لە میرانی عەکارن لە باکوری لبنان، دەدرێنە پاڵ کوردە ڕەشوانییەکان، مرعبی باپیریان لە ناوچەی عفرینی کوردی سوریاوە هاتوونەتە وڵاتی تەرابلوس و نەوەکانی لە دەشتی عەکاردا نیشتەجێ بوون، لە بنەماڵە دەرەبەگە ڕەسەنەکانی لبنانن، لەسەر ڕێبازی سوننین، ئەوەی بنەچەیان پشتڕاست دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەحمەد موحەمەد ئەحمەد لە کتێبی " کوردی لبنان "یدا باسی لێوە کردووە، دەڵێ: " میرگەلێکن دەچنەوە سەر مرعبی باپیریان کە یەک لە بەگزادە کوردەکان بووە لە هەکاری " هەکاری، زنجیرە چیایەکە لەو ناوچە کوردییانەی لە تورکیا و عیراقدان ".(٣٠)

هەروەها ئەوەی حەبیب نەوفەل لە کتێبی " ژیننامەی زانایانی تەرابلوس " دا باسی کردووە، کە دەڵێ:" مرعبییەکان بە بنەچە کوردن، باپیریان لە وڵاتی خۆیەوە هاتووە و عەکاری کردووەتە نیشتمان و وەچەکانی خانووی بەرز و بڵند و زەویوزارێکی فراوانیان لەو وڵاتەدا بووە و کەسانی وەک میر شەدید - یان لێ فەرمانڕەوایی تەرابلوسی کردووە کە ساڵی ١٧١٤ ی زاین لەگەڵ عیسا حەمادەدا لەیەکیان داوە. هەروەها عوسمان پاشای مرعبی لە سەدەی نۆزدەدا و عەلی پاشای ئەلئەسعەدی مرعبی و هەر لەو سەردەمانەشەوە نازناوی بەگزادە لە نەوەکانیان نراوە، مرعبییەکانی تر نازناوی ئاغایان هەبووە، دواتر حکوومەت وەک ئامۆزاکانی تریان نازناوی بەگی پێ دان.(٣١)

مـرعـبـییـەکـان نزیـکەی سـەد سـاڵ فـەرمـانڕەوای ناوچەی عـەکـار بوون. تـا ئەمڕۆش لە قـەزای عەکاردا کە هی خۆیانە هەندێک لایەنگیریان هەن، تا سەردەمێکی نزیکیش تەلال مرعبیی، یەک لە کوڕانی ئەم بنەماڵەیە لە ساڵی ١٩٧٢ەوە بووەتە نوێنەری کورسیی سوننی لە قەزای عەکار و تا ساڵی ١٩٩٢ بەردەوام بوو، ئینجا دووبارە هەر لەو کورسییەدا هەڵبژێررایەوە و ئەم بردنەوەیە لە هەڵبژاردنی نوێنەرایەتیی ساڵی ١٩٩٦ی زایندا دووبارە بووەوە.(٣٢)

عەلی پاشای ئەسعەدی مرعبی یەکێکە لە جێ شانازییەکانی مرعبییان، پیاوی سەردەمی خۆی بووە و ئەزمـوون و ئـازایەتی و سـووربوونەوە و بەسـام و ژیر و سـوارچاکێکی دلێـر، بەزات و زمـانپـاراو بووە. (نەوفـەل نـەوفـەل)ی نـووسـەر لە کـتـێـبە مـێـژووییـیـەکـەیدا: لادانـی دەمـامک لە ڕووداوەکانی میسر و دەشتی شام " کشف اللثام في حوادث مصر وبرالشام)، لەبارەیەوە دەڵێ: " ئەوەی پێویستییەکی بووایە دەچووە لای بۆی جێبەجێ دەکرد، هەژارانیش چاویان لە دەستی بووە و دەیدانێ، شاعیرانیش بە چامە نایابەکانیان پێیاندا هەڵدەدا، چاکی پێ دەدان، زمانلووس بووە، بەشدارییشی لە ئەدەب و شیعردا بووە، بۆ برادەرانیش و بۆ ئەوانەی هانایان بۆ بردووە بە وەفا بووە".

ئەحـمـەد پاشـای جـەزار لە حکوومـەتی تەرابلوسی لابرد، بەڵام دواتر گـەڕاندییـەوە سـەر پۆستەکەی، حکوومەتی عوسمانی پایەی پاشایەتی " میری میران "ی پێ داوە، شاعیرێکی زۆر پێیاندا هەڵداوە:

لەمانە، بوتروس کەرامە کە دەڵێ:

هذا ابن اسعد لاند يشاكله المرعب الضد بالهندية الاسل

يا ال مرعب لازالت رماحكم تمتد خلف العدا قطاعة الاجل

يا ال مرعب ان الفخر حق لكم والفخر فيكم عل جاء بالمثل ..(٣٣)

واتە:

ئەمە کوڕی سەعدە " ابن سعد " هاوتای نییە لە شێوەی ئەم بێ، مرعیبی دژ، بە ڕمی درێژی جۆری " هیندییە" وە

ئەی بنەماڵەی مرعبییان ڕمبەکانتان ئێستاش تا پشتەوەی دوژمنان درێژ دەبێتەوە و ئەجەل لەت و پەت دەکا

ئەی بنەماڵەی مرعبییان مافی خۆتانە شانازی بکەن، شانازیتان لە ناودایە، ئەو عەلییەیە کە چەمکی ڕەوشتچاکیی هێناوەتە گۆڕێ.

## بنەماڵەی تر

بنەماڵەی تریش لە لبنان هەن، وەک بنەماڵەی عەبوود لە باکوری لبنان و بنەماڵەی "مەعیتات" لە عەکار کە بنەچەیان کوردە و لە کوردەکانی عفرینن، هەروەها لە باکوری لبنانیشدا بنەماڵەی کورد هەن، چیای عامل چەندان بنەماڵەی کوردی کۆنی بەخۆوە بینیوە، وەک بنەماڵەی فەزڵییەکان لە نەبەتییە کە دەچنەوە سەر " سەعبییەکان " کە بە ڕەسەن کوردن، دەچنەوە سەر بەهائەدین کە باپیرەی یەکەمیانە و سێ کوڕی بووە، گەورەکەیان عەلی بووە کە دواتر نازناوی "سەعب "یان لێ ناوە واتە " دژوار ". ئەوەی دیاریش بێ ئەوەیە کە فەزڵییەکان شوێنێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی گەورەیان لە باکوردا گرتووە، چەند کەسێکیشیان پۆستی وەزیری و نوێنەرایەتی و بەڕێوەبەریەتیی وەرگرتووە. هەروەها سەعبییەکان لە قۆناخێکی مێژوویی پێشتردا ناوچەی وڵاتی شەقیفیان حوکم کردووە، بەر لەوەی ئەحمەد پاشای جەزاری والیی سەیدای ناسراو دەسەڵاتیان لەناو ببا.

ئەمڕۆ سەعبییەکان لە گوندەکانی نەبەتییە و مەڕوانییە و بابلییە و ئەنسار و زفنا و دێر ئەزەهرانی و کەفر ڕومانی باکوری لبناندا بڵاو بوونەتەوە.[٣٤] هەروەها دوو بنەماڵەی نەسروڵا و ئەبی غانم هەن لە قەزای شۆفدا، حومەیییەکان" ئال حومەییە" لە گوندی " تاریا " لە بیقاع، کە لەگەڵ حەمۆی کوردی باپیریاندا لە عێراقەوە هاتوون، ئەمانەش بە ڕێباز سوننین.[٣٥]

## کوردەکانی ئێستا

گومان لەوەدا نییە کە بنەماڵە گەورەکانی وەک مەعەنییان و جانپۆڵاتییەکان و سیفاییەکان و عیمادییەکان و هی تریش بنەچەیان کوردی زانراون. لەگەڵ ڕۆژگاردا بوونەتە لبنانیی بە عەرەب بوو، لەوانەشە پێوەندییان بە کوردایەتییان و بنەچەی دووریانەوە کز بووبێتەوە و بووبێتە بەشێک لە ڕابوردوو. ئەمڕۆکە لە لبنان پتر پابەندی بەرژەوەندیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی خۆیانن، بەڵام کوردی ئێستا ئەوانەی هێشتا زمان و داوونەریت و بنچینە کوردییەکەیان و پێوەندیی گیانییان بە کورد و کوردستانەوە هەیە، ئەمانە ڕەوەندی کوردی ئێستا لە لبنان پێک دەهێنن و لە ناوچەکانی ماردین و توورعابدین و بۆتان لە کوردستانی تورکیاوە کۆچیان کردووە، لەلایەکەوە بە هۆی دژواریی ژیانیان لە نیشتمانی ڕەسەنی خۆیاندا و ترسی چەوساندنەوەی تورک کە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە کوردستاندا تۆقاندوویەتی.

هەروەها لە سەرنەگرتنی شۆڕشە کوردییەکانی ئەوێ و بەتایبەتیش شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران – ساڵی ١٩٢٥ و ئەو کۆچ پێکردنە بەکۆمەڵانەی ناوچەی دیاربەکر، لە ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستدا، لە نێوان ساڵانی ١٩٢٤ و ١٩٤٠ دا ٨٠٪ ی کۆچەرەکان لەبەر ئەم مەرجانەی خوارەوە هاتوونەتە لبنان: بارودۆخی سەختی ژیان کە کوردی پێدا ڕەت بوون لە تورکیا و ئەو باسانەی لەبارەی خۆشیی ژیانەوە لەلایەن خزم و کەسوکاریانەوە لە لبنان بۆیان کرابوو و ئیعدام

کردنی سەدان کورد لە ئێران دوای ڕووخانی کۆماری مەهابادی کوردی لەوێ، کە وەک گوزارە بەسەر کوردی تورکیا ڕەنگی دایەوە و هەروەها لە ترسی کۆمەڵکوژیی وەک ئەوانە کە لە وانە بوو فەرمانڕەوایی لە تورکیا لە دژیاندا ئەنجامی بدا لەلایەکی ترەوە. دوا ئێستگەی کۆچکردن لە ساڵی ١٩٨٠ دا بوو دوای ئەو کودەتا سەربازییەی جەنەڕاڵ کەنعان ئەڤەرین بوو لە تورکیا، کە هەڵسوکەوتی ئەوپەڕی توند و سەرکوتکەرەوەیان لەگەڵدا گیرایە بەر، کە ئامادەکاریی بۆ کۆچی کۆمەڵانێکی کوردی تر کرد بۆ لبنان.[٣٦] بۆیە دەتوانین بڵێین زۆربەی زۆری کوردی لبنان لە کوردستانی تورکیاوە هاتوون بەڕێگەی ڕووکردنە جزیرەی سووریا لە نوسەیبین – قامشلی – حەسەکە – دێرەزوور – حەلەب – حومس – حەما – تەرابلوس – و بەیرووت. بەڵام دابەشبوونی جوگرافیایی لە لبنان، کە زۆربەیان لە دەوروبەری بەیرووتدا کۆ بوونەتەوە، لە گەڕەکێلی وەک زوقاقولبیلات و ناوچەی ڕیازولسولّح و کەڕەنتینە و مەسلەخ و مەزرەعە و موسەیتە و " بورج ئەلبەراجنە " لە گەڕەکی سباعی و ناوچەی وادی ئەبوجەمیل و ناوچەی باشوورە و فڕنولشەبەک و مەرجە، هەشە لە تەرابلوس و لە گەڕەکەکانی تەربیعە و زاهرییە و زەهرولمەغەر و قوببە و لە بیقاع لە گوندەکانی خیارە و فەرزەل و کەفرزەیدا جێگیر بووە.

کوردی لبنان ساڵی ١٩٨٣ بە نزیکەی ٩٠ هەزار کەس دانراون کە زۆربەیان لەسەر ڕێبازی سوننین، بە زمانی کوردی قسە دەکەن و هێشتا ٧٠٪ یان ڕەگەزنامەیان نییە و کاغەزێکی ناسنامە نەبێ هیچیان پێ نییە کە ئەویش لە بەردەمی تاقیکردنەوەدایە و ساڵە و ساڵ نوێ دەکرێنەوە.

هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوە و چاوگەکان:


١) كمال الصليبي: تاريخ لبنان الحديث، دار النهار: بيروت، ١٨، ١٩٩١، صلاح ابو شقرا: الاكراد شعب المعاناة: ٤٩

٢) صلاح ابو شقرا: الاكراد شعب المعاناة: ٥٠

٣) منذر الموصلي: عرب واكراد: ٤٩٢

٤) الاعلام: ٢٧٣/٧، خلاصة الاثر: ٢٦٦/٣، اخبار الاعيان بجبل لبنان/ لطنوس الشدياق، الجامعة اللبنانية، بيروت، ١٨٦: ١٩٧٠، تاريخ جبل نابلس و البلقاء: ٢٢/١

٥) الاعلام: ٢٧٣/٧، المنجد: ٥٢٠.

٦) المنجد: ٥٢٠.

٧) المنجد: ٥٤٨.

٨) المرادي: سلك الدرر، دار سادر، بيروت، ١: ٢٠٠١/ ٦٧ _ ٦٨ الموسوعة العربية: ٢٧٧، المنجد: ٥٢٠ وهناك كتاب عنه: فخر الدين امير الدروز و معاصروه: نااليف ف. فوستنفلد، ترجمة بطرس شلتون، بيروت ١٩٨١، كمال الصليبي: تاريخ لبنان الحديث، النهار، بيروت، ١٩٩٦، ٣١، و فخر الدين، الكسليك، ١٠٥، ١٩٧٠.

٩) المنجد: ٦٧٩.

١٠) كمال الصليبي: تاريخ لبنان الحديث: ٣١ _ ٣٢، ٣٥.
١١) صلاح ابو شقرا: اكراد لبنان، ٥٠ _ ٥١.
١٢) كمال الصليبي: تاريخ لبنان، مؤسسة نوفل، ط ٢، بيروت، ١٩٩٢، ١٠٧
١٣) صلاح ابو شقرا: اكراد لبنان، ٥٠، اخبار الاعيان في جبل لبنان: ١/ ١٩٠.
١٤) اخبار الاعيان في جبل لبنان: ٢/ ١٩٠ _ ١٩١.
١٥) طنوس الشدياق: اخبار الاعيان في جبل لبنان، ١/ ١٥٧، المنجد: ٢١٨، الاعلام: ٤/ ١٦)
١٧) عبد الله نوفل: تراجم علماء طرابلس، ٢١، خلاصة الاثر: ٤/ ٤٧.
١٨) صلاح ابو شقرا: الاكراد شعب المعاناة: ٥١.
١٩) ابراهيم الاسود: تنوير الاذهان في تاريخ لبنان، دار الكتاب، بيروت، ٣٢٠، ١٩٧٨، فيليب حتي: تاريخ لبنان، ترجمة انيس فريحة، ط٢، دار الثقافة، بيروت، ١٩٧٢، ٤٥١.
٢٠) تاريخ طرابلس الشام لحكمت شريف _ خ: ١٠٣، تراجم علماء طرابلس: ٢١.
٢١) تاريخ طرابلس الشام لحكمت شريف _ خ: ١٠٣، تراجم علماء طرابلس: ٢١.
٢٢) مشاهير الكرد: ٢/ ٢٨٢، خلاصة الاثر: ٢/ ١٢١.
٢٣) تراجم علماء طرابلس: ٢١، خلاصة الاثر: ٤/ ٤٧، الاعلام: ٦/ ٢٩٣، مشاهير الكرد: ٢/١٥٤.
٢٤) رمضان العطيفي: رحلتان الى لبنان، المعهد الالماني، بيروت، ١٩٧٩، ١٦، حكمت شريف: مخطوط تاريخ طرابلس من اقدم ازمانها الى هذو الايام، ١٠٣.
٢٥) الاعلام: ٧/ ٣٠٣، ٣٠٤، معجم المؤلفين: ١١/ ٣٥٢، تراجم علماء طرابلس: ٢٢٥.
٢٦) منذر الموصلي: عرب و اكراد: ٤٩٢.
٢٧) تراجم علماء طرابلس: ١٦٤ _ ١٦٥.
٢٨) تراجم علماء طرابلس: ٢٧١ _ ٢٧٢.
٢٩) صلاح ابو شقرا: الاكراد شعب المعاناة: ٥٣ _ ٥٤، منذر الموصلي: عرب واكراد: ٤٩١.
٣٠) احمد محمد احمد: اكراد لبنان و تنظيمهم الاجتماعي والسياسي، بيروت، ١٩٩٥، ٥٠، جريدة الحياة، لندن، العدد الصادر بتاريخ ٢٨ اب ١٩٩٣.
٣١) تراجم علماء طرابلس: ٤٥.
٣٢) صلاح ابو شقرا: الاكراد شعب المعاناة، ٥٢، عرب و اكراد: ٤٩٢
٣٣) تراجم علماء طرابلس و ابائها: ٤٧ _ ٥٠، كشف اللثام في حوادث مصر و بر الشام: ٥٠.
٣٤) منذر الموصلي: عرب و اكراد: ٤٩٢.
٣٥) صلاح ابو شقرا: الاكراد شعب المعاناة: ٥٢ – ٥٤ عرب و اكراد: ٤٩٢.
٣٦) صلاح ابو شقرا: الاكراد شعب المعاناة: ٥٩

سەرچاوە: ڕۆژنامەی "الاتحاد".

سەرچاوە: http://www.gilgamish.org/viewarticle.php?id=index-20060929-185

هەولێرنامەی کتێب

مێژوو و بیرەوەرییەک

# هەراکەی بابولشێخ

## بەغدا ١٩٥٢

ئەحمەد تاقانە

د. موکەڕەم تاڵەبانی – ی مامۆستا و برا گەورەی خۆشەویستم، لە کتێبی " دماء وراء القضبان"دا کە بە زمانی عەرەبیی نووسیوە، وەک مێژوو و بیرەوەری باسی ڕووداوگەلی سیاسیی سەردەمێکی عێراقی کردووە.

لە بەشێکیدا باسی ڕووداوگەلێک دەکا کە منیش خۆم، شایەتحاڵی لایەکی کەمی ئەو ڕووداوانە بووم. من بەر لەوەی کتێبەکەش بڵاو بکرێتەوە و بیبینم، ناوە ناوە بەخەیاڵمدا دەهات ئەو بیرەوەرییانە بنووسمەوە، ئەگەرچی ئەوساکە بە تەمەن منداڵیش بووبم، "ڕووداوەکان هی کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٥٢ بوو منیش لەدایکبووی ١٩٤٤ م".

پێم وایە، بەرلەوەی بیرەوەرییەکانی خۆم بگێڕمەوە، ئەو بەشەی کتێبەکەی د. موکەڕەمتان بۆ بخەمە بەردەست کە بە ناونیشانی لاوەکیی " انفجار المظاهرات و الاضرابات الطلابیة – تەقینەوەی خۆپێشاندان و مانگرتنەکانی قوتابییان "ەوەیە، سوودی پتر دەبێ، کە بەم شێوەیەیە:

" کۆلێجی دەرمانسازی و کیمیا (زانکۆی بەغدای ئەوسا – تاقانە)، لەبارەی ساڵانی دەرنەچوونەوە لە کۆلێج، بڕیاری هەموارکردنی پەیڕەوی کۆلێجیان دابوو، قوتابییانیش بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ئەمەیان بە زیانگەیێن دانابوو، بەم جۆرە لە (٢٦ / ١٠ / ١٩٥٢)ەوە مانگرتنیان جاڕ دا، بڕیاریشیان دابوو تا چاویش بەو هەموارکردنەوەیەدا نەگێڕڕێ مانگرتنەکە نەشکێن. کارگێڕی کە بەدەنگ داواکارییەکانی قوتابییانەوە نەهات، پشووی خوێندنیشی لە کۆلێجدا جاڕ دا و داوای گەڕاندنەوەی قوتابییانی کرد بۆ شارەکانی خۆیان.

بۆ پشتگیریی قوتابییانی کۆلێجی ناوبراو، کۆلێجەکانی نۆژداری " پزیشکی " و ماف و بازرگانی و هیی تر، تا جێبەجێکردنی داواکارییەکانی هاوەڵانیان، مانگرتنیان لە خوێندن جاڕ دا.

حکوومـەتیش توندوتیـژیی بۆ شکاندنـەوەی مـانگرتنەکـە پێـڕەو کـرد، وەزارەتـی مـەعـاریف " پەروەردەی ئـەوسـا " بڕیاری ڕاگـرتـنی خـوێندن و دەوامی لـە کـۆلێج و پـەیمانگەکـان دا. بەڵام مـانگرتـنەکـە ئەوەندەی پێ نەچوو بووە کـارێکی سیـاسـی و قـوتابییـان بەیانێکیـان دەرکـرد، ڕۆژی ٩٥٢/١١/٢٣ لە ڕۆژنامە ناوەخۆییەکاندا بڵاو کرایەوە کە بەشێکی بەیاننامەکە دەیگوت:

نکووڵیکردنی دەستـەی حوکمـڕان لە داواکارییە نیشـتمـانییەکان، بەڵگەیەکی بـراوەیە کە بیـری کۆنەپەرسـتی بەسـەر کـاربەدەستاندا زاڵە و ئەمـە شـەڕ بەرپاکردنە دژی هەمـوو ئەو چاکسـازییانەی بارودۆخـەکـەی ئێسـتـا و لەناوبردنی ئەو گەندەڵییە کـە سـرووشـی بـەرژەوەندیی ئیـمـپـریالیـزم باڵی بەسەر گەلەکەدا کێشاوەتەوە.

بۆیە، ئێمە کە قـوتابییـانی پەیمانگە باڵاکانین، بەوەی کە پێشـەنگی هوشـیارین لە نیشـتـمـاندا، مـانگرتـن لە دەوام جـارِ دەدەین، تا بەدەنگ داواکـارییـەکـانمـاندا دێن، کـە لەم خـاڵانەدا کـورت کراونەتەوە:

١- پێویستە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی ئازاد وەک بنچینە، لە هەڵبژاردنی داهاتوودا پیادە بکرێ.

٢- چاکسـازیی ناوەخـۆیی بۆ پاراسـتنی ئازادییـە گشـتـییـەکـان و لەگەڵ بـەرەوپێشـەوە چوونی جیهاندا ڕێ بکا.

ئەگـەر داواکـارییـەکـانمان جـێبـەجـێ نـەکـرێ، پەنا دەبەینـە بەر ئەو جـۆرە کـارانەی دەسـتـەی حوکمڕانی تێیان دەگا.

هـەروەها خۆپیشـاندان هەموو ناوچەکانی بەغدا و شارەکانی تری عێراقی گرتبووەوە.

ڕۆژی پێنجـشـەمـە ٢٠ / ١١ / ١٩٥٢ خـۆپێـشـاندانێکی جـەمـاوەریی گـەورە لە بـەغـدا بەڕێ کەوتبوو، هەروەها ڕۆژی شـەمـە ٢٢ / ١١ / ١٩٥٢خـۆپیـشـاندانێکی گەورەی تر دەرچووبوو، کە پۆلیس بەری لێ گـرتبـوو، لە " بـابولشـێخ " و " گـەڕەکی فـەزڵ " دا پێکدادان لەگـەڵ پۆلیس بەرپا بووبوو، چەندان کەس لە خۆپێشاندەران کوژران و ژمارەیەکی تریش بریندار بوون.

حکوومـەتی مـسـتـەفا عومـەریش دوودڵ بوو لەو هەڵسوکەوتانەی کە ئەنجامی دەدان، بەم جۆرە کارەکەی لە دەست دەرچوو.

وەسـیش (١) داوای لە مـامـۆسـتـا حـیکمـەت سـولەیمان کـرد بۆ پێکهـێنانی کـابینەیەکی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە، بەڵام ئەم داوای لێبوردنی کرد. ئینجا داوا لە جەمیل مەدفەعی کرا بۆ پێکهێنانی کابینە، جەماوەریش هەر کە بەمەیان زانی یەکسـەر بانگی رووخاندنی ئەویان کرد و کابینەی مستەفا عومەری لە ٢٣ / ١١ / ١٩٥٢ دا دەستی لە کار کێشایەوە. "[١]

## بیرەوەریی خۆم

باوکم " سەلمان ئەحمەد" وەک ئەفسەرێکی پۆلیس ساڵی ١٩٥٢ گواسترایەوە بەغدا، بووە بەرپرسی بنکەی پۆلیسی بابولشێخ، بنکەکە، لەسەر شەقامی (کیفاح)دا کە بە پشت مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانیدا ڕەت دەبوو، لە گۆشەی بەرامبەر گۆشەی پشتەوەی مزگەوتەکەدا بوو. بنکەکە بە دوو نهۆم دروست کرابوو، زۆربەی هەرە زۆری کەرەستەی بیناکە تەختە بوو. لەگەڵ هەندێ خشتی سوورەوەکراو و گەچدا. دەرگەی پشتەوەی مزگەوتەکە لەو جادە لاوەکییەدا بوو کە بە بەردەمی بنکەکەدا ڕەت دەبوو.

لەسەر ئەو شەقامە لاوەکییەدا لایەکەی تردا کە بە بەردەمی مزگەوتەکە و دەروازە گەورەکەیدا ڕەت دەبوو و بەرەو وێستگەی قیتاری کەرکووک دەچوو، هەندێک لەولای بەرامبەر دەرگەی مزگەوتەکەوە لە خانوویەکی نهۆمی دووەمی سەر دوو سێ دووکانی یەکپارچەی غەڵوزفرۆشێکدا بەکرێ دادەنیشتین. هۆڵێکی تێدابوو دوو پەنجەرەی بەسەر شەقامەکەیاندا دەڕوانی. لە بەرامبەردا هەر لە ڕیزی دەروازەی شێخدا چەند دووکانێکی لێ بوو.

ئێمەی دوورەوڵات کە لە بەغدا تازە بووین و کەسێکی وامان نەدەناسییەوە و باوکە ئەفسەرەکەشم هەر لە ئەرکی خۆیدا گەلێک لە شەوان نەدەهاتەوە ماڵەوە و لەناو ئەو ئاگرە هەڵایساوەدا فەرمانی بەجێ دەهێنا

بارودۆخەکە خراپ شڵەژابوو، بەتایبەتی بۆ پۆلیسی ڕیزی پێشەوەی هێڵی ئاگری بەرگری لە ڕێژیم و پاراستنی ئارامی، پۆلیس بە خۆیان و ماڵ و منداڵیان لە ڕۆژگارێکی وەهادا لەناو ترس و بیمی زۆردا دەژیان.

نازانم چەند ڕۆژ بەر لە هەرا گەورەکە، باوکم تا بەرەبەیان نەهاتەوە، کە هاتەوە سەری پێچرابووەوە. وەکو بۆی گێڕاینەوە لە خۆپێشاندانداندا لەتە خشتێکی سوورەوەکراو لەسەری درابوو، لایەکی تیژی خشتەکە برینێکی قووڵی لە سەریدا کردبووەوە. ئافرەتێکی ئەو ماڵانەی ئەو ناوە پەردەیەکی دابوویە سەری پێ پێچابووەوە تا خۆی گەیاندبووە نەخۆشخانە.

## ڕۆژی هەرا گەورەکە

زۆری پێ نەچوو خۆپێشاندانەکە وڕکی لە بنکەی پۆلیسی بابولشێخ گرت، کە باوکم بەرپرسی بوو، هەرایەک بوو نەبێتەوە، جەماوەرە تووڕەکە هەر لە شەقامی کیفاحەوە تا شەقامەکەی بەرماڵمان و تا ئیستگەی شەمەندەفەر دەهات و دەچوو و جەماوەر خرۆشابوو، هاژەی دەکرد و شەپۆلانی دەدایەوە.

ئاپۆرایەک لە ترۆپکی تووڕەبوونەوە نەدەهاتە خوارێ و دانەدەسەکنی، دەهات و دەچوو.

دایکم بەستەزمانە لەناو ئەو ترسە گەورەیەدا بەدەست چوار خوشکە دووی لە من گەورەتر و دووی گچکەتر و منی تەمەن هەشت نۆ ساڵییەوە خەریک مابوو، ئێمە هەروەک چاوشارکێی لەگەڵدا بکەین، دەری دەکردین و لەلایەکەی ترەوە دەچووینەوە، دەمانویست لە پەنجەرەکانەوە لە خۆپێشاندانەکە بڕوانین و ئەویش لەلایەکەوە لە ترسی خۆی و لەلایەکی ترەوە نەیدەهێشت ئێمە سەیریان بکەین و بتۆقێین... و دەنگی حەشاماتەکەش جاروبارێک ئەوەی ڕادەگەیاند کە یەکە پیاوی خۆشەویستی شەقامە گڕگرتووەکە " کامل جادرچی "یە، ناو هەر ناوی ئەو بوو.

بە دیوەکەی تردا لە پشت مزگەوتی شێخەوە، واتە بەدیوی بنکەکەوە، دووکەڵێکی ڕەش و چڕ بەرز بووەوە، ئاپۆڕەکە هاژەیەکی تری سەرکەوتنی لێ بەرزبووەوە و پێل و شەپۆل جووڵەیان پتر بوو، دووکەڵەکە، ئەگەرچی نەماندەزانی چی بوو، ئێمەی بەو منداڵییە خستە دڵەکوتێ و دیسان هەڵمەتێکی ترمان بۆ پەنجەرەکان برد، لە شەقامدا بە کۆمەڵە کەسێک بە " مگوار "[(٢)] بەربووبوونە سەروگوێلاکی زەلامێکەوە پاڵتۆی سەربازیی زستانەی لەبەر بوو، نازانم گومانیان لێ بوو، یان ناسیبوویانەوە کە پۆلیسی ئاسایشی نهێنییە، خلتانی خوێن بوو، هەر هەڵدەهات و بواریان نەدەدا و هەڵدەهاتەوە، بەڵام بۆ کوێ؟ دەوروبەری دەریایەکی هەڵچوو بوو، بەڵام دواتر یەکێکی ناو حەشاماتەکە دیار بوو بەوە یارمەتیی دا کە مگوارەکەی گرتە دەست و دوو سێ مگواری لە پاڵتۆکەی وەشاند و بواری هەڵاتنی بۆ ڕەخساند. ئاپۆڕە هاژەی دەهات.

نەخێر ئەم جارەیان پۆلیسێکی سەرخڕی قژ خۆڵەمێشیی مەیلەوسپیی بێ سیدارەی تفەنگ بەدەستیان ڕاو دەنا ، کابرا گەیشتە بەرامبەر ماڵمانەوە لە بەردەمی دووکانە داخراوەکاندا تەقەیەکی کرد و خەڵکەکەی تۆزێ لێ دوور کەوتنەوە، دەستی بە ڕاکردن کردەوە، شەپۆلی تووڕەش بە دوایەوە، ماوەیەک ڕۆی خەریک بوو بگەنەوە سەری تەقەیەکی تری کرد و.. تومەز دوا فیشەکی بووە، نیشتنە سەری، ئەوندە لێمان دوور کەوتبووەوە گرتنەکەیمان پێ نەدەبینرا، بەڵام دووکەڵ بەرز بووەوە و دووکەڵەکەیمان بینی، حەشاماتەکە هاژەیەکی دەنگیان لێ بەرز بووەوە دەیانگوت: "شرطی شنو حرگناه، شرطی شنو حرگناه " واتە: پۆلیس چییە؟ سووتاندمان، پۆلیس چییە؟ سووتاندمان !. دواتر زانیمان کە گرتبوویان و خنکاندبوویان ئەوجا سووتاندبوویان.

زۆری نەبرد پۆلیسێکی تریشیان دوای ڕاونان گرت و سووتاندیان، دووکەڵی سووتانی هەردوو پۆلیسەکەم بە چاوی خۆم بینی. ئاپۆڕە شەپۆلی دەدایەوە و هاژە دانەدەمرکا.

*

ئەو شەوە نازانم چۆن و کەی خەوم لێ کەوت.. لە ترسان و لە برسان و ماندووبوون و بێ خەوی خامۆشی کردین.

بەیانییەکەی دنیا کشومات بوو، شەقام چۆڵ بووبوو، بەدەنگی لە دەرگەدان هەموومان بە ئاگا هاتینەوە، زەلامێک بوو بە تورکمانیی کەرکووک قسەی دەکرد، تەمەن پەنجا ساڵێک دەبوو، گوتی

ناوم ئیسماعیل حەقییە و خاوەنی ئوتێلی کەرکووکم، نامەیەکی لە باوکمەوە پێ بوو، بەڵام لەبەر بارودۆخی دەروونیی باوکم خەتەکەی تۆزێ ئێمەی خستە گومانەوە!.. ئێمە کێین؟! دایکم بە نەخوێندەوار دادەنرا، تۆزە تۆزە تەنیا هەندێکی قورئان دەخوێندەوە. خوشکە گەورەکەم پۆلی شەشەمی سەرەتایی بوو، هەندێکی دەسخەتی باوکمی دەناسییەوە. دایکم بە بەڵگە هێنانەوەیەکی زۆری پیاوە.. و بە نامەکە قایل بوو لەگەڵیدا بچینە لای باوکم کە هەڵاتبوو چووبووە ئوتێلەکە.

بێگومان لەبەر بارودۆخەکە ئۆتۆمۆبێل و تاکسی نەبوو، چار نەبوو، هەر دەبوو بەپێیان ڕێیەکە بکوتین. لە ڕێگەی بەرەو ئوتێلی کەرکووکماندا، لەناو ترس و گومان و شپرزەییدا، ڕێگەکە لە تەواوبوون نەدەهات، سەربازی چەکدار و زرێپۆشێکی زۆر بەناو شەقامەکاندا بڵاو بووبوونەوە، خەڵکەکەش کە بەو زۆرییەش نەبوون، بەڕووی خۆشەوە لەگەڵ لەشکردا هەڵسوکەوتیان دەکرد، بەسەر زرێپۆشاندا سەر دەکەوتن و لەگەڵ سەربازەکاندا قسەی خۆش و گەمە و سوعبەتیان دەکرد.

ئەم هەڵسوکەوتە ڕووخۆشەی خەڵکەکە لەگەڵ سوپادا، هەر کەسەو بەلای خۆیدا دایدەتاشی، لایەنگرانی خۆپێشاندەران بەوەیان لێک دەدایەوە گوایە دەیانەوێ بەو دۆستایەتییە سوپا بێلایەن بکەن دژی جەماوەر نەوەستێ، بەرەکەی تریش دەیانگوت ئەو خەڵکانە پێیان خۆش بووە سوپا هاتووەتە ناوەوە و ئاژاوە و گرژییەکەی ڕاگرتووە و دۆخەکەی ئاسایی کردووەتەوە.

ئیدی هەرچۆنێک بێ گەیشتینە ئوتێلی کەرکووک، کە لە نهۆمی سەرەوەی قاوەخانەی " زەهاوی " بوو کە قاوەخانەکە هێشتا بە ناوی ئەو شاعیرە بە ڕەگەز کوردە گەورەیەی عێراقەوەیە. ژوورێکی ئوتێلەکە بەسەر شەقامی ڕەشیددا دەیڕوانی و باڵکۆنێکی لە پێشەوە هەبوو، باوکم لەو ژوورەدا بوو، ڕەنگ هەڵبزڕکاو، پەرۆشی بینینی ئێمە.. و چەند پارچە جلێکی کرێکارانە و جەمەدانییەک بە دیوارەوە کرابوو.

باوکم ئەوەی بۆ باس کردین کە چۆن پێشاندەران هەڵمەتیان دەبرد و ئەمانیش چەندان جار بە تەلەفۆن ئاگەداری بەرپرسانیان کردووەتەوە و لەگەڵ بەڵێنی زۆریشدا کەس بە هانایانەوە نەهاتووە، تا گەیشتبووە ئەوەی خۆپێشاندەران بنکەکە ئاگر تێ بەردەن و بەم شێوەیە پۆلیس هەر یەکەو جۆرە بەسەرهاتێکیان بوو.

باوکم خۆی هەڵدابووە کارگەیەکی دارتاشی کە لە پشت بنکەکەوە بووە، خاوەنەکەی کابرایەکی ئەرمەنی بووە و تۆزە برادەرییەکی لەگەڵدا هەبووە.

دەیگوت: جلی کرێکارێکیان دامێ و لەبەرم کرد و منیان لەژێر ئاردەدار و کۆمەڵە تەختەدارێکی کەڵەکەکراودا شاردەوە.

خۆپێشاندەران ناوە ناوە خۆیان بە کارگەکەدا دەکرد و بەدوای پۆلیسدا دەگەڕان، منیش بۆ بەرگری لە خۆم دەمانچەکەم بە ڕووتی بەدەستەوە گرتبوو. بەم شێوەیە تا بەیانی مامەوە، کە ئەو

ناوه هەندێک چۆڵ بوو منیان دەرباز کرد و هەر بەو جلە کرێکارانەوە خۆم گەیاندە ئێرە. کە خاوەنەکەی زۆر برادەرمە. بەڕاستیش لێرەدا منی نووسەری وتار هەر ئەوەندەم پێ دەگوترێ بڵێم ئەو " ئیسماعیل حەقی "یە پیاوێکی پیاو بوو، یادی بەخێر.

چەند ڕۆژێک پێکەوە لە ئوتێلەکە ماینەوە، دەستی باوکمیان لە کار کێشایەوە و بەوەی کە بەچاکی بەرگریی لە بنکەکە نەکردووە، درایە دادگە و " بە دەست لەکار کێشراوی " گوازرایە بنکەی پۆلیسی شارۆکەی سەلمان پاک، کە شارەکە بە ناوی " سەلمانی فارسی "ی یەک لە یاوەرانی پێغەمبەرەوە ناو نراوە کە لەوێ نێژراوە و بەر لە هاتنی ئیسلام پایتەختی ساسانییەکان بووە و دواتر لە سەردەمی ڕێژیمی بەعسدا ناوی شارەکەیان بە " مەدائین " گۆڕییەوە.

دادگەییەکەی باوکم و هاوەڵانی نۆ مانگی خایاند تا بڕیاری بێتاوانیی درا و گوێزرایەوە بۆ دووزخورماتوو.

سەرچاوە و پەراوێز:

(١) بڕوانە: د. مكرم الطالباني: دماء وراء القضبان – مذبحة سجني بغداد والكوت عام ١٩٥٣ – الطبعة الاولي ٢٠٠٢ (بدون محل الطبع). ص(٤٦ – ٤٧).

(٢) وەسی "وصی": ڕاسپێرراو، بە "میر عەبدەلئیلاه" ی "خاڵی فەیسەڵ"ی دووەم شای عێراق دەگوترا کە تا گەیشتنە تەمەنی یاسایی شا فەیسەڵ کاروباری شاهیی پێ سپێرراوە.

(٣) مگوار: کوتەکێکە لایەکی بزمارڕێ دەکرێ و بەقیرِ بزمارەکانی دادەپۆشرێ و وەک گورزی لێ دێ، لە باشووری عێراقدا لە شەڕدا بەکار دەهێنرێ.

# پێڕست


کۆمەڵگەی شاراوە. یودیت نورینک. لە ئینگلزییەوە: ڕابەر یونس ........ 3

کەسێتیی تاکی عێراقی. باقرِ یاسین. لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل ........ 8

فەلسەفەی تاویزم و فەلسەفەی سۆفیزمی هاوشێوەی. لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل ........ 31

نامەیەک لەبارەی لێبووردەییەوە. ڤۆڵتێر. لە عەرەبییەوە: عەبدوڕەزاق عەلی ........ 45

لێبووردەیی و نالێبووردەیی و جیاکاری وەک... د. شێرزاد نەجارِ. لە عەرەبییەوە: عەبدوڕەزاق عەلی ...... 60

ڤۆڵتەر دوژمنی ئاینفرۆشانئەحمەد ئیرانی. لە فارسییەوە: مێهدی مێهرپەروەر ........ 73

نامیلکەیەک بۆ ڕۆژنامەنووسان. لە ئینگلیزییەوە: گۆران سەباح ........ 90

جارِنامە نێودەوڵەتییەکانی ڕۆژنامەوانی. لە ئینگلزییەوە: ڕابەر یونس ........ 117

پاش کۆتاییی مێژوو. فرانسیس فۆکۆیاما. لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) ........ 123

ئاستەنگە کولتوورییەکانی بەردەم گواستنەوە... لە فارسییەوە: ئەمیر مەحموود ........ 138

مۆدێرنیتە چییە؟ .ئابێل ژانی یر. لە فارسییەوە: فەرهاد ئەکبەری. ........ 149

فێمینیزم و ئافرەت لە مێژووی فەلسەفەدا . لە ئینگلیزییەوە: هاوار بازیان ........ 163

توندوتیژی دژی ژنان. عەشرەت عەبدوڵایی. لە فارسییەوە: شێنۆ مێهرپەروەر ........ 178

موجاهیدینی خەڵق، مەتەڵێکی سیاسەت. بەشی چوارەم. لە ئینگلزییەوە: لەیلا حەمید ........ 184

مرازە ناوکییەکانی ئەلقاعیدە. ڕۆڵف مۆوات – لارسن . لە ئینگلزییەوە: مامکاک ........ 222

شێوازی کاروباری تەشکیلاتی قاعیدە... سەعید ئاغا عەلیخانی. لە فارسییەوە: فوئاد ڕەحیم ........ 226

ئێران و ڤەنزوێلا "هاوپەیمانیی تووڕەکردن". کەیڤن هاک حەکیمزادە. لە ئینگلزییەوە: گۆران سەباح ... 236

ئێران و چەکی کاولکاری. لە ئینگلزییەوە: مامکاک ........ 246

ئیسلام و دیموکراسییەت. جۆن ئەسپۆزیتۆ و جۆن ڤۆڵ. لە ئینگلزییەوە: عومەر عەلی غەفوور ........ 256

چاوخشاندنەوە بە پێگەی تورکیا و... لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور ........ 264

کازاخستان و پاڵەپەستۆی چینییەکان و ئەمەریکاییەکان. ئا: شێرزاد هەینی ........ 279

چەند پەیڤێک لەسەر یەکەتیی ئەوروپا . ئەردەڵان عەبدوڵا ........ 290

ستراتیجی نوێی ناتۆ ناتۆ بەدوای دوژمندا دەگەڕێ. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵا ........ 319

مافیا دەوڵەتی سامان و خوێن. بەشی دووەم. ئا: شێرزاد هەینی ........ 326

سایتی ویکیلیکس چییە؟. راپۆرتێکی دێرشپیگل. لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵا ........ 349

لە ڕووداوە مێژووییەکانی کۆشکی کرێمل چی دەزانین؟ عەزیز خروتی. لە فارسییەوە: فوئاد ڕەحیم ... 371

تاسەی خودا. پرۆفیسۆر ئەنتۆن گێلس. لە سویدییەوە: ڕزگار شێخانی ........ 377
ئەفسانەیەک کە ئێوە قارەمانەکانین. گی کورنو. لە هۆڵەندایییەوە: سەلاح حەسەن پاڵەوان ........ 390
میلان کوندێرا. لە ئەڵمانییەوە: کەریم پەڕەنگ ........ 411
هەڤپەیڤینێک لەگەڵ دوکتۆر مارف خەزنەدار. سازدانی: سەلاح حەسەن پاڵەوان ........ 423
مارف خەزنەدار. بەدران ئەحمەد حەبیب ........ 440
فرانک لوید ڕایت. لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە. ........ 443
ماریۆ فارگاس یۆسا–ی عێراقی. شاکر ئەلئەنباری. لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە ........ 453
خوێندنەوەیەک بۆ ڕەوتەکەی عەدنان کەریم و ئەلبوومی "وەفایی". وشیار ئەحمەد ئەسوەد ........ 458
ئەسەنات بارزانی. لە ئینگلیزییەوە: مامکاک ........ 468
کوردی لوبنان. د. محەمەد عەلی سوێرکی. لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە ........ 472
مێژوو و بیرەوەرییەک هەراکەی بابولشێخ بەغدا ١٩٥٢ . ئەحمەد تاقانە ........ 489

هەواڵنامەی کتێب